ئەم پەڕتووکە دیاریی وەرگێڕە بۆ هەموو کوردستانییەک و بۆ فرۆشتن و لەچاپدان نییە.
www.nawa.net

# ئولیس و ڕاڤەکانی

نووسینی
جەیمز جۆیس
ڕاڤەی: دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان، ڤیڤیەن ئیگۆ، نەوا موکرجی.

وەرگێڕانی
نەوا موکرجی

بەرگی یەکەم

www.nawa.net

# ئولیس و ڕاڤەکانی

نووسینی

## جەیمز جۆیس

ڕاڤەی: دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان، ڤیڤیەن ئیگۆ، نەوا موکرجی.

وەرگێڕانی

## نەوا موکرجی

## بەرگی یەکەم

لە پێنج بەرگ

# بەرگەکان

*ئولیس*، واتە ڕۆمانەکە، ئەوەی کە جەیمز جۆیس نووسیویەتی، لە سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشێک لە چەند ئەڵقەیەک پێکهاتووە کە بە هەموویان هەژدە ئەڵقەن، بەشی یەکەم سێ ئەڵقەیە، بەشی دووەم دوازدە ئەڵقەیە، بەشی سێیەم سێ ئەڵقەیە. ئەڵقەکان لە ڕووی ژمارەی وشە و دوور و درێژییانەوە یەکسان نین. وەها ڕەنگڕێژیی بەرگەکانم کردووە کە بەم شێوەیە پێکهاتوون:

- **بەرگی یەکەم (ئەم بەرگە): بەرایی و لە ئەڵقەی یەکەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی شەشەم.**
- بەرگی دووەم: لە ئەڵقەی حەوتەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی نۆیەم.
- بەرگی سێیەم: لە ئەڵقەی دەیەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی دوازدەیەم.
- بەرگی چوارەم: لە ئەڵقەی سێزدەیەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی پازدەیەم.
- بەرگی پێنجەم: لە ئەڵقەی شازدەیەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی هەژدەیەم.

بەرگی یەکەم و دووەمم بە ڕاڤەوە تەواو کردووە. لە ئەڵقەی دەیەمەوە تا کەمێکی سەرەتای ئەڵقەی پازدەیەمم بێ ڕاڤە و بێ پێداچوونەوە وەرگێڕاوە، بەڵام هەڵە و خراپییان زۆر تێدایە و پێویستیان بە پێداچوونەوە و چاککاریی زۆر ورد هەیە، دەبێت سەرلەنوێ دوای وەرگێڕانی ڕاڤەکانیش دەقی ئەو بەشە بڵاونەکراوەیەی ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕاڤە کوردییەکاندا بگونجێنم. ئەگەر لەمپەڕ و مەرگ ڕێم لێ نەگرن، ئەوا ڕەنگە ساڵانی ئایندە بەرگەکانی تر تەواو بکەم، ئەگەر تەمەنیش نەیهێشت، ئەوا ﺑﻤبوورن و یەکێکی شایستە پێنووسەکە بگرێتە دەست و تەواوی بکات.

**مافی ئەم پەڕتووکە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە. بێ ڕێپێدانی نووسراو و واژۆکراوی وەرگێڕ کەس مافی لەبەرگرتنەوە و لەچاپدانەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی نییە.**

جەیمز جۆیس، دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان، ڤیڤیەن ئیگۆ، نەوا موکرجی. *ئولیس و ڕاڤەکانی*. بەرگی یەکەم. وەرگێڕان و هەندێک ڕاڤە: نەوا موکرجی. سلێمانی: وەرگێڕ لە ماڵپەڕی خۆی بڵاوی کردووەتەوە www.nawa.net، دەرکردەی ١ی نەورۆزی ٢٧٢٥ (٢١ی ئاداری ٢٠٢٥) (دەرکردەی ژیناکان: واتە دەرکردەی ژینای پەرەپێدراو).

ئەم پەڕتووکە کۆکراوەی سێ پەڕتووکی جیاوازە، کە ئەمانەن:

- جەیمز جۆیس. *ئولیس* (چاپەکەی گابڵەر). نیو یۆرک: ڕاندۆم هاوس، ١٩٨٦.
- دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان. *ئولیسی ڕاڤەکراو، تێبینی بۆ ئولیسی جەیمز جۆیس*. لۆس ئەنجلس: چاپخانەی زانکۆی کالیفۆڕنیا، چاپی دووەمی دەستکاریی دووەم ٢٠٠٨.
- ڤیڤیەن ئیگۆ. *کەسێتییە ڕاستینەکانی ئولیسی جۆیس، ڕێبەرێکی ژینامەیی*. دەبلن: چاپخانەی زانکۆی کۆلێجی دەبلن، ٢٠١٦.

بۆ

# ژیناکان

ئەم پێداچوونەوەیە پێشکەشە بە یادی نەمر و پرشکۆی خاتوو ژینا ئەمینیی گەشمەرگ (نەک مەهسا)، هێما و هەوێنی ئازادیی کوردستان، هەروەها بە یادی پاکی ژینا پێشڕەو دزەیی، ئەو چرۆیەی تیرۆریستانی دژەکوردستان نەیانهێشت بپشکوێت و ساڵیادی یەکەمی تەمەنی بکاتەوە. هەروەها بە شۆڕشگێڕ و گەشمەرگە سەربەخۆییخوازە یادسەنگینەکانی شۆڕشی ژینای سەربەخۆیی لە خۆرهەڵاتی نیشتمان. هەروەها بە شەڕڤانە سەربەخۆییخوازەکانی ڕۆژاڤای نیشتمان. دڵ و بیر و دەنگ و بینایی و هەست و سەر و پەنجە و گشت دیوی بینراو و نەبینراوی منی وەرگێڕی خاکیی ئەم پەڕتووکە لەگەڵتاندایە و بە ئێوەوە سەربەرزم. بە هیوام ستەمگای بێئاکاری مێزەربازان و ئازادیبازان و فێڵباز و فشەکەر و داگیرکەر و سەرکوتکەرانی کورد و سەربەخۆیی و ئازادی بۆ تاتایە بگەڕێنەوە بۆ ناو زێرابی مێژوو، کە ئەوێ جێی شایستەی خۆیانە.

بژی سەربەخۆییخوازان، بژی کوردستانییەکان،

بڕووخێت دەسەڵاتی درۆی پیرۆزکراو و پڕفشە.

نە پانتەڕەماش، نە فیدرالی، نە کۆنفیدرالی، نە دەسەڵاتی ئوستوورە، نە کۆیلە و سەگی بەر قاپیی گەلان...

تەنها:

کوردستان،

کوردستان،

کوردستان.

www.nawa.net

www.nawa.net

ڕاژەکەم بۆ گەشانەوەی شکۆتانە،
شکۆی گەردنکەشتان گەش بێت،
خـودانـی مـن: ئـەی کـوردسـتـان؛
ســــەروەرم: زمــانــی کــوردی.

**~ن.م.**

www.nawa.net

www.nawa.net

# ناوەرۆک

ناوەرۆک ..... I
مێژووی دەستکاری و جیاوازییەکانی دەرکردەکان ..... III
دەستکارییەکانی دەرکردەی ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢ ..... III
دەستکارییەکانی دەرکردەی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ ..... V
دەستکارییەکانی ئەم دەرکردەیە ..... X
چاکسازیی تەکنیکی و گۆڕانکاری ..... X
ناوی پرۆژەکەم گۆڕی ..... X
جێگۆڕکێ ..... XI
چاکسازی لە ناونیشانی ڕاڤەدا ..... XI
گرێدان بە بەرگی دووەمەوە ..... XI
ڕاڤەی نوێ ..... XI
چاککردنەوەی هەڵە ..... XII
وەرگرتنی ڕای شارەزایان ..... XIII
وشەگۆڕکێ ..... XIII
گۆڕانکاریی دەرەکی و کاردانەوەی لەسەر پرۆژەکە ..... XIV
پەڕتووکی نوێی ڕاڤەی *ئولیس* ..... XIV
پەڕتووکی نوێی پەیوەست بە ئولیس ..... XIV
سەرچاوەکان ..... XV
ڕۆمانەکە و ڕاڤەکانی ..... XV
سەرچاوەکانی تر ..... XVI
فەرهەنگە بەکارهاتووەکان ..... XVII
وەرگێڕانەکانی تر کە لەگەڵ کوردییەکەدا بەراورد کراون ..... XIX
ڕاڤە و هێماکان ..... XX
ستایشنامە ..... XXII
پێشەکیی دان گیفرد ..... XXVII
کات لە *ئولیس*دا ..... XXVIII
*ئولیس* و سەردەمەکەی ..... XXXIII
تێبینییەک لەسەر بەهای پارە ..... XLII
سەرنجێک پێش خوێندنەوەت ..... XLVI
*ئولیس* بە کوردی ..... XLVIII
وتەیەک لەسەر سەختیی *ئولیس* ..... XLIX
پەیوەندیی دەقە کوردی و ئینگلیزییەکە ..... XLIX
*ئولیس* بێ ڕاڤە بوونەوەری ئاسمانییە ..... L
هەندێک جار وەرگێڕ ناچارە دەستکاری بکات ..... LI
کێشەی ئەوی نێر و مێ ..... LI
هەندێک جار ڕوون نییە ئەوی مێ کێیە ..... LII
کاریگەریی گەشەی جیاوازی زمان ..... LII

وابەستەیی و ئازادیی وەرگێڕاوەکە بە ماکەکەوە.......... LIII
هەندێک ستراتیژ لە کاردا دەگۆڕێت .......... LIV
بە شوێن ڕێی جۆیسدا .......... LIV
ڕاڤە چەکی وەرگێڕە .......... LIV
لە بارەی دەقی تێهەڵکێشراوەوە.......... LV
دوو نموونەی کێشەی دەقاوێزان .......... LV
ئایا من وەرگێڕی هەموو زمانێکم؟ .......... LVI
ئولیس شارستانێتییەکە.......... LVII
ئولیس .......... 1
بەشی یەکەم: بەیتی تیلێماخۆس.......... 1
ئەڵقەی یەکەم: تیلێماخۆس .......... 1
ڕاڤەکانی ئەڵقەی یەکەم.......... 30
ئەڵقەی دووەم: نێستۆر .......... 154
ڕاڤەکانی ئەڵقەی دووەم.......... 172
ئەڵقەی سێیەم: پرۆتێفس.......... 223
ڕاڤەکانی ئەڵقەی سێیەم .......... 241
بەشی دووەم: ئۆدیسیا .......... 365
ئەڵقەی چوارەم: کالیپسۆ.......... 365
ڕاڤەکانی ئەڵقەی چوارەم.......... 385
ئەڵقەی پێنجەم: لۆتۆسخۆران .......... 456
ڕاڤەکانی ئەڵقەی پێنجەم.......... 477
ئەڵقەی شەشەم: هادیس.......... 556
ڕاڤەکانی ئەڵقەی شەشەم.......... 596

## مێژووی دەستکاری و جیاوازییەکانی دەرکردەکان

پێش ئەم دەرکردەیە لە ٢ی شوباتی ٢٠٢٢ و ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢ و ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢دا سێ دەرکردەی ترم لەم بەرگە بە پی دی ئێف و بە دیاری و خۆڕایی بڵاو کردەوە، دەرکردەی یەکەمم ناو نا: «**بەرگی یەکەمی تەواونەکراو**»؛ دەرکردەی دووەمم ناو نا «**بەرگی یەکەمی تەواوکراو**»؛ دەرکردەی سێیەمم ناو نا «**چاپی ژینا**». ئەم دەرکردەیە **چاپی ژینای پەرەپێدراوە**، کە دەکاتە دەرکردەی چوارەمی دیجیتەلی.

### دەستکارییەکانی دەرکردەی ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢

- لەم چاپەدا ئەڵقەی شەشەم و ڕاڤەکانی تێدایە، کە لەوەی پێشتردا نەبوو.
- لە پێشەکییەکەی دان گیفرددا بە پەراوێز ئاماژەم بە واتای وشەی «پێشداوەری» داوە، ئەمە وای کردووە *کات لە ئولیس*دا بکەوێتە لاپەڕەی دواتر. (لە چاپی ژیناکاندا ئەمە گۆڕرا، بڕوانە ٢: ٧٧)
- لە وتاری *ئولیس بە کوردیی* خۆمدا نووسیبووم: «لە زمانی کوردیدا ڕەگەزکاریی ڕێزمانیمان نییە»، ئەوە هەڵە بوو و چاکم کردووەتەوە و کردوومە بە «لەو زارە کوردییەی من ڕۆمانەکەم بۆی وەرگێڕاوە ڕەگەزکاریی ڕێزمانیمان نییە...».
- هەموو «مارس»ێک کرا بە «ئادار» و هەموو «مایس»ێک کرا بە «ئایار» تا دوو ساڵنامەیی نەمێنێ، چونکە ئەگەر مانگی دوو «شوبات» بێ و مانگی شەش «حوزەیران» بێ، هیچ هۆیەک نامێنێ کە مانگی سێ «مارس» بێ و مانگی پێنج «مایس» بێ، چونکە ئەو ناوانە لاتینین، ئەگەر بە ساڵنامە لاتینییەکە بڕۆم، ئەوا دەبێ «تشرینی دووەم» «نۆڤەمبەر» بێ و «کانوونی دووەم» «جانیوەری» بێ و ئاوها تا دوایی.
- پێشتر ڕاڤەیەکی دوو دێڕیم لەسەر «ئۆسکار وایلد» نووسیبوو، ئێستا ئەوەم لابرد و ڕاڤەکەی خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆم وەرگێڕا و خستمە شوێنی، کە بێگومان شایستەترە (بڕوانە ١: ٥٥).
- پێشتر تەنها ڕستەیەکم لەسەر «ویلیەم بەتلەر یەیتس» نووسیبوو، بەڵام ئێستا ئەوەم لابرد و ڕاڤەکەی خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆم وەرگێڕا و خستمە شوێنی، کە شایستەترە، (بڕوانە ١: ٨٤).

- ڕاڤەی **خوشکە سەیروسەمەرەکان** و **ماسییەخوداکانی دوندرەم** لە ئەڵقەی یەکەمدا لە یەک جیا کرانەوە و ڕاڤەکەی ڤیڤیەن ئیگۆم بۆ «خوشکە سەیروسەمەرەکان» زیاد کرد (بڕوانە ١: ١٢٩) و (بڕوانە ١: ١٣٠).
- لە ئەڵقەی یەکەمدا ڕاڤەیەکم لەسەر دەستەواژەی «**ئەی هاوار**» نووسی کە مەڵیگن ئەو کاتەی خەریکە دەخنکێ، دەریدەبڕێ (بڕوانە ١: ١١٩).
- لە ئەڵقەی یەکەمدا دوو ڕاڤەم لە بارەی دایکی ستیفنەوە نووسی، یەکێکیان وەرگێڕراوی ڕاڤەکەی خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆیە لەسەر دایکی جەیمز جۆیس، (بڕوانە ١: ٤١). ئەوی تریان ڕاڤەی «کەسێک کوشتی»یە، کە وەڵامەکەی ستیفنە، ئەویان وەرگێڕراوی بەشێکی ڕاڤەیەکی درێژتری دکتۆر جۆن هەنتە (بڕوانە ١: ٤٢).
- لە ئەڵقەی دووەمدا ڕاڤەکەی خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆم بۆ ڕاڤەی **ئۆکانەڵ** زیاد کرد، کە زانیاریی زیاتر لەسەر دانیەڵ ئۆکانەڵ دەدا (بڕوانە ٢: ٧٥).
- لە پەرەگرافی دووەمی ئەڵقەی سێیەمدا «گوێچکەماسی» کرا بە «لەپکە» و دواتریش لە ڕاڤەی «**پارەی دەریایی کێوی**»دا (بڕوانە ٣: ٢١) دیسان «گوێچکەماسی» کرا بە «لەپکە». لە کۆتایی ڕاڤەکانی ئەڵقەی شەشەمدا ڕاڤەیەکم لەسەر ئەمە نووسی، (بڕوانە ٦: ٣٥٧).
- دەستەواژەیەکی ئاینی مەسیحیم بە دوو شێوە وەرگێڕابوو، ئەویش «ئافراندن لە نەبوونەوە» بوو، لە ئەڵقەی یەکەمدا بەو شێوەیە وەرمگێڕابوو، بەڵام لە ئەڵقەی سێیەمدا کردبووم بە «ئافراندن لە هیچەوە» کە هەردووکیان هەمان شتن، ئێستا «لە هیچەوە»م نەهێشت و هەردووکیانم کردەوە بە «ئافراندن لە نەبوونەوە» (بڕوانە ١: ١٨٩) و (بڕوانە ٣: ٣٤).
- پێشتر لە ئەڵقەی پێنجەمدا وشەی «تێپەڕنامە»ی تێدا بوو، کە دامنابوو لە ئەڵقەی شەشەمدا ڕاڤەی لەسەر بدەم، ئێستا لە ئەڵقەی شەشەمدا ڕاڤەی لەسەر دراوە و لە ئەڵقەی پێنجەمیشدا خوێنەر ئاراستەی ڕاڤەکەی ئەڵقەی شەشەم دەکەم.
- تێبینییەکم لەسەر وشەی «گەندەباوەڕ» نووسی (بڕوانە ١: ٢٢٤).
- لە ناو هەندێ ڕاڤەدا ئاماژە بە ڕاڤەیەکی تری جێیەکی تر درابوو، وەک: **بڕوانە ڕاڤەی ... لە ئەڵقەی سێیەمدا**، بە هۆی پێداچوونەوەی زۆرەوە، زۆر جار

ناونیشانی ڕاڤەکان گۆڕرابوون، بەڵام ئەو ناونیشانانە لە ناو ڕاڤەکانی تردا نەگۆڕرابوون. هەموویان چاک کرانەوە و دەمەزەرد کرانەوە.

- هەندێ هەڵەی بچووکی ڕێنووس چاک کراونەتەوە، ئەوانیش زۆربەیان دوو وشە بوون و بە یەکەوە نووسابوون و لەمەدا جیا کراونەتەوە.
- هەندێ کەوانە بە پێچەوانەوە دانرابوون، بە تایبەتی کەوانەکانی تێبینییەکانی خۆم کە بەم شێوەیەن: {}، لەم چاپەدا چاک کران.
- زیاتر لە نەوەد وشە هەبوون کە بە دوو ی نووسرابوون، بەڵام دەبوو بە یەک ی بنووسرێن، وەک: «بردییەوە»، کە ئێستا کراوە بە «بردیەوە».
- کەمتر لە دە وشە پێشتر بە دوو و نووسرابوون، لێرەدا کران بە یەک و. بۆ نموونە «بزووتنەوە» کە هەندێ جار بە یەک و نووسرابوو و هەندێ جار بە دوو و نووسرابوو، ئێستا هەمووی کران بە یەک و.
- چەند دێڕێک زیاترم لەسەر یەکەم ڕاڤەی ئەڵقەی یەکەم نووسی سەبارەت بە ناونیشانی پەڕتووکەکە (بڕوانە ١: ١).

## دەستکارییەکانی دەرکردەی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢

- پێشتر هەرگیز ت ی کۆتایی جێناوی لکاوی کەسی دووەم و سێیەمی تاکم نەدەنووسی، وەک: «دەڵێت»، «دەهێنیت»، «دێت»، «دەکەیت»، هەر بە «دەڵێ»، «دەهێنی»، «دێ»، «دەکەی» دەمنووسین، بەڵام دکتۆر میران جەلال پێی وتم کە باشترە دایانبنێم، بۆیە دامناون، جگە لە هەندێک لە هۆنراوەکاندا، یان ئەو دەقانەی لە هۆنراوەوە تێهەڵکێش کراون، ئەویش لەبەر کێش و ئاوازی هۆنراوەکە.
- هەموو ئەو ئاماژانەی بە ڕاڤەی تر درابوون، ئێستا ژمارەی ڕاڤەکانیشیان دانراوە، واتە پێشتر تەنها نووسرابوو: «بڕوانە ڕاڤەی **سایمن** لە ئەڵقەی شەشەمدا». ئێستا دەڵێت: بڕوانە (ڕاڤەی ٤، ئەڵقەی ٦: **سایمن**) {ئێستا ئەوەش گۆڕاوە و بووە بە (بڕوانە ٦: ٤)}. هەندێک لەو ڕاڤانەی لەم بەرگەدا ئاماژەیان پێ دراوە بۆ ڕاڤەی بەرگەکانی ترن، کە هێشتا زۆربەی ئەو ڕاڤانەم وەرنەگێڕاوە بۆ کوردی، بۆیە بە شێوەیەکی کاتی نووسیومە: «ڕاڤەی #»، بۆ نموونە (بڕوانە ١٥: # **پیرێکی سییۆن**). کە ئەم ڕاڤانەم وەرگێڕا و ژمارەکانیان چەسپا، ئەو کاتە ئەو هێمای «#»ە دەکەم بە ژمارەی ڕاڤەکە.

- پەڕەنمای ئەلیکترۆنی بۆ هەموو ڕاڤەکان دانران، *پەڕەنما* بە ئینگلی ***bookmark***، واتە ئاماژەدەر بە پەڕە و لاپەڕە، وەک ئەو بەنەی لە پەڕتووکدا دادەنرێت و دەخرێتە نێوان لاپەڕەکانەوە تا خوێنەر بزانێت لە کوێدا بووە. پەڕەنمای ئەلیکترۆنی بەکارتر و فرەمەبەسترە. ئەم تایبەتمەندێتییە تەنها بۆ پی دی ئێفی پەڕتووکەکەیە، ئێستا جگە لەوەی ژمارە و ئەڵقەی ڕاڤەکانیش دانراون، هاوکات ڕاڤەکان بەستراویشنەتەوە بە دەقی نووسراوەوە، بە کرتەیەک لەسەر نووسینەکە دەچیتە سەر ڕاڤەکەی، یان باسی ئاماژەبۆدراو، کە وا دەکات کاتی گەڕان کەمتر ببێتەوە. بەڵام ئاگادار بە، پێش ئەوەی کرتە لەسەر هەر شتێک بکەیت بزانە لە کوێدایت، چونکە زۆربەی جار مەرج نییە بتگەڕێنێتەوە بۆ ئەو جێیەی تیایدا بوویت. بۆ نموونەیەک (بڕوانە ١: ٩٥). ئەگەرچی ڕاستێتیی یەک بە یەکی ئەم بەستەرانە تاقی کراونەتەوە، بەڵام هێشتا هەر ئەگەر هەیە هەڵە هەبێت، بۆیە ئەگەر هەڵەیەکت بە دی کرد، تکایە ئاگادارم بکە تا چاکی بکەم.
- ڕەنگی چەسپاوی هەموو بەستەرەکان شینن، بە هەمان ئەو ڕەنگە شینەی سەر بەرگەکە کە شینی ئاڵای گریکە، جەیمز جۆیس خۆی خوازیار بووە بەرگی ڕۆمانەکەی بە دوو ڕەنگەکەی ئاڵای گریک بێت، واتە شین بێت و بە سپی لەسەری نووسرابێت. تا ئێستا نەمدیوە وەرگێڕەکانی تر ئەم خۆزگەیەی جۆیس بە دی بهێنن، جگە لە خاتوو سلڤیا بیچ کە یەکەم کەس لە ٢ی شوباتی ١٩٢٢دا ڕۆمانەکەی بۆ بڵاو کردووەتەوە، ئەویش زۆر بە سنوورداری ئەوەی بۆ کراوە و هەموو نوسخەکانی یەکەم چاپی *ئولیس* بەو ڕەنگە نین، بۆیە من ئەم خۆزگەیەیم بە جێ هێنا. بە هەمان شێوە، زۆربەی هەرە زۆری دەقە بەستەردارەکانیش هەمان شینن، بەڵام سێ جار لە ئەڵقەی شەشەمدا وا ڕێککەوتووە کە پەرەگرافێک هەمووی بە تەنیا ڕاڤەیەکی هەیە و ئەم پەرەگرافە بە ڕەنگی شین بە ڕاڤەکەیەوە بەستراوەتەوە، بەڵام چەند وشەیەکی ناو ئەم پەرەگرافە ڕاڤەی تری هەیە، بۆ جیاکردنەوەی ڕاڤە بچووکەکە لە ڕاڤە گەورەکە، ڕاڤە گەورەکە ڕەنگە شینە چەسپاوەکەم پێی داوە، بەڵام ڕاڤە بچکۆلەکانی ناوی ڕەنگێکی سەوزی پستەییم پێی داوە (لەم چاپە نوێیەدا ئەمەم لابرد، چون پێویست نەبوو). ئەو جیاوازیی ڕەنگانە تەنها بۆ ئاسانکردنی بینین و جیاوازیکردنە و هیچی تر. بۆ بینینی نموونەیەکی لەو جۆرە بڕوانە پەرەگرافی

**نیگای میستەر بلووم بەرەو سووچی دامێنی ڕۆژنامەکە گەشتی کرد... عیسای شیرین بەزەیی بە گیانی ببەخشێت** لە لاپەڕە ٤٥٧ی ئەڵقەی شەشەمدا.

- سەرباس بۆ بەشی ڕاڤەکان دانراوە، ئێستا خوێنەر دەتوانێت سنووری نێوان دەقی ئەڵقەکانی ڕۆمانەکە و ڕاڤەکانیان بە ڕوونتر ببینێت.
- شێوازی ئاماژەدان بە پەڕتووک و بەش و هۆنەی *کتێبی پیرۆزم* گۆڕی، پێشتر، بۆ نموونە، دەمنووسی (مەتا، بەشی ١، هـ.١)، ئێستا تەنها دەنووسم (مەتا ١: ١)، بۆ زانیاریی زیاتر (بڕوانە ١: ١٠).
- بە ئامانجی پەرەدان بە وەرگێڕی کوردیی گووگڵ، هەر شەش ئەڵقەکەی ئەم ڕۆمانەم لە وەرگێڕی ناوبراودا تۆمار کرد (جگە لە ڕاڤەکان)، هاوکات ئەمە بووە هۆی پێداچوونەوە بە سەرجەم ئەڵقەکاندا، بۆیە هەندێک وردە دەستکاریی دەقی ئەڵقەکان کراون، کە پێشتر وا نەبوون و وەرگێڕانەکەی ئێستام لەوەی پێشوو پێ باشتر و پەسەندتر و هەندێک جاریش وردتر و ڕاسترە. واتە بە نزیکی لە هەموو لاپەڕەیەکی ڕۆمانەکەدا (نەک ڕاڤەکاندا) وشە، دەستەواژ یان ڕستەیەکی گۆڕاو هەیە بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی پێشووتردا، ئەگەر گۆڕانکارییەکە زۆر زەق بووبێت ڕاڤەم لەسەری داوە.
- ناوی *دیدەڵس*م گۆڕی بە **دێدەلس** و ڕوونکردنەوەیەکیشم لەسەری نووسیوە، (بڕوانە ١: ١٤ دامێنەکەی).
- هەموو وشەیەکی *شاخ* بە واتای ئەو ئێسکەی بە سەری ئاژەڵەوەیە، کرا بە *قۆچ* و ئەو *شاخ*انەی بە واتای ئەو بەشە بەرزەی زەوی دێت کە لە بەرد و تاوێری گەورە پێکهاتوون، وەک خۆیان بە *شاخ* ماونەتەوە.
- لە یەکەم پەرەگرافی ئەڵقەی یەکەمدا، لە لاپەڕە ١دا «گۆیندانە بێژای» کرا بە «ئەمەی خوێند» و پەڕاوێزی «بێژان»م خستە یەکەم بەکارهێنانیەوە لە لاپەڕە ١٠دا (لە چاپی ژیناکاندا خرایە کۆتاوێزەوە، بڕوانە ١: ٩٠)
- تێبینییەکم لەسەر وشەی *ئۆراکل* نووسی (بڕوانە ١: ٧١).
- ڕستەی ناوەڕاستی لاپەڕە ١١ی ئەڵقەی یەکەم دەستکاری کرا، بڕوانە پەرەگرافی **لە ناو یادی سرووشتدا... بە خوێنی ئەسپێی فلیقاوەی ناو جلەکانی منداڵەکان سوور بوون** یان (بڕوانە ١: ٩٥).

- ڕاڤەیەکم لەسەر وشەی «شەلەنگ» نووسیوە لە ئەڵقەی یەکەمدا (بڕوانە ١: ١٠٦).
- زۆربەی وشەکانی «شاژن»م کرد بە «شا»، بە تایبەتی ئەوانەی لەگەڵ ڤیکتۆریا و ئەلیزابێثدا هاتوون (بڕوانە ١: ١٩٨).
- پێشتر *فیکشن fiction*ی ئینگلیم بە «وێژەی خەیاڵی» وەرگێڕابوو و *فیکشنەڵ کارەکتەر fictional character*یشم بە «کەسێتیی خەیاڵی» وەرگێڕابوو، سوپاس بۆ دکتۆر بەختیار سەجادی، دوای ڕاوێژ بە بەڕێزیان، لە کۆی پڕۆژەکەدا یەکەمیانم کرد بە «وێژەی خەیاڵکرد» و دووەمیانم کرد بە «کەسێتیی خەیاڵکرد».
- وشەی *زانینخواز* و *زانینخوازی*، کە خۆم پێکم نابوون، گۆڕیمن بە *کونجکاو* و *کونجکاوی*. کونجکاو بە گوێرەی *فەرهەنگی خاڵ*: «کەسێکە کە زۆر پرسیار لە شت بکا»، کەواتە *کونجکاوی*ش واتە پرسیارکردن لە شتان و ئارەزووی زانین.
- لە سەرجەم پڕۆژەکەدا هەمیشە وشەی *ئاین*م کرد بە دین، ئەگەرچی هەردوو وشەکە وشەی ڕەسەنی کوردین و مێژوویەکی دێرینیان هەیە، بەڵام دین یەک بڕگەیە و ئەمەش وای کردووە کە داتاشینی وشەی نوێ لێیەوە ئاسانتر بێت، وەک: *دیناس*، *دیناسی*، *لەدینوەرگەڕان*، کە هەمیشە بڕگەیەک کەمترن و ڕەوانترن لەچاو *ئایناس*، *ئایناسی*، *لەئاینوەرگەڕان*...تد.
- لە ئەڵقەی دووەمدا «**ئەن دگلن دگلن... ڕێگەی بەردینی دەبلن**» و هەمان *دگلن*ەکانی کۆتایی پەرەگرافی خوارەوەی ئەو دوو دێڕەی گۆرانییە بەناوبانگەکەم وەک شێوەی بێژانەکەی ستیفنی دەقە ماکەکە لێ کردەوە کە دەڵێت: «لەل ذە ڕەل ذە را... ڕەددی» (بڕوانە ٢: ٩١).
- چوار پەڕەی ئەڵقەی چوارەمی وەرگێڕانەکەی خۆمم لەگەڵ وەرگێڕانەکەی کاک مەحمود زامداردا بەراورد کرد، بە سوپاسەوە بۆ بەڕێزیان، هەندێک گۆڕانکاریم لە ئەڵقەی چوارەمدا کرد: ئەمانەن: «شلەی خەستی هەناو»م گۆڕی بە «شۆربای خەستی هەناو»؛ «هانلۆنی شیرفرۆش»م گۆڕی بە «شیرفرۆشەکەی لای هانلۆن». هەر جارێک کە دادەنیشتم بۆ بەراوردی وەرگێڕانەکەی ئەو و خۆم، دەنگی خۆمم تۆمار کردووە و ئەم تۆمارە دەنگییانە لای خۆم ماون، بە ئامانجی ئەوەی لە ئایندەدا دۆسێ بکرێن و ئەگەر گونجا نامیلکەیەک یان پەڕتووکێکی لێ بەرهەم بێت. ئەگەرچی هێشتا هەموو ئەڵقەکەم لەگەڵ وەرگێڕانەکەی ئەودا

بەراورد نەکردووە. ئەمە ناونیشانی پەڕتووکەکەی زامدارە: *١٨ سەعات لە ژیانی مستەر بلووم بە(٤٥)دەقیقە*، کتێبی گیرفانی ژمارە ٥٩، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

- لە سەرجەم ڕۆمانەکەدا وشەی *پیاوکوژ* کرا بە بکوژ، بۆ نموونە (بڕوانە ٦: ١٨٣).
- پێشتر نەمزانیبوو لە کوردیدا وشەی *تێلنیشان* لە بری *allusion*ی ئینگلی چەسپێنراوە، من ئەو وشەیەم بە «لاماژە – لا ئاماژە» وەرگێڕابوو، کە خۆم وشەکەم دروست کردبوو، دواتر کردم بە *درکە*، بەڵام سوپاس بۆ دکتۆر بەختیار سەجادی ئەوەیشی بۆم ڕاست کردەوە کە ڕاستەکە *تێلنیشان*ە. ئێستا ئەو وشە ناپێویستەم لابرد و هەموو *لاماژە/درکە*یەک کرا بە *تێلنیشان* و لە یەکەم بەکارهێنانیدا تێبینیم لەسەری داوە، داوای لێبوردن دەکەم.
- پێشتر درکم بە جیاوازیی نێوان وشەکانی *ئوستوورە: mythology* و *ئەفسانە legend* نەکردبوو و لە بری یەک وەرمدەگێڕان، سوپاس بۆ کاک دکتۆر بەختیار سەجادی، ئێستا ئەم دوو وشەیە چاک کرانەوە.
- پێشتر نەمزانیبوو *ئایرۆنی irony* لە کوردیدا بەرانبەر *تەوس* یان هەندێک جار *درکە* چەسپێنراوە، من بە *توانج* وەرمگێڕابوو، یان هەندێک جار *ئایرۆنیک – ئایرۆنیکەڵ*م بە *سەرسووڕهێن/سەیر/گاڵتەپێکردن* وەرگێڕابوو، ئێستا هەموویانم کرد بە *تەوس* و *تەوساوی*. سوپاس بۆ دکتۆر بەختیار سەجادی و داوای لێبوردن دەکەم. تێبینی: هەموو ئەم وشانە بەر ڕاڤەکان کەوتوون، نەک دەقی ڕۆمانەکە.
- پێشتر هەمیشە *pun*م بە *وشەبازی* وەرگێڕابوو، کە پێکارێکی ڕەوانبێژییە، ئەگەرچی *وشەبازی* هەڵە نییە، بەڵام زاراوە چەسپاوەکەی وێژەی کوردی *ڕەگەزدۆزی*یە، کە بە عەرەبی پێی دەوترێت *جیناس*. لە یەکەم بەکارهێنانیشیدا تێبینیم لەسەری داوە. (بڕوانە کۆتایی ٣: ٣٦٤).
- چوار جار لە کۆی بەرهەمەکەدا وشەکانی *کۆنتێکست*م بە کار هێنابوو، هەر چواریانم گۆڕی و کردمن بە کوردییەکەی، کە *بەستێن*ە.
- هەموو *هەفتە*یەک کرا بە *حەفتە*، ئەویش لەبەر ئەوەی کە وشەکە لەسەر *حەوت* ڕۆ نراوە، بەڵام ئەو جارانەی لە *کتێبی پیرۆزەوە* هێناومە دەستکاریم نەکردووە و هەر *هەفتە*ن.

- له ئەڵقەی شەشەمدا دەربڕینی «ڕێکخستنەوەی ڕوانین بە ڕابردوودا»م کرد بە **ڕێکخستنەوەی لەدوابینی** (بڕوانە ٦: ٥٠).
- ناوچەیەک لە دەبلن هەیە پێی دەڵێن *هارۆڵدس کرۆس Harold's Cross*، من وام زانیبوو کە چوارڕێیانە، بۆیە بە *چوارڕێیانی هارۆڵد* وەرمگێڕابوو، بەڵام بۆم دەرکەوت هەڵە بووم و ئێستا کردمەوە بە *هارۆڵدس کرۆس*. ببەخشن.
- هاوڕێیەک وتی کە وشەی «جوولەکە» وشەیەکە بۆ بێڕێزیکردن بە کار دەهێنرێت، ئەوانەی شوناسی خۆیان لەگەڵ ئەو باوەڕ/نەتەوەیەدا دەبیننەوە خوازیارن پێیان بوترێت جوو. ئەمە بۆ من سەیر بوو، چونکە پێم وا بوو کە وشەکانی *جوولەکە* یان *جوولەک* لە خودی ئەو باوەڕنەتەوەیەوە هاتوونە و کورد خۆی داینەهێناون، چونکە ساڵانی ڕابردوو پەڕتووکێکی ژینامەیی ئینگلیی هێنری ئۆرنستینم خوێندەوە، کە خۆیان جووی ئەوروپا بوون و هێنری خۆی لە هۆڵۆکۆست ڕزگاری بووە، لەو پەڕتووکەدا باسی کەسێکی خۆی دەکات کە ناوی *یولەک*ە. واتە ئەمە ئەوە دەردەخات کە *یولەک*، یان *جوولەک*، یان *جوولەکە* وشەیەکی سووکایەتی نەبێت. بەهەرحاڵ، من لە کۆی ئەم ڕۆمانەدا وشەی ناوبراوم نەهێشت و هەموویانم کرد بە *جوو*، داوای لێبوردنیش دەکەم لە هەر کەسێک کە ئەو بەکارهێنانە ناقەستییەم برینداری کردبێت.
- کاک ڕێبوار قارەمانی دوو زاراوەکەی ئەریستۆتێلیسی بۆم ڕاست کردەوە کە *پۆتێنشەڵ potential* و *ئاکچواڵ actual*ن، ئێستا کردمن بە *شیان* و *بەئەنجامگەیشتوو* (بڕوانە ٢: ١٦). (تێبینیی دەرکردەی ژینای پەرەپێدراو: ئەمە سەرلەنوێ گۆڕا)

## دەستکارییەکانی ئەم دەرکردەیە

هەندێک دەستکاری و چاککاری شایانی ئاماژەپێدان نین، بەڵام گرنگەکان ئەمانەن:

### چاکسازیی تەکنیکی و گۆڕانکاری

#### ناوی پرۆژەکەم گۆڕی

ناوی پەڕتووکەکەم لە تەنها *ئولیس*ەوە کرد بە *ئولیس و ڕاڤەکانی*. پێم وایە پێشتر هەڵە بووم کە ناوەکەیم بەو شێوەیە دانابوو.

نیازم وایە کە تەواوی ئەم پێنج بەرگە تەواو بوو پەڕتووکێکی کوردی لە چاپ بدەم بە ناونیشانی *ئولیس*ی ڕووت کە تەنها لە دەقی وەرگێڕراوی ڕۆمانەکەی جۆیس پێک

هاتبێت، بێ هیچ ڕاڤە و تێبینییەک. ئەگەر ناوی ئەم دوو پەڕتووکە جیا نەبن، ئەوا ئەو پەڕتووکە، کە بە شایستەیی ناوی *ئولیس* دەبێت، لەگەڵ ئەم پێنج بەرگەدا تێکەڵاو دەبن.

## جێگۆڕکێ

بەشی *بەراییم* خستە نێو ڕاڤەکانەوە و لەو جێیانەدا دامنان کە لە بابەتەکەوە نزیکن، چون ئەوانیش هەر ڕاڤەن. بۆیە پێویست نەبوو بە جیا دایانبنێم. بۆ نموونە: هەزەخەکان و پلەبەندیی پیرۆزی کاسۆلیکم بردە ڕاڤەیەکی ئەڵقەی یەکەمەوە، (بڕوانە ١: ٩٦).

## چاکسازی لە ناونیشانی ڕاڤەدا

ئاماژەدانم بە ڕاڤەکان کورت کردەوە بۆ ئەم شێوەیە: (بڕوانە ١: ٤٣). یەکەم ژمارەیان ئاماژەیە بە ئەڵقەکە، دووەم ژمارە ئاماژەیە بە ژمارەی ڕاڤەکە. لەو نموونەیەدا واتە بڕوانە ڕاڤەی ژمارە ٤٣ی ئەڵقەی یەکەم.

## گرێدان بە بەرگی دووەمەوە

ژمارەی ڕاڤەکانی ئەڵقەی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمم چاک کردووە. چون پێشتر تەواوم نەکردبوون، بۆیە ژمارەکانیشیان دیاری نەدەکران. بەڵام ئێستا بەرگی دووەم تەواو بووە و لەگەڵ ئەم چاپی بەرگی یەکەمەدا بڵاوم کردەوە.

## ڕاڤەی نوێ

- پوختەی گرێچنەی هەر ئەڵقەیەکم نووسییەوە و لە یەکەم ڕاڤەی هەر یەکێک لە ئەڵقەکاندا دامنان (جگە لە ئەڵقەی یەکەم کە سێیەم ڕاڤەیە، لەگەڵ ئەڵقەی چوارەم کە دووەم ڕاڤەیە). بڕوانە یەکەم ڕاڤەی هەر یەکێک لە ئەڵقەکان. بۆ نموونە بۆ پوختەی گرێچنەی ئەڵقەی دووەم (بڕوانە ٢: ١).
- ڕاڤەیەکم لەسەر وشەکانی *قەشەنشین parish* و *ئوسقوفنشین diocese* و *مەتراننشین archdiocese* نووسی، (بڕوانە ١: ٩٦).
- ڕاڤەیەکی درێژم لەسەر کۆی ژیان و بەسەرهاتی ئۆدیسێفس (ئولیس، ئۆدیسیۆس) وەرگێڕا و دامنا، (بڕوانە ١: ١).
- ٣٢ پرسیارم لەسەر کۆی هەر شەش ئەڵقەکە هەبوو، پەیوەندیم بە پرۆفیسۆر دکتۆر سام سلەوتەوە کرد، ئەو وەڵامی ئەم پرسیارانەمی دایەوە. ئەم چاپە ئەو وەڵامانە لە خۆ دەگرێت.
- ڕاڤەیەکم لەسەر ئاو و ئاوەڕێکانی ناو شاری دەبلن لە بیر چووبوو وەریبگێڕم، ئێستا هێناوەتەوە (بڕوانە ٣: ١١٨).

- ڕاڤەیەکم لەسەر پەڕتووکی *دەبلنییەکانی* جۆیس نووسی. ڕاڤەی ڤیڤیەن ئیگۆشم لەسەر ڕۆبێرتس زیاد کرد (بڕوانە ٤: ١٨٩).
- ڕای گیفرد و سام سلەوتم لە ڕاڤەی *شەلەنگ*دا زیاد کرد (بڕوانە ١: ١٠٦).
- ڕاڤەیەکی درێژم لە بارەی بەراوردی جووەکانی نێو پەرستگای سەردەمی عیسا و جووەکانی نێو بۆرسەی پاریس نووسی. هەر لەو پەرەگرافەدا چەند وەرگێڕانێکی نادروستیشم ڕاست کردەوە (بڕوانە ٢: ١٢٠).
- لە وتاری *ئولیس بە کوردی*دا پەرەگرافێکم لابرد و سێ پەرەگرافم خستە شوێنی. سەرباسی لاوەکییشم تیایدا دانا، کە خوێندنەوە ئاسان دەکەن. بڕوانە وتارەکەم.

## چاککردنەوەی هەڵە

- ناوچەیەک لە دەبلن هەیە پێی دەڵێن *باچلەرس وۆک Bachelor's Walk*، من وام زانیبوو تەنها شەقامە، بۆیە بە *شەقامی باچلەر* وەرمگێڕابوو. بەڵام بۆم دەرکەوت هەڵە بووم و لەنگەرگایە. ئێستا کردمەوە بە *باچلەرس وۆک*.
- لە ڕاڤەی ژمارە ٧٦ی ئەڵقەی چوارەم و ٢٣٩ی ئەڵقەی پێنجەمدا بە هەڵە ناوی دوو جەژنی جووەکانم تێکەڵ کردبوو: دەبوو *جەژنی کەپرەشینە* بووایە، بەڵام نووسیبووم *جەژنی حەفتەکان*، کە دوو جەژنی جیاوازی جووەکانن (بڕوانە ٤: ٨٧).
- لە چەند شوێنێکدا بە هەڵە وشەی *ئێران*م لە بری *فارس* بە کار هێنابوو، لە سەرجەمی بەرهەمەکەدا چاکم کردنەوە و کردمن بە *فارس* و *فارسەکان*.
- وشەی ژاپۆن-م کرد بە یاپان، چون خۆیان وا بە خۆیان دەڵێن. یاپان یەکێکە لەو چەند وشەیەی بۆ خۆیان بە کاری دەبەن لە پاڵ نیهۆن، نیپۆن، ژپۆن، خاپۆنیا.
- شێوازێکی ڕستەسازیی جۆیس هەیە کە شارستەیەک بە *و* ناوبڕ دەکات و لە دوایەوە بۆرێک دادەنێت: «و»، ئینجا پارستەیەکی ڕوونکردنەوە دەهێنێت، بۆرێکی تر دادەنێت، ئینجا کۆتایی بە ڕستەکە دەهێنێت. لە چاپەکانی پێشووتردا هەوڵم دەدا خۆم لەم جۆرە داڕشتنە بە دوور بگرم، چون پێم هەڵە بوو. بەڵام ئێستانان بۆم دەرکەوت خۆم هەڵە بووم، بۆیە ئەو شێوازەم هێنایەوە. بۆ نموونەیەکی چاککراو: لە سەرەتای ئەڵقەی یەکەمدا دەڵێت: «هاتە لای چەکنیشەکەوە و، کە دەستێکی کرد بە گیرفانی سەرەوەی ستیفندا، وتی:». پێشتر

بەم جۆرە بوو: «هاتە لای چەکنیشەکەوە و دەستێکی کرد بە گیرفانی سەرەوەی ستیفندا و وتی:».

- ناوی دیدەلس-م کرد بە دێدالۆس، چون لە گریکییەکەم نزیک کردەوە.

## وەرگرتنی ڕای شارەزایان

کاک ڕێبوار قاسم قارەمانی بە بەشێکی ڕۆمانەکەدا چووبووەوە و زۆر سەرنجی بەنرخی پێم دا. زۆربەی تێبینییەکانیم بە هەند وەرگرت و لێرە چاکم کردنەوە:

- لە سەرجەمی پەڕتووکەکەدا وشەی *داستان*م لابرد و کردم بە کوردییەکەی کە *بەیت*ە.
- وشەی *یادداشت*م کرد بە *یادنامە*، چون *داشت* لە *داشتن*ی فارسییەوە هاتووە و دەمەوێت پەڕتووکەکە ئەوەندەی دەکرێت کوردیی پاراو و پەتی بێت.
- *ئەریستۆ*-م کرد بە *ئەریستۆتێلیس*.
- *فەلسەفەی فێرکاری*م کردەوە بە *فەلسەفەی سکۆلاستی*.
- *ترتڕە*م کرد بە *قورپاق* و ڕاڤەم لەسەری نووسی (بڕوانە ٦: ٢١٨).
- جیاوازیم لە نێوان *تاوان* و *گوناه*دا نەکردبوو. تاوان ڕەهەندێکی یاسایی هەیە و گوناهـ ڕەهەندێکی دینی. بۆیە ئەوانەم چاک کردەوە.
- *لوو* کرا بە *لاوث* (بڕوانە ١: ١٤٥) کە پێشتر لە بەشی *ئایرلاند* و *هەرێم و کاونتییەکانی*دا بوو.
- *قادرمە* کرا بە *پلیکانە*.
- لە چاپەکانی یەکەم و دووەمدا وشەی *زانینخوازم* لە بەرانبەر *کیورییەس* *curious*دا دانابوو، لە *چاپی ژینا*دا کردم بە *کونجکاوی*، کە *فەرهەنگی خاڵ*م بە سەرچاوە وەرگرتبوو. بەڵام کاک ڕێبوار پێی وتم ئەو وشەیە نیوەی فارسییە، بۆیە لەم چاپەدا دیسان چاکم کردەوە.

## وشەگۆڕکێ

وشەی *شێریف* کرا بە *دارۆغە*. وشەی *تابوت* کرا بە دووداره. وشەی *سەرخەس* کرا بە فرەپێ. وشەی *کۆمپانیا* کرا بە *بەشگە*. وشەی *مناڵ* کرا بە *منداڵ*. وشەی *وایەڵد* کرا بە *وایلد*. وشەی *سەعات* کرا بە *کاژێر*. *وشەی ڕامیار* کرا بە *وارگێڕ*. وشەی *ڕاستەقینە* کرا بە *ڕاستینە*: لەبەر ئەوەی کە پێچەوانەکەی *درۆیینە* بێت، بۆچی ئەمیان -ەق-ێکی زیاد

وەربگرێت؟ *وشەی ڕامیاری* کرا بە *وارگێڕی*. وتارێکی کورتم لەسەر ئەمە لە دەرەوەی ئەم پەڕتووکە نووسیوە، لە ماڵپەڕەکەمدا هەیە. وشەی *فرەتوانا* کرا بە *ڤەکار*: ڕاڤەیەکم لەسەری نووسی (بڕوانە ١: ١٠٩).

## گۆڕانکاریی دەرەکی و کاردانەوەی لەسەر پرۆژەکە

### پەڕتووکی نوێی ڕاڤەی *ئولیس*

لە کاتی پێداچوونەوەم بە بەرگی دووەمی ئەم پەڕتووکەدا بەڕێزان سام سلەوت و مارک ماميگۆنيەن و جۆن تورنەر پەڕتووکێکی ڕاڤەی درێژتريان بڵاو کردەوە (سەرچاوەی حەوتەم). ئەم پەڕتووکە لە ڕاڤەکانی پێشووتريان بەپێزتر و درێژترە. هەندێک جار ڕاڤەم لەم پەڕتووکەوە وەرگێڕاوە. لە چاپی پێشووی پەڕتووکەکەشمدا ڕاڤەکانی سام سلەوت و هاوڕێکانیم تەنها بە هێمای «~س.س.» دادەنا، کە ئاماژەم بە سەرەپیتی ناوی هاوکارەکانی سام سلەوت نەدابوو. بۆیە لەم چاپەوە هێماکەم گۆڕی بە: «**~س.ت.م.١**» بۆ پەڕتووکی ڕاڤەی یەکەمیان و «**~س.ت.م.٢**» بۆ پەڕتووکی دووەميان.

### پەڕتووکی نوێی پەیوەست بە ئولیس

لە دوای چاپی ژیناوە لەگەڵ کاک ڕێبوار قاسم قارەمانی دەستمان کرد بە وەرگێڕانی *هاملێت* بە ڕاڤەوە. تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆریمان تەواو کردووە، بەڵام بە هەموویدا نەچووینەتەوە. بۆیە لە زۆربەی ئەو جێیانەی *ئولیس و ڕاڤەکانی*دا کە هەر دێڕێکمان لە *هاملێت*ەوە هێنابێت، لە وەرگێڕانەکەی خۆمانەوەم هێناوە و لەسەریم نووسیوە {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}.

* * *

تکایە ئەگەر ئێوەش سەرنج و پێشنیارتان بۆ گۆڕانکاری هەبوو بۆم بنێرن با لە چاپەکانی داهاتوودا چاکیان بکەم.

سوپاس و ببوورن.

نەوا

# سەرچاوەکان

## ڕۆمانەکە و ڕاڤەکانی

١. دەقی ڕۆمانەکەم لەم پەڕتووکەوە وەرگێڕاوە:

*Ulysses* by James Joyce, edited by Hans Walter Gabler with Wolfhard Steppe and Claus Melchior. First Vintage Books edition, June 1986. Random House, Inc. ISBN: 0-394-74312-1.

ئێستا دەقی ئینگلی (نەک کوردی)ی ڕۆمانەکەی جەیمز جۆیس موڵکی گشتییە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر هانس واڵتەر گابڵەر لە ڕێکەوتی ٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠دا ڕێی داوم چاککراوەکەی ئەو بە کار بهێنم، نەک تەنها ئەوە، بەڵکو کاری چاککردنەوەکانیشی خستە بەردەستم تا بتوانم لە پێداچوونەوەکانمدا سوودیان لێ وەربگرم، کە ئێجگار بەسوود بوون و وشە بە وشە و خاڵ و وێرگوڵی کوردییەکە لەگەڵ چاککراوەکەی ئەودا بەراورد کراوە.

٢. دەقی ڕاڤەکانی خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆم لەم پەڕتووکەوە وەرگێڕاوە:

*The Real People of Joyce's Ulysses, A Biographical Guide,* by Vivien Igoe. University College Dublin Press, 2016 ISBN: 978-1-910820-06-3hb

لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئاداری ٢٠٢١دا تەواوی هەموو مافێکی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم پەڕتووکەم لە زانکۆی کۆلێجی دەبلن، لە خاتوو *نۆوێڵ مۆران* وەرگرتووە، بە هیچ شێوەیەک هیچ کەسێک بۆی نییە بێ ڕێپێدانی نووسراو و واژۆکراوی خاوەنەکەی، بە هەر شێوەیەک بێت، دووبارە ئەم ڕاڤانە وەربگێڕێتەوە و بڵاویان بکاتەوە.

٣. دەقی ڕاڤەکانی گیفرد و سایدمانم لەم پەڕتووکەوە وەرگێڕاوە:

*Ulysses Annotated, Notes for James Joyce's Ulysses,* by Don Gifford with Robert J. Seidman. Second edition, Revised and enlarged by Don Gifford. University of California Press. Second Paperback printing 2008. ISBN: 978-0-520-25397-1

## سەرچاوەکانی تر

٤. دەقی ڕاڤەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر جۆن هەنتم لەم ماڵپەڕەوە وەرگێڕاوە:
http://www.joyceproject.com/

هەندێک لە تێبینییەکانی دکتۆر هەنت لە گفتوگۆی نێوان خۆمانەوە ڕوویان داوە و بڵاو نەکراونەتەوە، ئەم جۆرە ڕاڤانەمان بە ئیمەیل ئاڵوگۆڕ کردووە.

جگە لە ڕاڤەکانی ئەم پەڕتووکە، هەندێک جار سوودم لە تێبینیی کەسانی تریش وەرگرتووە و ئاماژەم پێیان داوە، ئەمە لیستی ئەو پەڕتووکانەیە کە هەندێک جار وەک سەرچاوە بە کار هێنراون:

٥. هەندێک ڕاڤە و سەرنجی سام سلەوت و مارک مامیگۆنیەن و جۆن تورنەرم لەم پەڕتووکەوە وەرگێڕاوە (پەڕتووکی یەکەمی ڕاڤەکەیان):

*Ulysses by James Joyce, with annotations by Sam Slote, Marc A. Mamigonian and John Turner*. Third Edition, Alma Classics, 2017, UK. ISBN: 978-1-84749-776-5

٦. مێژووی ئەمڕۆ هاوشانی مێژووی بەریتانیا، نووسینی لیژنەیەک (دەیڤد بەیتس، جۆن گیلینگهەم، دایەرمەید مەککولۆک، جوانا ئینێس، دەیڤد ئینگلاندەر، جۆن ستیڤنسن)، دەزگای کۆلینز ئاند براون، ١٩٩٥، بەریتانیای گەورە. ئای ئێس بی ئێن: 1855851784.

*The History Today Companion to British History*.

٧. هەندێک ڕاڤە و سەرنجی تری سام سلەوت و مارک مامیگۆنیەن و جۆن تورنەرم لەم پەڕتووکەوە وەرگێڕاوە (پەڕتووکی یەکەمی ڕاڤەکەیان):

*Annotations to James Joyce's Ulysses*, by Sam Slote, Marc A. Mamigonian and John Turner. First Edition (Paperback), Oxford University Press, 2024, ISBN: 978-0-19-891275-0.

## فەرهەنگە بەکارهاتووەکان

بۆ سۆراخی وشەکانی ئەم ڕۆمانە گەلێک فەرهەنگم بە کار هێناوە، ئەمانە ئەو فەرهەنگانەن:


1. *کۆلینز*، https://www.collinsdictionary.com
2. *میریام وێبستەر*، https://www.merriam-webster.com
3. *ئازادی*، (ئینگلی-کوردی) دانانی دکتۆر حەمەڕەشید قەرەداخی، چاپی سێیەم ٢٠١٢، نەشری ئیحسان.
4. *کوردستانیکا*، (ئینگلی - کوردی - فارسی)، دانانی عەلی جەوشەنی، دوو بەرگە، چاپی یەکەم ٢٠١٥، چاپەمەنیی مانگ، کەرەج.
5. *هەنبانەبۆرینە*، (کوردی – کوردی – فارسی)، دانانی هەژار موکریانی، چاپی نۆیەم ٢٠١٤، دەزگای سرووش، تاران.
6. *شیرینی نوێ*، (عەرەبی-کوردی)، دانانی فازیل نیزامەدین، چاپی سێیەم ٢٠١٥، کتێبخانەی زانیار، سلێمانی.
7. *فارسی-کوردی*، دانانی لیژنەیەک بە سەرپەرشتیی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، چاپی یەکەم ٢٠١٠، دانشگای کوردستان، سنە.
8. *خاڵ*، (کوردی – کوردی)، دانانی شێخ موحەممەدی خاڵ، نۆبەتی چاپی لەسەر نییە، ٢٠١٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
9. *فەرهەنگی ڕووەکناسی کوردستان*، (کوردی، فارسی، ئینگلی، عەرەبی، لاتینی)، دانانی ئیرەج مورادی، چاپی یەکەم ٢٠١٥، کانی کتێب، سنە.
10. *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*، دانانی دکتۆر جەمال ڕەشید فەرەج، سێ بەرگە، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
11. *فەرهەنگی کوردستان* (کوردی – کوردی)، دانانی گیو موکریانی، پێداچوونەوە و زێدەکردنی د. کوردستان موکریانی، دوو بەرگە، چاپی دووەم ٢٠١٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
12. *سەرچاوە* (عەرەبی – کوردی)، دانانی مەجید عەبدوڵڵا ئیبراهیم، چاپی دووەم، ٢٠١٥، کتێبخانەی زانیار، سلێمانی.
13. *فەرهەنگی حقوقیی دادپەروەر* (ئینگلی – کوردی)، دانانی کامبیز ئیبراهیمزادە، چاپی یەکەم ٢٠١٩، دەزگای تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
14. *باڵندە*، دانانی ئەحمەد بەحری، چاپی یەکەم ٢٠٠١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

15. *فەرهەنگی پزیشکی*، دانانی دکتۆر ئەوڕەحمان عەبدوڵڵا، نۆبەتی چاپ و ساڵی چاپ و شوێنی بڵاوکردنەوەی لەسەر نییە.

16. *فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی*، وەرگێڕان و ئامادەکردنی کاردۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک.

17. *کاوە*، (فارسی – کوردی)، دانانی عەبدوڵڵا ئیبراهیمی، سێ بەرگە، چاپی یەکەم ٢٠١٢، دەزگای ئاراس، هەولێر.

18. *فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان*، (ئینگلی - عەرەبی – کوردی)، دانانی موحەمەد وەسمان، چاپی یەکەم، ٢٠١١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

19. *ڤەژین لێکس* و پازدە فەرهەنگ https://lex.vejin.net/ck

20. ماڵپەڕی معجم *المعاني* https://www.almaany.com

21. ماڵپەڕی *فەرهەنگی فارسی* http://www.farsidic.com/en/Lang/EnFa

22. *معاجم اللغة*، https://www.maajim.com

23. *A Dictionary of Slang and Unconventional English*, Eric Partridge, 1984 ISBN 9780415065689.

24. *The Oxford Dictionary of Literary Terms*, Chris Baldick, Fourth edition, 2015 ISBN 9780198715443.

25. *The Penguin Dictionary of Literary Terms and Literary Theory*, J. A. Cuddon, Fifth edition, ISBN 9780141047157.

26. *The Oxford Dictionary of Music*, Michael Kennedy, Sixth Edition 2013, ISBN 9780199578542.

## وەرگێڕانەکانی تر کە لەگەڵ کوردییەکەدا بەراورد کراون

١. *عولیس*، وەرگێڕانی لە ئینگلیییەوە بۆ عەرەبی: دکتۆر تەها مەحمود تەها، چاپی دووەم ١٩٩٣. دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشەم لەگەڵ ئەم وەرگێڕانەدا بەراورد کردووە.

٢. *ئولیس*، وەرگێڕانی لە ئینگلیییەوە بۆ فەڕەنسی: (ستیوارت گیڵبێرت، ڤالێری لاربۆد، ئاوگوست مۆرێل، ژاک ئوبێغ، پاسکال باتەییارد، میشێل کیوزان، سلڤی دوازێلێ، پاتریک درێڤێت، بێرنارد هووپفنەر، تیفانی سامۆیۆ، ماری دانییل ڤۆر) بە سەرپەرشتیی ژاک ئوبێغ، چاپی دووەم ١٩٩٣. دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشەم لەگەڵ ئەم وەرگێڕانەدا بەراورد کردووە. لە کۆی ڕاڤەکاندا بە «وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە» ئاماژەم بەم بەرهەمە داوە.

٣. *یولیسیس*، وەرگێڕانی لە ئینگلیییەوە بۆ عەرەبی: سەڵاح نیازی، بەرگی یەکەم: چاپی دووەم ٢٠٠٨، بەرگی دووەم: چاپی یەکەم ٢٠١٠، بەرگی سێیەم: چاپی یەکەم ٢٠١٤، دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشەم لەگەڵ ئەم وەرگێڕانەدا بەراورد کردووە.

٤. *ئولیس*، وەرگێڕانی لە ئینگلیییەوە بۆ ئیتالی: ئێنریکۆ تێرینۆنی و کارلۆ بیگاتسی، چاپی دووەمی باشترکراو ٢٠١٢. زۆربەی هەرەزۆری بەرگی دووەمم لەگەڵیدا بەراورد کردووە.

٥. *ئولیس*، وەرگێڕانی لە ئینگلیییەوە بۆ ئیتالی: جانی جێلاتی، چاپی یەکەم ٢٠١٣. تەنها شوێنی ئاڵۆز و ناڕوونم لەگەڵیدا بەراورد کردووە.

٦. *ئولیس*، وەرگێڕانی لە ئینگلیییەوە بۆ فارسی (تەنها شەش ئەڵقەی یەکەم): ئیکرام پەدرامنیا، چاپی یەکەم ٢٠١٩. تەنها ئەو جێیانەم بەراورد کردووە کە سەرەڕای بەراوردکردنی وەرگێڕانەکانی پێشووش، هێشتا هەر دڵنیا نەدەبووم.

## ڕاڤە و هێماکان

ئەم پەڕتووکەی لە بەر دەستتدایە یەک پەڕتووک نییە، بەڵکو بە فەرمی سێ پەڕتووکە، ئەوانیش پەڕتووکی یەکەم و دووەم و سێیەمی لیستی سەرچاوەکانن. هەر شوێنێکی ڕۆمانەکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی تر هەبووبێت، کە لە ڕاڤەکانی گیفرد و سایدماندا نەبووبێت، لە شوێنی جیاوازەوە هێناومن و وەرمگێڕاون. تێبینییەکانی خۆم زیاتر لەسەر زمان و ڕوونکردنەوەی وەرگێڕانن، کەمتر ڕاڤەی ئاڵۆزییەکانن. جۆیس هەندێک پێکاری وێژەیی بە کار هێناوە کە لە دەقە ماکەکەدا هونەرێکی مەزنن، بەڵام وەرگێڕانیان بۆ زمانێکی تر ئەستەمە و زۆر جاریش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە واتای دەقەکەوە هەیە و واتا دەگۆڕن و دەبنە هۆی سەرلێشێوانی خوێنەری زمانی بەرانبەر. بۆیە ئەگەر وەرگێڕ تێبینییەک نەدات، ئەوا ڕەنگە ئاڵۆزیی ناپێویست ڕوو بدات. لە کۆتایی هەموو پەراوێز و ڕاڤەیەکدا سەرەپیتی ناوی ڕاڤەکارەکەم داناوەتەوە و سەرەپیتەکانیش بەم شێوەیەن:

| | |
|---|---|
| **~ن.م.** | نەوا موکرجی |
| **~گ.س.** | دان گیفرد و ڕۆبێرت سایدمان |
| **~ڤ.ئ.** | ڤیڤیەن ئیگۆ |
| **~س.ت.م.١** | سام سلەوت، مارک ماميگۆنیەن، جۆن تورنەر: پەڕتووکی یەکەم. |
| **~س.ت.م.٢** | سام سلەوت، مارک ماميگۆنیەن، جۆن تورنەر: پەڕتووکی دووەم. |
| **~ف.د.** | فڕانک دیلەینی |
| **~ج.ه.** | جۆن هەنت |
| **~و.ف.** | وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە |

ئەگەر ڕاڤەکان لە ماڵپەڕ و پەڕتووکی ترەوە بووبن، ئەوا سەرچاوەکەم لە کۆتاییدا نووسیوەتەوە.

سەرجەم ئەو ساڵانەی لە تەواوی ئەم پرۆژەیەدا هاتوون هەر هەموویان ساڵی زاینین، ئەوەی هەندێک خەڵکان پێی دەڵێن: *میلادی*، بە هیچ جۆرێک ساڵی تر بوونی نییە و ئەگەر هەبێت ئاماژەی پێ دراوە. بۆیە لە تەنیشت هیچ ساڵێکەوە هیچ هێمایەک نابینیت وەک «ز.»، بەڵام کە ساڵەکان پێش زاین بن، هێمای پ.ز. دانراوە. لەم دەرکردەیەدا تەنها ڕێکەوتی چاپەکەم بە ساڵنامەی کوردی داناوە، بەڵام ساڵەکانی ناو پەڕتووکەکە هەموویان زاینین.

له تەواوی ئەم پرۆژەیەدا، هەر کاتێک تێبینییەکی خۆمم لە نێوان ڕاڤەی کەسێکی تردا نووسیبێت، خستوومەتە نێوان دوو کەوانەی ئاوهاوە {}.

له تەواوی ئەم پی دی ئێفی بەرگی یەکەمەدا کە ئاماژە بە ڕاڤەیەکی بەرگی دووەم دراوە، بۆ دەرکردەی یەکەمی بەرگی دووەمە، کە هەر لەگەڵ ئەم پی دی ئێفەدا لە نەورۆزی ٢٧٢٥ (٢١ی ئاداری ٢٠٢٥)دا بڵاو کراوەتەوە.

دڵنیام کاری تاکەکەسی لە قەبارەی وەهادا لە هەڵە مەرەخەس نییە، بۆیە هەر تێبینییەک، سەرنجێک، یان هەڵەیەکت بە دی کرد، تکایە بۆ (u@nawa.net)ی بنێرە و پاش لێکدانەوە و پێداچوونەوەیان چاکیان دەکەم.

## ستایشنامە

لە ناخی دڵمەوە هەزاران جار سوپاس و ستایش و پێزانینم بۆ بەڕێزتان هەیە:


- دکتۆر **حەمەڕەشید قەرەداخی**. بۆ دانانی *فەرهەنگی ئازادی*. بە درێژایی ماوەی وەرگێڕانەکەم هەمیشە لەسەر مێزی کارەکەم بوو. لە سایەی لەخۆبوردوویی ئەم پیاوەوە کاری من سەدان جار ئاسانتر بووە.
- هاوڕێی منداڵی و خۆشەویستم کاک **شاسوار شاڵی**، سەدان سەرچاوەی لەسەر *ئولیس* بۆم پەیدا کرد.
- ئەو کەڵە مرۆڤانەی لە فەرهەنگی کوردیدا کاریان کردووە و لە وشەکاریدا سەرچاوەی بەنرخم بوون، ئەوانیش: **هەژار موکریانی، گیو موکریانی، شێخ موحەمەدی خاڵ، دکتۆر جەمال ڕەشید فەرەج، فازیل نیزامەدین، دکتۆر ئەوڕەحمان عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا ئیبراهیمی، ئەحمەدی بەحری، موحەمەد وەسمان، عەلی جەوشەنی، بەڕێزان ئەندامانی دانشگای کوردستان، ئیرەج مورادی، کامبیز ئیبراهیمزادە، مەجید عەبدوڵڵا ئیبراهیم.**
- پرۆفیسۆر دکتۆر **جۆن هەنت**، پرۆفیسۆری خانەنشینی وێژە لە زانکۆی مۆنتانا، ئەمەریکا. خاوەنی ماڵپەڕی *جۆیس پرۆجێکت - www.joyceproject.com*ە. چەندین وتاری ڕوونکردنەوەیی بەنرخی لەسەر *ئولیس* نووسیوە. بەڕێزیان زۆر شوێنیان بۆم ڕوون کردووەتەوە و بە زانیاریی دانسقە یارمەتییان داوم. خوازیارم لە ئایندەدا ئەو تێبینییە بەنرخانەی ئەو بۆ زمانی کوردی وەربگێڕرێن و بڵاو بکرێنەوە.
- تەواوی کارمەندانی **ماڵپەڕی ڤەژین** (https://lex.vejin.net) بۆ کۆکردنەوەی فەرهەنگە کوردییەکان، بە هۆی ئەوانەوە گەڕانم بۆ وشە چەندین جار ئاسانتر بوو.
- پرۆفیسۆر دکتۆر **هانس واڵتەر گابڵەر**، کە جگە لەوەی پشتگیریی تەواوی کردم بۆ وەرگێڕانی چاپ و پێداچوونەوەکەی خۆی، هاوکات دەقی پێداچوونەوەکەشی خستە بەر دەستم کە بە *A Critical and Synoptic Edition* بەناوبانگە، تا پێداچوونەوەکەم لەسەر بناغەی کار و پێداچوونەوەکەی بەڕێزیان بێت.
- دکتۆر **میران جەلال موحەمەد**، لە کۆلێجی زمانی کوردیی زانکۆی سلێمانی مامۆستام بوو، ڕۆژێک لە پۆلدا وەک نموونەی وێژەی بەراورد و ڕۆمانی شەپۆلی

هۆش کورتەباسێکی ئەم ڕۆمانەی بۆمان کرد، بووە هۆی پەیدابوونی ئاشنایەتیی سەرەتایی من بەم ڕۆمانە.


- **فرانک دیلەینی** (١٩٢٤-٢٠١٧): ٣٦٨ ئەڵقەی ڕادیۆیی بەرنامەی *ڕیجۆیس*ی تۆمار کردووە، ڕاڤەی *ئولیس*ن لە سەرەتاوە تا نزیکەی ناوەڕاستی ئەڵقەی دەیەم ڕاڤەی کردووە، نەوەد و یەک کاژێر و بیست خولەکە. بە داخەوە مەرگ ڕێی نەدا هەموو ڕۆمانەکە تەواو بکات.
- **ئاڵی** خان و **سایە** خان کە هەندێک جار بۆ تێگەیشتن لە دەربڕینە زانستییەکان پشتم پێیان بەستووە و یارمەتییان داوم.
- **نیگا** خان و کاک **بژوێن** کە ئەرکێکی گەورە و زۆریان کێشاوە و بەردەوامیش دەیکێشن لە ئامادەکردنی پەڕەی ئەلیکترۆنیی *ئولیس* و بەڕێوەبردنیان لەسەر ئینتەرنێت و ڕێکخەری سەرەکی بۆنەی بڵاوکردنەوەکەش بوون.
- کاک **یاسین ئافتاو** کە چەند جارێک *بەرایی* و چوار ئەڵقەی یەکەمی خوێندەوە و چەند تێبینییەکی گرنگی پێم دا تا چاکیان بکەم و منیش سوودم لێیان بینی.
- کاک دکتۆر **بەختیار سەجادی**، پرۆفیسۆری یاریدەری ئینگلی لە زانکۆی کوردستان لە سنە، چەند جارێک ڕاوێژم پێی کردووە و ئەرکی کێشاوە و پێشنیاری هەندێک گۆڕانکاریی بۆم کردووە.
- کاک **ڕێبوار قارەمانی**، لە شیکردنەوەی هەندێک زاراوەی فەلسەفی و دەیان شوێنی تردا هاوکاریی کردم.
- کاک **ئەمیر سیراجەددین**، چەندین شوێنی وەرگێڕانە کورمانجییەکەی بۆم ڕوون کردووەتەوە تا لەگەڵ وەرگێڕانەکەی خۆمدا بەراوردی بکەم.
- کاک **شێخە ڕەسووڵ**، یارمەتیی دام پێکاری ئاوەژووخوێنی بۆ ڕستەیەکی ئەڵقەی حەوتەم دابنێم (بڕوانە ٧: ٢٩٢)
- وەرگێڕەکانی پێشوو، کە لە لیستی بەراوردەکاندا ئاماژەم پێیان داوە، هەموویان بەرچاوڕوونکەری زۆر باشم بوون.




*وێنە ١: دوورگەی ئایرلاند و بەریتانیا، لە کاتی نووسینی ئولیسدا هەموو ئەم دوورگانە پێیان وتراوە: «دوورگەکانی بەریتانیا»*




*وێنە ٢: چوار هەرێمەکەی ئایرلاند، ئەو سێ کاونتییەی باکوور کە ڕەنگیان لەگەڵ شەشەکەی تردا جیاوازە، سەر بە کۆماری ئایرلاندی ئازادن و شەشەکەی تر سەر بە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیان.*




وێنە ٣: کاونتییەکانی ئایرلاند

# پێشەکیی دان گیفرد[i]

*ئولیس* خۆی وەک ڕۆمانێک دەناسێنێت کە هەموو ئەوانە لە خۆی دەگرێت و دەڵێت کە دەیەوێت بیانڵێت، کەچی ئەزموونی ڕاڤەکردنی و فێرکردنی خەڵکان بە یاوەریی ڕاڤە ئەوەمان بۆ پێشنیار دەکات کە زۆر جار ئەوەی ناوترێت چەقی ئەزموونی خوێندنەوەکەمانە بۆ ڕۆمانەکە. بۆ نموونە، *ئولیس* وا دەردەکەوێت کە زۆر بە تەکووزی بە کاتی کاتژمێر دەڕوات، کەچی لە ڕاستیدا بە زۆر شێوە کات درێژ دەکاتەوە تا کاری کەسێتییەکانی بخاتە سەر ناوچەی یەکتربڕی دوو پەیڕەوی دژبەیەکی کاتی وێژەییەوە.

بە هەمان شێوە ڕۆمانەکە لێوانلێوە لە بابەتی وارگێڕی و دینی و خولیای کۆمەڵایەتی و پێشداوەریی[ii] ئایرەکان، کەچی لە هیچ شوێنێکدا ئەمانە بە تەواوەتی دەرنەبڕراون و جێگیر نەکراون. لیۆپۆڵد بلووم، کە کەسێتیی چەقی ڕۆمانەکەیە، بە نەژاد جووە، بەڵام بە کردار جوو نییە، نامۆیە، بە درێژایی ڕۆژەکە نیشانی بەرچاوی تیری سەرکۆنەی بەردەوامی دژەسامێتییە، ئەگەرچی زۆر جار بە بێدەنگی ئەمە دەکرێت. ئەوەی کە زۆر دیار نییە ئەوەیە کە ئەو دژەسامێتییەی دەبلن لە پاشخانە گەورەترەکەی ئەو دژەسامێتییەدا ڕۆڵی بینی کە لە دەیەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەورووپای گرتەوە. دەکرێت لە ڕۆمانەکەدا سەرنجێکی هاوشێوەش لە ڕۆڵی ژن بدرێت. هەندێک کەسێتیی ژن لە ڕۆمانەکەدا بە پێگەی ژنی دەبلنەوە بەستراونەتەوە و لە دژی ئەم پێگەیە دانراون،

---

[i] دان گیفرد، پرۆفیسۆری زمانی ئینگلی بوو، ساڵی ١٩١٩ لە شاری سکێنێکتەدی لە نیو یۆرک، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دایک بووە، زانکۆی کامبریدج و هارڤاردی تەواو کردووە. لە جەنگی جیهانیی دووەمدا شۆفێری ئوتومبێلی فریاکەوتنی سەربازانی بەریتانی بووە، دواتر چووەتە سوپای ئەمەریکییەوە و بووە بە ئەفسەر و لە هەڵمەتە خوێناوییەکەی ئیتالیادا جەنگاوە. چەندین ساڵ لە کۆلێجی میڵس لە نیو یۆرک وانەی وتووەتەوە. ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین بووە. خۆی و ژنەکەی چەندین کاری مرۆڤدۆستییان کردووە. لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٠دا لە خەستەخانەیەکی نۆرث ئادامس لە ویلایەتی ماساچووسیتس کۆچی دوایی کرد[i]. دان گیفرد بە هاوکاریی ڕۆبێرت سایدمان، کە خوێندکارێکی پێشووی خۆی بوو، ڕاڤەکانی لەسەر *ئولیس*ی جۆیس نووسیوە و ساڵی ١٩٧٤ هەموویانی لە پەرتووکێکدا بڵاو کردووەتەوە، ساڵی ١٩٨٨ چاپی دووەمی ئەم ڕاڤانەی بڵاو کردووەتەوە کە لەم چاپەدا دەستکاریی زۆر ڕاڤەی پێشووی کردووە و هەندێکی زیاتریشی نووسیوە، من ئەم چاپی دووەمەم وەرگێڕاوە. لە بەرانبەر هەر ڕاڤەیەکی وەرگێڕراوی ئەم پەرتووکەدا، هێمای **~گ.س.** م داناوە، کە ئاماژەیە بە گیفرد و سایدمان. (*دان گیفرد، کە پسپۆڕێکی کارەکانی جەیمز جۆیس بوو، لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا* مرد، نووسینی: ئێریک پەیس، ڕۆژنامەی نیو یۆرک تایمزی ٢٥ی ئایاری ٢٠٠٠). **~ن.م.**

[ii] بۆ واتای پێشداوەری (بڕوانە ٢: ٧٧). **~ن.م.**

دەبلن، ئەو شارەی جۆیس زووزوو پێی دەوت: «لەسەر لێواری مێشکتەسکیی ئەورووپادایە». بەندەکانی ئەو بەسترانەوەیە لە سەرتاپای ڕۆمانەکەدا بە ناڕاستەوخۆ هەیە، بەڵام لە هیچ جێیەکدا بە ئاشکرا دەرناکەوێت.

پارە و بەهای دراویش بۆ جیهانی چینی ناوەندیی شارەکە ئێجگار سەرەکین، ئەو چینەی جۆیس تیشکۆی خستووەتە سەریان، بەڵام میتۆدی ڕۆمانەکە دەبێتە لەمپەڕ لە بەردەم هەموو ڕەچاوکردنێکی ڕاستەوخۆی بەهای پارە، یان پەیوەندیی پارە بە ژیانی تاکبەتاکی چینی ناوەندیی ئەو شارەوە لەو سەردەمەدا.

بۆیە مەبەست لەو گفتوگۆ کورتەی دواترم سەبارەت بەم شتانە زیاتر فێرکارییانەیە، وەک چۆن ڕاڤەکانیشم هەر بۆ هەمان مەبەستن - تا یارمەتیی خوێنەر بدەن لە هەندێک پرسی گشتی تێبگەن کە لە ڕۆمانەکەدا بە تەواوی دەرنەبڕاون، بۆیە لە ڕاڤەکاندا بە شێوەی جیاجیا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

## کات لە *ئولیس*دا

ڕووداوەکانی *ئولیس* لە شوێنی بەیەکگەیشتنی دوو پەیڕەوی جیاوازی کاتی وێژەییدا ڕوو دەدەن: کاتی درامی و کاتی بەیتی، وەک چۆن ئەریستۆتێلیس لە پەڕتووکی شیعردا پێناسەیان دەکات و دەڵێت: «تراجیدیا {دراما} لە ڕۆژێک زۆرتر درێژە ناخایەنێت، بەڵام شیعری قارەمانێتی ئەم سنوورەی بۆ دانەنراوە[i]». لەوانەیە وەرگێڕێکی ئەم سەردەمە ئەم دێڕە بە شێوەیەک وەربگێڕێت کە پێی وا بێت مەبەست ئەو کاتی ڕووداوانە نییە کە دەگێڕرێنەوە، بەڵکو مەبەست کاتی نمایشکردنیانە: واتە دەبێت درامایەک لە ماوەی ڕۆژێکدا نمایش بکرێت، بەیتێک لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا نمایش بکرێت[ii]. بەڵام وەرگێڕەکانی پێشوو، وەک بوتچەر (کە نوسخەیەکی وەرگێڕانەکەی لە پەڕتووکخانەکەی

---

[i] دکتۆر موحەمەد کەمال «قارەمانێتی» لە بری «بەیتی» بە کار هێناوە. بڕوانە *شیعر*، نووسینی ئەریستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیبیەوە د. موحەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠١٠، لا ٢١. **~ن.م.**

[ii] دان گیفرد ئاماژە بە وەرگێڕانی ئینگلیی پەڕتووکەکە دەدات، من لە کوردییەکەوە هێناومە، بڕوانە پەراوێزی پێشوو. گیفرد لە دەقەکەی خۆیدا وەرگێڕانی ئینگلییەکەی ئەم پەڕتووکەی ئەریستۆتێلیسی بە کار هێناوە، کە وەرگێڕەکەی ناوی *ئێس ئێچ بوتچەر*ە و ساڵی ١٩٠٧ پەڕتووکە وەرگێڕاوەکەی بڵاو کردووەتەوە، ئەوی تریان وەرگێڕانی *جیراڵد ئێف ئێلس*ە کە ساڵی ١٩٦٧ پەڕتووکە وەرگێڕاوەکەی بڵاو کردووەتەوە. **~ن.م.**

تریێستی[i] جۆیسدا هەبوو[ii])، پێی وایە کە ئەریستۆتێلیس مەبەستی لەوەیە کە دەبێت دراما ڕووداوەکانی ڕۆژێک بگێڕێتەوە، وەک چۆن *ئولیس* وا دەکات: لە ٨:٠٠ی بەیانیی ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ دەست پێ دەکات تا نزیکەی بەرەبەیانی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٠٤ (کاتژمێر ٣:٣٣ی بەیانی خۆر هەڵهات). *ئولیس* ئەو یەکێتییانەی تریش پەیڕەو دەکات کە ئەریستۆتێلیس بۆ دراما پێشنیاری کردوون: یەکێتیی شوێنی تێدایە (دەبلن و چواردەوری)؛ یەکێتیی ڕووداو (هەموو ڕووداوەکان لە یەک ڕۆژدا ڕوو دەدەن)؛ هەروەها *ئولیس* وەک یەکێک لە دراما باشەکانی شێوازی سۆفۆکلیس، سێ کەسێتیی سەرەکیی تێدایە (ستیفن دێدالۆس، مۆڵی بلووم، لیۆپۆڵد بلووم) و کۆرسێک (خەڵکی دەبلنی) کە وەک ئەریسۆ ئاماژەی پێ داوە، بە هەموویان وەک کەسێتیی چوارەم کار دەکەن.

بەڵام ناونیشانی ڕۆمانەکە بانگەشەی بەیت دەکات، ئەریستۆتێلیسیش بەیت بە شێوەیەک پێناسە دەکات کە هەموو ژیانی پاڵەوانێک ناگرێتەوە، چونکە ئەوکات یەکێتیی ڕووداوی تێدا نابێت، بەڵکو بە شێوەیەک پێناسەی بەیت دەکات کە هەموو کاتی سەردەمێک لە ژیانی پاڵەوانەکە دەگێڕێتەوە. هەر بۆیەش *ئۆدیسە* چیرۆکی گەڕانەوەی ئۆدیسێفس لە ترۆیاوە دەگێڕێتەوە لەگەڵ چاوەڕوانییە بەئەمەگییەکەی پینێلۆپیا و پێگەیشتنی تیلێماخۆس[iii]؛ لە *ئولیس*دا چیرۆکی پێگەیشنی ستیفن و گەڕانەوەی بلووم بۆ ماڵ و پەسەندکردنەوەی بلووم لە لایەن مۆڵیی ژنیەوە دەگێڕێتەوە، دەبلنیش (وەک ئیتاکی) دیسان (یان ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بووبێت) بە شایستەیی ڕام دەکرێت و بە ڕێوە دەبرێت. هیچ گەرەنتییەک لە *ئولیس*دا نییە کە کەسێتییەکان بە هیچ کامێک لەم ڕووداوە بەیتییانەدا تا کۆتایی، یان بەرەو کۆتایی بگەن، بەڵام دەبێت لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئێمەی خوێنەر بایی ئەوەندە بزانین کە کەسێتییە سەرەکییەکان و کۆرسەکە بە چ بارودۆخێک دەگەن ئەگەر ئاکامی بەیتەکە، کە لە ١٦ و ١٧ی حوزەیراندا شیاوە، ببێت بە «کامگیر» (بڕوانە ٢: ١٦).

---

[i] تریێست شارێکە ئێستانان سەر بە ئیتالیایە و لە باکووری وڵاتەکەدایە، جۆیس ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیاوە. **~ن.م.**

[ii] *ئاگایی جۆیس*، نووسینی ڕیچارد ئێڵمان، نیو یۆرک ١٩٧٧، لاپەڕە ٩٩. **~گیفرد**

[iii] بۆ ناسینی ئەم کەسێتییانە (بڕوانە ١: ١ و ١: ٣). **~ن.م.**

له بەرانبەر گەشەی خاوی سەردەمێکی ژیانی پاڵەوان لە بەیتدا، ئەو ڕووداوەی لە کاتی درامیدا چاوەڕێی دەکەین *وەرگەڕان*ە[i]، واتە گۆڕانێکی چاوەڕێنەکراو و لەناکاو کە هەم شتان ئاشکرا دەکات و هەم یەکلاکەرەوەیە. بۆیە ڕووداو لە *شا ئۆدیپ*ی سۆفۆکلیسدا چیرۆکی بۆدەرکەوتنی ڕۆژێکە کە ئۆدیپ ژەهراویکەری شاری تەبەسە، خوداکان لە چارەیان نووسیوە کە باوکی خۆی بکوژێت و دایکی خۆی بخوازێت و منداڵی لە دایکی خۆی ببێت. لە وەرگەڕانی دراماداا لەناکاو هەموو ڕووداوەکانی ژیانی ئۆدیپ دەخرێنەوە بەرچاو و لە یەک ڕۆژدا دەگۆڕێن، لە بەرانبەردا لە *ئۆدیسە*دا پرۆسەی گێڕانەوە بەرەبەرەیە.

*ئولیس*یش وەک بەیتە باشەکان، لە ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکات و بە فلاشباک ژیانی ستیفنمان لە کۆتایی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*وە پێ ڕادەگەیەنێت؛ بە فلاشباکی یادەوەریش چیرۆکی ژیانی خێزانی مۆڵی و خێزانی بلوومم ان دەداتێ[ii]. *ئۆدیسە*ش بە هەمان شێوە لە کەمتر لە سێ حەفتە بەر لە گەڕانەوەی ئۆدیسێفس بۆ ئیتاکی دەست پێ دەکات، ئینجا دەگەڕێتەوە تا چیرۆکی ساڵانی دەرچوون لە ترۆیامان بۆ بگێڕێتەوە، پێش ئەوەی بکەوێتە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دوای ئەو کاتەی ئۆدیسێفس دەگاتەوە ئیتاکی. بەڵام وەک چۆن لە کاتی درامادا وەهایە، ڕووداوەکانی *ئولیس*یش لە ناوەڕاستدا دەمێنێتەوە، لە دەمی ئێستای یەک ڕۆژدا لە بری تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک: بۆ کەسێتییەکان ئەمە تەنها یەک ڕۆژی ژیانیانە، هەر وەک هەموو ڕۆژێکی تری ژیان تەنها بە شێوەیەک یان چەند شێوەیەکی بێبایەخانە جیاوازە، زۆریش لە دوێنێ و سبەینێ جیاوازتر نییە. تەنها ئێمە وەک خوێنەر دەزانین کە کەسێتییەکان بە تەواوی لەگەڵ *وەرگەڕان*دا هەم لە شانۆگەرییەکی درامیدا ڕۆڵ دەبینن، هەم بە ئاماژەدان نەک بە کردار، لە نێوەندی گێڕانەوەی کاتی بەیتیدا سەردەمێکی گەورەی ژیانیان تەواو دەکەن. بۆیە لە کاتێکدا کە ئێمە بە پێی چاوەڕێکانی خۆمان لە کاتی درامی و بەیتیدا بایەخ هەڵدەسەنگێنین، کەسێتییەکان لە کاتێکدا دەجووڵێنەوە کە دەشێت پێی بوترێت کاتی

---

[i] **وەرگەڕان**: بە ئینگلی هەر وشە گریکییەکەی بۆ بە کار دەهێنرێت کە ***peripeteia***یە، زاراوەیەکی گێڕانەوەی وێژەییە، وەک گیفرد ئاماژەی پێ دەدات، وەرگەڕانێکی لەناکاوی ڕووداوەکانی گێڕانەوەیەکە کە بارودۆخی چیرۆکەکە هەڵدەگەڕێنێتەوە. هەر وەک ئەو نموونەیەشی هێناویەتیەوە لەسەر شا ئۆدیپ کە بۆی دەردەکەوێت باوکی خۆی کوشتووە و دایکی خواستووە و منداڵی لە دایکی بووە. **~ن.م.**

[ii] *ڕووداونامەی ژیانی لیۆپۆڵد و مۆڵی بلووم: ئولیس وەک گێڕانەوە*، نووسینی جۆن هێنری ڕالەی، بێرکەلی، کالیفۆڕنیا، ١٩٧٧. **~گیفرد**

لاساییانە: چەند لاساییکردنەوەیەکی جیاوازی کات، تێکەڵەیەکی هەمەچەشنی کاتی کاتژمێر، کاتی دەرووناسییانە و کاتی یادییانە.

سەبارەت بە کاتی کاتژمێریش، *ئولیس* وا خۆی دەردەخات کە تا ئاستێک دەتوانین بە ڕێکوپێکی کاتی ڕۆژەکە بپێوین؛ بەڵام لە ڕاستیدا دەردەکەوێت کە ئێجگار زۆر وا نییە. جۆیس خۆیشی یارمەتیی نەداوین کە لەو دوو خشتەی کاتەدا کە لە نەخشەکانیدا ناردوونی پێشنیازی کاتی جیاوازی کردووە، واتە ئەو خشتەیەی کە ساڵی ١٩٢٠ بۆ کارلۆ ليناتیی ناردووە[i] و ئەوەی تریشیان کە ساڵی ١٩٢١ بۆ ژاک بینوا-میشانی ناردووە، (کە ستیوارت گیڵبێرت ساڵی ١٩٣١ بڵاوی کردووەتەوە)[ii]. بۆ نموونە، جۆیس بە ليناتیی وتووە کە ئەڵقەی پێنجەم، واتە ئەڵقەی *لۆتۆسخۆران* کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی دەست پێ دەکات؛ بەڵام نەخشەکەی تریان دەڵێت کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی دەست پێ دەکات. لە هەردوو بارەکەدا هەموو چالاکییەکانی بلووم هەر لە سەرەتای کاژێر و ئەڵقەکەوە کە لای بارگەگای سێر جۆن ڕۆجەرسنەوەیە تا ئەو کاتەی لە کڵێساکە دەردەچێت، هەمووی لە پازدە خولەکدا ڕوو دەدەن؛ بلووم لەم ئەڵقەیەدا بیر لەوە دەکاتەوە کە «و چارەکە. هێشتا کات ماوە» کە بچێت گەرماوێک بکات پێش ئەوەی بڕوات بۆ پرسەکەی کاتژمێر ١١:٠٠. ڕێ پێچاوپێچەکەی بلووم لە بارگەگاکەوە تا دوکانی دەرمانسازەکە لانیکەم پازدە خولەکی دەوێت و بە هیچ شێوەیەک هیچ کاتێکی بۆ ناهێڵێتەوە کە بچێت بۆ کڵێساکە. پاشان دوای نیوەشەوی ١٦ لەسەر ١٧ی حوزەیرانی ١٩٠٤یش، بەرەبەرە کاتی کاتژمێر نادڵنیاتر دەبێت. زەنگی نیوەشەو ئەو کاتە لێدەدات کە بلووم دەگاتە قەحبەخانەکەی بێللا کۆهین (ئەڵقەی پازدە)، کەچی دوای نزیکەی دوو سەد لاپەڕەی نائاسایی و پڕ لە ڕووداو (لە ئەڵقەی شازدەیەمدا) ئینجا دەڵێت: «وا دەبێت بە یەک».

ئەگەر ئەڵقەی حەڤدە کاتژمێر ٢:٠٠ی بەیانی دەست پێ بکات، وەک چۆن نەخشەکەی ستیوارت گیڵبێرت ئاماژەی پێ دەدات، کەواتە دەبێت ستیفن و بلووم کاتژمێر ٢:٣٠ و دواتر یەکتر بە جێ بهێڵن. دواتر بلووم کە بە تەنیا بە جێ دەهێڵرێت (هەر لە ئەڵقەی حەڤدەدا) ئاگاداری «ئاماژە سەرەتاییەکانی گزنگی نزیک»ە. لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا لە دەبلن کاتژمێر ٣:٣٣ی بەیانی خۆر هەڵهات، کەواتە، بە پێی ئەو هەورەی ئاسمانی داپۆشیوە، دەبێت لە دەوروبەری کاتژمێر ٢:٠٠ی بەیانییەوە ڕووناکی ئاسمانی

---

[i] *ئولیس لەسەر لیفی*، نووسینی ڕیچارد ئێلمان، نیو یۆرک، ١٩٧٢، پاشکۆ لاپەڕە ff١٨٦. **~گیفرد**
*لیفی* ڕووبارێکە بە ناوەڕاستی شاری دەبلندا تێدەپەڕێت. **~ن.م.**

[ii] *ئولیسی جەیمز جۆیس*، نووسینی ستیوارت گیڵبێرت، چاپی دەستکاریکراو، نیو یۆرک، ١٩٥٢. **~گیفرد**

گرتبێتەوە، ئایا کێشەکە بەوە چارە دەبێت کە هەریەکێک لە ئەڵقەکانی پازدە و شازدە و حەڤدە، یەکی کاژێرێک بخەینە پێشتر؟ وەک چۆن نەخشەکەی ليناتی ئەم کاتانەی بەم شێوەیە گواستووەتەوە و ئەڵقەی حەڤدەیەمی خستووەتە کاتژمێر ١:٠٠ی بەیانییەوە؟ ئەمە تا ڕادەیەک لە سەرەتای ئەڵقەی حەڤدەوە تا یەکەم تیشکی خۆرکەوتن خشتەی کاتمان بۆ دەڕەوێنێتەوە و بە نزیکیش وا دەکات باوەڕ بەوە بکەین کە لە ئەڵقەی هەژدەدا مۆڵی دەنگی زەنگی «کلێساکەی جۆرج» لە کاتژمێر ٢دا دەبیستێت. بەڵام بێئەندازە تەگەرە دەخاتە نێوان کاتژمێر ١١:٠٠ی شەو تا ١:٠٠ی دوای نیوەشەوەوە.

ئەگەر هەوڵی زۆری چەسپاندنی خشتەی کاتی تەکووز سەرنەگرێت، ئەوکات سەرنجی ئێمەش وەک خوێنەر بە لاڕێدا دەبات و داماندەبڕێنێت لەو فرە چەشنییەی جۆیس لاسایی کاتی تێدا دەکاتەوە. بۆ نموونە دەزانین کە دەتوانین لە ماوەی چەند خولەکێکی ئاگاییەکی فرەچینەوە زۆر زیاتر لەوە بیر بکەینەوە و تێڕابمێنین کە لە چەند کاتژمێرێکدا دەتوانین بە وشە لەم ئاگاییە دەرببڕین. جۆیس بە چەندین شێوە ئەو جیاوازییە دەردەخات. بلووم لە ئەڵقەی هەشتەمدا بیر لەوە دەکاتەوە کە «پێنج خولەک» لەوەوبەر لەسەر پردی ئۆکانەڵەوە خۆراکی بە باڵندەکان داوە، لە ڕاستیشدا لەو پردەوە تا کۆلێجی ترینیتی، کە ئێستا بلوومی لێیە، پێنج خولەک دوورە، بەڵام لانیکەم لەو کاتەوەی کە خۆراک بە باڵندەکان دەدات تا ئەو کاتەی ئەمە دەڵێت، بیست خولەک کاتی خوێندنەوە تێپەڕ دەبێت. بیست خولەک کاتی خوێندنەوەی نووسین وای لێ کراوە لاسایی پێنج خولەکی کاتی بیرکردنەوە و ڕامانی تەواونەبوو بکاتەوە، ئەو بیرکردنەوە و ڕامانەی دەکرێت بنووسرێنەوە، بەڵام زۆر جار نانووسرێنەوە.

لە ئەڵقەکانی پازدە و هەژدەدا تاقیکردنەوەی ڕیشەییتری زیاتر کراوە بۆ جیاکاری لە نێوان کاتی کاتژمێر و کاتی دەروونی و کاتی لاساییکراوەدا. لەبەر ئەوەی ئەڵقەی پازدە لە شێوەی کاتی شانۆنامەدا داڕێژراوە و وتەی کەسێتی (حیوار) و دەرهێنانی شانۆیی تێدایە، بۆیە پێمان وا دەبێت کە کاتی خوێندنەوە بە نزیکی یەکسانە بە کاتی نمایشکردن. کەچی ڕێک پێچەوانەی ئەمە ڕاستە: جیاکارییەکی ڕیشەیی هەیە لە نێوان کاتی خوێندنەوە و کاتی نمایشدا. بۆ نموونە ئەو هەڵوەسەیەی لە سەرەتای ئەڵقەکەدا هەیە، کە ئێمە بە هی بلوومی دادەنێین، لە ڕاستیدا لە نێوان هەردوو وتەکانی زۆییدان کە دەڵێت: «دەی بەردەوام بە، وتارێکی وارگێڕییانەی لێ بهۆنەوە... هەر درێژدادڕی بکە تا دەموچاوت شین دەبێتەوە». دیسان لە ئەڵقەی پازدەدا کە بێللا کۆهین، خاوەنی قەحبەخانەکە، دێت و دەڵێت: «ئەیەڕۆ! هەموو گیانم نیشتووەتە سەر ئارەقە» و دواتریش بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «ئەوە کامتان بوو کە مارشی مردنەکەی *شاول*ی

دەژەند؟» ئەمە ئەوە دەردەخات کە هەڵوەسەکەی ئێمە بە هی بلوومی دادەنێین، بۆ ئەو کەسانە ڕوو نادات کە لەوێدان و دەیبینن، بەڵکو بۆ ئێمەی خوێنەر ڕوو دەدات؛ ئەو شتانەی لەسەر پەردەی ئاگایی ئەو تەنها وێنەیەکن بۆ ئێمە بە دراما کراون و نمایش دەکرێن. سەبارەت بە بلووم، ڕاوێژم بە چەند پزیشکێکی دەروونشیکارکەر کردووە و دەڵێن کە ئەو هەڵوەسانەی ئێمە بە هی بلوومیان دادەنێین لە خەونی یەک شەودا ڕوو نادەن، بەڵکو لە زۆربەی ئەو نەخۆشانەدا کە شیکار کراون لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵدا ڕوویان داوە. بە دەربڕینێکی تر، واتە ئەو هەڵوەسانە تەنها چەند ساتێک لە کاتی درامیدا دەخایەنن، بەڵام لە لاساییکردنەوەی کاتی بەیتیدا نمایش کراون، دوو ساڵ زیاتری ئەم سەردەمەی ژیانن.

دێڕەکانی ئەڵقەی هەژدە لەوە دەچێت لاسایی شێوەی مۆڵی بکەنەوە کە لەبەر خۆیەوە ورتەورت دەکات. ئەگەر هەموو ئەڵقەکە بە دەنگی بەرز بخوێنیتەوە، ماوەی خوێندنەوەکە سێ کاژێری پێ دەچێت. بەڵام ئایا ئەوە ئەو پەیڕەوی کاتەیە کە جۆیس لاسایی دەکاتەوە؟ یان ئایا دەنگی ورتەورتی دێڕەکان بە دوای یەکتردا لاسایی کاتی کورتکراوە و پەرشکردنی هەمەچەشنی وێنە دەکەنەوە کە لە ماوەی کاژێرێک یان کەمتری کاتی کاتژمێردا لە دۆخی کورتی وەنەوزی کاتی بێخەویماندا ئەزموونیان دەکەین؟ پێم وایە کاتی ئەڵقەی هەژدە زۆرتر وەک کاتی هەڵوەسە و درامای ئەڵقەی پازدە بێت وەک لەوەی کاتی ورتەورتی بیستراوی دەنگێک بێت، هەر بۆیە خۆدوواندنەکەی مۆڵی لە هەمان کاتدا لە هەردوو دوورییەکانی کاتی درامی و کاتی بەیتیشدایە.

## *ئولیس* و سەردەمەکەی

کێشە وارگێڕییە چارەنەکراوەکانی ئەو سەردەمەی دەبلن و ئایرلاند کێشەی چاکسازیی زەویوزار و حوکمی سەربەخۆیی بوون. خاوەنزەوییەکان ساڵی ١٩٠٤ هێشتا دژایەتیی چاکسازیی زەویوزاریان دەکرد و هێشتا موڵکی گەورەیان هەبوو، لادێییە کرێنشینەکانیش هێشتا لەسەر زۆربەی موڵکەکانی ئەوان دەژیان و لە هەژارییەکی سەختدا کاریان دەکرد؛ بەڵام هیچ نەبێت چاکسازیی زەویوزار لە ڕووی یاسایی و کردارەکییەوە کەوتبووە جموجوڵ. لە دیدی شارییانەی جۆیسەوە کێشە سەرەکییەکە حوکمی سەربەخۆیی بوو. ساڵی ١٨٠٠ لە ڕێی بەرتیلەوە فشار خرایە سەر ئەو نیمچە ئازادییەی پەرلەمانی ئایرلاند هەیبوو و ئینگلەکان ناچاریان کردن مادەی دەستووریی یەکێتییەکە پەسەند بکەن، بەم کارەش دەبوو پەرلەمانی ئایرلاند خۆی

هەڵبوەشێنێتەوە و بچێتە پەرلەمانی ئینگلتەراوە لە وێستمینیستەر[i]. ئاکامی ئەمەش ئایرلاندێک بوو کە: لە ڕووی وارگێڕییەوە ڕاستەوخۆ و بە تەواوەتی لە لەندەنەوە بە ڕێوە دەبرا؛ کۆمەڵێک خاوەنزەویی دوورەوڵاتیش کە لە دەبلنەوە چوون بۆ لەندەن ئابوورییەکەییان قۆرخ کردبوو، چونکە لەگەڵ گواستنەوەی پەرلەماندا چەقی هێزیش بۆ لەندەن گوازرایەوە؛ هەروەها توندوتیژیی جارجاری خەڵک و سەدەیەک ئاڵۆزیی دەستووریی ئایرلاندی لێ کەوتەوە بۆ ئەوەی بەندی یەکێتییەکە هەڵبوەشێنرێتەوە و حکومەتێکی پەرلەمانیی سەربەخۆی ئایرلاند دابمەزرێنرێت.

ساڵانی ١٨٨٠کان، لە ژێر ڕابەرایەتیی فشاردانەری چارلز ستیوارت پارنێڵ (١٨٤٦-١٨٩١)دا، زۆرینەیەکی ئەندام پەرلەمانە ئایرە ناسیۆنالیستەکان هاوپەیمانییەکی باش-هاوسەنگکراویان بە دەست هێنا کە تەرازووی هێزی لە نێوان پارتی لیبراڵەکان و پارتی کۆنەپارێزەکان (تۆرییەکان)دا لە وێستمینیستەر ڕێکدەخست. ساڵی ١٨٨٦ پارنێڵ ئەم هەڵوێستەی بەرەو لێواری پەسەندکردنی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند قۆستەوە، کە ئەمەش خەریک بوو ڕوو بدات و زۆربەی ئایرەکان وایان دەبینی کە لەوە دەچوو ئەمە سەرکەوتنی دواجاری حوکمی سەربەخۆیی لە دەستووردا لێ بکەوێتەوە و لێوەی بپشکوێت. بەڵام کە لە دادگایی تەڵاقی خاتوو ئۆشێ و ویلیەم هێنری ئۆشێی مێردیدا لە کانوونی یەکەمی ١٨٩٠ پەیوەندییە سەرجێیییە دە ساڵەییەکەی پارنێڵ و ئۆشێ ئاشکرا کرا، ئیتر پارنێڵ هێزە گەورەکەی لە دەست چوو کە بۆ یەکگرتنی ئایرەکان بە کاری دەهێنا. خەباتەکەی پارنێڵ لەناکاو داڕما و هەوڵە بەردەوامە سەرسەختانەکانیشی بۆ بەدەستهێنانەوەی خەباتەکەی تەندروستییە ناجێگیرەکەی وێرانتر کرد. لەگەڵ داڕمانی پارنێڵدا *جیابوونەوە مەزنەکە* لە نێوان ئایرە ناسیۆنالیستەکاندا ڕووی دا و لە ناو باری وارگێڕیی ئایرلانددا کۆتایی هات بە هەر شتێک کە لە یەکێتی و گونجاییش دەچوو. جۆن ڕێدمند (١٨٥٦-١٩١٨) وەک سەرکردەیەکی ڕوواڵەتییانەی ناسیۆنالیستەکان لەم وێرانەیەوە دەرکەوت، بەڵام ساڵی ١٩٠٤ تا ڕادەیەک یەکێتییەکی ڕوواڵەتییانەی لە پارتەکەیدا بە دەست هێنا، بەڵام ئەوەی زۆرێک لە خەڵکان و تەنانەت جۆیسیش کە پێیان دەوت: «خیانەتکردن» لە پارنێڵ لە کۆڵ ئەو کۆمەڵە وارگێڕە جیابووەوانەی ئایرلاند نەدەبووەوە.

---

[i] (بڕوانە ٢: ٧٥ و ٢: ٧٧ و ٢: ٧٨ و ٢: ٧٩). بەشێکی زۆری گفتوگۆکەی میستەر دیسی و ستیفن لە ئەڵقەی دووەمدا پەیوەستە بەم باسەوە و وردەکارییەکانی لە ئەڵقەکە خۆی و ڕاڤەکانیدا دەردەکەون. **~ن.م.**

یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی دارمانی خەباتی پارنێڵ (هەروەها لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و وارگێڕیی ئایرلاندیشدا) کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمیی ئایرلاند بوو. ڕابەرانی کڵێسا لە کاتی دادگاییەکانی تەڵاقەکەدا بێدەنگییان لێ کردبوو، تا وا پیشان بدەن کە دەست لە بواری وارگێڕی وەرنادەن، بەڵام هەر کە دادگاییەکان تەواو بوون و جیابوونەوە مەزنەکە ڕووی دا، یەکسەر بێبەزەییانە کەوتنە سووککردنی پارنێڵ. ئەمەش دووبەرەکییەکی تاڵی لە ناو کۆمەڵانی کاسۆلیکدا (کە ٩٠%ی ئایرلاند بوون) لێ کەوتەوە کە لەگەڵ ڕێکنەکەوتنی وارگێڕیدا تێکەڵ بوو. (بڕوانە بەشی سێیەمی پاری یەکەمی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* {شێوی کریسمسەکە} بۆ پوختەیەکی بەدراماکراوی ئەو تاڵاوە و ئەو توندوتیژییانەی کە دەشێت لێوەی بکەوێتەوە).

کەمینە ئینگلی-ئایرە پڕۆتستانتەکانی ساڵی ١٩٠٤ (کە ١٠%ی ئایرلاند بوون) لە ڕووی ئابووری و وارگێڕییەوە زاڵتر بوون و ئێجگار کۆنەپارێز و بەرگریکەریش بوون. لە بەرانبەریاندا زۆرینە کاسۆلیکەکانیش بە هێندەی ئەوان کۆنەپارێز و بەرگریکەر و پیوریتانی و سانسۆرکەر بوون، بە شێوەیەک کە لە زۆرینەیەکی نەوەد لە سەد نەدەوەشایەوە. ئاکامەکەش گێژەڕێیەکی سەرسووڕمێنەری پێشداوەری و هەڵنەکردن بوو لە ئایرلانددا و بە هۆی پێشداوەریی وڵاتەکانی تری کیشوەری ئەورووپاوە بەرانبەر بە جووەکان و گەیشتنی ئەم پێشداوەرییە بە دەبلن بارەکە خراپتریش بوو. ئەگەرچی ئەو پێشداوەرییەی ساڵی ١٩٠٤ی ئایرلاند لەچاو ئەوەی ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا زۆر کەم دوژمنانەتر بوو، ئەمەش وەک تێمایەکی سەرەکی لە *ئولیس*دا دەردەکەوێت.

بە گوێرەی *فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلی*، زاراوەی *دژەسامی* و *دژەسامێتی* (*anti-Semite* و *anti-Semitic*) بۆ یەکەم جار لە زمانی ئینگلیدا لە نووسراوێکدا هاتووە بە ناونیشانی «مێزی پەڕتووکخانەکەمان» لە گۆڤاری *ئەثینایوم*دا (لەندەن، ٣ی ئەیلوولی ١٨٨١) نووسراوەکە دەڵێت:

> بابەتی نووسراوی دژەسامییانە لە ئەڵمانیادا زۆر بەبرەوە؛ بە دەگمەن حەفتەیەک تێدەپەڕێت بێ ئەوەی بەرهەمێکی نوێ لەو بابەتەوە دەرنەکرێت، ئیتر ئەگەر لەگەڵیدا بێت یان لە دژی بێت، ئەگەرچی هەموو ئەمانەش هیچ ئەنجامێکی نوێیان بۆ مێژوو پێنییە. بەڵام خۆشحاڵین کە دواجار پەڕتووکێکی جددی دەربارەی بارودۆخی ئێستای جوو و ئامارەکانیان لە چاپ دراوە کە هێر ڕیچارد ئەندرێ نووسیویەتی... نووسەرەکە، خۆی بە ئاشکرا کەسێکی دژە-سامییە، بە ڕاشکاوی زانیاریی دەستی دووی لە بارەی جووەکانی هەموو وڵاتەکانەوە کۆ

کردووەتەوە، دەشێت بۆ ڕاوێژپێکردن بەسوود بن، چونکە لە پەڕاوێزەکانیدا ئاماژەی بە سەرچاوەکانی داوە.

*ڤیلهێلم ماری* نامیلکەنووس ساڵانی ١٨٧٩-١٨٨٠ بۆ یەکەم جار زاراوەکانی لە زمانی ئەڵمانیدا لێکدا، نامیلکەکەی ئەو بە ناونیشانی ***Der Sieg des judenthums uber das Germanenthum*** واتە *سەرکەوتنی جوو بەسەر ئەڵمانیزمدا* کە لە شوباتی ساڵی ١٨٧٩دا لە بێرن بڵاو کرایەوە، «یەکەم پڕفرۆشترین نامیلکەی دژەسامی» بووⁱ. مار پێی وا بوو کە جووەکانی ئەڵمانیا دەزگا مێدیاییەکانیان داگیر کردووە، بوون بە «دیکتاتۆرەکانی سیستمی دراوی» و خەریکن دەست بەسەر یاسا و دادگاشدا دەگرن. ئەم تۆمەتانە بۆچوونی نوێی مار نەبوون کە یەکەم کەس بێت دەریانبڕێت، نامیلکەکەشی زیاتر نیشانەیەکی سەرهەڵدانی دیاردەی هەرا و دڵڕەقیی هستریای دژ بە جوو بوو کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە ئەوروپا و ئەڵمانیا سەری هەڵدا.

لە ڕووسیا، دوای جەنگی عوسمانی-ڕووسیی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٩)، چەند ڕۆژنامەیەکی کۆنەپەرست دەستیان کردبوو بە هەڵمەتێکی مەترسیداری دژە-جوو، ساڵی ١٨٧٩-١٨٨٠ش ئاژاوەی دژە-جوو لە باشوور سەری هەڵدا. کاربەدەستانی کڵێسای ئۆرتۆدۆکس ساڵی ١٨٨٠ هاتنە هەڵمەتەکەوە و بابەتی تۆڵەسەندنەوەی خوێن، (ئەوەی گوایە جووەکان لە یادکردنەوەی جەژنی لێپەڕینەوەداⁱⁱ خوێنی قوربانیی مەسیحییان بە کار هێناوە، بە تایبەت هی منداڵان) دیسان سەری هەڵدایەوە. (بڕوانە ٦: ٢٧٩). کە تزار ئەلێکساندەری دووەم (١٨١٨-١٨٨١؛ لە ١٨٥٥-١٨٨١ تزار بوو)، کە خۆی کەسێکی تا ڕادەیەک لیبراڵ بوو و ساڵی ١٨٨١ کوژرا، سەرکوتکردنی دڵڕەقانەی جوو و کۆمەڵکوژی بە فراوانی بووە وارگێڕیی حکومەت. ئەوەی هارۆڵد فرێدێریک (١٨٥٦-١٨٩٨) پێی دەوت: «دەرچوونی نوێⁱⁱⁱ» دەستی پێ کرد: تەنها لە یەک نەوەدا نزیکەی دوو ملیۆن و نیو جووی

---

[i] *لە پێشداوەرییەوە بۆ وێرانکردن: دژەسامێتی لە ١٧٠٠ەوە تا ١٩٣٣*، نووسینی یاکۆب کاتز، کامبریدج، ماساچووسیتس، ١٩٨٠، لاپەڕە ٢٦٠. **~گیفرد**

[ii] بۆ *لێپەڕینەوە* (بڕوانە ٢: ١١٩) و (بڕوانە ٣: ٣٦٨). **~ن.م.**

[iii] *دەرچوونە کۆنەکە* ئاماژەیە بە دەرچوونی جووەکان لە میسر و جێگیربوونیان لە چۆڵی سینا بۆ چل ساڵ لە سەردەمی موسادا. **~ن.م.**

*دەرچوونی نوێ: لێکۆڵینەوەیەک لە ئیسرائیلی ڕووسیا*، نووسینی هارۆڵد فرێدێریک، نیو یۆرک، ١٨٩٢. پەڕتووکەکە ئەوەندە بەهێز بوو کە فرێدێرک وەک *کەسی پەسەندنەکراو persona non grata* لە ڕووسیادا سانسۆر کرا، لەبەر ئەوەی فرێدێریک هەواڵنێری لەندەنی *نیو یۆرک تایمز* بوو، سانسۆرەکە خرایە سەر تەواوی هەموو ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکەش. **~گیفرد**

ئەورووپای خۆرهەڵاتی فشاریان خرایە سەر کە لەوبەر زەریای ئەتڵەسییەوە نشینگەی نوێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

لەگەڵ مشتومڕە توندوتیژانەکەی ڕای گشتی لەسەر کەیسی دادگاییەکەی درەیفوس[i] (١٨٩٤-١٩٠٦) لە فەڕەنسا، پڕوپاگەندەی ئەڵمانی و کوشتاری ڕووسی ئیمپراتۆریێتیی نەمسا-هەنگاریاشی گرتەوە. تەنانەت ئینگلتەراش، سەرەڕای ئەوەی لە چاندی هەڵکردن بەردەوام بوو و پەناگای بۆ ئاوارەکانی دەرچوونی نوێ دابین کرد، کەچی دووچاری ئەم ڕقە بووەوە، وەک چۆن هاینس لە ئەڵقەی یەکەمی *ئولیس*دا دەڵێت: «نامەوێت وڵاتەکەم ببینم بکەوێتە ژێر دەستی جووە ئەڵمانییەکانیشەوە».

تەوسی ئەم ڕووداوانە لە دیدی ئێستاوە ئەوەیە کە ئەم شەپۆلی تەنگپێهەڵچنینە تەنها چەند دەیەیەک دوای ئەوە سەری هەڵدا کە جووەکان بڕێک سەربەستییان لە بواری یاسایی و وارگێڕی و ئابووریدا لە خۆرئاوای ئەورووپا و تەنانەت ڕووسیاشدا بە دەست هێنابوو. ئەمەش لەچاو شەپۆلەکانی پێشوودا جیاواز بوو بەوەی کە تەنها گوڕی بە پێشداوەریی کۆنی مەسیحییەکانی دژ بە جووەکان نەدایەوە[ii]، بەڵکو پێشداوەریی

---

[i] ئالفرێد درەیفوس (١٨٥٩-١٩٣٥) ئەفسەرێکی جووی سوپای فەڕەنسا بوو، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٤دا بە تۆمەتی ئاشکراکردنی نهێنیی سوپا لای هێزی دەرەکی دەستگیر کرا. بە نهێنی دادگایی کرا و چەند بەڵگەیەک لە دژی هەبوون کە دواتر دەرکەوت هەموویان ساختە بوون. دادگای سەربازی ساڵی ١٨٩٩ دیسان دادگاییان کردەوە، دیسان و ئەم جارە تا ڕادەیەک بە خۆگێلکردنی دادگا بە تۆمەتبار دانرایەوە. دواجار ساڵی ١٩٠٦ ڕاگەیەنرا کە درەیفوس بێتاوان بوو و بێتاوانییەکەشی سەلمێنرا، بەڵام گومانکردنی ڕەگداکوتاو و درێژخایەن لە بوونی دژەسامێتی لە سوپا و حکومەتدا ئێجگار ئەوەندە زوو لە ناو نەچوو. **~گیفرد**

لە فیلمی *ژیانی ئەمیل زۆلا* – *The Life of Emile Zola*دا، کە ساڵی ١٩٣٧ دەرکراوە، دادگاییەکەی درەیفوس و پشتگیریی ئەمیل زۆلا بۆ دۆزەکە بە دراما کراوە. **~ن.م.**

[ii] تۆمەتبارکردنەکانی مارتن لووثەر، ئەگەرچی زۆر دڕندانە بوو، بەڵام کەموزۆر لە سەردەمی خۆیدا باو بوو و کاسۆلیکەکانی خۆرئاوا و ئۆرتۆدۆکسەکانی خۆرهەڵاتیش هەمان تێڕوانینیان هەبوو: ئەویش ئەوە بوو کە جووەکان بە «تۆڵەسەندنەوەی خوێن» و گاڵتەکردن بە نانەڕەقەی پیرۆز و مژینی گوانی بەراز تاوانبارن. نکۆڵییە پوختکراوەکەی میستەر دیسی دەربارەی جووەکان لە *ئولیس*دا ئەو تۆمەتبارکردنەیە، بەڵام بە نەرمتر دەربڕراوە کە دەڵێت: «ئەوان تاوانیان دژی ڕووناکییەکە کردووە». **~گیفرد**

بۆ ناسینی *نانەڕەقەکە* (بڕوانە ١: ٩٦) لە هەزەخی سێیەمدا. «گاڵتەکردن بە نانەڕەقەکە»: لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکێک بووە لەو تۆمەتانەی مەسیحییەکان بە جووەکانیان بەخشیوە، گوایە گاڵتەیان بە نانەڕەقەکە کردووە، کە لای مەسیحییەکان نانەڕەقەکە و عیسا یەک شتن، بۆیە لە دیدی مەسیحییەکانەوە گاڵتەکردن بە نانەڕەقە یەکسانە بە گاڵتەکردن بە عیسا. **~ن.م.**

«نیشتمانپەروەری»ی نوێی ئەو وڵاتانەی لە خۆ گرت کە لەسەر بنەمای نەژاد بونیاد نرابوون؛ ئەو کاتە جووەکان لە ناو سنووری گەلە «مەسیحی»یەکاندا وەک پیلانێکی جیهانی دەبینران. ئەو پێشداوەرییە لە «پرۆتۆکۆڵەکانی پیرانی سییۆن»دا دەچووە دەزگای باننەتەوەییەوە کە گوایە پرۆتۆکۆڵی پیلانێکی جووەکانە بۆ بەدەستهێنانی هێز لە جیهاندا، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها دۆسییەکی ساختەی پۆلیسی نهێنیی ڕووسی بوو لە پاریس دەریانکردبوو بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی کۆشکی تزار کە وا دەبینرا کە «لەگەڵ جوودا نەرمە». ئەو دۆسییە تا ساڵی ١٩١٨-١٩١٩ لە ئەوروپای خۆرئاوادا دەرنەکەوت (بڕوانە ١٥: # **پیرێکی سییۆن**).

گۆڕانی زاراوەی *دژەجوو* بە *دژەسامی* تەنها بەرکوڵی ئەوە بوو کە ببینرێت ئەم شەپۆلی تەنگپێهەڵچنینە نوێیە تا چ ئاستێک بەدخوازتر دەبێت. زاراوەی *جوو* بە واتای کۆمەڵە خەڵکێک دێت کە شوناسێکی دینییان هەیە ئەگەر لە ناو نەتەوەکاندا بڵاو بکرێنەوە. بەم شێوەیە بیرۆکەی باوەڕ و وابەستەیی دینی ئاماژەی ئەگەری گۆڕانکاری و چاکسازی دەدات بە نوێکردنەوەی باوەڕ و ئایدیالیزمی نوێ. *سامی* (کە بابلی و ئاسوری و فینیکی و عەرەب و جووە دێرینەکانیش دەگرێتەوە) ئاماژەی شوناسێکی نەژادیی تێدایە – ئەمەش تەواو لەگەڵ ئەو گریمانەیەی سەدەی نۆزدەدا یەک دەگرێتەوە کە هەر نەژادێک کۆمەڵێک ئەدگاری زگماکییان هەیە کە بەرزێتی و نێوەندێتی و نزمێتیی نەژادییان دەستنیشان دەکات و دەیچەسپێنێت کە پێشوەخت لە چارەیان نووسراوە. زیندەناسیی نەژاد پێی وا بوو کە تاکەکان دەتوانن ڕەفتاری جیاواز بنوێنن، بەڵام تەنها لە سنوورێکی تەسکدا، چونکە ئەگەرچی دەکرێت ئەدگارە نەژادییەکان (ئەوەی لەم سەردەمەدا پێیان دەڵێین کلێشە نەژادییەکان، یان بە ئینگلی: *ستریۆتایپ*) ڕێکێف بکرێن و ڕێیان لێ بگیرێت، بەڵام هەرگیز ناتوانرێت تیایاندا بسڕێنەوە.

پێشداوەریی دژە-جوو لە بەریتانیای گەورە و ئایرلاندا بە هێندەی وڵاتەکانی تری کیشوەری ئەوروپا مەترسیدار نەبوو، بەڵام بێگومان بوونی هەبوو و لە سەرەتای ئەم سەدەیەشدا چالاک بوو، وا لە جووەکانیان دەڕوانی کە دژە مەسیحین و تەماحکارن و ناو و ناتۆرەی ناشیرین و سووکیان لێیان نابوو، وەک *sheeny* و *Jewboy* لە ئینگلتەرا و *Jewman* لە ئایرلاند. هەروەها وێنەی کاریکاتێری بێشوماریش هەبوو، هەر لە کەسێتیی فەیگنی ڕۆمانی *ئۆلیڤەر تویست*ی چارلز دیکنزەوە بگرە تا کەسێتیی ئایکی موسای ناو *ئاڵی سلۆپەرس هاف هۆلیدەی*، کە حەفتەنامەیەکی وێنەیی لەندەن بوو. (بڕوانە ٩: ٣٧٦).

لە ئەنجامی دەرچوونی نوێدا لە ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە، «ژمارەی جووەکانی ئینگلتەرا، کە ساڵی ١٨٨٠ بە ٦٥٠٠٠ (شەست و پێنج هەزار) کەس مەزندە دەکران، ساڵی

١٩٠٥ زیاتر لە سێ ئەوەندە بوون[i] و گەیشتنە ڕێژەی ٠.٦%ی هەموو دانیشتووانی ئینگلتەرا. ڕێژەی جووەکان لە ئایرلاندا نزیکەی هەشت ئەوەندەی خۆیان زیادیان کرد، ساڵی ١٨٨١ ٤٧٢ کەس بوون، بەڵام ساڵی ١٩٠١ بوون بە ٣٧٦٩ کەس[ii]، بەڵام ئەم ڕێژەیە تەنها ٠.٠٨%ی هەموو دانیشتووانی ئایرلاندیان پێک دەهێنا.

ساڵی ١٩٠٦ ئێدوارد ڕافایێل لیپسێت، کە جووێکی دانیشتووی شاری دەبلن بوو، گوزارشتی لە هەستی خۆی کرد کە جووبوون لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە ئایرلاندا چۆنە، نووسی:

> ناتوانیت وا بکەیت یەک ئایری نەژاد وا لێ بکەیت کە تێبگەن کە جووش دەتوانێت ئایر بێت. زاراوەی «ئایری جوو» لە گوێی ئایرە نەژادەکاندا لەرەلەرێکی دژبەیەک دروست دەکات؛ تەنانەت بیرۆکەکەش ناچێت بە مێشکیاندا... ئایرە جووەکان وا هەست دەکەن کە ئەگەر وەک جووی ئایرلاندی لەسەر خۆیان بدوێن، ئەوا ڕووبەڕووی بەدگومانییەکی بێبەزەییانەی ئایرە نەژادەکان دەبنەوە، چون ناکرێت هەرگیز و بۆ هیچ مەبەستێک ئەو دوو پێکهاتەیە تێکەڵ بن و بن بە یەک... جووەکان کەم لە ئایرەکان تێدەگەن؛ ئایرەکان کەمتر لە جووەکان تێدەگەن. هەر یەکێکیان لە دیدی خۆیەوە ئەوی تر بە نەژادێکی جیاواز دەبینێت؛ بە کورتی، پێگەی جووەکان لە ئایرلاندا ناسازانە ناسازە[iii].

لویس هەیمان سەرنج لەسەر ئەم وتەیەی لیپسێت دەدات و دەڵێت: «لە ئایرلاندی سەردەمی جۆیسدا تەنها چەمکی *ئایری جوو* خەڵکی دەخستە پێکەنین» پاشان بابەتەکە پوخت دەکاتەوە و دەڵێت: «ڕەنگە دەربڕینەکەی لیپسێت بە ڕاستی گوزارشت لە ڕەوشی جووەکان بکات لە بارودۆخی ناهاوسۆزی کۆمەڵایەتیی ئایرلاندی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، لە باشترین کاتەکاندا خەڵکان بە نابەدڵی بەرانبەریان بێلایەن دەبوون، لە خراپترین کاتەکانیشدا بە ئاشکرا دژایەتییان دەکردن[iv].»

نەبوونی هاوسۆزی لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەدا کەمتر بە ئاشکرا ژنانی گرتبووەوە، بەڵام بە سووک تەماشاکردنی ژنان ئەوەندە کەم نەبوو. شەپۆلێکی نێرسالاریی

---

[i] *مێژووێکی جووەکانی ئینگلتەرا*، نووسینی سێسیڵ ڕۆث، ئۆکسفۆرد، ١٩٦٤، لاپەڕە ٢٧٠. **~گیفرد**

[ii] *جووەکانی ئایرلاند: لە دێرینەوە تا ساڵی ١٩١٠*، نووسینی لویس هەیمان، شانن، کۆماری ئایرلاند، ١٩٧٢، لاپەڕە ١٦٠. **~گیفرد**

[iii] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٧٦. **~گیفرد**

[iv] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٧٦. **~گیفرد**

شەڕخوازییانە و کێبڕکێکەرانە بەسەر دەبلن و ئایرلانددا زاڵ بوو – ئەم زاڵێتییەش بە چاندی چوون بۆ مەیخانە و شوێنی پشوودان بەردەوام و کاریگەرتر دەکرا بەوەی کە *تەنها بۆ پیاوانە*[i]. ژنان پێگەیەکی کەمیان لە ژیانی گشتی و وارگێڕیی شارەکەدا هەبوو، ئەو ژنە ئاوارتانەش، وەک لەیدی ئاوگوستا گرێگری و مۆد گۆن، خەڵکانێکی ئاوارتەی چینی باڵا بوون کە سەرەڕای ئەوانیش هەر نەریتەکە وا باو بوو. ئەگەر ژنانی دەبلن بۆ خۆپیشاندانی وارگێڕی بهاتنایە سەر شەقامەکان، بۆ جەنگان بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی ژنان و مافی تری ژن نەبووە، وەک چۆن ژنانی لەندەن لە هاوکاتی ئەواندا وەهایان دەکرد، بەڵکو لە ئایرلاند بۆ دەستەبەرکردنی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند بووە.

ئاسۆی خواستەکانی ژنێکی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا لە دەبلنی سەرەتای ئەم سەدەیەدا ئێجگار زۆر سنووردار بووە. بەدەر لە هاوسەرگیری و ڕەبەنگای خوشکان، هەلی کار ئێجگار بۆی دەگمەن بووە، هەندێک لەو کارانەش، وەک پارەوانی دوکان، یان کاری کۆمەڵایەتی، کاریگەریی لەسەر لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی هەبووە. ئەگەر کارزان بووایە، ئەوا پیشەی جلدوورین و کڵاودوورین بۆی بەردەست دەبوو. لە ڕێی کەمێک خوێندنی پیشەییەوە (کە ئەو کاتە تا ڕادەیەک بیرۆکەیەکی نوێ بوو)، دەیتوانی ببێت بە تایپیست، نووسەری دادگایی، یان تەنانەت (ئەگەرچی ئەمەیان زۆر دەگمەن بوو)

---

[i] مەیخانە وەک دیمەنی پشت و پێش لە هەموو شوێنێکی *ئولیس*دا هەیە، بۆ نموونە: مەیخانەکەی دەیڤی بەیرن لە ئەڵقەی هەشتەمدا، ئەوەی باڕنی کیەرنەن لە ئەڵقەی دوازدەدا، ئەوەی بۆرک لە کۆتایی ئەڵقەی چواردەدا. هەموو ئەم مەیخانانە لەسەر ڕێی کەژاوەی تەرم و پرسەکەی دیگنەمدان کە بە لایدا دەڕۆن (ئایا هیچ ژنێک لە پرسەکەدا نەبوو؟) هەروەها لای نووسینگەی ڕۆژنامەکەوە لە ئەڵقەی حەوتەمدا، لای نووسینگەی پەڕتووکخانەچییەکەوە لە ئەڵقەی نۆیەمدا، لای شوێنی مانەوەی پزیشکەکان و تازە دەرچووەکانی کۆلێج لە خەستەخانەی منداڵبوون لە ئەڵقەی چواردەیەمدا، لای کوخی تریشقەگێڕانی ئەڵقەی شازدە. تەنانەت قەحبەخانەکەی ئەڵقەی پازدەش وا دیارە کەشی مەیخانەی هەیە. **~گیفرد**

لە ئەڵقەی شەشەمدا کە دەگەنە گۆڕستانەکە ئەم پەرەگرافە هەیە:

> «پرسەبارەکان لە دەروازەکانەوە هاتنە دەرەوە: ژن و کچێک. ژنە بەدخووێکی شەویلگەلار، ژنێکی گیر لە سەودادا، بۆنێتەکەی لار بوو. دەموچاوی کچە بە پیسی و فرمێسک لەکاوی ببوو، قۆڵی ژنەکەی گرتبوو، بۆ ئاماژەیەکی وێ هەڵدەڕوانی تا بگری. دەموچاوی ماسی، بێخوێن و ڕەنگبزرکاو.»

واتە لانیکەم ژن و کچێک لە پرسەکەدا هەن، بەڵام ڕوون نییە داخۆ ژنەکەی دیگنەم و کچەکەیەتی، یان دوو لاڵن و هاتوون بەسەر دیگنەمدا بگرین؟ بۆ *لاڵەکان* (بڕوانە ١: ٧٨). سەیرم لێ دێت گیفرد سەرنجی ئەمەی نەداوە و پرسیویە: «ئایا هیچ ژنێک لە پرسەکەدا نەبوو؟». **~ن.م.**

سکرتێر. ئەگەر قوتابخانەی بخوێندایە، ئەوا دەیتوانی بە دوای کاری مامۆستای تایبەت، یان یاریدەری کەسێک، یان مامۆستاییدا بگەڕێت، بەڵام ئامارێک پیشانمان دەدات کە ئەو جێگرەوەیە تا چەند سنووردار بووە: ساڵی ۱۹۰۱ لە ئایرلاند، لە کۆی ۳٤۰۹ قوتابی کە لە کۆلێج و زانکۆکاندا وەرگیراون، تەنها ۹۱یان (۲.٦٦%) مێ بوون. مۆڵی {لە ئەڵقەی هەژدەیەمی ڕۆمانەکەدا} بیر لەوە دەکاتەوە کە باشترە میلی {کچەکەی} بچێتە «کۆلێجی کورتنووسین و تایپکردن و بازرگانی» لە بری ئەوەی ببێت بە شاگردی فۆتۆگرافەر، کە بلووم پێداگری دەکات ئەمەی دواتریان بکات. بەڵام پیشەکەی میلی وەک فۆتۆگرافەر، کە هاوشێوەی پیشەی ئامۆزاکەی باپیری بوو، لە ناو ژنەکانی ئایرلاندا ئەوی دەکرد بە کەسێکی زۆر دەگمەن.

هاوسەرگیریش بە هیچ شێوەیەک شتێک نەبوو کە لە کاتی شیاوی خۆیدا چاوەڕێ بکرێت. لە دوای قاتوقڕییەکەی ساڵانی ۱۸٤۰ەکانەوە ژمارەی دانیشتووانی ئایرلاند زۆر کەمی کرد، تا سەدەی بیستەمیش هەر بەردەوام بوو لە کەمبوونەوە. ڕێژەی هاوسەرگیری و لەدایکبوون کەم ببووەوە، ناوەڕاستی سییەکانی تەمەن بوو بە تێکڕایی تەمەنی هاوسەرگیریی خەڵکان. ساڵی ۱۹۰۱ زیاتر لە ۸۰%ی پیاوان لە تەمەنی نێوان بیست و پێنج تا سی ساڵان و زیاتر لە ٦۰%ی تەمەنی نێوان سی و سی و پێنج ساڵان سەڵت بوون؛ ۵۲.۷%ی ژنانی دانیشتووان کە کاتی شوویان هاتبوو (پازدە ساڵان و بەرەو سەر) شوویان نەکردبوو، ۳۷.۷%یان شوویان کردبوو، ۹.٦%یان بێوەژن ببوون. ڕێژەی سەدیی سەڵتەکان کە ساڵی ۱۸۸۱ ٤۷.۷% بوون، ساڵی ۱۸۹۱ بۆ ۵۰.۸% بەرز بووەوە، ساڵی ۱۹۰۱ بۆ ۵۲.۷% بەرز بووەوە[i]. ئەم ڕێژانە ئێجگار بەرزن، ئەوەش دەگەیەنن کە کچی گەنجی وەک گێرتی مەکداوڵ {لە ئەڵقەی سێزدەدا} هیوایەکی کەم چاوەڕێی بکات – تەنانەت لەوانەیە هەر شوو نەکات، مەگەر یەکێک زڕەخەوە ڕۆمانسییەکانی کچێکی بیست و دوو ساڵان لەگەڵ کوڕێکی شازدە ساڵاندا (کە کچەکە کاسۆلیکە و کوڕەکە پرۆتستانتە لەو سەردەمەی ئایرلاندا) وەک جۆرێک لە دڵدانەوە ببینێت.

تاکە جێگرەوە بۆ زۆربەی ژنان هەر جۆرێکی پشتبەستن بوو: ئەویش لە ڕەبەنگایەکی خوشکاندا، یان لە ماڵی باوک یان خزمێکی نزیکدا. تەنانەت ئەگەر ژنان کاریشیان هەبووایە، بە گشتی وەک «فەرمانبەری کاتی» تەماشا دەکران و مووچەیەکی وەهایان نەدەدرایە کە بتوانن خۆیان بژێوی خۆیان پەیدا بکەن، ئەمەش لەسەر ئەو

---

[i] بەشی ئاماری ئایرلاند لە پەڕتووکی ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای گەورە و ئایرلاند بۆ ساڵی ۱۹۰٤، دەبلن، ۱۹۰٤، لاپەڕە ٦۸۸. **~گیفرد**

گریمانەیە کرابوو کە ئەوان لە خێزانێکدا دەژین و ئەم پارەیە بۆ یارمەتیدانی کۆی ئابووریی خێزانەکە باشە.

## تێبینییەک لەسەر بەهای پارە[i]

جۆیس بەهای پارە (لەگەڵ زۆر «بەڵگەی سەلمێنەری ڕاستینە»ی لاوەکیی تردا) وەک دیاریکەر و سەرەداوی ڕەفتار و پێگەی کەسێتییەکانی بە کار دەهێنێت. لەبەر ئەوەی تەکنیکی جۆیس ئەوە دەچەسپێنێت کە تێبینی و ڕا و سەرنجی هەڵسەنگاندن گل دەداتەوە و نامانداتێ، بۆیە دەکرێت ئەم سەرەداوانە بە ئاسانی بە بەرچاوی خوێنەردا تێبپەڕن یان بە هەڵە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. بەهای پارە لە ساڵی ١٩٠٤ی ئایرلانددا (یان هەر وڵاتێکی کات و شوێنی جیا) کێشەی قورس بۆ خوێنەر دروست دەکات. بۆ نموونە ستیفن مووچەی مانگانەی سێ پاوەن و دوازدە شڵنگ وەردەگرێت. نزیککردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەرپێیی شکاندنەوە ئەوەمان پیشان دەدات کە بەهای دۆلار ساڵی ١٩٠٤ لانیکەم پێنج ئەوەندەی ئێستای ساڵی ١٩٨٥ زیاتر بووە؛ ئاوهاش، پاوەنێک کە ساڵی ١٩٠٤ ٥ دۆلاری کردووە، ئێستا (ساڵی ١٩٨٥) دەکاتە ٢٥ دۆلار، کەواتە مووچە مانگانەکەی ستیفن دەکاتە ٩٠ دۆلار. قوتابخانەکە شوێنی مانەوە و خواردن بۆ ستیفن دابین ناکات، کەواتە لەو بارەدا ٩٠ دۆلار واتە هەژارییەکی گەورە. بەڵام ڕێیەکی جیاوازتری ژمێرکاری و شکانەوەی بەهاکان بە وەڵامی زۆر جیاوازمان دەگەیەنێت. *ڕێبەرنامەی فەرمیی تۆم بۆ شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای گەورە و ئایرلاند* (دەبلن، ١٩٠٤) لە لاپەڕە ١٣٤٥دا لیستی نرخی چوار جۆر کاڵا و خواردەمەنیی سەرەکیی بازاڕی دەبلن دەخاتە ڕوو، ئەوانیش: بەیکن، نان، پەتاتە، بڕوێشن[ii]. بەراوردکردنێکی ئەو نرخانەی ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ نرخی

---

[i] هێشتا پاوەن (£) دراوی فەرمیی شانشینی یەکگرتوو و کۆماری ئایرلاندە، بەڵام یەکە پێکهێنەرەکانی پاوەن لە هەردوو وڵاتەکەدا گۆڕاون. ساڵی ١٩٠٤ دوازدە پنس شڵنگێکی دەکرد و بیست شڵنگیش پاوەنێکی دەکرد. ئەو کات دوکانە نوێخواز و لەسەر مۆدە ڕۆیشتووەکان نرخەکانیان بە گینی (کە ئێستا نەماوە) دیاری دەکرد: گینییەک یەک پاوەن و یەک شڵنگ بوو، یان دەتوانیت بڵێیت بیست و یەک شڵنگ بوو. ~**گیفرد**

لە ساڵی ١٩٩٩وە دراوی کۆماری ئایرلاند کراوە بە یورۆ. بۆ ناسینی دراوە ناوهێنراوەکانی ئەم بەشە و بەهاکانیان، (بڕوانە ١: ٢٧). ~**ن.م.**

[ii] پاوندێک (٠.٤٥٣٦ کیلۆگرام، بە نزیکی نیو کیلۆ) بەیکن بە ٧ پنس بووە، لە بەراورددا، پاوندێک بەیکنی بێ چەوری، یان هی کەنەدی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ساڵی ١٩٨٥دا لانیکەم بە ٣ دۆلارە، ئەمەش وا دەکات هێزی کڕینی پنسی بەریتانی بەرانبەر ٤٣ سەنتی ئەمڕۆ بشکێتەوە. سەبارەت بە نان،

ئەمڕۆیاندا، هێزی کڕینی پنسێکی بەریتانیی ساڵی ١٩٠٤ بە نزیکەی ٤٥ سەنتی دۆلاری ئەمەریکاییی ئەمڕۆی ساڵی ١٩٨٥ مەزندە دەکات. لەو کاتەدا مووچەکەی ستیفن مووچەیەکی شیاو و ناوەندییە، کە دەکاتە نزیکەی ٣٨٨ دۆلار و ٨٠ سەنت بە دۆلاری ئەمەریکایی.

بەڵام پەیوەندیی پارە بە ژیانی ڕۆژانەوە لە دەبلنی ساڵی ١٩٠٤دا لەگەڵ ئێستای ئەمەریکای ساڵی ١٩٨٥دا ئێجگار جیاواز بووە. دەبلنییەکان ئەو کاتە ڕێژەیەکی ئەوەندە زۆری کاڵا و ئەو هەموو بەرهەمە جیاوازانەیان لە بەردەمدا نەبووە بۆ کڕین، یان ئەو هەموو فشارەیان لەسەر نەبوو بۆ خەرجکردنی پارە، کە لە ئەمڕۆماندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر واتای پارە هەیە. لە ڕاستیدا، کاڵا و خواردنی سەرەکی زۆر نزیکتر بووە لە بڕبڕەی پشتی بودجەی خێزانێکی ساڵی ١٩٠٤دا وەک لەو پێودانگە تەمومژاوییەی ئەمڕۆ کە ناو نراوە «ستانداردی ژیانکردن» (وەک گەرمکەرەوە و فێنککەرەوەی هەوای ناوەندی، ئۆتومبێل، کەلوپەلی ناوماڵ، تێچوونی ڕابواردن، گەشتوگوزار و شتی وەها) کە ئێستا (ساڵی ١٩٨٥) هەیە.

ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ستیفن دەیتوانی زۆر باش بە مووچەکەی بژی. پێشمان دەڵێت کە ڕەفتاری ئەو لەگەڵ پارەدا لە ١٦ و ١٧ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا مامناوەندی نەبووە، بەڵکو ئێجگار زۆر دەستبڵاو بووە. لە سەرەتای ڕۆژەکەدا بە ٣ پاوەن و دوازدە شڵنگەوە دەچێتە دەرەوە و لەم باڕ و ئەو باڕ کردنەکەی کۆتایی ڕۆژەکەدا بلووم پاوەنێک و حەوت شڵنگ دەگەڕێنێتەوە گیرفانی تا لێی نەبرێت (ئەڵقەی حەڤدەیەم). ئەمە ئەو نیو کراونە ناگرێتەوە کە ستیفن (لە ئەڵقەی شازدەدا) لە گیرفانیدا دەیدۆزێتەوە،

---

کولێرەیەکی چوار پاوندی (نزیکەی دوو کیلۆ) ساڵی ١٩٠٤ی ئایرلانددا بە ٥ پنس و نیو بووە؛ لە ١٩٨٥ی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە دوو دۆلار و ٣٦ سەنتە: دیسان هێزی پنسێک دەکاتەوە ٤٣ سەنتی ئەمڕۆ. ساڵی ١٩٠٤ پاوندێک پەتاتە لە ئایرلاند بە ٠.٣٦ پنس بووە؛ ساڵی ١٩٨٥ لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە ٢٥ سەنتە: هێزی پنسێک دەکاتە ٦٩ سەنتی ئەمڕۆ. ساڵی ١٩٠٤ پاوندێک بڕوێش لە ئایرلاند بە ١.٨ پنس بووە؛ ساڵی ١٩٨٥ لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە ٣٩ سەنتە: هێزی پنسێک دەکاتە ٢٢ سەنتی ئەمڕۆ. بە تێکڕایی: پنسێکی ساڵی ١٩٠٤ یەکسانە بە ٤٤.٢٥ سەنتی ١٩٨٥ی ئەمەریکا؛ یان شڵنگێکی ١٩٠٤ یەکسانە بە ٥.٣١ دۆلاری ئەمڕۆ؛ یان پاوەنێکی ستێرلینگی ساڵی ١٩٠٤ دەکاتە ١٠٦.٢٠ دۆلاری ئەمڕۆ. لەوانەیە ئەم ڕێژانە ئێجگار لە ئاستی ئاسایی تێپەڕیبن؛ بەڵام ئەگەر ئەوەش ڕەچاو بکەین کە خۆراک لە شانشینی یەکگرتوو و ئایرلاندی ساڵی ١٩٠٤دا ئێجگار زۆر یارمەتیی حکومەتی لە پشت بووە و ئەم کۆمەکەی حکومەت کاریگەریی زۆر بووە لەسەر هەرزانیی نرخ، بەڵام هێشتا هەر دەبێت جیاوازیی زۆری بەهای دراویش ڕەچاو بکەین (هەروەها واتای پارەش) لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا. **~گیفرد**

ئەوەی کە بە قەرز دەیدات بە کۆرلی (کە دەکاتە دوو شڵنگ و شەش پنس) و وا گریمانە دەکات کە دوو نیو کراونی پێ ماوە (٥ شڵنگ)، تا ڕۆژەکەی تەواو دەبێت، نزیکەی دوو پاوەنی خەرج کردووە، ئەگەر بە نرخی کاڵا و خۆراکی سەرەکیی ئەمڕۆ بیپێوین، نزیکەی ٢٠٠ دۆلاری خەرج کردووە. ئەگەر بەم ڕێیەش بیپێوین، بەڵگەکان زۆر بە ڕوونی کێشەی دارایی ستیفنمان بۆ دەردەخەن: کۆی هەموو ئەو پارانەی قەرزارە، بێ «کرێی پێنج حەفتە»کەی لە ئەڵقەی دووەمدا دەیڵێت، دەکاتە ٢٥ پاوەن و ١٧ شڵنگ. بە کورتی و بە پوختی: لەوە زیاتر قەرزارە کە بە حەوت مانگ پەیدای دەکات.

ئەگەر بە چاوێکی هاوشێوە تەماشا بکەین، ئەوا باری دارایی بلوومیش بە گۆڕانێکی دیاردا تێدەپەڕێت. خەڵکە هاوچەرخەکانی بلووم لە دەبلن بەگومانن لە بارە داراییەکەی بلووم، ئەگەر ئەو بەڵگانەش پشتگوێ بخەین کە ڕۆمانەکە پێمان دەدات و بەهای دراو کەم بنرخێنن، ئەوا خوێنەریش هەر ئاوها لێی بەگومان دەبن. باری دارایی بلووم، بە گوێرەی سەردەمی خۆی، تا ڕادەیەک چەسپاوترە لەچاو خەڵکانی چینی ناوەندیدا، ئەگەرچی بێگومان زۆر دەوڵەمەند نییە. ١٨ پاوەن و ١٤ شڵنگ و ٦ پنس پاشەکەوتی هەیە (ئەڵقەی حەڤدەیەم) کە دەکاتە زیاتر لە پێنج ئەوەندەی مووچەی مانگانەی ستیفن، کرێی خانووەکەی بلووم ٢٨ پاوەنە لە ساڵێکدا، کەواتە دەتوانێت لانیکەم کرێی هەشت مانگی خانووەکەی بدات. گەر بە گوێرەی بەهای کاڵای سەرەکی لێکیبدەینەوە، ئەوا ئەو پاشەکەوتەی ساڵی ١٩٠٤ی بلووم دەکاتە نزیکەی ٢٠٠٠ (دوو هەزار دۆلار)ی ساڵی ١٩٨٥؛ کرێکەی نزیکەی ٢٥٠ دۆلارە لە مانگێکدا. بلووم مزێک بە بڕی پاوەنێک و حەوت شڵنگ و ٦ پنس لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* وەردەگرێت کە زیاترە لە کرێی نیوەی مانگی خانووەکەی و بە نزیکی دەکاتە ١٥٠ دۆلاری ئێستا. بیمە تەرخانکراوەکەی کە بگاتە کاتی پێگەیشتن بایی ٥٠٠ پاوەنە (بە نزیکی ٥٣٠٠٠ پەنجا و سێ هەزار دۆلار بە نرخی کاڵای سەرەکی؟). پشکی وەبەرهێنانەکانی بایی ٩٠٠ پاوەنن (٩٥٥٨٠ دۆلار؟) و مووچەیەکی ساڵانەی بە بەهای ٣٦ پاوەن دەداتێ (٣٨٢٥ دۆلار). ئەگەرچی بێگومان شێواون و مەرج نییە ڕێک وەها بن، بەڵام ئەم ژمارانە ئەوە ناگەیەنن کە باری دارایی بلووم ناجێگیرە، بەڵکو ئەوەمان پێ دەڵێن کە هیچ نەبێت دەستی بە خۆیەوە گرتووە.

دەست بە خۆوە گرتن لە ناو چینی ناوەندیی دەبلنی ساڵی ١٩٠٤دا هەر وا گاڵتە نەبوو. یەکێک لە کاریگەرییە لاوەکییە گەورەکانی وارگێڕیی ئابووریی بەریتانیا بۆ ئایرلاند (لە دەرئەنجامی دژەپیشەسازیدا) لێسەندنەوەی پێگەی ئابووری بوو لە چینی ناوەندی. بەدەر لە کڵێسا و یاسا و بواری پزیشکی و خزمەتی شارستانی و کڕین و فرۆشتن، هەلی

کار بۆ ئەندامانی چینی ناوەندی ئێجگار کەم بوو، ئەو خەڵکە هاوچەرخانەی بلوومیش کە لە ڕۆمانەکەدا دەچنە دەرەوە و دەکەونە کێشەوە تەنها گەواهیدەری ئاستی ناسازیی جۆیس نییە لە خەڵکانی چینی ناوەڕاستی دەبلن، بەڵکو ئەنجامی ڕاستێتیی حاشاهەڵنەگری بارودۆخی جیهانی دەبلنی ئەو سەردەمەیە.

**دان گیفرد**

ویلیەمستاون، ماساچووسیتس

١ی حوزەیرانی ١٩٨٥

## سەرنجێک پێش خوێندنەوەت

ئەگەر لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا خاو بوویت خۆت بە کەم مەزانە، ئینگلیزیش وەک تۆ لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا تووشی هەمان ئاستەنگ دەبێت. چونکە لە چواردەوری گرێچنەکەیەوە[i] زۆر بابەتی نەوتراو هەن، وەک گیفرد لە پێشەکییەکەی خۆیدا ئاماژەی پێ دا، کە تا ڕادەیەک چەقی بابەتەکانن. ڕێژەی شەپۆلی هۆشەکەشی تا پلەیەکی زۆر چووە، کە هەندێک جار جیاکردنەوەی گێڕەرەوە و دەنگی ناوەوەی کەسێتییەکان ئەستەم دەبێت، بە تایبەتی لە یەکەم خوێندنەوەدا. ئەم پەڕتووکە هی ئەوە نییە داتنابێت لە حەفتەیەک یان دوو حەفتەدا بیخوێنیتەوە، چونکە بە نزیکی لە هەموو لاپەڕەیەکدا خۆی دەتوەستێنێت و وا دەکات لە چواردەورەکەی تێبگەیت.

دەقە ئینگلیییەکە زیاتر لە ٣٠،٠٠٠ (سی هەزار) وشەی نادووبارەی تێدایە، کە دەتوانین بڵێین *ئولیس* فەرهەنگێکی تۆکمەیە. دەمتوانی هەر وا بە ئاسانی بەسەر هەموو وشەیەکدا تێبپەڕم و گۆترەکارییانە هەمیشە لە زمانی تری بخوازم، بەڵام یەکێک لە مەزنترین ڕەگەزەکانی ئەم ڕۆمانە خودی زمان خۆیەتی، کە جۆیس سی هەزار وشەی بە کار هێنابێت، دەبێت وەرگێڕیش لە ئاست ئەو فەرهەنگە مەزنەدا بێت و خۆی نەدزێتەوە، بۆیە زۆر جار، وەک لە کۆتاوێزەکانیشمدا دەیبینیت، بۆ وشەیەک چەندین شوێن گەڕاوم. تا بۆم کرابێت و تا ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششم، هەرگیز پەنام نەبردووەتە بەر وشەیەکی بێگانە، تا تەواو پێویست نەبووبن و ئیتر تیشکی گەڕانم پێیان نەگەیشتبێت، ئینجا وشە بێگانەکەم خواستووە. ئەگەر کوردێک ئامادە بێت *ئێگزیستێنشیاڵیزم* فێر ببێت، دەتوانێت *بوونگەرای* کوردی فێر ببێت! هیچ پێویست بەم هەموو خواستنە ناکات و کە خواستن ڕێکیف نەکرا، هاکا زانیت کوردی نەما و هەموو زمانەکە بوو بە چێشتی مجێوری زمانانی بێگانە. بۆیە دڵنیام سەدان وشەی نامۆ دەبینیت، کە تێبینیم لەسەر زۆربەیان داوە. هەر سەرنجێکت لەسەر وشە هەڵبژێراوەکانم هەبوو ئاگادارم بکە و لە نیگای چاوی ڕەخنەگرت بێبەریم مەکە.

چەقی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە شاری دەبلنی پایتەختی ئایرلاندە و هەموو ڕووداوەکانیش لە کاتژمێر ٨ی بەیانیی ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا دەست پێ دەکەن، تا بەرەبەیانی ١٧ی حوزەیران. نووسەر بە وشە بەشێکی زۆری تەواوی شاری دەبلنی ئەو سەردەمەی دارشتووەتەوە. ناوی زۆر گەڕەک و شەقام و دوکان و مەیخانە و کەسێتیی ڕاستینە و وێناکراوی تێدایە، ڕەنگە زۆربەیان بۆ کوردێک و مرۆڤی ئەم سەردەمە نامۆ بن،

---

[i] بۆ *گرێچنە* (بڕوانە ١: ١). **~ن.م.**

بەڵام خۆشبەختانە لەم سەردەمی ئینتەرنێتەدا هەر لە مۆبایل، یان لە کۆمپیوتەرەکەتەوە دەتوانیت زۆربەی ئەو شوێنانە ببینیت کە لەم ڕۆمانەدا ناویان هاتووە، منیش ئەوەندەی بۆم کرابێت هاوکاریم کردوویت بەوەی کە لە تێبینییەکاندا وشە ئینگلییەکانیشم داناوەتەوە تا بتوانیت بۆیان بگەڕێیت.

ئەم ڕۆمانە وەڕسکەرە، تووڕەکەرە، برینداركەرە، پرسبزوێنە، جەفەنگییە، هەندێک جار تا شریخەی قاقا دەتبات، زمانی ڕەشۆکییانەی تێدایە، زمانپاراویی تێدایە، جوانە، ناشیرینە، نەژادپەرستێتیی تێدایە، دژە-نەژادپەرستێتیی تێدایە، مرۆڤدۆستییە، تاریکە، ڕووناکە، ناڕوونە، ڕوونە، یاساشکێنە، لێوانلێوە لە ناوزڕاندن، بێدینیی تێدایە، دینپەروەریی تێدایە، خەیاڵییە، کەتوارییە...تد. گەرەنتی دەکەم کە خوێندنەوەکەی ئەزموونێکی دانسقە دەبێت و وەک هیچ ڕۆمان و دەقێکی تر نابێت کە پێشتر خوێندووتەتەوە. ئەگەرێکی زۆر هەیە ڕوانگە و وێناکردنت دەستکاری بکات، یان بیگۆڕێت، بە وێژەی ئەوروپایی و مێژوو ئاشناترت بکات، بە دۆزی ئایرلاند ئاشناترت بکات و بە هیوای سوود و وانەی بۆ تۆش تێدا بێت. لەوانەشە بیرۆکەی داهێنان یان کارت پێ ببەخشێت. ئەگەر هەر هیچت فێر نەکات، هەزاران وشەی نوێت فێر دەکات کە ڕەنگە پێشتر نەتبیستبن و منیش لە ناساندنی ئەم وشە و زاراوانەدا ئەوەندەی توانیبێتم کۆشاوم. هانت دەدەم ئەم ڕۆمانە بخوێنیتەوە و کۆڵ نەدەیت، ببینە کە زمانی کوردی لە هیچ زمانێکی مەزنکراوتر و ڕیکلامبۆکراوتر و پیرۆزکراوتر کەمتر نییە.

**نەوا موکرجی**

سلێمانی

١٧ی کانوونی دووەم- ٤ی ئابی ٢٠٢١

١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ پیایدا چوومەتەوە.

٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ پیایدا چوومەتەوە.

## ئولیس بە کوردی[i]

*وتاری نەوا موکرجی بۆ یادی سەد ساڵەی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە و سەد و چل ساڵەی لەدایکبوونی جەیمز جۆیس لە ٢ی شوباتی ٢٠٢٢دا.*

ڕەوتی ڕووداوەکانی *ئولیس* سانایە، ئەوەندە ئاڵۆز نییە. ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا گرنگە چییێتیی چیرۆکەکە نییە، واتە تەنها بۆ ئەوە نایخوێنیتەوە کە بزانیت چی ڕوو دەدات، بەڵکو بۆ ئەوە دەیخوێنیتەوە کە ببینیت ڕووداوەکان چۆن دەگێڕرێنەوە. بۆ نموونە: چۆن پیاسەیەکی ئاسایی بە کەنارێکدا لەگەڵ گۆڕانی بەردەوامدا هاوتەریب دەکرێت (ئەڵقەی سێیەم). چۆن دیمەنی ئاسایی مەیخانە و قرەقرِی دوو کەس لەگەڵ جەنگی پاڵەوانێک و گیاندارێکی ئوستوورەییدا هاوتەریب دەکرێت (ئەڵقەی دوازدەیەم). چۆن منداڵبوونێک بە چیرۆکی گەشەی زمانێکەوە گرێ دەدرێت (ئەڵقەی چواردەیەم).

بۆیە خوێندنەوەی *ئولیس* بۆ کەسێک کە تەنها چییێتیی چیرۆکی بوێت ڕەنگە سەرلێتێکدەر بێت، بەڵام بۆ کەسێک کە لە سەرەتاوە خۆی ئامادە بکات بۆ خوێندنەوەی ئینسایکلۆپیدیایەک و کات بە خۆی بدات کە دابپڕێنرێت، ئەوا خوێندنەوەیەکی بەچێژ دەبێت.

زۆربەی هەرە زۆری کوردان دەرفەتی خوێندنەوەی *ئولیس*یان بۆ نەڕەخساوە، چونکە بە کوردی نەبووە. بەڵام ناوبانگی بیستراوە کە یەکێکە لە ڕۆمانە مەزنەکانی جیهان و ئاڵۆزیشە. کە خەڵکان لێم دەپرسن: «بۆچی *ئولیس* ئاڵۆزە؟» هەندێک جار بۆ سادەکردنەوەی وەڵامەکە دەڵێم: «وێنا بکە، ئەگەر گووگڵ بە فەرهەنگی ئۆکسفۆردەوە ببێت بە مرۆڤ و لە شار و کاتێکدا بێت کە تۆ پێیان ئاشنا نیت، قسە بکات و باسی شتان بکات، زۆربەی ئەم قسانەش لە مێشکی خۆیدا بە شەپۆلی هۆش بڵێت، چۆن دەبێت؟ *ئولیس*یش تا ڕادەیەکی کەمتر لەوە ئاوهایە». چونکە هەر بە ڕاستی پێم وایە جەیمز جۆیس گووگڵی سەردەمی خۆی بووە و فەرهەنگێکی فراوانیشی هەیە.

---

[i] لە ٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ – ٢٨ی تەمموزی ٢٠٢١ نووسراوە. بە دەنگی خۆم خوێندوومەتەوە و تۆمارم کردووە و لە ماڵپەڕەکەی خۆم بڵاوم کردووەتەوە. لە ١٤ی شوباتی ٢٠٢٥دا دەستکاریی پەرەگرافێکیم کرد کە باس لە ئەوی نێر و ئەوی مێ دەکات، لەو جێیەوە کە نووسیومە: «لە ساڵانی یەکەمی وەرگێڕانم و...» تا ئەو جێیەی نووسیومە: «...ئێستا زۆربەی کات لە بری *ئەوی نێر* دەنووسم *وی* لە بری *ئەوی مێ* دەنووسم *وێ*» نوێن. لە ١١ی ئاداری ٢٠٢٥دا پیایدا چوومەتەوە و سەردێڕی نوێم بۆیان داناوە. **~ن.م.**

## وتەیەک لەسەر سەختیی *ئولیس*

کە جۆیس زیاتر لە سی و سێ هەزار وشەی نادووبارەی بە کار هێناوە، خۆ لەوانە بوو بە نیوەی ئەو وشانەش بیتوانیایە ڕۆمانەکە بنووسێت، بەڵام کاتێک جۆیس بە ئینگلی نووسیویەتی زمانی ئینگلیی داگیر کردووە. ئەم داگیرکارییەش یەکێکە لەو سەدان هۆیانەی وای کردووە وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بۆ زمانەکانی تر ئاسان نەبێت، چونکە کەموزۆر زمانی بۆوەرگێڕراویش داگیر دەکات.

جۆیس وا دەکات متمانە بە واتای باوی هیچ وشەیەک نەکەیت کە پێت وایە دەیزانیت. ئەمە بێگومان لە ئەزموونی خۆمدا ڕاست بووە. لە کاتی وەرگێڕانەکەمدا لە شوێنێکدا ئیتر متمانەم بە هیچ زانیارییەکی خۆم نەما لەسەر زمانی ئینگلی و کوردی. *ئولیس* وای لێم کرد وشە بە وشە لە چەندین فەرهەنگی جیاوازدا بپشکنم بۆ دڵنیابوونەوە لە واتاکانیان، ئەگەرچی هەندێک جار پێکەنینم بە خۆم دەهات، چونکە تەنانەت بە دوای واتای *hello* و ناوی ڕەنگەکان و تەنانەت ژمارە سادەکانیشدا دەگەڕام. ئەوە تاکە ڕێگا بوو کە دڵنیا بکەمەوە کە وەرگێڕانەکەم دروست دەردەچێت بەوەی بە هیچ شێوەیەک متمانە بە *زانینی* خۆم نەکەم.

ئەگەر جۆیس ویستبێتی بە شاکارەکەی شاری دەبلن بپارێزێت، ئەوا شاکارەکەی جگە لە زمانی ئینگلی کە پێی نووسراوە، هەموو ئەو زمانانەی تریش دەپارێزێت کە *ئولیس*یان بۆ وەرگێڕراوە و وەردەگێڕرێت. ئەگەر وەرگێڕ لەگەڵ جۆیسدا بڕوات و لە وشەکاریدا لەگەڵ جۆیسدا هاوتەریب بێت، ئەوا بەشێکی گەورەی فەرهەنگی ئەو زمانە چالاک دەکات و دەیپارێزێت. بۆیە لە لیستی داگیرکەرەکانی مێژووی مرۆڤدا، دەتوانم بڵێم: بە پێچەوانەی زۆربەی داگیرکەرە دڕندە و چاندسڕەوەکانی مێژووی نا-مرۆڤایەتی، *ئولیس* هەرە باشترین و میهرەبانترین داگیرکەرە کە هەر زمانێک داگیر بکات، دەشیپارێزێت. ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی وای کردووە لە وەرگێڕانەکەیدا کەمتەرخەم نەبم و سارد نەبمەوە.

## پەیوەندیی دەقە کوردی و ئینگلییەکە

لە هەردوو دەقەکەدا، واتە چ لە نووسراوەکەی جۆیس خۆی و چ لە وەرگێڕاوە کوردییەکەشدا ڕێژەی وشە زۆرە. چونکە زۆربەی کات جۆیس تەنها بۆ خۆشی دوو وشەی هاوواتا بە کار ناهێنێت. ئەگەرچی لەوانەیە بتوانرێت لە زمانی بەرانبەردا یەک وشە لە بری هەردوو وشە هاوواتاکەی جۆیس دابنرێت، بەڵام ئەمە خوێنەر هەنگاوێک لە جیهانە جادووییەکەی جۆیس دوور دەخاتەوە. لە لایەکی تریش دەتخاتە بەر مەترسیی نەگەیاندنی ئەو واتایەی مەبەست بووە. لەبەر ئەوەی دەزانین کە ڕۆمانەکە پڕە لە پەرلە،

ئەوا دەبێت وەرگێڕەکە ئاگاداری بەکارهێنانی دوو وشەی هاوواتای جیاواز و داڕشتنەوەی ڕستە و دەستەواژەکان بێت لە زمانی بۆوەرگێڕراودا و هیچی زیادی پێوە نەنێت. لە ناو دەقەکەشدا ڕستەکانی جۆیس ڕوون نەکاتەوە، چونکە دەشێت ئەم ڕوونکردنەوەیە زیان بە دەقەکە بگەیەنێت. ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک پێویست بێت، لە پەڕاوێز یان کۆتاوێزدا ئاماژەی پێ بدرێت.

جادووی *ئولیس* لە وردەکاری و چۆنێتیی نووسین و ژێر چیرۆکە ساناکەدایە. ئەوەندەی تا ئێستا پەڕتووکم خوێندبێتەوە، بێگومان ناشتوانم بڵێم پەڕتووکی زۆرم خوێندووەتەوە، ئەم ڕۆمانە وەک هیچ پەڕتووکێکی تر نییە. هیچ پەڕتووکێک لەم ڕۆمانە ناچێت و لە شوێنی کورت کورتدا نەبێت، کە نووسەرەکەی بە مەبەست وەهای کردووە، لە هیچ پەڕتووکێکی تر ناچێت. هەر بۆیە ئەزموونی وەرگێڕانیشی لە هی هیچ پەڕتووکێکی تر ناچێت و هیچ *یاسا*یەکی گشتیی پەڕتووکی تری بەسەردا جێبەجێ ناکرێت.

## *ئولیس* بێ ڕاڤە بوونەوەری ئاسمانییە

پێم وا نییە بێ ڕاڤە بتوانرێت پەیوەندییەکی زۆر لە نێوان جۆیس و خوێنەری بێگانەدا ڕەگ دابکوتێت. بۆیە جگە لە وەرگێڕانی دەقەکە، دەبێت ڕاڤەکانیشی وەربگێڕرێت.

*ئولیس* خۆی شاشارێکە و دەبێت خوێنەر ببەیتە ناوی. پێم وا نییە ڕۆماننووسین لای جۆیس تەنها گێڕانەوەی چیرۆک بێت، بەڵکو بونیادنانی شارستانێتییەکە. بۆیە دەبێت خوێنەر بهێنیتە ناو جیهانەکەی جۆیسەوە. سەرنجڕاکێشی و جادووەکەی جۆیس لە چۆنێتیی جیهانەکەیدایە، نەک لە گەورەیی ڕووداوەکانیدا.

پێم وا بێت هەوڵدان بۆ ئەوەی پێی دەڵێن: «کورداندن»ی ڕۆمانەکە و هێنانی جۆیس بۆ لای خوێنەری کورد و داتاشینی جۆیسێکی کوردی، یان جۆیسی هەر زمانێکی تر بۆ گەلێکی تر، ڕاستەوڕاست ئاوەڕووتکردنی جۆیسە لە جادووەکانی.

من ئەوەندە ئازادیم بە خۆم نەداوە کە یەک وشەش زیاد بکەم. زۆر وابەستی دەقە ماکەکە بووم و تا بۆم کرابێت تەنانەت وێرگوڵێکیشم بۆ وەرگێڕاوەکە زیاد نەکردووە. کە جۆیس وشەی لێکداوە، منیش بە گوێرەی توانا هەوڵم داوە وشەکە لە کوردیدا لێکبدەم. کە جۆیس ڕستەیەکی بە چەند وشەیەک بڕاندبێتەوە، منیش هەوڵم داوە، ئەگەر کرا، لە کوردییەکەدا بە هەمان شێوە وشەی زیاد نەخەمە ڕستەکەوە. کە ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری کردووە بە کار، منیش وام کردووە و لە کۆتاوێزدا ئاماژەم پێیان داوە.

## هەندێک جار وەرگێڕ ناچارە دەستکاری بکات

بەڵام هەندێک جار وەرگێڕ ناچارە دەستکاریی بچووک لە دەقدا بکات. بۆ نموونە بە هۆی جیاوازیی بونیادی زمانی کوردی و ئینگلی، زۆر جار لە ڕستە ناتەواوەکاندا (بە تایبەتی هی شەپۆلە هۆشەکان) دەبێت کوردییەکە کەمێک لە دەقە بنەڕەتەکە دابڕێنرێت تا هەمان واتا و کاریگەریی نزیککراوە لە دەقە ماکەکە بدات. ئەمە لەو شوێنانەدا ڕاستە کە لە ئینگلیییەکەدا ڕستەکە بکەر و کارەکەی تێدایە، بەڵام تەواوکەرەکە دەرنابڕێت. بەڵام لە کوردیدا لەبەر ئەوەی لە ڕستەسازیی ئاساییدا کار دەکەوێتە کۆتاییەوە، ئەوا کاتێک ڕستەیەکی تەواونەکراوی زمانێکی بێگانە بۆ کوردی وەردەگێڕیت و تەنها بکەر و کارەکە دەهێنیتەوە، هیچ واتایەک نادات تا تەواوکەری بۆ دانەنێیت، یان ڕستەکە نەگۆڕیت. بۆیە لەم کاتانەدا وەرگێڕ ناچارە دەستکاری بکات.

بۆ نموونە لە ئەڵقەی سێیەمدا دەڵێت: «کەڵبە، هەست دەکەم: Fang, I feel». ئەمە ڕستەیەکی تەواونەکراوە، بکەر و کارەکە هەن و تەواوکەرەکە قووت دراوە. بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی ڕستەکەی پێشوودا کە دەڵێت: «چاوسەوز، دەتبینم، Green eyes, I see you» و ڕستەیەکی تەواوە، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەمەش هەر لەسەر هەمان بونیاد داڕێژراوە. کەواتە ئەمیش دەبێت لە بنەڕەتدا «هەستت پێ دەکەم: I feel you» بێت. ئەمەش دەستکاریکردنی دەقەکەیە، کە خۆم حەزی پێ ناکەم، بەڵام دەشبێت بیکەم. لەوانەشە ئەوە نەبێت کە نووسەرەکە مەبەستی بووە.

## کێشەی ئەوی نێر و مێ

لە ساڵانی یەکەمی وەرگێڕانم و دەرکردەکانی بەرگی یەکەمی پێش دەرکردەی نەورۆزی ٢٧٢٥ هەندێک جار *ئەوی نێر he* و *ئەوی مێ she* کێشەی گەورەی بۆم دروست دەکرد. چون ئەو زارە کوردییەی ڕۆمانەکەم بۆی وەردەگێڕا ڕەگەزکاریی ڕێزمانیی تێدا نەبوو، لەو زارەدا هەردووکیان دەبن بە «ئەو». بۆ چارەی ئەم کێشەیە یان دەبوو ڕستەکە وا دابڕێژمەوە کە خوێنەر سەری لێ تێک نەچێت کە *ئەو* بە کار بهێنم و بزانێت مەبەست لە کێیە؛ یان ناچار دەبووم زۆر جار خۆم دیاریی بکەم و لە بری ڕاناوی *ئەوی نێر* یان *ئەوی مێ* خۆم ناوی کەسێتییە مەبەستەکە بهێنم.

بەڵام لابردنی ڕاناو و دانانی ناو لە بری ڕاناوەکە تووشی کێشەی نوێی دەکردم. لە لایەک زۆر دووبارەکردنەوەی ناوی کەسێتییەکان کاریگەریی لەسەر تامی دەقەکە دەبێت، واتە وا دەکات وەرگێڕاوەکە هەمان ئەو تامە نەدات کە ماکەکە دەیدات. لە لایەکی تر هەبوونی ئەم دوو ڕاناوە لە ئینگلیییەکەدا دەرگای هەندێک بەکارهێنانی دەروونناسییانە دەکاتەوە. چ ستیفن و چ بلووم زۆر جار بۆ ئازارنەدانی خۆیان خۆیان لە

ناوهێنانی ڕاستەوخۆ بە دوور دەگرن. بۆ نموونە کە بلووم بیر لە مۆڵیی ژنی و بلێسە بۆیلەنی دۆستی ژنەکەی دەکاتەوە، بە *he* و *she*ی ئینگلی بیر دەکاتەوە، واتە ئەوی نێر و ئەوی مێ. ئەمە لە ڕووی دەروونناسییەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە کە *she*، بە واتای *ئەوی* مێ، کە تیلنیشانە[i] بۆ مۆڵیی ژنی، کەمتر بەئازارترە وەک ڕاستەوخۆ ناوهێنانی ژنەکەی. *ئەو* کاڵترە و بۆ ئەوە بە کاری دەهێنێت ئازارەکەی کەمتر بێت. لە کاتێکدا ئەگەر ڕاستەوخۆ ناوی هەردووکیان ببات ئازارەکەی بەسوێترە.

یان هەندێک جار کە ستیفن بیر لە دایکی دەکاتەوە خۆی لە ناوهێنانی ڕاستەوخۆی دایکی دەدزێتەوە و تەنها *ئەوی* مێ *she* بە کار دەهێنێت. ئەگەر تەنها بە «ئەو» وەربگێڕرێت هەندێک جار سەرلێتێکدەرە و نازانرێت *ئەو*ەکە مەبەست لە کێیە. کە لە کوردییەکەدا تەنها *ئەو* دابنێمەوە، خوێنەری کورد دوو جار لە ئاماژەی *ئەو* دوور دەکەوێتەوە. بەڵام لە ئینگلییەکەدا ئەوەندە دەزانیت کە *ئەو* مێیە، واتە نیوەی زانیارییەکەت دەداتێ.

## هەندێک جار ڕوون نییە ئەوی مێ کێیە

کێشەیەکی تری دانانی ناو لە بری ڕاناویش ئەوەیە کە شێوەی نووسینی *ئولیس* و شەپۆلی هۆشەکە وا دەکات زۆر جار ڕوون نەبێت کە *ئەوی* نێر و ئەوی مێ کێن. چونکە زۆر جار ڕستەیەکی کورت پەیوەندیی ڕوونی بە دەقی چواردەوریەوە نییە. بەڵام وەرگێڕەکە هەر دەبێت گریمانەیەکی هەبێت لەوەی مەبەست لە کێیە. بۆیە هەندێک جار دەبوو یان بە ڕاڤە ئاماژە بە *ئەو* بدەم کە کێیە، یان ناچار بووم لە بری *ئەو* لە خودی دەقەکەدا ناوی کەسەکە لە بری ڕاناوەکەی دابنێم. ئەمەش وەرگێڕ دەخاتە بەردەم مەترسیی هەڵەکردنەوە، چونکە کێ دەڵێت مەبەست لە *ئەو* ئەو کەسەیە کە تۆ ناوی دەهێنیت؟

ئەم کێشەیەم لەم دەرکردەیە (نەورۆزی ٢٧٢٥)ی بەرگی یەکەم و دووەمدا بە *وی* he و *وێ* she چارە کرد، کە لە زاری تری کوردییەوەم خواست. ئێستا زۆربەی کات لە بری *ئەوی نێر* دەنووسم *وی* لە بری *ئەوی مێ* دەنووسم *وێ*.

## کاریگەریی گەشەی جیاوازی زمان

مێژووی گەشەسەندنی زمانیش کاریگەریی لەسەر وەرگێڕان هەیە. دوو زمانی جیاواز بە دوو ئاقاری مێژوویی جیاوازدا تێدەپەڕن. بە نزیکی هەموو ئەو شێوازە جیاوازانەی لە ئەڵقەی چواردەیەمدا تاقی کراونەتەوە دەبێت لە زمانی بەرانبەردا کاڵ

---

[i] بۆ *تیلنیشان* (بڕوانە ٢: ١٠٢). **~ن.م.**

ببنەوە، یان ون ببن. خوێنەرێکی کورد دەرفەتی ئەوەی نابێت تەکنیکی ئەڵقەی چواردەیەم لە گەشەی زماندا ببینێت، بەڵکو لەمسەر بۆ ئەوسەری ئەڵقەکە بە زمانێکی کوردیی سەردەمییانە دەخوێنێتەوە. لە کاتێکدا زمانی دەقە بنەڕەتەکە بە ئینگلییەکی دێرین دەست پێ دەکات و بەرەبەرە بەرەو ئینگلیی نوێ دێت. لەم گەشتەدا چیرۆکی گەشەی زمانی ئینگلی هاوتەریبە لەگەڵ ئەو کۆرپەیەدا کە میستەر بلووم بۆ لەدایکبوونەکەی چووەتە خەستەخانەی منداڵبوونەکەوە. خوێنەری *ئولیس*ی وەرگێڕراو لە ئەزموونکردنی ئەم تەکنیکە بێبەری دەبێت.

ئەگەر بشمەوێت ئەم تەکنیکە لە وەرگێڕراوە کوردییەکەدا دووبارە بکەمەوە، هەر ناتوانم. چونکە زمانی کوردی بە هەمان ڕەوتی مێژوویی زمانی ئینگلیدا تێنەپەڕیوە. بێگومان زمانی کوردی تەنها یەک زار نییە و کۆمەڵە زارێکە. بەڵام هیچ کامێک لەم زارانە مێژوویێکی بەردەوامی هەزار ساڵەی نووسینی نییە کە بایی ئەوەندە داتام بخاتە بەردەم کە هەڵبژاردەی ئەوەم هەبێت کە لە شێوازی کوردیی ئەڵقەی چواردەیەمدا لاسایی ئینگلییەکەی بکەمەوە. ئەگەرچی بە گشتی زمانی کوردی مێژووی نووسینی زیاتر لە هەزار ساڵی هەیە، بەڵام هەر ماوەیە و بە زارێکی نووسراوە. ئەو زارەی زمانی کوردی کە من ڕۆمانەکەم بۆی وەرگێڕاوە، کە ئێستا ناومان ناوە «کوردیی ناوەندی» و هەندێک جار بە هەڵە پێی دەوترێت: «سۆرانی»، کە *سۆرانی* خۆی یەکێکە لە شێوەزارەکانی ئەم زارە، ئەوەندەی من ئاگاداری بم نووسراوی لە سێ سەد ساڵان کۆنتری نییە.

## وابەستەیی و ئازادیی وەرگێڕاوەکە بە ماکەکەوە

تا بۆم کرابێت هەوڵم داوە لەگەڵ دەقە ماکەکەدا هاوکۆک بم. هەروەها هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ خوێنەردا بڕۆم تا خوێنەر بە نووسەر و دەقە ماکەکە بگەیەنم، نەک بە پێچەوانەوە. زۆر جار تێبینیم لەسەر شوێنێک داوە کە گومانی ئەوەم لێی کردووە پرسیار بۆ خوێنەر دروست بکات. هەر زووش بڕیارم دا بێ وەرگێڕانی ڕاڤەکان، بە تایبەتی ئەوانەی گیفرد و سایدمان، بڵاوی نەکەمەوە. چونکە، یەکەم: ڕاڤەکان کاریگەریی قووڵیان لەسەر داڕشتنەوەکەم دەبێت. وا دەکەن بە متمانەوە ڕستەکان دابڕێژمەوە. دووەم: ڕاڤەکان وا دەکەن خۆم تێگەیشتنێکی قووڵترم بۆ ڕۆمانەکە هەبێت. سێیەم: خوێنەر دەبینێت کە لەسەر چ بنەمایەک هەندێک بڕیارم داوە بۆ داڕشتنەوەکەم. لە دەرئەنجامدا دەشێت خوێنەر لەگەڵ خۆمدا بکەوێتە بیرکردنەوە و ئەگەر ئەو پێشنیارێکی باشتری بۆ شوێنێک هەبێت ئاگادارم بکاتەوە و ئەو تێبینییانەیان بە هەند وەربگرم و لە دەقە وەرگێڕاوەکەدا چاکیان بکەم و بۆ چاپەکانی ئاییندە سوودیان بۆم هەبێت. ئەمە جگە لەوەی ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئێستا هیچ ڕاڤەیەکی *ئولیس* بە کوردی نییە.

ئەوەی بە گشتی دەستی وەرگێڕ ئازاد دەکات، ئیدیۆمەکانە. دەکرێت ئیدیۆم بە ئیدیۆم وەربگێڕرێت. بۆ نموونە لە ئەڵقەی چواردەیەمدا لە شوێنێکدا دەڵێت: «نیازی وایە خەڵووز بۆ نیوکاسڵ ببات». لە کوردییەکەدا دەتوانین بڵێین: «نیازی وایە کڵاش {یان گوێز} بۆ هەورامان ببات». بێگومان لەم کاتانەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە جۆیس ناوی هەورامان و کڵاشی نەهێناوە.

## هەندێک ستراتیژ لە کاردا دەگۆڕێت

ستراتیژێتیی وەرگێڕانەکەم لە سەرەتادا بە بەراورد لەگەڵ سێ ساڵ دوای کارمدا جیاواز بوو. سەرەتا زۆر گوێم نەدەدا بە وەرگێڕانی وشەیەک بەرانبەر دەستەواژەیەک یان بە پێچەوانەوە، یان هەندێک جار تەنانەت وەرگێڕانی وشەیەک بە ڕستەیەک. بەڵام دواتر و دوای ژیانی زیاتر لەگەڵ دەقەکەدا پێداگرتر بووم لەسەر وەرگێڕانی وشە بەرانبەر وشە، تا ئەوەندەی بکرێت.

### بە شوێن ڕێی جۆیسدا

کە جۆیس وشەی *gunrest* لێک دەدات، منیش لە کوردیدا *چەکنیش*م بە هەمان لۆژیک لێکداوە کە کەموزۆر لەسەر هەمان بنەما لێکدراوە. بەڵام لە هەندێک شوێنی دەگمەندا دەستەواژەیەکم بە وشەیەک، یان وشەیەکم بە دەستەواژەیەک وەرگێڕاوە. بۆ نموونە لە کوردیدا بۆ مەرگی جۆری ئاژەڵان ناوی جیاوازمان هەیە. ئاژەڵی دڕندە و چوارپێ و ئەمانە *دەتۆپن*، باڵندەکان *مردار دەبنەوە*، مرۆڤ *دەمرێت* (وشەی مرد لەگەڵ هەردوو وشەی *murder* و *mort*ی ئینگلی هاوڕیشەیە). بۆیە لە ئەڵقەی یەکەمدا کە گوایە مەڵیگن بە ستیفنی وتووە: «ئا، هەر دێدالۆسە، ئەوەی دایکی بە شێوەیەکی ئاژەڵانە مردووە»، دەتوانین بە متمانەوە لە کوردییەکەدا بڵێین: «ئەوەی دایکی تۆپیوە». واتە وەرگێڕانی دەستەواژەیەک بە وشەیەک. لە ڕاستیشدا لە کوردیدا بێڕێزییەکی گەورەیە بە دایکی هاوڕێیەکت بڵێیت: *تۆپیوە* و دەشێت تا ماوە لێت خۆش نەبێت. بەڵام بەدەر لە شوێنی وەها دەگمەن، هەوڵم داوە تا ئەوەندەی واتا بمێنێتەوە دوای جۆیس بکەوم و پیتێکی بۆ زیاد و کەم نەکەم.

### ڕاڤە چەکی وەرگێڕە

من خۆشبەختانە چەکی وەرگێڕانی ڕاڤەشم بە دەستەوە بووە، بۆیە دەرگای پێداگریم بۆ کراوەتەوە کە هیچی وەها لە دەقەکە نەگۆڕم. بۆ نموونە لە ئەڵقەی سێیەمدا *contransmagnificandjewbangtantiality*م بە *هاوکرۆکگۆڕکێشکۆمەندجووهەرا* وەرگێڕاوە. لە ئەڵقەی دوازدەیەمدا زیادەڕەوی لەم تەکنیکەدا (پۆرتمانتۆ) دەکات و وشەی *Nationalgymnasiummuseumsanatoriumandsuspensoriumsordinaryprivatd*

*ocentgeneralhistoryspecialprofessordoctor*ی لێکداوە، کە ئێجگار جەفەنگییە و ناتوانیت تەماشای بکەیت و بزە نەکەیت. من بە هەمان تەکنیک بە *مامۆستایوانەبێژیتایبەتوئاساییتایبەتمەندیبواریمێژوویگشتییقوتابخانەیئامادەییومۆزەخانەو بووژانگەوڕاگرایەتییینیشتمانیپرۆفیسۆردکتۆر* لە کوردیدا وەرمگێڕاوە. کاتێک دەتوانیت ڕاڤە بکەیت، لەبەردەم هەندێک لەم تەکنیکانەدا ئازادتر دەبیت وەک لەوەی کە ڕاڤە نەکەیت. پێم وایە هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە وەرگێڕێکی وەک دکتۆر تەها مەحمود تەها کە بۆ عەرەبیی وەرگێڕاوە، هەندێک جار دەستی داگرتووە و بە شێوەیەکی ئاسانتر بۆ تێگەیشتن عەرەبییەکەی داڕشتووەتەوە. بۆ نموونە لەو دوو وشە ناوبراوانەدا وشەکانی جیا کردووەتەوە و دوودوو پێکەوە لکاندوونی. بەڵام ڕەنگە ئەگەر ئەویش ڕاڤەی بکردایە ئاسانکاریی لەم چەشنە نەکردایە.

## لە بارەی دەقی تێهەڵکێشراوەوە

سەبارەت بە دەقە تێهەڵکێشکراوەکان: کە دێڕێکی دەرەکی هێنراوەتە ناو *ئولیس*ەوە، زۆر جار لە ئینگلییەکەدا دیارە بۆچی ئەو دێڕە هێنراوە. ئەڵبەت وشەیەکی تێدایە کە لە ڕستەی پێشتردا هەبووە و واتا کۆیان دەکاتەوە، یان وشە دەرەکییەکە لە ڕووی بیستنەوە پەیوەندی لەگەڵ وشەیەکی ڕۆمانەکەدا دروست دەکات. واتە لێکچوونی دەنگ کۆیان دەکاتەوە. هەندێک جاریش ئەو دێڕەی هێنراوە دەبێت بە ڕێبەری گۆڕانی ڕەوتی بیرکردنەوەی یەکێک لە کەسێتییەکان و گێڕانەوەکە. بەڵام ئەگەر ئەو دەقە تێهەڵکێشکراوە بۆ کوردی وەرگێڕرابێت، ئەوا مەرج نییە لە کوردییەکەشدا هەمان ئەو وشەیە بە کار هاتبێت کە لە ڕێیەوە بە دەقەکەی *ئولیس*ەوە گرێ دەدرێتەوە. لەوانەیە وشەیەکی هاوواتا بە کار هاتبێت. یان وەرگێڕە کوردییەکە ئەو شوێنەی بە شێوەیەک داڕشتبێت کە لەگەڵ وەرگێڕراوە کوردییەکەمدا نەیەتەوە. ئەمە بە دیاریکراوی لە بەیتەکان و شانۆنامە هۆنراوەییەکاندا ڕاستە.

## دوو نموونەی کێشەی دەقاوێزان

بۆ نموونە وەرگێڕانەکەی *ئۆدیسە*ی هۆمیرۆس، دەقە وەرگێڕراوە کوردییەکە بە شێوەی دێڕی هۆنراوەیی نییە، بەڵکو پەخشانە. بەڵام لە *ئولیس*دا شێوە هۆنراوەییەکەی بە کار هاتووە. بۆیە دەبێت کاتێک ئەم دەقانە دەهێنرێنە وەرگێڕانەکەی منەوە کەمێک چەکوشکاری بکرێن تا پەیوەندییان لەگەڵ *ئولیس*ە کوردییەکەدا دەربکەوێت. یان زۆربەی جاران، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو سەرچاوانە بۆ کوردی وەرنەگێڕراون، دەبێت خۆم ئەوانیش وەربگێڕم و بە شێوەیەک ئەم کارە بکەم کە پەیوەندی لەگەڵ *ئولیس*ە کوردییەکەدا دروست بکات.

دوو هۆی تریش هەن کە کاریگەرییان لەسەر ئەم چەکوشکارییە دەبێت: لە لایەک شێوازی وەرگێڕانی من لە هی وەرگێڕێکی تر جیاوازە، لە لایەکی تر کە جۆیس دەقاوێزان دەکات، دەقە هێنراوەکە لە بەستێنەکەی خۆیدا بە کار دەهێنێت. واتە لە کوردییەکەدا دەبێت لە دیدی *ئولیس*ەوە بڕوانیتە دەقە تێهەڵکێشکراوەکان، نەک بە پێچەوانەوە. یان هەندێک جار دەبێت ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدەم، بە تایبەتی لەو دەقانەدا کە لە *کتێبی پیرۆز*ەوە هێنراون. چونکە وەرگێڕانە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز* لە هەندێک شوێندا لەو ئینگلییانە جیاوازە کە جۆیس بە سەرچاوە هێناونی.

بۆ نموونە کە جۆیس دەستکاریی هۆنەی ٥ی بەشی یەکەمی *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا* دەکات و *تاریکی* و *ڕووناکی*یەکە هەڵدەگەڕێنێتەوە، لە *ئولیس*ە ئینگلییەکەدا دەڵێت: «تاریکییەک لە ڕووناکیدا دەدرەوشێتەوە و ڕووناکییەکە تێینەگەیشتووە.». بەڵام لە *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*دا دەڵێت: «ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە» نەک بە پێچەوانەوە. ئەمەندە گۆڕانەکەی دەستی جۆیسە، بەڵام گۆڕانێکی تر هەیە کە پەیوەندیی بە وەرگێڕانەوە هەیە، ئەویش وشەی *تێینەگەیشتووە*یە. ئەو وشەیە لە گریکیدا دوو واتای هەیە، یەکێکیان *تێنەگەیشتن*ە، ئەوی تریان *زاڵبوون*ە. هەر بۆیە لە وەرگێڕانە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز*دا دەڵێت: «ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە بەسەریدا زاڵ نەبووە»، نەک «تێینەگەیشتووە». بێگومان لە *کتێبی پیرۆزە* کوردییەکەدا ئاماژە بە دوو واتایی وشەکە دراوە. بەڵام ئەوەی جۆیس بە کاری هێناوە بە واتای *تێینەگەیشتووە*کەیانە، کە بێگومان منیش هەر وا وەرمگێڕاوە، بەڵام تێبینیم لەسەری داوە.

## ئایا من وەرگێڕی هەموو زمانێکم؟

هەروەها لە وەرگێڕانەکەدا دەکەویتە بەر ئەو پرسیارەی ئایا دەقە بیانییەکانیش بۆ کوردی وەربگێڕیت یان نا؟ چونکە لە ڕۆمانەکەدا گەلێک وشە و دەستەواژە و ڕستە و تەنانەت گفتوگۆی بە زمانی جیاواز تێدایە. وەک گفتوگۆکەی ئالمیدەنۆ ئارتیفۆنی و ستیفن لە ئەڵقەی دەیەمدا کە بە زمانی ئیتالییە. ئەگەر بڕیار بدرێت وەرنەگێڕرێن، ئایا ڕێنووسە لاتینییەکەی خۆیان بهێنرێتەوە، یان ڕێنووسەکەیان بۆ کوردی بگوێزرێتەوە؟

من لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا نەخێرم هەڵبژارد، کە دەقەکان وەک خۆیان بە زمانی خۆیان بهێڵمەوە و تەنها ئینگلی وەربگێڕم. بۆ پرسیاری دووەمیش بڕیارم دا ڕێنووسی دەقە بێگانەکان بگۆڕم بە کوردی، چونکە زۆربەی کوردان ناتوانن زمانە بێگانەکان بە ڕێنووسی خۆیان بخوێننەوە، بەڵام بە ڕێنووسی کوردی دەتوانن هیچ نەبێت بیخوێننەوە و وشەکان ببیستن، ئەگەرچی لێشیان تێنەگەن.

له لایەکی ترەوە ئەگەر وەرگێڕ بڕیار بدات هەموو زمانەکان وەربگێڕێت، ئەوا لە ئەڵقەی سێیەمدا دەڵێت: «بارەکەی بە کێش دەکات، *شلێپ* دەکات، *تغۆن* دەکات، ڕادەکێشێت، *تراسکین* دەکات». ئەمانە هەموویان زۆروکەم هەمان واتایان هەیە، بەڵام هەریەکەیان بە زمانێک. ئەو کاتە بە کوردی دەبێت بە «بارەکەی بە کێش دەکات، ڕادەکێشێت، ڕادەکێشێت، ڕادەکێشێت، ڕادەکێشێت».

## ئۆلیس شارستانێتییەکە

*ئۆلیس* بەهەشتی زمانناس و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانە. دەتوانم بڵێم سەرچاوەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرکردنیشە، ئەگەر ڕاڤەکانی لەگەڵدا بێت. هەر خودی خۆم چەندین پەڕتووکم خوێندووەتەوە کە ئەم شاکارە پێی ناساندووم. هاوکات ئەم ڕۆمانە وشیارترت دەکات بەرانبەر زمان و فەرهەنگت فراوانتر دەکات.

خۆم گەلێک بە بەختەوەر دەزانم کە لە ماوەی ژیانمدا *ئۆلیس*م ناسیوە. بۆ بەشکردنی ئەم بەختەوەرییە لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی هاوزمانی خۆم، لەگەڵ هەندێک هۆی تریشدا، ڕۆمانەکەم بۆ زمانی کوردی وەرگێڕا.

تۆی خوێنەری بەڕێزیش ئەگەر تا ئێرە گەیشتوویت و ئەم نووسینەمت هەمووی خوێندەوە، ئەوا گەلێک سوپاست دەکەم و هیوای تەندروستییەکی باش و مێشکێکی ئاسوودە و کاتێکی خۆشت بۆ دەخوازم. ئەگەر نووسینەکەمت بە دڵ بوو، ئەوا سوپاسگوزارم، ئەگەر بە دڵیشت نەبوو بیدە بە مۆڵی... بیکا بە کوێدا کەیفی خۆیەتی، قاچی مراوییەکە، قاچی مراوییەکە.

www.nawa.net

# ئوليس

# بەشی یەکەم

## بەیتی تیلێماخۆس

# ئولیس[1]

## بەشی یەکەم: بەیتی تیلێماخۆس[2]

### ئەڵقەی یەکەم: تیلێماخۆس[3]

بەک مەڵیگنی[4] خرپن[5] شکۆمەندانە لای سەرپلیکانەکەوە هات، تاسێک[6] کەفاوی هەڵگرتبوو کە مووس[7] و ئاوێنەیەکی بە ڕاست و چەپیەوە گیر کردبوو. کەوایەکی زەردی[8] پشتێن-گرێنەدراو[9] لە دوایەوە بە نەرمونیانی بەسەر هەوای فێنکی بەیانیدا درێژ ببووەوە. تاسەکەی بە بەرزی ڕاگرت و ئەمەی خوێند:

- *ئینترۆیبۆ ئاد'ئالتارێ دێی*[10].

ڕاوەستا، لە پلیکانە پێچاوپێچە تاریکەکە ڕاما و بە دەنگێکی کەرخ بانگی کرد:

- وەرە سەرەوە کینچ[11]! وەرە سەرەوە ئەی یەشوعییە[12] تۆقێنەرەکە!

بە هەیبەتەوە هاتە پێشەوە و سواری چەکنیشە[13] بازنەییەکە بوو. بە دەوری خۆیدا ڕوانی و قەڵاکە و دەشتاییەکانی دەوروبەر و ڕیزەشاخە ڕابووەکەی سەنگینانە پیرۆز کرد. پاشان نیگای بە ستیفن دێدالۆسدا[14] تەقی و بەرەوڕووی نوشتایەوە و بە خێرایی هێمای خاچی لە هەوادا کێشا، غەرغەرەی بە قوڕگی کرد و سەری لەرزاند. ستیفن دێدالۆسی قەڵس و خەواڵووش، باڵەکانی بە سەرەوەی پلیکانەکاندا پاڵدایەوە و ساردوسڕانە تەماشای ئەو دەموچاوە غەرغەرەکەرە لەرزۆکەی کرد کە ئەوی بەرەکەتدار دەکرد، کە وەک هی ئەسپ درێژکۆلە بوو، هەروەها تەماشای قژە کاڵەکەی تەپڵەسەرە نەتاشراوەکەی[15] کرد کە ڕەنگ و نەخشەکەی وەک ڕیشاڵڕیشاڵی زەردی بەڕوو وەها بوو.

بەک مەڵیگن بۆ چرکەیەک لە ژێر ئاوێنەکەوە دزەنیگایەکی کرد و چابوکانە سەرقاپی تاسەکەی نایەوە و بە زەبرەوە وتی:

- بۆ ئۆردوگاکانتان بگەڕێنەوە[16]!

پاشان بە تۆنی ئامۆژگارێکەوە ئەمەشی وت:

- چونکە ئەمە، ئەی خۆشەویستە بەوەجەکان، خانمە مەسیحییەکی ڕەسەنە[17]: بە دڵ و گیان و خوێن و ناسۆرەکان[18]. تکایە موزیکێکی خاو. چاوتان دابخەن، بەڕێزان. وچانێک. کێشەیەکی بچکۆلەمان هەیە لەگەڵ ئەو خڕۆکە سپییانەدا[19]. هەموو بێدەنگ.

لە سەرووی ئەملا و ئەولای خۆی ورد بووەوە و فیکەیەکی درێژخایەنی خاوی بۆ بانگکردن لێدا. پاشان سەوداسەرانە وچانێکی وەرگرت. ددانە ڕێکە سپییەکانی و نووکە

زێڕینەکانیان لێرە و لەوێ ورشەیان دەهات. کریسۆستۆمۆس[20]. لە وەڵامدا دوو فیکەی تیژبڕی بەهێز[21] ئارامییەکەیان ناوبڕ کرد. بەگوڕەوە بانگی کرد:

- دەی سوپاس مامە گیان، بەسیەتی، دەیبڕیتەوە؟

خۆی لە چەکنیشەکە دزییەوە و بە سەنگینی تەماشای تەماشاکەرەکەی کرد، قەدە شۆڕەکەی کەواکەی لە دەوری پێی کۆ کردەوە. دەموچاوە خڕپن و بە سێبەر داپۆشراوەکەی و بەرلۆغە[22] هێلکەییەکەی، لە هی ئوسقوفێکی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوو کە پشتیوانیی هونەرمەندانی دەکرد[23]. بزەیەکی شیرین بە بێدەنگی پژایە سەر لێوی و شادمانانە وتی:

- تۆ سەیری ئەو قەشمەرێتییە! ئەو ناوە بێواتایەت[24]، گریکییەکی دێرین!

بە تیزپێوەکردنێکی دۆستانەوە پەنجەی ئاراستە کرد و بەرەو ستارەکە ڕۆیشت و بە دەم خۆیەوە پێدەکەنی. ستیفن دێدالۆس هەڵستا و تا نیوەی ڕێ ماندووانە دوای کەوت و لەسەر لێواری چەکنیشەکە دانیشت و هێشتا سەیری دەکرد کە ئەو ئاوێنەکەی بە ستارەکەدا هەڵپەسارد و فڵچەکەی لە تاسەکە وەردا و ڕوومەت و ملی خۆی کەفاوی کرد.

دەنگە شادمانەکەی بەک مەڵیگن بەردەوام بوو:

- منیش ناوەکەم بێواتایە: مەلاخی[25] مەڵیگن، دوو سێبڕگەییە. بەڵام لەرەلەرێکی هێلێنیی تێدایە، وا نییە؟ گورج و تەیار، هەر ڕێک وەک ئافوور[26] خۆی. دەبێت بچین بۆ ئەسینا، ئەگەر پوورم وا لێ بکەم بیست کوید[27] بدات، لەگەڵمدا دێیت؟

فڵچەکەی لادا و، کە بە شادییەوە پێکەنی، نەڕاندی:

- جا ئەم یەشوعییە جاڕسە لەگەڵمدا دێت؟

وەستا و بە وریاییەوە دەستی کرد بە تەراش. ستیفن هێمنانە وتی:

- پێم بڵێ مەڵیگن.

- بەڵێ، دڵەکەم؟

- هاینس[28] تا کەی لەم قەڵایە دەمێنێتەوە؟

بەک مەڵیگن لایەکی تاشراوی ڕوومەتی بەسەر شانی ڕاستیدا دەرخست و ڕاشکاوانە وتی:

- ئەی خودایە! توخودا پیاوێکی ترسناک نییە؟ دابەستەیەکی ساکسۆنییە[29]. پێی وایە جەنتڵمان نیت. ئەی خودایە لەم ئینگلە[30] نەفرەتییانە! لە پارە و بەدهەرسیدا ئاوساون! چونکە لە ئۆکسفۆردەوە هاتووە. دەزانیت چی دێدالۆس، تۆ هەڵسوکەوتی

ئۆکسفۆردییەکی ڕاستینەت هەیە. ئەو لێت تێناگات. ئۆف، ئەو ناوەی لێتم ناوە پڕ بە پێستی خۆتە: کینچ، تیغی چەقۆ.

به پارێزەوە چەناگەی تاشی. ستیفن وتی:

- هەموو شەوەکە بە وڕێنەوە باسی پڵنگێکی ڕەشی[31] دەکرد. کوا قتووی تفەنگەکەی؟

مەڵیگن وتی:

- کەرەشێرێکی کلۆڵە! ئەی نەتۆقیبوویت؟

ستیفن دڵگەرمانە و بە ترسێکی بەرەبەرە هەڵچووەوە وتی:

- با، چۆن نەتۆقیبووم! لێرە و لە تاریکیدا لەگەڵ کابرایەکی نەناسدا وڕێنە دەکات و بە دەم خۆیەوە دەنرکێنێت و باسی تەقەکردن لە پڵنگێکی ڕەش دەکات. تۆ پیاوانێکت لە خنکان ڕزگار کردووە[32]. بەڵام من پاڵەوان نیم. ئەگەر ئەو لێرە بمێنێتەوە من دەڕۆم.

بەک مەڵیگن لە کەفی سەر مووسەکەی مۆن بووەوە. لەسەر بەرزاییەکەیەوە داقونایە خوارەوە و بە پرتاو گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی گەڕا. ناسازانە نەڕاندی:

- شلەگووا!

هاتە لای چەکنیشەکەوە و، کە دەستێکی کرد بە گیرفانی سەرەوەی ستیفندا، وتی:

- ئەو لووتسڕەتمان بە قەرز بدەیە با مووسەکەمی پێ بسڕم.

ستیفن لێی گەڕا دەستسڕێکی پیسی چرچ بە سووچەکەی دەربهێنێت و بۆ نمایشکردن بەرزی بکاتەوە. بەک مەڵیگن مووسەکەی بە جوانی سڕی. پاشان چاوی بڕییە پەڕۆکە و وتی:

- لووتسڕی هەڵبەستوانەکە[33]! ڕەنگێکی هونەریی نوێ بۆ هۆنەرە ئایرەکانمان: سەوزی چڵمی. هەر ئەوەندەی ماوە تامی نەکەیت، وا نییە؟

دیسانەوە سەرکەوتە لای ستارەکە و بەسەر کەنداوی دەبلندا تەماشای کرد، قژە جوانە بەڕووڕەنگەکەی بە شێنەیی شنایەوە. بە هێمنی وتی:

- خوایە گیان! ئەرێ دەریا نییە کە ئالجی[34] پێی دەڵێت: دایکێکی مەزنی شیرین؟ دەریا سەوزەچڵمییەکە، دەریای گوندێنگرژکەر[35]. *ئێپی ئۆینەپا پۆنتۆن*[36]. ئای دێدالۆس، گریکییەکان! دەبێت فێرت بکەم. دەبێت بە زمانی بنەڕەتی خۆیان بیانخوێنیتەوە. *ثالەتا! ثالەتا*[37]! دایکی مەزن و شیرینمانە. وەرە و بڕوانە.

ستیفن هەڵستا و چووە بەر ستارەکە. خۆی پێدا شۆڕ کردەوە و داڕوانییە ئاوەکە و کەشتییە نامەبەرەکە کە ڕێی پێ درا لە دەمی بەندەری کینگستاونەوە دەربچێت[38]. بەک مەڵیگن وتی:

- دایکی مەزنمان[39]!

چاوە گەڕیدە بۆرەکەی[40] کتوپڕ لە دەریاکەوە بۆ دەموچاوی ستیفن گواستەوە و وتی:

- پوورم پێی وایە تۆ دایکتت کوشت[41]، بۆیە ناهێڵێت پەیوەندیم لەگەڵتدا هەبێت.

ستیفن خەمبارانە وتی:

- کەسێک کوشتی[42].

بەک مەڵیگن وتی:

- ئاخر هەی کینچی نەفرەتی، کە دایکت لە سەرەمەرگدا داوای لێت کرد کڕنۆش ببەیت، خۆ دەتتوانی بیبەیت. خۆ منیش هێندەی تۆ هایپەربۆریم[43]. بەڵام کە بیر لە دایکت دەکەمەوە کە بە دوا هەناسەی ژیانی لێت دەپاڕایەوە کڕنۆش ببەیت و نزای بۆ بکەیت. کەچی تۆ ڕەتت کردەوە. دەبێت نەگریسییەکت تێدا بێت...

لێی جیا بووەوە و ئەمجارە ڕوومەتەکەی ئەولای کەفاوی کرد. بزەیەکی چاوپۆشی لێوی کەوان کرد و بە دەم خۆیەوە ورنگاندی:

- بەڵام نەگۆبازێکی[44] ژیکەڵە! کینچ، لە هەموو نەگۆبازان ژیکەڵەتر!

بێدەنگانە و سەنگینانە، بە ڕێکی و پارێزەوە تەراشی کرد.

ستیفن، ئانیشکێکی لەسەر گرانێتە زبرەکە پشووی دابوو، لەپی دەستی بە بڕۆیەوە گیر کرد و چاوی بڕییە قەراغە هەڵوەشاوەکەی سەردەستە ڕەشە ورشەدارەکەی چاکەتەکەی. ئازار، لێ هێشتا ئازاری ئەوین نەبوو، دڵی نیگەران کردبوو. شەوێک دایکی دوای مردنەکەی بە بێدەنگی هاتە خەونی، لەشە پووکاوەکەی لە ناو کفنە شۆڕە قاوەییەکەیدا بۆنی مۆم و سوورەداری لێوە دەهات، هەناسەشی، کە بێدەنگ و پڕ لە سەرزەنشت بەسەریدا چەمایەوە، کزەبۆنێکی خۆڵەمێشی شێداری لێوە دەهات. لە نێو ڕیشاڵە شیبووەوەکانی سەردەستیەوە دەریاکەی بینی کە دەنگە تێرەکەی تەنیشتی وەک دایکێکی مەزنی شیرین دروودی بۆ دەنارد. ئەڵقەی کەنداوەکە و ئاسۆ بڕێک شلەی سەوزی ماتیان هەڵگرتبوو. دەفرێکی فەخفووریی سپی بە پەنا قەرەوێڵەی مردنەکەیەوە بوو زراوە سەوزە خاوەکەی هەڵگرتبوو کە لە جگەرە داڕزاوەکەیەوە بە ڕشانەوەی پەیتاپەیتا و لوورەلوورەوە هێنابوویەوە.

بەک مەڵیگن دیسان مووسەکەی سڕییەوە. بە دەنگێکی میهرەبانەوە وتی:

- ئای تەرمەسەگی[45] داماو! دەبێت کراسێک و هەندێک لووتسڕت بدەمێ. پانتۆڵە دەستی دووەکان چۆنن بۆت؟

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- باش بە بەرم دەبن.

بەک مەڵیگن پەلاماری چاڵایی ژێر لێوی ژێرەوەی دا. بە دڵخۆشییەوە وتی:

- تۆ سەیری ئەو قەشمەرێتییە، خۆی دەبێت قاچی دوو بن. خودا دەزانێت چ گەڕوگولێکی لاقەکەر بە جێی هێشتوون. جووتێکی کەشخەم هەیە، تیلماسکی بۆریان تێدایە. بەشانوشکۆ دەردەکەویت گەر بیانپۆشیت. بێ گاڵتە، کینچ. کە دەست بە خۆتدا دەهێنیت زۆر قۆز دەردەکەویت.

ستیفن وتی:

- سوپاس، ئەگەر بۆر بن ناتوانم بیانپۆشم[46].

بەک مەڵیگن لە ئاوێنەکەدا بە ڕوخساری خۆی وت:

- ناتوانێت بیانپۆشێت. ئەتەکێت ئەتەکێتە. دایکی خۆی دەکوژێت، بەڵام ناتوانێت پانتۆڵی بۆر بپۆشێت.

مووسەکەی بە وریایی داخستەوە و بە لێخشانی سەری پەنجەی هەستی بە پێستە لووسەکەی کرد.

ستیفن نیگای لە دەریاکە گواستەوە بۆ سەر دەموچاوە خرپنەکە و چاوە شینە مەیلەو بۆرە بزێوەکەی. بەک مەڵیگن وتی:

- ئەو کابرایەی دوێنێ لە ذەشیپ[47] لەگەڵیدا بووم دەیوت تۆ *ئ.گ.ش.ت*[48] هەیە. ئەو لەگەڵ کانەڵی نۆڕمندا[49] لە شێتخانەکە[50] کار دەکات. ئیفلیجیی گشتیی شێتێتی!

نیو کەوانە ئاوێنەکەی لە هەوادا بادا تا بریسکەی شەپۆلەکان پەرش بکات، کە ئێستا بە تیشکی خۆرەکەی سەر دەریاکە پرشنگیان دەدایەوە. لێوە کەوانەییە تاشراوەکەی و قەراغی ددانە سپییە بریسکەدارەکانی پێکەنین. پێکەنین سنگە تۆکمەکەی داگیر کرد. وتی:

- تەماشای خۆت بکە هەڵبەستوانە تۆقێنەرەکە!

ستیفن بەرەو پێش چەمایەوە و لە ئاوێنەکە ورد بووەوە کە بۆی ڕاگیرابوو، بە درزێکی خوار تلیشابوو. قژێکی ڕەپ. بەو جۆرەی ئەو و خەڵکانی تر دەمبینن[51]. کێ ئەم

دەموچاوەی بۆم هەڵبژارد؟ دەبێت ئەم تەرمەسەگە خۆی لە جانەوەران بپارێزێت. ئەویش هەر داوای ئەوەم لێ دەکات. بەک مەڵیگن وتی:

- لە ژووری کارەکەرەکەم فڕاند، بۆ ئەو سەروزیایەتی. پوورم هەمیشە تەنها کارەکەرە ناشیرینەکان بۆ مەلاخی ڕادەگرێت. نەبادا هەڵیانبفریوێنێت[52]. ناویشی ئورسولایە[53].

دیسان پێکەنی و ئاوێنەکەی لە چاوە تێڕاماوەکانی ستیفن دوور خستەوە. وتی:

- تووڕەییەکەی کاڵیبان[54] لە نەبینینی دەموچاوی خۆی لە ئاوێنەدا. خۆزگە وایلد[55] زیندوو بووایە تەنها بۆ ئەوەی تۆی بدیایە!

ستیفن بەرەو دواوە کشایەوە و پەنجەی ڕاکێشا و بە تاڵییەوە وتی:

- ئەوە هێمای هونەری ئایرییە. ئاوێنەی درزبردووی خزمەتکار[56].

بەک مەڵیگن لەناکاو قۆڵی بە قۆڵی ستیفندا کرد و بە تیرەی قەڵاکەدا ڕۆیشتن، مووس و ئاوێنەکەی، کە بە زۆر لە گیرفانی ئاخنین، خڕتەخڕتیان دەهات. میهرەبانانە وتی:

- ڕەوا نییە ئاوها تیزت پێوە بکەم، وا نییە کینچ؟ خودا دەزانێت تۆ لە هەموویان زیاتر ورەت هەیە.

دووبارە خۆی لێ دزییەوە. لە نەشتەری هونەرەکەم دەترسێت وەک چۆن من لەوەی ئەو دەترسم. پاندانە ستیلە ساردەکە.

- ئاوێنەی درزبردووی خزمەتکار! ئەوە بەو ئۆکسییەی[57] خوارەوە بڵێ و گینییەکی لێ بسەنە. لە پارەدا بۆگەنی کردووە و پێی وایە جەنتڵمان نیت. باوکی بەوە پارەی پەیدا دەکرد کە هاڵەپی[58] بە زوولووەکان[59] دەفرۆشتەوە یان بە تەڵەکەبازی و شتی تر. ئاخ، کینچ، ئەگەر من و تۆ بمانتوانیایە پێکەوە کار بکەین، دەمانتوانی شتێک بۆ ئەم دوورگەیە بکەین. بمانهێلێنانایە[60].

قۆڵی کرانلی[61]. قۆڵی ئەو.

- جا کە بیر دەکەیتەوە تۆ دەبێت سواڵ لەم بەرازانە بکەیت. من تاکە کەسم کە دەزانم تۆ چیت. بۆچی زیاتر متمانەم پێ ناکەیت؟ چیت لە دژی من لە خۆتدا حەشار داوە؟ هاینسە؟ ئەگەر لێرە فزرە بکات سەیمۆر[62] بانگ دەکەم و تەشقەڵەیەکی پێ دەکەین، زۆر خراپتر بێت لەوەی بە کڵایف کێمتۆرپیان[63] کرد.

قیڕە گەنجانەکانی دەنگی داراکان لە هۆدەکانی کڵایف کێمتۆرپدا. ڕووزەردەکان[64]: لە پێکەنیندا پەراسووی خۆیان دەگلۆفن، خۆیان لە یەکتر دەئاڵێنن. ئای، خنکام! بە ناسکی هەواڵەکەی پێ ڕابگەیەنە[65]، ئۆبری[66]! دەمرم! شیتاڵی دادڕاوی کراسەکەی لە هەوادا قەمچی لێدەدات و بە دەوری مێزەکەدا بە هەنگەشەلە

هەڵدەقونێت، پانتۆڵەکەی تا پاژنەی داکەنراوە، ئەیدسی مۆدلین[67] بە مقەستی دورومانەوە ڕاوی دەنێت. دەموچاوی گوێرەکەیەکی ترساوی بە مرەبای پرتەقاڵ ڕووکەشکراو. نامەوێت پێم دابکەنرێت! تەشقەڵەی گای گێژم پێ مەگێڕن!

قیرەکان لە پەنجەرە کراوەکەوە ئێوارەی حەسارەکە ڕادەچڵەکێنن. باخەوانێکی کەڕی بەروانکەلەبەر، بە ڕوخساری ماتیو ئارنۆڵد[68] ڕووپۆش کراوە، ئامێری چیمەنبڕەکەی لەسەر چیمەنە تاریکەکە پاڵدەنێت و لە هەڵپەڕینی تاڵەگیاکان ورد دەبێتەوە.

بۆ خۆمان[69]... پاگانییەکی نوێ[70]... *ئۆمفالۆس*[71]!

ستیفن وتی:

- با بمێنێتەوە، شەوان نەبێت، ئەگینا هیچ کێشەیەکی نییە.

بەک مەڵیگن بێئۆقرانە پرسیی:

- ئەی کەواتە چییە؟ دەی بیڕشێنەوە. من لەگەڵتدا زۆر ڕاشکاوم. ئێستا چیت لە دژم هەیە؟

ڕاوەستان، بەرەو لوتکەی تلبووەوەی برەی هێد[72] ڕوانیان کە وەک لمۆزی نەهەنگێکی نووستوو بۆ ناو ئاوەکە درێژ بووەتەوە. ستیفن بە بێدەنگی قۆڵی خۆی لێ ئازاد کرد. پرسیی:

- زۆر حەز دەکەیت پێت بڵێم؟

بەک مەڵیگن وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، چییە؟ من هیچم بیر نایەت.

تەماشای دەموچاوی ستیفنی کرد کە قسەی دەکرد. شەماڵێکی کز بە بەر برۆیدا شنا، باوەشێنێکی نەرمی قژە زەردە دانەهێنراوەکەی کرد و خاڵی زیوینی دڵەڕاوکێی لە چاوەکانیدا وروژاند.

ستیفن کە بە دەنگی خۆی خەمۆک دەبوو، وتی:

- بیرت دێت کە یەکەم ڕۆژ دوای مردنی دایکم هاتم بۆ ماڵتان؟

بەک مەڵیگن خێرا خۆی مۆن کرد و وتی:

- چی؟ لە کوێ؟ هیچم بیر نایەت. من تەنها بیرۆکە و هەستەکانم بە بیر دێتەوە[73]. بۆچی؟ چی ڕووی دا بۆ ڕای خوا؟

ستیفن وتی:

- چات لێدەنا، بە بەر دامێنی پلیکانەکاندا تێپەڕیت تا ئاوی زیاتر بهێنیت. دایکت و میوانێک لە ژووری میوانەوە هاتنە دەرەوە. لێی پرسیت کێ لە ژوورەکەت بوو؟

بەک مەڵیگن وتی:

- ئێ؟ چیم وت؟ بیرم نەماوە.

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- وتت: «*ئا، هەر دێدالۆسە، ئەوەی دایکی تۆپیوە*[74]».

سووربوونەوەیەک بە ڕوومەتەکانی مەڵیگندا هەڵکشا کە وای کرد گەنجتر و سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێت. پرسیی:

- وام وت؟ ئێ؟ جا ئەوە خراپییەکەی لە کوێدایە؟

بە شڵەژانەوە پەشۆکاوییەکەی لە خۆی ڕاپسکاند. پرسیی:

- جا مردن چییە؟ هی دایکت بێت، هی خۆت بێت، یان با هی خۆشم بێت؟ تۆ تەنها دایکتت دیوە بمرێت. من هەموو ڕۆژێک دەیانبینم لە ماتەر و ڕیچمند[75] بەلادا دێن و لە ژووری توێکارییەکە کەوڵ و کەلەلا دەکرێن. تۆپینە و ئاژەڵانەیە و هیچی تر نییە. هیچ گرنگ نییە. تۆ خۆت دایکت لەسەر قەرەوێڵەی مردنەکەی داوای لێت کرد کڕنۆش ببەیت و نزای بۆ بکەیت و نەتکرد. بۆچی؟ چونکە تۆرەمەی نەفرەتیی یەشوعێتییت تێدایە، بەڵام بە هەڵە تێیان شرینقاندوویت. لای من هەمووی گاڵتەجاڕی و تۆپینە. پەڕەکانی مێشکی کار ناکەن. بانگی دکتۆر سێر پیتەر تیزڵ[76] دەکات و گوڵەمێرگەکە[77] لە لێفەکە لێدەکاتەوە. دڵنەوای دەکاتەوە تا کۆتایی پێ دێت. تۆ دواهەمین خۆزگەیت لە سەرەمەرگدا پێشێل کرد، کەچی خیش لە من دەکەیت چونکە وەک هەندێک کەڕولاڵی بەکرێگیراوی لالوویت[78] نالوشکێنم. قسەی قۆڕ! ئا، بەڵێ، وا بزانم وام وت. بەڵام مەبەستم ئەوە نەبووە سووکایەتی بە یادی دایکت بکەم.

تا پلەی چاوقایمی قسەی کرد. ستیفن کونی زامە کراوەکانی مەتاڵ دەکرد[79] کە ئەو وشانە لە دڵیدا بە جێیان دەهێشتن، زۆر بە ساردی وتی:

- مەبەستم سووکایەتیکردنەکەت نییە بە دایکم.

بەک مەڵیگن پرسیی:

- ئەی کەواتە مەبەستت چییە؟

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- مەبەستم سووکایەتیکردنتە بە من.

بەک مەڵیگن لەسەر پاژنەی پێی خۆی وەرسووڕاند. نەڕاندی:

- چ کابرایەکی قیرسیچمەی!

بە خێرایی بە لای ستارەکەدا ڕۆیشت. ستیفن لە شوێنی خۆیدا مایەوە، نیگای بڕییە دەریا هێمنەکەی لای زنارەکەوە. ئێستا دەریا و زنارەکە تاریک بوون. چاوی کەوتە پلدان و نیگای داپۆشی، هەستی بە تەوژمە گەرماکەی ڕوومەتەکانیشی کرد.

دەنگێک لە ناو قەڵاکەوە بەرز بووەوە:

- لە سەرەوەی مەڵیگن؟

بەک مەڵیگن وەڵامی دایەوە:

- هاتم.

ڕووی کردە ستیفن و وتی:

- تەماشای ئەو دەریایە بکە. چ باکێکی بە سووکایەتییە؟ کینچ، لۆیۆلا[80] تووڕ بدە دەرەوە و وەرە خواریشەوە. ساسناخەکە[81] بەیکنی[82] بەیانیانی خۆی دەوێت.

سەری بۆ ساتێک لای سەری سەرەوەی پلیکانەکەوە لە ئاستی میچەکەدا دیسان ڕاوەستا. وتی:

- بە درێژایی ڕۆژەکە پێوەی مەتلێوە. من بێسەرەوبەرەم. واز لەم پیشخواردنەوە مەزاجێتییەت بهێنە[83].

سەری دیار نەما، بەڵام نەوای دەنگە دابەزیوەکەی لای سەرپلیکانەکەوە بە زرمە دەردەچوو:

*- ئیتر بەسە دۆشدامان و پیشخواردنەوە*
*بۆ تاڵاوی ڕازی ئەوین،*
*چونکە فێرگوس گالیسکەی مس دەئاژووێ*[84].

تاریکستانی جەنگەڵ لە سەرپلیکانەکەوە بەرەو دەریا، کە ستیفن سەرنجی ئەوێی دا، بەناو هێمنیی بەیانیدا بە بێدەنگی سەرئاو کەوت. لە کەنارە نزیکەکەوە تا دوور، ئاوێنەکەی ئاو[85] سپی بوو، بە ناڵی ڕووناکیی پێی بەپڕتاوەوە تلی دەخوارد. سینەی سپیی دەریای تار. دووانەی هێز، دووبەدوو. دەستێک ژێکانی هارپ[86] دەژەنێت و کۆردە[87] جمکەکانیان یەک دەخات. شەپۆلی سپیی وشەی هاوسەردار لەسەر کێشاوە[88] تاریکەکە ورشەی دێت.

هەورێک بە خاوی کەوتە بەرگرتنی خۆر، سەرتاپا کەنداوەکەی لە سەوزێکی تۆختردا سێبەر دەکرد. لە ژێریەوە دەفرێک ئاوی تاڵ[89] بە جێ هێڵرابوو. گۆرانییەکەی فێرگوس: لەماڵەوە بە تەنیا بێژام[90]، کۆردە درێژ و خەمهێنەرەکانیم دەهێشتەوە. دەرگاکەی دایکم لەسەرپشت بوو: ویستی موزیکەکەم ببیستێت. بە بێدەنگی و ترس و

بەزەییەوە چوومە پەنایەوە. لەسەر پێخەفە خەمگینەکەی دەگریا. بۆ ئەو وشانە، ستیفن: تالاوی ڕازی ئەوین.

ئێستا لە کوێ؟

نهێنییەکانی: چەند باوەشێنێکی کۆنی پەڕ، چەند کارتێکی سەمای گوڵینگەدار، تۆزی میسکیان لێ دراوە، گردەبەندێکی مووروو عەنبەری لە چەکمەجە کلۆمکراوەکەیدا. بێرکمی[91] باڵندەیەک کاتی کچێنی لەبەر پەنجەرە خۆرکەوتووەکەی ماڵەکەیدا هەڵواسراوە. گوێی لە ڕۆیسی[92] پیر گرتووە لە پانتۆمایمی *تورکییە ترسناکەکەدا*[93] و لەگەڵ ئامادەبووەکانی تردا پێکەنیوە کە بێژاویەتی:

*من کوڕێکم*

*شێت و شەیدای*

*دیارنەمانی بەرچاوانم*[94].

شادیی خەیاڵی، بە بۆنی میسکەوە قەدد کران و لابران.

*ئیتر بەسە دۆشداماں و پیشخواردنەوە.*

لە ناو یادی سرووشتدا لەگەڵ لیستۆکەکانیدا قەدد کران[95]. یادەکان مێشکە پیشخواردووەکەی هەراسان دەکەن. پەرداخی ئاوەکەی لە ئاوی بەلۆعەی ناندان کە دەچوو بۆ هەزەخ[96]. سێوێکی ناوککراو، بە شەکری قاوەیی ئاخنراو، لە ئێوارەیەکی تاریکی پایزدا لەسەر کوانووەکە بۆی دەپیشێنرێت. نینۆکە گوڵەندامەکانی بە خوێنی ئەسپێی[97] فلیقاوەی ناو جلەکانی منداڵەکان سوور بوون.

لە خەونێکدا بە بێدەنگی، دایکی هات بۆ لای، لەشە پووکاوەکەی لە ناو کفنە شۆڕەکەیدا بۆنی مۆم و سوورەداریان لێوە دەهات، هەناسەشی، بە هەندێک وشەی نهێنیی بێدەنگەوە بەسەریدا چەمایەوە، کزەبۆنێکی خۆڵەمێشی شێدار.

چاوە مینایییەکانی، لە مردنەوە تەماشا دەکەن، بۆ ئەوەی گیانم[98] بهەژێنن و بیچەمێننەوە. تەنها لەسەر من[99]. سەهویرەمۆمەکە[100] بۆ ئەوەی سوێکانی ڕووناک بکاتەوە. ڕووناکییەکی سەهویرانە[101] لەسەر ڕوخسارە ئەشکەنجەدراوەکەی. کە هەمووان لەسەر چۆک نزایان کرد، هەناسە کەرخە سوارەکەی لە ترساندا شەقەشەقی پێکەوتبوو. چاوانی لەسەر من بۆ ئەوەی تەختی زەویم بکات. *لیلیاتا رووتیلانتیوم تێ کۆنفێیسسۆروم تورما سیرکومدێت: یوبیلانتیوم تێ ڤیرجینوم کۆروس ئێکسیپیات*[102].

تەرمجوو[103]! جووەری تەرم!

نەخێر، دایە! لێم بگەڕێ و بهێڵە بژیم![104]

- هۆ کینچ!

دەنگی بەک مەڵیگن لە قەڵاکەوە بە بێژان هات. تا لای سەرەوەی پلیکانەکە نزیکتر بووەوە، دووبارە بانگی کردەوە. ستیفن، کە هێشتا لە گریانی گیانی خۆیدا هەنسکی دەدا، گوێی لە خۆرەتاوە گەرمە هەڵهاتووەکە و لە هەواکەی پشتیشیەوە چەند قسەیەکی دۆستانە بوو[105].

- دێدالۆس، دەی وەک شەلەنگێکی[106] باش وەرە خوارەوە. نانی بەیانی ئامادەیە. هاینس داوای لێبوردن دەکات کە دوێشەو لە خەو هەڵیستاندین. هەموو شت باشە.

ستیفن ئاوڕی دایەوە و وتی:

- وا دێم.

بەک مەڵیگن وتی:

- دەی، بیکە لە ڕێی خودا. لە ڕێی من. لە ڕێی هەموومان.

سەری دیار نەما و دەرکەوتەوە.

- هێمای هونەری ئایرییەکەی تۆم پێی وت. دەڵێت زۆر بلیمەتانەیە. کویدێکی لێ بسەنە، باش؟ مەبەستم گینییەکە.

ستیفن وتی:

- خۆم ئەم بەیانییە مووچە وەردەگرم.

بەک مەڵیگن وتی:

- شاباشەکەی قوتابخانە؟ چەند؟ چوار کوید[107]؟ یەکێکمان بدەیە.

ستیفن وتی:

- ئەگەر بتەوێت.

بەک مەڵیگن بە دڵخۆشییەوە هاواری کرد:

- چوار سۆڤەرینی درەوشاوە. سەرخۆشییەکی پاشاییانەی پێ دەگێڕین بۆ سەرسامکردنی درویدە درویدییەکان[108]. چوار سۆڤەرینی ڤەکار[109].

دەستی بە ئاسماندا هەڵبڕی و بە پلیکانە بەردەکەدا خۆی داشەلاند، بە شێوەزارێکی کۆکنییانە[110] نەشازانە گۆرانیی بێژا:

*- ئەرێ ئەی وەی کاتێکی چەن خۆشمان دەبێ،*
*ویسکی و بیرە و شەراب با بێ!*
*لە کاتی تاجلەسەرناندا،*
*لە ڕۆژی تاجلەسەرناندا!*

*کاتێکی چەن خۆشمان دەبێ*
*لە ڕۆژی تاجلەسەرناندا*[111]!

تیرۆژی گەرم بەسەر بەسەر دەریاکەدا زەماوەندی دەگێڕا. تاسی ڕیشتاشینە نیکڵەکە، کە لەسەر ستارەکە بە جێ هێڵرابوو، بریسکەی دایەوە. بۆچی من بیبەمە خوارەوە؟ یان لێی بگەڕێم هەموو ڕۆژەکە هەر لەوێدا بمێنێتەوە، هاوڕێیەتیی بیرنەماو؟

چووە لایەوە و بۆ ساتێک دەستی دایە، هەستی بە ساردییەکەی کرد، بۆنی لیکاوە لینجەکەی کەفاوەکەی کرد کە فلچەکەی تێدا چەقیبوو. ئەوساش لە کڵەنگەوز[112] ئاوها بەلەمی بخوردەکەم[113] هەڵدەگرت. ئێستا کەسێکی ترم، کەچی هەمان کەسیشم. خزمەتکارێکیشم. خزمەتکاری خزمەتکارێک[114].

شێوە کەواپۆشەکەی بەک مەڵیگن لە وتاخە[115] تاریکە گومەزییەکەی قەڵاکەدا بە چوستی بە لای ئاگردانەکەدا دەهات و دەچوو، درەوشانەوە زەردەکەی دەشارایەوە[116] و دەردەکەوتەوە. دوو ستوونی تیشکی نەرمی ڕۆژ لە دەلاقەکانی سەرەوەوە کەوتنە سەر زەوییە بەردڕێژکراوەکەی ژوورەکە: لە شوێنی بەیەکگەیشتنی تیشکەکانیاندا هەورێک دووکەڵی خەڵووز و هەڵموهاڵاوی ڕۆنی سوورکراوە بەرز بوونەوە و گێژیان دەخوارد. بەک مەڵیگن وتی:

- دەخنکێین. هاینس، ئەو دەرگایە بکەوە، دەی.

ستیفن تاسی ڕیشتاشینەکەی لەسەر دۆڵابەکە دانا. بیچمێکی[117] باڵابەرز لە هەلۆرکەکەوە[118]، کە لەسەری دانیشتبوو، هەڵستا و بەرەو پێش دەرگاکە ڕۆیشت و دەرگاکانی ناوەوەی بۆ کردنەوە ڕاکێشا. دەنگێک پرسیی:

- کلیلەکەت پێیە؟

بەک مەڵیگن وەڵامی دایەوە:

- لای دێدالۆسە. ئەی هاوار[119]، خنکام!

بێ ئەوەی سەرنجی لە ئاگرەکە بەرز بکاتەوە، لووراندی:

- کینچ!

ستیفن هاتە پێشەوە و وتی:

- بە قفڵەکەوەیە.

کلیلەکە دوو با بە لێکخشان سووڕایەوە و، هەر کە درزێکی دەرگا قورسەکە کرایەوە، ڕووناکیی پێشوازی و هەوایەکی سازگار هاتنە ژوورەوە. هاینس لە پێش دەرگاکەوە وەستا، تەماشای دەرەوەی دەکرد. ستیفن باوڵە لەسەرلا-دانراوەکەی بۆ لای

مێزەکە ڕاکێشا و دانیشت تا چاوەڕێ بکات. بەک مەڵیگن برژاوەکەی هەڵڕشتە سەر قاپەکەی تەنیشتی. پاشان قاپەکە و قۆرییەکی گەورەی هێنا و خستنیە سەر مێزەکە، بە قورسی دایان و ئاهێکی ئاسوودەیی هەڵکێشا. وتی:

- وەک چۆن مۆمەکە وتی: «وا دەتوێمەوە» کاتێک[120]... بەڵام وس! یەک وشەی تر لەسەر ئەو بابەتە نەڵێیت! کینچ، ڕابە! نان، کەرە، هەنگوین. هاینس، وەرە ژوورەوە. خوانەکە ئامادەیە. خودای گەورە، میهری خۆت بەسەر خۆمان و ئەم بژێوەدا بڕژێنە کە پێمانت بەخشیوە[121]. کوا شەکرەکە؟ ترحێو! شیرمان نییە.

ستیفن کولێرە و قتووی هەنگوینەکە و کەرەپارێزەکەی لە ناو دۆڵابەکەدا دەرهێنا و هێنانی. بەک مەڵیگن بە مرومۆنییەکی ناکاوەوە دانیشت. وتی:

- ئەمە چ جۆرە قەحبەخانەیەکە؟ من بەو ژنەم وت دوای کاتژمێر هەشت بێت.

ستیفن تینووانە وتی:

- دەتوانین هەر بە ڕەشی بیخۆینەوە. لیمۆیەک لە چەکمەجەکەدا هەیە.

بەک مەڵیگن وتی:

- کوڕە دە برۆ خۆت و دەستووورە پاریسییەکەشت بە نەفرەت بن! من شیری ساندیکۆڤم[122] دەوێت.

هاینس لای پێش دەرگاکەوە هات و بە هێمنی وتی:

- ئەو ژنە شیرەکەی پێیە و وا سەردەکەوێت.

بەک مەڵیگن لەسەر کورسییەکەی هەڵبەزییەوە و هاواری کرد:

- ئەی بەر میهری خودا بکەویت! دابنیشە. چاکە بکە ناو ئەوێوە. شەکرەکە لە تاوورەکەکەدایە. ئەمەتا، ناتوانم پەلەکوتێ بۆ هێلکە نەفرەتییەکە بکەم.

برژاوەکەی لەسەر دەفرەکە لەتلەت کرد و خێواندیە[123] سێ قاپەوە و وتی:

- *ئین نۆمینی پاتریس ئێت فیلی ئێت سپیریتوس سانکتی*[124].

هاینس دانیشت چاکە تێبکات. وتی:

- یەکی دوو کلۆتان بۆ تێدەکەم. بەڵام مەڵیگن، دەڵێم، تۆ چای خەست لێدەنێیت، ها؟

بەک مەڵیگن لەتی ئەستووری لە کولێرەکە دادەپاچی، بە دەنگی مەراییکەرانەی پیرەژنێکەوە وتی:

- کە من چا لێدەنێت، من چا لێدەنێت. دەردی دایە گرۆگنی[125] پیر دەیوت. ئێ کە منیش ئاو دروست دەکات، من ئاو دروست دەکات.

هاینس وتی:

- پەکو! ئەمە چایە.

بەک مەڵیگن لەسەر داپاچین و مەراییەکەی خۆی بەردەوام بوو:

- دایە گرۆگن دەڵێت: «منیش هەر ئاوها دەکەم کاهیل خان[126]». کاهیل خانیش دەڵێت: «بەخودا، خانم، خودا بۆت بنێرێت تۆ هەردووکیان مەخەرە ناو یەک قۆرییەوە[127]».

پارچە نانێکی ئەستوور، کە بە نووکی چەقۆکەیەوە چەقیبوو، بە نۆرە بە گژ هاوخوانەکانیدا وەشاندی. زۆر سەنگینانە وتی:

- ئەوە فۆلکلۆرە[128]، هاینس، بۆ پەڕتووکەکەت. پێنج دێڕ نووسین و دە لاپەڕە تێبینی لەسەر فۆلکلۆر و ماسییەخوداکانی دوندرەم[129]. خوشکە سەیروسەمەرەکان ساڵی ڕەشەبا زۆرەکە لە چاپیان داوە[130].

ڕووی کردە ستیفن و برۆی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی زۆر پەشۆکاوەوە پرسیی:

- وەک بیرت بێت برا، قۆریی چا و ئاوەکەی دایە گرۆگن لە *ماینۆگییەن*دا[131] باس کراوە یان لە ئوپانیشادەکاندا[132]؟

ستیفن سەنگینانە وتی:

- باوەڕ ناکەم.

بەک مەڵیگن بە هەمان تۆنەوە وتی:

- بە ڕاست؟ ئەرک نەبێت، بۆچی؟

ستیفن بە دەم خواردنەوە وتی:

- وا بزانم نە لە ناو و نە لە دەرەوەی *ماینۆگییەن*دا بوونی نەبوو. وا وێنا دەکرێت کە دایە گرۆگن خزمی ماری ئان بووبێت.

ڕوخساری بەک مەڵیگن بە گەشی بزەیەکی کرد. ددانە سپییەکانی دەردەخست و بە خۆشییەوە چاوی دەتروکاند. بە دەنگێکی دلێر و شیرینەوە وتی:

- دڵفرێنە! پێت وایە خزمن؟ بە ڕاستی دڵفرێنە!

پاشان لەناکاو تەواوی ڕوخساری خۆی پەست کرد، کە دیسان کولێرەکەی بە سەختی داپاچی، بە دەنگێکی کەرخی ناسازەوە مڕاندی:

*- چونکە باجی ماری ئان*
*ژێرکراسەکەی هەڵدەکا*
*دەربەست نایە و بە پێوە*

*لەسەر جادە میز دەکا*[133].

دەمی لە پارووی برژاوەکە ئاخنی و ملچاندی و لەوچاندی.

بەردەرگاکە بە شێوەیەکی خۆبەژوورداکەر تاریک بوو.

- شیرەکەیە، کاکە!

مەڵیگن وتی:

- وەرە ژوورەوە خانم. کینچ دۆلکەکە بهێنە.

پیرەژنێک هاتە پێشەوە و لای ئانیشکی ستیفنەوە وەستا. وتی:

- بەیانییەکی دڵگیرە، کاکە. شکۆمەندی بۆ خودا بێت.

مەڵیگن تەماشای کرد و وتی:

- بۆ کێ؟ ئەها، تەنها ویستم دڵنیا ببمەوە!

ستیفن لایکردەوە و دۆلکەی شیرەکەی لە دۆڵابەکەدا دەرهێنا. مەڵیگن سەرپێییانە بە هاینسی وت:

- دوورگەنشینەکان زووزوو باسی کۆکەرەوەی چووک[134] دەکەن.

پیرەژنەکە پرسیی:

- چەندێک، کاکە؟

ستیفن وتی:

- چارەکە گاڵۆنێک.

سەرنجی دا چۆن شیرە سپییە تێرەکە دەخاتە دەفرێکی پێوانەوە و لەوێشەوە بۆ ناو دۆلکەکە، شیری خۆی نا. گۆمەمکی پیری کرژبوو. دیسان بڕێکی دیاریکراو و پیچێک زیاتری خستە دەفرەکەوە. پیر و پەنهانی، لە جیهانێکی گزنگەوە هاتە ژوورەوە، ڕەنگە پێغەمبەرێک بێت[135]. کە شیرەکەی دەڕشتە دۆلکەکەوە، بە باشییەکەیدا هەڵیدەدا. بەرەبەیان لە کێڵگە سەوزەکەدا خۆی بۆ مانگایەکی ئۆقرەگرتوو هەڵتروشکاندووە، جادووگەرێک بەسەر قارچکە ژەهراوییەکەیەوە، پەنجە لۆچاوییە خێراکانی بە گوانە فیچقەکەرەکانەوە. وڵاخی بە شەونمی ئاوریشمین داپۆشراو لە دەوری دەیانبۆڕاند چونکە دەیانناسی. ئاوریشمی ڕەشەوڵاخ و پیرەژنە بەستەزمانەکە[136]، ئەو ناوانەن لە کۆندا وای پێ وتراوە. پیرەژنێکی شندۆکی[137] هەڵوەدا، ملکەچترین چەشنی نەپاوێک[138] خزمەتی داگیرکەرەکەی و خیانەتکارە بێباکەکەی دەکات، مێردحیزەکەی هەردووکیان[139]، پەیامبەرێک لە گزنگە نهێنییەکەوە. نەیزانی و دڵنیا نەبوو کە ئایا بۆ خزمەتکردن هاتووە یان بۆ سەرزەنشت: بەڵام شەرمی کرد لێی بپرسێت[140].

بەک مەڵیگن شیری خستە کووپەکانیانەوە. وتی:

- بێگومان وایە خانم.

پیرەژنەکە وتی:

- تامی بکە، کاکە.

لەسەر فەرمانەکەی ئەو خواردیەوە. تا ڕادەیەک بە دەنگێکی بەرز، بە ژنەکەی وت:

- ئەگەر هەر لەسەر خواردنی ئاوها باش بژیاینایە، وڵاتەکەمان پڕ نەدەبوو لە ددانی ڕزیو و هەناوی ڕزیو. لە گەناو و زۆنگاودا دەژین، خواردنی هەرزان دەخۆن و شەقامەکانیش بە تۆز و تەپاڵە و بەڵغەمی سیلاوییەکان ڕووپۆش کراون.

پیرەژنەکە پرسیی:

- کاکە، جەنابت خوێندکاری پزیشکیت؟

بەک مەڵیگن وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، خانم.

پیرەژنەکە وتی:

- ئەها، دیارە.

ستیفن بە بێدەنگییەکی بەسووکبینینەوە گوێی گرت. سەرە پیرەکەی بۆ دەنگێک دادەنەوێنێت کە بە دەنگزلییەوە لەگەڵیدا قسە دەکات، بۆ کرکییەکەی[141]، بۆ پیاوە پزیشکەکەی: من بە هیچ دانانێت. بۆ ئەو دەنگەی هەزەخی تۆبەکردنی بۆ دەکات و هەموو گیانی، جگە لە ناوگەڵی گڵاوی ژنانەی، بۆ ناو گۆڕ چەور دەکات، نێچیرەکەی ماری ژەهراوی لە گۆشتی پیاو دروست بووە، نەک هاوشێوەی خودا[142]. بۆ ئەو دەنگە زلەش کە ئێستا بە چاوە تاساوە ناجێگیرەکەیەوە فەرمانی پێ دەدات بێدەنگ بێت.

ستیفن لە پیرەژنەکەی پرسیی:

- تێدەگەیت چی دەڵێیت؟

پیرەژنەکە بە هاینسی وت:

- ئەوە فەڕەنسییە کە جەنابت قسەی پێ دەکەیت، کاکە؟

هاینس دیسان وتەیەکی درێژتری پێی وت، بە متمانەوە.

بەک مەڵیگن وتی:

- ئایرییە، گیلی[143] دەزانیت؟

پیرەژنەکە وتی:

- بە دەنگەکەیدا بۆی چووم ئایری بێت. کاکە، تۆ خەڵکی خۆرئاوایت[144]؟

هاینس وەڵامی دایەوە:

- من ئینگلم.

بەک مەڵیگن وتی:

- ئینگلە و پێی وایە کە دەبێت ئێمە لە ئایرلاندا[145] بە زمانی ئایری بدوێین.

پیرەژنەکە وتی:

- بێگومان، دەبوو وا بووینایە، شەرمەزارم کە خۆم ناتوانم بە زمانەکە بدوێم. ئەوانەی دەزانن پێیان وتووم کە زمانێکی مەزنە.

بەک مەڵیگن وتی:

- پێی ناوترێت مەزن، بەڵکو تەواو ناوازەیە. کینچ، تۆزێک چای ترمان بۆ تێبکە. خانم، کووپێکمان لەگەڵ ناخۆیتەوە؟

پیرەژنەکە لەسەر ڕۆیشتن بوو، ئەڵقەی قتووە شیرەکەی لە باسکی دەترازاند، وتی:

- نا، کاکە، زۆر سوپاس.

هاینس پێی وت:

- پسووڵەت پێیە؟ باشتر وایە پارەی بدەینێ، وا نییە مەڵیگن؟

ستیفن دیسان سێ کووپەکەی پڕ کردەوە.

پیرەژنەکە هەر بە ڕاوەستاوی وتی:

- پسووڵە دەڵێیت، کاکە؟ باشە، ئەوە حەوت بەیانی نیو چارەکە گاڵۆن بە دوو پنس ئەوە حەوت دوو پنسی شڵنگێک و دوو پنس دەکات و ئەم سێ بەیانییەش چارەکە گاڵۆنێک بە چوار پنس سێ چارەک شڵنگێک. دەکاتە شڵنگێک و یەک و دوو دەکاتە دوو شڵنگ و دوو پنس، قوربان.

بەک مەڵیگن ئاهێکی هەڵکێشا و، کە دەمی لە نانەڕەقەیەک پڕ کرد کە هەردوو دیوەکەی بە ئەستووری کەراوی کردبوو، پێی بەرەو پێش درێژ کرد و گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی گەڕا.

هاینس بە زەردەخەنەوە پێی وت:

- شاباشی خۆت بدە و قنج هەڵپەڕە.

ستیفن کووپی سێیەمی پڕ کرد، کەوچکێک چا ڕەنگی سپیی تێری شیرەکەی شلوێ دەکرد. بەک مەڵیگن فلۆرینێکی دەرهێنا و لە دەستیدا بە بازنەیی خولاندیەوە و هاواری کرد:

- پەرجووە[146]!

بەسەر مێزەکەدا خشاندیە بەردەم پیرەژنەکە، دەیوت:

- *هیچی ترم لێ مەخوازە، گوڵم،*
*ئەوەی من هەمبێ هەمووت دەدەمێ*[147].

ستیفن پارەکەی خستە ناو دەستە ناپەرۆشەکانی پیرەژنەکەوە. وتی:

- دوو پنس قەرزار دەبین.

پیرەژنەکە کە پارەکەی وەرگرت، وتی:

- کات زۆرە کاکە. کات زۆرە. ڕۆژێکی خۆش، کاکە.

کرنۆشێکی ڕێزی بۆ بردن و چووە دەرەوە، بە دوایدا گۆرانییە ناسکەکەی بەک مەڵیگن هات:

- *دڵی دڵم، گەر زیاترم هەبێ*
*لە بەر پێکانتا هەمووی ڕۆ دەکەم*[148].

ڕووی کردە ستیفن و وتی:

- بە ڕاستمە دێدالۆس. قلووچ بووم. ڕاکە بە لای ئەو شاباشی قوتابخانەیەتەوە و شتێک پارەمان بۆ بهێنەوە. دەبێت ئەمڕۆ هەڵبەستوانەکان بخۆنەوە و سەیران بگێڕن. ئایرلاند چاوەڕێیە هەموو پیاوێک لەمڕۆدا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات[149].

هاینس هەڵستا و وتی:

- ئەوە بیری ئەوەی خستمەوە کە دەبێت ئەمڕۆ سەردانی پەڕتووکخانەی نیشتمانییەکەتان[150] بکەم.

بەک مەڵیگن وتی:

- جارێ یەکەم شت، مەلەکەمان.

ڕووی کردە ستیفن و هێدییانە پرسیی:

- کینچ، ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشوشتنەکەتە لە مانگەکەدا؟

پاشان بە هاینسی وت:

- هەڵبەستوانە ناخاوێنەکە مەبەستێکی هەیە کە مانگی جارێک خۆی دەشوات.

ستیفن هەنگوینەکەی شۆڕ دەکردەوە تا دابدڵۆپێتە سەر لەتێک کولێرە. وتی:

- هەموو ئایرلاند بە تەوژمی کەنداوەکە شۆراون[151].

هاینس لەو سووچەوە کە لەوێ ملپێچێکی بە شلی بەسەر یەخەی تیشێرتی تێنسەکەیەوە گرێ دەدا، وتی:

- ئەگەر ڕێم بدەیت، نیازم وایە شارایەک لە وتەکانت کۆ بکەمەوە.

لەگەڵمدا دەدوێت. خۆیان دەشۆن و بانوێ دەکەن و دەست لە خۆیان دەدەن. ئەگنبایت ئۆف ئینویت[152]. دەروون. هێشتا ئەم لەکەیە ماوە[153].

- ئەوەیان لە بارەی درزی ئاوێنەی خزمەتکارەکە کە هێمایە بۆ هونەری ئایری بێئەندازە جوانە.

بەک مەڵیگن لە ژێر مێزەکەوە شەقێکی لە پێی ستیفن هەڵدا و بە تۆنێکی گەرموگوڕەوە وتی:

- هاینس، جا تۆ بوەستە تا باسی هاملێتت[154] بۆ دەکات.

هاینس هێشتا بۆ ستیفن دەدوا، وتی:

- بە ڕاستمە. تا ئەو ئافەریدە پیرە داماوەش هاتە ژوورەوە هێشتا من هەر بیرم لێی دەکردەوە.

ستیفن پرسیی:

- پارەی پێ پەیدا دەکەم؟

هاینس پێکەنی و، کە شەبقە تەنکە بۆرەکەی بە گیرەی هەلۆرکەکەوە لێکردەوە، وتی:

- بە ڕاستی نازانم.

بە شێنەیی بەرەو پێش دەرگاکە ڕۆیشت. بەک مەڵیگن لایکردەوە بۆ ستیفن و بە کەرترپییەکی توندەوە وتی:

- تازە سمتی[i] تێ دەخەیت. ئەوە بۆچی وات وت؟

ستیفن وتی:

- ئێ؟ کێشەکە ئەوەیە پارە پەیدا بکەین. لە کێ؟ لە ژنە شیرفرۆشەکە یان لەم. وا بزانم ئەمیان نەیگرێت ئەویان دەیگرێت.

---

[i] **سم:** مەبەست بنەئێسکی کۆتایی قاچی هەندێک گیاندارە، وەک سمی گا، سمی ئەسپ. **~ن.م.**

بەک مەڵیگن وتی:

- من فووت تێدەکەم لای ئەو[155]، کەچی جەنابیشت بەم خێسە پیسکەییە و ئەو پلارە پەشوعییە شوومەتەوە دێیت.

ستیفن وتی:

- هیوایەکی کەم دەبینم، چ لە پیرەژنەکە، چ لەم.

بەک مەڵیگن بە حەسرەتەوە ئاهێکی هەڵکێشا و دەستی خستە سەر قۆڵی ستیفن. وتی:

- لە منەوە، کینچ.

بە تۆنێکی لەپڕ گۆڕاوەوە ئەمەی تریشی وت:

- بۆ ئەوەی ڕاستیی ڕاستانت پێ بڵێم، وا بزانم ڕاست دەکەیت. لە خێریان بەم. بۆچی تۆش وەک من یارییان پێ ناکەیت؟ هەر هەموویان بە دۆزەخ. با لەم قەحبەخانەیە دەربچین.

هەڵستایە سەر پێ، سەنگینانە پشتێنەکەی کردەوە و کەواکەی داکەند، سەرکزانە دەیوت:

- کەواکە لە بەری مەڵیگندا داکەنرا[156].

گیرفانەکانی بەتاڵ کردە سەر مێزەکە. وتی:

- ئەوە چڵمسڕەکەتە.

پاشان یەخە ڕەپەکەی لە مل کرد و بۆینباخە شۆڕشگێڕانەکەی بەست، قسەی بۆیان دەکرد، سەرزەنشتی دەکردن، پاشان بۆ زریزەی کاتژمێرە جۆلانێکەرەکەی باخەڵی. دەستەکانی خستە گیرفانەکانیەوە و دەیپشکنین و هاوکات بانگی دەستسڕێکی پاکی کرد. ئای خودایە، دەبێت ڕێکوپەوان جلی کارەکتەرەکەمان بپۆشین. دەستکێشی بلاڵووکی و پووتی سەوزم[157] دەوێت. دژیەکی. ئایا وتەکانم لەگەڵ یەکتردا دژیەکن؟ زۆر چاکە، با دژیەک بن[158]. مەلاخیی مێرکوری-ئاسا[159]. مووشەکێکی ڕەشی شل لە دەستە قسەکەرەکانیەوە پەڕی. وتی:

- ها، ئەوەش شەبقە لاتینییەکەتە[160].

ستیفن هەڵیگرتەوە و لە سەری کرد. هاینس لە بەردەرگاکەوە بانگی کردن:

- ئەرێ برادەران، نایەن؟

بەک مەڵیگن بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشت و وەڵامی دایەوە:

- من ئامادەم. وەرە دەرەوە، کینچ. وا بزانم هەموو بەرماوەکەمانت خوارد.

سەرکزانە چووە دەرەوە و بە ڕەوت و قسەکردنێکی سەنگینەوە، تا ڕادەیەک بە پەژارەوە وتی:

- ئیتر چووە دەرەوە و بۆ کون گریا[161].

ستیفن کە گالۆکەکەی[162] لە شوێنی پاڵدانەوەکەیدا هەڵگرت و بۆ دەرەوە دوایان کەوت و، کە ئەوان بە پلیکانەکاندا داگەڕان، ئەم دەرگا خاوە ئاسنەکەی ڕاکێشا و کلیلی دا. کلیلە قەبەکەی خستە گیرفانی ناوەوە.

بەک مەڵیگن لە دامێنی پلیکانەکاندا پرسیی:

- کلیلەکەت هێنا؟

ستیفن کە بەدوایاندا داگەڕا، وتی:

- پێمە.

پێشکەوت. لە پشتیەوە گوێی لە بەک مەڵیگن بوو خاولییە قورسەکەی بە قەدی هاتووەپێشی فرەپێ[163] و لاسکەگیاکاندا دەماڵی.

- بسرەوە هەی سەگ! چۆن دەوێریت وا بکەیت!

هاینس پرسیی:

- کرێی ئەم قەڵایە دەدەن؟

بەک مەڵیگن وتی:

- دوازدە کوید[164].

ستیفن بەسەر شانیەوە وتی:

- بە وەزیری جەنگ[165].

ڕاوەستان و هاینس چاوی بە قەڵاکەدا گێڕا و دواجار وتی:

- لام وا بێت، لە زستاندا کەمێک ڕووتەنە. ناوی مارتێللۆیە[166]؟

بەک مەڵیگن وتی:

- بیڵی پیت[167] ئەو سەردەمە بە کردی داون کە فەڕەنسییەکان بەسەر دەریاکەوە بوون[168]. بەڵام ئەوەی خۆمان *ئۆمفالۆس*ەکەیە[169].

هاینس لە ستیفنی پرسیی:

- بۆچوونت لەسەر هاملێت چییە؟

بەک مەڵیگن بە ناسۆرەوە هاواری کرد:

- نا، نا. من لەگەڵ تۆماسی ئەکوینۆیی[170] و ئەو پەنجا و پێنج بەڵگەیەی[171] وەک بنەما هێناونی چوونیەک نیم. جارێ پەلە مەکە تا تۆزێک دەخۆمەوە، ئینجا.

کە نووکی یەلەگە گوڵەتووتیاییەکەی[172] ڕێکوپێکانە دادەکێشا، ڕووی کردە ستیفن و دەیوت:

- کینچ، بە سێ پەرداخیش نەتتوانی بیکەیت، ها؟

ستیفن شەکەتانە وتی:

- دەمێکە چاوەڕێی کردووە، دەتوانێت زیاتریش چاوەڕێ بکات.

هاینس ڕووخۆشانە وتی:

- زانینخوازیم دەورووژێنیت. کۆمەڵێک دژوازیین؟

بەک مەڵیگن وتی:

- پەح! ئێمە وایلد و دژوازییمان[173] تێپەڕاندووە. زۆر ئاسانە. بە جەبر دەیسەلمێنێت کە کوڕەزاکەی هاملێت باپیری شێکسپیرە و خودی خۆیشی سەهویری باوکی خۆیەتی.

هاینس کەوتە دەستڕاکێشان بۆ ستیفن و وتی:

- چی؟ خودی خۆی؟

بەک مەڵیگن خاولییەکەی وەک شانپۆشی قەشە بە دەوری ملیدا ماڵی و، کە لە پێکەنینێکی ڕکێفنەکراودا نوشتایەوە، بە گوێی ستیفندا وتی:

- ئەی تاپۆی کینچی گەورە! گەڕانی یافەت بە دوای باوکێکدا![174]

ستیفن بە هاینسی وت:

- ئێمە هەمیشە لە بەیانیاندا ماندووین، ئینجا تۆزێک درێژیشە بۆ گێڕانەوە.

بەک مەڵیگن کە دیسان بەرەو پێش ڕۆیشت، دەستەکانی بەرز کردەوە. وتی:

- تەنها خواردنەوە پیرۆزەکە دەتوانێت زمانی دێدالۆس ئاوەڵا بکات.

کە بە دوایدا ڕۆیشتن، هاینس بۆ ستیفنی ڕوون کردەوە کە:

- مەبەستم ئەوەیە، ئەم قەڵایە و ئەم کەندەڵانانە تا ڕادەیەک بیری ئێلسینۆرم دەخەنەوە. *کە تا نێو دەریاکە بەسەر بنکەکەیاندا دەرپەڕیون*[175]، وا نییە؟

بەک مەڵیگن لەناکاو بۆ ساتێک ئاوڕی دایەوە بۆ ستیفن بەڵام هیچی نەوت. لە ساتە بێدەنگە ڕۆشنەکەدا، ستیفن وێنەی خۆی لە پۆشاکی پرسەبارێتییە هەرزانبەها خۆڵاوییەکەی خۆیدا بینی بە بەراورد لەگەڵ پۆشاکە ئالۆوالاکانی ئەواندا.

هاینس دووبارە ڕایوەستاندن. وتی:

- چیرۆکێکی ناوازەیە.

چاوەکان، بزرکاو وەک ئەو دەریایەی با سەرلەنوێ بزرکاوتر و جێگیرتر و دووربینتری کردەوە. فەرمانڕەواکەی دەریاکان[176]، بەسەر کەنداوەکەدا بەرەو باشوور ڕوانی، جگە لە باقەدووکەڵی کەشتییە نامەبەرەکە[177] کە شلوێیانە بەسەر ئاسۆوە دیار بوو، لەگەڵ باکەشتییەکیش کە بەرەو مەگڵین[178] تەقەڵی لێدەدا، چۆڵوهۆڵ بوو.

بە داڵغەوە وتی:

- لە شوێنێکدا لێکدانەوەیەکی یەزداناسیم لەسەری خوێندەوە. بیرۆکەی باوک و کوڕەکە. کوڕەکە هەوڵ دەدات لەگەڵ باوکەکەدا بسازێت[179].

بەک مەڵیگن دەستبەجێ ڕوخساری بزەیەکی فراوانی شادیی پۆشی. تەماشای کردن، دەمە ڕندەکەی بە دڵخۆشییەوە کرابووەوە، چاوەکانیشی، کە لەناکاو هەموو هەستێکی ژیرانەی لێی کشاندەوە، بە شادییەکی شێتانەوە دەترووکان. بووکەشووشانە سەری بە ئەمسەر و ئەوسەردا جووڵاند، لێواری شەبقە پەنەماییەکەی دەلەرییەوە، ئینجا بە دەنگێکی زۆر شاد و گەمژانەوە کەوتە گۆرانیبێژان:

*- چیرۆکی من گەلێ سەیرە[180].*
*دایکم جووە[181] و بابم تەیرە[182].*
*لەگەڵ یوسفی دارتاشدا[183] ڕێکناکەوین.*
*بە خۆشیتان ئەی مرید و بینەرانی لەخاچدانم.*

دۆشاومژەیەکی بۆ ئاگادارکردنەوە بەرز کردەوە.

*- ئەوی لای وا بێ پیرۆز نیم*
*شەرابی خۆڕایی ناخوا کە وام کرد ئاو بە شەراب بێ[184]*
*دەبێ خواخوای قومێک ئاو بێ بێ ئەوەی میزی لە ناو بێ*
*کە وا دەکەم دووبارە شەراب بە ئاو بێ.*

بە خێرایی گاڵۆکەکەی ستیفنی بۆ ماڵئاوایی ڕاوەشاند و، کە ڕایکردە سەر برۆی کەندەڵانەکە، دەستەکانی بە پەنای خۆیدا وەک پەڕەکەی ماسی یان باڵی شتێک کە خەریکە بە هەوادا بفڕێت شەکاندەوە، ئینجا گۆرانیی بێژا:

*- ماڵئاوا ئێستا ماڵئاوا! ئەوەی وتم بینووسنەوە*
*بە گەجەڕوگوجەڕ بڵێن بە مردوویی هەڵستامەوە.*
*ناتوانێ لە باڵم بخا ئەوەی لە ئێسقانمیان داوە*
*ئەوەش سروەی کێوی زەیتوون[185]... ماڵئاوا دەی سا ماڵئاوا!*

لە بەردەمیانەوە بۆ دامێنەکە بەرەو چاڵی فۆرتیفووت[186] بە هەڵبەزینەوە دابەزی، دەستە باڵئاساکەی دەشەکاندەوە، چالاکانە قەڵەمبازی دەدا، کڵاوەکەی مێرکوری[187] لەو هەوا سازگارەدا دەلەرییەوە کە قریوەکانی مەڵیگنی بۆیان دەگەڕاندەوە کە وەک هی باڵندە خۆشنەوا بوون.

هاینس، کە بە پارێزەوە پێدەکەنی، بە تەنیشت ستیفندا ڕۆیشت و وتی:

- پێم وا بێت نابێت پێبکەنین. ئەو کەمێک کفرکەرە. دەبێت بڵێم کە خۆ ئەوە نەبێت خۆیشم باوەڕدارم بم. بەڵام قۆشمەییەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان زیانەکەی لێ دەردەهێنێت، وا نییە؟ پێی وت چی؟ یوسفی دارتاش؟

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- هەڵبەستی عیسای[188] گاڵتەچی.

هاینس وتی:

- ئەها، پێشتر بیستووتە؟

ستیفن ساردوسڕانە وتی:

- ڕۆژی سێ جار، دوای نانخواردن.

هاینس پرسیی:

- تۆ باوەڕدار نیت، وا نییە؟ مەبەستم باوەڕدار بە واتای تەسکی وشەکە. ئافراندن لە نەبوونەوە[189] و پەرجوو[190] و خودای تاکەکەسی[191].

ستیفن وتی:

- پێم وایە، وشەکە تەنها یەک واتای هەیە.

هاینس وەستا قتووێکی زیوینی لووس لە گیرفانیدا دەربهێنێت کە بەردێکی سەوز تیایدا بریسکایەوە[192]. کەڵەموستی پیایدا نا و کردیەوە و پێشکەشی کرد. ستیفن جگەرەیەکی دەردەهێنا و وتی:

- سوپاس.

هاینس خۆیشی جگەرەیەکی دەرهێنا و قتووەکەی داخستەوە. خستیەوە ناو لاگیرفانیەوە و لە گیرفانی یەلەگەکەیەوە قتووێکی نیکڵی بەردەئەستێی دەرهێنا، ئەویشی بە دوگمەکەی کردەوە، ئینجا، کە جگەرەکەی خۆی داگیرساند، پووشووە داگیرساوەکەی لە قاوغی دەستەکانیدا بەرەو ستیفن ڕاگرت. کە دیسان کەوتنەوە ڕێ، وتی:

- بەڵێ، بێگومان. یان باوەڕداریت یان نا، وانا؟ خودی خۆم ئەو بیرۆکەی خودای تاکەکەسییەم پێ هەرس نەکراوە. تۆش باوەڕت پێی نییە، وا نییە؟

ستیفن بە زیزییەکی مڕومۆچانەوە وتی:

- تۆ نموونەیەکی ترسناکی بیری ئازاد[193] لە مندا دەبینیت.

لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو، چاوەڕێی دەکرد قسەی لەگەڵدا بکرێت، گاڵۆکەکەی بە تەنیشتیدا ڕادەکێشا. بنکی گاڵۆکەکە بە ئاسانی بەسەر ڕێچکەکەدا دوای کەوت، لای پاژنەیەوە جیقەجیقی دەکرد. هۆگرە گیانییەکەم[194]، بە دوامدا، بانگ دەکات، ستیییییییییفن! هێڵێکی لەتریو بە درێژایی ڕێچکەکە. ئەمشەو بەسەریدا دەڕۆن، کە بە تاریکی دێنە ئێرە. ئەو کلیلەی دەوێت. هی منە. من کرێکەم دا. ئێستاش نانە سوێرەکەی ئەو دەخۆم[195]. کلیلەکەشی بدەیە. هەمووی. داوای دەکات. لە چاویدا دیار بوو. هاینس دەستی پێ کرد:

- هەر چۆنێک بێت...

ستیفن ئاوڕی دایەوە و بینی کە ئەو نیگا ساردەی ئەمی هەڵدەسەنگاند ئێجگار ئەوەندە بێبەزەیی نەبوو.

- دواجار، پێویستە پێم وا بێت کە تۆ دەتوانیت خۆت ئازاد بکەیت. تۆ خۆت سەروەری خۆتیت، من وا دەبینم[196].

ستیفن وتی:

- من خزمەتکاری دوو سەروەرم[197]، ئینگلێک و ئیتالییەک.

هاینس وتی:

- ئیتالی؟

شایەکی شێت[198]، پیر و ئیرەبەر. لە بەردەممدا کڕنۆش ببە.

ستیفن وتی:

- سێیەمێکیش، یەکێکە کە منی بۆ کاری سەیروسەمەرە دەوێت.

هاینس دووبارە وتی:

- ئیتالی؟ مەبەستت چییە؟

ستیفن ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا، وەڵامی دایەوە:

- دەوڵەتی ئیمپریالیی بەریتانی و کڵێسای[199] کاسۆلیکی ڕۆمیی ڕانێریی[200] پیرۆز.

هاینس پێش ئەوەی بدوێت هەندێک ڕیشاڵی تووتنی لە لچی لێکردەوە. بە هێمنی وتی:

- دەتوانم تەواو لەوە تێبگەم. دەوێرم بڵێم، ئایرێک هەر دەبێت وا بیر بکاتەوە. ئێمە لە ئینگلتەرا وا هەست دەکەین کە تا ڕادەیەک ناڕەوایانە لەگەڵتاندا مامەڵەمان کردووە. وا دیارە دەبێت مێژوو سەرزەنشت بکرێت.

ناونیشانە شاناز و بەزەبرەکان ئاهەنگی سەرکەوتنی زەنگی مسینیانی لە یادی ستیفندا زرنگاندەوە: *ئێت ئونام سانکتام کاثۆلیکام ئێت ئەپۆستۆلیکام ئێکلێسزیام*[201]: گەشەکردنە خاوەکە و گۆڕانکاری لە سرووت و دۆگماکەدا[202] وەک خەیاڵە دانسقەکەی خۆی، کیمیاکەی ئەستێرەکانە[203]. هێمای ڕانێران[204] لە ماسەکەی پاپا مارسێلۆسدا[205]، دەنگەکان ئاوێتە بوون، بە تەنیاش بۆ دووپاتکردنەوە بە دەنگی بەرز گۆرانی دەبێژن: لە پشت سروودە دینییەکەشیانەوە فریشتە وریاکەی کڵێسای سەربازی سەرۆکجیاگرەکانی[206] بێچەک کردووە و هەڕەشەی لێیان کردووە[207]. سوپایەک لە جیاگران بە مایترە[208] لارەکانیانەوە هەڵدێن: فۆتیوس[209] و نەوەی گاڵتەجاڕەکان[210] کە مەڵیگن یەکێک بووە لەوان، ئاریوسیش[211]، لەسەر هاوکرۆکیی کوڕ و باوکەکە[212] بە درێژایی ژیانی دەجەنگێت، ڤالەنتینۆسیش[213]، بە قێزەوە لاشەی زەمینیی مەسیح ڕەت دەکاتەوە، سابێلیوسی[214]جیاگرە زۆرزانە ئەفریقاییەکەش کە پێی وا بوو باوکەکە خودی کوڕەکە خۆیەتی. ئەو قسانەی کە مەڵیگن کەمێک پێشتر بە گاڵتەجاڕی بە بێگانەکەی[215] وت. گاڵتەجاڕیی پووچ[216]. بێگومان مایەپووچی چاوەڕێی هەموو ئەوانە دەکات کە با دەتەنن[217]: هەڕەشەیەک، چەکداماڵین و بەزاندنێک لە لایەن ئەو فریشتە سەنگەرگرتووانەی کڵێساوە، لەشکرەکەی میکائیل[218]، کە هەمیشە لە کاتژمێری ناکۆکیدا بە نێزە و قەڵغانەکانیانەوە کڵێسا دەپارێزن.

ببیستن، ببیستن! چەپڵەڕێزانی درێژخایەن. زوت*!* نۆم دو دیۆ*!*[219]

دەنگی هاینس وتی:

- بێگومان من بەریتانیم، هەستیشم هەر بەریتانییە. نامەوێت وڵاتەکەم ببینم بکەوێتە ژێر دەستی جووە ئەڵمانییەکانیشەوە[220]. پێم وا بێت، ئێستانان ئەوە کێشەی نەتەوایەتیمانە.

دوو پیاو لەسەر لێواری کەندەڵانەکە وەستان، تەماشایان دەکرد: بازرگان و بەلەموانێک.

- بەرەو بەندەری بولۆک[221] دەچێت.

بەلەموانەکە بە کەمێک قێزەوە بەرەو باکووری کەنداوەکە سەری لەقاند. وتی:

- لەوێوە قووڵاییەکەی پێنج قەدە[222]. کە نزیکی کاتژمێر یەک کێشاوەکە دێت[223] بەرەو ئەوێوە ڕایدەماڵێت. ئەمڕۆ نۆ ڕۆژە[224].

ئەو پیاوەی خنکا. باکەشتییەک بە کەنداوە چۆڵەکەدا دەسووڕایەوە و چاوەڕێی تۆپەڵێکی هەڵئاوساوی دەکرد دەربپەڕێت، دەموچاوێکی پفکردوو بەرەو خۆر خول دەخواتەوە، سپی وەک خوێ. ئەمەتام.

بە دوای ڕێچکە پێچاوپێچەکەدا تا جۆگەلەکە داگەڕان. بەک مەڵیگن لەسەر بەردێک ڕاوەستا، بە کراسە بێ چاکەتەکەی بەریەوە، بۆینباخە گیرنەکراوەکەی بەسەر شانیدا دەشەکایەوە. کوڕێکی گەنج دەستی گرت بە سنگەی بەردێکی نزیک ئەوەوە، پێ سەوزەکانی لە دەڵەمە قووڵەکەی ئاوەکەدا بۆقئاسا بە خاوی جووڵاند.

- مەلاخی، ئەرێ ئەو برایە لای تۆیە؟

- لای بانەنەکانە. لە وێستمیث[225].

- هێشتا لەوێیە؟ کارتێکم لە بانەنەوە[226] پێ گەیشتووە. دەڵێت لەوێ شتێکی گەنجی ناسکی دۆزیوەتەوە. پێی دەڵێت کچی فۆتۆ.

- چرکاندنی خێرا، ها؟ نانەبەری[227] کورت.

بەک مەڵیگن دانیشت بۆ ئەوەی قەیتانی پووتەکانی بکاتەوە. پیاوێکی بەساڵاچوو نزیک سنگەی بەردەکەوە دەموچاوێکی سووری داگیرساوی دەرخست. بە بەردەکاندا هەڵچنگا، ئاو بە سەر و گوڵبەندی قژە بۆرەکەیدا[228] دەبریسکایەوە، ئاو بەسەر سنگ و ورگیدا دەتکایەوە و فیچقە لە پەشتەماڵە داکەوتووە ڕەشەکەیەوە دەردەچۆڕا.

بەک مەڵیگن ڕێی بۆ کردەوە بە لایدا هەڵبچنگێت و، کە تەماشای هاینس و ستیفنی کرد، بە کەڵەموستی کە هێنای بە برۆ و لێو و چۆڵەمەیدا لەخوداترسانە خۆی خاچاند[229].

کوڕە گەنجەکە دیسان سنگەی بەردەکەی گرتەوە. وتی:

- سەیمۆر هاتووەتەوە ناوشار. وازی هێناوە لە پزیشکی و دەچێتە ناو سوپاوە.

بەک مەڵیگن وتی:

- ئاها! کوڕە شتی وا نابێت!

- حەفتەی داهاتوو دەچێت بۆ خۆڕەتاندن. ئەو کچە سوورفلە کارلایەڵییە دەناسیت، لیلی[230]؟

- بەڵێ.

- دوێشەو لەسەر لەنگەرگاکە لەگەڵیدا ڕامووساوە[231]. باوکی لە پارەدا گەنیوە.

- دووگیانی کردووە؟

- باشترە ئەوە لە سەیمۆر خۆی بپرسیت.

بەک مەڵیگن وتی:

- سەیمۆر، ئەفسەرێکی خوێنلێچۆڕاو!

کە پانتۆڵەکەی داکەند و هەڵستا سەری بۆ خۆی لەقاند، وەڕسکەرانە وتی:

- جووتە دەهاون ژنانی قژسوور کەڵەسوو ئاسا[232].

لەناکاو بە ئاگاوە وەستا، لە ژێر کراسە شەکاوەکەیەوە هەستی بە لاقەبرغەی خۆی کرد. هاواری کرد:

- دوازدەیەم پەراسووم نەماوە. من *ئوبەرمێنشم*[233]. من و کینچی بێددان سوپەرمانین.

کۆششی کرد کراسەکەی دابکەنێت فڕێی دایە دواوە بۆ ئەو شوێنەی جلەکانی لێبوو.

- مەلاخی، دێیتە ئێرەوە؟

- بەڵێ. لەسەر سیسەمەکە شوێنم بکەوە.

کوڕە گەنجەکە بەناو ئاوەکەدا خۆی دڕ دایە دواوە و بە دوو سەوڵی درێژی تەواو گەیشتە ناوەڕاستی جۆگەلەکە. هاینس لەسەر بەردێک دانیشت، جگەرەی دەکێشا. بەک مەڵیگن پرسیی:

- نایەیت؟

هاینس وتی:

- دواتر. بەسەر نانی بەیانییەکەمدا نا.

ستیفن ڕووی وەرگێڕا. وتی:

- من دەڕۆم، مەڵیگن.

بەک مەڵیگن وتی:

- ئەو کلیلەمان بدەیە، کینچ، با کراسەکەم دەقی تێکنەچێت.

ستیفن کلیلەکەی دایە دەستی. بەک مەڵیگن لەسەر جلە گردۆڵکەبووەکانی داینا. وتی:

- دوو پنسیش، بۆ خواردنەوە. هەڵیبدە ئەوێوە.

ستیفن دوو پنسی بۆ سەر گردۆڵکە نەرمەکە هەڵدا. پۆشین، داکەندن. بەک مەڵیگن قیت، لەبەردەمیدا دەستەکانی پێکەوە لێکنابوو، بە هەیبەتەوە وتی:

- ئەوەی دزی لە هەژاران دەکات، قەرز بە یەزدان دەدات[234]. زەردەشت وەها دووا.

لەشە خرپنەکەی ژێرئاو کەوت.

کە ستیفن بە ڕێچکەکەدا سەرکەوت، هاینس ئاوڕی دایەوە و بزەی بۆ ئایرە کێوییەکە[235] کرد و وتی:

- دووبارە دەتبینینەوە.

قۆچی گا، سمی ئەسپ، بزەی ساکسۆنی[236]. بەک مەڵیگن هاواری کرد:

- ذەشیپ[237]. دوازدە و نیو.

ستیفن وتی:

- باش.

بە ڕێچکە پێچبەرەوسەرەکەدا ڕۆیشت.

*لیلیاتا رووتیلانتیوم.*

*تورما سیرکومدێت.*

*یوبیلانتیوم تێ ڤیرجینوم*[238].

خەرمانە بۆرەکەی قەشەکە لە تاقچەیەکدا کە بە شاراوەیی جلی پۆشی[239]. ئەمشەو لێرە نانووم. ماڵەوەش هەر ناتوانم بڕۆم.

دەنگێک، خۆشنەوا و بەردەوام، لە دەریاکەوە بانگی کرد. کە لە پێچەکە پێچی کردەوە دەستی بۆی ڕاوەشاند. دیسان بانگی کرد. سەرێکی لووسی قاوەیی، هی فەکەیەک[240]، دوور بەسەر ئاوەکەوە، خڕ.

داگیرکەر[241].

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی یەکەم

[1] **ئولیس**: هۆمەر یان هۆمیرۆس، هۆنەری ناوداری گریکیی دێرین، بە نووسەری هەردووو بەیتی *ئیلیاس* (ئیلیاد) و *ئۆدیسە* دادەنرێت. *ئیلیاس* باسی جەنگی ترۆیا (تەڕوادە) دەکات، *ئۆدیسە*ش چیرۆکی گەڕانەوەی ئۆدیسێفس بۆ زێدی خۆی دەگێڕێتەوە، ئۆدیسێفس یەکێک بووە لە پاڵەوانەکانی گریکییەکان لە جەنگی ترۆیادا.
لە زمانە هیندۆ-ئەوروپاییەکاندا هەر لە کۆنەوە تا ئێستا پیتەکانی *ل* و د زۆر جاران لە بری یەک بە کار هاتوون و بە کار دێن، جگە لەوەی هێمای *ل* و د لە ڕێنووسی گریکیدا زۆر لە یەک دەچن، هەر بۆیە ناوەکە بە *ئۆدیسیۆس*، *ئۆلیسیۆس* دەبینین. لە زمانی گریکیشدا -*ۆس* یان -*وس* پاشگرێکە کە دوو کار دەکات، یەکەمیان: ئەوەیە کە دەچێتە سەر کۆتایی ناوی نێرینە، ئەگەرچی هەندێک جار دەشچێتە سەر ناوی مێینە، بەڵام زۆربەی جاران ناوی نێرینە دەسازێنێت، وەک *تیلێماخۆس، هۆمیرۆس*...تد.؛ دووەمیان: ئەوەیە کە ئاوەڵناو دەسازێنێت، وەک *ئۆمۆرفۆس* بە واتای *قۆز*، *میکرۆس* بە واتای *بچووک*. بۆیە ناوی *ئۆدیسێفس* بێ -*ۆس*ەکە و ناوگری –*ی*-، دەبێت بە *ئۆدیس*، یان *ئۆلیس*. کە ڕۆمییەکان گریک داگیر دەکەن و ئەم دوو بەیتە بە لاتینی دەنووسنەوە، ناوی *ئۆدیسێفس* بە تەواوەتی بە *ئولیکسیس* یان *ئولیسیس* دەناسرێت. مارکۆس فابیوس کوینتیلیان (٣٥-٩٥) لە بەشی چوارەمی بەرگی یەکەمی پەڕتووکە دانسقەکەیدا، کە ناوی *ئینستیتوتیۆ ئۆراتۆریا*یە، بە نموونە ئاماژە بە دوو گۆڕانی لاتینیی ناوی *ئودوسێوس* دەدات کە بە شێوەی زارەکییانەی لاتینی بووە بە *ئولوسێوس* یان *ئولیکسێس*. ناونیشانە ئینگلیییەکەش بە *Ulysses* دەنووسرێت و بە *یولیسیس* دەخوێنرێتەوە. پاشگری -*یس*ی کۆتایی لاتینییەکەش هەمان کاری -*ۆس*ی گریکی دەکات و بنجی وشەکە دەبێت بە *ئولیکس*، یان *ئۆلیکس*، یان *ئولیس*، یان *ئۆلیس*، دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرم، من *ئولیس*م هەڵبژارد، بەڵام بە گۆڕاوەکانی تریش هەر دەشێت ڕاست بن، تا ئەم دواییانەش هەر *یولیسیس*م هەڵبژاردبوو، بەڵام با ببێت بە *ئولیس*. بۆ زانیاریی زیاتر، وتارێکم بە ناونیشانی *یولیسیس یان ئولیس* نووسیوە و لە ماڵپەڕەکەم www.nawa.net بڵاوم کردووەتەوە و بە دەنگی خۆیشم خوێندوومەتەوە و تۆمارم کردووە و لە یوتیوبەکەم بڵاوم کردووەتەوە، دەتوانیت گوێی لێ بگریت، یان بیخوێنیتەوە. من لەبەر ئەم هۆیانە «ئولیس»م هەڵبژارد: ١. ویستم لەگەڵ هەندێک لە نووسەر و وەرگێڕەکانی پێش خۆمدا خۆم بگونجێنم، وەک ع.ح.ب. (موحەمەد حسێن بەرزنجی) کە *ئۆدیسە*ی هۆمیرۆسی وەرگێڕاوە و بە «ئولیس» دایناوە.

٢. تا پیتی کەمتر بێت بۆ بیرهاتنەوە ئاسانترە و بۆ گەڕان و نووسین و دۆزینەوەیشی لەسەر ئینتەرنێت ئاسانترە، بۆیە ئەگەر «یس»ی پاشگر نەشبێت کێشە نابێت. ٣. ئەگەر «ۆ»ی تێدا بووایە، زۆر کەس لەسەر مۆبایل و تابلێتەکانیان دوگمەبەندی کوردییان نییە و ناتوانن بینووسن، لە بری ئەوە پیتی «ۏ» دەنووسن.

**ئۆدیسێفس:** (یان: یولیسێز، یولیسیز، یولیسێس، یولیسیس، یولیکس، یولیکسێس، یولیکسیز، یولیکسیس، ئالیس، ئالیسز، ئولیسێز، ئولیکسێس، ئۆدیسیۆس، ئۆلیتێفس، ئۆلیتێوس، ئۆلیتیۆس، ئۆلیسێفس، ئۆلیسێوس، ئۆلیسیۆس، ئۆدیس، ئۆلیس، ئولیکسیس، ئولیسیس، ئودوسێوس، ئولوسێوس، ئولیکس، ئۆلیکس، ئولیس، ئۆدیسێوس، ئۆدیسێیس)، بە ئینگلی *Ulixes* ،*Ulysses* ،*Odyseus* ،*Odysseus*. ناوی ئولیس و گۆڕاوە جۆراوجۆرەکانی (یولیسێز، یولیسیز، یولیسێس، یولیسیس، یولیکس...) زیاتر لاتینیین، بەڵام ناوی ئۆدیسێفس و گۆڕاوەکانی زیاتر گریکیین. واتە ئولیسی لاتینی هەمان ئۆدیسێفسی گریکییە.

ئۆدیسێفس یەکێکە لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی گریک لە جەنگی ترۆیادا. هۆمیرۆس دەڵێت: کوڕەزای ئارکیسیۆس و کوڕی لایەرتیس و ئەنتیکلیا (ئەنتیکلیا: بێناو)ی کچی ئافتۆلیکۆس بووە، برای کتیمێنی بووە، مێردی پینێلۆپیای کچی ئیکاریۆس بووە و لە پینێلۆپیا کوڕێکی هەبووە بە ناوی تیلێماخۆس. گێڕانەوەیەکی دواتر هەیە دەڵێت: ئۆدیسێفس کوڕی سیسیفۆس و ئەنتیکلیا بووە، کە ئەنتیکلیا لە سیسیفۆس دووگیان بووە، ئینجا شووی بە لایەرتیس کردووە و یان دوای ئەوەی گەیشتووە بە ئیتاکی ئۆدیسێفسی بووە، یان کە بە ڕێوە بووە بەرەو ئەوێ. گێڕانەوەی دواتریش هەیە دەڵێت ئۆدیسێفس لە پینێلۆپیا جگە لە تیلێماخۆس، بووەتە باوکی ئارکێسیلاوس یان پۆلیپۆرثیس؛ لە کیرکی-ش بووەتە باوکی ئاگریۆس (کێوی) و لاتینۆس و تیلێگۆنۆس (دوورەزاو: ئەوەی لە دوور زاوە، یان لە دایک بووە) و کاسیفۆنی (براکوژ) بووە. لە کالیپسۆ-ش باوکی نافسیثۆس و نافسینۆس، یان ئافسۆن و تیلێگۆنۆس و تیلێداموس بووە. لە ئێڤیپی-ش (ئێڤیپی: جوانەمایین) باوکی لیۆنتۆفرۆن و دۆریکلۆس یان ئێڤریالۆس بووە. گێڕانەوەیەکی ئیتالی هەیە دەڵێت ئۆدیسێفس لە کیرکی باوکی ڕۆمۆس (یان ڕێموس: ئەوەی شاری ڕۆمای بونیاد ناوە) و ئانتیاس و ئاردیاس بووە. هۆمیرۆس دەڵێت ناوی ئۆدیسێفس بە واتای *تووڕە* دێت. گوایە تیرێنییەکان بە *نانوس* بانگیان کردووە.

چیرۆکەکەی ئۆدیسێفس بەم شێوەیەیە: لە مێردمنداڵیدا چووەتە لای ئافتۆلیکۆسی باپیری، واتە باوکی دایکی، لە نزیک بناری شاخی پارناسۆس، لەوێ خەریکی ڕاو بووە، بەڵام ورچێک پەلاماری داوە و ئەژنۆی بریندار کردووە، دواتر ئێڤریکلیا-ی کۆنەدایەنیشی هەر بەم جێزامەدا ناسیویەتیەوە. بە سامان و دیاریی زۆرەوە لە کۆشکەکەی باپیریەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئیتاکی. هەر لەو تەمەنە کەمەوە بە ئازایەتی و زانیاریی گەڕیدەیی و دەریاوانی و ڕەوانبێژی و توانای دانوستان ناسراوە. جارێک مێسینییەکان هەندێک مەڕیان لە ئیتاکی دزیوە، لایەرتیسی باوکی ناردوویە بۆ مێسینی تا داوای قەرەبوویان لێ بکاتەوە، لەوێ ئیفیتۆس-ی دیوە و ئەویش بە دوای ئەو ئەسپانەدا گەڕاوە کە لێی دزراون. ئیفیتۆس تیروکەوانە بەناوبانگەکەی ئێڤریتۆس-ی پێ داوە، ئۆدیسێفس تەنها لە ئیتاکی ئەم تیروکەوانەی بە کار هێناوە، چون پێی وا بووە گەنجینەیەکی زۆر لەوە بەنرختره کە لە مەیدانی جەنگدا بە کار بێت، ئەوەندەش توند و قورس بووە کە ئەو کاتەی ئۆدیسێفس لە گەشتی گەڕانەوەکەیدا بووە، هیچ کامێک لە خوازبێنیکەرانی پینێلۆپیا نەیانتوانیوە هەڵیبگرن. جارێک چووە بۆ ئێفیرا (یان ثێسپرۆتی) بۆ لای ئیلۆسی کوڕی مەرمەرۆس، داوای ژەهری لێ کردووە بۆ نووکی تیرەکەی، بەڵام ئیلۆس پێی نەداوە، دواتر ئۆدیسێفس لە ئەنخیالۆس-ی تافۆس پەیدای کردووە. بە گوێرەی چەند گێڕانەوەیەک ئۆدیسێفس لە گەنجیدا چووە بۆ سپارتا بۆ خوازبێنیی هێلێن، کە هێلێن چەند خوازبێنیکەرێکی تریشی هەبووە، ئۆدیسێفس ئامۆژگاریی تینداریۆس-ی شای سپارتای کردووە خوازبێنیکەرەکان ناچار بکات بەڵێن بدەن بە هەموویان بەرگری لە زاوای هەڵبژێرراو بکەن و نەهێڵن لەسەر هێلێن بێڕێزیی پێ بکرێت. تینداریۆس بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریی خۆیی پیشان بدات، داوای لە ئیکاریۆس-ی برای کردووە پینێلۆپیای کچی بدات بە ئۆدیسێفس و ببێت بە ژنی، بەڵام بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی تر ئۆدیسێفس لە کێبڕکێیەکی ڕاکردندا بەسەر ڕکابەرەکانیدا زاڵ بووە و بەوە پینێلۆپیای بە دەست هێناوە، بەڵام هۆمیرۆس باسی هیچ لەمانە ناکات. هۆمیرۆس دەڵێت ئاگامێمنۆن سەردانی ئۆدیسێفسی کردووە لە ئیتاکی، زۆر بە قورسی دایکەفاندووە (قایلی کردووە) پێشڕەویی گریکییەکان بکات بۆ جەنگ لە دژی ترۆیا. گێڕانەوەی تر هەیە دەڵێت مێنێلاوس و ئاگامێمنۆن هاتوون بۆ لای. پالامیدیس-یش بە تایبەتتر وای لێ کردووە بچێتە نێو سوپای گریکییەکانەوە. کە پالامیدیس هاتووە بۆ ئیتاکی، ئۆدیسێفس وا خۆی پیشان داوە کە شێتە، کەرێک و گایەکی لە نیرە داوە بۆ ئەوەی جووت بکەن، ئینجا کەوتووەتە چاندنی خوێ. پالامیدیسیش بۆ ئەوەی تاقیی بکاتەوە،

تیلێماخۆسی ساوای خستووەتە بەردەم جووتەکە، ئۆدیسێفسیش چیتر نەیتوانیوە خۆی شێت پیشان بدات، خێرا جووتەکەی وەستاندووە، ناچار بووە ئەو بەڵێنە بە جێ بهێنێت کە لە کاتی خوازبێنیی هێلێندا دابووی. دەوترێت گوایە ئۆدیسێفس لەبەر ئەم ڕووداوە بووە کە ڕقی لە پالامیدیس بووە. کە وازی لە نمایشی شێتێتی هێناوە بڕیاری داوە ئەخیلیفس بدۆزێتەوە، چون کالخاس پێشگۆیی ئەوەی کردبوو کە ترۆیا بێ یارمەتیی ئەخیلیفس ناکەوێت، ئەو کاتە ئەخیلیفس لە نێو کچەکانی شا لیکۆمیدیس-دا خۆی شاردبووەوە. ئۆدیسێفس و مێنێلاوس (لە گێڕانەوەیەکی تردا پالامیدیسیش) پێش هەڵگیرسانی جەنگی ترۆیا چوون بۆ ترۆیا تا ترۆییەکان دابکەفێنن هێلێن و گەنجینەکانی بگەڕێننەوە، لەوێ پێشوازییەکی شایستەیان لێ کراوە، بەڵام پاریس هێلێنی نەداونەتەوە. کە گریکییەکان لە بەندەری ئاڤلیس کۆ بوونەتەوە، ئۆدیسێفس بە دوانزە کەشتییەوە پەیوەندیی پێیانەوە کردووە و ئەو پیاوانەی لەگەڵی بوون خەڵکی کێفالۆنیا، ئیتاکی، نیریتۆس، کرۆکیلیۆن، زاکینثۆس، سامۆس و کەناری ئیپیرۆس بوون. کە ئاگامێمنۆن ئامادە نەبووە ئیفیگێنیا بکاتە قوربانیی ئارتەمیس و گریکییەکانیش لە تەنگانەدا بوون، ئۆدیسێفس خۆی وا پیشان داوە توورەیە و هەڕەشەی گەڕانەوەی کردووە بۆ زێدی خۆی، بەڵام چووە بۆ میکینی و بە چەند دەهۆیەک کلیتێمنیسترای هان داوە ئیفیگێنیا بۆ ئاڤلیس بنێرێت. لە کاتی گەشتەکەی بۆ ترۆیا چووە بۆ لێسڤۆس و لەگەڵ فیلۆمیلیدیس-ی شای دوورگەکە جەنگاوە و بەزاندوویەتی. لە گێڕانەوەیەکی تردا ئۆدیسێفس و دیۆمیدیس بە پیلان کوشتوویانە.

لە کاتی گەمارۆی ترۆیادا خۆی وەک جەنگاوەرێکی ئازا و بەجەرگ سەلماندووە، زیاتریش وەک سیخوڕێکی زۆرزان و دانوستانکارێکی ڕەوانبێژ و دووربین خۆی سەلماندووە. ئۆدیسێفس لە زۆر بەسەرهاتی جیاجیادا بەم توانایانەی خزمەتی گەورەی گریکییەکانی کردووە. لە جەنگەکەشدا زۆر ترۆیایی ناوداری کوشتووە. ئۆدیسێفس و ئایاسی تێلامۆنی دوای مەرگی ئەخیلیفس کەوتنە کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی زرێکەی ئەخیلیفس، لە کۆتاییدا ئۆدیسێفس بە دەستی هێنا. گوایە هەر ئۆدیسێفس بووە کە نەخشەی ئەسپە دارینەکەی داناوە و یەکێک بووە لەو پاڵەوانانەی لە نێویدا خۆی شاردووەتەوە. ئەو و مێنێلاوس یەکەم دوو کەس بوون کە لە ئەسپەکە دەرچوون و بەرەو ماڵی دییفۆڤۆس چوون و کوشتوویانە. گوایە ئۆدیسێفس یەکێک بووە لەوانەی پالادیۆن-ی هەڵگرتووە. پالادیۆن

پەیکەرێکی دارینی دێرینی پالاس ئەثینا بووە، گوایە پارێزراویی ترۆیا و ڕۆما لەسەر ئەو پەیکەرە بەند بووە.
بەڵام بەشی هەرە باسکراوی چیرۆکی ژیانی ئۆدیسێفس سەربوردەکانی وێڵیی دوای وێرانکردنی ترۆیا و گەیشتنەوەی بە زێدی خۆی بوون، کە هۆمیرۆس گێڕاویەتیەوە و بە ناوی خۆیەوە ناوی لێ نراوە *ئۆدیسە*. دوای گرتنی ترۆیا بەشێک لە گریکییەکان گەڕاونەتەوە، بەشێکیشیان لەگەڵ ئاگامێمنۆن لە پشت کەناری ترۆیا ماونەتەوە. ئۆدیسێفس سەرەتا لەگەڵ ئەوانەدا بووە کە ڕۆیشتوون، بەڵام تا تێنێدۆس ڕۆیشتووە و گەڕاوەتەوە لای ئاگامێمنۆن. دوای ئەوە دیسان بەرەو زێدی خۆی گەڕاوەتەوە، بەڵام تۆفان ڕێی لێ گرتووە و هاویشتوویەتیە کەناری ئیسمارۆس لە تراکیا، کە شارۆچکەی کیکۆن-ەکان بووە و لە باکووری دوورگەی لیمنۆس بووە. ئۆدیسێفس و هاوەڵەکانی خەڵکەکەیان کوشتووە و شارەکەیان تاڵان کردووە، بەڵام هاوەڵەکانی ئامادە نەبوون شارەکە بە جێ بهێڵن، کیکۆنەکانیش داوای یارمەتییان لە دراوسێکان کردووە و هاتوونەتەوە پەلاماریان داون و زیانی زۆریان لێ داون و حەفتا و دوو کەسیان لە هاوەڵەکانی ئۆدیسێفس کوشتووە. بای شەماڵ لەوێوە بەرەو مالێیا و لۆتۆفاگی-ی بردوون لەسەر کەناری لیبیا، لۆتۆفاگی واتە لۆتۆسخۆران. هەندێک لە هاوەڵەکانی زۆر ئارەزووی تامی لۆتۆسیان کردووە، بە جۆرێک کە ویستوویانە هەر لەوێ بمێننەوە، بەڵام ئۆدیسێفس زۆری لێیان کردووە بگەڕێنەوە نێو کەشتییەکانیان و درێژە بە گەشتی گەڕانەوەکەیان بدەن. بە ڕۆژێک گەیشتوونەتە دوورگەی بزن لە باکووری وڵاتی لۆتۆسخۆران، لەوێ یانزە کەشتیی بە جێ هێشتووە و بە کەشتییەک بەرەو دوورگەکەی تەنیشتی ڕۆیشتووە، کە دوورگەی کیکلۆپس-ەکان (تاکچاوەکان) بووە لە کەناری ڕۆژئاوای سیسیلیا، لەوێ خۆی و دوانزە دانە لە هاوەڵەکانی چوونەتە نێو ئەشکەوتی پۆلیفیمۆس-ی کیکلۆپس (پۆلیفیمۆس: فرەدەنگ، فرە بەناوبانگ، یان فرە بەستە و بەیت)، کە کوڕی پۆسیدۆن و ثۆسا بووە، ئەم زەبەلاحە یەک بە یەک شەش دانەی لە هاوەڵەکانی ئۆدیسێفس خواردووە، ئۆدیسێفس و شەش هاوەڵەکەی تری وەک بەندی لە ئەشکەوتەکەدا هێشتووەتەوە. ئۆدیسێفس بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت، زەبەلاحەکەی بە شەراب سەرخۆش کردووە و بە ڕمێکی داخ تاکە چاوەکەی کوێر کردووە. پاشان لەگەڵ هاوەڵەکانیدا خۆیان لە ژێر لەشی کۆمەڵێک مەڕدا شاردووەتەوە، کە کیکلۆپسەکە ڕێی بەم مەڕانە داوە لە ئەشکەوتەکەی دەربچن، ئۆدیسێفس و شەش هاوەڵەکەشی ڕزگاریان بووە، ئۆدیسێفس و هاوەڵەکانی هەندێک

لەو مەڕانەش دەبەن و دەگەنەوە کەشتییەکەیان. کیکلۆپسەکە لە پۆسیدۆن-ی باوکی پاڕاوەتەوە تۆڵەی لە ئۆدیسیێفس بستێنێت و پۆسیدۆنیش، کە خودای دەریا و زەریایە، لەگەڵ ئۆدیسیێفسدا دەکەوێتە دوژمنایەتییەکی ڕقئەستوورانەوە. هەندێک گێڕەرەوەی تر پێیان وایە پۆسیدۆن لەسەر مەرگی پالامیدیس ڕقی لە ئۆدیسیێفس هەڵستاوە. پاشان ئۆدیسیێفس گەیشتووەتە دوورگەی ئیۆلیا، کە ڕەنگە لە باشووری سیسیلیا بووبێت، ئیۆلۆس شا و بەڕێوەبەری ئەم دوورگەیە بووە، مانگێک لەوێ ماوەتەوە و گوایە کەوتووەتە ئەوینی پۆلیمێلا-ی کچی ئیۆلۆسەوە. زیۆس ئیۆلۆسی کردووە بە «پاسەوانی با»، بۆیە کە ئۆدیسیێفس لای ئەو ڕۆیشتووە، ئیۆلۆس هەموو با خراپەکانی لە توورەکەیەکدا دەستگیر کردووە و داویەتی بە ئۆدیسیێفس و ئەویش لە کەشتییەکەیدا هەڵیگرتووە، بەڵام هەر کە ئیتاکییان لێ دەرکەوتووە، ئۆدیسیێفس لەسەر سوکانی کەشتییەکە وەنەوزی داوە، هاوەڵەکانیشی گومانی ئەوەیان لێ کردووە کە لەوانەیە گەوهەرێکی زۆر بە نرخی لە توورەکەکەیدا شاردبێتەوە، بۆیە کردوویانەتەوە و باکان بەرەڵا بوون و کەشتییەکە گەڕاوەتەوە بۆ ئیۆلیا، لەوێش ئیۆلۆس ڕقی هەڵدەستێت و ئیتر یارمەتیی ئۆدیسیێفس نادات و دووری دەخاتەوە، بەو پاساوەی کە خودا پیرۆزەکان ڕقیان لە ئۆدیسیێفسە. ئۆدیسیێفس پاش گەشتێکی شەش ڕۆژە گەیشتووەتە تیلێپیلۆس، شاری لامۆس، کە ئەنتیفاتیس-ی شای لێستریگۆنییە مرۆڤخۆرەکان شای وڵاتەکەیە. ڕەنگە ئەم شوێنە لە باکووری سیسیلیا بووبێت. ئۆدیسیێفس بە تەنها یەک کەشتییەکەوە لێیان دەرباز بووە؛ ئینجا چارەنووس بردوویەتیە دوورگەی ئەیایا لە ڕۆژئاوا، ئەیایا دوورگەی کیرکی-ی جادووباز بووە. هەندێک لە هاوەڵەکانی ناردووە بۆ ئەوەی بزانن دوورگەکە چییە، بەڵام کیرکی کردوونی بە بەراز، تەنها ئێڤریلۆخۆس دەربازی بووە و ئەم هەواڵە ناخۆشەی بە ئۆدیسیێفس گەیاندووە، ئەویش دەستوبرد بەرەو هاوکاریی هاوەڵەکانی ڕۆیشتووە، بەڵام ئێرمیس هاتووە بۆ لای و پێی وتووە بە چی و چۆن خۆی لە توانای جادووی کیرکی بپارێزێت. ئینجا توانیویە هاوڕێکانی ڕزگار بکات و وا بکات کیرکی دیسان بیانکاتەوە بە مرۆڤ. ئینجا کیرکی زۆر میواندۆستانە میوانداریی کردووە. ئۆدیسیێفس لێی پاڕاوەتەوە بۆ ئەوەی ڕێی بدات بڕوات، کیرکیش ئامۆژگاریی کردووە سەرێک لە هادیس (جیهانی ژێرەوە) بدات و ڕاوێژ بە تاپۆی تیریسیاسی پێشبین بکات. ئینجا ئۆدیسیێفس بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتووە و بەسەر ڕووباری ئۆکیانۆس-دا پەڕیوەتەوە و گەیشتووەتە وڵاتی کیمێرییەکان لەوبەرەوە، کە لەوێ هیلیۆس (خۆر) هەڵنایەت، ئینجا گەیشتووەتە هادیس. لە بارەی چۆنێتیی گەڕانەوەی بۆ

زێدی خۆی ڕاوێژی بە تیریسیاس کردووە. تیریسیاس لەو مەترسی و سەختییانە ئاگاداری کردووەتەوە کە بە هۆی قینی پۆسیدۆنەوە تووشیان دێت، هیواشی داوەتێ کە ئەگەر ئۆدیسێفس و هاوەڵەکانی لە ترِیناکیا دەست لە گاگەلەکەی هیلیۆس نەدەن، ئەوا ئاکامیان باش دەکەوێتەوە. هەر لەوێ تاپۆکەی دایکشی دەبینێت و لەگەڵی دەدوێت، ئەو کاتە نەیزانیبوو دایکی مردووە. پاشان ئۆدیسێفس گەڕاوەتەوە بۆ ئەیایا و کیرکی دیسان میواندارییانی کردووە، ئاگاداری کردوونەتەوە لەو مەترسییانەی چاوەڕێیان دەکات و شێوازی خۆدەربازکردنی پێیان وتووە. بایەکی لەگەڵیان ناردووە و باکە بردوونی بۆ دوورگەی سیرین-ەکان، کە شوێنێکی نزیک ڕۆژئاوای ئیتالیا بووە. سیرینەکان لەسەر کەنارەکە دانیشتوون، بە دەنگە خۆشەکەیان هەموو ئەوانەیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشاوە کە بە لایاندا تێپەڕیون، ئینجا لە ناویان بردوون. ئۆدیسێفس، بۆ ئەوەی لەو مەترسییە ڕزگاری ببێت، مۆمی خستووەتە نێو گوێی هاوەڵەکانیەوە و خۆیشی بە دەگی کەشتییەکەیەوە گیر کردووە تا دوور دەکەوێتەوە و لە گۆرانیی فریودەری سیرینەکان ڕزگاری دەبێت. ئینجا کەشتییەکەی بە نێوان سکیلا و کاریڤدیسدا لێخوڕیوە، سکیلا و کاریڤدیس دوو گابەردی نێوان ترِیناکیا و ئیتالیا بوون، دێوێکیش لەسەر گابەردی سکیلا ژیاوە و هەر بە ناوی سکیلا ناسراوە. کە کەشتییەکە بە نێوانیاندا تێپەڕیوە، سکیلای دێو هاتووەتە دەرەوە و شەش لە هاوەڵەکانی ئۆدیسێفسی خواردووە. ئۆدیسێفس لەوێوە چووە بۆ ترِیناکیا-ی دوورگەی هیلیۆس، هیلیۆس گاگەلە پیرۆزەکەی خۆی لەوێ داناوە. ئۆدیسێفس ئامۆژگارییەکەی تیریسیاس و کیرکیی لە بیر بووە و ویستوویە بڕوات و خۆی لە گاگەلەکە بە دوور بگرێت، بەڵام هاوەڵەکانی ناچاریان کردووە کەشتییەکە ڕابگرێت و دابەزن. ئۆدیسێفس بەڵێنیان لێ وەردەگرێت دەست لە هیچ کامێک لە گاگەلەکە نەدەن، بەڵام بە هۆی تۆفانەوە لە دوورگەکە ماونەتەوە و برسییان بووە، بۆیە کاتێک ئۆدیسێفس دەنوێت باشترین گاکانیان کوشتووە.

چەند ڕۆژێک پاش خۆشکردنەوەی تۆفانەکە کەوتوونەتەوە ڕێ، بەڵام تۆفانێکی تر هاتووە و زێوسیش بە هەورەتریشقەیەک کەشتییەکەیانی تێکشکاندووە، هەموویان دەخنکێن جگە لە ئۆدیسێفس، کە بە هۆی دەگ و تەختەیەکەوە خۆی ڕزگار کردووە و با بەرەو سکیلا و کاریڤدیس بردوویەتی، بەڵام بە لێزانیی خۆی خۆی لە مەترسییەکە خۆی دەرباز کردووە. پاش دە ڕۆژ گەیشتووەتە دوورگەی ئۆگیگیا، کە کالیپسۆ-ی نیمف لەوێ دەژی. کالیپسۆ لەگەڵیدا میهرەبان بووە و خوازیار بووە بیخوازێت و بەڵێنی پێ دەدات ئەگەر بە

وێ دابکەفێت نەمری و گەنجیی تاتایی پێ ببەخشێت و وایش دەکات ئیتاکیی لە بیر بچێتەوە، بەڵام ئۆدیسێفس ناتوانێت تاسەی بۆ زێدی خۆی لە بیر بکات. ئەثینا، کە هەمیشە ئۆدیسێفسی پاڵەوانی دڵخوازی خۆی پاراستووە، لە زێوس پاڕاوەتەوە وا بکات وێڕای قینی پۆسیدۆن ئۆدیسێفس بگەڕێتەوە دوورگەکەی خۆی و تۆڵە لە خوازبێنیکەرەکانی پینێلۆپیا بکاتەوە. زێوسیش ئێرمیسی بۆ لای کالیپسۆ ناردووە و فەرمانی زێوسی پێ ڕاگەیاندووە کە ڕێ بە ئۆدیسێفس بدات بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، نیمفەکەش گوێڕایەڵ بووە و ئۆدیسێفسی فێر کردووە چۆن کەڵەکێک بۆ خۆی دروست بکات. پاش هەشت ساڵ پێکەوەبوونیان، بە سواری ئەو کەڵەکە دوورگەکەی بە جێ هێشتووە. بە هەژدە ڕۆژ گەیشتووەتە نزیک سخێریا، دوورگەی فایاکیاییەکان، پۆسیدۆن تۆفانێکی ناردووە و کەڵەکەکەی تێکشکاندووە، بە یارمەتیی لێفکۆثیا و ئەثینا، بە مەلە گەیشتووەتە سخێریا و بە شەکەتی لەسەر کەناری ئەوێ نووستووە. پاشان بە دەنگی چەند کچێک ڕادەبێت، کە یەکێکیان نافسیکای کچی شا ئەلکینۆس و ئاریتی-یە و ڕێی کۆشکەکەی باوکیی پیشان داوە، ئۆدیسێفسیش چووەتە کۆشکەکە و لەوێ ڕێزی لێ گیراوە و کردوویانە بە جەژن و ئاهەنگ، بەزمگێڕێک بە ناوی دیمۆدۆکۆس لە بارەی کەوتنی ترۆیاوە گۆرانیی چڕیوە، ئەمەش وای کردووە ئۆدیسێفس دەست بکات بە گریان؛ کە لێیان پرسیوە بۆچی دەگرییێت؟ تەواوی چیرۆکەکەی بۆیان گێڕاوەتەوە. فایاکیاییەکانیش ڕێزیان لێی گرتووە و بە کەشتییەک ناردوویانەتەوە بۆ زێدی خۆی و هەندێکیان لەگەڵیدا ڕۆیشتوون.

شەوێک کەشتییەکەیان گەیشتووەتە کەناری ئیتاکی، ئۆدیسێفس نووستووە، فایاکیاییەکان ئۆدیسێفسیان داگرتووە و خستوویانەتە سەر کەنارەکە و بە جێیان هێشتووە. ئەو کاتە بیست ساڵ بووە لە ئیتاکی دوور بووە: دە ساڵی جەنگی ترۆیا و دە ساڵی گەڕانەوە، بۆیە کە ڕابووە زێدەکەی خۆی نەناسیوەتەوە، ئەثیناش لە هەوری پێچاوە بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە. کەوتووەتە شیوەن بۆ چارەنووسەکەی، ئەثینا پێی وتووە لە کوێیە و ئامۆژگاریی کردووە چۆن تۆڵە لە دوژمنەکانی نێو ماڵەکەی بکاتەوە. ئەو ماوەیەی ئۆدیسێفس لە ماڵ نەبووە لایەرتیس-ی باوکی خەفەت و پیری کەفتەکاریان کردووە و دەربەدەر بووە؛ ئەنتیکلیا-ی دایکیشی لە داخدا مردووە؛ تیلێماخۆسی کوڕی گەورە بووە و بووە بە پیاو، پینێلۆپیای ژنیشی خوازبێنیی چەند خوازبێنیکەرێکی لاساری دوورگەکانی دراوسێیانی ڕەت کردووەتەوە. لە سێ ساڵی ڕابردووشدا زیاتر لە سەد خانەدانی خەڵکی ئیتاکی، سامی، دولیخیۆن، زاکینثۆس، هاتوونەتە خوازبێنیی پینێلۆپیا و وەک ماڵی خۆیان

مامەڵەیان لەگەڵ هەموو شتەکانیماڵەکەدا کردووە. ئەثینا پێی باش بووە ئۆدیسێفس نەناسرێتەوە بۆ ئەوەی تۆڵە لەم پیاوە لاسارانە بکاتەوە، بۆیە ئۆدیسێفسی داگۆڕیوە بۆ پیاوێکی سواڵکەری ناشیرین و دزێو، ئێڤمەیۆس-ی شوانی بەرازیش، کە خزمەتکارێکی دڵسۆزی ماڵەکەی ئۆدیسێفس بووە، میهرەبانانە پێشوازیی لەم سواڵکەرە کردووە. ئەو ماوەیە ئۆدیسێفس لەگەڵ ئێڤمەیۆسدا ماوەتەوە، هاوکات تیلێماخۆس-ی کوڕی لە سپارتا و پیلۆس-ەوە گەڕاوەتەوە، کە بۆ ئەوە چووبوو بۆ ئەوێ تا زانیاری لە بارەی باوکیەوە بە دەست بهێنێت. ئۆدیسێفس خۆیی پێ ناساندووە و پێکەوە نەخشەی تۆڵەسەندنەوەیان دارشتووە. لەگەڵ تیلێماخۆس و ئێڤمەیۆسدا لە شێوەی سواڵکەردا چووەتە شار و ماڵی خۆی، بەڵام مێلانثیۆس-ی شوان و خوازبێنیکەرەکان سووکایەتییان پێی کردووە، تەنانەت هەوڵیشیان داوە تیلێماخۆس بکوژن. سەگە پیرەکەی ناسیویەتیەوە، ئێڤریکلیا-ی کۆنەدایەنیشی بە برینەکەی ئەژنۆیدا ناسیویەتیەوە. پینێلۆپیاش میهرەبانانە پێشوازیی لێ کردووە.

ئینجا نەخشەی تۆڵەسەندنەوەکەیان جێبەجێ کردووە: سەرەتا پینێلۆپیایان داکەفاندووە بەڵێن بدات شوو بەو کەسە بکات کە دەتوانێت تیروکەوانەکەی ئۆدیسێفس هەڵبگرێت و خوازبێنیکەرەکانی تری پێ بکوژێت. لەبەر ئەوەی هیچ کامێک لە خوازبێنیکەرەکان نەیانتوانیوە بە تیروکەوانەکەی ئۆدیسێفس تیر بهاون، یان هەڵیبگرن، ئینجا پاش ئەوەی فەرمان دراوە هەموو دەرگاکان دابخرێن، ئۆدیسێفس خۆی تیروکەوانی هەڵگرتووە و یەکیەک خوازبێنیکەرەکانی پێکاوە، کوڕەکەی و ئەثینا و هەندێک خزمەتکاری دڵسۆزیش یارمەتییان داوە و پێکەوە هەموو خوازبێنیکەرەکان و خزمەتکارە بێئەمەگەکانیشیان کوشتووە، تەنها بەزمگێڕ و مێدۆن-ی جاڕچی ناکوژرێن. ئینجا ئۆدیسێفس خۆی بە پینێلۆپیا ناساندووە و چووە باوکە پیرەکەی بینیوە. هەواڵی کوژرانی خوازبێنیکەرەکان بە هەموو شاردا بڵاو بووەتەوە و خزم و کەسوکارەکانیان لە دژی ئۆدیسێفس هەڵستاون، بەڵام ئەثینا لە شێوەی مێنتۆر-ی کوڕی ئەلکیمۆس-دا خۆی پیشان داوە و خەڵک و ئۆدیسێفسی شایانی ئاشت کردووەتەوە.

ئۆدیسێفس لە بەیتەکەی هۆمیرۆسدا وەک پیاوێکی ژیر و دووربین و زۆرزان و داهێنەر و ڕەوانبێژ وێنا کراوە، هاوکات جەنگاوەرێکی ئازا و بوێر و خۆڕاگریش بووە و هیچ کارەسات و بەدبەختییەک نەیتوانیوە بەسەر ئازایەتییەکەیدا زاڵ ببێت، بەڵام هەندێک هۆنەری دواتر، وەک ئۆڤید و ڤێرگیلیوس، بە پیاوێکی ترسنۆک و فێڵباز و سەیر پەسنی

دەکەن. هۆمیرۆس هیچمان لە بارەی سەردەمی دواتری ژیانیەوە پێ ناڵێت، پێشبینییەکەی تیریسیاس نەبێت، کە بەڵێن بە ئۆدیسێفس دەدات پیرییەکی دەوڵەمەندانەی دەبێت و مەرگێکی نیان دێتە ڕێی، بەڵام نووسەرانی دواتر گێڕانەوەی جودامان دەدەنێ، بە گوێرەی یەکێکیان: کیرکی تیلێگۆنۆس-ی کوڕی خۆی و ئۆدیسێفس دەنێرێت بە شوێن باوکیدا بگەڕێت، زریانێک بەرەو کەناری ئیتاکیی دەبات، بەڵام لەوێ دەست دەکات بە تاڵانی، ئۆدیسێفس و تیلێماخۆس پەلاماری دەدەن، بەڵام تیلێگۆنۆس ئۆدیسێفس دەکوژێت، پاشان لاشەکەی دەبرێت بۆ ئەیایا. بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی تر: هەر کە لاشەی ئۆدیسێفس دەگاتە تیرێن، کیرکی ئۆدیسێفس زیندوو دەکاتەوە، دواتریش لەسەر شاخی پێرگی دەسووتێنرێت. ئۆدیسێفس لە هونەری شێوەکاریدا زۆر جار وەک مەلەوانێک پیشان دراوە کە کڵاوێکی نیمچە هێلکەیی لە سەردایە. (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، ل. ٩١٦-٩١٩).

ئەم ڕۆمانە وێژەی بەراوردە و لەسەر گرێچنەی شاکاری دووەمی هۆمیرۆس، واتە *ئۆدیسە* داڕێژراوە. لەم ڕۆمانەدا لە بەرانبەر زۆربەی کەسێتییەکانی هۆمیرۆسدا کەسێتییەکی هاوتەریب هەیە و لە بەرانبەر زۆر ڕووداوی *ئۆدیسە*شدا ڕووداوێکی هاوتەریب هەیە. هاوکات لەگەڵ شانۆنامەی *هاملێت*ی شێکسپیریشدا هاوتەریبە، بۆ هاملێت (بڕوانە ١: ١٥٤).

**گرێچنە:** بە ئینگلی *plot*، زنجیرەی ڕووداوەکانی گێڕانەوەیەکە کە بە کۆی پەیوەندیی هەموویان چیرۆکێک پێکدەهێننم واتە نەخشە یان بڕبڕەی چیرۆکە. دکتۆر بەختیار سەجادی وشەی «گەڵاڵە»ی بۆ بە کار دەهێنێت. **~ن.م.**

[2] **بەشی یەکەم: بەیتی تیلێماخۆس:** ئەم بەشە ڕۆمانی *هونەرمەند لە تافی لاویدا* دەبەستێتەوە بە *ئولیس*ەوە، لە سێ ئەڵقە پێکهاتووە کە کەسێتیی سەرەکیی هەر سێ ئەڵقەکە ستیفن دێدالۆس-ە.

**وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا:** بە ئینگلی *A Portrait of the Artist as a Young Man* ڕۆمانی پێشووتری جەیمز جۆیسە کە کەسێتیی سەرەکی تیایدا ستیفن دێدالۆسە هەر لە منداڵییەوە تا ئەم کاتەی لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت. دکتۆر ئازاد حەمەشەریف بۆ کوردیی وەرگێڕاوە و چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ بڵاو کراوەتەوە، چاپی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کراوەتەوە. من پێم وایە دەبوو ناونیشانەکەی *وێنەیەکی هونەرمەندەکە لە*

*تافی لاویدا* بووایە، چونکە «هونەرمەندەکە» جەیمز جۆیس خۆیەتی و کەسێکی دیاریکراوە و بە دیاریکراوی مەبەست لەوە و مەبەست لە هەموو هونەرمەندێک نییە. ~ن.م.

[3] **ئەڵقەی یەکەم: تیلێماخۆس**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: قەڵای مارتێللۆ لە ساندیکۆڤ – دەبلن.

**کات**: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ٨ی بەیانی.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: ستیفن دێدالۆس، بەک مەڵیگن، هاینس، پیرەژنێک.

بەک مەڵیگن خەریکی گەپجاڕییە. بە دەم ڕیشتاشینەوە خۆی خستووەتە ڕۆڵی قەشەیەکەوە کە لە کڵێسادا سرووتی ماس جێبەجێ دەکات.

مەڵیگن خوێندکارێکی پزیشکییە و کوڕێکی زیرەک و شبروشێتە. لە ڕاستیدا ناوی «مەلاخی مەڵیگن»ە.

ستیفن دێدالۆس بە نزیکی هاوتەمەنی مەڵیگنە و مامۆستایەکی کاتیی قوتابخانەیەکی نزیکە لە قەڵاکەوە و «هونەرمەند»ە. ستیفن کوڕێکی خەمۆکە و ئەو بەیانییەش خەواڵووە، چونکە شەوی ڕابردوو باش نەنوستووە. بیر لەوە دەکاتەوە کۆتایی بە هاوڕێیەتیی خۆی و مەڵیگن بهێنێت.

میوانێکی مەڵیگن شەو لەگەڵیاندا بووە، کوڕێکی ئینگلە و «لە ئۆکسفۆردەوە هاتووە» و ناوی *هاینس*ە. هاینس شەو خەونی بە پڵنگێکی ڕەشەوە دیوە، بە دەم خەوەوە ویستوویەتی لە ڕاستیدا تەقە لە پڵنگەکەی ناو خەونی بکات. هەر ئەم ڕووداوەشە کە وای کردووە ستیفن باش نەنوێت، چونکە لە ترسدا «تۆقیوە».

سەرەتا لە سەربانی قەڵاکە گفتوگۆیەکی ناخۆش لە نێوان مەڵیگن و دێدالۆسدا ڕوو دەدات. کەمتر لە ساڵێک لەوەوبەر ستیفن دایکی مردووە، بەک مەڵیگن پێی وتووە: «دایکی تۆپیوە». ستیفن ئەم وتەیەی لە دڵ دەرنەچووە و بە بێزیزیی داناوە. کە ستیفن دواجار ئەمە بۆ مەڵیگن ئاشکرا دەکات کە هێشتا ئەم قسەیەی لە دڵ دەرنەچووە، مەڵیگن بەوە بەرپەرچی دەداتەوە کە ستیفن خۆی دواهەمین خۆزگەکانی دایکی پێشێل کردووە. ئەم پێشێلکردنی خۆزگەیەش ئەوەیە کە دایکی لە سەرەمەرگدا داوای لە ستیفن کردووە نزای بۆ بکات و کڕنۆش ببات، بەڵام ستیفن نەیکردووە. هەروەها مەڵیگن ستیفن بەوە تۆمەتبار دەکات کە «دایکی خۆی کوشتووە».

پاشان مەڵیگن دەچێتە خوارەوەی قەڵاکە، کە ژوورێکی لێیە. ستیفن لە سەربان بە تەنیا دەکەوێتەوە یادی دایکی. دایکی ستیفن بە نەخۆشییەکی وەک شێرپەنجە مردووە، نەک ئەو کوشتبێتی. یادی دایکی ئەو بە جێ ناهێڵێت و ستیفنیش لە ناخیدا خوازیارە یادی دایکی دەستی لێ هەڵبگرێت و «بهێڵێت بژی». ستیفن «لە گریانی گیانی خۆیدا» نوقم بووە.

دواجار ستیفن بۆ خواردنی نانی بەیانی دەچێتە خوارەوە بۆ لای مەڵیگن و هاینس. لە خوارەوە لە ناو قەڵاکە پیرەژنێکی ئایر دێت و شیریان بۆ دەهێنێت. هەر سێکیان پێکەوە، جگە لە پیرەژنەکە، نانی بەیانی دەخۆن.

مەڵیگن لە بری خۆی و هاینس بڕیار دەدات کە پێش ئەوەی بچن بە هەر لایەکدا، دەبێت لە ئاوەکەی ڕۆخەکەدا مەلە بکەن. بەڵام ستیفن دەبێت بچێت بۆ قوتابخانە، بۆیە لەگەڵیاندا مەلە ناکات.

بڕیار وایە هەر ئەو ڕۆژە ستیفن لە قوتابخانە مووچە وەربگرێت، کە مەڵیگن پێی دەڵێت: «شاباشەکەی قوتابخانە».

لە نزیکی کۆتایی ئەڵقەکەدا دەچنە دەرەوەی قەڵاکە بۆ لای گوێئاوەکە. مەڵیگن لە گەپجاڕیی خۆی بەردەوام دەبێت. ستیفن و هاینس بە دەم جگەرەکێشانێکەوە گفتوگۆیەکی کورت سەبارەت بە دین و مێژوو و شانۆنامەی *هاملێت*ی شێکسپیر دەکەن، بەڵام ناچنە هیچ قووڵاییەکی گفتوگۆوە.

لە دوورەوە دوو پیاو گفتوگۆ لەسەر دەرکەوتنی لاشەی مردووی پیاوێک دەکەن کە نۆ ڕۆژە خنکاوە. پاشان مەڵیگن لەگەڵ هاوڕێیەکیدا دەچێتە ئاوەکەوە. لە کۆتاییدا ستیفن بە جێیان دەهێڵێت و دەچێت بۆ قوتابخانە. **~ن.م.**

پەڕتووکی یەکەمی *ئۆدیسە*ی هۆمیرۆس بە نزای یەکێک لە مووسەکان دەست پێ دەکات، {بۆ *مووسەکان* (بڕوانە ٧: ٢٥٦)} کە بە دوایدا گێڕانەوەیەکی ئەنجومەنی خوداکانی ئۆلیمپۆس دێت کە تیایدا *زێوس*ی گەورە خودای گریک بڕیار دەدات کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئۆدیسێفس بۆ شاری خۆی بگەڕێتەوە. پاشان دیمەنەکەی بەیتەکە دەچێتە شاری ئیتاکییەوە کە تیلێماخۆسی کوڕی ئۆدیسێفس خەیاڵ بە گەڕانەوەی باوکیەوە دەکات. ئەم کوڕە لە ئەنجامی لەوێنەبوونی باوکیدا دڵتەنگە و خوازبێنیکەرەکانی دایکی، کە ناوی *پینێلۆپیا*یە، بە خیانەتکردن و ئاوارەکردنی هەڕەشەیان لێی کردووە. *ئەنتینۆس* و *یوریماخۆس* پێشڕەوی ئەم پیاوە لووتبەرزە خوازبێنیکەرانەن. ناوی *ئەنتینۆس*

به واتای *دژەمێشک* و ناوی *یوریماخۆس*یش به واتای *جەنگاوەری فرەلایەن* دێت. ئەم دوو پیاوە گاڵتە بە نوقڵانەکەی زێوس دەکەن و پیلانی کوشتنی تیلێماخۆس دادەنێن و وا دەکەن کە تەنانەت ئەگەر ئۆدیسیێفسیش بە تەنیا گەڕایەوە بیکوژن. لە ئەنجومەنەکەی ئۆلیمپۆسدا، *ئەثینا* کە خواژنی هونەری جەنگ و ئاشتی و ماڵداری و زیرەکیی مرۆیی و هۆشی زگماکییە، وەک لایەنگری ئۆدیسیێفس دەردەکەوێت. هەر لە پەڕتووکی یەکەمدا دەچێتە لای تیلێماخۆس و شێوەی خۆی دەگۆڕێت و وەک شێوەی *مێنتیس* لە خۆی دەکات، کە پاشای دوورگەی *تافۆس*ە و هاوڕێیەکی دێرینی خانەوادەی ئۆدیسیێفسە، ئامۆژگاریی تیلێماخۆس دەکات کە سوور بێت لەسەر ئەوەی بێ یاوەریی دایکی، بە شوێن سۆراخی باوکیدا بچێت سەردانێکی زەمینی سەرەکیی گریک {ئەوەی ئێمە بە هەڵە پێی دەڵێین *یۆنان*} بکات. لە پەڕتووکی دووەمدا، ئەم جارە ئەثینا وەک *مێنتۆر* دێت، کە هاوڕێیەکی ئۆدیسیێفسە و لەو کاتەدا کە ئەوی لێنییە خزمەتکاری ماڵ و کۆیلەکانیەتی، ئەثینا تیلێماخۆس هان دەدات و یارمەتیی دەدات کەشتییەک بە کۆمەڵێک کارمەندەوە بدۆزێتەوە تا لە گەشتەکەیدا بۆ زەمینی سەرەکیی گریک ئاوەڵیی بکەن.

بە گوێرەی هێڵکارییەک کە جۆیس داویەتی بە ستیوارت گیڵبێرت، کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ٨ی بەیانییە، ڕۆژی پێنجشەممەی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤ە. دیمەنەکە لە قەڵای مارتێللۆیە کە لە ناوچەی ساندیکۆڤی سەر ڕۆخی کەنداوی دەبلنە کە بە حەوت میل {نزیکەی یازدە کیلۆمەتر} لە باشووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلنی پایتەختی وڵاتی ئایرلاندە.

ئامراز: هیچ. هونەر: یەزدانناسی. ڕەنگ: سپی، ئاڵتوونی. هێما: میراتگر. تەکنیک: گێڕانەوە (گەنجانە). هاوتەریبەکان: تیلێماخۆس، هاملێت-ستیفن، ئەنتینۆس، هەروەها بە ئاماژەدانیش، کلاودیۆسی مامی هاملێت، کە مەڵیگنە. ژنە شیرفرۆشەکە: مێنتۆرە.

لە هێڵکارییەکی تری جیاوازتردا کە جۆیس داویەتی بە کارلۆ ليناتی، لیستی هێماکانی بەم شێوەیە کردووە کە: هاملێت، ئایرلاند، ستیفن، لە ژێر کەسێتییەکاندا، بێ ئەوەی هیچ هاوتەریبییەک دیاری بکات، ئەمانەی نووسیوە: مێنتۆر، لە کەوانەیەکی وەهادا [] [پالاس ئەثینا]، خوازبێنیکەران، هەروەها پینێلۆپیا بە مووس.

{یەکەم وشەی ئەڵقەی یەکەم، لە ئینگلییەکەی جۆیسدا، کە دەکاتە سەرەتای بەشی یەکەمی هەموو ڕۆمانەکە، وشەی *Stately*یە، کە بە پیتی *س* دەست پێ دەکات، لە کوردییەکەدا وەها دەرناچێتەوە و بە «بەک مەڵیگن» دەست پێ دەکات؛ بەڵام یەکەم

وشەی ئەڵقەی چوارەم، کە دەکاتە سەرەتای بەشی دووەمی هەموو ڕۆمانەکە، وشەی *Mr. Leopold Bloom*ە، کە بە پیتی م دەست پێ دەکات و لە کوردییەکەشدا هەر وایە؛ یەکەم وشەی ئەڵقەی شازدەیەم، کە دەکاتە سەرەتای بەشی سێیەمی هەموو ڕۆمانەکە، وشەی *Preparatory*یە، کە بە پیتی پ دەست پێ دەکات و لە کوردییەکەشدا بە «پێش هەموو شت»ە و هەر بە پ دەست پێ دەکات.}

پیتی *س* کە سەرەپیتی بەشی یەکەمە، سەرەپیتی ناوی *ستیفن دێدالۆس*ە، سەرەپیتی بەشی دووەم مە کە سەرەپیتی ناوی *مۆلی بلووم*ە، کە ژنی میستەر لیۆپۆڵد بلوومە، هەروەها سەرەپیتی پ کە بۆ بەشی سێیەم دانراوە، سەرەپیتی ناوی *پۆڵدی*یە، کە ناسناوی لیۆپۆڵد بلوومە و ژنەکەی بەو ناوەوە بانگی دەکات. ئەم سەرەپیتانە پێمان دەڵێن کە کەسێتیی چەقی هەر بەشێک کێیە. ستیفن لە بەشی یەکەمدا بە خۆیەوە سەرقاڵە و لیۆپۆڵد بلووم لە بەشی دووەمدا بە بیرکردنەوە لە مۆلییەوە سەرقاڵە، کە ژنەکەیەتی. هەروەها لە بەشی سێیەمیشدا هەم ستیفن و هەم مۆلیش بە بیرکردنەوە لە پۆڵدییەوە سەرقاڵن، کە وەک وترا، پۆڵدی ناسناوی لیۆپۆڵد بلوومە. **~گ.س.**

[4] **بەک مەڵیگن**: مەلاخی {یان ئەگەر بە ئینگلی بخوێنرێتەوە: *ماڵەکی*} بەک مەڵیگن. ئەم کەسێتییە لەسەر نموونەی هاوڕێیەکی جەیمز جۆیس دروست کراوە بە ناوی *ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی*یەوە، (١٨٧٨-١٩٥٧)، لە شاری دەبلنی پایتەختی ئایرلاند لە دایک بووە، دایکی ناوی *مارگەرێت ئۆلیڤەر گۆگەرتی*یە و باوکی ناوی دکتۆر *هێنری گۆگەرتی*یە، خۆی کوڕە گەورەی سێ برا و خوشکێکە. لە قوتابخانەی برایانی مەسیحیی شەقامی ڕیچمندی باکوور و چەند قوتابخانەیەکی ناوخۆیی یەشوعییش خوێندوویەتی، لەوانە *مەنگرێت* لە کاونتیی لیمریک و *ستەونیهەرست* کۆلێج لە ئینگلتەرا و کلەنگەوز ود کۆلیج...تد. پێش ئەوەی لە کۆلێجی ترینیتی دەبلن بخوێنێت، چووەتە کۆلێجی پزیشکیی کاسۆلیکیەوە لە شەقامی سێسیلیا. یاریی کریکێتی کردووە، هەروەها بووەتە پاڵەوانی دووچەرخەسواریی ئایرلاند. لە ڕووی ئەکادیمییەوە گەلێک بلیمەت بووە و زیرەکییەکی تیژی زگماکیی هەبووە و سێ جاران لە زمانی ئینگلیدا خەڵاتی باڵای وەرگرتووە. لە کانوونی دووەم تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤ لە کۆلێجی ترینیتی دابڕاوە و چووەتە وێرستەر کۆلێج لە ئۆکسفۆرد و لەوێ خوێندوویەتی تا خەڵاتی *نیودایگەیت*ی هۆنراوە بە دەست بهێنێت، بەڵام دووەم بووە. هاتوچۆی کۆمەڵەی گیلییەکانی ئۆکسفۆردی کردووە و لێرە ترێنچی ناسیوە، کە کەسێتیی هاینسی ئەم ڕۆمانەی لەسەر بونیاد نراوە (بڕوانە ١: ٢٨).

لە تەمووزی ١٩٠٤دا قەڵای مارتێللۆی بە کرێ گرتووە، ئەگەرچی خۆی دەڵێت کە جۆیس کرێکەی بۆ داوە، بەڵام لە دۆسێ فەرمییەکاندا بە ناوی گۆگەرتییەوە تۆمار کراوە کە کرێی ساڵانەکەی داوە کە ٨ پاوەن بووە. گۆگەرتی مەلەوانێکی زۆر بەتوانا بووە و ڕۆژانە چەند جارێک لە فۆرتیفووتی نزیک قەڵاکە {لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەشدا بۆ مەلە دەچێتە ئەوێ} مەلەی کردووە. ساڵی ١٩٠٦ کچێکی خواستووە بە ناوی *مارثا دوەین*ەوە. ساڵی دواتریش لە کۆلێجی ترینیتی دەرچووە و چووە بۆ ڤیەننا لە نەمسا تا بڕوانامەی پسپۆڕی و بۆرد لە بواری نەشتەرگەریی قوڕگ و لووت و گوێدا بە دەست بهێنێت. ساڵی ١٩٢٣ بووە بە سیناتۆری وڵاتی ئایرلاندی ئازاد. ساڵی ١٩٣٩ چووە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و جگە لە چەند سەردانێک زیاتر، ئیتر بۆ ئایرلاند نەگەڕاوەتەوە. چەند بەرهەمێکی نووسیوە، لەوانە ڕۆمان و ژیننامەی خۆی و بڵاوی کردوونەتەوە. لە ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٧دا لە خەستەخانەی بێث دەیڤد لە نیو یۆرک کۆچی دوایی کردووە. لاشەکەی هێنراوەتەوە بۆ ئایرلاند و لە گۆڕستانی بالینەکیل لە کۆنیمارا نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

یەکناسینەکەیان ئەوەندەی دوژمنایەتی بووە، ئەوەندە هاوڕێیەتی نەبووە. هەردووکیان ئارەزووی پیشەی پزیشکییان کردووە و هەردووکیشیان خولیای نووسینیان هەبووە. لە ئەیلوولی ١٩٠٤دا جۆیس و گۆگەرتی و ساموئێل ترێنچ (بڕوانە ١: ٢٨) کەمتر لە حەفتەیەک پێکەوە لە قەڵای مارتێللۆدا ژیاون. **~س.ت.م.١**

[5] **بەک و خرپن:** جۆیس بۆ ئەدگاری بەک مەڵیگن وشەیەکی بە کار هێناوە کە زۆربەی ئەو واتایانە دەدات کە بە کەسێتییەکەوە پەیوەستن. ئەویش وشەی *plump*ە، هەم بە واتاکانی *خرپن، خڕیلە، قەڵەو، گۆشتن* دێت، هەم بە واتای *قسەڕەق، قسەلەڕوو* دێت. *بەک*، نێرەی گیاندارێکی قۆچدارە لە جۆری ئاسک. وشە ئینگلیییەکەی دەقە بنەڕەتەکە *Buck*ە، بە واتای ئاژەڵی نێرینەی تریش دێت، وەک *کەروێشکەنێرە، بزن*...تد. هەروەها *بەک* بە گوێرەی *فەرهەنگی پاتریدج* بە واتای *پیاوێکی دڵخۆشی بەکەیف و تەڕپۆش* دێت. **~ن.م.**

[6] **تاس:** تاسەکە دەبێتە کاسەی پیرۆز لە هەزەخی سوپاسگوزاریدا (بڕوانە ١: ٩٦) کە لێرەدا مەڵیگن گاڵتەی پێ دەکات و لە دیمەنی داهاتوودا «سەرپلیکانەکە» دەبێتە قوربانگاکە. کاسەی پیرۆز شەرابی تێدایە کە لە سرووتی ماسدا دەبێتە خوێنی عیسا. **~گ.س.**

[7] **مووس:** هێمای قەسابە، گوایە قەشە قەسابە. لە کۆتایی ئەڵقەی نۆیەمدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە. **~گ.س.**

[8] **زەرد:** ١٦ی حوزەیران بۆنەی یادی سانت جۆن فڕانسیس ڕێجیسە (١٥٩٧-١٦٤٠)، قەشەیەکی کەم-بەناوبانگی فەڕەنسی بووە کە لە باشووری فەڕەنسا ڕێزی لێ دەگیرێت. لە یادی قەشەیەکی وەهادا کە ددانپێدانان وەردەگرێت، جلوبەرگی شیاوی ماس سپی و ئاڵتوونییە، ئاڵتوونییەکەیان بە ویستی قەشەکەیە. جلوبەرگی ڕاستینەی سرووتی دینی قوماشێکە کە سەرلەبەری یان زۆربەی بە دەزووی ئاڵتوونی دەچنرێت و تەنها زەرد نییە. لە ڕووی سرووتی دینییەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگری زۆر ئاماژەی نەرێنییە: بۆ نموونە: هەندێک جار زەرد بە کار دەهێنرێت تا ئاماژەی ڕووناکیی دۆزەخی، شەرمەزاری، ئیرەیی، خیانەت و هەروەها فریودانیش بدات. هەر بۆیە زۆر جار یەهوزای ئەسخەریوتی، کە یەکێک بووە لە مریدەکانی عیسا و گوایە خیانەتی لێ کردووە، لە تابلۆکاندا جلێکی زەردی پۆشیوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جیاگرەکان (heretic) ناچار کراون ڕەنگی زەرد بپۆشن. **~گ.س.**

[9] **گرێنەدراو:** کە قەشەیەک سرووتی ماس بە ڕێوە دەبات، کەوا سپییە درێژەکەی بەری لە ناوەڕاستدا بە بەنێکی باریک دەبەستێت کە بە گوڵینگە کۆتایی هاتووە و هێمایە بۆ داوێنپاکیی قەشەکە. *گرێنەدراو* ئاماژە بەوە دەدات کە قەشەکە پەیمانی داوێنپاکیی قەشەیەتیی شکاندووە. لە کۆتاییەکانی ئەڵقەی پازدەیەمدا ئەمە دووبارە دەبێتەوە. **~گ.س.**

[10] **ئینترۆیبۆ ئادْ'ئالتارێ دێی**، بە لاتینی *Introibo ad altare Dei*: دەقی لاتینیی (زەبوورەکان ٤٣: ٤)ی *کتێبی پیرۆزە*، واتە: «ئەوسا دێم بۆ قوربانگای خودا». سرووتخوێن لە سەرەتای سرووتی ماسدا ئەم دەقە لاتینییەی خوێندووە. خزمەتکاری کڵێساش {کە زۆر جار منداڵێک یان گەنجێکە} لە تەنیشتیەوە بە دێڕی دواتری زەبوورەکە بە لاتینی وەڵامی دەداتەوە کە بە کوردییەکەی دەڵێت: «بۆ لای خودای خۆشی و دڵشادیم». لە چوارچێوەی دەقە دینییەکەدا زەبوورخوێنەکە نزا دەکات لە چەوساندنەوە و فێڵ و زۆرداریی دوژمنان ڕزگاری ببێت، تا بگەڕێتەوە بۆ پەرستگا و قوربانگای خودا. ستیفن بە نابەدڵی ڕۆڵی خزمەتکارەکە بۆ مەڵیگن دەبینێت. هەروەها ئەو پاڕانەوەیە بیرخەرەوەیەکی گاڵتەئامێزە کە بەیتەکان وەک نەریتی باو ئاوها دەست پێ دەکەن، وەک چۆن *ئۆدیسە* وا دەست پێ دەکات. **~گ.س.**

ئەم ڕستەیە لە دەقە بنەڕەتەکەشدا هەر بە لاتینی نووسراوە. بە درێژایی ئەم ڕۆمانە لە چەندین شوێندا بە زمانەکانی لاتینی، فەڕەنسی، ئیتالی، سویدی، ئەڵمانی...تد. وشە و

دەستەواژە و ڕستەی تێدایە. بە پێویستم زانی هەموویان بە ڕێنووسی کوردی وەک خۆیان کە چۆن دەخوێنرێنەوە، ئاوها بنووسمەوە و دایانبنێمەوە و بە کۆتاویز ئاماژە بە واتاکانیان بدەم. لەبەر ئەوەی زۆرێکیان کەشوهەوای تەوژمە هۆشەکان دروست دەکەن و ڕاستی و بنجێتیی بیرکردنەوەکان و دیمەنەکانمان پیشان دەدەن.

**کتێبی پیرۆز**: بە ئینگلی Bible یان The Holy Bible، پەڕتووکی هەرە پیرۆزی دینی مەسیحییەکان پەڕتووکێکی کۆکراوەیە بە ناوی *کتێبی پیرۆز* یان بە وەرگێڕانەکەی تری کوردی: *پەڕتووکی پارسا*، بە ئینگلی پێی دەڵێن: *ذە هەوڵی بایبڵ The Holy Bible* یان تەنها *بایبڵ*. لەم ڕۆمانەدا زیاتر لە سەدان جار ئاماژە بە شوێنی جیاجیای *کتێبی پیرۆز* دراوە. تا ئەمڕۆ (سەرەتای ٢٠٢٥) و ئەوەندەی ئاگادار بم دوو وەرگێڕانی ئەم پەڕتووکە بۆ کوردی هەیە و هەردووکیشیان گەلێک باشن و من بە دووان لە گرنگترین کارەکانی سەدەی بیست و یەکی کوردییان دەزانم. چونکە *کتێبی پیرۆز* دایکی وێژەی خۆرئاوایە و بێ تێگەیشتن لەم پەڕتووکە ئەستەمە لە قووڵایی وێژە و فەلسەفە و هونەری خۆرئاوا تێبگەین، هەروەک چۆن *قورئان* دایکی وێژە و فەلسەفە و هونەری ئیسلامییە و بێ ناسینی *قورئان* ئەستەمە لە سەدان نووسین و زەخرەفەی خۆرهەڵاتی تێبگەین. لە تەواوی ئەم پەڕتووکەدا چەندین جار شوێنی جۆراوجۆری ئەم پەڕتووکەم بە سەرچاوە هێناوەتەوە، هەر هەموو ئەو سەرچاوانەم لە ماڵپەڕی (https://www.biblegateway.com)ەوە وەک خۆیان هێناوەتەوە و ئەوەندەی ئاگادار بووبێتم پیتێکم بۆ زیاد و کەم نەکردوون.

ئەگەرچی *کتێبی پیرۆز* لە دووتوێی یەک پەڕتووکی بینراودا چاپ کراوە و بەردەوامیش چاپ دەکرێت، بەڵام کە دەیکەیتەوە لە چەند پەڕتووکێک پێکدێت (هەندێک کەس، وەک وەرگێڕەکانی *پەڕتووکی پارسا* بە هەر یەکێک لەم پەڕتووکانە دەڵێن «سێفر»، وەک: «سێفری ئافریدە») و ساڵی نووسینیان جیاوازن و لە یەک ڕۆژدا هەموویان نەنووسراون. کۆی ئەم پەڕتووکانەش بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبن، مەسیحییەکان بە بەشی یەکەمی دەڵێن: ***پەیمانی کۆن*** *– The Old Testament*، کە ژمارەی پەڕتووکەکانی ناوی بە پێی پەیڕەوە جیاوازەکانی دینی مەسیحی جیاوازییان هەیە، لای کاسۆلیکەکان لە ٤٦ پەڕتووک پێکهاتووە، بەڵام لای پرۆتستانتەکان لە ٣٩ پەڕتووک پێکهاتووە. هەردووکیان بۆ کوردی وەرگێڕراون، ٣٩ پەڕتووکییەکە بە کوردی ناوی *کتێبی پیرۆزە*، ٤٦ پەڕتووکییەکە ناوی *پەڕتووکی پارسا*یە، گەلێک جار لە ڕۆمانەکەدا بە کار دێن، بۆیە بیستنی ناونیشانەکانیان شتێکی باشە، ئەمانە ناونیشانەکانیانن بە گوێرەی *کتێبی پیرۆز*:

١. پەیدابوون
٢. دەرچوون
٣. لێڤییەکان
٤. سەرژمێری
٥. دواوتار
٦. یەشوع
٧. ڕابەران
٨. ڕائووس
٩. یەکەم سامویێل
١٠. دووەم سامویێل
١١. یەکەم پاشایان
١٢. دووەم پاشایان
١٣. یەکەم پوختەی مێژوو
١٤. دووەم پوختەی مێژوو
١٥. عەزرا
١٦. نەحەمیا
١٧. ئەستێر
١٨. ئەیوب
١٩. زەبوورەکان
٢٠. پەندەکانی سلێمان
٢١. ژیرمەندی
٢٢. گۆرانی گۆرانییەکان
٢٣. ئیشایا
٢٤. یەرمیا
٢٥. شینەکانی یەرمیا
٢٦. حزقیێل
٢٧. دانیال
٢٨. هۆشەع
٢٩. یۆئێل
٣٠. ئامۆس
٣١. عۆبەدیا
٣٢. یونس
٣٣. میخا
٣٤. ناحوم
٣٥. حەبەقوق
٣٦. سەفەنیا
٣٧. حەگەی
٣٨. زەکەریا
٣٩. مەلاخی

ئەمانە ناونیشانەکانیانن بە گوێرەی *پەڕتووکی پارسا* (ئەم وەرگێڕانەیان ئەو حەوت پەڕتووکەی تێدایە کە پرۆتستانتەکان لایانبردووە):

١. ئافریدە
٢. دەربازبوون
٣. لێڤییەکان
٤. سەرژمێر
٥. پاشکۆ
٦. یێهۆشووەع کوڕی نوون
٧. دادوەران
٨. ڕێووت
٩. یەکەم شیمۆئێل
١٠. دووەم شیمۆئێل
١١. یەکەم شاهان
١٢. دووەم شاهان
١٣. یەکەم ڕووداوەکانی مێژوو
١٧. ئێستێر
١٨. تۆڤییا
١٩. ییهودیت
٢٠. یەکەم مەککابییەکان
٢١. دووەم مەککابییەکان
٢٢. ئێیۆڤ
٢٣. شەیپوورەکان
٢٤. پەندەکان
٢٥. کۆپەند
٢٦. سترانی سترانەکان
٢٧. پەندیاریی شێلۆمۆن
٢٨. یێهۆشووەع کوڕی سیراخ
٢٩. یێشەعیا
٣٣. حسکێل
٣٤. دانییێل
٣٥. هۆشەیەع
٣٦. یۆئێل
٣٧. عامۆس
٣٨. عۆڤەدیا
٣٩. یۆنا
٤٠. میخا
٤١. نەحوم
٤٢. حەڤەککوک
٤٣. سێفەنیا
٤٤. حەگگای
٤٥. زێخەریا

١٤. دووەم ڕووداوەکانی مێژوو ٣٠. ییرمێیا ٤٦. مەلئەخی
١٥. عێزڕا ٣١. لاوانەوەکانی ییرمێیا
١٦. نێحێمیا ٣٢. بارووخ

هەموو ئەم پەڕتووکانە بە زمانی عیبری نووسراون و ئەو بەشەن کە دینی جوو باوەڕیان پێیان هەیە و لای ئەوان «پەیمانی کۆن» نییە، بەڵکو تەنها *پەیمان*ە و مەسیحییەکان ناویان لێی ناوە «پەیمانی کۆن»، چونکە بە پەیمانی عیسا و دوای عیسا دەڵێن: «**پەیمانی نوێ**». جووەکان سەرەڕای ئەم ٣٩ (یان ٤٦) پەڕتووکە پەڕتووکی تریشیان هەیە کە باوەڕیان پێی هەیە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت، مەسیحییەکان ئەو پەڕتووکانەیان نەخستووەتە ناو ئەم دووتوێیەوە. بە پێنج پەڕتووکی یەکەمی ناو *پەیمانی کۆن* (*پەیدابوون*، *دەرچوون*، *لێڤییەکان*، *سەرژمێری*، *دواوتار*) دەوترێت: ***تەورات*** کە باس لە پەیدابوونی زەوی، ئاژەڵ، ئاو، وشکانی، مرۆڤ، پێغەمبەرەکانی وەک ئادەم، نوح، ئیبراهیم، ئیسحاق، یاقوب، یوسف و نەوەکانیان دەکات. پاشان باسی موسا و ڕێکنەکەوتنی لەگەڵ فیرعەون و دەرچوونی جووەکان لە میسر و مانەوەیان لە چۆڵی سینا دەکات بۆ چل ساڵ و دواتر داگیرکردنی ئەو ناوچەیەی ئێستا پێی دەڵێین: *ئیسرائیل*. گوایە *تەورات* خودی موسا خۆی نووسیویە، یان لە سەردەمی ئەودا نووسراوە، یان لەسەر فێرکارییەکانی ئەو نووسراوە. بەڵام ئەمەش مشتومڕی لەسەرە و هەن پێیان وایە لە سەردەمی ئەودا (ئەگەر کەسێک بە ناوی *موسا*وە هەر هەشبووبێت) نەنووسراوە. کۆی هەموو پەڕتووکەکانی *پەیمانی کۆن* هەر هەموویان لە ڕووی کاتەوە دەکەونە پێش کاتی هاتنی عیساوە و هەر دانەیەکیشیان لە کاتێکی جیاواز لەوی تریان نووسراوە.

مەسیحییەکان بە بەشی دووەمی *کتێبی پیرۆز* دەڵێن: ***پەیمانی نوێ*** - *The New Testament* کە هەر وەک *پەیمانی کۆن* لە چەند پەڕتووکێک، یان کۆمەڵە نووسراوێک پێکهاتووە و ژمارەیان ٢٧ دانەیە. لە *پەیمانی نوێ*وە ڕێنماییەکان و ئامۆژگارییەکان و چیرۆکەکانی عیسا دەست پێ دەکەن. موسوڵمانەکان هەندێک جار بە کۆی ئەم پەڕتووکە دەڵێن: ***ئینجیل*** کە وشەکە خۆی لە *یوەنجێلیۆن*ی گریکییەوە هاتووە بە واتای *مژدە*، یان *مزگێنی*، بەڵام مەسیحییەکان خۆیان بە هەموو ئەم پەڕتووکە ناڵێن *ئینجیل*، بەڵکو تەنها بە چوار پەڕتووکی یەکەمیان دەڵێن: *ئینجیل* یان *مژدە* یان *مزگێنی*. چونکە جگە لەو چوار پەڕتووکە و پەڕتووکی *کردار* و پەڕتووکی *ئاشکراکردن*، ئەوانی تر نامەن. بۆیە کاتێک دەوترێت: *مزگێنی* مەبەست لە چوار پەڕتووکی یەکەمە، نەک هەموو *پەیمانی نوێ*. خودی

عیسا ئامۆژگارییەکانی بە سەرزارەکی داوە و خۆی هیچی نەنووسیوەتەوە، دواتر ئەم ئامۆژگارییانە، بە تایبەتی چوار مزگێنییەکە، خەڵکانی تر بە زمانی گریکی نووسیویانەتەوە کە گوایە لە ڕانێر و مریدەکانی عیسایان وەرگرتووە، بۆ *ڕانێر* (بڕوانە ١: ٢٠٠). ئەمانە ناونیشانەکانیانن بە گوێرەی *کتێبی پیرۆز*:

١. مەتا
٢. مەرقۆس
٣. لۆقا
٤. یۆحەنا
٥. کردار
٦. ڕۆما
٧. یەکەم کۆرنسۆس
٨. دووەم کۆرنسۆس
٩. گەلاتیا
١٠. ئەفەسۆس
١١. فیلیپی
١٢. کۆلۆسی
١٣. یەکەم سالۆنیکی
١٤. دووەم سالۆنیکی
١٥. یەکەم تیمۆساوس
١٦. دووەم تیمۆساوس
١٧. تیتۆس
١٨. فلیمۆن
١٩. عیبرانییەکان
٢٠. یاقوب
٢١. یەکەم پەترۆس
٢٢. دووەم پەترۆس
٢٣. یەکەم یۆحەنا
٢٤. دووەم یۆحەنا
٢٥. سێیەم یۆحەنا
٢٦. یەهوزا
٢٧. ئاشکراکردن

ئەمانە ناونیشانەکانیانن بە گوێرەی *پەرتووکی پارسا*:

١. مەتتەیی: ئینجیل بە نووسینی پارسا مەتتەیی موژدەبەخش
٢. مەڕقۆس: ئینجیل بە نووسینی پارسا مەڕقۆسی موژدەبەخش
٣. لۆقا: ئینجیل بە نووسینی پارسا لۆقای موژدەبەخش
٤. یۆخەننەن: ئینجیل بە نووسینی پارسا یۆخەننەنی موژدەبەخش
٥. کردارەکانی پەیامبەران
٦. پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای ڕۆما
٧. یەکەم پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای قۆرنتێ
٨. دووەم پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای قۆرنتێ
٩. پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای گەڵاتیا
١٠. پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای ئەپیسۆس
١١. پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای پیلیۆس
١٢. پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای قولسێ
١٣. یەکەم پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای تێسالۆنیقێ
١٤. دووەم پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ کنیشتای تێسالۆنیقێ

١٥. یەکەم پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ تێمۆتێئوس
١٦. دووەم پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ تێمۆتێئوس
١٧. پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ تتوس
١٨. پەیامی پارسا پەوڵوسی پەیامبەر بۆ فلیمۆن
١٩. پەیام بۆ عیبڕییەکان
٢٠. پەیامی پارسا یەعکۆڤی پەیامبەر
٢١. یەکەم پەیامی پارسا پەترۆسی پەیامبەر
٢٢. دووەم پەیامی پارسا پەترۆسی پەیامبەر
٢٣. یەکەم پەیامی پارسا یۆخەننەنی پەیامبەر
٢٤. دووەم پەیامی پارسا یۆخەننەنی پەیامبەر
٢٥. سێیەم پەیامی پارسا یۆخەننەنی پەیامبەر
٢٦. پەیامی پارسا یێهوودا
٢٧. پایانی دونیا: زیندەخەونی پارسا یۆخەننەنی لاهووتی

سەرەڕای چوار مزگێنییەکەی لە ناو *پەیمانی نوێ*دا جێ کراونەتەوە، نزیکەی ٤٠ پەڕتووکی تریش هەن کە پێیان دەڵێن: مژدە یان مزگێنی، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت مەسیحییەکان ئەو پەڕتووکانەیان نەخستووەتە ناو *پەیمانی نوێ*وە. لە زمانی ئینگلیدا بە هەر پەڕتووکێک کە لە *کتێبی پیرۆز*دا جێ کرابێتەوە دەوترێت: *کانۆنیکەڵ Canonical*، بە واتای *پەسەندکراو*، یان *یاساییکراو*. بەو پەڕتووکانەش کە لە *کتێبی پیرۆز*دا جێیان نەکراوەتەوە، دەوترێت: *نۆن کانۆنیکەڵ non canonical*، واتە *پەسەند نەکراو*، یان *یاسایی نەکراو*.

هەر پەڕتووکێکی ناو *کتێبی پیرۆز*، چ *پەیمانی کۆن* و چ *پەیمانی نوێ*، بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەبن، کە بە ئینگلی پێیان دەوترێت: *چاپتەر chapter* و بە کوردی تەنها پێیان دەوترێت: *بەش*، یا *بەند*، هەر بەشێکیش وەک ئایەتی *قورئان*، بەسەر چەند دێڕێکدا دابەش کراون و ژمارەیان بۆ دانراوە بە ئینگلی پێیان دەڵێن: *ڤێرس* و بە کوردی من وشەی *هۆنە*م بۆ بە کار هێناوە، کاتێکیش ئاماژە بە دێڕێکی *کتێبی پیرۆز* دەدەم، بەم شێوەیە نووسیومە: (ناوی پەڕتووک ژمارەی بەش: ژمارەی هۆنە) وەک: (پەیدابوون ١: ١).

*پەیمانی نوێ* دڵی دینی مەسیحییە. ئەگەر دەشپرسیت: بۆچی *پەیمانی کۆن* لە ناو *کتێبی پیرۆز*دا هەیە و تەنها ڕێنماییەکانی عیسا لە خۆ ناگرێت؟ ئەم پرسیارە چەند وەڵامێکی

هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە عیسا خۆی لە خێزانێکی جوو بووە و بڕیارێکی ئاشکرای نەداوە کە دینێکی نوێ دادەمەزرێنێت، بەڵکو زۆربەی ئامۆژگارییەکانی هەر لەسەر بنەمای پەڕتووکەکانی پێش خۆین و خوێندنەوەی نوێی بۆ کردوون. بۆ نموونە، لە بەشی ٥ی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا دەڵێت:

[٤٣]«بیستووتانە گوتراوە: ”نزیکەکەت خۆشبوێت،“ ”ڕقت لە دوژمنت بێتەوە.“ [٤٤]بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، [٤٥]تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت. [٤٦]ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ [٤٧]ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟ [٤٨]بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک باوکی ئاسمانیتان تەواوە. (مەتا ٥: ٤٣-٤٨)

لەویادا کە دەڵێت: «نزیکەکەت خۆشبوێت»، سەرچاوەی ئەو قسەیە لە *پەیمانی کۆن*دایە، لە پەڕتووکی *لێڤییەکان*دایە کە دەڵێت: «تۆڵە مەستێنەوە و قین لە دڵ مەبە بەرامبەر کوڕی گەلەکەت، بەڵکو نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت. من یەزدانم.» (لێڤییەکان ١٩: ١٨) لە لایەکی تریشەوە، عیسا وەک موحەمەدی نەکردووە کە پێش خۆی ڕەت بکاتەوە و بڵێت تەنها ئەوەی من ڕاستە. عیسا دەڵێت:

[١٧]«وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پێغەمبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان. [١٨]ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، هەتا هەمووی دێتە دی. [١٩]بۆیە ئەوەی بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە **شانشینی ئاسمان** بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە مەزن ناودەبردرێت. [٢٠]ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان.» (مەتا ٥: ١٧-٢٠).

واتە خودی عیسا داوا لە شوێنکەوتووانی خۆی دەکات لە *تەورات* و پەڕتووکی پێغەمبەرەکانی پێش خۆیدا زۆر شارەزا بن. **شانشینی ئاسمان**، کە لە دەقەکەدا ئاماژەی

پێ دراوە، شانشینی خودای هەرە بەدەسەڵاتی ئاسمانە، بە گوێرەی دینی مەسیحی، گوایە کە لە ئایندەدا دووبارە عیسا دێتەوە، ئەم شانشینە دەهێنێتە سەر زەوی.
**شێوازی ئاماژەدان بە سەرچاوەی کتێبی پیرۆزم گۆڕی:** لە چاپەکانی پێشووتردا دەمنووسی (پەیدابوون، بەشی ١، ھ.١). ئێستا دەنووسم: (پەیدابوون ١: ١)، ژمارەی یەکەم واتە بەشی ١، ژمارەی دووەم واتە هۆنەی ژمارە ١. کاتێک دەنووسم (پەیدابوون ١: ٣) واتە بەشی یەکەم، هۆنەی ٣. **~ن.م.**

[11] **کینچ**: بە ئینگلی *Kinch*، بە پێی *فەرهەنگی پاتریدج* بەم واتایانە دێت: «١. منداڵێک کە بۆ دزیکردن گەورە کرابێت. ٢. پیاوێکی بچکۆلەی کورتەبنە. ٣. پیاوێک دزی لە منداڵ بکات.» بەڵام بە پێی تێبینیی ڕیچارد ئێلمان لە لاپەڕە ١٣١ی پەرتووکی *جەیمز جۆیس* بە واتای *لاساییکردنەوەی دەنگی بڕینی چەقۆ* دێت کە گۆگەرتی ئەم ناوەی لە جۆیس ناوە. **~گ.س.**

[12] **یەشوعی:** بە ئینگلی: *Jesuit*: یەشوعییەکان ئەندامانی *کۆمەڵەی عیسا*ن، کۆمەڵەیەکن سەر بە کڵێسای کاسۆلیکن، بە توندوتیژیی سازشنەکەرانەی بیروبۆچوونیان ناسراون و لەمەشەوە لە ناو خەڵکاندا لە سەنگینییەکەیاندا بە «تۆقێنەر» تەماشا کراون. **~گ.س.**
جۆیس خۆی لە قوتابخانەی ئەم یەشوعیيانەدا خوێندوویەتی و لەم ڕۆمانەدا چەندین جار بە *یەشوعی* و بە ک.ع.، کە کورتکراوەی *کۆمەڵەی عیسا*یە، ناوی کۆمەڵێک کەسێتی هێنراون. **~ن.م.**

[13] **چەکنیش**: وشەیەکی لێکدراوە، لە *چەک* و *نیش* پێکدێت. ئامێرێک، خزگەیەک یان سێپایەکە کە بتوانرێت چەکی لەسەر دابنرێت. ئەوەی سەربانەکەی قەڵاکە بنکی تۆپە و تەنانەت دەتوانیت وێنەکانیشی ببینیت، بەڵام وشەکەی جۆیس دایڕشتووە خۆی دروستی کردووە، نەک وشەیەک بێت هەبێت، لە *gun* و *rest* لێکیداوە و کردوویە بە *gunrest*. بە تۆپ دەوترێت: *canon*، جۆیسیش زۆر چاک زانیویەتی کە وایە، بەڵام بۆچی *canonrest*ی دانەناوە؟ دڵنیا نیم، بەڵام پێم وا بێت لەوانەیە مەبەستی بچووککردنەوەی تۆپەکە بووبێت بۆ چەکێکی ئاسایی، بەوەی کە ئەو قەڵایە ئیتر بەکار نەماوە و ددانی نەماوە، هەر وەک «کینچی بێددان»، کە مەڵیگن لە کۆتایی ئەڵقەکەدا وەها بە ستیفن دەڵێت. بۆیە ئێستا لە تۆپەوە بووە بە *چەک*. لە لایەکی تریشەوە بەوەی کە قەڵاکە بەریتانییەکان لە دژی فەڕەنسییەکان دروستیان کردووە، کە ئایرەکان لایەنگری فەڕەنسییەکان بوون، لەوانەیە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بێت بەوەش. پێم وا بێت جۆیس بە ڕێکەوت شتی وا ناکات، بۆیە

ئەگەرچی لە ڕاستیدا ئەم کەرەستەیە بنکی تۆپە، کەچی جۆیس، لەوانەیە بە ئەنقەست بچووکی کردبێتەوە. **~ن.م.**

[14] **ستیفن دێدالۆس**: ئەگەرچی ستیفن دێدالۆس کەسێتییەکی خەیاڵکردە (فیکشنەڵ)، بەڵام تا پلەیەکی بەرچاو نموونەی جەیمز جۆیس خۆیەتی لە کاتی گەنجێتیدا. هەر لە ژیانی پێشووتری جۆیس لە ڕۆمانی تەواونەکراوی *ستیفنی پاڵەوان* و *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*، کە لە کۆتاییەکەیدا ستیفن ئایرلاند بە جێ دەهێڵێت و بۆ ئەورووپا دەڕوات، کە دایکی دەمرێت، باوکی بانگی دەکاتەوە تا بگەڕێتەوە بۆ دەبلن. لەم بەشەی یەکەمی ڕۆمانەکەدا بێهیوا و ڕقانی و تێکشکاو دەردەکەوێت و هێشتا شیوەن بۆ دایکی دەکات کە ساڵی ڕابردوو، واتە ۱۹۰۳مردووە. **~ڤ.ئ.**

**دیدەڵس و دێدەلس و دێدالۆس**: گۆکردن و ڕێنووسی کوردیی ناوی ئەم کەسێتییە بە چەند شێوەیەک هاتووە، دکتۆر ئازاد حەمەشەریف لە *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* نووسیویەتی: **ستیڤن دیدالۆس**.

سەبارەت بە نووسینی ناوی یەکەم بە *ڤ* (ستیڤن) نەک بە *ف* (ستیفن)، ئەمە هەڵەیە، چونکە لە ئینگلییەکەشدا هەر بە پی ئێچ نووسراوە *Stephen* کە بە ف دەخوێنرێتەوە. چیرۆکی گۆڕانی *ستیفن* بۆ *ستیڤن* کوردی نییە و کورد خۆی هەڵەکەی نەکردووە، بەڵکو هەڵەکەی گواستووەتەوە، لە ڕاستیدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ئینگلیدا زۆربەی کات ناوی بچووککراوەی ستیفن، یان ستیفانۆس دەکرێت بە *ستیڤی*؛ ئاوها لەوێوە *ستیڤی* کراوەتەوە بە ناوە تەواوەکە، بەڵام ئەمجارە بووە بە *ستیڤن*. تەنانەت لە گفتوگۆیەکی نێوان ستیفن فرای و ستیڤن پینکەردا بە ناونیشانی *لە بارەی ڕۆشنگەریی ئەمڕۆوە*، کە لە زانکۆی هارڤارد پرۆفیسۆرە، ستیفن فرای لە سەرەتادا بە ستیڤن پینکەر دەڵێت: «ستیڤن، دەمەوێت بڵێم کە تۆ هەرچییەک دەکەیت من سەرسام دەبم پێی، جگە لەو ڕێنووسەی تۆ بۆ ناوی ستیفن!» بۆیە ستیڤن هەڵەیە و ستیفن ڕاستە. بۆ ناسناوەکەی، من پێشتر بە «دیدەڵس» نووسیبووم کە شێوە گۆکردنە باوە ئەمەریکاییەکەیەتی و بە *ڵ* دەخوێنرێتەوە، ئەم هەڵبژاردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژە سەرەتاکانی وەرگێڕانم لە تەمووزی ۲۰۱۸دا، نازانم چۆن بەم بڕیارەمدا نەچوومەتەوە! فڕانک دیلەینی لە پۆدکاستەکانیدا بە *دیدەلس* دەیخوێنێتەوە. لە ڕاستیدا چەند کۆپلەیەکی تۆمارکراو لە دەنگی جەیمز جۆیس هەیە، لە یەکێکیاندا کۆپلەیەکی ئەڵقەی حەوتەمی *ئولیس* و لە یەکێکی تریاندا کۆپلەیەکی *فینیگەنس وەیک* دەخوێنێتەوە، جۆیس بە شێوەگۆیەکی ئینگلیی ئایریی زەق دەدوێت،

هەرگیز پیتی *ڵ* گۆ ناکات و هەمیشە *ل* ی زۆر ناسک گۆ دەکات. هەموو ئاماژەکان ئەوەم بۆ دەردەخەن کە بڕیاری نووسینی ناوەکەی بە *ڵ* هەڵەی من بووە. هەروەها دکتۆر بەختیار سەجادیش پێی وتم کە ساڵی ١٩٩٧ لە بەشی وێژەی ئینگلیی زانکۆی تاران مامۆستایەکیان هەبووە بە ناوی پرۆفیسۆر بەهرام مقدادی کە پێی وا بووە جۆیس مەبەستێکی تریشی هەبووە لەم ناوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕەگەزدۆزییەک لە نێوان *دێدلێس* ی *deadless* ئینگلی بە واتای نەمر و *دێدەلس Dedalus*دا هەیە. خۆم ئەم تێڕوانینەم لە هیچ جێیەکی تردا نەدیوە، دکتۆر بەختیاریش هەروەها دەڵێت کە لە هیچ پەڕتووکێکدا بەر چاوی نەکەوتووە. بەڵام من ئەم پەیپێبردنەم بە دڵە. لە پێداچوونەوەکانی پیشوودا کردم بە «دێدەلس»، بەڵام لەم پێداچوونەوەیەدا لەبەر ئەوەی دەمەوێت ناوەکان بۆ بنەچەکانیان بگەڕێنمەوە، کردم بە «دێدالۆس»، کە بە گریکی وەها دەخوێنرێتەوە. ~**ن.م.**

[15] **تەپڵەسەری نەتاشراو:** ئەو دوو وشە نەرێنییەی پەسنی مەڵیگنی پێ کراوە: «پشتێن-گرێنەدراو» و «تەپڵەسەری نەتاشراو» دوو ئەدگاری زۆر ناقەشەیین، لە کاتێکدا ئەو لاسایی قەشە دەکاتەوە. تەپڵەسەری نەتاشراو نەریتێکی قەشەکانی کۆنە کە زۆر جاران پێش سرووتی دینی تەپڵەسەری خۆیانیان تاشیوە. لێرەدا پێشنیاری ئەوە دەکات کە مەڵیگن هیچ ڕێزێک بۆ سرووتە دینییەکە دانانێت کە بەو کافرێتییە لاسایی دەکاتەوە. ~**ج.هـ.**

[16] **بۆ ئۆردوگاکانتان بگەڕێنەوە:** فەرمانێکی سەربازییە کە هەندێک جار لە بری «پشوو بدەن» بە کار دەهێنرێت تا سەربازەکان، کە بۆ ڕێزکردنی بەیانیان هێنراون، بگەڕێنەوە شوێنی پشوودانیان. ~**گ.س.**

[17] **چونکە ئەمە... خانمە مەسیحییەکی ڕەسەنە:** لاساییەکی گاڵتەئامێزی وتەکانی عیسایە کە لە دواهەمین شێودا بە قوتابییەکانی دەڵێت. لە مزگێنی *بە پێی نووسینی مەتا*دا دەڵێت:

> «[٢٦]کاتێک نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، دایە قوتابییەکان و فەرمووی: "وەرگرن، بخۆن، ئەمە جەستەی منە." [٢٧]ئینجا جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، پێی دان و فەرمووی: "هەموو لێی بخۆنەوە، [٢٨]چونکە ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناھ بەخشین دەڕژێت"» (مەتا ٢٦: ٢٦-٢٨)

ئەم وتانەی عیسا لە هەزەخی ماسدا دەبێژرێت. «خانمە مەسیحی» گاڵتەکردنێکە کە ئاماژە بە *ماسی ڕەش* دەدات کە ماسێکی شەیتانییانەیە و لە بری شەراب و نانەڕەقە، ژنێک

لەسەر قوربانگاکە دادەنرێت {تا هەمووان بێن لێی بخۆن}. لە کۆتایی ئەڵقەی پازدەیەمدا ئەمە دێتەوە. **~گ.س.**

18 **بە دڵ... ناسۆرەکان:** کورتکراوەی «خوێن و ناسۆرەکانی خودا»یە کە سوێندێکی کافرانەی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستە. **~گ.س.**

19 **کێشەیەک... لەگەڵ ئەو خڕۆکە سپییانەدا:** مەڵیگن بە گاڵتەجاڕییەکی زانستییەوە ئاماژە بە پرۆسەی کرۆکگۆڕکێ دەکات کە کاتێک شەرابەکە لە ڕازی ماسەکەدا دەبێت بە خوێنی عیسا (بڕوانە ١: ١٠١). **~گ.س.**

20 **کریسۆستۆمۆس:** وشەیەکی گریکییە، لە *کریسۆس* بە واتای *زێڕ* و *ستۆما* بە واتای *دەم* پێکدێت. واتە *دەمزێڕین*، یان *لەبزێڕین* یان *لێوزێڕین*. ئەو ددانانەی مەڵیگن کە ورشەی زێڕین دەدەنەوە، پێشنیاری ئەم ناسناوە گریکییە دەکەن کە دەشێت مەبەست لە دوو کەس بێت، یان دیۆن کریسۆستۆمۆس (٥٠-١١٧)ە، کە وتاربێژێکی گریکی بووە، یان لەوانەیە سانت جۆن کریسۆستۆمۆس (٣٤٥-٤٠٧) بێت، کە پاتریارکی کۆنستەنتینۆپڵ – ئەستەنبوولی ئێستا بووە و یەکێک بووە لە سێ قەشە پلەباڵاکانی ئۆرتۆدۆکسی گریکی. جوان کینەن دەڵێت گوایە پوختەیەک لە وتاری ئەم پیاوە لە ماسی یەکەم ڕۆژدا بێژراوە. هیو کێنەر دەڵێت: «ئەو پاپایەی مژدەبەرە ئینگلەکانی بۆ ئایرلاند نارد لە ئایرلاندا پێی دەوترا گریگۆریی دەمزێڕین» ئەو پاپایە گریگۆریی یەکەم (٥٤٠-٦٠٤) بووە کە بە گریگۆریی مەزن ناسراوە. چیرۆکەکە بەو شێوەیەیە کە لە دەوروبەری ساڵی ٥٧٥دا لە بازاڕی کۆیلەکانی شاری ڕۆمادا چاوی بە کۆمەڵێک گەنجی ئینگل کەوتووە کە بوون بە کۆیلە و بە جوانییەکەیان سەرسام بووە و بڕیاری داوە دینی وڵاتەکەی ئەم گەنجانە بگۆڕێت بە دینی مەسیحی. ئەم ئەرکەشی بە سانت ئاوگوستینی کانتەربری سپاردووە. **~گ.س.**

21 **دوو فیکەی تیژبڕی بەهێز:** لە ماسدا خزمەتکاری کڵێسا دوو زەنگ لێدەدات بۆ ئەوەی بانگەوازی ئەوە بکات کە نانەڕەقەکە و شەرابەکە کرۆکیان گۆڕرا و بوون بە خوێن و جەستەی عیسا. **~گ.س.**

22 **بەرلۆغە:** بە ئینگلی *jowl*، لە زمانی خۆمانەییدا هەر عەرەبییەکەی بە کار دێت کە *غەبغەبە*، *الغَبْغَب*ە، واتە *ژێر چەناگە*. **~ن.م.**

23 **ئوسقوفێک... پشتیوانیی هونەرمەندانی دەکرد:** ئەو ڕوخسارە پێشنیاری پاپای ئیسپانی-ئیتالی ئەلێکساندەری شەشەم (١٤٣١-١٥٠٣) دەکات. خۆی ناوی *ڕۆدریگۆ بۆرخا*یە، کە

پیشەکەی لەگەڵ دوو منداڵەکەیدا لوکریشا و چێزاریٚ بۆرخا هەر لە زووەوە وەک نموونەی گەندەڵیی سەردەمی ڕێنیسانس دەستنیشان کراوە. ئەم پیاوە سایەدەر و پشتیوانێکی خۆتەرخانکەری هونەر بووە، وا داینابوو کە بۆڕ بە ئەوانی پێش خۆی بدات و مۆنومێنتێک بۆ خۆی و وەچەکانی خێزانەکەی بە جێ بهێڵێت. **~گ.س.**

[24] **ئەو ناوە بێواتایەت:** ستیفن لە ناوی *سانت ستیفن*ی یەکەم گەشمەرگی (شەهید) دینی مەسیحییەوە هاتووە کە پێش ئەوەی پۆڵس ببێت بە مەسیحی، کەسێتییەکی زۆر دیار بوو {لە وەرگێڕانی کوردیی *کتێبی پیرۆز*دا بە *ستیفانۆس* ناوی هاتووە}. دێدالۆس لە زمانی گریکیدا بە واتای *پیشەگەری کارزان* دێت و لە ئوستوورەی گریکیدا وەک نموونەی باڵای بەکەسکراوی داهێنەر و پەیکەرتاش و ئەندازیار تەماشا دەکرێت. ئیرەیی بە کارزانی و داهێنانەکانی تالوسی خوشکەزای خۆی دەبات و دەیکوژێت و لە ئەنجامی ئەم کوشتنەشدا لە ئەسینا دەردەکرێت. دێدالۆس بۆ دوورگەی کریت دەڕوات کە گاپەرستن. لەویٚ دەچێتە کۆشکی مینۆسەوە کە پاشای دوورگەکەیە. مانگایەکی دەستکرد بۆ شاژن پاسیفە دروست دەکات، کە ژنی مینۆسە، چونکە ئەو ئارەزووی جووتبوونی لەگەڵ گا نیمچەئاسمانی و نیمچەمرۆڤییەکەدا هەیە کە ناوی *مینۆتاڤرۆس*ە. دێدالۆس مینۆتاڤرۆسی لە گێژەڕێیەکدا، کە خۆی دروستی کردووە، بەند کردووە. کە پاشا مینۆس دەزانێت دێدالۆس دەستی لەمەدا هەیە و گەوادیی بۆ ژنەکەی کردووە، تووڕە دەبێت و دێدالۆس خۆی و ئیکارۆسی کوڕی بەند دەکات. دێدالۆس نەخشەی هەڵهاتنەکەیان دەکێشێت بەوەی لە پەڕی باڵندە و مۆم یەکی دوو باڵ بۆ خۆیان دروست بکات تا بفڕن. نەخشەکە سەردەگرێت، بەڵام ئیکارۆس لە خۆشیی ئەوەی کە دەفڕێت، ئەوەندە بەرز دەبێتەوە و نزیک بە خۆر دەفڕێت کە مۆمی باڵەکانی دەتوێنەوە و دەکەوێتە خوارەوە بۆ ناو دەریا و دەمرێت. دێدالۆس بۆ دوورگەی سیسیلیا (یان سەقەلییە) هەڵدێت کە بە پارێزراوی دەژی و داهێنانی نویٚ دەکات. بە درێژایی ڕۆژەکە، وەک کوڕێک، ستیفن ئیکارۆسە بۆ دێدالۆس و تیلێماخۆسە بۆ ئۆدیسێفس و هاملێتە بۆ پاشا هاملێتی باوک. **~گ.س.**

[25] **مەلاخی**: بە عیبری: واتە *پێغەمبەرەکەم*. مەلاخی پێغەمبەرێکە کە لە دەوروبەری ساڵی ٤٦٠ی پێش زایندا ژیاوە و دواهەمین پەڕتووکی *پەیمانی کۆن* پەڕتووکی ئەم پێغەمبەرەیە کە پێشبینیی هاتنی پێغەمبەر ئەلیاس دەکات پێش ئەوەی ڕۆژی گەورە و ترسناکی یەزدان بێت. (مەلاخی ٥: ٤). هەروەها ناوەکە ناوی *مەلاخیی مەزن*یشمان بیر دەخاتەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەمدا پاشای گەورەی ئایرلاند بوو. هەروەها سانت مەلاخیشمان

بیر دەخاتەوە (١٠٩٤-١١٤٨) کە قەشەیەکی باڵادەست و نوێگەر بووە و بە پێی گێڕانەوە باوەکان، توانای پێشبینیکردنی هەبووە. ~**گ.س.**

[26] **ئافوور:** بە ئینگلی *deer*، نێرەی گیاندارێکی قۆچدارە لە جۆری ئاسک. وشە ئینگلیبیەکەی دەقە بنەڕەتەکە *Buck*ە، (بڕوانە ١: ٥). ~**ن.م.**

[27] **کوید:** یەکەی دراوی ئایرلاندی ساڵانی ١٩٠٤ هەر وەک ئێستا پاوەنی ستێرلینگی ئینگلی بووە. دراوی جارانی بەریتانی سیستمێکی دەیی و چەندجارەی دەیی نەبووە و تا ڕادەیەک بۆ تێگەیشتن سەرلێتێکدەرە: پاوەنێک بیست **شڵنگ** بووە؛ شڵنگێک دوازدە **پنس** بووە؛ پنسێک چوار **فارذینگ** بووە؛ واتە فارذینگ بچووکترین یەکەی دراوی ئینگلی بووە. بەم شێوەیە: پاوەنێک ٢٤٠ پنس بووە؛ پاوەنێک ٩٦٠ فارذینگ بووە. ئەوەی زیاتر سەرلێتێکدەرە ئەوەیە کە چەندین بانقەنووت و خوردەی جیاواز بۆ ئەم پێوانەی دراوە هەبوون، هەر یەکێکیان ناوێکی جیاواز و بەهایەکی جیاوازیان هەبووە، جگە لەوەی کە ناوێک یان دووان و سیانی بازاڕییان هەبووە، بەم شێوەیە ڕوونی دەکەینەوە: دوو فارذینگ **نیو پنس** بووە؛ دوو شڵنگ یەک **فلۆرین** بووە؛ پێنج شڵنگ یەک **کراون** بووە؛ کراونێک دوو **نیو کراون** بووە؛ واتە نیو کراون دوو شڵنگ و شەش پنس بووە؛ پاوەنێک و یەک شڵنگ یەک **گینی** بووە. ناوە بازاڕییەکانیش بەم شێوەیەن: هەردوو ناوەکانی **کوید** و **سۆڤەرینی زێڕین** ناوێکی بازاڕیی ترن بۆ پاوەنێک؛ **کاپەر** ناوێکی بازاڕیی ترە بۆ **یەک پنس**؛ **نیو گرۆت** ناوێکی بازاڕییە بۆ **دوو پنس**؛ **جۆوی** ناوێکی بازاڕییە بۆ **سێ پنس**. **گرۆت** ناوێکی بازاڕییە بۆ **چوار پنس**؛ **تانەر** ناوێکی بازاڕییە بۆ **شەش پنس**؛ **بۆب** ناوێکی بازاڕیی ترە بۆ شڵنگێک؛ **دوو بۆب** ناوێکی بازاڕییە بۆ فلۆرینێک؛ **دۆلار** ناوێکی بازاڕییە بۆ **کراونێک**. ~**ج.ه.**

[28] **هاینس**: ئەم کەسێتییە لەسەر نموونەی ڕیچارد ساموئێل شێنەڤیکس ترێنچ داڕێژراوە. لە ٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨١ لە ئینگلتەرا لە دایک بووە. باپیرەگەورەی ساڵانی ١٨٦٤-١٨٨٤ مەترانی دەبلن بووە. باوکی چەند پەڕتووکێکی لە بواری سەربازیدا نووسیوە و نەخۆشییەکی بەئازار و بێچارەی هەبووە و کە ئەم ١٢ ساڵان بووە باوکی بە ژەهر مردووە، لە ئەدینبرە نێژراوە. ڕیچارد، واتە هاینس، لە ئیتن کۆلێج خوێندوویەتی، پاشان چووەتە بەیلیوڵ کۆلێج لە شاری ئۆکسفۆرد و هەر لەوێ بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی گیلییەکان و فێری زمانی ئایری بووە. لێرە و لەم کۆمەڵەیەدا یەکەم جار ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتیی ناسیوە، سێ ساڵان لە گۆگەرتی منداڵترە. لە ئەیلوولی ١٩٠٤دا ترێنچ لە قەڵای مارتێللۆ لە ساندیکۆڤ میوانی گۆگەرتی بووە، جۆیسیش هەر لەوێ بووە و ڕەفتارە شێتانەکانی ترێنچ

بووەتە هۆی ئەوەی جۆیس قەڵاکە بە جێ بهێڵێت و دواتریش بووەتە هۆی سەرەکیی جیابوونەوەی هاوڕێیەتیی جۆیس و گۆگەرتی. ترێنچ ساڵی ۱۹۰۷ پەڕتووکێکی بە ناونیشانی *سوودی بووژاندنەوەی زمانی ئایری چییە؟* بڵاو کردووەتەوە. لە ناکاو لە تەمەنی ۲۷ ساڵاندا مردووە، بۆ سبەینێ کە لێکۆڵینەوە لە هۆی مردنەکەی کراوە، زانراوە کە فیشەکێکی بە پەنا گوێ و سەری خۆیەوە ناوە کە لەو کاتانەدا باری دەروونیی ناجێگیر بووە و بەرەو شێتبوون چووە. **~ڤ.ئ.**

خودی ناوەکە لەوە دەچێت هاوواتایەکی ڕەوانبێژییانە بێت و لە وشەی فەڕەنسیی *la haine*ەوە داتاشرابێت بە واتای *ڕق*، ئەویش لەبەر ئەوەی هاینس دژەسامی بووە. **~گ.س.**

[29] **ساکسۆنی:** حەوت سەد و پەنجا ساڵ داگیرکردنی ئایرلاند لە لایەن ئینگلەکانەوە، وای کردووە ئایرەکان ڕقێکی قووڵیان لە ئینگلەکان بێت و ناو و ناتۆرەی زۆریان لێ بنێن، لەوانە: «ساکسۆنی، ساسناخ، بێگانەکان، ڕووزەردەکان»...تد. **~ج.ه.**

ساکسۆنییەکان لە سەردەمانی دێریندا کۆمەڵەیەک بوون لە هۆزە جەرمانی (ئەڵمانی)یەکانی خۆرئاوا و کۆچیان کردووە بۆ بەریتانیا و بە *ئینگلی-ساکسۆنەکان* ناسراون. هیچ بەڵگەیەک بەردەست نییە کە ئینگلی-ساکسۆنەکان بە خۆیانیان وتبێت «ئینگلی-ساکسۆن»، بەڵکو ئەمە دواتر بۆ جیاکردنەوەیان لە ساکسۆنییەکانی تر بە کار هاتووە. کاتێک دەوترێت *بەریتانیا* مەبەست لە دوورگەی بەریتانیایە، ئەو دوورگە گەورەیەی دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای کیشوەری ئەورووپاوە. ئەگەرچی زۆر کەسان *بەریتانی* و *ئینگلی* بە هاوواتای یەک دەزانن، بەڵام دوو وشەکە زۆر جیاوازن: بەریتانی، واتە دانیشتووێکی دوورگەی بەریتانیا و پەیوەندیی بە دوورگەکەوە هەیە. بەریتانیا لەم سەردەمەشماندا تەنها خاکی ئینگلەکان نییە، بەڵکو وێڵزی و ئایر و سکۆت و چەندان گەلی تریش لەسەر ئەم دوورگەیە نیشتەجێن؛ لە ڕابردوودا نۆرمانی و ڤایکینگە سکەندیناڤییەکان و دانەکان {دانەکان: ئەوانەی ئێستا وڵاتی دانیمارکیان هەیە} و فەڕەنسییەکان و ڕۆمییەکان و چەندان گەلی تریشی لەسەر نیشتەجێ بوون و لە لایەن زۆرێکیانەوە داگیر کراوە. **~ن.م.**

[30] **ئینگل**: سوپاس بۆ مامۆستا نوری کەریم کە ئەم هەڵەیەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە کە لە ڕاستیدا دەبێت بڵێین: «ئینگلەکان**»**، نەک *ئینگلیزەکان*، بە زمانەکەش بڵێین: زمانی «ئینگلی**»**، نەک زمانی *ئینگلیزی*، چون ئەو -زەی کۆتایی ناوەکە لە ناوە ڕاستینەکەی خۆیاندا نییە، بە زمانی خۆیان دەوترێت: *ئینگلیش*، ئەو -*یش*ەی کۆتایی پاشگرێکە بۆ

ناونانی زمان و گەل و نەتەوە، بە ئینگلی(زی) بە *کوردی* دەوترێت: *کوردیش* ***Kurdish***، بە *تورکی* دەوترێت: *تورکیش* ***Turkish***، واتە وشەی *کورد*، کە ناوی نەتەوەکەیە، پاشگری *-یش* وەردەگرێت و دەبێت بە *کوردیش*، ئاوهاش *ئینگل*، کە ناوی نەتەوەکەیە، پاشگری *-یش* وەردەگرێت و دەبێت بە *ئینگلیش*؛ هەر وەک چۆن دەڵێیت: کورد (کە کەسەکەیە)، کوردی (کە زمان و نەریت و چاند و ئەو شتانەن کە هی کوردن و پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە)، کوردستان (کە خاکی کوردە)؛ عەرەب، عەرەبی، عەرەبستان؛ تورک، تورکی، تورکیا. ئاوهاش: ئینگل، ئینگلی، ئینگلتەرا (یان ئینگلستان). لە زمانی کوردیدا وشەی *کورد* پاشگری *-ی* پێوە دەکرێت و دەبێت بە «*کوردی*»، هەر ئاوهاش *ئینگل* پاشگری *-ی* پێوە دەکرێت و دەبێت بە «*ئینگلی*». لەوانەیە ئەو «ز»ە لە یەکێک لەم ڕێیانەوە هاتبێتە زمانی کوردییەوە، یەکەمیان: بە فەڕەنسی بە کەسێکی ئینگل دەوترێت: *ئۆنگلێ-ز* و «ز»ەک دەکەن بە کۆتاییەکەیەوە، کە لە باری ئاساییدا بۆ نێر ناخوێنرێتەوە، بەڵام لە هەندێک شوێندا، بە تایبەت بۆ مێ، بە تەواوەتی دەخوێنرێتەوە و دەوترێت: *ئۆنگلێز*؛ دووەمیان: هەندێک لە زمانە هیندییەکان «ش» دەکەن بە «س» و *ئینگلیش* دەکەن بە *ئینگلیس*. لەوانەیە ئێمە لە یەکێک لەم ڕێیانەوە ئەو پاشگرە ناپێویستەمان بۆ هاتبێت و ئێستا دەڵێین: *ئینگلیز*، لەبری ئەوەی بڵێین: *ئینگل* و بە زمانەکە دەڵێین *ئینگلیزی*، لە بری ئەوەی پێی بڵێین *ئینگلی*.

من لێرەوە لای خۆمەوە ڕاستی دەکەمەوە و بە کەسێکی ئەو نەتەوە دەڵێم و دەنووسم: *ئینگل*؛ بە زمانەکەیان دەڵێم و دەنووسم *ئینگلی*. بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک دیاردەیەکی کاتی -زی-یەکەی کۆتایی، کە خوازیارم بقرتێنرێت، دەخەمە نێو کەوانەیەکەوە و ئاوها دەنووسم: «ئینگلی(زی)»، واتە ئەم بەشە زیادەیە، بەشکو لە ئایندەدا فڕێی بدەین و لە دیدی کوردییەوە لە زمانی کوردی بڕوانین، نەک لە دیدی بێگانەوە.

هەندێک جار وشەی *ئەنگلۆ-* بە کار دەهێنرێت، کە زۆربەی جارەکان وشەکەی دوای ئەو ناوی زمان یان گەلێکی ترە و لە نێوانیاندا نیشانەی کەم (-) هەیە، وەک «ئەنگلۆ-ئایری»، یان «ئەنگلۆ-ساکسۆن»، وشەی *ئەنگلۆ* لەویادا هەر بە واتای *ئینگلی* دێت، بۆیە لەم پێنج بەرگەدا ئەوەشم هەر بە «ئینگلی» وەرگێڕاوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە سەرەتای پەڕتووکی *مێژووی زمان*، نووسینی توورە یانسۆن، وەرگێڕانی نوری کەریم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند ٢٠١٩). **~ن.م.**

[31] **پڵنگێکی ڕەش:** گۆگەرتی نووسیویەتی کە ترێنچ، واتا هاینس، کە لە قەڵاکە لایان میوان بووە، مۆتەکەیەکی بە پڵنگێکی ڕەشەوە دیوە و ڕابووە و هێشتا خەو بەرینەداوە، بە تفەنگەکەی فیشەکێکی بە نزیکی جۆیسدا تەقاندووە، کە لە خەیاڵی خۆیدا پڵنگەکە لەوێوە هاتووە. گۆگەرتیش وتوویەتی: «بێنە من باشتر دەتوانم پێوەی بنێم» و تفەنگەکەی لێ وەرگرتووە و ئەمیش بۆ ڕابواردن فیشەکێکی بە سەروو سەری جۆیسدا تەقاندووە. ئەمە جۆیسی ئێجگار تووڕە کردووە و هەر بۆ بەیانی بە جێی هێشتوون. **~س.ت.م.١**

[32] **تۆ پیاوانێکت لە خنکان ڕزگار کردووە:** گۆگەرتی لە ڕێکەوتی ٢٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٠١دا ژیانی کەسێکی بە ناوی *ماکس هاریس*ەوە ڕزگار کردووە کە خەریک بووە لە ڕووباری لیفیدا خۆی بخنکێنێت {*لیفی* ڕووبارێکە بە ناوەڕاستی شاری دەبلندا تێدەپەڕێت}. **~س.ت.م.١**

[33] **هەڵبەستوانەکە**: **هەڵبەستوان**: بە ئینگلی *bard*. لە چاپەکانی پێشوودا ئەم وشەیەم بە «شایەر» وەرگێڕابوو، بەڵام *هەڵبەستوان* گونجاوترە. لە نەریتی ئینگلیدا زیاتر بە شێکسپیر دەوترێت «بارد: هەڵبەستوان»، بۆیە مەڵیگنیش وەک درکەیەک بە شێکسپیر ناوی لە ستیفن ناوە «هەڵبەستوان»ەکە. **~ن.م.**

[34] **ئالجی**: مەبەست لە ئالجێرنۆن چارلز سوینبۆرن-ە، بە ئینگلی *Algernon Charles Swinburne* (١٨٣٧-١٩٠٩). لە هۆنراوەی *ئاهەنگی سەرکەوتنی کات*دا کە ساڵی ١٨٦٦ نووسیویەتی، ڕیزی ٢٥٧ و ٢٥٨ دەڵێت: «دەگەڕێمەوە لای دایکە شیرینە مەزنەکە، دایک و خۆشەویستەکەی مرۆڤ، دەریاکە.» **~گ.س.**

[35] **گوندێنگرژکەر: گوندێن**: بە ئینگلی *scrotum*، پێستی هەڵگری گون. دیارە لەبەر ئەوە دەڵێت: *گوندێنگرژکەر*، چونکە ئاوەکە ساردە و گون لە ئاوی سارددا گرژ دەبێت و دەچێتەوە یەک. کەسێتیی ڕاستینەی مەڵیگن، جگە لەوەی هەر وەک مەڵیگنی *ئولیس* خوێندکاری پزیشکی بووە، ڕۆژانەش لە ئاوەکەدا مەلەی کردووە، بۆیە دەزانێت. **~ن.م.**

[36] **ئێپی ئۆینەپا پۆنتۆن**: بە گریکی *Επί οινοπα πόντων*: زمانی گریکیی سەردەمی هۆمیرۆسە، واتە «لەسەر دەریای ڕەنگشەرابی». دەستەواژەیەکە لە *ئۆدیسە*دا هاتووە. مەڵیگن لێکچوواندنێکی گاڵتەئامێز لە نێوان «دەریای ڕەنگشەرابی»ی *ئۆدیسە* و «دەریای چڵمەسەوزە»ی دەبلندا دەکات. **~گ.س.**

[37] **ثالەتا! ثالەتا!** بە شێوەزاری ئاتیکایی گریکی *θαλαττα θαλαττα*: واتە «دەریاکە! دەریاکە!» لە بەشی حەوتەمی پەڕتووکی *ئەنابەسیس*ی کسینۆفۆندا هەیە. دوای مردنی

داریوشی دووەمی فارس، کە شای شایان بووە، ئەردەشێری دووەم دەبێتە شای شایان، کە کوڕە گەورەکەی بووە. بەڵام کۆروشی برابچووک ڕقی لێی بووە و سوپایەکی کۆ کردووەتەوە تا بەگژیدا بچن. کۆروش دە هەزار سەربازی هێلێنی (گریکی) بە کرێ دەگرێت، کسینۆفۆن یەکێک بووە لەوان و ئەوکات گەنجێک بووە لە بیستەکانی تەمەنیدا بووە. لە جەنگەکەدا، کە لە کوناکسا (بەغدادی ئێستا) بەرپا بووە و بە *جەنگی کوناکسا* بەناوبانگە، سوپا تێکەڵاوەکەی کۆروش دەشکێن و خۆیشی لە جەنگەکەدا دەکوژرێت. سوپا هێلێنییەکە ناچار دەبن بەرەو هێلێن - گریک بگەڕێنەوە. بەڵام بە فیتی فارسەکان ڕێیەکی هەڵەیان پیشان دەدرێت و سەردارەکانیشیان دەکوژرێن و تووشی چەرمەسەریی زۆر دەبن. لە ناو خۆیاندا کسینۆفۆن دەکەن بە لێپرسراوی خۆیان، ئەگەرچی لە زۆربەیان منداڵترە، بەڵام خوێندەوارترینیانە. ڕێی باکووری دوو ڕووبارەکە (دیجلە و فورات) دەگرن و خودی وشەی *ئەنابەسیس*یش واتا *هەڵکشان بەرەو سەرە*. ئەوان عەوداڵی دەریای ڕەشن کە ئەگەر بیدۆزنەوە ئەوا دەتوانن بە کەنارەکەیدا بۆ بۆسفۆر و دواجار بۆ هێلێن بگەڕێنەوە. بە وڵاتی تاووکییەکاندا (تورکیای ئێستا)دا تێدەپەڕن. لە پێنجەم ڕۆژیاندا لەوێ دەگەنە نزیک شاخی تەکەس (شاخی *مەدووری* ئێستا)، کسینۆفۆن لە دوای سوپاکەدایە، لە پێشی سوپاکەوە سەربازێک هاوار دەکات: *ثالەتا! ثالەتا!* کە مەبەست لێی دەریای ڕەشە. پاشان هەمووان پێکەوە بە سۆز و جۆشوخرۆش و خۆشییەوە هاوار دەکەن: *ثالەتا! ثالەتا!* **~ن.م.**

[38] **کەشتییە نامەبەرەکە... دەربچێت:** کینگستاون ئێستا ناوی *دون لییری*یە، بەندەرێکی دەستکردە لە ڕۆخی باشووری کەنداوی دەبلندا، بە نزیکی میلێک لە باکووری خۆرئاوای قەڵاکەی ساندیکۆڤەوە دوورە. ڕۆژانە لە کاتژمێر ٨:١٥ی بەیانی و ئێوارەدا، کەشتیی نامەبەری خێرا لە ڕێی ئەم بەندەرەوە ئینگلتەرای بە ئایرلاندەوە دەبەستەوە. ئەم بەندەرە لە دەبلنەوە پازدە خولەک بە ترام دوورە و دوو کاژێر و نیو بە بەلەم لە تەرمیناڵی شەمەندەفەری هۆڵیهێد لە باکووری خۆرئاوای وێڵزەوە دوورە. **~گ.س.**

[39] **دایکی مەزنمان:** دەربڕینێکی دڵخوازی هۆنەر و ئابووریناس و تیۆسۆفیستی ئایر جۆرج ویلیەم ڕەسڵە کە لە ژێر ناوی خوازراوی *ئەی ئی* بە ئینگلی *A.E.* نووسینەکانی بڵاو کردووەتەوە {و لە ئەڵقەی نۆیەمدا بە خزمەتی دەگەین (بڕوانە ٢: ٦٨)}. لە وتارێکدا بە ناونیشانی دین *و ئەوین*ەوە بە تێڕوانینی خۆی «سرووشت لە ڕەهەندە ڕەوانییەکەیدا» بە «دایکی مەزن» پێناسە دەکات. **~گ.س.**

**تیۆسۆفی:** بە ئینگلی *ثیۆسۆفی* – *Theosophy*، ئەم وشەیەم خواستووە و لە خواستنەکەدا ث م کردووە بە ت. ئەگەرچی زۆر جار پێی دەڵێن: *سۆفیگەری*، یان *سۆفێتی*، بەڵام لەبەر جیاوازیی قوتابخانەی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی ئەم بوارە، *تیۆسۆفی*م بۆ قوتابخانە خۆرئاواییەکە خواست و خۆرهەڵاتییەکەش با هەر وەک خۆی بمێنێتەوە. لە زمانی ئینگلیشدا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو قوتابخانەیە هەر زاراوەی جودایان هەیە، زاراوە خۆرهەڵاتییەکانیان لە عەرەبییە خۆرهەڵاتییەکەوە خواستووە. *ثیۆسۆفی* خۆی وشەیەکی لێکدراوە، لە *ثیۆ* بە واتای *خودا* و *سۆفی* بە واتای *دانایی* یان زانین پێکهاتووە، کە هەردوو وشەکە گریکین.

**تیۆسۆفیست:** بە ئینگلی *Theosophist*، ئەم وشەیەشم هەر خواستووە، کە بکەری تیۆسۆفییە، بڕوانە زاراوەی ڕابردوو. ئەگەرچی زۆر جار پێی دەڵێن: *سۆفیگەر*، یان *سۆفی*، یان *عاریف*، بەڵام لەبەر هۆی ئاماژەبۆدراو لە زاراوەی پێشوودا، بە هۆی جیاوازیی قوتابخانەی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی، دەبوو زاراوەیەکی جودا هەبووایە. *تیۆسۆفیست* مەبەست لە خۆرئاواییەکەیە. **~ن.م.**

[40] **چاوە گەڕیدە بۆرەکەی:** بە پێی وەرگێڕانەکەی ڕۆبێرت فیتزجێرەڵد بۆ *ئیلیاس* و *ئۆدیسە*، کە لە گریکییەوە بۆ ئینگلی وەریگێڕاون، مەبەست لێی چاوی ئەثینایە کە چەندین جار لە بەیتەکەدا دووبارە دەبێتەوە. **~گ.س.**

لە وەرگێڕانی کوردیدا مامۆستا حەمەکەریم عارف بە «چاودرشت» وەریگێڕاوە و لە وەرگێڕانی نوێتری ئینگلیدا کە ڕۆبێرت فەیگڵس وەریگێڕاوە، بە «چاوە ورشەدار و ڕووناکەکانی» وەرگێڕراوە. **~ن.م.**

[41] **تۆ دایکتت کوشت:** دایکی ستیفن ناوی *ماری دێدالۆس*ە، کە بە گوێرەی *ئولیس* ناسناوی خێزانەکەیان پێش شووکردن *گولدینگ* بووە و خوشکی ڕیچی گولدینگە (بڕوانە ٣: ٦٧). زۆر ئەدگاری ماری دێدالۆس لەسەر نموونەی ماری جەین (پێش شوو: *موررەی*) جۆیس بونیاد نراوە، کە دایکی جەیمز جۆیس خۆی بووە، ساڵی ١٨٥٩ لە دەبلن لە دایک بووە، کچی جۆن موررەی و مارگەرێت تێرێزا (پێش شوو: *فلین*) موررەی بووە، بە بنەچە خەڵکی کاونتیی لیتریم بوون (بڕوانە ١: ١٤٥). ماری جەین یەکێک بووە لە چوار منداڵی خێزانەکەی، باوکیان دوکانی بازرگانیی چا و شەرابی هەبووە لە ئیگڵ هاوس لە ڕاوندتاون (ئێستا بەو شوێنە دەوترێت *تێرنیور*). ماری جەین، کە بە *مەی*یش ناسراوە، موزیکی خوێندووە لە قوتابخانەیەک کە دوو پووری خۆی بە ڕێوەیان بردووە و ناوی قوتابخانەی

خاتوو فلینەکان بووە و لە ناونیشانی ١٥ی ئەشەر ئایلەند بووە لە دەبلن. کە جۆن ستانیسلاوس جۆیس {باوکی جەیمز جۆیس} چووەتە کۆڕی کڵێسای سێ سایەدەرەکەی گەڕەکی ڕاثگارەوە، یەکیان ناسیوە و لە ٥ی ئایاری ساڵی ١٨٨٠دا لە کڵێسای خانمەکەمان بۆ پەناهەندەکان لە ڕاثماینس هاوسەرگیرییان کردووە، ئەو کاتە ماری جەین ٢٠ ساڵ بووە و جۆن ستانیسلاوس جۆیس {سایمن دێدالۆس} ٣١ ساڵ بووە. لە ڕۆژی شووکردنەکەی ماری جەینەوە تا مردنەکەی، لە ١٧ ناونیشانی جیاوازدا ژیاوە. لە ١٤ ساڵی سەرەتای شووکردنەکەیدا ١٦ جار یان ١٧ جار دووگیان بووە و شەش کوڕ و شەش کچی بووە. منداڵەکان یەکەمیان: جۆن ئاوگوستین جۆیس بووە کە ساڵی ١٨٨٠ لە دایک بووە، بەڵام چەند ڕۆژێک دوای لەدایکبوونی مردووە؛ پاشان جەیمز ئاوگوستین جۆیس (١٨٨٢-١٩٤١)؛ مارگەرێت ئاڵیس جۆیس (١٨٨٤-١٩٦٤)؛ جۆن ستانیسلاوس جۆیسی بچووک {یان تەنها ستانیسلاوس جۆیس} (١٨٨٤-١٩٥٥)؛ چارلز پاتریک جۆیس (١٨٨٦-١٩٤١)، جۆرج ئالفرێد جۆیس (١٨٨٧-١٩٠٢)؛ ئەیلین ئیزابێللا جۆیس (١٨٨٩-١٩٦٣)؛ ماری کاثلین جۆیس (١٨٩٠-١٩٦٦)؛ ئێڤا ماری جۆیس (١٨٩١-١٩٥٧)؛ ویلیەم جۆیس (١٨٩٥) بە مردوویی لە دایک بووە. ماری جەین جۆیس لە ١٣ی ئابی ١٩٠٣دا لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[42] **کەسێک کوشتی**: جۆیس هەستی دەکرد کە کەمێک، ئەویش تەنها کەمێک لەو تۆمەتانەی گۆگەرتی (مەڵیگن) دەیبەخشییەوە ڕاست بوون کە دایکی کوژراوە، لە کۆتایی ئابی ساڵی ١٩٠٤دا نامەیەکی بۆ نۆرای خۆشەویستی خۆی نووسیوە و دەڵێت: «دایکم بە هێواشی کوژرا، وا بزانم بە ڕەفتارە ناشیرینەکانی باوکم لەگەڵیدا، بە ساڵانێکی پڕ لە کێشە، هەروەها بە ڕاشکاوییە نەگریسانەکەی من لە ڕەفتارەکانمدا. کە لە دوودارەکەیدا ڕاکشابوو و من تەماشای ڕوخساریم دەکرد، ڕوخسارێکی بۆر و کەلەلابوو بە شێرپەنجە – زانیم کە من تەماشای ڕوخساری قوربانییەک دەکەم، منیش نەفرەت لەو سیستمە دەکەم کە ئەوی کردە قوربانی» بڕوانە ئێڵمان، لا. ١٦٩. **~ج.ه.**

[43] **هایپەربۆری:** بە ئینگلی *Hyperborean*: هایپەربۆرییەکان لە ئوستوورەی گریکیدا خەڵکانێکی ئوستوورەیین کە لە باکووری دووردا، لەودیوی بای باکوورەوە، لە شوێنێکی هەمیشە بەهار کە هیچ دەرد و خەم و پیربوونێکی تێدا نەبووە، ژیاون. بە دیاریکراوی، ئاماژەکەی ئێرە بۆ فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریش نیچەیە کە لە بەشی یەکەمی پەڕتووکی *ویستی زاڵبوون*دا بۆ پەسنکردنی *ئوبەرمێنش* بە واتای *مرۆڤی باڵا* ئەم زاراوەیە بە کار

دەهێنێت، مرۆڤی باڵا گوایە لە سەروو خەڵکانی ڕەشوڕووتەوەیە و بە لاساییکردنەوەی خەڵکی و خۆگونجاندن لەگەڵیاندا دەستەمۆ نابێت تا خوو و نەریتی ئاکاری مەسیحییانە وەربگرێت، چونکە ئەو مرۆڤە بەئاکارەی بۆ ئەوانی تر دەژی مرۆڤێکی لاواز و نزمە.
**~گ.س.**
مەبەست لە واتای ئەم وشەیە ئەوەیە کەسێک ئەوەندە لە دۆخێکی دەروونیی بەرزدا بێت کە بووبێتە هۆی ساردبوونی هەستوسۆز و ڕەفتارەکانی بەرانبەر خوو و نەریتی باو.
**~ن.م.**

[44] **نەگۆباز**: بە ئینگلی *mummer*، ئەکتەرێکی قەرەقۆزئاسایە، بە بێدەنگی نمایش دەکات. لە هیچ فەرهەنگێکدا وشەیەکی ڕاستەوخۆم لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا دەست نەکەوت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم پەڕتووکەدا چەند جارێک ئەم زاراوەیە دووبارە دەبێتەوە، کە مەڵیگن بۆ گاڵتەپێکردن لە ستیفنی ناوە، خۆم وشەی *نەگۆبازم* داڕشت. لە *فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی*دا، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ تۆماری *mummer*ی تێدا نییە، بەڵام نمایشەکەیان، کە پێی دەوترێت: *Mummers' play*، بەم شێوەیە کراوە بە کوردی: «*نمایشتی دەمامکداران: بەر لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم، هەندێک لە هاووڵاتییانی لادێکانی ئینگلتەرا لە جەژنی سەری ساڵدا دەمامکیان لە دەم و چاو دەکرد و شانۆگەریی کۆمیدییان پێشکەش دەکرد*». وشەی نەگۆباز لە نە-گۆ-باز پێکهاتووە، *نەگۆ* نەرێکردنی گۆکردن*ە*، بە واتای *دەربڕین بە زار* یان دەم. پاشگری *-باز* واتە کەسێک کە ئەو کارە دەکات، وەک: *فێڵباز، چاوباز، زۆرانباز*...تد. دەکرێت بوترێت *نەگۆباز* پێچەوانەی *چەنەباز*ە. لە ئەڵقەی دووەمدا ناوی نمایشەکەیانم بە *نەگۆبازی* وەرگێڕاوە. با ئێستا ئەم وشەیە هەبێت، هیوادارم هەر کەسێک ڕاستتری لایە ئاگادارم بکات. **~ن.م.**

[45] **تەرمەسەگ:** لە زمانی خۆمانەیی ئینگلیی ئایرلانددا بە کەسێک دەوترێت کە لە هەر دەزگایەکدا کاری نائاسایی بکات. لە ئوستوورەی کەڵتییەکانیشدا سەگ وەک *پاسەوانی نهێنی* تەماشا دەکرێت. لە ئەڵقەی نۆیەمدا ئەمە دێتەوە ڕێمان. ئەم زاراوەیە ستیفن بە مرۆڤێکی نهێنگر دەستنیشان دەکات. **~گ.س.**

[46] **ئەگەر بۆر بن ناتوانم بیانپۆشم:** ئەم ڕەفتارەی ستیفن پێداگریی هاملێتمان بیر دەخاتەوە کە بۆ نیشاندانی پرسەباری بۆ مەرگی باوکی سوورە لەسەر ئەوەی جلی ڕەش بپۆشێت لە کاتێکدا تەواوی دەرباری پاشا ئیتر ڕەش ناپۆشن. لە ناوەڕاستی سەردەمی پاشایەتیی شا ڤیکتۆریادا لە بەریتانیا، ماوەی ئەوەی کوڕ جلی ڕەش بۆ مەرگی دایکی بپۆشێت (جلی

ڕەش، پێڵاو، گۆرەوی، بۆینباخی ڕەش و ژیانێکی کۆمەڵایەتییانەی سنووردار) ساڵێک و ڕۆژێک بووە. ساڵی ١٩٠٤ یاساکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کاڵ کراوەتەوە. دایکی جەیمز جۆیس، یان ستیفن، لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٠٣دا نێژراوە. ئەگەر ماوەی نێوان مردن و ناشتنی، وەک نەریتی باو، سێ ڕۆژ بووبێت، ئەوا دەبێت لە ٢٣ی حوزەیراندا مردبێت و ستیفن دوای هەشت ڕۆژی تر لە ٢٤ی حوزەیراندا ساڵ و یەک ڕۆژەکە تەواو دەکات و دەتوانێت بچێتە قۆناغی دووەمی پرسەبارییەکەوە، کە ڕەنگی بۆر (خۆڵەمێشی) دەپۆشرێت. ~**گ.س.**

[47] **ذەشیپ:** واتە *کەشتییەکە*، بەڵام ناوی میوانخانە و مەیخانەیەکە لە دەبلن، بە ناونیشانی ٥ی شەقامی ئابەیی خواروو، لە بەری باکووری خۆرهەڵاتی دەبلن کە لە ڕووباری لیفییەوە دوور نییە (بڕوانە ٥: ١٥٠ و ٦: ٣١٧). ~**گ.س.**

[48] **ئ.گ.ش.** واتە ئیفلیجیی گشتیی شێتێتی، یان شەپلەی گشتیی شێتی: بە ئینگلی ***general paralysis of the insane*** یان ***general paresis***، ئیفلیجییەکی سیستەمی ناوەندیی پەیە (هەستەدەمار)، بەوە دەناسرێتەوە کە وا دەکات نەخۆشەکە یادەوەری لە دەست بدات، ماسولکەکان لاواز دەکات، وردەوردە فێ و شێتێتی زیاد دەکات، نۆرەلێهاتن و ئیفلیجیشی لەگەڵدایە. لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*دا ئاماژە بەوە دەدات کە «شێتییەکە، ئیفلیجی و خۆ بەگەورەزانینی لەگەڵدایە.» بۆ *پەی* (بڕوانە ٣: ٢٣٠). ~**ن.م.**

[49] **کانەڵی نۆرمن:** *Connolly Norman*: (١٨٥٣-١٩٠٨) دەروونناسێکی بەناوبانگی ئایر بووە و ساڵانی ١٨٨٦-١٩٠٨ بەرپرسی خەستەخانەی دەروونیی ڕیچمند بووە و لێکۆڵینەوەی تایبەتی بە شێتان کردووە و میتۆدی باشتر و پەرەپێدراوتری بۆ چارەکردنیان خستووەتە کار. ~**گ.س.**

لە ١٢ی ئاداری ١٨٥٣ لە کاونتیی دۆنیگۆل لە دایک بووە. باوکی قەشە بووە و ناوی *هیو نۆرمن* بووە، دایکیشی ناوی *ئان بۆڵ نۆرمن* بووە. لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە تەندروستیی لاواز بووە، مامۆستای تایبەتی هەبووە و لەماڵەوە خوێندوویەتی. کۆلێجی پزیشکیی لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن خوێندووە. ساڵی ١٨٨٢ ژنێکی هێناوە بە ناوی *ماری ئێمیلی کێنی*یەوە. لە ١٨٨٦ تا ١٩٠٨ لێپرسراوی خەستەخانەی دەروونیی ڕیچمند بووە، کە بە گرنگترین خەستەخانەی ئایرلاند دانراوە. هاوسەرنووسەری گۆڤاری *گۆڤاری زانستی پزیشکی* بووە. لە ٢٣ی شوباتی ١٩٠٨ لە ماڵی خۆی لە دەبلن مردووە و هەر لەوێش نێژراوە. ~**ڤ.ئ.**

ئەو سەردەمە هێشتا وشەی *دەروونناس* و *خەستەخانەی دەروونی* پێناسە نەکراون و نەزانراون، بەڵکو بە شێت وتراوە: «نامۆ» و بە دەروونناسیش وتراوە «نامۆناس»، بە خەستەخانەکەش وتراوە «لانەی شێتان». **~ن.م.**

[50] **شێتخانەکە:** ناوێکی بازاڕییانە و گاڵتەئامێزە بۆ خەستەخانەی دەروونیی ڕیچمند یان لانەی شێتەکانی ڕیچمند کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای شاری دەبلنەوە. ساڵی ١٨١٥ و لە بنەچەدا بۆ هەژاران دروست کراوە. ئێستا ئەم دەزگایە زیاتر پەرەی سەندووە و گەورەتر کراوە و بە *خەستەخانەی مێشکی گرەینجگۆرمن* ناسراوە. **~گ.س.**

[51] **بەو جۆرەی ئەو و خەڵکانی تر دەمبینن:** دێڕێکی هۆنراوەیەکی ڕۆبێرت بێرنە بە ناونیشانی *بۆ ئەسپێیەک، کە لەسەر شەبقەی خانمێک کە لە کڵێسادا بینیم*، کە ساڵی ١٧٨٦ نووسراوە. کۆپلەی کۆتاییەکەی دەڵێت:

«تۆ بڵێی ڕۆژێک هێزێک بێ و ئەو توانایەمان بداتێ
بەو جۆرە خۆمان ببینین کە خەڵکی تر دەمانبینن؟
ئەو بەخشینە لە گەلێک هەڵەی کوشندە و کاری چەوت و
بیروبۆچوونی گەمژانە ڕزگار و ئازادمان دەکا.» **~گ.س.**

[52] **نەبادا هەڵیانبفریوێنێت:** «مەمانخەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو لە شەیتان ڕزگارمان بکە.» (مەتا ٦: ١٣) **~گ.س.**

ڕەنگە بە بەراوردی دەقە وەرگێڕراوە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز* پەیوەندیی نێوان وتەکەی مەڵیگن و دەقەکەی *کتێبی پیرۆز* زۆر ڕوون دەرنەکەوێت، بەڵام ئەوەی بە «مەمانخەرە تاقیکردنەوە» وەرگێڕراوە، دەشێت بە «هەڵمانمەفریوێنە» یان «تاومان مەدە» یان «فریومان مەدە»، یان «دیقەدیقەمان پێ مەکە»ش وەربگێڕرێت، وەک ئەوەی خودا مرۆڤ بخاتە تاقیکردنەوەی هەڵفریواندنەوە، یان دیقەدیقەیان پێ بکات، تا بزانێت تێی دەکەوێت یان نا. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە نەبادا مەڵیگن، کە پووری متمانەی پێی نییە، کچە جوانەکان هەڵبفریوێنێت و لەگەڵیاندا جووت ببێت، بۆیە پووری خزمەتکاری ناشیرین ڕادەگرێت. لە چاپەکانی پێشوودا بە هەڵە بە «هەڵفرِیواندن» نووسیبووم، کە دەبوو «هەڵفریواندن» بێت، بەڵام ئەوە هەڵەی چاپ بوو، ببەخشن **~ن.م.**

[53] **ئورسولا:** سانتێکی سەرەتای دینی مەسیحییە، ڕقی لە هاوسەرگیری بووە و خۆی بە پاکیزەیی تەرخان کردووە بۆ دین و نەک هەر ئەوە، بەڵکو یازدە هەزار خانمی پاکیزەی کۆ کردووەتەوە و بۆ پیرۆزکردنی ناوی پاکیزەیەتی لە گەشتێکی دینیدا بە ئەوروپادا گەڕاون.

خۆی و هاوەڵەکانی لە کۆڵۆن گەشمەرگ کراون. ساڵی فەرمیی گەشمەرگکردنەکەیان بە ٢٣٧ دانراوە، بەڵام بە گوێرەی هەندێک سەرچاوەی تر ٢٨٣ و ٤٥١ش دانراون. **~گ.س.**
مەڵیگن حەزی لەوەیە خزمەتکاری جوانکیلەی هەبێت و حەزیان لە جووتبوون بێت لەگەڵی، کە پووری خزمەتکارێکی ناشیرینی گرتووە و دەڵێت گوایە ناویشی ئورسولایە، کە لەوانەیە لە ڕاستیدا ناوی ئورسولا نەبێت و تەنها بۆ بەراورد وای ناو نابێت، دیارە مەبەستی ئەوەیە لە نەگبەتیی ئەو کچێک لە ماڵەکەیدایە کە پەیمانی پاکیزەیی داوە! **~ن.م.**

[54] **تووڕەییەکەی کاڵیبان:** کاڵیبان کەسێتییەکە لە شانۆنامەی *زریانەکەی* شێکسپیردا کە کێوییەکی ناشیرین و بەدڕەفتارە. ئەم دەربڕینە لە دەربڕینێکی ئۆسکار وایلدەوە هێنراوە کە بە شێوەی هۆنراوە بۆ پێشەکیی ڕۆمانەکەی خۆی *وێنەکەی دۆریان گرەی* نووسیویەتی. لەم پێشەکییەدا دەڵێت: «حەزلێنەبوونەوەی ڕیالیزم لە سەدەی نۆزدەدا تووڕەییەکەی کاڵیبانە لە بینینی ڕوخساری خۆی لە ئاوێنەیەکدا. حەزلێنەبوونەوەی ڕۆمانتیکێتی لە سەدەی نۆزدەدا تووڕەییەکەی کاڵیبانە لە نەبینینی ڕوخساری خۆی لە ئاوێنەیەکدا.» وایلد کاڵیبانی وەک هێمایەک بۆ فیلیستینییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بە کار هێناوە. **~گ.س.**
**فیلیستینییەکان** مەبەست لەوانەیە کە لە دەرئەنجامی مێشکتەسکیی خۆیاندا دژی جوانیی دەق و هونەر و چاند و وێژەن. **~ن.م.**

[55] **وایلد:** لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٨٥٤ لە خانووی ژمارە ٢١ی وێستلاند ڕۆو لە دەبلن لە دایک بووە، دووەم کوڕی سێر ویلیەم وایلد بووە، دایکی ناوی *جەین فرانسێسکا* بووە (پێش شوو: *ئێڵگی*). وایلد لە قوتابخانەی پاشایی پۆرتۆرا لە شاری ئێنیسکیلن لە کاونتیی فێرمانە (بڕوانە ١: ١٤٥) خوێندوویەتی، دواتر لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن و کۆلێجی مۆدلین لە ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی و لەوێ ساڵی ١٨٧٨ خەڵاتی نیودایگەیتی هۆنراوەی بە دەست هێناوە و بە پلەی نایاب لە بواری کلاسیک و مرۆڤایەتیی زانکۆکە دەرچووە. لە ٢٩ی ئایاری ١٨٨٤دا خاتوو کۆنستانس لۆیدی خواستووە، کە کچی هۆراس لۆید بووە و پارێزەری پاشایی بووە. یەکەم سەرکەوتنی شانۆیی وایلد ساڵی ١٨٩٢ بوو کە شانۆنامەی *باوەشێنەکەی خاتوو ویندەرمێری* بڵاو کردەوە و نمایش کرا، وایلد بوو بە باوترین و لێدوواوترین شانۆنووسی لەندەن. پاشان هەندێک شانۆنامەی تری نووسی بە ناونیشانەکانی *ژنێکی ناگرنگ* (١٨٩٣)، *مێردێکی نموونەیی* (١٨٩٥) و *گرنگیی هەتەربوون* {یان *شێلگیربوون*} (١٨٩٥). وایلد بە هۆی پەیوەندییەکەیەوە لەگەڵ لۆرد ئالفرێد دۆگلاسدا، کە ساڵی ١٨٩١ ناسیبووی، بەرەبەرە خەریک بوو بەدناو دەبوو، ساڵی ١٨٩٥ بە

تۆمەتی هاوڕەگەزخوازی دەستگیر کرا و دادگایی کرا و خرایە زیندانەوە، ساڵی ١٨٩٧ ئازاد کرا و چوو بۆ فەڕەنسا. لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٠٠دا لە میوانخانەی داسلاس لە شەقامی غوو دێ بۆز'اخت لە پاریس کۆچی دوایی کرد، سەرەتا لە گۆڕستانی بانیو نێژرا، پاشان گواسترایەوە بۆ گۆڕستانی پێغ لاشێس لە پاریس. سێر جەیکەب ئێپستین پەیکەرە ناوازەکەی سەر گڵکۆکەی ساز داوە. **~ڤ.ئ.**

[56] **ئاوێنەی درزبردووی خزمەتکار:** لە وتاری *پووکانەوەی درۆی* ئۆسکار وایلدەوە هێنراوە. ئەم وتارە بە شێوەی گفتوگۆیەک نووسراوە لە نێوان دوو کەسێتیدا بە ناوەکانی *سیریل* و *ڤیڤیەن*ەوە. سیریل دەڵێت: «من تێدەگەم کە تۆ ناتەوێت هونەر وەک ئاوێنەیەک تەماشا بکرێت. تۆ پێت وایە کە ئەمە وا دەکات بلیمەتێک بۆ ئاستی ئاوێنەیەکی درزبردوو بچووک ببێتەوە. بەڵام خۆ ناشێت بڵێیت کە هەر بە ڕاست باوەڕت وایە ژیان لاسایی هونەر دەکاتەوە و لە ڕاستیدا ژیان ئاوێنەکەیە و هونەر ڕاستێتییەکەیە؟» ڤیڤیەنیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «بێگومان باوەڕم وایە». **~گ.س.**

[57] **ئۆکسی:** هەم کورتکراوەی *ئۆکسفۆردی*یە، هەم *ئۆکسۆنی* و *ساکسۆنی*یە. هاوکات *ئۆکس* واتە *گا* و بە واتای *لە-گا*-چوو دێت. **~گ.س.**

[58] **هاڵەپ:** بە ئینگلی *Jalap*، دەوەنێکە، ڕەگەکەی وشک دەکرێتەوە و دەرمانی لێ دروست دەکرێت. **~ن.م.**

[59] **زوولووەکان:** بە ئینگلی *Zulu*، گەلێکن لە ئەفریقای باشوور دەژین و بە زمانی خۆیان، کە پێی دەڵێن *زوولوویی*، دەدوێن. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا لەگەڵ ئیمپراتۆرێتیی بەریتانیدا کەوتنە جەنگەوە و سەرەتا بە سەرکەوتنێکی بێوێنەی زوولووەکان دەستی پێ کرد بەسەر ئینگلەکاندا کە دوژمنەکانیان کەم نرخاندبوو. **~ن.م.**

[60] **بمانهێلێنانایە:** یەکەم جار ماثیو ئارنۆڵد (١٨٢٢-١٨٨٨) ئەم زاراوەیەی باس کردووە، ئارنۆڵد هۆنەر و ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتیی ئینگل بووە. ئارنۆڵد *عیبراندن* و *هێلێناندن*ی وەک دوو دۆخی پاڵنەر بینیوە لەسەر سرووشتی چاندی خۆرئاوا، کە پێچەوانەی یەکن. عیبراندن، کە لە وشەی *عیبری*یەوە دروست کراوە، بە واتای *کردن لە ژێر ڕۆشنایی چاند و نەریت و ڕێچکەی دینی و دۆگمایی* دێت، بەو پێیەی *پەیمانی کۆن* بە عیبری نووسراوە و بە جیهاندا بڵاو بووەتەوە. هێلێناندن، کە لە وشەی *هێلێن* یان *ئێلێن*ەوە دروست کراوە، بە واتای *زمان و چاندی گریکی* دێت، {کە ئێمە بە هەڵە پێی دەڵێین *یۆنانی*} بەو پێیەی هێلێنی چاندێکی نەرم و سازشکەرە و هەمیشە ڕوو دەکاتە مرۆڤ. لە پەڕتووکی *چاند و*

*ئانارشیزم*دا ئارنۆڵد پێی وایە کە ئینگلتەرا ئێجگار زۆر ڕۆ چووەتە چاندی عیبرییەوە و بۆ ئەوەی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و هزری بپارێزرێت، پێویستە بەرەو چاندی هێلێنی بڕوات. **~س.ت.م.١**

[61] **کرانلی:** هاوڕێیەکی ستیفن دیدالۆسە لە ڕۆمانی پێشووتری جەیمز جۆیسدا، *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*، کە دەربارەی ستیفن دیدالۆسە هەر لە منداڵییەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستای کە لە *ئولیس*دا دەیبینین. لە پاری پێنجەمدا کرانلی و دیدالۆس هاوڕێیەتییان نامێنێت و ئێستاش قۆڵی بە قۆڵی مەلیگندا دەکات کە هەر وەک کرانلی وا خەریکە هاوڕێیەتیی لەگەڵ ئەمیشدا نامێنێت. ناوی کرانلی لەسەر ناوی *تۆماس کرانلی*یەوە داڕێژراوە (١٣٣٧-١٤١٧) کە ڕەبەنێکی ناو *کۆمەڵەی کارمەلییەکان* بووە و دواتریش ساڵی ١٣٩٧ بووە بە مەترانی دەبلن. هەروەها لۆردی ڕاوێژکاری گەورەی ئایرلاند بووە. ئەم پیاوە هەم نوێنەری کڵێسا بووە و هەم نوێنەری وڵاتیش بووە کە ئەمە هێمای خیانەتی ئینگلی-ئایرەکانە. **~گ.س.**

**لۆردی ڕاوێژکار**: لە سیستمی حوکمڕانیی شانشینی بەریتانیادا بەرزترین پلەی حکومییە بۆ هەر یەکێک لەو وڵاتانەی لە شانشینەکەدان. کۆماری ئایرلاند، کە ئێستا وڵاتێکی سەربەخۆیە، لە کاتی ئەم ڕۆمانەدا هێشتا وڵاتێکی سەر بە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بووە. **~ن.م.**

[62] **سەیمۆر:** ئەگەرچی دان گیفرد و ڕۆبێرت سایدمان نەیانزانیوە کێیە و دەڵێن: «جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکەی نەزانراوە.» بەڵام ڤیڤیەن ئیگۆ ئەم کەسێتییەی دەستنیشان کردووە و دەڵێت: «ڕۆبێرت فڕانسیس سەیمۆر (١٨٨٢-١٩٣٩) لە کاونتیی ئارما لە دایک بووە. بەکالۆریۆسی لە پزیشکیدا لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن بە دەست هێناوە. لە خەستەخانەی سانت ماری و کینگس کۆلێج لە لەندەن کاری کردووە. لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٩ لە لەندەن مردووە.» **~ن.م.**

[63] **کڵایڤ کێمثۆرپ:** جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

[64] **ڕووزەردەکان:** بە ئینگلی *Palefaces*، یان **ڕووسپییەکان**، یان **خوێنساردەکان**. وشەیەکی بازاڕیی ئایرییە بۆ ئینگلەکان. لەوەوە هاتووە گوایە ئەمەریکاییە نەژادنشینەکان وایان بە ئینگلە داگیرکەرەکانیان وتووە، ئەگەر واش نەبووبێت، ئەوا بە پێی ڕۆمانەکانی جەیمز فێنیمۆر کووپەر وایە. لە ئایرلاند ئینگلەکان لە دەرەوەی کۆمەڵگای ئایریدا نیشتەجێ

کراون. هەر وەک چۆن لە سەردەمانی زووشدا باوانیان جیا کراونەتەوە و خراونەتە ناوچەیەکی تا ڕادەیەک بچووکی کەناراویی نزیک دەریای دەبلن. دەسەڵاتی ئینگلەکان چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی ئەوێشدا هەر سنووردار بووە تا ئەو کاتەی ئۆلیڤەر کرۆموێڵ دووبارە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا دوورگەی ئایرلاندی داگیر کردووەتەوە.
ئەو ڕووداوەی مەڵیگن و ستیفن باسی دەکەن لە ئینگلتەرا ڕووی داوە نەک لە ئایرلاند. شوێنەکە لە ئۆکسفۆرد بووە، کە گۆگەرتی، ئەوەی کەسێتیی مەڵیگنی لەسەر بونیاد نراوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٤دا وەرزێک لە وێرستەر کۆلێج خوێندوویەتی. **~گ.س.**
[65] **بە ناسکی هەواڵەکەی پێ ڕابگەیەنە:** گۆرانییەکی ناوداری ئەمەریکاییە بە ناونیشانی *بە ناسکی هەواڵەکە بە دایکم ڕابگەیەنە*، لە دانانی چارلز کەی هاریس کە ساڵی ١٨٩٧ دایناوە. ناونیشانەکەی بە ئینگلی ئەمەیە: *Break the News to Mother*. گۆرانییەکە باس لە مردنی کوڕێکی گەنج دەکات لە جەنگێکدا کە «تەمەنی گەنجێتیی خۆی بە وڵاتەکەی بەخشیوە» کۆرسەکەش بە ناوی کوڕە کوژراوەکەوە دەڵێن: «هەواڵەکە بە دایکم ڕابگەیەنن، خۆی دەزانێت چەند خۆشمدەوێت. پێی بڵێن با چاوەڕێم نەکات، چونکە ناگەڕێمەوەماڵەوە. پێی بڵێن هیچ شتێک جێی دایکمم بۆ ناگرێتەوە. پاشان لە بری من لێوە شیرینە جوانەکانی ماچ بکەن و هەواڵەکەی پێ ڕابگەیەنن.» **~گ.س.**
[66] **ئۆبری:** ناوێکی سەرژنانییانەیە کە زۆر جار لەگەڵ باسێکدا دەردەبڕرێت کە ئەوەندە ژنانییانە بێت کە قسەکەرەکە قێزی لێی بێتەوە. **~گ.س.**
[67] **ئەیدسی مۆدلین:** ئەیدس: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکەی نەزانراوە. مۆدلین: ئەگەرچی بە *ماگدەلان* دەنووسرێت، بەڵام بە *مۆدلین* دەخوێنرێتەوە. یەکێکە لە کۆلێجەکانی ئۆکسفۆرد. **~گ.س.**
[68] **ماثیو ئارنۆڵد:** (بڕوانە ١: ٦٠). **~گ.س.**
[69] **بۆ خۆمان:** بە ئایری *sinn féin* کە بە *شین فەین* دەخوێنرێتەوە. یەکەم دروشمی کۆمەڵەی ئایرە نیشتمانپەروەرەکان بوو کە ساڵی ١٨٩٠ بۆ بووژاندنەوەی زمان و چاندی ئایری دامەزرا، دواتر ئارثەر گریفیث دەستەواژەکەی وەک ناوی بزوتنەوەیەکی وارگێڕی بۆ سەربەخۆکردنی ئایرلاند لە بەریتانیا بە کار هێنا. **~گ.س.**
[70] **پاگانییەکی نوێ:** پاگانیزم، یەکەم جار مەسیحییەکانی سەدەی چوارەم ئەم زاراوەیەیان بە کار هێناوە لە ناونانی ئەوانەدا کە دینی فرەخوداییان هەبووە. وشەکە لە بنچینەدا بە واتای *لادێیی* دێت، یان ئەوانەی ئەوەندە دوورەدەستن لە ژیانی شارەوە کە هێشتا دینی

مەسیحییان پێ نەگەیشتووە و دینی لادێییانە پەیڕەو دەکەن. دواتر ئەم زاراوەیە بۆ پەیڕەوکەری هەر دینێک بە کار هێنراوە کە مەسیحی نەبن. بۆ نموونە دینی سەردەمی دێرینی گریکی و ڕۆمییەکان بە پاگانی ناسراوە، چونکە فرەخودایی بووە. **~ن.م.**

«پاگانییەکی نوێ» دروشمی کۆمەڵەی «نەوەی گەنجانی ئاڤانگارد»ی ساڵانی ١٨٩٠کانە. لە گۆڤاری *پەیگن ڕیڤیو*دا کە تەنها یەک دانەی لێ دەرچووە، ئەویش لە ئابی ١٨٩٢دا لە ڕەجویک – ئینگلتەرا بووە. ویلیەم شارپ (١٨٥٥-١٩٠٥) لە ژێر گەلێک ناوی خوازراودا تەواوی گۆڤارەکەی نووسیوە. شارپ لەو گۆڤارەدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە ئیتر «دینەکەی باوانمان» هێزێکی گرنگی نەماوە و «سەردەمێکی نوێ بە ڕێوەیە» ئەم سەردەمە بەوە دەناسرێتەوە کە (ئەگەر تەنها بە مەجازییش بێت) کۆتایی بە «دوژمنایەتیی نێوان پیاو و ژن» دەهێنێت و ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ بە یەکسانی دوولایەنە دەکات. هەروەها «شتێکی سرووشتییە کە گەلێک هەستی جۆراوجۆری سێکسی بەسەر وێژەدا زاڵە و ئەمەش دەبێت لە برەودا بێت» پێشەکیی ئەم نووسینەش بەوە کۆتایی پێ دەهێنێت کە «هەست و سۆزی سێکسی» لە ناو «زۆرێک لە پاڵنەرەکانی ژیان»دا بە تاکە پاڵنەری ژیان دادەنێت و ژیانی گشتی و بەرژەوەندی و قازانجی گیان و لەشەکان بابەتی سەرەکیی «پاگانیی نوێ»یە. **~گ.س.**

[71] **ئۆمفالۆس:** بە گریکی *ομφαλός*: واتە ناوک. لێرەدا بە واتای *ناوکی زەوی* هاتووە. لە سەرەتای *ئۆدیسە*دا ناساوێکە بۆ دوورگەی *ئۆگیگیا* یان *ئۆجیجیا* کە دوورگەکەی کالیپسۆیە، ئەو جێیەی ئۆدیسێفسی لێیە. ئۆراکلەکەی دێلفیش، کە لە سەردەمی گریکی دێریندا بە شوێنی نوقڵانە و پێشبینی دانراوە، بە هەمان شێوە هەر بە ناوکی زەوی زانراوە. **~گ.س.**

خوداوەند ئەثینا لە زیۆسی باوکی دەپاڕێتەوە کە بە هانای ئۆدیسێفسەوە بچن و دەڵێت:

ئێستا ئەو پیاوە داماوە لە دوورگەیەک

کە بە دارستان پۆشراوە و لە ناوکی زەویدایە

زۆر دوور لە گشت خزم و کەسی خۆی بە تەنیا داخ دەچێژێت.

لێرەدا ستیفن بیر لە «ناوکی زەوی» دەکاتەوە. کەمێکی تر ڕوونتر دەبێتەوە و دەردەکەوێت کە مەبەست لێی قەڵای مارتێللۆیە، کە گوایە ناوکی زەوییە.

**ئۆراکل:** (یان ئۆراکڵ) بە ئینگلی *Oracle*، لە سەردەمی گریکی دێریندا ڕابەرێکی دینی نێر یان مێ بووە کە پێشبینیی ئایندەی کردووە و ئایندەی خوێندووە. لە دێلفی ***Delphi***،

که ناوچەیەک بووە لە گریک، شوێنێکی لێبووە کە پێیان وتووە: *ئۆراکلەکەی دێلفی* و بە شوێنێکی زۆر پیرۆز دانراوە و پێیان وا بووە چەقی زەوییە، خەڵکان سەردانیان کردووە و پرسیاریان لە ئۆراکلەکە کردووە و ئەویش پێشبینیی خۆی داوە، پێشبینییەکانی ئۆراکلەکەی دێلفی ئێجگار ناڕوون و لێڵ و دوو-واتا بوون. ئیرۆدۆتۆس (هیرۆدۆتۆس) لە پەڕتووکی مێژوودا یەکێک لە بەناوبانگترین چیرۆکەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە لەسەر دێلفی: پاشای لیدیا، کە ناوی *کرۆیسۆس* بووە، ویستوویەتی هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی فارس، لە ئۆراکلەکەی پرسیوە: «هێرش بکەمە سەر دەوڵەتی فارس؟» ئۆراکلەکە پێی وتووە: «ئەگەر هێرش بکەیتە سەر دەوڵەتی فارس دەوڵەتێکی مەزن لە ناو دەبەیت!» ئەویش دڵی خۆش بووە و هێرشی کردووەتە سەر دەوڵەتی فارس، کەچی دەوڵەتەکەی خۆی لە ناو چووە، دواتر بۆی دەرکەوتووە کە «دەوڵەتە مەزنەکە» مەبەست لەوەی خۆی بووە. **~ن.م.**

[72] **بڕەی هێد:** زنارێکی کەناری دەریای ئایرلاندە کەوتووەتە خۆرهەڵاتی دەبلنەوە. ٢٤١ مەتر لە ئاستی ڕۆخەکەوە بەرزە. بە نزیکی ١١ کیلۆمەتر لە باشووری قەڵاکەوەیە بەڵام دیار نییە. **~گ.س.**

زۆر کەسان دەڵێن: «جۆیس نەیزانیوە ئەم لوتکەیە لە قەڵاکەوە دیار نییە» بەڵام سەرنج بدە، جۆیس دەڵێت: «بەرەو بڕەی هێد» نەک «تەماشای بڕەی هێدی دەکرد» چونکە جۆیس زانیویەتی کە لە قەڵاکەوە دیار نییە. **~ف.د.**

[73] **تەنها بیرۆکە و هەستەکانم بە بیر دێتەوە:** ئەم پەیڤە ڕەنگدانەوەی پوختەی چەمکی میکانیکیی لایەنی دەروونیی مرۆڤە کە دەیڤد هارتلیی فەیلەسووفی ئینگل پەرەی پێ داوە، کە ئەویش لە کارەکانی جۆن لۆک و سێر ئیسحاق نیوتنەوە هێناویەتی. هارتلی لە کارە گەورەکەیدا بە ناونیشانی *سەرنجدان لە مرۆڤ و باری هەست و ئەرک و چاوەڕوانییەکانی* (لەندەن، ١٧٤٩) یادگە بەوە پێناسە دەکات کە «ئەو بەشەی مێشکە کە لە ڕێیەوە بیرۆکە و هەستەکان، چ بە تەواوی وەک خۆیان بن یان بە نزیکی بن، بە هەمان ڕیزبەندی و شێوە، وەک ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان تیایدا ئامادە بوون، دووبارە دەبنەوە یان دووبارە بانگهێشت دەکرێنەوە.» لەسەر ئەم بنەمایەش، هارتلی پێی وایە کە دووبارە یادهێنانەوە (وەک ئەوەی مەڵیگن مەبەستیەتی) تەنها خەیاڵێکی پووچە. تاکە ئامادەیی ڕاستینە لە یادگەدا بیرۆکە و هەستەکانن. **~گ.س.**

[74] **دایکی تۆپیوە:** لە نامەیەکی جۆیسەوە کەساڵی ١٩٠٧بۆ ستانیسلاوسی برای نووسیوە و تێبینیی لەسەر ئەمە داوە، دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجێنین کە هەر بە ڕاستی گۆگەرتی وەهای بە جۆیس وتووە. **~س.ت.م.١**
لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «دایکی ئاژەڵانە مردووە»، کە من دەستەواژەکەم بە «تۆپین» وەرگێڕاوە، بۆیە دواتر مەڵیگن دەڵێت: «تۆپینە و ئاژەڵانەیە و هیچی تر نییە» بڕوانە *ئۆلیس بە کوردی*، تیایدا باسی ئەمەم کردووە. **~ن.م.**
[75] **ماتەر و ڕیچمند:** خەستەخانەی هاوسۆزیی ماتەر لە شەقامی ئێکلس، گەورەترین خەستەخانەی دەبلنە. لە ژێر چاودێریی *کۆمەڵەی خوشکانی هاوسۆزدا* بوو کە کۆمەڵەیەکی دینیی سەر بە کلێسای کاسۆلیکی ڕۆمیین. خەستەخانەی دەروونیی ڕیچمند یان لانەی شێتەکانی ڕیچمند (بڕوانە ١: ٤٩) لە چارەکردنی باری هەژاراندا لەگەڵ خەستەخانەی ماتەردا هاوکار بوون. **~گ.س.**
[76] **سێر پیتەر تیزڵ:** کەسێتییەکی ناو شانۆنامەی *قوتابخانەی ئابرووچوون*ە لە نووسینی ڕیچارد برینسلی شێریدن. کەسێتییەکی پیر و ڕێکخوازە، بەڵام دڵی باشە. **~گ.س.**
[77] **گوڵەمێرگ**: بە ئینگلی *buttercup*، دەوەنێکی بچکۆلەیە، گوڵی زەردی تێر دەگرێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕوەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**
[78] **هەندێک... لالووێت:** لالووێت دەزگایەکە بۆ خزمەتگوزاریی ناشتن و گواستنەوەی مردوو لە دەبلندا. کە ڕیکلامیان بۆ خۆیان دەکرد دەیانوت کە «بۆ هەموو جۆرە پێداویستییەکی پرسە» کە لە ناو ئەم پێداویستییانەدا شیوەنگێڕی پیشەگەریان لەگەڵدا بووە کە پێیان وتوون: «کەڕولاڵەکان». **~گ.س.**
[79] **مەتاڵ**: قەڵغان کردن، پاراستن، پاراستنی برینێک بەوەی سوپەر یان *قەڵغان* بخەیتە بەری. **~ن.م.**
[80] **لۆیۆلا:** سانت ئیگناتیوسی لۆیۆلا، *St. Ignatius of Loyola*، (١٤٩١-١٥٥٦) دامەزرێنەری کۆمەڵەی عیساییەکانە کە بە «یەشوعییەکان» و «ک.ع.» ناسراون. ک.ع. کورتکراوەی *کۆمەڵەی عیسایی*یە. سانت ئیگناتیوس بەوە ناسراوە بۆ گوێڕایەڵیی دینی کەسێکی سەرسەخت و کۆششکەر و خۆتەرخانکەر بووە، نەک تەنها لە ڕەفتارە دەرەکییەکانیدا، بەڵکو تەنانەت لە گوێڕایەڵیی ویست و ئارەزووەکانیشیدا. **~گ.س.**
[81] **ساسناخ:** بە ئینگلی *Sassenach*: سکۆت و ئایرەکان بە کاری دەهێنن، بە واتای *کەسێکی ساکسۆن*، یان *ئینگل*، یان *داگیرکەر*. لە *ساکسۆن*ی ئایرییەوە هاتووە. **~گ.س.**

[82] **بەیکن**: بە ئینگلی *rasher* یان *bacon*، گۆشتی بەرازە، بە تایبەتی هی ڕانی. زۆر جار توێژاڵی باریکی بەیکن لەگەڵ هێلکەدا سوور دەکرێتەوە، لە زۆر وڵاتاندا ژەمێکی سەرەکیی نانی بەیانییە. **~ن.م.**

[83] **واز لەم پیشخواردنەوە مەزاجێتییەت بهێنە:** ئاماژەیەکە بە وەڵامە هەڕەشەئاساکەی ئەنتینۆس بۆ تیلێماخۆس لە *ئۆدیسە*دا. کە تیلێماخۆس لە شاری ئیتاکی کۆبوونەوە بە خەڵکان دەکات و باسی کێشەکەی خۆیانی بۆ دەکات کە دادوبێدایەتی بە دەست خوازبێنیکەرەکانەوە، خوازبێنیکەرەکان ڕەتی دەکەنەوە لە ماڵەکەی بچنە دەرەوە. ئەنتینۆس دەڵێت: «خۆت تووڕە مەکە! لە بیری بکە، ئیتر بیری خراپ مەکەوە، وەرە و لەگەڵماندا ئاهەنگ بگێڕە و بخۆرەوە وەک چۆن پێشتر وەهات دەکرد.» هەروەها گێرترووودیش، کە ژنی پاشا هاملێتی کوژراوە و ئێستا شووی بە کلاودیۆسی برای کردووە، بە ناوی خۆی و کلاودیۆسەوە وا بە هاملێت دەڵێت. **~گ.س.**

[84] **ئیتر بەسە... مس دەئاژووێ:** چەند دێڕێکی هۆنراوەی *کێ لەگەڵ فێرگوسدا دەڕوات؟ی* هۆنەری ئایر ویلیەم بەتڵەر یەیتس (١٨٦٥-١٩٣٩)ە {بڕوانە کۆتایی ئەم ڕاڤەیە}. ئەم هۆنراوەیە بۆ گۆرانییەکی چاپی یەکەمی شانۆنامەی *کۆنتێس کاڤلینی* (١٨٩٢) خۆی دانراوە. گۆرانییەکە لەگەڵ هارپێکدا بێژراوە و بۆ ئەوە بێژراوە کە کۆنتێسەکە ئارام بکاتەوە کە «گیانی خۆی بە هێزی تاریکی فرۆشتووە» تەنها بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی خۆراکیان دەست بکەوێت. **~گ.س.**

داخۆ ئێستا کێ بێ لەگەڵ فێرگوس بڕوا
تا تارای تاری قووڵایی جەنگەڵ ببڕێ و
لەسەر کەنارە تەختەکە سەما بکا؟
هۆ کوڕەکە، ئەو برۆ ئاڵەت هەڵببڕە،
تۆش کچەکە، پێڵووی ناسکت بڵند کە،
بەسە ترس، بە هیواوە ڕامێنن.
ئیتر بەسە دۆشدامان و پیشخواردنەوە
بۆ تاڵاوی ڕازی ئەوین،
چونکە فێرگوس گالیسکەی مس دەئاژووێ و
تاریکستانی جەنگەڵ و
سینەی سپیی دەریای تار و

گشت ئەستێرە گەڕۆک و ژاکاوەکانیش
ڕام دەکات و دەیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

«کەنارە تەختەکە» مەبەست لەوە نییە کە کەنارەکە تەختەیە، بەڵکو تەختە، تەخت پێچەوانەی بەرز و نزم. «تاریکستانی جەنگەڵەکە» و ئەوەی ستیفن لە پەرەگرافی دواتردا بیری لێ دەکاتەوە، وەک: «سینەی سپیی دەریای تار» لە هۆنراوەکەوە هاتووە.

فێرگوس ماک ڕۆییخ لە ئوستوورەی ئایریدا برای پاشای ئۆڵستەرە و سەردەستەی تیپی سوارەی پاشاییە و مەشق بە جەنگاوەران دەکات. براکەی لە جەنگێکدا دەکوژرێت و بە گوێرەی نەریتی میرات، دەبێت فێرگوس ببێت بە پاشا. فێرگوس دەیەوێت براژنەکەی خۆی بخوازێتەوە، بەڵام براژنەکەی بۆ شووکردن مەرجێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە دەبێت کوڕەکەی خۆی، کە ناوی *کرۆخۆر ماگنێسا*یە، ماوەی ساڵێک پێش فێرگوس ببێت بە پاشا. فێرگوس دادەکەفێت و کرۆخۆری برازای دەبێت بە پاشا. بەڵام ئەم برازایە ئەوەندە پاشایەکی باش و لێهاتوو دەردەچێت، کە دوای ساڵەکە پیاوماقووڵانی ئۆڵستەر دەیکەنە پاشای هەمیشەیی خۆیان. فێرگوس لای گرنگ نییە و کارەکەی خۆی وەک سەردەستەی سوارە و سوپا پێ خۆشە و دەست دەکاتەوە بە مەشقی جەنگاوەران. یەکێک لە قوتابییە جەنگاوەرەکانی ناوی *زەتانتا*یە و کە گەورەتر دەبێت، جەنگاوەرێکی گەورەی لێ دەردەچێت و بە ناوی *کووخۆلین* دەناسرێت. ڕۆژێک پاشا کروخۆر بانگهێشتی ماڵی سەرۆکی هۆزەکەیان دەکرێت، بەڵام لەوێ لە پرزانگی ژنی سەرۆکی هۆزەکەیدا گوێی لە قیژەی منداڵێک دەبێت. دواتر ئەم منداڵە لە دایک دەبێت و کچ دەردەچێت و ناوی دەنێن *دییەدرە*. بەڵام کروخۆر بەردەوام قیژەی منداڵەکە لە سکی دایکیدا لێکدەداتەوە و دواجار دەچێتە لای گەورەی درویدەکان (بڕوانە ١:١٠٨)، سەرۆکی درویدەکان ئەم قیژەی ناو پرزانگە وا لێکدەداتەوە کە دییەدرە کە گەورە بوو دەبێت بە جوانترین کچی ئایرلاند، بەڵام ئەگەر شوو بە پاشا بکات، ئەوا کارەساتێک تووشی ئۆڵستەر دەکات. کارەساتەکەش ئەوەیە کە هەموو جەنگاوەرەکانی ئۆڵستەر بە فێرگوسیشەوە، دەردەکرێن. ڕاوێژکارەکانی پێشنیاز دەکەن منداڵەکە بکوژن، بەڵام کروخۆر دەکەوێتە خەیاڵی جوانیی ئایندەی کچەکەوە، دایدەنێت کە دییەدرە گەورە بوو بیخوازێت. کە دییەدرە گەورە دەبێت، کروخۆر دەیخوازێت، بەڵام ئەو نایەوێت شووی پێ بکات چونکە زۆر لەو بەتەمەنترە، بەڵکو حەز لە کوڕێک دەکات بە ناوی *نۆیشا*وە، کە یەکێکە لە جەنگاوەرەکانی ژێردەستی فێرگوس و ئامۆزای کووخۆلینە. دییەدرە لەگەڵ نۆیشادا ڕەدوو دەکەوێت و

جەنگاوەرەکانی کروخۆر دوایان دەکەون و ئەوانیش خۆیان دەشارنەوە. پیاوماقووڵان پێشنیار دەکەن کروخۆر لێیان ببووریێت و ئاشت ببنەوە تا بگەڕێنەوە، نۆیشا بە مەرجێک ڕازی دەبێت بگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە فێرگوس و هەندێک لە سوارەکان لەگەڵیدا بن تا بۆ ئۆڵستەر دەگەڕێنەوە. ئەگەرچی دییەدرە هەست دەکات پیلانێک لە پشت ئەمەوە هەیە و کروخۆر دەیەوێت هەڵیانبخڵەتێنێت، بەڵام نۆیشا گوێ ناداتێ. فێرگوس دەیانگەڕێنێتەوە، بەڵام لە ڕێگادا سەرۆکهۆزێک بانگهێشتی فێرگوس دەکات بۆ نانخواردن و ئەویش بە دەنگ بانگهێشتەکەوە دەچێت. نۆیشا و دییەدرە ناچار دەبن لەگەڵ *فیاهای* کوڕی فێرگوسدا بڕۆن. لەم کاتەدا دەردەکەوێت کە کروخۆر ئەمەی بۆ پیلان گێڕاوە و بکوژێکی بە دوایاندا ڕاسپاردووە کە نۆیشا بکوژێت، لەم پەلامارەدا نۆیشا و فیاهای کوڕی فێرگوسیش دەکوژرێن و دییەدرە بە دیلی دەگەڕێنرێتەوە لای کروخۆر. کە فێرگوس ئەمە دەبیستێتەوە کۆمەڵێک جەنگاوەر کۆ دەکاتەوە و هەڵدەکاتە سەر برازاکەی خۆی و زۆربەی پاسەوانەکانی و خێزانەکەی دەکوژن و ئاگر لە کۆشکەکەی بەردەدەن، بەڵام دەستی بە خۆی ناگات. پاشان لە داخی مردنی کوڕەکەی و خیانەتی برازاکەی، ئۆڵستەر بە جێ دەهێڵێت و پەیوەندی بە دوژمنانی ئۆڵستەرەوە دەکات، کە شانشینی کۆنەختن. هەر زووبەزوو، فێرگوس دەبێتە متمانەپێکراوترین ڕاوێژکاری شاژنی کۆنەخت کە ناوی مێڤە، دواتریش ئەویندارى یەک دەبن، سەرەڕای ئەوەی مێڤ شووی کردووە و ژنی پاشای کۆنەختە کە ناوی *ئەڵیڵ*ە. فێرگوس حەوت ژنی پێویستە لە شەوێکدا تا ئارەزووی دابمرکێتەوە، بەڵام مێڤ و ژنێکی تر بە تەنیا دەتوانن ئارەزووی ئەو تێر بکەن، ژنەکەی تر ناوی *فلییاژ*ە، کە خواژنی وڵاخ و منداڵبوونی کەڵتییەکان بووە. دواتر فێرگوس فلییاژ دەخوازێت و پەیوەندیشی لەگەڵ مێڤدا دەمێنێتەوە. پاش ماوەیەک جەنگ لە دژی ئۆڵستەر هەڵدەگیرسێنێتەوە. لە جەنگەکەدا فێرگوس ئابڵووقەی کروخۆر دەدات، بەڵام بە هۆی لێهاتوویی کووخۆلینەوە، کە قوتابیی خۆی بوو و لە بەری ئۆڵستەردا دەجەنگێت، فیرگس سەرکەوتوو نابێت و جەنگەکە بە قازانجی کووخۆلیندا دەشکێتەوە. مێڤ هەست بە شەرمەزاری دەکات و بڕیار دەدات بێ فێرگوس لەگەڵ ئۆڵستەردا بجەنگێت و خۆی سەروکاریی جەنگەکە دەکات و کۆنەخت بە جێ دەهێڵێت. فێرگوس و ئەڵیڵ لە کۆنەخت بە تەنیا دەمێننەوە و ئەڵیڵیش لە تۆڵەی ئەوەی فێرگوس لەگەڵ ژنەکەیدا جووت بووە، فێرگوس دەکوژێت. **~ن.م.**

ویلیەم بەتڵەر یەیتس کوڕی جۆن بەتڵەر یەیتس بووە، دایکی ناوی *سوزان ماری* بووە، (پێش شوو: *پۆڵێکسفین*). لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٦٥ لە خانووی ژمارە ٥ی شاڕێی ساندیماونت لە دەبلن لە دایک بووە. ماوەیەکی کورت دوای لەدایکبوونی، خێزانەکەیان چوون بۆ لەندەن و تاساڵی ١٨٨٠ لەوێ ژیاون. لەوێ لە قوتابخانەکانی گودۆڵفین و هامەرسمیث خوێندوویەتی، پاشان کە ساڵی ١٨٨٠ گەڕاونەتەوە بۆ دەبلن، یەیتس لە قوتابخانەی ئامادەیی ئیرازموس لە شەقامی هارکۆرت خوێندوویەتی. پاشان لە قوتابخانەی هونەریی گەورەشار لە شەقامی کیلدێر وێنەکێشانی خوێندووە. یەیتس بۆ یەکەم جار چەند هۆنراوەیەکی خۆی لە ڕۆژنامەی *دەبلن یونیڤێرسیتی ڕیڤیو*دا بڵاو کردەوە، کە ڕۆژنامەکە ساڵی ١٨٨٥ دامەزرابوو. هەم لە ڕووی هونەری و هەم لە ڕووی وارگێڕیشەوە ئاگاداری ڕەوشی ئایرلاند و وێژەکەی بووە، ئەمانەش زووبەزوو کاریگەرییان لەسەر بابەتی نووسینەکانی داناوە. ساڵی ١٨٨٧ خێزانەکە دیسان چوونەتەوە بۆ لەندەن و یەیتس لە نێوان هەردوو شارەکەدا ژیاوە. لە لەندەن هۆنەر و بڵاوکاری تری ناسیوە و پەیوەندیی بە ماڵی بلاڤاتسکی بۆ کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانەوە کردووە. ساڵی ١٨٨٩ مۆد گۆنی (بڕوانە ٣: ١٨٩) ناسیوە و ئەویندارى ئەو بووە، هەر ماوەیەکی کورت دوای ناسینی ئەو نووسیویەتی: «هەر لەم کاتەوە کێشەکانی ژیانم دەستیان پێ کرد» و *هەڵوەدایی ئۆشین*ی نووسی، کە زنجیرەیەک هەڵبەست و هۆنراوە بوو و لە هەمان ساڵدا بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٨٩١ لە لەندەن کۆمەڵەی ئایرە وێژەوانەکانی دامەزراند و ساڵی دواتر کۆمەڵەی وێژەوانە نیشتمانییەکانی ئایرلاندی دامەزراند. ساڵی ١٨٩٣ شانۆنامەی *کۆنتێس کاثلین*ی بڵاو کردەوە. یەکەم بەرگی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی ناوی *بوولێلی کەڵتی* بوو و لە هەمان ساڵدا بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٨٩٦ بوو بە هاوڕێی لەیدی گرێگری و لەو کاتەوە زۆر هاوینی لە ماڵی ئەودا لە کوول پاڕک لە گۆرت لە کاونتیی گۆلوەی بەسەر بردووە. بە هاوکاریی ئێدوارد مارتن، بزووتنەوەیەکیان بۆ شانۆگەریی وێژەیی ئایرلاند دەست پێ کرد و دواجار ساڵی ١٨٩٨ بە تەواوی دامەزرا و ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە هاندانی شانۆنووسە ئایرەکان بوو کە شانۆ لە بارەی ئایرلاند و بابەتی ئایرییەوە بنووسن و بۆ بینەری ئایر نمایش بکرێن. یەکەم بەرهەمەکانی ئەم بزووتنەوەیە ساڵی ١٨٩٩ لە هۆڵی ئەینشنت نمایش کران (بڕوانە ٦: ٥٩)، لەوانە *کۆنتێس کاثلین*ی یەیتس خۆی و *کێڵگەی گەسکەگیا*ی مارتن. ساڵی ١٩٠٢ شانۆنامەی *کاثلین نی هولیهان* لە نووسینی یەیتس خرایە سەر شانۆ و مۆد گۆن ڕۆڵی خانمی سەرەکیی شانۆنامەکەی دەگێڕا. ساڵی ١٩٠٤ بۆ دواجار بنکەی هەمیشەیی درا بە

کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکان، کە ئەویش شانۆگای ئابەی بوو. یەکەم نمایشی شانۆیی کە بە بۆنەی کردنەوەی شانۆگاکەوە لەوێ ئەنجامیان دا نمایشی *لەسەر گوێئاوی بەیلی*ی یەیتس و *بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە*ی لەیدی گرێگری بوو. یەیتس ساڵی ۱۹۱۷ خاتوونێکی خواستووە ناوی جۆرجی *هاید-لیس* بووە. قەڵای «ثوور بالیلی»ی نزیک گۆرت لە کاونتیی گۆلوەیی کڕیوە و نۆژەنی کردووەتەوە و کردوویەتی بە هاوینەهەوار. ساڵی ۱۹۱۹ قووە *کێوییەکانی کوول*ی بڵاو کردەوە و بە دوای ئەویشدا ساڵی ۱۹۲۱ *مایکڵ ڕۆبارت و سەماکەرەکە*ی بڵاو کردەوە. ساڵی ۱۹۲۲بوو بە سیناتۆری ئایرلاندی ئازاد و ساڵی ۱۹۲۳ خەڵاتی نۆبڵی لە وێژەدا پێ بەخشرا. ساڵی ۱۹۲۸ *قەڵاکە*ی بڵاو کردەوە و بە دوای ئەویشدا ساڵی ۱۹۳۳ *پلیکانە پێچاوپێچەکە*ی بڵاو کردەوە. یەیتس لە ۲۸ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۳۹دا لە کاپ مارتن لەسەر کۆت دازووری فەرەنسی کۆچی دوایی کرد و لە ڕۆکەبروون نێژرا، دوای جەنگی جیهانیی دووەم پاشماوەی لاشەکەی هێنرایەوە بۆ ئایرلاند و لە گۆڕستانی درەمکلیف نێژرا لە کاونتیی سلایگۆ. **~ڤ.ئ.**

[85] **ئاوێنەکەی ئاو**: لێرەدا ئاو کراوە بە ئاوێنە و ئاوێنەکە سپی بووە. کە ئاوی دەریاکە شەپۆل دەدات، شەپۆلە سپییەکە لە شێوەی یاڵی ئەسپدا لە جووڵەدا دەردەکەوێت و ئاوەکەش (ئاوێنەکە) بە پێ و ناڵی غاردەری ئەسپەکەوە تل دەخوات. **~ن.م.**

[86] **هارپ**: بە ئینگلی *harp*: ئامێرێکی گەورەی موزیکییە، ڕیزێک ژێی هەیە کە لە کورتەوە بۆ درێژ ڕیز بوون، بە نقورچگرتن لە ژێکان تۆن دەردەچێت و دەژەنرێت. هارپی ستانداردکراوی سەردەمی ئێستا لە خوارەوە حەوت قاچکی هەیە (*قاچک*، ئەگەرچی خۆی لە کوردیدا چەند واتایەکی هەیە، بەڵام ئەمەیان لەسەر بنەمای وشەی *دەسک* خۆم دامرشتووە، واتە شتێک قاچی پێدا بنرێت، وەک قاچکی بەنزین یان وەستانی ئوتومبێل.) ئەم ئامێرە پەرەپێدراوی ئامێری *قیسارە*ی کۆنی میزۆپۆتامیایە کە ئێمە پێی ئاشناین. بەڵام کە وشەی *قیسارە* بە کار ناهێنم، لەبەر ئەوەیە کە هارپی سەردەم ئێجگار زۆر لە قیسارە پەرەسەندووتر و ئاڵۆزترە و لە موزیکناسیدا شیاوترە دوو زاراوەی جیاوازیان هەبێت. وەک چۆن فلووت لە شمشاڵەوە پەرەی سەندووە، بەڵام ئیتر فلووت شمشاڵ نییە و لە بازاڕەکانیشدا هەردوو ئامێرەکە هەن کە ناکرێت هەردووکیان هەمان ناویان هەبێت. کاتێک دەوترێت *قیسارە*، مەبەستی دیاریکراو لە ئامێرە کۆنەکەیانە نەک ئەو ئامێرە پێشکەوتووە ئاڵۆزەی ئێستانان لە ئۆرکێستراکاندا ئامادەیی هەیە. هەروەها وشەی *گیتار*ی ئێستا هەر لە *کیتارا، کیسارا، قیسارە*وە سەرچاوەی گرتووە. وەک دەبینرێت یەک ئامێر بۆ

چەند شێوەیەکی جیاوازی ئامێری موزیک پەرەی سەندووە. لەم ڕۆمانەدا چەندین جار وشەی *هارپ* بە کار هاتووە، تۆ دەتوانیت هاوڕام نەبیت و بە قیسارە تێیبگەیت، بەڵام من وەک زمانناس و موزیککارێک، کە چەند موزیکێکم بۆ ئامێری هارپ نووسیوەتەوە و چەندین کاتی موزیکدانانم بە ئاشنابوون بە ئامێری هارپەوە بە سەر بردووە و لێکۆڵینەوەم تێدا کردووە و لەسەریم خوێندووەتەوە و لەگەڵ چەندین ژەنیاری ئامێرەکەشدا ئاشنایەتیم پەیدا کردووە، ناتوانم بەو شێوەیە ڕێنموونیت بکەم بۆ موزیک کە *قیسارە* و *هارپ* هەمان ئامێرن. وەک چۆن ئیتر پیانۆ کلاڤیکۆرد یان ئۆرگن نییە، ئیتر ئۆبوا جووتزەلە نییە، ئیتر تیمپانی تەنها تەپڵێک نییە و تا دوایی، ئاوهاش هارپ قیسارە نییە، بەڵکو پەرەپێدراوی قیسارەیە. **~ن.م.**

[87] **کۆرد**: بە ئینگلی *chord*، سێ تۆنی جیاواز یان زیاتری موزیکن پێکەوە بژەنرێن. ئەم سێ تۆنە جیاوازە گونجاندنێکی دەنگیی دروست دەکەن، خودی وشەی *کۆرد* - *chord* لە *ئەکۆرد* - *accord*ەوە هاتووە بە واتای *گونجان*. ئەو تۆنانە دەشێت هەموویان پێکەوە بە یەک ترپە بژەنرێن، یان بە ڕیز بە دوای یەکتردا بژەنرێن، یان بە تێکەڵی بژەنرێن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ژەنیاری هارپەکە کۆردەکەی لە چوار تۆن پێکهاتووە و بە هەر دەستێکی دوو تۆنیان دەژەنێت. **~ن.م.**

[88] **کێشاو**: بە ئینگلی *tide*، واتە گۆڕانی بەرزونزمیی ئاستی ئاو. **~ن.م.**

[89] **دەفرێک ئاوی تاڵ**: (سەرژمێری ٥: ١١-٣١) لە باسی «سەلماندنی داوێنپاکیی ژن»دا بۆ دادگایی ژنێک کە مێردەکەی بە ناپاکی تۆمەتباری بکات، کاهینەکە «ئاوێکی تاڵ» دەرخواردی ژنەکە دەدات کە نەفرەتێکی پێوەیە، ئەگەر ژنەکە تاوانبار بوو، ئەوا «'یەزدان دەتخاتە بەر نەفرەت و سوێند لەنێو گەلەکەت بەوەی کە یەزدان ڕانت لاواز دەکات و سکت دەئاوسێنێت.[٢٢] ئەم ئاوەی نەفرەت دەچێتە ناو هەناوت بۆ ئاوسانی سک و لاوازی ڕان.'» بەڵام ئەگەر ژنەکە تاوانبار نەبوو، ئەوا ئاوەکە کاریگەریی نابێت. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

> [١١]یەزدان بە موسای فەرموو: [١٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: "ئەگەر ژنی پیاوێک لەڕێ لایدا و ناپاکی لەگەڵ کرد، [١٣]لەگەڵ پیاوێک جووت بوو، ئەوەش لە چاوانی پیاوەکەی شاردراوە بوو و داوێنپیسییەکەی ئاشکرا نەبوو، هیچ شایەتێکیشی بەسەرەوە نەبوو، چونکە لەسەر کردارەکە نەگیرا بوو، [١٤]کابراش ڕۆحی دڵپیسی دایگرت و لە ژنەکەی بە گومان بوو کە داوێنپیسە، یان

ڕۆحی دڵپیسی دایگرت و لە ژنەکەی بە گومان بوو کە داوێنپیس نییە، ١٥ئەوا
پیاوەکە ژنەکەی دەهێنێتە لای کاهین و پێشکەشکراوەکەشی لەگەڵدا دەهێنێت،
دەیەکی ئێفەیەک ئاردی جۆ نە زەیتی بەسەردا دەکات و نە بخوور، چونکە
پێشکەشکراوی دانەوێڵەی دڵپیسییە و قوربانی یادگارییە، یادی تاوان دەکاتەوە.
١٦«”کاهینەکە ژنەکە دەهێنێتە پێش و لەبەردەم یەزدان ڕایدەگرێت. ١٧کاهینەکە
لە گۆزەیەکی گڵین ئاوێکی پیرۆز دەبات و لە تۆزی سەر زەوی چادرەکەی
پەرستن هەڵدەگرێت و لەناو ئاوەکەی دەکات. ١٨کاهینەکە ژنەکە لەبەردەم
یەزدان ڕادەگرێت و سەری ڕووت دەکاتەوە، پێشکەشکراوی دانەوێڵەی
یادەوەرییەکە کە پێشکەشکراوی دانەوێڵەی دڵپیسییە دەکاتە ناو دەستی ژنەکە
و ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش لە دەستی کاهینەکە دەبێت. ١٩ئینجا کاهینەکە ژنەکە
سوێند دەدات و پێی دەڵێت: ’ئەگەر هیچ پیاوێک لەگەڵت جووت نەبووە و بە
دزی پیاوەکەت بەرەو داوێنپیسی لەڕێ لات نەداوە، لە کاتێکدا ژنی پیاوەکەتی
ئەوا بێتاوان بە لەم ئاوەی نەفرەت کە تاڵە. ٢٠بەڵام ئەگەر بە دزی پیاوەکەت
لەڕێ لاتداوە و گڵاو بوویت و پیاوێکی دیکە جیا لە مێردەکەت لەگەڵت جووت
بووە،‘ ٢١لێرە کاهینەکە ژنەکە بە سوێندی نەفرەت سوێند دەدات، کاهینەکە بە
ژنەکە دەڵێت، ’یەزدان دەتخاتە بەر نەفرەت و سوێند لەنێو گەلەکەت بەوەی
کە یەزدان ڕانت لاواز دەکات و سکت دەئاوسێنێت .٢٢ئەم ئاوەی نەفرەت
دەچێتە ناو هەناوت بۆ ئاوسانی سک و لاوازی ڕان.‘ «”ژنەش دەڵێت، ’ئامین،
ئامین.‘ ٢٣«”کاهینیش ئەم نەفرەتانە لە پەڕەیەک دەنووسێت، ئینجا لەناو ئاوە
تاڵەکە دەیشواتەوە. ٢٤ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش دەرخواردی ژنەکە دەدات،
ئاوەکەی نەفرەتیش دەچێتە ناوی و دەبێتە ئازاری تاڵی. ٢٥کاهینەکە
پێشکەشکراوی دانەوێڵەی دڵپیسییەکە لە دەستی ژنەکە وەردەگرێت و
پێشکەشکراوەکە لەبەردەم یەزدان بەرز دەکاتەوە، ئینجا دەیباتە لای قوربانگاکە.
٢٦کاهینەکە چنگێک بۆ یادەوەری لە دانەوێڵە پێشکەشکراوەکە دەبات و لەسەر
قوربانگاکە دەیسووتێنێت، لەدوای ئەوە ئاوەکە دەرخواردی ژنەکە دەدات.
٢٧ئەگەر ژنەکە گڵاو بووبێت و ناپاکی لە پیاوەکەی کردبێت، کاتێک ئاوەکەی
دەرخوارد دا، ئەوا ئاوە نەفرەتەکە دەبێتە ئازاری تاڵی، دەچێتە ناوی، سکی
دەئاوسێت و ڕانی دەکەوێت، ژنەکە لەنێو گەلەکەی دەبێتە نەفرەت. ٢٨ئەگەر

ژنەکەش گڵاو نەببوو بەڵکو پاک بوو، ئەوا بێتاوان دەبێت و سکی پڕ دەبێت. [٢٩]«”ئەمە فێرکردنەکەیە سەبارەت بە دڵپیسی، ئەگەر ژنێک بە دزی پیاوەکەی لەڕێ لایدا و گڵاو بوو، لە کاتێکدا ژنی پیاوەکەیەتی، [٣٠]یان ئەگەر پیاوێک ڕۆحی دڵپیسی دایگرت، جا دڵی لە ژنەکەی پیس کرد، ژنەکە لەبەردەم یەزدان ڕادەگیرێت و کاهینەکە هەموو ئەم فێرکردنەی بۆ دەکات. [٣١]جا پیاوەکە لە هەر هەڵەیەک بێتاوان دەبێت، بەڵام ئەو ژنە تاوانی گوناهی لە ئەستۆی خۆی هەڵدەگرێت.”» (سەرژمێری ٥: ١١-٣١)

[90] **بێژان**: بە ئینگلی *to sing*: من نانووسم: «گۆرانیی وت»، یان «گۆرانی دەڵێت»، هەمیشە وشەی *بێژان* لەگەڵ *گۆرانی*دا بە کار دەهێنم، ئەویش لەبەر ئەوەی پێم وایە وەها شیاوترە، مادەم بە بکەرەکە دەڵێین: «گۆرانیبێژ» نەک «گۆرانیلێ»، کەواتە شیاوترە چاوگەکەش *گۆرانیبێژان* بێت و کارەکەش *بێژانی گۆرانی* بێت. لە زمانی ئینگلیشدا دەوترێت: *singing song*، نەک *telling song* یان *saying song*. بۆیە لای من هەمیشە *بێژان*، واتە شێوازی دەربڕینی گۆرانی. **~ن.م.**

[91] **بێرکم**: بە ئینگلی *cage*، قەفەس. **~ن.م.**

[92] **ڕۆیس:** ئێدوارد ویلیەم ڕۆیس (١٨٤١-١٩٢٦): ئەکتەرێکی ئینگل بووە و بەڕێوەبەری شانۆگا بووە. لە حەفتەی کریسمسی ساڵی ١٨٧٣دا لە شانۆگای گەیەتی لە دەبلن لە پانتۆمایمی *تورکییە ترسناکەکە*دا ڕۆڵی دیوە {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو}. لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا لەسەری نووسراوە کە «باشترین پانتۆمایم بووە لە هەموو مێژووی شانۆگاکەدا کە بەرهەم هێنرابێت.» **~ڤ.یێ.**

[93] **تورکییە ترسناکەکە:** پانتۆمایمێکە لە نووسینی ئێدوین هامڵتن کە نووسەرێکی ئایرە و ساڵی ١٨٧٣ بڵاو کراوەتەوە. لە پانتۆمایمەکەی لەندەنی *ویلیەم براوەوە* وەریگرتووە بە ناونیشانی *تورکییە ترسناکەکە* یان *گوڵپەرییەکان* (١٨٦٨). ئەوەی هامڵتن، کە لە شانۆگای *گەیەتی* لە دەبلن نمایش کراوە، هەر خێرا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە. بە درێژایی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم چەندین جار دەستکاری کراوە و دووبارە نمایش کراوەتەوە. پوختەی چیرۆکەکەی لە جیهانی ئوستوورەیی پەرییاندایە کە پەرییەکان دەتوانن مرۆڤەکان دابگۆڕن {*دابگۆڕن* گەردانکراوی چاوگی **داگۆڕان**ە کە هەندێک جار بە «مەسخ»ی عەرەبی وەردەگێڕرێت؛ **داگۆڕان:** بە ئینگلی *metamorphos*: واتە گۆڕینی شتێک بە شتێکی تر، وەک گۆڕینی مرۆڤ بە قالۆنچە، وەک چیرۆکە بەناوبانگەکەی کافکا.

وشەکەم لە مامۆستا عەزیز گەردییەوە هێناوە. بڕوانە *کۆمیدیا*، نووسینی: دانتێ ئەلیگییێری، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، بەرگی یەکەم: *دۆزەخ*، لاپەڕە ٧٤. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٥. پێشتر بە «بیچمگۆڕکێ» وەرمگێڕابوو، کە ئەوەی مامۆستا عەزیزم بینی گەلێک بە دڵم بوو، بۆیە ئەوەی خۆمم سڕییەوە، بمبوورن}. پاشا (تورکییەکە) کە ڕۆیس ڕۆڵەکەی بینیوە، لەگەڵ دەربارەکەیدا چێژیان لەم داگۆڕانە دیوە. **~گ.س.**

**پانتۆمایم** جۆرە نمایشێکی جەفەنگی (کۆمیدی)ی شانۆییە کە موزیکی لەگەڵدایە. لە سەرەتادا لە ڕۆما سەری هەڵداوە و دواتر لە بەریتانیا زیاتر پەرەی سەندووە. خودی وشەکە لە لاتینییەوە خوازراوە و لاتینیش لە *پانتۆمیمۆس* گریکیی خواستووە کە وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە *پانتۆ* بە واتای *هەموو* و میمۆس بە واتای *سەما*. **~ن.م.**

[94] **من کوڕێکم... بەرچاوانم:** گۆرانییەکە لە *تورکییە ترسناکەکە*دا. کاتێک گوڵپەری پرسیار لە تورکییەکە دەکات کە خۆزگەی چی دەخوازێت، ئەو لە وەڵامدا دەڵێت: «دیارنەمان ڕێک ئەوەیە کە حەزم لێیەتی.» و کاتێک دەزانێت کە گوڵپەری دەتوانێت ئەم خۆزگەیەی پێ ببەخشێت، ئەم گۆرانییە دەبێژێت. **~گ.س.**

[95] **لە ناو یادی سرووشتدا... قەد کران:** تیۆسۆفیستی ئینگل ئالفرێد پێرسی سینێت (١٨٤٠-١٩٢١) لە پەڕتووکی *گەشەکردنی گیان*دا (لەندەن، ١٨٩٥) باسی چەمکی *یادگەی گەردوونی* دەکات کە هەموو سات و بیرێک تیایدا تۆمار دەبێت. **~گ.س.**

پێشتر ئەم ڕستەیەم بە «لەگەڵ لیستۆکەکانی دایکیدا لە ناو یادی سرووشتدا قەد کران و هەڵگیران» وەرگێڕابوو، بەڵام پاش خوێندنەوەی زیاتر و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕاڤەی تۆمارە ئەکاشەییەکانی ئەڵقەی حەوتەمدا (بڕوانە ٧: ٤١٤) بۆم دەرکەوت کە ڕەنگە وەرگێڕانی پێشووی ئەم ڕستەیەم ناڕوون و سەرلێتێکدەر بووبێت، ئەگەریش هەیە هەڵە بووبێت. من خۆم وا لێی تێگەیشتبووم کە مەبەست لەم ڕستەیە ئەوەیە کە «نهێنییەکانی» دایکی ستیفن، کە لە پەرەگرافی پێشووتردا ئاماژەیان پێ دەدات و لیستیان دەکات، لەگەڵ لیستۆکەکانیدا، واتە لیستۆکەکانی دایکی و نهێنییەکانیدا پێکەوە قەد کران و لە ناو یادی سرووشتدا هەڵگیران؛ یان دەشێت لێکدانەوەکە فراوانتریش بکرێت بۆ هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێیان دا، لەگەڵ «گریانی گیان»ی ستیفنیشدا هەموویان پێکەوە قەد کرابێتن و لە ناو یادی سرووشتدا هەڵگیرابن. بەڵام بە گوێرەی ڕاڤەیەکی دکتۆر هەنت و ڕاڤەی ئاماژەبۆدراو، وا دیارە مەبەست لەوە بێت کە دایکی ستیفن خۆی و نهێنییەکانی و لیستۆکەکانی، واتە هەر هەموویان، قەد کران و خراونەتە ناو یادی سرووشتەوە. دەقە

ماکەکە زۆر ڕوون خۆی دەرناخات، دەڵێت: « Folded away in the memory of nature with her toys» کە وەرگێڕانی وشە بە وشە دەبێتە: «قەد کرا(ن) و لابرا(ن) لە ناو یادی سرووشتدا لەگەڵ لیستۆکەکانی ئەو(ی مێ)دا»؛ دەقە ماکەکە بکەرەکەمان ناداتێ کە کێیە کە قەدی دەکات و دەیخاتە ناو یادی سرووشتەوە، جگە لە «لیستۆکەکانی ئەو(ی مێ)»ش بۆمان دیاری ناکات کە چیی تر «قەد کراوە» یان «قەد کراون»، ناوی دایکیشی ناهێنێت و دەبێت ئەوە لە بەستێنی دەوری ڕستەکەوە هەڵبهێنجێنیت کە مەبەست لە دایکی ستیفنە. بۆیە وەرگێڕانەکەی ئێستا بە دروستتر دەزانم. **~ن.م.**

[96] **پەرداخی ئاوەکەی... هەزەخ:** مەبەست لەوەیە کە دایکی لە بەیانیاندا پێش ئەوەی بچێت بۆ سرووتی ماس، دڵسۆزانە و سەرڕاستانە فەرمانی ڕۆژووی پێش ماسی جێبەجێ کردووە و پەرداخە ئاوەکەی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ دوای ماس. **~گ.س.**

**هەزەخ**: بە ئینگلی *sacrament*، لەبەر ئەوەی گوایە عیسا ڕۆژی یەکشەممە لە مردنەوە هەڵستاوەتەوە، بۆیە یەکشەممە لە دینی مەسیحیدا ڕۆژێکی پیرۆزە و بۆنەیەکی گەورەی خوداپەرستی هەیە کە بە گشتی هەموو یەکشەممەیەک لە کڵێسادا دەگێڕڕێت، بە ئینگلی پێی دەوترێت: ***ماس*** *Mass* و زۆر جار ئێمە هەر بە عەرەبییەکەی بە قداس (*القُدَّاسُ*) بیستوومانە. بەڵام من *قداس*م بە کار نەهێناوە و لە بری ئەوە تەنها **ماس** خۆیم خواستووە، هۆکەش ئەوەیە کە زۆر جار هەڵە لە بەکارهێنانی وشەی قداسدا کراوە و بۆ هەموو نەریتێکی دینی مەسیحی بە کار هێنراوە، نەمویست وشەیەک بهێنمەوە کە پێشتر ناڕوونی لە ملی ئاڵێنراوە. قداس یەکێکە لە حەوت بۆنەی پیرۆز لە دینی کاسۆلیکدا و تاکە بۆنەی پیرۆزکردن نییە. بە ئینگلی بەم بۆنانە دەوترێت: *ساکرەمێنت* – *Sacrament* کە بە *حەوت ڕازەکە* یان *حەوت نهێنییەکە*ش ناسراون. من وشەی *ساکرەمێنت*م بە **هەزەخ** وەرگێڕاوە، کە لە *هەنبانەبۆرینە*ی مامۆستا هەژارەوە هێناومە، ڕاستییەکەشی زۆر دڵنیا نیم لە بنەچەی وشەکە، بەڵام هەر بە کارم هێنا، تا ڕۆژێک وشەیەکی شیاوترمان دەست دەکەوێت. بەم شێوەیەش *حەوت ساکرەمێنتەکە*، بە کوردی: **حەوت هەزەخەکە**ن.

**هەزەخی یەکەم: ئاوەمۆرکردن:** بە ئینگلی *Baptize*، یەکەم هەزەخ **ئاوەمۆرکردن** یان **لەئاوهەڵکێشان**ە. ئەم سرووتە هێمایەکە بۆ گیانی پیرۆز. هەر کەس لە ئاوی پیرۆز هەڵکێشرا، ئیتر گیانی پیرۆز دەچێتە ناویەوە و لە گوناهە ماکەکە دەشۆرێتەوە. بۆیە هەموو مەسیحییەک کە لە دایک دەبێت، سێ جاران چۆڕێک ئاو لە ناوچاوانی دەدەن و دەڵێن کە *باپتایز* یان *باپتیز* کراوە، یان لە ئاوی پیرۆز هەڵکێشراوە. ئێمەی کورد *باپتایز* یان

*باپتیز*مان لە وشە ئینگلییەکەوە وەرگرتووە کە *baptize*ە و ئینگلییەکەش لە *ڤاپتیزۆی* گریکییەوە هاتووە بە واتای *شوشتن*. من لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا وشەی **ئاوەمۆر**م لە بری *باپتیز*، یان ئەم شوشتنە، یان ئەم لەئاوهەڵکێشانە بە کار هێناوە و ئەم وشەیەشم لە *کۆمیدیای* دانتێوە هێناوە کە مامۆستا عەزیز گەردی وەریگێڕاوە و ئەم وشەیەی لەبری باپتیز بە کار هێناوە. (بڕوانە بەرگی یەکەمی *کۆمیدیای* دانتێ، *دۆزەخ*، لاپەڕە ٣٠). لە *پەیمانی نوێی کتێبی پیرۆز*دا چەند دەقێک دەربارەی ئاوەمۆرکردن هاتووە، لەوانە لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەرقۆس*دا، لە باسی یەحیای کوڕی زەکەریادا، کە بە *یەحیای لەئاوهەڵکێش* یان *ئاوەمۆرکەر* ناسراوە، ئاماژە بە عیسا دەکات و دەڵێت: «من لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام ئەو لە ڕۆحی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت.» (مەرقۆس ١: ٨) لە دەقەکەدا «ئەو» ئاماژەیە بۆ عیسا.

**هەزەخی دووەم: مۆرکردنەوە**: بە ئینگلی *Confirmation*، دووەم هەزەخ **مۆرکردنەوە**، یان **دووپاتکردنەوە**یە. ئەم سرووتەش هەر وەک ئاوەمۆرکردن وایە و لە سەرەتای پەیڕەوکردنی دینی مەسیحیدا هەر ماوەیەک دوای ئاوەمۆرکردن دەکرا. بەڵام هەندێک لە کڵێساکان لە دوای تەمەنی دە ساڵانەوە دەیانکرد. دواتر تەمەنەکە بۆ دوازدە و دواتر بۆ پازدە ساڵان گۆڕرا. ئێستانان لە حەوت ساڵی تا حەڤدە ساڵی کاتی خۆیەتی کە باوەڕدار ئەم سرووتەی بۆ جێبەجێ بکرێت. لەم سرووتەدا *ئوسقوف*ی کڵێسا نێوچاوانی باوەڕدارەکە بە *ڕۆنێکی پیرۆز[کراو]* بە هێمای خاچ چەور دەکات. ئەم نەریتە بۆ دووپاتکردنەوەی باوەڕ و ئامادەیی گیانی پیرۆزە لە باوەڕدارەکەدا. کڵێسای کاسۆلیک دەقێکی *پەیمانی نوێ*یان کردووە بە سەرچاوەی پێویستێتیی ئەم نەریتە کە دەڵێت:

> «[١٤]کاتێک نێردراوان لە ئۆرشەلیم بیستیان سامیرە پەیامی خودای قبوڵ کردووە، پەترۆس و یۆحەنایان بۆ ناردن. [١٥]کاتێک هاتن، نوێژیان بۆ کردن تاکو ڕۆحی پیرۆز وەربگرن، [١٦]چونکە هێشتا ڕۆحی پیرۆز نەهاتبووە سەر کەسیان، تەنها بە ناوی عیسای خاوەن شکۆ لە ئاو هەڵکێشرابوون. [١٧]جا پەترۆس و یۆحەنا دەستیان لەسەر دانان و ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرت.» (کردار ٨: ١٤-١٧)

نەریتی چەورکردن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی پێش هاتنی عیسا، کاتێک کەسێک بۆ ئەرکێکی گرنگ دەستنیشان کراوە، وەک سەرۆکایەتیی دینی، یان پاشایەتی، چەور کراوە. ئەمەش بە تەواوی لە *پەیمانی کۆن*دا، باس کراوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

١جا یەزدان بە ساموئێلی فەرموو: «هەتا کەی شیوەن بۆ شاول دەگێڕیت؟ چونکە من ڕەتم کردووەتەوە پاشای ئیسرائیل بێت، قۆچەکەت پڕ بکە لە زەیت و بڕۆ، دەتنێرم بۆ لای یەسای بێتلەحمی، لەنێو کوڕەکانیدا پاشایەکم بۆ خۆم هەڵبژاردووە.» ٢ساموئێلیش گوتی: «چۆن بڕۆم؟ ئەگەر شاول ئەمە ببیستێتەوە دەمکوژێت.» یەزدانیش فەرمووی: «گوێرەکەیەکی مێینەی سێ ساڵە لەگەڵ دەستت دەبەیت و دەڵێیت: "بۆ قوربانی سەربڕین بۆ یەزدان هاتووم." ٣جا یەسا بۆ قوربانییە سەربڕدراوەکە بانگهێشت دەکەیت و من فێرت دەکەم چی بکەیت و ئەو کەسەم بۆ دەستنیشان دەکەیت کە پێت دەفەرمووم.» ٤ساموئێل ئەوەی کرد کە یەزدان پێی فەرموو، هات بۆ بێتلەحم و پیرانی شارۆچکەکە بە ترسەوە پێشوازییان کرد و گوتیان: «بە ئاشتی هاتوویت؟» ٥ساموئێلیش وەڵامی دایەوە: «بە ئاشتییە، هاتووم بۆ سەربڕینی قوربانی بۆ یەزدان، خۆتان تەرخان بکەن و لەگەڵمدا وەرن بۆ قوربانییەکە.» ئینجا یەسا و کوڕەکانی تەرخان کرد و بۆ قوربانییەکە بانگهێشتی کردن. ٦کاتێک هاتن، ساموئێل تەماشای ئەلیابی کرد و لەبەرخۆیەوە گوتی: «بە دڵنیاییەوە ئەوەیە یەزدان دەستنیشانی کردووە، لەبەردەمیەتی.» ٧بەڵام یەزدان بە ساموئێلی فەرموو: «تەماشای سەروسیما و بەرزی باڵای مەکە، چونکە ڕەتم کردووەتەوە. یەزدان وەک مرۆڤ تەماشا ناکات، چونکە مرۆڤ تەماشای ڕوخساری دەرەوە دەکات، بەڵام یەزدان تەماشای دڵ دەکات.» ٨دوای ئەوەی یەسا ئەبینادابی بانگکرد و بە بەردەم ساموئێلدا تێپەڕی کرد، ساموئێلیش گوتی: «یەزدان ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.» ٩ئینجا یەسا شەممای تێپەڕاند و ساموئێلیش گوتی: «یەزدان ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.» ١٠یەسا هەر حەوت کوڕەکەی لەبەردەم ساموئێلدا تێپەڕاند. ساموئێلیش بە یەسای گوت: «یەزدان لەمانەی هەڵنەبژاردووە.» ١١لە یەسای پرسی: «ئایا هەموو کوڕەکانت لێرەن؟» ئەویش گوتی: «بچووکترینیان هێشتا ماوە و مەڕ دەلەوەڕێنێت.» ساموئێلیش گوتی: «بنێرە بەدوایدا و بیهێنە، چونکە دانانیشین هەتا ئەو دێتە ئێرە.» ١٢ئەویش بەدوایدا ناردی و هێنای، سوورەیەکی چاوجوانی قۆز بوو. ئینجا یەزدان فەرمووی: «هەستە و دەستنیشانی بکە، چونکە ئەمە خۆیەتی.» ١٣ساموئێل قۆچە زەیتەکەی برد و لەنێو براکانیدا دەستنیشانی کرد و لەو ڕۆژە بەدواوە ڕۆحی یەزدان بە تواناوە هاتە سەر داود. (یەکەم ساموئێل ١٦: ١-١٣)

لەمەوە چەورکردن بە ڕۆن لە ناو جووەکاندا بوو بە نەریتی هەڵبژاردنی پاشا و بە گوێرەی بەشی دوازدەیەمی *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*ش، مریەم عیسای چەور کردووە و هەر لە هەمان بەشدایە کە کاتێک عیسا دەچێت بۆ ئۆرشەلیم، وەک پاشا پێشوازیی لێ دەکرێت؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە بەرەو لەخاچدان دەبرێت، بۆ گاڵتەپێکردن پێی دەوترێت: *پاشای جووەکان* و تاجە دڕکینەکەی لەسەر نراوە.

**هەزەخی سێیەم: ماس/سوپاسگوزاری**: بە ئینگلی *Eucharist* یان *Mass*: سێیەم هەزەخ **ماس**ە. مەبەست لە *القُدَّاسُ* ئەم سرووتەیە، کە یادکردنەوەی دواهەمین شەوی عیسایە پێش ئەوەی لە خاچ بدرێت و بۆ ئەوەیە مرۆڤان سوپاسگوزاریی خودا بکەن. بە پێی دەقی *پەیمانی نوێ*، گوایە عیسا لە دواهەمین شەویدا لەگەڵ ڕانێرەکانیدا نانەڕەقە و شەرابیان خواردووە و خواردووەتەوە. لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا دەڵێت:

«[26]کاتێک نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، دایە قوتابییەکان و فەرمووی: ‹وەرگرن، بخۆن، ئەمە جەستەی منە.› [27]ئینجا جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، پێی دان و فەرمووی: ‹هەموو لێی بخۆنەوە، [28]چونکە ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناه بەخشین دەڕژێت. [29]پێتان دەڵێم: لەمەودوا ئیتر لەم بەرهەمەی مێو ناخۆمەوە، هەتا ئەو ڕۆژە دێت کە سەر لە نوێ لە شانشینی باوکم لەگەڵتان دەیخۆمەوە.›» (مەتا ٢٦: ٢٦-٢٩)

سرووتی ماسیش لەسەر ئەم ئامۆژگارییەی عیسا پەیڕەو دەکرێت و لە دوو بەش پێکدێت: سەرەتاکەی بە وتار و ئامۆژگاری دەست پێ دەکات کە قەشە بە گوێرەی نووسراوەکانی ناو *کتێبی پیرۆز* ئامۆژگاریی ئامادەبووان دەکات و بەشی دووەمیش پرۆسەیەکە کە بە ئینگلی پێی دەوترێت: *یوکەریست Eucharist*، کە لە بنچینەدا وشەیەکی گریکییە و بە واتای *سوپاسگوزاری* دێت. واتە ماس لە *سرووتی ئامۆژگاری بە پێی دەق* و *سرووتی سوپاسگوزاری* پێکدێت، ئامۆژگارییەکە یەکەم جارە و دووەم جار سوپاسگوزارییەکەیە. لە کڵێسادا قەشەکە *نانەڕەقەکە*، کە نانێکی تەنکی ڕەقی خڕی بچکۆلەیە، لەگەڵ *شەراب*دا بەسەر ئامادەبوواندا دەگێڕێت و نانەکە لە شەرابەکەدا تەڕ دەکات و دەیداتە هەمووان و ئەوانیش وەک هێمایەک بۆ یەکگرتنی خوێن و لەشی عیسا لە لەشی خۆیاندا دەیخۆن. نانەڕەقەکە لە ناو جۆرە دەفرێکدایە کە بە ئینگلی پێی دەڵێن: *مانسترنس monstrance* کە لە بنچینەدا بە واتای *نمایشکردن* دێت، واتە *دەفری نمایشکردن*. شەرابەکەش لە

*کاسەیەکی زێڕین*دا پێشکەش دەکرێت کە بە ئینگلی پێی دەوترێت: *چاڵس* *Chalice*. من *مانسترنس*م بە **دەفری نمایشکردن** وەرگێڕاوە و *چاڵس*یشم بە **کاسەی پیرۆز** وەرگێڕاوە. خودی وشەی *چاڵس*ی ئینگلی لە *کالیکس*ی گریکییەوە هاتووە کە لەگەڵ *کاسە*ی کوردیشدا ڕەنگە لە یەک بنجی هیندۆ-ئەوروپاییەوە هاتبن. *یوکەریست*م بە **سرووتی سوپاسگوزاری** وەرگێڕاوە.

لە دینی کاسۆلیکدا، هەر لە سەدەی سێیەمی زاینییەوە تا سەد ساڵێک لەمەوبەر فەرمانی کڵێسا بووە کە دەبێت هەموو مەسیحییەک پێش سرووتی ماسی بەیانیان بەڕۆژوو بێت و هیچ نەخوات و نەخواتەوە تا بۆنەکە تەواو دەبێت.

**هەزەخی چوارەم: ددانپێدانان:** بە ئینگلی *Reconciliation* یان *Penance* یان *Confession*، چوارەم هەزەخ هەزەخی **ددانپێدانان**، یان تۆبەیە. تێگەیشتن لە چەمکی گیان، یان ئەوەی پێی دەڵێن: *ڕۆح* گەلێک گرنگە بۆ تێگەیشتن لە هەزەخی ددانپێدانان. چونکە کاسۆلیکەکان پێیان وایە مرۆڤ گیانی هەیە و ئەم گیانە نەخۆش دەکەوێت و کاری خراپ دەکات. باوەڕداری مەسیحی داوالێکراوە ددان بە گوناهەکانیدا بنێت، نەک بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی گوایە کاتێک مرۆڤان ددان بە گوناهەکانیاندا دەنێن دەبنە کەسێکی باشتر و هۆشیارتریان دەکات بەرانبەر گوناه و ناخ و *گیان*یان پاک دەکاتەوە. باوەڕداران ئەم ددانپێدانانە لە ژوورێکی تایبەتدا دەکەن و لای قەشە ددان بە گوناهەکانیاندا دەنێن. قەشەش بۆ قەشەیەکی پلەباڵاتر ددان بە گوناهەکانی خۆیدا دەنێت و ئاوها. کاسۆلیکەکان دەقێکی *پەیمانی نوێ*یان کردووە بە سەرچاوەی پێویستێتیی ئەم هەزەخە، ئەویش لە *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*دا هاتووە، دوای لەخاچدانی عیسا و دوای ئەوەی هەڵدەستێتەوە، مریدەکانی دەبینێت، دەقەکە بەم شێوەیەیە:

> «[٢١]ئینجا دیسان عیسا پێی فەرموون: "سڵاوتان لێ بێت! هەروەک چۆن باوک منی ناردووە، منیش دەتاننێرم." [٢٢]کە ئەمەی گوت، فووی لێکردن، پێی فەرموون: "ڕۆحی پیرۆز وەربگرن. [٢٣]ئەوەی ئێوە گوناهی ببەخشن، بەخشراوە. ئەوەی ئێوە گوناهی نەبەخشن، نەبەخشراوە."» (یۆحەنا ٢٠: ٢١-٢٣)

بۆیە بە گوێرەی ئەم دەقە، باوەڕدار دەبێت ددان بە گوناهەکانیدا بنێت بۆ قەشە، یان ئەگەر خۆی قەشە بوو، ئەوا بۆ پلەیەکی بەرزتر لە خۆی ددان بە گوناهیدا بنێت، ئەو قەشەیەش کە گوێ لە گوناهەکان دەگرێت، بە گوێرەی سرووشتی گوناهەکەی و چۆنێتیی ددانپێدانانەکەی باوەڕدارەکە داوای بەخشینی بۆ دەکات. یەکێک لە مەرجە

سەرەکییەکانی ئەم بەخشینە ئەوەیە کە باوەڕدارەکە بە دڵ داوای لێبوردن بکات و بزانێت کە ئەوەی کردوویەتی هەڵە بووە، نەک بییەوێت لەسەر هەڵەکەی بەردەوام بێت و بە بەخشینیش بگات، لەو کاتەدا قەشە ناتوانێت داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات.
**هەزەخی پێنجەم: چەورکردنی نەخۆشان:** بە ئینگلی *Anointing of the Sick*، پێنجەم هەزەخ چەورکردنی نەخۆشانە. لەم سرووتەدا قەشەیەک دەچێتە خزمەتی نەخۆشێک و بە ڕۆنی پیرۆزکراو (بە ئینگلی پێی دەڵێن: *کریزم* – *Crism* و وشەکە لە گریکییەوە هاتووە و هەمان بنجی وشەی *کرێم*ی کوردی و ئینگلییە، هەمان بنجی وشەی *خریستوس*ی گریکی و *کریستوس*ی لاتینی و *کراِیست*ی ئینگلیشە، بە واتای *مەسیح*)، کە هەر ڕۆنی زەیتوونە، یان هەر ڕۆنێکی تر، بە مەرجێک پێشتر بە نزا پیرۆز کرابێت، ناودەست و نێوچاوانی نەخۆشەکە چەور دەکات و نزای بۆ دەکات.
**هەزەخی شەشەم: پلەبەندیی پیرۆز:** بە ئینگلی *Holy Orders*، شەشەم هەزەخ پلەبەندیی پیرۆزە. ئەم سرووتە تایبەتە بە وەرگرتنی پلەی ڕێکخراوەیی لە دینی کاسۆلیکدا. واتە کە باوەڕدارێک پلەیەکی دینی وەردەگرێت، یان قەشەیەک کە لە پلەیەکی نزمدا، پلەیەکی بەرزتر وەردەگرێت.
پەیڕەوی کاسۆلیک زۆر بە ڕێکوپێکی ڕێکخراوە و سیستەمێکی کارگێڕیی تەواوی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی وارگێڕییان هەبووە، هەروەک چۆن تا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی وارگێڕیی جیهان هەیە. وەک پلیکانەیەک وەهایە کە هەر پلیکانەیەک ناوێکی هەیە و پلە و دەسەڵاتی ئەم پلانە دیاریکراون و بوون بە زاراوە، ئەمانە پلەکانن لە نزمەوە بۆ بەرز:
**جانکوش:** بە ئینگلی *Deacon*، یاریدەری قەشەیە و لە پلەشدا لە خوار قەشەوەیە. زۆر جار پێی دەوترێت: «مجێوری کڵێسا». بە عەرەبی پێی دەڵێن: *شەمماس (الشَّمَّاس)* کە لە *شەمس (الشَّمْسَ)* بە واتای خۆر ڕۆ نراوە. وشە ئینگلییەکە لە بنەچەدا لە *دیاکۆنۆس-* *διάκονος*ی گریکییەوە خوازراوە بە واتای *خزمەتکار*.
**قەشە:** بە ئینگلی *Priest*، ناوێکی گشتییە، بە هەموو جۆرە ڕابەرێکی دینی مەسیحی هەر دەوترێت: *قەشە*، بەڵام لە ڕاستیشدا پلەیەکی دینییە و لە جانکوش بەرزترە و لە ئوسقوف نزمترە. ڕەنگە وشەی قەشە لە وشەی *کەشە* یان *کەشیش*ەوە وەرگیرابێت، کە بە گوێرەی *فەرهەنگی فارسی-کوردی*ی دانشگای کوردستان سریانییە، بەڵام من خۆم لەمە دڵنیا نیم.

له کوردستاندا هەندێک جار وشەی خوری (*خوريّ*)ش بۆ ئەم پلەیە بە کار دێت، ئەم وشەیەیان لە عەرەبیی سوریاوە هاتووە و هەر بە واتای *قەشە*یە.

**ئوسقوف:** بە ئینگلی *Bishop*، لە پلەدا لە سەروو قەشەوەیە. ئێمە وشەکەمان لە عەرەبییەکەوە خواستووە کە *الأُسقُف*ە و عەرەبییەکەش لە گریکییەوە خوازراوە: *ئێپیسکۆپۆس*-*επίσκοπος* بە واتای *سەرکار، چاودێر* دێت.

**ئوسقوفی مەتران**، یان تەنها **مەتران:** بە ئینگلی *Metropolitan Bishop* یان *Archbishop*، پلەی لە ئوسقوف بەرزترە و چاودێری ئوسقوفەکانی گەورەشارێکە. پێشتر وتمان *ئوسقوف*مان لە عەرەبییەوە خواستووە، وا دیارە *مەتران*یشمان لە عەرەبییەوە خواستووە و عەرەبییش لە ئینگلییەکەی خواستبێت کە *مێترۆپۆلیتان*ە، یان ڕاستەوخۆ لە گریکییەوە خواستبێتیان. وشە ئینگلییەکە لە گریکییەوە خوازراوە کە لە هەردوو وشەی *مێتێرا*-*μητέρα* بە واتای *دایک* و *پۆلیس*-*πόλης* بە واتای *شار*، پێکدێت، بە کۆی هەردووکیان بە واتای *گەورەشار* یان *دایکەشار* دێت. واتە *ئوسقوفی مەتران* بە واتای *سەرکاری گەورەشار* دێت و لە کۆمەڵێک سەرکاری تر بەرپرسە.

**پاتریارک**: بە ئینگلی *patriarch*، پلەیەکی دیاریکراوە لە سەروو مەترانەوەیە و لە خوار کاردینالەوەیە. وشەکەمان ڕاستەوخۆ لە ئینگلییەوە خواستووە و ئینگلییەکەش لە بنەچەدا وشەیەکی لێکدراوی گریکییە لە *پاتێراس*-*πατέρας* بە واتای *بابە*، باوک و *ئارکیس*-*άρχης* بە واتای *گەورە، مەزن*، پێکهێنراوە. واتای ڕاستەوخۆی وشەکە *بابەگەورە*یە، یان *باوکەگەورە*یە.

**کاردینال**: بە ئینگلی *Cardinal*، پلەیەکی دیاریکراوە و لە سەروو پاتریارکەوەیە و لە خوار پاپاوەیە. وشەکەمان لە ئینگلییەوە خواستووە و ئینگلییەکەش لە بنەچەدا لە *کاردینالیس*-*cardinalis*ی لاتینییەوە خوازراوە بە واتای *تەوەر* یان *ئەنجامەی دەرگا* دێت. کە ڕۆدەچیتە چەمکەکەیەوە تێدەگەیت مەبەست ئەوەیە شتێکی بچووکە و شتی گەورەتر لەسەری بونیاد دەنرێت و شتی گەورەتر ڕادەگرێت و دەیجووڵێنێت و ئاراستەیان دەکات تا لەسەری گەشە بکەن. ڕاستەوخۆ لە ژێر پاپادایە و یاریدەری ئەوە.

**پاپا:** بە ئینگلی *Pope*، وشەکە لە بنچینەدا لە زۆربەی هەرە زۆری زمانە هیندۆ-ئەوروپاییەکاندا هەمان وشەیە، مەبەست لێی *بابە، باوک*ە. لە پلەدا پاپا لە هەمووان بەرزترە و دەسەڵاتی هەرە باڵای هەیە. هۆی ئەوەی مەسیحییەکان بە سەرگەورەی

دینەکەیان دەڵێن «پاپا» بە واتای *باوک*، بە وتەی عیسا، کە لە مزگێنی‌یەکاندا هاتووە، خودای ئاسمان «باوکی ئاسمانی»ی مرۆڤە، بۆ نموونە لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا، لە وتارە بەناوبانگەکەی سەر چیاکەدا عیسا دەڵێت:

«بە هەمان شێوە، با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە.» (مەتا ٥: ١٦)

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

«"هۆشیار بن. نەکەن لەبەرچاوی خەڵک چاکە بکەن، بۆ ئەوەی بتانبینن. ئەگینا لەلای باوکی ئاسمانیتان پاداشتتان نابێت."» (مەتا ٦: ١)

لە *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*دا دەڵێت:

«باوکی ئاسمانی کوڕی خۆی خۆشدەوێت و هەموو شتێکی داوەتە دەستی.» (یۆحەنا ٣: ٣٥)

لەبەر ئەوەی عیسا و گیانی پیرۆز و باوکی ئاسمانی *هاوکرۆک*ن، واتە یەک شتن و سیانن و یەکیشن، ئەوا عیساش دەبێتە باوک. پاشان عیسا بە پشتیوانیی پەترۆسی مریدی خۆی، کڵێسای خۆی بونیاد دەنێت، پێی دەڵێت:

«منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسی و لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت. [١٩]کلیلەکانی شانشینی ئاسمانت دەدەمێ، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی گرێی بدەیت، لە ئاسماندا گرێدراو دەبێت، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسماندا کراوە دەبێت.» (مەتا ١٦: ١٨-١٩)

کەواتە بەم شێوەیە پەترۆس جێنشینی عیسایە، کە جێنشینی عیسا بوو، واتە ئەویش باوکی بریکارە لەسەر زەوی. کاسۆلیکەکان باوەڕیان وایە پەترۆس یەکەم پاپا بووە و دوای خۆی پاپای تری ڕاسپاردووە تا ببنە جێنشینی عیسا و ئاوها لە پەترۆسەوە تا ئێستا، هەمیشە جێنشینی عیسا لەسەر زەوی هەیە، کە بە تێڕوانینی کاسۆلیک پاپایە.

**سانت:** بە ئینگلی *Saint*، خودی وشەکە واتا پیرۆز، بەڵام بە دوو واتا دێت: یەکەمیان کەسێکە پاش ئەوەی دەمرێت کڵێسای مەسیحی بە شێوەیەکی فەرمی ڕێزی لێ دەنێت بەو پێیەی کە کۆچکردوو لە خزمەتی دیندا ژیانێکی ئەوەندە بێگەرد ژیاوە کە دەکرێت ببێت بە نموونە بۆ خەڵکانی تر؛ واتاکەی تری ئەوەیە بە کەسێکی زیندوو دەوترێت کە زۆر لەخواترس بێت، بەڵام ئەمە تەنها لە نێوان خەڵکان خۆیاندایە و کەسی ناوبراو بە فەرمی نەکراوە بە سانت، چونکە دەسەڵاتی بە-سانت-کردن بە فەرمی تەنها لای ڤاتیکانە.

**مژدەبەر**: بە ئینگلی *Missionary*، کەسێکی مەسیحییە کە بۆ شوێنێکی نامەسیحی دەنێررێت تا پەیامی مەسیح بڵاو بکاتەوە.

**هەزەخی حەوتەم: هاوسەرگیری**: بە ئینگلی *Matrimony*، حەوتەم هەزەخ سرووتی هاوسەرگیرییە. وەک لە ناوەکەیەوە ئاشکرا دیارە، ئەم سرووتە بۆ کاتێکە کە دوو کەس هاوسەرگیری دەکەن و قەشەیەک ئەم بۆنەیە پیرۆز دەکات و لە ناو کڵێسا، یان شوێنێکی تر بە ڕابەرایەتیی قەشە بۆنەکە بە ڕێوە دەبرێت. هاوسەرگیری لەبەر ئەوە پیرۆزە، چونکە بە گوێرەی *تەورات* جێبەجێکردنی فەرمانی خودایە، لە *تەورات*دا دەڵێت: «[٢٧]خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان. [٢٨]خودا بەرەکەتداری کردن و پێی فەرموون: ”بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە.“» (پەیدابوون ١: ٢٧-٢٨).

کۆسووری (سیستمی) دابەشکاریی ناوچەکانی وڵاتەکانی ئەوروپا بە گوێرەی دینی مەسیحی (بە تایبەتی کاسۆلیک) بە گوێرەی بوون و نەبوونی کڵێسا و جۆری کڵێسایە، بۆیە **مەتراننشین**: بە ئینگلی *province*، یان *archdiocese*: هەرێم، ناوچە یان گەورەشارێکە ئوسقوفی مەتران تیایدا دابنیشێت و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بێت، دەبێت لانیکەم دوو کاتیدرایی (بڕوانە ٣: ٨٢) تێدا بێت و هەر یەکەیان ئوسقوفێک بە ڕێوەی ببات. مەترانشین بەرزترە لە ئوسقوفنشین.

**ئوسقوفنشین**: بە ئینگلی *diocese*، ناوچەیەکە، شارۆچکەیەکە، یان شارێکە کاتیدرایی خۆی هەبێت و ئوسقوف تیایدا دابنیشێت و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بێت. ئەم ناوچەیە لە ژێر کارگێڕیی مەترانشین-دایە. وشە ئینگلییەکە لە بنەچەدا گریکییە و لە *دیا dia* (تەواو، ڕێک، پوخت) و *ئیکیا oikia* (ماڵ) پێک هاتووە، واتە: ڕێکماڵ، ماڵچاک. ئوسقوفنشین بەرزترە لە قەشەنشین.

**قەشەنشین**: بە ئینگلی *parish*، دێیەکە، یان شارەدێیەکە کڵێسای خۆی هەبێت و لانیکەم قەشەیەک یان جانکوشێک لێی دابنیشێت، کە زۆر جار پێی دەوترێت قەشەی قەشەنشین *parish priest*، یان *پاستۆر pastor*، یان *ڤیکەر vicar*. وشە ئینگلییەکە لە بنەچەدا گریکییە و لە *پارا para* (پاڵ، تەنیشت، تەک) و *ئیکیا oikia* (ماڵ) پێک هاتووە، واتە: پاڵماڵ، تەکماڵ. دەشێت وەک «ئاوایی» لێی بڕوانین؛ ڕاوێژم بە مامۆستا سیامەند شاسواری کرد تا بزانم ئەو بە چی وەریدەگێڕێت، بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: «من بە گوێرەی شوێن و

جێگا بە *قەشەنشین*، *خۆیی*، *نەواقە*، *ناوچە* و *ناوچەیی* وەرمگێڕاوە». ئەم ناوچەیە لە ژێر کارگێڕیی ئوسقوفنشین-دایە.

ناندان، یان ناندین واتە جێی چێشتلێنان و نان پێدان. **~ن.م.**

[97] **ئەسپێ:** بە هۆی نەبوونی زێراب و پاکوتەمیزیی گشتی و هۆشیاریی گشتیی خەڵکان بۆ پاکوتەمیزیی لەش و جلوبەرگەوە، ئەسپێتێدان لە ناو هەژارەکانی دەبلندا گەلێک درێژخایەن بووە. **~گ.س.**

[98] **گیان:** دەبێت بزانین کە چ دینی جوو و مەسیحی و ئیسلامیش، گەلێک پێش پێشکەوتنی ئەم دواییانەی بواری پزیشکی و تەندروستی سەریانهەڵداوە، بۆیە ڕەنگە هەندێک ڕەگەزی ئەم دینانە هەبن کە لە دیدی ئەمڕۆوە بۆ تێگەیشتن ئاڵۆز بن و لەگەڵ فێرکارییەکانی زانستی سەردەمدا یەک نەگرنەوە. یەکێک لەو لایەنە نەزانراوەی لە کۆنەوە زانینخوازیی مرۆڤی وروژاندووە، وەڵامی ئەو پرسیارە بووە کە: *چی وا دەکات مرۆڤێک زیندوو بێت؟* یان *ئەو وزەیەی مرۆڤ بە زیندوێتی دەهێڵێتەوە چییە؟* هەر لە ڕاستیشدا ئەم پرسیارە گەلێک گرنگە و مرۆڤ هەوڵی زۆری داوە بۆ وەڵامدانەوەی و زانایان تا ئێستاش بەردەوام هەوڵ دەدەن بە وەڵامی ئەم پرسیارە بگەن، چونکە لە ڕاستیدا جیاوازیی نێوان مرۆڤێکی زیندوو و مردوو، تەنها وزەیەکە کە لەشە زیندووەکەیان دەجووڵێنێت. لە *تەورات*دا، وەک کۆنترین پەڕتووکی دینە ئیبراهیمییەکان، کە خودا مرۆڤ و ئاژەڵان دروست دەکات، «هەناسەی ژیان»یان تێدەکات، بۆیە دەبینین لێرەوە هەوڵێکی سەرەتایی وەڵامی پرسیارە گرنگەکەی مرۆڤ تۆمار کراوە، دەڵێت:

> «بۆ هەموو گیانلەبەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان و هەموو بوونەوەرێکی خشۆکی سەر زەوی، هەموو بوونەوەرێک کە هەناسەی ژیانی تێدایە، هەموو ڕووەکی سەوزم بۆ خۆراک پێداون.» (پەیدابوون ١: ٣٠)

ئەو وشەیەی لە بری «هەناسە» لە دەقە ماکە عیبرییەکەدا بە کار هاتووە: «*نەفەش* – נֶפֶשׁ»ە، کە هەمان بنجی هەیە لەگەڵ وشەی عەرەبیی *نەفەس* – *نَفَس*، بە واتای ئەو هەوایە دێت کە دەچێتە دەم و لووت و سیی زیندەوەرانەوە و لە هەمان کۆئەندامەوە دەگەڕێتەوە دەرەوە. وشە عیبرییەکەی *تەورات*یش لە بری «ژیان» وشەی عیبریی «*حەییا* – חַיָּה»یە، کە ڕێک واتە *حەیات* - *الحیاة*. ئاوها تێدەگەین کە خودا هەناسەی ژیانی خستووەتە مرۆڤانەوە و پێی دەژین، واتە وزەکەی مرۆڤ بە زیندوێتی ڕادەگرێت «هەناسەی ژیان»ە.

من لەم ڕۆمانەدا خۆم لە بەکارهێنانی وشەی *ڕۆح*ی خوازراوی عەرەبی و عیبری لادەدەم و لە بەرانبەری ئەوە کوردییەکەی بە کار دەهێنم کە **گیان**ە، بەڵام لەم ڕاڤەیەدا کە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە باسەکەیە، دەبێت چەندین جار پشت بە *کتێبی پیرۆز* ببەستم، کە لەوێدا وشەکە هەمیشە بە «ڕۆح» وەرگێڕراوە، بۆیە زووزوو *ڕۆح* دەهێنمەوە.

دواتر هەر لە *کتێبی پیرۆز*دا وشەی «ڕۆح»یش بە کار هێنراوە، ڕۆح ڕاستەوخۆ ئەو چەمکەی نییە کە ئێستا لای زۆربەی خەڵکان باوە، بەڵکو هەندێک ڕەهەندی تریشی هەیە، ئەوەی *ڕۆح* لە *هەناسەی ژیان* جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەناسەی ژیان لەگەڵ مردندا نامێنێت، بەڵام وا دیارە *کتێبی پیرۆز* ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ کە ڕۆح ڕەهەندێکی هەمیشەیی هەیە. هەر لە *تەورات*دا پێمان دەڵێت کە خودا خۆیشی ڕۆحی هەیە، خودا ئەم ڕۆحەی خۆی دەخاتە هەندێک لە کەسە خۆشەویستەکانی خۆیەوە، بۆ نموونە:

> «فیرعەون بە دەستوپێوەندەکەی گوت: "ئایا کەسێکی وەک ئەم پیاوەمان دەست دەکەوێت کە ڕۆحی خودای تێدابێت؟"» (پەیدابوون ٤١: ٣٨)

ئەو *کەس*ەی فیرعەون مەبەستیەتی، پێغەمبەر یوسفە. لێرەدا وا ئاماژەمان دەداتێ کە خودا «ڕۆح»ی خۆی خستووەتە ناو یوسفەوە. وشە عیبرییەکەی بۆی بە کار هاتووە لە دەقە ماکەکەدا «*روح* - רוּחַ»ە. هەر لە هەمان پەڕتووکدا، لە چیرۆکی یوسفدا باس لە یاقوبی باوکی یوسف دەکات و دەڵێت:

> «بەڵام کاتێک هەموو ئەو قسانەی یوسفیان پێ گوت کە پێی گوتبوون، چاویشی بە عەرەبانەکان کەوت کە یوسف ناردبوونی بۆ ئەوەی بیهێننە میسر، بەوەش ڕۆحی یاقوبی باوکیان ژیایەوە.» (پەیدابوون ٤٥: ٢٧)

دیسان هەر وشەی *روح* - רוּחַ بە کار هاتووەتەوە. واتە ئەوەمان پیشان دەدات کە ڕۆح پەکی دەکەوێت و ماندوو دەبێت و هەستی هەیە و بەرەو لێواری مردن دەچێت، وەک لەم بارەی یاقوبدا بۆمان دەردەخات. بێگومان دەشێت ئەمە بە میتافۆڕییانەش لێکبدرێتەوە و مەبەست ڕاستەوڕاست ئەوە نەبێت کە *ڕۆح* هەستی هەیە و دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە، بەڵکو مەبەست ئەوە بێت کە یاقوب گەلێک بەداخ و پەژارە بوو و پەکی کەوتبوو، دواتر لە ڕووی دەروونییەوە بووژایەوە. بەڵام دواتر و لە پەڕتووکی *دەرچوون*دا ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ کە کاتێک خودا دانایی بە یەکێک دەبەخشێت، دانایی خۆی گیانی هەیە و خودا دەیبەخشێت، بۆ نموونە دەڵێت:

> «تۆش لەگەڵ بەهرەمەندەکان قسە بکە، ئەوانەی پڕم کردوون لە ڕۆحی دانایی، بۆ ئەوەی جلوبەرگەکەی هارون دروستبکەن بۆ تەرخانکردنی هەتا کاهینییێتیم بۆ بکات.» (دەرچوون ٢٨: ٣)

دیسان هەر وشەی «*روح* - רוּחַ» بە کار هاتووەتەوە. «ڕۆحی دانایی» لە دەقە عیبرییەکەدا بە «*روح حیکمەه* - רוּחַ חָכְמָה» هاتووە. لە تەواوی هەر پێنج پەڕتووکەکەی *تەورات*دا بە هیچ شێوەیەک باسی *بەهەشت* و *دۆزەخ* ناکات، لە وەرگێڕانە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز*دا یەک جار وشەی «بەهەشت» لە پەڕتووکی *پەیدابوون*دا هاتووە کە دەڵێت:

> «لوت چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری ڕووباری ئوردون ئاودارە. وەک بەهەشتی یەزدانە، وەک خاکی میسر کە بەرەو زۆعەر دەڕۆیت. ئەمە پێش ئەوەی یەزدان سەدۆم و عەمۆرا وێران بکات.» (پەیدابوون ١٣: ١٠)

بەڵام لە دەقە ماکە عیبرییەکەدا دەڵێت: «*کە گەننە یەهوا* - כְּגַן־ יְהוָה» واتای ڕاستەوخۆی هەردوو وشەکە واتە: *وەک باخی خودا*، یان بە عەرەبی *کالجَنَّةُ اللّه*، پاشان لە هەموو *پەیمانی کۆن*دا یەک جاری تر وشەی «بەهەشت» بە کار هاتووەتەوە، ئەویش لە پەڕتووکی *حزقیێل*دایە، دەڵێت:

> «لە عەدەنی بەهەشتی خودا بوویت، هەموو بەردێکی گرانبەها تۆی دەڕازاندەوە» (حزقیێل ٢٨: ١٣)

لەم نموونەیەدا وشەی «فیردەوس» بە کار هاتووە، کە بە بنەچە وشەیەکی هیندۆ-ئەوروپایی بەرایيە، واتە *پەرژینبۆکراو*. لە هەردوو بارەکەدا دەشێت مەبەست لە باخی عەدەن بێت، ئەو جێیەی گوایە ئادەم پێشتر لەوێ بووە، پێش ئەوەی بکەوێت، یان دەربکرێت. بۆ یەک جاریش لە هەر هەموو *پەیمانی کۆن*دا ناوی *دۆزەخ* نەهاتووە، بەڵام لە *پەیمانی نوێ*دا چەندین جار ناوی *دۆزەخ* هاتووە. بۆیە بە تێگەیشتنی *پەیمانی کۆن* ناتوانین بە ددانپێدانراوی ئەوە بزانین کە ئایا دوای مردن چی ڕوو دەدات و ئایا ئەودونیا هەیە؟ ئایا مرۆڤ دەچێتە ئەودونیا یان نا؟ کە ئەم پرسیارە کەموزۆر ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە *ڕۆح*، یان گیانەوە هەیە، چونکە تەنها هەبوونی ئەودونیا و بەهەشت و دۆزەخ و ژیانی دوای مردن ئینجا پرسیاری ئەوە دەوروژێنێت کە ئایا مرۆڤ بە چ جۆرێک زیندوو دەکرێتەوە؟ بە ڕۆح؟ یان بە لەش؟ یان بە هەردووکی؟ چونکە ئەگەر ئەودونیا نەبێت،

ئەوا بابەتی ڕۆحیش زۆر گرنگیی نامێنێت. ئەگەرچی *پەیمانی کۆن* هیچ زانیارییەکی وردمان ناداتێ لەسەر ئەمە، بەڵام ئاماژەیەک بەوە دەدات کە دەشێت مرۆڤ دوای مردن بۆ قەیرێک بهێنرێتەوە بۆ ئەم جیهانەی ئێمە ئێستا لێی دەژین، بۆ نموونە هەر لە *تەورات*دا و لە پەڕتووکی *لێڤییەکان*دا دەڵێت:

«مەگەڕێنەوە بۆ لای نێوانگر و بەدوای ڕۆح ئامادەکاردا مەگەڕێن، پێیان گڵاو دەبن» (لێڤییەکان ١٩: ٣١)

«نێوانگر» ئەو کەسەیە کە خۆی زیندووە، وەک هەر کەسێکی تر، بەڵام دەتوانێت *ڕۆح* یان گیانی مردووان بهێنێتەوە بۆ ئەم دونیایەی لێی دەژین. دیسان لە شوێنێکی تری هەمان پەڕتووکدا دەڵێت:

«من ڕووم لەو کەسە وەردەگێڕم کە دەگەڕێتەوە بۆ لای نێوانگر و ڕۆح ئامادەکار هەتا بەدوایاندا لەشفرۆشی بکات، ئەوا من ئەو کەسە لە گەلەکەی ڕیشەکێش دەکەم.» (لێڤییەکان ٢٠: ٦)

ئەوەی لەمەوە دەتوانین هەڵیبهێنجێنین ئەوەیە کە دەشێت دوای مردن گیان هەر بمێنێت، بەڵام *تەورات* هیچی ترمان پێ ناڵێت لەوەی کە ئەم گیانانە چی دەکەن و چی ناکەن. زۆر دوای *تەورات*، هەر لە *پەیمانی کۆن*دا و لە پەڕتووکی *یەکەم ساموئێل*دا، پێغەمبەرێک بە ناوی *ساموئێل*ەوە پیاوێک وەک پاشای جووەکان دەستنیشان دەکات، پیاوەکە ناوی *شاول*ە. ئەو ماوەیەی شاول تیایدا پاشایە، ئیسرائیل بەردەوام لەگەڵ فەلەستییەکاندا لە جەنگدایە، بە هۆی ئەوەی شاول لە جەنگێکدا بە تەواوەتی فەرمایشتی یەزدان جێبەجێ ناکات، خودا لێی تووڕە دەبێت و لە پاشایەتیی دەخات و لە بری ئەو داود دەکات بە پاشا. ساموئێل دەمرێت، شاول بە دوای «نێوانگر»ێکدا دەگەڕێت و تکای لێ دەکات ساموئێلی بۆ بهێنێتەوە تا لێی بپرسێت بزانێت چی بکات، چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە:

«[٨]ئینجا شاول دەموچاوی خۆی گۆڕی و جلێکی دیکەی لەبەرکرد، دوو پیاوی لەگەڵ خۆی برد و بە شەو چوو بۆ لای ژنەکە، پێی گوت: "تکایە بەهۆی جنۆکەوە ڕۆح ئامادەکاریم بۆ بکە، ئەو کەسەم بۆ دەربخە کە پێتی دەڵێم." [٩]بەڵام ژنەکە پێی گوت: "خۆت دەزانیت شاول چی کردووە و چۆن نێوانگر و ڕۆح ئامادەکارەکانی لە خاکەکە بڕیوەتەوە، ئیتر بۆچی داو بۆ ژیانم دەنێیتەوە هەتا بکوژرێم؟" [١٠]شاولیش بە یەزدان سوێندی بۆ خوارد و گوتی: "بە یەزدانی زیندوو، لەم کارەدا هیچ سزایەکت نادرێتە پاڵ." [١١]جا ژنەکە گوتی: "کێت بۆ دەربخەم؟"

ئەویش گوتی: "ساموئێلم بۆ دەربخە." [12]کە ژنەکە ساموئێلی بینی بە دەنگێکی بەرز قیژاندی. ژنەکە بە شاولی گوت: "بۆچی هەڵتخەڵەتاندم؟ تۆ شاولیت." [13]پاشاش پێی گوت: "مەترسە، چیت بینی؟" ژنەکە بە شاولی گوت: "ڕۆحێکم بینی لە زەوییەوە سەردەکەوت." [14]ئەویش پێی گوت: "شێوەی چۆنە؟" ژنەکە گوتی: "پیرەمێردێکە سەردەکەوێت و کەوایەکی لەبەردایە." جا شاول زانی ئەوە ساموئێلە، سەری دانەواند و کڕنۆشی برد. [15]ساموئێل بە شاولی گوت: "بۆچی ڕاتچڵەکاندم و سەرت خستم؟" شاولیش گوتی: "زۆر لە تەنگانەدام. فەلەستییەکان لە دژم دەجەنگن و خوداش لێم جیا بووەتەوە و چیدی وەڵامم ناداتەوە، نە بەهۆی پێغەمبەرەکانەوە و نە بە خەون، منیش بانگم کردیت هەتا پێم بڵێی چی بکەم." [16]ساموئێلیش گوتی: "بۆچی پرسیارم لێ دەکەیت لە کاتێکدا یەزدان لێت جیا بووەتەوە و بووە بە دوژمنت؟ [17]یەزدان ئەوەی بۆ داود کرد، کە لە ڕێگەی منەوە فەرمووی. یەزدان پاشایەتییەکەی لە دەستت هەڵتەکاند و دای بە نزیکەکەت، بە داود. [18]وەک چۆن گوێڕایەڵی فەرمایشتی یەزدان نەبوویت و گڕی تووڕەیی ئەوت بەسەر عەمالێقییەکاندا نەباراند، لەبەر ئەوە یەزدان ئەمڕۆ ئەمەی بەسەرت هێناوە. [19]هەروەها یەزدان، ئیسرائیلیش لەگەڵ تۆدا بە دەست فەلەستییەکانەوە دەدات، سبەینێ خۆت و کوڕەکانت لەگەڵ مندا دەبن، هەروەها یەزدان سوپای ئیسرائیلیش بەدەست فەلەستییەکانەوە دەدات."
(یەکەم ساموئێل ٢٠: ٨-١٩)

ئەوەی ئەم دەقە پێمان دەڵێت ئەوەیە کە: ١. گیانی مرۆڤ، یان هیچ نەبێت گیانی پێغەمبەران بە زیندوویی دەمێننەوە. ٢. ساموئێل «ڕاچڵەکی»، واتە لە باری جۆرە خەوێکدا بوو، یان هەر بارێک بێت کە تیایدایە، گلەیی زۆری لێی نییە و وا دیارە شوێنێکی ئەوەندە ناخۆش نییە، چونکە کە دەیهێننەوە پەست دەبێت کە *ڕاچڵەکیوە*. ٣. لە مردندا ئاگای لە ڕووداوەکانی دونیایە. ٤. لە مردنیشدا دەتوانێت پێشبینیی ڕووداوەکانی زەوی بکات، ئەوەتا دەڵێت شاول خۆی و منداڵەکانی دەمرن، کە لە ڕاستیشدا وایە و بۆ بەیانی شاول لە جەنگەکەدا خۆی و منداڵەکانی دەکوژرێن.

لە پەڕتووکی *ڕابەران*دا بۆمان دەردەکەوێت کە *ڕۆح* دەشێت بەدکاریش بێت، بۆ نموونە دەڵێت:

«ئینجا خودا ڕۆحێکی بەدکاری نارد بۆ نێوان ئەبیمەلەخ و شارنشینەکانی شەخەم، ئیتر شارنشینەکانی شەخەم ناپاکییان لە ئەبیمەلەخ کرد.» (ڕابەران ٩: ٢٣)

هەر وەک نموونەکانی پێشوو هەمان وشەی *روح* بە کار هاتووە. لە پەڕتووکی *یەکەم ساموئێل*یشدا دەڵێت:

«جا خزمەتکارەکانی شاول پێیان گوت: ”ئەوەتا ئێستا ڕۆحێکی بەد لەلایەن خوداوە هەراسانت دەکات.“» (یەکەم ساموئێل ١٦: ١٥)

ئەگەرچی نموونەی ڕابردوو و ڕابردووتر لە کوردییەکەدا بە «بەدکار» و «بەد» وەرگێڕراون، بەڵام لە دەقە ماکە عیبرییەکەدا هەمان دوو وشەیان بۆ بە کار هاتووە و لە کوردییەکەدا بە گوێرەی ڕستەسازیی کوردی گۆڕراون بە دوو وشەی جیاواز. لە پەڕتووکی *یەکەم پاشایان*دا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕۆح دەتوانێت لەگەڵ یەزداندا بدوێت و تەنانەت دەشتوانێت نواندنیش بکات و خۆی بگۆڕێت، دەڵێت:

«[٢٠]یەزدان فەرمووی: ”کێ ئەحاڤ فریودەدات هەتا هێرش بکاتە سەر ڕامۆتی گلعاد و لەوێ بمرێت؟“ یەکێک پێشنیاری ئەمەی کرد و یەکێکی دیکە ئەوە. [٢١]ئینجا ڕۆحێک هاتە پێشەوە و لەبەردەم یەزدان ڕاوەستا و گوتی: ”من فریوی دەدەم.“ [٢٢]«یەزدانیش لێی پرسی: ”بە چی؟“ ئەویش گوتی: ”دەچمە دەرەوە و لە دەمی هەموو پێغەمبەرەکانی دەبمە ڕۆحی درۆ.“ یەزدانیش پێی فەرموو: ”تۆ فریوی دەدەیت و دەتوانیت، بڕۆ دەرەوە و ئەوە بکە.“» (یەکەم پاشایان ٢٠: ٢٠-٢٢)

بۆیە هەموو ئەم نموونانە وامان لێ دەکەن تا ئاستێک دڵنیا بین لەوەی هەر لە کۆنەوە وا دانراوە کە *خراپە* و *گوناه* و *بەدکاری* و *چاکە* و *باشە* تەنها واتایی نین، بەڵکو ئەوانیش *ڕۆح* یان گیانێکی نادیارن و دەچنە لەشی مرۆڤەوە. هەر بۆیە کە باوەڕەکە لەسەر ئەم پێوابوونە بونیاد بنرێت، کەواتە نالۆژیکی نابێت کە بویسترێت ئەو گیانە، ئەگەر بە بەدکار زانرا، دەربهێنرێت. بۆیە هەر لەو سەردەمەوە هەندێک لە پێغەمبەرەکان هەوڵیان داوە گیانی پیس، یان «ڕۆحی پیس» لە مرۆڤان دەربکەن. عیسا یەکێکە لە هەرە بەتواناکان لەم بوارەدا و لە *پەیمانی نوێ*دا وامان بۆ دەگێڕێتەوە کە عیسا «ڕۆحی پیس»ی لە زۆر خەڵکان دەرکردووە، بۆ نموونە مزگێنی *بە پێی نووسینی مەتا* دەڵێت:

«کاتێک ئێواره داهات، زۆر کەسیان بۆ هێنا ڕۆحی پیسیان تێدابوو، ئەویش بە وشەیەک ڕۆحە پیسەکانی دەرکرد و هەموو نەخۆشەکانی چاککردەوە.» (مەتا ٨: ٦)

هەر لە هەمان بەشدا دەڵێت:

«[٢٨]کاتێک عیسا گەیشتە ئەوبەر، لە هەرێمی گەدەرین، دوو کەسی تووشبوو ڕۆحی پیسیان تێدابوو، لە گۆڕستانەوە هاتبوونە دەرەوە. بە ڕادەیەک توندوتیژ بوون کە تەنانەت کەس نەیدەتوانی بەو ڕێگایەدا تێبپەڕێت. [٢٩]هاواریان کرد و گوتیان: ”چیت لێمان دەوێ، ئەی کوڕی خودا؟ ئایا پێش وەخت بۆ ئێرە هاتوویت، تاکو ئەشکەنجەمان بدەیت؟“ [٣٠]لە دووری ئەوانەوە ڕانە بەرازێکی گەورە دەلەوەڕان. [٣١]ڕۆحە پیسەکانیش لێی پاڕانەوە و گوتیان: ”ئەگەر دەرماندەکەیت، بماننێرە ناو ڕانە بەرازەکە.“ [٣٢]ئەویش پێی فەرموون: ”بڕۆن!“ ئەوانیش هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئەوە بوو هەموو ڕانەکە بە خێرایی لە قەراغی شاخەکەوە بۆ ناو دەریاچەکە هەڵدێران و لە ئاوەکەدا خنکان. [٣٣]بەرازەوانەکانیش ڕایانکرد بۆ ناو شار و هەموو شتێکیان گێڕایەوە، بگرە ئەو ڕووداوەشیان گێڕایەوە کە بەسەر ئەوانەدا هاتبوو کە ڕۆحی پیسیان تێدابوو. [٣٤]ئەوە بوو شارەکە هەمووی بۆ بینینی عیسا هاتنە دەرەوە، کە بینییان، لێی پاڕانەوە لە ناوچەکەیان بچێتە دەرەوە. (مەتا ٨: ٢٨-٣٤)

بە کورتی و پوختی: دینە ئیبراهیمییەکان باوەڕیان بە شتێکی نادیار هەیە لە لەشی مرۆڤدا کە ناویان ناوە ڕۆح، کە من بە کوردییەکەی پێی دەڵێم: **گیان**. پێشیان وایە ئەم گیانە ڕەهەندێکی هەمیشەیی هەیە و دوای مردنیش نامرێت، دەشێت پیس ببێت و کاری خراپە بە مرۆڤ بکات، دەشێت پاک ببێت و کاری باشە بە مرۆڤ بکات. پێویستە خوێنەر بزانێت گیان چ چەمکێک دەبەخشێت، تا لە هەندێک لە نەریتەکانی تری دینی مەسیحی، بە تایبەت کاسۆلیک تێبگات، بۆ نموونە هەزەخی ددانپێدانان و چەورکردنی نەخۆشان (بڕوانە ١: ٩٦). **~ن.م.**

[99] **تەنها لەسەر من:** کە گیانی پاشا هاملێت دەردەکەوێت و بانگ دەکات، هۆرەیشۆ دەڵێت: «بانگی کردی لەگەڵیدا بڕۆیت، وەک بڵێیت بییەوێت شتێکت پێ بڵێت. تەنها هەر تۆ.» **~گ.س.**

[100] **سەهویرەمۆم:** بە ئینگلی *ghostcandle*: دەستە مۆمێک بووە کە لە دەوری لاشەیەکدا دانراوە تا دێو و درنج لە لاشەکە دوور بخاتەوە. **~س.ت.م.١**

[101] **سەهویر**: بە ئینگلی *Ghost*: ناوێکی ترە بۆ تارمایی، یان تاپۆ، یان ئەوەی پێی دەڵێن «شەبەح». لەم ڕۆمانەدا گەلێک جار باسی سەهویری باوکی هاملێت و گیانی پیرۆز دەکات، دەبوو زاراوەیەکی جوداکەرەوە دابنێم. وەک دەبینرێت، لێکچوونێکی زۆر هەیە لە باسەکانی سیانینە پیرۆزەکەی دینی مەسیحی و چیرۆکی پاشا هاملێتی کوژراو (باوک) و هاملێتی کوڕی و ئەو سەهویرەی پاشا هاملێت کە دێتەوە بۆ لای هاملێتی کوڕ. تا سەدەی بیستەم، لە ئینگلیدا بە گیانی پیرۆز دەوترا *Holy Ghost*، بەم وەرگێڕانەی من، بە واتای *سەهویری پیرۆز*، نەک *گیانی پیرۆز*، بەڵام ئێستا دەڵێن *Holy Spirit*. لە شانۆنامەی *هاملێت*ی شێکسپیردا، شێکسپیر سەهویرەکەی بە *Ghost* ناو ناوە و هەندێک جاریش لەبەر کێشی هۆنراوەکەی وشەی *Spirit* لە بری بە کار دەهێنێت، وەک دێڕە بەناوبانگەکە کە سەهویرەکە بە هاملێتی کوڕ دەڵێت: «من گیانی باوکتم.» «*I am thy father's spirit*». هەموو جارێک لەم ڕۆمانەدا من *Ghost*ی ئینگلیم بە *سەهویر* وەرگێڕاوە و *Spirit*م بە *گیان* وەرگێڕاوە.

**سیانینەی پیرۆز**: بە ئینگلی *The Holy Trinity*، ئەگەر عیسا باوکی زەمینیی هەبووبێت یان نا، ئەوا هەر باوکێکی هەیە کە لە ئاسماندایە، ئەویش خودای هەرە گەورەی ئاسمانە. ئیتر دەشێت ئەم خودایە بە شێوەیەکی میتافۆڕییانە باوکی بێت، یان هەر بە ڕاستی، ئەمەیان لە سنووری کاری ئێمەدا نییە کە ڕۆ بچینە وردەکارییەکەیەوە. بە گوێرەی دینی جوو، کە لەسەر ئامۆژگارییەکانی موسا و لە *پەیمانی کۆن*دا نووسراوەتەوە، نەوەکانی ئیسرائیل تەنها یەک خودایان هەیە، ئەم خودایە لای جووەکان حەوت ناوی هەیە، ئەوانیش: *یەهوا (یان ئەهیێ/یەهوە/یێهوە)، ئێل، ئێلۆها، ئەلۆهیم، شەددای، ئەهیێ، ڤەتزەڤۆت*ن. لە *تەورات*دا بە هیچ جۆرێک ئاماژە بەوە نادات کە نەتەوەکانی تر خودای تریان نییە، بەڵکو کە خودا لەگەڵ موسا و نەوەی ئیسرائیلدا دەدوێت، پێیان دەڵێت کە ئێوە تەنها یەک خوداتان هەیە و نابێت توخنی هیچ خودایەکی تر بکەون. هەر لە *تەورات*دا ئاماژە بە ناوی چەندین خودای نەتەوەکانی تر دراوە، بۆ نموونە *بەعل*، کە تا ئێستاش شارێک لە لوبنان هەیە ناوی *بەعلبەک*ە، کە بە ناوی ئەم خودایەوە ناو نراوە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە نەوەکانی ئیسرائیل، واتە نەوەکانی یاقوب پێغەمبەر، تەنها دەبێت یەک خودایان هەبێت. ئەم خودایە یەکێکە لە *سیانینە پیرۆزەکە*ی دینی

مەسیحییەکان و لە ئاسماندایە، هەندێک جار لە دینی مەسیحیدا پێی دەوترێت: *باوکی ئاسمانیی* مرۆڤ.

ئەم خودایە **گیانی پیرۆزی** بۆ مریەم ناردووە و عیسا لە یەکگرتنی گیانی پیرۆز و مریەم دروست بووە. گیانی پیرۆز، یان *ڕۆحی پیرۆز* ئەو وزەیەیە کە لە خودای ئاسمانەوە بۆ مریەم دابەزیوە و بە هۆیەوە عیسا لە دایک بووە. وەک لە *گیان/ڕۆح* (بڕوانە ١: ٩٨) دا ئاماژەم پێی دا، من وشەی *گیان* لە بری ڕۆح بە کار دەهێنم، واتە کە دەڵێم: «گیانی پیرۆز»، واتە ئەوەی خەڵکانی تر پێی دەڵێن: «ڕۆحی پیرۆز». وەک باس کرا، مریەم دواتر شووی بە پیاوێک کردووە بە ناوی *یوسفی دارتاش* و گوایە عیسا برا و خوشکی لەم زڕباوکە هەیە. یوسفی دارتاش، پێغەمبەر یوسف نییە کە لە *قورئان* و یەکەم پەڕتووکی *تەورات*یشدا بە درێژی باس کراوە، بەڵکو پیاوێکی جووە کە بە بیست و حەوت پشت دەچێتەوە سەر داود پاشا، کە گوایە پێغەمبەری خودا بووە و پاشای جووەکان بووە.

جیاوازیی بیروڕا، بە دیاریکراوی لەسەر چۆنێتیی سیانینەی پیرۆز، وای کردووە چەند لقێک لە دینی مەسیحی ببنەوە، چونکە هەموو مەسیحییەکان لەسەر سرووشتی سیانینەکە کۆک نین و ڕای جیاوازیان هەیە. دیارترین لقی دینی مەسیحی *کاسۆلیک*ە، کە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمی لە ڤاتیکانی ناو شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیاوە بە ڕێوەی دەبات و سەرگەورەکەی پێی دەڵێن: *پاپا*. پەیڕەوی کاسۆلیک زۆر بە پتەوی ڕێکخراوە (بڕوانە ١: ٩٦). زۆربەی پەیڕەوکەرانی دینی وڵاتی ئایرلاند، جگە لە زۆرینەی خەڵکی باکووری دوورگەکە، بە تایبەتی لە سەردەمی نووسینی *ئولیس*دا کاسۆلیک بوون و کەمینەیەکیان پەیڕەوکەری لقێکی تری دینی مەسیحی بوون، کە پێیان دەڵێن: *پرۆتستانت*. تا ئێستاش جیاکەرەوەی سەرەکیی دەوڵەتی ئایرلاندی ئازاد لەگەڵ ئایرلاندی باکووردا جیاوازیی ئەم دوو لقەیە، دەوڵەتی ئایرلاندی ئازاد زۆرینەیەکی کاسۆلیکن، ئایرلاندی باکوور زۆرینەیەکی پرۆتستانتن، هەر بۆیەش لە شانشینی یەکگرتوو جیا نابنەوە، چونکە زۆرینەی شانشینی یەکگرتووش هەر پرۆتستانتن.

پەیڕەوکەرانی دینی مەسیحیی کاسۆلیک، ئەگەرچی هەر باوەڕیان بە تاکێتیی چەمکی خودا هەیە و پێیان وایە تەنها یەک خودا هەیە، واتە دینی مەسیحیش وەک ئیسلام دینێکی تاکپەرستییە، بەڵام باوەڕەکەیان بە خودا تاکەکە لەگەڵ ئیسلام و هەندێک لە لقەکانی تری شوێنکەوتووانی عیساشدا جیاوازە: لە دینی کاسۆلیکدا خودای تاکوتەنیا **سیانینەیەکی پیرۆزە**، ئەم سیانینەیە یەکێکیان **باوک**ە، کە مەبەست لە خودای گەورەیە کە لە ئاسماندایە،

دووەمیان **کوڕ**ە، کە مەبەست عیسایە، کە عیسا تاکە کوڕی خودای گەورەیە، سێیەمیان **گیانی پیرۆز**ە. بە کۆی ئەم سێ پەیوەندییە دەوترێت: ***سیانینەی پیرۆز*** - *ذە هەوڵی ترینیتی* *The Holy Trinity*. زانکۆی گەورەی دەبلن، کە یەکێکە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان، ناوی *کۆلێجی ترینیتیی دەبلن*ە و لەم ڕۆمانەدا چەندین جار بە لایدا گوزەر دەکرێت و باس دەکرێت.

ئەگەرچی هەموو لقەکانی مەسیحی و تەنانەت ئیسلامیش ئەم سیانینەیەیان لا پیرۆزە، بەڵام هەموویان لەسەر چۆنێتیی ئەم سیانینەیە هاوڕا نین. هەندێک لە پەیڕەوکەرەکانی مەسیح و تەنانەت تەواوی لقەکانی ئیسلامیش پێیان وایە عیسا پەیامبەری خودایە، وەک هەموو پەیامبەرەکانی تر وایە، بەڵام کاسۆلیکەکان لەسەر ئەمە هاوڕا نین و پێیان وایە عیسا و خودای ئاسمان و گیانی پیرۆز سیانینەیەکی **هاوکرۆکن** و لە کرۆکەکەشدا یەکسانن (بڕوانە ١: ٢٠٧).

**هاوکرۆکی و کرۆکگۆڕکێ**: بە گوێرەی (مەتا ٢٦: ٢٦-٢٩) نانەکە لەشی عیسایە و شەرابەکەش خوێنەکەیەتی و دەچێتە ناو لەشی باوەڕدارانەوە و تیایاندا ئامادە دەبێت. واتە نانەڕەقەکە و شەرابەکە و عیسا و باوەڕدارەکە **هاوکرۆک** دەبن، بەڵام چۆنێتیی ئەم هاوکرۆکبوونە لە پەیڕەوی کاسۆلیک و پەیڕەوی پرۆتستانتدا جیاوازە و لەم ڕۆمانەشدا چەند جارێک ئەمەمان دێتەوە ڕێ. لە پەیڕەوی کاسۆلیکدا، کە هەمووان نانەڕەقەکە و شەرابەکە دەخۆن، دواتر بانگەوازی گۆڕانی کرۆکەکان دەکرێت کە لە شەراب و نانەوە دەگۆڕێن بۆ خوێن و لەشی عیسا. واتە لە سەرەتادا نانەڕەقەکە تەنها نانەڕەقەیەکە و شەرابەکەش تەنها شەرابێکە، بەڵام دوای بانگەوازکردنەکە ئینجا دەگۆڕێن بۆ خوێن و لەشی عیسا لە ناو لەشی باوەڕداراندا. ئەم گۆڕانکارییەی کرۆکەکە پێی دەوترێت: **کرۆکگۆڕکێ** کە بە ئینگلی پێی دەوترێت *Transubstantiation*. بەڵام لە دوای داڕشتنەوەکانی مارتن لووثەرەوە (١٤٨٣-١٥٤٦)، پرۆتستانتەکان باوەڕیان وایە کە نان و شەرابەکە کاتیان پێویست نییە تا کرۆکەکانیان بگۆڕێن بە خوێن و لەشی عیسا، بەڵکو هەر ئەو چرکەیەی نانەڕەقەکە و شەرابەکە هەن، لەگەڵ عیسادا **هاوکرۆکن**. بۆیە ئەمان زاراوەیەکی تر بە کار دەهێنن کە پێی دەڵێن: **هاوکرۆکی** و بە ئینگلی پێی دەڵێن: *Consubstantiation*. واتە *کرۆکگۆڕکێ* هی کاسۆلیکە و *هاوکرۆکی* لە نانەڕەقە و شەرابەکەدا هی پرۆتستانتە. بەڵام هەمان چەمکی **هاوکرۆک لە سیانینە پیرۆزەکەدا**، واتە

باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز، تایبەتە بە کاسۆلیک. وشەی *کرۆکگۆرکێ*م لە *کرۆک* بە واتای *ناو*، یان *ناخ* و *گۆرکێ*ش واتە *گۆڕان* پێکهێناوە.
**هاوکرۆکیی سیانینەی پیرۆز** جیاوازە لە **هاوکرۆکیی نانەڕەقە و شەراب و لەش و خوێنی عیسا**. واتە دوو *هاوکرۆکی* هەن، یەکێکیان تایبەتە بە سیانینە پیرۆزەکە و ئەوی تریان بە خوێن و لەشی عیسا لەگەڵ نانەڕەقە و شەرابەکەدا. لای کاسۆلیکەکان خودای ئاسمان و عیسا و گیانی پیرۆز هاوکرۆکن. کاسۆلیکەکان لەم واتایەی وشەکەدا باوەڕیان بە وشەکە هەیە و بە کاری دەهێنن، نەک لە هاوکرۆکیی نان و شەراب و خوێن و لەشی عیسادا. **~ن.م.**

[102] **لیلیاتا...ئێکسیپیات:** بە لاتینی: *Liliata rutilantium te confessorum turma circumdet: iubilantium te virginum chorus excipiat*. بە کوردی واتە: «خودایە، ددانپێدانەرەکان کە وەک گوڵی شلێر دەدرەوشێنەوە، لە دەورت کۆ ببنەوە و پاکیزەکانی ناو کۆمەڵەی سروودخوێنە شکۆمەندەکان پێشوازیت لێ بکەن.» پەڕتووکی *نزانامەی خەڵکان* – *The Layman's Missal* ئەم نزایە بە نزای مردن دەستنیشان دەکات و دەڵێت: «لە کاتێکدا کە قەشە لەوێ نەبوو تا ئەو کەسە بە خودا بسپێرێت کە دەمرێت، ئەوا دەشێت هەر کەسێکی بەرپرسیار ئەم نزایە بکات، ئەگەر ژن بێت و ئەگەر پیاو بێت.» **~گ.س.**

[103] **تەرمجوو:** بە ئینگلی *ghoul*، ئاژەڵێکی ئوستوورەییە، لە کەمتیار دەچێت. تەرم دەجوێت. **~ن.م.**

[104] **نەخێر دایە! لێم بگەڕێ و بهێڵە بژیم:** لە پەڕتووکی یەکەمی *ئۆدیسە*دا دوای ئەوەی ئەثینا داوا لە تیلێماخۆس دەکات پیاوانە ڕەفتار بکات، پینێلۆپیا خۆی لە میوانخانەکەدا هەڵدەقورتێنێت و پێشنیار دەکات کە شایەرەکە گۆرانییەکی تر ببێژێت کە ئەوەندە خەمناک نەبێت کە باسی گەڕانەوەی پاڵەوانەکانی ترۆیا بکات. تیلێماخۆس بەرپەرچی دەداتەوە و وەک پیاوی ماڵ ڕەفتار دەکات و دەڵێت: «باشتر وایە بچیتەوە ژوورەکەی خۆت». لە *هاملێت*دا، گێرتروود {دایکی هاملێت} داوا لە هاملێت دەکات کە دەستبەرداری پرسەباریی باوکی ببێت و جلە ڕەشەکانی دابکەنێت و دەڵێت: «وەک هاوڕێ لە دانیمارک بڕوانن» (١: ٢، ٦٩) مەبەست لە دانیمارک، مام و زڕباوکیەتی کە کلاودیۆسە. هاملێت بەرپەرچی دەداتەوە کە ئەو لە ناخەوە پرسەبارە. لە دیمەنی

پێنجەمی پەردەی یەکەمدا سەهویرەکە دەردەکەوێت و داوای شتێکی جیاوازتر لە شازادەکە {هاملێت} دەکات. **~گ.س.**

[105] **گوێی... دۆستانە بوو:** ئەگەرچی خۆرەتاو نابیسترێت، بەڵام جۆیس وای نووسیوە، نەمزانی بۆ. لە سام سلەوتم پرسی، وتی: «پێم وایە ئەمە میتافۆڕ بێت، ستیفن هەستی بە خۆرەتاوەکە کردووە». **~ن.م.**

[106] **شەلەنگ:** ئەو وشەیەی بە «شەلەنگ» وەرمگێڕاوە لە دەقەکەی جۆیسدا وشەی *mosey*یە، بە *مەوزی* دەخوێنرێتەوە، هەمووی بە پیتی بچووک نووسراوە و بە «ناو» یان «ئاوەڵناو» بە کار هاتووە، نەک بە کار. لە چاپی پێشووتری ئەم ڕۆمانەدا بە وشەی «فرتەکەر» وەرمگێڕابوو، بەڵام لەسەر پێشنیاری دکتۆر بەختیار سەجادی گۆڕیم بە «شەلەنگ». ئەم وشەیە لە دەقە ماکەکەی جۆیسدا مشتومڕی زۆری هەڵگرتووە و تێڕوانینی جیاوازی لەسەرە و تا ئێستاش واتاکەی ڕوون نییە، سەیریشم لێ دێت کە چۆن لە چاپەکانی پێشووتری ئەم ڕۆمانەدا ڕاڤەی ئەم وشەیەم لە بیر چووە. دکتۆر هەنت وەها لە بارەیەوە دەدوێت:

> کیبێرد ئەم وشەیەی وەک وشەیەکی بازاڕیی دەبلنی دەستنیشان کردووە کە بە واتای *گەڕۆک/وێڵ/دەربەدەر/هەڵوەدا* دێت و دەڵێت: «زۆر جار وەک زاراوەیەکی دۆستانە بە کار دەهێنرێت». بەڵام ئەم وشەیە دەشێت واتای تریش لە خۆ بگرێت. گیفرد دەڵێت کە: «*مەوزی* کەسێکە کە بە خاوی دەڕوات بۆ شوێنێک، یان بە پێخشکێ دەڕوات {لێرەدا واتای *شەلەنگ* پڕ بە پێستی خۆیەتی}». – واتا باوە ئەمەریکاییەکەی وشەکە وا دەکات وشەکە کەمتر هاوڕێیانە و دۆستانە بێت {بە واتای *کەسێک کە لۆژلۆژ دەڕوات*}. {سام} سلەوت واتایەکی وشەکەی لە فەرهەنگی *فەرهەنگی شێوەزاریی ئینگلی*یەوە هێناوە و دەڵێت کە بە واتای *گەمژە، کەر، گێل* دێت، کە ئاوها هەموو دۆستایەتییەک ناهێڵێت.

گیفرد دەڵێت: «کەسێکە کە بە خاوی پیاسە دەکات، یان بە پێخشکێ دەڕوات»؛ سام سلەوت دەڵێت بە واتای «شێت، بێمێشک» دێت. بەڵام وەرگێڕانە فەرەنسییەکە وشەکەیان بە *petit diable* وەرگێڕاوە بە واتای *شەیتانێکی بچووک* دێت، کە لە ڕاڤەکەیدا دەڵێن: «دەربڕینێکی بازاڕییانەیە، هەڵگری پەیامێکی دژەسامییانەیە». خاتوو پەدرامنیا لە وەرگێڕانە فارسییەکەیدا بە «خرامندە» وەریگێڕاوە، کە وا دیارە لە وشەی *خرام*ەوە

هێناویەتی، بە واتای شتێکی وەک *لەنجەکەر* دێت. دکتۆر تەها لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا بە «كفأر صغير يتسلل» وەریگێڕاوە، بە واتای: *وەک مشکێکی بچکۆلە کە بە پێخشکە دەڕوات* دێت. ڕاوێژم بە دکتۆر بەختیار سەجادی کرد، بەڕێزیان ئەم پەیامەیان بۆم نارد:

پێم وایە باشترین هاوواتای *mosey* لە کوریدا «شەلەنگ»ە. شەلەنگ واتە ئەو کاتەی کەسێک بە غەمزەوە و بە تاسکەتاسک ئەڕوات. لە هەندێک شێوەزاردا «چەلەنگ»یشی پێ ئەوترێ. سنەیی ئەڵێن: «ڕێگەوڕوون»ەکەی خاوەخاوە، واتە ڕێگەچوونەکەی بەلەنجەیە. سەرنجدانی ئەو خاڵە پێویستە کە شەلەنگ بە مانای لەنجە نییە بەڵکوو بە مانای «بەلەنجە»یە، یان «بەلەنجەولار». «خرامان»ی فارسی هەمان «خەرامان»ی کوردییە. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە لە کوردیدا خەرامان، بەلەنجە، بەلەنجەولار و شلومل تێکڕا بۆ ڕێگەچوونی ئافرەت بەکار ئەهێنرێن، نەک پیاو. لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا «خرامنده» لە ڕووی ڕێزمانییەوە ناوی بکەرە و هەر لە «خرامان»ەوە وەرگیراوە و بە مانای ئەو کەسەیە ڕێگەچوونی خەرامان و بەلەنجەیە. دانانی «خرامنده» لە فارسیدا بۆ وشەکە تەواوە بەڵام لە کوردیدا دوو کێشەی هەیە: یەکەم زیاتر بۆ ئافرەتە و دووەم خەرامان ئاوەڵناوە و وەک ناویش بەکار ئەهێنرێ و ئیدی پێویست بە زیادکردنی پاشگری ناوساز ناکات. دوا خاڵیش ئەوەیە وشەی mosey بێجگە لە شەلەنگی و لەنجەداری واتایەکی تری سەرەکیشی هەیە ئەویش ڕێگەچوونی «بێمەبەست»ە، واتە جۆرێک لە پیاسەی خاوەخاو کاتێ هیچ کارێکت نییە. هەر بۆیەش پێم وایە «شەلەنگ» باشتر بێت. هەڵبەت جەنابت چی بە باش دەزانی ئەوەیان دابنێ.

بیرۆکەی دژەسامێتیی ئەم وشەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گوایە وشەکە لە «موسا»وە هاتووە: «مەوزی-موسا: Moses-mosey»، کە دواتر لە ئەڵقەی نۆیەمی ئەم ڕۆمانەدا ئاماژە بە *ئایکی موسا*ش دەدرێت، (بڕوانە ٩: ٣٧٦). ئەگەرچی ئەرکێکی زۆری سەلماندن دەکەوێتە سەر شانی ئەوەی ئەمە بە دژەسامی دادەنێت، چونکە بلووم و دژەسامێتی زیاتر دەگونجێن، نەک ستیفن، بەو پێیەی بلووم بە بنەچە جووە، نەک ستیفن، واتە ئەگەر مەڵیگن بە بلوومی بوتایە زیاتر لەگەڵ دژەسامێتییەکەدا دەگونجا، نەک مەڵیگن بە ستیفن بڵێت. لە ئەڵقەی هەشتەمدا جارێکی تر ئەم وشەیە بە کار هاتووەتەوە، گیفرد بۆ ڕاڤەی ئەوەیان شتێکی تر دەڵێت و دەڵێت بە واتای «تووکن» دێت! بەڵام سام

سلەوت لەوێش هەر سوورە لەسەر ئەم ڕایەی ئێرەی کە بە واتای *شێت* دێت. بەهەرحاڵ، هەرچییەک بێت، دەشێت ئەم دێڕە بە واتای تریش وەربگێڕرێت، دەشێت ئەم وشەیەی من دامناوە هەڵە بێت، دەشێت بە شتێکی وەک: «دەی کەرە گیان وەرە خوارەوە» لێی تێبگەین، یان: «وەک لۆژەلۆژکەرێکی باش وەرە خوارەوە»، یان «وەک لەنجەکەرێکی باش وەرە خوارەوە» یان شتێکی تری وەها، یان هەر جۆرێکی تر، هەر کاتێک ڕوونتر بووەوە پێشنیار دەکەم بگۆڕرێت. **~ن.م.**

[107] **چوار کوید:** مووچەی مانگانەی ستیفن بەو شێوەیەی دراوە، ۳ پاوەن و ۱۲ شڵنگ بووە، نەک چوار پاوەن. ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستاماندا بڕێکی زۆر ناکات، بەڵام هێشتا بەرانبەر مووچەی مامۆستای یەکێک لە دەوڵەمەندترین قوتابخانە سەرەتاییە تایبەتەکان دەوەستێتەوە. **~گ.س.**

[108] **درویدە درویدییەکان:** **دروید**: بە ئینگلی *druid*، لە *گۆل* لە باشووری فەڕەنسا و بەریتانیا و ئایرلانددا ڕابەری دینیی گەلە کەڵتییەکانی دێرینی پێش هاتنی مەسیحی بوون. **~ن.م.**

[109] **ڤەکار**: (لە دەرکردەکانی پێشوودا بە *فرەتوانا* وەرمگێڕابوو). پێشگری *ڤە-* یان *وە-*، یان *وا-* پێشگرێکی کورمانجییە، دوو واتای هەیە، یەکەمیان: هەر پاشگری «-وە»ی کرمانجی ناوەڕاستە کە دەچێتە سەر کۆتایی وشە، بەڵام لە کورمانجییدا دەچێتە سەر سەرەتای وشە، وەک: ژیانەوە: ڤەژین. دووەمیان ئەو واتایەیانە کە لێرەدا مەبەستمە، بە واتای هەموو، یان گشت دێت. ئەگەر کەڵکی لێ وەربگرین و هەندێک وشەی لەسەر ڕۆ بنێین پێشگرێکی گەلێک گرنگ دەبێت. دەکرێت ئەم پێشگرە کوردییە لە بەرانبەر پێشگری *ئۆمنی-* *-omni*ی ئینگلیدا دابنرێت، ئاوهاش دەتوانرێت زۆر وشەی پێویستی لەسەر ڕۆ بنرێت. من و کاک ڕێبوار قارەمانی چەند وشەیەکمان پێی داڕشتووە، وەک: ڤەزان، ڤەکار، ڤەبوو، ڤەباوک (بڕوانە ۹: ۳۷)؛ سیانی یەکەمیان سێ زاراوەی زۆر گرنگی یەزدانناسیین.

**ڤەزان**: بە ئینگلی *omniscient*، واتە ئەوەی هەموو شتێک دەزانێت. وشەکە لە پێشگری ڤە- بە واتای گشت و زان، کە ڕەگی کاری زانینە، داڕێژراوە.

**ڤەکار**: بە ئینگلی *omnipotent*: واتە ئەوەی دەتوانێت هەموو شتێک بکات. وشەکە لە پێشگری ڤە- بە واتای گشت و کار-ی کورمانجی بە واتای توانا، داڕێژراوە.

**ڤەبوو**: بە ئینگلی *omnipresent*: واتە ئەوەی لە هەموو شوێنێکە. وشەکە لە پێشگری ڤە- بە واتای گشت و بوو کە قەدی کاری بوونە، داڕێژراوە.

له یەزداناسیی دینە ئیبراهیمییەکاندا دەوترێت: خودا هەموو شت دەزانێت، دەتوانێت هەموو شتێک بکات، له هەموو شوێنێکه، ئەم سێ تایبەتمەندێتییە سێ پەسنی بنچینەیی خودان. بە ئینگلی سێ زاراوەی بۆ داڕێژراوە، *omnipotent*، *omniscient*، *omnipresent*؛ کەواتە بە کوردی: خودا ڤەزانە، ڤەکارە، ڤەبووە.

**تێبینی**: لێرەدا مەڵیگن وشەکە بۆ پەسنی پارە بە کار دەهێنێت. بۆ نموونەیەکی تر لەسەر وشەیەک کە بەم پێشگرە دروست کراوە (بڕوانە ٢: ١١٢). **~ن.م.**

110 **کۆکنی**: بە ئینگلی *Cockney*، شێوەزاری خۆرهەڵاتی شاری لەندەنە. **~ن.م.**

111 **ئەرێ ئەی وەی... لە ڕۆژی تاجلەسەرناندا:** یەکێکە لەو گۆرانییە میللییانەی لە کاتی چاوەڕوانیی تاجلەسەرنانی پاشا ئێدواردی حەوتەم ساڵی ١٩٠٢ لەسەر جادە بێژراون. ڕۆژی تاجلەسەرنان لە زمانی بازاڕیدا بە ڕۆژی وەرگرتنی مووچەش بە کار هاتووە. **~گ.س.**

بۆیە لە بری مووچەوەرگرتن بە کار هێنراوە، چونکە وەک لە ڕاڤەی کویدا (بڕوانە ١: ٢٧) باس کرا کە «پێنج شلنگ یەک کراون بووە» و مووچەش بە کراون دراوە، کراون *Crown* بە ئینگلی واتا تاج، بۆیە کە کراونت وەرگرتووە، بەو واتایە دێت کە تاجت وەرگرتووە، ئاوهاش: تاجت لەسەر نراوە. **~ن.م.**

112 **کلەنگەوز:** کۆلێجی کلەنگەوز ود قوتابخانەیەکی یەشوعییەکانە بۆ کوڕان، بە یەکێک لە پێشکەوتووترین قوتابخانەکانی دینی کاسۆلیک دانراوە. ستیفن لە پاری یەکەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* لەم قوتابخانەیە دەخوێنێت. **~گ.س.**

113 **بەلەمی بخوردەکە:** لە سرووتی ماسدا، ستیفن وەک خزمەتکاری کڵێسا کاری کردووە، کە خزمەتکاری کڵێسا کوڕێکە لای قوربانگاکەوە هاریکاریی قەشە دەکات و دەفرێکی پڕ لە بخورد هەڵدەگرێت (وەک چۆن ئێستا لێرەدا بۆ مەڵیگنی دەکات لە کاتێکدا ئەو وەک قەشەیەکی ناو ماسی گاڵتەجاڕی خۆی نمایش دەکات). **~گ.س.**

114 **خزمەتکاری خزمەتکارێک:** ستیفن لە کلەنگەوز خزمەتکاری قەشەی ماس بووە، کە ئەویش خزمەتکارێکی خودا و کڵێسا بووە. دەستەواژەکە ئاماژەیە بەو نەفرەتەش کە نوح لە حامی کوڕی دەیکات (باوکی کەنعان)، چونکە حام نوحی بە ڕووتی و سەرخۆشی دیوە، «نەفرەت لێکراو بێت کەنعان! دەبێتە کۆیلەی کۆیلەکان، بۆ براکانی.» (پەیدابوون ٩: ٢٥). دەستەواژە لاتینییەکە *سێرڤوس سێرڤۆروم دێی* *Servus Servorum Dei*، بە واتای *خزمەتکارێکی خزمەتکاری خودا*، ڕۆژێک لە ڕۆژان ناونیشانێک بووە کە ئوسقوف و

دادوەرە وارگێڕەکان بە کاریان هێناوە، بەڵام لە سەدەی دوازدەیەمەوە تەنها پاپا بە کاری هێناوە و ئێستا بەشێکە لە ناونیشانی پاپایی لە فەرمانی پاپاییدا. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

١٨جا کوڕانی نوح کە لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە، سام و حام و یافەت بوون.
حام باوکی کەنعان بوو. ١٩ئەمانە سێ کوڕەکەی نوح بوون، لەمانەوە خەڵکی لە
هەموو زەوی بڵاو بوونەوە. ٢٠نوح لە بەرهەمی خاک کار دەکات و دەستی بە
چاندنی ڕەزە مێوێک کرد. ٢١ئینجا کە لە شەرابەکەی خواردەوە، سەرخۆش بوو و
لەناو چادرەکەیدا بە ڕووتی ڕاکشا. ٢٢حامی باوکی کەنعان، ڕووتی باوکی بینی و
لە دەرەوە بە هەردوو براکەی ڕاگەیاند. ٢٣بەڵام سام و یافەت پۆشاکێکیان هێنا
و خستیانە سەر شانیان، ئینجا پشتاوپشت چوون و ڕووتییەکەی باوکیان داپۆشی،
ڕووشیان بەرەو دواوە بوو، ئیتر ڕووتییەکەی باوکیان نەبینی. ٢٤کاتێک نوح لە
سەرخۆشییەکەی بەئاگا هاتەوە، زانی کوڕە بچووکەکەی چی پێکردووە. ٢٥ئینجا
گوتی: «نەفرەت لێکراو بێت کەنعان! دەبێتە کۆیلەی کۆیلەکان، بۆ براکانی.»
٢٦هەروەها گوتی: «ستایش بۆ یەزدان، پەروەردگاری سام! با کەنعان ببێتە
کۆیلەی سام. ٢٧با خودا دەرگا بۆ یافەت بکاتەوە و لە چادرەکانی سام جێنشین
بێت. با کەنعان ببێتە کۆیلەی ئەو.» ٢٨دوای لافاوەکە نوح سێ سەد و پەنجا ساڵ
ژیا. ٢٩هەموو تەمەنی نوح نۆ سەد و پەنجا ساڵ بوو، ئیتر مرد.» (پەیدابوون ٩:
١٨-٢٩)

[115] **وتاخ**: ئۆدە، ژووری دانیشتن. **~ن.م.**

[116] **پیتێکی هەڵقورتاو:** زۆر کەسان دەنووسن: «دەشاردرایەوە» یان «دەکرِدرا» و تد. ماوەیەکە ئەم پیتە لە نووسین و ئاخاوتنی زمانەکەماندا هەڵقورتاوە، نازانم لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دەزانم کە هەڵقورتاوە. ئەم پیتە لە ناو ئەو وشانەدا هەڵقورتاوە کە ری نیشانەی کاری نادیاریان تێدەکەوێت وەک کاری بکەرنادیار خۆی و لە هەموو دەمکارەکانیدا بە ڕابردوو و ڕانەبردوویەوە، لە ڕابردوودا وەک: «بردرا، کردرا، چێندرا، سردرا» لە ڕانەبردوودا وەک: «دەکردرێت، دەبردرێت، دەسردرێت» یان تەنانەت ئەو ناوانەشی کە ری بکەرنادیاریان تێدایە وەک «نێردراو» و «سێندراو». پێم وایە ئەم دیاردەیە هەڵەیە و ڕاستییەکە بەم شێوەیە:

یاسای بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا بۆ ڕابردوو ئەمەیە: **ڕەگی کار + جێناوی بکەرنادیار + نیشانەی کاتی ڕابردووی بکەرنادیار** ڕەگی کار: دەتوانیت بەوە بیدۆزیتەوە کە کارەکە بخەیتە ڕانەبردووی بەردەوامەوە، وەک: کڕین> دەکڕم. لە *دەکڕم*ەوە بۆت دەردەکەوێت کە ڕەگی کارەکە کڕ ە. جێناوی بکەرنادیار هەمیشە ر ە، واتە لە ڕابردوو و ڕانەبردووشدا هەمان شتە؛ نیشانەی کاتی ڕابردووی بکەرنادیار هەمیشە ا/یە، بەم شێوەیە: چاوگی *بڕین*> دەبڕم: دەردەکەوێت بڕ ڕەگەکەیەتی، بڕ+ر+ا = بڕرا، بڕراوە، بڕرابوو. چاوگی *کڕین*> دەکڕم: دەردەکەوێت کڕ ڕەگەکەیەتی، کڕ+ر+ا = کڕرا، کڕراوە، کڕرابوو. چاوگی *چاندن*> دەچێنم: دەردەکەوێت *چێن* ڕەگەکەیەتی، چێن+ر+ا = چێنرا، چێنراوە، چێنرابوو. چاوگی *سڕین*> دەسڕم: دەردەکەوێت *سڕ* ڕەگەکەیەتی، سڕ+ر+ا = سڕرا، سڕراوە، سڕرابوو. یاسای بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا بۆ ڕانەبردوو ئەمەیە: **دە + ڕەگی کار + جێناوی بکەرنادیار + نیشانەی کاتی ڕانەبردووی بکەرنادیار** نیشانەی کاتی ڕانەبردووی بکەرنادیار هەمیشە ێت یە، بەم شێوەیە: چاوگی *بڕین*: دە+بڕ+ر+ێت = دەبڕرێت. چاوگی *کڕین*: دە+کڕ+ر+ێت = دەکڕرێت. چاوگی *چاندن*: دە+چێن+ر+ێت = دەچێنرێت. چاوگی *سڕین*: دە+سڕ+ر+ێت = دەسڕرێت.

بۆیە ئەو دە هەڵقورتاوە و وا دیارە مێدیاچییەکان کە وا خۆیان دەنوێنن کە «بە فەرمی قسە دەکەن» لەسەر هەمان بنەمای «دەکات – ئەکا» ئەو دەیان هێنابێتە ناو کارەوە. ئەمە زۆرلەخۆکردنە و خۆنواندنێکە لەسەر بنەمای هەڵە، ئەو دە هەڵەیە، بڕوانە دەقەکانی پێش ساڵی ٢٠٠٠ەکانی زمانی کوردی، ئەو پیتە هەڵقورتاوە نادۆزیتەوە، دیاردەیەکی نوێیە و وەک خستمە ڕوو، هەڵەیە و من هەرگیز بە کاری ناهێنم.**~ن.م.**

[117] **بیچم**: پێشتر بە درێژایی وەرگێڕانەکەم، هەمیشە *بیچم*م لە بری *فۆڕم* form وەردەگێڕا، بە تایبەتی لە بیردۆزەکەی ئەریستۆتێلیسدا «form of forms» کە ستیفن لە ئەڵقەی دووەمدا بیری لێ دەکاتەوە، بەڵام بە ڕاوێژی کاک ڕێبوار قارەمانی formم کرد بە «شێوە» و بیچمم لە بەرانبەر figure دانا (بڕوانە ٢: ٢٦). **~ن.م.**

[118] **هەلۆرکە**: بە ئینگلی *hammock*، جۆلانێیەکە بە گوریس بە دوو ستوونی وەک درەخت یان ستوونی تردا هەڵدەواسرێت و قوماشێکی پتەوی پێوەیە کە دەبێتە شوێنی ڕاکشان و پاڵکەوتن. **~ن.م.**

[119] **ئەی هاوار**: ئەو دەستەواژە سەیرەی لە دەقە ماکەکەدا هاتووە «Janey Mack»ە، کە بە ڕای گیفرد و دکتۆر هەنتیش ئاساییکردنەوەی کفرێکە و ناوهێنانی خودایە بۆ شتی

پووچ، بە پێچەوانەی یەکێک لە «دە ڕاسپاردەکە»ی خوداوە لە *تەورات*دا کە دەڵێت: «ناوی یەزدانی پەروەردگارتان بۆ شتی پووچ مەهێنن» (دەرچوون ٢٠: ٧). ئەم دەربڕینە لە بری «ئەی هاوار» یان کاتێکی وەهادا دەردەبڕێت، و دەرنەبڕاوەکە «Jesus Jack»ە، کە خراوەتە گۆرانیی منداڵانیشەوە. زۆر بیرم لەم دەربڕینە کردووەتەوە کە لە کوردیدا چ جۆرە دەربڕینێکی هاوشێوەمان هەیە، بیرم دێتەوە لە منداڵیی خۆماندا جارجار کە لە یەکێک پەست دەبووین، هەم بۆ دەربڕینی پەستیی خۆمان، هەم بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە بە گاڵتەیەک، دەمانوت: «لە خواروو بەغاو بەم!» «لە خواروو بەغدادت بدەم!»، کە بە سەرەتاکەیدا وا دەزانیت کفرە، بەڵام کە هەمووی دەردەبڕیت دەردەکەوێت کە کفر نییە. پێم وا بێت ئەم دەربڕینەی مەڵیگنیش شتێکی هاوشێوەیە. **~ن.م.**

120 **وەک چۆن مۆمەکە... کاتێک:** وەک ئاشکرا دیارە، کە مۆمەکە بە ئاگرەکە دەتوێتەوە، پێشەکییەکە بۆ نوکتەیەکی ڕەشۆکییانە سەبارەت بە دەسپەڕکردنی ژن. **~گ.س.**

پێم وا بێت مەبەستە شاراوە جەفەنگییەکە ئەوەیە کە: مەڵیگن خۆی وەک مۆمێک دەبینێت بە دەستی ژنێکەوە کە دەسپەڕ دەکات، ژنەکەش مۆمەکە وەک دیڵدۆ (کێری دەستکرد) بە کار دەهێنێت و لە ئەنجامدا مۆمەکە دەتوێتەوە.

**ڕەشۆکی**: بە ئینگلی *Vulgar*، واتە زمانی پیس و لە بازاڕی ناشیرینتر. هەر لەم ڕۆمانە و نووسینەکانی تریشمدا بەم شێوەیە ناوی ئاستەکانی زمانم وەرگێڕاوە:

**خۆمانەیی**: بە ئینگلی *colloquial*، واتە زمانی ئاسایی قسەکردنی خەڵک.

**بازاڕی**: بە ئینگلی *slang*، واتە زمانی بازاڕیی خەڵک کە زمانێکی نافەرمییە و لە نێوان کەسانێکدا بە کار دەهێنرێت کە یەکتر دەناسن و خولیای هاوبەشیان هەیە. **~ن.م.**

121 **خودای گەورە... بەخشیوە:** نەریتێکی باوی دینی مەسیحییە کە پێش نانخواردن نزایەکی سوپاسگوزاری بۆ خودا دەکرێت. **~گ.س.**

122 **ساندیکۆڤ**: بە ئینگلی *Sandycove*، ناوچەیەکی پاڵشاری دەبلنە، کەوتووەتە باشووری خۆرهەڵاتەوە، ئەو ناوچەیەیە کە قەڵاکەی لێیە. **~ن.م.**

123 **خێواندن**: واتا لێدان یان تێسرەواندن، بۆ لێدانی دوو شت کە بەر یەک دەکەون دیاری کراوە، وەک: «زللەیەکم خێواندە ڕوومەتی» یان «شەقێکم خێواندە بەر لنگی». مەڵیگن لێرەدا برژاوەکە ئەوەندە بە توندی و خێرایی دەخاتە قاپەکانەوە کە وەک زللە هاویشتن وەهایە. لە ئینگلییەکەشدا هەمان زاراوەی زللەی بۆ بە کار هێنراوە، بە واتای *خستنی شتێک بۆ سەر شتێک بە خێرایی و بە توندی بێباکانە*. **~ن.م.**

[124] **ئین نۆمینی... سانکتی**، بە لاتینی *In nomine Patris et Filii et Spiritus Sancti*: واتە بە ناوی باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز: نزایەکی پیرۆزکردنە. **~گ.س.**

[125] **دایە گرۆگن:** کەسێتییەکی ناو گۆرانییەکی ئایرییە کە نازانرێت خاوەنەکەی کێیە. دایە گرۆگن کوڕێکی هەیە ناوی *نێدە* و فێری دەکات چۆن دەبێت بە باوک و جووت دەبێت. هۆنراوەکە بەم شێوەیەیە:

«نێد گرۆگنی بەوەج بە ڕاست کوڕی دایکی بوو،
سێوێک بوون و کرابوون بە دوو کەرتی ڕێک وەک یەک.
بەڵام هەر وەک زۆر خەڵکان کە هەمووان خەڵکی چاک بوون،
لێی دەشاررایەوە چۆن پیاوان دەبنە باوک.
دایە گرۆگن پێی وت: «هەر کە مانگ هەڵهات سەیر کە
ئینجا کاری خۆت بکە و پێش ئەوەش پرسم پێ کە،
چونکە توانای دوو مێشکان لە یەک مێشک چاکترە.» **~گ.س.**

[126] **کاهیل خان:** جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژە و سەرچاوەی کەسێتییەکە نەناسراوە. **~گ.س.**

[127] **ئاو لە زاری مەڵیگنەوە**: مەڵیگن هەرچەند باسی *ئاو* دەکات، مەبەستێکی تریشی هەیە کە میزە، بۆ نموونە کە دەڵێت: «کە منیش ئاو دروست دەکات، من ئاو دروست دەکات» مەبەستی میزکردنە بۆیە ژنەکە دەڵێت: «هەردووکیان مەخەرە ناو یەک قۆرییەوە»، لە کۆتایی ئەڵقەکەشدا لە هەڵبەستەکەیدا دیسان ئاو و میز تێکەڵاو دەکاتەوە.**~ن.م.**

[128] **ئەوە فۆلکلۆرە:** یەکێک لەو ڕەهەندانەی ئایرە خودئاگاکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بۆ دیاریکردنی شوناسی نەتەوەیی دەیانویست بیبووژێننەوە، بابەتی فۆلکلۆر و چاندی ئایری بوو. هەندێک جار ئەم بایەخپێدانە بۆ بابەتی زانستی ئێجگار زۆر ورد دەبووەوە، بەڵام هەندێک جاریش بایەخپێدانەکە دەچووە هەندێک بابەتی هەستیاریی ناشیرینەوە. بووژاندنەوەی زمانی ئایریش یەکێکی تر بوو لەم ڕەهەندانەی نیشتمانخوازەکان کاریان بۆی دەکرد (بڕوانە ١: ١٤٣). **~گ.س.**

[129] **ماسییەخوداکانی دوندرەم:** فۆلکلۆری بێواتا و پڕوپووچە. *ماسییەخوداکان* پەیوەندییان بە *فۆرمۆری*یەکانەوە هەیە، فۆرمۆرییەکان گوایە هۆزێکی زەبەلاحی بێهیوا بوون و لە ئاودا ژیاون، خەڵکانێکی ئەفسانەیی بوون و لە دێریندا لە ئایرلاند ژیاون. *دوندرەم*ێک هەیە کە لە کەناری خۆرهەڵاتی ئایرلاندە، شەست و پێنج میل بە سەرووی دەبلندا دەڕوانێت، بە

*کەناری پاڵەوانان* بەناوبانگ بووە، هۆزە دێرینەکانی ئایرلاند جۆرێکی جیاوازی یاریی ئۆڵۆمپییان لەوێ کردووە. بەڵام *دوندرەم*ێکی تریش هەیە کە دێیەکە چوار میل لە باشووری ناوەڕاستی دەبلندایە، شوێنی شێتخانەیەک بووە. لەم دوندرەمە بووە کە ئەلیزابێثی خوشکی یەیتس {ویلیەم بەتڵەر یەیتس، (بڕوانە ١: ٨٤)، بۆ *ئەلیزابێث*یش بڕوانە ڕاڤەی پێشوو} ساڵی ١٩٠٣ چاپخانەی *دون ئێمەری* دامەزراندووە کە دواتر ساڵی ١٩٠٨ ناوەکەی گۆڕرا بە *چاپخانەی کوالا*. ئەم چاپخانەیە بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە نوێکانی یەیتس و هەندێک لە نووسەرە زیندووەکانی ئەو سەردەمەی ئایرلاند بوو کە بە ژمارەی سنووردار لەسەر کۆمەڵە پەڕەیەکی دەستکردی مرۆڤ چاپ دەکران. لیلی یەیتس، خوشکەکەی تری یەیتس، لە سەندیکای دون ئێمەردا گەلێک چالاک بوو، نەخشونیگاری دەستکرد و قوماشی چنراویان بەرهەم دەهێنا. **~گ.س.**

**ئێمەر:** ژنەکەی کووخۆلینە (بڕوانە ١: ٨٤). **~ف.د.**

[130] **خوشکە...لە چاپیان داوە:** ئەو سێ خوشکەن کە لە شانۆنامەی *مەکبێث*ی شێکسپیردا ناوی خۆیانیان ناوە و پێشبینیی خۆیان بە مەکبێث دەڵێن کە دەبێت بە پاشا. **ساڵی ڕەشەبا زۆرەکە:** لە *مەکبێث*دا ڕەشەبایەکی زۆر هەیە، بەڵام ئەم تیلنیشانە مەبەست لەو نەریتەی ئایرەکانە کە ڕووداوەکان لە پێش و پاشی ساڵی ١٨٣٩ دەژمێرن، کە لە کانوونی دووەمی ساڵەکەدا ڕەشەبایەکی مەزن هەڵیکردبوو و سەدان ماڵی وێران کردبوو. لە پەڕتووکی *لە جەنگەڵی حەوتەمدای* یەیتس کە ساڵی ١٩٠٣ لە چاپخانەی دون ئێمەر دەرکراوە، لە ساڵی چاپەکەدا نووسراوە کە پەڕتووکەکە لە ڕۆژی شازدەی تەممووزی ساڵی ڕەشەبا زۆرەکەی ١٩٠٣دا چاپ کراوە. **~گ.س.**

{خوشکە سەیروسەمەرەکان دوو خوشکەکەی ویلیەم بەتڵەر یەیتسن (بڕوانە ١: ٨٤): ئەلیزابێث یەیتس و سوزان یەیتس، هەردووکیان کچی جۆن بەتڵەر یەیتس بوون، دایکیان ناوی *سوزان ماری* بووە (پێش شوو: *پۆڵێکسفین*). سوزان یەیتس کە بە *لیلی یەیتس* ناسراوە، لە ٢٦ی ئابی ١٨٦٦دا لە دایک بووە، خوشکەکەشی کە ناوی *ئەلیزابێث کۆربێت* یەیتس بووە و بە *لۆلی یەیتس* ناسراوە، لە ١١ی ئاداری ١٨٦٨دا لە دایک بووە، هەردووکیان لە خانووی ژمارە ٢٣ی شەقامی فیتزرۆی لە ڕێجنتس پارک لە لەندەن لە دایک بوون. ئەم خوشکانە لە ساڵی ١٩٠٢ەوە کە دووبارە لە لەندەنەوە گەڕانەوە بۆ ئایرلاند، بۆ یارمەتیدانی ئێڤەلین گلیسن هاتوچۆی ناوچەی دوندرەمیان دەکرد {لە دەبلن}، تا لە ماڵێکدا، کە ناوی *ڕونیمید* بوو و لەسەر شەقامی ساندیفۆرد بوو، سەندیکای دون ئێمەر دابمەزرێنن. ئامانجی

ئەم سەندیکایە ئەوە بوو کە: «کار بۆ دەستی کاری ئایری بدۆزنەوە بۆ کاری شتی جوان». سوزان شوێنکارەکانی بەشی چنین و هۆنینەوەی ڕێکدەخست و ئەلیزابێثیش لە بەهاری ١٩٠٣دا، وەک بەشێک لە پڕۆژەکە، چاپخانەی دون ئێمەری دامەزراند، کە ویلیەم بەتڵەر یەیتسی برایان بوو بە سەرنووسەرەکەی. ئەم خوشکانە لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی هونەر و پیشەگەریی ویلیەم مۆریس و بە هاوکاریی ئێمێری واکەر و سیدنی کۆکەرێڵ و ویلیەم بەتڵەر یەیتس، پەڕتووکی بچووکیان بە پرێسێکی دەستی چاپ دەکرد. ساڵی ١٩٠٨ ئەم شوێنکارەیان گواستەوە بۆ ماڵی خۆیان لە گورتین داس، کە کۆختەیەکی چوار-ژووری بوو لە ناوچەی چەرچتاون لە دەبلن. لێرە ناویان گۆڕی بە «دەزگای چاپی کوالا» و تا ساڵی ١٩٢٣ لەوێ بوون، پاشان گواستیانەوە بۆ ناونیشانی ٨٢ی مەیدانی مەریۆن، دواجار ساڵی ١٩٢٥ گواستیانەوە بۆ ١٣٣ی شەقامی باگۆتی خواروو {هەموو ئەم ناونیشانانە لە دەبلن بوون}. ئەلیزابێث لە ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٠دا کۆچی دوایی کرد، سوزانیش لە ٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩دا کۆچی دوایی کرد. هەردووکیان لە گۆڕستانی سانت ناهی لە دوندرەم، لە کاونتیی دەبلن لە هەمان گۆڕدا نێژراون. **~ڤ.یٔ.**

[131] **مابینۆگییەن:** ناونیشانی پەڕتووکێکە کە کۆمەڵێک هۆنراوەی وێڵزیی تێدا کۆ کراوەتەوە، هەندێک لەم هۆنراوانە نەریتی سەردەمی کەڵتیی دێرینن و هەندێکیان وێژەی ڕۆمانسیی سەدەکانی ناوەڕاستی سەردەمی ئارثەرن {پاشای ئەفسانەیی بەریتانیا}، ساڵی ١٨٣٨ لەیدی شارلۆت گێست بڵاوی کردووەتەوە. **~گ.س.**

[132] **ئوپانیشادەکان:** ناونیشانی پەڕتووکێکی یەزدانناسییە کە دەق و فەلسەفەی ڤیدیی تێدایە دەربارەی سرووشتی مرۆڤ و جیهان. لێرەدا لەگەڵ خولیا تیۆسۆفییەکانی یەیتس و ئەی ئی (جۆرج ویلیەم ڕەسڵ) و هەندێک ڕۆشنبیری تری ئایردا کۆ کراوەتەوە. {بۆ *یەیتس* (بڕوانە ١: ٨٤)، بۆ *ئەی ئی/ڕەسڵ* (بڕوانە ٢: ٦٨)}. **~گ.س.**

ئاماژە گاڵتەجاڕییەکە ئەوەیە کە ئینگلەکان، کە داگیرکەری هیندستان و ئایرلاند و وێڵز و چەندین وڵاتی تر بوون، ئێستا دەیانەوێت وێژە و نووسراوی داگیرکراوەکانی خۆیان بە تێکەڵوپێکەڵی کۆ بکەنەوە، بۆیە *ئوپانیشادەکان* هاتووەتە ڕیزی فۆلکلۆری ئایری و هۆنراوەی وێڵزییەوە. **~ف.د.**

*ئوپانیشادەکان* لە چوار بەش پێکهاتووە، لەم چرکەیەدا کە ئەم ڕاڤەیە دەنووسم، خۆم بەشی یەکەمیم بۆ کوردی وەرگێڕاوە و لە ماڵپەڕەکەمدا بڵاوم کردووەتەوە. **~ن.م.**

[133] **چونکه... میز دەکا:** گۆرانییەکی گاڵتەجاڕیی ئایرییە کە نووسەرەکەی دیار نییە. تەنها چاپێکی نوێی بەردەستە بە ناونیشانی *کچەکەی میکی مەکگیڵیگەن*، لە نووسینەوەی لویس ئەی تییەرنەی. بەم شێوەیەیە:

پیاوێک هەیە ئایرلاندییە و قارەمانە،
کچێکی هەیە کە ناوی *ماری ئان*ە،
گەرچی ئێستا پارەی ئاوریشمی پێ نییە،
بەڵام هەر خۆی شاجوانی دوورگەکەمانە.
زمانێکی سیحریی هەیە،
کە میوە و ماسی دەفرۆشێ،
زۆر حەز دەکا لێزانانە
پیاوێکی کەشخە ڕاو بکا بە جادووەکەی ئەو زمانە.
بۆ کوێ بچێ و لە هەر کوێ بێ،
سەرجەمی خەڵکان دەزانن
کچی میکی مەکگیڵیگەنە و ماری ئانە.
{کۆرسەکە}:
گوڵنیشانە ئەو نازدارە،
بۆی شێت بوون هەموو ئەم شارە،
بەڵام ڕێک هەر وەکو پیاوە
بەو ڕەفتار و لەشولارە.
کە ئەم گوڵەت لێ نزیکە
پیاهەڵدانی هەموو خەڵکان دێنە گوێیان
باسی خۆشی و باسی شادی
بۆ کچی میکی مەکگیڵیگەن،
بۆ ماری ئان.

هەشت دێڕەکەی تر کە ماوە لە گۆرانییەکەدا بۆ باسی جەفەنگی و پێکەنینە سەبارەت بە نێرینەیی ماری ئان. مەیبڵ وۆرثینگتن دانەیەکی تری لەم گۆرانییە دۆزیوەتەوە کە بەم دێڕە تەواو دەبێت کە دەڵێت: «هەر وەکو پیاوان میز دەکات.» کە دێڕێکی گونجاوە بۆ تەواوکردنی سێ دێڕەکەی تری مەڵیگن. **~گ.س.**

من هۆنراوەکەم بە شێوەیەک دارڕشتووەتەوە کە ڕاستەوخۆ مەبەستەکە بدات بە دەستەوە. لە دەقە بنەڕەتەکەدا دێڕی چوارەمی تێدا نییە. وەرگێڕراوی ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە دەبێت: «چونکە ماری ئانی پیر دەربەست نایە و ژێرکراسەکەی هەڵدەکا...»

**گوڵنیشان**: بە ئینگلی *daisy*، گوڵێکی بچکۆلەی کێوییە، ناوەڕاستەکەی تۆپێکی زەردی خڕە و گەڵای سپیی وردی بە دەورەوەیە. ئەگەرچی لە هەندێک لە فەرهەنگەکاندا بە: «گوڵی مینا، چاوپشیلە، خەزێمۆک، داودی» و چەند ناوێکی تریش هاتووە، بەڵام من ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان* و *فەرهەنگی فارسی-کوردی*یەوە هێناوە، کە هەردووکیان *گوڵنیشان* پشتڕاست دەکەنەوە. **~ن.م.**

[134] **کۆکەرەوەی چووک: چووک**: بە ئینگلی *prepuce*، واتا گۆشتی سەری کێر، ئەو بەشەی لێی خەتەنە دەکرێت. **~ن.م.**

مەبەست لە خودایە، بەو پێیەی خودا لە *کتێبی پیرۆز*دا فەرمان دەدات دەبێت هەموو منداڵێکی نێرینە خەتەنە بکرێت. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

> ^٩^ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: «تۆش پەیمانەکەم بەجێدەهێنیت، خۆت و نەوەی دوای خۆت، لە نەوەکانیان. ^١٠^ئەمەش پەیمانەکەمە کە بەجێی دەهێنن لەنێوان من و ئێوە و نەوەی دوای خۆت، هەموو نێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن. ^١١^خۆتان خەتەنە دەکەن، ئەمەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە. ^١٢^هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژەش لە ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت، لە نەوەکانتان، ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایک بووە، یان ئەوەی بە زیو لە بیانی کڕاوە و نەوەی خۆت نییە. ^١٣^دەبێت ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایک بووە یان بە زیو کڕاوە بە تەواوی خەتەنە بکرێت، جا پەیمانەکەم لە ئێوەدا پەیمانێکی هەتاهەتایی دەبێت. ^١٤^هەر نێرینەیەکی خەتەنە نەکراویش، کە خەتەنە نەکرابێت، ئەوە لە نەتەوەکەی دادەبڕێت، چونکە پەیمانی منی شکاندووە.»
> (پەیدابوون ١٧: ٩-١٤)

[135] **ڕەنگە پێغەمبەرێک بێت:** ژنە شیرفرۆشەکە وەک مێنتیس و مێنتۆر دەردەکەوێت، کە لە پەڕتووکی یەکەمی *ئۆدیسە*دا ئەثینا لە شێوەی ئەواندا دێت بۆ لای تیلێماخۆس. **~گ.س.**

[136] **ئاوریشمی ڕەشەوڵاخ و پیرەژنە بەستەزمانەکە:** دوو ناسناون بۆ ئایرلاند. *ئاوریشمی ڕەشەوڵاخ* بە واتای *هەرە جوانترینی ناو ڕەشەوڵاخەکان*ە، کە مەبەست لێی ئایرلاندە،

وەرگێڕراوێکی ئەم دەستەواژە ئایرییەیە *a shíoda na mbó* بە هەمان واتا لە گۆرانییەکی ئایریی کۆندایە بە ناونیشانی *Druimin Donn Dílis* کە ڤنسنت دین ئاماژەی بۆ دەکات. *پیرەژنە بەستەزمانەکە* لە هۆنراوەی *t-Sean Bhean Bhocht*ەوە سەرچاوەی گرتووە کە هۆنراوەیەکی ئایرییە، ئەم پیرەژنە بەستەزمانە تەنها بە ڕووکەش وەهایە، بەڵام نیشتمانپەروەرە ڕاستینەکان وەک کچێکی گەنج دەیبینن کە وەک شاژن هەنگاو دەنێت، هەروەک چۆن یەیتس لە شانۆنامەی *پیرەژنە بەستەزمانەکە - Cathleen ni Houlihan*دا بەو دێڕە کۆتایی پێ دەهێنێت. دەوترێت گوایە لە سەردەمی سزادانەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، قەدەغە کرابوو ئایرەکان خۆیان بە ئایر بزانن و ناوی ئایری و ئایرلاندی بهێنن و ڕەنگی سەوز، کە ڕەنگی نیشتمانیی ئایرلاندە، پیشان بدەن و هێمای نیشتمانیی خۆیان بە خۆیانەوە بپۆشن، کە سێپەڕی شەودەرە. ئەو سەردەمە لە بری ئەم قەدەغەکردنە هێمای پێچاوپێچ و ناڕاستەوخۆیان بە کار هێناوە. **~گ.س.**

**سێپەڕی شەودەر**: بە ئینگلی *shamrock*، گیایەکی سێپەڕەییە و هەر پەڕەیەکیان لە شێوەی دڵدایە. **~ن.م.**

[137] **شندۆک**: زۆر پیر و ناحەز. **~ن.م.**

[138] **نەپاو**: بە ئینگلی *mortal*، واتە هەر شتێک کە بمرێت. لە زمانی خۆمانەییدا زیاتر وشە عەرەبییەکەی بۆ بە کار دەهێنرێت کە *فانی*یە. **~ن.م.**

[139] **مێردحیزەکەی هەردووکیان**: ژنەکە هێمای ئایرلاندە، ستیفن پێی وایە هاینس داگیرکەری ئایرلاندە کە بەریتانیایە، مەلیگنیش بە «خیانەتکارە بێباکەکە» پەسن دەکات کە بە هەردووکیان ئایرلاندیان لە خۆیان مارە کردووە و هەردووکیشیان حیزن و خەریکی لاقەکردنی خەڵک و گەل و وڵاتی ترن، بۆیە بە ژنەکە دەڵێت: «مێردحیزەکەی هەردووکیان». **~ن.م.**

[140] **نەیزانی... لێی بپرسێت**: لە پەڕتووکی یەکەمی *ئۆدیسە*دا ئەثینا شێوەی خۆی دەگۆڕێت و دێت بۆ لای تیلێماخۆس تا هانی بدات لەسەر مافی خۆی سوور بێت، ئەگەرنا سەرزەنشتی دەکات و پیایدا هەڵدەشاخێت لەسەر بێدەربەستییە منداڵانەییەکەی. کەشتییەکیشی بۆ ڕێکدەخات تا گەشتەکەی بۆ وشکانیی سەرەکیی خاکی گریک بکات. کە تیلێماخۆس دەزانێت لە خزمەتی خودایەکدایە، شەرم دەکات لێی بپرسێت. **~گ.س.**

[141] **کرکی**: بە ئینگلی *bone-setter*، ئێسکگرەوە، شکستەبەند. **~ن.م.**

[142] **جگە لە ناوگەڵی... هاوشێوەی خودا:** (لێڤییەکان ١٢: ٢-٥) و (لێڤییەکان ١٥: ١٩-٢٨) بە پێی نەریتی کۆن، ژن لە کاتی سووڕی مانگانە و دوای منداڵبووندا بە گڵاو دانراوە. هەروەها ژن لە گۆشتی پیاو دروست کراوە، وەک دەڵێت:

«[٢١]لە ئەنجامدا یەزدانی پەروەردگار پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵەوە. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕکردەوە. [٢٢]ئینجا یەزدانی پەروەردگار ئافرەتێکی لەو پەراسووە بنیاد نا کە لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا.» (پەیدابوون ٢: ٢١-٢٢)

هەروەها ژن بوو بە نێچیری مارەکە، کە شەیتان بوو و خۆی لە شێوەی ماردا پیشان دا تا تەفرەی بدات و تاوان بکات. ناوگەڵی ژنان بە دەستووری کاسۆلیک، بۆ پیرۆزکردن چەور ناکرێت، یان لە ئاو هەڵناکێشرێت. **~گ.س.**

**دەقی سەرچاوەکەی یەکەم:**

[١]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”ئەگەر ژنێک سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، ئەوا بەپێی ڕێوڕەسم بۆ حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت، هەروەک لە ڕۆژانی خوێنلێچوونی مانگانەی گڵاو دەبێت. [٣]لە ڕۆژی هەشتەمدا کۆرپەکە خەتەنە دەکرێت، [٤]ئینجا دایکەکە سی و سێ ڕۆژی دیکە دەمێنێتەوە هەتا لە خوێن لێچوونەکەی پاک ببێتەوە، بەر هیچ شتێکی پیرۆز ناکەوێت و بۆ پیرۆزگا ناچێت، هەتا ڕۆژانی پاکبوونەوەی تەواو دەبێت. [٥]ئەگەر کچی بوو، ئەوا دوو هەفتە پاک نابێت، هەروەک لە خوێنلێچوونی بێت، ئینجا شەست و شەش ڕۆژی دیکە دەمێنێتەوە، هەتا لە زەیستانییەکەی پاک ببێتەوە. (لێڤییەکان ١٢: ١-٥)

**دەقی سەرچاوەکەی دووەم:**

[١٩]«”ئەگەر ژنێک خوێنلێچوونی هەبوو، ئەوا حەوت ڕۆژ لە خوێنلێچوونی مانگانەی دەمێنێتەوە و هەرکەسێک دەستی لێ بدات هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [٢٠]«”هەموو ئەو شتەی لەسەری ڕادەکشێت یان دادەنیشێت لە کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، گڵاو دەبێت. [٢١]هەرکەسێکیش دەست لە نوێنەکەی بدات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [٢٢]هەرکەسێکیش دەست لە شتێک بدات کە ئەو لەسەری دانیشتبێت، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت؛ [٢٣]ئەگەر نوێن

بێت یان هەر شتێک کە لەسەری دانیشتووە، هەر کاتێک کەسێکیش دەستی لێ بدات، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [٢٤]«"ئەگەر پیاوێکیش لەگەڵی ڕابکشێت، جا لە خوێن لێچوونەکە بەر پیاوەکە بکەوێت، ئەوا پیاوەکە حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت و لەسەر هەر نوێنێکیش ڕابکشێت، گڵاو دەبێت. [٢٥]«"ئەگەر ئافرەتێک ماوەیەکی درێژ خوێنی لێچوو، بێجگە لە کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، یان ئەگەر دوای کاتی خوێن لێچوونەکەی هەر بەردەوام بوو، ئەوا هەموو ڕۆژانی خوێن لێچوونەکەی وەک کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، گڵاو دەبێت. [٢٦]هەموو نوێنەکەش کە لەسەری ڕادەکشێت لە ڕۆژانی خوێنلێچوونی وەک نوێنی ڕۆژانی خوێنلێچوونی مانگانەیەتی، هەموو ئەو شتانەش کە لەسەری دادەنیشێت، ئەوا گڵاوە وەک گڵاوی خوێنلێچوونی مانگانەی. [٢٧]هەرکەسێکیش دەستیان لێ بدات، گڵاو دەبێت و پێویستە جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [٢٨]«"ئەگەر لە خوێن لێچوونەکەی پاک بووەوە، ئەوا حەوت ڕۆژ دەژمێرێت، ئینجا بەپێی ڕێوڕەسم پاک دەبێتەوە، [٢٩]لە ڕۆژی هەشتەم دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر دەبات و دەیانهێنێتە لای کاهینەکە، بۆ لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن. (لێڤییەکان ١٥: ١٩-٢٩)

[143] **گیلی:** زمانی خەڵکی ئایرلاندە (بڕوانە ١: ١٤٥). وەک دەبینین، ساڵی ١٩٠٤ تەنانەت خەڵکی ڕەسەنی ئایرلاند، وەک ژنە شیرفرۆشەکە، کە هێمایە بۆ ئایرلاند، زمانی ئایری نازانێت! هیوادارم لە سەد ساڵی ئایندەدا ئەمە بەسەر کورددا نەیەت. **~ن.م.**

[144] **تۆ خەڵکی خۆرئاوایت؟:** خۆرئاوا مەبەست لە خۆرئاوای ئایرلاندە، ئەو ناوچە دوورە گوندییانەیە کە لەوێ هێشتا زمانی ئایری لە ژیانی ڕۆژانەدا بە کار دەهێنرێت. بەم ناوچانە دەوترێت *گێڵتیکت*، ساڵی ١٩٠٠ هێشتا هەندێک لەو خەڵکانە تەنها زمانی ئایرییان زانیوە. سەودا و مامەڵە و خوێندن لە سەدەی نۆزدەیەمی ئایرلانددا بە زمانی ئینگلی ئەوەندە زاڵ بووە کە لە زۆرێک لە ناوچە بەردەستەکانی وڵاتەکەدا زمانی ئایری وردەوردە کاڵ بووەتەوە و تەنها لە ناوچە دوورەکاندا ماوەتەوە. **~گ.س.**

[145] **ئایرلاند:** ئایرلاند واتە خاکی ئایرەکان، دوورگەیەکە کەوتووەتە خۆرئاوای دوورگەی بەریتانیاوە و چواردەوری هەمووی ئاوە. لە چاخی بەردینی ناوەڕاستەوە (مێتزۆلیثیک ٨٠٠٠-٤٠٠٠پ.ز.) دانیشتووی تێدا بووە و بەڵگەکان وای دەردەخەن کە ئەم خەڵکانە کۆچیان بۆ ئایرلاند کردووە، بەڵام نازانرێت چۆن پەڕیونەتەوە و هاتوونەتە ئایرلاند، چون

ئێستا دوورگەیەکی دابڕاوە لە بەریتانیا و ئەوروپا و بۆ پەڕینەوەش پێویستە کەشتی و بەلەمی تا ڕادەیەک پێشکەوتوو هەبووبێت، کە باوەڕ ناکرێت لەو سەردەمەدا مرۆڤ کەشتیی وەهای دروست کردبێت. گریمانەی ئەوە هەیە کە ئەوکات دوورگەی ئایرلاند بە دوورگەی بەریتانیاوە نووسابێت، یان زۆر نزیکتر بووبێت و خەڵکەکەش لە ناو داری هەڵکۆڵراوی قەدی درەختدا هاتبن. شوێنەواری ڕاووشکار لە ۹۰۰۰-۷۰۰۰پ.ز. لە کاونتیی دێری لە باکووری ئایرلاند هەیە، لە چاخی بەردینی نوێشەوە (نیۆلیثیک ٤۰۰۰-۲۵۰۰پ.ز.) بەڵگەی هەبوونی کشتوکاڵ لە ئایرلانددا هەیە.

گەلی دانیشتووی ئەم دوورگەیە ناویان **ئایر**ەکانە، سەر بە نەتەوەیەکن کە پێیان دەوترێت: *کەڵت*ەکان و لە سەردەمانێکی دێرینەوە لەو دوورگەیە دەژین کە ئێستاش هەر لێی دەژین. بەڵام ئێستا تەنها یەک وڵات لەسەر ئەم دوورگەیە ناژی، بەڵکو دوو وڵاتن، یەکێکیان سەربەخۆ و ئەوی تریان ناسەربەخۆیە. وڵاتە سەربەخۆکە پێی دەوترێت: *کۆماری ئایرلاند*، ئەگەرچی خۆیان بە فەرمی ناوی خۆیان ناوە *ئایرلاند*. ئەم وڵاتە سەربەخۆیە خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشووری دوورگەکە لە خۆی دەگرێت. بەشەکەی تر هەرێمێکی ناسەربەخۆیە و بە فەرمی ناوی *ئایرلاندی باکوور*ە، بەشێکە لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و کەوتووەتە باکووری دوورگەکەوە کە پێی دەڵێن: *هەرێمی ئۆڵستەر*.

خەڵکی ئایرلاند بە زمانێک دەدوێن کە زۆربەیان سوورن لەسەر ئەوەی ناوی تەنها **زمانی ئایری**یە و هەندێکیشیان پێی دەڵێن: **گیلیک** (بە کوردی: گیلی). *لاند* لە کۆتایی وشەی *ئایرلاند*دا واتە خاک، بەرانبەر *-ستان*ی *کوردستان* دەوەستێتەوە. کەواتە وەک *کوردی* و *کوردستان*: *ئایر* واتە نەتەوە و خەڵکەکە، *ئایری* واتە هەر شتێکی ئایرلاند، یان زمانەکەیان، *ئایرلاندی*ش واتە شتانێک کە هی ئەم دوورگەیە بن. هەندێک کەس وشە ئینگلیزییەکەیان هێناوەتەوە کە بە /گیلیک/ دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەو -یک‌ەی کۆتایی وشەکە پاشگرێکە لە بری *-ی*ی کوردی، چۆن *کورد* دەبێتە *کوردی*، ئاوهاش *گیلی* ناوی دانەپاڵی *گیل*ە. زمانەکەیان سەر بە زمانە کەڵتییەکانە و لەگەڵ زمانی سکۆتییەکاندا هاوڕەگە و لە مێژەوە ئەم دوو گەلە، کە بە تەنیشت یەکەوە دەژین، خۆیان بە برای یەک دەزانن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دوورگەیە زیاتر لە حەوت سەد و پەنجا ساڵ ژێردەستەی ئینگلەکان بووە، وردەوردە زمانی داگیرکەرەکەیان وەرگرتووە و زمانی ئایری تا ئێستاش لە مەترسیی مردندایە و بەردەوام کاری بۆ دەکرێت کە بە زیندوویی بهێڵرێتەوە. زۆرێک لە ئایرەکان

زمانی ئایری نازانن و لەم ڕۆمانەشدا ئەم باسە دەخرێتە ژێر تیشکی سەرنجی نووسەرەکەیەوە. بە پێی داتای فەرمیی کۆماری ئایرلاند کە ساڵی ٢٠١٦ بڵاو کراوەتەوە، نزیکەی تەنها ٧٤٠٠٠ (حەفتا و چوار هەزار) کەس ڕۆژانە بە زمانی ئایری دەدوێن، ئەوانی تر بە ئینگلی دەدوێن.

دوورگەی ئایرلاند لە کۆنەوە بەسەر چوار هەرێمدا دابەش بووە، ئەوانیش ئۆڵستەر، لەینستەر، مەنستەر و کۆنەختن. هەر هەرێمێکیی ئایرلاند چەند کاونتییەک لە خۆی دەگرێت کە بە کۆی کاونتییەکانی هەر چوار هەرێمەکە ٣٢ کاونتین. لەم ڕۆمانەدا ناوی زۆربەی ئەم کاونتییانەی تێدایە و هەندێک جاریش باسیان دەکات.

## هەرێمی ئۆڵستەر Ulster

هەرێمی باکووری دوورگەکەیە، بەشی زۆری سەر بە ئایرلاندی باکوورە، کە سەر بە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیایە. کاونتییەکانی ئەمانەن:

- کاونتیی **ئارما**: بە ئینگلی *Armagh*، بە ئایری پێی دەڵێن: **ئارد ڤاکە**.
- کاونتیی **ئانترم**: بە ئینگلی *Antrim*، بە ئایری پێی دەڵێن: **ئەن دریم**.
- کاونتیی **تایرۆن**: بە ئینگلی *Tyrone*، بە ئایری پێی دەڵێن: **تییەر ئۆون**.
- کاونتیی **داون**: بە ئینگلی *Down*، بە ئایری پێی دەڵێن: **ئەن دون**.
- کاونتیی **دێری**: بە ئینگلی *Derry*، بە ئایری پێی دەڵێن: **دیورە**.
- کاونتیی **فێرمانە**: بە ئینگلی *Fermanagh*، بە ئایری پێی دەڵێن: **فارمەنەخ**.
- کاونتیی **کاڤەن**: بە ئینگلی *Cavan*، بە ئایری پێی دەڵێن: **کەڤان**.
- کاونتیی **مەنەهن**: بە ئینگلی *Monaghan*، بە ئایری پێی دەڵێن: **مونەخان**.
- کاونتیی **دۆنیگۆل**: بە ئینگلی *Donegal*، بە ئایری دوو ناوی هەیە، یەکەمیان: **دون نە نگەڵ**ە؛ دووەمیان: **تییەر کۆنەڵ**ە.

## هەرێمی لەینستەر Leinster

هەرێمی خۆرهەڵاتی دوورگەکەیە، سەر بە کۆماری ئایرلاندی ئازادە، دەبلنی پایتەخت دەکەوێتە ئەم هەرێمەوە. کاونتییەکانی ئەمانەن:

- کاونتیی **دەبلن**: بە ئینگلی *Dublin*، بە ئایری دوو ناوی هەیە، یەکەمیان: **دۆڤلین**ە و دووەمیان **بالی ئاخ کلی**یە. شاری دەبلن چەقی ئەم کاونتییەیە و پایتەختی کۆماری ئایرلاندە. هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەشمان لەم شارەدایە.
- کاونتیی **ئۆفەلی**: بە ئینگلی *Offaly*، بە ئایری پێی دەڵێن: **ئیڤ ئۆڵی**.
- کاونتیی **کارلۆو**: بە ئینگلی *Carlow*، بە ئایری پێی دەڵێن: **کارلەخ**.
- کاونتیی **کیلدێر**: بە ئینگلی *Kildare*، بە ئایری پێی دەڵێن: **کیل دارا**.
- کاونتیی **کیلکەنی**: بە ئینگلی *Kilkenny*، بە ئایری پێی دەڵێن: **کیل خەنیک**.
- کاونتیی **لاوث**: بە ئینگلی *Louth*، بە ئایری پێی دەڵێن: **لوو**.
- کاونتیی **لۆنگفرد**: بە ئینگلی *Longford*، بە ئایری پێی دەڵێن: **ئەن لانگفۆرت**.
- کاونتیی **لیش**: بە ئینگلی *Laois*، بە ئایری هەر پێی دەڵێن: **لیش**.
- کاونتیی **میث**: بە ئینگلی *Meath*، بە درێژی دەخوێنرێتەوە، وەک بڵێیت /مییث/. بە ئایری پێی دەڵێن: **ئەن ڤی**.
- کاونتیی **وێستمیث**: بە ئینگلی *Westmeath*، میثەکە بە درێژی دەخوێنرێتەوە، وەک بڵێیت /مییث/. بە ئایری پێی دەڵێن: **ئەن ئیرەڤی**.
- کاونتیی **وێکسفرد**: بە ئینگلی *Wexford*، بە ئایری پێی دەڵێن: **لۆخ گۆرمن**. کاتی خۆی ڤایکینگەکانیش تیایدا ژیاون و بە زمانی ڤایکینگەکان پێی وتراوە: **وایشفورد**. ناوە ئینگلییەکە لە ناوە ڤایکینگییەکەوە هێنراوە، نەک ئایرییەکە.
- کاونتیی **ویکلۆ**: بە ئینگلی *Wicklow*، بە ئایری پێی دەڵێن: **کیل ڤانتاین**. کاتی خۆی ڤایکینگەکانیش تیایدا ژیاون و بە زمانی ڤایکینگەکان پێی وتراوە: **ڤیکنلۆ**.

## هەرێمی کۆنەخت Connacht

هەرێمی خۆرئاوای دوورگەکەیە، سەر بە کۆماری ئایرلاندی ئازادە. کاونتییەکانی ئەمانەن:

- کاونتیی **ڕۆسکۆمن**: بە ئینگلی *Roscommon*، بە ئایری پێی دەڵێن: **ڕۆس کۆماین**.
- کاونتیی **سلایگۆ**: بە ئینگلی *Sligo*، بە ئایری پێی دەڵێن: **شلیگۆخ**.
- کاونتیی **گۆلوەی**: بە ئینگلی *Galway*، بە ئایری پێی دەڵێن: **گالف**.

- کاونتیی **لیترم**: بە ئینگلی *Leitrim*، بە ئایری پێی دەڵێن: **لییەتریم**.
- کاونتیی **مەیۆ**: بە ئینگلی *Mayo*، بە ئایری پێی دەڵێن: **مەییۆ**.

**هەرێمی مەنستەر Munster**

هەرێمی باشووری دوورگەکەیە، سەر بە کۆماری ئایرلاندی ئازادە. کاونتییەکانی ئەمانەن:

- کاونتیی **کۆرک**: بە ئینگلی *Cork*، بە ئایری پێی دەڵێن: **کۆرکەخ**.
- کاونتیی **کەری**: بە ئینگلی *Kerry*، بە ئایری پێی دەڵێن: **کیوری**.
- کاونتیی **تیپێرەری**: بە ئینگلی *Tipperary*، بە ئایری پێی دەڵێن: **تیبەرەید ئۆرن**.
- کاونتیی **لیمریک**: بە ئینگلی *Limerick*، بە ئایری پێی دەڵێن: **لیمنیخ**.
- کاونتیی **کلێر**: بە ئینگلی *Clare*، بە ئایری پێی دەڵێن: **ئەن کلّار**.
- کاونتیی **واتەرفرد**: بە ئینگلی *Waterford*، بە ئایری پێی دەڵێن: **پۆرت لارەگە**. ئەم کاونتییە کاتی خۆی ڤایکینگەکانیش تیایدا ژیاون و بە زمانی ڤایکینگەکان پێی وتراوە: **ڤالدەرەفیۆرد**. **~ن.م.**

[146] **پەرجوو**: بە ئینگلی *miracle*، تا ئێستاش لە زمانی خۆمانەییدا وشە عەرەبییەکەی بۆ بە کار دەهێنرێت کە *موعجیزە*یە. **~ن.م.**

[147] **هیچی ترم... دەدەمێ**: لە هۆنراوەی *قوربانی* (١٨٧١)ی ئالجێرنۆن چارلز سوینبۆرنەوە هێنراوە. هۆنراوەکە بەم شێوەیەیە:

هیچی ترم لێ مەخوازە، گوڵم،
ئەوەی من هەمبێ هەمووت دەدەمێ.
دڵی دڵم، گەر زیاترم هەبێ
لەبەر پێکانتا هەمووی ڕۆ دەکەم،
ئەوینی زیاتر کە بتژیێنێ،
گۆرانیی وەها کە بتفڕێنێ.
هەر شتێک هەبێ بۆ تۆ هیچ نییە،
کاتێ زیاتر هەست بە بوونت بکەم،
دەستت لێ بدەم، شیرینییت تام کەم،
هەناسە و ژینم بە تۆوە بەند کەم،

بیرم پڕ کەم لێت،
هەموو شت لەگەڵ شەقەی باڵی تۆ ڕادەماڵرێن و
دەکەونە ژێر پێت.
جگە لە ئەوین چیی ترم نییە بتدەمێ گیانە،
هەر کەس زیاتری هەیە بتداتێ، دە با بتداتێ
باڵی هەبێ با لەگەڵتا بفڕێ،
ئەوەی من هەمە تەنها دڵێکە لەبەر پێکانتا
ئەو دڵە دەبێ هەر تۆی خۆشبوێ تا هەردووک بژین. **~گ.س.**

148 **دڵی دڵم... ڕۆ دەکەم:** بڕوانە ڕاڤەی پێشوو. **~گ.س.**

149 **ئایرلاند چاوەڕێیە... جێبەجێ بکات:** لەو بانگکردنە بەناوبانگەوە هێنراوە کە دراوەتە پاڵ فەرماندە هۆرەیشۆ نێڵسن کە گوایە ساڵی ١٨٠٥ بۆ جەنگی تەڕەفولغار وتوویەتی: «ئینگلتەرا چاوەڕێیە هەر پیاوێک هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکی سەر شانی.» تا بچن لە دژی ناپۆلیۆن بۆناپارت بجەنگن. هەروەها ئەمە لە گۆرانییەکی جۆن براهمانیشدا هەیە بە ناونیشانی *مردنی نێڵسن* کە ئێس جەی ئارنۆڵد دەقەکەی داناوە. **~گ.س.**

150 **پەڕتووکخانەی نیشتمانی:** پەڕتووکخانەی نیشتمانیی ئایرلاند ساڵی ١٨٧٧ دامەزراوە. کۆمەڵەی پاشایی دەبلن بەشێکی زۆری پەڕتووکەکانی پێیان بەخشیوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، کە زمان و چاندی ئایری بەرەو هەڵدێران دەڕۆیشت، کۆمەڵەکە و دواتریش پەڕتووکخانەکە دەستنیشان کران بە ئەرکی پاراستنی تۆمارە نووسراوەکان هەڵبستن و زمان و چاندی ئایری بە زیندوویی بهێڵنەوە. ئەوەی تەوساوییە، ساڵی ١٩٠٤ بەشێکی زۆری دەستنووسە ئایرییە دێرینەکان لە پەڕتووکخانەی کۆلێجی ترینیتیدا بوون. **~گ.س.**

151 **هەموو ئایرلاند... شۆراون:** لە ڕاستیدا ئایرلاند بە شەپۆلی ئاوی کەنداوەکە نەشۆراون، بەڵکو بە تەوژم و ڕاماڵینەکانی باکووری ئەتڵەنتی شۆراون کە ئاوی کەنداوەکە بەرەو ئەوێ و نیوفاوندلاند دەڕژێت. **~گ.س.**

152 **ئەگنبایت ئۆف ئینویت:** ئینگلیی دێرینە، بە واتای *پەشیمانیی ویژدان* دێت. ئەم دەستەواژەیە ناونیشانی ڕێبەرینامەیەکی ساڵی ١٣٤٠ە بۆ چاکە و خراپە تا خەڵکانی باوەڕداران بە هەرەمی تاوان ئاشنا بکات و فێریان بکات خراپە لە چاکە جیا بکەنەوە. فەرەنسییەکەی ئەم ڕێبەرینامەیە بە ناونیشانی *Somme des Vices et Vertus*ە (١٢٧٩)

و فرێر لۆرۆن نووسیویەتی، دان میشێلی نۆرڤگەیت بۆ ئینگلیی ناوەندیی شێوەزاری کێنتی وەرگێڕاوە. **~گ.س.**

[153] **هێشتا ئەم لەکەیە ماوە:** لە *مەکبێث*ی شێکسپیرەوەیە، کە خاتوو مەکبێث لە هەڵوەسەدایە و دەستی دەشوات و دەیەوێت لە خوێنی دەنکن پاکی بکاتەوە، دەنکن پاشا کوژراوەکەیە. **~گ.س.**

[154] **هاملێت:** *Hamlet* شانۆنامەیەکی شێکسپیرە. باس لە شارێکی دانیمارک دەکات، پاشایەکی نوێ لە شوێنی براکەی، کە تازە مردووە، دێتە سەر تەخت، ئەم پاشا نوێیە ناوی *کلاودیۆس*ە، برا مردووەکەی ناوی *پاشا هاملێت*ە، کلاودیۆس براژنە بێوەژنبووەکەی دەخوازێتەوە، کە ناوی *گێرتروود*ە. کۆشکەکەیان ناوی *ئێلسینۆر*ە. پاشا هاملێتی مردوو و گێرتروودی بێوەژنبوو کوڕێکی گەنجیان هەیە، کە ئەویش ناوی *هاملێت*ە، شەوێک سەهویری (تاپۆ یان تارمایی) پاشا هاملێتی باوک (بڕوانە ١: ١٠١) سەردانی هاملێتی گەنج دەکات و پێی دەڵێت: «من گیانی باوکتم» ئاگاداری دەکات لەوەی کە ژەهرخوارد کراوە و بە ناڕەوا کوژراوە و داوا لە هاملێتی گەنج دەکات: «ئەگەر هەرگیز باوکی بەوەجت خۆش ویستووە... تۆڵەی تاوان و کوشتنە ناسرووشتییەکەی بکەوە». هاملێت دڵنیا نییە لەوەی بە قسەی سەهویرەکە بکات یان نا، بۆیە خۆی وا پیشان دەدات کە شێت بووە، *پۆلۆنیۆس* یەکێکە لە ڕاوێژکارەکانی پاشا کلاودیۆس و باوکی کچێکە بە ناوی *ئۆفیلیا* و کوڕێک بە ناوی *لایەرتیس*، پێی وایە کە ڕەفتارە شێتانەکانی هاملێت لەوە دەچێت بە هۆی ئەوینەکەیەوە بێت بۆ ئۆفیلیای کچی و ئامۆژگاریی ئۆفیلیا دەکات کە لێی بەئاگا بێت. تیپێک ئەکتەری گەڕۆک دێنە شارەکە و هاملێتی گەنج لەگەڵیاندا خۆی ڕێکدەخات و نمایشێک ساز دەدەن کە تیایدا چیرۆکی سەهویرەکە دەگێڕێتەوە، ئەمە بەو ئامانجە دەکات کە کاردانەوەی کلاودیۆس بپشکنێت. کلاودیۆس لە کاتی کوشتنەکەی ناو نمایشەکەدا نمایشەکە بە جێ دەهێڵێت و ئەمەش بەڵگەی ئەوە دەدات بە هاملێتی گەنج کە سەهویرەکە ڕاستی کرد. هاملێت بەرەوڕووی دایکی دەبێتەوە تا بزانێت ئایا ئەویش هاوبەش بووە لە کوشتنی باوکیدا یان نا. پۆلۆنیۆس بە دزییەوە لە پشت پەردەیەکدا خۆی حەشار دەدات و گوێیان لێ دەگرێت، دەترسێت لەوەی نەبادا هاملێت ئازاری گێرترود بدات، هاملێت پەلاماری پەردەکە دەدات، پۆلۆنیۆس لە پشت پەردەکەوە دەکوژێت. کلاودیۆس هاملێت دەنێرێت بۆ ئینگلتەرا و بە نهێنی پیلانی ئەوە دادەنێت کە لە ڕێ بکوژرێت، بەڵام هاملێت دەرباز دەبێت و دەگەڕێتەوە. ئۆفیلیا دوای مەرگی باوکی شێت

دەبێت و خۆی لە ڕووبارێکدا دەخنکێنێت. کلاودیۆس لایەرتیس هان دەدات کە سەرزەنشتی هاملێت بکات بەوەی کە ئەوە هاملێتە کە بووەتە هۆی کوشتنی باوکی و مردنی خوشکەکەی، بۆیە شیربازییەک ڕێکدەخەن. بۆ ئەوەی مەرگی هاملێت مسۆگەر بکەن، لایەرتیس شمشێرەکەی خۆی لە ژەهر هەڵدەکێشێت، کلاودیۆسیش خواردنەوەی ژەهراوی بۆ هاملێت ڕێکدەخات تا بیخواتەوە. لە کاتی شیربازییەکەدا هاملێت خواردنەوەکە ناخواتەوە، بەڵکو گێرتروودی دایکی بانگەشەی نۆشێک دەکات و دەیخواتەوە و دەمرێت. لایەرتیس هاملێت بریندار دەکات، بەڵام هاملێت یەکسەر نامرێت، لە پاشدا هاملێت لایەرتیس بریندار دەکات، کە خەریکە دەمرێت، ددان بەوەدا دەنێت کە کلاودیۆس هاملێتی باوکی کوشتووە، هاملێت شمشێرەکەی لە کلاودیۆس دەدات و وای لێ دەکات خواردنەوە ژەهراوییەکە بخواتەوە، دواتر کلاودیۆس دەمرێت، دواتر هاملێتی گەنجیش دەمرێت.

ئەم باسە زیاتر لە ئەڵقەی نۆیەمی *ئولیس*دا دەخرێتە ژێر تیشکەوە و ستیفن لە گەنگەشەیەکدا {گەنگەشە: دیبەیت} باس لە پەیوەندییەک دەکات لە نێوان پاشا هاملێت و هاملێتی کوڕی و کلاودیۆس و گێرتروود، بەراوردیان دەکات بە خودی ژیانی شێکسپیر و ئان هاثەوەیی ژنی و یەکێک لە براکانی و منداڵەکانی. **~ن.م.**

[155] **فووت تێدەکەم لای ئەو:** بە زمانی بازاڕییانە واتە وات لێ دەکەم شانازی بە ناسینتەوە بکات. **~گ.س.**

[156] **کەواکە لە بەری مەڵیگندا داکەنرا:** ئاماژەیەکە بەو کاتەی عیسا بەرەو لەخاچدان دەبرێت کە بە چواردە وێستگەدا تێپەڕ دەبێت کە بە *چواردە وێستگەکەی ئازارەکانی عیسا* ناسراوە، کاتێک عیسا لە *کۆڵانی ئازار* – *Via Dolorosa*وە لە ئۆرشەلیم بەرەو گولگۆسا برا، ئەو جێیەی خاچەکەی لێبوو. دروشمی دەیەم وێستگە «کەواکەیان لە بەری عیسادا داکەند»ە. کە ئەمەش لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا* و *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*وە سەرچاوەی گرتووە. **~گ.س.**

**وێستگەکان ئەمانەن:** وێستگەی یەکەم: سزای مردن بەسەر عیسادا سەپێنرا. وێستگەی دووەم: عیسا لەخاچدانی پەسەند کرد. وێستگەی سێیەم: عیسا بۆ جاری یەکەم کەوت. وێستگەی چوارەم: عیسا دایکی بینی. وێستگەی پێنجەم: شیمۆنی کورێنی خاچەکەی هەڵگرت. وێستگەی شەشەم: ڤێرۆنیکا دەموچاوی عیسای سڕی. وێستگەی حەوتەم: عیسا بۆ جاری دووەم کەوت. وێستگەی هەشتەم: عیسا ژنانی ئۆرشەلیمی بینی. وێستگەی

نۆیەم: عیسا بۆ جاری سێیەم کەوت. وێستگەی دەیەم: کەواکە لە بەری عیسادا داکەنرا. وێستگەی یازدەیەم: لەخاچدان: عیسا بە بزمار بە خاچەکەوە هەڵواسرا. وێستگەی دوازدەیەم: عیسا بەسەر خاچەکەوە مرد. وێستگەی سێزدەیەم: لەشی عیسا بە خاچەکەوە لێکرایەوە. وێستگەی چواردەیەم: عیسا لە گۆڕ نرا و بخورد بەسەر گۆڕەکەیدا ڕێژران. **~ن.م.**

**دەقی سەرچاوەکە لە مزگێنی بە پێی نووسینی *مەتا*دا:**

[٢٧]سەربازەکانی فەرمانڕەوا عیسایان بۆ کۆشکی فەرمانڕەوا برد و تەواوی سەربازەکان لە دەوری کۆبوونەوە. [٢٨]ڕووتیان کردەوە و کەوایەکی سووریان دایێ. [٢٩]هەروەها تاجێکی دڕکیان هۆنییەوە و لە سەریان کرد، قامیشێکیان دایە دەستی ڕاستی، لەبەردەمی چۆکیان دادا و گاڵتەیان پێ کرد و دەیانگوت: «سڵاو ئەی پاشای جولەکە!» [٣٠]تفیان لێکرد، قامیشەکەیان برد و بە سەریاندا کێشا. [٣١]دوای ئەوەی گاڵتەیان پێکرد، کەواکەیان لەبەر داکەند و کراسەکەی خۆیان لەبەرکردەوە، بردیان تاوەکو لە خاچی بدەن. (مەتا ٢٧: ٢٧-٣١)

**دەقی سەرچاوەکە لە مزگێنی بە پێی نووسینی *یۆحەنا*دا:**

[٢٣]کاتێک سەربازەکان عیسایان لە خاچ دا، جلەکانیان برد و کردیانە چوار پارچە، بۆ هەر سەربازێک پارچەیەک. کراسەکەشیان برد، کراسەکە بێ دروومان بوو، لەسەرڕا یەک پارچە چنرابوو. [٢٤]لەبەر ئەوە بە یەکتریان گوت: «با نەیدڕێنین. با تیروپشکی لەسەر بکەین بزانین بۆ کێ دەبێت.» (یۆحەنا ١٩: ٢٣-٢٧)

**«گولگۆسا» لە دەقی مزگێنی بە پێی نووسینی *مەرقۆس*دا:**

[٢٢]ئینجا عیسایان بردە شوێنی گولگۆسا، واتە «شوێنی کاسەسەر». [٢٣]شەرابی تێکەڵکراو بە موڕیان بۆی ڕاگرت، بەڵام نەیخواردەوە. [٢٤]لە خاچیان دا و کراسەکەیان دابەش کرد، تیروپشکیان لەسەر کرد، بۆ ئەوەی بزانن هەریەکەیان چی بەردەکەوێت. (مەرقۆس ١٥: ٢٢-٢٤)

[157] **دەستکێشی بڵاڵووکی و پووتی سەوز: بڵاڵووکی**: بە ئینگلی *puce*، واتە وەک ڕەنگی بڵاڵووک، ڕەنگێکی سووری تۆخە کە بەسەر قاوەیی و مۆردا دەڕوانێت. **~ن.م.**

ئەم جۆرە جلوبەرگە نائاساییانە بە بزوتنەوەی هەڵوەشاندنەوە و بزوتنەوەی جوانیناسیی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بەستراوە. **~گ.س.**

**بزوتنەوەی هەڵوەشاندنەوە:** بە ئینگلی *Decadent movement* و بە عەرەبی *حَرَكَةُ الاِنْحِلال*، بزوتنەوەیەکی هونەری و وێژەیی سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپاییە کە جەختیان لەسەر ئایدۆلۆژیایەکی جوانیناسیی دەکردەوە کە زیادەڕەوی و ڕووکەشی زۆر پێوە دیار بێت. ئۆسکار وایلد و ئالجێرنۆن چارلز سوینبۆرن، کە هەردووکیان زیاتر لە جارێک لەم ئەڵقەیەدا ئاماژەیان پێ درا، لە نموونەی نووسەرەکانی ئەم بزوتنەوەیەن. **~ن.م.**

**بزوتنەوەی جوانیناسی:** بە ئینگلی *Aestheticism* و بە عەرەبی *حَرَكَةُ الجَمالیّة*، بزوتنەوەیەکی هزری و هونەریی ئەوروپایی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمە، بانگەشەی چڕکردنەوەی سەرنج و تیشکۆی هونەرمەندان و نووسەران دەکات لەسەر جوانی و بەهاکانی لە بابەتە کۆمەڵایەتی و وارگێڕی و وێژەیی و هونەرییەکاندا. **~ن.م.**

[158] **ئایا وتەکانم... با دژیەک بن:** دوو دێڕی هۆنراوەی *گۆرانیی خۆم*ی واڵت وایتمانە، لە بەشی ٥١ی هۆنراوەکەدا ئەم دوو دێڕەی تێدایە. لە ئەنجامی پیاهەڵدانێکی سوینبۆرنەوە ناوبانگی وایتمان لە ئینگلتەرا بڵاو بووەوە، سوینبۆرن لە چامەی *بۆ واڵت وایتمان لە ئەمەریکا*دا، بە «ئازادیی خودای زەوی» ناوی دەهێنێت. **~گ.س.**

[159] **مەلاخیی مێرکوری-ئاسا:** وەک چۆن *مەلاخی* بە عیبری واتە پێغەمبەرەکەم (بڕوانە ١: ٢٥)، ئاوهاش لە ئوستوورەی ڕۆمیدا مێرکوری پێغەمبەرێکی خوداکان بوو. *مێرکوری* لاتینییەکەی ڕۆمایە و گریکییەکەی *ئێرمیس*ە (هێرمیس)، کە یەکێکە لە خوداکانی گریک و لە *ئۆدیسە*دا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، ئەویش گەیاندنی فەرمانەکەی زێوسە بە کالیپسۆ تا ئۆدیسێفس لە بەندێتی ڕزگار بکات. دواتریش لە پەرتووکی پێنجەمی *ئۆدیسە*دا وا لە ئۆدیسێفس دەکات جادووەکەی کیرکی کاری تێ نەکات. لە سەرەتای ئەڵقەی چوارەمدا ڕاڤەی فەرمانەکەی زێوس و کالیپسۆ دەکرێت و لە سەرەتای ئەڵقەی پازدەیەمیشدا ڕاڤەی جادووەکەی کیرکی دەکرێت، لە ژینانامەی ئۆدیسێفسیشدا بە درێژی باس کراوە، (بڕوانە ١: ١ و ٤: ١ و ١٥: ١). **~گ.س.**

[160] **شەبقە لاتینییەکە:** شەبقەیەکی داکەوتووی نەرمە کە زیاتر پەیوەستە بە جیهانی هونەر و قوتابییەکانی گەڕەکی لاتین (*کواغتییە لاتان* - *Quartier latin*)ی پاریسەوە. لە بەرانبەردا لە دەبلن لەو سەردەمەدا شەبقەی ڕەق و کاسەیی باو بووە. **~گ.س.**

[161] **ئیتر چووە دەرەوە و بۆ کوڵ گریا:** گاڵتەکردنێکە، ڕستە ڕاستەکە دەقی (مەتا ٢٦: ٧٥)ە کە باسی نکۆڵیکردنی پەترۆس دەکات لە عیسا و دەڵێت: «ئەوسا پەترۆس قسەکانی عیسای بیرکەوتەوە کە فەرمووی: "پێش ئەوەی کەڵەشێر بخوێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ

دەکەیت." **ئیتر چووە دەرەوە و بەکوڵ گریا.**» ئەڵبەت خۆی ڕستەکە بۆ هیچ واتایەک نییە جگە لە گاڵتەکردن، وەرگێڕانەکەی منیش هەر بە هەمان شێواز داڕێژراوەتەوە، کە دەشێت لە زمانێکی تردا بە تەواوی بگۆڕڕێت.

ئەگەر ڕاستەوخۆ ئینگلییەکە خۆی وەربگێڕین، دەبێت بە دوو شێوە وەریبگێڕین، یەکەمیان دەڵێت: «چووە دەرەوە و بەتەرلیی بینی»، دووەمیان: «چووە دەرەوە و کەراوییەکەی بینی». وشەی *بە کوڵ* کە پەسنی گریانەکەی پەترۆسە، بە ئینگلی ***bitterly***یە، کە ئاوەڵکاری وشەی ***bitter***ە، بە واتاکانی *جەرگبڕانە، بە تاڵی، بە ئازارەوە، بە کوڵ* دێت، لە وشەی ***butter***ەوە نزیکە، کە بە واتای *کەرە* دێت. هەرچەندە *کەرە* ناکرێت بە ئاوەڵکار، بەڵکو تەنها ئاوەڵناوی هەیە کە بە ئینگلی دەبێت بە ***buttery*** و بە واتای *کەراوی، چەور* دێت. بەڵام لێرەدا ناڕوونییەکە سەر هەڵدەدات: مەڵیگن ***bitterly*** دەگۆڕێت بە ***Butterly*** کە دوو ئاماژەی هەیە، یەکەمیان: لەبەر ئەوەی لە دەقە بنەڕەتەکەدا پیتی یەکەمی بە گەورە نووسراوە، دیارە ئاماژەیە بۆ ناوی کەسێتییەک، کە گیفرد و سایدمان لە پەرەگرافی خوارتردا باسی دەکەن. ئەگەرەکەی تر ئەوەیە مەڵیگن *بە کوڵ* - ***bitterly*** دەگۆڕێت بۆ وشەیەکی دروستکراو کە هاوشێوەی ئاوەڵکاری دەقەکەی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*یە، کە ئەویش وشەی ***Butterly***یە کە لە ڕاستیدا بوونی نییە، بەڵام چەمکی *کەراوی* دەبەخشێت. ئەمەش دوو دەقەکەیە بە ئینگلی:

**دەقەکەی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا* بە ئینگلی:**

**“**And going forth, he **wept bitterly**.**”**

**دەقی گاڵتەکردنەکەی مەڵیگن بە ئینگلی:**

**“**And going forth, he **met Butterly.”**

**دەقەکەی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا* بە کوردی:**

«ئیتر چووە دەرەوە و **بە کوڵ** گریا.»

**دەقی گاڵتەکردنەکەی مەڵیگن بە وەرگێڕانە کوردییەکەم:**

«ئیتر چووە دەرەوە و **بۆ کون** گریا.»

ئەوەی سەرەوە تێبینیی من بوو، پەرەگرافی خوارتر وەرگێڕراوی تێبینییەکەی گیفرد و سایدمانە. **~ن.م.**

دوای ئەوەی عیسا دەگیرێت، پەترۆس بۆ سێیەم جار نکۆڵی دەکات کە هیچ پەیوەندییەکی بە عیساوە هەبێت، (مەتا ٢٦: ٧٥). لە ئەڵقەی پازدەیەمدا ناوی کەسێتییەک

دەهێنرێت بە ناوی مۆریس *بەتەرلی، جووتیار*ەوە، *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* دەڵێت گوایە مۆریس بەتەرلی ئەندامی دادگا بووە و خەڵکی بڵانچردستاون بووە (دێیەکە چوار میل و نیو لە خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە). مۆریس بەتەرلییەکی تریش هەیە کە لە دەبلندا خاوەنمۆڵک بووە. **~گ.س.**

[162] **گاڵۆک**: بە ئینگلی *ashplant*: جۆرە گۆچانێکی هەرزانبەهایە، لە ڕەشەداری نەتاشراو دروست دەکرێت. لە نەریتی کەڵتیدا ڕەشەدار پەیوەست بووە بە هەڵبژاردنی پاشاو و دروستکردنی دەسکی ڕمەوە. **~گ.س.**

[163] **فرەپێ**: بە ئینگلی *fern*، جۆرە دەوەنێکە، قەدی درێژ و گەڵاداری هەیە و گوڵ ناکات و جۆری زۆرە. لە چاپەکانی پێشتردا بە «سەرخەس» دامنابوو، بەڵام بە گوێرەی *فەرهەنگی ڕووەکناسی کوردستان* کوردییەکەی *فرەپێ* یان *باوەشێنکە*یە. **~ن.م.**

[164] **دوازدە کوید:** کرێ ڕاستینەکەی قەڵاکە ٨ پاوەن بووە و ئۆلیڤەر سانت گۆگەرتی داویەتی. **~گ.س.**

[165] **بە وەزیری جەنگ:** کرێکە بە قیستی وەرزانە دراوە بە نووسینگەی وەزیری جەنگ لە لەندەن. **~گ.س.**

[166] **مارتێللۆ:** بە ناوی لوتکەی مۆرتێللاوە ناو نراوە لە دوورگەی کۆرسیکای سەر بە فەڕەنسا. ساڵی ١٧٩٤ بەریتانییەکان هەوڵێکی زۆریان دا تا قەڵای هاوشێوەی ئەو قەڵایە دروست بکەن. ئەم قەڵایانە لە کاتی جەنگەکانی ناپۆلیۆندا لە شوێنی ستراتیژیی هاتوچۆی دەریاییدا دروست کراون بۆ بەرگریکردن لە ئەگەری داگیرکاری لە لایەن فەڕەنسییەکانەوە. **~گ.س.**

قەڵای مارتێللۆ یەکەم جار نزیک لوتکەی مۆرتێللا لە دوورگەی کۆرسیکا لە فەڕەنسا دروست کراوە. کە زانراوە بۆ پارێزگاریکردن لە هێرشی دەریایی زۆر بەسوودە، بە سەدانی تری لێ دروست کراوە. لە سەردەمی ناپۆلیۆن بۆناپارتدا، ئەوکات بیڵی پیت سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بووە، فەرمانی داوە چەندین قەڵای مۆرتێللای تر دروست بکرێن. ٥٠ قەڵای مۆرتێللا لە ئایرلانددا دروست کراون. بەڵام هەڵەیەک لە ناونانەکەدا کراوە کە *مۆرتێللا* کراوە بە *مارتێللۆ* و بەم ناوەوە ناسراوە. یەکێکیان ئەم قەڵایەیە کە دێدالۆس و مەڵیگن بە کرێیان گرتووە. ئێستا ئەم قەڵایە ماوە و پارێزراوە و ناوی *قەڵا و مۆزەخانەی جەیمز جۆیس*ە. کەمێکی تر مەڵیگن کە باسی قەڵاکە بۆ هاینس دەکات ئەم زانیارییە

پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەوەی خۆمان ئۆمفالۆسە» مەبەست لێی ئەوەیە «ئەوەی خۆمان ناوکی زەوییە». **~ج.ھ.**

[167] **بیڵی پیت:** ویلیەم پیت (١٧٥٩-١٨٠٦) سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بووە. **~گ.س.**

[168] **کە فەرەنسییەکان بەسەر دەریاکەوە بوون:** لە هۆنراوەیەکی ئایریی کۆتایی سەدەی هەژدەوە هێنراوە کە دەڵێت:

«فەرەنسییەکان بەسەر دەریاکەوەن، هاتن»
پیرەژنە بەستەزمانەکە وا دەڵێ.
«فەرەنسییەکان بەسەر دەریاکەوەن، هاتن»
پیرەژنە بەستەزمانەکە وا دەڵێ.
«فەرەنسییەکان وا گەیشتنە کەنداوەکە.»
پیرەژنە بەستەزمانەکە وا دەڵێ.
«هەر ئێستا دەگەنە لامان
دەتۆپێنن ئۆرەنجییەکان.»
پیرەژنە بەستەزمانەکە وا دەڵێ.

پێنجەم و شەشەم کۆپلە دەڵێت:

«داخۆ ئایران ئازاد دەبن؟»
پیرەژنە بەستەزمانەکە وا دەڵێ.
«ئایا ئایران ئازاد دەبن؟»
پیرەژنە بەستەزمانەکە وا دەڵێ.
بەڵێ، ئایرلاند ئازاد دەبێ
هەموو وڵات ئازاد دەبێ،
«دەی کەواتە مادەم وایە
هوررا هوررا بۆ ئازادی.»
پیرەژنە بەستەزمانەکە وا دەڵێ.

لە چاپێکی تریدا دەڵێت: «وا بۆنی بەسەر دەریاکەوەیە.» *بۆنی* کورتکراوەی *بۆناپارت*ە، ناسناوی بۆناپارت بووە لای ئینگلەکان. **~گ.س.**

بۆ *ئۆرەنجییەکان*، کە لە هۆنراوەکەدا ناوی هاتووە (بڕوانە ٢: ٧٨) و لە ئەڵقەی دووەمدا زیاتریان لەسەر دەزانین. **~ن.م.**

[169] **ئۆمفالۆس:** (بڕوانە ١: ٧١). **~گ.س.**

[170] **تۆماسی ئەکوینۆیی:** کە هەندێک جار لە کوردیدا بە *تۆماسی ئەکوینی* یان *تۆماس ئەکویناس*یش ناسراوە، مەبەست لێی: سانت تۆماسی ئەکوینۆیە (١٢٢٥-١٢٧٤)، پێی وتراوە «دکتۆری فریشتەیی» یان «دکتۆری خەڵکان»، هاوپۆلەکانیشی پێیان وتووە «گا لاڵەکە». یەزدانناسێکی دۆمینیکایی بووە و یەکێک بووە لە فەیلەسووفەکانی قۆناغی سکۆلاستی. بە تێهەڵکێشانی فەلسەفە بەناوبانگە کە ساڵی ١٨٧٩ بوو بە یەکێک لە دەقە پێویستەکانی خوێندن لە فێرکاری و سیمیناره کاسۆلیکییە ڕۆمییەکاندا. ئامانجی کارەکانی ئەوە بوو کە هەموو فێرکارییەک پوختە بکات و هاوئاهەنگیی باوەڕ و زانست دەربخات. **~گ.س.**

[171] **پەنجا و پێنج بەڵگە:** ئەم دەستەواژەیەی مەڵیگن ئەو گریمانە گەردوونییەی ئەریستۆتێلیسمان بیر دەخاتەوە کە لە پەڕتووکی *میتافیزیک*دا دەڵێت گوایە گەردوون لە پەنجا و نۆ بازنەی هاوچەق دروست بووە: چوار بازنەی گۆڕراوی زەوی و پەنجا و پێنج بازنەی ئاسمانیی نەگۆڕ، هەریەکەیان بە گوڕی بنچینەیی خۆیانەوە (یان هۆی جووڵانیانەوە). جووڵەی سرووشتیی پەنجا و پێنجەمیان بازنەییە و نەگۆڕە. **~گ.س.**

دکتۆر هەنت ئاماژەیەکی تریش بەمە دەدات کە تۆماسی ئەکوینۆیی گەلێک حەزی لە دابەشکردنی باسەکان بووە بۆ بەش و پاشان بەشەکانیش بۆ بەشی تر و بەشی بەشەکانیش بۆ بەشی تر. بە واتای شێوازی کاری خۆی. **~ن.م.**

[172] **گوڵەتووتیا:** بە ئینگلی *primrose*، *گوڵبەهاریشی* پێ دەڵێن، دەوەنێکی کێوییە، بەهاران گوڵێکی زەردی کاڵ دەگرێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[173] **وایلد و دژوازی:** وایلد، ئۆسکار وایلدە، (بڕوانە ١: ٥٥). **دژوازی:** بە ئینگلی *pradox*، هەندێک جار وشە ئینگلیزییەکە خۆیشی بە کار دەهێنرێت کە *پارادۆکس*ە، واتە بارودۆخێک، یان وتەیەک، یان کارێک کە چەندین لایەنی دژیەک و ئاڵۆسکاوی هەبێت. خودی وشەی پارادۆکس وشەیەکی لێکدراوی گریکییە، بە واتای دژڕا دێت، واتە ڕای دژ، یان پێچەوانە. **~ن.م.**

دژوازی یەکێک بووە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سەلیقەی وایلد (بڕوانە ١: ٥٤) بۆ ناسینی نموونەیەک. **~گ.س.**

[174] **گەڕانی یافەت بە دوای باوکێکدا:** ئاماژەیە بە ناونیشانی ڕۆمانێکی کاپتن فرێدریک ماریات کە ساڵی ١٨٣٦ بڵاو کراوەتەوە. ماریات ئەفسەرێکی سوپای دەریایی ئینگل بووە. ڕۆمانەکە باس لە سەربردەی هەتیوێکی بەجێهێڵراو دەکات کە دەیەوێت باوکی بدۆزێتەوە، کە لە کۆتاییشدا دەیدۆزێتەوە دەبینێت کە ئەفسەرێکی ڕووتاڵی ئینگلی پیری بەشگەی هیندستانی خۆرهەڵاتە. هاوکات بە گوێرەی *کتێبی پیرۆز*، یافەت کوڕە بچووکەکەی نوحە لە سێ کوڕەکانی و گوایە بابەگەورەی زۆرێکە لە گەلەکانی جیهان، لەوانە گریکییەکان. **~گ.س.**

[175] **کە تا نێو... دەرپەڕیون:** لە شانۆنامەی *هاملێت*ی شێکسپیردا ئێلسینۆر کۆشکی پاشای دانیمارکە. لە پەردەی یەکەمدا هۆرەیشۆ، کە کەسێتییەکی شانۆکەیە، هاملێت لە مەترسیی شوێنکەوتنی سەهویرەکە ئاگادار دەکاتەوە (بڕوانە ١: ١٠١) بە هاملێت دەڵێت:

**هۆرەیشۆ**: گەورەم، ئەی ئەگەر بەرەو دەریا لاسی دان،
یان بەرەو ترۆپکی ترسناکی ئەو کەندەڵانانەی
کە تا نێو دەریاکە بەسەر بنکەکەیاندا دەرپەڕیون،
ئینجا لەوێ شێوەیەکی تۆقێنەری تری وەرگرت،
کە دەشێت لە باڵادەستیی ئاوەز بێبەشتان بکات و
پەلکێشی نێو شێتیتان بکات؟ بیری لێ بکەنەوە:
هەر شوێنەکە خۆی، بێ پاڵنەری تر،
بووکەڵەی هیوابڕاویی دەخاتە ناو هەر مێشکێکەوە
کە لە قووڵایی زۆری دەریا دەڕوانێت و
لە ژێرەوە نەڕەی دەبیستێت.

(هاملێت ١: ٤، ٧٠-٧٩؛ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[176] **فەرمانڕەواکەی دەریاکان:** وەک گۆرانیی *ئەی بەریتانیا، فەرمانڕەوایی شەپۆلەکان بکە*. بەڵام ئەمە ئاماژەشە بە زاڵێتیی جیهانیی هێزی دەریایی و بازرگانیی بەریتانی لە دەیەکانی پێش ساڵی ١٩١٤دا. هەروەها ئاماژەشە بە *پۆسیدۆن* کە لە ئوستوورەی گریکیدا خودای دەریایە و لە *ئۆدیسە*دا ئۆدیسێفس هەراسان دەکات و لە گەڕانەوەیدا بۆ شاری ئیتاکی ڕێگریی لێ دەکات. **~گ.س.**

[177] **کەشتییە نامەبەرەکە:** (بڕوانە ١: ٣٨). **~گ.س.**

[178] **مەگڵین:** تەنگەیەکە بە کەناری دالکیدا، دالکی دوورگەیەکی بچکۆلەیە بە تەنیشت دەبلنەوەیە، هەروەها ناوی گەڕەکێکی ناو دەبلنیشە، کە لەم ڕۆمانەدا چەندین جار دێتەوە ڕێمان. مەگڵین لە باشووری خۆرهەڵاتی کەنداوی دەبلندایە. ڕووناکییەکەی مەگڵینیش سنووری باشووری خۆرهەڵاتی کەنداوەکە دیاری دەکات. **~گ.س.**

[179] **لە شوێنێکدا... بسازێت:** {ئەوەی ئەمە دەڵێت هاینسە} سەرچاوەکە نەزانراوە، بەڵام ئەم تێبینییەی هاینس لەگەڵ لێکدانەوەکەی ستیفندا زۆر چاک دەگونجێنرێت. {دواتر لە ئەڵقەی نۆیەمدا ستیفن لێکدانەوەکەی دەخاتە ڕوو.} **~گ.س.**

**یەزدانناسی:** بە ئینگلی *Theology*، زۆر جار دیومە لە کوردیدا بە *تیۆلۆگی* و *سیۆلۆگی* و *سیۆلۆجی* و *سیولوجی* و زۆر شێوەی تریش وەرگێڕراوە، هەموو ئەوانە خوازراوی وشە ئینگلییەکەن کە ئەویش وشەیەکی لێکدراوە لە *ثیۆ* بە واتای *خودا* و *لۆگی* یان *لۆجی* بە واتای *زانست* یان *زانین* دێت، کە هەردوو وشەکە لە بنەچەدا گریکین. زۆر جار *لاهوت* و *ئیلاهیات*یشی بۆ خوازراوە. ئەم زانستە زیاتر لە دین و سرووشتی دین دەکۆڵێتەوە و من وشەی *یەزدانناسی*م بۆ بە کار هێناوە.

**یەزدانناس:** بە ئینگلی *Theologue* یان *Theologian*، زۆر جار دیومە لە کوردیدا بە *تیۆلۆگ* و *سیۆلۆگ* و *سیۆلۆج* و *سیولوج* و زۆر شێوەی تریش خوازراوە، وەک زاراوەی پێشوو، ئەمانیش خوازراوی هەمان سەرچاوەن. *یەزدانناس* بکەری *یەزدانناسی*یە. **~ن.م.**

[180] **چیرۆکی من... ماڵئاوا!:** ئەم کۆپلانە، کە ستیفن دواتر بە «هەڵبەستی عیسای گاڵتەچی» ناوی دەنێت، بە هەندێک دەستکارییەوە، لە هۆنراوەیەکی درێژتری ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی خۆیەوە هێنراوە، کە ناونیشانە ڕاستینەکەی *گۆرانیی عیسای ڕووشیرین و کەمێک گاڵتەبازە*، ئەم هۆنراوەیە ساڵی ١٩٠٤ لە ناو ناسیاواندا ژێربەژێر بە دەستنووس یان بە سەرزارەکی بڵاو بووەتەوە. **~گ.س.**

[181] **دایکم جووە:** نەریتی کاسۆلیکی بەردەوام خۆیان بە دوور گرتووە لە جوویی مریەمی پاکیزە تا زیاتر جەخت بکەنەوە کە ڕۆڵی ئەو شابانووی شانشینی ئاسمانە و بەیەکگەیەنەری باوەڕداران و نزاکەرانە بە کوڕەکەی و «شەفاعەت»یان بۆ دەکات تا بە «ئاشتی و ڕزگارکردن» بگەن. ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر ڕۆڵی مریەم بەو شێوەیە ساڵی ١٨٥٤ گەیشتە ئەوپەڕ کاتێک پاپا پایۆسی نۆیەم ئەمەی وەک دۆگما چەسپاند کە مریەم بە بێگەردی لە دایک بووە و هەڵگری گوناهە ماکەکە نییە، ئەمەش پێی دەوترێت «دووگیانیی بێگەرد» (بڕوانە ٥: ٢١٥).**~گ.س.**

[182] **بابم تەیرە:** هێمای باوی «گیانی پیرۆز» لە تابلۆکانی دینی مەسیحیدا کۆترێکە. سەبارەت بە گیانی پیرۆزیش (ڕۆحی پیرۆز) لە *مزگێنی بە پێی نووسینی لۆقا*دا باس لە گفتوگۆی مریەم و جوبرەئیلی سەرۆک فریشتەکان دەکات. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

«[٣٤]بەڵام مریەم بە فریشتەکەی گوت: «ئەمە چۆن دەبێت، کە من هێشتا پاکیزەم؟» [٣٥]فریشتەکە وەڵامی دایەوە: «ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز دەبێتە سایەی سەرت. لەبەر ئەوە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت.» (لۆقا ١: ٣٤-٣٥)

[183] **یوسفی دارتاش:** مێردەکەی مریەمی پاکیزە دارتاش بوو لە شاری ناسیرە. «ئەمە کوڕی دارتاشەکە نییە؟ ئەی دایکی ناوی مریەم نییە؟ یاقوب و یوسف و شیمۆن و یەهوزا برای نین؟» (مەتا ٢: ٥٥) **~گ.س.**

[184] **کە وام کرد ئاو بە شەراب بێ:** بۆ ئاهەنگێکی هاوسەرگیری لە شاری قانا، عیسا لەسەر داوای دایکی، یەکەم پەرجووی خۆی دەکات کە ئاو دەگۆڕێت بە شەراب. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[١]لە ڕۆژی سێیەم لە قانای جەلیل شاییەک هەبوو، دایکی عیساش لەوێ بوو. [٢]عیسا و قوتابییەکانیشی بۆ شاییەکە بانگهێشتکراوبوون. [٣]کاتێک شەراب نەما، دایکی بە عیسای گوت: «شەرابیان نییە!» [٤]عیساش پێی فەرموو: «ژنەکە، چیت لە من دەوێت؟ هێشتا کاتی من نەهاتووە!» [٥]ئینجا دایکی بە خزمەتکارانی گوت: «هەرچییەکتان پێ دەڵێ، بیکەن.» [٦]شەش کوپەی بەردین، لەو جۆرەی کە جولەکەکان بۆ پاککردنەوە بەکاریاندەهێنا، لەوێ دانرابوون، هەریەکەی هەشتا هەتا سەد و بیست لیتریان دەگرت. [٧]جا عیسا پێی فەرموون: «کوپەکان پڕ بکەن لە ئاو.» ئەوانیش کوپەکانیان هەتا سەر پڕکرد. [٨]ئینجا پێی فەرموون: «ئێستا لێی دەربهێنن و بۆ گەورەی شاییەکەی ببەن!» ئەوانیش بردییان. [٩]کاتێک گەورەی شاییەکە تامی ئەو ئاوەی کرد کە ببووە شەراب، سەرچاوەکەی نەدەزانی، بەڵام خزمەتکاران دەیانزانی، ئەوانەی ئاوەکەیان دەرهێنابوو. ئەوسا گەورەی شاییەکە زاوای بانگکرد و [١٠]پێی گوت: «هەموو کەس یەکەم جار شەرابە چاکەکە دادەنێن، کاتێک مەست بوون، ئینجا خراپەکە. بەڵام تۆ هەتا ئێستا شەرابە چاکەکەت هێشتووەتەوە!» [١١]ئەو پەرجووەی عیسا لە قانای جەلیل کردی، یەکەمین

نیشانەی بوو بۆ دەرخستنی شکۆی خۆی، قوتابییەکانیشی باوەڕیان پێی هێنا. (یۆحەنا ٢: ١-١١)

[185] **ئەوەش سروەی کێوی زەیتوون:** کێوی زەیتوون لە خۆرهەڵاتی شاری ئۆرشەلیمە. باخچەی گەتیسمانی، ئەو جێیەی عیسا نوێژی لێ کرد و لە شەوی پێش ڕۆژی لەخاچدانەکەدا دەستبەسەر کرا، لە بەندەنی خۆرئاوای ئەم کێوەوە بوو. بەڵام «سروە»کە ڕەنگە پێشنیاری شوێنی بەرزبوونەوە و گەڕانەوەی عیسا بێت بۆ ئاسمان، کە بە پێی نەریتی دینی مەسیحی لوتکەی کێوەکە بووە. **~گ.س.**

[186] **چاڵی فۆرتیفووت:** جێیەکی مەلەکردنە لە ساندیکۆڤ، بە پێی *ڕێبەری فەرمیی شاری دەبلن* ساڵی ١٩٥٨ «جێیەکی باوە بۆ مەلەکردن (تەنها بۆ پیاوان)». **~گ.س.**

[187] **کڵاوەکەی مێرکوری:** یەکێک لە ئەدگارەکانی مێرکوری (ئێرمیس/هێرمیس) کڵاوێکی لێواردراری پان بووە (بڕوانە ١: ٣). **~گ.س.**

[188] **عیسا:** بە ئینگلی Jesus، کەسێتیی سەرەکی لە دینی مەسیحیدا **عیسای** کوڕی **مریەم**ە. عیسا لای مەسیحییەکان بە *عیسای مەسیح* ناسراوە. *عیسا* ناوی خۆیەتی و *مەسیح* ناسناوەکەیەتی. *مەسیح* بە واتای *دەستنیشانکراو بە چەورکردن* دێت، گوایە عیسا ئەو کەسەیە کە بۆ پاشایەتیی جیهان دەستنیشان کراوە و مرۆڤ لە «**گوناهی ماک**» دەشواتەوە، یان دەسڕێتەوە. باوەڕێکی گشتی هەیە کە هەر لە سەردەمی *پەیمانی کۆن*ەوە لە ناو جووەکاندا بڵاوە، ئەویش ئەوەیە گوایە کەسێتییەک دێت و مرۆڤایەتی لە گوناه ڕزگار دەکات و دەیانشواتەوە و دەستنیشانیان دەکات، ناوی ئەم کەسێتییە نەبراوە، بەڵکو لە ناو مالوومەکانی جوودا بە *مەشییەخ* یان *مەشییەح* بەناوبانگە، وشە عیبرییەکە لەگەڵ عەرەبییەکەیدا هەمان بنجیان هەیە کە بە عەرەبی *اَلْمَسيح*ە.

وشەی عیسا، کە ناوی کەسێتییەکە خۆیەتی، نەک ناسناوەکەی، لە بنچینەدا وشەی عیبریی *یەشوعا*یە، یان *یێشۆع*، کە ناوێکی باو بووە لای جووەکان. دواتر کە پەیامەکانی عیسا بە زمانی گریکی نووسراونەتەوە، وشەی *یەشوعا* بووە بە *ئیسۆس* – *Ιησούς* و ناسناوەکەشی بە گریکی بووە بە *خریستۆس* – *Χριστός* کە هەمان واتای *مەسیح*ی هەیە. *ئیسۆس*ی گریکی چووەتە زمانی لاتینییەوە و بووە بە *ئیێسوس* – *Iesus* و لە لاتینیشەوە چووەتە زمانی ئینگلییەوە و بووە بە *جیزەس* – *Jesus*. ناسناوەکەشی لە *خریستۆس*ی گریکییەوە چووەتە لاتینییەوە و بووە بە *کریستوس* – *Christus*، *کریستوس*یش کە چووەتە ئینگلییەوە بووە بە *کڕایست* – *Christ*، ئێستاش لە زمانی ئینگلیدا بە *عیسای مەسیح*

دەوترێت: *جیزەس کرایست* – *Jesus Christ*، واتە *عیسای دەستنیشانکراو*. دەشێت وشەکە دوای ئەوەی چووەتە زمانی گریکییەوە و بووە بە *ئیسۆس*، ئینجا هاتبێتە زمانی عەرەبییەوە و بووبێت بە *عیسۆس* و دواتر -*ۆس*ەکە، کە پاشگرێکی گریکییە، لێبووبێتەوە و بووبێت بە *عیسە* یان *عیسا*، کە لە *قورئان*دا وا ناوی هاتووە و ئێمەش ئاوها وەرمانگرتووە. من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوانەی بە کوردی بە *مەسیحی* دەڵێن: *کریستیان*، چونکە هەم عیبری و هەم ئارامی، کە زمانی خودی عیسا خۆی بووە، لە خۆمانەوە نزیکترن و لە دینەکەشەوە نزیکترن وەک لە ئینگلی، بنجی وشەکە عیبری و ئارامییە و عیسا خۆی خەڵکی ئەو شوێنەیە کە ئێستا پێی دەڵێین: *ئیسرائیل* و لەوێ لە دایک بووە، بە زمانی ئارامی دوواوە، ئیتر بۆچی ئێمە ناوەکەی لە ئینگلییەوە بخوازین کە ئینگلەکان لە لاتینییان خواستووە و لاتینی لە گریکی و گریکیش لە عیبری، یان ئارامیی خواستووە؟ بۆچی ڕاستەخۆ لە عیبری یان ئارامی خۆی نەخوازین؟ ئەی وەکو ئەو ئەرکە کێشرا و *مەسیحی* کرا بە *کریستیان*، بۆچی ئێجگاری *عیسا*ش نەکرا بە *جیزەس* و *موحەمەد*یش نەکرا بە *موهاماد* و ناوی منیش کە *نەوا*یە نەکرا بە *ناوا* و تەواوی زمانی کوردی نەکرا بە ئینگلی؟ بۆیە من هەمیشە وشەی **مەسیحی**م بە کار هێناوە و بۆ خودی ناوی کەسێتییەکەش هەر **عیسا**م بە کار هێناوە.

سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی عیسا، ئەوەی دوو ڕای تێدا نییە، ئەوەیە کە لە شانشینی یەهودیای سەر بە ئیمپراتۆرێتیی ڕۆم لە دایک بووە، بەڵام لە چ شوێنێکی شانشینی یەهودیا؟ لێرەدا دوو ڕای جیاواز هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە لە شاری ئۆرشەلیم لە دایک بووە، ئەوەی تریان گوایە لە لادێیەکی بچووک لە دایک بووە بە ناوی *ناسیرە*. ئێستانان زۆر جار دەوترێت *عیسای ناسیرەیی* و زۆرێک لە لێکۆڵەرانی کۆکن لەسەر ئەوەی ناسیرە شوێنی ڕاستینەی لەدایکبوونەکەیەتی، نەک ئۆرشەلیم.

عیسا خۆی جوو بووە و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانیشی زۆرتر لەسەر دەقی *پەیمانی کۆن*ن بە ڕاڤە و تێگەیشتنی نوێ. تێڕوانینە نوێخوازەکانی عیسا مالوومە باڵاکانی جووی تووڕە کردووە و دواجار پەرستگای جووەکان، کە پێی دەڵێن: *سەنهەدرین*، تۆمەتباریان کردووە و گیراوە، پاشان دراوەتە دەست ڕۆمییەکان تا دادگایی بکەن. ڕۆمییەکان بە سەرۆکایەتیی پیلاتۆسی پۆنتی، کە گوایە فەرماندەری یەهودیا بووە، دادگاییان کردووە و لە ڕۆژی هەینیدا لە خاچیان داوە و کوشتوویانە. تەمەنی لە نێوان ٣٣-٣٦ ساڵاندا بووە کە کوژراوە. باوەڕی مەسیحییەکان وەهایە کە دوای سێ ڕۆژان و لە یەکشەممەدا زیندوو بووەتەوە و

دواتر بەرز بووەتەوە بۆ ئاسمان و ڕۆژێک دێت دەگەڕێتەوە. هەروەها باوەڕی گشتیی مەسیحییەکانیش وەهایە کە عیسا خۆی دەیزانی دەکوژرێت و خۆی کردووە بە قوربانی لە پێناوی مرۆڤایەتیدا تا لە گوناه بیانشواتەوە، بۆیە هەر کەسێک باوەڕ بە عیسا بهێنێت، ئەو بە ڕزگاریی دەگەیەنێت.

بە تێگەیشتنی ئیسلامی، کە لە ئایەتی ١٥٧ و ١٥٨ی سوورەتی نیسائدا لە *قورئان*دا هاتووە، دەڵێت: «نە لە خاچ دراوە و نە کوژراویشە» بەڵکو «خودا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی». لای دینی ئیسلام عیسا تەنها نێرراوێکی خودایە. جووەکانیش دەڵێن عیسا ئەو مەسیحە نییە کە پێشبینیی هاتنی کراوە و گوایە دێت و مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات، چونکە لە تێڕوانینی جوودا ئەو مەسیحەی کە دێت لە لایەک تەنها لە ژیانی خۆیدا مرۆڤ ڕزگار دەکات، نەک بمرێت، یان زیندوو ببێتەوە، یان بەرز ببێتەوە بۆ ئاسمان و ئینجا دیسان ڕۆژێک لە ئایندەدا بێتەوە بۆ زەوی تا دادپەروەری بچەسپێنێت. لە لایەکی تر، مەسیحە چاوەڕوانکراوەکە سەرکردەیەکی سەربازییە و جەنگاوەرێکی مەزنە و هەموو دوژمنانی ئیسرائیل لە ناو دەبات، کە ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە کە بەسەر عیسادا هاتووە، عیسا نە جەنگاوەر بووە و نە سەرکردەی سوپاش بووە و نە دوژمنەکانیشی لە جەنگدا بەزاندووە، تەنانەت خۆیشی بە دەستی دوژمنەکانی لە خاچ دراوە، کە ئەم جۆرە سزایە لای ڕۆمییەکان بۆ دز و کەسە نزمەکانی کۆمەڵگا دەستنیشان کراوە، واتە بۆیە ڕۆمییەکان عیسایان لە خاچ دا، تا بیکەن بە پەند بۆ خەڵک لەسەر ئەوەی گوایە عیسا *پاشای جووەکان*ە، بۆیە هەوڵیان داوە وەک دز و فێڵبازێک لە بەر چاوی خەڵکدا سووکی بکەن. بەڵام عیسا لای مەسیحییەکان پێگەیەکی گەلێک گرنگی هەیە و کوڕی خودای ئاسمانە. **~ن.م.**

[189] **ئافراندن لە نەبوونەوە:** بە پێی پەیڕەوی نایسیا (*پەیڕەوی یەکگرتوو*، یان *پیشەی باوەڕ*، کە لە یەکەم کۆبوونەوەی نایسیا-ی ساڵی ٣٢٥ پەرەی پێ درا) ئەمە بەشێکە لە هەموو ماسێکی ئاسایی یەکشەممانی کڵێسای کاسۆلیکی، یان دەبێت لە هەر بۆنەیەکی گرنگی دینەکەدا دووبارە بکرێتەوە، بەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت: «باوەڕم بە یەک خودا هەیە، باوکی مەزنمان، ئافرێنەری ئاسمان و زەوی و هەموو شتێکی دیار و نادیار.» **~گ.س.**

[190] **پەرجوو:** نەک تەنها پەرجووی چاککردنەوەی نەخۆش و دەرکردنی «ڕۆحی پیس»، یان زیندووکردنەوەی مردوو کە عیسا کردوونی، بەڵکو دووگیانیی بێگەرد (بڕوانە ٥: ٢١٥) و هەڵستانەوەی عیسا {زیندووبوونەوە دوای مردن} و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان. **~گ.س.**

[191] **خودای تاکەکەسی:** لە زاراوەی یەزداناسیدا، سیانینەکە سێ کەسن، باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز (بڕوانە ١: ١٠١). بەڵام دەربڕینەکەی هاینس وا دیارە جەختکردنەوەیەکی دیاریکراوی پڕۆتستانتییە کە هەر مەسیحییەک دەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودادا هەبێت (بێ هیچ نێوانگرێک)، چونکە خودا مەبەستێکی خودیی لە ئافراندنی هەر گیانێکدا هەیە. **~گ.س.**

[192] **قتووێکی... بریسکایەوە:** ئایرلاند بە *دوورگەی زەمرووت* بەناوبانگە، زەمرووت بەردێکی بەنرخی سەوزە، قتووە زیوینەکەش هێمای ئینگلتەرایە، وەک لەو دێڕەی لە دیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمی شانۆنامەی *ڕیچاردی دووەم*ی شێکسپیردا، جۆن گۆنت دەڵێت: «ئەم دوورگە بەردینە بەنرخە کە لە دەریا زیوینەکەدا خۆی گرتووە...» **~س.ت.م.١**

[193] **بیری ئازاد:** بیرێک کە لە بنچینەکانی پەیامی دینی مەسیحی خۆی ئازاد کردبێت، ئەمەش بیردۆز و پێگەیەکە کە ئاییناس و فەیلەسووفی ئینگلی ئەنتۆنی کۆڵنز (١٦٧٦-١٧٢٩) لە پەڕتووکی *وێژمانی بیری ئازاد*دا (لەندەن، ١٧١٣) زۆر بە پاراوی باسی کردووە. **~گ.س.**

**وێژمان**: بە ئینگلی *discourse*، پەیوەندیی نووسراو یان وتراوی نێوان خەڵکە، بە تایبەتی گفتوگۆی شێلگیرانە لە بارەی مژارێکی دیاریکراوەوە. **~ن.م.**

[194] **هۆگرە گیانییەکەم:** بە پێی *فەرهەنگی ڕازگری (میستیسیزم)* لە نووسینی فڕانک گەینۆر: «گیانێکە گوایە هەمیشە لەگەڵ جادووبازدایە و زۆر جارانیش هاوکاریی دەکات.» **~گ.س.**
هۆگرە گیانییەکەی ستیفن گاڵۆکەکەیەتی. **~ن.م.**

[195] **ئێستاش نانە سوێرەکەی ئەو دەخۆم:** لە *بەهەشت*ی دانتێوە. باپیری باپیری دانتێ *کاچاگویدا* پێشبینیی ڕووداوەکانی ئایندەی ژیانی دانتێ و تاڵاوی دەرکردنەکەی دەکات: «تۆ هەموو شتێکی هەرە ئازیز و گرانبەهات جێدێڵی، ئەمەیش یەکەمین تیرە کەوانی تاوارگە دەیهاوێژێت. ئەوسا تێدەگەیت، نانی خەڵک چەند سوێرە و پلیکانەی خەڵک سەرکەوتن و دابەزینی چەند سەختە! بەڵام ئەوەی باری شانت قورستر دەکات هاوڕێی گەمژە و بەدکار و نیازپیسە کە لەگەڵ ئەواندا دەکەویتە ناو ئەم بەڵایە هەموو بە سپڵەیی و شێتی و بێدینی لە دژی تۆ ڕاستدەبنەوە، بەڵام هەر زوو ئەوان ڕەنگیان سوور هەڵدەگەڕێت، نەک تۆ.» **~گ.س.**

وەرگێڕراوە کوردییەکە هی مامۆستا عەزیز گەردییە. بڕوانە *کۆمیدیا*، نووسینی: دانتێ ئەلیگییێری، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، بەرگی سێیەم: *بەهەشت*، لاپەڕە ٢٣٨ و ٢٣٩. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٥. **~ن.م.**

[196] **دواجار... وا دەبینم:** بەراوردی دێڕەکانی ماڵئاوایی کۆتایی وێرگیلیوس لە دانتێ بکە، کە دوای بەرزەک لە ڕووی گیانەکییەوە پاک بووەتەوە: «ئێستا ئیرادەیەکی ڕاست و پاکت هەیە، ئەگەر ئیلهامی لێ وەرنەگری دەکەویتە هەڵە. ئەوەتا تاجت دەنێمە سەر و داروەکازت دەدەمە دەست.» **~گ.س.**

مامۆستا عەزیز گەردی وشەی *داروەکازی* لە بری *صَولَجان*ی عەرەبی بە کار هێناوە. سەوڵەجان دارێکی زێڕینی نەخشینە، مەتران و ئوسقوف و لە کۆنیشدا پاشاکان، وەک هێمای هێز بە دەستیانەوە گرتوویانە و دەیگرن. داروەکاز لە *هەنبانەبۆرینە*ی مامۆستا هەژاریشدا هەیە کە هاوواتای *قەیسک*ە بە واتای *عَصای* عەرەبی. مامۆستا هەژار خۆی لە *شەرەفنامە*دا تەنها *وەکاز*-ی بە کار هێناوە. ئەگەرچی لە دەقە ماکەکەی دانتێ خۆیدا ئەو وشەیەی بە کار نەهێناوە، بەڵکو هەردوو وشەکانی *تاج* و *مایتری* بە کار هێناوە، مایتر ئەو کڵاوە نووکتیژەیە کە ئوسقوف دەیپۆشێت و لەسەرکردنی ئەم کڵاوەش لە هەزەخی شەشەمدایە (بڕوانە ١: ٩٦) کە پلەبەندیی پیرۆزە و وەک هێمای هێز و دەسەڵاتی نوێی پێبەخشراو لە سەری ئوسقوف دەنرێت. بەڵام لە هەمان سرووتدا سەوڵەجانیش دەدرێتە دەست ئوسقوفەکە و پێم وایە مامۆستا گەردی بۆیە ئەو وشەیەی لەوێدا هێناوەتە وەرگێڕانەکەیەوە. ئەم دەستنیشانکردنەم بە باش زانیوە و منیش لە ئەڵقەکانی دواتری ئەم ڕۆمانەدا *داروەکاز*م لەو خواستووە و لە بری *صَولَجان*ی عەرەبی بە کارم هێناوە. بڕوانە *کۆمیدیا*، نووسینی: دانتێ ئەلیگییێری، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، بەرگی دووەم: *بەرزەک*، لاپەڕە ٣٨٩. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٥. **~ن.م.**

[197] **من خزمەتکاری دوو سەروەرم:** وەرگێڕراوی ناونیشانی شانۆنامەی ئیتالیی *ئیل سێرڤیتۆرێ دی دوێ پاردۆنی – Il servitore di due padroni*یە لە نووسینی کارلۆ گۆلدۆنی (١٧٠٧-١٧٩٣). شانۆنامەکە کۆمیدیایەکی باوی ڕۆمییە کە کچێک خۆی دەکات بە کوڕ. دوو خۆشەویستی یەکتر بە هۆی پەیمانێکی سەرنەکەوتووی هاوسەرگیرییەوە جیا دەبنەوە، خزمەتکارێکیش، کە ناوی *تروفالدینۆ*یە بە واتای *فێڵباز*، کار بۆ دوو سەروەر دەکات. هەروەها ئەمە ئاماژەشە بە وتاری سەر چیاکەی عیسا کە لە مزگێنی *بە پێی نووسینی مەتا*دا دەگێڕرێتەوە. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

«[٢٤]کەس ناتوانێت کۆیلایەتیی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.» (مەتا ٦: ٢٤)

[198] **شایەکی شێت**: پێشتر هەمیشە وشەی *queen*م بە *شاژن* وەرگێڕابوو، بەڵام بۆم دەرکەوت هەموو جارێک بەکارهێنانی *شاژن* لە کوردیدا لە بری *queen*ی ئینگلیدا هەڵەیە، ئەمە بە تایبەتی بۆ هەندێک لەو خانمانە ڕاستە کە لە مێژووی بەریتانیادا شایەکی مێ بوون، وەک ماریی یەکەم (١٥١٦-١٥٥٨) و ئەلیزابێثی یەکەم (١٥٣٣-١٦٠٣) و ڤیکتۆریا (١٨١٩-١٩٠١) و ئێستاش ئەلیزابێثی دووەم (١٩٢٦-٢٠٢٢). بەڵام وشەی *شاژن* هەموو کاتێک هەڵە نییە، خانمانێک هەبوون کە مێردەکانیان شا بوون و ئەوانیش ڕۆڵی ژنی شایان بینیوە، زۆربەی ژنەکانی پاشاکانی مێژووی بەریتانیا بە واتای وشە *شاژن* بوون و کاریان بە پلەی یەکەم ئەوە بووە وەچەی نێر بۆ شا بخەنەوە، بەڵام دەسەڵاتی کارگێڕی و شایەتی لە دەستی مێردەکانیاندا بووە، ئەمانە دەکرێت تەواو *شاژن* بن و هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە. هەموو ژنەکانی هێنریی هەشتەم (١٤٩١-١٥٤٧): کاثرینی ئەرەگۆن، ئان بەلین، جەین سەیمۆر، ئانی کلێڤ، کاثرین هاوەرد، کاثرین پاڕ، هەموویان *شاژن* بوون، هێنریی هەشتەم خۆی دەسەڵاتی ڕەهای پاشایی هەبووە. بەڵام ماریی یەکەم (١٥١٦-١٥٥٨) کە کچی کاثرینی ئەرەگۆن و هێنریی هەشتەم بووە و دوای هێنریی هەشتەم لەسەر تەختی پاشای ئینگلتەرا دانیشتووە، *شاژن* نەبووە، لە ڕاستیدا ماری زۆربەی سەردەمی فەرمانڕەواییەکەیشی هەر شووی نەکردبوو تا *شاژن* بێت. دوای ئەویش ئەلیزابێثی یەکەم (١٥٣٣-١٦٠٣)، کە کچی ئان بەلین و هێنریی هەشتەم بووە، هاتە سەر تەختی ئینگلتەرا، ئەو بە درێژایی هەموو ژیانی شووی نەکرد تا *شاژن* بێت، هەروەها تەواوی دەسەڵاتی ڕەهای پاشایی لە دەستی خۆیدا بوو. بۆیە ئەگەرچی لە زمانی عەرەبی و ئینگلیدا کێشە نابێت هەمیشە وشەی *مَلِکَة* یان *queen* بە کار بهێنرێت، بەڵام لە کوردیدا، بە هۆی سرووشتی زمانەکەوە، هەندێک جار وشەی *شاژن* بەرانبەر هەندێک کەس، وەک ڤیکتۆریا و هەردوو ئەلیزابێثەکە و ماریی یەکەم، هەڵەن. لێرەدا مەبەست لە ڤیکتۆریایە. **~ن.م.**

[199] **کڵێسا**: کڵێسا پەرستگای مەسیحییەکانە. وشەکەمان لە گریکییەوە خواستووە کە *ئێکلیسیا* – *Εκκλησία*یە، بە واتای *کۆبوونەوە*، یان *شوێنی کۆبوونەوە* دێت. مەسیحییەکان

لە کڵێسادا کۆ دەبنەوە و لە پێشیانەوە شوێنێک هەیە پێی دەڵێن: *قوربانگا*: بە ئینگلی *altar*، بە گوێرەی نەریتی دینی جوو و *پەیمانی کۆن*، قوربانگا لە پەرستگادا شوێنێکە قوربانیی لەسەر پێشکەش کراوە. نەریتەکە لە موساوە دەستی پێ کردووە، هەرچەند خەڵکان چوون بۆ پەرستگا، دەبوو قوربانیش لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و پەرستگای جووی پێش سەرەتای یەکەمی هەزارەی یەکەم بەردەوام قوربانیی تێدا کراوە بۆ خودا. بەڵام دواتر کە عیسا هاتووە، کەمێک ئەم نەریتەی کاڵ کردووەتەوە، لە لایەکی تریشەوە لە دوای عیساوە بە چەند ساڵێکی کەم جووەکان چەند ڕاپەڕینێکیان بەسەر دەوڵەتی ڕۆمدا کرد، کە ئەنجامەکەی شکستێکی گەورەی جووەکان بوو. ڕۆمییە سەرکەوتووەکان وا دژایەتیی جووەکانیان کرد کە ماوەیەک دینەکەیانیان قەدەغە کرد و ڕابەرەکانی دینەکەش ناچار بوون قوربانیکردن نەهێڵن و لە بری ئەوە دینپەروەری بچێتە بواری لێکۆڵینەوە لە *تەورات* و پەڕتووکە پیرۆزەکانی جوو. واتە بەرەبەرە دینەکە لە دینێکی کردارەکییەوە بوو بە دینێکی تیۆری. قوربانگا لە *ئینجیلی پیرۆز*ەوە بەم شێوەیە باس کراوە: «لەسەر شێوەی مێزێک بوو، قوربانییان لەسەری پێشکەش دەکرد، گۆشەکانی لای سەرەوەی بە پیرۆزترین شوێن دادەنران.» بەو گۆشانە دەوترێت: *قۆچی قوربانگا*. لە جیهانی کۆندا، ئەگەرچی هێشتا لە هەندێک وڵاتی ئەمڕۆشماندا پاشماوەی ئەم نەریتە ماوە، بەڵام کاتی خۆی هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان دین و وارگێڕیدا نەبووە، دین پەیڕەوکەری وارگێڕی بووە. موسا هەم سەرۆکی دینیی گەلەکەی بووە، هەم سەرۆکی وارگێڕی و سوپا و هەموو شتێک بووە. ئەمە بۆ نیمچەدوورگەی عەرەبی سەردەمی موحەمەدیش ڕاستە، موحەمەد خۆی هەم سەرۆکی دینیی ناوچەکە بووە، هەم فەرماندەی جەنگ و وارگێڕی و بازرگانی و هەموو شتێکی تریش بووە، دوای ئەویش جێنشینەکان بە هەمان شێوە. بەم جۆرە دەسەڵاتە دەوترێت: *ثیۆکراسی* کە لە دوو وشەی گریکی پێکدێت، *ثیۆ* بە واتای *خودا* و *کراسی* بە واتای *دەسەڵات*، ئاوهاش *ثیۆکراسی* واتە *دەسەڵاتی خودا*، یان *دەسەڵاتی خودایی*. ، خۆشبەختانە لە زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهانی ئەمڕۆماندا هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان دین و وارگێڕیدا هەیە، ئەوانەی خەریکی کاری وارگێڕین ئەوە پیشەکەیانە، لە لایەکی ترەوە پێشەوای دینیش هەن، کە دیسان خۆشبەختانە، دەسەڵاتی وارگێڕییان نییە. بۆیە کڵێسا ڕۆژێک لە ڕۆژان جگە لە شوێنی خوداپەرستی، بارەگای وارگێڕیی ناوچەکانیش بووە. **~ن.م.**

[200] **رانێر**: **رانێرەکان**: بە ئینگلی *The Apostles*، عیسا دوازدە قوتابیی هەبووە کە دواتر ناردوونی تا پەیامەکەی بڵاو بکەنەوە. لە *کتێبی پیرۆز*دا ئەم وشەیە بە «نێردراو» یان «نێردراوی عیسای مەسیح» بۆ کوردی وەرگێڕراوە، لە *پەرتووکی پارسا*دا بە «پەیامبەر» وەرگێڕراوە. بۆ نموونە، لە پەڕتووکی *یەکەم کۆرنسۆسی کتێبی پیرۆز*دا دەڵێت:

«لە پۆڵس، بانگکراو لەسەر خواستی خودا، تاکو ببێت بە نێردراوی عیسای مەسیح» (یەکەم کۆرنسۆس ١: ١)

یان لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا دەڵێت:

«[٢]ئەمانەش ناوی دوازدە نێردراوەکەیە: یەکەمین، شیمۆن کە بە پەترۆس ناودەبردرا و ئەندراوسی برای، یاقوبی کوڕی زەبدی و یۆحەنای برای، [٣]فیلیپۆس و بەرتۆلماوس، تۆماس و مەتای باجگر، یاقوبی کوڕی حەلفا و تەداوس، [٤]شیمۆنی کانەوی و یەهوزای ئەسخەریوتی کە عیسای بە گرتن دا.» (مەتا ١٠: ٢-٤)

زۆر جار لە کوردیدا وشە عەرەبییەکەیان بۆ بە کار دەهێنرێت کە *الحواريُّون* یان *الحَوَاريُّ*ن. هەندێک جار تەنها دەوترێت: *قوتابییەکانی عیسا* بەڵام ئەمە بە تەواوی ڕاست نییە، چونکە ئەگەرچی ڕاستە سەرەتا ئەم دوازدە کەسە قوتابی، یان مریدی عیسا بوون، بەڵام دواتر عیسا ئەم مریدانە ڕادەسپێرێت پەیامەکەی بڵاو بکەنەوە و ئیتر بە قوتابی دانانرێن. ئەمە جگە لەوەی دوای عیسا خۆی هەندێک کەسی گرنگی تر دێنە سەر باوەڕی مەسیحی کە خۆیان لە ژیانیاندا قوتابیی عیسا نەبوون، بەڵام پایەیەکی گرنگی بڵاوبوونەوەی دینەکەن، وەک پۆڵس: پۆڵس یەکێکە لە گرنگترین کەسێتییەکانی دینی مەسیحی و نیوە زیاتری هۆی بڵاوبوونەوەی دینی مەسیحی بە هۆی ئەم پیاوەوە بووە. تەنانەت لە ٢٧ پەڕتووکەکەی *پەیمانی نوێ*دا، سێزدەیان نامەی پۆڵسن، کە باوەڕی گشتی وایە پۆڵس خۆی نووسیونی، ئەگەرچی هەندێک لە لێکۆڵەرانی *پەیمانی نوێ*، وەک بارت ئێهرمان، پێیان وایە هەموو ئەم نامانە پۆڵس نەینووسون، بەڵکو هەندێکیان دراونەتە پاڵ ئەو، بەڵام هەندێکیان بێگومان ئەو نووسیونی. پۆڵس ئەگەرچی هەرگیز قوتابیی عیسا نەبووە، بەڵام یەکێکە لە «نێردراو»ەکانی عیسا. بۆیە لەم شوێنانەدا دەردەکەوێت کە نەبوونی وشەیەک لە زمانی کوردیدا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە کەسە لە یەکتر وا دەکات سەرمان لێ تێکبچێت. هەم دوازدە قوتابییە ڕاستینەکەی عیسا و هەم پۆڵس خۆی لە دینی مەسیحیدا بایی ئەوەندە گرنگییان هەیە کە لە زمانی کوردیدا وشەیەکیان پێ ڕەوا ببینرێت. تەنانەت هەندێک لە شوێن و شارە هەرە گەورەکانی جیهان لە ئەمڕۆماندا بە ناوی ئەم

کەسێتییانەوە ناو نراون: شاری *سانت پیتەربورگ*ی ڕووسیا بە ناوی *پەترۆس*ی قوتابیی عیساوە ناو نراوە؛ یاریگای هەرە بەناوبانگی یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی کە ناوی *سانتیاگۆ بێرنابێ*یویە، بە ناوی *سانت یاگۆ*وە ناو نراوە، سانت یاگۆ سانت یاقوبە، یاقوبی زەبدی، کە یەکێک بووە لە قوتابییەکانی عیسا، وەک لە دەقەکەی *مەتا*دا لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا.

من وشەی «ڕانێر»م لێکداوە، لە وشەی *ڕا*، بە واتای *پەیام* یان دەنگ یان بانگ و وشەی *نێر* کە ڕەگی کرداری ناردنە، پێکمناوە. وشەی *قوتابی*شم بە کار نەهێناوە، بەڵکو وشەی *مرید*م لە بری بە کار هێناوە. لە زمانی ئینگلیشدا دوو زاراوەی جیایان هەیە کە لە پەیامبەر و نێرراوی تر جودایان دەکاتەوە، قوتابی یان مریدەکە *دیسایپڵ* – *Disciple*ە و ڕانێر یان «نێردراو»ەکە *ئەپۆسڵ* – *Apostle*ە. پۆڵس *دیسایپڵ* یان بە کوردی: *مرید* نەبووە، بەڵکو *ئەپۆسڵ* بووە، واتە بە کوردی: *ڕانێر* بووە. بەڵام یەهوزای ئەسخەریوتی، کە بە گوێرەی هەر چوار مزگێنییەکان بەپێی *مەتا* و *مەرقۆس* و *لۆقا* و *یۆحەنا* ئەو قوتابییەی عیسا بووە کە خیانەتی لە عیسا کردووە و بە گرتی داوە و دواتریش خۆی هەڵواسیوە و خۆی کوشتووە، *دیسایپڵ* بووە، واتە مرید بووە، بەڵام *ئەپۆسڵ* نەبووە، واتە *ڕانێر* نەبووە. ئاوهاش وشەکانی مرید و ڕانێر لە یەک جودان. بە گوێرەی دینە ئیبراهیمییەکان، پێغەمبەرەکانی وەک موحەمەد، داود، موسا، یاقوب، یوسف، نێرراوی خودا بوون، واتە لە ئاسمانەوە لە ڕێی فریشتەوە، یان هەندێک جار ڕاستەوخۆ لە خودا خۆیەوە پەیامی خودای ئاسمانیان بۆ هاتووە. بەڵام پۆڵس و پەترۆس و یاقوبی زەبدی نێرراوی عیسا بوون، کە بە گوێرەی دینی ئیسلام و جوو عیسا خۆی خودا نەبووە، بەڵکو نێرراوی خودا بووە. ئەگەرچی نێرراوی نێرراویش هەر لە ڕاستیدا هەر کەسێکە لە ڕووی تەکنیکییەوە نێرراوە، بەڵام پێویستمان بە وشەی جیاواز هەیە بۆیان. بۆیە ئەگەر عیسا خودا بووبێت یان نا، ئەوا نێرراوەکانی ئەو ناوی تریان هەیە کە لە نێرراوی تر جیایان دەکاتەوە، ئەمە لە زمانی ئینگلیدا ڕاستە و من وام کرد لە کوردیشدا ڕاست بێت. سەبارەت بەو «د»ەی ناو وشەی «نێردراو» کە من بە کاری ناهێنم و پێم وایە وشەی «نێردراو» هەڵەیە و ڕاستەکە «نێرراو»ە، (بڕوانە ١: ١١٦).

لە چەندین شوێنی ڕۆمانی *ئولیس*دا باسی نێرراوەکانی عیسا دەکات، لەبەر ئەوەی منیش هەر لە سەرەتاوە وا بڕیارم داوە وەرگێڕانەکەم پڕ نەکەم لە وشەی بێگانە، ئەوا دەبوو ئەم وشەیە وەربگێڕم و خوازەی عەرەبی بە کار نەهێنم. **~ن.م.**

[201] **ئێت ئونام... ئێکلێسزیام:** بە لاتینی: *et unam sanctam catholicam et apostolicam ecclesiam*. واتە: «هەروەها بە یەک کڵێسای کاسۆلیکی و ڕانێریی پیرۆز». ئەم دەستەواژەیە لە بەشی کۆتایی پەیڕەوی نایسیادایە کە هەوڵێک بوو بۆ چارەکردنی لێکدانەوە و مشتومڕە دینییەکەی ئاریوسیزم (بڕوانە ١: ٢١٠). ستیفن لەم چەند دێڕەی دواتردا بیر لە هەندێک لە مشتومڕەکانی دینی مەسیحی دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی باس لە سرووشتی سیانینەکە و هاوکرۆکبوونی کوڕەکە و باوکەکە دەکات (بڕوانە ١: ٢٠٤). **~گ.س.**

[202] **دۆگما:** بە ئینگلی *dogma*، بڕیارێکی چەسپێنراوی دینییە، پاپا دەریدەکات. ئەو پێشنیارەی بڕیارەکە دەیکات بەسەر باوەڕدارەکانی ئەو دینەدا دەچەسپێنرێت. **~ن.م.**

[203] **کیمیایەکی ئەستێرەکانە:** لێکۆڵینەوەی کیمیاگەری و هۆنراوە دوو بوار بوون کە گەلێک لە تیۆسۆفیستەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست پێی سەرسام بوون، لەوانە ویلیەم بەتڵەر یەیتس (بڕوانە ١: ٨٤). لە پەڕتووکی *کلیلی تیۆسۆفی* (لەندەن، ١٨٩٣)، هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی (بڕوانە ٧: ٣٦٥) *کیمیاگەریی کاباڵی*ی وەلا ناوە و لە بری ئەو کیمیاگەریی پێوارناسیی بە باش زانیوە، چونکە کیمیاگەریی کاباڵی تەنها مامەڵە لەگەڵ شتی ماددیی پەتییدا دەکات بۆ ئەوەی کانزای بێبەها بگۆڕێت بە زێڕ. بەڵام کیمیاگەریی پێوارناسی زێڕی زەوی ڕەت دەکاتەوە و تەواوی تیشکۆ و سەرنجی خۆی دەخاتە سەر هەوڵەکانی خۆی بۆ چوارینە کیمیاییە بێبەهاترەکە {کە لەم چوارینە کیمیاییەدا دۆخی ڕاستینەی بوونی مرۆڤایەتیی تێدایە} بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە بۆ سیانینەی پیرۆزی ئاسمانی {گیانەکی، ئاوەزی و دۆخی بەرجەستەیی}ی مرۆڤ، کە کاتێک لە کۆتاییدا تێکەڵ دەکرێن، دەبن بە یەک. **~گ.س.**

[204] **هێمای ڕانێران:** {بۆ *ڕانێر* (بڕوانە ١: ٢٠٠)} پەیڕەوی ڕانێرەکان، یان هێمای ڕانێرەکان، پەیڕەوێکی سەردەمی سەرەتای دینی مەسیحییە، لە ماسدا دەخوێنرێت و بۆیە وەهای پێ دەوترێت، چونکە هەر یەکێک لە دوازدە بڕگەکەی ئەم خوێندنە، بە پێی نەریتی باو، تایبەت کراوە بە یەکێک لە ڕانێرەکانەوە. بەم شێوەیە: «١. پەترۆس. باوەڕمان بە خودای باوک و هەرە بەتوانا هەیە کە ئافرێنەری ئاسمان و زەوییە. ٢. یۆحەنا. باوەڕمان بە عیسای مەسیحیش هەیە، کە تاکە کوڕی باوکەکەیە و پاشا و گەورەی ئێمەیە. ٣. یاقوبی کوڕی زەبدی (گەورە). کە بە توانای گیانی پیرۆز لە مریەمی پاکیزە لە دایک بووە. ٤. ئەندراوس. کە لە ژێر دەستی پیلاتۆسی پۆنتیدا ئازاری چەشتووە و لە خاچ دراوە و کوژراوە و نێژراوە.

٥. فیلیپۆس. دابەزییە خوار بۆ دۆزەخ. ٦. تۆماس. لە سێیەم ڕۆژدا دیسان لە مردن هەڵستایەوە. ٧. یاقوبی کوڕی حەلفا. بەرز بووەوە بۆ ئاسمان و لە لای دەستی ڕاستی خودای باوک و هەرە بەتوانا دانیشت. ٨. مەتای باجگر. لەوێشەوە دێتەوە بۆ دادگاییکردنی مردووان. ٩. بەرتۆلماوس. من باوەڕم بە گیانی پیرۆزە. ١٠. شیمۆنی کانەوی. هەروەها باوەڕم بە یەک کڵێسای کاسۆلیکی و ڕانێریی پیرۆزە. ١١. مەتیاس. باوەڕم بە لێخۆشبوونی تاوانە. ١٢. تەداوس. باوەڕیشم بە زیندووبوونەوەی لەش و ژیانی تاتایی دوای مردن هەیە.» **~گ.س.**

[205] **ماسی پاپا مارسێلۆس:** پاپا مارسێلۆسی دووەم (١٥٠١-١٥٥٥) ساڵی ١٥٥٥ تەنها بیست و دوو ڕۆژ دوای تاجلەسەرنانی وەک پاپا ژیا. موزیکدانەری ئیتالی جۆڤانی پییرلویجی دا پالێسترینا (١٥٢٥-١٥٩٤) موزیکی ماسێکی بۆی داناوە بە ناوی *میسا پاپای مارچێللی*، واتە *ماسی پاپا مارسێلۆس* کە یەکەم جار لە ٢٧ی نیسانی ١٥٦٥دا نمایش کرا. بەشی *کرێدۆ* لە ماسەکەدا هاوتەریبە لەگەڵ کاتی پەیڕەوی ڕانێرەکان {بڕوانە ڕاڤەی پێشوو}. لە سایەی هاندان و بەخشندەیی *ئێدوارد مارتین*ەوە لە ١٨٩٠کانی دەبلندا خولیایەکی بەرچاو بۆ ژیاندنەوەی کارەکانی پالێسترینا و هاوسەردەمەکانی هەبوو. ساڵی ١٨٩٨ بۆ یەکەم جار *ماسی پاپا مارسێلۆس* لە دەبلن لە کڵێسای سانت تێرێزا نمایش کرا. **~گ.س.**

بۆ ناسینی *کرێدۆ* و بەشەکانی تری موزیکی ماس (بڕوانە ٥: ٢٠٣). **~ن.م.**

[206] **سەرۆکجیاگرەکانی**: **جیاگر**: بە ئینگلی *heretic*؛ **سەرۆکجیاگر**: بە ئینگلی *heresiarch*: بە درێژایی مێژووی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمیی ڕێکخراو، گەلێک پەیڕەویان بە دوژمنی «ڕێی ڕاست»ی خۆیان زانیوە، ئەوانەی بە دوژمنی *ڕێ ڕاستەکە*ی خۆیانیان زانیوە بە ئینگلی پێیان وتوون: *هێرەتیک heretic*، کە من بە **جیاگر** وەرمگێڕاوە. *جیاگر*، واتە کەسێک لە پەیڕەوی ڕاستی دینێک لادەدات و دوای بیروباوەڕی چەوت دەکەوێت، بە سەرۆکی ئەم کۆمەڵەش دەوترێت **سەرۆکجیاگر**: بە ئینگلی *heresiarch*. بیروباوەڕە دینییەکەش کە لەم ڕۆمانەدا تاووتوێ دەکرێت: پەیڕەوی کاسۆلیکی دینی مەسیحییە. لە مێژووی کاسۆلیکدا ئەوانەی بە جیاگری تۆمەتبار کراون، ئێجگار زۆرن و وشەی جیاگر بووە بە چەتری سەدان تاوان دژی مرۆڤایەتی و بەم پاساوەوە کۆتایی بە ژیانی گەلێک لە خەڵکان هێنراوە، بۆیە شیاوە لە زمانی کوردیدا ناوێکمان بۆ ئەمانە هەبێت. ئێمە تا ئێستاش هەر بە «بێباوەڕان» وەرمانگێڕاوە، تەنانەت مامۆستا عەزیز گەردییش لە *کۆمیدیا*ی دانتێدا (دۆزەخ ٩: ١٢٧) هەر بە «بێباوەڕ» وەریگێڕاوە، کە ئەو وشەیەی ئەو دێرە بە گوێرەی ئەم

وەرگێڕانەی من *سەرۆکجیاگرە*. هەندێک جار لە فارسی و عەرەبیدا بە «هەرتەقە» وەردەگێڕرێت، کە لە *هێرەتیک* – *heretic*یان خواستووە، کە ئەمەیان باشترە. وەک ئاماژەی پێ درا، من *جیاگر*م بە کار هێناوە و بە خودی کارەکەش دەوترێت *جیاگری*: بە ئینگلی *هێرەسی heresy*. بەڵام وەرگێڕانی جیاگر بە «بێباوەڕ» کێشەیەکی گەورەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی جیاگری تەنها بێباوەڕی نییە و لە چەمکی *بێباوەڕ* جیاوازترە. ئەو واتا گشتییەی وشەی *بێباوەڕ* دەیدات ئەوەیە کە کەسێکە بە هیچ شێوەیەک باوەڕی نەبێت، ئیتر سەرچاوەی باوەڕەکە هەر دینێک بێت. بەڵام *جیاگر* کەسێکە کە لە ناو خودی دینێک خۆیدا ڕێیەک دەگرێت کە لە *ڕێ ڕاستە چەسپێنراوەکەی* دینەکە جودایە. لە ئیسلامدا «بیدعەچی» دەستنیشان کراون، بۆ نموونە سونییەکان شیعەکان بە جیاگر تاوانبار دەکەن. مەسیحییەکان، بە تایبەت کاسۆلیکەکان، پڕۆتستانتەکان بە جیاگر تاوانبار دەکەن و ئەم ململانێیەش لە ئەوروپا بە هەزاران خەڵکی لەسەر کوژراوە. هەندێک لە ئیسلامییەکان وشەی «لادەر» بە کار دەهێنن، کە لام خراپ نییە، بەڵام من خۆم *جیاگر*م دەستنیشان کرد کە دەشێت تایبەت بکرێت بە دینی مەسیحی، ئیسلامییەکانیش دەتوانن *لادەر* بۆ ئیسلام بە کار بهێنن. ئێجگار گرنگە لە یەزدانناسیدا ئەم وشەیە پێناسە بکرێت. دەشێت لە تێڕوانینێکی تەسکی کاسۆلیکێکەوە، هەموو کەسێک کە دەقاودەق باوەڕی وەک کاسۆلیکێک نەبێت بە *بێباوەڕ* پێناسە بکرێت، یان بە هەمان شێوە سونییەکی توندڕەوی ئیسلامی پێی وا بێت هەر کەس شمشێروەشێن نەبێت ئیتر بێباوەڕە. بەڵام ناکرێت زمان لە دیدێکی وەها تەسکەوە تەماشا بکرێت و بانگەشەی ڕەشوسپێتیی جیهان بکرێت، ئەوەی ڕەش نەبوو سپی بێت و ئەوەی سپی نەبوو ڕەش بێت. دەشێت جیاگر باوەڕێکی پتەوی بە خودا هەبێت، بەڵام هاوڕا نەبێت لەگەڵ باوەڕە چەسپاوەکەی ئەو شوێنەی ئەوی لێیە. لە ئەڵقەی یەکەمی ئەم ڕۆمانەدا ناوی چەندین کەس دێت کە هەموویان باوەڕدارن، بەڵام لەگەڵ کاسۆلیکەکاندا هاوڕا نین و بە تۆمەتی جیاگری تاوانبار کراون. ~ن.م.

[207] **لە پشت... هەرەشەی لێیان کردووە:** «فریشتە وریاکەی کڵێسای سەربازی» میکائیلی سەرۆکفریشتەیە، کە کڵێسای مەسیحی لە هەوڵەکانیاندا بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی بیری جیاگرە پڕۆتستانتییەکان لە سەدەی شازدەیەمدا پەنایان پێی دەبرد. ئەم هەوڵانە لە ئاکامدا بە *کۆبوونەوەی ترێنت* – *Council of Trent* گەیشت کە لە ١٥٤٥ تا ١٥٦٣ درێژەی کێشا، تەنانەت ڕەخنەی توندیشی لە خۆ گرت لە دژی «هەموو موزیکێک کە

هەر شتێکی ئارەزووبزوێن یان ناپاراوی تێدا تێکەڵ کرابێت.» پاکخوازەکانی ئەم کۆبوونەوەیە *Purist* دەیانوت کە ئەم دەستووره جگە لە گۆرانیی بێ موزیک و **سروودە گریگۆرییەکان**، هەموو موزیکێکی تری قەدەغە کردووە. کاتێک پاپا جولیۆسی سێیەم کە لە ١٥٥١ تا ١٥٥٥ پاپا بوو، ساڵی ١٥٥٢ پالێسترینای بە بەڕێوەبەری *کاپێلا جولیانا* {بە واتای *کۆڕی سروودخوێنانی جولیۆسی*} دانا، ڕاستەوخۆ بەرپەرچی پاکخوازەکانی دەدایەوە و پێشنیاری موزیکی «نوێ»ی فرەدەنگیی دەکرد لە بەرانبەر سروودە تاکدەنگە گریگۆرییەکاندا. دوای مردنی جولیۆس، پاپا مارسێلۆسی دووەم لە پشتگرتنی پالێسترینا بەردەوام بوو. بەڵام پاپای پاکخواز، پاپا پۆڵسی چوارەم، کە لە ١٥٥٥دا بوو بە پاپا، پالێسترینای دەرکرد. ساڵی ١٥٦٤ پاپایەکی موزیکخوازی تر، پاپا پایۆسی چوارەم، داوای لە پالێسترینا کرد ماسێکی فرەدەنگی دابنێت کە هیچ «ناپاکی»یەکی تێدا نەبێت {ناپاکی: بە ئینگلی *impurity*، چەمکێکی سەر بە کڵێسای کاسۆلیکییە، بە گوێرەی کات واتاکەی گۆڕاوە، بە گشتی بەو موزیکانەیان وتووە کە ئامێری موزیکیان تیدایە، یان بۆ بابەتی دونیایی دانراون} واتە و ئاوهاش دەتوانێت پیوریتانەکان {پیوریتان: پاکخواز} بێدەنگ بکات. *میسا پاپای مارچێللی* ئەو ماسە بوو، نمایشەکەشی وای کرد کە موزیکی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) بچەسپێت و پالێستریناشی وەک «دەنگی کڵێسا» ناساند. **~گ.س.**

**سروودە گریگۆرییەکان**: بە ئینگلی *Gregorian chant*، کۆمەڵێک سروودی دینی و نزای لاتینی و گریکی بوون، بە تاکدەنگی و بێ هاوشانیکردنی ئامێری موزیک لە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمیدا دەبێژران. بۆیە پێی دەڵێن:*گریگۆری* چونکە گوایە پاپا گریگۆریی یەکەم (٥٤٠-٦٠٤) دایهێناوە، کە لە ڕاستیدا دەشێت ئەو تەنها پێشنیاری کردبێت و هانی دابێت بەو جۆر و شێوەیە بێت کە ئەو پەسەندی کردووە.

**پیوریتان**: بە ئینگلی Puritans، کۆمەڵەیەکی پرۆتستانتی ئینگلیی سەدەی شازدە و حەڤدەی زاینی بوون، لەسەر پەیڕەوێکی زۆر توندی دینی دەڕۆیشتن و تا ڕادەیەک پەڕگیر بوون، وشە ئینگلییەکە لەسەر پیور *pure* دانراوە، بە واتای پاک یان پوخت. **~ن.م.**

[208] **مایتر**: بە ئینگلی *mitre*، تاجێکی بە نەخش ڕازاوەی نووکتیژە، لە پشتیەوە دوو پارچە قوماش لێوەی درێژ بووەتەوە. ئوسقوفی مەتران لە سەری دەکات. وشەکە لە بنەچەدا گریکییە و بە واتای مێزەر دێت. **~ن.م.**

[209] **فۆتیوس:** (٨٢٠-٨٩١) ساڵی ٨٥٧ سەرەڕای پەسەندنەکردنی پاپا، لە گەرمەی ململانێیەکی وارگێڕی و دینیدا، وەک پاتریارکی کۆنستەنتینۆپڵ دەستنیشان کرا. ساڵی ٨٦٣

له کڵێسا بێبەری کرا و له ئەنجامی ئەمەشدا ئەمیش ساڵی ٨٦٧ کۆبوونەوەیەکی له کۆنستەنتینۆپڵ گێڕا و پاپا و لایەنگرەکانی له کڵێسا بێبەری کرد. دواتر فۆتیوس بۆ کڵێسا گەڕێنرایەوە، بەڵام دیسان بێبەری کرایەوە. کڵێسای ڕۆمی ئەویان بە «بەدترین دوژمن» پێناسە کردووە، چونکە ئەو دووبەرەکییەی ئەو له خۆرهەڵاتدا نایەوە، دواجار بووە هۆی جیابوونەوەی ئۆرتۆدۆکسەکانی خۆرهەڵات له کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمی. **~گ.س.**

[210] **نەوەی گاڵتەجاڕەکان:** ئەوانەی دژایەتیی چەمکی سرووشتی سیانینە پیرۆزەکە دەکەن (بڕوانە ١: ١٠١). مەبەست له «دژایەتییەکەی فۆتیوس» ئەوەیە کە فۆتیوس بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە گیانی پیرۆز له «باوک و کوڕەکە»وە نەهاتووە، بەڵکو تەنها له «باوک»ەکەوە هاتووە. **~گ.س.**

[211] **ئاریوس:** (٢٥٦-٣٣٦)، جیاگری، یان بیدعەکەی ئەم ئەوە بوو کە فێرکارییەکانی بە شێوەیەک بوون کە «وشەکە» (لۆگۆس/عیسا) (بڕوانە یەکەم بەشی *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*) هەروەها (بڕوانە ٩: ٣٨) یەکەم ئافرێنراوی خودا بووە، سەرەتا خودا عیسای له نەبوونەوە هێناوەتە بوون له هیچ شتێکەوە ئافراندوویەتی، پاشان عیسا گیانی پیرۆزی ئافراندووە و پاشان گیانی پیرۆز جیهانی ئێمەی ئافراندووە. ئاوهاش عیسا یەکەم ئافرێنراوی خودایە و پلەی ئەو له خودا نزمترە، گیانی پیرۆزیش، بەو پێیەی کە عیسا خۆی ئافراندوویەتی، پلەی له عیسا نزمترە. له یەکەم کۆبوونەوەی نایسیادا ساڵی ٣٢٥ ئاریوسیان بە تۆمەتی جیاگری بە نەفرەت کرد و زاراوەی «هاوکرۆکی»یان له دژی بۆچوونەکانی ئاریوس بە کار هێنا تا جەخت لەسەر یەکسانیی سێ کەسێتییەکەی سیانینەکە بکەنەوە. **~گ.س.**

**وشەکە:** له زمانی گریکیدا پێی دەوترێت *لۆگۆس* کە واتایەکی فراوانی هەیە، زۆرتر بە واتای *دانایی خودا* یان *پەیامی خودا* یان *ئامێری خودایە بۆ بەدیهێنان و ڕزگارکردنی جیهان*.

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

١له سەرەتادا، وشەکە هەبوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکە خۆی خودا بوو. ٢ئەو له سەرەتاوە لەلای خودا بوو. ٣هەموو شتێک بەو بەدیهاتووە، بێ ئەو هیچ شتێک بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون. ٤وشەکە سەرچاوەی ژیان بوو، ژیانەکەش ڕووناکی مرۆڤ بوو، ٥ڕووناکییەکەش له تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە بەسەریدا زاڵ نەبووە. (یۆحەنا ١: ١-٥)

[212] **هاوکرۆکیی کوڕ و باوکەکە:** (بڕوانە ١: ١٠١). **~ن.م.**

[213] **ڤالەنتینۆس:** (١٠٠-١٦٠)، گنۆسییەکی میسری بوو کە ساڵانی ١٣٥ تا ١٦٠ لە ڕۆما ئامۆژگاری و فێرکاریی خۆی بڵاو دەکردەوە. جیاگرییەکەی ئەم ئەوە بوو کە وا پێشنیاری دەکرد کە **دێمیورگ**، کە ئافرێنەری جیهانی ماددی بووە، یەکێک نییە لە سیانینەکە، بەڵکو شەیتانێکە و دوورە لە خودای پەیپێنەبراوەوە. ئاوهاش، جیهانی ماددی و ئافرێنەرەکەی بە دژی گیان دادەنرێت و هەموو مرۆڤێکیش پێکهاتەی جیاوازی گیان و مادەن. خودا عیسای ناردووە تا مرۆڤ بۆ گنۆسیزم یان زانینی پاراو پێشڕەوی بکات، کە ئەمەش شتێکی گیانەکییە و مرۆڤ دەگوێزێتەوە بۆ شانشینی ڕووناکی و یارمەتیی دەدات لە جیهانی ماددی ڕزگاری ببێت، کە جیهانی تاریکییە و هەر لە سەرەتاشەوە وا دانراوە کە هەمیشە تاریک بمێنێتەوە. ڤالەنتینۆس دەیوت کە عیسا جەستەی زەمینیی نییە و تەنها گیانێکی پاراو بووە. **~گ.س.**

**گنۆسیزم و گنۆستی**، لە *گنۆستیکۆس*ی گریکییەوە هاتووە بە واتای *زانین*. بنجی وشەی *گنۆس*ی گریکی و *ناسین*ی کوردی یەکن. پەیڕەوکەرانی ئەم باوەڕە پێیان وا بووە هەموو شتێکی ماددی خراپە و تەنها شتی واتایی و گیانی، وەک «زانین» باشە. بۆیە ئەو خودایەی جیهانێکی ماددی وەک ئەوەی ئێمەی ئافراندووە، دیارە خودایەکی خراپە و لەم تێڕوانینەشەوە، خودا نییە، بەڵکو شەیتانە، یان بە وشەیەکی تر *دێمیورگ*ە. بە باوەڕی گنۆسییەکان، ئەو خودا واتایی و گیانییەی عیسای ناردووە کەس ناتوانێت پەیی پێ ببات، جگە لە کەسانێکی کەم نەبێت کە لە ڕێی زانینەوە پێی دەگەن و ئاوهاش ناوی باوەڕەکەیان بە *گنۆسی - زانینگەر* هاتووە. پێیان وایە خودای ڕاستینە بە هیچ شێوەیەک ماددی نییە و تەنها گیانییە و ناویان ناوە: *خودای پەیپێنەبراو*. گوایە ئەو عیسای ناردووە، نەک ئافرێنەری جیهانی ماددی، کە پێی دەڵێن: *دێمیورگ*. عیساش مادەم لای ئەوەوە هاتووە، نابێت جەستەیەکی ماددی هەبووبێت و دەبێت تەنها گیان بووبێت. لە پەیڕەوی باوی کاسۆلیکی مەسیحیدا، باوکەکە جیهانی دروست کردووە و خودای هەرە گەورەیە و لەگەڵ عیسا و گیانە پیرۆزەکەدا هاوکرۆکە. بۆیە ئەم فێرکارییە ڕاستەوخۆ دژی سیانینە پیرۆزەکەیە و تێدەگەین بۆچی کاسۆلیکەکان ئەوەندە دژی گنۆسییەکان بوون. **~ن.م.**

[214] **سابێلیوس:** (لە سەدەی سێیەمدا ژیاوە): جیاگرییەکەی ئەوە بوو کە پێی وا بوو هەر سێ ناوەکانی «باوک» و «کوڕ» و «گیانی پیرۆز» سێ هاوناو بوون بۆ هەمان شت، (یان سێ ڕەهەند، یان دۆخی جیاوازی یەک شت بوون). **~گ.س.**

[215] **بێگانەکە:** دەربڕینێکی ئایرییە بە واتای *ئینگل*، *داگیرکەر و زۆردارەکان*. **~گ.س.**

[216] **گاڵتەجاڕیی پووچ:** دەشێت لاسایی دێڕێکی مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا بێت «بەڵام پێتان دەڵێم: هەر وشەیەکی پووچ کە خەڵک پێی دەدوێت، لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا حیسابی خۆی هەیە.» (مەتا ١٢: ٣٦). **~س.ت.م.١**

[217] **مایەپووچی... با دەتەنن:** لە دوو سەرچاوە دەچێت، یەکەمیان لە *کتێبی پیرۆز*دا: «کارگەران لە کەتانی ئامادەکراو بێئومێد دەبن، جۆڵاکانیش ڕوو زەرد دەبن.» (ئیشایا ١٩: ٩). دووەمیان: لە گۆرانییەکی شانۆنامەی *کەیسی یاساکەی شەیتان* دەچێت لە نووسینی جۆن وێبستەر (١٥٨٠-١٦٢٥)، دەڵێت: «خواستی بەرزی هەر پاشایەک بێهوودەیە، ئەگەر بە دوای شتی مردوو و تاڵانیی سەرکەوتنەوە بێت، تا ناوێکی زیندوو بۆ خۆی لە دوای خۆی بە جێ بهێڵێت، وەک وایە بۆ گرتنی با تۆڕ بچنیت و هەڵیبخەیت.» **~گ.س.**

[218] **میکائیل:** سەرۆکفریشتە، کە بە هێمای کڵێسای سەربازی دادەنرێت (بڕوانە ١: ٢٠٧) **~گ.س.**

[219] **زوت! نۆم دو دیۆ!:** بە فەڕەنسی *Zut! Nom de Dieu!*: واتە «ئەی نەفرەت! بە ناوی خودا!» **~گ.س.**

[220] **ژێر دەستی جووە ئەڵمانییەکانیشەوە:** بڕوانە باسی ناملیکەکەی ڤیلهێلم مار *سەرکەوتنی جوو بەسەر ئەڵمانیزمدا* لە بەشی *ئولیس و سەردەمەکەی* لە پێشەکییەکەی گیفرددا. **~گ.س.**

[221] **بەندەری بوڵۆک:** بەندەرێکە نزیک دالکی لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی کەنداوی دەبلن. قەڵاکەی بوڵۆک، کە بەسەر کەنداوە بچکۆلەکەدا دەڕوانێت، کراوە بە بەندەرێکی دەستکرد. **~گ.س.**

[222] **لەوێوە قووڵاییەکەی پێنج قەدە:** قەد: بە ئینگلی *fathom*، پێوانەیەکە کە یەک قەد نزیکەی مەترێک و هەشتا و سێ سانتیمەترە. پێنج قەد ڕێک واتە ٩.١٤٤ مەتر. **~ن.م.**
ئەو ناوچەیەی قووڵاییەکەی پێنج قەدە ناوچەیەکە بە بەری باکووری ڕۆخی کەنداوی دەبلنەوە، دوو میل پانە و پێنج میل و نیویش لە باشووری ڕۆخی کەنداوەکەوە تا دەمی دیوارداری دەریای لیفی بە بەری ڕۆخی باکووردا درێژ دەبێتەوە. **~گ.س.**

[223] **کە نزیکی... دێت:** کێشاو {ئاوی بەرزبووەوە}ی دەبلن لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا لە کاتژمێر ١٢:١٨ خولەکی بەیانی و ١٢:٤٢ خولەکی نیوەڕۆدا بووە. **~گ.س.**

[224] **ئەمڕۆ نۆ ڕۆژە:** لە گەندەباوەڕی باوی خەڵکدا لاشەیەکی خنکاو کە نوقم بووبێت و دەرنەکەوتبێت، دوای نۆ ڕۆژان دەردەکەوێتەوە. **~گ.س.**

**گەندەباوەڕ**: بە ئینگلی *Superstition*، ئەوەیە کە زۆر جار پێی دەوترێت: «خورافە و خورافات»، کە عەرەبییە و *الخُرَافَةُ*یە: واتە باوەڕ بە شتی ناڕاست، یان شتانێک کە هیچ ڕێیان تێ ناچێت ڕاست بن، بۆ نموونە تەپڵلێدان بۆ بەردانی مانگ کە دەگیرێت. **~ن.م.**

[225] **وێستمیث:** یەکێکە لە کاونتییەکانی ئایرلاند و چل میل بە بەری خۆرئاوا و باکووری خۆرئاوای دەبلندایە (بڕوانە ١: ١٤٥). **~گ.س.**

[226] **بانەن:** *ئەلێک بانەن*ە، کەسێتییەکی لاوەکیی ڕۆمانەکەیە و هاوڕێی مەڵیگنە. ئەو کچەی ناسیویەتی *میلی بلووم*ە کە کچی لیۆپۆڵد بلوومە و لە ئەڵقەی چوارەمدا دەیانناسین و ئەلێکیش لە ئەڵقەی چواردەدا دەردەکەوێت. **~گ.س.**

**ئەلێک بانەن** وەک «خوێندکارێکی گەنج» یان «جەنتڵمانێکی گەنج» باس کراوە. ئەو کاتەی جۆن ستانیسلاوس جۆیسی باوکی جەیمز جۆیس ساڵی ١٩٠٠ و ١٩٠١ لە ئامادەکردنی لیستی دەنگدەرانی مەلینگەری کاونتیی وێستمیثدا کاری دەکرد، جەیمز جۆیس میستەر ئەی ئی بانەنی ناسیوە. ئەم پیاوە خەڵکی ئەو ناوچەیە بووە و لە ڕێی کارەکەیەوە، کە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوچەکە بوو، ناوبانگێکی بۆ خۆی پەیدا کردبوو. جۆن ستانیسلاوس لە ڕێی کارەکەیەوە بانەنی دەناسی و وا دیارە کە لەگەڵ جەیمزی کوڕیدا، کە چوون بۆ مەلینگەر، لە ماڵی ئەوان لە پۆرتلۆمان لەسەر کەناری دەریاچەی ئۆوێڵ ماونەتەوە. ئەندامەکانی خێزانی بانەنەکان لە گۆڕستانی پۆرتلۆمان نێژراون. **~ڤ.ئ.**

[227] **نانەبەر**: ئەگەرچی وەک وشەیەکی ئاسایی واتاکەی ئاشکرایە، مەبەست ئەوەیە شتێک بدەیتە بەر شتێکی تر. بەڵام ئەم وشەیە لە بواری وێنەگرتندا زاراوەیەکی دیاریکراوە، بەرانبەر بە وشەی *Exposure*ی ئینگلی دێت. *نانەبەر*، یان *ڕووناکیگرتن*، ئەو کردەیەیە کە کاتێک شریتەفیلمێک، یان پەڕەیەکی فۆتۆ بەر ڕووناکی دەکەوێت، ئەو بەشەی بەر ڕووناکی کەوتووە دەسووتێت، ئەمەش وا دەکات لە کۆتاییدا وێنەکە لەسەر پەڕەکە یان شریتەفیلمەکە بە نەرێ (نێگەتیڤ) تۆمار ببێت. لە کوردیدا وشەیەکی دیاریکراوم بەرانبەر ئەم کردەیە نەدۆزییەوە. بۆیە ئەم وشەیەم لە بری دانا. بەڵام مەلیگن تەنها مەبەستی ئەم واتایەی وشەکە نییە، بەڵکو واتا ڕەشۆکییەکەی مەبەستە، واتە نانەبەری کچەکە بە کوڕەکەوە، کە لە ئینگلیشدا واتایەکی تری هەیە کە ئەویش *خۆدەرخستن*ە، واتا کچەکە ماوەیەکی کورت بە ڕووتی خۆی پیشانی کوڕەکە دەدات. **~ن.م.**

[228] **گوڵبەندی قژە بۆرەکەی:** مەلەوانەکە تەپڵەسەری تاشیوە (بڕوانە ۱: ۱۵) وەک قەشەیەکی کاسۆلیکی یان ئەندامێکی ڕەبەنگاکان دەیانکرد. پاپا پۆڵسی شەشەم (۱۸۹۷-۱۹۷۸) ساڵی ۱۹۷۲ تەپڵەسەرتاشینی قەدەغە کرد. **~گ.س.**

[229] **بە کەڵەموستی... خۆی خاچاند:** ئەو جووڵەیەی هێمایە بۆ باوکەکە (نێوچاوان)، کوڕەکە (لێو) و گیانی پیرۆز (سنگ) کە لە ماسدا پێش خوێندنەوەی *ئینجیل* دەکرێت و ئەندامەکانی کۆبوونەوەی ماسەکەش بەوە کۆتایی بە سرووتەکە دەهێنن. **~گ.س.**

کاری *cross*ی ئینگلی، کە دوور لە زاراوەی دینی واتای تریشی هەیە، بەڵام واتا دینییەکەیم بە *خاچاندن* وەرگێڕاوە.

**چۆڵەمە:** بە ئینگلی *breastbone*، ئەو ئێسکە درێژکۆلەیەیە لە قوڕگەوە تا دامێنی پەراسوو درێژ دەبێتەوە، پەراسووەکانی پێوە پەیوەستن. **~ن.م.**

[230] **ئەو کچە سوورفلە... لیلی:** جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

[231] **ڕامووسان:** یان ڕامووسین، واتە ماچماچێن و بۆنکردن و دەستبازی. **~ن.م.**

[232] **جووتە دەهاون ژنانی قژسوور کەڵەسوو ئاسا:** قژی سوور لە گەندەباوەڕی باوی خەڵکدا هەر لە میسری کۆنەوە بە خیانەت و فریودانەوە وابەست کراوە. هێمای خیانەتکار (بۆ نموونە یەهوزای ئەسخەریوتی) وەک نەریتێکی باو بە قژسوور وێنە کراوە. ئاوهاش وا گریمانە کراوە کە ژنی قژسوور کەسانی بێمتمانەن و بۆ جووتبوونی زۆر بەئاڵۆشن. **~گ.س.**

ئەمە بەشێکە لە هۆنراوەیەکی گۆگەرتی بە ناونیشانی *گۆرانیی خوێندکارە پزیشکییەکان*، دەڵێت:

وەک ئاس گان دەکەن قەشەی کڵێسا،

جووتە دەهاون ژنانی قژسوور کەڵەسوو ئاسا. **~س.ت.م.۱**

**ئاس:** بە ئینگلی *stoat*، یان *قاقوم*یشی پێ دەڵێن. لە *هەنبانەبۆرینە*وە: «جانەوەرێکە تووک سپی لە تیرەی بانباک و سمۆرە، کە کەوڵی زۆر بەنرخە».

**کەڵەسوو:** لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «مانگا و گامێشێکە کە لەبەر زۆر لێ پەڕینی کەڵ هەراسان بووبێت.» **~ن.م.**

[233] **دوازدەیەم... ئوبەرمێنش:** *ئوبەرمێنش*، بە ئەڵمانی واتە مرۆڤی *باڵا* - *سوپەرمان*، کە فەیلەسووفی ئەڵمانی، فریدریش نیچە لە *زەردەشت وەها دووا*دا (۱۸۸۳) باسی دەکات. زەردەشت، ڕابەرێکی دینیی فارس بووە کە ڕێنماییەکانی لە شەشەم سەدەی بەر لە زایندا

بڵاو بوونەتەوە، نیچە بە کاری هێناوە و گۆڕیویەتی بە پێغەمبەری مرۆڤی باڵا. لە بەشی سێیەمی بەرایی *زەردەشت وەها دووا*دا دەڵێت: «من مرۆڤی باڵاتان فێر دەکەم، مرۆڤ شتێکە دەبێت تێبپەڕێنرێت.» لە بەشی پێنجەمیشدا زەردەشت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە: «باسی سووکترین بوونەوەریان بۆ دەکەم: کە ئەویش دواهەمین مرۆڤە.» ئاوهاش کە گوایە مەڵیگن دوازدەیەمین پەراسووی نەماوە، بووە بە ئادەم، کە یەکەم مرۆڤە و لەبەر ئەوەی یەکەمە و دوورە لە دواهەمین مرۆڤەوە، سووکترین بوونەوەر نییە، بۆیە بووە بە مرۆڤی باڵا (بڕوانە ١: ٤٣). **~گ.س.**

وەرگێڕراوە کوردییەکە هی مامۆستا ئازاد بەرزنجییە. بڕوانە *زەردەشت وەها دووا*، نووسینی: فریدریش نیچە، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە ٢٠١٨. **~ن.م.**

[234] **ئەوەی دزی... یەزدان دەدات:** لە *کتێبی پیرۆز*ەوە: «ئەوەی بەزەیی بە هەژاردا بێتەوە قەرز بە یەزدان دەدات، ئەویش پاداشتی چاکەکەی دەداتەوە.» (پەندەکانی سلێمان ١٩: ١٧). ئەو تێڕوانینەی مەڵیگن بۆ فەلسەفەی نیچە، کە بانگەشەی خۆپەرستییەکی ڕیشەیی دەکات کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی خۆی خەڵکانی تر وەک پلیکانە بە کار دەهێنێت، ئەمە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا تێڕوانینێکی باو بوو، قوتابییەکانی نیچە و ئەوانەی لە فەلسەفەکەی تێگەیشتوون ئێستانان بە نیچەییزمی ساختە پێناسەی دەکەن. **~گ.س.**

[235] **ئایری کێوی:** کاتی خۆی ئەم ناوە لەو ئایرانە نراوە کە کەمتر چوونەتە ژێر چەتری شارستانێتیی ئینگلەوە. **~س.ت.م.١**

[236] **قۆچی گا، سمی ئەسپ، بزەی ساکسۆنی:** بە دەربڕینێکی تر، بەشێکە لە پەندێک کە لە پەڕتووکی *پەندە ڕیشەییەکانی* سێڵوین گورنەر چامپیۆندا (نیو یۆڕک، ١٩٦٣) لە بەشی *دوورگەکانی بەریتانیا: ئایرلاند*دا پەندی ژمارە ١٨٦ە، پەندەکە دەڵێت: «ئاگادار بە لە قۆچی گا و لە سمی ئەسپ و لە بزەی ئینگل!» **~گ.س.**

[237] **ذەشیپ:** بە ئینگلی *The Ship*: بۆ شوێنەکە (بڕوانە ١: ٤٧). واتە «کەشتییەکە»، کە ناوی شوێنەکەیە کە لێی کۆ دەبنەوە، بەڵام لێرەدا بە هێماکەی تر بە کار هاتووە. **~ن.م.**

لە کۆتایی پەڕتووکی دووەمی *ئۆدیسە*دا، کە تیلێماخۆس بەرەو وشکانیی سەرەکیی خاکی گریک دەکەوێتە ڕێ تا بە دوای هەواڵی باوکیدا بڕوات، لە چنگی خوازبێنیکەرەکان ڕزگاری دەبێت، چونکە ئەثینا دەیانوێنێت. تیلێماخۆس لە گریک سەردانی نێستۆر و مێنێلاوس و

هێڵێن دەکات. کە خەریکە بگەڕێتەوە بۆ ئیتاکی (لە کۆتایی پەڕتووکی چوارەمدا)، بیست پیاو لە خوازبێنیکەرەکان بە ڕابەرایەتیی ئەنتینۆس بە کەشتییەکەیان دەچنە دوورگەیەکی بچکۆلەی ستراتیژییەوە تا بۆسەی بۆ بنێنەوە، بەڵام تیلێماخۆس بە ڕێبەریی ئەثینا لە چنگیان ڕزگاری دەبێت. **~گ.س.**

[238] **لیلیاتا... ڤیرجینوم:** (بڕوانە ١: ١٠٢). **~گ.س.**

[239] **خەرمانە... جلی پۆشی:** ئەو قەشەیەی کە مەلەی دەکرد، پۆشاکی قەشەیەکی سرووتساز دەپۆشێت بۆ ماسێکی گاڵتەئامێز کە وا خەریکە تەواو بێت، وا خەریکە دەیەوێت خۆی بە دوور بگرێت. **~گ.س.**

[240] **دەنگێک... فەکەیەک: فەکە:** بە ئینگلی *seal*، ئاژەڵێکی دەریاییە، هەندێک جار پێی دەوترێت *سەگی دەریا* یان *مانگای دەریا*. دەموچاوی لە سەگێکی بێگوێ دەچێت و دوو پەلی پێشەوەی وەک پەڕەکەی ماسییە و دوو پەلی پشتەوەشی وەک کلکی ماسی پێکەوە نووساون. مامۆستا حەمەکەریم عارف لە *ئۆدیسە*دا ئەم ئاژەڵەی بە «گاکۆڵان» وەرگێڕاوە. **~ن.م.**

بە پێی نەریت، فەکە هێمای زانینخوازیی هەموو شتێکە، لە *ئۆدیسە*شدا فەکەکان مێگەلێک پێکدەهێنن و پرۆتێفسیش دەبێتە شوانیان و لەوانەوە زانیاری بە دەست دەهێنێت. کە کچەکەی پرۆتێفس بە مێنێلاوس دەڵێت چۆن باوکی بگرێت و پێشبینیی ئەو بە دەست بهێنێت، بە دەنگی خۆی گۆرانی دەبێژێت:

ئەی بێگانە، ئایا گەمژەی؟ مێشکت سووکە؟ یان تەمبەڵی؟
یان دەهێڵی شتان هەروا ئاسان بڕۆن چونکە چێژ لە خەم دەبینی؟
لێرە و لەم دوورگە دوورەدا لێی پاڵکەوتووی
ڕێی دەربازبوونت بۆ نییە و چاوت بە کەسێک ناکەوێ
لە کاتێکدا دەریاوانەکانی هاوڕێت ڕۆژبەڕۆژ ورە بەردەدەن. **~گ.س.**

[241] **داگیرکەر:** ڕێک ئەوەیە کە تیلێماخۆس لە کۆتایی پەڕتووکی یەکەم و کۆبوونەوەکەی پەڕتووکی دووەمی *ئۆدیسە*دا بە ئەنتینۆس و یوریماخۆس و خوازبێنیکەرەکانی تر دەڵێت، کە ئەوان لە دیوەخانەکەی ماڵی ئۆدیسێفسدا لێی کەوتوون. هاملێتیش هەستێکی هاوشێوەی بەرانبەر کلاودیۆسی مامی هەیە و دەڵێت: «پاشاکەمی کوشت و دایکمی کرد بە قەحبە، تەختی پاشاییەکەشمی لێ گرتم کە هیوام بوو.» **~گ.س.**

## ئەڵقەی دووەم: نێستۆر [1]

- کاکرەین [2] تۆ، چ شارێک ناردی بە شوێنیدا؟
- تارێنتۆم[3]، مامۆستا.
- زۆر باشە. ئێ؟
- جەنگێک هەڵگیرسابوو، مامۆستا.
- زۆر باشە. لە کوێ؟

دەموچاوە بۆشەکەی کوڕەکە لە پەنجەرە بۆشەکەی پرسی.

کچانی یاد هەڵیانبەستووە[4]. کەچی بە شێوەیەک لە شێوەکانیش وەک ئەوە وا بوو یاد هەڵینەبەستبێت. کەواتە، دەستەواژەیەکی بێئۆقرەیی، شەقەی باڵەکانی زیادەڕەویی بلەیک[5]. گوێم لە خاپووربوونی هەموو بۆشاییەکانە، شووشەی وردوخاشبوو و خشتی داڕماو، کاتیش دواهەمین بڵێسەی ڕەشداگیرساوە[6]. ئیتر چیمان بۆ ماوەتەوە؟

- شوێنەکەم بیر نییە، مامۆستا، ٢٧٩ پێش زاین.

ستیفن لە پەڕتووکە بەچڵکلەکاویبووەکەدا تەماشای ناو و ڕێکەوتی ڕۆژەکەی کرد، وتی:

- ئاسکولوم.
- بەڵێ، مامۆستا. ئینجا وتیشی *سەرکەوتنێکی تری وەها و ئیتر لێبووینەتەوە*[7].

ئەو دەستەواژەیەی جیهان یادی کردەوە. ئاسوودەییەکی ماتی هۆش. سوپاسالارێک لەسەر گردێکی سەروو دەشتاییەکی بەلاشەپەرشبوودا قسە بۆ ئەفسەرەکانی دەکات، بەسەر ڕمەکەیدا خۆی شۆڕ کردووەتەوە. هەر سوپاسالارێک بۆ هەر ئەفسەرێک. گوێ شل دەکەن.

ستیفن وتی:

- تۆ ئارمسترۆنگ[8]، کۆتایی پیرۆس [9] چی بوو؟
- کۆتایی پیرۆس، مامۆستا؟

کۆمین [10] وتی:

- من دەزانم، مامۆستا، لە من بپرسە، مامۆستا.
- چاوەڕێ بکە. تۆ ئارمسترۆنگ، هیچ شتێک لەسەر پیرۆس دەزانیت؟

کیسەیەکی لوولەپسکیت لە ناو جانتاکەی ئارمسترۆنگدا بە شاراوەیی دانرابوو. جارجار لە لەپی دەستیدا لوولی دەکردن و بێ خشپە قووتی دەدان. وردەپسکیت بە

پێستی لێویەوە دەنووسا. هەناسەی شیرینبووی کوڕێک. خەڵکی خواپێداو، بەووە شانازن کە کوڕە گەورەکەیان لە هێزی دەریاییدا بوو. شەقامی ڤایکۆ، دالکی[11].

- پیرۆس، مامۆستا؟ پیرۆس، لەنگەرگایە[12].

هەمووان پێکەنین. پێکەنینێکی بەرزی بەدخوازانەی ناشاد. ئاڕمسترۆنگ تەماشای هاوپۆلەکانی دەوری کرد، خەندەیەکی گەوجانە بەسەر ڕوخساریەوە بوو. کەمێکی تر بەهێزتریش پێدەکەنن، کە بە بێتوانایی بەڕێوەبردنی من و ئەو کرێیە دەزانن کە باوکیان دەیدات.

ستیفن پەڕتووکەکەی ئاژنییە شانی کوڕەکە. وتی:

- ئێستا پێم بڵێ، لەنگەرگا چییە؟

ئاڕمسترۆنگ وتی:

- لەنگەرگا، مامۆستا. شتێکە لە دەرەوە لە ناو ئاودا. جۆرە پردێکە. لەنگەرگای کینگستاون[13]، مامۆستا.

دیسان هەندێکیان پێکەنین: ناشادانە بەڵام بە واتاوە. دووان لە ڕەحلەی دواوە چرپاندیان. بەڵێ. زانییان: هەرگیز فێر نەبوون و هەرگیزیش بێگوناهـ نەبوون. هەموویان. بە ئیرەییەوە تەماشای ڕوخساریانی کرد: ئێدیث، ئیثێڵ، گێرتی، لیلی. شێوەکانیان: هەناسەشیان، بە چا و مرەبا شیرین بوون، بازنگەکانیان لە ئامبازیدا دەخرنگێنەوە.

ستیفن وتی:

- لەنگەرگای کینگستاون. بەڵێ، پردێکی ناکام.

وشەکان سەرنجیانی تێکدا. کۆمین پرسیی:

- چۆن مامۆستا؟ پرد بەسەر ڕووبارەوەیە.

بۆ نامیلکەکەی هاینس[14]. لێرە کەس نابیستێت. ئەمشەو بە دەم خواردنەوەی خەست و گفتوگۆوە، کارامانە بۆ کونکردنی زرێ ورشەدارەکەی مێشکی. چیی تر؟ گەپجاڕێک لە دەرباری سەروەرەکەیدا، بەرهەڵداکراو و بەسووکبینراو، ستایشی سەروەرێکی لێبووردە بە دەست دەهێنێت. بۆچی هەموو ئەو ڕۆڵەیان هەڵبژارد؟ بە تەواوی بۆ نازکێشانی میهرەبانانە نییە. مێژوو لای ئەوانیش هەر سەربردەیەک بوو وەک هەموو سەربردەیەکی تر زۆر جار بیستراوە، وڵاتەکەیان دوکانێکی بارمتەخانەیە.

ئەگەر پیرۆس لە ئارگۆس بە دەستی پیرەژنێک نەگلابا، یان یولیوس قەیسەر بە چەقۆ نەکوژرایە[15]. نابێت ئەوانە لە بیر بکرێن. کات داخنیشانی کردوون و بە پێبەستی لەو ژووری بێکۆتا شیانانەدا کرێنشینی کردوون کە وەلایان ناوە[16]. بەڵام ئایا ئەوانە دەبوونە

شیاو کە هەرگیز نەبوون؟ یان تەنها ئەوە شیاو بوو کە هاتووەتە دی[17]؟ بتەنە، ئەی جۆلای با[18].

- چیرۆکێکمان بۆ بگێڕەوە، مامۆستا.
- ئا، تکایە، مامۆستا، چیرۆکێکی دێو و درنج.

ستیفن پەڕتووکێکی تری کردەوە و پرسیی:

- لەمەیاندا لە کوێدا بووین؟

کۆمین وتی:

- *ئیتر مەگرین.*
- کەواتە دەست پێ بکە، تۆلبت[19].
- ئەی چیرۆکەکە، مامۆستا؟

ستیفن وتی:

- دوایی، دەست پێ بکە، تۆلبت.

کوڕێکی ڕەشتاڵە پەڕتووکێکی کردەوە و لە ژێر سەنگەری جانتاکەیدا بە توندوتۆڵی هەڵیپەسارد. هەندێک تەکانی چەند دێڕێکی لەبەر خوێندەوە و جارجاریش تەماشای دەقەکەی دەکرد:

- *ئیتر مەگرین، ئەی شوانە دڵتەنگەکان، ئیتر مەگرین،*
*لەبەر ئەوەی لیسیداسی مایەی خەمتان نەمردووە،*
*گەرچی لە ژێر شەپۆلاندا نوقم بووە...*[20]

کەواتە دەبێت جووڵەیەک بێت، کامگیرێتییەکی شیاو وەک شیاو[21]. دەستەواژەکەی ئەریستۆتێلیس لە ناو دێڕە حەلەقومەلەقەکاندا خۆی ساغ کردووەتەوە و لە ناو بێدەنگییە ماندوونەناسەکەی پەڕتووکخانەی سان ژەنەڤیێڤدا سوارڤا[22] بووە کە لەوێ دەیخوێندەوە، شەو دوای شەو خۆی لە گوناهەکانی پاریس حەشار دەدا. لای ئانیشکیەوە سیامییەکی لەشداهێزراو پەیڕەونامەیەکی ستراتیژیی دەپشکنی[23]. مێشکانێکی خۆراکپێدراو و خۆراکپێدەر لە دەورمن: کە لە ژێر تۆڕی لۆکسەکاندا بە هەستەوەری ترپەترپکەری تەنک بەستراون: لە ناو تاریکایی خەیاڵیشمدا تەمبەڵەیەکی جیهانی ژێرەوە، نابەدڵ، شەرمکەر لە ڕووناکی، باڵە پوولەکاوییە ئەژدیهائاساکەی دەجووڵێنێتەوە[24]. بیر بیری بیرە[25]. ڕووناکییەکی هێمن. گیان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەموو ئەوەیە کە هەیە: گیان شێوەی شێوەکانە[26]. هێمنییەکی ناکاو، فراوان، بڵێسەدار: شێوەی شێوەکان.

تۆلبت دووبارەی کردەوە:

- *به هێزی بەپێزی ئەوەی بەسەر شەپۆلدا پیاسەی کرد،*
*به هێزی بەپێزی ئەوەی...* [27]

ستیفن به هێمنی وتی:

- هەڵیبدەنەوە، هیچ نابینم.

تۆلبت به پێشدا چەمایەوە، ساویلکانه پرسیی:

- چی، مامۆستا؟

دەستی لاپەڕەکەی هەڵدایەوە. هەر کە بیری هاتەوە، پشتی بۆ دواوە گەڕاندەوە و بەردەوام بوو. به هی ئەوەی بەسەر شەپۆلدا پیاسەی کرد. لێرەش سێبەرەکەی بەسەر ئەم دڵه ترسنۆکانەدا ڕاکشاوە و بەسەر دڵ و لێوی گەپجاڕەکە و بەسەر منیشدا. بەسەر دەموچاوە پەرۆشەکەی ئەوانەشدا ڕاکشاوە کە خوردەیەکی سەرانەیان پێشکەش کرد. هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا[28]. نیگایەکی درێژ له چاوی تۆخەوە، ڕستەیەکی مەتەڵاوی بۆ ئەوەی لەسەر تەونەکانی کڵێسا بتەنرێت و بتەنرێت. ئەرێ.

*بۆم هەڵبێنه، ئەگەر گێژ نیت ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبێنه،*

*باوکم هات و تۆوێکی بۆ چاندن دامێ.*[29]

تۆلبت پەڕتووکە داخراوەکەی خزاندە ناو جانتاکەیەوە.

ستیفن پرسیی:

- هەموویم لێتان پرسییەوە؟

- بەڵێ مامۆستا. کاتژمێر دە هۆکیمان[30] هەیە.

- ئەمڕۆ نیو ڕۆژە، مامۆستا. پێنجشەممەیە.

ستیفن پرسیی:

- کێ دەتوانێت مەتەڵێک هەڵبهێنێت؟

پەڕتووکەکانیان کۆ کردەوە و لایانبردن، پێنووسەکان تەقەتەقیان هات، لاپەڕەکان خشەیان هات. پێکەوە تێکرژان و جانتاکانیان قفڵ کرد و بەستیاننەوە، هەموویان به دڵخۆشییەوە چەنەچەنیان کرد:

- مەتەڵێک، مامۆستا؟ له من بپرسە، مامۆستا.

- ئەهـ، له من بپرسە، مامۆستا.

- دانەیەکی قورس، مامۆستا.

ستیفن وتی:

- ئەمە مەتەڵەکەیە:

*مام کەڵەشێر کەوتە قووقان،*
*ئاسمان شین بوو،*
*زەنگی ئاسمان*
*یازدە جاران کەوتە لێدان،*
*دەی کاتیەتی ئا ئەم گیانە بەستەزمانە*
*بڕوا بۆ ئاسمان[31].*

ئەوە چییە؟

- چی، مامۆستا؟

- بیڵێوە، مامۆستا. گوێمان لێی نەبوو.

چاوانیان زەقتر بوونەوە کە دێڕەکان دووبارە کرانەوە. کاکرەین دوای بێدەنگییەک وتی:

- چییە، مامۆستا؟ نایزانین.

ستیفن قوڕگی دەخورا، وەڵامی دانەوە:

- ڕێوییەکە لە ژێر درەختێکی ئیلێکسدا[32] نەنکی دەنێژێت.

هەڵستایە سەر پێ و شریخەی قاقایەکی خۆنەویستی لێدا کە تیایدا هەراکەی ئەوان بە نائومێدی دەنگی دایەوە.

دارێک بە دەرگاکەدا کێشرا و دەنگێک لە داڵانەکەدا بانگی کرد:

- هۆکی!

پەرشوبڵاو بوونەوە، بە پێدزکە لە ڕەحلەکانیان هاتنە دەرەوە، بازیان بەسەردا هەڵدان. بە خێرایی دیار نەمان و لە کۆگاکەوە شەقەشەقی دار و هەرای پووت و قسەیان هات.

سارجنت[33] کە بە تەنیا مابووەوە بە خاوی هاتە پێشەوە، دەفتەرێکی کراوەی پیشان دەدا. قژە چرەکەی و ملە ڕیوەڵەکەی بەڵگەی نائامادەییەکەی بوون و چاوە کزەکانی لە چاویلکە تەڵخەکەیەوە بۆ داخوازی هەڵڕوانین. لەسەر ڕوومەتی وشک و بێخوێنی، پەڵە مەرەکەبێکی بچکۆلەی پێوە بوو، خورماشێوە، تازە و تەڕ، وەک لانکەی شەیتانۆکە.

دەفتەرەکەی ڕاگرت. وشەی *هاوکێشە*[34] لە سەرباسەکەدا نووسرابوو. ژمارەی شێواو لە ژێریدا و لە دامێنیشدا واژۆیەکی خواروخێچ و چەند گرێکوێرەیەک و پەڵەیەکی مەرەکەب هەبوو. سیریل سارجنت: ناو و داغمەکەی.

وتی:

- میستەر دیسی[35] پێی وتم دووبارە هەموویان بنووسمەوە، ئینجا پیشانتی بدەم، مامۆستا.

ستیفن دەستی لە سووچەکانی پەڕتووکەکە دا[36]. بێکەڵکی. پرسیی:

- ئەی ئێستا تێدەگەیت چۆن شیکاریان بکەیت؟

سارجنت وەڵامی دایەوە:

- لە ژمارە یازدەوە تا پازدە. میستەر دیسی وتی کە دەبێت لە تەختەڕەشەکەوە بیانگوێزمەوە، مامۆستا.

ستیفن پرسیی:

- خۆت دەتوانیت شیکاریان بکەیت؟

- نەخێر، مامۆستا.

ناشیرین و بێکەڵک: ملی لار و قژی چڕ و پەڵەیەکی مەرەکەب، لانکەی شەیتانۆکەیەک. کەچی کەسێک خۆشیویستووە، لە دڵ و باوەشیدا هەڵیگرتووە. گەر ئەو نەبووایە خەڵکی جیهان لە ژێرپێدا دەیانفلیقاندەوە، شەیتانۆکەیەکی بێئێسکی فلیقاوە. خوێنی تەڕی سستی ئەوی خۆشویستووە کە لە خۆیەوە داچۆڕاوە. ئایا ئەوە ئەوکات ڕاستی بووە؟ تەنها شتێکی ڕاست لە ژیاندا[37]؟ کۆڵومبانوسی خوێنگەرم[38] لە پەرۆشییەکی پیرۆزدا بەسەر لەشە لەپەوڕوو کەوتووەکەی دایکیدا پێی هەڵهێناوەتەوە. ئیتر وێ نەما[39]: ئێسکەپەیکەری لەرزۆکی خیزەرێک لە ئاگردا سووتا، کزەبۆنێکی سوورەدار و خۆڵەمێشی شێدار. لە فلیقاندنەوەی ژێر پێیان ڕزگاری کرد و ڕۆی، وەک بڵێیت هەر نەبووبێت. گیانێکی بەستەزمان چوو بۆ ئاسمان: لە دێمێکیشدا لە ژێر جریوەی ئەستێرەکاندا ڕێوییەک، بۆگەنی سووری ڕاوکراوەکەی لە فەرووەکەیەوە دەهات، بە چاوە پەرۆشە بێبەزەییەکانیەوە زەوییەکەی هەڵکۆڵی، گوێی گرت، زەوییەکەی هەڵکۆڵی، گوێی گرت، زەوییەکەی هەڵکۆڵی و هەڵیکۆڵی.

ستیفن کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو هاوکێشەکەی شیکار کرد. بە جەبر دەیسەلمێنێت کە سەهویری شێکسپیر باپیری هاملێتە. سارجنت لە چاویلکە خوارەکەیەوە بە لاچاو ڕوانی. دارهۆکییەکان لە کۆگاکەدا شەقەشەقیان کرد: لێدانی ناوبۆشی تۆپێک و بانگکردنەکان لە گۆڕەپانەکەوە.

هێماکان بە مۆریسێکی[40] خاو بەسەر لاپەڕەکەدا جووڵانەوە، لە نەگۆبازیی[41] پیتەکانیاندا، کڵاوی ئەنتیکەی چوارگۆشە و شەشپاڵوویان لە سەر دەکرد. بەچکەدێوەکانی خەیاڵی مەغریبییەکان: دەست بە یەک دەدەن، دەسووڕێنەوە، خۆیان بۆ هاوشانەکانیان دادەنەوێنن: ئاوها. ئەوانیش لە جیهاندا نەمان، ئیبن ڕوشد و موسای کوڕی مەیموون[42]، پیاوانی ڕەشتاڵە لە سەروسەکوت و جووڵەدا، لە ئاوێنە گاڵتەجاڕەکانیانەوە تیشکی گیانە شاراوەکەی جیهانیان[43] پەرش دەکرد[44]، تاریکییەک کە لە ڕووناکیدا دەدرەوشێتەوە کە ڕووناکییەکە نەیتوانیوە لێی تێبگات[45].

- ئێستا تێدەگەیت؟ دەتوانیت خۆت دووەم دانە شیکار بکەیت؟

- بەڵێ، مامۆستا.

سارجنت بە نووسینی درێژ و سست زانیارییەکانی گواستەوە. دەستی کە هەمیشە چاوەڕێی وشەیەکی یارمەتی بوو بە وردی هێما ناجێگیرەکانی جووڵاند، ڕەنگێکی کزی شەرمەزاری لە پشت پێستە وشکەکەیەوە باڵەفڕەی دەکرد. *ئامۆر ماتریس*: تەواوکەر و تەواوکراوی بکەری و بەرکاریی یەکترن لە خاوەندارێتیدا[46]. بە خوێنی لاواز و شیرە ترشەپەنیراوەکەی خۆراکی داوەتێ و قوماتەکەی لە سەرنجی خەڵکان شاردووەتەوە.

منیش هەر وەک ئەو وا بووم، ئەم شانە خوارانە، ئەم بێنموودییە. منداڵییم لە تەنیشتمەوە دەنوشتێتەوە. زۆر لێمەوە دوورە کە بۆ جارێکیش بێت دەستێکی لێ بدەم ئەگەر بەحاڵیش بێت. هی من دوورە و نهێنیی ئەویش وەک چاوەکانمان. نهێنییەکان، بێدەنگ و بەردئاسا لە تەلارە تاریکەکانی دڵی هەردووکماندا دادەنیشن: نهێنیگەلێک لە ستەمکارێتیی خۆیان ماندوون: ستەمکارانێک، ئامادەن لەسەر تەخت لاببرێن.

هاوکێشەکان تەواو بوون.

ستیفن کە هەڵستا و وتی:

- زۆر ئاسانە.

سارجنت وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، مامۆستا، سوپاس.

پەڕەکەی بە پەڕەیەکی مژۆک[47] وشک کردەوە و دەفتەرەکەی گەڕاندەوە بۆ ڕەحلەکەی. ستیفن کە بە دوای شێوە بێنموودەکەی کوڕەکەدا تا لای دەرگاکە ڕۆیشت وتی:

- باشترە دارهۆکییەکەت هەڵبگریت و بڕۆیتە دەرەوە بۆ لای ئەوانی تر.

- بەڵێ، مامۆستا.

لە دالانەکەدا ناوی بیسترا، لە گۆڕەپانی یارییەکەوە بانگ کرا:

- سارجنت!

ستیفن وتی:

- ڕاکە، میستەر دیسی بانگت دەکات.

لە ناو هەیوانەکەدا ڕاوەستا و تەماشای سستەڵەکەی کرد کە بەرەو گۆڕەپانە تێکەڵوپێکەڵەکە پەلەی کرد کە لەوێ دەنگە تیژەکان فەرتەنەیان بوو. بە تیپ تیپ ڕیز کرابوون و میستەر دیسی لێیان دوور کەوتەوە و بە قاچە گێترەپۆشەکانیەوە[48] بەسەر قولەگیاکاندا هەنگاوی هەڵهێنایەوە. کە گەیشتە باڵەخانەی قوتابخانەکە دەنگەکان دیسان بە هاتوهاوار بانگیان کرد. سمێڵە سپییە تووڕەکەی بادا. بە بەردەوامی بێ گوێگرتن دەینەڕاند:

- چییە؟ چییە؟

ستیفن وتی:

- کاکرەین و هاڵیدەی[49] لە هەمان تیپدان، مامۆستا.

میستەر دیسی وتی:

- دەتوانیت کەمێک لە نووسینگەکەم چاوەڕێم بکەیت، تا ئەم هەرایە هێور دەکەمەوە؟

ئینجا کە بە پرتەوبۆڵەوە بە گۆڕەپانەکەدا گەڕایەوە دەنگە پیرەکەی بە زەبرەوە نەڕاندی:

- چی بووە؟ چییە دیسان؟

دەنگە تیژەکانیان لە هەموو لایەکەوە بە چواردەوریدا دەیانقیژاند: شێوە جیاجیاکانیان بە دەوریدا ئابلووقەیان دا، خۆرەتاوە کوێرکەرەکە هەنگوینی سەرە خراپڕەنگکراوەکەی کاڵ دەکردەوە.

هەوایەکی دووکەڵاویی و وەخم[50] و بۆنی چەرمی وشک و سوواوی کورسییەکانی لە نووسینگەکەدا پەنگیان خواردبووەوە. وەک یەکەم ڕۆژ کە لێرە لەگەڵمدا سەودای کرد. هەر وەک سەرەتا، ئێستاش. سینیی خوردەکانی ستیوارت[51] لەسەر دۆلابەکە، خەزێنەی سووکی گەناوێک: تاتاشە[52] هەر وا دەبێت. دوازدە ڕانێرەکەش بە ئاسوودەیی لە ناو کەوچکەوانە قەیفە مۆرەکەیاندا ڕاکشاون، کاڵ بوونەتەوە، ئامۆژگاریی هەموو ناجوورەکانیان کردووە[53]: جیهانی بێکۆتا[54].

هەنگاوێکی گورج بەسەر هەیوانە بەردەکەدا و ئینجا ناو دالانەکە. میستەر دیسی کە فووی لە سمێڵە دانسقەکەی دەکرد لای مێزەکە ڕاوەستا. وتی:

- جارێ با حیسابەکەمان یەکلایی بکەینەوە.

دەفتەرێکی گیرفانیی لە پاڵتۆکەیدا دەرهێنا کە بە قایشێکی چەرم بەسترابوو. شاق کرایەوە و دوو تێبینیی لێوە دەرهێنا، یەکێکیان دوو نیوەی پێکەوە نووسێنراو بوو، بە وریاییەوە لەسەر مێزەکەی دانیان. وتی:

- دوو.

دەفتەری گیرفانەکەی دەبەستەوە و هەڵیگرتەوە. ئێستاش ژووری خەزێنەکە بۆ زێڕەکە. دەستە شەرمنەکەی ستیفن بەسەر لەپکە گردبووەکەی ناو دەسکەوانە بەردینە ساردەکەدا جووڵا: شەیتانۆکەی دەریا[55] و کاوریی پارە[56] و لەپکەی پڵنگی: ئەمەش، وەک مێزەری ئەمیرێک قەفقەفە، ئەمەش، سکالۆپەکەی سانت یاقوب[57]. پاشەکەوتکراوی زیارەتکەرێکی پیر، گەنجینەی مردوو، لەپکەی ناوبۆش.

سۆڤەرینێکی ورشەدار و نوێ کەوتە سەر ڕووە نەرمەکەی سەرچەفی مێزەکە.

میستەر دیسی قتووە بچووکەکەی پاشەکەوتەکەی لە ناو دەستیدا بادەدا. وتی:

- سێ. ئەمانە شتگەلێکی بەکەڵکن هەتبن. ببینە. ئەمە بۆ سۆڤەرینە. ئەمە بۆ شڵنگە. شەش پنس، نیوکراون. ئێرەش کراون. ببینە.

دوو کراون و دوو شڵنگی لێ دەرهێنا. وتی:

- سێ دوازدە. پێم وایە خۆت دەیبینیت کە تەواوە.

ستیفن پارەکەی بە پەلەیەکی شەرمنانەوە کۆ کردەوە و کە هەموویانی خستە گیرفانێکی پانتۆڵەکەیەوە وتی:

- سوپاس، مامۆستا.

میستەر دیسی وتی:

- هیچ سوپاسی ناوێت. خۆت بە دەستت هێناوە.

دەستی ستیفن کە دیسان ئازاد بوو، بۆ لەپکە ناوبۆشەکان گەڕایەوە. هێماش بوون هی جوانی و دەسەڵات[58]. تۆپەڵێک لە گیرفانمدا: هێماگەلێک بە چاوچنۆکی و مەینەتی پیس بوون.

میستەر دیسی وتی:

- ئاوها هەڵیمەگرە، لە شوێنێک دەریدەهێنیت و ونی دەکەیت. هەر یەکێک لەم مەکینانە بکڕە. ئینجا دەزانیت زۆر بەکەڵکن.

وەڵامێک بدەوە.

ستیفن وتی:

- ئەوەی من زۆربەی کات بەتاڵ دەبێت.

هەمان ژوور و هەمان کاژێر، هەمان دانایی: منیش هەر هەمان. تا ئێستا سێ جار. سێ قوڵفی تەناف بە دەورمەوە لێرە. ئێ؟ گەر بمەوێت دەتوانم هەر ئێستا بیانپچڕێنم.

میستەر دیسی پەنجەی بۆ درێژ کرد و وتی:

- چونکە پاشەکەوت ناکەیت. هێشتا نازانیت پارە چییە. پارە دەسەڵاتە. کە هێندەی تەمەنی من ژیایت. دەزانم، دەزانم. *تەنها ئەگەر گەنجان بیانزانیایە*[59]. بەڵام شێکسپیر چی دەڵێت؟ *تەنها پارە بخەرە گیرفانتەوە*[60].

ستیفن ورنگاندی:

- یاگۆ.

نیگای لە لەپکە بێکەڵکەکانەوە بۆ تەماشای پیرەمێردەکە هەڵبڕی.

میستەر دیسی وتی:

- دەیزانی پارە چییە. پارەی پەیدا دەکرد[61]. هۆنەر بوو بەڵێ، بەڵام ئینگلیش بوو. دەزانیت شانازیی ئینگل چییە؟ دەزانیت شانازترین ڕستە چییە کە لە دەمی ئینگلێکەوە دەیبیستیت؟

فەرمانڕەواکەی دەریاکان. چاوە وەکدەریاساردەکانی تەماشای کەنداوە چۆڵەکەیان کرد: وا دیارە دەبێت مێژوو سەرزەنشت بکرێت: لەسەر خۆم و وشەکانم، نارِقاوی.

ستیفن وتی:

- ئەوەی کە خۆر لەسەر ئیمپراتۆرێتییەکەی هەرگیز ئاوا نابێت.

میستەر دیسی نەڕاندی:

- پەح! ئەوە ئینگلی نییە. کەڵتییەکی فەڕەنسی[62] ئەوەی وتووە.

قتووی پاشەکەوتەکەی دا بە کەڵەموستیدا. بە هەیبەتەوە وتی:

- با پێت بڵێم شانازترین لافوگەزافی چییە. *پارەی خۆمم داوە.*

هەر بژی. هەر بژی.

- *پارەی خۆمم داوە. هەرگیز لە ژیانمدا شڵنگێکم قەرز نەکردووە.* تێدەگەیت؟ *هیچ قەرزار نیم.* دەتوانیت؟

مەڵیگن، نۆ پاوەن، سێ جووت گۆرەوی، جووتێک کارک[63]، چەند بۆینباخێک. کیوران[64]، دە گینی. مەککان[65]، گینییەک. فرێد ڕایان[66]، دوو شڵنگ. تێمپڵ[67]، دوو خوانی

نیوەرۆ. ڕەسڵ[68]، گینییەک، کەزنس[69]، دە شڵنگ، بۆب ڕەینۆڵدز[70]، نیو گینی، کۆلەر[71]، سێ گینی، خاتوو مەککێرنەن[72]، کرێی پێنج حەفتە. ئەو تۆپەڵەی من هەمە بێسوودە.

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- لەم ساتەدا، نەخێر.

میستەر دیسی بە شادییەکی زۆرەوە پێکەنی، قتووی پاشەکەوتەکەی خستەوە شوێنی خۆی. بە دڵخۆشییەوە وتی:

- زانیم ناتوانیت. بەڵام دەبێت ڕۆژێک تێبگەیت. ئێمە بەخشندەین، بەڵام دەبێت دادپەروەریش بین.

ستیفن وتی:

- من لەو وشە گەورانە دەترسم کە ئەوەندە دڵتەنگمان دەکەن.

میستەر دیسی بۆ چەند ساتێک بە مڕومۆچی تەماشای قەبەیی پیاوێکی شۆخوشەنگی سەرووی سەر کوورەکەی کرد کە جلی کەڵتی تارتانی لە بەردا بوو: ئەلبێرت ئێدوارد، شازادەی وێڵز[73].

دەنگە بیرکەرەوەکەی وتی:

- تۆ پێت وایە کۆنەپەرستێکی پیر و تۆرییەکی[74] پیرم. لە سەردەمی ئۆکانەڵەوە[75] تا ئێستا سێ نەوەم دیوە. قاتوقڕییەکەی ٤٦م[76] بیر دێت. ئایا دەزانیت کە بیست ساڵ پێش ئەوەی ئۆکانەڵ بەرهەڵستی بکات و ئوسقوفەکانی کۆمەڵەکەت بە دیماگۆگ تاوانباری بکەن[77]، مەکۆی ئۆرەنجییەکان[78] کۆششیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە[79] کرد؟ ئێوەی فینییەنی[80] هەندێک شتتان لە بیر دەچێتەوە.

بە یادی پڕ شکۆ و نەمر و خوداناسی[81]. مەکۆی دایەمۆند لە ئارمای شۆخوشەنگ بە لاشەی پاپاخوازەکان هەڵواسراو[82]. بە دەنگی کەرخ، دەمامکدار و چەکدار، پەیمانی چێنراوەکان[83]. باکووری ڕەش و ئینجیلی شینی ڕاستینە[84]. سەرکێشەکان خۆتان بدەن بە دەستەوە[85].

ستیفن ئاماژەیەکی کورتی کێشا.

میستەر دیسی وتی:

- منیش خوێنی یاخیبوونم تێدایە. لە دایکمەوە[86]. بەڵام من نەوەی سێر جۆن بلاکوودم[87] کە دەنگی بە یەکێتییەکە دا. ئێمە هەموومان ئایرین، هەموومان کوڕی پاشاین[88].

ستیفن وتی:

- مخابن.

میستەر دیسی بە پێداگرییەوە وتی:

- *پێر ڤیاس ڕێکتاس*[89] دروشمی ئەو بوو. دەنگی پێی دا و چەکمەکانی لە پێ کرد تا بە سواری لە ئاڕدزی داونەوە[90] بەرەو دەبلن بڕوات تا ئەوە جێبەجێ بکات.

*لەل ذە رەل ذە را*

*ڕێگای بەردینی دەبلن*[91].

ئاغایەکی قسەڕەق بە چەکمە بریقەدارەکانیەوە بەسەر پشتی ئەسپێکەوە. ڕۆژێکی خۆش، سێر جۆن! ڕۆژێکی خۆش، خاوەنشکۆ!... ڕۆژ... ڕۆژ!... دوو چەکمەی شۆڕبووەوە بەرەو دەبلن ڕادەتەکێن. لەل ذە رەل ذە را. لەل ذە رەل ذە رەددی.

میستەر دیسی وتی:

- ئەوە بیری خستمەوە کە دەتوانیت لە ڕێی هەندێک لە هاوڕێ وێژەوانەکانتەوە چاکەیەکم لەگەڵدا بکەیت، میستەر دێدالۆس. نامەیەکم بۆ ڕۆژنامەکان داناوە. فەرموو تۆزێک دابنیشە. تەنها کۆتاییەکەیم ماوە بینووسمەوە.

چووە لای مێزی نزیک پەنجەرەکەوە، دوو جار کورسییەکەی ڕاکێشا و چەند وشەیەکی پەڕەی سەر تەپڵی ئامێری تیپنووسەکەی خوێندەوە. بەسەر شانیەوە وتی:

- فەرمو دابنیشە، ببوورە، *بنەماکانی سەلیقە*. یەک خولەک.

لە ژێر برۆ بژەکەیەوە تەماشای دەستنووسەکەی پەنا ئانیشکی کرد و، بە دەم خورتەوە، بە خاوی دەستی کرد بە پەنجەنان بە دوگمە قنجەکانی دوگمەبەندەکەدا[92]، هەندێک جار کە تەپڵەکەی ڕێک دەکردەوە تا هەڵەیەک بسڕێتەوە ئاهێکی دەدایەوە.

ستیفن بە بێدەنگی لە بەردەم خزمەتی شازادەکەدا دانیشت[93]. وێنەی ئەسپی لەناوچوو بۆ یادگاری وەستابوون و بە دەوری دیوارەکەوە لە چوارچێوە گیرابوون، سەرە دەستەمۆکانیان لە هەوادا ڕاوەستاون: *ڕیپەڵس*ەکەی لۆرد هەیستینگ، *شۆتۆڤەر*ەکەی دوکی وێستمینستەر، *سەیلۆن*ەکەی دوکی بیوفۆرت، *پغی دو پاغی*، ١٨٦٦[94]. سوارەی کورتەبنە دایاننیشاندوون، چاودێری هێمایەکن. خێراییەکانیانی دیوە، لەسەر ڕەنگەکانی پاشا گرەوی کردووە، لەگەڵ هوتافەکانی هاندەرە لەناوچووەکاندا هوتافی کێشاوە.

میستەر دیسی فەرمانی بە دوگمەکانی دا:

- خاڵ. *بەڵام دانوستانی گورج بۆ ئەم پرسە گرنگە...*

لەو شوێنەی کرانلی بردمی بۆی تا زوو دەوڵەمەند ببم، لە ناو عەرەبانە قوڕاوییەکان و هاواری گرەوچییەکانی سەر سەکۆکان و بۆگەنی دوکانچەکەی سەر چڵپاوە تێکەڵەکە، لە ئەسپە براوەکانی خۆی دەگەڕا. *ڤێر ڕێبڵ! ڤێر ڕێبڵ!* گرەوی یەکسان لەسەر

دڵخوازەکەی هەمووان: یەک بە دە بۆ هەر ئەسپێکی تری مەیدانەکە[95]. بە دوای سمەکاندا بە لای زارباز و کڵاوێنچییەکان و تەپلە و چاکەتە ڕکابەرەکاندا بەپەلە تێپەڕین، هەروەها بە لای ژنە ڕووگۆشتنەکەدا، کە ژنی قەسابێک بوو، تینووانە لمۆزی لە قاشێکی پرتەقاڵەکەی دەسوو.

لە گۆڕەپانی یاریی کوڕەکانەوە هاتوهاوار تیژبڕانە دەنگیان دایەوە و فیکەیەکی فڕکەفڕکیین قریشکایەوە.

دیسان: گۆڵ. من لە ناویاندام، لە ناو لەشە هەڵچووەکەی ناو ڕکابەرییەکەیاندام، ڕمبازیی ژیان. مەبەستت ئەو قاچلابەلای[96] نازداری دایەیە کە کەمێک لە خومار[97] دەچێت؟ ڕمبازییەکان. کاتی داخورپاو دەگەڕێتەوە جێی خۆی، داخورپان دوای داخورپان. ڕمبازییەکان، چڵپاو و بگرەوبەردەی جەنگەکان، مەرگەڕشانەوەی بەستووی کوژراوەکە[98]، هاوارێکی چوقڵەنێزەی هاوێژراو بۆ هەناوی خوێناویی پیاوان.

میستەر دیسی هەڵستا و وتی:

- دەی، ئێستا.

هاتە لای مێزەکەوە، پەڕەکانی پێکەوە لە دەرزی دا. ستیفن هەڵستا. میستەر دیسی وتی:

- بابەتەکەم پوختە کرد. دەربارەی نەخۆشیی تەبەقە[99]. چاوێکی پێدا بخشێنەوە. بابەتەکە هەر دەبێت وا بێت و بە جۆرێکی تر نەبێت.

ئەگەر بۆم هەبێت پەرژین بشکێنمە ناو موڵکە بەنرخەکەتانەوە. ئەو ڕێبازی *وارگێریی دەستتێوەرنەدان*ەی کە زۆر جار لە مێژووماندا. بازرگانیی وڵاخەکانمان. شێوازی هەموو پیشەسازییە دێرینەکانمان. داروودەستەکەی لیڤەرپووڵ کە فێڵیان لە نەخشەی بەندەری گۆلوەی کرد[100]. هەڵگیرسانی جەنگی ئەوروپایی[101]. ئازووقەی دانەوێڵە بەناو ڕاڕەوە ئاوییە تەسکەکەی نۆکەندەکەدا. خەمساردییە لەبێگەردبێگەردترەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ. بمبەخشن بە تیلنیشانێکی[102] کلاسیکی. کاساندرا[103]. لە ڕێی ژنێکەوە کە لەوە باشتر نەبوو کە دەبووایە ببووایە[104]. با بێینە سەر چەقی بابەتە پێشنیارکراوەکە.

کە ستیفن دەیخوێندەوە میستەر دیسی پرسیی:

- خۆ بێنەوبردەی زۆرم نەخستووەتە قسەکانمەوە، وا نییە؟

نەخۆشیی تەبەق. بە ئامادەکاریی کۆش[105] ناسراوە. سیرۆم و ڤایرۆس[106]. ڕێژەی ئەسپی خوێلێدراو[107]. گاقڕان[108]. ئەسپەکانی ئیمپراتۆر لە مورتستێگ، خواروی نەمسا[109]. نەشتەرسازە ڤێتێرنەرەکان[110]. میستەر هێنری بلاکود پرایس[111]. بەڕێزیان هەلی

تاقیکردنەوەیەکی شایستە پێشنیار دەکەن. بنەماکانی سەلیقە. پرسە گرنگە. بە هەموو واتاکانی وشەکە با گاکە بە قۆچەکانی بگرین. سوپاسی میواننەوازییەکەتان دەکەم کە ستوونەکانتانم پێ ببەخشن.

میستەر دیسی وتی:

- دەمەوێت چاپ بکرێت و بخوێنرێتەوە. دەبینیت کە لە واگرەی[112] داهاتوودا وڵاخی ئایری یاساغ دەکەن. دەشتوانرێت چارە بکرێت. چارە کراوە. ئامۆززاکەم، بلاکود پڕایس، بۆی نووسیوم کە دکتۆرەکانی وڵاخ لە نەمسا بە ڕێکوپێکی لەگەڵیدا ڕەفتاریان کردووە و چارەیان کردووە. هەلیان پێمان داوە بۆ ئێرەش بێن. هەوڵ دەدەم وەزارەت هان بدەم. ئێستاش هەوڵ دەدەم لای خەڵک بیناسێنم. چواردەورم بە ئاستەنگی تەنراوە، بە... پیلانگێڕی بە... دەستتێوەردانی تەڵەکاوی بە...

پێش ئەوەی دەنگی بدوێت دۆشاومژەی هەڵبڕی و پیرانە کێشای بە هەوادا و وتی:

- میستەر دێدالۆس، قسەکانم بە هەند وەربگرە. ئینگلتەرا لە دەستی جووەکاندایە[113]. لە هەموو پێگە بەرزەکانیدا: داراییەکەی، ڕۆژنامەگەرییەکەی. ئەوانەش نیشانەی پووکانەوەی گەلێکن. لە هەر کوێیەک کۆ ببنەوە هەموو پتەوییەکانی گەلەکە دەخۆن. خۆم ئەم ساڵانە بینیم کە ئەمە ڕووی دا. چۆن دڵنیام ئا ئێستا ئێمە لێرەدا وەستاوین ئاواش دڵنیام هەر ئێستا بازرگانە جووەکان لە گەرمەی وێرانکارییەکەیاندان. ئینگلتەرای پیر دەمرێت.

بە گورجیی هەنگاوی نا و دوور کەوتەوە، چاوەکانی، کە بە لای تیرۆژێکی بەریندا تێپەڕین، ڕەنگی شینیان تێدا بووژایەوە. ئاوڕی دایەوە و دووبارە ڕووی وەرگێڕایەوە، وتی:

- دەمرێت. ئەگەر تا ئێستا نەمردبێت.

*قیژەی سۆزانی شەقام بە شەقام*
*کفنی ئینگلتەرای پیر دەدورێ*[114].

چاوەکانی لە بیناییدا زەق کرانەوە و لەسەر تیرۆژەکەی تیایدا وەستابوو[115] مڕومۆچانە تەماشای کرد. ستیفن وتی:

- بازرگان کەسێکە کە بە هەرزان دەکڕێت و بە گران دەفرۆشێت، جوو بێت یان ناجوو، وا نییە؟

میستەر دیسی بە پێداگرییەوە وتی:

- ئەوان گوناهیان دژی ڕووناکییەکە کردووە[116]. تۆش دەتوانیت تاریکایی لە چاوەکانیاندا ببینیت. هەر لەبەر ئەوەشە کە تا ئەمڕۆ لەسەر زەوی ویڵن[117].

پیاوە پێستزێڕینەکان لەسەر پلیکانەکانی بۆرسەی پاریس[118] بە پەنجە بە گەوهەر ڕازاوەکانیانەوە نرخەکان بانگەواز دەکەن. قیرەقیرِی قازەکان. کێوییانە و بە هاتوهاوارەوە لە ناو پەرستگاکەدا[119] ئاپۆرایان گرتبوو، سەرەکانیان لە ژێر شەبقە ئاوریشمە گێرەکانیاندا پیلانی ئاڵۆزیان دەگێڕا. هی ئەوان نییە: ئەم جلانە، ئەم وتارە، ئەم دەستجووڵاندنانە. چاوە گەورە خاوەکانیان وتەکانیانیان بە درۆ دەخستەوە، دەستجووڵانی پەرۆش و بێزیان، بەڵام بە قینەبەرایەتییە کەڵەکەبووەکەی دەوریانیان دەزانی و دەیانزانی پەرۆشییەکەیان بێهوودەیە. پشوودرێژییەکی بێهوودە بۆ گردکردنەوە و پاشەکەوتکردن. بێگومان کات گشت پەرەوازە دەکات. گەنجینەیەک بە قەراخ ڕێدا گرد کراوەتەوە: تاڵان دەکرێن و دەستاودەست دەکرێن. چاوەکانیان ساڵانی ویڵییانی دەزانی و، بە پشوودرێژی، نەنگیی لەشیانیان دەزانی[120].

ستیفن وتی:

- جا کێ نەیکردووە؟

میستەر دیسی پرسیی:

- مەبەستت چییە؟

هەنگاوێک هاتە پێشەوە و لای مێزەکەوە وەستا. ژێرچەنەی لە نادڵنیاییدا کرایەوە و بە لادا کەوت. ئایا ئەمە دانایی کۆنە؟ چاوەڕێ دەکات شتێکم لێوە ببیستێت.

ستیفن وتی:

- مێژوو مۆتەکەیەکە کە دەمەوێت لێی ڕابم[121].

کورەکان لە گۆڕەپانی یارییەکەوە هاوارێکیان لێوە بەرز بووەوە. فیکەیەکی فرکەفرکیین: گۆڵ. ئەی چی ئەگەر ئەو مۆتەکەیە لە پشتەوە لەقەیەکی لێت دا؟

میستەر دیسی وتی:

- ڕێچەی ئافرێنەر وەک ڕێچەکانی ئێمە نین. هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو یەک ئامانجی مەزن دەجووڵێت، ئەویش دەرخستنی خودایە[122].

ستیفن کەڵەموستی بەرەو پەنجەرەکە ڕاتەکاند، وتی:

- ئەوە خودایە.

هوڕڕەی! هێی! وڕوییی!

میستەر دیسی پرسیی:

- چی؟

ستیفن شانی هەڵتەکاند، وەڵامی دایەوە:

- هاوارێک لە کۆڵانەوە[123].

میستەر دیسی سەری داگرت و کەمێک لە نێوان پەنجەکانیدا نقورچی لە پەڕەی لووتی گرت. سەری هەڵبڕی و دیسان ئازادی کردن. وتی:

- من لە تۆ دڵخۆشترم، ئێمە چەندین هەڵە و گوناهمان کردووە. ژنێک گوناهی هێنایە جیهانەوە[124]. گریکییەکان لەبەر ژنێک دە ساڵ دژی ترۆیا[125] جەنگان، بۆ ژنێک کە لەوە باشتر نەبوو کە دەبووایە ببووایە، ئەویش هێلێن بوو، ژنە هەڵهاتووەکەی مێنێلاوس[126]. هەر ژنێکی بێوەفاش بوو کە سەرەتا نامۆکانی هێنایە کەنارەکەمانەوە لێرە، ژن و دۆستەکەی ماکمۆرۆ، ئۆڕورک، شازادەی برێفنی[127]. هەر ژنێکیش بوو پارنێڵی داکێشا[128]. هەڵەی زۆر، نشوستیی زۆر، بەڵام گوناهە تاقانەکە نا[129]. ئێستا و لەم ڕۆژانەی کۆتاییمدا تێکۆشەرم. بەڵام لە پێناو ڕاستیدا تا کۆتایی دەجەنگم.

*ئۆڵستەر هەر دەجەنگێ*

*چونکە مافی بە دەستە[130].*

ستیفن پەڕەکانی دەستی هەڵبڕی. دەستی پێ کرد:

- دەی، مامۆستا...

میستەر دیسی وتی:

- وا پێشبینی دەکەم تۆ لێرە زۆر لەم کارەدا نەمێنیتەوە. پێم وا بێت تۆ بۆ ئەوە لە دایک نەبوویت ببیت بە مامۆستا. ڕەنگە هەڵەش بم.

ستیفن وتی:

- زیاتر فێرخوازێک.

ئەی لێرە چیی زیاتر فێر دەبیت؟

میستەر دیسی سەری ڕاوەشاند. وتی:

- کێ ناڵێت؟ دەبێت مرۆڤ بۆ فێربوون خاکیی بێت. بەڵام ژیان مامۆستا مەزنەکەیە.

ستیفن دووبارە پەڕەکانی لە یەک خشاند. دەستی پێ کرد:

- سەبارەت بەمانە...

میستەر دیسی وتی:

- بەڵێ، ئەوە تۆ دوو نوسخەت پێیە. ئەگەر بتوانیت وا بکەیت یەکسەر بڵاو بکرێنەوە.

تەلەگراف. ئایرش هۆمستێد[131].

ستیفن وتی:

- هەوڵ دەدەم، سبەینێش وەڵامت لێ دەگێڕمەوە. دووراودوور دوو سەرنووسەر دەناسم.

میستەر دیسی بە گورجی وتی:

- بەسمانە. دوێشەو بۆ میستەر فیلدی ئەندام پەرلەمانم[132] نووسی ئەمڕۆ لە میوانخانەی سیتی ئامس کۆبوونەوەیەکی بازرگانانی وڵاخ هەیە[133]. داوام لێی کرد نامەکەم لە کۆبوونەوەکەدا بخوێنێتەوە. تۆش ئەگەر بتوانیت بیانخەیتە ناو هەردوو ڕۆژنامەکانتەوە. کامە و کامە بوون؟

- ذە ئیڤنینگ *تەلەگراف*...

میستەر دیسی وتی:

- زۆر چاکە. کاتمان نییە تا بە فیرۆی بدەین. ئێستاش دەبێت وەڵامی ئەو نامەیەی ئامۆزاکەم بدەمەوە.

ستیفن پەڕەکانی خستە گیرفانیەوە و وتی:

- بەیانییەکی خۆش، مامۆستا، سوپاس.

میستەر دیسی بە ناو پەڕەکانی سەرمێزەکەیدا دەگەڕا، وتی:

- شایەنی نییە. بەم پیرییەشمەوە حەز دەکەم زۆرانبازییەکت لەگەڵدا بکەم.

ستیفن لە بەرانبەر پشتە نوشتاوەکەی ئەودا خۆی نوشتاندەوە، دووبارە وتی:

- بەیانییەکی خۆش، مامۆستا.

بە لای هەیوانە کراوەکە و بە ڕێچکە چەوەکەی ژێر درەختەکاندا چووە دەرەوە، لە گۆڕەپانی یارییەکەوە قیژەی دەنگەکان و شەقەی دارهۆکییەکانی دەبیست. کە بە دەروازەکەدا چووە دەرەوە، شێرەکان لەسەر کۆڵەکەکان ڕاکشابوون: تۆقێنەری بێددان. هێشتا لە جەنگەکەیدا هاوکاریی دەکەم. مەڵیگن ناتۆرەیەکی نوێم لێ دەنێت: هەڵبەستوانی یەختەگابەهاوڕێگر[134].

- میستەر دێدالۆس!

بە دوامدا ڕادەکات. هیوادارم نامەی تر نەبێت.

- تەنها چرکەیەک.

ستیفن لە بەردەم دەروازەکەدا ئاوڕی دایەوە و وتی:

- بەڵێ، مامۆستا.

میستەر دیسی ڕاوەستا، هەناسەسوار، هەناسەی خۆی قووت دایەوە. وتی:

- هەر تەنها ویستم بڵێم، دەڵێن ئایرلاند شانازیی ئەوەی هەیە کە تاکە وڵاتە هەرگیز جووەکانی نەچەوساندووەتەوە. ئەوەت زانیوە؟ نەخێر. ئینجا دەزانیت بۆچی؟

له بەردەم کەشە ڕووناکەکەدا نێوچاوانی گرژ کرد.

ستیفن کەوتە بزەکردن و پرسیی:

- بۆچی، مامۆستا؟

میستەر دیسی بە هەیبەتەوە وتی:

- چونکە هەرگیز ڕێی نەداوە بێنە ناویەوە[135].

تۆپەکۆکەیەکی پێکەنین لە قوڕگیەوە دەرپەڕی و بە دوای خۆیدا زنجیرەیەکی خێرای بەڵغەمی هێنا. بە خێرایی پشتی تێکرد، دەکۆکی، پێدەکەنی، قۆڵە بەرزکراوەکانی بۆ هەواکە شەکانەوە. کە بە قاچە گێترەپۆشەکانیەوە بەسەر چەوی ڕێچکەکەدا پێی کوتا، لە ناو پێکەنینەکەیەوە وتیەوە:

- هەرگیز ڕێی نەداوە بێنە ناویەوە، بۆیە.

لە سەرووی شانە داناکانیەوە بەناو نەخشی شەترەنجییانەی گەڵاکاندا خۆر زەنگیانەی پرژاند، خوردەی هەڵپەڕیو.

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی دووەم

[1] **ئەڵقەی دووەم: نێستۆر**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: قوتابخانەیەکی تایبەتی کوڕان لە دالکی – دەبلن.

**کات**: پێنجشەممە، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ١٠ی بەیانی.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: ستیفن دێدالۆس، گارێت دیسی، سارجنت، کاکرەین، ئارمسترۆنگ، کۆمین، تۆلبت.

ستیفن لە قوتابخانە وانەی *کلاسیک* بە قوتابییەکانی دەڵێتەوە. وانەکە لە بارەی پیرۆس (٣١٨-٢٨٢پ.ز.) و جەنگەکانیەوەیە. لە قوتابییەک دەپرسێتەوە کە ئەو نازانێت پیرۆس تەنانەت چییە، نەک کێیە. قوتابییەکە پێی وایە پیرۆس لەنگەرگایە! قوتابییەکانی تر پێی پێدەکەنن.

ستیفن لەم پێوابوونەی قوتابییەکەیەوە خەیاڵی دەڕوات بۆ سەرمەستیی ئەمشەوی مەڵیگن و هاینس. پێی وایە مەڵیگن گەپجاڕێکە لە دەرباری سەروەرەکەیدا، کە هاینسە و هاوکات دەوڵەتی ئیمپریالیی بەریتانیایە. لەوێوە دەچێتەوە ناو مێژوو و بیر لە تیۆرییەکی ئەریستۆتێلیس دەکاتەوە لە بارەی شیان و کامگیرییەوە.

لە پەڕتووکی خوێندنەکەدا دەچنە سەر هۆنراوەیەکی جۆن میڵتن، کە ستیفن بێئاگایانە و بێباکانە لێیان دەپرسێتەوە. قوتابییەک هۆنراوەکەی میڵتن ئەزبەر دەڵێتەوە. خەیاڵی ستیفن دەچێتەوە سەر وردەکاریی تیۆریی شیان و کامگیریی ئەریستۆتێلیس. پاشان ئەو سەردەمەی بیر دێتەوە کە خۆی لە پاریس ژیاوە. دواتر ستیفن مەتەڵێک لە قوتابییەکانی دەپرسێت، کەس وەڵامەکەی نازانێت.

کاتی وانە تەواو دەبێت. قوتابییەکان یاریی هۆکییان هەیە. یاریی هۆکی یارییەکی ئینگلییە و ئایری نییە. یارییە ئایرییەکە پێی دەڵێن *هەرلینگ*، بەڵام قوتابییەکان ئەو یارییە ناکەن.

یەکێک لە قوتابییەکان ناڕوات، کوڕێکی ناشیرین و لاوازە، ناوی *سارجنت*ە. ئەم قوتابییە لە نووسینەوەی وانەکانیدا دواکەوتووە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، کە ناوی *میستەر دیسی*یە، پێی وتووە بە یارمەتیی مامۆستا ستیفن وانەکانی بنووسێتەوە. وا دیارە وانەی بیرکارییە، چونکە لەسەر ناونیشانەکەی نووسراوە «هاوکێشە»، کە بە ئینگلی دەبێتە *سەم sum*. ستیفن ئەم وشەیە بە لاتینی دەخوێنێتەوە کە بە *سوم* دەخوێنرێتەوە، واتە من.

لەوێوە دەچێتەوە سەر بیرکردنەوە لە ژیانی خۆی و دایکی. ئینجا بیر لە دایکی سارجنت و خۆشەویستیی دایک دەکاتەوە.

ستیفن یارمەتیی سارجنت دەدات ڕاهێنانەکانی تەواو بکات. هێمای سەر دەفتەرەکەی سارجنت ستیفن دەخاتە بیری ئیبن ڕوشد و موسای کوڕی مەیموون. لەوێشەوە دەچێتە بیری تێڕوانینەکانی جۆردانۆ بروونۆ (١٥٤٨-١٦٠٠). پاشان سارجنت نووسینەوەکەی تەواو دەکات و دەچێتە لای هاوڕێکانی کە یاری دەکەن.

ستیفن کەمێک بە دیار قوتابییەکانەوە ڕادەوەستێت کە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە خەریکن دەست بە یاری دەکەن. قوتابییەکان هەرایەکی زۆریان ناوەتەوە و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەوڵ دەدات ڕێکیان بخات، داوا لە ستیفن دەکات لە نووسینگەکەی چاوەڕێی بکات.

ستیفن لە نووسینگەکەی میستەر دیسیدا بە تەنیا چاوەڕێ دەکات. پاشان میستەر دیسی دێت و سەرەتا مووچەکەی ستیفن دەدات، کەچی ستیفن هەر بێ ژماردن و بێباکانە هەموو پارەکە دەخاتە گیرفانیەوە. ئەم ڕەفتارە بێباکانەیەی ستیفن وا دەکات میستەر دیسی ئامۆژگاریی ستیفن بکات کە کەمێک دەست بە پارەوە بگرێت. پاشان دەڵێت شانازیی ئینگل ئەوەیە کە پێی وایە هەرگیز هیچ پارەیەکی قەرز نەکردووە! بەڵام ستیفن پێی وا بووە کە شانازیی بەریتانی ئەوەیە کە پێی وایە خۆر لەسەر ئیمپراتۆرێتییەکەی هەرگیز ئاوا نابێت. میستەر دیسی پێی وایە ئەم قسانە هەڵەن و بۆی ڕاست دەکاتەوە، بەڵام قسەکانی دیسی خۆی هەڵەن. ئینجا دێنەوە سەر باسی پارە و پاشەکەوتکردن، ستیفن بیر لەو کەسانە دەکاتەوە کە قەرزاریانە. ئینجا دەچنە سەر هەندێک باسی جۆراوجۆری مێژووی ئایرلاند.

میستەر دیسی نامەیەکی سەبارەت بە نەخۆشیی تەبەق لە خەیاڵدایە بینووسێت و بڵاوی بکاتەوە. نەخۆشیی تەبەق نەخۆشییەکی ئاژەڵانە. لەبەر ئەوەی دەزانێت ستیفن خەڵک لە ڕۆژنامەکان دەناسێت، بۆیە داوا دەکات یارمەتیی بدات تا بۆی بڵاو بکەنەوە. میستەر دیسی پێی وایە چارەی نەخۆشیی تەبەق کراوە و لە ئایرلاند واگرەی ئاژەڵ بە ڕێوەیە و پێویستە مەڕومالات و وڵاخی ئایرلاند لە دەست ئەم نەخۆشییە ڕزگار بکرێن. بۆیە داوا لە ستیفن دەکات کەمێک دابنیشێت تا ئەو نامەکەی دەنووسێت و ستیفن وا دەکات.

ستیفن لەم ماوە بێدەنگەدا سەرنجی ئەو تابلۆیانە دەدات کە بە ژوورەکەدا هەڵواسراون. وێنەی پێشبڕکێی ئەسپسواری هەڵواسراوە. لەوەوە دەکەوێتە بیری سەردەمێک کە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بە ناوی کرانلی پێکەوە چوون بۆ پێشبڕکێی ئەسپسواری. کرانلی لە ڕۆمانی ڕابردووی جۆیسیشدا هەیە و هاوڕێی نزیکی ستیفن بووە. قوتابییە منداڵەکان کە لە گۆڕەپانەکەدا یاری دەکەن، گۆڵ دەکەن و فیکە لێدەدەن و ئەمە خەیاڵی ستیفن دەهێنێتەوە بۆ نێو ژوورەکە.

میستەر دیسی نووسینی نامەکە تەواو دەکات و دەیداتە دەست ستیفن. ستیفن بە خێرایی دەیخوێنێتەوە. هەرگیز نازانین هەموو ئەوەی لەم نامەیەدا نووسراوە چییە، بەڵکو تەنها لە ڕێی وشەی پچڕپچڕەوە دەزانین نامەکە لە بارەی چییەوەیە.

میستەر دیسی باس لەوە دەکات کە جووەکان خەریکە بەریتانیا داگیر دەکەن. پێی وایە ئابووری و ڕۆژنامەگەری لە ژێر ڕکێفی جووەکاندایە و دەیەوێت دژایەتییان بکات. ستیفن گفتوگۆیەکی نابەدڵانەی کورتی لەگەڵدا دەکات، بەڵام دواتر دەکەوێتە یادی بۆرسەی پاریس و شێوەی پارەپەیداکردنی بۆرسەچییەکانەوە.

دواجار ستیفن لەسەر مێژوو یەکێک لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین وتەکانی ڕۆمانەکە دەڵێت، کە دەڵێت: «مێژوو مۆتەکەیەکە کە دەمەوێت لێی ڕابم». میستەر دیسی لەمەوە دێتە سەر باسی خودا و ئامانج لە دونیا. ئینجا باس لە دین و مێژووی ئایرلاند و گریک دەکات، ئۆباڵی خراپەکارییەکان دەخاتە ئەستۆی ژن. دواتریش میستەر دیسی دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە پێی وایە ستیفن زۆر لە قوتابخانەکە نامێنێتەوە، چونکە ستیفن بۆ ئەوە دروست نەبووە ببێت بە مامۆستا.

ستیفن نامەکەی میستەر دیسی وەردەگرێت و لە خزمەتی مەرەخەس دەبێت. ستیفن خەریکە دەگاتە دەرەوەی قوتابخانەکە، میستەر دیسی بە ڕاکردن بە دوایدا دێت و پێی دەڵێت کە ئایرلاند شانازیی ئەوەی بەردەکەوێت کە هەرگیز جووەکانی نەچەوساندووەتەوە، چونکە ئایرلاند هەرگیز ڕێی نەداوە جوو بێتە وڵاتەکەیانەوە! کە ئەم قسەیەشی هەر هەڵەیە. **~ن.م.**

لە پەڕتووکی دووەمی *ئۆدیسە*دا، تیلێماخۆس لە کۆبوونەوەیەکدا بەرەوڕووی خوازبێنیکەرەکان دەبێتەوە و ئەوان بەرپەرچی دەدەنەوە. لەسەر ئامۆژگاریی ئەثینا، کە خۆی بە شێوەی مێنتۆر گۆڕیوە، کەشتییەکەی بەرەو زەمینی سەرەکیی گریک بە ڕێ دەخات. تیلێماخۆس دەگاتە زەمینی سەرەکی و بۆ ئامۆژگاری دەچێتە لای نێستۆر، کە

گالیسکەوانێکی مەزن و ڕامکەری ئەسپانە. {لە وەرگێڕانە ئینگلییەکەی فیتزجێرەڵددا دەڵێت «گالیسکەوانێکی مەزن»، یان وەک من کە لەوم وەرگێڕاوە «گەورەی گالیسکەوانان»، بەڵام لەوەی فەیگڵس و کوردییەکەی مامۆستا حەمەکەریم عارفیشدا هەر دەڵێت: «ڕامکەری ئەسپان». من هەردووکیان بە کار دەهێنم، چونکە گیفرد و سایدمان لەسەر ئەوەی فیتزجێرەڵد کاریان کردووە} پیسیتراتوس، کە کوڕە بچکۆلەکەی نێستۆرە، پێشوازیی لێ دەکات. ئەگەرچی نێستۆر تەنها ئەوەندە دەزانێت کە گەڕانەوەی ئۆدیسێفس بۆ ماڵی خۆی کارێکی قورس دەبێت، بەڵام گەورەبوون و پێگەیشتنی تیلێماخۆس ستایش دەکات، بەشێک لە مێژووی گەڕانەوەی پاڵەوانەکانی گریکی بۆ دەخوێنێت، لەوانە، گەڕانەوەی ئاگامێمنۆن و مردنەکەی و تۆڵەی کوڕەکەی لە بکوژەکانی باوکی. ئەمەش ئاماژە بەوە دەدات کە لەوانەیە چیرۆکێکی هاوشێوە چاوەڕێی تیلێماخۆس و گەڕانەوەی ئۆدیسێفس بکات. لە پەڕتووکی چوارەمدا پیسیتراتوس تیلێماخۆس بەرەو کۆشکی مێنێلاوس دەبات کە لەوێ هێلێن دەبینێت و چیرۆکی گەڕانەوەکەی مێنێلاوس دەبیستێت.

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ۱۰ی بەیانییە. دیمەن: قوتابخانەیەکی تایبەتی کوڕان لە دالکی، کە دێیەکە لە باشووری خۆرهەڵاتی زناری کەنداوی دەبلن، بە نزیکی میلێک لە قەڵای مارتێللۆی ساندیکۆڤەوە دوورە. ئامراز: هیچ. هونەر: مێژوو {لە پەڕتووکی سێیەمی *ئۆدیسە*دا ئەثینا داوا لە تیلێماخۆس دەکات و دەڵێت:

بچۆ لای مامە نێستۆر
گەورەی گالیسکەوانان
تا دەرگای یادگەی مێشکی
بکەینەوە هەردووکمان
بەڕەوشت بە و بیدوێنە
تا بە دانایی ژیان
هەموو مێژووت پێ بڵێ
دوور لە درۆ و پێوەنان.}

ڕەنگ: قاوەیی. هێما: ئەسپ. تەکنیک: فێرکاری بە پرسیار و وەڵام (خودی) (کاتەکیزم). هاوتەرییەکان: نیستۆر-دیسی، پیسیتراتوسی کوڕە گەنجەکەی نێستۆر-سارجنت، هێلێن-خاتوو ئۆشێ {دۆستەکەی پارنێڵ کە دواتر بوو بە ژنی}. **~گ.س.**

[2] **کاکرەین**: (١٨٩٥-١٩٨٦) لە ناو هەموو قوتابییەکانی قوتابخانەکەی میستەر دیسیدا {کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە و دواتر دەیناسین}، دەتوانین تەنها بە شوێن ناوی *کاکرەین*دا بچین کە دانیشتووی دالکی بووبن. ئەم کوڕە ناوی *جۆن گۆردن کاکرەین* بووە، باوکی ناوی *چارلز هێنری کاکرەین* و دایکی ناوی *مارگەرێت گۆردن* بووە. لە ٢ی ئایاری ١٨٩٥ لە دایک بووە. باوکی پارێزەر بووە و لە ناونیشانی ٢٩ شەقامی فرێدریکی باشوور، دەبلن، نووسینگەی ڕاوێژکاریی هەبووە. ساڵی ١٩٠٤ خێزانەکەیان لە خانەی کامبریدج لە ٣٨ی شەقامی ئوڵڤەرتنی دالکی ژیاون. لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ لە شاری ڤانکووڤەر لە کەنەدا مردووە. ڕەنگە ئەم پیاوە لە قوتابخانەی کلیفتن خوێندبێتی، ئەو قوتابخانە ڕاستینەیەی جۆیس ساڵی ١٩٠٤ چەند حەفتەیەک وانەی لێ وتووەتەوە و *فرانسیس ئیروین* بەڕێوەبەرەکەی بووە، کە کەسێتیی ڕاستینەی میستەر دیسییە. **~ڤ.ئ.**

[3] **تارێنتۆم، ئاسکولوم، پیرۆس**: ستیفن پرسیاری پیرۆس (٣١٨-٢٨٢پ.ز.) و هێرشەکانی لە قوتابییەکانی دەکات، پیرۆس بەکرێگیراوێکی تارێنتۆمییەکان بوو تا لە دژی ڕۆمییەکان بجەنگێت. تارێنتۆم شارێکی باشووری ئیتالیا بوو کە داگیرکراوی گریکییەکان بووە. پیرۆس پێش ئەوەی ساڵی ٢٨٠ی پێش زاین جەنگەکانی تارێنتۆمییەکان بگرێتە دەست، پلەی شایەکی بچووک و سوپاسالارێکی سەرکەوتووی بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو. تا ئەندازەیەکی باشیش لە دژی ڕۆمییەکان سەرکەوتوو بوو، لە جەنگەکانی سیریس و ئاسکولومدا {دوو شاری دێرینی باشووری ئیتالیان} سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بەڵام ئەم سەرکەوتنانەی ئەوەندە بە قورسی و بە نرخێکی ئەوەندە گران و سەخت دەست کەوت کە وای کرد بەدەستەوەدانی تارێنتۆم بۆ ڕۆمییەکان مسۆگەر بوو. **~گ.س.**

[4] **کچانی یاد هەڵیانبەستووە**: لە تابلۆی *دیمەنێکی دواهەمین دادگایی*ی ویلیەم بلەیک (١٧٥٧-١٨٢٧)ەوە {**ویلیەم بلەیک**: هۆنەر و وێنەکێشێکی مەزنی ئینگل بووە.} هێنراوە دەڵێت: «کچەکانی یاد هەڵبەست، یان چیرۆکی هێمایی هەڵدەبەستن. وێناکردن بە سرووشی کچانی یاد دەوره دراون، کە لە کەڵەکەبوونیاندا پێیان دەوترێت ئۆرشەلیم.» بە تێگەیشتنێکی تر، لە ئوستوورەی گریکیدا کچەکانی زێوس و منیمۆسینی (خواژنی یاد)، نۆ مووسەکەن. **~گ.س.**

**منیمۆسینی**: بە ئینگلی Mnemosyne یان یاد(ی کوردی)، کچی ئورانۆس بووە و یەکێکە لە تیتانەکان، زێوس لەگەڵی جووت بووە و بووە بە دایکی مووسەکان (بڕوانە ٧: ٢٥٦). **~ن.م.**

[5] **شەقەی... بلەیک**: ئاوێتەکردنی دوو پەندە لە *پەندەکانی دۆزەخ* لە نووسینی ویلیەم بلەیک لە پەڕتووکی *هاوسەرگیریی دۆزەخ و بەهەشت*دا (١٧٩٠). ئەمە پەندی یەکەمە: «ڕێی زیادەڕەوی بەرەو کۆشکی دانایی دەڕوات». ئەمەش پەندی دووەمە: «هیچ باڵندەیەک زۆر بەرز بە ئاسماندا هەڵناکشێت ئەگەر تەنها بە باڵی خۆی بفڕێت». **~گ.س.**

[6] **گوێم لە... ڕەشداگیرساوە**: بلەیک چەند جارێک پێشبینیی ئەوەی کردووە، لە *هاوسەرگیریی دۆزەخ و بەهەشت*دا دەڵێت: «ئەو نەریتە باوەی باوەڕی وایە لە کۆتایی هەزارەی شەشەمدا جیهان گڕ دەگرێت، ڕاستە، وەک چۆن من لە دۆزەخم بیست». لە نامەیەکیشدا بۆ ویلیەم هەیلی، کە لە ٦ی ئایاری ١٨٠٠دا نووسیویەتی، دووپاتی دەکاتەوە کە: «هەموو لەدەستچوونێکی نەپاو {فاني}، دەستکەوتێکی نەمرییە. شوێنەواری خاپووربووی کات لە تاتاییدا {ئەبەدیێتی} کۆشکان دروست دەکات». ستیفن کۆپلەیەکی بلەیک لەگەڵ شکانی ترۆیادا {تەڕوادە} تێکەڵ دەکات، کە دۆزێکی سەرنەکەوتوو بوو و وەک هەوڵەکانی تارێنتۆمییەکان نەبوو کە لە ژێر فەرمانی پیرۆسدا بۆ ڕێگرتن لە هەژموونی ڕۆمییەکان کۆششیان کرد. لەم دیمەنە کارەساتاوییانەوە پرسیارێک دەربارەی سرووشتی مێژوو سەر هەڵدەدات: ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە بلەیک لە هاوسەرگیریی دۆزەخ و بەهەشتدا پێشبینیی کردووە، کە «دواهەمین بڵێسەی ڕەشداگیرساو» ساتی شێوەگۆڕانەکانە، ئایا دوای ئەوە هەموو ئافرێنراوەکان... دەسووتێن و بێکۆتاییانە و پیرۆزانە دەردەکەون؟ کە ئێستا کۆتاییدار و ناپیرۆز دەردەکەون؟ **~گ.س.**

ئەو وشەیەی بۆ پەسنی بڵێسەکە هاتووە وشەی olivid، بە واتای *ڕەقهەڵستاو*یش دێت، واتە دەشێت ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەش وەربگێڕرێت: «کاتیش دواهەمین بڵێسەی ڕەقهەڵستاوە». **~ن.م.**

[7] **سەرکەوتنێکی... لێبووینەتەوە**: لە دوای جەنگی ئاسکولوم دەوترێت گوایە «پیرۆس وەڵامی یەکێک لەوانەی دایەوە کە لە ئەنجامی سەرکەوتنەکەیاندا خۆشیی دەردەبڕی، وتی: "سەرکەوتنێکی تری وەها ئیتر کۆتاییم پێ دەهێنێت."» ئەمە لە پەڕتووکی *ژینامەکان*، لە نووسینی پلوتارکدا هەیە. **~گ.س.**

[8] **ئارمسترۆنگ**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکەی نەزانراوە. (ساڵی ١٩٠٤ لە شەقامی ڤایکۆ هیچ خێزانێک بە ناوی *ئارمسترۆنگ*ەوە نەبووە.) **~گ.س.**

[9] **کۆتایی پیرۆس**: پیرۆس دوای ئاسکولوم بە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستدا گەڕاوە و وتاری داوە. ئەو ناوچانەش لە نەیاری و پاشاگەردانیی نێوان شارە سەربەخۆکان و دۆزە سەرنەکەوتووەکانی هەموو تەماحکارەکاندا نوقم ببوو. کۆتاییەکەی پیرۆس ساڵی ٢٧٢ی پێش زاین هات. پیرۆس بڕیاری دابوو لە دوژمنایەتیی ناو شارۆچکەیەکدا هاوکاریی یەکێک لە هاووڵاتییە پایەبەرزەکانی شاری ئارگۆس بکات، دوژمنەکەیان ئەنتیگۆنۆسی دووەمی مەکەدۆنیا بوو. پیرۆس لە ناو شارۆچکەکەدا خرایە داوەوە، کە هەوڵی دا لە داوەکە دەربچێت، کەوتە ناو جەنگێکی شەقامەوە و خەریک بوو یەکێک لەوانە بکوژێت کە هێرشی کردبووە سەری، بەڵام دایکی هێرشکەرەکە لە سەربانی ماڵێکەوە بەردێکی هاویشت، پیرۆس لە هۆش خۆی چوو و لەسەر ئەسپەکەی گلا، یەکێک لە لایەنگرەکانی ئەنتیگۆنۆس کوشتی. **~گ.س.**

[10] **کۆمین**: ساڵی ١٩٠٤ لە دالکی هیچ خێزانێک بە ناوی *کۆمین*ەوە نەبووە، بەڵام دوای داگیرکاریی نۆرمانییەکان، *کۆمین* ناوی خێزانێکی بەهێز و بەناوبانگی سکۆتلاند بوو. لە ئەنجامی چەند کۆششێکی بێبەری وەک ئەوانەی پیرۆسدا خۆیان لە ناو برد کە بە درێژایی سەدەی سێزدەیەم هەوڵیان دەدا پارێزگاری لە سەربەخۆیی سکۆتلاند بکەن. **~گ.س.**

[11] **شەقامی ڤایکۆ، دالکی**: چەندین جار ئەم ناوە وەک تیلنیشان بۆ جامباتیستا ڤیکۆ (١٦٦٨-١٧٤٤)ی فەیلەسووفی ئیتالی تەماشا کراوە، کە چەمکی ئەو بۆ مێژوو ئەوە بوو کە بازنەیەکی دووبارەبووەوەیە، یان «تەسبیح»ێکە و جۆیس ئەمەی بە لاوە سەرنجڕاکێش بووە. بەڵام ئەم تیلنیشانە جێی گومانیشە، چونکە لە ڕاستیدا شەقامی ڤایکۆ لە دالکی هەیە، یەکێکیش لە نموونەکانی ئارمسترۆنگ (کلیفرد فێرگوسن: بڕوانە ئێلمان لاپەڕە ١٥٣) لە ڕیزەخانووەکانی ڤایکۆ ژیاوە. بەستنەوە ئازادانەکەی ستیفن بۆ چەمکەکانی بلەیک و ئەریستۆتێلیس دەربارەی سرووشتی مێژوو، دەیخاتە سەردەمێکی بنەڕەتییانەی پێش هەڵوێستی ڤیکۆوە. **~گ.س.**

[12] **پیرۆس لەنگەرگایە**: لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا نازانرێت بۆچی کوڕە وا دەزانێت پیرۆس لەنگەرگایە، بەڵام لە ئینگلیزییەکەدا وشەی پیرۆس *Pyrrhus* و وشەی لەنگەرگا: پییەر *Pier* لە گۆکردندا لە یەکەوە نزیکن. **~ن.م.**

[13] **لەنگەرگای کینگستاون**: بۆ لەنگەرگاکە وەک بەستەرێکی میتافۆڕی (بڕوانە ١: ٣٨). ئەو دوو دیوارە ئاوییەی لە شێوەی پیتی Lدا دروست کراون و بەندەری دەستکردی کینگستاون (دون *لییری*ی ئێستا) پێکدەهێنن، پێیان دەوترێت: کۆڵەکەی خۆرهەڵات و کۆڵەکەی

خۆرئاوا. کۆڵەکەی خۆرهەڵات بە نزیکی میلێک درێژە و جێیەکی نوێباوی پیاسەکردن بوو، گرووپی موزیک کۆنسێرتی ئێوارانی هاوینی تێدا دەگێڕا و هەلی چاوباشقاڵیشی بۆ کوڕ و کچە سەڵتەکان دەڕەخساند. **~گ.س.**

[14] **نامیلکەکەی هاینس**: ئەوەی هاینس لە ئەڵقەی یەکەمدا باسی دەکات و دەیەوێت گوڵبژێرێک لە وێژەی میللیی ئایری کۆ بکاتەوە و داوا لە ستیفن دەکات کە ئەگەر ڕێی بدات، ئەوا وتەکانی کۆ دەکاتەوە. **~ن.م.**

[15] **یولیوس قەیسەر... نەکوژرایە**: گایۆس یولیوس قەیسەر (١٠٠-٤٤پ.ز.) سوپاسالار و وارگێڕ و دیکتاتۆرێکی ڕۆمی بوو {ئەو سەردەمە وشەی دیکتاتۆر هەمان ئەو واتا نەرێنییەی نەبوو کە ئێستا ئێمە بە کاری دەهێنین}، بوو بە قوربانیی پیلانی شەست ئەریستۆکرات کە لە هەڵکشانی دەسەڵاتی وارگێڕیی ئەو دەترسان و تووڕە بوون. مێژووەوانانی سەدەی نۆزدە سوور بوون لەسەر ئەوەی کە کوشتنی قەیسەر بە چەقۆ بۆ ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمی کارەساتاوی بوو، چونکە کاتێک لە دیدی ئێستاوە تەماشای ڕابردوو دەکەین، لەوە دەچێت ئەو کوشتنە پێشەکیی سەردەمێکی تایبەتی ناسەقامگیری مێژووی ڕۆمی بووبێت. **~گ.س.**

[16] **ژووری بێکۆتا... وەلایان ناوە**: جیاکارییەکە لە گفتوگۆیەکی ناو پەڕتووکی *مێتافیزیک*ی ئەریستۆتێلیسەوە هێنراوە. جیاکارییەکە دەربارەی پێچەوانەیی «توانست/پۆتێنشەڵ» (ئەوەی دەتوانێت بجووڵێنێت یان بجووڵێنرێت) و «کامگیری» («بوونی شتان» کە ناتوانێت بجووڵێت و لاببرێت)ە، بەم پێیە، ئەریستۆتێلیس پێی وایە کە لە هەر ساتێکی مێژوودا ژمارەیەک «توانست/ پۆتێنشەڵ» بۆ ساتی دواتر هەن، بەڵام تەنها یەکێک لەو توانستانە/ پۆتێنشەڵانە دەبێت بە کام دەگات و ئاوهاش دەبێتە «کامگیر»، هەر کە بووش بە کامگیر، ئەوکات هەموو توانست/ پۆتێنشەڵەکانی تر «وەلا دەنرێن». **~گ.س.**

[17] **تەنها ئەوە شیاو بوو کە هاتووەتە دی**: ئاماژەیە بە جیاکارییەکی تری ئەریستۆتێلیس لە نێوان هۆنراوە و مێژوودا کە لە پەڕتووکی *شیعر* {پۆیەتیکا}دا دەڵێت: «لەم بۆچوونەی ئێمەوە دەردەکەوێت شاعیر ئەو بەسەرهاتانە باس ناکات کە ڕوویان داوە، بەڵکو لەوە دەدوێت کە دەشێت ڕوو بدات. لەو ئەگەرانە دەدوێت، کە بە گونجاندن یان زەرووری ڕوو دەدەن. جیاوازیی نێوان شاعیر و مێژوونووس... {لەوەدایە کە} مێژوونووس لەوە دەدوێت کە ڕووی داوە، شاعیریش لەوەی دەشێت ڕوو بدات.» **~گ.س.**

وەرگێڕانەکە هی دکتۆر موحەمەد کەماله، بڕوانە *شیعر*، نووسینی ئەریستۆتێلیس، وەرگێڕانی لە ئینگلیییەوە د. موحەمەد کەمال. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم ٢٠١٠. لا ٢٧ و ٢٨. **~ن.م.**

[18] **بتەنە، ئەی جۆڵای با**: لە دابونەریتی لەمێژینەی ئایریدا جۆڵایی بە هونەری پێشبینیکردنەوە پەیوەست کراوە. **~گ.س.**

[19] **تۆلبت**: بۆ بەستنەوەیەکی ئەم ناوە (بڕوانە ١٠: # **لۆرد تۆلبتی مالەهاید**). بە پێی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، ساڵی ١٩٠٤ لە دالکی هیچ خێزانێک بە ناوی *تۆلبت*ەوە نەبووە. **~گ.س.**

[20] **ئیتر مەگرین... نوقم بووە**: ڕیزی ١٦٥ تا ١٩٣ی هۆنراوەی *لیسیداس*ی جۆن میڵتنە (١٦٠٨-١٦٧٤) (١٦٣٨). ئەمەی خوارەوە بەشێکی ئەو کۆپلەی سەردولکە شوانکارەییەیە کە میڵتن بۆ ئێدوارد کینگی هاوڕێی نووسیوە کە نوقم بووە:

ئیتر مەگرین، ئەی شوانە دڵتەنگەکان، ئیتر مەگرین،
لەبەر ئەوەی لیسیداسی مایەی خەمتان نەمردووە،
گەرچی لە ژێر شەپۆلاندا نوقم بووە،
خۆ هەتاویش لە ژێر زەریادا نوقم ئەبێ،
بەڵام هەر زوو سەرە شۆڕەکەی هەڵدەبڕێ،
بە پوولەکەی زێڕی نوێوە تیشکەکانی دەنەخشێنێ و
تەوێڵی ئاسمانی بەیان دەدرەوشێنێ:
لیسیداس زۆر قووڵ ڕۆدەچێ، لێ زۆر بەرزیش سەردەکەوێ،
بە هێزی بەپێزی ئەوەی بەسەر شەپۆلدا پیاسەی کرد
لە شوێنێکی پڕ لالەزار، پڕ لە ڕووبار
بە نێکتاری پاک ئەگریجەی لینجی دەشۆرێ
لە شانشینی بەختیاریی چێژ و ئەوین
گوێ لە بەستەی دەرنەبڕاوی گۆڤەند دەگرێ. **~گ.س.**

*نێکتار* بە گوێرەی ئوستوورەی گریکی خواردنەوەی خوداکانە (بڕوانە ٨: ٥٣٢). لەبەر جیاوازیی ڕێزمانی ئینگلی و کوردی، لە وەرگێڕانەکەمدا جێی دوو دێڕی کۆتاییم ئاڵوگۆڕ کردووە. **~ن.م.**

[21] **کەواتە... وەک شیاو**: لە پێناسەی *جووڵە*ی ئەریستۆتێلیسەوە هێنراوە کە لە پەڕتووکی *فیزیک*دا دەڵێت: «بەجێهێنانی ئەوەی وەک شیان {پۆتێنشەڵ} بوونی هەیە، ئەوەندەی وەک شیانێک بوونی هەیە، جووڵەیە – جووڵەی ئەوەی دەگۆڕێت و توانای گۆڕانی هەیە، واتە جووڵەی گۆڕان.» **~گ.س.**

[22] **سوارڤا**: بە ئینگلی *floating*: هەر شتێک کە بێ هیچ ڕاگرێک لە هەوادا، یان لە کەشدا وەستابێت، یان بە دەم هەواوە بجووڵێت و بێت و بچێت، یان ڕاگری کەمی هەبێت. وشە ئینگلییەکە واتایەکی تری هەیە، ئەویش لە فەرهەنگی کوردیدا بە «سواراو»، یان «سەراوکەوتە» دەستنیشان کراوە، کە شتێکە لە ناو ئاودا سەرئاو بکەوێت، وەک تەبەدۆر. وشە ئینگلییەکەش بە هەمان واتا دێت. بەڵام واتاکە تەنها بە ئاوەوە سنووردار نەکراوە، بەڵکو دەشێت تەنێک لە هەواشدا ڕاوەستابێت، یان بە دەم هەواوە، یان تەنانەت بە دەم ئاویشەوە بێت و بچێت. خودی زەوی و مانگ و هەموو هەسارە و ئەستێرەکان تەنی سوارڤان، چونکە ڕاگری دیاریان نییە، لەسەر زەویش تەپ و تۆز و ڤایرۆس و زۆر شتی تر لە هەوادا سوارڤان. سوارڤا لەگەڵ فڕیندا جیاوازە، زەوی نافڕێت، بەڵکو سوارڤایە، تەنە سوارڤاکان مەرج نییە باڵیان هەبێت تا لە هەوادا بفڕن، هەوا و با، یان هێزی کێشکردنی شتێک دەیانهێنێت و دەیانبات.

ئەم وشەیە بەم واتایە گەلێک پێویستە و دەبێت لە *سواراو* و واتا نزیکەکانی جیا بکرێتەوە. پاش ئەوەی بە فەرهەنگەکانی بەردەستمدا گەلێک گەڕام و هیچ وشەیەکم دەست نەکەوت بەم واتایە بێت، بۆیە خۆم دامرشت، شێوەی داڕشتنەکەشی بەم شێوەیەیە، بە هەمان داڕشتەی *سواراو*، کە سواری ئاو بووە، *سوارڤا*: لە سوار-ڤا پێکهاتووە: *ڤا*، لە ڕاستیدا هەر وشەی *با*یە، یان *هەوا*، کە لە ڕیشەناسییەکەیدا گەڕاندوومەتەوە بۆ کوردی و فارسی و پەهلەویی کۆن و ئاڤێستایی کە ئەگەری زۆرە بنەچەی وشەکە بەم شێوەیە پەرەی سەندبێت:

ڤات[یان ڤاتە] ← وات[یان واد] ← ڤاد ← باد ← با

هێشتا *باد*ەکە لە زمانی ئەمڕۆی کوردیدا هەیە و لە وێژەی کلاسیکیشدا چالاکە، بۆ نموونە نالی دەڵێت: «گوڵ بە دەم بادی سەباوە پێکەنی یەعنی وەرە». هۆی ئەوەی کە *ڤا*م بە کار هێناوە نەک *با*، ئەوەیە کە نەمویست واتای ڕاستەوخۆی *با*ی ئەمڕۆ لە وشەکەدا هەبێت، لە وشە کۆنەکەدا دەشێت واتای *هەوا*ش بگرێتەوە. *باسوار* یان *ڤاسوار*یشم بە کار نەهێنا، لە لایەک لەبەر ئەوەی لەسەر داڕشتەی *سواراو* نەبوون، لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی

له *فەرهەنگی کوردستانیکا*دا بینیم کە *باسوار* لە بەرانبەر ***windsurfer****ی* ئینگلیدا دانراوە، کە یاریکەری وەرزشێکە کە بەسەر شەپۆلی ئاودا دەڕۆن کاتێک با دەیانهێنێت. پێم وا بوو کە ئەگەری هەیە بە ئاسانی لەگەڵ ئەم وشەیەدا تێکەڵ ببێت. *سوار*یش لە وشەی *سوارڤا*دا، دەزانرێت کە، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «بریتییە لە شتێک کە بەسەر شتێکی تردا بڕوانێت و زاڵ بێت».

بێگومان دەشێت ڕۆشنبیران و زانستکار و ئاخێوەرانی کورد ئەم وشەیەی من پشتگوێ بخەن و لەگەڵمدا هاوڕا نەبن، بەڵام لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا چەندین جار ئەم وشەیە بەرۆکمی گرتووەتەوە و بە چەندین جۆر هەوڵم داوە چارەی بکەم، هەر واتاکەی لە دەست داوە، بۆیە لە بەرانبەر ***floating****ی* ئینگلیدا، بە واتای *وەستانی بێ ڕاگر*، یان *وەستان بە ڕاگری کەم* دامناوە. هەر کاتێکیش زمانناسانی کورد لەسەر وشەیەکی تر ڕێککەوتن، ئەوا دەتوانن ئەم وشەیە پشتگوێ بخەن و ئەوەیان بە کار بهێنن کە لەسەری ڕێکدەکەون.

تێبینی: *سوارڤا*م لە نێوان دوو بژاردەی تردا هەڵبژارد، بۆ ڕەچاوکردن، دوو بژاردەکەی تر: *هەڵاوتن* و *کەشسوار* بوون. *کەشسوار*ەکە هەر وەک *سوارڤا* داڕێژراوە، ڕێکخستنەکە پێچەوانەیە، بەڵام ئەویان لە بری *با/ڤا*، *کەش*م بە کار هێناوە، کە هاوواتای هەوایە. *هەڵاوتن* لە پێشگری *هەڵ-* بە واتای *بەرەو سەر* و *ئاو* داڕێژراوە، ئەم بژاردەیەیان لە ٢٠١٨دا دامنا، بەڵام ئێستا بە داڕشتنێکی خراپ و هەڵەی دەزانم، چون وشەکە بەم واتایەیان پەیوەندی بە ئاوەوە نییە، ئەگەر وا بووایە، ئەوا *سواراو* گەلێک بژاردەیەکی باشتر بوو، کە ئەو کات نەمدەزانی هەیە.

بۆ *ڤاتە* بڕوانە *فەرهەنگی ئاڤێستایی*: https://clic.krd/gROCQ

بۆ *ڤاد* یان *واد* بڕوانە *فەرهەنگی پوختەکراوی پەهلەوی*، دانانی دەیڤد نیڵ ماککینزی (١٩٢٦-٢٠٠١)، پڕۆفیسۆری زانکۆی گوتنگێن – ئەڵمانیا، [چاپی دووەم ١٩٨٦، دەزگای چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد] لا. ١٤٠. **~ن.م.**

[23] **سیامییەکی لەشداهێزراو... دەپشکنی**: سیام تایلاندی ئێستایە. لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا فەرەنسا کە لە هیندۆچینی فەرەنسی (بە نزیکی ڤییەتنام و لاوس و کەمبۆدیای ئەمڕۆ) ئامادەیی هەبوو، فشارێکی زۆری خستە سەر سیام بۆ بەدەستەوەدانی چەندین ناوچەی خاکەکەیان. کۆنگرەی فەرەنسی-سیامیی ساڵی ١٩٠٤ بەدەستەوەدانی زیاتری بەسەر سیامدا سەپاند لە ناوچەکانی خۆرئاوای ڕووباری میکۆنگ (ڕۆژێک لە ڕۆژان سنووری خۆرهەڵاتی سیام بوو)، کۆنگرەی ئینگلی-فەرەنسیش لە هەمان ساڵدا مەیدانی

دەسەڵاتی چەسپاند (کە بەریتانییەکان بۆ خۆرئاوای سیام لە بۆرما و مالیزیا، فەڕەنسییەکانیش بۆ خۆرهەڵات). بە کورتی، سیام وڵاتێکی کێشەدار و نیمچە-داگیرکراو بوو، دروستێتیی ڕووبەری خاکەکەی لە ناو برا، ئەگەرچی بە پێی کۆنگرەی ئینگلی-فەڕەنسی دەبوو «مسۆگەر» کرابایە. **~گ.س.**

سیامییە لەشداهێزراوەکە کوڕێک بووە ناوی *چاون* بووە و جۆیس لە پەڕتووکخانەی سان ژەنەڤێیڤ ناسیویەتی. «{چاون} لێکۆڵینەوەی لە ڕێبەرینامەی ستراتیژیەتی سەربازیدا دەکرد تا خۆی ئامادە بکات پلەیەکی وارگێڕی لە خۆرهەڵاتی دووردا دەست بکەوێت.» (کۆستێللۆ، جەیمز جۆیس، لا.٢٠٧). **~س.ت.م.١**

[24] **پەڕتووکخانەی... دەجووڵێنێتەوە**: **تەمبەڵە**: بە ئینگلی ***Sloth***، گیاندارێکی شیردەری سست و خاو و چنگدارە، زۆربەی کاتەکانی لەسەر لقی درەخت بە سەر دەبات. **~ن.م.**

پەڕتووکخانەی سان ژەنەڤێیڤ پەڕتووکخانەیەکی شاری پاریسە، بە پێی *ڕێبەرینامەی بایەکر* (پاریس و دەوروبەری [لەندەن ١٩٠٧ لا. ٢٨٥])، «بە نزیکی لە ئێوارانداا تەنها خوێندکاران سەردانیان دەکرد.» کاریتە ئاسنەکانی میچە قۆقزییەکەی ژووری خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکخانەیە وا دەکات لە ئەشکەوت بچێت. ئەم کۆپلەیە تیلنیشانیش بە بلەیک دەکات لە *هاوسەرگیریی دۆزەخ و بەهەشت*دا دەڵێت: «لە چاپخانەیەکی دۆزەخدا بووم، بینیم چۆن زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە. لە ژووری یەکەمدا پیاوێکی ئەژدیها-ئاسای لێبوو، خۆڵ و خاشاکی بەردەمی ئەشکەوتەکەی پاک دەکردەوە، لە ناوەوەش، کۆمەڵێک ئەژدیها ئەشکەوتەکەیان هولۆڵ دەکرد». **~گ.س.**

[25] **بیر بیری بیرە**: لە *مێتافیزیک*ی ئەریستۆتێلیسەوە: «دەبێت بیر (هزر) بیر لە خۆی بکاتەوە (چونکە نایابترین شتە)، بیرکردنەوەکەشی بیرکردنەوەیە لە بیرکردنەوە». **~س.ت.م.١**

[26] **شێوەی شێوەکانە**: لە *دەربارەی گیان*ی ئەریستۆتێلیسەوە هێنراوە کە دەڵێت: «وەک چۆن دەست ئامێری ئامێرەکانە، ئاوهاش هۆش {گیان} شێوەی شیوەکانە و هەستەوەریش شێوەی هۆشە.» لە پەڕتووکی *مێتافیزیک*دا ئەریستۆتێلیس پێی وایە کە جووڵێنەری سەرەتایی بیرۆکەیە کە بیر لە خۆی دەکاتەوە. **~گ.س.**

[27] **بە هێزی بەپێزی... ئەوەی**: بە گوێرەی مزگێنی *بە پێی نووسینی مەتا* عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات تا بچێتە لای مریدەکانی و دڵنەواییان بکاتەوە کە بەلەمەکەیان «شەپۆلەکانیش پێیاندا دەکێشا، چونکە بایەکە پێچەوانە بوو». **~گ.س.**

ئەمە دێڕێکە لە هۆنراوەکەی میلْتنی لاپەڕەکانی پێشتر، مەبەستی ئەوەیە کە لە ڕێی هێزی مەزنی عیساوەیە کە ئێستا لیسیداس «لە شوێنێکی پڕ لالەزار، پڕ لە ڕووبار، بە نێکتاری پاک ئەگریجەی لینجی دەشۆرێ...تد.» (بڕوانە ٢: ٢٠). **~ن.م.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[٢٢]دەستبەجێ قوتابییەکانی ناچار کرد سواری بەلەمەکە بن و پێش خۆی بڕۆنە ئەوبەر، تاکو خەڵکەکە بەڕێ دەکات. [٢٣]کاتێک خەڵکەکەی بەڕێکرد، بە تەنها چووە سەر شاخ تاکو نوێژ بکات. کە ئێوارە داهات بە تەنها لەوێ بوو، [٢٤]بەلەمەکەش ماوەیەکی زۆر لە وشکانییەوە دوور کەوتبووەوە، شەپۆلەکانیش پێیاندا دەکێشا، چونکە بایەکە پێچەوانە بوو. [٢٥]پێش خۆرهەڵاتن عیسا هاتە لایان و بەسەر دەریاچەکەدا دەڕۆیشت. [٢٦]کاتێک قوتابییەکان بینییان لەسەر دەریاچەکە دەڕوات، شێوان و گوتیان: «ئەمە دێوەزمەیە!» لە ترسانیشدا هاواریان کرد. [٢٧]دەستبەجێ عیسا قسەی لەگەڵ کردن: «وورەتان بەرز بێ! منم. مەترسن.» [٢٨]پەترۆس وەڵامی دایەوە: «گەورەم، ئەگەر تۆی، فەرمانم پێبدە بەسەر ئاوەکەدا بێمە لات.» [٢٩]فەرمووی: «وەرە.» پەترۆس لە بەلەمەکە دابەزی و بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیشت و بەرەو لای عیسا بەڕێکەوت. [٣٠]بەڵام کاتێک بینی ڕەشەبایە، ترسا و خەریک بوو نوقوم دەبوو، هاواری کرد: «گەورەم، ڕزگارم بکە!» [٣١]عیساش یەکسەر دەستی درێژکرد و گرتییەوە و پێی فەرموو: «کەم باوەڕ، بۆچی گومانت کرد؟» [٣٢]کە سەرکەوتنە ناو بەلەمەکە، بایەکە وەستا. [٣٣]ئەوانەی لەناو بەلەمەکەدا بوون، کڕنۆشیان بۆ برد و گوتیان: «بەڕاستی تۆ کوڕی خودای.» (مەتا ١٤: ٢٢-٣٣)

[28] **هی قەیسەر... بدەنە خودا:** عیسا پێی وا بوو کە مرۆڤ دەبێت تەنها سەرانە بە خودا بدات. {*سەرانە* بە واتای *باجی ڕێز*} فەریسییەکان هەوڵیان دا «عیسا بە قسەی خۆی تووش بکەن»، پارەیەکی ڕۆمییان بۆی هێنا کە «وێنە و نووسین»ی قەیسەری لەسەر بوو، لێیان پرسی: «دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟» وەڵامەکەی عیسا مەتەڵێک بوو، بەوەی کە وێنەی سەر «پارەی سەرانە»کە قەیسەرە، کەواتە: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا» **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[١٥]ئینجا فەریسییەکان ڕۆیشتن و تەگبیریان کرد چۆن عیسا بە قسەی خۆی تووش بکەن. [١٦]قوتابییەکانی خۆیان و هێرۆدسییەکانیان ناردە لای و گوتیان: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و ڕێگای خودا بە ڕاستی فێردەکەیت و گوێ بە کەس نادەیت، چونکە تەماشای ڕواڵەتی خەڵک ناکەیت. [١٧]کەواتە پێمان بفەرموو ڕات چییە: دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟» [١٨]عیسا کە بە نیازخراپی ئەوانی دەزانی، فەرمووی: «ئەی دووڕووان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ [١٩]پارەی سەرانەم پیشان بدەن.» ئەوانیش دینارێکیان بۆ هێنا. [٢٠]پێی فەرموون: «ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟» [٢١]وەڵامیان دایەوە: «قەیسەر.» پاشان پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.» [٢٢]کە گوێیان لێبوو سەرسام بوون، ئینجا بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن. (مەتا ٢٢: ١٥-٢٢)

[29] **بۆم هەڵبێنە... بۆ چاندن دامێ**: دوو دێڕی سەرەتای مەتەڵێکە کە ئەمە هەموویەتی:

بۆم هەڵبێنە، ئەگەر گێژ نیت ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبێنە:
باوکم هات و تۆوێکی بۆ چاندن دامێ،
تۆوێکی ڕەش لەسەر زەوییەکی سپی.
هەڵیبێنە با شمشاڵێکت بدەمێ.

یان «هەڵیبێنە با بیرەیەکت بدەمێ». وەڵامەکەشی: «نووسینی نامە»یە. ئەم وەڵامە لەگەڵ هەڵهێنانەکەی دواتری ستیفندا بەراورد بکە. **~گ.س.**

[30] **هۆکی**: کوڕەکان لە بری ئەوەی یاریی *هەرلینگ hurling* بکەن کە ئایرییە و ئەو کاتە تازە بووژێنرابووەوە، یاریی هۆکیی گۆڕەپان دەکەن کە یارییەکی ئینگلییە. **~گ.س.**

[31] **مام کەڵەشێر... ئاسمان**: مەتەڵەکەی ستیفن نوکتەیەکە لەسەر خودی مەتەڵ، لەبەر ئەوەی تا وەڵامەکە نەزانرێت ناتوانرێت وەڵام بدرێتەوە. بڕوانە پەڕتووکی *ئینگلی* لە نووسینی پاتریک وێستن جۆیس، لاپەڕە ١٨٧، دەڵێت:

بۆم هەڵبێنە، دەی بە ڕاستی ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبێنە:
من دوێنێ شەو چیم بینیوە؟
با هەڵیکرد، مام کەڵەشێر کەوتە قووقان،
زەنگی ئاسمان یازدە جاران کەوتە لێدان،
دەی کاتیەتی ئا ئەم گیانە بەستەزمانە
بڕوا بۆ ئاسمان.

وەڵامەکەشی: «ڕێوییەکە دایکی لە ژێر درەختی ئیلێکسدا دەنێژێت». **~گ.س.**

[32] **ئیلێکس**: بە ئینگلی *holly tree*، ناوە زانستییەکەی *Ilex aquifolium*ە، درەخت یان دەوەنێکی هەمیشەسەوزە، گەڵاکانی سەوزی تۆخ و ئەستوور و نووکتیژن، لە زستاندا بەری خڕی سوور دەگرێت و بۆ مرۆڤ و سەگ و پشیلە ژەهراوییە. **~ن.م.**

[33] **سارجنت**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکە و گرنگییەکەی نەزانراوە. (بە پێی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لە دالکیدا هیچ خێزانێک بە ناوی *سارجنت*ەوە نەبووە.) **~گ.س.**

[34] **هاوکێشە**: وشەی هاوکێشەکە بە ئینگلی *sum*ە، کە بە واتای *سەرجەم*یش دێت، هاوکات لە لاتینیدا بە واتای منیش دێت، لە لاتینییەکەیەوە ستیفن خۆی لە سارجنتدا دەبینێتەوە. **~ن.م.**

[35] **میستەر دیسی**: بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە. ڕەنگە ناوەکەی لە *یاسای دیسی*یەوە هێنرابێت، کە یاسایەک بوو ساڵی ١٨٦٠ دەرکرا و لە ڕوواڵەتدا وا دەردەکەوت بۆ چاکسازیی زەویوزارە لە ئایرلەنددا، بەڵام لە ڕاستیدا پاساوی جێبەجێکردنی پەیڕەوێکی ستەمکارانە بوو لە دژی کرێنشینان و لە بەرژەوەندیی خاوەنزەوییەکاندا بوو، (بۆ نموونە: ئەوانەی لایەنگری ئینگلەکان بوون، یان ئەوانەی دژی دەزگای کاسۆلیک بوون). بە پێی ناوەکەی بێت، میستەر دیسی «بەریتانییەکی خۆرئاوایی»ە. ئەم کۆمەڵەیە پێیان وا بوو ئایرلاند هەرێمی خۆرئاوای ئینگلتەرایە و لاسایی ڕەفتار و نەریتی ئینگلەکانیان دەکردەوە. ئەوەی تەوساوییە ئەوەیە ساڵی ١٩٠٤ لە شەقامی کاسڵ لە دالکی، دانیەڵ دیسی ناوێک هەبوو یاریدەری قەشەی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمی بوو، هەروەها قەشەی قوتابخانەی لۆرێتتۆ ئابەییش بوو. **~گ.س.**

فڕانسیس ئیروین، کە بەشێک لە کەسێتیی خەیاڵکردی میستەر گارێت دیسیی لەسەر بونیاد نراوە، سکۆتییەکی خەڵکی ئۆڵستەر بوو. لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن خوێندوویەتی، بەڵام تۆماری دەرچوونی نییە. مامۆستای بیرکاری و کلاسیک بووە و دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری قوتابخانەی کلیفتن بووە لە شەقامی دالکی، کە جۆیس ساڵی ١٩٠٤ چەند حەفتەیەک وانەی تیایدا وتووەتەوە. ئیروین سەڵت بووە و ئەندامێکی کڵێسای ئایرلاند بووە و لایەنگری ئینگل بووە. لەگەڵ خوشکێکی گەورەتریدا، کە بێوەژن بووە، لە دالکی ژیاون. **~ڤ.ئ.**

[36] **پەڕتووک/دەفتەر**: جۆیس لە دێڕەکانی پێشووتردا وشەی *دەفتەر copybook*ی بە کار هێناوە، کەچی لێرەدا کردوویەتی بە *پەڕتووک book*، لە چاپە شیکارییەکەی گابڵەریشدا هیچ دەستکارییەک پیشان نادات، بۆیە ڕەنگە هەڵە بێت و بەسەریدا تێپەڕیبێت، لە چاپەکانی پێشووتردا وشەی *دەفتەر*م بۆی دانابووەوە، بەڵام لەم پێداچوونەوەیەدا کردمەوە بەوەی جۆیس نووسیویەتی. **~ن.م.**

[37] **تەنها شتێکی ڕاست لە ژیاندا**: کرانلیی هاوڕێی ستیفن لە پاری پێنجەمی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* دەڵێت: «هەرچییەک لەم دونیا گوواوییە بۆگەنەدا گومانلێکراو بێت، خۆشەویستیی دایک گومانی لێ ناکرێت.» **~گ.س.**

وەرگێڕانەکە هی دکتۆر ئازاد حەمەشەریفە، بڕوانە *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*، چاپی دووەم، لا. ٢٩٦. **~ن.م.**

[38] **کۆڵومبانوسی خوێنگەرم**: سانت کۆڵومبانوس (٥٤٣-٦١٥) سانتێکی ئایر بووە و یەکێک بووە لە شارەزاترین و زمانپاراوترین مژدەبەرە ئایرەکانی دوورگەکە. وا بەناوبانگ بووە کە «بە پێچەوانەی ویستی دایکیەوە» دایکی خۆی بە جێ هێشتووە. **~گ.س.**

[39] **ئیتر وێ نەما**: وا دیارە مەبەست لە *وێ*، *دایک* بێت. **~ن.م.**

[40] **مۆریس**: مەبەست گەلی مۆرۆییەکانە، وەک مەغریبییەکان. وا زانراوە کە گوایە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا مۆرۆییەکان زانستی جەبریان بۆ ئەوروپا بردووە. **~گ.س.**

**مۆریس**: بە ئینگلی *Morris*، لە *فەرهەنگی ئۆکسفۆردی موزیک*ەوە: «جۆرە سەمایەکی فۆلکلۆریی ئینگلیی پیاوانە، ڕەزمی موزیکەکەی یان دووییە، یان چوارییە، سەماکارەکان زەنگ یان شەقشەقە لە لوولاقیان دەبەستن و هەندێک جاریش جلوبەرگی تایبەتی بۆ دەپۆشن، وەک هی کەسێتیی خەیاڵکرد (فیکشنەڵ)». **~ن.م.**

[41] **نەگۆبازی**: بە ئینگلی *mummery*، نمایشی کۆمەڵە ئەکتەرێکی بێدەنگە. **~ن.م.**

[42] **ئیبن... مەیموون**: **ئیبن ڕوشد** (١١٢٦-١١٩٨) فەیلەسووف و فیزیاناسێکی عەرەبی ئیسپانی بوو، بە شرۆڤەکانی بەناوبانگ بووە کە لەسەر فەلسەفەی ئەریستۆتێلیس کردوونی. شرۆڤەکانی پێشینەیەکی باشی بە فەلسەفەی سکۆلاستیی مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەخشیوە. زۆر هەوڵی داوە فەلسەفەی ئەریستۆتێلیس لەگەڵ شەرعی چەسپاوی ئیسلامدا ڕێکبخات (کە زۆر بە چەسپاویی خودا وەک ئافرێنەر دووپات دەکاتەوە)، جیهانی ئیسلامی گومانیان لە گومڕایی ئەو کردووە، ناوبانگەکەشی وای کردبوو کە وا بزانرێت تەنانەت پشتیوانە مەسیحی و جووەکانیشی تا ڕادەیەک گومڕان.

**موسای کوڕی مەیموون** (١١٣٥-١٢٠٤) مالوومێکی جوو بوو، شارەزای تەلمود بوو و فەیلەسووفیش بوو. وەک ئیبن ڕوشد، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بیری مەسیحێتیی سەدەکانی ناوەڕاست هەبووە، بە دیاریکراوی لەسەر تۆماسی ئەکوینۆیی، پێی وتراوە «ڕووناکیی خۆرئاوا». ئاوێتەکردنی فەلسەفەی ئەریستۆتێلیس لەگەڵ پەیڕەوی ڕاستینەی ڕێکرەوی جوودا، بابەتی سەرەکیی هەوڵەکانی موسای کوڕی مەیموون بوو.
**تۆماسی ئەکوینۆیی** (١٢٢٥-١٢٧٤) سیانینەکە تەواو دەکات، چونکە ئەویش بۆ هەمان ئامانج هەوڵی داوە، ئەویش ئامانجی ئاوێتەکردنی بیری ئەریستۆتێلیسییانە لەگەڵ ڕاستێتیی ئاشکرابووی مەسیحێتییدا بووە. **~گ.س.**

[43] **گیانە شاراوەکەی جیهان**: فەیلەسووف و ڕازگری ئیتالی، جۆردانۆ بروونۆ (١٥٤٨-١٦٠٠)، کە جۆیس لە گەنجیدا وا دایناوە کە «باوکی ئەوەیە کە پێی دەوترێت فەلسەفەی مۆدێرن»، زۆر منەتباری ئیبن ڕوشد بووە. بروونۆ گریمانەی *ئانیما دێل مۆندۆ* – *anima del mondo*ی داناوە، بە ئیتالی واتا «گیانی جیهان»، کە هەم بنچینە و ماکەی سرووشتە و هەم هۆی سرووشتیشە، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەکەی ئەریستۆتێلیسەوە، ئەو ئامادەگییە ناوەکییەیە کە بە هۆی ئەوەوەیە کە شێوە و مادە، بوون و توانای هەبوون، لە یەکتر جیا نابنەوە، بەڵکو هەردووکیان پێکەوە ئاوێتەن. بروونۆ سەرەتا وەک ڕەبەنێکی دۆمینیکی دەژیا و دواتر، وەک ئەوەی جۆیس پێی دەڵێت: «پرۆفیسۆرێکی قەرەج» بووە، شرۆڤەکەری فەلسەفەی دێرین بووە و نەخشەکێشی فەلسەفەی نوێ بووە، شانۆنووس بووە، دەمەقاڵێکەر بووە، پارێزەری بەرگریکاری خۆی بووە، دواجاریش گەشمەرگ بووە، لە گۆڕەپانی *کامپۆ دی فیۆری* لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا بە تۆمەتی جیاگری بە زیندوویی سووتێنراوە. لە فەلسەفەی تیۆسۆفیی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا *ئانیما موندی* (لاتینییە، بە واتای *گیانی جیهان*) (لە کۆمەڵە وێژەییەکانی ئاڤانگاردی دەبلن و لەندەندا زۆر باو بووە) وەک ماکەیەکی ئاسمانی تەماشا کراوە کە هەر لە بچووکترین ئەتۆمەوە تا مرۆڤ و تەنانەت خوداش دەگرێتەوە و کاریگەریی خۆی بە ناویاندا بڵاو دەکاتەوە و دەیانجووڵێنێت و فێریشیان دەکات. (*کلیلی تیۆسۆفی*، نووسینی: هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی، لەندەن ١٨٩٣، لاپەڕە ٢٠٣) **~گ.س.**

[44] **لە ئاوێنە... پەرش دەکرد**: ئەمە ئیبن ڕوشد و موسای کوڕی مەیموونن کە هەردووکیان مەسیحی نەبوون و بەوە «تاوانبار» کراون کە تەماشای شووشەی گۆیی بلووریان کردووە و لە «ئاوێنەی ئەفسوونیی جادووبازان»ەوە پێشبینیی ئایندەیان کردووە. **~گ.س.**

[45] **تاریکییەک... تێبگات**: «وشەکە {خودا/عیسا} سەرچاوەی ژیان بوو، ژیانەکەش ڕووناکی مرۆڤ بوو، ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە تێینەگەیشتووە.» (یۆحەنا ١: ٤-٥) **~گ.س.**

وشەی «تێینەگەیشتووە»ی کۆتایی ڕستەکەی *یۆحەنا* گریکییە و دوو واتای هەیە، بە واتاکەی تریان دەڵێت: «ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە بەسەریدا زاڵ نەبووە.» بەڵام جۆیس لە واتاکەی یەکەمەوە هێناویەتی. سەرنج بدە: جۆیس لە دەقەکەی خۆیدا ڕووناکی و تاریکییەکەی هەڵگەڕاندووەتەوە، لای جۆیس ڕووناکییەکە لە تاریکییەکە تێنەگەیشتووە، یان ڕووناکییەکە بەسەر تاریکییەکەدا زاڵ نەبووە. **~ن.م.**

[46] **ئامۆر... لە خاوەندارێتیدا: ئامۆر ماتریس**، بە لاتینی *Amor matris*: واتە *خۆشەویستیی دایک*. دەستەواژە لاتینییەکە لای ستیفن نارِوونە، چونکە دوو واتای هەیە، بە دیوێکدا بە واتای *خۆشەویستیی دایک بۆ منداڵەکەی* دێت، کە لێرەدا دایکەکە بکەرەکەیە، بە دیوەکەی تریدا بە واتای *خۆشەویستیی منداڵ بۆ دایکی* دێت، کە لێرەدا دایکەکە تەواوکەرە. **~گ.س.**

**تەواوکەر و تەواوکراوی بکەری و بەرکاریی یەکترن لە خاوەندارێتیدا** بەم شێوەیەیە: لە *خۆشەویستیی دایک بۆ منداڵەکەی*دا، دایکەکە خاوەنی خۆشەویستییەکەیە، *ی* لە نێوان *خۆشەویستیی دایک*دا ئامرازی دانەپاڵە، ئەوکات خۆشەویستییەکە دراوەتە پاڵ دایکەکە. لە *خۆشەویستیی منداڵ بۆ دایکی*دا، منداڵەکە خاوەنی خۆشەویستییەکەیە، *ی* لە نێوان *خۆشەویستیی منداڵ*دا ئامرازی دانەپاڵە، ئەوکات خۆشەویستییەکە دراوەتە پاڵ منداڵەکە. ئەم دەستەواژەیە لە ئینگلیدا بە دوو دیوەکەیدا تەواوکەر و تەواوکراوی یەکن، یان ڕاستتر *خراوەپاڵ و پاڵدەرەوەی* یەکن. **~ن.م.**

[47] **پەڕەی مژۆک**: بە ئینگلی *blotting paper*، پەڕەیەکی ئەستوورە بۆ مژین و وشککردنەوەی مەرەکەبی سەر پەڕە بە کار دەهێنرێت. جۆیس هەردوو وشەکەی بەسەریەکەوە نووسیوە. **~ن.م.**

[48] **گێترە**: بە ئینگلی *gaiter*، جۆرە چەرمێکە وەک پووزەوانە وایە و بە لوولاق و پووزەوە دەبەسترێت، تا ئاستی ژێر ئەژنۆ و سەری سەرەوەی پووز درێژ دەبێتەوە. هەیانە قەیتانداره و هەیانە زنجیرە و هەیانە بە قۆپچە دادەخرێن؛ هەم بۆ پاراستنە لە سەرما، هەم بۆ پاک ڕاگرتنی پانتۆڵە لە قوڕاوی بوون. ڕەنگە وشە کوردییەکە هەر لە

ئینگلییەکەیەوە هاتبێت، بۆچوونەکەشم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەفسەرانی سوپای بەریتانی لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە عێراق گێترەیان لە پێ کردووە و دایکیشم دەڵێت کاتی خۆی پۆلیسی سوارە (کە باپیری دایکم پۆلیسی سوارە بووە) ئەم جۆرە گێترەیەیان لە پێ دەکرد. **~ن.م.**

[49] **هاڵیدەی**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکە و گرنگییەکەی نەزانراوە. (بە پێی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لە دالکیدا هیچ خێزانێک بە ناوی *هاڵیدەی*ەوە نەبووە.) **~گ.س.**

[50] **وەخم**: هەوای زۆر گران و ناخۆش. **~ن.م.**

[51] **خوردەکانی ستیوارت**: جەیمزی دووەمی ئینگلتەرا (١٦٣٣-١٧٠١) کە لە (١٦٨٥ تا ١٦٨٨) پاشای ئینگلتەرا بووە، کاسۆلیک بووە و ئایرلاندی داگیر کردووە، {سەر بە بنەماڵەی حوکمڕانی ستیوارتەکان بووە} دوای ئەوەی ساڵی ١٦٨٨ لە ئینگلتەرا لەسەر تەخت لابرا، پشتیوانیی ئایرلاندی پەسەند کرد. لە ١٦٨٩دا لە بەهای سکەی ئایرلاندی داوە و نزمتری کردووەتەوە بەوەی کە پارەی لە کانزای هەرزانبەها دروست کردووە. ئەگەرچی خوردەکان لە سەرەتادا هەر وەک هەوڵەکانی پاشا ستیوارتەکە بۆ بەکارهێنانی ئایرلاند وەک *گەناوێک* بنکەیەک تا ئینگلتەرا داگیر بکاتەوە، بێبەها و بێفەڕ بوون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم خوردەیە دەگمەنیشە. لەسەر ئەم خوردەیە نووسرابوو: *کریستۆ-ڤیکتۆرێ-تریومفۆ* (مەسیح لە سەرکەوتن و ئاهەنگی سەرکەوتندا) **~گ.س.**

[52] **تاتاشە**: **تاتا، یان هەتاهەتا، یان تاهەتا:** بە بۆچوونی من وشەی هەتا هەر *حَتّی*ی عەرەبییە؛ *هەتاهەتا*ش هەر *حَتّی-حَتّی*یە و ناسک کراوەتەوە؛ وشەی *تاهەتا*ش یەکێکیان کراوە بە کوردی و ئەوەی تر هەر بە عەرەبی ماوەتەوە. بەڵام کورد وشەی *تا*ی هەیە، بۆیە بۆ دروستکردنی وشەیەک کە واتای هەمیشەیی بدات، پێم وایە جگە لە *تاتا* هەردوو دەربڕینەکەی تر کوردیی پەتی نین. بۆیە بە درێژایی ئەم ڕۆمانە هەمیشە وشەی *تاتا*م بە کار هێناوە. **~ن.م.**

[53] **دوازدە ڕانێرەکە... کردووە**: **کەوچکەوانە**: قتووی کەوچک. **~ن.م.**

میستەر دیسی قتووێکی کەوچکی هەیە کە دوازدە کەوچکی تێدایە و لەسەر دەسکەکانیان وێنەی دوازدە ڕانێرەکەی لەسەرە. لە ناو خەڵکاندا باو بوو کە بە بۆنەی ئاوەمۆرکردنەوە ئەم کەوچکانە بە دیاری دەبەخشران. لە بەشی دەیەمی مزگێنی *بە پێی نووسینی مەتا*دا عیسا «دەسەڵاتی پەرجوو» بە ڕانێرەکان دەدات، یان «دەسەڵاتی پێدان

تاکو ڕۆحی پیس دەربکەن» و بۆ جیهانیان دەنێرێت و ئامۆژگارییان دەکات کە «بە ڕێی ناجووەکاندا مەڕۆن و مەچنە شاری سامیرەییەکان، بەڵکو لەبری ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل» لە پەڕتووکی *کردا*ردا (کرداری ڕانێرەکان)، ڕانێرەکان سوورن لەسەر ئەوەی ئامۆژگاریی ناجووەکان بکەن. **~گ.س.**

[54] **هەر وەک... جیهانی بێکۆتا**: لە سروودێکی دینییەوە هێنراوە بە ناوی *گلۆریا پاتری*، دەڵێت: «شکۆدار بێت خودای باوک و کوڕ و سەهویری پیرۆز، هەر وەک سەرەتا، ئێستاش و تاتاشە هەر وا دەبێت، جیهانی بێکۆتا» (بڕوانە ٥: ١٢٢). **~گ.س.**

[55] **شەیتانۆکەی دەریا**: بە ئینگلی *whelk*، گیانەوەرێکە وەک شەیتانۆکە و لە کەناری دەریادا دەژی، بەرگێکی زۆر ڕەق و لەشێکی زۆر نەرمی هەیە کە دەخورێت. **~ن.م.**

[56] **کاوری**: بە ئینگلی *Cowrie*، جۆرە قاقلەیەکی نیوەبازنەیی نیمچەداخراوە، تلێشی داخرانەکەی لە گرنجگرنجی زنجیر دەچێت. بەرگێکی ڕەق و ورشەدار و لووسی هەیە و زۆربەی ئەم گیانەوەرانە کاڵڕەنگن. جاران لە بری پارە بە کار هێنراون. وشەکە لە بنەچەدا سانسکریتییە.**~ن.م.**

[57] **سکالۆپەکەی سانت یاقوب**: یاقوبی زەبدی یەکێکە لە دوازدە ڕانێرەکە، لەبەر ئەوەی دوو یاقوب هەن، ئەمیان پێی دەوترێت یاقوبی گەورە. بە ئیسپانی پێی دەڵێن *یاگۆ* و کە دەوترێت: *سانت یاگۆ*، مەبەست ئەمە. **~ن.م.**

**سکالۆپ:** بە ئینگلی *scallop*، جۆرە قاقلەیەکی نیوەبازنەییە، لە باوەشێن دەچێت، قەراغەکانی گرنجگرنجن، لە ڕێی کردنەوە و داخستنەوەی قاوغەکەیەوە مەلە دەکات. ئەم وشەیە بە هاوواتایەکی دیکەیەوە بۆ زمانی کوردیی ناو چێشتخانەکان هاتووە: مەبەست لێی پارچەگۆشتێکە کە لە شێوەی سکالۆپدا بڕابێت و ئێسکی تێدا نەبێت. **~ن.م.**

سکالۆپەکە دەخرێتە پاڵ سانت یاقوبی زەبدی، گڵکۆکەی لە کۆمپۆستێللا لە ئیسپانیا یەکێک بووە لە ئامانجەکانی ئەوانەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زیارەتیان کردووە. ئەو زیارەتکەرانەی چوونەتە سەر گڵکۆکەی، سکالۆپێکیان بە خۆیانەوە کردووە وەک هێمای جێبەجێکردنی زیارەتەکەیان. **~گ.س.**

[58] **هێماش... دەسەڵات**: قاقلە لە دروشمناسیدا هێمای جوانی و باشی و دانایی خودایی بووە. قاقلەی جۆری مورێکس *murex* کە لە کاتی خۆیدا گریکییەکان خومی مۆری پاشاییان لێی دەرکردووە، هێمای پاشایی و گەورەیی و توانای خودا بووە. **~گ.س.**

[59] **تەنها ئەگەر گەنجان بیانزانیایە**: پەندە، هەمووی دەڵێت: «تەنها ئەگەر گەنجان بیانزانیایە تەمەن بێزوو بە چییەوە دەکات، ئەوکات هەر یەکسەر پارەیان پەیدا دەکرد و پاشەکەوتیان دەکرد». **~گ.س.**

[60] **تەنها پارە بخەرە گیرفانتەوە**: لە کۆتایی دیمەنی سێیەمی پەردەی یەکەمی شانۆنامەی *ئۆتێللۆ*دا، لە نووسینی شێکسپیر، یاگۆ چەندین جار خۆپەرستانە بە ڕۆدریگۆ دەڵێت: «پارە بخەرە هەگبەکەتەوە»، چونکە دەیەوێت خودی ڕۆدریگۆ و پارەکانیشی بە کار بهێنێت. **~گ.س.**

[61] **دەیزانی... پەیدا دەکرد**: زۆربەی ئەو سەرچاوانەی ستیفن (و جۆیس) لە بارەی زانیاری و ژیننامەی شێکسپیرەوە پشتیان پێی بەستووە، کە لە ئەڵقەی نۆیەمدا دەردەکەوێت، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە شێکسپیر داهاتێکی پیشەگەرانەی زۆری هەبووە کە لە پشکەکانی شانۆگای گلەوب و هاوبەشەکانی و فرۆشتنی شانۆنامەکانیەوە دەستی کەوتووە. سەرچاوەکان ئەو بەڵگانەش دەخەنە ڕوو کە لە دوای ساڵی ١٥٩٩وە شێکسپیر لە ناو ستراتفۆرد و دەوروبەریدا چەندین زەویوزاری کڕیوە. **~گ.س.**

[62] **کەڵتییەکی فەڕەنسی**: ئیرۆدۆتۆس بنەچەی وێنەی خۆر *هەرگیز ئاوا نابێت*ی باس کردووە، خەشایارشا بە شکۆی ئیمپراتۆرێتیی فارسییەوە لافوگەزاف لێدەدات. دواتر دەستەواژەکە لای کاپتن جۆن سمیث و سێر واڵتەر سکۆت و فرایدریش ڤۆن شیلەر و دانیەڵ وێبستەریش دووبارە دەبێتەوە، بەڵام هیچیان «کەڵتییەکی فەڕەنسی» نین. **~گ.س.**

[63] **کارک**: بە ئینگلی *brogues*، جۆرە پێڵاوێکی چەرمە، کونی نەخشی ڕازاوەی لەسەرە. **~ن.م.**

[64] **کیوران**: کۆنستەنتین پاتریک کیوران (١٨٨٣-١٩٧٢) نووسەر و پارێزەر بووە. لە دەبلن لە خێزانێکی ناسیۆنالیستدا لە دایک بووە. ساڵی ١٨٩٩ لە زانکۆ وەرگیراوە و بووە بە هاوڕێی جۆیس و تا مردنیش هەر هاوڕێ بوون. لە هاوینی ساڵی ١٩٠٤دا جۆیسی گەنج لە باخچەی ماڵی کیوراندا بووە کە کیوران وێنە بەناوبانگەکەی ئەوی گرتووە، ئەو وێنەیەی دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدایە و شەبقەیەکی یەختئاژووتنی لەسەردایە. لە جۆیسیان پرسیوە لەو کاتەی وێنەکەی گیراوە بیری لە چی کردووەتەوە؟ وەڵامی داوەتەوە: «بیرم لەوە دەکردەوە تۆ بڵێیت {کیوران} پێنج شڵنگم بە قەرز بداتێ؟» ساڵی ١٩٧٢ لە دەبلن مردووە و هەر لەوێش نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[65] **مەککان**: فیلیپ مەککان، کەسێتییەکی لاوەکیی ئەم ڕۆمانەیە و هەروەها لە ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* دەردەکەوێت. ئەم کەسێتییە لەسەر *فرانسیس شیهی-سکێفینگتن* بونیاد نراوە (١٨٧٨-١٩١٦)، لە کاونتیی کاڤەن لە دایک بووە و سۆشیالیست و ئاشتیخواز بووە و نووسەرێکی چالاکی گەلێک لە ڕۆژنامەکانی دەبلنی سەردەمی خۆی بووە. لەگەڵ فرێد ڕایاندا {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو} ڕۆژنامەی *ناشناڵ دیموکرات*یان دامەزراندووە و لە چاپیان داوە. پشتیوانی بەندی دەستووریی حوکمی سەربەخۆیی *Home Rule* بووە و هاوڕێی گەلێک لە سەرکردەکانی ساڵی ١٩١٦ بووە، بەڵام وەک ئاشتیخوازێک دژی توندوتیژی بووە. لە شۆڕشی ئیستەری ساڵی ١٩١٦دا یەکێک بووە لەوانەی ڕێگریی لە تاڵانکردنی دەبلن کردووە. لە ٢٥ی نیسانی ١٩١٦دا، لە دووەم ڕۆژی شۆڕشەکەدا، دەستگیر کراوە و بێ دادگایی تیرباران کراوە و لە دەبلن نێژراوە. دوو بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە، یەکەمیان بە ناونیشانی *ژیانی مایکڵ داڤیت* (١٩٠٨)، دووەمیان ڕۆمانێکە بە ناونیشانی *لە ڕۆژە تاریک و بەدەکاندا* کە لە پاش مردنی بە جێ ماوە. ~**ڤ.یئ.**

[66] **فرێد ڕایان**: فرێدریک ڕایان (١٨٧٦-١٩١٣) ئابووریناس و ڕۆژنامەوان و سەرنووسەرێکی ئایر بووە، سەرنووسەر و نووسەری گۆڤاری *دانا Dana* بووە کە ساڵی ١٩٠٤ حەوت مانگ دەرچووە. ویلیەم کیرکپاتریک مەگی، لە ژێر ناوە خوازراوەکەیدا (جۆن ئێگلنتن) {لە ئەڵقەی نۆیەمدا بە خزمەتی دەگەین} لەگەڵیدا هاوسەرنووسەر بووە. ڕایان شانۆنامەیەکیشی نووسیوە و سکرتێری کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکان بووە کە دواجار *شانۆگای ئابەی*یان دامەزراندووە. ~**گ.س.**

لە دەبلن لە دایک بووە، شانۆنامەکەی لە شانۆگای ئابەی نمایش کراوە. لە ژێر ناوی خۆی و ناوی خوازراوی *ئایریاڵ* و *فینیەن*یشدا نووسینی بڵاو کردووەتەوە. یەکێک بووە لە ڕابەرەکانی ڕێکخستنەوەی پارتی سۆشیالیستی دەبلن. ماوەیەک لە ئەلێکساندرییە لە میسر ژیاوە و لەوێش خەریکی ڕۆژنامەوانی بووە. ساڵی ١٩١٣ سەردانی *وڵفرید سکاوون بڵەنت*ی کردووە و لە ماڵی ئەودا بە هۆی ڕیخۆڵەکوێرەوە مردووە. ~**ڤ.یئ.**

[67] **تێمپڵ**: کەسێتییەکی لاوەکیی ئەم ڕۆمانەیە و هەروەها لە ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* دەردەکەوێت. ئەم کەسێتییە لەسەر نموونەی *جۆن ڕ. ئێڵود* بونیاد نراوە (١٨٨١-١٩٣٤)، لە کاونتیی ڕۆسکۆمن لە دایک بووە. باوکی دوکاندار و جووتیار بووە، دایکیشی کچی ماڵێکی ناودار بووە. چووەتە کۆلێجی پزیشکیی کاسۆلیکەوە لە شەقامی

سێسیلیا لە دەبلن. بووەتە پزیشک و جگە لەوەش، کاری جووتیاریی کردووە. کەسێکی بەسۆز و میهرەبان بووە. شەوێکی زریان و ڕەشەبا بە ناو زۆنگاو و قوڕاودا چووەتە خزمەتی نەخۆشێکی هەژار و پیر تا چارەی بکات، خۆی تووشی نەخۆشیی هەوکردنی سییەکان بووە. لە ٢٧ی ئاداری ١٩٣٤ مردووە. **~ڤ.ئ.**

[68] **ڕەسڵ**: جۆرج ویلیەم ڕەسڵ (١٨٦٧-١٩٣٥) کە بە *ئەی ئی* (*A.E.*) بەناوبانگ بووە. یەکێکە لە دیارترین ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی بووژاندنەوەی ویژەی ئایری لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. زۆر بە پەرۆشی خۆی بۆ ڕاستێتیی ئەزموونی ڕازگری (تیۆسۆفی) تەرخان کردبوو. لە یەک پیشەدا دەتوانین بڵێین هەموو ئەمانە بوو: پێغەمبەر، هۆنەر، فەیلەسووف، شێوەکار، ڕۆژنامەنووس، ئابووریناس و هەروەها کارمەندێکی چالاکی بواری چاکسازیی کشتوکاڵی. لە ئەڵقەی نۆیەمدا زیاتر دەیناسین. **~گ.س.**

لە کاونتیی ئارما لە دایک بووە. لە دەبلن ژیاوە. سەرنووسەری ڕۆژنامەی *ئایرش هۆمستێد* بووە، دواتریش بووە بە سەرنووسەری *ئایرش ستەیتسمان* کە شوێنی ڕۆژنامەی یەکەمی گرتووەتەوە. جێگری کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکان بووە کە ساڵی ١٩٠٢ دامەزرا و ویلیەم بەتڵەر یەیتس سەرۆکەکەی بوو. بە درێژایی ٢٥ ساڵ زۆربەی ئێوارانی یەکشەممان لە ماڵی خۆیدا کۆبوونەوەی ویژەیی ڕێکخستووە. ساڵی ١٩٣١ *ڤایۆلێت*ی ژنی کۆچی دوایی کردووە و ئەویش چووە بۆ لەندەن. کۆتایی ژیانی بە گەڕان و وانەوتنەوە بەسەر بردووە، لە ١٧ی تەممووزی ١٩٣٥ لە بۆرنمث لە ئینگلتەرا مردووە، لاشەکەی بۆ ئایرلاند هێنراوەتەوە و لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[69] **کەزنس**: جەیمز هێنری کەزنس (١٨٧٣-١٩٥٦)، هۆنەر و شانۆنامەنووس و مامۆستا بووە. لە بێلفاست لە دایک بووە. لە تەمەنی دوازدە ساڵاندا لە نووسینگەی *سێر دانیەڵ دیکسن*، کە لۆردی سەرۆکی شارەوانیی بێلفاست بووە، وەک کارگێڕ کاری کردووە دواتریش بووەتە سکرتێری. ساڵی ١٨٩٤ کۆمەڵێک هۆنراوەی بڵاو کردووەتەوە، پاشان چووەتە دەبلن و لەگەڵ نووسەرەکانی بووژاندنەوەی چاندی ئایریدا کاری کردووە و جارجاریش لەگەڵ کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکاندا کاری کردووە. هەندێک شانۆنامەی نووسیوە. ساڵی ١٩٠٢ *مارگەرێت گیڵیسپی*ی خواستووە کە داکۆکیکەری مافی ژنان بووە و لە ساندیماونت لە دەبلن ژیاون. لە ١٩١٣دا چوونەتە لیڤەرپووڵ و دواتریش بۆ هیندستان و بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی *نیو ئینديا* کە *ئانی بێسانت* بڵاوی دەکردەوە کە

خاتوونێکی تیۆسۆفیست بووە. جگە لە سەردانکردنی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یاپان و ئەوروپا، کەزنس هەموو ژیانی لە هیندستان بەسەر بردووە و چەندین پەڕتووکی لەسەر تیۆسۆفی و هونەر و پەروەردە و فەلسەفە نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٤٠ سەرجەمی هۆنراوەکانی بە ناونیشانی *هەردووکمان پێکەوە* بڵاو کردووەتەوە و ساڵی ١٩٥٠ش ژیننامەی خۆی، کە لەگەڵ ژنەکەیدا نووسیویەتی، لە مەدرەس لە هیندستان بڵاو کردووەتەوە. لە ئاداری ١٩٥٤دا ژنەکەی مردووە و خۆیشی لە ٢٠ی شوباتی ١٩٥٦دا لە هەرێمی ئەندرا پرادێش لە هیندستان مردووە. ~**ڤ.ئ.**

[70] **بۆب ڕەینۆڵدز**: ڕۆبێرت ڕەینۆڵدز (١٨٧٨-١٩٥٩)، لە دەبلن لە دایک بووە، لە ١٨٦٠ەکاندا دایکوباوکی ڕۆژنامەفرۆش بوون و هەر زوو مردوون و ڕۆبێرت و پێنج منداڵی تریان بە گەنجی بە جێ هێشتووە، بۆیە خزم و کەسوکار بەخێویان کردوون. لە گەنجیدا بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی دووچەرخەسوارە گەڕۆکەکان و لەگەڵ ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتیدا {مەڵیگن} پێکەوە دووچەرخەسوار بوون. لە ١٨٩٠کاندا ڕۆبێرت خۆی و هاریی برای، کە ئەویش دووچەرخەسوارێکی زۆر بەتوانا بووە، لە زۆر بۆنەی دووچەرخەسوارییەکانی جیهاندا بەشدارییان کردووە و سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە. دواتر کۆگای دووچەرخە و ماتۆڕسکیلی لە دالکی داناوە و تا ١٩٥٠کان لەوێ کاری کردووە. لە ٢٥ی تەمموزی ١٩٥٩ مردووە و لە دەبلن نێژراوە. ~**ڤ.ئ.**

[71] **کۆلەر**: تۆماس کۆلەر (١٨٧٣-١٩٤٢) لە بێلفاست لە دایک بووە و دواتر خێزانەکەیان چوونەتە ئینگلتەرا و باوکی ئاشی ئاردی هەبووە، پاش ماوەیەک هاتوونەتە دەبلن. تۆماس لە شەقامی دەیم لە دەبلن لە بەشگەی *هێلی* کاری کردووە و زیاتر لە ٤٠ ساڵ لەو بەشگەیەدا ماوەتەوە و پلەی بەرز بووەتەوە و بووە بە سکرتێری بەشگەکە. هاوڕێی جۆیس و یەیتس و ڕەسڵ بووە. کۆلەر دواتر ناوی گۆڕیوە بە *کێلەر*، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە کۆلەر زۆر لە ناوێکی ئەڵمانی چووە. زۆر حەزی بە وێژە کردووە و خۆیشی ساڵی ١٩٠٦ نامیلکەیەکی هۆنراوەی بە ناونیشانی *گۆرانییەکانی سەوداسەرێک*ەوە بڵاو کردووەتەوە. حەزیشی لە موزیک بووە و پیانۆژەن بووە و بابەتی ڕەخنەی موزیکیی بۆ ڕۆژنامەیەک نووسیوە. لە ٢٦ی ئایاری ١٩٤٢دا مردووە و لە دەبلن نێژراوە. ~**ڤ.ئ.**

[72] **خاتوو مەککێرنەن**: ئەلیزابێث (دارا) مەککێرنەن (١٨٦٧-١٩٢٣) لە کاونتیی ئانتریم لە دایک بووە. لە شەقامی شێلبۆرن لە دەبلن جۆیس ژوورێکی گەورەی لە ماڵەکەی ئەودا

به کرێ گرتووە، جۆیس کرێکەی لە گۆگەرتی و بێرن و ڕەسڵ قەرز کردووە. دواتر ئەم خێزانە ڕۆیشتوون بۆ کاونتیی کۆرک. ~**ڤ.ئ.**

[73] **ئەلبێرت ئێدوارد شازادەی ویڵز**: (١٨٤١-١٩١٠) کوڕی شا ڤیکتۆریا بووە، دوای ئەویش لە ١٩٠١ تا ١٩١٠ بووە بە شای ئینگلتەرا و ناسناوی ئێدواردی حەوتەمی وەرگرتووە. ~**گ.س.**

[74] **تۆری**: بە ئینگلی *Tory*، واتە ئەندامێکی پارتی پارێزکارانی بەریتانی، یان کەسێک کە لایەنگری پاشایەتیی ئینگل بووبێت. بنجی وشەکە لە وشەی *تۆرای - tóraidhe*ی ئایرییەوە هاتووە. ~**س.ت.م.١**

[75] **ئۆکانەڵ**: دانیەڵ ئۆکانەڵ (١٧٧٥-١٨٤٧) سەرکردەیەکی وارگێڕیی ئایر بوو، بە «ڕزگارکەرەکە» بەناوبانگە، چونکە بەرهەڵستیی ئەو یاسایەی دەکرد کە مافی شارستانی و وارگێڕیی کاسۆلیکەکانی سنووردار کردبوو و ساڵی ١٨٢٩ سەرکەوتنی بە دەست هێنا. سەرەکیترین چەکی وارگێڕیی ئۆکانەڵ «هێزی ئاکار» بوو لە چوارچێوەی پرۆسەی دەستووریدا، ئەگەرچی شوێنکەوتووەکانی فشاریان دەخستە سەر تا ڕێی نایاسایی و توندوتیژی بگرێت. هەروەها لە ڕێی زنجیرەیەک «کۆبوونەوەی زەبەلاح»ەوە بەرهەڵستیی بەندی دەستووریی یەکێتییەکەشی کرد، کە ساڵی ١٨٠٠ پەرلەمانی ئایرلاند و ئینگلتەرای کرد بە یەک، بەڵام هەوڵەکانی بە یاساغکردنی ئەم کۆبوونەوانە وەستێنرا و خۆیشی بە تۆمەتی «پیلانی ئاژاوەگێڕانە» دادگایی کرا و ساڵێک بەند کرا. لە کۆتایی ژیان و پیشەکەیدا تێکچوونی باری تەندروستیی خۆی و دوژمنایەتیی لایەنگرە دەمارگرژەکانی ئایرلاندی «کۆن» و «نوێ»ی ناو پارتەکەی خۆی هەراسانی کردبوون. ~**گ.س.**

دانیەڵ ئۆکانەڵ «ئازادکەرەکە» لە ٦ی ئابی ١٧٧٥ نزیک شارۆچکەی کاهیرسیڤین لە کاونتیی کەری لە دایک بووە (بڕوانە ١: ١٤٥). لە سانت ئۆمێر و دوەی لە فەرەنسا خوێندوویەتی، لەوێ سوپای شۆڕشی فەرەنسیی لە کاتی هێرشەکانیاندا دیوە، ئەمەش وای لێ کردووە ڕقی لە توندوتیژی هەڵبستێت. ساڵی ١٧٩٤ لە کۆلێجی یاسای لینکن لە لەندەن خوێندوویەتی و ساڵی ١٧٩٨ لە خانەی دادی ئایرلاند مۆڵەتی پارێزەریی وەرگرتووە. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە شۆڕشی ١٧٩٨ی ئایرلاند دەستی پێ کردووە و ئۆکانەڵ پشتگیریی لە ئەو شۆڕشە نەکردووە، چونکە باوەڕی وا بووە کە دەبێت ئایرەکان لە ڕێی وارگێڕییەوە مافی خۆیان بچەسپێنن، نەک لە ڕێی هێز و توندوتیژییەوە. دە ساڵ لە باشووری ئایرلاند کاری پارێزەریی کردووە و ساڵی ١٨٠٢ خزمێکی خۆی خواستووە بە ناوی

*ماری ئۆکانەڵ* و یازدە منداڵیان بووە، کە تەنها حەوتیان منداڵییان بە زیندوویی تێپەڕاندووە، ئەوانیش چوار کوڕ و سێ کچ بوون. ئۆکانەڵ دەزگای کاسۆلیکیی دامەزراندووە تا بۆ ڕزگارکردنی کاسۆلیکەکان کۆمەک کۆ بکەنەوە، ساڵی ١٨٢٨ کورسییەکی کاونتیی کلێری لە دژی ڤیزی فیتزجێراڵد بە دەست هێناوە. لە وێستمینیستەر ڕەتی کردەوە سوێندی داکۆکی بخوات، کە بە گوێرەی ئەو سوێندە بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە باوەڕی کاسۆلیکی باوەڕێکی چەوتە. دواجار وێلێنگتن ساڵی ١٨٢٩ ڕێی بە ئازادکردنی کاسۆلیکەکان دا پاشا جۆرجی چوارەمیش ئەم ڕزگارکردنەی پەسەند کرد. بەڵام گەورەترین دەستکەوتی ئۆکانەڵ، کە ڕزگارکردنی کاسۆلیکەکان بوو، تا ڕادەیەک ناوبانگەکەی شێوێنرا، ئەویش بە هۆی ئەوەی ئۆکانەڵ نەیتوانی یەکێتییەکە هەڵبوەشێنێتەوە (بڕوانە ٢: ٧٩). دواهەمین لێدوانی خۆی لە ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیادا لە ٨ی شوباتی ١٨٤٧دا دا. لە ١٥ی ئایاری ١٨٤٧ لە جەنەوا لە ئیتالیا مرد، دڵی لە ڕۆما نێژرا و لاشەکەشی هێنرایەوە بۆ دەبلن لە ئایرلاند و لەو گۆڕستانەدا نێژرا کە خۆی لە گلاسنێڤن دایمەزراندبوو. قەڵایەکی یادگاری بۆ ساز دراوە، کە کەوتووەتە شوێنی هاتنەژوورەوەی گۆڕستانەکەوە. ~**ڤ.ئ.**

[76] **قاتوقڕییەکەی ٤٦**: دارمانی ئابووریی ئایرلاند لە سەدەی نۆزدەدا لانیکەم نیوەی هەشت ملیۆن خەڵکی ئایرلاندی گرتەوە و بە ناخی هەژاریدا بردنی و وای کرد بۆ خۆراکی سەرەکی پشت بە پەتاتە ببەستن (لانیکەم سێ چارەکی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئایرلاند بۆ وڵاخ و دانەوێڵە و پەتاتە تەرخان کرابوون، بە تایبەتی گەنمی هەناردەکردن کە هەژارەکان نەیاندەتوانی بیکڕن). کە ساڵی ١٨٤٥ دۆوکەی پەتاتە (نەخۆشیی ڕووەکی) سەری هەڵدا تەواوی بەرهەمی پەتاتەی لە ناو برد و هەژارانی بەرەو قاتوقڕی و برسێتی برد و ئابووریی ناجێگیری ئایرلاند تەواو دارما. لەبەر ئەوەشی پەیڕەوی وارگێڕیی ئینگلی کارخانەکانی ئایرلاندی سەرکوت کردبوو، ئەم دارمانە کشتوکاڵییە گورزێکی کوشندە بوو، نەک تەنها لە گوندنشینەکان، بەڵکو لە زۆرێک لە خاوەن زەویوزارەکانیش کە هەوڵیان دەدا گوندییەکان لەم برسێتی و قاتوقڕییە ڕزگار بکەن. ساڵی ١٨٤١ ژمارەی دانیشتووانی ئایرلاند ٨،٢٩٥،٠٦١ کەس بوون، لە ١٨٥١دا بوون بە ٦،٥٧٤،٢٧٨. دوای ئەوەش بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بە هۆی مردنی ئاسایی و لەبرسدامردن و درم و نەخۆشی و کۆچکردن بۆ ئەمەریکا، خەڵکانی ئایرلاند زیاتر و زیاتر کەم دەبوونەوە تا ساڵی ١٩٠٣ تەنها

٤،٤١٣،٦٥٥ کەس بوون (بە پێی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*). ئەم قاتوقڕییە بە خراپترین ڕووداوی کاتی ئاشتی دادەنرێت لە مێژووی ئەوروپادا تۆمار کرابێت. **~گ.س.**

[77] **ئوسقوفەکانی... تاوانباری بکەن**: **دیماگۆگ**: بە ئینگلی *demagogue*، وشەکە بە ڕەچەڵەک گریکییە، لە *دێمۆس* بە واتای *خەڵک* و *ئەگین* بە واتای *پێشڕەو* پێکهاتووە. لە سەردەمی گریکی دێریندا وشەکە بە واتایەکی ئەرێیی بە کار هاتووە و مەبەست پێشڕەوێکی باشی خەڵک بووە. بەڵام لە ئینگلیدا و دوای سەدەی هەژدە وشەکە واتایەکی تری بە بەرگدا کراوە کە مەبەست لێی سەرکردەیەکە کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی خۆی پێشداوەری و گومان و ترسی لەپێشینەی خەڵک بە هەل دەقۆزێتەوە و هەستوسۆزیان دەوروژێنێت و دەدوێنێت لە بری ئەوەی ئاوەزیان بدوێنێت.

**پێشداوەری**: بە ئینگلی *prejudice*، واتە دادوەریکردنی لەپێشینە بەرانبەر کەسێک یان شتێک پێش ئەوەی زانیاریی تەواوت لەسەری هەبێت و خێرا بڕیاری خۆتت لە بارەیەوە دابێت. **~ن.م.**

ئوسقوفە کاسۆلیکە ڕۆمییەکانی ئایرلاند بە دڵ و بە گیان پشتیوانی هەوڵەکانی ئۆکانەڵ بوون بۆ ئازادکردنی کاسۆلیکەکان، بەڵام ئەوەندە پەرۆش نەبوون بۆ دۆزەکەی تری، کە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە بوو {بڕوانە دوو ڕاڤەکەی دواتر}. هەندێک ئوسقوف گومانیان لە ئۆکانەڵ و چۆنێتیی کارەکەی هەبوو، بەڵام ئەوەی بوترێت «تاوانباری بکەن» ئەمە هیچ ڕاست نییە. **~گ.س.**

هۆی ساردیی کاسۆلیکەکان لە پشتیوانیی ئۆکانەڵ بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە ئەوە بوو ئۆکانەڵ خۆی کەسێکی لیبراڵ بوو و بانگەشەی بۆ دەوڵەتێکی سێکیولار دەکرد {و باوەڕێکی پتەوی بە جیاکردنەوەی دین لە دەسەڵات هەبوو}. **~س.ت.م.١**

[78] **ئۆرەنجییەکان**: کۆمەڵێک پرۆتستانتی بوون لە ناوچەرگەی توندوتیژییەکانی دژە-کاسۆلیکەکانی ١٧٩٠کاندا پەیدا بوون و لە دوای ١٧٩٥ەوە یەکیان گرت و کۆمەڵەی ئۆرەنجییەکانیان پێکهێنا. ئەم کۆمەڵەیە، کە سەرەتا بەندی دەستووریی یەکێتییەکە سەری هەڵدا، ماوەیەکی کورت لە دژی وەستان، بەڵام دوای ١٨٠٠ هەر زوو بوونە پشتیوانی یەکێتییەکە. زۆربەی ئۆرەنجییەکان لە ئۆڵستەر و کاونتییەکانی باکووری ئایرلاند بوون، خۆیان وەک «ڕێکخراوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی بەریتانی بەسەر ئایرلاندا» دەناساند. ساڵی ١٨٨٦ کە پەرلەمانی ئینگلتەرا خەریک بوو بەندی دەستووریی حوکمی سەربەخۆیی

ئایرلاند بچەسپێنێت، پیاوە ئۆرەنجییەکانی بێلفاست دژی ئەم سەربەخۆییە وەستانەوە. **~گ.س.**

[79] **هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە**: **یەکێتییەکە** بەندێکی دەستووریی بەریتانی بوو کە ساڵی ١٨٠٠ بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی ئایرلاند و یەکگرتنی لەگەڵ پەرلەمانی ئینگلتەرادا دەرکرا. پەرلەمانی ئایرلاند، بە پێی ئەو دەستوورەی پێی دەڵێن «دەستوورەکەی گرەتان» و ساڵی ١٧٨٢ دەرکرابوو، تا ڕادەیەک سەربەخۆیی یاسایی خۆی بە دەست هێنابوو، بەڵام بە پێی بەندی یەکێتییەکە دەبوو پەرلەمانی ئایرلاند دەنگ لە دژی خۆی بدات و خۆی لە ناو ببات، ئەوانیش لە ڕێی بەرتیل و درۆ و فێڵەوە ئەمەیان کرد. ئەم یەکێتییە دەسەڵاتی وارگێڕیی لە دەبلن سەندەوە و دای بە لەندەن و بووە هۆی زۆربوونی خاوەنموڵکی دووراودوور (و پاشاگەردانیی بەڕێوەبردنی کشتوکاڵی) چونکە خاوەن زەویوزارەکان چوون بۆ ئینگلتەرا تا کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی وارگێڕی هەبێت. هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەندە بووە چەقی ململانێ وارگێڕییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی ئایرلاند. **~گ.س.**

[80] **فینییەن**: کۆمەڵەی فینییەنەکان (برایانی ئایرە کۆمارخوازەکان)، ڕێکخراوێکی نهێنی بوو، جەیمز ستیفنس ساڵی ١٨٥٨ دایمەزراند و لە ڕێی شۆڕشی توندوتیژانە و تاکتیکی تیرۆریستانەوە (لە بری ئەوەی لە ڕێی چاکسازیی پەرلەمانی و دەستوورییەوە خەریک بن) خۆیان بۆ سەربەخۆیی ئایرلاند تەرخان کردبوو. میستەر دیسی وشەکە بە واتایەکی بازاڕییانە بە کار دەهێنێت، مەبەست لە کۆمارخوازە توندڕەوەکانە، ئەوانەی کۆتایی هەنووکەیی حوکمی ئینگلیان دەویست و ئایرلاندێکی سەربەخۆیان بە مافی ئازادی شارستانی و دینییەوە بۆ هەمووان دەویست. ئەم کۆمەڵەیە ناوی خۆیان لە *فیاننای* ئەفسانەی سەدەی سێیەمی ئایرییەوە هێنابوو، فیانناکان کۆمەڵێک جەنگاوەری هاوڕێی *فین ماککوول* بوون و بەرگرییان لێی دەکرد. **~گ.س.**

[81] **یادی پڕ شکۆ و نەمر و خوداناسی**: دروشمی نۆشکردنی پیاوە ئۆرەنجییەکان بوو لە یادی ویلیەمی ئۆرەنج، ویلیەمی سێیەم، شای ئینگلتەرا (١٦٥٠-١٧٠٢) کە ئایرە سەرسەختە پرۆتستانتەکان وەک سانت تەماشای دەکەن، چون ئایرلاندی لە جەیمزی دووەم ڕزگار کرد و داگیرکاریی ئایرلاندی لە لایەن ئینگلەوە تەواو کرد (بڕوانە ٢: ٥١)، ئایرلاندی بە شێوەیەکی کارا کردەوە بە بەندیخانەی ئەوانەی بۆ تاراوگە دەنێررێن، وەک چۆن لە سەدەی هەژدەیەمدا وەها بوو. تەواوی دروشمەکە بەم شێوەیەیە: «بە یادی پڕ شکۆ و

نەمر و خوداناسیی پاشای مەزن و باشمان، پاشا ویلیەمی سێیەم، کە لە ژێردەستەی پاپاکان و کۆیلەیی و دەسەڵاتی زۆرەملێ و پارەی مس و کەوشی تەختە ڕزگاری کردین.» ~**گ.س.**
**پارەی مس**: مەبەست لە خوردەکانی جەیمزی دووەمە کە بێبەها بوون و گوایە جەیمز تۆپ و چەکەکانی تواندووەتەوە و پارەی لێیان دروست کردووە، بۆیەش پێی دەوترێت «پارەی تفەنگ». **کەوشی تەختە**: مەبەست لە هاوپەیمانە فەڕەنسییەکانی جەیمزی دووەمە کە جۆرە کەوشێکیان لە تەختە دروست دەکرد و لە پێیان دەکرد کە پێی دەڵێن *سابۆ sabot*. ~**ن.م.**

[82] **مەکۆی دایەمۆند... هەڵواسراو**: ستیفن بیر لە پوختەی ڕووداوێکی مێژووی ئایرلاند دەکاتەوە. لە ١٧٩٠کاندا باکووری ئایرلاند (*باکووری ڕەش*، مەبەست پرۆتستانتە بەریتانیخوازەکانی باکوورە) کەوتنە ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەڵمەتی ڕێکخراو تا کاسۆلیکەکان لە کاونتیی ئارما دەربکەن (بڕوانە ١: ١٤٥)، لە بەرانبەردا کاسۆلیکەکان بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستییان ڕێکخست کە ناو نرا *ڕێکخراوی بەرگریکاران*. پرۆتستانتەکان بۆ ئاگادارکردنەوە هەڕەشەی نووسراوی «یان بۆ دۆزەخ، یان بۆ کۆنەخت»یان بە دەرگای مەکۆی کاسۆلیکەکانەوە لە ناوچەی دایەمۆند لە ئارما هەڵواسیبوو. کە لە ٢١ی ئەیلوولی ١٧٩٥دا ڕێکخراوی بەرگریکاران لە مەکۆی خۆیان لە دایەمۆند کۆ بوونەوە، پرۆتستانتەکان بە پاساوی «تاقیکردنەوەی بەرهەڵستیکردن» کەوتنە شاڵاوی کۆمەڵکوژییان. ~**گ.س.**
«ئارمای شۆخوشەنگ» لە هۆنراوەیەکی *جەیمز کلارنس مانگن*ەوە هێنراوە کە وەها پەسنی ئارمای کردووە. ~**س.ت.م.١**

[83] **پەیمانی چێنراوەکان**: پێشتر ئەم ڕستەیەم بەم شێوەیە وەرگێڕابوو: «چێنراوە ئینگلخوازەکان بە دەنگی کەرخ و دەمامک و تفەنگەوە پەیمانەکە دەڵێنەوە»، واتە خۆم کەمێک زیادەکاریم تیایدا کردبوو بە ئامانجی ئەوەی واتاکەی ڕوون بێت. ئەو وشەیەی بە «چێنراو» وەرمگێڕاوە، لە ڕاستیدا زیاتر بە واتای «چێنەر» دێت، بەڵام ئەم کەسانە لە ڕاستیدا خۆیان چێنراون، وەک لە درێژەی ڕاڤەکەی گیفرددا ڕوونتر دەبێتەوە. ~**ن.م.**
لە سەردەمی شا ئەلیزابێثی یەکەمدا، بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کێڵگە و زەویوزار لە ئایرلاند و بۆ دامرکانەوەی ئایرە یاخییەکان، دەست کرا بە پەیڕەوی چاندنی پرۆتستانت و ئینگل و لایەنگری هەژموونی ئینگل لە ئایرلانددا. زەوی و ماڵی ئایرە کاسۆلیکە ڕۆمییەکان لە خاوەنەکانیان زەوت دەکرا و وەک سیستمێکی نیمچە دەرەبەگایەتی دەدرا بە ئینگل و ئینگلی-ئایرە دڵسۆزەکانی پاشایەتیی ئینگلتەرا تا بە ڕێوەی ببەن. ئەم کەسانە پێیان دەوترا

«چێنراوەکان» و بە سیستمەکەش دەوترا «سیستمی چاندن». ئەو چێنراوەی زەویوزاری وەردەگرت، دەبوو پەیمانی دڵسۆزی بۆ هەژموونی پاشایەتیی ئینگل مۆر بکات بەوەی ئینگل نەک تەنها وەک سەرووەری وڵات، بەڵکو بە سەرووەری کڵێسای پرۆتستانتییش پەسەند بکات. لە دوای ئەلیزابێثی یەکەم و لە سەردەمی پاشا جەیمزی یەکەمی پاشای ئینگلتەرادا (١٥٦٦-١٦٢٥) دەرفەت و هەلەکانی ئەم گورزە کوشندەیە بە شێوەیەکی کارا بە کار هێنرا و لە سەردەمی ئۆلیڤەر کرۆموێڵدا (١٥٩٩-١٦٥٨) ئەوەندە چالاک بوو کە خەڵکی کاسۆلیکی ڕۆمیی ئایرلاند هەمووان بوون بە جووتیاری دەرەبەگ. **~گ.س.**

[84] **باکووری... شینی ڕاستینە:** لە بنەچەدا هی پرێسبیتێرییەکان، یان پەیماندەرە پرێسبیتێرییەکانی سەدەی حەڤدەیەمی سکۆتلاند بوو (لە کاتی جەنگی ناوخۆی ئینگلتەرادا ڕەنگی شینیان هەڵبژارد بۆ دژایەتیکردنی پاشاخوازەکان). زۆرێک لەو داگیرکەرە چێنراوانەی ئینگلتەرا لە سەدەی حەڤدەدا بۆ باکووری ئایرلاند (ئۆڵستەر)ی ڕاگوێزرابوون، بۆ ئەوەی شوێن بە ئایرە کاسۆلیکەکان بگرنەوە و دایانبمرکێننەوە و هەرێمەکەش سەقامگیر بکەن، توندڕەوە «شینە ڕاستینەییەکان» بوون. **~گ.س.**

**پرێسبیتێری:** لقێکی دینی مەسیحییە کە لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا دوای دارِشتنەوە پرۆتستانتییەکانی مارتن لووثەر پێکهاتن و دەکرێت بوترێت لقێکی پرۆتستانتەکانن. دامەزرێنەرەکەیان جۆن نۆکس بووە (١٥١٤-١٥٧٢). هەموو شتێک دەگەڕێننەوە بۆ دەق و پێیان وایە *کتێبی پیرۆز* پەڕتووکی بێگەردی وشەکانی خودایە و باوەڕیان بە سیانینە پیرۆزەکەش هەیە. ئەم لقەش وەک پرۆتستانتەکان پێیان وایە کە نابێت ئوسقوف بە تەنیا قەشە و باوەڕداران بە ڕێوە ببات، بەڵکو سیستمێکی بەڕێوەبردنی جودایان هەیە. هەندێک لە هەزەخەکانیش جێبەجێ ناکەن. ناوەکەیان لە وشەی *پرێسبیس*ی گریکییەوە هاتووە بە واتای پیر و پێیان وایە دەبێت ئەنجومەنی پیرانی دینەکە گەورەی دینەکە بن و لە سەروو ئەوانیشەوە، پاشای هەرە گەورە عیسای مەسیحە. لە سەدەی حەڤدەدا لەگەڵ پاشاخوازە ئینگلەکاندا تووشی کێشە بوون لەسەر ئەوەی دەبێت دڵسۆزییان بۆ چ پاشایەک هەبێت. ئەمان بە پێی باوەڕەکەیان دەبێت دڵسۆزیی تەواویان بۆ عیسای پاشایان هەبێت، نەک پاشای ئینگلتەرا. پاشای ئینگلتەراش دەیەویست دڵسۆزییان بۆ ئەو هەبێت. بۆیە ئەمە جەنگی لێ کەوتەوە. کۆمەڵێک لە پرێسبیتێرییەکان ساڵی ١٦٣٨ پەیمانێکی نەتەوەییان بە خوێنی خۆیان واژۆ کرد بۆ پەیڕەوکردنی دینەکەیان و پێدانی هەموو شکۆ

و سەرووەرییەک بە عیسای پاشایان و بەرگریکردن لە پرێسبیتێرییەکان. ئەوانە پێیان دەڵێن: *پەیماندەرەکان* - *Covenanter*. **~ن.م.**

[85] **سەرکێشەکان خۆتان بدەن بە دەستەوە:** سەرکێشەکان، کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی وێکسفردی بوون (بڕوانە ١: ١٤٥) کە وەک فەڕەنسییە شۆڕشگێڕەکان قژیان حەفر دەکرد و تەپڵەسەریان نەدەتاشی، دواجار ئەم زاراوەیە *سەرکێشەکان -کرۆپی Croppy* بۆ هەموو ئایریکی شۆڕشگێڕ بە کار هات. سەرکێشە کرۆپییەکان ساڵی ١٧٩٨ شۆڕشیان لە دژی ئۆرەنجی و ئینگلەکان گێڕا. ڕستەی «سەرکێشەکان خۆتان بدەن بە دەستەوە» بەشێکە لە هەندێک هۆنراوەی ئۆرەنجییە «دڵسۆز»ەکان (دوژمنی سەرکێشەکان و هاوپەیمانی ئینگلەکان)، لەوانە: هۆنراوەی *کە گڵاوەکانی ئایرلاندە* کە وەها دەڵێت:

کە گڵاوەکانی ئایرلاند قوڵینگیان هەڵگرت و هاتن،
بۆ چاکسازیی ئەم دوورگەیە بینرا خەریکی خەباتن،
بەردەم خۆیان لە هەموو شت ڕادەماڵی هەر وەک دانا،
بۆ چارەی خەمی دڵانیان دەرمانیان وا لە گیرفانا،
بەڵام نایخۆن، سەرکێشەکان خۆتان بدەن بە دەستەوە.

ئەم کۆپلەیە لە گۆرانییەکی تریشدا هەیە بە ناوی *فلووتە ئۆرەنجییە کۆنەکە* کە هۆنراوەیەکە سەبارەت بە پیاوێکی ئۆرەنجی کە هاتووەتە سەر ڕێبازی کاسۆلیکی ڕۆمی، بەڵام فلووتەکەی هێشتا هەر ئاوازی *سەرکێشەکان خۆتان بدەن بە دەستەوە* دەژەنێت. **~گ.س.**

[86] **لە دایکمەوە:** (بڕوانە ٧: ٢٨). **~ن.م.**

[87] **سێر جۆن بلاکود:** (١٧٢٢-١٧٩٩) ئەندامێکی پەرلەمانی ئایرلاند بوو، دژی یەکێتییەکە بوو، بەڵام لە ٢٧ی شوباتی ١٧٩٩ پێش ئەوەی دەنگی خۆی بۆ یەکێتییەکە بدات، مرد. **~س.ت.م.ا.**

خانەدانێک ڕاسپێررابوو بەرتیلی بداتێ تا دەنگ بۆ یەکێتییەکە بدات، بەڵام ڕەتی کردەوە. *هێنری ن. بلاکود* لە نامەیەکدا بۆ جۆیس کە ساڵی ١٩١٢ نووسیویەتی، دەڵێت: «لەو کاتەی چەکمەکانی لە پێ دەکرد تا بەرەو دەبلن بڕوات و دەنگ لە دژی یەکێتییەکە بدات، مرد.» بەڵام جۆزایا بارینگتن (١٧٦٠-١٨٣٤) لە پەرتووکەکەی خۆیدا بە ناونیشانی *هەڵهاتن و ئاوابوونی نەتەوەی ئایرلاند* (١٨٣٣) ناوی *سێر جەی جی بلاکود*، کە کوڕی جۆن بلاکودە، خستوویەتیە لیستی ڕەشەوە بەوەی دەنگی بۆ یەکێتییەکە داوە. **~گ.س.**

[88] **ئێمە... کوڕی پاشاین**: ئەم دەربڕینە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە لە سەردەمی دێرینی ئایرلانددا ئەوەندە شانشینی بچووک بچووک هەبووە و پاشای خۆیان هەبووە، کە ئێستا هەر ئایرێک دەتوانێت بنەچەی خێزانەکەی بە پاشایەکەوە گرێ بدات. **~س.ت.م.١**

[89] **پێر ڤیاس ڕێکتاس**: بە لاتینی *per vias rectas* واتا *بە ڕێی ڕێکدا*. ئەمە دروشمی سێر جۆن بلاکود بوو. **~گ.س.**

[90] **ئاڕدزی داون**: ئاڕدز نیمچەدوورگەیەکە لە قۆڵ دەچێت و لە کاونتیی داونە (بڕوانە ١: ١٤٥). ناوچەکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی بێلفاستەوە کە پایتەختی ئۆرەنجییەکان بوو. **~گ.س.**

*ئاڕد* بە ئایری بە واتای *بەرزایی* یان گرد دێت. **~س.ت.م.١**

[91] **لەل ذە... دەبلن**: لە هۆنراوەی *ڕێگای ڕێکی دەبلن*ەوە هاتووە کە نووسەرەکەی نەناسراوە، باسی گەشتی لادێییەکی هەژاری کاسۆلیک دەکات کە خەڵکی کۆنەختە و لە دەبلنەوە بەرەو لیڤەرپووڵ دەڕوات. گاڵتەی پێ دەکرێت و ڕووت دەکرێتەوە و دەخرێتە کۆلیتی بەرازەوە. لە لیڤەرپووڵ جنێو بە وڵاتەکەی دەدەن و ئەویش توورە دەبێت و لەگەڵ کۆمەڵێک کوڕی خەڵکی گۆلوەیدا تێکەڵ دەبێت و بە شێلاخەکەی دەستی وەڵامیان دەداتەوە، (لە دونیای بێبەزەیی و خراپدا ئاوها ڕێز بە دەست دەهێنرێت) و ئیتر ڕێی پێ ناگیرێت تا بەرەو دەبلن بگەڕێتەوە. **~گ.س.**

پێشتر دێڕی سەرەوەی هۆنراوەکە و کۆتایی پەرەگرافی خوار دوو دێڕەکەم بە «ئەن دگلن دگلن» وەرگێڕابوو، لەسەر ئەو گریمانەیەی کە ستیفن لاسایی دەنگی ئەسپ دەکاتەوە، بەڵام کە خۆم چەندین جار ئەم گۆرانییەم لە بەر خۆمەوە دەبێژا، بۆم دەرکەوت کە ستیفن تەنها دێڕێک بێ دەقەکە دەبێژێت. دەتوانیت خۆت گوێ لە گۆرانییەکە بگریت، گەلێک بەناوبانگە، ئەمە ناونیشانەکەیەتی: *Rocky Road to Dublin*. **~ن.م.**

[92] **دوگمەبەند**: بە ئینگلی *keyboard* *کیبۆرد* وشەیەکی لێکدراوی ئینگلییە لە *کی* *key* و *بۆرد* *board* پێکهاتووە. واتە هەر ڕوویێک کە دوگمەی لەسەر بێت. ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاریدا هەیە ئەم وشەیەیان بە *تەختەکلیل* وەرگێڕاوە، بە تێڕوانینی من ئەو وشە کوردییە هەڵەیە، هەڵەکەش لەسەر ئەو گریمانەیە کراوە کە گوایە *کی* بە واتای کلیل دێت و *بۆرد* بە واتای تەختە دێت، ئەگەرچی زۆربەی کات ئەم گریمانەیە ڕاستە، بەڵام لەم کاتەدا نە *کی*یەکە بە واتای کلیل دێت و نە *بۆرد*ەکەش بە واتای تەختە دێت. خۆم وشەی *دوگمەبەند*م دارشتووە کە ڕوویێکە و دوگمەی لەسەرە، دەشێت

دوگمەبەندی ئامێری چاپ و کۆمپیوتەر و تەنانەت ئامێرە موزیکییەکانی وەک پیانۆ و هارپسیکۆرد و ئۆرگن بێت، یان هەر شتێکی تر کە دوگمەی لەسەر بەند کرابێت. **~ن.م.**

[93] **لە بەردەم... دانیشت:** مەبەست لەوەیە لە ژێر وێنەکەی ئێدواردی حەوتەمی شای ئینگلتەرادا دانیشت کە بۆ ئەسپسواری زۆر بەپەرۆش بوو (بڕوانە ٢: ٧٣). هەروەها ستیفن وەک تیلێماخۆس لە خزمەتی نێستۆردایە، کە گالیسکەوانێکی مەزن یان ڕامکەری ئەسپانە و پاشای پیلۆسە. **~گ.س.**

[94] **ڕیپەڵسی... ١٨٦٦:** لە کۆن و ئێستای هەندێک وڵاتی ئەوروپادا ئەوانەی وڵات بە ڕێوە دەبەن پێیان دەڵێن: *خانەدان*، یان *ڕەسەنەکان*، یان ناوخاسەکان: بە ئینگلی پێیان دەڵێن *نۆبڵیتی nobility*. خانەدانەکان پلەیان هەیە و بە پێی پلەکانیان بەرپرسیارێتییان هەیە، پلەکان لەمانە پێکهاتوون: **گەورەدوک**، **دوک**، **مەرکیز**، **کاونت** و **ئێرل**، **ڤیسکۆنت**، **بارۆن**، **لۆرد**.

**گەورەدوک:** (یان: ئارشیدوک) بە ئینگلی ***archduke***، لە وشەی *گەورە* و *دوک* پێکهاتووە، هەندێک جار وشە ئەوروپاییەکە خۆی دەخوازرێت کە «ئارشیدوک»ە، ئارشیدوک لە دوو وشەی *ئارک* و *دوک* پێکهاتووە، ئارک واتە گەورە، بۆیە ئەم بەشەیانم کرد بە کوردی. گەورەدوک لە بەریتانیادا نییە، بەڵکو لە هەندێک وڵاتی ئەوروپاییدا هەیە، گەورەی هەموو دوکەکانی ئیمپراتۆرێتییەک یان شانشین، یان وڵاتێکە، بە گشتی دەشێت کوڕی پاشا بێت.

**دوک:** بە ئینگلی *duke*، ناسناوێکی خانەدانانی ئەوروپایە، بەرزترین پلەی کارگێڕیی هەیە، بە تایبەت لە بەریتانیا. زۆربەی جاران ڕاستەوخۆ لە ژێر پاشا، یان شازادەدان و ژمارەیان زۆر کەمە، واتە هەر وڵاتێک چەند دوکێکی کەمی هەیە؛ وشەی دیوکی ئینگلی لە بنەچەدا لە دوک یان دوک*س*ی لاتینییەوە هاتووە، بە واتای *پێشڕەو*، ڕۆمییەکان ئەم ناساوەیان بۆ فەرماندەرەکانی سوپا بە کار هێناوە کە بەرپرسیارێتیی ناوچەییان هەبووە. تا ساڵی ١٣٣٧ لە بەریتانیادا دوک نەبووە، لەو کاتەوە ئێدواردی سێیەم ئەم ناسناوەی بۆ کوڕەکەی دروست کرد. ئاوهاش دواتر دوکی ناوچەکانی تریش پەیدا بوون. بە ناوچەی ژێر دەستی دوک دەوترێت: *دیوکدەم dukedom*، یان بە کوردی دەتوانین بڵێین: **دوکنشین**. بە ژنی دوک دەوترێت: *دەچس Duchess*، یان بە کوردی دەتوانین بڵێین: **دوکژن**.

**مەرکیز**: بە ئینگلی ***marquess***، ناسناوێکی خانەدانانی ئەوروپایە، لە ڕاستیدا هەر وەک کاونت یان ئێرل وایە، بەڵام مەرکیز بەرپرسی ئەو کاونتییانەیە کە پێیان دەڵێن: «کاونتیی سنوور»، مەبەست لە کاونتیی سنوور ئەو شوێنانەی وڵاتێکە کە سنووری بە وڵاتانی ترەوەیە و لەوێوە هێرشی سەربازی دەکرێت. بۆیە کاونتی ئاسایی بۆ ئەم جۆرە کاونتییانە دانانرێت، بەڵکو کەسێک بە بەرپرسی ئەم کاونتییانە دادەنرێت کە لە جەنگ و سەربازیدا لێهاتوو بێت و سوپاشی لە بەردەستدا دەبێت. مەرکیز ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی دوکدایە و پلە و دەسەڵاتیشی لە هی کاونت بەرزترە. بە ژنی مەرکیز دەوترێت: *مارشنێس* ***marchioness***، یان بە کوردی دەتوانین بڵێین: **مەرکیزژن**. وشەی مەرکیز لە *مارک*ەوە هاتووە بە واتای *خاڵ* کە مەبەست لێی خاڵی سنوورییە، ئاوهاش مەرکیز بەرپرسی خاڵی سنوورییە.

**کاونت**: بە ئینگلی ***count***؛ یان **ئێرل**: بە ئینگلی ***earl***، کاونت و ئێرل یەک شتن، هەردوو وشەکە ناسناوێکی خانەدانانی ئەوروپان. وشەی کاونت لە *کۆمتێ* - ***comte***ی فەڕەنسییەوە هاتووە، *کۆمتێ* فەڕەنسییەکە لە *کۆمێس*ی لاتینییەوە هاتووە بە واتای *هاوەڵ*، مەبەست هاوەڵی پاشایە. لە ئینگلیدا لە بەرانبەر *کۆنت*دا وشەی *ئێرل* - ***Earl*** هەیە کە لە کۆندا بە کەسێک وتراوە کە لە خوار پاشاوە بەرزترین پلەی کارگێڕیی هەبووە. بەڵام هێشتاش بە ژنی ئێرل هەر دەوترێت: *کۆنتێس*، کە هەر مێینەی وشەی *کۆنت*ە. کۆنت و ئێرل لە ناوەرۆکدا هیچ جیاوازییان نییە، بەڵکو تەنها ناوەکانیان جیایە. دەوترێت گوایە بۆیە لە بەریتانیادا *کۆنت* کراوە بە *ئێرل*، چونکە وشەی *کۆنت* بە ئینگلی، بەکارهێنانێکی ڕەشۆکییانەی هەیە، ئەڵبەت بە ڕێنووسێکی تر، بەڵام بە هەمان خوێندنەوە، بە واتای *قوز* - ***cunt*** دێت. تا ساڵی ١٣٣٧ لە بەریتانیادا ئێرل بەرزترین پلەی هەبووە، بەڵام لە دوای ئەوەوە مەرکیز و دوک وردەوردە بوون بە بەرزتر. ئێستانان ئێرل پلەی لە ڤیسکۆنت بەرزترە و لە مەرکیز نزمترە. وشەی ئێرل لە بنەچەیەکی سکەندیناڤییەوە هاتووە، کە بۆ بەرزترین پلەی سوپا بە کار هاتووە. بەو ناوچەیەی لە ژێر دەسەڵاتی کۆنت، یان ئێرلێکدایە، دەوترێت: *کاونتی* ***County***.

**ڤیسکۆنت**: بە ئینگلی ***viscount***، ناسناوێکی خانەدانانی ئەوروپایە، جێنشینی کاونت یان ئێرلە. تا ساڵی ١٤٤٠ لە بەریتانیادا ڤیسکۆنت نەبووە، بەڵکو لەو کاتەوە ئەم پلەیە دانراوە. بە ژنەکەی دەوترێت: *ڤایکانتێس* ***viscountess***، یان بە کوردی دەتوانین بڵێین: **ڤیسکۆنتژن**.

**بارۆن**: بە ئینگلی *baron*، ناسناوێکی خانەدانانی ئەوروپایە، لە ڕاستیدا ناوێکی گشتییە و بە هەموو خانەدانێک دەوترێت بارۆن. لە سەردەمانی کۆندا بارۆن ناوچەی دەسەڵاتیشی پێ دراوە و بەو ناوچەیەی لە ژێر دەسەڵاتی بارۆندا بووە وتراوە: *بارۆنی Barony*، یان بە کوردی دەتوانین بڵێین: **بارۆننشین**. دواتر ناوچەی دەسەڵاتی لێ سەندراوەتەوە و وردەوردە ناسناو و پلەوپایەی کەمتر و کەمتر بووەتەوە تا لە هەندێک شوێنی بەریتانیادا، وەک سکۆتلاند، بارۆن بە واتای *خاوەنزەوی* ناسراوە، واتە هەرکەسێک کە زەوییەکی هەبێت پێی وتراوە بارۆن و ئیتر پەیوەندیی بە خانەدانانی پاشاییەوە نەماوە. بەڵام لە ئینگلتەرا وشەکە بە واتای نزمترین پلەی خانەدانی دانراوە. بە ژنەکەی دەوترێت: *بارۆنێس baroness*؛ یان بە کوردی دەتوانین بڵێین: **بارۆنژن**.

**لۆرد**: بە ئینگلی *lord*، لە تەواوی شانشینی یەکگرتوو و دوورگەکانی بەریتانیادا، بە ئایرلاندی جارانیشەوە کە ئێستا خۆیان بە «دوورگەی بەریتانی» نازانن و لە ڕاستیدا هەندێکیان پێی توورە دەبن، *لۆرد* ناسناوێکی گشتیی شازادە و پاشاخوازەکانە، وەک بارۆن و ئەو لۆردانەی لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا کاروباری وارگێڕییان جێبەجێ کردووە. بە گشتی لۆرد کەسێکی گەورەیە و دەتوانرێت بوترێت پیری ناوچەیەکە. وشەی لۆرد لە پێش ناوی پلەکانی تریشەوە دێت، وەک *جەناب* یان *خاوەنشکۆ*، بۆ نموونە لە بری ئەوەی تەنها بوترێت: «ئێرل»، کەسەکەی کە قسەی لەگەڵ دەکات دەڵێت: «لۆردی ئێرل»، وەک چۆن ئێمە دەڵێین: «جەنابی دادوەر». یان لە پلەکانی تریشدا هەر وەک زیادەیەکی ڕێزلێگرتن دەوترێت، وەک: «لۆردی مەرکیز» یان «لۆردی دوک»...تد. بە هەمان شێوە بە منداڵەکانی دوک و مەرکیز و کاونت و ڤیسکۆنتیش هەر دەوترێت: *لۆرد* وەک ڕێزلێنان. لۆرد بە گشتی بۆ نێر بە کار دەهێنرێت، بەڵام بۆ مێ تەنها دەوترێت: *لەیدی Lady*، هەر بە واتای *خانم*، یان *خاتوون* دێت.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم پلانە بڕوانە *ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیکا*، کە سەرچاوەی سەرەکیی نووسینی ئەم ڕاڤەیەم بووە. **~ن.م.**

هێنری وەیسفرد ڕۆودن-هەیستینگ (١٨٤٢-١٨٦٨)، کە مەرکیزی هەیستینگ بوو {لە باشووری ئینگلتەرا}، ئەسپێکی هەبوو بە ناوی *ڕیپەڵس*ەوە و پێشبڕکێی *هەزار گینیی* ساڵی ١٨٦٦ی بردەوە، کە پێشبڕکێیەکی ئەسپسواریی ساڵانە بوو لە نیومارکێت لە ئینگلتەرا دەکرا. هیو لووپەس گرۆڤنەر (١٨٢٥-١٨٩٩)، کە دوکی یەکەمی وێستمینیستەر بوو {لە ئینگلتەرا}، جوانووێکی هەبوو بە ناوی *شۆتۆڤە*رەوە و پێشبڕکێی *دوو هەزار گینیی* ساڵی

١٨٨٢ی بردەوە، کە ئەمیش پێشبڕکێیەکی ئەسپسواریی ساڵانە بوو لە نیومارکێت و ئێپسم لە ئینگلتەرا دەکرا. هێنری چارلز فیتزرۆی سۆمەرسێت (١٨٢٤-١٨٩٩)، کە دوکی هەشتەمی بووفۆرت بوو {لە ئینگلتەرا}، ئەسپێکی هەبوو بە ناوی *سەیلۆن*ەوە و پێشبڕکێی مەزنی پاریسی ساڵی ١٨٦٦ی بردەوە، کە بەناوبانگترینی پێشبڕکێ فەڕەنسییەکان بوو و ساڵانە لە پاریس دەکرا. بە فەڕەنسی بە پێشبڕکێی مەزنی پاریس دەوترێت ***پغی دو پاغی***. **~گ.س.**

[95] **فێر ڕێبڵ!... مەیدانەکە**: «دڵخوازەکەی هەمووان» *فێر ڕێبڵ*ە کە ئەسپێکە. دەڵاڵەکە گرەو لەسەر فێر ڕێبڵ دەکات کە ئەگەر فێر ڕێبڵ دۆڕا، ئەوا گرەوکەرەکە بە چەند گرەوی کردووە، دە ئەوەندە دەباتەوە. بەڵام ئەگەر فێر ڕێبڵ بردیەوە، ئەوا گرەوکەرەکە تەنها ئەوەندە دەدۆڕێنێت کە گرەوی لەسەر کردووە. واتە بۆ نموونە ئەگەر تۆ بە دینارێک گرەوت لەسەر هەر ئەسپێکی تری مەیدانەکە کردبێت جگە لە فێر ڕێبڵ کە بیباتەوە، ئەوا ئەگەر وا بوو، دە دینار دەبەیتەوە، بەڵام ئەگەر فێر ڕێبڵ بردیەوە، تۆ تەنها دینارێک دەدۆڕێنیت. لەو پێشبڕکێیەدا کە ساڵانە دەکرێت و پێی دەڵێن *جامی کورەخ* و لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا کرا، فێر ڕێبڵ بردیەوە. **~گ.س. / ~ن.م.**

[96] **قاچلابەلا**: بە ئینگلی *knock-knee*، کەسێکە قاچەکانی بەرەو ناوەوە دەنوشتێنەوە و وا دەکات ئەژنۆکانی بەر یەک بکەون کە بە پێوە دەوەستێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی پزیشکیی دکتۆر ئەورەحمان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[97] **خومار**: بە ئینگلی *Hangover*، لە دەقە بنەڕەتەکەدا بە شێوەزاری ئایری نووسراوە *Crawsick*: مەبەست ڕۆژی دوای سەرخۆشییەکی زۆرە. خومار لە فەرهەنگی *هەنبانەبۆرینە*وە: «کەسێ کە دوای سەرخۆشی سەری دێشێت». **~ن.م.**

[98] **مەرگەڕشانەوەی بەستووی کوژراوەکە**: بە ئینگلی *deathspew* لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا نییە؛ جۆیس خۆی وشە لێکدراوەکەی لە *مەرگ* و *ڕشانەوە* لێکداوە، وا دیارە بە واتای خوێنی ڕشانەوەی مەرگ بێت. پێشتر ئەم ڕستەیەم بەم شێوەیە وەرگێڕابوو: «خوێنی بەستووی ڕشاوەی مردنی بریندارەکە»، بەڵام ئێستا هێنامەوە سەر شێوازە ڕاستەوخۆکەی جۆیس. **~ن.م.**

[99] **نەخۆشیی تەبەق**: **تەبەق**: بە ئینگلی *foot and mouth disease*، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە: «دەردێکە لە دەردەکانی ئاژەڵ، کە برین لە دەم و دەوری سمیان پەیدا دەکات». **~ن.م.**

تەبەق نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە تووشی بەراز و مەڕ و بزن و هەندێک جار، مرۆڤیش دەبێت. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەگەر ئاژەڵ بەم نەخۆشییە تووش ببووایە هیچ چارەیەک نەبوو بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، هەوڵەکانیش بۆ دۆزینەوەی چارەکەی ئەنجامی جودای لێ دەکەوتەوە. تا ڕادەیەک کاتی نامەکەی میستەر دیسی لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە ساڵی ١٩٠٤ هیچ واگرەیەکی تەبەق لە ئایرلاند نەبوو، بەڵکو ١٩١٢ ڕووی دا. لە ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا لە ڕۆژنامەی *ئایرش دەیلی ئیندیپێندێنت*دا ڕاپۆرتێکی لەسەر (بەندەکانی دەستوور سەبارەت بە نەخۆشیی ئاژەڵ ١٩٠٣) بڵاو کردووەتەوە کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەریکردبوو، دەڵێت: «سیستمی بەرگریی وڵاخی ئایرلاند لە دژی درم و نەخۆشیی تری ترسناکدا کردارەکییانە بەردەوامە. ساڵی ١٩٠٣ هیچ واگرەیەکی وڵاخ و تەبەق و هەوبوونی سی و پەردەی سی و ئەسپێتێدانی مەڕومالات بوونی نەبووە.» **~گ.س.**

[100] **دارودەستەکەی... گۆلوەی کرد:** ساڵانی ١٨٥٠کان کۆمەڵەیەک برەوپێدەری ئینگل و ئایر پێشنیاریان کرد بەندەری گۆلوەی لە خۆرئاوای دوورگەی ئایرلاند بکەن بە بەندەرێکی جیهانیی ڕێی ئەتڵەنتی. هەنگاوی یەکەمیان ئەوە بوو هێڵێکی ئاوی بۆ کەشتیی هەڵمیی نێوان گۆلوەی-هالیفاکس {کەنەدا} دابمەزرێنن. بەڵام ئەم نەخشەیە تووشی چەندین ڕووداوی کارەساتاوی بوو و شکستی هێنا، سەرەتا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئەم شکستانە لە ئەنجامی دەستتێوەردانی دەرەکیدا بووە. چیرۆکی بەدبەختییەکەش ساڵی ١٨٥٨ دەستی پێ کرد کە یەکێک لە کەشتییەکانی بەشگەکە بە ناوی *دە ئیندیەن ئیمپایە*رەوە، خۆی کێشا بە شاخی مارگەرێتی بەندەری گۆلوەیدا کە تاکە ئاستەنگی بەندەرێکی فراوانە کە نۆ میل پانە. کەشتییەکە زیانی گەورەی لێ نەکەوت، بەڵام لە دوای ئەم چیرۆکەوە پرۆژەکە بە شەش ساڵی پڕ لە ڕووداو و خراپیی کارگێڕیدا تێپەڕی. دواجار بەشگەکە ساڵی ١٨٦٤ داخرا. بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە کە هیچ «دارودەستە»یەکی لیڤەرپووڵ پیلانیان گێڕابێت تا ئەم نەخشەیە جێبەجێ نەبێت. {مەبەست لە دارودەستەکە: ئەوانەن کە بەرژەوەندیی کەشتیوانییان لە بەندەری لیڤەرپووڵدا هەیە، گوایە لە کێبڕکێی بەندەری گۆلوەی دەترسن، چونکە لیڤەرپووڵ لە بەریتانیا بەندەرێکی گەورەی ئەتڵەنتیی هەیە}. بە پێچەوانەوە، بەڵگەکان بێتوانایی کارگێڕیی دەریایی برەوپێدەرەکانی گۆلوەی دەردەخەن. **~گ.س.**

[101] **هەڵگیرسانی جەنگی ئەوروپایی:** ئەگەر جەنگ لە ئەوروپا ڕووی دا، پێویست ناکات کەشتییەکانی ڕێی ئاویی ئەتڵەنتی بە نۆکەندی سانت جۆرجدا بڕۆن {ئەو نۆکەندە

ئاوییەیە کە دوورگەی ئایرلاند لە بەریتانیا جیا دەکاتەوە}، کە لە خوارەوە دەبێت بە نێوان ئایرلاند و وێڵز و لە سەرەوەش دەبێت بە نێوان ئایرلاند و سکۆتلاندا تێپەڕ بن، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە بەندەری گۆلوەیەوە تێدەپەڕن. **~گ.س.**

[102] **تیلنیشان:** بە ئینگلی allusion، ئاماژەدانێکی ناڕاستەوخۆیە بە کەس، شوێن، بیر، باوەڕ یان هەر شتێکە بێ ئەوەی ناوی شتەکە بهێنرێت. پێشتر بە «لاماژە» وەرمگێڕابوو، ئەوەم لابرد. داوای لێبوردن دەکەم. **~ن.م.**

[103] **کاساندرا:** کەسێکە کە پێشبینیی کارەساتی گەورە بکات و کەس گوێی لێ نەگرێت. کاساندرا کچی پریامۆسی پاشای ترۆیا بوو، ئەم کچە خۆشەویستیی ئاپۆلۆنی ڕەت کردەوە و ئەویش بە نەفرەتی کرد و وای لێ کرد پێشبینیی ڕووداوی ڕاستینە بکات و کەس باوەڕی پێ نەکات. کە پێشبینیی خاپووربوونی ترۆیای کرد کەس گوێی لێ نەگرت. **~گ.س.**

[104] **لە ڕێی ژنێکەوە... ببووایە:** هێلێنی ترۆیایە، دوای سەردانەکەی نێستۆر، تیلێماخۆس دەچێتە کۆشکی مێنێلاوس و لەوێ هێلێن دەبینێت. **~گ.س.**

[105] **ئامادەکاریی کۆش:** ئەوەی بە «ئامادەکاریی کۆش» ناسراوە نەخۆشیی *کوانەپیسە*یە نەک تەبەق. ڕۆبێرت کۆش (١٨٤٣-١٩١٠) پزیشک و بەکتریاناسێکی ئەڵمانی بوو ساڵی ١٨٨٢ میتۆدێکی کوتانی بۆ ڕێگرتن لە کوانەپیسە داڕشت. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دوو لە یاریدەرەکانی هەوڵیان دا ئەم میتۆدەی کۆش دژی نەخۆشیی تەبەق لەسەر ئاژەڵان تاقی بکەنەوە، بەڵام ئەنجامێکی ئەوەندە سەرکەوتووی نەبوو. **~گ.س.**

**کوانەپیسە:** بە ئینگلی *anthrax*، نەخۆشییەکی کوشندە و گواستراوەیە، زۆرتر لە ئاژەڵاندا ڕوو دەدات وەک وڵاخ و مەڕ، نەخۆشەکە تووشی کوان (زام)ی بەئازار و تا و سپڵ و مل ئاوسان دەبێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی پزیشکیی دکتۆر ئەورەحمان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[106] **سیرۆم و ڤایرۆس:** ئاماژەیەکە بەو میتۆدە پەرەپێدراوە نوێیانەی سەدەی بیستەم کە بۆ دژەژەهر و دژی هەندێک نەخۆشی بە کار دەهاتن. **~گ.س.**

**سیرۆم:** بە ئینگلی *serum*، شلەیەکە کە بە کوتان دەدرێت بە نەخۆش لە دژی ژەهر و نەخۆشیی جۆراوجۆر. **~ن.م.**

[107] **ڕێژەی ئەسپی خوێلێدراو:** مەبەست ئەسپێکە کە دەرمانی *تی سی*ی لێ درابێت. پزیشک و بەکتریاناسی ئەڵمانی *ئێمیل ئەدۆڵف ڤۆن بێرینگ* ساڵی ١٩٠٥ دەرمانی *تی سی*ی بە کار هێناوە و لە «ڤایرۆسی سیل»ەوە دروستی کردووە. دەبوو دەرمانەکە بەرگری لە دژی نەخۆشیی سیل بۆ ئاژەڵان دروست بکات، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو بانگەشانەی

سەرەتا بڵاو کرانەوە زۆر سەرکەوتوو نەبوون. بەرهەمهێنانی *تی سی* پێویستی بە شلەی خوێیاو *saline* هەبوو، بۆیە دەڵێت *ئەسپی خوێلێدراو*. **~گ.س.**

108 **گاقڕان**: بە ئینگلی *rinderpest*، نەخۆشییەکی ڤایرۆسیی سەختی گوازراوەی ئاژەڵانە، هەوبوونی توندی ڕیخۆڵە و سکچوونی لەگەڵدایە. لە هیچ کامێک لە دوو فەرهەنگە پزیشکییەکەی بەردەستمدا (*دەوەن* و *دکتۆر ئەورەحمان*) نەبوو، لە *فەرهەنگی ئازادی*ی دکتۆر حەمەڕەشید قەرەداخیدا بە *تاعوونی ڕەشەوڵاخ* دایناوە، و لە فارسیشدا پێی دەڵێن *طاعون گاوی* و ئەمەش لە فەرهەنگی *فارسی کوردی*ی دانشگای کوردستاندا هەر بە *تاعوونی ڕەشەوڵاخ* یان *گاقڕان* هاتبوو. من *گاقڕان*ەکەم هێنا. **~ن.م.**
ئەم نەخۆشییەش هەر هی ئاژەڵانە و لەو کاتەدا چارەی نەبوو. **~گ.س.**

109 **ئەسپەکانی ئیمپراتۆر... نەمسا**: ئیمپراتۆری نەمسا لە مورتستێگ، لە باشووری نەمسا، ماڵ و تەویلەیەکی لە ڕاوگەیەکدا {شوێنی ڕاو} هەبوو، بەڵام دکتۆر ڕیچارد بلاس، کە بەڕێوەبەری ئەرشیفی ماڵ و کۆشک و موڵکەکانی ڤیەننایە، هیچ تۆمارێکی نەدۆزیوەتەوە کە ببێت بە بەڵگەی ئەوەی هیچ تاقیکردنەوەیەکی ڤێتێرنەری لە نێوان ساڵانی ١٨٩٥ تا ١٩١٤دا لە مورتستێگ ئەنجام درابێت. ڕیچارد ئێڵمان لە لاپەڕە ٣٢٦ و ٣٢٧ی پەڕتووکەکەیدا {*جەیمز جۆیس*} ئەم نامەیەی هێنری بلاکود پرایسی وەک خۆی داناوەتەوە. **~گ.س.**

110 **نەشتەرسازە ڤێتێرنەرەکان**: لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم لقەی زانستی پزیشکی تا ڕادەیەک نوێ بوو. نامەکەی میستەر دیسی بانگەشەی ئەوە دەکات کە چارەی نەخۆشیی تەبەق و نەخۆشیی تریش دۆزراونەتەوە، کە ئەم بانگەشەیەش ڕاست نییە. بەڵام باسە سەرەکییەکەی نامەکەی باسێکی دروستە: ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی دواهەمین میتۆدە زانستییەکاندا درم و نەخۆشییەکانی ئاژەڵان لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت و چارە بکرێن. **~گ.س.**

111 **میستەر هێنری بلاکود پرایس**: پیاوێکی خەڵکی ئۆڵستەر بوو، هاوکاتی جۆیس لە شاری ترییێست دەژیا {ئەو کاتە ترییێست سەر بە ئیمپراتۆرێتیی نەمسایی-هەنگاری بوو و ئێستا سەر بە ئیتالیایە. جۆیس ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیاوە}، جێگری بەڕێوەبەری بەشگەی تەلەگراف بووە. نەوەی سێر جۆن بلاکود بوو، کە دیسی بە بابەگەورەی خۆی دایدەنێت. **~س.ت.م.١.**

ئەم پیاوە ساڵی ١٩١٢ لەگەڵ جۆیسدا نامەی ئاڵوگۆڕ کردووە و باسی بڵاوبوونەوەی واگرەی نەخۆشیی تەبەقی کردووە لە ئایرلاندا. ~**گ.س.**

[112] **واگرە**: بە ئینگلی *pandemic*: واتە نەخۆشییەک، یان پەتا و درمێک کە تەشەنە بسێنێت و هەموو وڵات و کیشوەر و جیهان بگرێتەوە، وەک کۆڤیدی کۆتایی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ی جیهان. وشەکەم لە *داگیرکردنی تاریکی*ی کاک بەختیار عەلییەوە هێناوە، بۆ دڵنیابوونەوە پەیامم بۆ بەڕێزیان نارد و لێیانم پرسی، بەم شێوەیە وەڵامم بە دەست گەیشت: «بە واتای *الوَبَاءُ*ی عەرەبی دێت، خۆم وشەکەم دروست نەکردووە و هەیە». دوای گەڕانی زیاتر، وا بۆی دەچم لە «دەردێ ڤەگر»ی کرمانجییەوە هێنرابێت، «ڤەگر» واتە ئەوەی هەموو شت/شوێن دەگرێتەوە و ئاوهاش بووبێت بە *واگرە* (بڕوانە ١: ١٠٩). ~**ن.م.**

[113] **ئینگلتەرا لە دەستی جووەکاندایە**: بڕوانە باسی نامیلکەکەی ڤیلهێلم مار *سەرکەوتنی جوو بەسەر ئەڵمانیزمدا* لە بەشی *ئولیس و سەردەمەکەی* لە پێشەکییەکەی گیفردا.

[114] **ڤیژەی سۆزانی... دەدورێ**: دێڕی ١١٥ و ١١٦ی هۆنراوەی *نیشانەکانی بێتاوانی*ی ویلیەم بلەیکە (١٨٠٣). هەموو کۆپلەکە بەم شێوەیەیە:

کە دەوڵەت قەحبە و قومارچیی دانا
مۆڵەتی مەرگی وڵات دەردەکا
ڤیژەی سۆزانی شەقام بە شەقام
کفنی ئینگلتەرای پیر دەدورێ
ڤیژەی براوە و نەفرەتی دۆڕاو
لە بەردەم تەرمی ئینگلتەرادا هەڵپەڕکێ دەکەن. ~**گ.س.**

[115] **تیرۆژەکەی تیایدا وەستابوو**: {تیرۆژ واتە تیشکی ڕۆژ} لە *ئۆدیسە*دا دەڵێت: «کە نێستۆر دەدووا، خۆر ئاوا بوو/ تاریکیش باڵی بەسەر دونیادا کێشا.» ~**گ.س.**

[116] **تاوانیان... کردووە**: لە بەشی یەکەمی *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*دا، یەحیای ئاوەمۆرکەر «بۆ شایەتی هات، تاکو شایەتی بۆ ڕووناکییەکە {عیسا} بدات، بۆ ئەوەی هەمووان لە ڕێی ئەوەوە باوەڕ بهێنن. ئەو {یەحیا} ڕووناکییەکە نەبوو، بەڵکو هات تاکو شایەتی بۆ ڕووناکییەکە بدات.» (یۆحەنا ١: ٨-٩). دەستەواژەکەی میستەر دیسی لەسەر ئەو گریمانەیە دانراوە کە جووەکان تەنها ڕووناکییەکە (عیسا خۆی و پەیامەکەی)یان ڕەت نەکردەوە، بەڵکو داوایان کرد کە دەبێت بکوژێنرێتەوە و لە خاچ بدرێت. ~**گ.س.**

[117] **لەسەر زەوی وێڵن**: دوای گرتن و وێرانکردنی ئۆرشەلیم ساڵی ٧٠، لە سەردەمی ڤیسپاسیان، (٩-٧٩) کە ساڵی ٦٩ تا ٧٩ی زاینی ئیمپراتۆری ڕۆم بوو، ڕۆمییەکان جووەکانیان لە خاکی خۆیان دەرکرد و بڵاویان کردنەوە. دوای ئەوەش بە دەستی گەلە مەسیحییەکانی ئەورووپا ئازاری زۆریان پێ گەیەنرا. ئەمە تیلنیشانیشە بە ئوستوورەی جووە *وێڵەکە*، گێڕانەوە مەسیحییەکەی ئوستوورەی جووە *وێڵەکە* باس لە جووێک دەکات کە لە کاتی لەخاچداندا گاڵتەی بە عیسا کردووە، یان ڕەتی کردووەتەوە، بۆیە نەفرەتی لێ دەکرێت کە لەسەر زەوی وێڵ و هەڵوەدا بێت تا عیسا جارێکی تر لە ڕۆژی دادگایی کۆتاییدا دێتەوە. یان لە هەندێک گێڕانەوەیدا تا تۆبە دەکات هەر وێڵ دەبێت. **~گ.س.**

[118] **بۆرسەی پاریس**: باڵەخانەی بۆرسەی پاریس وێنەیەکی لەبەرگیراوەی پەرستگاکەی ڤیسپاسیانی ڕۆمایە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا دروست کرا. ئەو دیمەنەی ستیفن بیری لێ دەکاتەوە لە دەرەوەی باڵەخانەکەدا نییە، بەڵکو لە ناوەوەیدایە. «پلیکانەکان» هی هۆڵی کۆبوونەوەکەی کۆتاییە کە تەختەپۆش کراوە و جیا کراوەتەوە و تەنها دەلاڵە ڕێپێدراوەکان بۆیان هەیە بچنە ناوی. **~گ.س.**

[119] **پەرستگاکە**: تیلنیشانێکە بە چیرۆکی ناو *ئینجیل* کە عیسا پارەگۆڕەوەکانی پەرستگای ئۆرشەلیم دەردەکات. هەر یەک لە چوار مزگێنییەکەی *پەیمانی نوێ* باس لەمە دەکەن. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەی یەکەمە:**

[١٢] عیسا چووە ناو حەوشەکانی پەرستگا و ئەوانەی دەرکرد کە لەوێ خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون، مێزی پارەگۆڕەوان و کورسی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا. [١٣] پێی فەرموون: «نووسراوە، {ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت،} بەڵام ئێوە دەیکەنە {ئەشکەوتی دزان!}» (مەتا ٢١: ١٢-١٣)

**ئەمە دەقی سەرچاوەی دووەمە:**

[١٥] هاتنە ئۆرشەلیم و عیسا چووە ناو حەوشەکانی پەرستگا و دەستی کرد بە دەرکردنی ئەوانەی لەوێ خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون، مێزی پارەگۆڕەوان و کورسی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا. [١٦] نەیدەهێشت کەس بە شتومەکەوە بە ناو حەوشەکانی پەرستگادا تێبپەڕێت. [١٧] فێری دەکردن و دەیفەرموو: «ئایا نەنووسراوە: «{ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت بۆ هەموو گەلان}؟ بەڵام ئێوە کردووتانە بە {ئەشکەوتی دزان!}» (مەرقۆس ١١: ١٥-١٧)

**ئەمە دەقی سەرچاوەی سێیەمە:**

[٤٥]کاتێک عیسا چووە ناو حەوشەکانی پەرستگا، دەستی بە دەرکردنی فرۆشیاران کرد. [٤٦]پێی فەرموون: «نووسراوە: {ماڵەکەم ماڵی نوێژە،} کەچی ئێوە کردووتانە بە {ئەشکەوتی دزان!}» (لۆقا ١٩: ٤٥-٤٦)

**ئەمە دەقی سەرچاوەی چوارەمە:**

[١٣]کە جەژنی پەسخەی جولەکەکان نزیک بووەوە، عیسا چوو بۆ ئۆرشەلیم. [١٤]لە حەوشەکانی پەرستگا فرۆشیارانی گا و مەڕ و کۆتری بینی، پارەگۆڕەوانیش دانیشتبوون. [١٥]قامچییەکی لە گوریس دروستکرد و هەمووانی لە حەوشەکانی پەرستگا دەرکرد، مەڕ و گا پێکەوە. پارەی پارەگۆڕەوانی پەرشوبڵاو کردەوە و مێزەکانی وەرگێڕا، [١٦]ئینجا بە کۆترفرۆشانی فەرموو: «ئەم شتانە لێرە هەڵگرن! ماڵی باوکم مەکەنە بازاڕ!» (یۆحەنا ٢: ١٣-١٦)

**پەسخە/لێپەڕتبوون:** بە عیبری *پەسەح*: بە ئینگلی *Passover*، واتە **لێپەڕتبوون** یان **لێخۆشبوون**. جەژنێکی جوو و مەسیحییەکانە، بۆ جوو یادی سەری ساڵ و ڕزگاربوونی نۆبەرەکانیانە لە دەیەم کارەسات کە خودا لە سەردەمی موسادا بەسەر میسرییەکاندا هێنای. عیساش هەر لەم مانگەدا بوو لە خاچ درا و بۆ ئاسمان بەرز بووەوە، بۆیە مەسیحییەکانیش هەمان جەژن دەگێڕن، بەڵام بە مەبەستی بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان. بۆ زانیاریی زیاتر (بڕوانە ٣: ٣٦٨). **~ن.م.**

[120] **پیاوە پێستزێڕینەکان... دەزانی**: لە چاپەکانی پێشوودا وەرگێڕانی ئەم پەرەگرافەم ڕوون نییە و ڕاڤەیشم لەسەری نەداوە، هەندێک هەڵەشم تیایدا کردووە. بەڵام لەم چاپەدا بەم پەرەگرافەدا چوومەتەوە و دەستکاریم کردووە، ئێستا هەم ڕوونترە، هەم وەرگێڕانێکی دروسترە؛ بە یارمەتیی ڕاڤەیەکی ئەیمی فەینستین، بۆ ئێوەیشی ڕوونتر دەکەمەوە:

ستیفن لێرەدا بەراوردێکی جووەکان دەکات بە گوێرەی گێڕانەوەی هەر چوار ئینجیلەکە، کاتێک عیسا سەردانی پەرستگا دەکات، دەبینێت جووەکان لە نێو حەوشەی پەرستگادا خەریکی سەودا و مامەڵەن و پەرستگایان کردووە بە بازاڕ. وا دیارە ستیفن پێی وایە ئەمە تێڕوانینە مەسیحییانەکەیە بۆ جووەکان، بەراوردی ئەم جووانەی نێو *پەیمانی نوێ* بە جووەکانی بۆرسەی پاریس دەکات، کە لەوانەیە خۆی لە گەشتەکەی بۆ پاریس دیبێتنی، کە لەوێ بە دەنگی بەرز نرخەکان بە قیڕە بانگەواز دەکەن. «وتە و دەستجووڵانەکانی جووەکان بە پارە لەکاوی بوون؛ وەک مشەخۆر ئاپۆرایان گرتووە؛ ڕەفتارەکانیان کێوییانەیە؛

شەبقەی ئاوریشمی گێڕیان لە سەر کردووە. لای ستیفن وا دیارە جووەکان نمایشی سامانی ماددی دەکەن، بەڵام کە دەچیتە وردەکاریی ئەم نمایشەوە و پەردە لەسەر ئەم دیمەنە ئینجیلییە ساختەیە هەڵدەدەیتەوە، دەبینیت کە جووەکان لەگەڵ ئەم خۆڕازاندنەوەیی ژیاری ڕۆژئاوادا نەگونجاون. لە یادی ستیفندا جووەکان هەر بە شێوازی ژیان و نەریت و کاری ڕۆژئاوا بێگانە و نامۆن. ئەم جلانە و ئەم کردەوانە و ئەم دەستجووڵاندنانە هی جووەکان نین، بەڵکو خوازراون. ستیفن دژەگێڕانەوەیەک لە نێو چاوە پڕ داناییەکانی جووەکاندا دەستنیشان دەکات، وەک ئەکتەرێک لە پشت دەمامکێکەوە بڕوانێت، چاویان دەستجووڵانە بە پارە لەکاوییووەکەی خۆیان و وتەکانیان بە درۆ دەخاتەوە، هەر چاوی جووەکان خۆیان دەزانێت کە فەلسەفەی بازرگانێتی هەوڵێکی بێبەرە لە بەرانبەر ئەوەی کە لە چارەیان نووسراوە مانەوەیان لە وڵاتان کاتی دەبێت و ئاکامیان تاراوگەیە». (ئەیمی فەینستین، *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ٤٤، ژمارە ١ [٢٠٠٦]: ٣٩-٥٨) ئینجا ستیفن وێنای ئەوە دەکات کە ڕۆژێک دێت هەموو ئەوەی جووەکان کەڵەکەیان کردووە لە قەراغی شەقامەکاندا فڕێ دەدرێن و خەڵک دێن تاڵانی دەکەن و پاشەکەوتەکانیان بە دەست تاڵانچییەکانەوە دەستاودەست دەکەن. چاوی جووەکان ئاگاداری هەموو ئەو ساڵانەیە کە لە ڕابردوودا جووەکان وێڵی دەشتودەر بوون، بە تایبەتی لە ناوچەی سینا (بە گوێرەی *تەورات*)، هەروەها لە ژێر دەمامکەکەشیانەوە بە «نەنگی» یان سەرشۆڕی، یان شەرمەزاریی لەشیانیان دەزانی. ڕەنگە مەبەستی لەوە بێت کە لە ژێر ئەم قاوغە زێڕین و دەوڵەمەندانەیەوە لەشێکی شەرمەزاریان هەبێت، یان لەشێکی نەنگ (ڕەنگ بێت بە هۆی خەتەنەوە؟). **~ن.م.**

[121] **مێژوو... لێی ڕابم**: لە نامەیەکی ژوول لافۆرگەوە (١٨٦٠-١٨٨٧) پەرەی پێ دراوە کە لە بەرهەمی *ڕەنگاڵەیەک لە دوای مەرگ* (پاریس، ١٩٠٣). نامەکە بۆ (خاتوو ؟) نووسراوە. دەڵێت: «ژیان زۆر خەمناکە، زۆر دزێوە. مێژوو مۆتەکەیەکی کۆن و فرەڕەنگە کە درک بەوە ناکات کە باشترین نوکتەکان کورتترینەکانن.» **~گ.س.**

[122] **هەموو... خودایە**: ئەمە دەربڕی باوەڕی باوی سەردەمی شا ڤیکتۆریایە دەربارەی مسۆگەرێتیی ئاکار و پرۆسەی گیانەکیی مرۆڤ. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئالفرێد لۆرد تێنیسن (١٨٠٩-١٨٩٢) لە کۆتایی هۆنراوەی *بە یادی ئارثەر هێنری هاڵەم*دا ئەم باوەڕەی پوختە کردووە و دەڵێت:

ئەو خودایەی هەردەم دەژی و خۆشی دەوێین

یەک خودایە و یەک توخمیشە و یەک یاسایە
تاکە ڕووداوی ئاسمانی لە مێژەوە تاهەتایە
ئەوەیە کە کۆی ئافراندن بەرەو خودا هەنگاو دەنێن

ئەمەش بە جێگرەوەیەکی لاوازی وابەستەیی گیانەکیی بنچینەیی دادەنرا. بەڵام وەک فەلسەفەی مێژوو، پێشینەیەکی فرە سەرچاوەی هەیە، هەر لە سانت ئاوگوستینی هیپۆوە (٣٥٤-٤٣٠) تا جۆردانۆ بروونۆ و تا دەگاتە جۆرج ڤیلهێلم فریدریش هێگل (١٧٧٠-١٨٣١) و هەوڵەکانی بۆ سەلماندنی زانستییانەی ڕاستیی ئاشکراکراوی دین. **~گ.س.**

123 **هاوارێک لە کۆڵانەوە**: «[٢٠]دانایی لە کۆڵان هاوار دەکات، لە گۆڕەپانەکان دەنگ بەرز دەکاتەوە، [٢١]لە شەقامە قەرەباڵغەکاندا بانگ دەکات، لە دەروازەی شارەکاندا قسەی خۆی دەکات: "[٢٢]هەتا کەی ئەی ساویلکەکان حەز لە ساویلکەیی دەکەن؟ هەتا کەی گاڵتەجاڕان بە گاڵتەکردن دڵخۆش دەبن، گێلەکانیش ڕقیان لە زانیاری دەبێتەوە؟"» (پەندەکانی سلێمان ١: ٢٠-٢٢) **~گ.س.**

124 **ژنێک گوناهی هێنایە جیهانەوە**: چیرۆکی لەدەستچوونی بەهەشت لە *کتێبی پیرۆزدا* ئەوەندە دژەژنانە نییە کە میستەر دیسی ئاماژەی پێ دەدات. «کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا بیت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی.» (پەیدابوون ٣: ٦). بەڵام گێڕانەوەی دژەژنانەی لەدەستچوونی بەهەشت پێکهێنەرێکی سەرەکیی نەریتی باوی دینی مەسیحییە. **~گ.س.**

125 **ترۆیا**: (یان: ترۆاس، ترۆواس، تری، تەرواده، تەڕوادە، تریيا، ئیلیوم، ئیلیۆم، ئیلیون، ئیلیۆن، ئیلیۆس، ترۆی) بە ئینگلی *Troy*، شارێک بووە لە باکووری ڕۆژئاوای میسیا (ڕۆژئاوای تورکیای ئەمڕۆ)، بەو وڵاتەی شارەکەی لێبووە وتراوە *ترۆواس* یان *ترۆواد*، کە کراوە بە *تەروادە* یان *تەڕوادە*. لە ڕۆژئاواوە سنووری بە دەریای ئەیگییێفسەوە (ئیجە) بووە، لە لووتکەی لێکتۆن-ەوە تا لووتکەی سیگیۆن لای ئێلیسپۆنت (ئەوەی پێشی دەوترێت داردانیلیا)؛ لە باکووری ڕۆژئاواوە سنووری بە ئێلیسپۆنتەوە بووە تا ڕووباری ڕۆدیۆس لە ژێر ئاڤیدۆس-دا؛ لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە سنووری بەو شاخانەوە بووە کە بە سنووری دۆڵی ڕۆدیۆسەوەن و لای چاوەکەیەوە بەرەو باشوور تا لای باسکی چیای ئیدا درێژ بوونەتەوە؛ لە باشووریشەوە سنووری بە کەناری باکووری کەنداوی ئادرامیتیۆن-ەوە بووە بە درێژایی بناری باشووری ئیدا؛ لای ڕۆژهەڵات و باکووری

ڕۆژهەڵاتەوە هەندێک جار سنوورەکەی تا هەموو کەناری ئێلیسپۆنت و بەشێک لە پرۆپۆنتیس درێژ بووەتەوە، وڵاتەکەش تا دەریای گرانیکۆس ڕۆیشتووە؛ ئاوهاش هەموو ناوچەی داردانیا و هەندێک جار زیاتریشی لە خۆی گرتووە. ستراڤۆن سنوورەکانی تا دوورتر بردووە، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا لای ڕووباری ئەیسیپۆس و لە باشووریشەوە تا کایکۆس درێژی کردوونەتەوە؛ بەڵام ڕوون دیارە کە سنووری هاوپەیمانەکانی دراوسێی ترۆیای خستووەتە سەر ترۆیا.

وڵاتی تەڕوادە بە زۆری ناوچەیەکی شاخاوییە، چیای ئیدا و لقەکانی لە ناوەڕاستدا کەرتیان کردووە: گەورەترین دەشتی وڵاتەکە ئەو ناوچەیەیە کە شاری ترۆیای لێبووە. ڕووبارە سەرەکییەکان ئەمانەن: ساتنۆیس لە باشوور، ڕۆدیۆس لە باکوور، سکاماندرۆس (بە کسانثۆس-یش ناسراوە) و سیمۆییس لە ناوەڕاست. ئەو دوو ڕووبارەی لە ئەفسانەی جەنگی ترۆیادا زۆر بەناوبانگ بوون لە دوو چاوەی جیاوازی زنجیرەچیای ئیداوە دەڕژێن و لە دەشتی ترۆیا یەک دەگرن و لەوێوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕۆن و لە ڕۆژهەڵاتی لووتکەی سیگیۆن دەڕژێنە ئێلیسپۆنتەوە. شوێنی دیاریکراوی شاری ترۆیا، یان گونجاندنی بە ناوە ماکە گریکییەکەیەوە کە ئیلیوم-ە، بابەتێکە تا ئێستا مشتومڕی لەسەر دەکرێت. یەکەم: پرسیاری ئەوە هەیە کە ئایا ئەو ئیلیومەی هۆمیرۆس لە ڕاستیدا هەیە یان نا؟؛ دووەم ئەوەیە کە ئەو *ئیلیوم ڤێتوس* (ئیلیومی کۆن)ەی مێژوو، کە ئەلێکساندرۆسی مەزن و خەشایارشا سەردانیان کردووە، ئایا هەمان ئەو شارەی پریامۆسە یان نا؟ لەوە دەچێت ڕا هەرە شیاوەکە ئەوەیان بێت کە شوێنی شارەکە دەخاتە باکووری دەشتەکەوە لەسەر بەرزاییەکی مامناوەندیی دامێنی چیای ئیدا، قەڵاکەشی (کە پێی وتراوە پێرگاما، یان پێرگاموم) لە جێیەکی بەرزتردا بووبێت، بە نزیکی بە کەندەڵانێک لە شارەکە جیا بووبێتەوە و بە نزیکی بە ڕووباری سکاماندرۆس دەورە درابێت. وا دیارە دوای ئەوەی گریکییەکان ئەم شارەیان وێران کردووە هەرگیز نۆژەن نەکرابێتەوە. دواتر داگیرکەرە ئیۆلییەکان لە شوێنێکدا، کە باوەڕی تەواویان وا بووە شوێنی شارە کۆنەکەیە، شارێکی نوێیان دروست کردووە، کە لە ڕاستیدا لە خوارتری دەشتەکەوەیە؛ ئەم شارەیە کە پێی دەڵێن *ترۆیا ڤێتوس*، یان *ئیلیوم ڤێتوس* (ترۆیای کۆن، ئیلیومی کۆن)، کە زۆربەی نووسەرە دێرینەکان لە بارەیەوە نووسیویانە. ئەم شارە دوای سەردەمی ئەلێکساندرۆس ڕووخاوە و دانەیەکی تر لە خوارتری بانەکەوە دروست کراوە، لە خوار ڕێژگەی سکاماندرۆس و سیمۆییس-ەوە لە نزیک ئێلیسپۆنت، بەم شارە وتراوە *ئیلیوم نۆڤوم* (ئیلیومی نوێ).

شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمییەکاندا چەند بەخشراوییەکی هەبووە لەبەر ئەوەی تاکە شار بووە کە نوێنەری ئیلیومە کۆنەکە بووبێت، بەڵام دواتر ئەم گرنگییێدانە زۆرەی بە تەواوی لە ژێر شاری ئەلێکساندرییا ترۆواس (ترۆیای ئەلێکساندرۆس) شارایەوە. نووسەرە ڕۆمییەکان زۆر جار بە ترۆیای ئەلێکساندرۆس دەڵێن *ترۆواس*.

تێفکرییەکان لە سەردەمێکی نەزانراوی دێرینەوە لەو ناوچەیە ژیاون، تێفکرییەکان لە بنەچەدا تراکی بوون، واتە خەڵکی تراکیا بوون، لە دەشتی سکاماندرۆس نیشتەجێ بوون و شاری ئیلیومیان (ترۆیا) بونیاد ناوە، دواتر ئەم شارە بووە بە سەرداری هاوپەیمانێتییەکی فراوان، کە تەنها باکووری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکی لە خۆی نەگرتووە، بەڵکو زۆربەی کەناراوەکانی ئەوبەری تراکیاشی لە خۆ گرتووە، لە نێو ئاسیای بچووکیشدا، تەنانەت تا لای لیسیا هەندێک هاوپەیمانی هەبووە، وا دیاریشە لە ژیاردا لە گریکییەکان پێشکەوتووتر بووبن.

کورتەی گێڕانەوەی ئوستوورەیی بنەچەی شانشینەکە بەم شێوەیەیە: تێفکرۆس یەکەم شای ترۆیا بووە، کچێکی هەبووە و شووی بە داردانۆس کردووە، داردانۆس شای ناوچەیەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ترۆیا بووە، داردانۆس و کچەکەی تێفکرۆس دوو کوڕیان بووە، یەکێکیان ناوی ئیلۆس بووە، ئەوی تر ناوی ئێریختۆنیۆس بووە، ئێریختۆنیۆس باوکی ترۆس بووە، کە وڵاتەکە بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە ترۆواد (تەڕوادە)، خەڵکەکەیشی بە ترۆییەکان، یان ترییەکان ناسراون. ترۆس باوکی ئیلۆس بووە، کە شارەکەی بونیاد ناوە و بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە ئیلیوم، هەروەها بە ناوی باوکیشیەوە پێیان وتووە ترۆیا. پاشای داهاتوو ناوی لاومیدۆن بووە، دوای ئەویش پریامۆس بووە بە پاشای وڵاتەکە، کە لە سەردەمی ئەودا هاوپەیمانە گریکییەکان دوای دە ساڵ گەمارۆ شارەکەیان گرت و تەختیان کرد. وا دیارە هەر لە سەردەمێکی زووەوە دوژمنایەتییەکی گەورە لە نێوان ئیمپراتۆرێتیی مەزنی تراکیای باکووری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک و ئەخاییە تازەزلهێزەکانی گریکدا هەبووبێت، لە کۆتاییشدا جەنگەکەیان لە ترۆیا بردەوە. مێژوونووسان کاتی گرتنی ترۆیایان خستووەتە ساڵی جیاوازەوە: ئەو لێکدانەوەیەی بە گشتی پەسەند کراوە ئەوەیە کە ساڵی ١١٨٤ی بەر لە زاین گیراوە. دەبێت بە وریاییەوە ئەم مێژووەمان لە یاد بێت، چون دەستپێکی زۆر لێکدانەوەی جیاوازی ترە؛ بەڵام بێگومان ڕێکەوتەکە مێژوویێکی سەلماو نییە. ڕووداونامەی مێژووەکەش دوای ترۆیا بەتاڵە تا دەگەینە سەردەمی کۆچە مەزنە ئیۆلییەکەی ئەو کاتەی ئیۆلیس و میسیا یەکیان گرتووە. (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای*

*کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٩٠٨-٩٠٩). **~ن.م.**

[126] **هێلێن... مێنێلاوس:** لە ئوستوورەی گریکیدا، پاریس، کە کوڕی پریامۆسی پاشای ترۆیا بوو، لە ستایشی ئەفرۆدێتیدا، کە یەکێک بوو لە خواژنەکان، ددانی بەوەدا نا کە ئەفرۆدێتی لە ئەثینا و ئیرای ژنی زێوس جوانترە. ئەفرۆدێتییش لە پاداشتی ئەم ستایشەدا هێلێنی ژنی مێنێلاوسی شای سپارتای پێشکەشی پاریس کرد. پاشان مێنێلاوس بە یارمەتیی ئاگامێمنۆنی برای کە شای میکینی بوو، سوپای گریکییەکانی کۆ کردەوە و دەستیان کرد بە جەنگی ترۆیا و دوای دە ساڵ جەنگان، ترۆیایان داگیر کرد و وێرانیان کرد. **~گ.س.**

[127] **ژن و دۆستەکەی... برێفنی:** دێرمۆت ماکمورۆ، (١١٣٥-١١٧١) پاشای لەینستەر بوو (بڕوانە ١: ١٤٥)، ساڵی ١١٦٧ لە تەخت لابرا و بۆ ئینگلتەرا هەڵهات و لەوێ داوای یارمەتیی لە هێنریی دووەمی شای ئینگلتەرا کرد و ساڵی ١١٦٩ زۆرێک لە لۆردەکانی هێنریی دووەم بۆ یەکەم داگیرکاریی ئایرلاند بە دەستی ئینگلی-نۆرمانەکان پشتگیرییان کرد. مێژوویکی سەرنجڕاکێشی سەدەی نۆزدەیەم بەم شێوەیە لێوەی دەدوێت: «بە هۆی گەنجێتی و بێئەزموونیی خۆیەوە... خانەدانەکانی دەچەوساندەوە... ئەمە کێشەی زۆری بۆ دروست کرد، لە لایەکی تر بارودۆخێکی تریش کێشەکەی قووڵتر کردەوە، ئەویش ئەوە بوو کە { ساڵی ١١٥٢} لەگەڵ دێرڤۆرگیلای ژنی ئۆڕورکی شازادەی برێفنی و خۆرهەڵاتی میثدا ڕەدوو کەوت.» ئەو وشەیەی لە بری «دۆست» دانراوە، لە ئینگلیی دێریندا بە واتای مێرد دێت، بەڵام میستەر دیسی بە واتای نوێ بە کاری دەهێنێت کە *دۆستە*، ئاوهاش پەیوەندییەکە شێواوە. **~گ.س.**

هەر بۆ جەختکردنەوە: دێرڤۆرگیلا کچی پاشای میث بووە، ژنی ئۆڕورکی پاشای برێفنی بووە. ماکمورۆ هەڵیگرتووە و دواتر لەگەڵ نۆرمانییەکاندا کە ئایرلاندیان داگیر کردووە گەڕاوەتەوە. ماکمورۆ پاشای لەینستەر بووە. **~ن.م.**

[128] **هەر ژنێکیش بوو پارنێڵی داکێشا:** چارلز ستیوارت پارنێڵ (١٨٤٦-١٨٩١)، سەرکردەیەکی وارگێڕیی ئایرلاند بوو. خاوەنمۆڵکێکی پرۆتستانت بوو و نەوەی خێزانێکی دێرینی ئینگلی-ئایریی بەناوبانگ بوو. پارنێڵ پشتیوانێکی سەرسەختی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند بوو. دایکی ئەمەریکایی بوو و خۆیشی زۆر ڕقی لە ئینگل و هەموو کارەکانیان دەبووەوە. ساڵی ١٨٧٥ بوو بە ئەندامی پەرلەمانی ئینگلتەرا. بۆ سەرخستنی دۆزی حوکمی سەربەخۆیی، لەبری هەرە وەزی، پشتی بە ستراتیژیەتی کۆسپ و تەگەرەدروستکردن

دەبەست، بە تایبەتی تەگەرەخستنە کاری پەرلەمانەوە، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دۆزی ئایرلاند بخاتە سەری سەرەوەی گرنگیپێدانەکانی پەرلەمانی بەریتانی و وارگێڕییەکەیەوە. ساڵی ١٨٧٩ بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی زەویوزاری ئایری، داوای کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی کرێی دەکرد و دژی دەرکردنی ئایرەکان بوو لە زەویوزارەکاندا. دوای سیستمی چاندنەکانی سەدەکانی پێشوو، ئینگل و لایەنگرەکانی پاشا زۆربەی هەرە زۆری زەوییەکانی ئایرلاندیان کڕیبووەوە و ئایرەکان لە ناو وڵاتی خۆیاندا تەواو ببوونە کرێنشین و لەسەر ئەم زەوییانە کاریان دەکرد و دەشبوو کرێ بدەنە خاوەنموڵکەکان. خاوەنموڵکەکان خۆیشیان لەوێ نەبوون و وەک پێشتر باس کرا، دوای ئەوەی بە مادەی دەستووریی یەکێتییەکە پەرلەمانی ئایرلاند بۆ لەندەن گوازرایەوە، خاوەنموڵکەکان چوونە لەندەن و زەوییەکانیان لە ئایرلاند لە ڕێی کارگێڕ و بریکار و نوێنەرەوە بە ڕێوە دەبرد و کرێیەکی زۆریان لێیان دەسەند. ئەم بریکار و کارگێڕ و نوێنەرانەش ئایرە ڕەسەنە کاسۆلیکەکانیان دەهێنا و بێگارییان پێیان دەکرد و سەرەڕای ئەوەش کرێیان لێ دەسەندن. ئەگەر کرێیان نەدایە، ئەوا لە زەوییەکان دەریاندەکردن و وێڵ و سەرگەردان دەبوون و لە بری ئەوان جووتیار و کرێگرتەی ئایری تریان دەهێنا تا کاریان بۆ بکەن. ئایرەکانی تر ڕقیان لە کرێگرتە نوێکان دەبووەوە و هەندێک جار دەبووە ناکۆکی و دوژمنایەتیی سەختی نێوان کرێگرتەی دەرکراو و کرێگرتەی تازەهێنراو.

پارنێڵ، ئەگەرچی خۆی خاوەنموڵک بوو، بەڵام داوای کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی ئەم کرێ زۆرانەی دەکرد و دژی دەرکردنی ئایرەکان بوو لە زەویوزارەکاندا. دواجار بۆ ئەوەی ئەم نەخشەیە سەربگرێت، هەموو ئایرەکانی هان دا کە لە زەویوزارەکاندا کار نەکەن. هەر ئایرێکیش وەک کرێگرتە و جووتیاری تازەهێنراو کاری بۆ خاوەنموڵکەکان کرد، ئەوا لە بری دوژمنایەتی و کوشتن، داوای کرد «ڕێیەکی مەسیحییانە و مرۆڤانە بگیرێتە بەر تا هەلی ئەوەیان پێ بدات پاشگەز ببنەوە و بێنە بەرەی چەوساوەکانەوە». ڕێکەش ئەوە بوو کە لە ناو کۆمەڵگادا نە قسەیان لەگەڵدا بکرێت، نە سەودا و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، نە نامەیان بگوێزرێتەوە، نە چارەی نەخۆشییان بکرێت، تەنانەت لە کڵێساشدا پێشوازییان لێ نەکرێت و نەهێڵرێت ماڵی خوداش بە کار بهێنن. هەمان ئەم دەستبەردارکردنە خاوەنموڵکەکانیشی گرتەوە و وای کرد کەس کار بۆ خاوەنموڵکەکان نەکات و خاوەنموڵک و کارگێڕ و بریکارەکانی خستە دۆخێکی تەنگانەوە، بەوەی لە ناو ئەو زەوییە گەورە و

گرانانەی خۆیاندا بوونە بەندی و لە چواردەور و ئینگلتەرا دابڕێنران، تەنانەت کەس قژیشیانی نەدەبڕی کە پێویستیان بە دەلاک دەبوو.
لە کاونتیی مەیۆ (بڕوانە ١: ١٤٥)، یەکێک لە دەڵاڵی خاوەنموڵکەکان کە ناوی *چارلز* بۆیکۆت (١٨٣٢-١٨٩٧) بوو و جووتیارەکانی دەچەوساندەوە، کارێکی وەهای پێ کرا و وەها هەموو خەڵک دەستبەرداری بوون کە ئیتر ناچار بوو وڵاتەکە بە جێ بهێڵێت. لەم پیاوەشەوە وشەی *بۆیکۆت* - *بایکۆت* وەک کار بە کار هێنرا و تا ئێستاش چووەتە فەرهەنگی زۆربەی زمانەکانی جیهانەوە. دواجار پارنێڵ بە بایکۆتکردنی خاوەنموڵکەکان وای کرد کشتوکاڵ و بزنسەکانیان تەواو بێبەرهەم ببێت. ساڵی داهاتوو پارنێڵ بوو بە سەرۆکی پارتی حوکمی سەربەخۆیی، پیتاکی لە ئەمەریکاییە هاوسۆزەکانی دۆزی سەربەخۆیی ئایرلاند وەردەگرت بۆ درێژەدان بە دۆزەکە و سەرخستنی. ساڵی ١٨٨٥ گەیشتە ترۆپکی هێز، ئەویش دوای ئەوە بوو کە هەمواری سێیەمی مادەی دەستووریی چاکسازیی نوێنەرایەتیکردن لە پەرلەمان پەسەند کرا و ڕێژەی کورسیی نوێنەرانی ئایرلاند لەچاو پێشوودا زۆر زیاتر کرا. ویلیەم ئیوەرت گلادستۆنیش، کە وارگێڕ و خاوەنکارێکی لیبراڵیی ئینگل بوو و دوازدە ساڵان سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوو، هاتە ناو پارتی حوکمی سەربەخۆییەوە و پەیمانی دا حوکمی سەربەخۆیی بۆ ئایرلاند دەستەبەر بکات. بەڵام ساڵی ١٨٩٠ دارمانی پارنێڵ بە خێرایی ڕووی دا، ئەویش لەبەر ئەوەی لە دادگایی تەڵاقی خاتوو کاثرین ئۆشێ (کیتی ئۆشێ) و ویلیەم ئۆشێی مێردیدا ناوی پارنێڵ هێنرا بەوەی کە خاتوو ئۆشێ دەمێکە پەیوەندیی سەرجێیی لەگەڵ پارنێڵدا هەیە و تەڵاقەکەش لەبەر ئەم خیانەتەیە. دوای ئەمە، زۆربەی لایەنگرانی پارنێڵ لێی کشانەوە و گلادستۆن و لیبراڵەکانیش پێداگرییان کرد کە دەبێت پارنێڵ دەست لە کار بکێشێتەوە. پارنێڵ ساڵی ١٨٩١ مرد و هێشتا کەمێک لایەنگری مابوو، بەڵام پارتەکەی دوو کەرت بوو و سەرکەوتنی دۆزی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاندیش ئەو گوڕوتینەی نەما و خاو بووەوە. **~ن.م./گ.س.**
**سەرچاوە:** *مێژووی ئەمڕۆ هاوشانی مێژووی بەریتانیا*، نووسینی لیژنەیەک، لا. ٥٨٦.
129 **بەڵام تاوانە تاقانەکە نا:** مەبەست لەوەیە کە ئایرلاند تاوانی دژی ڕووناکییەکە نەکردووە (بڕوانە ٢: ١١٦). **~گ.س.**
130 **ئۆڵستەر... مافی بە دەستە:** ئۆڵستەر هەر لە دێرینەوە هەرێمی باکووری چوار هەرێمەکەی ئایرلاندە (بڕوانە ١: ١٤٥). لەینستەر خۆرهەڵاتە، کۆنەخت خۆرئاوایە و مەنستەر باشوورە. ئێستا (ساڵی ١٩٨٥) زۆربەی جاران بە *ئایرلاندی باکوور* دەوترێت

*ئۆڵستەر*. بەڵام شەش کاونتیی یەکێتیخواز و پڕۆتستانتەکانی باکوور هەرێمەکەیان لە ڕووی دەنگدانەوە بۆ خۆیان قۆرخ کردووە و لە ڕاستیدا ئۆڵستەر نۆ کاونتییە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا زۆربەی خەڵکانی ئۆڵستەر توندوتیژانە دژی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند بوون. لۆرد ڕاندۆڵف سپێنسەر چەرچڵ (١٨٤٩-١٨٩٥) {باوکی وینستن چەرچڵ} بۆ هەڵمەتەکانی خۆی لە دژی گلادستۆن و مادەی دەستووریی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند هەستوسۆزی ئۆڵستەرییەکانی بە کار دەهێنا. لۆرد چەرچڵ ئەم ڕستەیەی بە کار دەهێنا و ڕستەکەش بوو بە دروشمی جەنگی هێزەکانی دژە کاسۆلیکەکان و دژە حوکمی سەربەخۆییەکان. **~گ.س.**

[131] **تەلەگراف. ئایرش هۆمستێد**: *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف* {بە کوردی واتە تەلەگرافی ئێواران} ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی چوار لاپەڕەیی و نۆ ستوونیی دەبلن بوو. *ذە ئایرش هۆمستێد* {بە کوردی واتە زەویوزاری ئایری} حەفتەنامەیەکی دەبلن بوو کە جۆرج ویلیەم ڕەسڵ (ئەی ئی) تیایدا دەینووسی و کاری دەکرد. ساڵی ١٩٠٤ سەرنووسەرەکەی ئێچ ئێف نۆرمان بوو، ڕەسڵ لە ١٩٠٥ تا ١٩٢٣ سەرنووسەرەکەی بوو. ڕۆژنامەکە زیاتر جەختی لەسەر چاکسازیی کشتوکاڵی دەکردەوە و بە وشیارییەوە پەیامەکانیان ئاراستەی گوند و دێهاتە ئایرییەکان دەکرد. ستیفن ڕۆژنامەی *ئایرش هۆمستێد*ی ناو ناوە «ڕۆژنامەی بەرازەکە». **~گ.س.**

[132] **میستەر فیلدی ئەندام پەرلەمان**: ویلیەم فیلد، ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی بازرگانانی وڵاخ و خاوەنپشکانی ئایرلاند ساڵی ١٩٠٤. **~گ.س.**

[133] **ئەمڕۆ... وڵاخ هەیە**: کۆمەڵەی بازرگانانی وڵاخ و خاوەنپشکانی ئایرلاند هەموو پێنجشەممەیەک لە نووسینگەی خۆیان لە میوانخانەی سیتی ئامس کۆبوونەوەیان دەگێڕا. سیتی ئامس میوانخانەیەکە بە ناونیشانی ٥٤ی شەقامی پڕەشا، نزیک مەیدانی وڵاخەکانی باکووری خۆرئاوای دەبلن. *ئەلیزابێث ئۆداود* خاوەنەکەیەتی. **~گ.س.**

[134] **شایەری یەختەگابەهاوڕێگر**: **یەختەگا** واتە: گای یەختە، گای خەساو. واتە ئەو شایەر/هۆنەرە {شاعیر}ەی گای یەختە دەکات بە هاوڕێی خۆی. جۆیس لە ئینگلیزییەکەشدا هەر ئاوها وشەکانی بە شێوازی هۆمیرۆسییانە پێکەوە لکاندووە، هاوکات وریایانە جیاوازیی لە نێوان وشەی «شایەر» و «هۆنەر»دا کردووە، شایەر، لە گریکی دێریندا کەسێکی وەک هۆمیرۆس بووە، کە بەیتێکی بۆ خەڵکان لەبەر خوێندووەتەوە، لە ئینگلیدا بەرانبەر *بارد bard* دەوەستێتەوە، مەڵیگن ستیفنی ناو ناوە «شایەر». **~ن.م.**

تیلنیشانێکە بۆ هۆمیرۆس، چونکە هاوڕێیەتیی گاکانی خۆری کرد و هاوڕێکانی ئۆدیسێفسی بە نەفرەت کرد کە فەرمانی قەدەغەکردنەکەی خودایان شکاند و هەندێک لە گاکانیان سەربڕی {لە پەڕتووکی دوازدەیەمی *ئۆدیسە*دا ئۆدیسێفس و هاوڕێکانی ڕێیان دەکەوێتە شوێنێکەوە و ئیلیۆس، واتا خودای خۆر، بە مەرجێک ڕێیان دەدات لەوێ بمێننەوە، ئەویش ئەوەیە داوا لە ئۆدیسێفس دەکات گاکان هەراسان نەکەن و سەریان نەبڕن و نەیانخۆن، ئەوانیش دەقاودەق ئەم داواکارییە پێشێل دەکەن و ئیلیۆس بە نەفرەتیان دەکات و سزایان دەدات}. ئەم دەستەواژەیە تیلنیشانیشە بە بیرکردنەوەی ستیفن لە تۆماسی ئەکوینۆیی، کە لە کۆلۆن هاوپۆلەکانی خۆی پێیان دەوت: «گا لاڵەکە». ئالبێرتوس ماگنوس (١١٩٣-١٢٨٠)، مامۆستای تۆماسی ئەکوینۆیی بووە، وا دادەنرێت کە وتبێتی: «ئەگەرچی پێی دەڵێین گا لاڵەکە، بەڵام ڕۆژێک بۆڕەیەکی وەها دەکات کە لە هەموو جیهانەوە دەنگی ببیسترێت». **~گ.س.**

[135] **چونکە... ناویەوە**: بۆ یەکەم جار لە دۆسێکانی سەدەی یازدەیەمدا باس لە دانیشتووانی جووی ئایرلاند کراوە. پاشا هێنریی دووەم ددانی بە بوونیاندا ناوە و ساڵی ١١٧٤ هاووڵاتیبوونیانی یاسایی کردووە بەوەی کە سەرپەرشتیی جووەکانی پاشایی بە یەکێک لە لۆردەکانی خۆی سپاردووە. هەر لە سەردەمی داگیرکارییە نۆرمانییەکانەوە مەبەست لە «جووەکانی پاشا» ئەوە بووە کە جووەکان موڵک و کۆیلەی پاشان، بەڵام لە ڕاستیدا بە یاسا پارێزراو بوون، مافی جێبەجێکردنی ئەرکە دینییەکانیان و خاوەندارێتیی کار و پیشە و کارگە و بازرگانی و قەرزدانەکانیان تا ڕادەیەک بە ئازادی مسۆگەر کرابوو. لە ساڵی ١٢٩٠وە جووەکان لە ئایرلاند و ئینگلتەرا دەرکران، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا و لە سەردەمی ئۆلیڤەر کرۆموێڵدا دیسان لە هەردوو وڵاتەکەدا نیشتەجێ کرانەوە. هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئایرلاند «هەرگیز ڕێی نەدابێت {جوو} بێنە ناویەوە»، بە پێچەوانەوە، بەڵگەکان پێچەوانەکەی دەسەلمێنن، چەندین هەوڵی یاسایی دراوە تا مافی شارستانی بە جووەکان بدرێت و دواجار لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم هەوڵانە سەرکەوتنیان بە دەست هێنا. *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* لە بەشی *ئاماری ئایرلاند*دا (لا. ٦٩٣) دەڵێت کە ساڵی ١٩٠١ ٣٨٩٨ کەسی جوو لە ئایرلانددا نیشتەجێ بوون، واتە لە ساڵی ١٨٩١ەوە ٢١١٩ کەس زیادیان کردووە. **~گ.س.**

## ئەڵقەی سێیەم: پرۆتێفس[1]

مەرجێتیی مسۆگەرانەی لەبینینهاتوو[2]: لانیکەم ئەوە ئەگەر زیاتر نەبێت، لە چاوانمەوە بیری لێ کرایەوە. من لێرەم تا مۆرکی هەموو شتێک[3] بخوێنمەوە، گەرادەریا و ئاوماڵک[4]، کێشاوە نزیککەرەوەکە، ئەو پووتە ژەنگاوییە. سەوزی چڵمی، شینی زیوین، ژەنگ: نیشانەی ڕەنگکراون[5]. سنوورەکانی زوڵاڵی. بەڵام دەشڵێت: لە تەنەکاندا[6]. کەواتە زانیویەتی کە تەنیان هەبووە پێش ئەوەی ڕەنگ کرابن. چۆن؟ بێگومان، بەوەی کەللەسەری پیایاندا کێشاوە[7]. هێواش. کەچەڵ و ملیۆنێریش بووە[8]، *مایسترۆ دی کۆلۆر کێ ساننۆ*[9]. سنووری زوڵاڵی لە ناو. بۆچی لە ناو؟ زوڵاڵ، نازوڵاڵ[10]. ئەگەر توانیت پێنج پەنجەکانت پیایدا تێپەڕ بکەیت ئەوا دەروازەیە، ئەگەر نا ئەوا دەرگایە[11]. چاوەکانت دابخە و ببینە.

ستیفن چاوی نووقاند تا گوێی لە پووتەکانی بێت کە ماڵراو و لەپکەی قرچەقرچکەر وردوخاش دەکات. هەرچۆنێک بێت بە ناویدا دەڕۆیت. بەڵێ وا دەکەم، شەقاو شەقاو[12]. بۆشاییەکی زۆر کورتی کات بەناو کاتێکی زۆر کورتی بۆشاییدا. پێنج، شەش: *ناخئاینانەدەکە*[13]. ڕێک وایە: ئەوەش مەرجێتیی مسۆگەرانەی لەبیستنهاتووە. چاوت بکەوە. نا. خودا هاوار! ئەگەر لەسەر کەندەڵانێکەوە کەوتم کە تا نێو دەریاکە بەسەر بنکەکەیدا دەرپەڕیوە[14]، کەوتنی مسۆگەرانەیە بەناو *نیبنئاینانەدەکەدا*[15]! لە تاریکییەکەدا چاک ڕێدەکەم. شمشێرە ڕەشەدارینەکەم[16] لە پاڵمەوە خۆی هەڵواسیوە. پێی بپیتکێنە[17]: وا دەکەن. دوو پێم لە پووتەکانی ئەودا لەوسەری لاقەکانیدان[18]، *نیبنئاینانەدە*. بە دەنگیدا بێت ڕەقە: بە مێکوتەکەی لۆسی *دێمیورگۆس* دروست کراوە[19]. ئایا بە گوێئاوی ساندیماونتدا[20] بۆ ناو تاتایی دەڕۆم؟ شخش، خراک، خریک، خریک. پارەی دەریایی کێوی[21]. مامۆستا دیسی لێیان دەزانێت.

*نایەی تۆ بۆ ساندیماونت،*

*ماینە مادەلین*[22]؟

ڕەزم[23] دەست پێ دەکات، دەبینیت. دەبیستم. چوارپێییەکی دوو برگە سڕاوەی ئایامبی مارش دەکەن. نا، بە غار: *دەلین دەلین*[24].

ئێستا چاوت بکەوە. دەیکەمەوە. یەک چرکە. ئایا لەو کاتەوە هەموو لە ناو چوون؟ ئەگەر بیکەمەوە و بۆ تاتایە لە ناو نازوڵاڵییە ڕەشەکەدا بم. *باستا*[25]! با ببینم کە ئایا دەتوانم ببینم.

ئێستا ببینە. ئەوەتا هەموو کاتێک بێ تۆ: تاتاشە هەر وا دەبێت، جیهانی بێکۆتا[26].

*فغاونتزیمه*[27]، له کۆستەی لیهییەوە[28] بە وریایی بەسەر پلیکانەکاندا هاتنە خوارەوە: پاشان تەپلۆسانە بە ڕۆخە لێژەکەدا، پێیە پانبووەوەکانیان لە لمە بەلیتاوبووەکەدا نوقم دەبوون. وەک من، وەک ئالجی، بۆ لای دایکی مەزنمان[29] داگەڕان. ژمارە یەک جانتای مامانییەکەی بە سستی ڕاژاند، شاچەترەکەی[30] ئەوی تریان ئاژنرایە کەنارەکەوە. لە ذە لیبێرتیسەوە[31] بۆ بەسەربردنی ڕۆژەکە هاتوون. فلۆرەنس ماککاب خانم، بێوەژنی پاتک ماککابی کۆچکردوو[32]، بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، لە شەقامی براید[33]. یەکێک لە دەستەخوشکەکانی منی بە زیقەزیقەوە بۆ ناو ژیان دەرکێشا. ئافراندن لە نەبوونەوە[34]. چی لە جانتاکەیدا پێیە؟ لەبارچووێک بە ناوکەپەتکێکی شۆڕەوە، لە خوریی سوورباودا بێدەنگ کراوە. پەتکی هەمووان لە ڕابردوودا دەلکێنەوە، کەیبڵی ڕیشاڵئاڵۆسکاوی هەموو لەشەکان. بۆیە ڕەبەنە ڕازگرەکان[35]. ئایا وەک خوداتان لێدێت[36]؟ تەماشایەکی ناو *ئۆمفالۆسە*کەتان بکەن. سڵاو! کینچم. ئەدەنقیلم بۆ وەربگرە. ئەلیف، ئەلفا: سفر، سفر، یەک[37].

هاوسەر و هاوەدەمەکەی ئادەم کادمن[38]: هێڤا، حەوای ڕووت[39]. ناوکی نەبوو. بڕوانە. ورگی بێ خەوش[40]، زل ئاوساوە، زرێچکەیەک[41] لە پێستەی جەڕێنراو، نا، گەنمی سپیی خەرمانکراو[42]، کازیوەیی و نەمر، لە تاتاییەوە بۆ تاتایی ماوەتەوە[43]. منداڵدانی گوناه[44].

منیش هەر لە منداڵدانی تاریکی گوناهدا بووم، دروستکراو نەک زاو[45]. لەوانەوە، ئەو پیاوەی دەنگ و چاومی هەیە و سەهویرەژنێک کە خۆڵەمێش بەسەر هەناسەیەوەیەتی. باوەشیان بە یەکدا کرد و جیا بوونەوە، ویستی جووتکەرەکەیان بە جێ هێنا[46]. هەر لە پێش بوونی کاتەوە ویستی بوونمی هەبووە و ئێستا و ڕەنگە هەرگیزیش نەتوانێت بۆ تاتایە ویستی نەبوونمی هەبێت[47]. *لێکس ئیتێرنا*یەک بە دەوریدا دەمێنێتەوە[48]. ئەی کەواتە ئەوە ماکە ئاسمانییەکەیە کە تێیدا باوک و کوڕەکە هاوکرۆکن؟ کوا ئاریوسی بەوەجی داماو تا کۆبەندییەکان تاقی بکاتەوە؟ بە درێژایی ژیانی لەسەر هاوکرۆکگۆڕکێشکۆمەندجووهەرا دەجەنگا. سەرۆکجیاگرێکی بەدبەخت! دوایین هەناسەی لە تەوالێتێکی گریکیدا هەڵمژی[49]: مەرگی میهرەبانانە. بە مایترە موورووبەندەکەی و داروەکازەکەیەوە[50]، لەسەر تەختەکەی چەقیوە، بێوەمێردی ئوسقوفنشینێکی بێوەژن[51]، *ئۆمۆفۆریۆنی*[52] قنجوەستاو، پاشووی مەییو.

با بەدەوریدا هاروهاجیی دەکرد، بای سارد و تۆف[53]. وا شەپۆلەکان دێن. ئەسپی دەریا یاڵسپییەکان، ملچەملچ دەکەن، بەبایشادلغاوکراو، ئەسپە تۆسنەکانی مانانان[54].

نابێت نامەکەیم بۆ ڕۆژنامەکان لە بیر بچێتەوە. ئەی دوایی؟ ذەشیپ[55]، دوازدە و نیو. هەر بەو بۆنەیەوە، ئاگات لەو پارەیە بێت کەرە گیان. بەڵێ، دەبێت.

ڕەوتەکەی هێواش بووەوە. ئادەی. ئەرێ بچم بۆ ماڵی خاڵۆژنە سارا[56] یان نا؟ دەنگی باوکی هاوکرۆکم[57]. بەم دواییانە هیچ شتێکی ستیفنی برا هونەرمەندەکەتت دیوە؟ نا؟ دڵنیایت کە لەگەڵ خاڵۆژنە ساڵیدا[58] لە کۆستەی ستراسبورگ[59] نییە؟ نەیدەتوانی نەختێک لەوە بەرزتر بفڕێت[60]، ها؟ ئینجا ئینجا ئینجا پێمان بڵێ، ستیفن، مامە سای[61] چۆنە؟ ئای خودای گریاو، ئەو شتانەی منیان لێ مارە کراون! کولەکان لە کادانەکەدان لە ثەلەوە[62]. کومپیالەنووسە گول و سەرخۆشەکە و براکەی، کەڕەناژەنەکە[63]. گۆندۆڵەوانە زۆر بەڕێزەکان[64]! واڵتەرە چاوقووچیش کەم کاکە کاکە لە باوکی ناکات! کاکە. بەڵێ، کاکە. نا، کاکە. عیسا گریا[65]: دەی بە مەسیح هیچ سەیر نییە!

زەنگە خیزنەکەی کوڵیتە کرکرە داخراوەکەیان ڕادەکێشم: ئینجا چاوەڕێ بکە. وا دەزانن قەرزگرێکم، لە قوژبنێکی چاودێریکردنەوە[66] لێم دەڕوانن.

- ستیفنە، کاکە.

- با بێتە ژوورەوە. با ستیفن بێتە ژوورەوە.

کلۆمێک بەرەو دوا ڕادەکێشرێت و واڵتەر بەخێرهاتنم دەکات.

- وامان زانی کەسێکی تری.

خاڵە ڕیچی[67] لە ناو چەرپا فراوانەکەیدا، لە ناو سەرین و بەتانیدا، باسکێکی تۆکمەی بەسەر ئەژنۆ گردبووەوەکەیدا درێژ دەکات. سنگپاک. نیوەی سەرەوەی لەشی شتووە.

- بەیانی باش، خوشکەزا. دابنیشە و ڕابکە[68].

کۆشمێزەکەی[69] لادەدات کە ڕەشنووسی پسووڵەی نرخەکانی لەسەرە بۆ بەرچاوی گۆف ئاغا و شاپلاند تاندی ئاغا[70]، فایلکاریی ڕێککەوتن و لێکۆڵینەوەی کارگێڕی و فەرماننامەی *دوچێس تێکوم*[71]. لە سەروو سەرە ڕووتاوەکەیەوە لە چوارچێوەیەکی بەڕووی ڕەشاودا: *ڕێکویێسکات ی وایلد*[72]. زیکەی فیکە تەفرەدەرەکەی واڵتەر دەهێنێتەوە.

- بەڵێ، کاکە؟

- بە دایکت بڵێ ماڵت[73] بۆ ڕیچی و ستیفن. لە کوێیە؟

- کریسی دەشوات، کاکە.

هاوجێ خنجیلانەکەی بابە. کلۆی خۆشەویستی.

- نا، خاڵە ڕیچی...

- پێم بڵێ ڕیچی. گوو بە ئاوی لیثیاکەت. نزم دەکاتەوە. وسکی[74]!

- خاڵە ڕیچی، بە ڕاستی...

- دابنیشە، یان بە حەقی شەیتان دەتدەم بە زەویدا.

والْتەر بێهوودانە بە دزەنیگا چاو بۆ کورسییەک دەگێڕێت.

- هیچی نییە لەسەری دابنیشێت، کاکە.

- هیچ شوێنێکی نییە تێی بخات، هەی ناچیز. کورسییە چیپێندێلەکەمان[75] بهێنە. حەزت لە هیچ هەیە بیخۆیت؟ بەڵام لەو شتە کەشوفشاوییە حیزانەی خۆمان نییە. چەوریی بەیکنی سوورەوەکراوە لەگەڵ شاماسی[76]؟ دڵنیایت؟ تا زیاتر بێت باشترە. جگە لە حەبی پشتئێشە لە ماڵەکەدا هیچی ترمان نییە.

*ئاللێرتا*[77]!

چەند باڕێک[78] لە *ئاریا دی سۆرتیتای* فێرراندۆ دەفیکێنێت. مەزنترین بەش، ستیفن، لە هەموو ئۆپێراکەدا. گوێ بگرە.

دەنگی فیکە تۆنپڕەکەی[79] دیسان، لەگەڵ تەوژمی هەواکەدا، بە جوانی گۆی دەکات، مشتەکانی زلەتەپڵ لەسەر ئەژنۆ نوشتاوەکەی لێدەدەن.

ئەم بایە فێنکترە.

ماڵانی ڕزیو، هی من، هی ئەو و هەمووانیش. تۆ بە خانەدانزادەکانی کلْەنگەوزت وت خاڵێکت دادوەرە و خاڵەکەی ترت لە سوپادا سوپاسالاری یەکەمە. لێیان دەرچۆ، ستیفن. جوانی لەوێ نییە. لە گومەزە بێبرەوەکانی پەڕتووکخانەی مارشیشدا[80] نییە کە تۆ پێشگۆییە کاڵبووەوەکانی یواخیم عەباست[81] تێدا دەخوێندەوە. بۆ کێ؟ چرەبەندانە سەدسەرەکەی دەوروبەری کاتیدراییەکە[82]. ڕقنێک لە جۆری ئەو لێیان هەڵهات و چووە جەنگەڵی شێتییەوە[83]، یاڵی لەبەر تاباندا کەفی دەکرد، گلێنەکانی دەیانجریواند. هۆوینەم[84]، کونەلووتی وەک هی ئەسپ. دەموچاوە هێلکەییە ئەسپئاساکان، تێمپڵ[85]، بەک مەڵیگن، فۆکسی کامپبێڵ، لانتێرنجۆز[86]. بابە عەباس، ڕاگرە تووڕەکە[87]، چ تاوانێک ئاگری لە مێشکیاندا هەڵگیرساند؟ پاح! *دیشێندێ، کالڤێ، ئوت نێ ئامپلیوس دیکالڤێریس*[88]. گوڵبەندێکی قژی ماشوبرنجی لەسەر سەرە بەنەفرەتگەفلێکراوەکەی[89] دەبینم بە گران بەسەر سەکۆکەدا بە چنگەڕنێ دادەگەڕێت (*دیشێندێ*!)، دەفرێکی نمایشکردنی[90] هەڵگرتووە، چاوباسیلیسک[91]. دابەزە، هەی تەوقەسەر ڕووتاوە! کۆڕێک[92] هەرەشە و زایەڵە دەداتەوە، لای قۆچی قوربانگاکەوە[93] هاوکاری دەکەن، مرخەمرخە

لاتینییەکانی بەناوقەشەکان کە بە کەوا سپییەکانیانەوە بە قەڵافەتەوە دەجووڵێنەوە، تەپڵەسەرتاشراو و چەورکراو و خەساو، قەڵەو بە چەوریی ناوکی گەنم[94].
ئینجا لە هەمان چرکەدا ڕەنگە قەشەیەک لای سەرسووچەکەوە بەرزی بکاتەوە.
درینگدرینگ[95]! جا دوو شەقام لەولاترەوە یەکێکی تر نانەڕەقەکە دەخاتە ناو دەفرەکەوە. درینگدرینگ! لە کڵێسایەکی پاکیزەکەدا[96] یەکێکی تر سوپاسگوزارییەکە هەمووی بۆ خۆی دەبات. درینگدرینگ! خوارەوە، سەرەوە، پێشەوە، دواوە. دان ئۆکام[97] بیری لەوە کردبووەوە، دکتۆری نەبەز[98]. جنۆکەی کرۆکی خودایی[99] لە بەیانییەکی ئینگلیی تەماویدا[100] ختووکەی مێشکی دا. کە نانەڕەقەکەی دادەگرت و کڕنۆشی دەبرد لای باڵی کاتیدراییەکەوە[101] گوێی لە دەنگی زەنگی یەکەم بوو کە لەگەڵ زەنگی دووەمی خۆیدا ئاڵۆسکا (ئەوەی خۆی بەرز دەکاتەوە) ئینجا، کە هەڵستایە سەر پێیان، (ئێستا من بەرزی دەکەمەوە) دوو زەنگەکەیانی گوێ لێ بوو (کڕنۆش دەبات) کە وەک جووتەبزوێن زرنگانەوە.
پوورزا ستیفن، تۆ هەرگیز نابیت بە سانت[102]. دوورگەی سانتەکان[103]. ئەوسا ئێجگار پیرۆز بوویت، وا نەبوو؟ لە پاکیزە پیرۆزەکە دەپاڕایتەوە تا لووتت سوور نەبێت. لە شاڕێی سێرپنتین[104] لە شەیتان دەپاڕایتەوە تا بێوەژنە قوڵپنەکەی[105] بەردەمت بە هۆی شەقامە تەڕەکەوە زیاتر جلەکانی هەڵبکات. *ئۆ سی، چێرتۆ*[106]! گیانت بۆ ئەوە بفرۆشە، دەی، پەڕۆی خومکراوی گیرکراو بە دەرزی بە دەوری ژنێکدا. زیاترم پێ بڵێ، دەی زیاتر! لە قاتی سەرەوەی ترامی هاوثدا[107] بە تەنیا لە بارانەکەدا دەگریایت: *ژنانی ڕووت! ژنانی ڕووت!* ئەی لە بارەی ئەوەیانەوە چی دەڵێیت، ها؟
چی لە بارەی چییەوە بڵێم؟ بۆ چیی تر داهێنراون؟
هەموو شەوێک خوێندنەوەی یەکی دوو لاپەڕە لە حەوت پەڕتووک، ها؟ گەنج بووم. لە بەردەم ئاوێنەکەدا بۆ خۆت نوشتایتەوە، بۆ چەپڵەڕێزانی بەگوڕ دەچوویتە پێشەوە، بە ڕوخسارێکی کارتێکراوەوە. هەر بژی گەمژە نەفرەتلێکراوەکە! بژی! کەس نەیبینی: بە کەس مەڵێ. داتنابوو پەڕتووکانێک بنووسیت و پیتێک بۆ ناونیشانەکانیان دابنێیت. *فێ*کەیت خوێندووەتەوە؟ بەڵێ، بەڵام حەزم لە *قێ*یە. بەڵێ، بەڵام *وێ*کەی زۆر نایابە. بەڵێ، *وێ*. ئێپیفانییەکانی[108] خۆتت بە بیر دێتەوە کە لەسەر پەڕاوی سەوزی هێلکەیی نووسرابوون، قووڵ قووڵ، داتنابوو ئەگەر مردیت چەند دانەیەکیان بۆ هەموو پەڕتووکخانە گەورەکانی جیهان لێ بنێررێت، بە ئەلێکساندرییەشەوە[109]؟ دوای چەند هەزار ساڵێک لەوێ یەکێک دەیخوێنێتەوە، مەهامانڤانتەرایەک[110]. وەک پیکۆ دێللا میراندۆلا[111]. هەر وەکو نەهەنگ[112]. کاتێک یەکێک ئەم لاپەڕە ناوازانەی یەکێک

دەخوێنێتەوە کە دەمێکە نەماوە ئەو یەکە وا هەست دەکات کە یەکێک لای یەکێکە لەگەڵ یەکێک کە ڕۆژێک[113]...

لە زبرەکە لە ژێر پێکانیدا نەما. پووتەکانی دیسان کەوتنە پێکوتان بەسەر دەگێکی[114] تەڕی قرچەقرچکەر، لەپکەمووسەکان[115]، زیخوچەوی جیڕەجیڕکەر، کە بەسەر زیخوچەوە بێشومارە ڕاکشاوەکاندا دەشنێن[116]، تەختەی بێژراو بە کرمی کەشتییەکان، گەلەکەشتیی لەناوچوو[117]. لە تەختاییە ناسازگارەکە چاوەڕێیان دەکرد تا بنەپێ کوتەرەکانی بمژن، بۆگەناوی زێرابی باکووری هەڵدەمژی[118]، ناوچەیەکی گژوگیای دەریایی لە ژێر سەرەنوێلکێکی خۆڵەمێشی پاشماوەی مرۆڤدا بە زیندەوەری ڕۆشن[119] دەدرەوشێتەوە[120]. کەناری پێ گرتن، بە وریاییەوە دەڕۆیشت. بوتڵەپۆرتەرێک[121] قیت وەستا، تا ناوقەدی لە لمە هەویرئاسا و کێکییەکەدا چەقی. یاساوڵێک: دوورگەی تینوێتیی سامناک[122]. ئەڵقەگەلی شکاو لەسەر ڕۆخەکە؛ گێژەڕێیەکی[123] تۆڕی تەفرەدەری تۆخ لەسەر وشکانییەکە؛ لە دوورترەوە دەرگاکانی پشتەوە کە بە تەباشیر شقڵێوپقڵێیان لەسەر نووسراوە و لەسەر کەنارە بەرزترەکەشەوە تەنافێکی وشککردنەوەی لێبوو کە دوو کراس پێوەی لە خاچ درابوون. ڕینگسێند: دەواری بەلەموان و کەشتیوانی بە خۆر سووتاو[124]. قاقلە مرۆڤییەکان.

ڕاوەستا. ڕێی ماڵی خاڵۆژنە سارام تێپەڕاند. ناچم بۆ ئەوێ؟ لەوەناچێت. کەس لەم ناوە نییە. بەرەو باکووری خۆرهەڵات وەرچەرخا و بەسەر لمە پتەوترەکەدا بەرەو پیجنهاوس[125] پەڕییەوە.

*- کی ڤوز-امی دۆن سێت فیشوو پۆزیسیۆ؟*

*- سێ لو پیژۆن، ژۆزێف[126].*

پاتریس، کە بە مۆڵەت نێرراییەوە بۆ ماڵەوە، لە مەیخانەی ماکماهۆن[127] لەگەڵمدا شیری شلەتێنی لێستەوە[128]. کێڤن ئیگنی پاریس[129]، کوڕی قازە کێوییەکان. بابم تەیرە[130]، بە زمانە پەمەییە بچکۆلەکەی *لێ شۆ*[131] شیرینەکەی لێستەوە، دەموچاوی کەروێشکی خرپن. لێستنەوە، لاپان[132]. خوازیارە *گغۆ لۆکە*[133] بباتەوە. لە میشێلێدا[134] لە بارەی سرووشتی ژنەوە دەیخوێندەوە. بەڵام دەبێت *لا ڤی دو ژێسویەم* بۆ بنێرێت لە نووسینی ئێم لێیۆ تاکسیل[135]. دای بە هاوڕێکەی.

*- سێ تۆغدۆن، ڤوزساڤێ. موا، ژو سوی سۆسیالیست. ژو نو کوغوا پا ئۆن لێگزیستۆنس دو دیێو. فۆ پا لو دیغ ئا مۆن پێغ.*

*- ئیل کغوا؟*

- *مۆن پێغ، وی*[136].

*شلوس*[137]. دەلێسێتەوە.

شەبقە لاتینییەکەم. ئای خودایە، دەبێت ڕێکوڕەوان جلی کارەکتەرەکەمان بپۆشین. دەستکێشی بڵاڵووکیم دەوێت. خوێندکار بوویت، وا نییە؟ هی چی لە ڕێی شەیتانەکەی تر؟ پێسێئێن. P.C.N.، دەزانیت: *فیزیک، کیمیک ئێ ناتوغێل*[138]. ئەها. موو ئۆن سیڤێیتە[139] گرۆتبایبەکەت[140] دەخوارد، مەنجەڵی گۆشتەکەی میسر[141]، عەرەبانەگێڕی قڕقێنەلێدەر ئانیشکیان گیر دەکرد. تەنها بە سرووشتیترین دەنگ بڵێ: کە لە پاریس بووم، لە *بۆلمیش*[142]، وەهام دەکرد. بەڵێ، تکتی بەکارهاتووم لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرت تا ئەگەر لە شوێنێک بە تۆمەتی کوشتن گرتیانم ئەوا بەو تکتە ئەستۆپاکیی لەوێنەبوونی خۆم بسەلمێنم. دادپەروەری. شەوی حەڤدەی شوباتی ١٩٠٤ دوو گەواهیدەر بەندییەکەیان بینیوە[143]. کەسەکەی تر ئەنجامی داوە: منەکەی تر. شەبقە، بۆینباخ، قاپووت، لووت. *لوی، سێ موا*[144]. دیارە کاتێکی خۆشت ڕابواردووە.

شانازانە دەڕۆیشتیت. هەوڵت دەدا وەک کێ بڕۆیت؟ لە بیرت چووەتەوە: بێبەریکراوێک. پارە ڕەوانەکراوەکەی دایکم، هەشت شڵنگ، دەرگاوانەکە دەرگا زرمەکەرەکەی پۆستەخانەکەی بە دەموچاوتدا توند داخست. ددانئێشەی برسێتی. *ئۆنکۆغ دو مینوی*[145]. بڕوانە کاتژمێر. دەبێت وەریبگرم. *فێغمێ*[146]. سەگی بەکرێگیراو! ئێستا یەک گوللەی تفەنگی پێوە نەنێیت و بیکەیت بە وردەگۆشتی خوێناوی، دیوارەکان وردەگۆشت مرۆڤ هەموو قۆپچە مسەکان هەڵبپرژێنیت[147]. وردەگۆشتەکان هەموویان خرڕڕکڵاک شاق بۆ جێی خۆیان دەگەڕێنەوە. ئازارت نەگەیشت؟ ئای، دەی قەیناکە. تەوقە بکەن. دەبینیت مەبەستم چی بوو، دەبینیت؟ دەی، کێشە نییە. دەستتم بدەیە. دەی، تەواو کێشە نییە.

نیازت وا بوو سەمەرەکاری بکەیت، ها؟ مژدەبەری بۆ ئەوروپا دوای کۆڵومبانوسی خوێنگەرم. فیاکر و سکۆتوس[148] لە ئاسمان لەسەر ئەسکەملە سێپاییەکانیانن و بیرە لە دۆلکەکانیانەوە دەڕژێت و شریخەقاقایلاتینییان دێت و دەڵێن: *ئێیوجێ! ئێیوجێ*[149]! لەسەر لەنگەرگا لینجەکە لە نیوهەیڤن[150] کە باوڵەکەت ڕادەکێشا وا خۆت دەردەخست کە هەر ئینگلیزیەکی شەقوشڕ دەزانیت، سێ پنسی بارهەڵگر، *کۆمۆ*[151]؟ تاڵانییەکی زۆرت هێناوەتەوە؛ *لو توتو*[152]، پێنج ژمارەی پەڕەپەڕەی *پانتەلۆن بلۆنک ئێ کولۆت غووژ*[153]؛ بروسکەیەکی شینی فەڕەنسی، وردەبابەتی سەیروسەمەرە[154]:

- دیکە دەمرێت وەرەوە باوکت[155].

پوورم پێی وایە تۆ دایکتت کوشت. بۆیە ناهێڵێت.

*دەی سا هانێ نۆشێک بۆ پووری مەڵیگن*
*ئینجا پێشت دەڵێم بۆچی.*
*لە خێزانی هەنیگندا*
*هەموو شتێکی ئابڕوومەندانە ڕادەگرت*[156].

بە درێژایی گابەردەکانی دیوارەکەی باشوور[157] بە ڕەزمێکی ناکاوی شانازییەوە پێیەکانی بەسەر دێراوە لمینەکاندا کەوتنە ڕەو[158]. بە شانازییەوە تەماشای کەڵەکەبووی کەللەسەری بەردینی مامۆسی[159] کرد. ڕووناکیی زێڕین لەسەر دەریا، لەسەر لم، لەسەر گابەردەکان. خۆر لەوێیە، درەختە زراڤەکان، ماڵە لیمۆکان.

پاریس بە ڕووتی ڕادەبێت، تیشکی خۆری واڵا لەسەر شەقامە لیمۆییەکانیدایە. نەرمەی شێداری ناو نانی فارل[160]، ئەفسەنتینی سەوزەبۆقی[161]، بخووری بەرەبەیانەکەی، هەوا دەلاوێننەوە. کاکی *بێللوۆمۆ*[162] لەسەر قەرەوێڵەی ژنی دۆستی ژنەکەی خۆی هەڵدەستێت، کەیبانووە لەچکبەسەرەکە لە جووڵەدایە، ژێرپیاڵەیەک ترشی سرکەیی[163] بە دەستەوەیە. ئیڤۆن و مادەلین لە ڕۆدۆتس[164] جوانییە دارماوەکەیان نوێ دەکەنەوە، بە ددانی زێڕین کولیچەی شۆسۆن[165] دەهاڕن، بە *پوسی*[166] فلان برێتۆن[167] دەمیان زەرد بووە. ڕوخساری پیاوانی پاریس تێدەپەڕن، لاوێنەرە باشلاوێنراوەکانیان، *کۆنکۆیستادۆرە* کەوانەییەکان[168].

نیوەڕۆ سەرخەو دەشکێنێت[169]. کێڤن ئیگن بەو پەنجانەی کە بە مەرەکەبی ئامێری چاپ سواغ درابوون[170] جگەرەی بارووتی[171] دەپێچایەوە، هەر کە پاتریس قومی لە سپییەکەی خۆی دەدا ئەمیش قومێکی لە کەڵبەی جنۆکە سەوزەکەی دەدا[172]. تێرنەخۆرەکانی دەورمان فاسۆلیای بەهاراتاوییان بە چنگاڵ هەڵدەدایە ناو سورێنچکیانەوە. *ئا دۆمی سێتیێ*[173]! فیچقەیەکی هاڵاوی قاوە لە بەرۆشە[174] بریقەدارەکەوە. بە ئاماژەی ئەو خزمەتم دەکات. *ئیلێ ئێغلۆندێ. ئۆلۆندێ؟ نۆن فغۆماژ. دووز ئێغلۆندێ، نو، ئێغلۆند، ڤوزاڤێ؟ ئا، وی*[175]! خانمەکە وای زانی پەنیرێکی *ئۆلۆند*یت ویست. پاشێیوەکەت[176]، ئەو وشەیە دەزانیت؟ پاشێو. کابرایەک هەبوو لە بەرشەلۆنە دەمناسی، کابرایەکی سەیر، پێی دەوت پاشێوەکەی خۆی. کەواتە: *سلاونتچە*[177]! بە دەوری مێزە دارنەخشەکاندا هەناسەی شەراباوی و گەرووی قۆڕەقۆڕکەر ئالۆسکابوون. هەناسەی ئەو بە قاپە بەسۆسلەکاوییەکانماندا خۆی هەڵدەواسێت، کەڵبەی جنۆکە سەوزەکە[178] لە نێوان لێوەکانیەوە خۆی هەڵدەدا. دەربارەی ئایرلاند، دالکاسییەکان[179]، دەربارەی هیواکان، پیلانەکان، ئێستاش دەربارەی ئارثەر گریفیث[180]، ئەی ئی[181]، پۆیماندەر، شوانە دڵسۆزەکەی مرۆڤ[182]. بۆ ئەوەی منیش وەک هاونیری خۆی بنیرێنێت،

تاوانەکانمان دۆزە هاوبەشەکەمان[183]. کوڕی باوکی خۆتیت. دەنگەکە دەناسم[184]. کراسە فاسۆنەکەی[185]، گوڵخوێنین، گوڵینگە ئیسپانییەکانی[186] بە نهێنییەکانی دەلەرزن. مسیۆ درومۆنت[187]، ڕۆژنامەوانی بەناوبانگ، درومۆنت، دەزانیت شا ڤیکتۆریای ناو نابوو چی؟ دەڵەدێوی پیری ددان زەرد. *ڤییەی ئۆگغێز و دۆن ژۆنەکەی*[188]. مۆد گۆن[189]، ژنێکی جوان، *لا پاتخی، مسیۆ میڵێڤۆی*[190]، فێلیکس فۆرێ، دەزانیت چۆن مرد[191]؟ پیاوانێکی سەرسەری. *فرۆیکنەکە*[192]، *بۆن ئا تووت فێغ*[193]، ئەوەی لە گەرماوەکەی ئوپسالا[194] ڕووتیی پیاوان دەشێلێت. وتی *موا فێغ تووت لێ مسیۆ*[195]. من وتم ئەم مسیۆیەیان نا. سەرسەرییانەترین نەریت. گەرماو خۆییترین شتە. من ڕێ بە برای خۆم نادەم، تەنانەت برای خۆم، بەرهەڵداییترین شت. چاوسەوز، دەتبینم. کەڵبە، هەستت پێ دەکەم[196]. خەڵکانێکی سەرسەری.

پڵیتە شینەکە لە نێوان دەستەکانیدا کوشندانە گڕ دەگرێت و بە ڕۆشنی دەسووتێت. ڕیشاڵی تەنکی تووتن گڕ دەگرن: گڕێک و دوکەڵێکی کەسکوون سووچەکەمان ڕووناک دەکەنەوە. ئێسکی دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوی لە ژێر شەبقەی کوڕانی بەرەبەیانەکەیدا[197]. چۆن سەرۆکی ناوەندەکە بۆی دەرچوو[198]، گێڕانەوەی باوەڕپێکراو. وەک بووکێکی گەنج جلی پۆشی، مامە گیان، تارا، گوڵانیپرتەقاڵ، بە ڕێگای مالەهایدا[199] تێیتەقاند. ئەرێ، چۆنت پێ دەڵێم ئاوها. دەربارەی سەرکردە سەرلێشێواوەکان[200]، خیانەتلێکراوەکان، هەڵهاتنی سەرکێشانە. ڕواڵەتگۆڕینەکان، پڕیان پێدا کرد، بۆی دەرچوو، لێرە نەما.

دڵدارێکی ڕەتکراوە. با پێت بڵێم، ئەوسا کوڕێکی گەنجی چوارشانە بووم. ڕۆژێک وێنەیەکی خۆمت پیشان دەدەم. بڕوات هەبێت. دڵدارێک لە پێناو ئەوینی یارەکەیدا لەگەڵ سەردار[201] ڕیچارد بورکدا[202]، کە تانیستی هۆزەکەی[203] خۆی بوو، لە ژێر دیوارەکانی کلێرکنوێلدا[204] دەوروخولیان دەدا و، بە هەڵتروشکانەوە، لە تەمەکەدا گڕێکی تۆڵەی بینی کە هەڵیپەڕاندن. شووشەی وردوخاشبوو و خشتی دارماو[205]. ئیگنی پاریس لە *پاغیی* شادماندا خۆی شاردووەتەوە، من نەبێت کەس سۆراخی ناکات. وێستگەکانی ڕۆژەکەی[206] دەکات، لای قتووی تیپی چاپە پیسوپۆخڵەکەی[207]، سێ مەیخانەکە، کولانەکەی مۆمماخت[208] کە شەوی کورت لێی دەنوێت، *غوو دو لا گووت دۆغ*، بە دەموچاوی مێشتێدراوی لەناوچووان زەخرەفێنراوە[209]. بێ ئەوین، بێ نیشتمان، بێ ژن. خانمەکەی، کە لە *غوو گیت لو کۆغ*[210] دەژی، بێ مێردە هەڵوەداکەی زۆر ئاسوودەیە، کەنارییەک و دوو کرێچیی دڵتەڕ. گۆنای وەک قۆخ، تەنوورەیەکی ڕێڕێ، وەک جوانوو بزێو. ڕەتکراوە و کۆڵنەدەر. بە پات بڵێ منت دی[211]، باش؟ جارێکیان ویستم کارێک بۆ پاتی داماو

بدۆزمەوە. *مۆن فی*[212]، سەربازی فەڕەنسا. گۆرانیی *کوڕانی کیلکەنی گەنجی نەترس و بەجەرگن*م[213] فێر کرد. ئەو بەستە کۆنە دەزانیت؟ من پاتریسم فێر کرد. پیرە کیلکەنی[214]: سانت کانیس[215]، قەڵای سترۆنگبۆو لەسەر نۆر[216]. ئاوها دەست پێ دەکات. *هەی، هەی.* ناپەر تاندیم دی و دەستەکانمی. گرت[217].

*هەی! هەی!*

*هەموو کوڕانی کیلکەنی...*[218]

دەستە پووکاوە لاوازەکانی لەسەر دەستم. ئەوان کێڤن ئیگنیان لە بیر چووەتەوە، نەک ئەو ئەوان. کە تۆمان بیر کەوتەوە، ئەی سییۆن[219].

لە قەراغی دەریاکە نزیکتر بووەوە و لمی تەڕ بە پووتەکانیدا دەپرژان. هەوا نوێکە پێشوازیی لێی کرد، شنەی هەوای زریاناویی تۆوەکانی ڕووناکی، لە ناوەوە پەیی وروژاویان دەهاڕپاند[220]. بووەستە، خۆ بەرەو چراکەشتیی کیش[221] ناڕۆم، وانا؟ لەناکاو وەستا، وردەوردە پێیەکانی لە ناو خاکە لەرزۆکەکەدا بە خاوی نوقم دەبوون. بگەڕێوە.

گەڕایەوە، چاوی بە باشووری ڕۆخەکەدا گێڕا، دیسان پێیەکانی لە چاڵی نوێدا بە خاوی نوقم بوون. وتاخە گومەزییە ساردەکەی قەڵاکە چاوەڕێیە. ستوونی تیشکەکان لە دەلاقەکانەوە یەکبینە دەجووڵین، هەمیشەش هەر بە خاوی وەک چۆن پێیە نوقمبووەکانم بەسەر زەوییە خۆرپێوییەکەدا[222] بەرەو بوولێڵ[223] دەخشکێن. بوولێڵی شین، شەوداهاتن، شەوی شینی تۆخ. دوو کورسییە بۆ دواوە ڕاکێشراوەکانی ئەوان و باوڵە مێڵییەکەم[224]، لە دەوری مێزێک بەلەمی[225] بەجێهێڵراودا، لە تاریکایی گومەزەکەدا چاوەڕێن. کێ پاکیان دەکاتەوە؟ کلیلەکە بەوە. کە ئەمشەو دادێت لەوێ نانووم. دەرگایەکی داخراوی قەڵایەکی بێدەنگ، لەشە کوێرەکانی سەیدای پڵنگەکە و تانجییەکەی لە گۆڕ دەنێت. بانگ بکە: وەڵام نییە. پێیەکانی لە ڕۆچوونەکە هەڵبڕی و لای کەڵەڕەی گابەردەکانەوە گەڕایەوە[226]. هەمووی ببەن، هەمووی بۆ خۆتان. گیانم لەگەڵمدا ڕێ دەکات، شێوەی شێوەکان[227]. ئاوها لە نۆبەچێتیی نیوەشەوی مانگدا بە ڕێچکەی سەروو بەردەکاندا هەنگاو دەنێم، تۆخ و زیوین، گوێ لە لێشاوی دیقەدیقەپێکەری ئێلسینۆر دەگرم[228].

لێشاوەکە دوام دەکەوێت. دەتوانم ببینم کە لێرەوە پێشم دەداتەوە. تۆش دوایی بە شەقامی پوولبێگدا[229] بۆ کەنارەکەی ئەوێ بگەڕێوە. بەسەر سێسووچکە و قەوزەگیا[230] مارماسیئاساکاندا سەرکەوت و لەسەر تەپڵەکێکی بەرد دانیشت، لە کەلێنێکدا گاڵۆکەکەی پشوو پێدا.

کەلاکی هەڵئاوساوی سەگێک لەسەر بڵقەگیاکە[231] ڕاکشابوو. سەبانەی[232] بەلەمێک لە پێشیەوە، لە لمدا نوقم ببوو. لویس ڤەییو[233] پەخشانەکەی گۆتییێ[234] بە *ئان*

*کۆش ئۆنسابلێ*[235] پەسن کرد. ئەم لمە قورسانە زمانن و کێشاو و با لێرەدا نیشتاندوویانن[236]. ئەمانەش، بەردکۆی[237] دروستکەرە مردووەکان، بوودڕێکی[238] جرجی بەوەرزن. زێڕی تێدا بشارەوە. تاقیی بکەوە. هەندێکت هەیە. لم و بەرد. بە ڕابردوو قورس بوون. یارییەکانی سێر لووت. ئاگادار بە زرمەیەک نەدات بە گوێتدا. من ئەو زەبەلاحە نەفرەتییەم کە هەموو ئەو گابەردە نەفرەتییانە دەپێچمەوە، ئێسک بۆ بەردەبازی بەرپێم. فیفۆفەم. بوون خوونی ئایلێک دکم[239].

خاڵێک، کە سەگێکی زرتوزیندوو بوو، لەبەرچاودا گەورەبوو و بە پانتایی لمەکەدا ڕایدەکرد. خودایە، تۆ بڵێیت پەلامارم نەدات؟ ڕێز لە ئازادییەکەی بگرە. تۆ نە دەبیت بە سەرگەورەی ئەوانی تر و نە دەشبیت بە بەندەیان. گۆچانەکەمم پێیە. خۆت تێکمەدە. لە دوورترەوە، بیچم، دوو، بەسەر شەپۆلە پۆپنەدارەکەدا بەرەو ڕۆخەکە دەڕۆن. دوو مریەمەکە[240]. لە ناو کەڕەپووەکاندا بێ مەترسی شاردیانەوە[241]. جۆ. دەتانبینم[242]. نا، سەگەکە. ڕادەکاتەوە بۆ لایان. کێ؟

گالییەکانی[243] لۆکلانەکان[244] هاتنە ئێرە و کەناریان گرت، بۆ گەڕان بە شوێن نێچیردا، لووتە دەنووکخوێنییەکانیان بە نزمی لەسەر قەڵبەزەیەکی پیوتەری[245] تواوە دەڕۆیشتن. کە مەلاخی لە ملی کرد ملەوانە زێڕینەکەی[246]، ملەپەلکی تەشوێکان لەسەر سنگی ڤایکینگە دانەکان دەبریقایەوە[247]. پۆلێک نەهەنگی تۆرلهاید لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا کەنار کەوتن، دەتفانەوە، لە تەنکاوەکاندا هەنگەشەلێیان دەکرد. پاشان خێڵێکی قەزەمی جەرکەنەپۆش لە شارە قەفەزکراو و برسییەکەوە، هاونیشتمانییەکانم، بە چەقۆی کەوڵکەرەوە بە ڕاکردن هاتن و بە سەریاندا هەڵگەڕان، کەوتنە توێکاری، گۆشتی گەزوبەزاویی نەهەنگی سەوزیان داپاچی[248]. برسێتی، تاعوون و کوشتارگەل[249]. خوێنیان لە مندایە، ئارەزووەکانیان شەپۆلەکانمن. لەسەر لیفیی بەستوو لەگەڵیاندا دەجووڵام، ئەوەتام، ساوایەکی گۆڕاو، لە ناو ئاگرە قرچەقرچکەرەکانی جەویدام[250]. نە قسەم لەگەڵ کەس دەکرد: نە کەس قسەی لەگەڵ کردم[251].

وەڕەی سەگەکە بەرەو ئەو ڕایکرد، وەستا، بە ڕاکردن گەڕایەوە. سەگی دوژمنم. من تەنها ڕەنگزەردانە ڕاوەستام، بێدەنگ، کەنارلێگیراو[252]. *تێریبیلیا مێدیتانس*[253]. دۆبلێتێکی[254] گوڵەبەهارەیی، نۆکەری چارەنووس[255]، بەسەر ترسەکەمدا بزەی کرد. بۆ ئا ئەوە حەسرەت دەکێشیت، وەڕەی چەپڵەڕێزانەکەیان؟ خۆنوێنان[256]: ژیانی خۆیان دەژین. براکەی بروس[257]، تۆماس فیتزجێرەڵد، سوارەی ئاوریشمین[258]، پێرکین واڕبێک[259]، ڕۆڵە ساختەکەی یۆرک، بە شەرواڵی ئاوریشمی گوڵەباخی شەلفەییەوە[260]، سەیروسەمەرەی ڕۆژ، هەروەها لەمبێرت سیمنێل[261]، کۆمەڵێک کارەکەر و چەرچی بە دوایەوە، قاپشۆرێکی

تاجلێنراو. هەموو کوڕانی پاشاکان[262]. بەهەشتی خۆنوێنەکان[263] ئەوساش و ئێستاش. ئەو خەڵکانێکی لە خنکان ڕزگار کردووە[264] و تۆش لەبەر قورسکەی دووڕەگێکدا[265] دەلەرزیت. بەڵام ئەو دەربارانەی لە ئۆرسانمیشێل گاڵتەیان بە گویدۆ دەکرد لە ماڵی خۆیاندا بوون. ماڵی...[266] هیچ سەیراڵۆزێکی[267] سەدەکانی ناوەڕاستی تۆمان ناوێت. تۆ ئەوە دەکەیت کە ئەو کردی؟ بەلەمێک نزیک بێت، سەرئاوخەرەیەک. *ناتورلیش*[268]، لەبەر تۆ لەوێ بێت. دەیکەیت یان نایکەیت؟ ئەو پیاوەی نۆ ڕۆژ لەمەوبەر لای بەردی مەیدن[269] خنکا. ئێستا چاوەڕێی دەکەن. ڕاستییەکە، دەریبتفێنەوە. دەمەوێت. هەوڵ دەدەم. مەلەوانێکی کارامە نیم. ئاو سارد شل. کە لە کڵەنگەوز دەموچاوم تێخست لە ناو لەگەنەکەدا. ناتوانم ببینم! کێ لە دوامەوەیە؟ دەرەوە خێرا، خێرا! کێشاوەکە دەبینیت کە بەخێرایی بەسەر هەموو لایەکدا لێشاو دەهێنێت، نزماییەکانی لمەکە بە خێرایی دەسەرچەڤێنێت[270]، لەپکەیکاکاوڕەنگ؟ ئەگەر وشکانی لە ژێر پێمدا دەبوو. هێشتا هەر دەمەوێت ئەو ژیانی خۆی بۆ خۆی بێت، منیش هی خۆم بۆ خۆم. پیاوێک خەریکە دەخنکێت. چاوە مرۆڤییەکانی لە ترسی مردنەکەی هاوار بۆ من دەهێنن. من... هەردووکمان پێکەوە بۆ ژێرەوە... نەمتوانی ڕزگاری بکەم[271]. ئاو: مردنی تاڵ: ڕۆی.

ژنێک و پیاوێک. ژێرکراسەکەی دەبینم. گرەو دەکەم بە سنجاق هەڵخراوە.

سەگەکەیان لای کەنارێک لمی تەنکەوە یۆرغەی کرد، لۆقەی دەکرد، بە هەموو لایەکدا هەڵدەمشا. بە دوای شتێکدا دەگەڕا کە لە ژیانێکی ڕابردوودا ون بووە. لەناکاو وەک کەروێشکەکێوییەکی قونەقونکەر تێیتەقاند، گوێکانی بەرەو دواوە هاوێژران، سێبەری مەلێکی نزمفڕی سەر ئاوەکەی ڕاو دەنا. فیکەی شریخەیی پیاوەکە دای بە گوێ شۆڕەکانیدا. ئاوڕی دایەوە، بۆ دواوە هەڵقونا، هاتە نزیکتر، لەسەر لوولاقی لەراوە لۆقاندی. ئاسکێک لە دەشتێکی خاکیدا، لۆقهەڵبڕاو، بە ڕەنگی سرووشتیی خۆی، بێ قۆچ[272]. بە پێشەسمە قنجەکانیەوە لای پەڕاوێزی کێشاوەکەوە ڕاوەستا، گوێکانی ڕوولەدەریا. لمۆزی هەڵبڕی و بە هاژەی شەپۆلەکەدا وەڕی، هەندێک گەلەی فیلی دەریا. خۆیان بەرەو پێیەکانی ماراند[273]، خۆیان لوول کرد، زۆرێکی پۆپنەکانیان کردەوە، هەموو نۆیەمینێک[274] دەشکێنن، شڵپەشڵپ دەکەن، لە دوورەوە، لە دووری دوورەوە، شەپۆل شەپۆل[275].

قاقلەگران[276]. ڕێیەکی کورتیان بۆ ناو ئاوەکە بڕی و، کە چەمانەوە، توورەکەکانیان لە ئاو هەڵکێشا و، کە بەرزیان کردنەوە، ئینجا لە ئاوەکە هاتنەوە دەرەوە. سەگەکە قورسکاندی و بەرەو لایان ڕایکرد، جامبازەی کرد و چنگی لێیان دا، بەسەر هەر چوار پەلیدا کەوتەوە، بە کلکەلەقێیەکی بێدەنگی ورچییانەوە دیسان بەرەوڕوویان جامبازەی کرد. کە ئەوان بەرەو لمە وشکترەکە هاتن ئەویش پشتگوێخراوانە لایانەوە هات، بستێک زمانی

سووری پلدەری گورگ لە شەویلگەیەوە. لەشە خاڵخاڵییەکەی لە پێشیانەوە یۆرغەی کرد و پاشان بە غاری گوێرەکەیەک قەڵەمبازی دا. کەلاکەکە لەسەر ڕێکەی کەوتبوو. وەستا، هەڵمشا، چواردەوری پشکنی، برا، لووتی نزیکتر کردەوە، بە دەوریدا سووڕایەوە، وەک سەگێک بەسەر هەموو کەوڵە قوڕاوییەکەی سەگە تۆپیوەکەدا بە خێرایی هەڵمشا. کەللەسەگ، هەڵمشانی سەگ، چاوانی لەسەر زەوییەکە، بەرەو یەک ئامانجی مەزن دەجووڵێت[277]. ئای تەرمەسەگی داماو! ئا لێرەدا لاشەی تەرمەسەگی داماو گەوزاوە.

- تاتەرز! لێی دوورکەوە، هەی سەگباب!

هاوارەکە بە سەرکزی بۆ لای خاوەنەکەی گەڕاندیەوە و شەقێکی مزری پێخاوسێک بێوەییانە بەسەر زمانەیەکی لمدا هەڵیدا، بە ئاسمانەوە هەڵتروشکا[278]. بە پێدزکە و دێورێک گەڕایەوە. نامبینێت. بە درێژایی لێواری کەڵەرەکەدا ڕۆی، خاوەخاوی کرد، بەردێکی بۆن کرد و لە ژێر پاشووێکی هەڵبڕاوەوە میزی پێدا کرد. بەرەو پێش لۆقاندی و دیسان پاشووی هەڵبڕی، میزێکی کورت و خێرای بە بەردێکی بۆننەکراودا کرد. چێژە سادەکانی هەژاران. پاشان چنگەکانی پاشووی لمەکەیان هەڵپرژاند: پاشان چنگەکانی پێشەوەی کەوتنە تەکاندن و کێڵان. شتێکی لەوێدا ناشتووە، نەنکی[279]. ناو لمەکەی کنە کرد، دەیتەکاند و دەیکێڵا و وەستا تا گوێ لە هەواکە بگرێت، دیسان بە زەبری چڕنووکەکانی لمەکەی ڕنی، هەر کە زوو دەستی هەڵگرت، وێزێک، پڵنگێک، وەچەی لاقەکردن[280]، کەوتە دالاشاندنی مردووان[281].

دوای ئەوەی دوێشەو بێداری کردمەوە هەمان خەون بوو یان نا[282]؟ بوەستە. ڕاڕەوی کراوە. شەقامی قەحبەکان. بیرتە. هاروونە ڕەشید[283]. وا خەریکە دەینزیکێنم[284]. ئەو پیاوە پێشڕەویی دەکردم، قسەی دەکرد. نەدەترسام. کاڵەکەکەی دەستی بە ڕوومدا بەرز کردەوە. بزەی کرد: بۆنی کرێمی میوە. وتی ئەوە یاساکە بوو. وەرە ژوورەوە. کومباری سوور[285] ڕاخرابوو. دەبینیت کێ بوو.

میسرییە سوورەکان[286]، کە توورەکەکانیان بەسەر شانیاندا دابوو، خۆیان بە کێش کرد. پێ شینبووەکانی وی[287] لە دەرەوەی پانتۆڵە دامێن هەڵگەڕاوەکەیدا بەسەر لمە تەڕ و لینجەکەدا شلپەیان دەهات، ملپێچێکی لە ڕەنگی خشتی بۆر لە ملە نەتاشراوەکەی ئالابوو. ژنەکە بە هەنگاوی ژن دوای کەوت: شەللاتییەکە و دۆتە دەرۆزەکەرەکەی[288]. تالانییەکان[289] بە پشتی ژنەکەوە شۆڕ ببوونەوە. لمی شل و لەپکەزیخ[290] بە پێ ڕووتەکانی ژنەکەوە قەتماغەیان دابوو. قژی بەسەر ڕوخسارە بە با کزربووەوەکەیدا شنایەوە. هاودەمی پیاوەکە، بە دوای ئاغاکەیدا بەرەو ڕۆمڤیل[291] دەچێت. کە شەو کەموکووڕییەکانی لەشی دەشارێتەوە، لە چوخمێکدا[292]، کە سەگان تیایدا لە قوڕاودا

چەقیون، لە ژێر کۆڵوانە قاوەییەکەیەوە بانگت دەکات. پیاوە مەئەرسەکەی[293] لە ئۆلەکلینس لە بلاکپیتس[294] خەریکی ڕێکخستنی دوو سەربازی پاشایی دەبلنییە. ماچی بکە، بە زمانی تایبەتیی فێڵبازان، پێی هەڵببڕە، ئەی قەحبە گانخۆشەکەی خۆم! سپێتیی ماخێوێک[295] لە ژێر جلە شڕە بۆندڕنەکانیەوە. کۆڵانی فومبالیی[296] ئەو شەوە: بۆنی مەیدانی کەوڵبازەکان[297].

*دەستی سپی و دەمی سوور و*
*لەشی خۆشت.*
*وەرە لامەوە و پاڵکەوە*
*لە تاریکیی نیوەشەودا یەک ماچ دەکەین و جووت دەبین*[298].

ئەکوینۆیی ورگبەرمیل[299] بەمە دەڵێت ڕابواردنی بەدبەختانە[300]، *فراتێ پۆرکۆسپینۆ*[301]. ئادەمی نەکەوتوو سوار دەبوو بەڵام ئارەزووی هەڵنەدەستا[302]. دە لێی بگەڕێ تۆش: *لەشی خۆشت*. زمانێک پیچێکیش لەوەی ئەو ناشیرینتر نییە. وشەکانی ڕەبەنەکان، دەنکەمریەمەکانی بەر کەمەربەندەکانیان ورتەورتیان دێ: وشەکانی کەڵەکبازان، تۆپەڵەزێڕی خاو لە گیرفانەکانیاندا خرەخرِی دێت.

وا دەڕۆن.

لاتیرێک لەسەر شەبقە هاملێتییەکەم[303]. ئەگەر لەناکاو ڕووت بوومەوە کە وا لێرەدا دانیشتووم؟ ڕووت نیم. بەسەر خاکی هەموو جیهاندا بەرەو زەمینی ئێوارە، بەرەو خۆرئاوا کۆچ دەکات و شمشێری گڕداری خۆر بە دوایەوەیە[304]. وێ بارەکەی بە کێش دەکات، *شلێپ* دەکات، *تغۆن* دەکات، ڕادەکێشێت، *تراسکین* دەکات[305]. کێشاوێکی بەمانگڕاکێشراو بە شوێنەوارەکەیدا بەرەو خۆرئاوا دەچێت. کێشاوگەلێک، بێشومار دوورگەیان دیوە، لە ناو ئەودا، خوێنی من نا، *ئۆینەپا پۆنتۆن*[306]، دەریایەکی ڕەنگشەرابی. تەماشای ژنە کارەکەرەکەی مانگ بکە[307]. کاتژمێری هێما تەڕەکە لە کاتی نووستندا لێدەدات، فەرمان بە وێ دەدات هەڵبستێت[308]. پێخەفی بووک، پێخەفی منداڵ، پێخەفی مەرگ، بە سەهویرەمۆم ڕازێنراوەتەوە. *ئۆمنیس کارۆ ئاد تێ ڤێنیێت*[309]. خوێنمژێکی ڕەنگپەڕیو دێت، چاوانی بەناو زریاندا، بایەوانە شەمشەییەکەی دەریاکە خوێناوی دەکات، دەم بۆ ماچی دەمی وێ دەبات[310].

دەی. دەرزییەک بەو کابرایەدا بکە، باش[311]؟ تەتەڵەکانم[312]. دەم بۆ ماچی ئەو. نا. دەبێت دووان بن. جوان بیانلکێنە. دەم بۆ ماچی دەمی ئەو.

لێوەکانی لێویان برد و دەمی خستە لێوێکی بێگۆشتی هەواوە: دەم بۆ منداڵدانی. ئومب، گۆڕی گشتلەمنداڵدانگر[313]. دەمی قاڵبگرتووی هەناسەی دایەوە، بێ

قسه: خووییخهاه: نەڕەی تاڤگەیی هەسارەکان، گۆیی، گڕپرژێن، دەنەڕێنن زۆردووردووردووردوور. پەڕە. بانقەنووتەکانن، بە نەفرەت بن. نامەکەی دیسیی پیر. ئەمەتا. سوپاسی میوانەوازییەکەتان دەکات دامێنە پاکەکەی بدڕێنە. پشتی کردە خۆر و زۆر بۆ مێزێکی بەردین نوشتایەوە و بە شقڵیوبقڵی هەندێک وشەی نووسی. ئەوە دووەم جار بوو کە لە بیرم چوو پارچە نووسراوەکان لە بەرمێزەکەی پەڕتووکخانەکەدا هەڵبگرم.

کە خۆی نوشتاندەوە سێبەرەکەی لەسەر بەردەکان ڕاکشا، کۆتایی پێی هێنا. بۆچی تا دوورترین ئەستێرە بێکۆتا نابێت؟ لە پشت ئەم ڕووناکییەوە بە تاریکی لەوێن، تاریکییەک لە ڕووناکیدا دەدرەوشێتەوە[314]، دەلتای کاسیۆپیا[315]، جیهانەکان. بە ڕۆژ لە پەنا دەریایەکی شیندا، بێ ئەوەی ببینرێم، خۆم و سۆلە[316] خوازراوەکانم، لەگەڵ خەڵفی ڕەشەداری پێشزانییەکەی ئەودا[317] دادەنیشم، لە شەوی وەنەوشەییشدا لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەستێرەگەلێکی نارێکدا دەڕۆم. ئەم سێبەرە کۆتاییهاتووەم لە خۆم فڕێ دەدەم، مرۆڤشێوەیەکی مسۆگەرانە، بانگی بکەوە. بێکۆتا، دەکرێت ئەوەی من بێت، شێوەی شێوەکەم[318]؟ کێ لێرە تەماشام دەکات؟ کێ هەرگیز لە هەر شوێنێک ئەم وشە نووسراوانە دەخوێنێتەوە؟ هێماگەلێک لەسەر پانتاییەکی سپی[319]. بە فلووتیترین دەنگتەوە لە شوێنێک بۆ یەکێک. ئوسقوفە باشەکەی کلۆین[320] پەردەی پەرستگاکەی لە شەبقە بێڵییەکەیەوە دەرهێنا[321]: پەردەی بۆشایی و ئاڕمی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر پانتاییەکەی تروکاون. تۆ بوەستە. لەسەر تەختییەک ڕەنگ کراون، بەڵێ، وایە. بە تەختیی دەبینم، پاشان بیر لە دووری دەکەمەوە، نزیک، دوور، بە تەختی دەبینم، خۆرهەڵات، دواوە. ئەها، ئێستا ببینە! لەناکاو دەگەڕێتەوە، لە ناو تەنبینەکەدا[322] دەیبەستێت. چرکاندن کارەکە دەکات. وشەکانم بە تاریک دەبینیت. پێت وا نییە تاریکی لە ناو گیانەکانماندا بێت؟ فلووتیتر. گیانەکانمان بە گوناهەکانمان شەرمەندەبریندار بوون، زیاتریش پێمانەوە هەڵواسراوە، ژنێک خۆی بە دڵبەرەکەیدا هەڵدەواسێت، تا زیاتر بێت زیاتر دەبێت.

وێ متمانەم پێ دەکات، دەستە ناسکەکانی وێ، چاوە برژانگدرێژەکانی. ئەی ئێستا وێ بۆ کوێی ئەودیو پەردەکە دەهێنم ئەی هاوار؟ بۆ ناو مەرجێتییە مسۆگەرانەکەی بینایییە مسۆگەرانەکە[323]. وێ، وێ، وێ. وێ چی[324]؟ پاکیزەکەی دووشەممە کە لە بەردەم پەنجەرەکەی هۆجس فیگیسدا[325] بە دوای پەڕتووکە ئەلفوبێکانتدا[326] دەگەڕا کە نیازت وا بوو بیانووسیت. نیگایەکی تیژت لێی دا. مەچەکی بە ناو یەسا[327] هۆنراوەکەی سەیوانەکەیدا. خانمێکی وێژەوانە، لەگەڵ خەم و ورکەوپرکەدا[328] لە لیسن پارک[329] دەژی. ستیڤی، ئەوە بۆ یەکێکی تر باس بکە: هەستبزوێنێک[330]. گرەو دەکەم ئەو سکبەندە

ئاسقیداره نەفرەتی خودا لێکراوانە و ئەو گۆرەوییە زەردانە دەپۆشێت کە بە خوریی گرێگرێ دوورراونەتەوە[331]. تۆ بلێ گونکی سێو، *پیوتۆستۆ*[332]. کوا هۆشت؟

دەستتم لێ بدە. چاومەست. دەستی ناسک ناسک ناسک. لێرە تەنیام. ئۆف، خێرا دەستتم لێ بدە، هەر ئێستا. ئەو وشەیە چییە کە هەموو مرۆڤێک دەیزانێت[333]؟ من لێرە تەواو تەنیام. خەمباریشم. دەستم لێ بدە، دەستم لێ بدە.

ستیفن لەسەر بەردە تیژەکان بە تەواوی ڕاکشا، پێنووس و تێبینییە شقڵیوبقڵییەکەی ئاخنییە گیرفانێکیەوە، شەبقەکەی داکەوتە سەر چاوەکانی. ئەوە جووڵەکەی کێڤن ئیگن بوو کە کردم، کە بۆ سەرخەوەکەی سەری دادەخست، نووستنی شەممە. *ئێت ڤیدیت دێووس. ئێد ئێرانت ڤالدێ بۆنا*[334]. *ئالۆ! بۆنژوو*[335]. وەک گوڵانی مانگی ئایار بەخێرهاتی[336]. لە ژێر لێواری شەبقەکەیەوە بەناو برژانگی وەک پەڕەتاوس جریوەهاتووەوە تەماشای خۆرە باشووررەوەکەی کرد. کەوتمە ناو ئەم دیمەنە پرووکێنەرەوە. کاژێری پان، نیوەڕۆ فاونییەکە. لە ناو مارەگیا جەویخەستەکان و میوەی شیراوکلێچۆڕاودا، کە تا چاو بڕ بکات گەڵاڕێزان لەسەر ئاوی گەنمڕەنگ پەخشان بووە. ئازار دوورە[337].

*ئیتر بەسە دۆشدامان و پیشخواردنەوە*[338].

نیگای لەسەر پووتە سەرپەنجە پانەکانی دۆش داما، جلەکۆنەی ئافوورێک، *نیبنئاینناندە*[339]. لۆچەکانی چەرمێکی ژاکاوی ژمارد کە پێی کەسێکی تر تیایدا بە ئاسوودەیی کونجیان گرتبوو. ئەو پێیەی بە *تریپودیوم*[340] زەوییەکە دەشێلێت، پێیەک کە خۆشمناوێت. بەڵام کە پێڵاوەکەی ئەستێر ئۆزڤالت[341] بە پێت بوو گەشایتەوە: کچێک بوو لە پاریس دەمناسی. *تیۆ، کێل پۆتی پیێد*[342]! هاوڕێی دڵسۆز، براگیانییەک: خۆشەویستەکەی وایلد کە ناوێرێ ناوەکەی خۆی بدرکێنێ[343]. قۆڵی ئەو: قۆڵی کرانلی[344]. ئێستا بە جێم دەهێڵێت. ئەی ئۆباڵەکە؟ وەک چۆن هەم. وەک چۆن هەم. یان هەر هەمووی، یان هیچ[345].

ئاوەکە لە دەریاچەی کۆکەوە[346] بە کەمەندی درێژ بە توندی لێشاوی هێنا، گۆمە لمینە سەوزەزێڕینەکانی داپۆشی، هەڵدەستا، تێدەڕژا. گاڵۆکەکەم بەرەو دوور مەلە دەکات. چاوەڕێ دەکەم. نا، تێدەپەڕن، دەڕۆن، لە بەردە نزمەکان دەخشێن، خول دەخۆن، تێدەپەڕن. باشترە خێرا ئەم کارە تەواو بکەم. گوێ بگرە: شەپۆلەوتەیەکی چواروشەیی: سییسسوو، هرسس، ڕسییسس، ئوووس. هەناسەی بەتاوی ئاوەکان لە نێو مارە ئاوییەکاندا، ئەسپی جامبازەکردوو، بەردەکان. لە جامەکانی بەردەکانەوە هەڵدەپرژێت: شڵپ، هوڕ،

خوڕ: لە بەرمیلاندا گیر دەخوات. ئینجا، کە شەکەت بوو، وتەکانی دەوەستن. خوڕەی دێت، لرفەی دێت، بە تەواوی خوڕەی دێت، کەفەئەستیلی هەڵقولاو، گوڵ دەپشکوێت.

لە ژێر کێشاوە هەڵئاوساوەکەدا گیا گینگڵدەرەکانی بینی کە باڵەکانیان بە سستی هەڵدەبڕی و بە نابەدڵی دەیانلەنگاندنەوە، ژێرکراسەکانیان هەڵدەکەن[347]، لە ناو ئاوی چپەکەردا گەڵای زیوین و بەناز دەلەنگێنن و هەڵدەگێڕنەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ: شەو بە شەو: هەڵدەبڕڕێن، لافاو دەیانهەژێنێت، بە جێ دەهێڵرێن بکەون. خودایە، دەبێت چەند ماندوو بن؛ ئینجا، کە چرپەیان بۆ دەکرێت، ئاخ هەڵدەکێشن. سانت ئەمبرۆز[348] ئاخی گەڵا و شەپۆلەکانی دەبیست، چاوەڕێن، چاوەڕێی هاتنی کاتەکانیانن، *دیێبوس ئاچ نۆکتیبوس ئینوریاس پایشێنس ئینجێمیشیت*[349]. بۆ هیچ ئاکامێک کۆ ناکرێنەوە؛ پاشان بێباکانە بەرهەڵدا دەکرێن، لێشاو بەرەو پێش دەیانبات، دەگەڕێنرێنەوە: تەونی مانگ. لە دیمەنی دڵدارانیش ماندوون: پیاوانێکی سەرسەری، ژنێکی ڕووت لە حەوشەکانی خۆیدا دەدرەوشێتەوە[350]، وێ داوێکی ئاوەکان دەهۆنێتەوە[351].

لەوێوە قووڵاییەکەی پێنج قەدە. باوکت پێنج قەد قووڵ نێژراوە[352]. وتی کاتژمێر یەک[353]. دۆزینەوەی نوقمبوو[354]. ئاوی بەرزبووەوە لە کەناری دەبلن. تۆپەڵێک وردەبەردی بەلەسە و چەند پۆلەپانکەیەکی[355] ماسی و لەپکەی تاساو لە پێش خۆیەوە دەئاژووێت. لاشەیەکی خوێئاسا سپی لە بنی بنەتەوژمەکانەوە بەرز دەبێتەوە، بەرازماسییەک هەنگاو بە هەنگاو بەرەو وشکانی هەڵبەزودابەز دەکات[356]. ئەوەتا. خێرا لە قولاپی بدە. ڕاییکێشە[357]. گەرچی لە ژێر شەپۆلاندا نوقم بووە[358]. ئێمە گرتمان. هێواش.

تووڕەکەی گازی لەش لە خوێیاوی بۆگەندا دەخوسێت. پۆلێک مینۆ[359]، بە پاروویەکی ئیسفەنجی قەڵەوبوو، لە تلیشە بە قۆپچە داخراوەکانی بەری پانتۆڵەکەیەوە دەردەپەڕن. خودا دەبێت بە مرۆڤ دەبێت بە ماسی دەبێت بە قازی بەڕنەقیل دەبێت بە شاخی فێذەربێد[360]. منی زیندوو هەناسەی مردووان هەڵدەمژم، بەسەر خۆڵەمێشی مردوواندا دەڕۆم، هەناوی میزاویی هەموو مردووان دەماشمەوە. وشک و ڕەپ هەڵدەکێشرێتە سەر سەبانەکە و بۆگەنی گۆڕە سەوزەکەی بە هەناسە دەداتەوە و کونەلووتە گولەکەی تا لای خۆر دەمرخێنێت.

ئەمە گۆڕانێکی بونیادیی دەریاییە[361]، چاوی قاوەیی شینی خوێیی. مەرگی دەریایی[362]، نیانترینی هەموو ئەو مەرگانەی مرۆڤ ناسیونی. باوکە ئۆکیانۆسی پیر[363]. پغی دو پاغی[364]: ئاگاداری لاساییکردنەوە بە. تەنها وەرە و جارێک تاقیی بکەوە[365]. بێئەندازە چێژمان لە خۆمان وەرگرت.

وەرە. تینوومە[366]. هەور دادێت. هەوری ڕەش بە هیچ کوێیەکەوە نییە، وانا؟ هەورەبروسکە. پڕبروسکە بەردەبێتەوە، ڕووناکیی شانازی ڕۆشنبیری[367]، *لوسیفەر، دیکۆ، کوی نێشیت ئۆکاسیوم*[368]. نا. شەبقە قاقلەیی و داردەستەکەم و پێڵاوی سەرپاییەکانی ئەوی من[369]. بۆ کوێ؟ بەرەو زەمینی ئێوارە[370]. ئێوارە خۆی دەدۆزێتەوە.

مشتووی گاڵۆکەکەی گرت، بە هێواشی شیربازیی پێی کرد، هێشتا خاوەخاوی دەکرد. بەڵێ، ئێوارە خۆی لە مندا دەدۆزێتەوە، بە بێ من. هەموو ڕۆژەکان کۆتایی خۆیان دەهێنن. بەو بۆنەیەوە سێشەممەی داهاتوو کەیە دەبێت بە درێژترین ڕۆژ[371]. لە هەر هەموو ساڵە تازە خۆشەکەدا ئەی دایە گیان[372]، ذە ڕەم تەم تیدلی تەم. چیمەنی تێنیسن[373]، هۆنەری خانەدان. *جا*[374]. لای دەڵەدێوە ددان زەردەکە[375]. مسیۆ درومۆنتیش[376]، ڕۆژنامەوانی خانەدان. *جا*. ددانەکانم زۆر خراپن. داخۆ بۆچی؟ هەستی پێ بکە. ئەو دانەیەش هەر دەکەوێت. لەپکەکان. داخۆ دەتوانم بەو پارەیەوە بچم بۆ لای دانسازێک؟ ئەوەیان. ئەمە. کینچی بێددان، مرۆڤە باڵاکە[377]. داخۆ ئەوە بۆچی وایە؟ یان تۆ بڵێیت واتایەکی هەبێت[378]؟

دەستسڕەکەم. فڕێی دا. بیرم دێت. هەڵمنەگرتەوە؟

دەستی بێهوودانە بە ناو گیرفانەکانیدا پەلی کوتا. نا، هەڵمنەگرتەوە. باشترە دانەیەک بکڕم.

چڵمە وشکەکەی کە لە کونەلووتیەوە دەریهێنابوو بە وریایی لە لێواری بەردێکی سوی. ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، کێش تەماشا دەکات با بیکات.

دواوە. ڕەنگە یەکێکی لێبێت.

ڕوخساری بەسەر شانێکیدا سووڕاندەوە، پاشەوپاش ڕوانی[379]. کۆڵەکە بەرزەکانی سێبایەوانێک بەناو هەواکەدا دەجووڵا[380]، بایەوانەکانی بەسەر خاچەدارەکانیدا هەڵکرابوون، دەگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی، بەرەوڕووی تەوژم، بە بێدەنگی دەجووڵێت، کەشتییەکی بێدەنگ.

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی سێیەم

[1] **ئەڵقەی سێیەم: پرۆتێفس**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: گوێئاوی ساندیماونت – دەبلن.

**کات**: پێنجشەممە، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ١١ی بەیانی.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: ستیفن دێدالۆس.

هیچ شتێک لەم ئەڵقەیەدا ڕوو نادات. بەشی زۆری ئەڵقەکە لە شەپۆلی هۆشی ستیفن پێک هاتووە. واتە گێڕانەوە دەچێتە ناو مێشکی ستیفنەوە و بیرەکانی دەردەخات. مەڵیگن لە کۆتایی ئەڵقەی یەکەمدا داینا کاتژمێر دوازدە و نیو لە مەیخانەی ذە شیپ لەگەڵ ستیفن یەک ببینن و ستیفن پارەی خواردنەوەیان بۆ بدات. بۆیە لەم ئەڵقەیەدا ستیفن بە پێ دەگەڕێت تا کات بە ڕێ بکات و بە دەم گەڕانەوە بیر دەکاتەوە.

سەرەتا ستیفن بیر لە تیۆریی ڕەنگ و بینین لای ئەریستۆتێلیس دەکاتەوە و بە تێڕوانینی یاکۆب بۆهمە و جۆرج بێرکەلی بەراوردی دەکات. پاشان هەوڵ دەدات بە چاونووقاوی بە گوێئاوەکەی ساندیماونتدا بڕوات. ساندیماونت ناوچەیەکی پاڵشاری دەبلنە. دوو خانم دەبینێت بۆ لای گوێئاوەکە دادەبەزن، یەکێکیان مامانی خوشکێکی ستیفن بووە. ستیفنیش لەوەوە بیر لە منداڵبوون و ئافراندن و ئادەم و حەوا و هاتنی خۆی بۆ دونیا دەکاتەوە.

ماڵی خاڵی ستیفن هەر لە ناوچەی ساندیماونتە و ستیفن لێوەی نزیکە. خاڵی ستیفن ناوی *ڕیچی گولدینگ*ە. ستیفن بیر دەکاتەوە ئایا سەرێک لە ماڵی خاڵی بدات یان نا؟ ئینجا ئەم سەردانە لە خەیاڵی خۆیدا وێنا دەکات. وێنای ناو ماڵی خاڵی و قسەکانی خاڵی دەکات. خاڵی ستیفن هەوادارێکی سەرسەختی ئۆپێرای *شایەرەکە* (*ئیل ترۆڤاتۆرێ* *Il Trovatore*)ی جیوزێپێ ڤێردییە، بە تایبەتی یەکەم هەوای ئۆپێراکە کە ناوی *ئاللێرتا*یە. ستیفنیش هەر بە دەم ڕێوە ئاوازی ئەم هەوایە بە فیکە دەردەکاتەوە.

دەیان شتی جۆراوجۆری مێژوویی و دینی دێنە خەیاڵی ستیفن. پاشان بیر لە ژیانی ڕابردووی خۆی دەکاتەوە کە لە پاریس چەند بێپارە بووە و خەریکی خوێندنەوەی پەڕتووک بووە. بیر لەوە دەکاتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستوویەتی پەڕتووکانێک بنووسێت و تەنها پیتێک ناونیشانیان بن. پاشان ئەم پەڕتووکانە بنێرێت بۆ گەورەترین پەڕتووکخانەکانی جیهان. دواجار بۆی دەردەکەوێت کە ئەوەندە ڕۆ چووەتە بیرکردنەوەوە کە ماڵی خاڵی تێپەڕاندووە و سەردانیان ناکات.

ستیفن دەکەوێتەوە بیرکردنەوەی تر لە پاریس. بیر لەوە دەکاتەوە کاتی خۆی پیاوێکی لەوێ دیوە بە ناوی *کێڤن ئیگن*ەوە و کوڕێکی هەبووە ناوی *پاتریک* بووە. کێڤن ئیگن پێشتر خەباتگێڕێکی ئایر بووە، بەڵام ئەو کاتەی ستیفن لە پاریس دیویەتی لە چاپخانەدا کاری کردووە. کێڤن ئیگن ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەردەمی خەباتگێڕیدا لەسەر ئەوەی گوایە دەستی لە ڕزگارکردنی چەند هاوخەباتێکی خۆیدا هەبووە لە بەندیخانە، خۆی دەستبەسەر کراوە. ئینجا هاوخەباتەکانی هەوڵیان داوە لە بەندیخانە ڕزگاری بکەن بەوەی بەرمیلێک بارووتیان لە ژێرزەمینی بەندیخانەکەدا تەقاندووەتەوە. بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرتووە.

پاشان ستیفن سەرلەنوێ بیر لە ڕادەی هەژاریی خۆی دەکاتەوە لە پاریس کە ئەگەر دایکی لە ئایرلاندەوە پارەی بۆ ڕەوانە نەکردایە لە برسدا دەمرد. بیر لە ڕووداوێک دەکاتەوە کە دەرگاوانێک دەرگای پۆستەخانەکەی بەسەریدا داخستووە و پارە ڕەوانەکراوەکەی دایکیی لەو ڕۆژەدا وەرنەگرتووە. پاشان بیر لە نادادیی پاریس دەکاتەوە کە ناچار بووە بلیتی شوێنان هەڵبگرێت تا ببێت بە بەڵگەی ئەوەی لە شوێنی تاوان نەبووە، نەکا ڕۆژێک تۆمەتێکی بخەنە پاڵ و تاوانێکی بە سەردا ساغ بکەنەوە کە ئەم دەستی تێیدا نەبووە! ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ ئایرلاند بۆ ئەوەی پارە نەدات بە بارهەڵگری لەنگەرگاکە، کە کرێکەی سێ پنس بووە، وا خۆی پیشان داوە کە فەرەنسییە و زمانی ئینگلی و ئایری تێناگات. بیر لەو بروسکەیە دەکاتەوە کە باوکی بۆی ناردووە تا بگەڕێتەوە ئایرلاند، چونکە دایکی لە سەرەمەرگدا بووە. هەر بەو هۆیەشەوە بووە کە ستیفن پاریس و خوێندنی پزیشکیی بە جێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە دەبلن.

ستیفن هەر بەردەوام بە ڕێوەیە. دەکەوێتەوە بیری پاریس و کێڤن ئیگن و یەکبینینەکەیان و بیر لەو و لە بارووت دەکاتەوە. لەوێشەوە بیر لە مێژووی ئایرلاند و خەباتە جۆراوجۆرەکانی دەکاتەوە. لە دوورەوە سەگێک دەبینێت. بەردەوام بیر لە ڕۆژگارێکی ڕابردووی ئایرلاند و دواتر لە ئاو و ئەو پیاوە دەکاتەوە کە نۆ ڕۆژە خنکاوە و لە ئەڵقەی یەکەمەوە چەند کەسێک خۆیان بۆ ئامادە کردبوو ئەمڕۆ لاشەکەی دەربکەوێت.

ژن و پیاوێک لە دوورەوە دەبینێت، وا دیارە قەرەجن و ڕاوی قاقلەی کەنار ئاوەکان دەکەن. دەردەکەوێت سەگەکەش هی ئەوانە و ناوی *تاتەرزە*. تاتەرز کەلاکی

سەگێکی دیوە و لێوەی نزیک بووەتەوە و بە دەوریدا دێت و دەچێت. بەڵام خاوەنەکەی تاتەرز بە هاوار بانگی دەکاتەوە. کە دەگەڕێتەوە لای شەقێکی تێ هەڵدەدات. ستیفن دەکەوێتە بیرکردنەوە لە ژیانی قەرەج و زمانی تایبەتی قسەکردن و گۆرانی و هۆنراوەکانیان.

پاشان بیر لە هۆنراوەیەک دەکاتەوە کە خۆی دەیەوێت بینووسێت. دادەنیشێت و تێبینییەک لەسەر بەردێک دەنووسێتەوە. پەڕەی نامەکەی میستەر دیسیش دەردەهێنێت و سووچێکی لێ دەدڕێنێت تا مسۆدەی هۆنراوەکەی خۆیی لەسەر بنووسێت. دیسان دەکەوێتەوە بیری جۆراوجۆر. پاشان سەرنجی ئاوی کەنداوەکە دەدات کە گیا و ڕووەک لە ژێریدا بە سستی دەجووڵێنەوە. دیسان بیری بە لای شتی جۆراوجۆردا دەڕواتەوە، تا بیر لە گۆڕانکاری دەکاتەوە، کە هەموو شتێک بەردەوام لە گۆڕاندایە. دواتر لەسەر بەردەکە هەڵدەستێت و کەشتییەک لە دوورەوە دەبینێت. **~ن.م.**

لە پەڕتووکی چوارەمی *ئۆدیسە*دا، تیلێماخۆس لە کۆشکەکەی مێنێلاوسە و مێنێلاوس چیرۆکی گەڕانەوەی خۆی دەگێڕێتەوە لە ترۆیاوە. کەشوهەوای زریاناوی ناچاری کردووە ڕێی میسر بگرێتە بەر، کە دیسان بایەوان هەڵدەدات و بە ڕێ دەکەوێت، دەگاتە دوورگەی فارۆس، کە دوورگەیەکی بەردینی بەری خۆرئاوای دەلتای نیلە و زریانەکە هێمن دەبێتەوە و با نامێنێت {تا پاڵ بە کەشتییەکەیەوە بنێت و بتوانێت لە گەشتەکەی بەردەوام بێت}. مێنێلاوس نەیزانیوە چ خوداوەندێک «گلی داوەتەوە» یان «دەستبەسەری کردووە»، دواتر دەردەکەوێت کەمتەرخەمیی کردووە لە پێشکەشکردنی قوربانی و نەیزانیوە چۆن لە گەشتی گەڕانەوەکەی بەردەوام ببێت. کچەکەی پیرەمێردی دەریا (پرۆتێفس)، کە لە دوای پۆسیدۆنەوە سەرگەورەی دەریایە، بەزەیی پێیدا هاتووەتەوە و کەوتووەتە نێوانەوە و پێی وتووە کە باوکی (واتە پرۆتێفس) توانای داهاتووبینیی هەیە. مێنێلاوس دەبێت پرۆتێفس بگرێت و بیبەستێتەوە تا ناچاری بکات قسە بکات، هەرچەندە ئەو دەتوانێت شێوە و بیچمی خۆی بە هی هەموو ئاژەڵ و ئاو و ئاگرێک بگۆڕێت تەنها بۆ ئەوەی ڕزگار ببێت. مێنێلاوس {ئەمە دەکات و} سەرکەوتوو دەبێت و پرۆتێفسیش وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە و پێی دەڵێت چۆن ئەو جادووە بشکێنێت کە لێی کراوە تا لە میسر پێبەست ببێت و باسی مردنی ئایاس (Ajax) و ئاگامێمنۆنیشی بۆ دەکات و هەواڵی شوێنی ئۆدیسێفسیشی پێ دەڵێت، کە بێکەس و تەنیا لە دوورگەکەی کالیپسۆ بەندەیە.

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ١١ی بەیانییە. شوێنی دیمەن: گوێئاوی ساندیماونتە، ئەو کەنارەی بە باشووری دەمی ڕووباری لیفیدا تێدەپەڕێت بە نزیک کەڵەرەی پیجنهاوس، {**کەڵەرە**: واتە دیواری شەپۆلشکێن، یان شەپۆلڕەوێن}، ئەو کەڵەرەیەی بە کەناری باشووری لیفیدا بەرەو کەنداوی دەبلن درێژ دەبێتەوە. ستیفن لە دالکییەوە بەرەو دەبلن بە هۆی گواستنەوەی گشتییەوە هاتووە و ئێستاش ئەو کاژێر و نیوە بە ڕێ دەکات پێش یەکتربینینەکەی کاتژمێر ١٢:٣٠ی نیوەڕۆ لەگەڵ مەڵیگندا لە مەیخانەی ذەشیپ (کە لە کۆتاییدا ناشچێت) هەیەتی. ئامراز: هیچ. هونەر: فیلۆلۆژیا. ڕەنگ: سەوز. هێما: کێشاو {گۆڕانی ئاستی ئاو}. تەکنیک: مۆنۆلۆگ {خۆدوواندن}. هاوتەریبەکان: پرۆتێفس-مادەی پێکهێنەری سەرەکی [پیاتێنەپەڕیوی لە بۆشایی و فراوانبوونی مسۆگەرانە و دانەبڕاو لە کاتدا]، مێنێلاوس-کێڤن ئیگن {سەردانەکەی تیلێماخۆس بۆ کۆشکەکەی مێنێلاوس لە یادهێنانەوەی سەردانە مژدەبەرییەکەی ستیفندا وێنە دەداتەوە کە چووە بۆ «کۆشکەکەی» کێڤن ئیگن لە پاریس}، مێگاپێنتوس-قاقلەگران {**قاقلەگران**: واتە ئەوانەی ڕاوی قاقلە دەکەن و دەیانگرن} {**مێگاپێنتوس** لەبەردەم دیواری ترۆیادا لە دایک بوو، کوڕی مێنێلاوس و ژنە کەنیزەکێکە. کە تیلێماخۆس دەچێتە کۆشکەکەی مێنێلاوسەوە هەمووان سەرگەرمی زەماوەندی هاوسەرگیرییەکەی مێگاپێنتوسن}.

لە هێڵکارییەکەی لیناتیدا، بە لیستێکی تر ناوی ئەم کەسێتییانە (بێ دیاریکردنی هاوتەرییبیان) هاتووە: هێلێن و تیلێماخۆس. **~گ.س.**

وەک گیفرد ئاماژەی پێ دا، هونەری ئەم ئەڵقەیە فیلۆلۆژیایە، **فیلۆلۆژیا** وشەیەکی گریکییە، لە *فیلۆ* و *لۆژی* پێکدێت، *فیلۆ* واتە خۆشەویستی، *لۆژی* واتە وشە، یان زانست. تەواوی وشەکە واتە خۆشویستنی وشە یان وشەدۆستی. *فیلۆلۆژیا* لە زمانە ئەورووپاییەکاندا بە واتای *خۆشەویستیی زمان و وێژە*ش بە کار هاتووە. بۆیە لەم ئەڵقەیەدا جۆیس ڕۆ دەچێتە وردەکاریی زۆر وشەوە. هەروەها کە ئەڵقەکەش بە ناوی *پرۆتێفس*ەوە ناو نراوە، شتەکانی ئەم ئەڵقەیەش بەردەوام، هەر وەک پرۆتێفس خۆی، لە گۆڕاندان. گۆڕان، یان دۆنادۆن، یان لەشگۆڕکێ یەکێکە لە بابەتەکانی ئەم ڕۆمانە، لە ئەڵقەی چوارەمەوە بە چەمکی *لەشگۆڕکێ* و *دۆنادۆن* ئاشناتر دەبین. **~ن.م.**

[2] **مەرجێتیی مسۆگەرانەی لەبینینهاتوو**: **مسۆگەرانە**: بە ئینگلی *ineluctable*، واتە شتێک کە هەر دەبێت ڕوو بدات، لە زمانی عەرەبیدا حَتْمِیٌّیە، کە زۆر جار لە کوردیشدا بە کار دەهێنرێت و دەوترێت *حەتمەن* یان *حەتمی*، لە زمانی خۆمانەییدا وشەی *ئیللانوبیللان*یش

به کار دەهێنرێت. بەڵام دواجار *مسۆگەرانە*م دەستنیشان کرد. **لەبینینهاتوو**: واتە هەر شتێک کە بتوانرێت ببینرێت. کۆی دەستەواژەکە واتە ئەو شتەی مەرجە کە لە تەماشاکردنی هەر شتێکدا ببینرێت و نەتوانیت خۆتی لێ لابدەیت. **~ن.م.**

سەرچاوەی ڕاستەوخۆی ئەمە نەزانراوە، بەڵام ئەریستۆتێلیس لە *دەربارەی هەست و هەستپێکراو*دا باسی ئەوە دەکات کە کرۆکی شتێک کە بە چاو دەبینرێت، لە ڕەنگ و شێوەی وێنەکەیدا دیار نییە، (لە هەنبەر ئەمەدا، لە دەنگ و تامدا ئاوێتەیەکی «شیاو»ی کرۆک و شێوە لە وێنە هەستپێکراوەکەدا بە دی دەکرێت). واتە، ئەریستۆتێلیس دەڵێت گوێ بەشداری دەکات لە کرۆکی ئەوەی دەیبیستێت (و دەشتوانێت دەستکاریی بکات)، بەڵام چاو ناتوانێت. **~گ.س.**

مەرجێتیی مسۆگەرانەی لەبینینهاتوو ئەوەیە کە لە کاتی بینیندا ناتوانرێت نەبینرێت، ئەمەش لای ئەریستۆتێلیس «ڕەنگ»ە، کە چەنێک کۆشش بکەیت ناتوانیت لێی دەرباز ببیت نەیبینیت. ئەمەش ئاماژە بە شێوە و داگۆڕانەکانی پرۆتێفس دەدات لە پەڕتووکی چوارەمی *ئۆدیسە*دا. هەروەها ئەمە ئاماژە بە بانگەشەکەی یاکۆب بۆهمە (١٥٧٥-١٦٢٤) دەدات کە دەڵێت: «بوونی هەموو بوونێک هێزێکی کۆششکردنە» {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو}. **~س.ت.م.١**

بێگومان لە ڕووی فەلسەفی و کردەییشەوە، مەرج نییە ڕەنگ ئەو ڕەگەزە بێت کە نەتوانیت نەیبینیت، چونکە زۆر کەس هەن بە زگماکی ڕەنگکوێرن و ڕەنگ نابینن، یان چاویان هەندێک ڕەنگ دەبینێت و هەندێک ڕەنگ نابینێت. بەڵام دەشێت ڕووناکی و تاریکی، ئەوەی بە ئینگلی پێی دەڵێن: *لومینۆسیتی luminosity* و زوڵاڵێتی و نازوڵاڵی، کە لە خوارتر باس دەکرێن، ئەو مەرجانە بن کە نەتوانیت نەیانبینیت. **~ن.م.**

[3] **مۆرکی هەموو شتێک**: لە زمانی کوردیدا «مۆرک» لانیکەم سێ واتای هەیە، ١. نیشانەی پێناسەرەوەی شتان. ٢. جۆرێکی ترێیە. ٣. جۆرە مووروویێکە لەو جۆرە ترێیە بچێت. من تەنها بە واتای یەکەمیان وەرمگێڕاوە، واتە بۆ نموونە کاتێک دەوترێت مۆرکی منداڵ، واتە ئەو نیشانانەی منداڵی پێ دەناسرێتەوە. لێرەشدا کە دەڵێت «مۆرکی هەموو شتێک» مەبەست ئەو نیشانانەن کە هەموو شتێکی پێ دەناسرێتەوە. **~ن.م.**

یاکۆب بۆهمە (١٥٧٥-١٦٢٤)، کە ڕازگرێکی ئەڵمانی بوو، پێی وا بوو هەموو شتێک لە ڕێی پێچەوانەکەیەوە بوونی هەیە و {پێچەوانەکە} وا دەکات لەو شتە تێبگەین. بۆیە *مەرجێتیی* ئەزموونی بینین (وەک مۆرکێک کە بتوانرێت بخوێنرێتەوە) مسۆگەرانە لە

بەرانبەر کرۆکە ڕاستییەکاندا دەوەستێتەوە، کە ئەوانیش لایەنە گیانەکییەکەن. جۆن سپارۆ (١٦١٥-١٦٧٠) {کە وەرگێڕی نووسینەکانی بۆهمەیە لە ئەڵمانییەوە بۆ ئینگلی}، لە پێشەکیی وەرگێڕانەکەی خۆیدا بۆ پەڕتووکی *چل پرسیار دەربارەی گیان و کلیلەکانی* بۆهمەدا (١٦٤٧)، دەڵێت: «بۆهمە بە بینینی دوو دیمەنی "ڕووناکیی ئاسمانی"ش هەر دانەکەفتووە، چووەتە دەشتاییە کراوەکەی دەرەوە و لەوێ لە مۆرک و شێوە و بیچم و تایبەتمەندێتی یان چۆنایەتیی هەموو شتە ئافرێنراوەکانی کردگاردا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی کارە سەرسووڕهێنەر و بەڵاجەوییەکانی خودای بینیوە کە لەبەرچاو بوون. ئینجا کە خۆی لە چێژ و دڵخۆشی لێوانلێو بوو، ئەوکات بە بێدەنگی سوپاس و ستایشی خودای کرد و شکۆی پێی دا» لە لاپەڕە ١٩ی *کلیل*یشدا دەڵێت: «زاوە {**زاوە**، یان **عەتارد**، نزیکترین هەسارە لە خۆرەوە}، کە هاوتای "دانایی، وشە، قسەکردن، دەربڕین"ە، بە واتای *جووڵە و جیابوونەوەی سرووشت* دێت کە لە ڕێی ئەوەوە هەموو شتێک بە مۆرکی خۆی دەگات» بۆهمە لە سەرەتای بەشی یەکەمی پەڕتووکی *مۆرکی هەموو شتێک*دا بەو پەیڤە دەست پێ دەکات کە دەڵێت: ١. «هەر شتێک بێ زانینی مۆرکەکەی کە لەسەر خودا دەوترێت، یان دەنووسرێت، یان فێر دەکرێت، گەوجانەیە و لە تێگەیشتن دوورە: چونکە تەنها لە گریمانەیەکی مێژووییەوە دەهێنرێت و لە ڕێی دەمی کەسێکی ترەوە دەوترێتەوە، لە کاتێکدا گیان بێ تێگەیشتن گەوجانەیە، بەڵام ئەگەر گیانەکە مۆرکەکە بەو کەسە پیشان بدات، ئەوکات ئەو کەسە لە وتەکانی کەسێکی تر تێدەگات و لەوەش زیاتر، لەوە تێدەگات کە چۆن گیانەکە لە نەوای دەنگدا (لە دەرەوەی کرۆکی خۆی و لە ڕێی بنەڕەتەوە) خۆی دەردەخات و خۆی ئاشکرا دەکات». **~گ.س.**

[4] **گەرادەریا و ئاومالک**: **گەرادەریا**: بە ئینگلی *seaspawn*، وشەیەکە جۆیس خۆی لێکیداوە، **گەرا** لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «تۆوی هێندێ گیاندارە کە دەژێتەوە وەک خۆی گیانداری لێ پەیا دەبێ». لەبەر ئەوەی ستیفن لەم ئەڵقەیەدا بە کەنار ئاوەکەدا پیاسە دەکات و لە وشەکانی تەنیشت ئەم وشەیەوە ئاماژە بە هەندێک شتانی تر دەدات کە لە کەنارەکەدا کەوتوون، بۆیە لەوانەیە مەبەستی گەرای دەریا بێت، واتە گەرای ئاژەڵانی ناو دەریا. **ئاومالک**: بە ئینگلی *sea wrack*، جۆیس هەردوو وشەکەی پێکەوە لکاندووە، واتە چیلکە و و گیای لە ئاو دەرماڵراو کە لافاو کەناری خستوون. سام سلەوت دەڵێت کە وشە ئینگلییەکە بە واتای *پارچەی ڕاماڵراوی کەشتی و بەلەمی تێکشکاو*یش دێت. لە کوردییەکەشدا هەردوو واتاکە دەگەیەنێت، لە *فەرهەنگی خاڵ*دا

پێناسەی *ئاوماڵک* بەم شێوەیە کراوە: «کۆتەرەدارێکە کە ئاو ڕاپێچێت و بگیرێتەوە بۆ سووتاندن»، لە *فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە*دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «ئەو چیلکەو چاڵەی لافاو هاوردوویەو داویەتە کەنار». **~ن.م.**

[5] **نیشانەی ڕەنگکراو**: فەیلەسووف و فێرکار و ئوسقوفی کلۆین {**کلۆین**: شارۆچکەیەکە لە کاونتیی کۆرک لە باشووری ئایرلاند}، جۆرج بێرکەلی (١٦٨٥-١٧٥٣) لە *وتارێک دەربارەی تیۆریی نوێی بینایی*دا (دەبلن، ١٧٠٩)، دەڵێت کە ئێمە هەر ئاوها شتان «نابینین»، بەڵکو ئێمە تەنها نیشانەی ڕەنگکراو دەبینین و دواتر ئەمانە بە شت دادەنێین: «لە نووسینگەکەی خۆم دادەنیشم و دەنگی عەرەبانەیەک دەبیستم کە بەسەر شەقامەکەدا لێدەخوڕێت؛ لە پەنجەرەکەوە تەماشا دەکەم و دەیبینم، دەچمە دەرەوە و دەچمە ناوی. ئاوها، قسەکردنی ئاسایی وا لە خەڵک تێدەگەیەنێت کە وا بزانێت من دەنگ و ڕەنگی هەمان شتم بیست و بینی و دواتریش دەستم لێی دا، کە ئەویش عەرەبانەکەیە. لە کاتێکدا ئەوە ئاشکرایە کە ئەو بیرۆکانەی لە ڕێی هەر هەستێکەوە دێنە مێشکمەوە ئێجگار جیاوازن و لە یەک دوورن. بەڵام لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی وا سەرنج دراوە کە پێکەوە بوون، بۆیە وا باس دەکرێن کە یەک شتن و هەمان شتن». **~گ.س.**

گەرای دەریا و ئاوماڵک: سەوزی چڵمییەکەن، کێشاوە نزیککەرەوەکە: شینی زیوینە، پووتە ژەنگاوییەکەش: ئاشکرا دیارە، ڕەنگی ژەنگە. مەبەست لە «نزیککەرەوە» کە لە پەسنی کێشاوەکەدا دەیلێت، ئەوەیە کە کێشاوەکە شتان لە کەنار نزیک دەکاتەوە. لە ئەڵقەی یەکەمدا کە نۆ ڕۆژە کەسێک خنکاوە، چاوەڕێی کێشاوەکەن کە تەرمەکەیان بۆ دەربخات. **~ن.م.**

[6] **سنوورەکانی زوڵاڵی... لە تەنەکاندا**: *زوڵاڵی* لە *زوڵاڵ*ەوە هاتووە، واتا شتێکی ڕوون کە لەمدیوەوە بە جوانی ئەودیو دیار بێت، وەک شووشە. بە عەرەبی *شفّافيّة*ە. جۆیس وشەی *diaphane*ی بە کار هێناوە کە ڕاستەوخۆ وشە گریکییەکەیە، دەنا لە ئینگلیدا دەوترێت *transparency*، بەڵام ئەو بە کاری نەهێناوە. **~ن.م.**

ئەمە تیۆریی ئەریستۆتێلیسە لەسەر بینین کە لە *دەربارەی هەست و هەستپێکراو* و *دەربارەی گیان*دا پەرەی پێ داوە. ئەریستۆتێلیس لە *دەربارەی گیان*دا دەڵێت کە: ڕەنگ «شتێکی تایبەت»ی بینینە، وەک چۆن دەنگ شتێکی تایبەتی بیستنە. لە *دەربارەی هەست و هەستپێکراو*دا وا گریمانە دادەنێت کە: «زوڵاڵی {یان شەفافێتی} شتێکی تایبەتی هەوا و ئاو و هیچ کامێک لەو تەنانەی تر نییە کە زۆر جار پێیان دەوترێت "ڕوون"، بەڵکو

سرووشت و هێزێکی گشتییە، خۆی ناتوانێت بە تەنها بوونی هەبێت، بەڵکو بە پلەیەکی کەم یان زۆرتر لە هەموو تەنێکی تردا بوونی دەبێت... بەڵام ئاشکرایە کاتێک زولاڵی لە تەنە بەرچاوەکاندایە، دەبێت سنوورەکانی شتێکی ڕاستینە بن، ئەو ڕەنگەش ڕاستەوڕاست ئەم «شت»ەیە کە بە ئاسانی لە ڕێی ڕاستییەکانەوە باسمان کرد. ڕەنگ یان لەسەر سنوورە دەرەکییەکانی تەنەکانە، یان خودی خۆی سنووری تەنەکانە... کە وا بوو، ئەوە زولاڵییە کە بە پێی ئەو ڕێژەیەی لە تەنەکاندا بوونی هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەنگیش لە خۆ بگرن. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەنگ لەوپەڕی سنوورەکانی تەندایە، کەواتە دەبێت لەوپەڕی سنووری زولاڵێتیی ناو تەنەکەشدا بێت». **~گ.س.**

[7] **بەوەی... پیایاندا کێشاوە**: ئەریستۆتێلیس بە شێوەیەک بوونی تەنی شتانی سەلماندووە کە وەک ڕەتدانەوەکەی دکتۆر ساموئێل جۆنسن (١٧٠٩-١٧٨٤) وا بووە کە بەرپەرچی «چەواشەکارییە وەستایانەکەی بەڕێز ئوسقوفی بێرکەلی» داوەتەوە «کە نەبوونی مادەی سەلماندووە و دەڵێت گوایە هەموو شتێک لە گەردووندا تەنها بیرۆکەیە». {بۆ *بێرکەلی* (بڕوانە ٣: ٥)} (جەیمز بۆسوێڵ، *ژیانی جۆنسن*، ٦ی ئابی ١٧٦٣). بۆسوێڵ دەڵێت کە: «هەرگیز گورجوگۆڵیی وەڵامدانەوەکەی جۆنسنم لە بیر ناچێتەوە، بە هێزێکی زۆر شەقی لە بەردێکی گەورە هەڵدا، لە کاردانەوەکەیدا وتی: "منیش ئاوها ڕەتی دەدەمەوە"». **~گ.س.**

[8] **کەچەڵ و ملیۆنێریش بووە**: مەزندەکردنی سەدەکانی ناوەڕاستە بەو زانیارییە کەمانەی لەسەر ژیننامەی ئەریستۆتێلیس هەیانبووە. **~گ.س.**

[9] **مایسترۆ دی کۆلۆر کێ سانۆ**: ئیتالییە، واتە «مامۆستای زانایان». ئەمە پەسنی دانتێیە بۆ ئەریستۆتێلیس. بڕوانە *کۆمیدیای* دانتێ (دۆزەخ ٤: ١٣١). **~گ.س.**

[10] **نازولاڵ**: واتە شتێک لەمدیوەوە ئەودیوی دیار نەبێت. لێرەدا ستیفن تێناگات بۆچی دەبێت زولاڵێتی لە ناو تەنەکاندا هەبێت، وەک چۆن ئەریستۆتێلیس وا دەڵێت، بۆیە بە پێی بۆچوونەکەی یاکۆب بۆهمە کە «پێی وا بوو هەموو شتێک لە ڕێی پێچەوانەکەیەوە بوونی هەیە و *پێچەوانەکە* وا دەکات لەو شتە تێبگەین»، هەوڵ دەدات لە ڕێی پێچەوانەکەیەوە، کە *نازولاڵ*ە لە *زولاڵ* تێبگات. **~ن.م.**

[11] **ئەگەر توانیت... دەرگایە**: لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەئامێزی شێوازی پێناسەکردنی دکتۆر جۆنسنە لە *فەرهەنگی زمانی ئینگلی*یەکەیدا (١٧٥٥). لەم فەرهەنگەی جۆنسندا لە تۆماری *دەرگا*دا دەڵێت: «*دەرگا* بۆ ماڵان بە کار دەهێنرێت، *دەروازە*ش هی شار و

باڵەخانەی گشتییە، جگە لە هۆنراوەدا {کە دەتوانرێت لە بری یەکتر بە کار بهێنرێن}». **~گ.س.**

کە دەڵێت «ئەگەر نا ئەوا دەرگایە»، دەکرێت بە «ئەگەر دەرگا نەبێت»یش وەربگێڕرێت. **~ن.م.**

[12] **شەقاو:** هەنگاوی درێژ. **~ن.م.**

[13] **ناخئایننانده... نیبنئایننانده:** بە ئەڵمانی **ناخئایننانده**، *nacheinander*: واتە یەک لە دوای یەک. **نیبنئایننانده**، بە ئەڵمانی *nebeneinander*: واتە بەپاڵ یەکتردا. {جۆیس ناساندوویەتی، واتە: یەکلەدواییەکەکە - بەپاڵیەکترەکە} گۆتهۆلد ئەفرایم لێسینگ (١٧٢٩-١٧٨١) کە ڕەخنەگر و شانۆنامەنووسێکی ئەڵمانی بوو، لە پەڕتووکی *لاوکوون*دا (١٧٦٦)، جیاکارییەکی لە نێوان بابەتی شیاوی هۆنراوە و بابەتی شیاوی هونەری بینیندا کردووە. «لە باری یەکەمیاندا کردار دیارە و دوابەدوای یەک دێن، بەشە جیاوازەکان لە زنجیرەیەکی دوابەدواهاتووی کاتدا *ناخئایننانده* بە دوای یەکتردا دێن، لە بارەکەی تریاندا کردار دیارە و جێگیرە، بەشە جیاوازەکان لە بۆشاییدا *نیبنئایننانده* پێکەوە و شانبەشانی یەکتر پەرە دەسێنن». لێسینگ وا دایدەنێت کە یەکەمیان *ناخئایننانده* (یەک لە دوای یەک) بابەتی هۆنراوەییە *نیبنئایننانده* (بەپاڵ یەکتردا) بابەتی هونەری شێوەکاری و هونەری بینراوە. **~گ.س.**

[14] **ئەگەر... دەرپەڕیوە:** (بڕوانە ١: ١٧٥). **~گ.س.**

[15] **نیبنایننەندەر:** (بڕوانە ٣: ١٣). **~گ.س.**

[16] **شمشێرە ڕەشەدارینەکەم:** (بڕوانە ١: ١٦٢ و ١: ١٩٤). **~ن.م.**

[17] **پیتکاندن:** پیاکێشانێکی ئەسپایی و خێرا. **~ن.م.**

[18] **دوو پێم... لاقەکانیدان:** پانتۆڵ و پووتەکەی پێی ستیفن هی مەڵیگنە کە فڕێیداون. **~گ.س.**

[19] **بە مێکوتەکەی... دروست کراوە:** لۆسی دێمیورگۆس واتە «*لۆس*، خودای ئافرێنەر»، لۆس یەکێکە لە شێوە هێماییەکانی ویلیەم بلەیک (بڕوانە ٢: ٤) لۆس کەسێتیی سەرەکیی *پەڕتووکی لۆس*ە (١٧٩٥). بلەیک دەڵێت: «بەڵام ئاگرەکان ڕووناکییان نەبووا! هەموو شتێکی دەوری لۆس تاریک بوو: گەرما نەبوو» پاشان دەڵێت: «مێشکە کەوتووەکە یەکبینە کاری دەکرد، خۆی ڕێکدەخست» *لۆس* لای بلەیک یەکێکە لە چوار *زۆوا*کان، {**زۆوا** لە هەردوو وشەی *زۆ* و *زۆی*ی گریکییەوە هێنراوە، *زۆ* واتە ئاژەڵ و *زۆی* واتە ژیان} زۆواکان

هێز و توانای پێکهێنەری سەرەتایی ژیانن، بەرجەستەکراوی خەیاڵی داهێنەرانەن. پلاتۆن وتوویەتی *دێمیورگۆس* کردگاری جیهانی مادییە و هاوکات ئەم ناوە لە تیۆر و تیۆسۆفیی گنۆسیزمیشدا هەیە کە گوایە دێمیورگۆس «ئەندازیاری ژیان»ە (بڕوانە ١: ٢١٣). هەروەها ئەم ساتەی ستیفن باسی دەکات بەو ساتە بەراورد بکە کە بلەیک لە هۆنراوەی *میڵتن*دا باسی دەکات کاتێک میڵتن لە قاچی چەپیەوە دێتە ناو لەشی بلەیکەوە:

«سەرلەبەری ئەم جیهانە پڕ سەوزاییە لە قاچی چەپمدا دەرکەوت،

وەک سۆلێکی ورشەداری لە بەردی بەنرخ و زێڕ دروستبوو، شێوەی نەپاوی وەرگرتبوو،

نوشتامەوە و لە پێم کردن تا بەرەو تاتایی بڕۆم» ~**گ.س.**

لۆس پێغەمبەری تاتاییە و چەکوشێکی پێیە کە بەو چەکوشە (لەوانەیە) جیهانی دروست کردبێت. ~**س.ت.م.١**

[20] **ساندیماونت**: بڕوانە پەرەگرافی دووەمی یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیە. ~**گ.س.**

[21] **پارەی دەریایی کێوی**: قاقلە، یان لەپکە وشەیەکی بازاڕییە لە بری *پارە* بە کار دەهێنرێت. ~**گ.س.**

هەروەها وەک لە تێبینیی سەر **کاوری**دا لە ئەڵقەی دووەمدا باس کرا، هەندێک جۆری قاقلە لە کۆندا لە بری پارە بە کار هێنراون. ~**ن.م.**

[22] **نایەی... مادەلین؟**: دێڕی دووەمی هۆنراوەکە، کە من بە «ماینە مادەلین» وەرمگێڕاوە، لە ئینگلیییەکەدا *مادەلین ذە مێر* -*Madeline the mare*ە. بە ئینگلی *مێر* - *mare* واتە ماین و *مادەلین*ەکەش کراوە بە ناسراو و *ذە* – *the*ی وەرگرتووە. لە بەرانبەردا ئامرازی ناساندن لە زمانی فەڕەنسیدا بۆ نێر *لو le*ە، لە ڕاڤەکەی گیفردیشدا، کە پەرەگرافەکەی دوای ئەم تێبینییەی منە، هەردوو ئەو ناوانەی ئاماژەیان پێ دەدات بە فەڕەنسی بە *لومێر* – *Lemaire* دەخوێنرێنەوە. ئەگەر *لو*ی ئامرازی ناساندنەکە لێبکەیتەوە، تەنها *مێر* - *maire* دەمێنێتەوە کە ئەگەرچی ڕێنووسەکەی لەگەڵ ئینگلیییەکەدا جیاوازە، بەڵام لەگەڵ *مێر* *mare*ی ئینگلیدا هەمان خوێندنەوەی هەیە. ئاوهاش *لومێر*ی ئینگلی دەبێتە *ذە مێر*، (بە واتای *ماینەکە*)ی ئینگلی، کە من تەنها بە «ماینە» وەرمگێڕاوە، ئەویش لە ڕاڤەی داهاتوودا دەزانرێت بۆچی بە «ماینە مادەلین» وەرمگێڕاوە. ~**ن.م.**

ئەم دێڕە یاریکردنە بە یەکێک لە دوو ناوان: ١. مادەلین لومێر (١٨٤٥-١٩٢٨) شێوەکارێکی فەڕەنسی بوو کە تابلۆکانی، بە تایبەت ئەوانەی بۆ لودۆڤیک ئالێڤی {یان حەلێڤی}ی کێشاوە، زۆربەیان گوڵین بوون، ساڵانی ١٨٨٠ تا ١٩١٠ باو بوون. ٢. یان یاریکردنە بە ناوی

*فیلیپ-جۆزێف هێنری لومێر* (١٧٩٨-١٨٨٠)، پەیکەرسازێکی فەڕەنسی بوو کە پەیکەری هەڵکۆڵراوی *ڕۆژی لێپرسینەوەی* لەسەر تاقی سێگۆشەیی کڵێسای *لا مادەلینی* پاریس کێشاوە. ئەگەر مەبەستی لەو بێت، ئەوا بۆ ئەوەیە کە بێت بۆ ساندیماونت و کڵێسای *مریەم، ئەستێرەی دەریا* نۆژەن بکاتەوە کە لە کۆستەی لیهییە، ئەو شوێنەیە کە ستیفن هەر ئێستا پیایدا تێپەڕی کە بەرەو گوێئاوی ساندیماونت دەچێت. **~گ.س.**

[23] **ڕەزم**: بە ئینگلی *rhythm*، ئەوەیە کە زۆر جار پێی دەڵێن: *ئیقاع* **~ن.م.**

[24] **دەلین دەلین**: لە دەقە بنەڕەتەکەدا دەڵێت: «دەلین ئەی ماینەکە» یان «دەلین ذەمێر»، بەڵام من گۆڕیومە بە «دەلین، دەلین». مەبەست لە پێ تەفعیلەیە لە کێشناسیی هۆنراوەدا، نەک پێی مرۆڤ. ستیفن بیر لە ڕێکخستنی بڕگەیی گەڵاڵەی ئەو هۆنراوەیە دەکاتەوە کە لە خەیاڵیدایە. نیازی وایە ڕەزم بە سەریدا زاڵ ببێت و موزیکییانە بۆ هۆنراوەکە دەچێت و لە سەرەتادا دەیەوێت بە گۆرانییەکی وەک مارش بیڵێت، مارش واتە ڕۆیشتنی سەربازییانە. هۆنراوەکە بە ڕستی *ئایامبی* - *iambic* دادەڕێژێت، *ئایامبی* جۆرە ڕستێکی هۆنراوەیی ئینگلییە کە دێڕەکانی هۆنراوەکە بەسەر دوو بڕگە دوو بڕگەدا دابەش دەکات، بڕگەی یەکەم هێزدارە و بڕگەی دووەم بێهێزە. دەقاودەق نا، بەڵام تا ڕادەیەک لە ڕستی عەرووزی کلاسیکیی کوردییەوە نزیکە. ستیفن دەیەوێت هەر نیوەدێڕێکی هۆنراوەکەی لە چوار *تەفعیلە/پێ* پێکهاتبن، پێکانیش ئایامبی بن، بەم شێوەیە: **نایەی**: نا/یەی (پێی یەکەم)؛ **تۆ بۆ**: تۆ/بۆ (پێی دووەم)؛ **ساندی**: سان/دی (پێی سێیەم)؛ **ماونت**: ماونت (پێی چوارەم)؛ ڕێکخستنی پێی نیوەدێڕی یەکەم بەم شێوەیەی لێ دێت:

| ماونت | ساندی | تۆ بۆ | نایەی |
|---|---|---|---|
| پێی٤ | پێی٣ | پێی٢ | پێی١ |

بەڵام پێی چوارەم یەک بڕگەیە و بڕگەی دووەم سڕاوەتەوە. هەم لە عەرووزی کلاسیکی و هەم لە پێوەری هۆنراوەی کلاسیکیی ئینگلیشدا بەو جۆرە پێیە دەوترێت: *سڕاوە* – *مَحْذوف* - *catalectic*. وەرگێڕانی پێکان بەو جۆرەی کە لە ڕووی تەکنیکی و هونەری و واتاوە لەگەڵ ئینگلییەکەدا هاوتەریب بێت ڕێکەوت نەبووە: سەرنج بدە یەکەم نیوەدێڕ «نایەی تۆ بۆ ساندیماونت - Won't you come to Sandymount» حەوت بڕگەی تەواوە (سێ پێی دووبڕگەیی + یەک پێی دووبڕگەیی سڕاوە). نیوەدێڕی دووەمیش «ماینە مادەلین - Madeline the mare» پێنج بڕگەی تەواوە. بەڵام دواتر ستیفن بڕیار دەدات بە شێوەی

مارش نەبێت، بەڵکو بە شێوەی غاردان بێت، بۆیە بڕگە تاکەکە (سڕاوەکە) لادەبات و دوو پێی دووبڕگەیی تەواو دەهێنێت کە لە ئینگلییەکەدا *دەلین ذە مێرە*، کە دەلینەکە کۆتایی ناوی *مادەلین*ە، *ذە مێرە*کەش *ماینە*کەیە. لەبەر ئەوەی لە کوردیدا دووبارەکردنەوەی *دەلین دەلین*ەکە لە ڕەزمی غاردان دەچێت، وەک دگلن دگلن، بۆیە وا دامنا. یان دەشێت هێنانی *دەلین دەلین*ەکە بۆ ڕاستکردنەوەی ژمارەی پێکان بێت، سەرنج بدە، دێڕی یەکەمی هۆنراوەکە چوار پێیە، بەڵام دێڕی دووەم سێ پێیە، لەوانەیە ستیفن مەبەستی ئەوە بێت دێڕی دووەم ڕاست بکاتەوە بە *ماینە مادەلین دەلین*، ئەوکات بەم شێوەیە دەبێت: **ماینە**: مای/نە (پێی یەکەم)؛ **مادە**: ما/دە (پێی دووەم)؛ **لین دە**: لین/دە (پێی سێیەم)؛ **لین**: لین (پێی چوارەم). ڕێکخستنی پێی نیوەدێڕی ڕاستکراوەی دووەم بەم شێوەیەی لێ دێت:

ماینە  مادە  ⟨لین|دە⟩  لین

پێی١  پێی٢  پێی٣  پێی٤

بەڵام لێرەدا هۆیەک نامێنێتەوە کە بۆچی ستیفن دەڵێت: «مارش دەکەن. نا، غار دەدەن». پرۆفیسۆر جۆن هەنت تێبینیی ئەوەی کردووە کە ستیفن لە دەنگی پێی خۆیەوە ئەم ڕەزم و ڕێکخستنە هۆنراوەییە دێتە خەیاڵی. کە بە کەنارەکەدا دەڕوات و چەو و گیا و شتەکانی بەرپێی وردوخاش دەکات، دەنگی پێی خۆی دەبیستێت، کە من بە «شخش، خراک، خریک، خریک» وەرمگێڕاوە، ئەگەرچی لە ئینگلییەکەش و وەرگێڕراوەکەی منیشدا پێی چوارەم (خریک: خ/ریک) دوو بڕگەیە و یەک بڕگە نییە وەک هۆنراوەکە ئاماژەی پێ دەدات. **~ن.م**.

[25] **باستا**: بە ئیتالی *basta* واتە *بەسە*! **~گ.س.**

[26] **ئەوەتا... جیهانی بێکۆتا**: (بڕوانە ٢: ٥٤).

[27] **فغاونتزیمە**: بە ئەڵمانی *Frauenzimmer* واتە ژنی مۆدە. لێرەدا بە واتای پێچەوانە بە کار هاتووە، بە واتای {دوو} ژنی شڕوشێواو، پیسوپۆخڵ. **~گ.س.**

[28] **کۆستەی لیهی**: *کۆستە* لە زمانی کوردیدا چەند واتایەکی هەیە، یەکێک لەوانە بە پێی *هەنبانەبۆرینە*ی مامۆستا هەژار «بڵندایی وەک سەکۆ»یە، کە لە پەنا کەناری ڕووبار یان دەریایەکدا دروست دەکرێت، ئەمەش ئەو واتایەیە کە بە دوایدا دەگەڕام. بە ئینگلی *تێرەس terrace*ە، کە جۆرە شەقامێکی بەرزکراوەیە، لە سەرەوە تەختە و لە لاکانیەوە لێژ بووەتەوە، واتە شەقامێکە لەسەر سەکۆیەک. کۆستە بەم واتایە گەلێک خولیام بوو، چونکە

خۆشم ماڵم نزیکی گەڕەکی *کۆستەی چەم*ە لە سلێمانی، کە لای بەکرەجۆوەیە و بە قەراغ ئاوی قلیاسانەوەیە، لەولای بەکرەجۆش، کە هەر نزیکی کۆستەی چەمە، شوێنێکی تر هەیە کە پێی دەڵێن *کۆستەی بان*، کە لەوێش هەر ئاوێکی لێیە کە ئاوەکە ئێستاش ماوە و بە باشووری خۆرئاوای سلێمانیدا، بە نزیک ناوچەی دێکۆندا دەڕوات. کە سۆراخی بنەچەی ئەم دوو ناوەم کرد، وتیان: «کاتی خۆی پیاوێکی لێبووە کە کۆستە بووە و بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە کۆستەی چەم» چەمەکەش مەبەست چەمی قلیاسانە. کۆستەکەی ئەوان باسیان دەکرد پیاوێک بووە کە مووی لێ نەهاتووە. ئەگەرچی نیوەی دووەمی قسەکە بە ڕاست دەزانم کە چەمەکە قلیاسانە، بەڵام بەشی یەکەمەکە بە ڕاست نازانم، چونکە کەس ناونیشانی پیاوە کۆستەکە نازانێت کە ناوچەکە بە ناویەوەیەتی، پاشان گریمان کۆستەیەک لەوێ هەبوو، ئەی هەر دوو سێ کیلۆمەتر لەولاوە کۆستەیەکی تریش هەبوو کە وا ناویان ناوە کۆستەی بان؟ پاشان بۆچی هەردوو کۆستەکە بە تەنیشت ئاوەوەن؟ ئەم ڕێکەوتە سەیرە چییە لە ناوچەیەکی بچووکدا دوو پیاوی کۆستە هەبن کە هەردووکیان ئەوەندە بەناوبانگ بن کە ناوچەکە بە ناویانەوە ناو بنرێت و کەسیش نەزانێت خۆیان کێ بوون؟ من گومانی بوونی لێکچوونێکی ڕیشەیی لە نێوان وشەی *کۆستە* بە واتای *سەکۆی تەنیشت ئاو* و وشەی *کۆست coast*ی ئینگلیدا دەکەم کە بە واتای *کەنار* یان *ڕۆخ* دێت. بۆیە لێرە بە کارم هێنا. **~ن.م.**

کۆستەی لیهی بە شەقامی ساندیماونتدا تا شەقامی کەنارەکە درێژ دەبێتەوە (تا ڕۆخی کەنداوی دەبلن) لە نێوان ساندیماونت و ئایرشتاوندا، نیو میل لە باشووری دەمی ڕووباری لیفیدایە. **~گ.س.**

[29] **وەک ئالجی... دایکی مەزنمان**: مەبەست لە ئالجێرنۆن چارلز سوینبۆرنە (بڕوانە ١: ٣٤ ١: ١٤٧). **~گ.س.**

[30] **شاچەتر**: چەترێکی گەورە و قەبەیە. **~گ.س.**

[31] **ذە لیبێرتیس**: ساڵی ١٩٠٤ ناوچەیەکی هەژارنشینی ناوەڕاستی شاری دەبلن بوو، لە باشووری ڕووباری لیفیدایە. ناوچەکە لە بنەچەدا پێی دەوترا *لیبێرتییێس* {بە واتای *ئازاد*}، چونکە ئەم ناوچەیە بە پارەی ئێرلی میث و خاوەنزەوییەکانی دوو کڵێسای کاتیدرایی سەدەکانی ناوەڕاست دروست کرا، ئەوانیش *کڵێسای مەسیح* و *کڵێسای سانت پاتریک* بوون و ئەم موڵکانە لە باج بەخشراو بوون {و ئازاد بوون}. لە سەدەی هەژدەیەمدا ئەو مافە تایبەتییانەی شوێنەکە هەیبوو، وای کرد ببێت بە سەنتەرێکی پیشەسازی. بەڵام لە

هەمان کاتدا شوێنەکە بووە گەڕەکی ئاژاوەگێڕان و پشێویی نیشتمانی، ئەویش لە دوای کۆمەڵەی *کوڕانی لیبێرتیس*ەوە، کە چەند کرێکارێکی پرۆتستانتیی ئاوارە بوون. **~گ.س.**

[32] **فلۆرەنس ماککاب... کۆچکردوو:** ئەی پاتریک جەی ماککاب، خاوەنی بەشگەی دابینکردنی گۆشت، ناونیشان ٨ی شەقامی تۆلبت، ساڵی ١٩٠٢ دارۆغەی گەورەی دەبلن بووە. {**دارۆغە**: بە ئینگلی *شێریف sheriff*، کەسێکە وەک بەڕێوەبەری پۆلیس، یاساپارێزی شار و شارۆچکەیە}. **~گ.س.**

[33] **شەقامی براید:** شەقامێکە لە گەڕەکی لیبێرتیس کە شوێنی نیشتەجێبوونی هەژارانی تێدا دروست کراوە. **~گ.س.**

[34] **ئافراندن لە نەبوونەوە:** چەمکی دینی جوو و مەسیحییەکانیشە بۆ ئافراندنی گەردوون. «لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا» (پەیدابوون ١: ١) (بڕوانە ١: ١٨٩). **~گ.س.**

[35] **ڕەبەنە ڕازگرەکان: ڕەبەن:** بە ئینگلی *Monk*، کە *ڕاهیب* و هەندێک جار *مەنک*، کە ئینگلییە خوازراوەکەیە، بە کار دێت. من چ بۆ نێر و چ بۆ مێ هەر *ڕەبەن*م بە کار هێناوە، بەڵام لە دەقەکەوە دەزانرێت کە ڕەبەنی باسکراو نێرە یان مێیە. ئەم وشەیە زۆر جار لە بری *سەڵت*یش بە کار دەهێنرێت، بە واتای کەسێک کە شووی نەکردبێت یان ژنی نەهێنابێت، من ئەوەیانم تەنها بە سەڵت وەرگێڕاوە.

**ڕەبەنگا:** بە ئینگلی *Monastery*، لە کوردیدا دەمێکە وشەی *دێر* و *دەیر* بە کار دەهێنرێت وەک مەحوی دەڵێت: «دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سووتن بێ لە وێ دەگرم»، کەم جاریش دیومە کە وەرگێڕ تەنها ئینگلییەکەی خواستووە و بە کوردی دایناوەتەوە کە *مۆناستێری*یە. من بە «ڕەبەنگا» وەرمگێڕاوە، بەڵام مەبەست هی پیاوانە.

**ڕەبەنگای خوشکان:** بە ئینگلی *Nunnery* یان *Convent*، وەک ڕەبەنگای پیاوان شوێنێکە بۆ ئەو خوشکانەی بە پاکیزەیی خۆیان تەرخانی دین کردووە، من ئەم وشەیەم بە دەستەواژەی *ڕەبەنگای خوشکان* وەرگێڕاوە. **~ن.م.**

ڕەبەنەکان لە کاتی یۆگادا چاو دەبڕنە ناوک و سەرسامن بە بیرۆکەی ناوک. **~گ.س.**

[36] **وەک خوداتان لێدێت:** لە *کتێبی پیرۆز*ەوە کە شەیتان دەچێتە بنکڵێشەی حەوا تا لە بەری درەختە قەدەغەکە بخوات، پێی دەڵێت: «چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێدێت، چاکە و خراپە دەزانن.» (پەیدابوون ٣: ٥) **~گ.س.**

[37] **ئەدەنڤیل... یەک**: ئەدەنڤیل ناوێکی لێکدراوە، لە *ئەدەن* و *ڤیل* پێکهاتووە. ئەدەن، عەدەنە، ئەوەی لە *کتێبی پیرۆز*دا دەڵێت: «ڕووبارێک لە عەدەنەوە هەڵدەقوڵا و لەبەری دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە، لەوێوە جیابووەوە و بووە چوار لق» (پەیدابوون ٢: ١٠). *ڤیل* واتە شار، کەواتە *ئەدەنڤیل* واتە *شاری عەدەن*. بەڵام پرۆفیسۆر جۆن هەنت دەڵێت کە ساڵی ١٩٠٤ ناوچەیەک لە باکووری دەبلن هەبووە بە ناوی *ئەدەنڤیل*ەوە، بەڵام لەوە ناچێت ستیفن مەبەستی ئەوێ بێت. *ئەلیف* و *ئەلفا* یەکەم پیتی ئەلفوبێی زمانی عیبری و گریکین، ئەلیف عیبرییە، ئەلفا گریکییە. بەو ڕیزبەندییەش کە یەکەم جار عیبرییەکەیە و دووەم جار گریکییەکەیە، ئاماژەیە بە *کتێبی پیرۆز*، *کتێبی پیرۆز* بەشی *پەیمانی کۆن* عیبری بووە، *پەیمانی نوێ* گریکی بووە. سفر، سفر، یەک، یان بە دەربڕینێکی تر: هیچ، هیچ، یەک. مەبەست لە ئافراندنی گەردوونە لە سفر، یان هیچەوە بۆ یەک. جەیمز جۆیس لە دەقە بنەڕەتەکەدا وشەی *سفری* بە کار نەهێناوە، بەڵکو هاوواتایەکی بە کار هێناوە بە واتای هیچ. **~ن.م.**

[38] **ئادەم کادمن**: ئادەم کادمن لە فێرکاریی تیۆسۆفیدا، واتە مرۆڤی تەواو {کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە خۆیدا کۆ بکاتەوە} هەروەها نەکەوتبێت {مەبەست لە کەوتنی ئادەم و حەوایە لە بەهەشت} «وەک بوونەوەرێکی گیانەکیی بێگەرد و پاک، ئادەمی دووەم بەشی پەڕتووکی *پەیدابوون* بەو پێگەیە ڕازی نییە کە دێمیورگۆس پێی داوە (کە کۆنترین و یەکەم ئافرێنراوە) ئادەمی دووەم، کە لە قوڕ دروست کراوە، لە هەستکردن بە گەورەیی خۆیدا دەیەوێت ببێت بە ئافرێنەر» (*ئاشکراکردنی ئیزیس*، نووسینی هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی، نیو یۆرک، ١٨٨٦، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٩٨). **~گ.س.**

لە زمانی عیبریدا بە پیاو دەوترێت *ئادام*، کە نزیکە لە وشەی *ئەداما* کە بە واتای *زەوی* دێت. {بڕوانە تێبینیی سەر بەشی دووەمی پەڕتووکی *پەیدابوون*ی ناو *کتێبی پیرۆز*}، پرۆفیسۆر جۆن هەنتیش دەڵێت کە ئادەم کادمن لە پەڕتووکی کاباڵای جووەکاندا هاتووە بە واتای *مرۆڤی ماک* یان *پیاوی ماک*. هەروەها پێی وایە کە لەوە ناچێت ستیفن لە ئەنجامی خوێندنەوەی پەڕتووکەکەی بلاڤاتسکیدا بیر لە ئادەم و حەوا بکاتەوە. **~ن.م.**

[39] **هێڤا، حەوای ڕووت**: هێڤا، یان حێڤا، حەوایە و بە عیبری واتە *ژیان*. نەریتی کاباڵی وا دایدەنێت کە حەوا ناوکی نەبووە چونکە لە سکی هیچ ژنێک نەهاتووەتە دەرەوە. **~گ.س.**

پرۆفیسۆر جۆن هەنت دەڵێت کە ستیفن لێرەدا بیر لە سکی حەوا دەکاتەوە کە «ورگی بێ خەوش»ە، واتە ناوکی نییە. کە میگێلانجیلۆ وێنە بەناوبانگەکانی خۆی لەسەر بنمیچی

کڵێسای سیستین لە ڕۆما کێشاوە و ناوکی بۆ حەوا داناوە، هەندێک لە یەزداناناسان بە جیاگر تۆمەتباریان کردووە. **~ن.م.**

[40] **ورگی بێ خەوش**: لە کتێبی *پیرۆزەوە*: «ئەی یارەکەم، سەرتاپات جوانییە، هیچ کەموکوڕیت تێدا نییە.» (گۆرانیی گۆرانییەکان ٤: ٧) **~گ.س.**

[41] **زریێچکە**: زرییەکی بچکۆلە. **~ن.م.**

[42] **گەنمی سپیی خەرمانکراو**: «ناوکت جامێکی خڕە شەرابی تێکەڵاوی لێ کەم ناکات، ناوقەدت خەرمانی گەنمە بە سەوسەن پەرژین کراوە.» (گۆرانیی گۆرانییەکان ٧: ٢) **~گ.س.**

لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا دەڵێت «ناوقەدت». بەڵام لەو وەرگێڕانە ئینگلییەی ستیفن دەقەکەی لێوە هێناوە دەڵێت: «ورگت خەرمانی گەنمە». **~ن.م.**

[43] **گەنمی سپی... بۆ تاتایی ماوەتەوە**: دێڕی سەرەتای دیمەنێکی منداڵیی ناو عەدەنە لە پەڕتووکی *سەدەکانی مێدیتەیشن* لە نووسینی تۆماس تراهێرن (١٦٣٧-١٦٧٤) کە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٠٨ لە لەندەن بڵاو کرایەوە، سەدەی سێیەم، بەشی سێیەم دەڵێت: «گەنمەکە ئاردی کازیوەیی و نەمر بوو، کە هەرگیز نابێت بدورێتەوە و هەرگیزیش نەچێنرابوو. پێم وا بوو لەم تاتاییەوە بۆ ئەو تاتاییە هەر ماوەتەوە». **~گ.س.**

[44] **منداڵدانی تاوان**: سکی حەوایە، چونکە لە ڕێی ئەو (و ئادەمەوە) تاوان هاتە جیهانەوە. **~گ.س.**

[45] **دروستکراو نەک زاو**: پەیڕەوی نایسیا (٣٢٥) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە عیسا بە پێچەوانەی هەموو مرۆڤێکی ترەوە «لە هەمان کەرەستەی هاوکرۆک لەگەڵ خودای باوکدا زاوە و دروست نەکراوە» ئەم پەیڕەوە لە هەموو یەکشەممانێک و هەموو بۆنەیەکی گرنگی ساڵدا لە هەزەخی ماسدا دەخوێنرێت و دەوترێتەوە (بڕوانە ١: ٩٦). **~گ.س.**

جەختکردنەوە لەسەر زانی عیسا لە ململانێکانی سێ سەدەی یەکەمی مەسیحێتییەوە سەرچاوەی گرتووە لە دژی ئاریوس و شوێنکەوتووەکانی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە عیسا ئافرێنراوە، یان دروست کراوە (بڕوانە ١: ٢١١)، بەڵام ئەوانی تر دەیانوت عیسا لە خودی خودا خۆی زاوە. جیاوازییەکە وەک کڵیڤ ستەیپڵس لویس (١٨٩٨-١٩٦٣) دەڵێت: «کاتێک تۆ دەزێیت، شتێک دەهێنیتە دونیاوە کە لە هەمان جۆر و توخمی خۆتە. منداڵی مرۆڤ لە مرۆڤ دەزێت، سەگڵاوی بچووک لە سەگڵاوی گەورە دەزێت {**سەگڵاو**، یان **سەگی ئاوی**: بە ئینگلی *beaver*، گیانەوەرێکە لە دوورگەیەکی ئاودا دەژی کە خۆی

دروستی دەکات و بە ددانەکانی دەتوانێت دار ببڕێتەوە و بەنداوی لە ئاودا پێ دروست دەکات و زۆر باش مەلە دەکات، بەڵام لەسەر وشکانی خاوە.}، هێلکە لە باڵندەوە دەزێت کە دواتر ئەویش دەبێتەوە بە باڵندە. بەڵام کاتێک تۆ دروست دەکەیت {یان دەئافرێنیت}، شتێک دروست دەکەیت کە لە جۆر و توخمی خۆت جیاوازە، باڵندە هێلانە دروست دەکات، سەگلاو بەنداو دروست دەکات، مرۆڤ ڕادیۆ دروست دەکات - یان شتێک دروست دەکات کە لە ڕادیۆ زیاتر لە خۆی بچێت: با بڵێین، پەیکەرێک. ئەگەر بایی ئەوەندە زیرەک بێت لە هەڵکۆڵیندا، دەتوانێت پەیکەرێک ڕێک هەروەک مرۆڤ دروست بکات. بەڵام بێگومان، ئەمە مرۆڤێکی ڕاستینە نییە، تەنها لە مرۆڤ دەچێت. ناتوانێت هەناسە بدات و بیر بکاتەوە. زیندوو نییە.» لێرەدا ستیفن، ئەگەرچی *لەوانەوە* واتە لە دایک و باوکیەوە هاتووەتە دونیاوە، کە دەبێت لە دایک و باوکی زابێت، بەڵام دەڵێت دروست کراوم، چونکە ئەگەرچی مرۆڤ لە مرۆڤ دەزێت، بەڵام بە تێگەیشتنی دینی، هێشتا هەر دروستکراوی خودایە، چونکە لە خودا خۆی نەزاوە. گوایە عیسا لە خودا زاوە، بەڵام مرۆڤ لە مرۆڤ زاوە، ئاوهاش دروست کراوە. **~ن.م.**

[46] **ویستی جووتکەرەکەیان بە جێ هێنا**: جووتکەرەکە، ئەو کەسەیە کە دووان بە یەک دەگەیەنێت، ئەویش خودایە کە لە هەزەخی هاوسەرگیریدا پیاو و ژن بە یەک دەگەیەنێت. «ویست»ی خودا {یان فەرمایشتەکەی} بە پێی پەیڕەوی کاسۆلیک ئەوەیە کە «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن» (پەیدابوون ١:٢٨) بەوەی منداڵ زۆر بخەنەوە. **~گ.س.**

[47] **ویستی هەبوون**: سام سلەوت دەڵێت: «بە لێکدانەوەی تۆماسی ئەکوینۆیی {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو}، گیان پیس نابێت، یان خراپ نابێت، هەر بۆیە ناتوانرێت لە ناو ببرێت، چ بە دەستی خودا و چ بە دەستی مرۆڤ». دکتۆر هەنت ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوەی ستیفن بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە پێش هەبوونی ئەو و گەردوون، خودا ویستی هەبوونی ستیفنی هەبووە، بەڵام ئێستا خودا ناتوانێت دەستکاریی ئەم ویستە بکات. **~ن.م.**

[48] **هەر لە پێش... دەمێنێتەوە**: *لێکس ئیتێرنا*، بە لاتینی *lex eterna* واتە یاسای تاتایی. تۆماسی ئەکوینۆیی لە پەڕتووکی *پوختەی یەزدانناسی، بەشی یەکەم لە بەشی دووەم*دا، دەڵێت: «بیرۆکەی بڕیاردانی ئەو شتانەی لە خودادا هەن وەک فەرماندەری کاریگەری هەموویان، سرووشتی یاسای هەیە. پاشان لەبەر ئەوەی هۆشیاریی خودا لە کاتدا وێنا

ناکرێت، بەڵکو چەمکێکی تاتایی هەیە... بۆیە لەمەوە ئەوە دەسەلمێنین کە ئەم یاسایە دەبێت پێی بوترێت: *یاسای تاتایی*. لەمەشەوە: ١. لە کاتێکدا تا ئێستا هیچ شتێک لە خۆیاندا بوونیان نییە، بەڵام لە خودادا بوونیان هەیە، چونکە ئەو پێشبینیی بۆیان کردووە و لە چارەی نووسیون؛ سانت پۆڵس لە بارەی خوداوە دەدوێت کە *ئەوەی مردوو زیندوو دەکاتەوە و ئەو شتەی بوونی نییە دەیهێنێتە بوون*. ئاوهاش چەمکی تاتایی یاسای ئاسمانی تایبەتمەندێتیی یاسایەک هەڵدەگرێت کە وەک ڕێکخستنی خودا بۆ حوکمکردنی ئەو شتانەی پێشوەخت دەیانزانێت، تاتاییە». **~گ.س.**

[49] **کوا ئاریوس... هەڵمژی**: (بڕوانە ١: ٢١١). ئاریوس، لەو ئێوارەیەدا کە دەبوو بە ئێوارەی سەرکەوتنی خۆی و شوێنکەوتووەکانی، بە خوێنبەربوونی ناوەکی مرد، (ڕەنگە شێرپەنجەی هەناو بووبێت). ساڵی ٣٣٦ هاتبوو بۆ کۆنستەنتینۆپڵ {ئەستەنبولی ئێستا} تا ددانپێدانانێکی ڕاستڕەوییانەی باوەڕی خۆی بۆ ئیمپراتۆر بکات. ئیمپراتۆر فەرمانی بە ئەلێکساندەری ئوسقوفی کۆنستەنتینۆپڵ دا کە لە یەکشەممەی داهاتوودا هەزەخی پیرۆزی سوپاسگوزاری بۆ ئاریوس بگێڕێت. گێڕانی ئەو خزمەتکردنە بەڵگەیەک بوو بۆ هەمووان کە ئیتر ئاریوس بێبەری نەکراوە، بەڵام پێش ئەوەی ڕوو بدات، ئاریوس خۆی مرد. چۆنێتی و کات و شوێنی مردنەکەی (لە تەوالێتێکی گشتیدا) لە لایەن دژەکانیەوە بە ئارگومێنتی دژ *بە کەس* بۆ بەگژداچوونەوەی جیاگرییەکەی بە کار هات، کە ئەو جۆرە مردنە بەڵگەی ئەوەیە خودا جیاگرییەکەی ئەوی پێ خۆش نەبووە. ئێپیفانیۆسی سالامیس (دەوروبەری ساڵی ٣١٥-٤٠٣) لە پەڕتووکی *دژی جیاگرەکان*دا گێڕانەوەیەکی تاکلایەنیی مەزنمان دەداتێ.

**دژ بە کەس:** ئارگومێنتێکی فەلسەفییە، بە لاتینی پێی دەوترێت *ئاد هۆمینیم*: لە بری ئەوەی بەرپەرچی کەسێک بدەیتەوە بە قسەکردن لەسەر بیروبۆچوون و بابەتی پێشنیارکراو، هێرش دەکەیتە سەر خودی خۆی. وەک ئەوەی زۆربەی دیندارەکان لەوەتەی هەیە دەیکەن، کاتێک یەکێک ڕەخنە لە ڕاستودروستیی دینەکەیان دەگرێت، لە بەرانبەردا دەکەونە باسی ئاکار و ڕەوشتی کەسە ڕەخنەگرەکە خۆی، نەک ڕەخنەکەی کەسەکە باسی دەکات.

**تا تاقیی بکاتەوە**: هاملێت لە ژووری نووستنەکەدا سەرکۆنەی دایکی دەکات و دەڵێت کە دایکی، سەرەڕای هەموو پێشنیارێکی چاک، لەبەر مامە کلاودیۆس خیانەتی لێ دەکات:

وەک مەیموونە بەناوبانگەکە

بۆ تاقیکردنەوەی ئەنجامەکان بخزێنە ناو قەفەسەکە و
له کەوتندا ملی خۆتان بشکێنن

بەوەی لاسایی باڵندەکانی پێشووی ناو قەفەسەکەی کردەوە کە هاتنە دەرەوە و فڕین، ئەمیش ویستی بفڕێت، بەڵام لە سەربانەکەوە کەوتە خوارەوە (هاملێت ٣: ٤، ١٩٤-١٩٦). ئەوەی هاملێت لێرەدا باسی دەکات دەشێت بەشێک بێت لە چیرۆکێک کە هیچ سەرەداوێکی نەماوە. چیرۆکەکە دەبێت بەم جۆرە بووبێت: مەیموونێک قەفەسێکی باڵندان بە میچەوە دەکات، پاشان دەرگای قەفەسەکە دەکاتەوە و باڵندەکان دەفڕنە دەرەوە، مەیموون هەوڵ دەدات لاسایی باڵندەکان بکاتەوە، بۆیە خۆی دەچێتە ناو قەفەسەکە و باز دەداتە دەرەوە، بەڵام لە بری ئەوەی بفڕێت بەسەر ئەرزەکەدا دەکەوێت. وشەی ئاوێتەی **هاوکرۆکگۆڕکێشکۆمەندجووهەرا** (کە بەم جۆرە وشە ئاوێتەیە دەوترێت *پۆرتمانتۆ*) ئەم وشانە لە خۆی دەگرێت: **هاوکرۆکی** (هی باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز) کە ئاریوس ڕەتی کردەوە. **کرۆکگۆڕکێ** (هی کوڕەکە لەسەر گیانی پیرۆز و هی باوکەکە لەسەر کوڕەکە {باوکەکە شکۆمەندترە لە کوڕەکە و کوڕەکەش شکۆمەندترە لە گیانی پیرۆز})، کە ئاریوس جەختی لەسەر دەکردەوە. **شکۆمەند**، کە {ئینگلییەکەی} ئاماژەیە بە دوو سەرچاوە، یەکەمیان *ماگنیفیکات*ە، کە سروودەکەی مریەمە لە (لۆقا ١: ٤٦-٥٥) کە ستایشی خودا دەکات کە وشەکە {عیسا} بووە بە گۆشت دووەمیان شکۆمەندی، یان گەورەکردنی خودایە. **جوو**، بیرخەرەوەیەکە کە کوڕەکە {عیسا} لە جووێکەوە لە دایک بووە و جووەکان ڕەتیان کردووەتەوە. **هەرا**، ئاماژەیە بە سەرەتای کێشەلەسەری مەسیحێتی و هەروەها ئەو هەرایەش کە لەسەر ئاریانیزم نراوەتەوە. **~ن.م./گ.س.**

**دەقی سروودە ئاماژەبۆدراوەکەی مریەم کە بە *ماگنیفیکات* ناسراوە:**

[٤٦]مریەمیش گوتی: «گیانم ستایشی یەزدان دەکات، [٤٧]ڕۆحم بە خودای ڕزگارکەرم دڵشادە، [٤٨]چونکە سەیری بێفیزی کارەکەرەکەی کرد. ئەوەتا لە ئێستاوە هەموو نەوەکان خۆزگە بە من دەخوازن، [٤٩]چونکە توانادار کاری گەورەی بۆ من ئەنجام دا، پیرۆزە ناوی ئەو. [٥٠]بەزەییەکەی بۆ ئەوانەیە کە لێی دەترسن، نەوە دوای نەوە. [٥١]بە بازووی کاری بەهێزی ئەنجام دا، ئەوانەی بە بۆچوونەکانی دڵیان لووتبەرز بوون، پەرتوبڵاوی کردنەوە. [٥٢]تەختی تواناکارەکانی سەرەوژێر کردووە و بێفیزەکانی بڵند کردەوە. [٥٣]برسییەکانی لە خێروبێر تێر کرد، دەوڵەمەندانی بە دەستی بەتاڵ ڕەوانە کردەوە. [٥٤]بە یارمەتیدانی گەلی ئیسرائیلی بەندەی خۆی

هەتاهەتایە بەزەییەکەی بەبیر هێنایەوە [٥٥] لەگەڵ ئیبراهیم و نەوەکەی، هەروەک بەڵێنی بە باوباپیرانمان دا.»

[50] **داروەکاز**: بە ئینگلی *crosier*، (بڕوانە ١: ١٩٦). **~ن.م.**

[51] **بێوەمێردی ئوسقوفنشینێکی بێوەژن**: کە مشتومڕەکە لەسەر باوەڕەکانی ئاریوس دەستی پێ کرد، خۆی لە ئەلێکساندرییە لە میسر قەشە و پیرێکی کڵێسا بوو. ئەنجوومەنی ئوسقوفەکانی میسر و لیبیا ساڵی ٣٢١ دەسەڵاتی دینییان لێی سەندەوە. لەو کاتەوە تا مردنەکەی لە ٣٣٦دا، ئاریوس لە پلەبەندیی کارگێڕیی کڵێسادا دەرکرا، ڕێژەیەکی بەرچاو شوێنکەوتووی هەبوو، بەڵام هەرگیز ئوسقوفنشینێکی وەرنەگرت ئەگەرچی گەر بە گرنگییەکەی خۆی بووایە، شایستەی ئەوە بوو وەریبگرتایە. **~گ.س.**

*بێوەمێرد* پیاوێکە ژنەکەی مردبێت. *ئوسقوفنشین*، ئەو ناوچەیەیە کە ئوسقوفێک بە ڕێوەی دەبات و سنووری دەسەڵاتەکەیەتی. لێرەدا دەربڕینەکە واتە ئاریوس هاوسەری ناوچەکە و کڵێساکەیەتی کە بە ڕێوەی دەبات، واتە هاوسەری ئوسقوفنشینەکەیە، کە دەمرێت، ئوسقوفنشینەکە دەبێتە بێوەژن، هاوکات بەوەی ناوچەی دەسەڵاتەکەشی لێ سەنراوە، ئاریوس خۆیشی بێوەمێرد بووە. ڕەنگە سەرچاوەی وێنەکە لە کۆتایی پەڕتووکی *ئاشکراکردنی* ناو *کتێبی پیرۆزەوە* هاتبێت، لەو پەڕتووکەدا و لە کۆتاییەکەدا عیسا لە شێوەی بەرخێکدا هاوسەرگیری لەگەڵ کڵێسا و «شارە پیرۆزە»کەدا دەکات، کە «ئۆرشەلیمی نوێ»یە و شارەکە بە بووک چوێنراوە. بڕوانە (ئاشکراکردن ١٩: ٧-٩) و (ئاشکراکردن ٢١: ١-٤) و (ئاشکراکردن ٢١: ٩-١٠). **~ن.م.**

**سەرچاوەی یەکەم:**

[٧] با دڵخۆش و شاد بین، شکۆداری بکەین، چونکە زەماوەندی بەرخەکە هاتووە و بووکەکەی خۆی ئامادە کردووە. [٨] کراسێکی کەتانی ناسکی پاک و پرشنگداری پێدرابوو لەبەری بکات.» ئەم کەتانە ناسکە هێمای کردارە ڕاستودروستەکانی گەلی پیرۆزی خودایە. [٩] پێی گوتم: «بنووسە، خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی بۆ خوانی زەماوەندی بەرخەکە بانگهێشت کراون!» هەروەها پێی گوتم: «ئەمانە وشە ڕاستەکانی خودان.» (ئاشکراکردن ١٩: ٧-٩)

**سەرچاوەی دووەم:**

[١] پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەرچوون، ئیتر دەریاش نەما. [٢] شارە پیرۆزەکەش، ئۆرشەلیمی نوێم بینی

له ئاسمانەوە لەلایەن خوداوە دەهاتە خوارەوە، وەک بووکێکی ڕازاوە بۆ زاوایەکەی ئامادە کرابێت. [٣]گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو لە تەختەکەوە فەرمووی: «ئەوەتا نشینگەی خودا لەگەڵ خەڵک، ئەویش لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێت. ئەوانیش دەبن بە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیاندایە و دەبێتە خودای ئەوان. [٤]ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.» (ئاشکراکردن ٢١: ١-٤)

**سەرچاوەی سێیەم:**

[٩]یەکێک لەو حەوت فریشتەیەی حەوت جامەکەیان پێیە کە بە دوایین حەوت دەردەکە پڕکراون، هات بۆ لام و پێی گوتم: «وەرە بووکەکەت پیشان دەدەم، ژنی بەرخەکە.» [١٠]بە ڕۆحی پیرۆز بردمی بۆ چیایەکی گەورە و بەرز، ئۆرشەلیمی شارە پیرۆزەکەی پیشاندام، لە ئاسمانەوە لەلایەن خوداوە دەهاتە خوارەوە. (ئاشکراکردن ٢١: ٩-١٠)

[52] **ئۆمۆفۆریۆن**: بە ئینگلی *omophorion*، جۆرە شانپۆشێکی ئاوریشمی سپییە و تیلماسکی نەخشونیگاری لەسەرە، ئوسقوفەکانی ئۆرتۆدۆکس بە دەوری مل و بەسەر شانیاندا دەیپۆشن و لە کۆتاییەکەیدا خاچێکی پێوەیە و تا نزیکەی ئەژنۆ شۆڕ دەبێتەوە. **~گ.س.**

[53] **بای سارد و تۆف**: لە شانۆنامەی *هاملێت*دا کە هۆرەیشۆ و هاملێت لە کونگیرەی قەڵاکەدا چاوەڕێی سەهویرەکە دەکەن، هاملێت دەڵێت: «هەواکە زۆر تیژ دەگەزێت، یەکجار ساردە»، هۆرەیشۆش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «بایەکی سارد و تۆفە» (هاملێت ١: ٤، ١-٢). **~گ.س.**

[54] **ئەسپە تۆسنەکانی مانانان**: تۆسن واتە ئەسپی سەرکێش و ڕامنەکراو، وشەکە خۆی پێویستی بە *ئەسپ* نییە لە پێشیەوە، بەڵام هەر دامنایەوە تا بۆ خوێنەر ڕوون بێت. **~ن.م.** شەپۆلەکان یاڵی {تووکی پشتی سەر و مل و شانی ئەسپ و وڵاخ} سپیی ئەسپەکانی *مانانان ماکلیر*ن کە لە ئوستوورەی ئایریدا خودای دەریا بووە و وەک پرۆتێفس توانای هەبووە شێوەی خۆی بگۆڕێت. **~گ.س.**

[55] **دەشیپ**: (بڕوانە ١: ٤٧ و ١: ٢٣٧). لە *ئۆدیسە*دا کە مێنێلاوس لە گێڕانەوەی چیرۆکی زۆرانبازییەکەی خۆی لەگەڵ پرۆتێفسدا تەواو دەبێت، داوا لە تیلێماخۆس دەکات زیاتر بمێنێتەوە. تیلێماخۆس سوپاسی دەکات و ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێت:

«بەڵام کات لەسەر دەستی هاوڕێکانی کەشتییەکەم گەلێ بە سەختی تێدەپەڕێ
لە پیلۆسی پیرۆز، ئەگەر لەمە زیاتر بمهێڵیتەوە.» **~گ.س.**

پیلۆس شارۆچکەیەکە لە کەناری خۆرئاوای هەرێمی پیلۆپۆنیس لە باشووری گریک و بەندەرێکی هەبووە کە کەشتییەکەی تیلێماخۆس لەوێ ماوەتەوە. **~ن.م.**

[56] **خاڵۆژنە سارا**: کەسێتیی سارا گولدینگ، ژنی ڕیچی (ڕیچارد) گولدینگ، {هەردووکیان دوو کەسێتیی لاوەکیی ئەم ڕۆمانەن} لەسەر نموونەی خاڵۆژنی جەیمز جۆیس خۆی، بە ناوی *جۆزێفین موررەی* بونیاد نراوە. جۆزێفین کچی *جەیمز جەی گیڵتراپ*ە کە پارێزەر بووە و نووسینگەی پارێزەریی هەبووە، {واتە خۆی ناوی *جۆزێفین گیڵتراپ*ە، موررەی ناسناوی مێردەکەیەتی، لە ئەوروپا کاتێک ژن شوو بە پیاوێک دەکات، ناسناوی خانەوادەی پیاوەکە وەردەگرێت} ساڵی ١٨٦٣ لە دایک بووە و لە ڕەبەنگایەکی خوشکاندا لە شارۆچکەی گلۆسپ لە داربیشیە {کاونتییەکی ناوەڕاستی ئینگلتەرایە} خوێندوویەتی. ویلیەم ئەی موررەی (١٨٥٧-١٩١٢) {کە کەسێتیی ڕیچی گولدینگ لەسەر نموونەی ئەو بونیاد نراوە} لای باوکی جۆزێفین کاری کردووە و ژمێریار بووە. هەر ئاوهاش جۆزێفین و ویلیەم یەکتریان ناسیوە و هاوسەرگیرییان کردووە و حەوت منداڵیان بووە و لە ماوەی ژیانیاندا لە دەبلن چەندین خانوویان گۆڕیوە. کە جەیمز جەی گیڵتراپ {باوکی جۆزێفین و خاوەنکارەکەی ویلیەم} لە ١ی ئەیلوولی ١٨٩٩دا مرد، ویلیەم کارەکەی لە دەست چوو و وەک ژمێریارێکی سەربەخۆ کاری بۆ هەندێک نووسینگەی پارێزەران دەکرد، یەکێک لەوانە *کۆلیس و وارد* بوو، {کۆلیس و وارد دوو خاوەنەکەی نووسینگەکە بوون و نووسینگەکەیان بە ناوی خۆیانەوە ناو ناوە و لەم ڕۆمانەدا و لە ئەڵقەکانی داهاتوودا ئەم شوێنە چەندین جار دێتەوە بەردەممان. بەڵام جۆیس ناوی گولدینگیشی خستووەتە سەر ناوی ئەو دوو کەسە و ناونیشانی شوێنەکەی کردووە بە «گولدینگ و کۆلیس و وارد» کە لە ڕاستیدا گولدینگ تەنها کاری بۆیان دەکرد و خاوەنی شوێنەکە نەبووە} جۆزێفین دوای مردنی مێردەکەی، دوازدە ساڵی تر ژیاوە و لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤دا لە شاری دەبلن مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[57] **دەنگی باوکی هاوکرۆکم**: زۆربەی پرتەوبۆڵەکانی ئەم پەرەگرافە لە خەیاڵی ستیفندان کە بیریان لێ دەکاتەوە، هەموویان پرتەوبۆڵەکانی سایمن دێدالۆسن، کە باوکیەتی (بڕوانە ٦: ٤). دواتر سایمن دێدالۆس دەناسین و دەبینین هەر ئاوها دەدوێت. ئەوەی لە ڕستەی دواتردا قسەی بۆ دەکات، بە ڕای دکتۆر هەنت، کە خۆم لەم بارەیەوە پەیوەندیم پێوە کرد، دەڵێت: «سایمن دێدالۆس قسە بۆ براکەی جەیمز جۆیس دەکات، کە لە ژیانی ڕاستینەدا ناوی *ستانیسلاوس* بووە و لە هەندێک لە نووسینەکانی جۆیسدا، جۆیس ناوی ناوە *مۆریس*، "برا هونەرمەندەکە" ستیفنە، ئەوەی قسە دەکات سایمنە و ئەوەی قسەی بۆ دەکرێت مۆریس یان ستانیسلاوسە». **~ن.م.**

[58] **خاڵۆژنەساڵی**: بە ڕای سام سلەوت و جۆن هەنتیش *خاڵۆژنە ساڵی* هەر خاڵۆژنە سارایە، «ساڵی ناسناوێکی باوی سارایە لەو وڵاتانەدا کە بە ئینگلی دەدوێن. **~ج.هـ.**» واتە وەک بلە و ئیبراهیمی کوردی (بڕوانە ٣: ٥٦). **~ن.م.**

[59] **کۆستەی ستراسبورگ**: یان گوێئاوی ئایرشتاون لە گەڕەکی ئایرشتاون لە دەبلن. ئەوکات دێیەکی دەوروبەری دەبلن بووە و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شارەکەوە لەسەر کەناری ڕووباری لیفی. پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی زیاتری زەویوزار لە ١٩٠٤ەوە تا ئێستا ئەم کۆستەیەی زیاتر بەرەو ناوشارەکە بردووە. **~گ.س.**

[60] **نەیدەتوانی... بفڕێت**: مەبەست ئەوەیە: بێ ترسی ئەوەی ببێت بە ئیکارۆس (بڕوانە ١: ٢٤ یان ٩: ٥٨٤). **~گ.س.**

[61] **مامە سای**: مەبەست سایمن دێدالۆس-ی باوکی ستیفنە (بڕوانە ٦: ٤). **~ن.م.**

[62] **کولەکان لە کادانەکەدان لە ڨەلەوە**: کوڕەکان لە کادانەکەدان لە سەرەوە. **~ن.م.**

[63] **براکەی، کەڕەناژەنەکە**: جۆن گولدینگ (بڕوانە ٧: ١٦)، برای ڕیچی گولدینگ و دایکی ستیفن دێدالۆس، لەسەر نموونەی خاڵی جۆیس بونیاد نراوە کە ناوی *جۆن موررەی* بووە (١٨٥٦-١٩١٠). **~س.ت.م.١.**

دووبارە: ئەم قسانە ستیفن دەیانکات کە لاسایی سایمن دێدالۆسی باوکی دەکاتەوە. **~ن.م.**

[64] **گۆندۆڵەوانە زۆر بەڕێزەکان**: **گۆندۆڵە**: بەلەمێکی باریکەلەی درێژکۆلەیە، لێخوڕەکەی بە پێوە دەوەستێت و بە سەوڵێک لێی دەخوڕێت، بە تایبەتی لە شاری ڤینیسیا لە ئیتالیا هەیە. **گۆندۆڵەوان** ئەو کەسەیە کە ئەم جۆرە بەلەمە دەئاژووێت. **~ن.م.**

وەک کەسێتییەکانی ئۆپێرای جەفەنگیی *گۆندۆڵەوانەکان* لە نووسینی گیلبێرت و سولیڤان (١٨٨٩). لە گۆرانییەکەی *دۆن ئاڵهامبرا*دا لە پەردەی یەکەمی ئەم ئۆپێرایەدا چەند جارێک ئەو دەستەواژەیە دووبارە دەبێتەوە، دەڵێت:

شازادەکەم دزی و هێنام بۆ ئێرە
لێی گەڕام بە دڵخۆشی چەنە بدا
لەگەڵ گۆندۆڵەوانێکی زۆر بەڕێزدا
کە بەڵێنی بە منداڵی پاشاکە داوە
کوڕە چەقاوەسووەکەی خۆی چاودێریی بکا.

کوڕە چەقاوەسووەکە و شازادەکە زۆر لەیەک دەچن و کە زیندوو بوو، تەنانەت گۆندۆڵەوانە زۆر بەڕێزەکەش نەیدەتوانی لە یەکیان جیا بکاتەوە، بەڵام بە نەخۆشیی باداری و خواردنەوە دەمرێت. کێش دەتوانێت شازادەکە و کوڕە هەژارەکە لەیەک جیا بکاتەوە؟ **~گ.س.**

[65] **عیسا گریا**: کورتترین هۆنەی *کتێبی پیرۆزە* و لە *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*دایە، کە عیسا لە گۆڕی لەعازر نزیک دەبێتەوە دەگری. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[٣٢]کاتێک مریەم گەیشتە ئەو شوێنەی عیسای لێبوو و ئەوی بینی، بەسەر پێی دا کەوت و پێی گوت: «گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد.» [٣٣]عیساش کە بینی دەگرییێت و ئەو جولەکانەش کە لەگەڵی هاتبوون دەگرییێن، کاری لە ڕۆحی کرد و خەمبار بوو، [٣٤]لێی پرسین: «لەکوێتان داناوە؟» ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «گەورەم، وەرە و ببینە.» [٣٥]جا عیسا گریا. [٣٦]لەبەر ئەوە جولەکەکان گوتیان: «سەیر بکەن، چەندی خۆشدەویست!» [٣٧]بەڵام هەندێکیان گوتیان: «ئەمە کە چاوی نابیناکەی چاک کردەوە، ئایا نەیدەتوانی وای بکردایە ئەمیش نەمردایە؟» (یۆحەنا ١١: ٣٢-٣٧)

[66] **قوژبنێکی چاودێریکردن**: کە دەنکن و دەربارەکانی لە قەڵاکەی مەکبێث نزیک دەبنەوە، بە جوانییەکەیدا هەڵدەدەن، بانکۆ {یەکێک لە کەسێتییەکانی شانۆنامەکە} دەربارەی پەڕەسێلکەکان دەڵێت:

هیچ کون و دەرپۆقیوییەک و
بەرهەڵێخێک و قوژبنێکی چاودێریکردنی ئەم قەڵایە نییە کە ئەم باڵندەیە

نەیکردبێت بە هێلانە و لانکەی هێلکەکانی
تا تیایدا زاووزێ بکەن و بیکات بە مۆڵگەی خۆی.
هەوایەکی فێنکە.

(مەکبێث ١: ٦، ٦-١٠). **~گ.س.**

[67] **خاڵە ڕیچی**: ڕیچارد گولدینگ کە خاڵی ستیفنە، لەسەر نموونەی ویلیەم موررەی بونیاد نراوە. کوڕی جۆن موررەی و مارگەرێت تێرێزا (پێش شوو: *فلین*) موررەی بووە. لە ئیگڵ هاوس لە ڕاوندتاون لە دایک بووە (ئێستا بەو شوێنە دەوترێت تێرنیور). ئەم پیاوە جۆزێفین گیڵتراپی خواستووە. ئەگەرچی لە *ئولیس*دا بە ناوی خۆیشی دەردەکەوێت، بەڵام کەسێتیی ڕیچی گولدینگیش هەر لەسەر نموونەی ئەم بونیاد نراوە، کە ژنبرای میستەر دێدالۆسە و خاڵی ستیفنە و لە نووسینگەی گولدینگ و کۆلیس و وارد ژمێریارە. وەک ڕیچی گولدینگ، موررەیش زۆر حەزی لە موزیک و ئۆپێرا بووە. موررەی لە ناونیشانی ٢ی مۆرگن پلەیس، نزیک چوار دادگاکە ژمێریاری نووسینگەی پارێزەریی جەیمز جەی گیڵتراپ بووە. ساڵی ١٨٩٩ دوای مردنی میستەر گیڵتراپ، کە خەزووری بوو، چووە نووسینگەیەکی پارێزەریی تر بە ناوی *کۆلیس و وارد* لە ناونیشانی ٣١ی شەقامی دەیم. موررەی زۆر جار ماڵی گواستووەتەوە و لە زۆر ناونیشانی ناو شاری دەبلندا ژیاوە. لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٢دا لە خانووی ژمارە ٦ی کۆستەی ئۆکۆنەر لە شەقامی باڵیبوو لە دەبلن مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[68] **دابنیشە و ڕابکە**: ڕستەیەکی دووبارەبووەوە و سواوی جەفەنگیی ئایرییە کە زۆر جار وەک نوکتەیەکی ئایریی بێواتا دەوترێتەوە، کە گونجانە ئاشکراکە نەگونجاوی و دژواتاییەکە دەشارێتەوە کە ناتوانیت بە دانیشتنانەوە ڕابکەیت. **~گ.س.**

[69] **کۆشمێز**: پارچەیەک تەختەیە، وەک پنە یان مێزێکی بچکۆلە وایە، دەخرێتە سەر کۆش و بۆ خواردنی ناو جێگای چەرپا یان شت نووسین لەسەری بە کار دەهێنرێت. لە فەرهەنگەکاندا بۆی گەڕام، بە کوردی نەمدۆزییەوە، بۆیە وشەکە خۆم لێکمداوە، هیوادارم هەرکەسێک ڕاستتری لایە ئاگادارم بکات تا ئەمە لابدەم. **~ن.م.**

[70] **گۆف و شاپلاند تاندی**: **گۆف:** بە ئینگلی *Goff*، واتە کەسێکی گەلحۆ و گێژ و وێژ. **شاپڵاند تاندی** ناوی دوو کەسێتیی تێکەڵە، یەکەمیان *ناپەر تاندی* (١٧٤٠-١٨٠٣)یە کە شۆڕشگێڕێکی ئایر بوو (بڕوانە ٣: ٢١٧). ئەوی تریان *تریسترام شاندی*یە کە پاڵەوانە

سەیروسەمەرەکەی ڕۆمانی *ژیان و ڕاکانی تریسترام شاندیی خانەدان*ی لۆرێنس ستێرنە. **~گ.س.**

سام سلەوت لاپەڕە ٨٩٨ی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* دەکاتە سەرچاوە و دەڵێت کە ئەم دوو کەسە لە ڕاستیدا ساڵی ١٩٠٤ هەبوون، یەکەمیان *جەیمز گۆف ئێسکوایەر* بووە، ئەوی تریشیان *شاپلاند مۆریس تاندی* بووە. بەڕێوەبەرانی نووسینگەی هاوبەشی باجگری بوون بۆ دادگای باڵا. جۆیس لە سەرەتادا تەنها نووسیویەتی «تاندی ئاغا» بەڵام لە جاری چوارەمدا *شاپڵاندی* بۆ زیاد کردووە. **~ن.م.**

[71] **دوچێس تێکوم**: بە لاتینی *duces tecum* واتە *لەگەڵ خۆتی بهێنە*، ناوی فەرماننامەی دادگایە کە بۆ لایەنێکی دەنێرێت تا ئاگاداری بکاتەوە کە لە دادگا ئامادە بێت و بەڵگە و دۆسێی فەرمی و گەواهیدەر لەگەڵ خۆیدا بهێنێت تا دادگا پێداچوونەوەیان بۆ بکات. **~گ.س.**

[72] **ڕێکوییێسکاتی وایلد**: {**ڕێکوییێسکات**: لاتینییە، لە نزای ناشتنی مردووەوە هاتووە، بە واتای «با پشوو بدات»} هۆنراوەیەکی ئۆسکار وایلدە ساڵی ١٨٨١ بۆ شینی ئیزۆلای خوشکی خۆی نووسیویەتی کە لە ٢٣ی شوباتی ١٨٦٧دا لە تەمەنی نۆ ساڵاندا بە هەوکردنی پەردەکانی مێشک مرد. ئەو کاتە وایلد خۆی دوازدە ساڵان بوو، بەڵام مردنی ئەم خوشکەی بە درێژایی ژیانی زامێکی سارێژنەبووی لە دڵیدا بە جێ هێشت، دەکرێت ناونیشانەکە بە «چەمەر» وەربگێڕرێت کە لە زمانی کوردیدا شیوەنێکە بۆ مردوو دەگێڕرێت یان دەنووسرێت. دوای نزیکەی سێزدە ساڵان، کە هەر لە بیری ئیزۆلادا بوو، ئەم هۆنراوەیەی بۆ نووسیوە. وایلد هەرگیز ددانی بەوەدا نەنا، چ لە ژیان و چ لە هۆنراوەکەشدا کە ئیزۆلا مردووە، لە زەرفی نامەیەکی بچکۆلەدا پرچی ئیزۆلای هەڵگرتبوو، خۆی بۆ هەر شوێنێک بچووایە، ئەو پرچەشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. تەنانەت کە خۆی ساڵی ١٩٠٠ لە تاراوگە و دەربەدەری و هەژاریدا سەری نایەوە و مرد، ئەو زەرفی نامەیەی پرچەکەی تێدا بوو، هەر پێی مابوو، لەسەری نووسرابوو: «پرچی ئیزۆلاکەم، لە ٢٣ی شوباتی ١٨٦٧دا کۆچی کرد، نەمردووە، بەڵکو نووستووە» ئەمە وەرگێڕراوی هۆنراوەکەیە بە کوردی:

بە ئەسپایی پێت دابنێ،
لەو ژێر بەفرەدا نزیکە،
هێمن بدوێ

چونکە دەنگی پشکووتنی گوڵنیشانیش هەر دەبیستێ.
ورشەی پرچە زێڕینەکەی
ئێستا ژەنگ ماتی کردووە،
ئەوێک ڕۆژێ گەنج و جوان بوو
ئێستا لە گڵدا گەوزاوە.
وەکو شلێر، سپی وەک بەفر،
خۆ فریا نەکەوت بزانێ
کە کچێکە و
ئەوەندە جوان گەورە دەبێ.
تەختەی دووداره، بەردی گڵکۆ
لەسەر سنگی ڕاکشاون،
من تەنیام و دڵم زیزە
کە ئەو ئێستا پشووی داوە.
بە ئارامی، بە ئارامی، گوێی لێ نابێ
نە سازی چەنگ، نە شیعری مەنگ،
ژیان و دەسمایەی ژینم لێرە نێژران،
خاک بە سەریا گرد بکەنەوە. **~ن.م.**

دەشێت خاڵە ڕیچی ئەم هۆنراوەیەی وایلدی بۆ شینی ماری گولدینگ دێدالۆس هەڵواسیبێت، کە دەکاتە دایکی ستیفن و خوشکی خۆی، کە لەم کاتەی ڕۆمانەکەدا کەمتر لە ساڵێک لەوەوبەر لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا مردووە.

**چەنگ:** بە ئینگلی *lyre*، ئامێرێکی موزیکیی گریکیی دێرینە، وەک قیسارەی کۆنە بەڵام بچووکترە. چەند ژێیەک لە نێوان دوو قۆڵی تەختەییدا بەستراون و بە نقورچلێگرتن یان بە پارچەیەک پێژەن دەژەنرێن. **~ن.م.**

بۆ «گوڵنیشان» (بڕوانە دامێنی ١: ١٣٢). **~ن.م.**

[73] **مالْت**: بە ئینگلی *malt*، خواردنەوەیەکی مەستکەرە، لە دانەوێڵە دروست دەکرێت، دانەوێڵەکە لە سەرەتادا دەخوسێنن و دواتر لە فڕندا وشکی دەکەنەوە. لە بەرهەمهێنانی ویسکی و بیرە و مەیی تردا بە کار دەهێنرێت. **~ن.م.**

[74] **ئاوی... وسکی**: ئاوی لیثیا ئاوی کانزایی بوتڵکراو بوو. **~گ.س.**

هەموو ئەم گفتوگۆیانە وێناکراوی مێشکی ستیفنن، چونکە دواجار ناچێت بۆ ماڵی خاڵۆژنە سارا. دکتۆر هەنت دەڵێت کە کاتێک دەڵێت: «گوو بە ئاوی لیشیاکەت» یان «ئاوی لیشیاکەت بە نەفرەت بێت» زۆر ڕوون نییە کە ئایا ستیفن حەزی لەم جۆرە ئاوە بووە یان نا. هەروەها ئەوەی دواتریش کە دەڵێت: «نزم دەکاتەوە» ئەمیش نازانرێت مەبەست چییە و بە دیاریکراوی چی نزم دەکاتەوە. ئایا زیندەپاڵی لەش نزم دەکاتەوە؟ {**زیندەپاڵ**: مێتابۆلیزم metabolism} بەرگریی لەش نزم دەکاتەوە؟ پاشان دەڵێت: «وسکی» نەک «ویسکی»، ئەمەش نازانرێت بۆچی ڕێنووسی ویسکیی گۆڕیوە، گریمانەی من {نەوا} ئەوەیە کە وەک زۆر شوێنی تری ئەم ڕۆمانە، کە لاسایی دەنگیی خەڵکان دەکاتەوە، وەک چۆن کەمێک لەمەوپێش دەیوت «کولەکان لە کادانەکەدان لە ئەلەوە» لەوانەیە ئەمیش هەر لاساییکردنەوەی چۆنێتیی وتنی ڕیچی بێت کە لە بری ئەوەی بڵێت: «ویسکی»، دەڵێت: «وسکی». بە پێی پێداچوونەوەی پرۆفیسۆر گابڵەر، ئەو بەشەی دەڵێت: «گوو بە ئاوی لیشیاکەت. نزم دەکاتەوە.» جۆیس لە دووەم جاردا زیادی کردووە، واتە لە سەرەتادا ئەوەی نەنووسیوە. **~ن.م.**

[75] **چیپێندێل**: *chippendale* ناوەکە لە ناوی دارتاشەکەوە هاتووە کە تۆماس چیپێندێل (١٧١٨-١٧٧٩)ە. چیپێندێل دارتاشێکی ئینگلی سەردەمی ڕۆکۆکۆ بووە. سەردەمی ڕۆکۆکۆ سەردەم و ستایلێکی ئەوروپایی سەدەی هەژدەیە، لە ١٧٣٠یەکانەوە تا نزیکەی ناوەڕاستی ١٨٠٠کانیش هەر بەردەوام بوو. ئەم دارتاشە شێوازێکی زەخرەفەیی و ناوازەیی لە بەرهەمەکانیدا هەیە و پەڕتووکێکی لەسەر ئەم دیزاینانەی خۆی بڵاو کردووەتەوە و ڕێی خۆش کردووە دارتاشەکانی تریش بەرهەمی وەکو دیزاینەکانی ئەو دروست بکەن. **~ن.م.**

[76] **شاماسی**: بە ئینگلی *Herring*، جۆرێکی ماسییە. ماسییەکی بچکۆلەی زیوینی بریسکەدارە، لە دەریادا پۆلپۆل مەلە دەکەن. **~ن.م.**

[77] **ئاللێرتا**: یەکێک لە ڕەگەزە بەناوبانگەکانی ئۆپێرا هەوا (یان ئاریا)یە. هەوا: گۆرانییەکی تاکبێژە یەکێک لە کەسێتییەکانی ئۆپێراکە دەیبێژێت، زۆر جار خۆدواندنێکە (مۆنۆلۆگ)، یان گێڕانەوەیەکە. **~ن.م.**

*ئاللێرتا* بە ئیتالی *all'erta* واتە *ئاگادار بن*. هەوایەکە لە سەرەتای پەردەی یەکەمی ئۆپێرای *ئیل ترۆڤاتۆرێ – شایەرەکەدا*، یەکێک لە کەسێتییەکان دەیبێژێت کە ناوی *فێرراندۆیە*. جیوزێپیێ ڤێردی (١٨١٣-١٩٠١) ئۆپێراکەی داناوە و لە ١٨٥٣دا بۆ یەکەم جار نمایش کراوە. بەم هەوایە دەوترێت: *ئاریا دی سۆرتیتا*، بە ئیتالی واتە *گۆرانیی دەستپێک*. هەر کە لە

سەرەتای ئۆپێراکەدا فێرراندۆ دێتە سەر شانۆکە و دەردەکەوێت، بەو ڕستەیە دەست پێ دەکات: *ئاللێرتا – ئاگادار بن!* پاشان ئەم هەوایە دەبێژێت. گۆرانییەکە چیرۆکی مێژووی ژیانی خێزانی ژنێکی جادووگەر و تۆڵەسەندنەوەیەک دەگێڕێتەوە کە ڕەنگڕێژیی ڕووداوەکانی هەموو ئۆپێراکە دەکات. فێرراندۆ {سەردەستەی نۆبەچییانی *دی لوونا*یە کە کەسێتییەکی ئۆپێراکەیە} نۆکەرێکی دڵسۆزی «خانەوادەیەکی پووکاوە»یە {یان وەک جۆیس لە چەند دێڕێک دواتردا دەڵێت: «ماڵانی ڕزیو»، واتە ماڵێکە شیرازەی تێکچووبێت و بەرەو پووکانەوە بڕوا} (وەک هۆرەیشۆیەکی چالاک)، شیرازەی ئەم خانەوادەیە بە دوژمنایەتیی نێوان دوو برای تینوو بە خوێنی سەری یەکتر پچڕاوە، {یەکێکیان ناوی *دی لوونا*یە و ئەوی تریان ناوی *مانریکۆ*یە، کە شایەرەکەیە}، دوو براکەش تا کار لە کار نەترازێت نازانن بران. **~گ.س.**

[78] **باڕ**: یەکەی پێوانەی ڕێکخستنی موزیکە بە پێی جۆری یەکەی ڕەزم. لەسەر نۆتەی موزیک بە هێڵێکی ئاسۆیی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی دەستەهێڵ نیشانە دەکرێت. دەستەواژەی «چەند باڕێک» واتە «تۆزێک لە» یان «کەمێک لە». وەک بۆمان ئاشکرا بووە، ستیفن و جەیمز جۆیس پیانۆژەنن. ستیفن لە ئەڵقەی یەکەمدا بیری لە ژەندنەکەی خۆی دەکردەوە کە *گۆرانییەکەی فێرگوس*ی لەسەر پیانۆکە ژەندووە و لەودیوەوە دایکی گوێی لێ بووە. بۆیە نائاسایی نییە کە زاراوە و دەستەواژەی موزیکییانە بە کار بهێنێت. **~ن.م.**

[79] **تۆنپڕ**: لە موزیکدا بە ژەنیارێک یان گۆرانیبێژێک دەوترێت کە جۆرێتیی تۆنەکانی پڕ و تەواو بن. *تۆنپڕ* و *شاز* (کە پێچەوانەی *نەشازە*)، جیاوازن: چونکە پڕیی تۆن لە وردەکاریدایە؛ بەڵام شازیی فراوانترە. لەسەر ئامێرێکی وەکو کەمانچە کۆککردنی ژێکان بە کلیلەکانی کۆتایی قۆڵی ئامێرەکە، دوور لە ملی ژەنیارەکە دەکرێت، بەڵام تۆنپڕیی لە کۆتایی پشت پردی ژێکانەوە، نزیک لە ملی ژەنیارەکەوە کۆک دەکرێت. زۆر کەس هەن تۆنیان شازە، بەڵام پڕ نین. تۆنپڕی کۆتالوتکەی شازییە. **~ن.م.**

[80] **گومەزە... مارش**: پەڕتووکخانەی کڵێسای سانت سێپڵکەر نزیک کاتیدرایی سانت پاتریکە لە باشووری ناوەڕاستی دەبلندا. نارسیسوس مارش، کە مەتڕانی دەبلن بووە، ساڵی ١٧٠٧ دایمەزراندووە. کۆنترین پەڕتووکخانەی گشتیی ئایرلاندە. پەڕتووکەکانیان زیاتر هی یەزدانناسی، پزیشکی، مێژووی دێرین، وێژەی عیبری، سریانی، گریکی، لاتینی و فەڕەنسین. **گومەزە بێبرەوەکان:** ساڵی ١٩٠٧ ناو ئەم باڵەخانەیە، وەک چۆن هەر لە سەرەتاوە وا دروست کرابوو، چەندین گومەزی {چاڵ یان دەلاقەی کەوانەیی ناو دیوار} تێدا بوو کە بە

شیش دادەخران و خوێنەرەکانیانیان تێدا گەمارۆ دەدا و کڵۆمیان دەکردن کە هەندێک پەڕتووکی بەهاداریان دەخوێندەوە، هەندێک دەستنووسیش بە زنجیر بە ستوونەوە بەسترابوونەوە. **~گ.س.**

[81] **یواخیم عەباس**: یواخیمی فلۆری {یان بە ناوە ئیتالییەکەی: جاکینۆ دا فیۆریێ} (١١٤٥-١٢٠٢) ڕازگرێکی ئیتالی بوو کە خەیاڵەکانی زیاتر دەربارەی کۆتایی دونیا بوون. پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە مێژووی مرۆڤ بە سێ سەردەمدا تێدەپەڕێت: سەردەمی باوک، کە لە ئافراندنی گەردوونەوە بوو تا لەدایکبوونی مەسیح؛ سەردەمی کوڕ، لە لەدایکبوونی عیساوە تا ساڵی ١٢٦٠؛ سەردەمی گیانی پیرۆز، لە ساڵی ١٢٦٠ەوە بەرەو ئاینده. ئەم پێشبینی و نوقڵانەیە بۆ باوەڕێکی وەها پەرەی سەند کە ئینجیلێکی تر دێت و شوێنی *پەیمانی کۆن* و نوێ دەگرێتەوە (هەر وەک چۆن *پەیمانی کۆن* هی سەردەمی باوک بوو، *پەیمانی نوێ* هی کوڕەکە بوو، پەیمانە نوێترەکەش هی سەردەمی گیانی پیرۆز دەبێت). دواجار ئەمە بووە پاڵنەر بۆ ویلیەم بەتڵەر یەیتس تا کورتەچیرۆکی *تەختەکانی یاساکان* بنووسێتەوە و چیرۆکەکەی بە کار بهێنێت و ساڵی ١٨٩٧ بڵاوی بکاتەوە. جۆیس لە ڕێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٢دا سەردانی پەڕتووکخانەی مارشی کردووە تا پەڕتووکێکی لاتینی و ئیتالی بپشکنێت کە وا باس دەکرا گوایە زانیاریی سەبارەت بە ژیننامەی یواخیمی تێدایە. **~گ.س.**

دکتۆر هەنت سەرنجی ئەوە دەدات کە دانتێ ئەم پیاوەی خستووەتە بەهەشتەوە بڕوانە *کۆمیدیا* (بەهەشت ١٢: ١٤٠). ئەم پیاوە ناوی «عەباس» نییە، بەڵکو سەرۆکی ڕەبەنگایەک بووە لە کالابریا لە ئیتالیا، لەوانەیە جۆیس لەوەوە ناوی نابێت کە لە پەڕتووکخانەی مارش پەڕتووکێکی لەسەر خوێندووەتەوە {کە تیایدا دەڵێت: «ئاباتیس»، کە لاتینیی *ئابەت*ی ئینگلییە بە واتای *سەرۆکی ڕەبەنگا*}. **~ن.م.**

[82] **چڕەبەندانە... کاتیدرالییەکە**: **چڕەبەندان** لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «کۆبوونەوەی مەردوومی زۆر لە شوێنێکدا بە ناڕێکی».

**کاتیدرالی**: بە ئینگلی *Cathedral*، کڵێسایەکی گەورەیە و شوێنی دانیشتنی ئوسقوفە، واتە لە ناوچەی فەرمانڕەوایی ئوسقوفێکدایە و بەو ناوچەیەش دەوترێت: *ئوسقوفنشین*. وشەکە لە بنەچەدا گریکییە و *کاثیدرا*یە، بە واتای *شوێنی نیشتەجێبوون* یان *کورسی*، کە مەبەست کورسیی ئوسقوفەکەی ناوچەکەیە. **~ن.م.**

له وتاری *سەردەمی چڕەبەندان*دا کە جۆیس ساڵی ١٩٠١ نووسیویەتی، وتەیەکی جۆردانۆ بروونۆی نۆلایی (بڕوانە ٢: ٤٣) دەهێنێتەوە کە خۆی پێی وا بوو «بنەمای ڕیشەیی ئابووریی هونەری»یە، دەڵێت: «نۆلاییەکە وتی کە هیچ پیاوێک ناتوانێت ببێت بە خۆشەویستی ڕاستی یان چاکە، تا قێزی لە چڕەبەندانەکە {خەڵکی ڕەشۆکی/حەشامات} نەبێتەوە؛ هونەرمەندیش، ئەگەرچی لەوانەیە قەرەباڵغی و چڕەبەندانەکە بە کار بهێنێت، بەڵام دەبێت لە گۆشەگیرکردنی خۆیدا زۆر وریا و لێزان بێت». کاتیدرایی سانت پاتریک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ناوجەرگەی چڕەبەندانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی دەبلندا بوو. ~**گ.س.**

[83] **ڕقنێک...چووە جەنگەڵی شێتییەوە**: {**ڕقن**: کەسێکی ڕقاویی و ڕق لە دڵ} یۆناتان سویفت (١٦٦٧-١٧٤٥) لە ساڵی ١٧١٣وە سەرۆکی کاتیدرایی سانت پاتریکی دەبلن بوو، لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا زۆربەی خەڵکان بە کەسێکی لە مرۆڤ بێزار دایاندەنا، ئەم ڕقەشی لە مرۆڤ لە ئەنجامی نەخۆشییەکی دەروونیدا بوو کە دواتر وردەوردە بەرەو شێتیی دەیبرد. بەڵام ئەمە گوزارشت لە سویفت ناکات، چونکە لە نامەیەکدا کە بۆ پاپای نووسیوە، دەڵێت کە مرۆڤی لەسەر ئاستی تاک خۆشدەوێت، بەڵام بە گشتی ڕقی لێیانە، چونکە مرۆڤ ئەگەرچی «ئاژەڵێکە کە دەتوانێت هۆش بە کار بهێنێت»، بەڵام لە ڕاستیدا «ئاژەڵێکی هۆشیار» نییە. لە ڕاستیشدا سویفت شێت نەبوو، بەڵکو نەخۆشییەکی لە گوێی ناوەوەیدا هەبوو کە وای دەکرد گێژ و وڕ بێت و جارجار کەڕی دەکرد، ئەو کاتەشی حەفتا و دوو ساڵان بوو، کەڕییەکەی وای کرد بە تەواوی لە دونیا و خەڵکان و جیهان داببڕێنێت و تووشی خڵەفانێکی خێراش بوو. ~**گ.س.**

[84] **هۆوینەم**: *هۆوینەم*ەکان لە بەشی چوارەمی چیرۆکی *گەشتەکانی گەڵیڤەر* لە نووسینی یۆناتان سویفت (١٦٦٧-١٧٤٥)دا توخمێکی هۆشیاری ئەسپن. بە شێوە ئاژەڵن، بەڵام ڕەفتاریان ژیرانە و هۆشمەندانەیە. بە پێچەوانەی ئەوانەوە، توخمێکی تر هەن پێیان دەڵێن *یاهوو*ەکان. بەدرێژایی سەدەی نۆزدە و تا ئەم دواییانەی سەدەی بیستەمیش، زۆربەی خوێنەرەکانی سویفت وایان دادەنا کە هۆوینەمەکان گوزارشت لە بیرۆکەی ژیرمەندی و چاندی یوتۆپیایەک دەکەن کە سویفت دەیخوازێت، یاهووەکانیش وەک بەڵگەی لە مرۆڤ بێزاریی سویفت تەماشا دەکرا. خوێنەری هاوچەرخ هۆوینەمەکان وەک مەزندەکردنێکی تەنزئامێز تەماشا دەکەن کە دەشێت ڕەفتاری ژیرانە تا چ پلەیەک دابەزێت و بێبڕشت و مێشکسووکانە ببێت. ~**گ.س.**

[85] **تێمپڵ:** (بڕوانه ۲: ٦٧). **~گ.س.**

[86] **فۆکسی کامپبێڵ، لانتێرنجۆز:** دوو ناسناوی قەشە *ڕیچارد کامپبێڵ*ن کە ئەندامی کۆمەڵەی عیساییەکان (یەشوعییەکان) بووە و یەکێک بووە لە مامۆستاکانی کۆلێجی بێلڤێدێرێ لەو کاتەدا کە جۆیس (و ستیفن) لەوێ قوتابی بوو. بڕوانە پاری چوارەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*. **~گ.س.**

ڕیچارد کامپبێڵ لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٨٥٤ لە شەقامی ساکڤیل (کە ئێستا پێی دەڵێن شەقامی ئۆکانەڵ) لە دەبلن لە دایک بووە. کوڕی جۆن کامپبێڵ بووە کە {باوکی} دوو جار بووە بە لۆردی سەرۆکی شارەوانیی دەبلن. لە کۆلێجی بێلڤێدێرێ لە دەبلن و دواتر لە داونساید ئابی لە ئینگلتەرا خوێندوویەتی. لە تەمەنی ١٩ ساڵاندا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی عیساییەکانی میڵتن پارکەوە کردووە. ساڵانی ١٨٩٣-١٨٩٧ یەکێک بووە لە مامۆستا و کارمەندەکانی جونیەر هاوس، لە کۆلێجی بێلڤێدێرێ ، ئەوکاتە جۆیس لەوێ قوتابی بووە (جۆیس لە ١٨٩٣-١٨٩٨ لە بێلڤێدێرێ خوێندوویەتی). لە ١ی نیسانی ١٩٤٥ لە تەمەنی نەوەد و دوو ساڵیدا مرد و لە ناوچەی یەشوعییەکانی گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژرا. ناسناوی *فۆکسی*، یان *لانتێرن جۆز*یان لێی نابوو. **~ڤ.ئ.**

لە پاری چوارەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* جارێک بە *لانتێرن جۆز* ناوی هاتووە، واتە دوو وشەکە بە جیان، لە *ئولیس*یشدا یەک جار ناوی هاتووە، بەڵام هەردوو وشەکە پێکەوە. **~ن.م.**

[87] **ڕاگرە تووڕەکە:** {**ڕاگر**: واتە سەرۆکی شوێنێک} مەبەست لە یۆناتان سویفتە. پەیوەندیی نێوان سویفت و یەیتس لە چیرۆکی *تەختەکانی یاساکان*ەوە سەرچاوەی گرتووە. لە چیرۆکەکەدا، ئۆون ئەهێرن، کە کەسێتییەکە و باوەڕی بە نوقڵانەکانی یواخیم هەیە، بە دوای «یاسا نهێنییەکە»دا دەگەڕێت (یاسای گیانی پیرۆز)، کە ئەو یاسایەش شوێنی یاسای عیسا دەگرێتەوە (خوداتان خۆشبوێت، دراوسێکانتان وەک خۆتان خۆشبوێت)، کە ئەمە شوێنی دە ڕاسپاردەکەی *پەیمانی کۆن*ی گرتەوە. ئەهێرن پەرۆشییەکەی سویفت بەوەی یواخیمەوە پەیوەست دەکات و دەڵێت: «یۆناتان سویفت گوڕوتینێکی داوە بە پیاوەکانی ئەم شارە کە دراوسێی خۆیانیان وەک خۆیان ڕق لێ بێت.» **~گ.س.**

[88] **دیشێندێ... دیکالڤێریس:** بە لاتینی *Descende, calve, ut ne amplius decalveris* واتە *دابەزە هەی کەچەڵ، با لەوە زیاتر کەچەڵتر نەبیت*، لە نووسراوی *ڤاتیچینیا* پۆنتیفیکوم‌ەوە دەستکاری کراوە کە نووسینەکە بە هەڵە دراوەتە پاڵ یواخیمی فلۆری کە

خۆی دەڵێت: «بەرز بەرەوە هەی کەچەڵ، با لەوە کەچەڵتر نەبیت، تۆ لەوە ناترسیت قژی ژنەکەت بکەیت بە قوربانی {بەڵام، بە واگەیاندن، لە کەچەڵیی خۆت ئاگاداریت} تا قژی ورچە مێینەکە بپارێزیت.» تیلنیشانەکە بۆ دەقێکی *کتێبی پیرۆزە* لە پەڕتووکی *دووەم پاشایان*دا. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[23]ئینجا ئەلیشەع لەوێوە چوو بۆ بێتئێل، کاتێک بە ڕێگاکەدا سەردەکەوت، کۆمەڵێک مێردمنداڵ لە شارەکەوە هاتنە دەرەوە و گاڵتەیان پێکرد، پێیان گوت: «کەچەڵ لێرە بڕۆ! کەچەڵ لێرە بڕۆ!» [24]ئەویش ئاوڕی لەدوای خۆی دایەوە و تەماشای کردن، بە ناوی یەزدانەوە نەفرەتی لێکردن. ئیتر دوو ورچ لە دارستانەکە هاتنە دەرەوە و چل و دوو کوڕیان پارچەپارچە کرد. (دووەم پاشایان ٢: ٢٣-٢٤)

بە پێی چاککردنەوەکەی پرۆفیسۆر گابلەر، سەرەتا جۆیس دەستکاری وشەی *ئامپلیوس*ی کردووە بە واتای *زیاتر*، کردبووی بە *نیمیوم* واتە ئێجگار زۆر. بەڵام دواتر کردوویەتیەوە بە ئامپلیوس. بۆیە لە هەندێک لە چاپەکانی *ئولیس*دا بە *نیمیوم* نووسراوە. لەو بەشەی *کتێبی پیرۆز*دا کە وەک سەرچاوەکە دامناوەتەوە، پێغەمبەر ئەلیاس بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان، بەڵام پێغەمبەر ئەلیشەع بەرز ناکرێتەوە. لە وەرگێڕانی لاتینیی *کتێبی پیرۆز*دا «مێردمنداڵ»ەکان لە بری ئەوەی بڵێن «لێرە بڕۆ!»، دەڵێن «بەرز بەرەوە!» دیارە مەبەست لەوەیە «تۆش وەک ئەلیاس بەرز بەرەوە ئەگەر پێغەمبەرێکی ڕاستینەیت.» **~ن.م.**

89 **سەرە بەنەفرەتگەفلێکراوەکەی:** {*گەف* واتە *هەڕەشە*} نەفرەتەکە مەبەست لە تەکفیرکردنە. ئەگەرچی سەرنج و بۆچوونەکانی یواخیمی فلۆری لە ماوەی ژیانی خۆیدا سانسۆر نەکراون، بەڵام هەندێکیان لە ئەنجوومەنی لاتەرانەکانی ساڵی ١٢١٥دا ناپەسەند کران و دواتریش ساڵی ١٢٥٤ جێراردۆ دی بۆرگۆ (؟-١٢٧٦) کە ئەوەندە پەرۆشانە بەرگریی لە «ئینجیلە هەمیشەییەکە» دەکرد، وای کرد زانکۆی پاریس سی و یەک پێشنیاری بەنەفرەتکردن دەربکات. ساڵی ١٢٥٥ لیژنەیەکی پاپایی پشکنینیان بۆ دەنگۆی جیاگرییەکان کرد و جێراردۆ و یواخیمزمیان سانسۆر کرد، بەڵام خودی یواخیم خۆیان سانسۆر نەکرد. *ئینسایکڵۆپیدیای کاسۆلیک* لە بارەی یواخیمەوە دەڵێت: «گومان لە پیرۆزیی ژیانی خۆیدا نییە... ئەگەرچی هەرگیز بە فەرمی پیرۆز نەکراوە، بەڵام {لەگەڵ پیرۆزکراواندا} وەک پیرۆزێک ڕێزی لێ گیراوە». **~گ.س.**

[90] **دەفری نمایشکردن**: بە ئینگلی *monstrance*، جۆرە دەفرێکی زێڕینە، نانەڕەقەی هەزەخی سوپاسگوزاریی تێدا هەڵدەگیرێت (بڕوانە ١: ٩٦). ~**ن.م.**

[91] **باسیلیسک**: بە ئینگلی *basilisk*، جۆرە ئاژەڵێکی ئوستوورەییە، شێوەی لە تێکەڵەیەکی مار و ئەژدیها و قومقمۆک دەچێت. ~**ن.م.**

[92] **کۆڕ**: بە ئینگلی *choir*: کۆمەڵێک مرۆڤن کە پێکەوە گۆرانی دەبێژن، وەک ئەو کۆمەڵەی لە کڵێسا یان قوتابخانەکاندا پێکەوە گۆرانی دەبێژن. خۆم وشەکەم لێکداوە.
لە موزیکناسیدا، دەنگی مرۆڤ بەسەر چوار چینی سەرەکیدا دابەش کراون، کە هەر چینێک سنووری ئەو تۆنانە دیاری دەکات کە قوڕگێک دەتوانێت بیبێژێت. دوو لەم چینانە هی دەنگی خانمان و منداڵانن، دووەکەی تر هی پیاوی پێگەیشتوو (دەنگگڕبوو)ن. بە گشتی دەنگی ژن دابەش دەبێت بەسەر دوو چیندا، هەرە تیژەکەیان پێی دەوترێت: **سۆپرانۆ**: بە ئینگلی *Soprano*، خاوەنی تیژترین دەنگی خانمان و منداڵانە، وشەکە لە بنەچەدا ئیتالییە، لە *سۆپرا*وە هاتووە، بە واتای *سەرەوە*. چینەکەی تری دەنگی خانمان و منداڵان پێی دەوترێت **ئاڵتۆ**: بە ئینگلی *Alto*، دەنگی لە سۆپرانۆ گڕترە. ئەم وشەیەش هەر لە ئیتالییەوە هاتووە، بە واتای *بەرز* دێت. هەموو منداڵێک، کچ و کوڕ، کوڕان پێش ئەوەی دەنگیان گڕ ببێت، لەم چینانەدا دادەنرێن. دەنگی پیاوانی دەنگگڕبوو بە گشتی بەسەر دوو چیندا دابەش دەکرێن: **تینۆر**: بە ئینگلی *tenor*، تیژترین چینی دەنگی پیاوانە، بەڵام لە چینە دەنگییەکانی خانمان و منداڵان گڕترە. وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای *مانەوە* دێت، واتە ئەو دەنگەیانە کە لە کۆڕدا هەر دەمێنێتەوە و بەردەوامە. **باس**: بە ئینگلی *bass*، گڕترین چینی دەنگە و هی پیاوانە. وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای نزم دێت. بەڵام ئەو نزمە بەو واتایە نییە کە دەنگیان وەک چرپە وایە و لە نزمیدا نابیسترێن، بەڵکو تۆنی دەنگیان نزمە، کە لە موزیکناسیدا بەم نزمە دەوترێت «دەنگی گڕ» کە پێچەوانەی «دەنگی تیژ»ە. بە گشتی گۆرانیی کۆڕ و ئۆپێرا بۆ ئەم چوار چینە دادەنرێن و هێمای *ساتب* *SATB*یان بۆ دادەنرێت، کە سەرەپیتی هەریەکێک لە چینەکانە لە تیژەوە بۆ گڕ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، باس). ئەم چینانە دابەشکردنێکی گشتین، ئەگینا چینی تریش دەستنیشان کراون، وەک *مێتزۆ-سۆپرانۆ* و *کۆنتراڵتۆ* بۆ خانمان و منداڵان، هەروەها *باریتۆن* و *باس-باریتۆن* بۆ پیاوان. کە هەر یەکێکیان دەکەوێتە نێوان دوو چینەکەی ترەوە، بۆ نموونە مێتزۆ-سۆپرانۆ لە نێوان سۆپرانۆ و ئاڵتۆدایە. باریتۆنیش لە نێوان باس و تینۆردایە. ~**ن.م.**

93 **قۆچی قوربانگاکە**: لە *کتێبی پیرۆز*دا ئەم شوێنە تایبەت کراوە بە قوربانی.

**دەقی سەرچاوەی یەکەم:**

[١٠]«جوانەگاکە بهێنە پێش چادری چاوپێکەوتن و هارون و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری جوانەگاکە دابنێن. [١١]تۆش لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن جوانەگاکە لەبەردەم یەزدان سەرببڕە. [١٢]لە خوێنی جوانەگاکە هەڵبگرە و بە پەنجەت لەسەر قۆچەکانی قوربانگاکەی بدە، هەموو خوێنەکەی دیکەش بڕژێنە بنکەی قوربانگاکە. [١٣]هەموو ئەو پیوەش کە هەناوی داپۆشیوە لەگەڵ ئەوەی لەسەر جگەر و گورچیلەکانە و هەردوو گورچیلەکە بهێنە و لەسەر قوربانگاکە بیانسووتێنە، [١٤]بەڵام کەلەشی جوانەگاکە و پێستەکەی و ڕیخەکەی لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بە ئاگر بسووتێنە، ئەوە قوربانی گوناهە. (دەرچوون ٢٩: ١٠-١٤)

**دەقی سەرچاوەی دووەم:**

یەزدان خودامانە و ڕووناکی پێ بەخشیوین. قوربانی جەژن بە گوریس ببەستنەوە بە قۆچەکانی قوربانگا. (زەبوورەکان ١١٨: ٢٧)

94 **چەوریی ناوکی گەنم**: لە *کتێبی پیرۆز*دا لە گۆرانییەکەی موسادا بەخشندەیی خودا ستایش دەکرێت و دەڵێت: «[١٣]سواری بەرزاییەکانی زەوی کرد، لە بەروبوومی دەشتودەری خوارد، لە تاشەبەردەوە هەنگوینی دەرخوارد دا، زەیتیش لە بەردەئەستێوە. [١٤]دەڵەمە و شیری مەڕوماڵات، لەگەڵ دوگی بەرخ و بەرانی باشان و تەگە، لەگەڵ چەوری ناوکی گەنم. تۆ لە خوێنی ترێ شەرابت خواردەوە». (دواوتار ٣٢: ١٣-١٤) **~گ.س.**

95 **درینگدرینگ**: لە هەزەخی ماسدا چەندین جار زەنگێکی پیرۆزکەر لێدەدرێت، لەو کاتەی نانەڕەقەکە بەرز دەبێتەوە، هەروەها لەو کاتانەی ئامادەبووەکانی کڵێسا کڕنۆش دەبەن. **~گ.س.**

96 **پاکیزەکە**: مەبەست لە مریەمی پاکیزەیە. دایکی عیسا خانمێک بووە بە ناوی *مریەم*ەوە، ژنێکی جوو بووە و لە خێزانێکی جووش بووە. هەندێک جار پێی دەوترێت: *مریەمی پاکیزە*، لەوەوە دێت گوایە مریەم هەر پاکیزە بووە و نەبووە بە ژن و لەگەڵ پیاوی تردا نەنووستووە تا عیسای ببێت، بەڵکو *گیانی پیرۆز* لە لای خودای ئاسمانەوە هاتووەتە لەشیەوە، وەک لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا باسی دەکات:

[١٨]لەدایکبوونی عیسای مەسیح بەم شێوەیە بوو: کاتێک مریەمی دایکی لە یوسف مارەبڕاو بوو، پێش ئەوەی بیگوازێتەوە، دەرکەوت کە لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆز

سکی پڕبووە. [١٩]یوسفی دەستگیرانی کە پیاوچاک بوو، نەیویست ئابڕووی ببات، بڕیاری دا بە نهێنی دەستی لێ هەڵبگرێت. [٢٠]کاتێک بیری لەم شتانە دەکردەوە، فریشتەیەکی یەزدان هاتە خەونی و پێی فەرموو: «ئەی یوسفی نەوەی داود، مەترسە لەوەی مریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لە ڕۆحی پیرۆزەوەیە. [٢١]کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.» (مەتا ١: ١٨-٢١)

یان وەک لە *مزگێنی بە پێی نووسینی لۆقا*دا باسی دەکات:

[٢٦]کاتێک ئەلیسابات سکی شەش مانگ بوو، خودا جبرائیلی فریشتەی نارد بۆ شارێک لە ناوچەی جەلیل کە ناوی ناسیرە بوو، [٢٧]بۆ لای پاکیزەیەکی مارەبڕاو لە پیاوێک لە بنەماڵەی داود کە ناوی یوسف بوو، ناوی پاکیزەکەش مریەم بوو. [٢٨]جبرائیل هاتە لای مریەم و گوتی: «سڵاو، ئەی ئەو کەسەی نیعمەتی خودات بەسەردا ڕژاوە، یەزدانت لەگەڵدایە.» [٢٩]بەڵام ئەو بە پەیامەکە زۆر شێوا و بیری کردەوە، دەبێت ئەمە چ جۆرە سڵاوێک بێت. [٣٠]فریشتەکە پێی گوت: «مەترسە مریەم، چونکە لەلای خودا ڕەزامەندیت بەدەستهێنا. [٣١]ئەوەتا سکت دەبێت و کوڕێکت دەبێت ناوی لێ دەنێیت عیسا. [٣٢]پایەبەرز دەبێت و بە کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت، خودای پەروەردگاریش تەختی داودی باوکی پێدەداتەوە. [٣٣]هەتاهەتایە حوکمڕانی نەوەی یاقوب دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت.» [٣٤]بەڵام مریەم بە فریشتەکەی گوت: «ئەمە چۆن دەبێت، کە من هێشتا پاکیزەم؟» [٣٥]فریشتەکە وەڵامی دایەوە: «ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز دەبێتە سایەی سەرت. لەبەر ئەوە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت. [٣٦]ئەوەتا ئەلیساباتی خزمیشت بەو پیرییە سکی پڕە بە کوڕێک. ئەوەی پێیان دەگوت نەزۆک سکی شەش مانگە، [٣٧]چونکە هیچ شتێک لەلای خودا مەحاڵ نییە.» (لۆقا ١: ٢٦-٣٧)

بەڵام هەندێک لە لێکۆڵەرانی *پەیمانی نوێ* پێیان وایە پاکیزەیی مریەم لە هەڵەیەکی وەرگێڕانەوە ڕووی داوە، هەڵەکەش بەم شێوەیە بووە: نووسەرەکانی *پەیمانی نوێ*، بە تایبەتی *مەتا*، پشتی بە دەقێکی پەڕتووکی *ئیشایا* بەستووە لە *پەیمانی کۆن*دا، لەم پەڕتووکەدا پێغەمبەر ئیشایا پێشبینیی هاتنی کەسێک دەکات کە گوایە کوڕی «پاکیزە»یەک دەبێت، دەقەکەی ئیشایا دەڵێت: «لەبەر ئەوە پەروەردگار خۆی

نیشانەیەکتان دەداتێ، ئەوەتا پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێت ئیمانوێل.» (ئیشایا ٧: ١٤) لە دەقەکەدا وشەی «ئیمانوێل» واتە خودا لەگەڵمانە. بەڵام ئەمە جێی سەرنجەکەمان نییە، بەڵکو وشەی «پاکیزە»کە جێی سەرنجمانە، کە دەڵێت: «پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت». وەک پێشتر ئاماژەم پێی دا، سەرجەمی پەڕتووکەکانی *پەیمانی کۆن* بە زمانی عیبری نووسراون، بەڵام ئەوانەی *پەیمانی نوێ* بە زمانی گریکی نووسراون، بۆیە دەبێت مەتا ئەم دەقەی *ئیشایا*ی لە زمانی عیبرییەوە وەرگێڕابێت بۆ زمانی گریکی. ئەو وشەیەی لە زمانی عیبریدا و لە دەقەکەی *ئیشایا*دا بۆ *پاکیزە*کە بە کار هاتووە وشەی *ئەلما*یە، کە بە واتای *کچێکی گەنج* دێت، نەک *پاکیزە*، ئەگەرچی هەندێک جاریش بە واتای *پاکیزە* دێت، بەڵام زۆربەی جاران بە واتای تەنها *کچێکی گەنج* دێت، هەروەک وشەی کچی کوردی. بەڵام مەتا بە زمانی گریکی وشەی *پارثینۆس*ی بە کار هێناوە، کە زۆربەی جار تەنها بە واتای *پاکیزە* دێت، ئەگەرچی هەندێک جاری دەگمەنیش بە واتای کچ دێت. ئەگەر وا بێت، کەواتە وەرگێڕانە ڕاستە کوردییەکەی *ئیشایا* دەبێت ببێت بە: «لەبەر ئەوە پەروەردگار خۆی نیشانەیەکتان دەداتێ، ئەوەتا کچێک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێت ئیمانوێل». بەڵام ئەمە لای زۆربەی مەسیحییەکان ڕەت دەکرێتەوە و مریەم هەر بە پاکیزە دەزانن.

ئەوەی پاکیزەییەکە ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە گوایە عیسا برا و خوشکیشی هەبووە، بێگومان دوای خۆی، بەڵام گوایە یەکێک لە براکانی لەگەڵ خۆیدا دووانە بووە، کە ناوی *تۆماس*ە، خودی وشەی *تۆماس* واتە *دووانە*. گریمان مریەم عیسای بە پاکیزەیی بوو، ئەی تۆماس؟ ئەگەر دووانە بووبێتن، ئایا بۆچی تۆماس لە بەرهەمی *گیانی پیرۆز* دەرکرا؟ بۆچی ئەویش وەکو عیسا نەبوو؟ دکتۆر بارت ئێهرمان، کە لێکۆڵەرێکی بەناوبانگی *پەیمانی نوێ*یە، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمە پەیوەندیی بە چۆنێتیی چیرۆکی ئوستوورەی گریکییەوە هەیە، لە ئوستوورەی گریکیدا کە خودای وەک زێوس خانمێک سکپڕ دەکات، دواتر ئەو خانمە لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا دیسان جووت دەبێت و لە هەمان کاتدا سکی بە دوو منداڵ پڕ دەبێت، یەکێکیان خودایی و ئەوەی تریان دونیایی، بۆیە تۆماس بەشە دونیاییەکەیە و کوڕی یوسفە، لە کاتێکدا عیسا خوداییەکەیە و باوکی نییە. بۆ نموونەیەکی هاوشێوەی ئەم نموونەیە لە ئوستوورەی گریکیدا (بڕوانە ١٢: # لێدا).

چەند جارێک لە *پەیمانی نوێ*دا ناوی یەکێک لە براکانی عیسا دەهێنرێت کە ناوی *یاقوب*ە، پۆڵس خۆی دەڵێت کە یاقوبی بینیوە، «[١٨]ئینجا دوای سێ ساڵ سەرکەوتمە ئۆرشەلیم، بۆ

ئەوەی پەترۆس بناسم، پازدە ڕۆژ لای ئەو مامەوە. [19]بەڵام جگە لە یاقوبی برای عیسای خاوەن شکۆ هیچ نێردراوێکی دیکەم نەبینی.» (گەلاتیا ١: ١٨-١٩). ئەمە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە عیسا برای هەبووە. ئەگەرچی هەندێک لە مەسیحییەکان باوەڕیان وایە عیسا برا و خوشکی هەبووە، بەڵام پەیڕەوی کاسۆلیک بە دیاریکراوی، بە تەواوی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە عیسا هیچ برا و خوشکێکی هەبووبێت، پێیان وایە تۆماس برای عیسا نەبووە، بەڵکو یەکێک بووە لە ڕانێرەکانی، بۆ *ڕانێر* (بڕوانە ١: ٢٠٠). ئەگەرچی لە *مزگێنی*یەکاندا سێ جار ناوی برای عیسا هاتووە: لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەرقۆس*دا دەڵێت:

> «ئەرێ ئەمە دارتاشەکەی کوڕی مریەم و براکەی یاقوب و یوسی و یەهوزا و شیمۆن نییە؟ خوشکەکانی لێرە لەلامان نین؟» (مەرقۆس ٦: ٣)

لە *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*دا دەڵێت:

> «براکانی پێیان گوت: "ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ یەهودیا، تاکو قوتابییەکانی خۆشت کارەکانت ببینن کە تۆ دەیکەیت"» (یۆحەنا ٧: ٣)

لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا دەڵێت:

> «لە کاتێکدا کە عیسا قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد، دایک و براکانی لە دەرەوە ڕاوەستابوون، داوایان دەکرد لەگەڵی بدوێن.» (مەتا ١٢: ٤٦)

بەڵام پەیڕەوی کاسۆلیک پێیان وایە مریەم پێش لەدایکبوونی عیسا و لە کاتی لەدایکبوونی عیسا و دوای لەدایکبوونی عیساش هەر پاکیزە بووە و دواتر هیچ منداڵێکی تری نەبووە. وا ئەو سێ دەقانەی *مزگێنی*یەکان لێکدەدەنەوە کە باس لە برا و خوشکی عیسا دەکەن، دەڵێن کە ئەو وشەیەی لە زمانی گریکیدا لە بری *برای* عیسا بە کار هاتووە، لە هەر سێ جارەکەدا هەمان وشەیە و «*ئادێلفۆی adelphoi*»یە، کە کۆی وشەی *ئادێلفۆس adelphos*ە، کە ڕاستە بە واتای *برا* دێت، بەڵام بە واتای *ئامۆزا* و *برازا* و *مام* و *خاڵ* و خزمیش دێت. بەڵگەشیان ئەوەیە کە هەمان وشە لە وەرگێڕانی گریکیی *پەیمانی کۆن*دا بە کار هێنراوە، بۆ نموونە لە پەڕتووکی *پەیدابوون*دا دەڵێت: «کاتێک ئەبرام بیستی کە برازاکەی ڕاپێچ کراوە، بانگەوازی بۆ خزمەتکارە مەشقپێکراوەکانی دەرکرد کە لەدایکبووی ماڵەکەی بوون و سێ سەد و هەژدە کەس بوون، ئیتر هەتا شاری دان بەدوایان کەوت.» (پەیدابوون ١٤: ١٤) کاسۆلیکەکان دەڵێن کە ئەو وشەیەی بۆ *برازا* بە کار هاتووە لە دەقەکەدا، هەمان وشەیە کە بۆ *برا*کانی عیسا بە کار هاتووە.

ئەگەر وا بێت و مریەم تەنها عیسای بووبێت و عیسا باوکی زەمینیی نەبووبێت، ئەوا ئەوکات کێشەیەکی تر بەرۆکمان دەگرێت، ئەویش کێشەی ڕەچەڵەکی عیسایە، چونکە گوایە عیسا لە نەوەی *داود* پاشایە، کە پاشای جووەکان بووە و پێغەمبەر بووە، کە ناوی *داود* لە *قورئان*یشدا هاتووە. لە بەشی یەکەمی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا ئاماژە بە پشتەکانی عیسا دەکات و بە بیست و هەشت پشت عیسا دەباتەوە سەر داود، بەڵام لە ڕێی مێردەکەی مریەمەوە، کە ناوی *یوسفی دارتاش* بووە، واتە داود بە بیست و حەوت پشت باپیرە گەورەی یوسفی دارتاشە، یوسفی دارتاشیش مێردی مریەم بووە. بەڵام ئەگەر عیسا کوڕی یوسفی دارتاش نەبێت و تەنها کوڕی مریەم بێت، کەواتە لە نەوەی داود نییە. تەنها لەبەر ئەوەی یوسف مێردی مریەمە، نایکات بە باوکی ڕاستینەی عیسا. *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*ش ناڵێت عیسا کوڕی یوسفە، بەڵکو دەڵێت: «یاقوب باوکی یوسفی مێردی مریەم بوو، ئەوەی عیسای لێبوو، کە بە مەسیح ناودەبردرێت.» (مەتا ١: ١٦) واتە جەخت لەسەر ئەوە ناکاتەوە کە یوسف باوکی عیسایە، بەڵکو دەڵێت کە یوسف مێردی مریەمە، عیساش کوڕی مریەمە. بەهەرحاڵ، بە هەردوو دیویدا کێشەیەکی لۆجیکی هەیە، کە ئەمە کێشەی ڕۆمانی *ئولیس* نییە و هەرچۆنێک بێت، بە دایکی عیسا دەوترێت: «مریەمی پاکیزە» و عیسا خۆیشی بە نەوەی داود دادەنرێت. **~ن.م.**

[97] **دان ئۆکام**: فەیلەسووفی سکۆلاستی و یەزدانناسی ئینگل، ویلیەمی ئۆکام (نزیکەی ١٢٨٥-١٣٤٩)، بە لۆژیکێکی بێبەزەییانە ناسرابوو کە هەموو پرسیارێکی پێ شی دەکردەوە. ئۆکام لە پەڕتووکی *تراکتاتوس دێ ساکرامێنتۆ ئالتاریس*دا پێی وایە کە دوای ئەوەی نانەڕەقەکە پیرۆز دەکرێت، چەندایەتی و چۆنایەتییەکەی ناگۆڕێت؛ لەمەشەوە، لەشی عیسا بە چەندایەتی و چۆنایەتی لە نانەڕەقەکەدا نییە (بۆ نموونە: نانەڕەقەکە بە *هۆش* لەشی عیسا نییە، بەڵکو بە *باوەڕ* لەشی عیسایە)، بۆیە تەنها یەک لەشی عیسا هەیە و چەند دانەیەک نییە - وەک ستیفن گریمانەی دەکات، گرنگ نییە چەند جار بەرزبوونەوەی نانەڕەقەکە ڕادەگەیەنرێت، تەنها یەک لەشی مەسیح هەیە. **~گ.س.**

ویلیەمی ئۆکام، یەکێک بوو لە ئەندامانی برایانی فرانسیسکاییەکان کە خۆی ئینگل بوو و فەیلەسووفێکی سکۆلاستیکی بوو، کە زۆرتر لە وتووێژە یەزدانناسییەکانی سەدەی چواردەیەمدا دەرکەوتبوو. ثۆرنتن دەربارەی «دان» دەڵێت کە بە واتای *کاک* یان *بەڕێز* دێت. **~ج.هـ.**

[98] **دکتۆری نەبەز**: نەبەز واتە نەبەزیو، ئۆکام ناسناوی *Doctor Singularis et invincibilis*ی وەرگرتبوو کە لاتینییە، واتە *دکتۆری ئوستاد و نەبەز*. **~گ.س.**

[99] **جنۆکەی کرۆکی خودایی**: ئەم کرۆکە یەکێکە، واتە یەکێک لە سیانینە پیرۆزەکە (بڕوانە ١: ١٠١). **~ن.م.**

کرۆکی خودایی، تەواوی کەسایەتیی مەسیحە لە بەرانبەر دوو سرووشتەکەی خۆیدا کە ئەوانیش: *مرۆڤ و ئاسمانی*ن. بە پێی باوەڕ، تەواوی کەسێتیی مەسیح دابەشنەکراوانە لە نانەڕەقە پیرۆزکراوەکەدا هەیە. **~گ.س.**

[100] **بەیانییەکی ئینگلیی تەماوی**: گۆرانییەکی منداڵانە، دەڵێت:

بەیانییەکی ئینگلیی تەماوی بوو،<br>
کەشوهەوا هەور بوو،<br>
پیرەمێردێکم بینی هەموو گیانی چەرم بوو.<br>
چاکوچۆنیی لێ کردم، سەیرم کرد و بزەم کرد،<br>
چۆنی؟ چاکی؟ گوڵە گیان؟<br>
ئەی تۆ چۆنی مامە گیان؟ **~گ.س.**

[101] **باڵی کاتیدرایی**: بە ئینگلی *transept*، ڕاڕەوێکە لە کاتیدراییدا، لە شێوەی خاچدایە، دوو باڵی هەیە. **~ن.م.**

[102] **پوورزا... سانت**: لە دەربڕینێکی جۆن درایدن (١٦٣١-١٧٠٠)ەوە هێنراوە کە بە یۆناتان سویفت دەڵێت: «ئامۆزا سویفت، تۆ هەرگیز نابیت بە هۆنەر». **~گ.س.**

وشەکە لە ئینگلیدا بە واتای *پوورزا* و *ئامۆزا* دێت، دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا بە *خوشکەزا* وەریگێڕاوە، ئەویش دیارە لە زاری ڕیچی گولدینگەوەیە کە بە ستیفن دەڵێت. بەڵام دەشێت لە زاری خاڵۆزاکانیشیەوە بێت، وەک واڵتەر. **~ن.م.**

[103] **دوورگەی سانتەکان**: ناسناوێکی ئایرلاندە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وایان پێی وتووە، کە ئاماژەیە بە ڕۆڵی گرنگی پیاوانی کڵێسا و مژدەبەرە ئایرەکان لە ئەوروپای خۆرئاوادا لە دوای کەوتنی دەوڵەتی ڕۆم. **~گ.س.**

[104] **شاڕێی سێرپنتین**: شاڕێیەکە لە ساندیماونت، لە باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

[105] **قوڵپن**: کەسێکی قەڵەو و باڵاکورت؛ پێشتر بە *خرەبنە* وەرمگێڕابوو، کە ئیتر پێویست نییە. **~ن.م.**

[106] **ئۆ سی، چێرتۆ**: بە ئیتالی *O si, certo!* واتە *ئەها، بەڵێ، بێگومان!* **~گ.س.**

[107] **ترامی هاوث**: گوندی هاوث دەکەوێتە باکووری گردی هاوثەوە، کە زناری باکووری خۆرهەڵاتی کەنداوی دەبلنە، لە ناوەڕاستی شاری دەبلنەوە نۆ میل دوورە. ڕەنگە ستیفن مەبەستی یەکێک بێت لەو ترامە کارەباییانەی لە نێوان دەبلن و هاوثدا کاریان دەکرد، لە ڕێگادا لە چەندین وێستگەدا دەوەستان. هێڵێکی ترامی کارەبایی تریش هەبوو گەشتیارانی بە دەوری گردی هاوثدا دەگواستەوە. **~گ.س.**

[108] **ئێپیفانی**: بە ئینگلی *epiphany*: لە بنەچەدا وشەیەکی گریکییە، بە واتای *دەرخستن* یان *ئاشکراکردن* دێت. لە زمانی ئینگلیدا دوو واتای هەیە، ئەوانیش ١. لە دینی مەسیحیدا یادکردنەوەیەکە لە ٦ی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێکدا دەگێڕرێت، یادی ئەو سێ موغە زەردەشتییانەیە کە لە شەوی دوازدەیەمی لەدایکبوونی عیسادا لە خۆرهەڵاتەوە هاتن بۆ بێتلەحم و پێشبینیی ئەوەیان کرد کە ئەم منداڵە دەبێتە پاشا و خودا ناردوویەتی. لێرەدا دەرخستن و ئاشکراکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی کە دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت. ٢. ئێپیفانی ساتی دەرکەوتنی چەند ڕاستییەکە.
جەیمز جۆیس لە ڕۆمانی *ستیفنی پاڵەوان*دا، کە ڕەشنووسی یەکەمی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* بوو، پێناسەیەکی دیاریکراوی ئەم وشەیە دەکات و دەڵێت: «ئەم بێبایەخییە وای لێ کرد بیر لە کۆکردنەوەی چەند ساتێکی وەها بکاتەوە و لە پەڕتووکێکی ئێپیفانییەکاندا بیاننووسێتەوە. مەبەستی ئەو لە ئێپیفانی: ئاشکرابوون یان دەرکەوتنێکی لەناکاوی گیانییە {ڕۆحییە}، ئیتر ئەم ئاشکرابوون و دەرکەوتنە لە ڕەشۆکێتیی قسەکردندا بێت یان لە جووڵەی لەشدا بێت یان لە دۆخێکی فەرامۆشنەکراوی مێشکیشدا بێت. باوەڕی وا بوو کە دەبێت وێژەوان ئەم ئێپیفانییانە بەوپەڕی وریاییەوە تۆمار بکات، بەو پێیەی ناسکترین و زووبەسەرچووترین ساتەکانن. بە کرانلیی وت کە کاتژمێرەکەی سەر نووسینگەی بالاست توانای ئێپیفانیی هەیە» کەمێک دوای ئەوە دەڵێت: «تەماشاکردنەکانی من لەو کاتژمێرە وەک پەلکوتانێکی چاوی گیان وێنا بکە کە چاوی گیان بە پەلکوتان بە دوای شوێنێکدا دەگەڕێت تیشکۆی تەواوی خۆی لەسەر جێگیر بکات {تیشکۆ بە واتای *فۆکەس-تەرکیز* دێت}. ئەو چرکەیەی تیشکۆ دەگاتە سەر شتەکە، ئەو ساتە ئێپیفانییە» واتە کاتێک تۆ تەماشای شتێک دەکەیت، تا تیشکۆی چاوت لەسەر شتەکە جێگیر نەبێت ئێپیفانی ڕووی نەداوە. جۆیس بە درێژی باسی ئەم زاراوەیە دەکات. ئێپیفانی هێمای دۆخێکی گیانییە. لە ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* ئەم ڕەگەزەی تیۆریی جوانیناسی لابراوە. بەڵام زانینی ئەمە بۆ تێگەیشتن لە جۆیس وەک

هونەرمەندێک ئێجگار گرنگە. بەڵام کە جۆیس باس لەم ئەزموونە دەکات، مەبەستی ئەوە نییە کە دۆزینەوەی بۆئاشکرابوونەکە لە خۆیەوە دەبێت. زۆرێک لە نووسەران، بە تایبەت ڕەبەنەکان و هۆنەرە دینییەکان، ئەزموونی خۆیانیان لە ڕێی ئێپیفانییەوە دەربڕیوە. {بڕوانە *فەرهەنگی تیۆر و زاراوە وێژەییەکان* لا ٢٤٤}.
جۆیس پێی وایە کە ئێپیفانی، کە «ئاشکرابوون یان دەرکەوتنێکی لەناکاوی گیانییە»، وا دەکات لە چاوی بینەرێکدا «چییێتی»ی شتێکی ئاسایی یان لە جووڵەکانیدا بدرەوشێتەوە و ڕوون ببێتەوە. {بڕوانە *فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زاراوە وێژەییەکان*، لا ١٢١}.
ساڵی ١٩٥٦ و دوای مردنی جۆیس، زانکۆی بەفەڵۆ ئەم ئێپیفانییانەی جۆیسیان بە سەربەخۆ لە نامیلکەیەکدا بڵاو کردەوە. ئێستا و لە هونەری نووسینی فیلمنامەدا ئێپیفانی ساتی ئاشکرابوونی ڕووداوەکان و کردنەوەی گرێ درامییەکانە و دەکەوێتە پێش کۆتایی چیرۆکەکەوە. ئەو شوێنەیە کە بینەر تێدەگات بۆچی ڕووداوەکان بەو شێوەیە ڕوویان داوە کە پێشتر خراونەتە ڕوو. بڕوانە *فیلمنامەنووسین بۆ حەپۆلان* لا ١٠٩. **~ن.م.**
لە *ستیفن پاڵەوان*دا ستیفن ئێپیفانی وەک «بۆدەرکەوتنێکی لەناکاوی گیانەکی» پێناسە دەکات کە کاتێک «گیان» یان «چییێتی»ی شتێک «باز بەسەر پۆشاکی ڕووکەشەکەیدا هەڵدەدات و خۆیمان پیشان دەدات» مەبەست ئەوەیە کە ئێپیفانی ئەو ساتەیە کە توانست و لێوەشاوەییە میتافۆڕییەکانی ئەو شتە (یان ئەو جووڵەیە، یان ئەو دەستەواژەیە...تد.) دەرک پێ دەکرێت. **~گ.س.**

[109] **ئەلێکساندرییە**: ئەلێکساندرییە شارێکە لە باکووری میسر و ئەلێکساندرۆسی مەکەدۆنی (٣٥٦-٣٢٣ پ.ز.) خۆی بونیادی ناوە و بە ناوی ئەوەوە دروست کراوە. گەورەترین و بەناوبانگترین پەڕتووکخانەی سەردەمی دێرینی لێبووە کە هەر پێی وتراوە *پەڕتووکخانەی ئەلێکساندرییە*. ساڵی ٤٧ی پێش زاین کە یولیوس قەیسەر لەوێ گەمارۆ درابوو بە ئاگر زیانێکی زۆر بەر ئەم پەڕتووکخانەیە کەوت. دواجار لە سەردەمی داگیرکارییەکانی عەرەبەکان بۆ میسر لە ساڵی ٦٤١ی زایینیدا بە ئاگرێکی تر بە تەواوەتی وێران کرا. **~گ.س.**

[110] **مەهامانڤانتەرا**: لە دینی هیندۆسیدایە، واتا «ساڵی مەزن» یان «ساڵی براهما» یان هەزار «مەهایوگا». هەر مەهایوگایەک ٤،٣٢٠،٠٠٠ (چوار ملیۆن و سێ سەد و بیست هەزار) ساڵە، ئاوهاش ڕۆژی براهما ٤٣٢٠ ملیۆن ساڵە. **~گ.س.**

[111] **پیکۆ دێللا میراندۆلا:** (١٤٦٣-١٤٩٤) مرۆڤدۆست و فەیلەسووف و ڕۆشنبیرێکی ئیتالی بوو کە شارەزاییەکی وەستایانەی لە گریکی و لاتینی و عیبری و عەرەبی و کیمیاگەری و کابالادا هەبوو. خولیاکانی لە ناونیشانی پەڕتووکێکیەوە دەردەکەوێت کە ئەویش *دەربارەی هەر شتێک کە دەکرێت بزانرێت*ە. ئەم لافوگەزافەی ستیفن لەوەی پیکۆ دێللا میراندۆلا دەچێت، بەوەی کە لە پەڕتووکی (*ژیانی پیکۆ دێللا میراندۆلا*، نووسینی برازاکەی، وەرگێڕانی {بۆ ئینگلی} تۆماس مۆر)دا لە باسی پیکۆدا لە تەمەنی ٢٣ ساڵاندا دەڵێت: «زۆر بە خۆیەوە شاناز بوو و حەزی لە شکۆمەندی و خەڵکی پیاداهەڵدەر بوو... چوو بۆ ڕۆما و حەزی دەکرد زۆرزانێتییەکەی خۆی نمایش بکات: هیچ باکی بەوە نەبوو کە بەم ڕەفتارانەی چەند ئیرەیی خەڵکان لە دژی خۆی دەورووژێنێت». هەوڵی دەدا مەودای فراوانیی ڕازگرێتیی و پەنهانیی فێرکارییەکانی خۆی بە خەڵک بناسێنێت. ئەمە وای کرد گاڵتەی پێ بکەن و بیبەزێنن. **~گ.س.**

[112] **هەر وەکو نەهەنگ:** لە شانۆنامەی *هاملێت*دا پۆلۆنیۆس هەموو قسەیەکی «شێتانە»ی هاملێت دەسەلمێنێت: هاملێت دەڵێت: «ئەو پەڵە هەورەی ئەوێ دەبینیت کە بە نزیکی لە حوشتر دەچێت؟» پۆلۆنیۆس وەڵامی دەداتەوە: «ئەرێ بە نوێژی ماس، ڕاستە، لە حوشتر دەچێت.» هاملێت دەڵێت: «وا دەبینم کە لە بەوەرز دەچێت.» پۆلۆنیۆس دەڵێت: «وایە، پشتی لە بەوەرز دەچێت.» هاملێت دەڵێت: «یان لە نەهەنگ دەچێت» پۆلۆنیۆس دەڵێت: «زۆر لە نەهەنگ دەچێت.» (هاملێت ٣: ٢، ٢٦٨-٢٧٣) **~گ.س.**

**بەوەرز:** بە ئینگلی *weasel*، گیانەوەرێکی بچووکی شیردەر و گۆشتخۆرە، لەشێکی درێژکۆلە و دەست و پێی بچووکی هەیە. چڕنووکی هەیە و توانای هەڵبەزین و دابەزینی بۆ سەر درەخت و شوێنە بەرزەکان هەیە. ملی درێژکۆلە و سمێڵی هەیە. ١٢-٤٥ سانتیمەتر دەبن و گوێیان کورت و خڕیلە و کەوانەییە، ڕەنگی مووی پشتیان قاوەیی سوورباوە و ژێرمل و سکیان سپییە، هەندێکیان خۆڵەمێشین. کلکیان تووکنە و لە کلکی سمۆرە بچووکتر و کورتترە و کۆتاییەکەی ڕەشە. فەرووی هەندێکیان لە زستاندا بە تەواوی سپی دەبێت، بە تایبەتی ئەو جۆرانەیان کە لە شوێنە کوێستان و بەفراوییەکاندا دەژین. ناوی ئەم ئاژەڵە لە هەندێک سەرچاوەدا، بۆ نموونە لە *فەرهەنگی ئازادی*دا بە «مشکی خورما، ڕاسۆ، گیاندارێک لە کۆمەڵەی دەڵەک» تۆمار کراوە، لە *فەرهەنگی کوردستانیکا*دا بە «مشکەخۆرە، دەڵەک؟» تۆمار کراوە. بەڵام من ئەم زانیارییانەم لە ماڵپەڕی بەڕێز دکتۆر ناجح گوڵپییەوە هێناوە و بێ ڕەزامەندیی بەڕێزیان، داوای لێخۆشبوونم هەیە لێی، ڕێم بە

خۆم دا پێداچوونەوەیەکی زمانناسیانەی بۆ بکەم، بەڕێزیان وتارێکی بەپێزیان لەسەر ئاژەڵەکە نووسیوە و دەڵێن کە بە فارسی پێی دەڵێن «راسو»، بە کوردی «مشکەخۆرە»شی پێ دەڵێن. پێم وا بوو زانیارییەکانی بەڕێزیان شارەزایانەترن. بڕوانە: https://clic.krd/yCEsv. **~ن.م.**

113 **کاتێک یەکێک... کە ڕۆژێک**: لەسەر شێوازی وتارێکی واڵتەر پاتەر (١٨٣٩-١٨٩٤) نووسراوە بە ناونیشانی پیکۆ *دێلا میراندۆلا* کە لە پەرتووکی *ڕێنیسانس*دا (١٨٧٣). «کەچی کاتێک ئەگەر لاپەڕەیەکی یەکێک لە پەرتووکە لەبیرکراوەکانی پیکۆ بخوێنیتەوە وەک ئەوە وایە تەماشای یەکێک لەو گڵکۆ دێرینانە بکەیت، کە هەندێک جار هەڵوەداکانی سەردەمی کلاسیک بەسەریدا هەنگاویان هەڵهێناوە، کە بە نەخشونیگار و زەخرەفەی جیهانێک ڕازێنراونەتەوە کە زۆر لە هی ئەم جیهانەی ئێستامان جیاوازە و کەچی سەرەڕای ئەوەش بەوەی ئەوانەوە نوێ دیارە». **~گ.س.**

114 **دەگ**: بە ئینگلی *mast*، هی بەلەم و کەشتی و گەمییەیە، دارێکی درێژە و بایەوانەکانی پێوە هەڵدەواسرێت. **~ن.م.**

115 **لەپکەمووس**: گیاندارێکی دەریاییە، لە جۆری لەپکەکان (گیاندارە قاوغدارەکان). هاوشێوەی مووسی ڕیشتاشینە. **~ن.م.**

116 **کە بەسەر... دەشنێن**: لە شانۆنامەی *شا لیەری* شێکسپیردا، گڵۆستەر {کە یەکێکە لە کەسێتییەکانی شانۆنامەکە} کوێر کراوە و ورەی ڕووخاوە و دەیەوێت خۆی بکوژێت و لە ڕەوەزەکەی دۆڤەرەوە خۆی هەڵبداتە خوارەوە. ئێدگار، کە کوڕیەتی و شێوەی خۆی گۆڕیوە، دەیەوێت بەوە فریوی بدات و وا باوەڕی پێ بهێنێت کە چوونەتە سەری سەرەوەی بەرزایی ڕەوەزەکەوە و دەڵێت:

...{دەنگی} تەوژمە خوڕەخوڕکەرەکان
کە بەسەر زیخوچەوە بێشومارە ڕاکشاوەکاندا دەشنێن
لەم بەرزاییەوە نابیسترێن.

(شا لیەر ٤: ٦، ٢٠-٢٢). **~گ.س.**

117 **گەلەکەشتیی لەناوچوو**: دوای بەزینی گەلەکەشتیی ئیسپانیا (ئارمادا) لە ساڵی ١٥٨٨ لە بەرانبەر گەلەکەشتیی ئینگلیدا لە نۆکەندی ئینگلی، کەشتییە ئیسپانییەکان بەرەو باکوور هەڵهاتن تا بە دەوری دوورگەکانی بەریتانیادا دێور بکەنەوە و بەرەو ئیسپانیا

بگەڕێنەوە. بەڵام زریان تەخت و وێرانی کردن و زۆرێکیان بە تێکشکاوی بەرەو کەنارەکانی ئایرلاند کەناریان گرت. ~**گ.س.**

118 **لی... هەڵدەمژی**: زۆربەی زێرابەکان دەڕێژرانە ناو ڕووباری لیفی و لقەکانیەوە، بۆیە ئاوەڕێکانی ناو دایکەشارەکە {دەبلن} شتێک لە زێرابی کراوە گەڕابوونەوە، ئاوی ڕۆخەکانی ناوەوەی کەنداوی دەبلن، بە دیاریکراوی لای باشووری دەمی ڕووباری لیفیەوە، ئەو جێیەی ستیفن لێوەی دەڕوات، لە پیسیدا بەناوبانگ بوو. ~**گ.س.**

119 **زیندەوەری ڕۆشن**: زیندەوەری فسفۆرین و دادەگیرسێن. ~**گ.س.**

120 **ناوچەیەکی... دەدرەوشێتەوە**: ئەم ڕستەیە لە دەستکارییەکەی هانس واڵتەر گابلەردا هێنراوەتەوە و لە چاپەکانی پێشووتردا نییە. تەنانەت لە عەرەبییەکەی دکتۆر تەها و فەڕەنسی و فارسییەکەشدا نییە. **سەرەنوێلک**: «جێیەکە زبڵ و پیسی لێ فڕێ بدرێت». ئەو وشەیەی بە «دەدرەوشێتەوە» وەرمگێڕاوە، دەشێت بە واتای *دووکەڵی بێ ئاگر* بێت، واتە وا دیارە زێرابێکە و هاڵاوی لێ هەڵدەستێت، بەڵام بریسکەی دەریاکە لەگەڵ هاڵاوەکەدا تێکەڵ دەبێت. ~**ن.م.**

121 **پۆرتەر**: بە ئینگلی *porter*، بیرەیەکی قاوەیی تۆخی قورسە، لە قەرەخەرمان دروست دەکرێت. ~**ن.م.**

122 **دوورگەی تینوێتیی سامناک**: مەبەست لە ئایرلاندە. هەروەها لە پەڕتووکی چوارەمی *ئۆدیسە*شدا مێنێلاوس باسی مانەوەی خۆی و پیاوەکانی دەکات لە دوورگەی فارۆس، کە خەریک بوو خواردەمەنییان لێ دەبڕا، بەڵام کچەکەی پرۆتێفس فریایان کەوت و پێی وتن کە باوکی توانای ئاسمانیی هەیە. ~**گ.س.**

123 **گێژەڕێ**: بە ئینگلی *maze*، جۆرە باخێکە کە پێچاوپێچ و گێژاویی دروست دەکرێت و ڕێی لە نێواندایە. ~**ن.م.**

124 **ڕینگسێند... بە خۆر سووتاو**: ستیفن دیمەنەکانی ئێستا بە دیمەنەکانی مێژوویکی خەیاڵی بەراورد دەکات. ~**گ.س.**

125 **پیجنهاوس**: {بە ئینگلی *پیجن* واتە کۆتر و *هاوس* واتە ماڵ، واتە ماڵەکۆتر} ئەم شوێنە پێشتر قەڵایەکی شەشلا بوو، ئێستا وێستگەی وزە و کارەبای شاری دەبلنە، لەسەر کەڵەرێکە کە وەک درێژەپێدەرێکی کەناری باشووری ڕووباری لیفی لە دەبلنەوە بۆ ناو کەنداوی دەبلن درێژ بووەتەوە. ئەو کۆترەشی کە بەم باڵەخانەیەوە پەیوەست کراوە، هێمای گیانی پیرۆزە (بڕوانە ١: ١٨٢). ~**گ.س.**

[126] **کی ڤوز-امی... ژۆزێف**: بە فەڕەنسی *Qui vous a mis dans cette fichue position C'est le pigeon, Joseph?* واتە «داخۆ کێ بێت تۆی خستبێتە ئەم بارە بێچارەیەوە؟» دێڕی دواتریش واتە: «کۆترەکە بوو، یوسف.» لە پەڕتووکی *ژیانی عیسا*وە هێنراوە لە نووسینی لیێۆ تاکسیل (پاریس، ١٨٨٤). لە بەشی پێنجەمدا دەڵێت: «کە یوسف بەم بەدکارییەی زانی، ڕای خۆی دەربڕی» تاکسیل بە شۆخییەوە باس لە یوسف {مێردی مریەمی دایکی عیسا} دەکات کە گومان لە مریەم دەکات، «داخۆ تۆ بڵێیت ئەم پیاوە باشەی ئەم دڵە ساویلکەیەی هەیە، پێی وا بێت کە تەنها کۆترێک بوو کە ڕکابەری ئەو بوو؟» کە مریەم دەڵێت: «هیچ پیاوێک دەستی بەر سەری پەنجەشم نەکەوتووە»، یوسف لە وەڵامدا بەرپەرچی دەداتەوە و دەڵێت: «تچک تچک تچک، وا مەزانە گونی خۆم لە گێزەر جیا ناکەمەوە، جگە لە پیاو، داخۆ کێ بێت تۆی خستبێتە ئەم بارە بێچارەیەوە؟» مریەمیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «کۆترەکە بوو، یوسف!» تاکسیل یەکەم بەشی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا* دەکات بە سەرچاوەی ئەم «ڕووداو»ە و وا دایدەنێت کە ئینجیلەکە ئەم بەشی «یەکتر تاوانبارکردن»ەی چیرۆکەکەی پەڕاندووە. **~گ.س.**

[127] **مەیخانەی ماکماهۆن**: مەیخانەکە بە ناوی یەکێک لە دیارترین نەوەکانی قازە کێوییەکانەوە ناو نراوە (بڕوانە ٣: ١٢٩)، کە ئەویش ماری ئێدمێ پاتریس مۆریس دو ماکماهۆن (١٨٠٨-١٨٩٣)ە، ماکماهۆن دوکی ماجێنتا و مارشاڵی فەڕەنسا و دووەم سەرۆکی سێیەم کۆماری فەڕەنسا بوو. ماکماهۆن تا جەنگەکانی نێوان فەڕەنسا و پڕوسیاش لە ساڵانی ١٨٧٠و ١٨٧١ هەر سەرکردەیەکی سەربازیی لێهاتوو بوو، بەڵام لەو جەنگە ناوبراوانەدا لە زنجیرەیەک دۆڕانی زۆر گران بەرپرسیار بوو کە لەو دۆڕانانەوە سوپای فەڕەنسا دارِما. دوای جەنگەکە وەک سەرۆکی فەڕەنسا هەڵبژێررا، چونکە وا دەردەکەوت کە لە بواری وارگێڕییەوە دوورە، بەڵام ماوەی پۆستەکەی بە چەند ململانێیەکی سەختی نێوان ئیمپریالیستەکان و کۆمارخوازەکان داغان ببوو. ئیمپریالیستەکان (یان پاشاخوازەکان) لە لایەک دەیانویست ماکماهۆن وەک پلیکانەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان بە کار بهێنن و لە لایەکی تریش کۆمارخوازەکانی دژیان وایان دەبینی کە ماکماهۆن ئارەزووی پاشاخوازیی هەیە. **~گ.س.**

[128] **لێستنەوە**: لێرەدا واتە وەک پشیلە شیر بە شڵپەشڵپ و لێستنەوەی زمان بخۆیتەوە. **~ن.م.**

[129] **پاتریس و کێڤن ئیگن**: مەبەست لە «قازە کێوییەکان» ئایرەکانن کە بە مەبەست لە وڵاتی خۆیان دەربەدەر کراون، لە بری ئەوەی لە ئایرلاندێکدا بژین کە ئینگلتەرا حوکمی دەکات. یەکەم جار ناوەکە لە ئایرە یاخییەکان نرا کە پاڵپشتیی پاشا جەیمزی دووەمی ئینگلتەرایان کرد و دوای ئەوەشی ساڵی ١٦٩٠ لە جەنگی *بۆین*دا ویلیەمی سێیەمی ئینگلتەرا جەیمزی بەزاند و ساڵی ١٦٩١ پەیماننامەی لیمریک واژۆ کرا، بە دەربەدەری ڕازی بوون. کێڤن ئیگن وێنەیەکی جۆزێف کەیسییە، فینییەنێکی چالاک بوو و لەسەر ئەوەی گوایە دەستی هەبووە لەوەی پێی دەوترێت «ڕزگارکردنی مانچستەری ئەیلوولی ١٨٦٧» بەند کراوە، لەم ڕووداوەدا لە مانچستەر دوو سەرکردەی فینییەنەکان لە واگۆنێکی پۆلیسدا ڕزگار کران و پۆلیسێکیش کوژرا. کێڤن ئیگن {یان جۆزێف کەیسی} لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٦٧دا خرایە بەندیخانەی کلێرکنوێلی لەندەنەوە. فینییەنەکان هەوڵێکی سەرنەکەوتوویان دا بۆ ڕزگارکردنی، بەوەی بەرمیلێک باروتیان لە ژێرزەمینی بەندیخانەکەدا تەقاندەوە، دە لەندەنی کوژران و سی لەندەنیی تریش بە سەختی بریندار بوون و ئەمەش سەرکۆنەکردنێکی گەورەی خەڵکانی لێکەوتەوە. {بۆ *جەیمزی دووەم* و *ویلیەمی سێیەم* (بڕوانە ٢: ٥١)} **~گ.س.**

کەسێتیی کێڤن ئیگن لەسەر نموونەی جۆزێف ثیۆباڵد کەیسی (١٨٤٦-١٩١١) بونیاد نراوە. ئەم پیاوە یەکێک بوو لە چوار برا، کە ئەوانی تر *پاتریک* و *ئەندرو* و *جە*یمز بوون، لە خێزانێکی خەڵکی کیلکەنی بوون و خزمی جەیمز ستیفنس بوون، کە سەرۆکی فینییەنەکان بوو. خێزانی کەیسییەکان دوکانێکی بچکۆلەی کەلوپەلی بیناسازییان بە ڕێوە دەبرد. جۆزێف کەیسی لە نیسانی ١٨٤٦دا لە کاتیدرایی سانت ماری لە کیلکەنی ئاوەمۆر کراوە. کە جەیمز جۆیس لە زستانی ساڵی ١٩٠٣دا بۆ یەکەم جار چووە بۆ پاریس، جۆزێف کەیسیی بینیوە، ئەوکات ئەو پیر بووە {نزیکەی ٥٧ ساڵان بووە} و ئەندامێکی پێشووی فینییەنەکان بووە. ئەو کاتە کەیسی دەربەدەرێکی ڕاستینە بووە و لە ڕۆژنامەی *نیو یۆرک هێرەڵد*ی ئەوروپادا (پاریس) وەک تیپچن کاری کردووە. دەوترێت گوایە جۆزێف کەیسی لە چالاکییەکی فینییەنەکاندا لە ١٨ی ئەیلوولی ١٨٦٧دا لەگەڵ هەندێک پیاوی چەکداری تردا دەستی هەبووە کە هەوڵی ڕزگارکردنی دوو سەرکردەی فینییەنەکانیان داوە، دوو پیاوەکەی تریش تۆماس کێلی و تیمۆثی دیسی بوون، ئەم ڕزگارکردنەش لە واگۆنێکی پۆلیسدا بووە لە مانچستەر، لە ئەنجامدا مەرگی *چارلز برێت*ی لێ کەوتەوە کە ئەفسەرێکی پۆلیس بوو. کەیسی دەستگیر کرا و لە بەندیخانەی کلێرکنوێل لە لەندەن

بەند کرا. لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٦٧دا، بەرمیلێکی بارووت لە دامێنی دیواری بەندیخانەکەدا تەقێنرایەوە کە ئامانج لێی ڕزگارکردنی کەیسی و سەرۆکەکەی بوو کە ناوی *ڕیچارد بۆرک* بوو (١٨٣٨-١٩٢٢). چەند کەسێکی شارەوان بوونە قوربانی و زۆر کەس بە خەستی بریندار بوون، ئەمەش تووڕەبوونێکی گەورەی ڕای گشتیی خەڵکی لێ کەوتەوە. دواجار کەیسی دوای دادگاییەکی درێژ ئازاد کرا. چوو بۆ پاریس و لەوێ ژیا و وا هەستی دەکرد کە ژنەکەی خۆی و ئەندامەکانی کۆمەڵەکەی خۆی دەستبەرداری بوون. پاتریس کوڕەکەی بوو کە لە فەڕەنسا لە دایک ببوو. کەیسی لە ٨ی حوزەیرانی ١٩١١دا لە فەڕەنسا مرد. **~ڤ.ئ.**

130 **بابم تەیرە**: (بڕوانە ١: ١٨٢). **~گ.س.**

131 **لێ شۆ**: بە فەڕەنسی: *lait chaud* واتە *شیری گەرم*. **~گ.س.**

132 **لاپا(ن)**: بە فەڕەنسی: *lapin* واتە *کەروێشکەنێرە*. **~گ.س.**

بە لێستنەوە، یان وەک وترا: شڵپەشڵپ خواردنەوە بە ئینگلی پێی دەوترێت: *لاپ lap*، لێرەدا ستیفن بیر لە لێکچوونی دوو وشەی *لاپ* (لێستنەوە، بە شڵپەشڵپ خواردنەوە) و *لاپان*ی فەڕەنسی دەکاتەوە، کە بە وەرگێڕانی کوردی نایەتەوە. **~ن.م.**

133 **گغۆ لۆ**: بە فەڕەنسی: *gros lots* واتە *خەڵاتی یەکەمی هاییەخت* (یانەسیب). **~گ.س.**

134 **میشێلێ**: ژوول میشێلێ (١٧٩٨-١٨٧٤) مێژوونووسێکی فەڕەنسیی قوتابخانەی ڕۆمانتیک بوو. میشێلێ زیاتر بە مێژووی بابەتێتی نەناسراوە، بەڵکو بە مێژووی وێنەیی و لاساییکردنەوە و هەستیی ناسراوە. ڕەنگە ئەو پەڕتووکەی پاتریس خوێندوویەتیەوە *لا فام* – *la Femme* بووبێت بە واتای *ژن* (پاریس، ١٨٦٠). میشێلێ گەشەسەندن و پەروەردەی ژنی بۆ ئایدیالێتییی ژن و ڕۆڵی ژنانە گەڕاندووەتەوە و دەڵێت: «ژن دینێکە» و ئەرکەکەشی «گونجاندنی دینە»، هەروەک چۆن پیشەکەی «ئەوین»ە، شۆخوشەنگێتییە پێویستەکەی «وێنەدانەوەی ئەوینە و بناغەی پاکێتییە». «پیاو» بە شێوەیەکی گونجاو «پەروەردەی دەکات» و لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایدیالێتییەدا، ژن تا ئاستێکی وەها دەبێتە «باڵادەستتر لە پیاو» کە ئەگەرچی پیاوەکە «بەهێزە... {بەڵام} ژن ئاسمانییە... کردارەکییە... گیانەکییە... چەنگێکی مەودا-فراوانترە لە پیاو» بەڵام ژن «بەهێز نییە». **~گ.س.**

135 **لا ڤی دو ژێسوی... تاکسیل**: بە فەڕەنسی *La Vie de Jésus* واتە *ژیانی عیسا* کە لێیۆ تاکسیل نووسیویەتی (پاریس، ١٨٨٤). لێیۆ تاکسیل ناوی خوازراوی گابرییێل ژۆگاند-پاژێس (١٨٥٤-١٩٠٧)ە. شێوازی ژۆگاند-پاژێس تووڕانە نییە، بەڵکو جەفەنگی و شۆخییانەیە کە

هەوڵ دەدات بێواتاییەکانی ناو گێڕانەوە مەسیحییانە باوەکانی چیرۆکی ژیانی عیسا پەرە پێ بدات. پەڕتووکەکە لەسەر سێ پەیڤ گاڵتەکەی خۆی دەکات: ١. عیسا خودا بووە و ماوەیەک لەسەر زەوی لە شێوەی پیاوێکدا کاتی بەسەر بردووە؛ ٢. ئەوان بەرهەڵستییان کردووە کە بیرۆکەکانی ئەویان لە بارەی ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند کردووە؛ ٣. هەرگیز بوونی نەبووە و ئەو کەسانە چیرۆکەکانی ئەویان هەڵبەستووە کە ئەویان بە کار هێناوە. بۆچوونی ژۆگاند-پاژێس لە ناونیشانی هەندێک لە پەڕتووکەکانی تریدا بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دراوە، وەک: *کتێبی پیرۆزی جەفەنگی* (پاریس، ١٨٨٢)؛ *پاپا پایۆسی نۆیەم، ژیان و وارگێڕی و پاپایەتی و داوێنپیسی و گەوجێتی و تاوانەکانی* (پاریس، ١٨٨٣)؛ *دڵدارییە نهێنییەکانی پایۆسی نۆیەم* (پاریس، ١٨٨٤). پەڕتووکەکانی ئەوەندە بە دژەدین دانران کە ساڵی ١٨٨٥ گوشاریان خستە سەر تا نامەی دەستهەڵگرتن لە نووسینەکانی بۆ باڵیۆزی پاپا بنێرێت و بەرەو ڕۆما گەشت بکات بۆ داوای لێخۆشبوون لە پاپا، کە لە ڕۆژنامەکاندا بەردەوام لەسەری دەنووسرا. بەڵام گومانێکی ئێجگار زۆر هەبوو کە تا چەند ژۆگاند-پاژێس ڕاستگۆ بووە لە نامەی دەستهەڵگرتن یان لە پەڕتووکەکانیدا، یان لە هەردووکیاندا. **~گ.س.**

[136] **سێ تۆغدۆن... وی**: دێڕی یەکەم بە فەڕەنسی *C'est tordant, vous savez. Moi, je suis socialiste. je ne crois pas en l'existence de Dieu. Faut pas le dire à mon père*. پاتریسە کە ئەم قسەیە دەکات، واتە: *زۆر پێکەنیناوییە، دەزانیت؟ من خۆم سۆسیالیستم. باوەڕم بە بوونی خودا نییە. بە باوکم مەڵێ.* دێڕی دووەم بە فەڕەنسی (*Il croit*) واتە *ئەو باوەڕدارە؟* دێڕی سێیەم بە فەڕەنسی *Mon père, oui* واتە: *باوکم، بەڵێ.* **~گ.س.**

[137] **شلوس**: بە ئەڵمانی *Schluss* واتە *کۆتایی* یان *ئەنجام*، لێرەدا بە واتای *بەسە!* بە کار هاتووە. **~گ.س.**

[138] **پێسێئێن... ناتوغێل**: پێسێئێن خوێندنەوەی سێ سەرەپیتەکەیە بە فەڕەنسی. *فیزیک، کیمیک، ئێ ناتوغێل* بە فەڕەنسی *physiques, chimiques et naturelles* واتە: *فیزیا، کیمیا، سرووشتناسی*، سێ وانەی پێش پزیشکین. **~گ.س.**

[139] **موو ئۆن سیڤێ(ت)**: بە فەڕەنسی *mou en civet* واتە *کوڵاوێکی نەرم*، شلەی سیی کوڵاوە کە هەرزانترین جۆری خواردنی فەڕەنسییە. **~گ.س.**

[140] **گرۆتبایی**: واتە *بایی گرۆتێک* (بڕوانە ١: ٢٧). **~ن.م.**

141 **مەنجەڵی گۆشتەکەی میسر**: لە *کتێبی پیرۆز*ەوە: «[2]هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدا بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا و هارون کرد. [3]نەوەی ئیسرائیل پێیان گوتن: "خۆزگە بە دەستی یەزدان لە خاکی میسردا بمردبووینایە، بۆ خۆمان لای مەنجەڵی گۆشت دانیشتبووین و بە تێری نانمان دەخوارد، بەڵام ئێمەتان دەرهێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە هەتا هەموو ئەم کۆمەڵە بە برسێتی بکوژن."» (دەرچوون ١٦: ٢-٣) **~گ.س.**

142 **بۆلمیش**: کورتکراوەیەکی بازارییانەی خەڵکی پاریسە بۆ *بۆلیڤار سان میشێل* – *Boulevard Saint-Michel*، واتە *شارێی سانت میشێل* شەقامێکە لە بەری چەپی ڕووباری سێن لە پاریس. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا چەقی قاوەخانەکانی قوتابییەکان و هونەردۆستەکان بوو. ئارثەر سەیمنس (١٨٦٥-١٩٤٥) لە *بزوتنەوەی هەڵوەشاندنەوە لە وێژەدا* (١٨٩٣)، دەڵێت: «گەنجە شێتە دەنگزلەکان سەردانی مەیخانەکانی شارێی سانت میشێلیان دەکرد و زیرەکیی خۆیان لە باسکردن و تیۆریزەکردنی هەندێک بابەتدا بە فیڕۆ دەدا کە نەیاندەتوانی بیاننووسن». **~گ.س.**

143 **شەوی حەڤدە... بینیوە**: ڕۆژنامەی *ئایرش تایمز* لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٩ی شوباتی ١٩٠٤دا نووسیویەتی: «تۆمەتی کوشتن: دوێنێ لە بنکەی پۆلیسی باشوور لە دەبلن، لە بەردەم میستەر سویفتدا، پاتریک مەکارثی، کە لە بەندیخانەی ڕاگرتندا دەستبەسەر کرابوو، بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەستی تێرێزای هاوسەری خۆی تۆمەتبار کرا، ناوبراو لە ماڵی خۆیان لە گەڕەکی داوسن لە شەقامی ستیفن، دڕندانە پەلاماری ژنەکەی داوە.» دوو گەواهیدەر لە دادگاییەکەدا ئامادە بوون، بەڵام بۆ ئەوە نەبوو کە دەستبەسەرکراوەکە دەستنیشان بکەن، یان لە ١٧ی شوباتدا بیخەنە شوێنی ڕوودانی تاوانەکەوە. بەڵکو دوو گەواهیدەرەکە مێژوویێکی درێژی توندوتیژیی خێزانییان گێڕایەوە کە کەڵەکەبوونی ئەم تاوانانە وای کردووە کار بگات بەوەی ئەم خانمە لە ١٠ی شوباتدا ببێتە قوربانی و بمرێت. ڕۆژنامەی *ئایرش تایمز* درێژەی بە باسەکە داوە و دەڵێت: «دکتۆر ئۆهەیر لە خەستەخانەی {منداڵبوونی} شەقامی هۆلس، ئاماژەی بەوە دا کە ژنەکە بە بێهۆشی بۆ خەستەخانە هێنراوە و لە نۆیەم هەولدا منداڵێکی لەبارچووی بووە و خۆیشی لە ڕۆژی دواتردا مردووە. لێکۆڵینەوەی دوای مردن دەریخستووە کە ئاوساوییەک لەسەر پەردەی مێشکی ژنەکە دروست بووە و دەشێت هۆی ئەم ئاوساوییە ئەو پەلامارە بێت کە ئاماژەی پێ دراوە. دەستبەسەرەکە بە دادگا سپێرراوە». **~گ.س.**

[144] **لوی، سێ موا**: بە فەڕەنسی *Lui, c'est moi* واتە «من ئەوم» لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەئامێزە بە وتەکەی شا لویسی چواردەیەمی فەڕەنسا کە وتبووی *L'état, c'est moi* واتە من وڵاتم. ~**گ.س.**

[145] **ئۆنکۆغ دو مینوی**: بە فەڕەنسی *Encore deux minutes* واتە دوو *خولەکی تر* یان دوو *خولەکی ماوە*. ~**گ.س.**

[146] **فێغمێ**: بە فەڕەنسی *Fermé* واتە *داخراوە*. ~**گ.س.**

[147] **دیوارەکان... هەڵبپرژێنیت**: لە دەقە ماکەکەدا ڕستەسازیی ئەم ڕستەیە تەواو شێوێنراوە، ستیفن وێنای ئەوە دەکات فیشەکێک بنێت بە دەرگاوانی پۆستەخانەکەوە، لە ئەنجامی فیشەکەکەدا دەرگاوانەکە هەلاهەلا ببێت و وردەگۆشت و خوێن و قۆپچەکانی جلەکەی بە دیوارەکانەوە هەڵبپرژێت. ئەمەی لە ڕستەکەشدا تاقی کردووەتەوە و یەکبەیەکی وشەکانی ناو ڕستەکەی بە شێوەیەکی وەها پەرشوبڵاو کردووەتەوە: «دیوارەکانی وردەگۆشتی مرۆڤ هەموو قۆپچە مسەکان»، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە دکتۆر هەنتەوە کرد و ئەویش ئەمەی بۆم پشتڕاست کردەوە. پاشان ستیفن وێنای ئەوە دەکات بە ئامێری سەرەتایی فیلمی سینەمایی دیمەنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ باری ئاسایی پێش ڕووداوەکە. جۆیس خولیایەکی لاوەکی هەبووە بۆ سینەما و دامەزرێنەری یەکەم هۆڵی سینەمایە لە دەبلن، بە ناوی *ذە ڤۆڵتا* *The Volta*وە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ~**ن.م.**

[148] **کۆڵومبانوس و فیاکر و سکۆتوس**: سیانن لە بەناوبانگترین مژدەبەرە ئایرەکان کە چوون بۆ ئەوروپا. بۆ *کۆڵومبانوس* (بڕوانە ٢: ٣٨). سانت فیاکر لە بەشی دووەمی سەدەی شەشەمدا لە ئایرلاند لە دایک بووە، چووە بۆ فەڕەنسا و لەوێ ژووری گۆشەگیرییەکەی بووەتە پەناگایەکی پاراستن (جۆرە ڕەبەنگایەکی نافەرمی) و لە دوای مردنیشی لە دەوروبەری ساڵی ٦٧٠دا وا باس دەکرێت گوایە گڵکۆکەی کاری پەرجووی کردووە. جۆن دەنس سکۆتوس (دەوروبەری ١٢٦٦-١٣٠٨) فەیلەسووفێکی سکۆلاستیی گرنگ بوو کە بە دکتۆری لێهاتوو ناسرابوو. جۆیس پێی وا بوو «دژێکی ناودار»ی سانت تۆماسی ئەکوینۆیی بووە. (مشتومڕی جیاواز هەیە لە بارەی ئایربوونی سکۆتوسەوە، چونکە سکۆتلاند و ئینگلتەراش بە هی خۆیانی دەزانن). ~**گ.س.**

[149] **ئێیوجێ! ئێیوجێ!**: بە لاتینی *Euge! Euge!* واتە *ئافەرین! ئافەرین!* بەڵام ئەم وشەیە لە چەند شوێنێکی *کتێبی پیرۆزدا* بۆ تەوس بە کار هاتووە، هەر وەک چۆن لێرەشدا بۆ هەمان مەبەست بە کار هاتووە. ~**گ.س.**

[150] **نیوهەیڤن**: بەندەرێکی سەر نۆکەندی سانت جۆرجە لە باشووری ئینگلتەرا، دواوێستگەی شەمەندەفەرە و بەندەری کەشتیی هەڵمییە کە ڕۆژانە دوو جار لە نیوهەیڤنەوە دەچن بۆ دیێپ لە فەڕەنسا و دەگەڕێنەوە. **~گ.س.**

[151] **کۆمۆ**: بە فەڕەنسی *Comment?* واتە چی؟ **~گ.س.**

[152] **لو توتو**: لو توتو تەنوورەیەکی کورتی سەماکەری بالێیە، هەروەها گۆڤارێکی پاریسی بوو. **~گ.س.**

[153] **پانتەلۆن بلۆنک ئێ کولۆت غووژ**: بە فەڕەنسی *Pantalon Blanc et Culotte Rouge* واتە دەرپێی سپی و پانتۆڵی سوور (*پانتۆڵ-سوور* بە واتای *هاوشانی لەشکریش* دێت) وەک ژۆرنتن تێبینیی کردووە، لەوە دەچێت ئەمە گۆڕاوی جۆیس خۆی بێت بۆ *la vie en coulette rouge* واتە *ژیان لە ناو پانتۆڵ-سوورەکاندا* یان *ژیان لە ناو شوێنکەوتووانی لەشکردا*. **~گ.س.**

شوێنکەوتووی لەشکر کەسێکە کە دەشێت سەربەخۆ بێت یان خزمی سەربازەکان بێت، لەگەڵ لەشکردا دەچێت بۆ هاوکاری و هەندێک جار بۆ هەڵگرتنی شتومەک و بەردەستیکردن و هەڵگرتنی خواردن بۆ سەربازەکان. جۆن هەنت دەڵێت کە *لا ڤی ئۆن کولۆت* غووژ ناوی گۆڤارێکی پاریسییە کە تا ڕادەیەک وێنەی ڕووتی خانمانی تێدا بووە، *پانتەلۆن بلۆنک ئێ کولۆت* غووژیش ناوی دەرکردەیەکی ئەم گۆڤارەیە کە دە دانەی پێکەوە لێ دەرچووە. بەڵام جۆیس ناونیشانەکەی بە تاک بیر ماوە، بەڵام خۆی کۆ بووە، واتە بە فەڕەنسی *Pantalons Blancs et Culottes Rouges* بووە بە واتای *دەرپێ سپییەکان و پانتۆڵە سوورەکان*، لە ڕاستیدا بە فەڕەنسی ئەمە ئەوەندەی بە واتای *پانتۆڵە سپییەکان و دەرپێ سوورەکان دێت*، ئەوەندە بە واتاکەی دکتۆر هەنت و گیفرد و سایدمان نایەت، لە چەند ئیمەیلێکمدا لەگەڵ دکتۆر هەنتدا گفتوگۆمان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەڵام هەردووکمان زۆر دڵنیا نین کە کامیانە، بۆیە ئەم گومانە هەر ئاوها بە جێ دەهێڵم. **~ن.م.**

[154] **وردەبابەتی سەیروسەمەرە**: کۆمەڵێک بابەتن کە هەم بۆ بڵاوکردنەوە و پیشاندان سەرسووڕهێن بن و هەم بۆ بینین و خوێندنەوەش. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە دکتۆر هەنتەوە کرد و پێی ڕاگەیاندم کە: «لە سەدەی نۆزدەدا هەندێک شتی سەیروسەمەرە و سەرسووڕهێن بڵاو دەکرانەوە، پڕ بوون لە بابەت و چیرۆکی بێ پەیوەندی و سەیروسەمەرە» هەروەها بۆی نووسیبووم کە: «لە سەردەمی منداڵیی خۆمدا، بابەتێک

هەبوو، ناوی *Ripley's Believe It of Not* بوو، شتێکی وەها بوو». ئەمە بیری حەفتەنامەی *پێشکەوتن*ی سەردەمی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمری خستمەوە، لە زۆرێک لە ژمارەکانی ئەو حەفتەنامەیەشدا بابەتێکی تێدایە ناوی *قسەی پڕوپووچ*ە، کە کۆمەڵە دێڕێکی وارگێڕی و گاڵتەجاڕی و سەیری تێدایە، بۆ نموونە لە بەشی *قسەی پڕوپووچ*ی ژمارەی یەکەمدا، کە لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠دا دەرچووە، دەڵێت: «ئەڵمان دەستی کردووەتەوە بە شەڕ - بە کچێنی هیچی پێ نەکرا، ئەمجا بە بێوەژنی!» هەروەها دەڵێت: «بەڵشەڤیک هاتووەتە پاڵانیا. - قسەی قۆڕ! خۆ بە تورکی پاڵان کۆپانە!» یان دەڵێت: «موستەفا کەمال کەر دەرچوو، لە کەرەکانی ئێمەش کەرتر!». بڕوانە حەفتەنامەی ناوبراو، من ڕێنووسەکەم کردووە بە ڕێنووسی ئەم سەردەمە، ئەگینا بە ڕێنووسی ئەو سەردەمە نووسراوە: «*قصە ی قور خو بە ترکی پالان کو پانە*». ~**ن.م.**

155 **دیکە دەمرێت وەرەوە باوکت**: ئەوەی من بە «دیکە» وەرمگێڕاوە کە مەبەست لێی «دیی کە» یان «دیی تر»ە لە دەقە بنەڕەتەکەدا ***Nother***ە، کە وشەیەکی دەگمەنی بازاڕییانەیە بە واتای *یەکێکی تر* دێت، ئاوهاش واتای ڕستەکە دەبێت بە: «یەکێکی تر دەمرێت، وەرەوە. باوکت». وشە ڕاستەکە ***Mother***ە، واتە *دایک*، واتە ڕستە ڕاستەکە: «دایکت دەمرێت، وەرەوە. باوکت.»ە. کە جەیمز جۆیس لە پاریس خوێندوویەتی، جۆن جۆیسی باوکی ئەو تەلەگرافەی بۆ ناردووە. بەڵام بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت کە جۆن جۆیس لە ناردنی تەلەگرافەکەدا هەڵەی کردبێت و لە بری «دایکت» «دیکە»ی نووسیبێت. هەموو هەڵەبڕەکانی *ئولیس* لە چاپەکانی پێشوودا ئەو وشەیەیان بە «دایکت» ڕاست کردووەتەوە، بەڵام هانس والتەر گابلەر وشە ماکەکەی هێناوەتەوە کە «nother»ەکەیە و من بە «دیکە» وەرمگێڕاوە. بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە لەسەر ئەم هەڵەیە، بەڵام ئەوەی من بە شیاوترینیان دەزانم، ئەوەیە کە جۆیس بە ئەنقەست ئەم هەڵەیەی تێکردووە، ئەم هەڵەیە لە قورسیی پەیامی تەلەگرافەکە کەم دەکاتەوە و دەبێت بەوەی کە «یەکێکی تر دەمرێت، وەرەوە. باوکت.» ئینجا ستیفن بە ئەنقەست خۆی لە وشەی ڕاستەوخۆی «دایک» لابدات یان نا، یان هەر بە ڕاستی تەلەگرافەکە بەو هەڵەیەوە نێررابێت، نازانم. بەڵام ئەوەی وام لێ دەکات گومان بکەم کە ستیفن خۆی بە ئەنقەست وشەکە دەگۆڕێت، تا لە مێشکیدا بە «دایکت دەمرێت» نەچەسپێت، ئەوەیە کە لە ئەڵقەی دووەمیشدا کە مەتەڵەکە بۆ قوتابییەکان دەکات، لە وەڵامی مەتەڵەکەدا دەڵێت: «ڕێوییەکە لە ژێر درەختێکی ئیلێکسدا نەنکی دەنێژێت» کە لە دەقە ڕاستینەکەی

سەرچاوەی ئەو مەتەڵەدا دەڵێت: «ڕێوییەکە لە ژێر درەختێکی ئیلێکسدا دایکی دەنێژێت». لە پەرەگرافی دواتردا کە ستیفن بیر دەکاتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە چاک دەزانێت وەڵامە ڕاستەکەی مەتەڵەکە «دایکی دەنێژێت»ە نەک «نەنکی». دەڵێت: «ئیتر نەما: ئێسکەپەیکەری لەرزۆکی خیزەرێک لە ئاگردا سووتا، کزەبۆنێکی سوورەدار و خۆڵەمێشی شێدار. لە فلیقاندنەوەی ژێر پێیان ڕزگاری کرد و ڕۆی، وەک بڵێیت هەر نەبوویێت. گیانێکی بەستەزمان چوو بۆ ئاسمان: لە دیمێکیشدا لە ژێر جریوەی ئەستێرەکاندا ڕێوییەک، بۆگەنی سووری ڕاوکراوەکەی لە فەرووەکەیەوە دەهات، بە چاوە پەرۆشە بێبەزەییەکانیەوە زەوییەکەی هەڵکۆڵی، گوێی گرت، زەوییەکەی هەڵکۆڵی، گوێی گرت، زەوییەکەی هەڵکۆڵی و هەڵیکۆڵی». **~ن.م.**

156 **دەی سا... دەهێشتەوە**: لەسەر هۆنراوەیەکی پێرسی فرێنچ (١٨٥٤-١٩٢٠) دانراوە کە گۆرانینووس و دەمەلاسکێکەرێکی ئایرە. هۆنراوەکە ناوی *پووری ماثیو هەنیگن*ە و دەڵێت: «ماثیو هەنیگن پوورێک و مامێکی هەبوو/ لەم بەستەیەدا دەمەوێت/ ئەو پوورەی ستایش بکەم.../ دەی سا هانێ نۆشێک بۆ پووری هەنیگن/ ئینجا پێشت دەڵێم بۆچی./ لە خێزانی هەنیگندا/ هەموو شتێکی ئابرووماەندانە ڕادەگرت.» **~گ.س.**

157 **دیوارەکەی باشوور**: ئەو دیوارە دەریاییەیە کە بە کەناری باشووری ڕووباری لیفیدا بەرەو کەنداوی دەبلن درێژ دەبێتەوە (بڕوانە ٣: ٢٢٦). **~گ.س.**

158 **ڕەو**: یان *مارش*، هەنگاو، یان ڕۆیشتنی سەربازییانە. **~ن.م.**

159 **مامۆس**: بە ئینگلی *mammoth*، وشەکە خوازراوە. ئاژەڵێکی قڕتێکەوتووە، جۆرە فیلێکە قۆچێکی زۆر درێژی کەوانەیی هەیە، کەوڵی لەشی لە هی ورچ دەچێت. **~ن.م.**

160 **فارل**: جۆرە نان یان کێکێکی ئایری و سکۆتییە لە ئارد یان بڕوێش دروست دەکرێت. **~گ.س.**

161 **ئەفسەنتینی سەوزەبۆقی**: مەبەست ئەفسەنتینە (بڕوانە ٣: ١٧٢). **~گ.س.**

162 **بێللوۆمۆ**: بە ئیتالی *belluomo* واتە پیاوێکی قۆز، هەروەها وشەیەکی بازاڕیشە بە واتای *گەپجاڕ*. **~گ.س.**

163 **ژێرپیاڵەیەک ترشی سرکەیی**: لەوانەیە بۆ پاککردنەوەی ڕووکەشی بەرد و مەڕمەڕ بێت. **~گ.س.**

164 **ڕۆدۆتس**: دوکانێکی شیرینییە بە ناونیشانی ٩ی شاڕێی سانت-میشێل لە پاریس. **~گ.س.**

دکتۆر هەنت دەڵێت کە ئیڤۆن و مادەلین دوو ژنی خەیاڵکردن (فیکشنەڵ) کە لە ڕۆدۆتس دانیشتوون. **~ن.م.**

165 **شۆسۆن**: بە فەڕەنسی *chaussons* شیرینییەکە لە چەندین نانی زۆر تەنکی بەسەر یەکدا نووساو پێکدێت. **~گ.س.**

166 **پوس**: بە فەڕەنسی *pus* واتە کێم، ئەو شلە زەردەی لەسەر برین دێت. **~گ.س.**

167 **فلان بریتۆن**: بە فەڕەنسی *flan breton* شیرینییەکە، کێکێکی لە کاستەر دروست کراوە. **~گ.س.**

168 **لاوێنەرە... کەوانەییەکان**: **کۆنکۆیستادۆر**، بە فەڕەنسی *conquistadores* وشەیەکی بازاڕییە بە واتای *ژنباز* دێت. **~گ.س.**

*کۆنکویستادۆر* خۆی بە واتای *داگیرکەر*یش دێت. لاوێنەر واتە *ئەوەی دڵی کەسێکی تر ڕادەگرێت و دەیلاوێنێتەوە*، وشەکەی تر کە *باشلاوێنراوەکان*ە، لە دروستکراوی جۆیس خۆیەتی، واتە ئەوەی باش لاوێنراوەتەوە. لێرەدا ئەم دوو وشەیە چەند ئاست و واتایەکیان هەیە: ١. بەوەی کە باسی پیاوە پاریسییەکان دەکات کە بەو ناوەدا دێن و دەچن و گێڕەرەوەکە لە دیدی ئیڤۆن و مادەلینەوە تەماشایان دەکات، هەروەها بە «داگیرکەر» یان «ژنباز» پێناسەیان دەکات، واتە *ئەو پیاوانەی ئەم ژنانە دەلاوێننەوە و ئەم ژنانەش باش ئەوانیان لاواندووەتەوە*، بێگومان لە بواری دۆستایەتیی سەرجێییدا. ٢. بەوەی کە لە پەسنی کۆنکویستادۆرەکاندا دەڵێت: «کەوانەیی»، بە واتای *کێری پیاوەکان* دێت کە هەم ژنانیان باش لاواندووەتەوە و هەم خۆیشیان باش لاوێنراونەتەوە. ٣. بە واتایەکی تەواو جیاوازتر، وشە ماکەکەی جۆیس کە بە «لاوێنەر» وەرمگێڕاوە و خۆی *pleaser*ە، بە واتای *ڕیشی لاڕوومەت*یش دێت، واتە پێچەوانەی سەکسووک کە ڕیشی لاجانگ تا نزیکی چەناگە و دەم هاتوون و لەوێدا تاشراون، بێگومانیش ئەم جۆرە ڕیشە کەوانەییە، لێرەدا دەشێت بە «ڕیشی لاڕوومەتە باشلاوێنراوەکانیان، کۆنکویستادۆرە ئەگریجە لوولەکانیان» وەربگێڕرێت. **~ن.م.**

169 **نیوەڕۆ سەرخەو دەشکێنێت**: لە *ئۆدیسە*دا کچەکەی پرۆتێفس بە مێنێلاوس دەڵێت کە هەموو ڕۆژێک «کە هەتاو لە ناوەڕاستی ئاسماندا دەوەستێت» پرۆتێفس دێتە سەر ڕۆخ تا لە نێو فەکەکاندا پشوو بدات «لەو ئەشکەوتانەدا کە بە دەریا هوڵۆڵ بوون» **~گ.س.**

ئەوەی سەرەوە وەرگێڕانی منە بۆ ئەو چەند دێڕەی گیفرد و سایدمان لە وەرگێڕانە ئینگلیییەکەی فیتزجێرەڵدەوە هێناویانە، ئەمەش وەرگێڕانە کوردییەکەی مامۆستا

حەمەکەریم عارفە: «کە هەتاو دەگاتە ناوەندی ئاسمان، هەنگێ پیرەمێردی دەریا، بە هۆی هەڵکردنی بای خۆرئاواوە، خۆی وە بن شەپۆلانی تاریک دەدات و لە دەریا وەدەردەکەوێت، دەڕوا لە ئەشکەوتێکدا بخەوێت.» *ئۆدیسە*، چاپی دووەم، لا٩٥. ئەم دوو وشەیە، کە لە دەقە ماکەکەدا *noon slumbers*ە، دەشێت وەهاش وەربگێڕرێت: «سەرخەوەکانی نیوەڕۆ».~**ن.م.**

[170] **پەنجانەی... سواغ درابوون**: جۆزێف کەیسی، فینییەنە ڕاستینەکەی کێڤن ئیگنی لەسەر بونیاد نراوە، لە ڕۆژنامەی *نیو یۆرک هێرەڵد* لە پاریس پیتچن بووە. **~گ.س.**

[171] **باروت**: ئەو جگەرانەی کێڤن ئیگن دەیانپێچێتەوە، پلیتەی ئەو بۆمبانە دەخاتەوە یادی ستیفن کە ئیگن بە کاری هێناون، یان لە بری ئەو بە کار هێنراون (بڕوانە ٣: ١٢٩). **~گ.س.**

[172] **هەر کە پاتریس... دەدا**: «کەڵبەی جنۆکە سەوزەکە» دەستەواژەیەکی بازاڕییانەیە بە واتای *ئەفسەنتین* دێت. ئەفسەنتین خواردنەوەیەکی سەوزی کحولیی زۆر قورسە کە لە گیای ئەفسەنتین *wormwood* دروست دەکرێت، ئەم خواردنەوەیە مرۆڤ لە هۆش خۆی دەبات و لە ساڵی ١٩١٥وە لە پاریس قەدەغە کراوە. سپییەکە: بە پێچەوانەی باوکیەوە، پاتریس شیر دەخواتەوە. بۆ ناسینی کێڤن ئیگن و پاتریس (بڕوانە ٣: ١٢٩). **~گ.س.**

[173] **ئا دۆمی سێتییێ**: بە فەڕەنسی *Un demi setier*، دەربڕینێکی خۆمانەیی پاریسییە بە واتای *فنجانێک*. سێتییێ پێوانەیەکی باونەماوی شلەیە، نزیکەی دوو گاڵۆنە. **~گ.س.**

[174] **بەرۆش**: بە ئینگلی *cauldron*، مەنجەڵێک یان کتلییەکی دەسکداری گەورەی کانزاییە، دەخرێتە سەر ئاگر و خواردن یان شلە، یان لەم نموونەیەدا قاوەی تێدا دەکوڵێنرێت. ئەو جۆرە مەنجەڵەیە کە گوایە جادووگەر شلەی نوشتەی تێدا دەکوڵێنێت. **~ن.م.**

[175] **بە ئاماژەی... ئا، وی**: خانمی خزمەتکار بە ئاماژەی کێڤن ئیگن خزمەتی ستیفن دەکات. ستیفن بیر لەم گفتوگۆیە دەکاتەوە کە لە نێوان کێڤن ئیگن و ئەو خانمە فەڕەنسییەدا ڕووی داوە کە دێت خزمەتیان دەکات، دەتوانین وەها بینووسینەوە: کێڤن ئیگن و پاتریسی کوڕی و ستیفن لە قاوەخانەیەکن، کێڤن ئیگن ئاماژە بۆ خانمێک دەکات کە لەوێ کار دەکات و ئەویش دێت خزمەتیان بکات. کێڤن ئیگن بە خانمەکە دەڵێت: «ئەو، واتە ستیفن، ئایرلاندییە.» خانمەکە «ئایرلاندی» بە *هۆڵاندی* تێدەگات و وا دەزانێت کێڤن داوای پەنیری هۆڵاندی بۆ ستیفن دەکات، بۆیە دەپرسێت: «هۆڵاندی؟» کێڤن ئیگن دەڵێت: «نەخێر، پەنیر نا.» پاشان کێڤن بۆی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: «ئێمە دوو

ئایرلاندیین، هەردووکمان، ئایرلاند، دەزانیت؟» ئینجا خانمەکە تێدەگات و دەڵێت: «ئەها، بەڵێ!» **~ن.م.**

فەڕەنسییەکە بەم شێوەیەیە:

*Il est irlandais. Hollandais? Non fromage. Deux irlandais, nous, Irlande, vous savez ah, oui!*

[176] **پاششێو**: بە ئینگلی *postprandial*، واتە هەر شتێکی دوای نانی ئێوارە. **~ن.م.**

[177] **سلاونتچە**: بە ئایری *slainte* واتە *بە خۆشی* یان *نۆش*. **~گ.س.**

[178] **کەڵبەی جنۆکە سەوزەکە**: (بڕوانە ٣: ١٧٢). **~گ.س.**

[179] **دالکاسییەکان**: ناوی تیرەیەکی ئایرییە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سوپای پارێزەری پاشای مەنستەریان دروست کرد. هەروەها تیرەی *ئۆبرایەن*یشە کە لە کاونتیی کلێر نیشتەجێ بوون. **~گ.س.**

پێشگرەکانی *ئۆ-* و *ماک-* یان *مەک-* چەند پێشگرێکی گیلیین، واتە هی ئایری و سکۆتییەکانن. *ئۆ-* بە واتای *نەوەی* دێت، بۆ نموونە ئەگەر من ئایر بوومایە، دەشیا لە ئایندەدا بە نەوەکانم بوترانایە *ئۆنەوا*، واتە *نەوەکانی نەوا*. پێشگرەکانی *مەک-* و *ماک-*یش واتە *کوڕی*، بۆ نموونە من کە باوکم ناوی *کەمال*ە، دەشێت ناوم مەککەمال، یان ماککەمال بێت. هەندێک جار ئەگەر کەسەکە ناوی بە ک دەست پێ بکات، ک لە پێشگری *مەک-* یان *ماک* لێدەبێتەوە و تەنها *مە* بە کار دەهێنرێت، بۆ نموونە کە من باوکم ناوی کەماڵە و پیتی یەکەمی ناوەکەی بە ک دەست پێ دەکات، ئەوکات دەتوانین کی *مەک-* یان *ماک-* لێبکەینەوە و تەنها بڵێین *مەکەمال* یان *ماکەمال*. لەم ڕۆمانەشدا دواتر لە ئەڵقەی پێنجەمدا کەسێتیی *مەکۆی* دەناسین، کە ناوەکەی نموونەی ئەم سڕینەوەی کەیە. لە ئینگلیدا لە بری پیتە سڕاوەکە هەڵاوێرێک بەم شێوەیە ' دادەنرێت. **~ن.م.**

[180] **ئارثەر گریفیث**: (١٨٧٢-١٩٢٢) نیشتمانپەروەرێکی ئایر بوو و کەسێکی سەرەکی بوو لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئایرلاند لە ساڵانی ١٩٢١ و ١٩٢٢دا و خۆیشی ساڵی ١٩٢٢ ماوەیەکی کورت بوو بە سەرۆکی ئایرلاندی سەربەخۆ. ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ ویلیەم ڕوونی کۆمەڵەی وێژەیی ئایری و ڕۆژنامەی *یونایتد ئایرشمان* {بە کوردی واتە ئایرە یەکگرتووەکان}ی دامەزراند کە ڕۆژنامەیەک بوو خۆی بۆ دۆزی سەربەخۆیی ئایرلاند تەرخان کردبوو. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بزوتنەوەی *شین فەین*ی ڕێکخست (بڕوانە ١: ٦٩) کە زیاتر بە ناگوێڕایەڵیی شارستانییانە کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە بەردەم

حکومەتی بەریتانییەوە. ساڵی ١٩٠٦ ڕۆژنامەیەکی دامەزراند بە ناونیشانی *شین فەین*.
**~گ.س.**

ئارثەر، کوڕی ئارثەر و ماری (پێش شوو: *فێلان*) گریفیث بوو. باوکی چاپچی بوو، لە ٣١ی ئازاری ١٨٧١دا لە ٦١ی شەقامی دۆمینیکی سەروو لە شاری دەبلن لە دایک بووە. لە قوتابخانەی برایانی مەسیحیی شەقامی ستراند خوێندوویەتی. ڕۆژنامەکانی *ئایرش ئیندیپێندێنت* و *نەیشن*ی لە چاپ دەدا. ساڵی ١٨٨٩ لەگەڵ ویلیەم ڕوونیدا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی گیلییەکان و برایانی ئایرە کۆمارخوازەکانەوە کردووە، کۆمەڵەی وێژەوانانی گیلیی دامەزراندووە. ساڵی ١٨٩٦ پەیوەندیی بە جۆن ماکبرایدەوە کردووە لە ئەفریقای باشوور و بووەتە یاریدەری بەوەرەکان. دوای دوو ساڵ گەڕاوەتەوە بۆ دەبلن و بووە بە سەرنووسەری *یونایتد ئایرشمان*، کە حەفتەنامەیەک بوو و ئامانجی سەربەخۆیی ئایرلاند بوو. لە بەرانبەر حوکمی ئینگلەکاندا لە ئایرلاند، بانگەشەی بەربەرەکانیی لاشەڕانەی دەکرد و لە زنجیرەیەک وتاردا، کە ساڵی ١٩٠٤ لە پەڕتووکێکدا بە ناونیشانی *هەڵستانەوەی هەنگاریا: وەک هاوتەرییبییەک بۆ ئایرلاند* بڵاو کرانەوە، پێشنیاری ستراتیژێتییەکی نوێی کرد کە ئەندام پەرلەمانە ئایرەکان، وەک هەنگارییەکان، لە وێستمینیستەر بکشێنەوە. *یونایتد ئایرشمان* ساڵی ١٩٠٦ لە لەچاپدان وەستا و ئارثەر گریفیث ڕۆژنامەیەکی نوێی دەرکرد بە ناوی *شین فەین*ەوە، کە تا قەدەغەکردنەکەی لە ساڵی ١٩١٤ هەر بەردەوام بوو. گریفیث ساڵی ١٩١٣ پەیوەندیی کرد بە ئایرە خۆبەخشەکانەوە و لە پرۆسەی هێنانی چەک لە هاوث، لە تەمووزی ١٩١٤دا بەشداریی کرد. پاشان ڕۆژنامەی *ناشناڵیتی*ی دامەزراند کە ١٩١٥ تا ١٩١٩ دەردەچوو، پێکەوە لەگەڵ شێمەس ئۆکێلیدا سەرنووسەری بوون. ئەگەرچی لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٦ بەشداریی نەکرد، بەڵام هەر دەستگیر کرا، چونکە بەریتانییەکان بزوتنەوەی شین فەینیان بە شۆڕشگێڕەکانەوە لە قەڵەم دابوو. ئیمۆن دی ڤالێرا بوو بە سەرۆکی شین فەین و گریفیث بوو بە جێگرەکەی. ساڵی ١٩١٨ وەک ئەندامی پەرلەمان بۆ کاونتیی کاڤەن هەڵبژێررا. سەرۆکایەتیی شاندی دانوستانی ئینگلی-ئایرییەکانی ساڵی ١٩٢١ی دەکرد. دواتر شوێنی دی ڤالێرای گرتەوە و بوو بە سەرۆکی یەکەم حکومەتی کاتیی دەوڵەتی ئایرلاندی ئازاد. لە ١٢ی ئابی ١٩٢٢ لە دەبلن کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژرا. **~ڤ.ئ.**

[181] **ئەی ئی**: (بڕوانە ٢: ٦٨). **~گ.س.**

[182] **پۆیماندەر... مرۆڤ**: پۆیماندەر «بوونێکی باڵایە کە لە خەونێکدا خۆی بۆ ئێرمیس تریسمێجیستۆس {بڕوانە دوای دەقی سەرچاوەکەی *کتێبی پیرۆز* لە دامێنی ئەم ڕاڤەیەدا} دەرخستووە و هەندێک نهێنی و زانیاریی تایبەت بە ئایندەزانی پێ وتووە». **شوانە دڵسۆزەکە**: لە بەشی دەیەمی *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا*دا، عیسا وەک نموونەی دەرگای پشتیر باسی خۆی دەکات و دەڵێت «منم شوانە دڵسۆزەکە». وێنەی شوانە دڵسۆزەکە لە هەمان کاتدا تیلنیشانە بە جۆرج ڕەسڵ و ڕۆڵی ئەو لە چاکسازیی کشتوکاڵیدا. **~گ.س.**

**دەقی سەرچاوەکەی *کتێبی پیرۆز*:**

[١]«ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەوەی لە دەرگاوە نەچێتە ناو پشتیری مەڕەکان، بەڵکو بە ڕێگایەکی دیکەدا بۆی سەربکەوێت، ئەوە دز و جەردەیە. [٢]بەڵام ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ژوورەوە، ئەوە شوانی مەڕەکانە. [٣]دەرگاوانیش دەرگاکەی لێی دەکاتەوە، مەڕەکانیش گوێ لە دەنگی دەگرن، بە ناو بانگی مەڕەکانی خۆی دەکات و دەیانباتە دەرەوە. [٤]کاتێک هەموو ئەوانەی خۆی هێنایە دەرەوە، لەپێشیانەوە دەڕوات و مەڕەکانیش دوای دەکەون، چونکە دەنگی دەناسن. [٥]هەرگیز دوای کەسی بێگانە ناکەون، بەڵکو لێی ڕادەکەن، چونکە دەنگی بێگانە ناناسن.» [٦]عیسا ئەم نموونەیەی بۆ گێڕانەوە، بەڵام ئەوان تێنەگەیشتن باسی چییان بۆ دەکات. [٧]لەبەر ئەوە دیسان عیسا فەرمووی: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، منم دەرگای مەڕەکان. [٨]هەموو ئەوانەی پێش من هاتوون دز و جەردە بوون، بەڵام مەڕەکان گوێیان لێ نەگرتن. [٩]منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت، ئازادانە دێتە ژوورەوە و دەچێتە دەرەوە و لەوەڕگا دەدۆزێتەوە. [١٠]دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ و تەواو. [١١]«منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی لە پێناوی مەڕەکاندا دادەنێت. [١٢]بەکرێگیراویش شوانی مەڕەکان نییە و مەڕەکانیش هی ئەو نین. کاتێک دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات، گورگیش مەڕەکان دەبات و پەرتەوازەیان دەکات. [١٣]کابرا هەڵدێت چونکە بە کرێ گیراوە و خەمی مەڕەکانی نییە. [١٤]«منم شوانە دڵسۆزەکە. مەڕی خۆم دەناسم و ئەوانیش من دەناسن، [١٥]هەروەک چۆن باوک دەمناسێت، منیش باوک دەناسم. ژیانم بۆ

مەڕەکان دادەنێم. [١٦]هەروەها مەڕی دیکەم هەیە سەر بەم پشتیرەیە نین، دەبێ ئەوانیش بهێنم، ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت، جا دەبنە یەک مێگەل و یەک شوان. [١٧]لەبەر ئەوە باوک منی خۆشدەوێت، چونکە ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەریبگرمەوە. [١٨]کەس لە منی ناستێنێ، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە داینێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە.» (یۆحەنا ١٠: ١-١٨)

**ئێرمیس تریسمێجیستۆس:** کەسێتییەکی خەیاڵکردی (فیکشنەڵ) ئوستوورەی میسرییە، گوایە هاوبەشی ئێرمیسی خودای گریک و ثۆثی خودای میسرییەکانە و هەر لە سەردەمی پلاتۆنیشەوە ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەم دوو خودایە و ئەم کەسێتییە باس کراوە. چەندین نووسراوی پلاتۆنیزمی نوێ ئەم ئێرمیسە میسرییەیان بە سەرچاوەی هەموو زانیاری و بیرکردنەوەیەک داناوە، یان ئەم ئێرمیسەیان بە بەرجەستەکراوی *لۆگۆس* داناوە (بڕوانە ٩: ٣٨) و لەمەشەوە پێیان وتووە «تریسمێجیستۆس»، واتە *سێ جار مەزن*، کەواتە واتای ناوەکەی *ئێرمیسی سێ جار مەزن*ە. گەلێک نووسراو و پەڕتووکی فەلسەفی و دینی هەن کە پلاتۆنیزمە نوێیەکان نووسیویانن و دراونەتە پاڵ ئێرمیس تریسمێجیستۆس گوایە نووسیونی، دەوترێت گوایە پیثاگۆراس و پلاتۆن هەموو زانیارییەکانیان لەم ئێرمیسەوە وەرگرتووە. لەوانەیە زۆرێک لەم نووسراوانە لە سەدەی چوارەمی زاینیدا نووسرابن، بەناوبانگترینیشیان *پیماندەر* یان *پۆیماندەر*، کە لە سەرەتادا وا زانراوە وشەکە بە واتای *شوانی* مرۆڤ دێت، بەڵام لێکدانەوەیەکی ڕیشەناسیی نوێ، وشەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەچەیەکی میسریی دێرین بە واتای *زانیاریی خودا* یان *زانیاریی شا*. پۆیماندەر لە بەشی یەکەمی پەڕتووکی *کۆرپوس هێرمێتیکوم*دا کەسێتییەکە و بۆ ئێرمیسی سێ جار مەزن دەردەکەوێت و پێی دەڵێت: «من پۆیماندەرم، مێشکی هەموو مامۆستاییەکم؛ دەزانم حەز لە چی دەکەیت و من لە هەموو شوێنێک لەگەڵتدام». بڕوانە (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانثۆن، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٣٦٢). هەروەها بەشی یەکەمی پەڕتووکی *کۆرپوس هێرمێتیکوم*. **~ن.م.**

[183] **بۆ ئەوەی... هاوبەشەکەمان:** *نیر* لە زمانی کوردیدا، لە *فەرهەنگی شێخانی*یەوە بەم جۆرە پێناسە کراوە: «ئامرازی جووت کردنە، بەو دارە دەگوترێت کە دەکەوێتە سەر ملی وڵاخان لە کاتی بەستنیان بۆ جووت و جەنجەر کردن، بەڵام جۆری لە وڵاخدا دەگۆڕێت» کەواتە هاونیر «هاوئەرک»ە، یان هاوپیشە یان هاودۆزە، کەسێکە کە هەمان دۆز و

ئامانجی هەیە لەگەڵ تۆدا، کەواتە *نیراندن*یش واتە لەملکردنی نیرە و ئەرکپێسپاردنە. **~ن.م.**

لە شانۆنامەی *هێنریی پێنجەم*ی شێکسپیردا پیستۆڵ {کە یەکێکە لە کەسێتییەکان} پێشنیاری ئەوە دەکات هەمووان بچنە لەشکرکێشییەکەی هێنرییەوە بەرەو فەرەنسا و دەڵێت:

ئەی هاونیرە چەکدارەکان،
با وەک زاروو بەربین و بچین بۆ فەرەنسا،
تا هەموو خوێنیان بمژین بمژین بمژین.

(هێنریی پێنجەم ٢: ٣، ٤٤-٤٦). **~گ.س.**

184 **کوڕی... دەناسم**: لە *ئۆدیسە*دا نێستۆر سەرنج دەدات کە دەنگی تیلێماخۆس و ئۆدیسێفس زۆر لە یەک دەچن و هێلێن و مێنێلاوسیش دەڵێن کە باوک و کوڕەکە زۆر لەیەک دەچن. **~گ.س.**

185 **فاسۆن**: بە ئینگلی *fustian*، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «جۆرە تەنراوێکی بەنرخە لە خوری دروست دەکرێ» لە *هەنبانەبۆرینە*وە: «پارچەی ئەستووری کەوا و پانتۆڵ». **~ن.م.**

186 **گوڵینگە ئیسپانییەکانی**: ئەو گیزوگوڵینگانەیە کە بە جلی گابازە ئیسپانییەکانەوەن. **~گ.س.**

187 **مسیۆ درومۆنت**: ئێدوارد ئەدۆڵف درومۆنت (١٨٤٤-١٩١٧) سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی بوو، ڕۆژنامەیەکی هەبوو بە ناونیشانی *لا لیبغو پاغۆل* – *la libre parole* واتە *ڕای ئازاد*، بە گشتی ڕۆژنامەیەکی دژەسامی بوو. **~گ.س.**

188 **ڤییەی... ژۆن**: بە فەرەنسی *Vieille ogresse…dents jaunes* واتە *دەڵەدێو... ددان زەرد*، بە گوێرەی چیرۆکی فۆلکلۆری بێت مرۆڤخواردن ددانی مرۆڤ زەرد دەکات. **~گ.س.**

189 **مۆد گۆن**: (١٨٦٦-١٩٥٣): ژنێکی جوانی ئایر بوو کە پێش ئەوەی ببێتە پەناهەندە لە پاریس، ماوەیەکی کورت لە دەبلن بوو بە پێشەوایەکی شۆڕشگێڕی بچووک. مۆد گۆن کەسێکی سەرەکیی ناو هۆنراوەکانی ویلیەم بەتلەر یەیتسە. یەیتس شیوەن بۆ جوانییە لێداییە کلاسیکییەکەی دەگێڕێت کە لە ئەنجامی هەوڵە شۆڕشگێڕانەکانیدا لە دەستی داوە. خستنەپاڵی ناوی مۆد گۆن و میلێڤۆی لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مۆد گۆن چەندین ساڵ دۆستی میلێڤۆی بووە لە کاتێکدا میلێڤۆی ژنی هەبووە. مۆد گۆن دوو منداڵی لە میلێڤۆی هەبووە، کوڕەکەی هەر بە منداڵی مردووە، بەڵام کچەکەی، ئیزۆلت

گۆن (١٨٩٥-١٩٥٤) بووە و لە دوای لەدایکبوونی ئەویشەوە لەگەڵ میلێڤۆی جیا بوونەوە.
**~گ.س.**

مۆد گۆن لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٦٦دا لە هامپشییە لە ئینگلتەرا لە دایک بووە. کاپتن تۆماس گۆن (١٨٣٥-١٨٨٦) باوکی بووە، کە لە سوپای سوارەی نەیزەداراندا بووە، دایکیشی ناوی *ئێدیت* (پێش شوو: *کووک*) گۆن بووە. کە دایکی مرد، لە فەرەنسا خراوەتە بەر خوێندنی تایبەت. کە ساڵی ١٨٨٢ باوکی نێررا بۆ دەبلن، مۆدیش لەگەڵیدا چوو، تا مردنی باوکی لە چوار ساڵ دواتردا هەر لەوێ لەگەڵیدا مایەوە. جۆن ئۆلییەری ساڵی ١٨٨٦ فینییەنیزمی بە مۆد گۆن ناساند و لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٨٩دا ناردی بۆ ماڵی خێزانی یەیتسەکان لە بێدفرد پاڕک لە لەندەن، تا سەردانی جۆن بەتڵەر یەیتس بکات. ویلیەم بەتڵەر یەیتس، کە کوڕە تەمەن ٢٣ ساڵانەکەی جۆن بوو، کەوتە داوی ئەوینی مۆد گۆنەوە. چەندین جار خوازبێنیی کرد، بەڵام مۆد گۆن هەر ڕەتی دەکردەوە، ئەمەش یەیتسی زۆر بریندار کردبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، هەر ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی یەیتسدا هەبوو. ساڵی ١٩٠٢ ڕۆڵی کەسێتیی سەرەکیی شانۆنامەی *کاثلین نی هولیهان*ی گێڕا لە نووسینی یەیتس و لەیدی گرێگری. دوای چاکبوونەوەی لە نەخۆشی، دوای ساڵی ١٨٨٧ لە فەرەنسا لوسیەن میلێڤۆیی ناسی، کە وارگێڕێک بوو، گۆن هاوکاریی کرد تا پەرتووکەکەی بڵاو بکاتەوە کە ناوی *لا پاتخی* بوو. دوو منداڵیان بوو، کوڕەکەی کە ناوی *جۆرج* بوو، ساڵی ١٨٩١ لە دایک بوو و ١٨ مانگ دواتر مرد، کچەکەشی ناوی *ئیزۆلت* بوو (١٨٩٥-١٩٥٤)، لە دوای لەدایکبوونی ئەوەوە، مۆد گۆن و میلێڤۆی جیا بوونەوە. لە کاتی برسێتییەکەی ساڵانی ١٨٩٠کاندا لە کاونتییەکانی مەیۆ و دۆنیگۆل پێشڕەویی شاڵاوی جەنگی خاکی کرد و هاوکاریی ڕزگارکردنی بەندییە وارگێڕییە ئایرەکانی کرد لە گرتووخانەی پۆرتلاند. هەروەها کۆمەڵەیەکی ژنانی شۆڕشگێڕی دامەزراند، بە ناوی *ئینگینیدهی نا هئایریان* (واتە: کچانی ئایرلاند). لە شوباتی ساڵی ١٩٠٣دا لە پاریس شووی بە پێشڕەو جۆن ماکبراید کرد. شۆنی کوڕیان ساڵی ١٩٠٤ لە دایک بوو. دواتر هاوسەرگیرییەکە شکستی هێنا و ماکبراید گەڕایەوە ئایرلاند. گۆن تا ساڵی ١٩١٧ هەر لە فەرەنسا مایەوە و بوو بە سەرنووسەری *لێغڵۆند لیبغ*. دوای تیربارانکردنی ماکبراید ساڵی ١٩١٦ لەسەر بەشداریکردنی لە شۆڕشی ئیستەری ١٩١٦دا، گەڕایەوە ئایرلاند و بەشداریی لە هەڵمەتی دژە-ڕەشبگیریدا کرد. لە دەبلن دەستبەسەر کرا و شەش مانگ خرایە زیندانی هۆڵۆوەیەوە، بەڵام لەبەر نەخۆشی ئازاد کرا. لە کاتی جەنگی سەربەخۆییدا بۆ کۆمەکی

قوربانییانی توندوتیژی کاری بۆ خاچی سپی دەکرد. دژی دانوستانی ئینگلی-ئایرییەکانی ساڵی ١٩٢١ بوو. لەگەڵ هانا شیهی-سکێفینگتن و شارلۆت دێسپاردا کۆمەڵەی بەرگریی ژنانی بەندکراویان دامەزراند. لە کاتی جەنگی ناوخۆدا دەستگیر کرا و لەگەڵ ٩٠ کەسی تردا مانی برسێتییان گرت. مۆد گۆن لە ڕووبەک هاوس لە کلۆنسکی لە شاری دەبلن ژیاوە و ساڵی ١٩٣٨ *خزمەتکارێکی شای* بڵاو کردەوە، کە ژیننامەی خۆی بوو تا کاتی شووکردنی. لە ٢٧ی نیسانی ١٩٥٣دا مرد و لە بەشی کۆمارخوازەکاندا لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژرا. شۆن ماکبرایدی کوڕی، کۆمارخواز و وارگێڕ و پارێزەر بوو، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی وەرگرت، ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کرد و لەگەڵ دایکیدا نێژرا. **~ڤ.ئ.**

بۆ *لێدا* (بڕوانە ١٢: # لێدا) بۆ *هێلێن* (بڕوانە ٢: ١٢٦). **~ن.م.**

190 **لا پاتخی، مسیۆ میلێڤۆی**: لا پاتخی بە فەڕەنسی *La Patrie* واتە *خاکی باوکمان*، ڕۆژنامەیەکی وارگێڕیی فەڕەنسی بوو، جارجار دەردەچوو. مسیۆ بە فەڕەنسی واتە *کاک*. لوسیەن میلێڤۆی (١٨٥٠-١٩١٨) ساڵی ١٨٩٤ بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ناوبراو. **~گ.س.**

لە ڕاڤەی پێشوودا لەسەر مۆد گۆن، ڤیڤیەن ئیگۆ دەڵێت: «گۆن هاوکاریی کرد تا پەڕتووکەکەی بڵاو بکاتەوە کە ناوی *لا پاتخی* بوو» واتە لا پاتخی لای ڤیڤیەن ئیگۆ پەڕتووک بووە، بەڵام گیفرد دەڵێت کە *ڕۆژنامە* بووە. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە پرۆفیسۆر سام سلەوتەوە کرد، وتی: «ڕۆژنامە بوو» **~ن.م.**

191 **فێلیکس... مرد؟**: فێلیکس فۆرێ (١٨٤١-١٨٩٩) ساڵی ١٨٩٥ تا ١٨٩٩ سەرۆکی فەڕەنسا بوو، لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی لە کۆشکی ئێلیزێ لە پاریس لەناکاو بە خوێنبەربوونی ناوەکیی مێشک مرد. توانجە شاراوەکە ئەوەیە کە گوایە فۆرێ بە زیادەڕەویی لە جووتبووندا مردووە، کە ئەو کاتە ئەم دەنگۆیە لە پاریس باو بوو. **~گ.س.**

192 **فرۆیکن**: بە سویدی *fröken* واتە کچ، کچێکی شوونەکردە. **~گ.س.**

193 **بۆن ئا تووت فێغ**: بە فەڕەنسی *bonne à tout faire* واتە *کچ بۆ هەموو کارێکی پێویست*. **~گ.س.**

194 **ئوپسالا**: شارێکە لە سوید، نزیکەی ٧١ کیلۆمەتر لە باکووری ستۆکهۆڵمی پایتەختەوەیە. **~ن.م.**

195 **موا فێغ تووت لێ مسیۆ**: بە فەڕەنسی *Moi faire, Tous les messieurs* واتە *وا دەکەم... هەموو پیاوان*. **~گ.س.**

[196] **چاوسەوز... هەستت پێ دەکەم**: لە شانۆنامەی *ئۆتێللۆی* شێکسپیردا یاگۆ {کەسێتییەکی شانۆنامەکەیە} بە ئۆتێللۆ دەڵێت:

لە دڵپیسی وریا بە، گەورەم!
دێوەزمەیەکی چاوسەوزە و گاڵتە
بەو گۆشتە دەکا کە دەیخوا.

(ئۆتێللۆ ٣: ٣، ١٧٠-١٧٢). **~گ.س.**

لە دەقە بنەڕەتەکەدا دەڵێت: «کەڵبە، هەست دەکەم: Fang, I feel». پێم وا بێت ڕستەیەکی تەواو نەکراوە. ئەم جۆرە ڕستانە، کە لە *ئولیس*دا زۆرن، یەکێکن لەو شوێنانەی بۆ وەرگێڕان ئاسان نین، چونکە، بە داخەوە، دەبێت وەرگێڕ خۆی وشەیەک زیاد بکات و دایبنێت و ڕستەکە تەواو بکات، چونکە ئەگەر وا نەکەم هیچ واتایەک نادات. ئەم ڕستەیە لە ڕاستیدا خۆی دەبێت ڕستەیەکی تەواو نەبێت، چونکە شەپۆلی هۆشە و بیرکردنەوەیەکی تەواونەکراوی ددانپێدانەنراوە. پێکهاتەی سرووشتیی ڕستەسازیی زمانی ئینگلی *بکەر-کار-تەواوکەر*ە لە کاتێکدا هی کوردی *بکەر-تەواوکەر-کار*ە. لە دەقە بنەڕەتەکەی ئەم ڕستەیەدا بکەر و کارەکە هەن و تەواوکەرەکە قووت دراوە، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی ڕستەکەی پێشوودا کە دەڵێت: «چاوسەوز، دەتبینم، Green eyes, I see you» و ڕستەیەکی تەواوە، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەمەش هەر لەسەر هەمان بونیاد دارێژراوە، کەواتە ئەمیش دەبێت لە بنەڕەتدا «هەستت پێ دەکەم: I feel you» بێت. **~ن.م.**

[197] **کوڕانی بەرەبەیان**: کۆمەڵێکی ڕێخۆشکەر بوون بۆ پیاوە ئۆرەنجییەکان (بڕوانە ٢: ٧٨ و ٢: ٧٩). کۆمەڵێک پیاوانی سەر بە خاوەن زەویوزارە ئۆڵستەرییە پرۆتستانتەکان بوون لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا. بە «کوڕانی بەرەبەیان» ناسران، چونکە لە بەرەبەیاندا هێرشیان دەکردە سەر کۆختە و مەکۆی جووتیارە کاسۆلیکەکان و دەیانویست لە ئۆڵستەر دەریان بکەن. **~گ.س.**

[198] **چۆن... بۆی دەرچوو**: سەرۆکی ناوەندەکە جەیمز ستیفنس (١٨٢٤-١٩٠١) بوو، ورووژێنەرێکی ئایر بوو، ڕێکخەری گشتیی بوو و دواتریش بوو بە سەرۆکی ناوەندی کۆمەڵەی فینییەنەکان، برایانی ئایرە کۆمارخوازەکان (بڕوانە ٢: ٨٠). لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٦٦دا سیخوڕێکی چێنراوی ناو ڕێکخراوەکەی خۆی خیانەتی لێ کرد و بە گرتی دا، دادگایی کرا و حوکمیش درا، بەڵام چەند ڕۆژێک دواتر کۆمەڵەیەکی فینییەنەکان لە

بەندیخانەی ڕیچمند لە دەبلن بە هاوکاریی چەند پاسەوانێکی هاوسۆزی ناو بەندیخانەکەوە ڕزگاریان کرد. پاشان لە دەبلن خۆی شاردەوە (هەر لەوبەر شەقامەکە و یانەی شەقامی کیلدێرەوە {ئێستا ئەو یانەیە نەماوە و بووە بە بەشێک لە زانکۆ و یانەی دەبلن}). لە شوباتی ١٨٦٧دا بە قاچاخ فڕێنرایە دەرەوەی وڵات و چوو بۆ ئەمەریکا، لەوێش بە سەرۆکی ناوەندی لقی فینییەنەکانی ئەمەریکا هەڵبژێررا. ساڵی ١٨٦٦ زۆرێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵەکە جیا بوونەوە و داوای ڕاپەڕینێکی دەستبەجێیان دەکرد، خۆڕاگریی ستیفنس لە بەرانبەر ئەم داواکارییانەدا وای کرد ناوبانگی ئەوە دەربکات کە ڕێکخەرێکی بەهێزە، بەڵام پیاوی کردار نییە. دواجار ئەم جیابوونەوەیە بوو بە هۆی سەرەکیی ئەو چیرۆکە درۆیینە و ناوزڕاندنەی کە بە ناوی ستیفنسەوە هەڵبەسترا گوایە ستیفنس خۆی کردووە بە ژن تا هەڵبێت و «خیانەتی لە ئەفسەرەکانی خۆی کردووە کە لە ئایرلاند بە جێی هێشتوون» (بڕوانە ٨: ٢٨٠). **~گ.س.**

[199] **مالەهاید**: دێیەکە و پەنایەکی پاڵ دەریایە و لەسەر کەناری دەریای ئایرلاندە، کەوتووەتە باکووری دەبلن و نۆ میل لێوەی دوورە. جەیمز ستیفنس لەم ڕێیەوە هەڵهات. **~گ.س.**

[200] **سەرکردە سەرلێشێواوەکان**: ئاماژەیە بە هۆنراوەی *سەرکردە سەرلێشێواوەکە* لە نووسینی ڕۆبێرت براونینگ (١٨١٢-١٨٨٩). هۆنراوەکە ساڵی ١٨٤٥ نووسراوە و لە داخ و دڵگرانیی نووسەر دەردەبڕێت لە بەرانبەر ئەوەی گوایە ویلیەم وۆردسوۆرث (١٧٧٠-١٨٥٠) لە بەرژەوەندیی چینی دەسەڵات لە چینی شۆڕشگێڕەکان هەڵهاتووە. ئەگەرچی لە هۆنراوەکەدا ڕاستەوخۆ ناوی *وۆردسوۆرث* نەهاتووە، بەڵام ئاماژەکان بە ڕوونی ئەو دەگرنەوە کە ساڵی ١٨٤٢ مووچەیەکی حکومیی وەرگرتووە و ساڵی ١٨٤٣ش پێگەی خەڵاتی *هۆنەری پایەبەرزی* وەرگرتووە کە گوایە وەرگرتنی ئەم خەڵاتانە کاریگەرییان لەسەر هەڵگەڕانەوەی بیروبۆچوونی وارگێڕیی ئەو هەبووە. چوار دێڕی یەکەمی دەڵێت:

بۆ مشتێک زیو ئێمەی جێهێشت،

بۆ شریتێکی شانازی تا بیدا لەبەر پاڵتۆکەی.

ئەو بەخشینەی دۆزییەوە کە چارەنووس لە ئێمەی کرد،

لێ هەمووو ئەوانەی دۆڕاند کە خۆمان بۆیان تەرخان کرد. **~گ.س.**

[201] **سەردار**: بە ئینگلی *Colonel*، لە *فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان*ەوە وەرمگرتووە. نووسینی موحەمەد وەسمان. **~ن.م.**

[202] **ریچارد بورک**: ریچارد ئۆسولیڤان بورک (١٨٣٨-١٩٢٢)، سەردارێکی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو لە جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا و خۆیشی ئایر بوو و ئەندامێکی ئایری-ئەمەریکایی کۆمەڵەی فینییەنەکان بوو. لە مانگی ئەیلوولی ١٨٦٧دا لە شاری مانچستەر لە ئینگلتەرا بە سەرکەوتوویی پێشڕەویی تاقمێک لە فینییەنەکانی کرد تا دوو سەرکردەی فینییەنەکان ڕزگار بکەن. دوای ئەوە بە تۆمەتی چالاکیی تری فینییەنەکان هەر لەوێ دەستبەسەر کرا. بورک یەکێک بوو لەو سەرکردە فینییەنانەی کە دەبوو بە تەقینەوەکەی بەندیخانەی کلێرکنوێل ڕزگار کرابایە (بڕوانە ٣: ١٢٩). **~گ.س.**

[203] **تانیستی هۆزەکەی**: **تانیست**: بە ئینگلی *tanist*، لە سەردەمی ئایرلاندی کۆن و کەڵتییەکاندا تانیست ئەو کەسە بووە کە لە ماوەی ژیانی سەرۆکهۆزێک یان شایەکدا هەڵبژێرراوە کە میراتگری سەرۆکهۆزەکە یان شاکە بێت. تانیست بە گشتی میراتگرێکی لێهاتوو و لێوەشاوەی شا بووە. واتە بە پێی ئەم سیستمی هەڵبژاردنە مەرج نەبوو کە کوڕی نۆبەرەی شا دەستنیشان بکرێت و دوای مردنی شا بێت. بەڵکو زۆربەی کات دەوڵەمەندترین یان ژیرترین کەسوکاری شا هەڵبژێرراوە ببێتە میراتگری شا. **~ن.م.**

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە بورک دەبوو ببووایە بە جێگرەوەی جەیمز ستیفنس لە ناو فینییەنەکاندا. **~گ.س.**

[204] **لە ژێر دیوارەکانی کلێرکنوێلدا**: پیلانی تەقاندنەوەی دیواری حەوشەی بەندیخانەکە و ڕزگارکردنی بورک، لەسەر کاتی مەشق و ڕاهێنان و چوونەدەرەوەی بورک بونیاد نرابوو کە دەنێررێتە حەوشە. (دەبوو بە پەنا دیواری دەرەوەی حەوشەکەدا هەڵبتروشکێن تا خۆیان لە برینداربوون بپارێزن) بەڵام هەندێک سیخوڕ لێپرسراوەکانی بەندیخانەکەیان ئاگادار کردبوو کە ڕزگارکردنێک لە ئارادا هەیە، بۆیە کاتی ڕاهێنانی بورک و جۆزێف کەیسییان گۆڕی و ئاوهاش نەخشەکەیان لە ڕزگارکەرەکان تێکدا. **~گ.س.**

[205] **شووشەی... دارماو**: (بڕوانە ٢: ٦). **~گ.س.**

[206] **وێستگەکانی ڕۆژەکەی**: (بڕوانە ١: ١٥٦). **~گ.س.**

[207] **قتووی تیپی چاپە پیسوپۆخڵەکەی**: ئەو قتووەیە کە لە چاپخانەکانی جاراندا تیپی چاپی تێدا بوو و تیپچن تیپەکان ڕێکدەخات. وەک لە (بڕوانە ٣: ١٢٩)دا باس کرا، ئەو لە پاریس تیپچنە. **~ن.م.**

[208] **مۆمماخت**: بە فەڕەنسی *Montmartre* گەڕەکێکی هەژارنشینی باکووری ناوەڕاستی پاریسە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا مەکۆیەکی دڵخوازراوی هونەرمەندە ئاڤانت-گاردەکان و هونەردۆستەکان و قوتابییەکان بوو. **~گ.س.**

**ئاڤانت-گارد:** لە هونەردا هونەرکار و شێوازی زۆر هاوچەرخ و نامۆ و ناباو و تاقیکاری و سەیروسەمەرەن، زیاتر لە بواری هونەری تاقیکردنەوەییدایە. وشەکە فەڕەنسییە و بە واتای *پێشڕەو* یان *پێشەنگ* دێت. **~ن.م.**

[209] **غوو دو لا گووت دۆغ... زەخرەفێنراوە**: بە فەڕەنسی *rue de la Goutte-d'Or* *غوو دو* واتە *شەقامی*، *لا گووت دۆغ* واتە *دڵۆپە زێڕینەکە*، کەواتە بە هەمووی واتە *شەقامی دڵۆپە زێڕینەکە*، شەقامێکە لە مۆمماخت لە پاریس {بڕوانە ڕاڤەی پێشوو}، گەڕەک و شەقامەکەش بە ناوی شەرابگا و ئەو باخەمێوانەوە ناو نراوە کە چەندین ساڵە لەوێ نەماون. ئەو «لەناوچووان»ەی دەموچاویان بە مێشتێدان زەخرەفێنراوە، هەندێکن لە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکانی ئەمیل زۆلا (١٨٤٠-١٩٠٢). بۆ نموونە لە ڕۆمانی *لاسۆموار* - *L'Assommoir*دا {کە وشەکە بە نزیکی بە واتای *دوکانی مەیسازی، یان مەیخانە* دێت} (١٨٧٧)، خاتوو ژێرڤێس ماکار، کە کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، لە گەڕەکی لا گووت دۆغ دەژی. لەگەڵ مێردەکەیدا بە هۆی ئالوودەبوون بە کحوولەوە بەرەو وەلانان و پیسوپۆخڵی و برسێتی و دواجاریش بەرەو مردن دادەڕمێن. نانا کە کچی ژێرڤێسە، دواتر لە ڕۆمانی *نانا Nana*دا (١٨٨٠) هەر لەو گەڕەکەدا لە دایک دەبێت و گەورە دەبێت؛ خەریکە وەک کچێکی لەشفرۆش زۆر سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام لە نەبەکامدا تووشی نەخۆشیی ئاوڵە دەبێت و مردنێکی هێماییانە دەمرێت. دوو پەرەگرافی پێش کۆتایی ڕۆمانەکە کاریگەرانە باسی ڕوخسار و لەشی نانا دەکات کە ئاوڵە داغانی کردووە و ئەو میکرۆبەی لە کەلاکی خەڵکانەوە بۆی گوازراوەتەوە و ژەهراویی کردووە، ئێستا ئەمی وێران کردووە. پەسنی «دەموچاوانی مێشتێدراو»، کە ستیفن بۆ خەڵکە لەناوچووەکان دەیکات زۆر لە پەسنەکانی ئەمیل زۆلا خۆی سووکترە. **~گ.س.**

ئەو مێشەی مەبەستیەتی مێشی گۆشتە کە گەرا لە ناو گۆشت و کەلاکی مردوواندا دادەنێت، نەک مێشی ئاسایی. وشەی «زەخرەفێنراو»ەکەش واتە بەو زەخرەفەیە زێڕکەش کراوە، واتە دەموچاوی خەڵکەکە بەو مێشتێدانە زێڕکەش کراون و ڕازێنراونەتەوە. دکتۆر هەنت دەڵێت کە یەکێک لەو باخەمێوانە تا ئێستاش لە پاریس ماوە. **~ن.م.**

[210] **غوو گیت لو کۆغ**: بە فەڕەنسی *rue Git-le-Coeur* واتە *شەقامی لە دڵدا پیرۆز*، یان *شەقامی لێرەدا دڵەکە ڕاکشاوە* شەقامێکە لە پاریس و تا ڕادەیەک لەگەڵ شاڕێی سانت میشێلدا هاوتەریبە (بڕوانە ٣: ١٤٢)، شەقامەکە لەسەر کەناری چەپی ڕووباری سێنە. **~گ.س.**

[211] **بە پات بڵێ منت دی**: پات پاتریسە، ئەمە کێڤن ئیگنە کە وا بە ستیفن دەڵێت. **~ن.م.**

[212] **مۆن فی**: بە فەڕەنسی *Mon fils* واتە: *کوڕەکەم*. **~گ.س.**

[213] **کوڕانی کیلکەنی گەنجی نەترس و بەجەرگن**: بە ئینگلی *Oh! The boys of Kilkenny are stout roving blades* گۆرانییەکی ئایرییە، دانەرەکەی نەناسراوە، پەسنی دیمەنی دڵفرێنی کاونتیی کیلکەنی و کوڕە گەنجەکانی و بە تایبەتی، کچە گەنجەکانی دەکات. دەڵێت:

هەی! هەی! هەموو کوڕانی کیلکەنی
گەنجی نەترس و بەجەرگن
کە کچی جوانیش دەبینن
ماچیان دەکەن، دەکەونە نازکێشانیان
بە خۆڕایی پارەی خۆیان بۆ کچەکان خەرج دەکەن
هەی! لە هەموو شارەکانی ئایرلانددا، کیلکەنی بۆ من.
هەی! لە هەموو شارەکانی ئایرلانددا، کیلکەنی بۆ من. **~گ.س.**

[214] **پیرە کیلکەنی**: کیلکەنی کاونتییەکی ئایرلاندە (بڕوانە ١: ١٤٥)، هەروەها شارێکیشە لەسەر ڕووباری نۆر لە باشووری ئایرلاند. بە ناوی *سانت خەنیک*ەوە ناو نراوە، {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو} *کیل*: واتە *ژوور*، یان *کڵێسا*، *کیلکەنی* بە واتای *کڵێسای کێنی* یان *ژووری کێنی* دێت. **~گ.س.**

[215] **سانت کانیس**: *کانیس*، یان بە ئایری: *خەنیک*، یان بە دەربڕینێکی تری ئینگلی: *کێنی* (٥١٥ یان ٥١٦-٦٠٠) ڕەبەنێکی ئایر بووە، دینی مەسیحیی لە ئایرلاند و سکۆتلانددا بڵاو کردووەتەوە. لەگەڵ سانت کۆڵومبا (بڕوانە ١٢: # **سانت کۆڵومکیل**) چووە بۆ باکووری سکۆتلاندی ئێستا تا شا برود، کە شای پیکتییەکان بووە، وەربگێڕێتە سەر دینی مەسیحی. کاتیدرایی سانت کانیس لە ئایرلاند، کە ئێستا کاتیدراییەکی پڕۆتستانتییە و منارەیەک بە تەنیشتیەوەیەتی، لە سەدەی سێزدەیەمدا لەسەر شوێنەواری ئەو ڕەبەنگایە دروست کراوە

که سانت کانیس خۆی له سەدەی شەشەمدا دروستی کردووە و بە ناوی *کیل-خەنیک* ناسراوە و دواتر شارەکەش و کاونتییەکەش ئەو ناوەیان وەرگرتووە. **~گ.س.**

[216] **قەڵای سترۆنگبۆو لەسەر نۆر**: ڕیچارد دی کلێر، یان ڕیچارد فیتزگیڵبێرت، ئێرلی پێمبرۆک بوو، {شارۆچکەیەکە لە وێڵز، واتە باشووری خۆرئاوای دوورگەی بەریتانیا}، پێی دەوترا «سترۆنگبۆو»، ساڵی ١١٧٦ مردووە. پیاوێکی جەربەزەی نۆرمانی بوو و ساڵی ١١٦٩ یەکێک بوو لە ڕابەرە سەرەکییەکانی ئینگلی-نۆرمانییەکان لە داگیرکردنی ئایرلاندا. دوای مردنی ماکمورۆ لە ساڵی ١١٧١ وەک زاوای ماکمورۆ شوێنی گرتەوە و چووە سەر تەختی پاشایەتیی هەرێمی لەینستەر کە کاونتییەکانی خۆرهەڵاتی دوورگەی ئایرلاند لە خۆ دەگرێت، بە دەبلنیشەوە (بڕوانە ٢: ١٢٧). ساڵی ١١٧٢ کۆشکەکەی نزیک ڕەبەنگاکەی سانت کانیس، لەسەر ڕووباری نۆر، دروست کراوە تا ڕێ ئاوییە ستراتیژییەکان ڕکێف بکات. **~گ.س.**

[217] **هەی، هەی... دەستەکانمی گرت**: دێڕێکە لە هۆنراوەی *سەوزپۆشین* کە هۆنراوەیەکی خاوەنناداریی ئایریی ساڵانی ١٧٩٠کانە، دایۆن بوسیکۆ (١٨٢٢-١٨٩٠)، کە ئەکتەر و گۆرانینووس و شانۆنووسێکی ئایر بووە، شێوەیەکی نوێی پێ داوە، دەڵێت:

پادیی بەوەجم، هەواڵەکەت بیست؟
سێپەڕی شەودەر یاساغ کراوە لەسەر خاکەکەی ئایرلاند بڕوێنرێ
ئیتر ناتوانین ڕۆژی سانت پاتریک یاد بکەینەوە
هیچ کەسیش نابێ ڕەنگی ببینێ
یاسای زۆرەملێ دژی پۆشینی سەوز دەرکراوە
ناپەر تاندیم دی و دەستەکانمی گرت
پرسیی هەواڵی پیرە ئایرلاندمان،
وتی کە ئایرلاند خەمهێنەرترین شوێنی جیهانە،
لەوێ ژن و پیاو گەر سەوز بپۆشن هەڵیاندەواسن.

جەیمز ناپەر تاندی (١٧٤٠-١٨٠٣) شۆڕشگێڕ و گۆڕانخوازێکی ئایر بوو، پاڵپشتیی گرەتانی دەکرد (بڕوانە ٧: ٣٢٨)، تاندی ساڵی ١٧٩٠ هاودامەزرێنەر و سکرتێری کۆمەڵەی ئایرە یەکگرتووەکان بوو. هاوسۆزی شۆڕشی فەرەنسی بوو و یەکێک بوو لە کەسێتییە سەرەکییەکان کە پشتگیریی فەرەنسییەکانی بە دەست هێنا بۆ تێکۆشانەکانی سەربەخۆیی ئایرلاند. **~گ.س.**

*پادی*، که له هۆنراوەکەدا دەڵێت، ناوی ناسککراوەی *پاتریک*ە، هەر لەم ڕۆمانەدا دواتر *پاتریک دیگنەم*، یان *پادی دیگنەم* دەناسین که مردووە و ئەڵقەی شەشەم هەمووی کاتی ناشتنی ئەوە. **~ن.م.**

[218] **هەی! هەی! هەموو کوڕانی کیلکەنی:** (بڕوانه ٣: ٢١٣). **~گ.س.**

[219] **که تۆمان بیر کەوتەوە، ئەی سییۆن:** دەستەواژەیەکی شیوەنکردنه که جووەکان له دیلیدا وتوویانه، (لێرەشدا هەموو دەربەدەرەکانی تاراوگه دەیڵێن)، وەک له (زەبوورەکان ١٣٧: ١-٢)دا، دەڵێت: «لەدەم ڕووبارەکانی بابل، لەوێ دانیشتین، هەروەها گریاین که سییۆنمان بیرکەوتەوە. به شۆڕەبییەکانی ناوەڕاستی قیسارەکانی خۆمان هەڵواسی» **~گ.س.**

لەو وەرگێڕانەی *کتێبی پیرۆز*دا که جۆیس هێناویەتی، شیوەنگێڕەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ سییۆندا دەدوێن و دەڵێن: «که تۆمان بیر کەوتەوە، ئەی سییۆن»، بەڵام له وەرگێڕانه کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز*دا دەڵێت: «که سییۆنمان بیرکەوتەوە». پێم وا نییه ئەم جیاوازییه بچووکه له ڕووی واتا و ئاماژەوە هیچ کێشەیەک دروست بکات، بەڵام ئەوەی جۆیس خۆی نزیکتره له بەستێنی نووسینەکەی خۆیەوە، بۆیه زۆر جار لەم ڕۆمانەدا که دەقێکی تر تێهەڵکێش دەکات، ئەگەر ئەو دەقانه بۆ کوردی وەرگێڕرابن تەماشایان دەکەم، بەڵام بۆ گونجاندنیان لەگەڵ بەستێنی *ئولیس*دا دەبێت کەمێک چەکوشکارییان بکەم تا پەیوەندییەکەی *ئولیس* و دەقه ئاوێزانکراوەکان به دیاری بمێنێتەوە، که له دەقه ماکەکاندا تا ئاستێکی گونجاو دیارن که بۆچی ئەو دەقانه لەگەڵ *ئولیس*دا ئاوێزان دەکرێن. له وەرگێڕانه کوردییەکەی دەقەکەی *زەبوورەکان*دا دەڵێت: «به شۆڕەبییەکانی ناوەڕاستی قیسارەکانی خۆمان هەڵواسی» وشەکەی سەرنجم لەسەریەتی وشەی *قیسارە*یە، که پێشتر له ڕاڤەی **هارپ**دا باسم کردووە (بڕوانه ١: ٨٦). پەڕتووکی *زەبوورەکان* له بنەچەدا به زمانی عیبری نووسراوە، له زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕانه ئینگلیییەکانیدا وشه عیبرییەکه به *هارپ* وەرگێڕراوە، ئەم وشەیەشه که له دوو دێڕی داهاتوودا گێڕەرەوەکه دەخاته بیری *هارپاندن*ەوە، بڕوانه ڕاڤەی داهاتوو. من پێم وایه وەرگێڕانی وشەکه بۆ هارپ له ئینگلیدا کەمێک کێشەی هەیە. ئەم وەرگێڕە ئینگلانەی تر، که هەموویان وەرگێڕانی نوێترن لەچاو وەرگێڕانەکانی پێشووتردا، وشەکەیان به *چەنگ*، یان *lyre* وەرگێڕاوە، که پێم وا بێت دەرکیان به هەڵەکه کردووە له بەکارهێنانی ناوی ئامێرە موزیکییەکەدا:

- وەرگێڕانی وشەی خودا **GWT** God's Word، ١٩٩٥.

- پەڕتووکی پیرۆزی هۆڵمانی ستانداردی مەسیحی Holman Christian Standard Bible **HCSB**، ١٩٩٩.
- هۆنی ستانداردی ئینگلی **ESV** English Standard Version، ٢٠٠١.
- پەڕتووکی پیرۆزی ستانداردی مەسیحی **CSB** Christian Standard Bible، ٢٠١٧.

لە سەردەمی ئەمڕۆماندا وشەی *هارپ* گوزارشت لەو ئامێرە پەرەسەندووە ئاڵۆزەی ئەم سەردەمە دەکات کە لە کۆنسێرتەکاندا بە کار دەهێنرێت، ئەویش ئامێرێکی گرانبەها و گەورەیە کە نزیکەی ١٨٠ سانتیمەتر بەرزە و نزیکەی ٣٦ کیلۆگرام قورسە، کە بێگومان بە لقی «شۆڕەبییەکانی ناوەڕاستی» سییۆن و ئۆرشەلیم و هیچ شوێنێکی تردا وەها بە ئاسانی هەڵناواسرێت. بێگومان لەو سەردەمەی *زەبوورەکان* نووسراوە، هارپ بەو شێوە پەرەسەندووەی ئەمڕۆ نەبووە، بەڵکو دەتوانین بڵێین *چەنگ* بووە، کە ئامێرێکی سادەترە و بچووکتر و سووکترە بۆ هەڵگرتن. بۆیە ئامێرە ڕاستەکە *چەنگ*ە *lyre* کە ئەوەندە بچووک و بەردەستە کە بتوانیت لەگەڵ خۆتدا بیهێنیت و بیبەیت و بە درەختدا هەڵیبواسی. وا دەبینم لەبەر ئەوە ئەم وشەیە بە *هارپ* وەرگێڕراوە، چونکە یەکەم وەرگێڕانی ڕێپێدراوی *کتێبی پیرۆز* بۆ زمانی ئینگلی لە سەرەتای ساڵانی ١٦٠٠کاندا لە سەردەمی شا جەیمزدا بووە و ئەو هۆنەیە کە پێی دەڵێن: «وەرگێڕانەکەی شا جەیمز King James Version»، لەو سەردەمەدا ئامێری هارپ هەبووە و ئیتر لەو ئامێرە جیاواز بووە کە لێوەی پەرەی سەندووە، لەو کاتەشدا هەڵەکردن لە ناوی ئامێرێکی وەهادا ئەوەندە گرنگ نەبووە، چونکە پێشتر ئەو کەسانەی هەوڵیان داوە *کتێبی پیرۆز* بۆ زمانی ئینگلی وەربگێڕن، لەبەر گەلێک هۆ، بە جیاگر و بێباوەڕ دانراون و ئەگەر بگیرانایە بە زیندوویی دەسووتێنران، کە ویلیەم تیندەیڵ (نزیکەی ١٤٩٤-١٥٣٦) یەکێک بووە لەوانەی کە لەسەر وەرگێڕانی *کتێبی پیرۆز* بۆ ئینگلی هەڵواسراوە و دواتر لاشەکەیان سووتاندووە. بۆیە وردەکاری لە نێوان چەنگ و قیسارە و هارپدا گەلێک گرنگ نەبووە. لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا کراوە بە *قیسارە*، کە ڕاستە هارپ هەر پەرەسەندووی قیسارەیە، پێشم وا نییە جیاوازیی نێوان قیسارە و چەنگ هێندەی جیاوازیی نێوان هەریەکێکیان لەگەڵ هارپدا زۆر بێت، بۆیە بە هەڵبژاردنێکی خراپی نازانم، بەڵام هەر *چەنگ* بە شیاوتر دەزانم، ئەویش لەبەر ئەوەی قیسارە کەمێک گەورەتر و قورستر و ئاڵۆزتر و گرانبەهاتریش بووە لە چەنگ، کە پێم وا

نییە جووە دیلەکان توانییێتیان هەیانبێت و لەگەڵ خۆیاندا هێنابێتیان و بردبێتیان. هەندێک کەس لە ئەمڕۆی زمانی کوردیدا هەردوو وشەی *چەنگ* و *هارپ*یان کردووە بە یەک، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی خستمنە ڕوو، پێم وایە ئەمە لە زاراوەسازیی موزیکدا هەڵەیە، چونکە ئەو دوو ئامێرە وەک یەک تەماشا ناکرێن. وەک چۆن هیچ پیانۆژەنێک ناڵێت: «دەچم ئۆرگنەکەم بژەنم» چونکە ئۆرگن و پیانۆ جیاوازن، وەک چۆن هیچ کلارنێتژەنێک ناڵێت: «دەچم شمشاڵەکەم دەژەنم»، چونکە کلارنێت و شمشاڵ جیاوازن، ئاوهاش هارپ و چەنگ و قیسارە جیاوازن. **~ن.م.**

[220] **شنەی هەوا... دەهارپاند**: (بڕوانە ١٤: # **دووگیانییەک... ڕووی داوە** و ١٤: # **وزەی خوێنمژەکان دەم لە دەمدا** و ١٤: # **وەک وێرگیلیوس دەڵێت**)، بۆ *هارپ* (بڕوانە ١: ٨٦). **~ن.م.**

**پەی**: بە ئینگلی *nerve*، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «وردە دەماری جەستە کە بە ئەندامدا بڵاو بوونەتەوە و جەمسەریان بە مێشکەوەیە» واتە ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن: *أَعْصَاب*.

**هارپاندن**: بە ئینگلی و ئیتالی *arpeggio*، کە بە *ئارپێجۆ*، یان *ئارپێجیۆ* دەخوێنرێتەوە. ئارپێجیۆ لە بنەچەدا ئیتالییە، لە *هارپ*ەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە *هارپاندن*، یان *ژەندن وەک هارپ*. واتە ناوی ئامێرەکەیە و کراوە بە کار، وەک بڵێیت لە بری شمشاڵژەندن بڵێیت *شمشاڵاندن*. *ئارپێجیۆ* وەک زاراوەیەکی موزیکی بە گشتی لە ئینگلی و زمانە جیاوازەکانی دونیادا لە زاراوە ئیتالییەکەوە خوازراوە. بەڵام جۆیس ئەم وشەیەی کردووە بە ئینگلی. کاتێک دەڵێت: *هارپاندن*، واتە کۆردی موزیکەکە تۆن دوای تۆن دوابەدوای یەک دەژەنرێن. لە خوارتر باس لە *کۆرد* دەکەم. بە پێی *فەرهەنگی میریام وێبستەر*، وشەی هارپ خۆی لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ *هارپۆن*، کە وشەیەکی جەرمانی و ساکسۆنی بووە بە واتای *وەجاخ*، یان *گۆشتبرژێن* دێت، واتە ئامێرێک کە بتوانیت شیشی پێوە ببەستیت و ناوی ئەم ئامێرە بۆ سزادانی خەڵک بووە، بنەچەی لەوە کۆنتری نەزانراوە. بەڵام خودی ئامێرەکە خۆی پەرەسەندووی قیسارەی میزۆپۆتامییە دێرینەکانە.

**کۆرد**: سێ تۆنی جیاواز یان زیاتری موزیکن پێکەوە گونجاندنێک دروست دەکەن. خودی وشەی *کۆرد* - *chord* لە *ئەکۆرد* – *accord*ەوە هاتووە واتە *گونجاو* یان *گونجان*. ئەو تۆنانە دەشێت هەموویان پێکەوە بە یەک ترپە بژەنرێن، ئەو کاتە تەنها پێیان دەوترێت

کۆرد، یان دەشێت بهاڕپێنرێن، واتە بە دوای یەکدا بژەنرێن، واتە تۆنی یەکەم بژەنرێت، پاشان تۆنی دووەم، پاشان تۆنی سێیەم، ئاوها پێی دەوترێت *هاڕپاندن*.
جۆیس خۆی موزیکژەن بووە، لەم ڕۆمانەشدا زۆر زاراوەی موزیکیی بە کار هێناوە. لێرەدا ئەم ڕستەیە بە ساناتر واتا: شنەی هەوای زریاناویی تۆوەکانی ڕووناکی ژێکانی پەییە (هەستەدەمار) وروژاوەکەی ستیفنیان وەک هاڕپ دەژەند. بۆ *پەی* (بڕوانە ٣: ٢٢٠). **~ن.م.**
[221] **چراکەشتیی کیش**: چراکەشتی کەشتییەکی بچکۆلە یان بەلەمێکە کە لە شوێنێکدا جێگیر دەکرێت و چرایەکی بەهێزی پێوەیە. ئەم بەلەم یان کەشتییانە بۆ ڕێنیشاندانی کەشتییەکانی تر دادەنرێن و لە مەترسی ئاگاداریان دەکەنەوە. **~ن.م.**
چراکەشتیی کیش لای کەناری باکووری بەندەری کیشەوە جێگیر کراوە، دوو میل لە خۆرهەڵاتی بەندەری کینگستاونەوە (*دون لییری‌ی* ئێستا) دوور بووە. ئەم کەنارە لەمپەڕێکی مەترسیداری بەری باشووری کەنداوی دەبلنە. **~گ.س.**
[222] **خۆرپێو**: بە ئینگلی *sundial*، لە کۆندا ئامێرێک بووە، کە هەندێک جار لەسەر زەوی نەخشێنراوە، تیشک و سێبەری خۆری پێواوە و بووە بە کاتژمێرێکی خۆری. ئاوهاش *خۆرپێوی* ئاوەڵناوی *خۆرپێو*ە، واتە زەوییەک یان شتێک کە لە شێوەی خۆرپێودا بێت. **~ن.م.**
[223] **بوولێڵ**: ئەو دەمەیە کە ئاسمان نیلییە، پێش خۆرهەڵهاتن و دوای خۆرئاوابوون. **~ن.م.**
[224] **مێڵ**: بە ئینگلی *obelisk*، بە ئینگلی بە *ئۆبەلیسک* دەخوێنرێتەوە، پایەیەکی درێژکۆلەیە وەک پەیکەری یادگاری، بۆ نەمر-ڕاگرتنی یادی بۆنەیەک یان کەسێک دروست کراوە، لە سەردەمی دێرینەوە هەیە و مێڵە دێرینەکان نووسینی بزماری و هیرۆگلیفییان لەسەرە. وشەکەم لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە هێناوە کە یەکێک لە پێناسەکانی بەم شێوەیە کردووە: «پایەیەکە بۆ نیشان کردن لە ڕێ و باندا دروست دەکرێ». لە گەڕانمدا بە دوایدا، سەرنجم دا لە فەرهەنگی کورمانجیدا بە «کۆکەل» دانراوە، بەڵام لە *هەنبانەبۆرینە* و *فەرهەنگی خاڵ*دا بەم واتایە بۆم پشتڕاست نەکرایەوە، بۆیە *مێڵ*م بە شیاوتر زانی. **~ن.م.**
[225] **بەلەم**: مەبەستی بەلەمی چێشتە. **~ن.م.**
[226] **لای... گەڕایەوە**: **کەڵەرە**: واتە دیواری شەپۆلشکێن، یان شەپۆلڕەوێن. **~ن.م.**
کەڵەرەی گابەردەکان دیوارێکی دەریاییەیە کە شەقامی پوولبێگ لە بەری سەرەوەیدایە، بەسەر کەناری باشووری ڕووباری لیفیدا درێژ دەبێتەوە کە بە دووریی کەمێک زیاتر لە دوو میل کەوتووەتە بەری خۆرهەڵاتی کەنداوی دەبلنەوە. پیجنهاوس بە دووریی یەک

میل و نیو کەوتووەتە نێوان دیوارەکە و منارەی پوولبێگەوە کە لە کۆتایی دیوارەکەدایە. **~گ.س.**

[227] **شێوەی شێوەکان:** (بڕوانە ٢: ٢٦). **~گ.س.**

[228] **تۆخ و زیوین... ئێلسینۆر دەگرم:** لە دیمەنی دووەمی پەردەی یەکەمی شانۆنامەی *هاملێت*دا، هۆرەیشۆ بە هاملێت ڕادەگەیەنێت کە لە کاتی نۆبەچێتییەکەیدا لە نیوەشەودا سەهویرەکەی دیوە، هاملێت پرسیاری ڕیشی سەهویرەکەی لێ دەکات و دەپرسێت: «ڕیشی ماشوبرنجی بوو؟» هۆرەیشۆ وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «وا بوو، وەک ئەوەی لە ژیاندا دیبووم، تۆخ و زیوین». دواتر کە سەهویرەکە بۆ هاملێت دەردەکەوێت، هۆرەیشۆ هەوڵ دەدات ڕێگری لە هاملێت بکات و نەهێڵێت هاملێت دوای سەهویرەکە بکەوێت، نەوەک ئەمە گیانێکی خراپ بێت و هاملێت فریو بدات و بیخەڵەتێنێت و لاسی بدات و وای لێ بکات خۆی هەڵبداتە دەریاکەوە. هۆرەیشۆ دەڵێت: «گەورەم، ئەی ئەگەر بەرەو دەریا لاسی دان، یان بەرەو ترۆپکی ترسناکی ئەو کەندەڵانانەی کە تا نێو دەریاکە بەسەر بنکەکەیاندا دەرپەڕیون؟». **~گ.س.**

لێرەدا کە دەڵێت: «تۆخ و زیوین»، لە دەقە بنەڕەتەکەدا تۆخەکە بە ڕەنگی سمۆرەی سیبریایی، یان سمۆرەی تۆخ دەچووێنێت، واتە قاوەیی تۆخ و تاڵتاڵی قاوەیی کاڵ، زیوینەکەش واتە ماشوبرنجی، واتە ڕیشەکە تێکەڵەی سپی و قاوەیی تۆخ و زەرد بوو. مەبەستەکەی ئەم دێڕە زۆر ڕوون نییە و سەیرە کە ڕەنگە تۆخ و زیوینەکە هاتووەتە ئێرەوە، چەند بۆچوونێک هەیە: یەکەمیان ئەوەی کە ستیفن جلی ماشوبرنجیی لەبەردایە، بەڵام ئەمە زۆر ڕێی تێ ناچێت، چونکە پێشتر لە ئەڵقەی یەکەمەوە دەزانین ستیفن ڕەشی پۆشیوە، نەک ماشوبرنجی. دووەمیان ئەوەیە کە پێشتر دەڵێت: «گیانم لەگەڵمدا ڕێ دەکات، شێوەی شێوەکان»، پێشتر لە ئەڵقەی دووەمدا ستیفن ئاماژەی بەو تێڕوانینەی ئەریستۆتێلیس دا کە گیان شێوەی شێوەکانە، هەروەها ئەوەش دەزانین کە ستیفن هاوڕێ گیانییەکەی لەگەڵیدایە، کە گاڵۆکەکەیەتی، لەوانەیە گاڵۆکەکەی ڕەنگی سمۆرەیی و زیوین بێت. یان بۆچوونی سێیەم، کە ئەمەیان زیاتر ڕێتێچووە و هی دکتۆر هەنتە، ئەوەیە کە لە پەرەگرافی دووەمی ئەم ئەڵقەیەدا، ستیفن چاو دەنووقێنێت و بە ڕێدا دەڕوات، خۆی وەک هاملێت دەبینێت، دەڵێت: «ئەگەر لەسەر کەندەڵانێکەوە کەوتم کە تا نێو دەریاکە بەسەر بنکەکەیدا دەرپەڕیوە» کە ئەمە ئاگادارکردنەوەکەی هۆرەیشۆیە، کەواتە ستیفن خۆی وەک هاملێت دەبینێت، بەڵام لێرەدا کە دەڵێت: «ئاوها لە نۆبەچێتیی نیوەشەوی

مانگدا بەسەر بەردەکاندا هەنگاو دەنێم، تۆخ و زیوین، گوێ لە لێشاوی فریودەری ئێلسینۆر دەگرم» مەبەستی لەوەیە کە هاملێتی باوکە، واتە سەهویرەکەیە، چونکە دواتریش لە ئەڵقەی نۆیەمدا دەزانین کە ستیفن پێی وایە شێکسپیر *هاملێت*ی لە گۆشەنیگای سەهویرەکەوە نووسیوە، نەک شازادەکە، ئەگەر وا بێت، کەواتە ئێستا ستیفن پێی وایە خۆی سەهویرەکەیە و بەسەر بەردەکاندا هەنگاو دەنێت و بە ڕیشی تۆخ و زیوینەوە گوێ لە لێشاوی فریودەری ئێلسینۆر دەگرێت؛ ئەمەش لەگەڵ سرووشتی ئەم ئەڵقەیەدا، کە هەموو شتێک بەردەوام لە گۆڕاندایە، دەگونجێت، واتە تەنانەت ستیفنیش دەگۆڕێت. **~ن.م.**

[229] **شەقامی پوولبێگ:** (بڕوانە ٣: ٢٢٦). **~گ.س.**

[230] **سێسووچکە و قەوزەگیا:** **سێسووچکە:** بە ئینگلی *sedge*، ناوە زانستییەکەی *Cyperaceae*یە، دەوەنێکە لە گیا دەچێت و لە زەویی شێدار و تەڕدا دەژی، جۆری زۆرە. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. **قەوزەگیا:** بە ئینگلی *oarweed*، ناوە زانستییەکەی *Laminaria digitata*یە، لە هیچ فەرهەنگێکدا دەستم نەکەوت و ناچار خۆم وشەکەم دانا کە دەشێت هەڵە بێت و لە زمانی خۆماندا هەمانبێت. ئەم جۆرە گیایە لە توخمی قەوزەیە، گیایەکی دەریایی جیری ڕەنگ قاوەیی تۆخی باریک و پەنجەییە، تا دوو مەتر درێژ دەبێت. بۆیە گێڕەرەوەکە دەڵێت «مارماسی-ئاسا». **~ن.م.**

[231] **بڵقەگیا:** بە ئینگلی *bladderwrack*، ناوە زانستییەکەی *Fucus vesiculosus*ە، گیایەکی دەرياییە، بڵقی هەڵئاوساو لە ناو گەڵاکانیدا هەیە. لە هیچ فەرهەنگێکدا ناویم نەدۆزییەوە، ناوەکە خۆم لێکمداوە. **~ن.م.**

[232] **سەبانە:** بە ئینگلی *gunwale*، یان *سوانده*، واتە لێوار، لێرەدا بە واتای *لێواری سەرەوەی بەلەم و کەشتی* دێت. **~ن.م.**

[233] **لویس ڤەییو:** (١٨١٣-١٨٨٣) ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسی بوو، یەکێک بوو لە ڕابەرەکانی پارتی ئەودیوشاخیزم، ئەم پارتە دژی هەوڵە وارگێڕییەکانی سەدەی نۆزدە بوون کە دەیانویست دەسەڵاتی نادینیی کڵێسای ڕۆمی لە فەڕەنسا کەم بکەنەوە. ڤەییو بەناوبانگ بوو کە سەرسەختانە دژە-ڕۆمانسی بوو (چونکە ڕۆمانسییە فەڕەنسییەکان بە گشتی دژی کڵێسا بوون). **~گ.س.**

**ئەودیوشاخیزم:** بە ئینگلی *Ultramontanism*، چەمکێکی وارگێڕیی دینییە کە بیروبۆچوونێکە و سەرسەختانە دەسەڵاتی دینی و نادینی بۆ پاپا دەگەڕێنێتەوە. لە بنەچەدا

که کاتی خۆی قەشەیەکی نائیتالی بووە بە پاپا، ناویان ناوە *پاپایەکی ئەودیوشاخی*، مەبەست لە شاخەکە زنجیرەچیای ئەڵپ بووە. بەڵام دوای دارِشتنەوە پرِۆتستانتییەکان چەمکەکە پێچەوانە بووەوە، لە ئەوروپا بە دەسەڵات و کورسیی پاپایان دەوت: «ئەودیوشاخی»، کە مەبەست لەوە بوو پاپا لەودیو زنجیرەچیای ئەڵپەوەیە. ئاوهاش ئەوانەی ئەودیوشاخیزمن، دەیانەوێت دەسەڵاتی سەرەکی لە پاپای رِۆمەوە بێت و پاپای رِۆم دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەوروپادا هەبێت. ناوەکە خۆم لێکمداوە، لە بنەچە ئینگلی و لاتینییەکەیەوە وەرمگێرِاوە. **~ن.م.**

[234] **گۆتیێ**: تیۆفیل گۆتییێ (١٨١١-١٨٧٢) هۆنەر و رِەخنەگر و رِۆماننووسێکی فەرِەنسی بوو، بە رِۆمانسیێتییەکی بەدەبدەبانە و چێژخوازیی رِاشکاوانە و قێزێکی «پاگانی»یانە لە ئاکارە نەریتییەکان بەناوبانگ بوو. **~گ.س.**

بۆ *پاگانی* (برِوانە ١: ٧٠). **~گ.س.**

[235] **ئان کۆش ئۆنسابلێ**، بە فەرِەنسی *Un coche ensablé*: واتە *عەرەبانەیەکی لە قورِدا چەقیو*، ئەمە چوواندنێکی لویس ڤەییوە کە لە وتاری *هۆنەرە پاریسییە رِاستینەکان*دا نووسیویەتی، وتارەکە لە پەرِتووکی *بۆنوبەرامەکانی پاریس*دایە (پاریس، ١٨٦٧). ئەم وتارە رِۆمانسییە فەرِەنسییەکان بە بیانووی ئەوە رِەت دەکاتەوە کە پێی وایە فەرِەنسی نین، جا چ جای ئەوەی پاریسی بن. ڤەییو بە دیاریکراوی دژایەتیی گۆتیێ دەکات و دەڵێت: «نایابترین نموونەی نووسینی خراپی پێشکەش کردووین... چەند ناساز و نەگونجاوە! ئەی گەنجان، لەو هەموو ئاوەڵناوە پلە باڵایانە دوور بکەونەوە کە وایان لە رِستەکان کردووە لە عەرەبانەیەکی لە قورِدا چەقیو بچن». **~گ.س.**

دکتۆر هەنت پێی وایە دەشێت ستیفن لە بینینی سەبانە چەقیوەکەی ناو گڵەکەوە لە قورِدا چەقیوییەکەی لویس ڤەییوی بیر کەوتبێتەوە. **~ن.م.**

[236] **ئەم لمە قورسانە... نیشتاندوویانن**: ئەم رِستەیە بە چەند شێوەیەک وەردەگێرِرێت و لە زمانەکانی تردا بە جیاوازی وەرگێرِراون، لە ئینگلیییەکەشدا زۆر رِوون نییە. دەشێت بە چوار شێوە وەربگێرِرێت، کە ئەمانەن:

١. **ئەم لمە قورسانە زمان و کێشاو و بان و لێرەدا نیشێنراون.** واتە لمە قورسەکە هەم زمانە، هەم کێشاوە و هەم بایە و ئەوەی لێرەدا، واتە لە کەناراوەکەدا دەیاننیشێنێت، هێزێکی نادیارە.

٢. **ئەم لمە قورسانە زمانن و کێشاو و با لێرەدا نیشتاندوویانن.** واتە لمە قورسەکە تەنها زمانە، ئینجا کێشاو و با پێکەوە دەیبەن و لەسەر کەنارەکە دەینیشێنن.

٣. **ئەم لمە قورسانە کێشاوی زمانن و با لێرەدا نیشتاندوونی.** واتە لمە قورسەکان کێشاوی زمانن، با بە تەنها بردوونی و لەسەر کەنارەکە نیشتاندوونی. لێرەدا کێشەیەکی ڕێزمانی لە دەقە ئینگلییەکەدا دروست دەبێت، دەقە ماکەکە دەڵێت: «کێشاوی زمانە»، واتە تاکە، کەچی دواتر بە کۆ دەڵێت: «با لێرەدا نیشتاندوونی»، لێرەدا دەبێت بە کۆ، بۆیە ئەم ئەگەرە کەم ڕێی تێدەچێت.

٤. **ئەم لمە قورسانە کێشاوی زمان و بان و لێرەدا نیشێنراون.** واتە لمە قورسەکە هەم کێشاوی زمانە، هەم بایە، یان هەم کێشاوی زمان و بایە پێکەوە، ئەوەی لە کەنارەکەدا نیشتاندوونی هێزێکی نادیارە.

وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە دووەمی هەڵبژاردووە. فارسییەکە سێیەمی هەڵبژاردووە، بەڵام ئەمە لەوە ناچێت زۆر ڕاست بێت، جگە لەو هۆیەی لە تەنیشت هەڵبژاردەکەوە ئاماژەم پێی داوە، ئەم هۆیەشم هەیە: لە پەرەگرافی یەکەم و سەرەتای ئەم ئەڵقەیەدا دەڵێت: «گەرادەریا و ئاومالک، کێشاوە نزیککەرەوەکە، ئەو پووتە ژەنگاوییە»، واتە کێشاو شت نزیک دەکاتەوە، هەر وەک لە ئەڵقەی یەکەمیشدا چاوەڕێ دەکرێت کێشاوەکە تەرمی مردووەکە نزیک بکاتەوە. کەواتە کێشاو دەتوانێت زمانیش نزیک بکاتەوە. لە عەرەبییەکەی دکتۆر تەهادا کێشاوی هەر لابردووە و کردوویەتی بە: «ئەم لمە کەڵەکەبووانە زمانی دەریان و با لێرەدا نیشتاندوونی». بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە دکتۆر هەنتەوە کرد و ئەو وتی: «دڵنیا نیم چۆن بتوانم لەمەیاندا یارمەتیت بدەم، چونکە ستیفن گەلێک هۆنراوەییانە بیر دەکاتەوە. بێ ئەوەی بە وردی یەک بە یەکی لێکدانەوەکانی تۆ بخوێنمەوە و وەڵامی یەکبەیەکیان بدەمەوە، با من ئەوەت پێ بڵێم کە خۆم چۆن لێی تێگەیشتووم و پێم وا بووە وەهایە: ستیفن تەماشای لمەکە دەکات کە کێشاوەکان دەیانهێنێتە سەر کەناراوەکە و بە شێوەیەکی میتافۆڕییانە بیر لەو دەنکە لمانە دەکاتەوە کە وشەن. وا دەکات، چونکە لە ڕستەی پێشووتردا بیری لە نووسەرێکی فەڕەنسی کردووەتەوە کە خوازە پێچەوانەکەی بە کار هێناوە و وشەکانی نووسەرێکی تری فەڕەنسیی بە لم بەراورد کردووە. {بڕوانە ڕاڤەی پێشوو} ستیفن *ئان کۆش ئۆنسابلێ*کە پێچەوانە دەکاتەوە: لە بری ئەوەی دێڕەکان وەک قوڕاو وا بن، کەناراوەکە وەک پەڕتووک

وایە». هەروەها پەیوەندیم بە پرۆفیسۆر سام سلەوتیشەوە کرد، ئەو بژاردەی دووەمی پێ ڕاست بوو، کە خۆیشم هەر ئەوەم داناوە. **~ن.م.**

[237] **بەردکۆ**: بە ئینگلی *tumulus*، جۆیس خۆی وشەیەکی تری بۆ لێکناوە کە *ستەونهیپ* *stoneheap*ە و لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا نییە و لە دوو وشەی *ستەون* بە واتای *بەرد* و هیپ بە واتای *کۆمەڵە* یان *کەڵەکە* یان *گردەوەبوو* دێت. مەبەست لێی گۆڕێکە کە لە بری ئەوەی بە گڵ سەری نرابێتەوە، بە بەرد سەری نراوەتەوە و ئەمەش لە سەردەمی دێریندا هەبووە. وشەکەم لەسەر داڕێژەی *گڵکۆ* لێکداوە، لە بری ئەوەی گڵکۆ بێت، بەردکۆیە. بێگومان بەردکۆ بۆشایی زۆر دروست دەکات کە دەبێتە بوودڕی گیانداری وەک جرجی بەوەرز. بۆ *بەوەرز* (بڕوانە ٣: ١١٢). **~ن.م.**

[238] **بوودڕ**: بە ئینگلی *warren*، کۆمەڵێک چاڵوچۆڵییە لە زەویدا کە لە ناوەوە بە ڕێی وەک توونێل بە یەکەوە پەیوەستن، ئەمەش دەبێتە لانەی کەروێشک و حەشارگەی هەندێک ئاژەڵی تر. **~ن.م.**

[239] **یارییەکانی... ئایلێک دکم**: ئەم چەند دێڕە گرێدانێکی تێکەڵەی ئازادانە و شێوێنراوە، لە لایەک گۆرانییەکی منداڵانەی هێناوە کە دەڵێت:

فی، فی، فۆ، فەم،
بۆنی خوێنی ئینگلێک دەکەم،
گەر زیندوو بێ، یان مردوو بێ،
ئێسکی دەهاڕم بۆ خوانم.

{ئاوهاش بوون *خوونی ئایلێک* دکم واتە *بۆنی خوێنی ئایرێک دەکەم*} لە لایەکی تر کە بەردەبازەکانی هێناوە، **بەردەبازەکان**: کۆمەڵێک تاوێرە بەردن لەسەر کەناری دەریاکە {کە ستیفن پیایدا تێدەپەڕێت}، بیری ڕاڕەوی زەبەلاحەکەی دەخاتەوە، **ڕاڕەوی زەبەلاحەکە** {بە ئینگلی پێی دەڵێن: *جایەنتس کۆزوەی* *Giant's Causeway*، شوێنێکە لە باکووری دوورگەی ئایرلاند لە کاونتیی ئانتریم} کۆمەڵێک پایە و ستوونی زۆری بەردی بازەڵتن کە بەسەر کەناراوی ئایرلانددا درێژ بوونەتەوە. گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی ئەم شوێنە دەگەڕێنێتەوە بۆ زەبەلاحێکی ئوستوورەیی ئایریی دێرین بە ناوی *فین ماککوول* (بڕوانە ٢: ٨٠)، گوایە زەبەلاحێکی فشەکەری سکۆتی ڕقی هەڵستاندووە و ئەمیش ئەو بەردانەی لە دەریاکەدا ڕاخستووە تا بەسەریاندا بپەڕێتەوە و بچێت دەمی سکۆتییەکە دابخات. فڕانک بەدجن لە پەڕتووکی *جەیمز جۆیس و نووسینی ئولیس*دا دەڵێت کە جۆیس خۆی

سێر لووتی هێناوەتە ناو ئەم ئەفسانەیەوە، ئەگینا لە ئوستوورەی ئایریدا ئەوی تێدا نییە، بەڵکو کەسێتییەک هەیە بە ناوی *لووی قۆڵدرێژ*ەوە، کە وەستای گەلێک هونەر بووە، ئەویش هەر بەردهاوێژ بووە، یەکێک لە نەبەردییەکانی ئەوە بووە کە سەرکردەی فۆرمۆرییەکانی کوشتووە کە پیاوێک بووە ناوی *بالۆری چاوبەد* بووە (بڕوانە ١٢: # **بالۆری چاوبەد**). **~گ.س.**

دکتۆر هەنت ئاماژە بەوە دەدات کە فرانک بەدجن لە جۆیسی پرسیوە: «سێر لووت خۆی و خێزانەکەی کێن؟ ئەوانەی لە سەرەتادا کاری قورسیان کردووە؟» جۆیس وەڵامی داوەتەوە و وتوویەتی: «بەڵێ، خەڵکانێکی زەبەلاح بوون، بەڵام لە وەچەخستنەوەدا لاواز بوون. فازۆڵت و فافنەر لە ئۆپێرای *زێڕەکەی ڕاین*دا، لە هەمان توخمن، هەر وەک موزیکەکە پێمان دەڵێت لە وەچەخستنەوە و جووتبووندا لاوازن. سێر لووتەکەی من لە بری ددان، بەرد لە دەمیدایە، بۆیە ناتوانێت بە باشی قسە گۆ بکات. **~ج.ه.**

**زێڕەکەی ڕاین**، بە ئەڵمانی *Das Rheingold* ئۆپێرای یەکەمە لە زنجیرە ئۆپێرای *موستیلەکەی نیبێلونگەکان*ی ڕیچارد ڤاگنەر (١٨١٣-١٨٨٣)، یان ئەوەیە کە پێی دەڵێن: *پێشباس*ی سێ ئۆپێراکەی تر. لەم ئۆپێرایانەدا دوو کەسێتییان تێدایە، یەکێکیان ناوی *فازۆڵت*ە و ئەوی تر ناوی *فافنەر*ە، دوو برای زەبەلاحن، لەسەر موستیلەیەک، کە لە زێڕەکەی ڕووباری ڕاین دروست کراوە، دەبێت بە شەڕیان و دواتر فافنەر دەبێتە ئەژدیها. پێشتر ڕاپۆرتێکم لەسەر تەواوی ئەم زنجیرە ئۆپێرایە نووسیوە، لە ماڵپەڕەکەمدا بە ناونیشانی *زنجیرە ئۆپێرای موستیلەکەی نیبێلونگەکان*ەوە بڵاوم کردووەتەوە. **~ن.م.**

240 **دوو مریەمەکە**: مەبەست مریەمی مەجدەلی و مریەمی دایکی یاقوب و یوسفە، دوو شوێنکەوتووی عیسا بوون و لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا تەماشای لەخاچدانی عیسا دەکەن و «خزمەتی {عیسا} دەکەن»، دواتریش کە عیسا دەنێژرێت، بەرانبەر گۆڕەکەی دادەنیشن و دواتریش یەکەم کەس دەبن کە دەزانن عیسا لە گۆڕەکەی هەڵستاوەتەوە و نەماوە. بڕوانە بەشی ٢٧ و ٢٨ی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا* و بەشی ١٥ و ١٦ی *مزگێنی بە پێی نووسینی مەرقۆس*. **~گ.س.**

241 **لە ناو... شاردیانەوە**: لە پەڕتووکی *دەرچوون*دا، واتە پەڕتووکی دووەمی *تەورات*، دایکی موسا، ئەوکاتەی موسا ساوایە، سێ مانگ موسا دەشارێتەوە تا لە فەرمانی فیرعەون بە دووری بگرێت کە فەرمانی داوە: «هەر کوڕێکی عیبرانی کە لە دایک دەبێت، فڕێیبدەنە ناو ڕووباری نیل، بەڵام با هەموو کچەکان بژین.» (دەرچوون ١: ٢٢) «بەڵام کاتێک

نەیتوانی لەوە زیاتر بیشارێتەوە، سەبەتەیەکی لە زەل دروستکراوی هێنا و بە قیر و زفت سواخی دا و کوڕەکەی لە ناو دانا، ئینجا لە کەناری نیل لە ناو قامیشەڵان دایینا.» (دەرچوون ٢: ٣) **~گ.س.**

لە نێوان دەقە بنەڕەتەکەی *تەورات* و نووسینەکەی جۆیس و وەرگێڕانە کوردییەکەی *تەورات* و وەرگێڕانەکەی مندا جیاوازی لەسەر وشەیەک هەیە. لە *تەورات*ە ئینگلییەکەدا، کە جۆیس بە سەرچاوە هێناویەتی، ناڵێت: «سەبەتەیەکی لە زەل دروستکراوی هێنا»، بەڵکو دەڵێت: «سەبەتەیەکی لە کەڕەپوو دروستکراوی هێنا». **کەڕەپوو:** بە ئینگلی *bulrush*، ناوی زانستی *typha latifolia*، جۆرە گیایەکە بەرێکی قاوەیی وەک ئیسفنج دەگرێت کە پەنجەییە و کەمێک گەورەیە. چەخماخ دەکات و دەتوانرێت ئاگری پێ بکرێتەوە. ناوەکە لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە وەرگیراوە. بەڵام لە وەرگێڕانە کۆنەکەی *تەورات*دا ناوی ئەم گیایە نارِوونە و وا دیارە مەبەست لێی زەلە، نەک کەڕەپوو. **زەل**، ئەوەی بە ئینگلی پێی دەڵێن: *پەپایرەس* - *papyrus*، سەردەمانێک پەڕەی لێ دروست کراوە، ڕووەکێکی درێژکۆلەی باڵابەرزە، هەر ئەو ڕووەکەیە کە نای و شمشاڵی لێ دروست دەکرێت. لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا، کە وەک خۆی هێناومەتەوە و دامناوەتەوە، وشەکە کراوە بە *زەل*، واتە سەبەتەکەی موسا بە زەل دروست کراوە. بەڵام لێرەشدا دیسان جیاوازییەکی تر هەیە، جۆیس کە ئەم دێڕەی نووسیوە، لەوە ناچێت گەڕابێتەوە بۆ دەقی *تەورات* خۆی، چونکە لە *تەورات*دا، بە نزیکی لە هەموو وەرگێڕانە ئینگلییەکانیدا دەڵێت: «لە ناو قامیشەڵان دایینا» واتە وەرگێڕانە کوردییەکە تەواوە، بەڵام جۆیس لێرەدا دەڵێت: «لە ناو کەڕەپووەکاندا». ئەگەر تەنها ئەم جارە وشەکە بە کار بهاتایە، منیش دەمکرد بە زەل، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا چەند جارێکی تریش وشەی *کەڕەپوو* بە کار دەهێنێتەوە، بۆیە کەڕەپووم هێناوەتەوە. **~ن.م.**

[242] **جۆ. دەتانبینم:** دەربڕینێکی یاریی چاوشارکێی منداڵانە، لەم یارییەدا منداڵێک دەبێتە *سەرشار* و سەر دەنێت بە دیوارێکەوە کە بەم دیوارە دەڵێن: *شار*، چاوی دەشارێتەوە و تا ژمارەیەکی دیاریکراو، کە زۆر جار سەدە، دەژمێرێت، لەم کاتەدا منداڵەکانی تر هەر یەکەیان لە شوێنێک خۆیان دەشارنەوە، کە سەرشارەکە لە ژماردن تەواو دەبێت، دەست دەکات بە گەڕان بە دوای ئەوانەی خۆیان شاردووەتەوە، ئەگەر هەریەکێکیان ببینێت، دەبێت ناوی بهێنێت و بڵێت: «جۆ»، ئەوکات ئەو منداڵەی جۆ کراوە دەدۆڕێت، بەڵام ئەگەر وا نەڵێت و ئەوەی خۆی شاردووەتەوە بە دزییەوە خۆی بگەیەنێتە شار و دەستی

پێدا بنێت، ئەوا ئەو منداڵە دەیباتەوە. لە بەرانبەردا ئەوەی بردوویەتیەوە نابێت بە سەرشار. ئەم یارییە بە نزیکی وەک خۆی لە چاندی ئینگلی و ئایریدا هەیە، ئەوان لە بری «جۆ» دەڵێن: *پیکەبوو* *peekaboo*. **~ن.م.**

[243] **گالی:** بە ئینگلی *galley*، جۆرە کەشتییەکی دێرینە کە بزوێنەری سەرەکیی سەوڵلێدانە، بەڵام بایەوانیشی هەیە. **~ن.م.**

[244] **لۆکلانەکان**: واتە *دەریاچەنشینەکان*، بە زمانی ئایری وەها بە نەرویجییەکان دەوترێت. نەرویجییەکان، کە ئەمانیش هەر ڤایکینگن و سکەندیناڤیین، یەکەم هۆزی سکەندیناڤییەکان بوون کە دەوروبەری ساڵی ٧٨٧ ئایرلاندیان داگیر کردووە، ڤایکینگە دانەکان {دانەکان: ئەوانەی ئێستا وڵاتی دانیمارکیان هەیە و هەر ڤایکینگن و سکەندیناڤین} لە داگیرکردنی دواتردا دەستیان هەبوو. دەسەڵاتی سکەندیناڤییەکان تا سەدەی یازدەیەمیش هەر نەشکێنرا. **~گ.س.**

[245] **پیوتەر:** بە ئینگلی *pewter*، لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە: ١. دارشتەیەکە لە قەڵایی و زەرد یان مس پێکدێ و ڕەنگێکی زیویی هەیە. ٢. دەفری لەم دارشتەیە دروستکراو. **~ن.م.**

[246] **کە مەلاخی... زێڕینەکەی**: دێڕێکە لە هۆنراوەی *با بێتەوە یادی ئێرین*ی تۆماس موور (١٧٧٩-١٨٥٢). {*ئێرین* ناوێکی هۆنراوەییە بۆ *ئایرلاند*} هۆنراوەکە دەڵێت:

با بێتەوە یادی ئێرین سەردەمی زوو، کاتی دێرین،
کە ڕۆڵە بێوەفاکانی هەموو خیانەتیان لێی کرد؛
کە مەلاخی لە ملی کرد ملەوانە زێڕینەکەی
ئەوەی سەندبووی لە ملی داگیرکەرە لووتبەرزەکەی؛
ئەو سەردەمەی پاشاکانی ئاڵا سەوزەکانیان هەڵکرد
سوپای سوارەی سوورەکانیان تا لێواری مەترسی برد؛
با بیری بێ کە نقێمی زەمرووتی دونیای خۆرئاوا
بوو بە نەخشی لکێنراوی تاجی سەری بێگانەیەک

مەلاخی (٩٤٨-١٠٢٢) پاشای هەرە بەرزی ئایرلاند بوو، لە سەدەی دەیەم و یازدەیەمدا یەکێک بوو لە کەسە سەرەکییەکان لە ڕاوەدوونان و دەرکردنی داگیرکەرە سکەندیناڤییەکانی ئایرلاند. مەلاخی ملەوانەی ملی *تۆمار*ی لە مل کردبوو، {دکتۆر هەنت دەڵێت: *تۆمار* شازادەی نەرویجییەکان بوو} کە سەرکردەی دانەکان {دانەکان: ئەوانەی ئێستا وڵاتی دانیمارکیان هەیە} بوو و مەلاخی بەزاندبووی. **~گ.س.**

**زەمرووت**: بە ئینگلی *Emerald*، بەردێکی بەنرخی سەوز و ڕوونە. لە کۆنەوە زەمرووت هێمای ئایرلاند بووە. لە هۆنراوەکەشدا کە دەڵێت: «زەمرووتەکە بووە بە نەخشی تاجی بێگانە»، مەبەست لە تاجی بەریتانیایە. **~ن.م.**

[247] **ملەپەلکی... دەبریقایەوە**: **ملەپەلک**: بە ئینگلی *torc*، ملەوانەیەکی کانزای نوشتاوە بوو، گۆلی و بەریتانی و ئایرەکانی دێرین لە ملیان دەکردن. {*گۆل* ناوچەی باشووری فەڕەنسای ئێستایە} داگیرکەرە دانەکانی {دانەکان: ئەوانەی ئێستا وڵاتی دانیمارکیان هەیە} ئایرلاند زرێی کانزایان دەپۆشی (چاکەتی زرێ و کڵاوزرێ و دەمامکی کانزا)، ئاوهاش لە جلوبەرگی جەنگی ئایرەکان بەهێزتر بوون. ئەوەشی ئایرەکان پێیان دەوت: «چاکەتە شینە تۆخەکان» یان «چاکەتە شین و سەوزەکان» کە زرێ بوون، لەسەر سنگەکانیان تەوراسی هەڵگەڕاوەیان پێوە بووە (وەک ملەوانەی تەوراس؟) **~گ.س.**

[248] **پۆلێک... داپاچی**: **جەرکەنە**: بە ئینگلی *jerkin*، چاکەتێکی داخراوی بێقۆڵە تا سەر ئاستی کەمەر درێژە. **~ن.م.**

ساڵی ١٣٣١ دەبلن بە سەردەمی برسێتییەکی گەورەدا تێدەپەڕی، بەڵام «لەناکاو پۆلێکی گەورەی جۆرە ماسییەک دەرکەوتن، کە پێیان دەوت *تۆرلهاید*، لای دەروازەی دۆدەرەوە، کە نزیکی دەروازەی ڕووباری لیفییە، ڕژانە سەر ڕۆخ. ماسییەکان ٣٠ تا ٤٠ پێ درێژ بوون و ئەوەندە ئەستوور بوون کە خەڵکان ئەگەر لە ئەملا و ئەولایەوە بوەستانایە یەکتریان نەدەدی. خەڵکەکان زیاتر لە ٢٠٠ دانەیان لێ کوشتن» (تۆم ١٩٠٤ لا ٢٠٩٢). **~گ.س.**

[249] **برسێتی، تاعوون و کوشتارگەل**: بۆ *برسێتییەکە* (بڕوانە ٢: ٧٦) و ڕاڤەی پێشوو. مەبەست لە *تاعوونەکە*: تاعوونی ڕەشە، کە شەپۆلێکی مەزنی تاعوون و پەتای جیهانی بوو لە نێوان ساڵانی ١٣٣٤ تا ١٣٥١دا ئەوروپای گرتەوە. لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا و لە بەشی «ساڵنامەی دەبلن»دا، لە تۆماری ساڵی ١٣٤٨دا نووسراوە کە: «درمێکی گەورە گەلێک بەشی جیهانی گرتەوە، ئەم درمە بەشێکی زۆریشی لە دەبلن کوشت» (لا ٢٠٩٢). هەندێک لە سەرچاوەکان وا مەزندەی دەکەن کە بێ درم و تاعوونەکەش، کە بە بۆنەی داگیرکاری و کوشتارەکانی برایانی بروس لە نێوان ساڵانی ١٣١٤ تا ١٣١٨ و لە ئەنجامی ئەو پشێوییە زۆرەشی دوای دەسەڵاتەکەیان نرایەوە، ژمارەی دانیشتووانی ئایرلاند لە سەدەی چواردەیەمدا وێران ببوو (بڕوانە ٣: ٢٥٧)، بەڵام بە تاعوونەکەوە وا مەزندە دەکرێت کە دانیشتووانی دەبلن لانیکەم نیوە ببوو. **~گ.س.**

[250] **لەسەر لیفی... جەویدام**: **جەوی:** بە ئینگلی *resin*، لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە: «شلەیەکی لینجە لە هەندێک دارودرەخت دێت کە بریندار دەکرێت یان دەبڕڕێت». **~ن.م.**

ساڵی ١٣٣٨ «شەپۆلێکی بەستەڵەک لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمەوە تا سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی دواتر دەبلنی گرتەوە، بە شێوەیەک بوو کە ڕووباری لیفی ئەوەندە بە سەختی بەستبووی کە خەڵکان یاریی تۆپی پێیان لەسەری دەکرد و لەسەر سەهۆڵەکەی ئاگریان دەکردەوە» (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لا ٢٠٩٢). ئەگەرچی لەوە دەچێت ئەمە ئەو کاتە بێت کە ستیفن بیری لێ دەکاتەوە، بەڵام ساڵی ١٧٣٩ش لیفی دیسان بەستی، *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* دیسان لەسەر ئەمە دەڵێت: «خەڵکان یاری و خۆشییان لەسەر لیفیی بەستوو دەگێڕا» (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لا ٢٠٩٦). **~گ.س.**

[251] **نە قسەم... لەگەڵ کردم**: گۆڕاوی گۆرانییەکی فۆلکلۆری ئینگلییە، دەڵێت: «ئاشەوانێکی شاد هەبوو/ لەسەر ڕووباری دی دەژیا/ بەیان تا شەو کاری دەکرد، بەستەی دەچڕی... گوێ بە هیچ کەسێک نادەم و هیچ کەسێکیش گوێم پێ نادات.» **~گ.س.**

لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا ئەم لێکچوواندنە ون دەبێت، تەنها ئەوەیە کە ستیفن دێڕی کۆتایی گۆرانییەکە بەوەی خۆی دەگۆڕێت. **~ن.م.**

[252] **ڕەنگزەردانە... کەنارلێگیراو**: ستیفن خۆی وەک *ئاکتیۆن* دەبینێت، کە ئاکتیۆن دیانای خواژن بە ڕووتی دەبینێت کاتێک خۆی دەشوات، دیانا لە تۆڵەدا دەیکات بە ئاسک و لە ئەنجامدا سەگەکانی ئاکتیۆن خۆی ڕاوی دەنێن. ئاسک یان *گەوەزن* هێمایەکی نەریتییانەی نهێنیی شاراوەی خودە. لە ئوستوورەی کەڵتیدا ناونیشانەکەی «نهێنییەکە بشارەوە»یە (بڕوانە ٣: ٢٧٢ و ٩: ٥٨٤). بەراوردی ڕیزی ٨٣-٨٨ی هۆنراوەی *نووسینگە پیرۆزەکەی* جەیمز جۆیس بکە کە ساڵی ١٩٠٤ نووسیویەتی، دەڵێت:

«لەو جێیەی لێی هەڵتروشکان، لەسەر سنگ لەسەری خشکان، نوێژیان لێی کرد
ڕادەوەستم، خۆم بڕیار لەسەر خۆم دەدەم، هیچ ناترسم،
بێ هاوڕێ و هاوەڵ و تاکم،
وەک دڕکی ماسی بێباکم،
وەک بناری شاخ چەسپاوم
کە لەو شاخە وەک گەوەزن قۆچەکانم بەرز هەڵدەبڕم.» **~گ.س.**

لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «وەک ئێسکی شاماسی بێباکم»، شاماسی جۆرێکی ماسییە بە ئینگلی پێی دەڵێن *herring*. بەڵام من لەبەر گونجاندنی برگەی هۆنراوەکە کردم بە «وەک دڕکی ماسی». میتافۆرێکی ناباوە، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت دڕکی ماسی بێباکە لەوەی فرێی دەدەن یان لە قوڕگی بخۆرەکانیدا بچەقێت. **گەوەزن**: بە ئینگلی *roebuck*، نێرەی جۆرە ئاسکێکی بچۆکەلەیە.

**ئاکتیۆن**: بە ئینگلی Actaeon، کوڕێکی ڕاوچیی بەناوبانگ بووە، کوڕی ئاریستێیۆس و ئافتۆنۆی کچی کادمۆس بووە، خیرۆن فێری ڕاوچێتیی کردووە. ڕۆژێک لە کاتی ڕاودا ئارتەمیسی (دیانا-ی ڕۆمی) بە ڕووتی دیوە کە لە دۆڵی گارگافیا خۆی شوشتووە، ئارتەمیس ئەمی کردووە بە نێراسکێک، کە لەسەر شاخی کیثیرۆن پەنجا سەگ لەو لەشەدا هەپروون بە هەپروونی دەکەن. گێڕانەوەی تریش هەیە کە دەڵێت ئارتەمیسی تووڕە کردووە بەوەی کە کەشوفشی ئەوەی بەسەریدا کردووە کە لە ڕاوچێتییدا لە وێ باشترە. (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ١٠). **~ن.م.**

253 **تێرییبیلیا مێدیتانس**: بە لاتینی *Terribilia meditans* واتە بیرکردنەوە لە شتی تۆقێنەر یان ترسناک. **~گ.س.**

254 **دۆبلێت**: بە ئینگلی *doublet*، چاکەتێکی پیاوانەی پڕبەبەری داخراوی قۆڵدارە کە ملەوانەیەکی دەفرئاسای پێوەیە. لە ئەوروپا، بە تایبەت لە سەردەمی ڕێنیسانسدا پۆشراوە. **~ن.م.**

255 **نۆکەری چارەنووس**: لە شانۆنامەی *هاملێت*دا، ڕۆزینکرانتس و گیڵدنستێرن {دوو کەسێتین و هەردووکیان پیاوی کۆشکی پاشایین} خۆیان وەک «سەرباز»ی چارەنووس بۆ هاملێت پەسن دەکەن. بێگومان خزمەتکارن، ئەگەر نۆکەر نەبن. لە شانۆنامەی *ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترای* شێکسپیردا، دوای مردنی ئەنتۆنیۆس (و سەرکەوتنی ئۆکتاڤیوس قەیسەر)، کلیۆپاترا بیر لە بێواتایی پلەی بەرز دەکاتەوە، دەڵێت:

قەیسەربوون جێی بەزەییە
قەیسەر بەختەوەر نییە، بەڵکو نۆکەری چارەنووسە
کاربەڕێکەری ویستی چارەنووسە.

(ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا ٥: ٢، ٢-٤) **~گ.س.**

ئەو وتەیەی گیڵدنستێرن، کە گیفرد وەک «سەرباز» ناوی دەبات، لە دەقە ماکەکەی *هاملێت*دا ڕەگەزدۆزییەکی لەسەرە، درێژەی ئەو گفتوگۆیە بە وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی وەهایە:

**گیڵدنستێرن**: گەورەی بەڕێزم!

**ڕۆزێنکرانتس**: گەورەی بەڕێزم!

**هاملێت**: هاوڕێ باشەکانم! چۆنیت، گیڵدنستێرن؟ ئای، ڕۆزێنکرانتس! کوڕە باشەکان، چۆنن؟

**ڕۆزێنکرانتس**: وەک منداڵی ئاسایی سەر زەوی وام.

**گیڵدنستێرن**: دڵخۆشین بەوەی کە زۆر دڵخۆش نین؛ ئێمە قۆپچەی سەر شەبقەی بەخت نین.

**هاملێت**: بنی پێڵاوەکانیشی نین؟

**ڕۆزێنکرانتس**: نەخێر هیچیان، گەورەم.

**هاملێت**: کەواتە لە نزیکی کەمەری ئەو دەژین، یان لە نێوەندی چاکەکانیدان؟

**گیڵدنستێرن**: بێگومان، لە بەشە تایبەتەکانی وێین.

کە دەڵێت «لە بەشە تایبەتەکانی وێین»، وێ بەختە و دوای ئەم دێڕە هاملێت بە سۆزانی دەیچوێنێت. ئەو وشەیەی گیڵدنستێرن دەیڵێت لە دەقە ماکەکەدا وەهایە:

*her privates we*

وشەی *پرایڤتس* *privates* بە واتای بەشی تایبەت(ی لەش: ناوگەڵ) دێت، بە واتای سەربازیش دێت. **~ن.م.**

[256] **خۆنوێن**: بە ئینگلی *pretender*، کەسێکە کە وەک کەسێکی تر خۆی بنوێنێت، لە کاتی زوودا ئەم دیاردەیە زۆر هەبووە کە خەڵکان خۆیان وەک کەسێکی تر نواندووە تا تەختی پاشایەتی و پلە و پایەی دەسەڵات بدزن. **~ن.م.**

[257] **براکەی بروس**: مەبەست لێی *ئێدوارد بروس*ە کە ساڵی ١٣١٨ مردووە. ئێدوارد برا بچووکی ڕۆبێرت بروس (١٢٧٤-١٣٢٩) بوو، ڕۆبێرت ساڵی ١٣٠٦ تا ١٣٢٩ پاشای سکۆتلاند بوو، لە کاتی پاشایەتییەکەیدا سەربەخۆیی سکۆتلاندی لە چنگی ئینگلەکان بە دەست هێنا. ئێدواردی برای دوای جەنگی بانەکبورن ساڵی ١٣١٤ ئایرلاندی داگیر کرد و هەوڵێکی سەرنەکەوتووی دا کەکارێکی هاوشێوەی براکەی بکات و ئایرلاند لە چنگی ئینگلەکان

دەرباز بکات. وەک پاشای باکووری ئایرلاند «هەڵبژێررا» و دواتر ئایرەکان وەک «خۆنوێن» کوشتیان. **~گ.س.**

[258] **تۆماس... ئاوریشمین**: دەیەمین ئێرلی کیلدێر، پێی دەوترا: «تۆماسی ئاوریشمین»، چونکە کاربەدەستەکانی نیشانەیەکی ئاوریشمیان بە خۆیانەوە دەکرد. کاتێک باوکی، کە لۆردی جێنشینی ئایرلاند بوو، بۆ ئینگلتەرا بانگ کرا، تۆماسی وەک جێنشینی خۆی لە ئایرلاند بە جێ هێشت. بە هەڵە هەواڵی ئەوەیان بە تۆماس ڕاگەیاند کە باوکی لە قەڵای لەندەن کوژراوە، تۆماسیش بە ئاشکرا هەڵگەڕانەوەی خۆی لە پاشا هێنریی هەشتەم ڕاگەیاند، کە ئەوکات پاشای ئینگلتەرا بوو، جەنگیشی لە دژی ئینگلتەرا ڕاگەیاند – ئەمەش شۆڕشێکی خەیاڵپڵاوانە بوو، چونکە دەسەڵاتێکی سنوورداری هەبوو و باروووت و تفەنگی وەهاشی نەبوو، کە ئەوکات چەکی سەردەم بوون و بۆ تفاقی سەربازی گرنگ بوون. دواجار ئینگلەکان دەستبەسەریان کرد و لە تایبۆرن لە لەندەن لەگەڵ پێنج مامیدا هەڵیانواسی و ڕایانکێشا و پارچەپارچەیان کرد. **~گ.س.**

**تایبۆرن**: لە لەندەن گۆڕەپانێک بووە کە کوشتنی ئاشکرا و هەڵواسین و سزادانی تێدا ئەنجام دراوە. **~ن.م.**

[259] **پێرکین واربێک**: بە نزیکی ١٤٧٤ لە دایک بووە، ١٤٩٩ کوژراوە، خەڵکی یۆرکشە بوو، خۆنوێنێک بوو کە دەیەویست بە خۆنوێنی تەختی پاشا هێنریی حەوتەم ببات (بەوەی بە ساختە دەیوت گوایە خۆی ڕیچاردی دوکی یۆرکە و دووەم کوڕی ئێدواردی چوارەمە) لۆردە ئینگلی-ئایرییەکانی ئایرلاند پاڵپشتییان دەکرد (بە تایبەتی لۆردەکانی کیلدێر). ئینگلەکان گرتیان، ددانی بە ساختەیی خۆیدا نا و نیمچە لێخۆشبوونێکی وەرگرت؛ بەڵام زۆری پێ نەچوو خۆی لە پیلانێکی تریشەوە هەڵقورتاند و ئەم جارە بلیتی خۆی بۆ تایبۆرن بە دەست هێنا. **~گ.س.**

[260] **شەلفە**: بە ئینگلی *ivory*، واتە قۆچ یان کەڵبەی فیل. *شەلفەیی* ئاوەڵناوەکەیەتی کە واتە سپییەکی کەمێک شیری. لە زمانی خۆمانەییدا زیاتر عەرەبییەکەی کە *عاج*ە بە کار دەهێنرێت. ئەگەرچی ئەم وشەیە لە *فەرهەنگی کوردستان*ی مامۆستا گیوی موکریانیدا بە تەنها *کەڵبەی بەراز* هاتووە، بەڵام دەکرێت بۆ کەڵبەی فیلیش بە کاری بهێنین. من بە درێژایی ئەم وەرگێڕانە لەبری *ددانی فیل* بە کارم هێناوە. **~ن.م.**

[261] **لەمبێرت سیمنێڵ**: پیلانەکەی سیمنێڵ ساڵی ١٤٨٦ بوو، ئەمیش هەر لە یۆرکەوە بوو. ڕیچارد سیمندس، قەشەیەکی ئۆکسفۆردی بوو، لەمبێرت سیمنێڵی یازدە ساڵانی بە کار

هێنا، کە کوڕی دارتاشێکی ئۆکسفۆردی بوو، {کەمێک لە ئێدواردی شەشەم دەچووو} ڕیچارد وای بڵاو کردەوە کە گوایە ئەم کوڕە ئێدواردە و ئێرلی وارویکە، کوڕی جۆرجی دوکی کلارنسە، ئاوهاش دەبێت بە میراتگری تەختی پاشایەتیی ئینگلتەرا. ساڵی ١٤٨٧ سیمنێل بە هاندانی لۆردە ئینگلی-ئایرییەکان تاجی پاشایەتیی لەسەر نرا و ناو نرا: ئێدواردی شەشەم (تاجەکەیان لە پەیکەرێکی مریەمی پاکیزەی کاتیدرایی مەسیح لە دەبلنەوە هێنابوو). ئینگلتەرای داگیر کرد، بەڵام هێنریی حەوتەم {کە پاشای ئینگلتەرا بوو} لە ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٤٨٧دا لە جەنگی ستۆکدا دەستبەسەری کرد؛ لەبری ئەوەی بیکوژن، لە چێشتخانەی پاشادا کردیان بە شیشبادەر، واتە ئەوەی شیشی گۆشت لەسەر ئاگر بادەدات، دواتریش بوو بە بازەوانی پاشایی. **~گ.س.**

[262] **هەموو کوڕانی پاشاکان:** (بڕوانە ٢: ٨٨). **~گ.س.**

[263] **بەهەشتی خۆنوێنەکان:** مەبەست لێی ئایرلاندە، کە لە سەدەی پازدەدا پشتگیریی خۆنوێنە یۆرکییەکانیان کرد بۆ بەدەستهێنانی تەختی پاشایەتیی ئینگلتەرا و دواتریش ساڵی ١٦٨٨ تا ١٧٤٥ پشتگیریی خۆنوێنە ستیوارتییەکانیان کرد. **~گ.س.**

[264] **ئەو... ڕزگار کردووە:** مەبەست مەڵیگنە (بڕوانە ١: ٣٢). **~گ.س.**

[265] **دووڕەگ:** بە ئینگلیی *cur*، سەگێکە دوو ڕەگی هەبێت. **~ن.م.**

[266] **بەڵام ئەو دەربارانەی... ماڵی...:** لە چیرۆکی نۆیەمی ڕۆژی شەشەمی *دێکامیرۆنی* جۆڤانی بۆکاچۆ (١٣١٣-١٣٧٥)دا، گویدۆ کاڤالکانتی (١٢٥٠-١٣٠٠)، کە هۆنەرێکی ئیتالی بوو و هاوڕێی دانتێ بوو، لە کڵێسای سان میشێلی فلۆرەنساوە {ئۆرسانمیشێل} دەچێت بۆ کڵێسای سان جۆڤانی، لەوێ هەندێک لە ناسیاوەکانی دەیدۆزنەوە و دەبینن لای گۆڕەکانەوە ڕاماوە. دەڵێن: «با بچین سەر بکەینە سەری»، پێی دەڵێن: «گویدۆ، تۆ خۆت لە کۆمەڵەکەی ئێمە جیا دەکەیتەوە؛ بەڵام ئەگەر بۆت دەرکەوت کە خودا نییە، ئەمە باشییەکەی بۆ تۆ چییە؟» گویدۆ وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: «بەڕێزان، لە ماڵەکەی خۆتاندا چۆنتان دەوێت بە کارم بهێنن» دوای ئەوەی گویدۆ دەڕوات، ئینجا گاڵتەپێکەرەکانی لە سرووشتی سەرزەنشتە گاڵتەبازییەکەی گویدۆ تێدەگەن: «بڕوانن، ئەم تاقانە ماڵی مردووانن، کەچی ئەو پێی دەڵێت ئەمانە ماڵی ئێمەن تا پێمان بڵێت کە ئێمە... بە بەراورد لەگەڵ ئەو و وێژەوانانی تردا، لە مردوو خراپترین». کەواتە ئەو وشەیەی ستیفن نایڵێت: «ماڵی مردووانە» یان: «ماڵی پووکانەوە»یە. **~گ.س.**

که دەڵێت: «بڕوانن، ئەم تاقانە» مەبەستی *تاق*ە، ئەوەی لە ناو دیواردا، یان وەک دەرگا دروست دەکرێت، وەک تاقی مردوو، نەک *تاقانە* بە واتای *یەک* یان *تاک*. **~ن.م.**

[267] **سەیراڵۆز**: *abstrusiosities*، وشەیەکی لێکدراوی جۆیس خۆیەتی کە لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا نییە، لە هەردوو وشەکانی *سەیر* و *ئاڵۆز* پێکهاتووە، واتە شتێکی زۆر سەیروسەمەرە و ئاڵۆز کە کەس لێی تێنەگات. بە هەمان تەکنیکی لێکدانەکەی جۆیس خۆی وشە کوردییەکەم لێکدا. **~ن.م.**

[268] **ناتورلیش**: بە ئەڵمانی *Natürlich*، واتە بە شێوەیەکی سرووشتی. **~گ.س.**

[269] **بەردی مەیدن**: یەکێکە لەو کۆمەڵە بەردانەی نزیک ڕۆخی باکووری دوورگەی دالکییە لە کەنداوی دەبلندا. دوورگەکە لە باشووری خۆرهەڵاتی زناری کەنداوەکەوەیە. **~گ.س.**

[270] **سەرچەفاندن**: جۆیس لێرەدا وشەی *سەرچەف*ی کردووە بە کار، لە بری ئەوەی بڵێت: «دەبێت بە سەرچەفی نزماییەکان»، دەڵێت: «{کێشاوەکە} نزماییەکانی لمەکە بە خێرایی دەسەرچەفێنێت.» **~ن.م.**

[271] **نەمتوانی ڕزگاری بکەم:** لە دەقە بنەڕەتەکەدا *ئەو* بە هی منّ هاتووە، کە وا دیارە ستیفن لە ڕێی بیرکردنەوە لە ڕزگارکردنی پیاوێکەوە کە دەخنکێت، بیر لە ڕزگارکردنی دایکی بکاتەوە. **~ن.م.**

[272] **ئاسکێک... بێ قۆچ**: ستیفن سەگەکە وەردەگێڕێتە سەر زمانی هێماگەری: سەگەکە بە ئاسک چووێنراوە، لەسەر زەوییەکی خاکی، بە ڕەنگی سرووشتیی خۆی، لۆق هەڵبڕاو، واتە بە ڕێدا دەڕوات و لۆقێکی پێشەوەی هەڵبڕیوە، بێ قۆچ، واتە {ئاسکەکە} قۆچی پێوە نییە (لە هێماگەریدا ناباوە، چونکە هێمای بێتواناییە). لە بەرانبەر ئەمەشدا، ئارمی ئایرلاند لەسەر گوڵبەندێکی زەرد (یان زێڕین) و شین، قەڵایەک دانراوە کە لە سەربانەکەیدا سێ قەڵای بچکۆلەی تری بەسەرەوەیە؛ لە دەرگاکەیەوە ئاسکێکی زیوینی قۆچدار دەرچووە، نیوەی بەدەرەوەیە و پاشووەکانی لە ناو قەڵاکەدان، دوو پێی پێشەوەشی لە دەرەوەیە و یەکێکیان هەڵبڕاوە، سمەکانی لە زێڕن. **~گ.س.**

[273] **ماراندن**: جۆیس لێرەدا ماری کردووە بە کار، واتە خۆخشکان وەک مار. لەم کاتەدا چاوگەکە دەبێت بە ماراندن. **~ن.م.**

[274] **هەموو نۆیەمینێک**: مەبەست شەپۆلی نۆیەمە، لەو بیروباوەڕەوە هاتووە کە هەموو نۆیەمین شەپۆلێک لە شەپۆلەکانی تر بەهێزتر و گەورەترە. **~گ.س.**

[275] **هەندێک... شەپۆل**: لە ژێر ڕۆشنایی ڕاڤەکەی دکتۆر هەنتدا دەتوانین بڵێین: وەک چۆن پرۆتێفس هەمیشە خۆی دەگۆڕێت، ئاوها کێشاو و شەپۆلەکانی دەریاکەش بەردەوام دەگۆڕێن، لە قەبەیی و گەورەییاندا لە هەندێک گەلەی فیلی دەریا دەچن، کە بەرەو کەنارەکە دێن وەک مار، بە لوولخواردوویی دەخشکێن و بەر سمە قنجەکانی پێشەوەی سەگەکە دەکەون، لوتکەی سەر شەپۆلەکان، کە ڕیزێک کەفاوی سپییە، وەک ڕیزێک پۆپنە وان و کە شەپۆلەکە دەگاتە کەنارەکە، زۆرێک لەم پۆپنانە وەک چەتر دەکرێنەوە، شەپۆل شەپۆل لە دوور و دوورترەوە دێن و نۆیەمینیان ئەوانی تر دەشکێنێت و شڵپەشڵپ دەکات **~ن.م.**

[276] **قاقلەگر**: *Cocklepicker*، واتە کەسێک کە ڕاوی قاقلە و لەپکە و ئەم جۆرە ئاژەڵانە دەکات. جۆیس خۆی وشەکەی لێکداوە، کوردییەکەم لەسەر قاڵبی *ماسیگر* لێکدا. **~ن.م.**

[277] **بەرەو... دەجووڵێ**: (بڕوانە ٢: ١٢٢). **~گ.س.**

[278] **بە ئاسمانەوە هەڵتروشکا**: دکتۆر گابڵەر ئاماژەی بە هیچ گۆڕانێک نەداوە لێرەدا، بەڵام وتاری *James Joyce's Bloom: The Mongrel Imagery* ئاماژە بەوە دەدات کە جۆیس «بە ئاسمانەوە هەڵتروشکا»ی لە بری «لە ترسدا هەڵتروشکا» داناوە. لە کوردییەکەدا گۆڕانکارییەکە لە ڕووی دەربڕینەوە دوورە، بەڵام لە ئینگلیدا تەنها یەک پیت دەگۆڕێت، بەم شێوەیە: لە ترسدا هەڵتروشکا بە ئینگلی *crouched in fright*ە، بە ئاسمانەوە، یان بە هەڵبەزینەوە هەڵتروشکا دەبێت بە *crouched in flight*. واتە لە وشەی *flight* و *fright*دا تەنها r گۆڕراوە بە l. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە دکتۆر هەنتەوە کرد، وتی: «ئەمە زۆر سەرنجڕاکێشە... کە شەق لە سەگ هەڵدەدەیت، سەگەکە هەر وا بێ جووڵە لەبەردەمتدا هەڵناتروشکێت، بەڵکو بە ئاسمانەوە شێوەیەکی هەڵتروشکانی هەیە و هەڵدەبەزێتەوە... ئەوە کە ئێستا سەرنجمت خستە سەر ئەمە، پێم وایە ئەم وشە نوێیەی جۆیس گەلێک زیرەکانەیە». بە هەرحاڵ، مەبەستەکە لەوەیە کە بە ئاسمانەوە، یان بە هەڵبەزینەوەوە وەک هەڵتروشکان لە ترسدا هەڵدەتروشکێت. **~ن.م.**

[279] **شتێکی لەوێدا... نەنکی**: (بڕوانە ٢: ٣١). **~گ.س.**

[280] **وێزێک... لاقەکردن**: بەرتۆلماوس ئەنگلیکوس {واتە بەرتۆلماوسی ئینگلی} لە پەڕتووکی *دەربارەی ئەدگاری شتان*دا، کە جۆن دی ترێڤیسا ساڵی ١٣٩٨ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلی، دەڵێت: «پڵنگ ئاژەڵێکی دڕندەیە، مێیەی وێز و شێریش لاقە دەکات» (ئەمە لە *فەرهەنگی ئینگلیی ئۆکسفۆرد*دا ئاماژەی پێ دراوە). **~گ.س.**

**وێز:** بە ئینگلی *pard*، جۆرێکی پڵنگە. **~ن.م.**

[281] **کەوتە داڵاشاندنی مردووان: داڵاش:** بە ئینگلی *Vulture* ، باڵندەیەکی گەورەیە، لە وڵاتە گەرمەکاندا دەژی، گۆشتی لاشەی مردووان دەخوات. هەر ئەو ئاژەڵەیە کە لە *قەڵای بێدەنگی*ی زەردەشتییەکاندا لاشەی مردووان دەخوات. چ لە زمانی کوردی و ئینگلیشدا، *داڵاشاندن* یان *داڵاشکاری* بوونی نییە، بەڵام جۆیس وەها بە کاری هێناوە و ناوەکەی کردووە بە کار و لە بری ئەوەی بڵێت: *وەک داڵاش دەکەوێتە لاشەی مردووان و دەیانخوات*، دەڵێت: «کەوتە داڵاشاندنی مردووان» (بڕوانە ٣: ٢٨٤). **~ن.م.**

[282] **دوای... یان نا:** ئەوەی بێداری کردووەتەوە هاینس بووە (بڕوانە ١: ٣١). **~ن.م.**

[283] **هاروونە ڕەشید:** (٧٦٣-٨٠٩) خەلیفەی بەغداد بوو، فەرمانڕەوایەکی ڕۆشنبیر و ستەمکارێکی خۆرهەڵاتی بوو، زۆربەی کاتی فەرمانڕەواییەکەی سەرکەوتوو بوو و خەڵکانی ئیمپراتۆرێتییەکەی لە گوزەرانێکی باشدا بوون. زۆر حەزی لە دەبدەبە و کەشوفش و چێژوخۆشی بووە و پاڵپشتیی دارایی فێرکاری و هونەری کردووە. بەوە بەناوبانگ بووە کە بە دزییەوە جلوبەرگ و شێوەی خۆی گۆڕیوە و چووەتە ناو خەڵکی شارەوە تا لە بارودۆخ و کێشەی خەڵکان ئاگادار بێت. زۆربەی چیرۆکەکانی *هەزار و یەک شەو أَلْفِ لَيْلَةٍ وَلَيْلَة* لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا نووسراون. **~گ.س.**

[284] **وا خەریکە دەینزیکێنم:** کە فڕانک بەدجن ئەم وشەیەی لە جۆیس پرسیوە، جۆیس وتوویەتی: «ئەوە هەمووی ئەدگاری پرۆتێفسانەی شتانە. هەموو شتێک دەگۆڕێت: زەوی، ئاو، سەگ، کاتی ڕۆژ. بەشێکی قسەکانیش دەگۆڕرێن، ئاوەڵکار دەبێت بە کار». **~س.ت.م.١**

هەر ئەم ڕوونکردنەوەیەشە کە یارمەتیمان دەدات تێبگەین بۆچی لەم ئەڵقەیەدا *سەرچەف* بووە بە *سەرچەفاندن* و *مار* بووە بە *ماراندن* و *داڵاش* بووە بە *داڵاشاندن*. چونکە ئەوانیش وەک پرۆتێفس گۆڕاون و لە ناوەوە بوون بە کار. **~ن.م.**

[285] **ئەو پیاوە... کومباری سوور:** خەونەکەی ستیفن ئەو یاسایەی عیبرییەکانی تێدایە کە دەبێت هەر کەس یەکەمین بەرهەمی هەموو بەروبوومی زەوی کە دەستی دەکەوێت، بیکاتە ناو سەبەتەیەک و بچێتە ئەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت و بیدات بە کاهین (دواوتار ٢٦: ٢-١١) نەوەکانی ئیسرائیل لەو کاتەدا کە لە چۆڵەوانی وێڵ بوون، گلەیی ئەوەیان دەکرد کە دەیانوت: «وا گیانمان وشک بووە»؛ لێکدانەوە گشتییەکە ئەوەیە کە

«ئارەزووی گۆشتیان دەکرد» و لە ناو میوەکانیشدا ئارەزووی کاڵەکیان دەکرد. (سەرژمێری ١١: ٤-٦) (بڕوانە ٤: ٨٧). **~گ.س.**

جۆیس بە ڕوونی وشەی *کاڵەک*ی بە کار هێناوە، کە بە ئینگلی پێی دەڵێن: *مێلۆن* ***melon***، لە زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕانە ئینگلییەکانی *تەورات*یشدا وشە عیبرییەکە بە *کاڵەک* وەرگێڕراوە، بەڵام دواتر چاک کراوەتەوە، چونکە وشە بنەڕەتەکە بە واتای *شووتی* دێت و لە وەرگێڕانە کوردییەکەشدا هەر بە *شووتی* وەرگێڕراوە، بڕوانە دەقی سەرچاوەی دووەم. **~ن.م.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەی یەکەمە:**

[٢]ئەوا هەرکەسێک یەکەمین بەرهەمی هەموو بەروبوومی زەوییەکە کە دەستی دەکەوێت لە خاکەکەتان کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات دەیکاتە ناو سەبەتەیەک و دەچێتە ئەو شوێنەی کە یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی ناوی لەوێ بێت. [٣]ئینجا دێتە لای ئەو کاهینەی کە لەو کاتەدایە و پێی دەڵێت: «ئەمڕۆ بە یەزدانی پەروەردگارت ڕادەگەیەنم کە من چوومە ناو ئەو خاکەی یەزدان سوێندی بۆ باوباپیرانمان خوارد کە پێمانی بدات.» [٤]جا کاهینەکەش سەبەتەکە لە دەستی وەردەگرێت و لەبەردەم قوربانگاکەی یەزدانی پەروەردگارتان دایدەنێت، [٥]ئینجا کەسەکە لە بەرامبەر یەزدانی پەروەردگارتان ڕایدەگەیەنێت و دەڵێت: «باوکم ئارامییەکی گەڕۆک بوو، چوو بۆ میسر و لەوێ ئاوارە بوو، چەند کەسێکی کەم بوون، جا لەوێ بوو بە نەتەوەیەکی مەزن و بەهێز و زۆر. [٦]ئینجا میسرییەکان خراپەیان دەرهەق کردین و ئازاریان داین و کۆیلایەتییەکی سەختیان بەسەرماندا سەپاند. [٧]ئیتر کاتێک هاوارمان بۆ یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانمان کرد، یەزدان گوێی لە دەنگمان بوو و ناخۆشی و ماندووبوونی و چەوساندنەوەی ئێمەی بینی. [٨]جا یەزدان بە دەستێکی پۆڵایین و بازوویەکی بەهێز و ترسی مەزن و نیشانە و پەرجووەوە لە میسر دەریهێناین، [٩]ئێمەی هێنایە ناو ئەم شوێنە و ئەم خاکەی پێداین، خاکێک شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. [١٠]ئێستاش ئەی یەزدان، ئەوەتا یەکەمین بەرهەمی ئەو زەوییەم هێناوە کە تۆ بە منت داوە.» ئینجا لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان دایدەنێت و لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان کڕنۆش دەبات و [١١]بە هەموو ئەو خێروبێرە

دڵخۆش دەبن کە یەزدانی پەروەردگارتان بە خۆتان و ماڵەکەتانی داوە، ئێوە و لێڤییەکان و ئەو نامۆیانەی لەنێوتاندان. (دواوتار ٢٦: ٢-١١)

**ئەمە دەقی سەرچاوەی دووەمە:**

[٤]ئەو ئاژاوەگێڕانەی لەنێویان دەژیان ئارەزووی گۆشتیان دەکرد، جا نەوەی ئیسرائیلیش گەڕانەوە و گریان و گوتیان: «کێ گۆشتمان دەرخوارد دەدات. [٥]ئەو ماسیەی لە میسر بەخۆڕایی دەمانخوارد بەبیرمان هاتەوە، لەگەڵ خەیار و شووتی و کەوەر و پیاز و سیر. [٦]ئێستاش وا گیانمان وشک بوو، هیچ شتێک نییە و هەر چاومان لەسەر ئەو مەنەیە!» (سەرژمێری ١١: ٤-٦)

[286] **میسرییە سوورەکان**: سەردەمێک وا دەزانرا کە قەرەجەکان لە بنەچەدا میسرین. لە دێڕەکانی دواتردا ستیفن زمانی قەرەجەکان بە زمانی تایبەتیی سەدەی حەڤدەوە گرێ دەدات. **~گ.س.**

لە هەندێک سەرچاوەی زمانی ئینگلیدا لە سەدەی شازدەدا وشەی «قەرەج» و «میسری» لە بری یەکتر بە کار هاتوون. هۆی ئەوەی کە وا زانراوە قەرەجەکان لە بنەچەدا میسرین، ئەوەیە کە لە زمانی ئینگلیدا ناوەکانیان زۆر لە یەک دەچێت، بە قەرەج دەڵێن: *جیپسی gypsy*، بە میسر دەڵێن: *ئیجیپت Egypt*. بۆیە وا دانراوە کە قەرەجەکان هۆزێکی دەرکراوی میسرین. بەڵام ئێستانان بە پشکنینی دی ئێن ئەی، وا دەرکەوتووە کە بنەچەی قەرەجەکانی ئەوروپا بۆ باکووری خۆرئاوای هیندستان دەگەڕێتەوە و گوایە لە سەدەی شەشەمی زاینیدا بە یەک هوروژم بۆ ئەوروپا کۆچیان کردووە. **~ن.م.**

[287] **پێ شینبووەکانی وی**: ئاماژەی *ئەو* بۆ ئەوی نێرە، واتە بۆ پیاوەکەیە. ستیفن لێرەدا تەماشای ئەو ژن و پیاوە قەرەجە قاقلەگرانە دەکات کە خەریکی کۆکردنەوەی قاقلەی ڕۆخی دەریاکەن، فڕانک دیلەینی دەڵێت لەبەر ئەوەی مانگی حوزەیرانە، لەوە ناچێت پیاوەکە لە سەرمادا قاچی شین بووبێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەسەر گژوگیای دەریاییدا ڕۆیشتووە، قاچی پەڵەی یۆدی بەرکەوتووە بۆیە شینبووەوە دیارە. **~ن.م.**

[288] **شەللاتییەکە و دۆتە دەرۆزەکەرەکەی**: **دۆت** لە زمانی کوردیدا هاوناوی کچ یان ژنە، هەندێک لە زارەکان دەڵێن: *دوێتە*، لێرەدا مەبەست لە ژنەکەیە، کە بە پێناسەکەی گیفرددا بۆمان دەردەکەوێت کە لەوە ناچێت ژنی پیاوەکە بێت. *دەرۆزەکەر* واتە *سواڵکەر، گەدا* یان *پارسەکی*. لە ئینگلیبیەکەشدا دوو وشەی هاوشێوە ناباون کە دەڵێت: *strolling mort*. دۆتەی دەرۆزەکەر، کە ژنێکی قەرەجە، مەبەست لێی کەسێکە کە بۆ پارەپەیداکردن ئەم

شار و ئەو شار و ئەم دێ و ئەو دێ دەکات. ڕیچارد هێد، کە نووسەرێکی ئایری سەدەی حەڤدە بووە، پەڕتووکێکی نووسیوە بە ناوی *ئەکادیمیای زمانی تایبەتیی فێڵبازان* *The Canting Academy* یان *ئەکادیمیای زمانی تایبەتیی دزان*، بەم شێوەیە پێناسەی *دۆتەی دەرۆزەکەری* کردووە: «ژنێکی گەڕیدەیە، وەک ژنێکی قەرەج. وا خۆی پیشان دەدات کە بێوەژنە، بەن و پەڕۆی سواڵکەر لە {سەری} خۆی دەبەستێت، لەم کاونتییەوە بۆ ئەو کاونتی {پارێزگا بۆ پارێزگا} دەچێت، چوختی و فێڵزانە، دڵڕەقە، دەستپیسە {دزە}، دووڕوو و دووزمانە، ئەم جۆرە ژنانە زۆر ترسناکن بیانناسی، بە تایبەت ئەگەر یەکێکی بێئابرووی لە چەشنی خۆیانی لێوە نزیک بێت». گیفرد دەڵێت کە: «ئەم ژنە {واتە دۆتەی دەرۆزەکەر} ژنێکی ئازادە و لە ناو قەرەجەکاندا بە ئازادی دەهێڵرێتەوە»، واتە ژنی کەس نییە و لەگەڵ هەمووان‌دا دەنوێت و کار دەکات. لەسەر ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت: «بە هەنگاوی ژن کەوتە دوای»، فرانک دیلەینی دەڵێت کە ئەمە وا دیارە وەک خێزانە دواکەوتوو و نایەکسانەکانن کە ژن سێ هەنگاو لە پشت پیاوەکەوە دەڕوات. ڕێکەوتێکی سەیرە، کە ئەمە لە ناو هەندێک لە خێزانە عەشایرەکانی کورد و عەرەبیشدا هەیە، کە ژن بە دوای پیاودا دەڕوات و بە تەنیشتیەوە نییە. پاشان کە دەڵێت: «شەللاتییەکە و دۆتە دەرۆزەکەرەکەی» شەللاتییەکە پیاوەکەیە، کە ژنی خۆی، یان هاوژینەکەی خۆی بۆ بەرهەڵدایی و دزی و دەستپیسی دەنێرێتە هەموو شوێنێک، لە ڕاستیدا دەشێت پیاوەکە مێردی ژنەکەش نەبێت و کەس نەزانێت پەیوەندیی نێوان ئەمانە چۆنە، بەڵام هەر چۆنێک بێت پیاوەکە لە ژنەکە دەسەڵاتدارترە. **~ن.م.**

[289] **تاڵانییەکان**: مەبەست لە توورەکەی دەسکەوتەکەی کەنار دەریاکەیە کە کۆیان کردنەوە و بە شانی ژنەکەوەیە. **~ن.م.**

[290] **لەپکەزیخ**: لە دەقە بنەڕەتەکەشدا هەر وشەیەکە کە جۆیس خۆی لێکیداوە لە *لەپکە*، بە واتای ئەو جۆرە ئاژەڵە دەریاییانەی لە قاوغدا دەژین، کە *قاپێل* یان *کاپۆل*یشیان پێ دەڵێن، لەگەڵ زیخ کە مەبەست لێی بەردی زۆر وردە. دەشێت مەبەستی جۆیس لەپکەی زۆر ورد بێت کە بە قاچی ژنەکەوە نووساون. **~ن.م.**

[291] **ڕۆمڤیل**: بە ئینگلی *Romeville*، ڕۆمڤیل واتە لەندەن، لە *ڕۆم* و *ڤیل* پێکهاتووە، *ڤیل* بە واتای *شار*، *ڕۆم*، یان *ڕەم* *rum* بە واتای *باشترین* دێت، بەم شێوەیە *ڕۆمڤیل* واتە *باشترین شار* (بڕوانە ٣: ٢٩٨). **~گ.س.**

«هاوده‌مه‌كه‌» ژنه‌كه‌یه‌ و هاوده‌می پیاوه‌كه‌یه‌، پیاوه‌كه‌ ئاغاكه‌یه‌تی و له‌ پێشیه‌وه‌ ده‌ڕوات. **~ن.م.**

[292] **چوخم**: به‌ ئینگلی *archway*، له‌ *فه‌رهه‌نگی خاڵ*ه‌وه‌: «تاقێكی گه‌وره‌یه‌ كه‌ به‌سه‌ر كۆڵانێكدا هاتبێته‌وه‌ و سه‌ره‌كه‌ی كرابێ به‌ ژوور» له‌ شاری سلێمانیدا چه‌ند چوخمێك هه‌بوون، بۆ نموونه‌ یه‌كێك له‌ سابوونكه‌ران، كه‌ ماوه‌یه‌ك ماڵی نه‌نكی خۆم له‌و گه‌ڕه‌كه‌دا بوون، یه‌كێكیش له‌ سه‌رشه‌قام هه‌بووه‌ و ئێستا نه‌ماون، به‌ پێناسه‌ی سه‌رده‌می ئێستا چوخم زیاده‌ڕه‌وییه‌. دكتۆر هه‌نت ده‌ڵێت كه‌ له‌ ده‌بلنیش چه‌ندین چوخم هه‌بوون و چه‌ند جارێك له‌م ڕۆمانه‌دا باس له‌ چوخم ده‌كات و هه‌میشه‌ چوخمه‌كان ناویان نییه‌ و له‌گه‌ڵیشیدا باس له‌ پیسایی ده‌كات، وه‌ك ئێستا، كه‌ ژنه‌كه‌ به‌ شه‌و له‌ ژێر چوخمێكدا ده‌وه‌ستێت و بۆ جووتبوون بانگی پیاوان ده‌كات له‌ كاتێكدا مێرده‌كه‌ی، یان «پیاوه‌ مه‌ئه‌رسه‌كه‌ی» له‌ مه‌یخانه‌یه‌كی نایاسایی خه‌ریكی ڕێكخستنی دوو ئه‌فسه‌ره‌، ڕێكخستنه‌كه‌ ده‌شێت میوانداری بێت، واته‌ یه‌كی بیره‌یه‌كیان بۆ بكڕێت. سه‌گ له‌ ژێر چوخمه‌كه‌ له‌ ناو قوڕاودا گه‌وزاوه‌. **~ن.م.**

[293] **پیاوه‌ مه‌ئه‌رسه‌كه‌ی**: *مه‌ئه‌رس*، له‌ *هه‌نبانه‌بۆرینه‌*وه‌ هێناومه‌، هاوواتای *گه‌وادە*، وه‌ك له‌ *فه‌رهه‌نگی خاڵ*دا به‌م شێوه‌یه‌ پێناسه‌ كراوه‌: «كه‌سێكه‌ كه‌ ژن بۆ ئه‌م و ئه‌و تاو بكا». به‌ڵام له‌م په‌ره‌گرافه‌دا جۆیس زمانی قه‌ره‌جه‌كانی ده‌بلن به‌ كار ده‌هێنێت و زاراوه‌كانی له‌ زاراوه‌ی ئاسایی جیاوازن، بۆیه‌ له‌ وه‌رگێڕانه‌كه‌شدا هه‌وڵم دا هه‌مان كار بكه‌م، خۆم تا ئێستا *مه‌ئه‌رس*م له‌ زمانی كوردیدا له‌ ڕسته‌دا نه‌بینیوه‌ و بۆی گه‌ڕاوم، به‌ڵام با له‌ بری *fancyman*ی ئینگلی بێت كه‌ به‌ ڕاڤه‌ی گیفرد ئاوها پێناسه‌ی كردووه‌: «{١.} پیاوێكه‌ كه‌ وه‌ك دڵخواز ئاره‌زوو ده‌كرێت {نه‌ك وه‌ك مێرد یان خۆشه‌ویست، به‌ڵكو ته‌نها بۆ جووتبوون ئاره‌زوو ده‌كرێت}؛ یان {٢.} پیاوێكه‌ كه‌ به‌ پاره‌ی قه‌حبه‌ ده‌ژی.» كه‌ بێگومان ئه‌و واتایه‌ی له‌م په‌ره‌گرافه‌دا به‌ كار هاتووه‌، واتاكه‌ی دووه‌مه‌. ڕیچارد هێد له‌ په‌ڕتووكه‌كه‌یدا پێناسه‌ی ئه‌مه‌شی كردووه‌ كه‌ ژنی قه‌ره‌ج ئه‌ركی په‌یداكردنی داهاتی ماڵی له‌سه‌ر شانه‌ و پیاوه‌كان به‌مه‌ ده‌ژین. **~ن.م.**

[294] **ئۆله‌كلینس له‌ بلاكپیتس**: ئه‌م جێیه‌ مه‌یخانه‌یه‌كی نایاساییه‌، واته‌ ئه‌وه‌ی كه‌ مۆڵه‌تی كاری نییه‌. له‌ گه‌ڕه‌كی بلاكپیتسه‌، كه‌ شه‌قامێكه‌ له‌ باشووری ناوه‌ڕاستی ده‌بلن (له‌ ناوچه‌ی لیبێرتیس) (بڕوانه‌ ٣: ٣١). **~گ.س.**

[295] **ماخێو:** *shefiend*، مێیەی خێو، خێو بە واتای شتێکی وەک *جنۆکە* یان *شەیتان*. جۆیس بە هەمان تەکنیک وشە مێینەکەی لێکداوە و لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا نییە. **~ن.م.**

[296] **کۆڵانی فومبالی:** کۆڵانی فومبالی هەر لە ناوچەی لیبێرتیسە. **~گ.س.**

[297] **مەیدانی کەوڵبازەکان:** {واتە ئەو جێیەی پێی دەڵێن هەڵاڵخانە، یان *دەباخانە* یان *دەباخخانە*} کێلی، دون و هاوبەشەکانی، کەوڵباز، کەوڵفرۆش و بازرگانی خوری، ٢٦-٢٧ نیو ڕۆ ساوث، نزیک سووچی کۆڵانی فومبالی. **~گ.س.**

[298] **دەستی سپی... جووت دەبین:** دووەم کۆپلەی هۆنراوەیەکە بە ناونیشانی: *شادیی شەللاتییەکە لە پیاهەڵدانی دۆتە دەرۆزەکەرەکەیدا* کە ڕیچارد هێد لە پەڕتووکی *ئەکادیمیای زمانی تایبەتیی فێڵبازان The Canting Academy*دا تۆماری کردووە کە هی دز و فێڵباز و خەڵکانی چینی ژێرەوەی بەریتانیای سەدەی شازدە و حەڤدەیە.

ئەی قەحبەکەم، چاوانت دەبریسکێنەوە
لە ئاگر گەشاوەترن
کچێ نییە ڕانەکانی وەک ڕانی تۆ ئاوریشمین بێ
پیاوێ نییە ڕانی وەک ڕانی تۆی گابێ
دەستی سپی و دەمی سوور و
لەشی خۆشت.
وەرە لامەوە و پاڵکەوە
لە تاریکیی نیوەشەودا یەک ماچ دەکەین و جووت دەبین.

لە کۆپلەی حەوتەمدا دەڵێت:

پاشان بەرەو ڕۆمڤیل دەچین
ئەی قەحبە گانخۆشەکەی خۆم
ماڵێک دەدزین، جا دیسانەوە گان دەکەین
خۆمان لە قەنارە و کوشتن دەرباز دەکەین، ئاوەها بە خۆشی دەژین. **~گ.س.**

[299] **ورگبەرمیل:** چونکە گوایە سانت تۆماسی ئەکوینۆیی ئەوەندە قەڵەو بووە و ورگی زل بووە کە ناچار بوون مێزی تایبەتی خۆی بۆ دروست بکەن کە پێشەکەی بە قۆقزی بڕراوە تا ورگی نەبێتە ڕێگر بۆ نووسین. بۆ *تۆماسی ئەکوینۆیی* (بڕوانە ١: ١٧٠). **~گ.س.**

[300] **ڕاburاردنی بەدبەختانە:** ئەو تاوانەیە کە لێبگەڕێیت مێشک بە بیری خراپەکارییەوە خەریک بێت. بڕوانە پەڕتووکی *سوما تیۆلۆگیکا Summa Theologica*-ی سانت تۆماسی

ئەکوینۆیی، بەشی یەکەمی بەشی دووەم، لێکۆڵینەوەی ٣١، وتاری ٢ لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ٧٤، وتاری ٦. **~گ.س.**

301 **فڕاتێ پۆرکۆسپینۆ**: بە ئیتالی *frate porcospino*: واتە برای ژیشک، مەبەست لێی تۆماسی ئەکوینۆییە لەبەر ئەوەی ئاڕگومێنت و خستنەڕووەکانی دڕکاوی و بەهێزن و نابەزێنرێن. **~گ.س.**

302 **ئادەمی... هەڵنەدەستا**: {کەوتنی ئادەم ئەوەیە کە لە *تەورات*دا باس دەکرێت، دوای ئەوەی ئادەم و حەوا لە درەختە قەدەغەکە دەخۆن، کە دەڵێت: «ئادەمی نەکەوتوو»، واتە پێش ئەوەی لە درەختە قەدەغەکە بخۆن.} بە پێی نەریتی باو، پێش ئەوەی ئادەم بکەوێت جووتبوونی سێکسی هەبوو، بەڵام ئارەزوو و حەز نەبووە. **~گ.س.**

303 **شەبقە هاملێتییەکەم**: (بڕوانە ٣: ٣٦٩). **~گ.س.**

**لاتیر**: بە ئینگلی *Side eye*، تەماشاکردنێکە بە لا، یان گۆشەی چاو، دەشێت بۆ مۆڕبوونەوە یان قێزلێهاتنەوە بێت. دکتۆر هەنت دەڵێت کە وا قەرەجەکان دەڕۆن، ڕەنگە یەکێکیان بە لای چاو تەماشای شەبقە هاملێتییەکەی ستیفن بکات. **~ن.م.**

304 **بەرەو... بە دوایەوەیە**: ئەم چەند دێڕە هەوڵێکی هۆنراوەیی خۆوێژییە {**خۆوێژی** (اِرْتِجَالِ): دەقێک کە بێ نووسین و هەر لەبەرخۆوە هۆنەرەکە بیبێژێت} لەسەر دوو بابەت، یەکێکیان دەستەواژەی کۆتایی درامای هۆنراوەیی *هێلاس*ە لە نووسینی پێرسی بیش شێلی (١٧٩٢-١٨٢٢) کە ساڵی ١٨٢١ نووسیویەتی، ئەوی تریان بەشی سێیەمی پەڕتووکی *پەیدابوونی تەورات*ە دوای کەوتنی ئادەم. شێلی لە دراماکەیدا «هاوسۆزییەکی بەتین»ی خۆی دەردەبڕێت بۆ دۆزی سەربەخۆبوونی گریکییەکان و ئەو بەڵێنانەی جەنگی سەربەخۆیی گریکییەکان دەیبەخشین، ئەم جەنگە لە ئاداری ساڵی ١٨٢١دا دەستی پێ کرد و شێلی گزنگی سەردەمێکی زێڕینی نوێی لێ چاوەڕوان دەکرد (ئەگەرچی جەنگەکە دە ساڵ دوای مردنی شێلی بەوە کۆتایی هات کە ئازادییەکی تەمومژاوییی بۆ گریکییەکان دەستەبەر کرد) دێڕی ١٠٢٣ تا ١٠٤٩ی دراماکەی شێلی (کە خۆی ١١٠١ دێڕە)، دەڵێت:

**نیوەی یەکەمی کۆرس:**

لە خۆرهەڵات تاریکایی گزنگی دا
لە ڕۆژی ڕووناکی کاتدا
باڵندەی مەرگ بۆ سەر خوانیان نەوینەوە

له داخی ناوچەی برسێتی
با ئیتر ئاشتی و ئازادی دوور دوور بفڕن
بۆ کەنارێکی ڕۆشنتر
با بە شوێن ڕێی ئەستێرەی گەشی ئەویندا هەردووک بڕۆن
بەرەو زەمینی ئێوارە.

دواهەمین گۆرانیی کۆرسی دراماکەی شێلی بە بۆنەی «ساڵانی زێڕین»ەوە ئاهەنگ دەگێڕێت کە لەگەڵ ئازادیی گریکدا دەگەڕێتەوە، «ئولیسێکی نوێ سەرلەنوێ کالیپسۆ بۆ ڕۆخەکەی خۆی بە جێ دەهێڵێت». کە دەڵێت: «شمشێری گڕداری خۆر» ئاماژەیە بە ڕووداوی دوای کەوتنی ئادەم کە لە باخچەی عەدەن دەردەکرێت، «بۆ پاسەوانی ڕێگای درەختی ژیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەن کەڕوبەکانی دانا، لەگەڵ شمشێری گڕدار کە بە هەموو لایەکدا دەسووڕایەوە.» {*کەڕوبەکان* بە واتای *فریشتەکان* هاتووە، بڕوانە (پەیدابوون ٣: ٢٤) و پەراوێزەکەی}. **~گ.س.**
دکتۆر هەنت دەڵێت: «بەرەو خۆرئاوا»، مەبەست ئەوەیە لە تورکیای ئەمڕۆوە بەرەو گریک دەڕۆن کە هیوا لای گریکییەکانە وەک لەوەی لای عوسمانییەکان بێت. واتە لێرەدا شمشێری گڕداری کەڕوبەکان کراوە بە هی خۆر، مەبەست لە خۆر ئەوەیە کە لە خۆرئاوا، کە هێمایە بۆ گریک، هەڵدێت و لە خۆرهەڵات، کە هێمایە بە خەلافەتی عوسمانی و تورکیا، ئاوا دەبێت. **~ن.م.**

[305] **وێ بارەکەی... تراسکین دەکات:** {واتە ژنەکە وا دەکات} هەموو ئەم کارانە هاوناوی یەکترن، یەکەم جار ئینگلییە {ئەمەیان بە «بە کێش دەکات» بۆ کوردی وەرمگێڕاوە} و بنەچەکەی هی ئینگلی-ساکسۆنەکانە، دووەم جار **شلێپ** ئەڵمانییە {بە ئەڵمانی ***schlepp*** واتە *ڕادەکێشێت*}، سێیەم جار **تغۆن**، فەرەنسییە {بە فەرەنسی *train*: واتە *ڕادەکێشێت*}، چوارەم جار ئینگلییە کە بنەچەکەی لاتینییە {ئەمەیان بۆ کوردی بە *ڕادەکێشێت* وەرگێڕراوە}، پێنجەم جار **تراسکین** ئیتالییە، {بە ئیتالی *trascine*: واتە *ڕادەکێشێت*}. **~گ.س.**

[306] **ئۆینەپا پۆنتۆن**: واتە «لەسەر دەریای ڕەنگشەرابی» (بڕوانە ١: ٣٦). **~گ.س.**

[307] **تەماشای... مانگ بکە**: لە نزای *ئەنگێلوس*ەوە وەرگێڕراوە (کە نزایەکی هەژارانە و کاتژمێر ٦ی ڕێکی بەیانی و ٦ی ڕێکی ئێوارە دەخوێنرێت) «ئەوەتا من کارەکەری یەزدانم. ئەوەی تۆ دەیفەرموویت با بێتە دی.» (لۆقا ١: ٣٨). دەریاکە (ئەوەی مەڵیگن لە ئەڵقەی

یەکەمدا پێی وت: «دایکی مەزن»مان)، بێگومان «کارەکەری مانگ»ە، هەر وەک مریەم خۆی کە ئەستێرەی دەریایە *Stella Maris*. **~گ.س.**

لە بەشی یەکەمی *مزگێنی بە پێی نووسینی لۆقا*دا فریشتەیەک دێت و مژدەی لەدایکبوونی عیسا بە مریەم دەدات، مریەم دەپرسێت: «ئەمە چۆن دەبێت؟» فریشتەکە پێی دەڵێت: «گیانی پیرۆز دێتە سەرت»، مریەمیش لە وەڵامدا ئەو دێڕەی پێ دەڵێت کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە و دەڵێت: «من کارەکەری یەزدانم.» هەروەها کە ئاماژەی ئەوە دەدات کە مریەم ئەستێرەی دەریایە، ئەمە دەمێکە لە ناو مەسیحییەکاندا وەها بە مریەم دەوترێت کە «خانمەکەمان، ئەستێرەی دەریا»یە، ئەویش لە دەربڕینێکی سانت جێرۆمەوە (کە ساڵی ٤٢٠ مردووە) هاتووە و دواتر پاپا پایۆسی دوازدەیەم ناوەکەی گشتاندووە کە «خانمەکەمان، ئەستێرەی دەریایە». «خانمەکەمان» واتە مریەم خۆی، کە بە *نۆتردام* و *مادۆنا*ش هاتووە، *نۆتردام* فەڕەنسییە، *نۆتر* واتە هی ئێمە، *دام* واتە خانم، ئاوهاش *نۆتردام* واتە خانمەکەمان، *مادۆنا*ش ئیتالییە، *ما* واتە هی ئێمە، *دۆنا* واتە خانم. بۆچوونێکی تر هەیە کە پێی وایە «مریەم، ئەستێرەی دەریا» لە هەڵەیەکی زمانناسی و ڕێنووسەوە هاتووە، بەم شێوەیە: مریەم بە لاتینی *ماریا Maria*یە، لە لاتینیدا بە هی *دەریا* دەوترێت: *ماریس Maris*. *ستێلا Stella*، واتە ئەستێرە. کەواتە *ستێلا ماریس Stella Maris* دەبێت بە ئەستێرەی دەریا. بەڵام دەشێت لە بنەڕەتدا مەبەست لە «ئەستێرە مریەم» بووبێت، نەک «ئەستێرەی دەریا». **~ن.م.**

[308] **لاتیرێک... هەڵبستێت**: لەم پەرەگرافەدا ناڕوونییەک هەیە، کە دکتۆر هەنتیش ددانی پێدا دەنێت. کە لە دەقە بنەڕەتەکەدا دەڵێت: «وێ بارەکەی بە کێش دەکات، *شلێپ* دەکات، *تغۆن* دەکات، ڕادەکێشێت، *تراسکین* دەکات». کە دەڵێت: «کێشاوێکی بەمانگڕاکێشراو بە شوێنەوارەکەیدا بەرەو خۆرئاوا دەچێت»، لەوێشدا کێشاوەکە بە شوێن *وێ*دا دەچێت. کە دەڵێت: «لە ناو ئەودا»، دیسان هەر *وێ*یە، کە دەشڵێت: «فەرمانی پێ دەدات هەڵبستێت»، ئەوەی فەرمانەکە دەدات «هێما تەڕەکە»یە، ئەوەی فەرمانی پێ دەدرێت هەڵبستێت *وێ*یە. لە هەموو ئەم نموونانەدا زۆر ڕوون نییە کە *وێ* کێیە. دەشێت حەوا بێت، وەک گیفرد و سایدمان ئاماژەی پێ دەدەن، دەشێت ژنە قەرەجەکە بێت کە وا ستیفن دەمێکە تەماشای دەکات و لێی ڕاماوە، دکتۆر هەنتیش پێی وایە کە لەوانەیە وێ بێت، یان دەشێت دایکی ستیفن بێت، چون لە کۆتایی پەرەگرافەکەدا ستیفن باسەکە

دەهێنێتەوە بۆ مەرگی دایکی. جگە لەمەش، ئەگەر زانیشمان کێیە، هێشتا ئەوە هەر ڕوون نییە کە چۆن کێشاوەکە دوای دەکەوێت و خۆیشی لە هەمان کاتدا کێشاوێکی تێدایە؟
**هێما تەڕەکە:** مەبەست لێی «ستێرە تەڕەکە»یە، واتە مانگ. لە *هاملێت*دا (١: ١، ١١٨) هۆرەیشۆ وا بە مانگ دەڵێت. **~ن.م.**
309 **ئۆمنیس کارۆ ئاد تێ ڤێنییێت:** بە لاتینی *Omnis caro ad te veniet* واتە *هەموو گۆشتێک بۆ لای تۆ دێتەوە* لە وەرگێڕانی ڤوڵگاتی لاتینیی *کتێبی پیرۆز*ەوە هێنراوە. {وەرگێڕانە کوردییەکە بەم شێوەیەیە}: «ئەی خودایە، ستایشکردن لە سییۆن شایانی تۆیە، نەزرەکانمان بۆ تۆ بەجێدەهێنین. ئەی ئەوەی گوێت لە نوێژ دەبێت، هەموو کەس بۆ لای تۆ دێت.» {لە لاتینییەکەی ڤوڵگاتدا دەڵێت: «هەموو گۆشتێک بۆ لای تۆ دەگەڕێتەوە»، *گۆشت* بە هاوناوی *زیندەوەر* بە کار هێنراوە} ئەم دێڕانە بەشێکن لە *نزای چوونەژوورەوە* (گۆرانیی چوونەژوورەوە) لە سرووتی ماسی شیوەن، یان ناشتندا. **~گ.س.**
310 **خوێنمژێکی ڕەنگپەڕیو... دەبات:** ئەم هۆنراوەیەی ستیفن لە بنەچەدا هۆنراوەیەکە بە ناونیشانی *پەژارەکەم لەسەر دەریا* کە دۆگلاس هاید (١٨٦٠-١٩٤٩) لەگەڵ هۆنراوەی تردا کۆی کردووەتەوە و لە زمانی ئایرییەوە بۆ زمانی ئینگلی وەریگێڕاوە و لە لاپەڕە ٣١ی پەڕتووکی *گۆرانییە دڵدارییەکانی کۆنەخت*دا بڵاوی کردووەتەوە (دەبلن، ١٨٩٥). بەڵام ستیفن کەمێک هۆنراوەکەی تێکەڵی شێوازی *ئەکادیمیای زمانی تایبەتیی فێڵبازان* کردووە، لە هۆنراوەکەی هایددا دەڵێت:

دڵدارەکەم لە دوامەوە
لە لای باشوورەوە هات و
سنگی خستە باوەشمەوە و
دەمیشی خستە دەممەوە.

**شەمشە** {واتە *شەمشەمە* یان *شەمشەمەکوێرە*، کە وشەی «شەمشەیی» لەسەر بونیاد نراوە} لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هێمای جادووی ڕەش و تاریکی و بەرچاوتەنگی و نوقڵانەی مەترسی و ئێش و ژان بووە. لە چاندی فینی و ئوگرییەکاندا شەمشەمەکوێرە یەکێکە لەو شێوانەی کە گیان دەچێتە شێوەکەیەوە ئەو کاتەی لە کاتی نووستندا لە لەش دەردەچێت. لە کیمیاگەریشدا {کیمیای دێرین، نەک نوێ}، شەمشەمەکوێرە ئەژدیهایە، کە ئەویش دوژمنی بنچینەیی و بەرایییە. **~گ.س.**

**خوێنمژ**، واتە ئەوەی بە ئینگلی پێی دەڵێن *ڤامپایەر vampire*، گوایە بوونەوەرێکە و بە خوێن دەژی. **بایەوان** ئەو چارۆکە قوماشەیە کە کەشتی و بەلەمی بایی هەڵیدەکەن، گوایە ئەم خوێنمژانە باڵیان وەک هی شەمشە وایە و وەک بەلەمیش بایەوانی هەیە، وەک باڵی باتمان. لەم دێڕەدا کە دەڵێت: «دەم بۆ ماچی دەمی دەبات» ئەگەری زۆری هەیە *وێ* ئاماژە بێت بە دایکی ستیفن، چون خوێنمژەکە وەک مردن کەسێنراوە، خوێنی هەر کەس بمژێت دەیکوژێت، لە دێڕی پێشووتریشدا کە دەڵێت: «پێخەفی مردن، بە سەهویرەمۆم ڕازێنراوەتەوە» ڕاستەوڕاست ئاماژەیە بەوەی لە ئەڵقەی یەکەمدا بیری لێ دەکردەوە کە دایکی لەسەر پێخەفی مردن ڕاکشابوو (بڕوانە ١: ١٠٠). هەروەها بەوەی کە لەم ئەڵقەیەدا هەموو شت دەگۆڕێت، هەر لە ئەڵقەی یەکەمەوە ڕەنگرێژیی ئەوە کرا کە دەریاکە دایکە مەزنەکەمانە، لە ڕاڤەی پێشووترەوە زانیمان کە دەریاکە لە هەمان کاتیشدا «کارەکەرەکەی مانگە» کە هەر مێینەیە، ئێستاش خوێنمژەکە دێت و دەم بۆ ماچی دەمی دەبات. دکتۆر هەنت لەسەر ئەو «دەم بۆ ماچی دەم»ە، دەڵێت کە لە ڕۆمانی *دراکولا*ی برام ستۆکەردا (١٨٤٧-١٩١٢) (بەریتانیا، ١٨٩٧)، کەسێتیی دراکولا چەند جارێک لە ئاسمانی شەودا وەک شەمشەیەکی گەورە دەردەکەوێت کە لەسەر چێوی پەنجەرەی ماڵێک دەنیشێتەوە کە مینا مورەی و لوسی وێستنرا لێی دەژین. ڕۆمانەکە بایەخ بە چاوە سوورەکانی دراکولا دەدات و خۆی و قوربانییە مێینەکانی بە گازە خوێناوییەکانی دراکولا دەڵێن: «ماچ». ستیفن دواتر لە ئەڵقەی حەوتەمدا ئەم هۆنراوەیە پاکنووس دەکات (بڕوانە ٧: ٢١٣). هەروەها سەبارەت بە هۆنراوەکەی هاید کە لە سەرەوە وەرمگێڕاوە، کە دەڵێت: «لە لای باشوورەوە هات»، ئەمە هیچ واتایەکی نییە، لە دەقە بنەڕەتە ئایرییەکەدا کە هاید وەریگێڕاوە بۆ ئینگلی ئەم وشەیەی تێدا نییە، بەڵکو هاید لە وەرگێڕانەکەدا تەنها لەبەر سەرواکانیان دایناون، چونکە باشوور بە ئینگلی پێی دەڵێن: *ساوث south*، دەم بە ئینگلی پێی دەڵێن: *ماوث mouth*. دواتر ستیفن لە ئەڵقەی حەوتەمدا بیر لەمە دەکاتەوە. ئەم هۆنراوەیە ژنێک دەیڵێت بەسەر مێردە خۆشەویستەکەیدا کە لەوانەیە لە کەشتییەکدا بەرەو ئەمەریکا مردبێت، ئێستا بۆ جارێکی نوێ مێردەکەی لە مردنەوە دێت و لە دواوە باوەشی پێدا دەکات و ماچی دەکات. **~ن.م.**

[311] **دەرزییەک... باش**: ئەم دەربڕینە لە دەقە ماکەکەدا ڕوون نییە، دەڵێت:

Put a pin in that chap, will you?

به واتای وشه بێت واته *دەرزییەک بکە بەو کابرایەدا، باش؟* لە دکتۆر هەنت و پرۆفیسۆر سام سلەوتیشم پرسی: «ئەمە واتای چییە؟ ئایا ڕێک بە واتای ئەو وشانە دێت کە مەبەستیەتی؟ یان واتایەکی میتافۆریی هەیە؟ هەروەها "کابرا" کێیە؟» دکتۆر هەنت وتی: « بە ڕاستی هیچ وەڵامێکم لە بارەی ئەمەیانەوە نییە. وا وێنا دەکەم کە دەربڕینێکی ئایری یان ئینگلی بێت. دەبێت بە دوایدا بگەڕێم. ئەگەر هەر شتێکم دۆزییەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم، یان لەوانەیە ڕاڤەیەکی لەسەر بنووسم.» دوای ماوەیەکی تر وەڵامی دامەوە کە هیچ شتێکی بەسوودی لەسەر ئەم دەربڕینە نەدۆزیوەتەوە. پرۆفیسۆر سام سلەوت وتی: «ئەمە زۆر ڕوون نییە. دەربڕینێکی خۆمانەیی هەیە کە دەڵێت "دەرزییەکی پێدا بکە"، کە بە واتای *بوەستە* دێت {وەک *بیبڕەوە*ی کوردی}. بۆیە دەڵێم کە ستیفن لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەڵێت *بوەستە* (بە خۆیشی دەڵێت *کابرا*)؛ ئەگەر لە نێوان ئەوە و *کابرا*کەدا هەڵاوێرێک هەبێت، ئەوا وا دەگەیەنێت». دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا بە «وێنەی ئەو پیاوە بگرە» وەریگێڕاوە. **~ن.م.**

[312] **تەتەڵەکانم**: {تەتەڵە یان تابلۆ، لێرەدا بە واتای پارچە تەختەیەک دێت کە شتی لەسەر دەنووسرێت، یان وەک چۆن لە کۆندا *تەتەڵە* شتی لەسەر نووسراوە. لە نەوەدەکاندا وشەی تاتەقوڕ-یش بە کار دەهات بۆ ئەم جۆرە خشتە دێرینانە} لە شانۆنامەی *هاملێت*دا هاملێت کەمێک بە کاریگەریی دەروونیی سەهویرەکە و پەیامەکەی سەهویرەکە شپرزە دەبێت و دەیەوێت لە دەفتەری یادگارییەکانیدا پەندێک لەسەر مامە تاوانکارەکەی بنووسێت، دەڵێت:

تەتەڵەکانم! شیاوە لەسەریان بنووسم

کە دەشێت کەسێک بزەش بکات و بزەش بکات و بەدکاریش بێت.

(هاملێت ١: ٥، ١٠٧ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). کاتێک دەڵێت: «تەتەڵەکانم» بە واتای *کوا دەفتەری تێبینییەکانم؟ با ئەمەی لەسەر بنووسمەوە* دێت. **~ن.م./گ.س.**

[313] **دەم... گشتلەمنداڵدانگر**: لێرەدا دەشێت ستیفن بە دوای وشەی سەروادارردا بگەڕێت بۆ هۆنراوەکەی، ئەمە چۆنێتیی خوێندنەوەی دەقە بنەڕەتەکەیە: «*ماوث تو هێر وۆمب، ئومب، ئۆڵوۆمبینگ تۆمب*» وەک سەرنج دەدرێت، هەر چوار وشەکانی: «وۆمب، ئومب، ئۆڵوۆمبینگ تۆمب» دەنگی هاوبەشیان تێدایە. ئەمە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت. لە چاپەکانی سەرەتای *ئولیس*دا ڕستەی یەکەم نووسراوە: *mouth to her womb*، واتە دەم

بۆ *منداڵدانی* مەبەست لە منداڵدانی ژنێکە. بەڵام کە پرۆفیسۆر دکتۆر گابڵەر ئەم دەقەی چاک کردووەتەوە، لە بری *womb* نووسیویەتی *moomb*، کە لە ڕاستیدا وشە نییە، بەڵکو دەشێت موومب دەنگی ماچێکی هێواش بێت. بێگومان ستیفن لێرەدا لێوی گرژ کردووە و ماچی لێویێک دەکات لە هەوادا، بۆیە دەشێت وا بێت. بەڵام ئەوەی سەیرە دکتۆر گابڵەر ئاماژەی بە هیچ وشەیەکی *womb* نەداوە کە لە پێشتردا هەبووبێت. ئەگەر ئەوەی دکتۆر گابڵەر ڕاستەکە بێت، ئەوا ڕستەی یەکەم بە کوردی دەبێت بە: «دەم بۆ موومب ی». *ئومب* هیچ واتایەکی نییە، تەنها ئەوەیە لەگەڵ *وۆمب*دا هاوکێشە و لە دەنگی لێو گرژکردن دەچێت؛ «گۆڕی گشتلەمنداڵدانگر» واتە گۆڕێک کە هەمووان لە منداڵدانی خۆیدا هەڵدەگرێت، واتە کە تۆ دەمریت، دەچیتە منداڵدانی مردنەوە. ئەگەرچی واتایەکی سەیری هەیە، بەڵام لەگەڵ دوو دەربڕینەکەی پێش خۆیدا هاوکێشە. نە گیفرد و نە دکتۆر هەنتیش ڕاڤەی ئەم ڕستەیەیان نەکردووە. **~ن.م.**

[314] **تاریکییەک... دەدرەوشێتەوە**: (یۆحەنا ١: ٥) (بڕوانە ٢: ٤٥). **~گ.س.**

[315] **دەلتای کاسیۆپیا**: دەلتا ئەستێرەیەکی تا ڕادەیەک نادیاری ناو کەلووی کاسیۆپیایە {کەلوو: کۆئەستێرە} (بە پلەی ڕۆشنیی سێ) {کاسیۆپیا} کۆئەستێرەیەکە لە ئاسمانی نیوەگۆی باکووری زەوییەوە لە شێوەی پیتی Wی لاتینیدا دەردەکەوێت، ئەستێرەی دەلتا لەم کۆئەستێرەیەدا ئەستێرەکەی خوارەوەیە بە دەستە چەپی Wەکەدا. **~گ.س.**

بە گشتی ناوی ئەستێرەکانی کۆئەستێرەیەک بە پیتی گریکی ناو دەبرێن، *دەلتا* لە ئەلفوبێی گریکیدا چوارەم پیتە و ئەلفوبێکە بەم شێوەیەیە: ئەلفا، ڤیتا (یان بیتا)، غاما (یان گاما)، ذێلتا (یان دەلتا)، ئێپسیلۆن، زیتا، ئیتا، ثیتا، یۆتا، کاپا، لامذا (یان لامبدا)، می، نی، کسی، ئۆمیکرۆن، پی، ڕۆ، سیغما (یان سیگما)، تاف، ئیپسیلۆن، فی، شی، پسی، ئۆمێغا (یان ئۆمێگا، ئۆمیگا). دەشێت وشەی *دەلتا*مان لە عەرەبییەوە خواستبێت، عەرەبی لە ئینگلییەوە خواستبێتیان، ئینگلیش لە گریکیی خواستووە، بۆیە *ذێلتا* بووە بە دەلتا، کە هێماکەی سێگۆشەیەکە و بە هەر شتێکیش لە سێگۆشە بچێت دەوترێت دەلتا، وەک *دەلتای نیل*، بە واتای *سێگۆشەی نیل*، ئەگینا ڕاسترەکە *ذێلتا*یە، نەک *دەلتا*. **~ن.م.**

[316] **سۆل**: بە ئینگلی *sandal*، لە زمانی خۆمانەییدا وشە عەرەبەییەکەی بە کار دەهێنرێت کە *نەعل*ە. لە سەرتاپای ئەم ڕۆمانەدا هەمیشە سۆل بە کار هێنراوە. **~ن.م.**

[317] **خەڵفی... پێشزانییەکەی ئەو**: خەڵفی پێشزانی {کە لە ڕەشەدار دروست کراوە} بە لاتینی پێی دەوترا *لیتووس*، گۆچانێکی بێ گرێ بوو و لای مشتووەکەیەوە نوشتابووەوە.

یەکێک بوو لە هێما سەرەکییەکانی دەسەڵاتی پێشزانەکان. {پێشزانەکان لە سەردەمی ڕۆمییەکاندا وەک نوقڵانەلێدەر وەها بوون و بە سەرنجدان لە باڵندە و جووڵەکانیان لە ئاسماندا گریمانەی ڕووداوی گرنگیان کردووە} ئەم خەڵفە بۆ دەستنیشانکردنی *تێمپلوم* بە کار دەهێنرا کە ناوچەی پیرۆزی ئاسمان بوو کە تیایدا پێشزانەکان نوقڵانەکانیان لێدەدا. بۆ *ڕەشەدار* (بڕوانە ١: ١٦٢). ستیفن، هەر وەک دواتریش لە ئەڵقەی نۆیەمدا بە بیریدا دێتەوە، لە بەشی پێنجەمی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* «بۆ مەبەستی پێشزانی تەماشای باڵندەی کردووە». لە کۆتایی ئەڵقەی نۆیەمدا {لەم ڕۆمانەدا} کە بە شوێنەکەدا دەڕۆن دەڵێت: «لێرەدا بوو کە بۆ پێشزانی تەماشای باڵندەکانم کرد». **~گ.س.**

318 **شێوەی شێوەکەم**: (بڕوانە ٢: ٢٦). **~گ.س.**

319 **هێماگەلێک... سپی**: نەک تەنها نووسینی سەر پەڕە، بەڵکو باڵندەی ئاسمانیش (وەک ئەوەی پێشزانەکان دەیانبینن). **~گ.س.**

320 **ئوسقوفە باشەکەی کلۆین**: مەبەست لە جۆرج بێرکەلییە (بڕوانە ٣: ٥). لە وتاری *بەرەو تیۆرییەکی نوێی بینایی*دا (دەبلن، ١٧٠٩)، بێرکەلی دەڵێت: «شتە شیاوەکانی بینین بێ ئاوەز {یان تێگەیشتنی مێشک} نابن؛ وێنەی هیچ شتێکیش هەر بێ ئاوەز نابێت، ئینجا لەبەر ئەوەشی ئەوەی لە ڕاستیدا دەیبینین بە تەختی {یان بە پانی} دەیبینین، بۆیە دووری نابینرێت، بەڵکو بیری لێ دەکرێتەوە». **~گ.س.**

321 **پەردەی پەرستگاکەی... دەرهێنا**: وەک لە (پەیدابوون ٢٦: ٣١-٣٥)دا باسی دەکات، پەردەکە دەبێتە جیاکەرەوەیەکی فرەڕەنگ لە نێوان بەشی دەرەوەی «شوێنی پیرۆز» و «شوێنی هەرەپیرۆز» (کە پشتی پەردەکەیە). ئەم پەردەیە لە کاتی مردنی عیسادا شەقی برد (مەتا ٢٧: ٥١). بێرکەلی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە: «بینایی زمانی نووسەری سرووشتە» بڕوانە *تیۆریی نوێی بینایی*، لەندەن، ١٧٣٣، بەشی ٣٨. بە تێگەیشتنێکی تر، جیهانی بینراو وەک بەربەستێک وایە کە هێمای لەسەرە، بەربەستێکە کە خودا پێشکەشی دەکات تا بخوێنرێتەوە و بیری لێ بکرێتەوە لە بری ئەوەی ببینرێت. ئاوهاش ئەو هێمایانەی سەر بەربەستەکە دەکرێت وەها لێیان تێبگەین کە شتێکن و لە سەری کەسێک دەرهاتوون (یان لە شەبقەکانیاندا). **شەبقەی بێڵی** جۆرە شەبقەیەک بووە کە هەندێک لە قەشەکانی ئایرلاند و ئینگلتەرا لە سەدەی هەژدەیەمدا لە سەریان دەکرد {لە ئەملا و ئەولایەوە نوشتاونەتەوە و شێوەی لە شێوەی بێڵ یان خاکەناز دەچێت}. **~گ.س.**

**دەقی سەرچاوەی یەکەم:**

[٣١]«پەردەیەکیش لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو دروستبکە، بە دەستکردی جۆڵایەکی شارەزاش وێنەی کەڕوبەکانی لەسەر دروستبکە. [٣٢]بیخە سەر چوار کۆڵەکەی لە داری ئەکاسیا دروستکراو و بە زێڕ ڕووکەشکراو، قولاپەکانیشیان لە زێڕ بێت، لەسەر چوار بنکەی زیو بن. [٣٣]چەند فاقێکیش بەلای سەرەوەی پەردەکەوە بکە و سندوقی پەیمانیش بهێنە ئەوێ بۆ دیوی ژوورەوەی پەردەکە. پەردەکە شوێنی پیرۆز و شوێنی هەرەپیرۆز لە یەکتری جیا دەکاتەوە بۆتان. [٣٤]قەپاغی کەفارەتیش لەسەر سندوقی پەیمان لە شوێنی هەرەپیرۆز دابنێ. [٣٥]مێزەکەش لە دەرەوەی پەردەکە دابنێ و چرادانەکەش بەرامبەر مێزەکە لەلایەکی چادرەکەی پەرستن لەلای باشوور دابنێ و مێزەکەش لەلای باکوور. (دەرچوون ٢٦: ٣١-٣٥)

**دەقی سەرچاوەی دووەم:**

[٥٠]عیساش بە دەنگێکی بەرز هاواری کردەوە و گیانی سپارد. [٥١]لەو کاتەدا پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە هەتا خوارەوە شەقبوو و بوو بە دوو پارچە. زەوی لەرزی و بەرد درزیان برد و [٥٢]گۆڕەکان کرانەوە، زۆرێک لە لاشەی گەلی پیرۆزی خودا کە مردبوون هەستانەوە. [٥٣]دوای هەستانەوەی عیسا لە گۆڕەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو شاری پیرۆز، بۆ زۆر کەسیش دەرکەوتن. (مەتا ٢٧: ٥٠-٥٣)

[322] **تەنبین**: بە ئینگلی *stereoscope*، یان ستریۆسکۆپ، ئامێرێکە لە دوو وێنەی دووری، وێنەیەکی سێ دووری پیشان دەدات. **~ن.م.**

[323] **مەرجێتییە... مسۆگەرانەکە**: (بڕوانە ٣: ٢). **~گ.س.**

[324] **متمانەم پێ دەکات...وێ چی**: وێ واتە ئەوی مێ. **~ن.م.**

[325] **هۆجس فیگیس**: هۆجس و فیگس و هاوبەشەکانیان، سنووردار، پەڕتووکفرۆش و دەزگای بڵاوکردنەوە، ١٠٤ شەقامی گرافتن (لە باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن لە نێوان کۆلێجی ترینیتی و باخچەی سانت ستیفن). **~گ.س.**

[326] **پەڕتووکە ئەلفوبێکان**: بڕوانە پەرەگرافی پێش ڕاڤەی **ئێپیفانی** (بڕوانە ٣: ١٠٨) لە دەقی ئەڵقەکەدا، نەک ڕاڤەکاندا، کە ستیفن دەڵێت: «داتنابوو پەڕتووکانێک بنووسیت و پیتێک بۆ ناونیشانەکانیان دابنێیت. ڤێکەیت خوێندووەتەوە؟ بەڵێ، بەڵام حەزم لە ڤێیە. بەڵێ، بەڵام وێکەی زۆر نایابە» واتە مەبەست لەم پەڕتووکە ئەلفوبێیانە ئەو پەڕتووکانەن کە ستیفن نیازی وا بوو بیاننووسێت و تەنها پیتێک بکات بە ناونیشانەکانیان. **~ن.م.**

[327] **یەسا:** بە ئینگلی *jesse*، ئەگەر پیتی یەکەمی بە گەورە بنووسرێت، ئەوا یەسای باوکی داودە، کە لە *کتێبی پیرۆز*، پەڕتووکی *یەکەم ساموئێل*دا ناوی هاتووە. بەڵام ئەم وشەیە لە دەقە ماکەکەدا بە پیتی بچووک نووسراوە، بۆیە ئەستەمە کە ڕاستەوخۆ مەبەست لێی یەسای باوکی داود بێت، بەڵکو دەبێت ئاماژەیەکی تر هەڵبگرێت. بە ڕای فرانک دیلەینی (١٩٤٢-٢٠١٧) لە ئەڵقۆچکەی ڕادیۆیی *ڕیجۆیس* ژمارە ١٤٩دا دەڵێت کە «تابلۆیەک هەیە کە بە تابلۆی *درەختی یەسا Tree of Jesse* بەناوبانگە، ئەم تابلۆیە پشتاوپشت نەوەکانی عیسای مەسیح پیشان دەدات تا دەگاتەوە سەر داود، پەڕەکەی سایەبانەکە بەم تابلۆیە چووێنراوە... هەرگیز وشەی *یەسا*م نەدیوە بۆ پەسنکردنی چەتر بە کار بهێنرێت. لە وێنەکەدا چەترەکە لە ڕەگێکەوە دێت، {کە بە ئینگلی بە ڕەگ دەڵێن: *ڕووت root*} کە ئەم وشەیە جگە لە واتاکەی خۆی وەک ڕەگ، وشەیەکی بازاڕیی دەبلنییە بە واتای *کێر* دێت». سام سلەوت بە ئاماژەدان بە *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* دەڵێت کە «یەسا قەیتانێکە، {یان قایشێکە، یان کۆستەکێکە} کە بە مشتووی چەترەوەیە»، دیارە ئەم قەیتانە خۆی بە شریتی ئاڵوواڵا ڕازێنراوەتەوە. **~ن.م.**

[328] **خەم و ورکەوپرکە:** لە دەقە ماکەکەدا وشەی *خەم*ەکە دەناسرێتەوە، خەم و پەژارە و کەسەرە، بەڵام وشەکەی تر، کە من بە «ورکەوپرکە» وەرمگێڕاوە، جۆیس دەڵێت: *کیکەشۆ kickshaw* کە لە بنەچەدا لە *کەلکەشوز quelque chose*ی فەرەنسییەوە هاتووە بە واتای *هەندێک شت*. ئەم وشەیە لە ئینگلیدا بە واتای شتێک دێت کە بە ڕووالەت گرانبەهایە، بەڵام هیچ بەهایەکی نییە و تەنها بۆ خۆدەرخستنە. خواستنی وشەکەش لە فەرەنسییەوە و تێکدانی ئاماژەی بەکەمزانینی تێدایە. ئاوهاش *ورکەوپرکە* واتا کەلوپەل و شڕوشیتاڵێک کە گرانبەها دیارن، بەڵام هیچ بەهایەکیان نییە. ئاماژەی دوو وشەکەش دەشێت ئەوە بێت کە ئەم کچە، کە لە چینێکی باڵایە، لە خەمدا گەوزاوە و خۆی بە شتی ورکەوپرکەوە سەرقاڵ دەکات. ئەمە لەوە دەچێت کە ستیفنی بیست و دوو ساڵان، کە خۆی ناشوات و بۆگەنی دێت و جلەکانی هی خۆی نین و سەرنجڕاکێش نین و پارەی پێ نییە و قەرزارە و ماڵی نییە و هاوڕێی ڕاستینەشی نییە و وا بیر لە وازهێنان لە کارەکەی و دەربەدەربوونی خۆی دەکاتەوە، بەم تەکنیکەی کە کورد واتەنی «مەیموون دەمی بە هەڵوژە نەدەگەیشت، دەیوت ترشە» خۆی لە جادووی کچە جوانە ڕۆشنبیرەکە دەرباز بکات. **~ن.م.**

[329] **لیسن پارک**: شەقامێکە (ناوی ناوچەکەشە) لە باشووری نۆکەندی گەورەیە کە لەو سەردەمەدا دەوروبەری شاری دەبلن بووە. **~گ.س.**
[330] **ستیڤی... هەستبزوێنێک**: دووپاتکردنەوەی وتەکانی هاوڕێیەکی ستیفنە کە ناوی *داڤن*ە، لە بەشی پێنجەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* داڤن چیرۆکێکی خۆی لەگەڵ ژنێکدا دەگێڕێتەوە. داڤن ستیفن بە «ستیڤی» بانگ دەکات، کە لەماڵەوە ئاوها ستیفن بانگ دەکەن. **~گ.س.**
دکتۆر هەنت دەڵێت لە ڕۆمانی *ستیفنی پاڵەوان*یشدا هاوڕێیەکی تری ستیفن کە ناوی *مادن*ە ستیفن بە ستیڤی بانگ دەکات. ئەو چیرۆکەی داڤنیش کە لە پاری پێنجەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* دەگێڕرێتەوە، ئەوەیە شەوێک داڤن بۆ یارییەکی هەرلینگ لە شارۆچکەیەکی تر بووە، ناچار بووە شەو لەوێ بمێنێتەوە، شەو لە دەرگای ماڵێک دەدات و داوای پەرداخێک ئاو دەکات، ژنەکە بە نیمچەڕووتی دێتە دەرەوە و دواتر دەیەوێت داڤن بباتە ژوورەوە و لەگەڵیدا بنوێت، داڤن لێی ڕادەکات. وشەی *هەستبزوێن*ەکە لە دەقە بنەڕەتەکەدا *پیکمیئەپ pickmeup*ە، کە وشەیەکی نارِوونە، بە واتای ڕاستەوخۆ بێت، بەم واتایانە دێت: *هەڵمبگرەوە، هەڵمبگرە، من هەڵبژێرە، بەرزم بکەوە، هەڵمبستێنەوە*. دکتۆر هەنت هیچ ڕایەکی لەسەری نییە. بە ڕای سام سلەوت، کە لە *فەرهەنگی پاتریدج*ەوە هێناویەتی، دەڵێت: «پیکمیئەپ خواردنەوەیەکی کحولیی وزەبەخشە، لێرەشدا واتە هەر کەسێک ئەو خواردنەوەیەی خواردبێتەوە» وەرگێڕانە فەرەنسییەکە بە «بە شێوەی دوام بکەوە کوڕە گەنجەکە» وەریانگێڕاوە، واتە کچەکە لەو جۆرەیە کە بە هێما و زمانی حاڵ بە کوڕ، لێرەدا ستیفن، دەڵێت دوام بکەوە. دەشێت ئەمە لێکدانەوەیەکی باشتر بێت، چونکە چۆن ستیفن دەزانێت کە لە پارکی لیسن دەژی ئەگەر دوای نەکەوتبێت؟ یان لەوانەیە تەنها خەیاڵکردنێک بێت کە دوای کەوتووە و حەز دەکات لە گەڕەکی پارکی لیسن بژی، چونکە ئەو گەڕەکە لەو کاتەی دەبلندا گەڕەکی دەوڵەمەندان و گوزەران باشەکان بووە، بەوەش کە ئەم خانمە ئەم چەترەی پێیە کە نایەوێت هەتاو لێی بدات، ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ کە لە چینێکی بەرزی کۆمەڵگادایە. بەهەرحاڵ، من *هەستبزوێن*م بە کار هێنا بۆ وەرگێڕانەکە، کە دەشێت هەم کچەکە بگرێتەوە، هەم خواردنەوەکەش بگرێتەوە. **~ن.م.**
[331] **ئەو سکبەندە... دووراونەتەوە**: سکبەند جلێکە کە لە سک دەبەسترێت و بە قەیتان دادەخرێت، کەمێک سنگ بەرزتر دەکاتەوە و کەمەر و ورگیش بچکۆلەتر دەردەخات؛

**ئاسقی**: بە ئینگلی *suspenders*، پارچە چەرم یان قوماشێکە کە گیرەیەکی پێوەیە و شتی پێ هەڵدەواسرێت. گیفرد پێی وایە کە کاتێک جۆیس دەڵێت سکبەندە ئاسقیدارەکە نەفرەتی خودای لێ کراوە، لەبەر ئەوەیە چونکە وەک پشتێنی داوێنپاکی بە کار هاتووە. *پشتێنی داوێنپاکی* کەرەستەیەک بووە لە سەردەمی زوودا بە کار هاتووە، وەک دەرپێیەکی ئاسنین وایە و قفڵی هەبووە، پیاوان لە بەری ژنەکانیان کردووە کە خۆیان چوونەتە دەرەوە وماڵەوەیان بە جێ هێشتووە، تا ژنەکانیان نەتوانن «داوێنپیسی» بکەن. **~ن.م.**

[332] **پیوتۆستۆ**: بە ئیتالی *piuttosto* واتە تا *ڕادەیەک*. **~گ.س.**

[333] **ئەو وشەیە... دەیزانێت**: (بڕوانە ٩: ٢٨٨ و ٩: ٢٨٩). وەڵامەکە بە کورتی: خۆشەویستییە. **~ن.م.**

[334] **ئێت ڤیدیت... بۆنا**: بە لاتینی *Et vidit Deus. Et erant valde bona* واتە: *ئینجا خودا بینی* {هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو} *زۆر باش بوو*. ئەمە دەقی (پەیدابوون ١: ٣١)ە. قسەکانی خودایە لە کۆتایی ڕۆژی شەشەمی دروستکردنی گەردووندا پێش ئەوەی «یەکەم شەممە» بێت. «ئیتر خودا لە ڕۆژی حەوتەم لەو کارەی کە کردبووی تەواو ببوو، ئینجا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا» (پەیدابوون ٢: ٢). **~گ.س.**

[335] **ئالۆ! بۆنژوو**: بە فەڕەنسی *Alo! Bonjour* واتە هەلەو، ڕۆژباش. **~ن.م.**

[336] **وەک گوڵانی... بەخێرهاتی**: دێڕێکی گۆرانیی *وەک گوڵانی مانگی ئایار بەخێرهاتی*یە، دان جەی سولیڤان موزیک و دەقەکەی نووسیوە. گۆرانییەکە دەڵێت:

دوێنێ شەو بوو خەونێکی زۆر خۆشم بینی؛
وام دەزانی ماڵەکەی خۆم، ماڵە خۆشەکەم دەبینم،
ئای، چەندە گەورە دەردەکەوت!
بەڵێنم دا ئیتر ئەملا و ئەولا نەکەم.
بە بەردەم کڵێسا جوان و کۆنەکەی دێدا ڕۆیشتم،
ئەو کاتەی زەنگی قوللەکەی بە خەمباری زەنگایەوە،
باوکی پیر و سەرسپیم دی،
دایکە شیرین و پیرەکەم پێی دەوتم:
{کۆرس}:
بەخێرهاتی، هەر وەک گوڵی مانگی ئایار بەخێرهاتی،
هەر وەک جاران خۆشماندەوێی؛

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چاوەڕێت بووین،

وەک گوڵانی مانگی ئایار بەخێرهاتی. **~گ.س.**

[337] **لە ژێر... ئازار دووره**: **پان**: بە ئینگلی *Pan*، لە ئوستوورەی گریکیدا خودای کێڵگە و دارستان و شوانکارەیی و مەڕوماڵاتە، لە شێوەی پیاوێکدایە، لە ڕان بەرەو خوار و دوو قاچی وەک هی بزن وان، بەڵام سنگ و دوو دەستی هی مرۆڤە، ڕیشی لە هی بزنی کێوی دەچێت، دوو قۆچی وەک هی بزنی کێوی بە سەریەوەیە. ئەم خودایە کە چووەتە ئوستوورەی ڕۆمییەوە ناوەکەی گۆڕاوە و پێیان وتووە *فاون*: بە ئینگلی *faun*.
**باشووررەو**: واتە ئەوەی بەرەو باشوور دەڕوات، لێرەدا واتە ئەو خۆرە کە بەرەو باشوور دەڕوات. **مارەگیا**: وشەیەکی لێکدراوی جۆیس خۆیەتی، واتە گیای وەک مار درێژکۆلە. **جەویخەست**: وشەیەکی تری لێکدراوی جۆیسە، **جەوی**، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «شتێکە وەک کەتیرە لە هێندێ درەخت و گیا پەیدا دەبێ»، لێرەدا واتە مارەگیاکان جەوییەکانیان خەستە. **شیراوکلێچۆڕاو**: بە هەمان شێوەی وشەکانی تر، وشەیەکی لێکدراوی جۆیس خۆیەتی لەسەر شێوازی هۆمیرۆس، **شیراوک**: ئەو شیرەیە کە لە قەد یان بەری هەندێک درەخت دەردەچێت، واتە هەر وەک جەوی، بەڵام شلتر، وەک شیراوکی هەنجیر. **~ن.م.**
ئەم دێڕانە بە شێوەی خۆویژی لەسەر هۆنراوەی *دوانیوەڕۆی فاونێک*ی ستێفان مالارمێ (١٨٤٢-١٨٩٨) نووسراوە. هۆنراوەکەی مالارمێ کەشی گەڵاڕێزانێکی کاتی گەرمای پڕووکێنەر{ی دوانیوەڕۆیەک} دەخاتە ڕوو کە پێی دەڵێت: «کاتی گەنمڕەنگ» {کە مەبەست لە تێکەڵبوونی ڕەنگی نیوەڕۆ و گەڵاڕێزان و گەرما و خۆرە و ئاوهاش کەشێکی گەنمڕەنگیان دروست کردووە.} فاونەکە خەون بە {دوو} پەرییەوە دەبینێت کە نیگاکانی خۆی شوێنیان دەکەوێت، لە کۆتایی هۆنراوەکەدا دەڵێت:

ئاخ، ئەی ئەشکەنجەی مسۆگەر...

نەخێر، بەڵام

گیانم لە وشە خاڵییە و لەشی قورسم

خۆی دەداتە دەست بێدەنگیی لەخۆبایی دەم نیوەڕۆ:

بێ هیچی تر دەبێ بنووم، کفرکردن لە یاد بکەم،

لەسەر ملی وشکهەڵهاتوو ڕابکشێم و چەند تامەزرۆم

کە دەمم بۆ ئەستێرەی کارامەی شەراب بکەمەوە.

ئەی دوو پەرییەکە، ماڵئاوا؛ وا من دەڕۆم تا ببینم ئەو سێبەرەی ئێوە بوون بەو.

ئەوەی ستیفن دەڵێت: «ئازار دوورە» پێچەوانەی ئەو دەستەواژە نارِوونەی هۆنراوەکەی مالارمێیە کە دەڵێت: «چێژی ئازار». نیوەرِۆ کاژێری پانە، چونکە نیوەرِۆ ئەو کاتەیە پان دەگاتە لوتکەی کارەکانی رِۆژانەی. هەروەها نیوەرِۆ کاژێری پرۆتێفسیشە، چونکە، وەک لە پەرِتووکی چوارەمی *ئۆدیسە*دا باسی دەکات، ئەو کاتەیە کە دەنوێت و مێنێلاوس زەفەری پێ دەبات. برِوانە یەکەم رِاڤەی ئەم ئەڵقەیە. **~گ.س.**

[338] **ئیتر... پیشخواردنەوە**: (برِوانە ١: ٨٤). **~ن.م.**

[339] **نیبنئایننانده**: (برِوانە ٣: ١٣). **~گ.س.**

[340] **تریپودیوم**، بە لاتینی *Tripudium*: بە نزیکی واتە سێ ترپەی پێ لەسەر زەوی. وشەیەکی لاتینییە و بۆ سەمایەکی دینی بە کار دێت، کە شادی-دەربرِینێکی شکۆمەندانەیە. **~ج.ه.**

[341] **ئەستێر ئۆزڤالت**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکە و گرنگییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

بەڵام ئەوەی دەزانین ئەوەیە *ئەستێر* ناوی مێیە، برِوانە رِاڤەی داهاتوو. **~ن.م.**

[342] **تیۆ، کێل پۆتی پیێد**، بە فەرِەنسی *Tiens, quel petit pied*: واتە: *پەکوو، لەو قاچە بچکۆلانە!* **~گ.س.**

ئەمە ئەستێر ئۆزڤالت بە ستیفنی وتووە، پێڵاوەکانی خۆی پێ داوە و ستیفن لە پێی کردووە و بۆی بووە. **~ن.م.**

[343] **خۆشەویستەکەی... بدرکێنێ**: لە هۆنراوەیەکی لۆرد ئالفرێد دۆگلاسی هاورِێی ئۆسکار وایلدەوە هێنراوە، بە ناونیشانی *دوو خۆشەویستی* کە لە گۆڤاری *کامیلیۆن*دا لە ئۆکسفۆرد بڵاو کراوەتەوە، دەڵێت:

من خۆشەویستیی رِاستینەم،
ئاگری هاوبەش دەخەمە دڵی کورِ و کچانەوە
ئەوەی تریش ئاهێکی هەڵکێشا و وتی:
تۆ چۆنت دەوێ وەها بە،
بەڵام من ئەو خۆشەویستەم کە ناوێرێ ناوەکەی خۆی بدرکێنێ.

ساڵی ١٨٩٥ وایلد داوای یاسایی لەسەر مەرکیزی کوینزبەری تۆمار کرد کە باوکی لۆرد ئالفرێد دۆگلاس بوو، لە داواکەدا مەرکیزی بەوە تاوانبار کرد کە مەرکیز وتوویەتی کە ئۆسکار وایلد هاورِەگەزخوازیی کردووە، کە لەو کاتەدا بە تاوانێکی گەورە دادەنرا.

پارێزەرەکەی مەرکیزەکە لە بەرگرییەکی سەرکەوتوودا ئەم هۆنراوەیەی لە دژی بە کار هێنا. لە دادگاکەدا وایلد وتی: «ئەو خۆشەویستەی کە ناوێرێت ناوەکەی خۆی بدرکێنێت لەم سەدەیەدا خۆشەویستییەکی وەها گەورەی بەتەمەنەکانە بۆ گەنجەکان هەر وەک خۆشەویستیی یۆناتان و داود... ئەوە ئەو ئەوینە قووڵ و گیانەکییەیە کە ئەوەندە خاوێن و بێگەردە». دوای ئەوەی وایلد داواکەی دۆڕاند، دەستگیر کرا و تاوانبار کرا و دوو ساڵ لە بەندیخانە بەند کرا. **~گ.س.**

**ئەوینەکەی داود و یۆناتان**: ئەم ئەوینە کە وایلد ئاماژەی پێ دەدات، لە پەڕتووکی *یەکەم ساموئێلی کتێبی پیرۆز*دا هاتووە، یۆناتان کوڕی شاولی پاشای ئیسرائیلییەکان بووە لە هۆزی بنیامینییەکان، داودیش کوڕی یەسای بێتلەحمی بووە، کە لە هۆزی یەهودییەکان بووە. لە سەردەمی شاولدا، ساموئێل «پێغەمبەری یەزدان» بووە، شاولی کردووە بە پاشای ئیسرائیلییەکان و لەو کاتەشدا ئیسرائیلییەکان و فەلەستییەکان لە جەنگدا بوون. ساموئێل داوا لە شاول دەکات کە هەموو فەلەستییەکان و ئەوەی هەیانە هەر لە «پیاو و ژن و منداڵ و شیرەخۆرە، گا و مەڕ و وشتر و گوێدرێژ» هەموویان قڕ بکات. بەڵام کە شاول هێرش دەکاتە سەر فەلەستییەکان، هەندێک لە گا و مانگاکانیان لە ناو نابات، ئەمەش ساموئێل و «یەزدان» تووڕە دەکات و یەزدان بڕیار دەدات کەسێکی تر بۆ پاشایەتیی ئیسرائیلییەکان تەرخان بکات، کە ئەویش داودە. داود کوڕە بچووکی پیاوێک بووە بە ناوی *یەسا*، شوانێکی گەلێک ئازا بووە و ماوەیەکیش دەبێتە خزمەتکاری شاول و ئامێری چەنگی بۆ دەژەنێت، چونکە وا دیارە شاول نەخۆشیی فێی هەیە و بە موزیک هێور دەبێتەوە. داود و کوڕەکەی شاول، کە ناوی *یۆناتان*ە، زۆر یەکتریان خۆشدەوێت. داود پاڵەوانی فەلەستییەکان دەبەزێنێت و دەیکوژێت، کە بە هەموو ئیسرائیلییەکان نەیاندەتوانی بیبەزێنن. ساموئێلیش پاشایەتی لە شاول دەستێنێتەوە. کە شاول دەبینێت وردەوردە داود دەبێتە خۆشەویستی گەل و پاڵەوان و دەشبێتە پاشای ئیسرائیلییەکان، دەیەوێت بیکوژێت، چەند جارێک هەوڵ دەدات بیکوژێت. دواجار کچە بچووکەکەی خۆی دەداتێ و لە بری شیربایییەکەی، داوای لێ دەکات سەد چووکی ئەندامی نێرینەی فەلەستییەکانی بۆ بهێنێت، شاول لەمەدا دەیەوێت داود بکەوێتە جەنگەوە لەگەڵ فەلەستییەکان و بیکوژن، بەڵام داود تەنانەت چووکی دوو سەد پیاوی فەلەستی بۆ شاول دەهێنێت. دیسان هەوڵ دەداتەوە لە ماڵی کچەکەی خۆی، کە ئێستا ژنی داودە، بیکوژێت، دیسان هەر سەرناگرێت. داود یۆناتان تێدەگەیەنێت کە باوکی دەیەوێت بیکوژێت، یۆناتان بەمەی

نەزانیوە، کە دەچێتە بنجوبناوانی باسەکەوە، بۆی دەردەکەوێت کە بە ڕاستی شاول دەیەوێت داود بکوژێت و تەنانەت شاول سەرکۆنەی یۆناتانیش دەکات و پێی دەڵێت: «هەی کوڕی ژنە خواروخێچ و یاخیبووەکە! بۆ من نازانم؟ دۆستایەتیت لەگەڵ کوڕەکەی یەسا شەرمەزاری دێنێتە سەر خۆت و داوێنی دایکت.» (*یەکەم ساموئێل* ٢٠: ٣٠) یۆناتان یارمەتیی داود دەدات هەڵبێت. داود لە لاوە سوپایەکی بچووک بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە و ڕۆژێک کە شاول دەچێت بە دوایدا، بە هەڵە ڕێی دەکەوێتە ئەشکەوتێکەوە کە داودی لێیە و دەکەوێتە بەردەستی، بەڵام داود نایکوژێت و دەیبەخشێت. شاولیش پەشیمانی دایدەگرێت کە داود بە چاکە وەڵامی دایەوە لە کاتێکدا ئەو خراپەی بۆ داود دەویست. بەڵام دوای ئەمەش دیسان هەولی گرتنی داود دەداتەوە، دیسان دەکەوێتەوە بەردەستی داود و داود دیسان دەیبەخشێت، دواجار داود کە دەزانێت ئەم ڕقە کۆتایی نایەت، دەڕوات و خۆی دەداتە پاڵ فەلەستییەکان، ئەوانیش لای خۆیان جێی دەکەنەوە و لەوێ دەژی. بەڵام دوای ئەو ماوەیە فەلەستییەکان و ئیسرائیلییەکان دیسان بە شەڕ دێن، فەلەستییەکان سەردەکەون و شاول و یۆناتانی کوڕی و براکانی تری یۆناتانیش دەکوژن، کە داودیش بەمە دەزانێت، شیوەنیان بۆ دەگێڕێت. بە هەندێک لێکدانەوەی سەردەم پەیوەندییەکەی داود و یۆناتان وەک پەیوەندیی دوو پیاوی ئاسایی نەبووە. ~**ن.م.**

[344] **قۆڵی ئەو: قۆڵی کرانلی**: بۆ *کرانلی* (بڕوانە ١: ٦١). ئەم دوو دەستەواژەیە، واتە «قۆڵی ئەو: قۆڵی کرانلی» لە چاپەکانی پێشووی *ئولیس*دا نییە، پرۆفیسۆر دکتۆر گابلەر هێناویەتیەوە، کە هەر دەستەواژەکەی ئەڵقەی یەکەمە، بەڵام جێیان گۆڕیوە. کە لە ئەڵقەی یەکەمدا مەلیگن قۆڵ بە قۆڵی ستیفندا دەکات، ستیفن لە مێشکی خۆیدا دەڵێت: «قۆڵی کرانلی. قۆڵی ئەو». ~**ن.م.**

[345] **یان هەر هەمووی، یان هیچ**: لە شانۆنامەی *براند*ی هێنریک ئیبسندا، لە کۆتایی دیمەنی دووەمی پەردەی دووەمدا براند {کە کەسێتیی سەرەکیی شانۆنامەکەیە} دەڵێت: «دروشمی من ئەمەیە: یان هەر هەمووی، یان هیچ». جۆیس لە وتاری *دراما نوێکەی ئیبسن*دا ئەم داواکارییەی بە «شکۆدان بە ویست» ناوزەد کردووە. لە دیمەنی یەکەمی پەردەی سێیەمدا براند کە خاوەنی ئەو «دروشمە تۆقێنەرە»یە، لە سەرەمەرگدا سەردانی دایکی ناکات {چونکە کاتی خۆی دایکی بە کارێکی چەوتانە پارەی لە مێردەکەی بردووە}، هەر وەک ستیفن لە کاتی نێوان هەردوو ڕۆمانی *ئولیس* و *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* کە لە سەرەمەرگدا نزای بۆ دایکی نەکرد. لە پەردەی چوارەمدا، ئەم ڕەفتارەی براند،

که هەرگیز سازش لەسەر هیچ ناکات، دەبێتە هۆی مردنی کوڕەکەی، پاشان کە بەرەو ئەوە دەڕوات کە لە کۆمەڵگاکەی دادەبڕێت، دەبێتە هۆی مردنی ژنەکەی. لە پەردەی پێنجەمدا، لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، کە ڕنووێک بەفر براند ڕادەماڵێت، دەنگێک دەڵێت: «خودا خۆشەویستییە!» **~گ.س.**

[346] **دەریاچەی کۆک**: ئەستێلی هەڵستاو و نیشتاوێکە لە کەناری سانتیماوتدا. **~گ.س.**

[347] **ژێرکراسەکانیان هەڵدەکەن**: (بڕوانە ١: ١٣٣). **~گ.س.**

[348] **سانت ئەمبرۆز**: (بە نزیکی ٣٤٠-٣٩٧) ئوسقوفی میلان بوو، یەکێک بوو لە قەشە بەناوبانگەکانی کڵێسا، بە تایبەتی بەوە بەناوبانگ بوو کە سروودی دینیی زۆری هەبووە و موزیکدانەری کڵێسا بووە. **~گ.س.**

[349] **دییێبوس... ئینجێمیشیت**: بە لاتینی *diebus ac noctibus iniurias patiens ingemiscit* واتە *{ئافراندن} بە ڕۆژ و شەو بە دەست هەڵەوە دەناڵێنێت*، ئەمە سەرنجی سانت ئەمبرۆزە لەسەر پەرتووکی *ڕۆما* لە *کتێبی پیرۆز*دا، بە تایبەتی (ڕۆما ٨: ٢٢) دەڵێت: «دەزانین هەموو بەدیهێنراوان هەتا ئێستا بەیەکەوە دەناڵێنن و ژانیان گرتووە.» **~گ.س.**
ئەو وشەی *ئافراندن*ە کە خستوومەتە کەوانەوە، دەشێت *بەدیهێنان*یش بێت، یان *بەدیهێنراوان*یش بێت، بەڵام ئەوکات کە کۆ کرایەوە، دەبێت ڕستەکە بەم شێوەیە بگۆڕێت: «{بەدیهێنراوان} بە ڕۆژ و شەو بە دەست هەڵەوە دەناڵێنن». **~ن.م.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[١٨] پێم وایە ئازارەکانی ئێستا لەگەڵ شکۆی داهاتوو کە تیاماندا ئاشکرا دەکرێت بەراورد ناکرێت، [١٩] چونکە بەدیهێنراو بە پەرۆشەوە چاوەڕێ دەکات ڕۆڵەکانی خودا ئاشکرا بکرێن. [٢٠] بەدیهێنراو ملکەچی بێنرخبوون بوو، نەک بە ویستی خۆی، بەڵکو بە ویستی ئەوەی کە ملکەچی کرد، بە هیوای ئەوەی [٢١] کە خودی بەدیهێنراو لە کۆیلایەتی گەندەڵی ئازاد بکرێت تاکو هاوبەش بێت لە سەربەستی شکۆمەندی منداڵانی خودا. [٢٢] دەزانین هەموو بەدیهێنراوان هەتا ئێستا بەیەکەوە دەناڵێنن و ژانیان گرتووە. [٢٣] تەنها ئەمە نا، بەڵکو ئێمە کە یەکەمین بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزمان وەرگرت، لە ناخماندا دەناڵێنین و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی لەخۆگرتنەوەین، واتە ڕزگاریی جەستەمان، [٢٤] چونکە بە هیواوە ڕزگارمان بوو. بەڵام هیوای بینراو هیوا نییە. ئەوەی دەیبینی هیوای چی پێ دەخوازیت؟ [٢٥] بەڵام ئەگەر هیوای شتێک بخوازین کە بینراو نییە، ئەوا بە دانبەخۆداگرتنەوە چاوەڕێی

دەکەین. ٢٦بە هەمان شێوە ڕۆحی پیرۆز لە لاوازییەکانماندا یارمەتیمان دەدات. نازانین لە پێناوی چی نوێژ بکەین، بەڵام ڕۆحی پیرۆز خۆی بە ناڵەوە داکۆکیمان لێدەکات بە شێوەیەک کە باس ناکرێت. ٢٧ئەوەی دڵی مرۆڤ دەپشکنێت، دەزانێت ڕۆحی پیرۆز بایەخ بە چی دەدات، چونکە بەگوێرەی خواستی خودا داکۆکی لە گەلی پیرۆزی خودا دەکات. ٢٨ئێمە دەزانین خودا لە هەموو شتەکاندا کار دەکات بۆ چاکەی ئەوانەی ئەویان خۆشدەوێت، ئەوانەی بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراون، ٢٩چونکە ئەوانەی پێشتر ناسیبوونی، پێشتر دیاری کردن بۆ ئەوەی وەک وێنەی کوڕەکەی ئەویان لێ بێت، تاکو لەنێو زۆرێک لە خوشک و برایاندا ئەو ببێتە نۆبەرە. ٣٠ئەوانەی پێشتر دیاری کردن بانگیشی کردن، ئەوانەی بانگی کردن بێتاوانیشی کردن، ئەوانەی بێتاوانی کردن شکۆداریشی کردن. (ڕۆما ٨: ١٨-٣٠)

350 **ژنێکی ڕووت... دەدرەوشێتەوە**: جۆن درایدن (١٦٣١-١٧٠٠) لە هۆنراوەی *ماک فلێکنۆ*دا (١٦٨٢) باس لە قەحبەخانەیەکی ناوچەی باڕبیکان دەکات لە لەندەن {کە لە ڕابردوودا قەڵایەکی چاودێری بووە، بەڵام ئێستا چارەنووس گۆڕیویەتی و ڕووخاوە و لە پاشماوەی ڕووخاوییەکەی لەشفرۆشگایەک بونیاد نراوە}، لە هۆنراوەکەدا دەڵێت:

دیمەنی چێژی گەنیو و خۆشەویستیی بەئاڵۆشت لێوە دیارە
کە دایکە-قەحبەکان لەوێ حەوشە فراوانەکانیان دەپارێزن
چاودێر هەراسانیان ناکا و لە خەونێکی بێدەنگیدان. (ڕیزی ٧١-٧٣)

ئەم بەرهەمەی درایدن کە لە جۆری پاڵەوانێتیی گاڵتەجاڕانەیە، لاساییکردنەوە و گۆڕاوێکی چەند دێڕێکی ئەبراهام کاوڵییە (١٦١٨-١٦٦٧) لەو بەیتەی لەسەر *کتێبی پیرۆز* دەینووسی و ناوی نابوو *داودێیس* (داودیاس – بەیتی داود) {دەربارەی چیرۆکی داود پاشای جووەکان} دەڵێت:

لە ژێر فوارە تاتاییەکەی هەر هەموو شەپۆلەکاندا
کە دایکە-ئاو حەوشە فراوانەکانیان دەپارێزن
مانگ هەراسانیان ناکات و لە خەونێکی بێدەنگیدان. **~گ.س.**

لە هۆنراوەکەی کاوڵیدا ئاو کەسێنراوە، بۆیە دەڵێت: «دایکە-ئاو»، واتە ئاو دایکە و حەوشەکانی «هەر هەموو شەپۆلەکان» دەپارێزێت. لە هەمان هۆنراوەدا شتی تریش کەسێنراون، بۆ نموونە: زریان ڕاکشاوە، با منداڵە و دەنگی ناسکە، شەوی ڕاستینە و تۆقاندن

له قووڵایی «حەوشە فراوانەکانی شەپۆلەکاندا» دەڕژێن، تەنها دۆزەخ ڕکێف دەکات و ئازاریش هەمیشە لە ناو دۆزەخدا دەژی. **~ن.م.**

[351] **وێ داوێکی ئاوەکان دەهۆنێتەوە:** لە دەقە ماکەکەدا وشەیەکی بە کار هێناوە کە دوو واتا دەدات، ئەویش وشەی *toil*ە، واتای باوی ئەم وشەیە *ڕەنجکێشان*ە، بەڵام بە دەگمەنیش بە واتای *تەڵە*، یان *داو* دێت. بۆ دڵنیابوونەوە لە ئاماژەی *ئەو*، لە دکتۆر هەنتم پرسی، وتی کە «ئەو: مانگە، هەروەک چۆن لە ڕستەی پێشتردا خراوەتە ڕوو و دەڵێت: "تەونی مانگ"». لێرەدا مانگ بە ژنێکی فێڵباز چووێنراوە، بەڵام ئەوەی دەیکات دەشێت بە سێ شێوە وەربگێڕرێت:

١. **داوێکی ئاوەکان دەنێتەوە.**

٢. **ڕەنجکێشانێکی ئاوەکان ڕادەکێشێت**، یان **دەجووڵێنێت**، یان **پاڵ دەنێت**، یان **دەردەهێنێت.** لەوەی کۆتاییدا واتە ڕەنجکێشانەکە لە ئاوەکان دەردەهێنێت.

٣. **وێنەی ڕەنجکێشانێکی ئاوەکان دەکێشێت.**

من سێیەمیان بە ڕاست نازانم، هیچ وەرگێڕێکیش سێیەمی هەڵنەبژاردووە، بەڵام لە نێوان یەکەم و دووەمدا دڵنیا نەبووم. دکتۆر تەها لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا دەڵێت: «کۆششی شەپۆلەکان داگیری کردووە» واتە کۆشش، یان ڕەنجکێشانی شەپۆلەکان، یان کێشاوەکان مانگیان داگیر کردووە. وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە دەڵێن: «بە ئەستەم تەڵە ئاوییەکەی بەرز دەکاتەوە» یان «بە ئەستەم تەڵە ئاوییەکەی دەنێتەوە». خاتوو ئیکرام پەدرامنیا لە فارسییەکە دەڵێت: «تۆڕ لە ئاوەکاندا ڕادەکێشێت» سوزێت هەنەکە لە لاپەڕە ٦٣ی پەڕتووکی *Joyce's Moraculous Sindbook*دا دەڵێت:

> ستیفن پێشتر کێشاوی بەمانگڕاکێشراوی بە سووڕی مانگانەی ژن چوواند: "کێشاوگەلێک، بێشومار دوورگەیان دیوە، لە ناو ئەودا، خوێنی من نا، ئۆینەپا پۆنتۆن، دەریایەکی ڕەنگشەرابی. تەماشای ژنە کارەکەرەکەی مانگ بکە. کاتژمێری هێما تەڕەکە لە کاتی نووستندا لێدەدات، فەرمانی پێ دەدات هەڵبستێت. پێخەفی بووک، پێخەفی منداڵ، پێخەفی مەرگ" ئێستاش دەریای بەمانگڕاکێشراو وەک *سەکیوبوس* دەچووێنێت {**سەکیوبوس:** جۆرە دێوێکی مێیە لە ئوستوورەدا، گوایە لەگەڵ پیاوی نووستوودا جووت دەبێت}. زەریا دایکی هەموو پیاوانە، تامەزرۆی لووشدان و خواردنی کوڕەکانیەتی، سەربەخۆییان لێ

دەستێنێتەوە. دێوێکی مێینەی زلە، هەڕەشەی کوشتن و خەساندن لە هەموو ئەوانە دەکات کە بەرەنگاری هێزەکەی دەبنەوە.

لە دکتۆر هەنتم پرسی: «ئایا کەفاوی کێشاوەکان بوون بە داوێکی وەک تۆڕ بە دەستی ژنێکی فێڵبازەوە؟ وەک چۆن کەفی دەریا لە تۆڕ و داو دەچن، ئاوها دەینێتەوە؟ چونکە وەک کەف دەشێت لە تۆڕی سپی بچن و مادەم ژنەکەش فێڵبازە، ڕاوی ساویلکەکان دەکات.» دکتۆر هەنت وەڵامی دامەوە و وتی: «هیچ نازانم لە بارەی ئەو بیرۆکەیەی تۆوە کە وشەی ***toil***ت بە واتای *داو* یان *تۆڕ* داناوە. من واتای باوی وشەکەم پێ شیاوترە کە *کاری سەخت و گران*ە. ئێمە دەزانین کە مانگ لە ڕێی ڕاکێشانی هێزی کێشکردنی زەوییەوە کێشاوەکان دروست دەکات، بۆیەش دەتوانرێت بە شێوەیەکی میتافۆڕییانە بیری لێ بکرێتەوە کە بە دوای مانگ خۆیدا ڕادەکێشرێن، واتە ڕەنجکێشانەکەی ڕادەکێشێت. ئەمە زیاتریش لەگەڵ ڕستەی پێشووتردا دەگونجێت کە ستیفن هەم بیر لە مانگ و کێشاوەکانیش دەکاتەوە کە "ماندوو"ن. بەڵام بۆ پشتگیریکردنی خوێندنەوەکەی تۆش، ئەوەتا ستیفن بیر لە مانگ دەکاتەوە کە شت لەسەر تەونەکەی دەچنێت. لەوانەیە بتوانرێت بە شێوەیەک هەردوو خوێندنەوەکە یەک بخرێن، لەوانەیە بەوەی کە مانگ کێشاوەکان لە پشت تۆڕێکی مەزنەوە ڕادەکێشێت؟» دواجار من هەڵبژاردەی چوارەمم دروست کرد کە «**داوێکی ئاوەکان دەهۆنێتەوە**»یە، لەسەر تەونەکە. بەڵام بێگومان دەشێت بە واتاکانی تریش بخوێنرێنەوە. ~**ن.م.**

[352] **باوکت پێنج قەد قووڵ نێژراوە**: لە گۆرانییەکەی ئارییەلەوە هێنراوە کە بەسەر نوقمبوونی ئەلۆنسۆدا دەیبێژێت (کە لە ڕاستیدا ڕزگار کراوە) لە شانۆنامەی *زریانەکە*ی شێکسپیردا. {ئاریەل و ئەلۆنسۆ دوو کەسێتیی شانۆنامەکەن، بۆ *قەد* (بڕوانە ١: ٢٢٢). هۆنراوەی گۆرانییەکە دەڵێت:

باوکت پێنج قەد قووڵ نێژراوە
ئێستا ئێسکی بووە بە بەرد
چاوانی بوون بە مرواری
هیچی وەک خۆی لێ نەماوە
گۆڕانێکی بونیادییانەی دەریاییانە لەو ڕووی داوە
گۆڕراوە بە شتێکی گرانبەها و سەیر
پەریی دەریا هەر هەموو سەری کاژێرێک زەنگی مردنی لێدەدەن.

(زریانەکە ١: ٢، ٣٩٧-٤٠٣). **~گ.س.**

[353] **وتی کاتژمێر یەک**: (بڕوانە ١: ٢٢٣). لە خشتەی هەڵستاو و نیشتاوەکانی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا نووسراوە: «ئاوی بەرزبووەوە لە کەناری دەبلن». **~گ.س.**

[354] **دۆزینەوەی نوقمبوو**: ئەمە ناونیشانی بڕیاری لێکۆڵەری لەشدۆزە کە نوقمبووێک بە ڕێکەوت دەدۆزنەوە، ئاوهاش ئەمە دەبێتە ناونیشانی ڕۆژنامەکان. **~گ.س.**

[355] **پۆلەپانکە**: *fanshoal*، وشەیەکی لێکدراوی جۆیسە کە لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا نییە، مەبەست لێی پۆلێک ماسییە لە شێوەی پانکەدا، لێرەدا زەریاکە لەگەڵ تەوژمەکانی خۆیدا لە پێش خۆیەوە دەیانهێنێت. **~ن.م.**

[356] **بەرازماسییەک... هەڵبەزودابەز دەکات**: بەرازماسی بە ئینگلی *porpoise*: ئاژەڵێکی دەریاییە، لە ماسییەکی گەورەی بۆر دەچێت. بە گشتی بە پۆل مەلە دەکەن. **~ن.م.**

ئەمە بە شێوەیەکی گوماناوی لە تیلنیشانێک دەچێت بۆ بەشێکی گۆرانییەکی منداڵان، بەڵام نەمتوانی سەرچاوەیەکی گونجاو بدۆزمەوە. دوو ئەگەر هەیە: لە *فیردەوسی لەدەستچووی* میڵتندا، لە دوای کەوتنی مرۆڤەوە، تاوان و مردن نزیکی زەوی دەکەونەوە، هۆنراوەکە دەڵێت:

لە نزیکەوە هەنگاو بە هەنگاو دوایان کەوتبوون،

هێشتا بۆ سەر پشت ئەسپی زەردباوی سەرنەکەوتبوو: کە تاوان پێی وت:

ئەی دووەم وەچەی شەیتان، ئەی مەرگ، ئەو کەسەی هەموو شت داگیر دەکەی.

(*فیردەوسی لەدەستچوو*، پەڕتووکی دەیەم، ڕیزی ٥٨٨-٥٩٠) {ئەسپی زەردباو لە پەڕتووکی *ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز*دا هاتووە و دەڵێت: «سەیرم کرد، ئەسپێکی زەردباوم بینی، سوارەکەی ناوی مردن بوو، یەکێکی دیکە بە ناوی *جیهانی مردووان* دوای کەوتبوو. دەسەڵاتیان پێدرابوو چارەگی زەوی بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد بکوژن، هەروەها بە دڕندە کێوییەکانی زەوی» (ئاشکراکردن ٦: ٨)}. لە شانۆنامەی *پێریکلیس*ی شێکسپیردا کە پێریکلیس دوای نوقمبوونی کەشتییەکەی بە تەڕی دێتە کەنار، سێ ماسیگر بە کورتی باسی چەند «گیانێکی داماو» دەکەن کە نەیانتوانیوە لە نوقمبوون ڕزگاریان بکەن، یەکێکیشیان دەڵێت کە دەیزانی زریانەکە دێت، دەڵێت:

هەر کە بەرازماسییەکەم دی کە چۆن هەڵبەزودابەزی دەکرد

(پێریکلیس ٢: ١، ٢٣-٢٤). **~گ.س.**

[357] **ڕاپیکێشە**: ئەم ڕستەیە لە چاپەکانی پێشووی *ئولیس*دا نییە، پرۆفیسۆر دکتۆر گابلەر هێناویەتیەوە. **~ن.م.**

[358] **گەرچی... نوقم بووە**: دێڕی ١٦٧ی هۆنراوەی *لیسیداس*ی میلتنە (بڕوانە ٢: ٢٠). **~گ.س.**

[359] **مینۆ**: بە ئینگلی *minnow*، جۆرە ماسییەکی بچکۆلەیە. **~ن.م.**

[360] **خودا... شاخی فێدەربێد**: **قازی بەڕنەقیل**: بە ئینگلی *barnacle goose*، جۆرە قازێکە کە ڕوخسارێکی سپی و مل و سنگێکی ڕەش و لەشێکی بۆر و هێڵهێڵی ڕەش و سپیی هەیە، دەنووکی ڕەش و کەمێک کورتە. **بەڕنەقیل** خۆی جۆرە ئاژەڵێکی بچووکی گرێپێیی دەریاییە، لە تەنکایی ئاودا دەژین، بە تایبەت شوێنی ڕاماڵراو، لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەبینرێت کە بۆچی ئەم قازە بە ناوی *بەڕنەقیل*ەوە ناو نراوە. **~ن.م.**

**شاخی فێدەربێد**: لە ڕاستیدا ئەوەندەی بەرزاییەکی کراوەیە، ئەوەندە شاخ نییە، نزیک دۆڵی گلێنکرییە نزیک سنووری نێوان کاونتیی دەبلن و ویکلۆ. **~ج.هـ.**

*فێدەربێد* لە وشەی *فێدەر* و *بێد* پێکهاتووە، *فێدەر* واتە *پەڕ*، *بێد* واتە *پێخەف*، ئاوهاش فێدەربێد واتە دۆشەکی پەڕ. **~ن.م.**

ستیوارت گیلبێرت لە لاپەڕە ١٢٨ی پەڕتووکی *ئولیسی جەیمز جۆیس*دا ئەمە وەک جۆرە ڕێسایەکی کابالیی گیانگۆڕکێ، یان دۆنادۆن دادەنێت، هەروەها وەک تیلنیشانێک بۆ هەڵستان و نیشتانی پرۆتێفسییانەی شتانی زیندوو دایدەنێت: «بەردێک دەبێت بە نەمام، مرۆڤێک بە گیان، گیانێک بە خودا» بەڵام ئەم زنجیرەیەی ستیفن بیری لێ دەکاتەوە، ژێربێژییەکی ناوخۆیی تێدایە، «خودا دەبێت بە مرۆڤ» وەک یەکێک لە سێ کەسێتییەکەی سیانینە پیرۆزەکە بوو بە عیسای مەسیح؛ مرۆڤ دەبێت بە ماسی، وەک هێمای ناسینەوەی مەسیح لە کڵێسای سەرەتای مەسیحێتیدا {لە سەرەتای مەسیحێتیدا کە دینەکە لە شوێنی شاراوە و بە دزییەوە پەیڕەو کراوە، هێمای نهێنیی مەسیح لە نێوان پەیڕەوکەرە نهێنییەکاندا ماسییەک بوو، بەوەدا دڵنیا دەبوون کە ئەو کەسە سەر بە کۆمەڵەی مەسیحییەکانە}؛ «ماسی دەبێت بە قازی بەڕنەقیل» (ئەمە لەو تێڕوانینەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دێت کە پێیان وا بوو قازی بەڕنەقیل لە هێلکەوە نازێت، بەڵکو لە بەڕنەقیلەوە دەزێن. «لە سەرەتادا لووێکی لینجن و لە داری سنەوبەر دێن کە سەرئاو دەکەون، پاشان قاوغ پەیدا دەکەن بۆ گەشەکردنێکی پارێزراوانە... بە پێی کات وردەوردە پەڕ دەردەکەن... لە هەوای ئازاددا دەفڕن» (*تۆپۆگرافیای ئایرلاند*، نووسینی جیرالدوس

کامبرێنسین، لە *پەڕتووکی ئاژەڵەکان*دا ئاماژەی پێ دراوە کە تی ئێچ وایت نووسیویەتی و ساڵی ١٩٦٠ لە نیو یۆرک بڵاو بووەتەوە)؛ «قازی بەڕنەقیل دەبێت بە شاخی فێذەربێد» (وەک چۆن پەڕی قاز لە دروستکردنی دۆشەکدا بە کار هاتووە، شاخی فێذەربێدیش لە شاخەکانی باشووری دەبلنە). **~گ.س.**

361 **گۆڕانێکی بونیادیی دەریایی**: (بڕوانە هۆنراوەکەی ٣: ٣٥٢). **~گ.س.**

362 **مەرگی دەریایی**: لە پەڕتووکی یازدەیەمی *ئۆدیسە*دا، تیریسیاس {دوای ئەوەی ئامۆژگاریی ئۆدیسێفس دەکات کە قوربانی بۆ خودا بکات} پێشبینی دەکات و دەڵێت:

...پاشان مەرگێکی دەریایی
نیان، وەک دەستی تەم، دێتە ڕێت
کاتێ پیروخەڕۆ دەبی

(ئۆدیسە ١١: ١٣٤-١٣٥ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}) **~گ.س.**

دێڕەکانی سەرەوەم لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرگێڕاوە. مامۆستا حەمەکەریم عارف بەم شێوەیە ئەم دێڕەی وەرگێڕاوە: «سەبارەت بە مەرگی تۆ، لە دەرێی دەریا دەبێت و مەرگێکی فرە ئاسان و خۆش دەبێت: دوای ئەوەی پیروخەڕۆ دەبێت.» (*ئۆدیسە*، لا ٢٣٧) مەرگەکە لە دەرەوەی دەریا نابێت، بەڵکو لە دەریادا دەبێت، واتە ئەوەی دەڵێت: «دەرێی دەریا» هەڵەیە، هەروەها *دەبێت*ەکەش هەڵەیە و دەبوو *دەبیت* بووایە. **~ن.م.**

363 **باوکە ئۆکیانۆسی پیر**: ناسناوی هۆمیرۆسە بۆ پرۆتێفس. **~گ.س.**

**ئۆکیانۆس**: (یان: ئۆکیانوس، ئۆقیانوس، ئۆقیانۆس، ئۆگیانۆس، ئۆگیانوس) بە ئینگلی Oceanus لە ئوستوورەی گریکیدا خودای ڕووبار بووە، بە گوێرەی کۆنترین گێڕانەوەکانی گریک هەموو زەوی بە ڕووبار دەورە دراوە. لە هۆنراوەکانی هۆمیرۆسدا وا دەردەکەوێت خودایەکی زۆر مەزن و بەتوانا بووبێت، کە تەنها گوێڕایەڵی زیۆس بووە، بەڵام هۆمیرۆس ئاماژە بەوە نادات دایک و باوکی کێ بوون، بەڵام دەڵێت تیثیس ژنی بووە و سێ کچیان بووە: ثێتیس، ئێڤرینۆمی، پێرسی. شوێنەکەی بە جێیەکی ڕۆژئاوا دانراوە و لەوێ خۆی و تیثیس ئیرایان بە خێو کردووە، چون ئەو کاتەی زیۆس لەگەڵ تیتانەکاندا لە کێشمەکێشدا بووە ئیرایان هێناوە بۆ لای ئەمان. ئیسیۆدۆس دەڵێت ئۆکیانۆس کوڕی ئۆرانۆس و گێیا بووە، کە بەتەمەنترینی تیتانەکان بوون، هاوسەری تیثیسە و لەو سێ هەزار ڕووبار و زۆر ئۆکیانۆسزادەی بووە، کە گێیا و ئیسیۆدۆس تەنها ئاماژە بە ناوی هەرە بەتەمەنەکەیان دەدات. **~ن.م.**

[364] **پغی دو پاغی**: لە ڕاستیدا گغۆند *پغی دو پاغی*یە، واتە خەڵاتی گەورەی پاریس، لە ساڵنامەی فەڕەنسادا گرنگترین بۆنەی پێشبڕکێی ئەسپسوارییە. خەڵاتەکە لە سەڵی ١٩٠٤دا ٢٥٠٠٠٠ (دوو سەد و پەنجا هەزار) فڕانک بوو (بڕوانە ٢: ٩٤). ستیفن بێگومان ڕەگەزدۆزی دەکات لەگەڵ *پغی دو پاغی*دا، چونکە کە پاریس {لە ئوستوورەی گریکیدا، نەک شارەکە} سێوە زێڕینەکەی بە ئەفرۆدێتی دا، جەنگی ترۆیای هەڵگیرساند و دواجار ڕووبەڕووی ئۆدیسێفس وەستایەوە کە ئەگەری «مەرگی دەریایی» هەبوو. بەڵام گێڕانەوەیەکی تری چیرۆکی هێلێنی ترۆیا هەیە، کە ستێسیخۆرۆس، (نزیکەی ٣٢–٥٥٢ پ.ز.) کە هۆنەرێکی گریکییە، دەیگێڕێتەوە، ڕەنگە ئەمەیان پەیوەندیی بە ڕاڤەی داهاتووەوە هەبێت. لەو گێڕانەوەیاندا تەنها سەهویرێک، یان «لاساییکەرەوەیەک»ی هێلێن لەگەڵ پاریس چوو بۆ ترۆیا، لە کاتێکدا هێلێنە ڕاستینەکە هەر بە دڵسۆزی لەگەڵ مێنێلاوسدا مایەوە و لەگەڵ پرۆتێفسی پاشای میسردا بێ دەستتێوەردان چاوەڕێی تەواوبوونی جەنگی ترۆیای دەکرد. **~گ.س.**

**ڕەگەزدۆزی**: بە ئینگلی *pun*، پێکارێکی ڕەوانبێژییە، هەندێک جار *وشەبازی*شی پێ دەوترێت، کە لە چاپی پێشتردا من بەو وشەیەیان وەرمگێڕابوو، بە عەرەبی *جیناس*ە. جیناس «ئەوەیە کە دوو وشە وەک یەک بن» بۆ نموونە: وشەکانی «چین» لەم دێڕەی نالیدا: «برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین/ ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟!». **~ن.م.**

[365] **ئاگاداری... تاقیی بکەوە**: ئەمە دروشمێکی ڕیکلامسازییە کە ئاماژە بەوە دەدات کە *پغی دو پاغی* {خەڵاتی پاریس} خەڵاتێکە تەنها بۆ پیشاندان، کە دروستکەرەکانی ئەم خەڵاتە دواتر ئەم خەڵاتە بە کار دەهێنن بۆ ڕیکلامکردن بۆ بەرهەمەکانیان. **~گ.س.**

واتە کە کارگەیەک ئەم خەڵاتە دروست دەکات، دواتر هەر بەرهەمێکی تر دروست بکات لەو کانزایانەی ئەم خەڵاتەیان لێ دروست کراوە، بە خەڵکان دەڵێت کە ئەم بەرهەمە هەر ئەو کانزایەیە کە خەڵاتی پاریسی لێ دروست کراوە و ئاوها خەڵاتی پاریس بۆ ڕیکلامی خۆیان بە کار دەهێنن. هەروەها بڕوانە ڕاڤەی پێشوو، دەشێت لێرەدا مەبەستی لە هێلێنی ترۆیاش بێت، کە لاساییکەرەوەکەی لەگەڵ پاریسدا چووە بۆ ترۆیا و هێلێنە ماکەکە بە دڵسۆزی ماوەتەوە. **~ن.م.**

[366] **تینوومە**: عیسا بەسەر خاچەکەوە وا دەڵێت: «پاشان، لەبەر ئەوەی عیسا زانی کە هەموو شتێک تەواو بووە، هەروەها بۆ ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی، فەرمووی:

"تینوومە."» (یۆحەنا ١٩: ٢٨) ئاوهاش دوای لەخاچدانەکەی {گوایە ئاسمان تاریک دادێت و هەوری ڕەش بۆ نزیکەی سێ کاژێر دونیا تاریک دەکات و} دەوترێت کە هەورەبروسکە و بوومەلەرزە ڕووی داوە؛ هەورەبروسکەکەش بەوە لێکدەدرێتەوە کە شەیتان کەوتووە. **~گ.س.**

[367] **پڕبروسکە... ڕۆشنبیری**: *لوسیفەر* واتە *هەڵگری ڕووناکی*، ئاوهاش «پڕ بروسکە» مەبەست لەم دێڕەی *مزگێنی بە پێی نووسینی لۆقا*یە کە دەڵێت: «ئەویش پێی فەرموون: "شەیتانم بینی وەک بروسکە لە ئاسمانەوە دەکەوت."» (لۆقا ١٠: ١٨). **~گ.س.**

[368] **لوسیفەر... ئۆکاسیوم**: بە لاتینی: *Lucifer, dico, qui nescit occasum* واتە: *ئەستێرەی بەیان، دەڵێم، کە ئاوابوون ناناسێت*، ستیفن ئەم دەستەواژەیە لە بۆنەی کاسۆلیک بۆ پیرۆزکردنی شەممەی پیرۆزەوە دەهێنێت، واتە شەونخوونیی جەژنی پەسخە (ئیستەر): «جەژنێکی ڕووناکییە، جەژنێکی ئاوی ئاوەمۆرکردن و ئاوەمۆرکردن خۆیەتی» ئەم دەستەواژەیە بە نزیکی لە کۆتایی *ئێکسولتێت*دا دێت، کە گۆرانییەکە بۆ پێداهەڵدانی مۆمی پەسخە، «ستایشی ڕووناکییەکەی بەرزبوونەوەی مەسیح دەکەین». بەڵام لێرەدا کەمێک نارِوونیی هەیە، هەر وەک چۆن جوان کینەن ئاماژەی پێ داوە، چونکە ئەستێرەی بەیان، کە هەندێک جار وەک هێمای عیسا دانراوە، وەک چۆن لە پەڕتووکی *ئاشکراکردن*دا دەڵێت: «من عیسام، فریشتەکەمم نارد تاکو بەم شتانە شایەتی بۆ کڵێساکان بدەم. من لە ڕەگ و نەوەی داودم، ئەستێرەی بەیانی پڕشنگدار.» (ئاشکراکردن ٢٢: ١٦) ئاوهاش هەندێک جار ئەم ئەستێرەیە بە هێمای شەیتان دانراوە، وەک لە پەڕتووکی *ئیشایا*دا ئاماژەی پێ دەدات: «چۆن لە ئاسمانەوە بەربوویتەوە، ئەی ئەستێرەی پڕشنگدار، کوڕی بەرەبەیان! بەرەو زەوی بڕایتەوە، ئەی بەزێنەری نەتەوەکان!» (ئیشایا ١٤: ١٢) **~گ.س.**

[369] **شەبقە قاقلەیی... ئەوی من**: ئەمە لە گۆرانییەکەی ئۆفیلیاوە هێنراوە لە *هاملێت*دا، کە ئۆفیلیا شێت دەبێت، دەیڵێت:

چۆن خۆشەویستیی ڕاستینە بناسمەوە
لە ئەوینی درۆیینە؟
بە شەبقەی قاقلەیی و داردەست
لەگەڵ سەرپایی پێکانی؟

(هاملێت ٤: ٥، ٢٣-٢٦) شەبقەی قاقلەیی (بە سکالۆپێکەوە وەک نیشانەیەکی زیارەتکردن) و داردەستەکە ئاماژەیەکی میتافۆرییانەی زیارەتی خۆشەویستە بۆ

خۆشەویستەکەی (بڕوانە ٢: ٥٧). دەشێت تیلنیشانێکی تریش پەیوەندیی بە ئەم گۆرانییەی ئۆفیلیاوە هەبێت، ئەویش دواهەمین کۆپلەی هۆنراوەی *هارۆڵدی جوامێر* (١٨١٨)ی جۆرج گۆردن بایرۆن (لۆرد بایرۆن)ە (١٧٨٨-١٨٢٤)، هۆنراوەکە دەڵێت:

مالْئاوا! وشەیەکە کە ئێستاش و هەمیشەش
دەنگەکەی دەمانکوژێ؛ بەڵام دەی هەر مالْئاوا!
دوای زیارەتی کەوتووی تا شوێنەکەشی هەر چووی
کە دوا مەنزڵگەیەتی، گەر لە یادتا بمێنێ
بیرێک ڕۆژێک لە ڕۆژان هی خەیاڵی ئەو بووە، ئەگەر بە یادتدا بێ
تەنها یەک یادگاری - ئەوا بزانە کە وا لە خۆڕا نییە کە ئەو
سەرپاییەکەی لە پێ کرد، سکالۆپەکەی پۆشی؛
مالْئاوا! مەگەر تەنها ئازار خامۆش بێ لای ئەو،
خۆزگە تۆش هەتبووایە لەو جۆرە ئاکارەی ئەو.

*هارۆڵدی جوامێر*، نووسینی لۆرد بایرۆن، سرووودی چوارەم، کۆپلەی کۆتایی. **~گ.س.**

**ئەوی من**: مەبەست لەوەیە کە سەرپاییەکانی پێی ستیفن، کە لە ڕاستیدا پووتن و سەرپایی نین، بەڵام لەبەر دێڕەکەی *هاملێت* کردوویە بە *سەرپایی*، هەم هی مەڵیگنن و هەم هی خۆین.

**سەرپایی**: بە ئینگلی sandal، زۆر جار لە کوردیشدا پێی دەوترێت *سەندەل*، یان *سەندەڵ*، جۆرە پێڵاوێکی سووکەڵەیە لە بن و دوو دواڵ پێک هاتووە. **~ن.م.**

[370] **بەرەو زەمینی ئێوارە**: (بڕوانە ٣: ٣٠٤). **~گ.س.**

[371] **سێشەممە... درێژترین ڕۆژ**: کاتژمێر ٩ی ئێوارەی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٠٤ لە دەبلن هاوین دەستی پێ کرد. **~گ.س.**

٢١ی حوزەیران درێژترین ڕۆژی ساڵە و پێچەوانەی شەوی یەلدایە لە ٢١ی کانوونی یەکەمدا. **~ن.م.**

[372] **لە هەر هەموو... دایە گیان**: دێڕێکە لە هۆنراوەی *شاژنی ئایاری* ئالفرێد لۆرد تێنیسن (١٨٠٩-١٨٩٢)، یەکەم کۆپلەی هۆنراوەکە دەڵێت:

دەبێ زوو هەڵمبستێنی و بانگم بکەی، زوو بانگم بکە دایە گیان؛
سبەینێ خۆشترین ڕۆژە لە ساڵە نوێ خۆشەکەدا،

له هەر هەموو ساڵە تازە خۆشەکەدا، ئەی دایە گیان، شاگەشکانە و پڕکەیفترین ڕۆژی ساڵە؛

چونکە دەبم بە شاژنی ئایار، دایە، دەبم بە شاژنی ئایار. **~گ.س.**

**شاژنی ئایار**: بە ئینگلی *Queen of May*، بۆنەیەکە لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئایاردا یاد دەکرێتەوە و کچان جلی شاژن دەپۆشن و ئاهەنگ دەگێڕن. **~ن.م.**

[373] **چیمەنی تێنیسن**: تێنسی سەر چیمەن، جۆرە تێنسێکی خانەدانترانەی تێنسی سەر گۆڕەپانی ڕەق بوو، کە لەو سەردەمەدا بە یارییەکی نێرانە و سەخت و گران دانراوە. لە لایەکی تر ئالفرێد لۆرد تێنیسن (١٨٠٩-١٨٩٢) بە فەرمی بە «هۆنەری مەزن»ی سەردەمی شا ڤیکتۆریا دانرا، کە وەک هۆنەری ڕێزلێگیراو بە دوای ویلیەم وۆردسوۆرث (١٧٧٠-١٨٥٠)دا هاتووە (بڕوانە ٣: ٢٠٠). کاردانەوەی ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر نەگونجانی وەستاییانەی کێشناسی و هەندێک جاریش هەڵبژاردنی بابەتی لاوازدا، وای کرد ناوبانگی تێنیسن لە کۆتایی تەمەنیدا بە خێرایی لەکەدار ببێت، ناوبانگەکەشی وەک هۆنەرێکی گرنگ تەنها لەم ماوەیەی دواییدا دووبارە سەری هەڵدایەوە. **~گ.س.**

[374] **جا**: بە ئیتالی: *già* واتە هەر ئێستا. کە ستیفن لێرەدا ئەم وشەیە بە شێوەی: جا...جا بە کار دەهێنێت، ئاماژەیە بە بێئۆقرەیی، واتە: دەی با بڕۆین، دەی با بڕۆین. **~گ.س.**

[375] **دەڵەدێوە ددان زەردەکە**: (بڕوانە ٣: ١٨٨). **~گ.س.**

[376] **مسیۆ درومۆنت**: (بڕوانە ٣: ١٨٧). **~گ.س.**

[377] **مرۆڤە باڵاکە**: (بڕوانە ١: ٢٣٣). **~گ.س.**

[378] **ددانەکانم... واتایەکی هەبێت**: ددان بە «چەکی بەرایی هێرشکردن» دانراوە، ئاوهاش لەدەستچوون یان پووکانەوەی ددان هێمایە بۆ «ترس لە خەساندن، یان شکستهێنانی تەواو لە ژیاندا، یان شەرمەزاری». (*فەرهەنگی هێما*، نووسینی جەی ئی سیرلۆ، وەرگێڕانی {بۆ ئینگلی} جاک سەیج، نیو یۆرک، ١٩٧٢، لاپەڕە ٣٣٢). **~گ.س.**

[379] **پاشەوپاش ڕوانی**: پاشەوپاش ڕوانین لە جیهانی هێمادایە، لە دەقە بنەڕەتەکەدا هەر بە ناوی هێماکە نووسراوە کە *rere regardant*ە. *ڕیگاردنت* *regardant* واتە *سەرنجدان*، یان *ڕوانین*، بەڵام دکتۆر هەنت دەربارەی *rere* ئاماژەی بە مایکڵ جەی ئۆشێ داوە کە لە پەرتووکی *جەیمز جۆیس و هێماناسی*دا لە بارەی وشەکەوە دەڵێت: «هیچ کامێک لە سەرچاوە ئینگلییەکانی گەڕاومەتەوە سەریان ناڵێن *rere*، واتە *پاشەوپاش*، بەڵکو تەنها

دەڵێن: *بەرەو دوا ئاوڕیان داوەتەوە*... جگە لە بارۆن، ئەویش ئاماژە بە بەکارهێنانێکی دێرینی فەڕەنسیی وشەکە دەدات». **~ن.م.**

[380] **کۆڵەکە بەرزەکانی... دەجووڵا**: **سێبایەوان**: بە ئینگلی *threemaster*، جۆرە کەشتییەکی دێرینە کە سێ بایەوانی هەیە. **~ن.م.**

لەو جێیەی ستیفن لێی دانیشتووە، تەنها خاچی بایەوانەکانی کەشتییەکە دیارە و لەشی کەشتییەکە دیار نییە. **~ج.هـ.**

لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا ئاماژە بە کەشتییەک دراوە بە ناوی *ڕۆزڤین* کە خشتی پێبووە و لە بریدجوەتەرەوە هاتووە. لە ئەڵقەی دەیەم و شازدەیەمیشدا ئاماژەی پێ دەدات و دەڵێت: «کەشتییە سێبایەوانە دووستوونییە خشتبارکەرەکەی *ڕۆزڤین*ی بریدجوەتەر». بریدجوەتەر لە خۆرئاوای بریستڵە لە باشووری خۆرئاوای ئینگلتەرا؛ بە دروستکردنی خشتی سمارتە بەناوبانگ بوو. خشتی سمارتە بەردێک بوو لە شێوەی خشتدا، بۆ پاککردنەوە و پۆلیشکردنی کانزا بە کار دەهات. هەروەها سێ خاچە دارەکەش بیری گردی «کاسەسەر»مان دەخاتەوە کە ئەو شوێنە بوو کە عیسا لێی لە خاچ درا «ئەوسا دوو دز لەگەڵی لە خاچ درابوون، یەکێک لەلای ڕاستی و ئەوەی دیکەش لەلای چەپی» (مەتا ٢٧: ٣٨). **~گ.س.**

# بەشی دووەم

## ئۆدیسیا

# بەشی دووەم: ئۆدیسیا[1]

## ئەڵقەی چوارەم: کالیپسۆ[2]

میستەر لیۆپۆڵد بلووم[3] بە تامەزرۆییەوە ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵ و باڵندەی دەخوارد[4]. حەزی لە شۆربای خەستی هەناو و سیقەتۆرەی گوێزی و دڵێکی ئاخنراوی برژاو و توێژاڵەجگەری سوورکراوە لەگەڵ وردەتوێناندا[5] و گەرای سوورکراوەی ماگادۆس[6] بوو. لە هەموویان زیاتر، حەزی لە گورچیلەی برژاوی مەڕ بوو کە تامێکی چاکی میزی کەمێک بۆندەرکردووی بە مەڵاشووی دەبەخشی.

گورچیلە لە مێشکیدا بوو کە بە هێمنی لە ناندانەکەدا دەهات و دەچوو، شمەکی بەرچایی ژنەکەی لەسەر سینییە کۆپارەییەکە ڕێکدەخست. هەوا و ڕووناکییەکی بەستوو لە ناندانەکەدا بوون بەڵام بەیانییەکی فێنکی هاوین لە هەموو جێیەکی دەرەوە بوو. وای لێ کرد هەست بە کەمێک برسێتی بکات.

خەڵووزەکان سوور دەبوونەوە.

لەتێک نانی کەراویی تر: سێ، چوار: تەواوە. حەزی لەوە نەبوو قاپەکەی پڕ بێت. تەواوە. لە سینییەکە دوور کەوتەوە و کتلییەکەی لەسەر کوانووەکە هەڵبڕی و بە لادا خستییە بەر ئاگرەکە. کتلییەکە سست و هەڵتروشکاو لەویادا دانیشت، لوولەکەی دەرپۆقیبوو. خێرا کووپی چا. باشە. دەم وشک.

پشیلەکە کلکی هەڵبڕیبوو و بە دەوری قاچێکی مێزەکەدا بە قنجی سووڕایەوە.

- مککگنیاو!

میستەر بلووم لای ئاگرەکەوە ئاوڕی دایەوە و وتی:

- هەی، ئەوەتایت.

پشیلەکە لە وەڵامدا میاواندی و دیسان بە دەوری قاچێکی مێزەکەدا بە قنجی هەڵکوڕما، دەیمیاواند. هەر وەک چۆن لەسەر مێزی نووسینەکەم هەڵدەکوڕمێت. پوڕڕ. سەرم بخورێنە. پوڕڕ.

میستەر بلووم زانینخوازانە و میهرەبانانە تەماشای شێوە ڕەشە شلکەکەی کرد. پاکن بۆ بینین: ورشەی کەوڵە لووسەکەی، قۆپچە سپییەکەی ژێر کۆتایی کلکی، چاوە سەوزە بریسکەدارەکانی. بۆی نوشتایەوە، دەستەکانی لەسەر ئەژنۆکانی. وتی:

- شیر بۆ پشەکە.

پشیلەکە شیڕاندی:

- مرککگنیاو!

پێیان دەڵێن دەبەنگ. لەوەی ئێمە دەیلێین باشتر تێدەگەن وەک لەوەی ئێمە لەوان تێدەگەین[7]. وێ هەر شتێکی بوێت لێی تێدەگات. قیناویشە. بێبەزەییە. بە سرووشت وایە. سەیرە کە مشکان هەرگیز نازیقێنن. وا دیارە حەزیان لێی بێت[8]. داخۆ من لە چاوی ئەوەوە چۆن بم. بەرزیی قەڵایەک؟ نا، دەتوانێت بازم بەسەردا هەڵبدات. بە لاقرتێوە وتی:

- لە مریشکەکان دەترسێت. لە جووجەکان دەترسێت. هەرگیز پشەی وا بێمێشکم وەک پشەکە نەدیوە.

پشیلەکە بە دەنگی بەرز وتی:

- مرککنیاو!

چاوە بەهەڵپەکەی کردەوە کە لە شەرمەزاریدا داخرابوو، بە خەمگینی و بە درێژی دەیمیاواند، ددانە شیرئاسا سپییەکانی پیشانی بلووم دەدا. تەماشای تڵیشە تاریکەکانی کرد کە لە چلێسیدا تەسک دەبوونەوە تا وەک بەردی سەوزیان لێ هات[9]. پاشان چووە لای کەوانتەرەکە و ئەو دۆلکەیەی دەرهێنا کە شیرفرۆشەکەی لای هانلۆن[10] کەمێک لەوەوبەر بۆی پڕ کردبوو، شیری لە گەرمیدا بڵقەبڵقکردووی ڕۆ کردە سەر ژێرپیاڵەیەکەوە و بە خاوی لەسەر زەوییەکە داینا. پشیلەکە بۆ لێستنەوە ڕایکرد و شیڕاندی:

- گوڕڕڕ!

کە پشیلەکە سێ جار لووتی لێ دا و بە هێواشی کەوتە لێستنەوە بلووم تەماشای سمێڵی کرد کە لە ڕووناکییە کزەکەدا وەک سیم دەبریسکایەوە. داخۆ ڕاست بێت ئەگەر بیانبڕیت دوایی ناتوانن ڕاوی مشک بکەن[11]. بۆچی؟ لە تاریکیدا دەبریسکێنەوە، لەوانەیە تەنها نووکەکانیان. یان لە تاریکیدا وەک جۆرە شاخێکی هەستیار وان، لەوانەیە.

بلووم گوێی لە شڵپەشڵپی لێستنەوەکەی پشیلەکە گرت. گۆشتی ڕانی بەراز و هێلکە، نا. لەم بێبارانییەدا هێلکەی باش نییە. ئاوی نوێ و سازگاری پێویستە. پێنجشەممەیە: ڕۆژێکی باش نییە گورچیلەی مەڕ لای بەکڵی[12] بکڕم. لەگەڵ نەختێک بیبەری هاڕراودا لە ناو کەرەدا سوور بکرێتەوە. گورچیلەی بەرازی[13] لای دلوگاس[14] باشترە. تا کتلییەکە دەکوڵێت. خاوتر لێستیەوە، ژێرپیاڵەی لێساولێس کرد[15]. بۆچی زمانیان ئەوەندە جیڕە؟ تا باشتر بلێسنەوە، هەمووی کونی کونیلەدارە. هیچ نییە بیخوات؟ تەماشای چواردەوری خۆی کرد. نا.

بەسەر پلیکانەکاندا لەسەر پێڵاوێکی جیڕەجیڕکەری دەنگنزم چووە سەرەوە بۆ ڕاڕەوەکە، لای دەرگای ژووری نووستنەکەوە وەستا. لەوانەیە حەزی لە شتێکی بەتام بێت. بەیانیان حەزی لە نانی ناسک و کەرەیە[16]. لەگەڵ ئەوەشدا: ڕەنگە جارێک لە جاران.

لە ڕاڕەوە چۆڵەکەدا بە نەرمی وتی:

- تا ئەولای سەرسووچەکە دەڕۆم. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

کە گوێی لە دەنگی خۆی بوو، ئینجا وتی:

- هیچت ناوێت بۆ بەرچایی؟

مرخەیەکی ناسکی خەواڵوو وەڵامی دایەوە:

- منگ.

نا. هیچی نەویست. پاشان ئاهێکی گەرمی قووڵی گوێلێبوو، ناسکتر، کە مۆڵی[17] ڕووی وەرگێڕا ئەڵقە مسە شلەکانی چەرپاکە زرنگانەوە. بە ڕاستی دەبێت ئەوانە چاک بکەم. بە داخەوە. ئەو هەموو ڕێیە لە شاخی تاڕیقەوە[18]. کەمە ئیسپانییەکیش کە زانیبێتی لە بیری چووەتەوە. داخۆ باوکی چەندی پێی دابێت. کۆنە بابەتە. ئەها، بەڵێ! بێگومان. لە تەندەرەکەی پارێزگاردا کڕیویەتی. لە کورتی بۆیان بڕیوەتەوە[19]. تویدیی پیر، لە سەودادا وەک پۆڵا ڕەقە. بەڵێ، قوربان. لە پلێڤنا[20] بوو. لە پلە نزمەکانەوە بەرز بوومەتەوە[21]، قوربان، شانازیشی پێوە دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا بایی ئەوەندە زیرەک بوو کە پشکی شێری پوولەکان قۆرخ بکات. دەی ئەوەیە دووربینی.

دەستی شەبقەکەی هەڵگرت کە بە مێخی سەروو قاپووتە قورسەکەیەوە بوو کە تیپی یەکەمی ناوی خۆی لەسەر نووسرابوو کە لە تەنیشتیەوە مشەما باراندانەدەرە دەستی دووەکەی هەڵواسرابوو کە لە فەرمانگەی ونبووانی[22] کڕیبووەوە. پوولەکان: وێنەی پشتنووسەک[23]. دەتوانم بڵێم زۆرێک لە ئەفسەران سەریان تێی کردووە[24]. بێگومان وایە. نووسراوە ئارەقاوییەکەی سەر شەبقەکەی بە بێدەنگی پێی وت: شەب هەرە باشەکانی پلاستۆ[25]. بە خێرایی تەماشایەکی ژێر سەرپێچە چەرمەکەی ناو شەبقەکەی کرد. پارچە پەڕەیەکی سپی[26]. تەواوە، لە جێی خۆیەتی.

لەسەر پلیکانەکەی بەردەرگا دەستی بۆ گیرفانی سەر سمتی برد تا هەست بە کلیلەکەی دەرگای دەرەوە بکات. تیایدا نییە. لە پانتۆڵەکەی تردایە. دەبێت بیهێنم. پەتاتەم پێیە[27]. کەنتۆری جیڕەجیڕکەر. گوناحە هەراسانی بکەم. هێشتا خەواڵوو بوو کە ڕووی وەرگێڕا. بە دوای خۆیدا دەرگای ڕاڕەوەکەی زۆر بە هێواشی ڕاکێشا، زیاتریش، تا تەبەقی

ژێرەوەی دەرگاکە بە هێمنی کەوتە سەر ژێربەرانەکە، ڕووپۆشێکی لەنگە. لە داخراو دەچێت. بەهەرحاڵ، تا دێمەوە کێشەی نابێت.

بۆ بەرە ڕووناکەکە پەڕییەوە، خۆی لە زمانە نەبەستراوەکەی ژێرخانەکەی خانووی ژمارە حەفتا و پێنج بە دوور گرت[28]. خۆرەکە لە قوللەی کڵێسای جۆرج[29] نزیک دەبووەوە. ڕەنگە ڕۆژێکی گەرم بێت. بە تایبەتی لەم جلە ڕەشانەدا زیاتر هەستی پێ دەکرێت. ڕەش گەرمی دەگەیەنێت، دەیداتەوە (دەیشکێنێتەوە، وا نییە؟)[30]. بەڵام نابێت بەو قاتە کاڵەوە بڕۆم[31]. خۆ ناچم بۆ سەیران. هەندێک جار بە بێدەنگی پێڵووەکانی دادەکەوت کە بەناو گەرمییە خۆشەکەدا دەڕۆیشت. عەرەبانەی نانەکەی بۆلاند[32] بە سینی نانی ڕۆژانەمان[33] بۆ دەگێڕێت بەڵام مۆڵی حەزی لە کولێرەی چۆرەکی دوێنێیە سەرەکەی گەرم و برژابێت. وات لێ دەکات هەست بە گەنجێتی بکەیت. لە شوێنێک لە خۆرهەڵات: بەیانی زوو: لە کازیوەدا بە ڕێ بکەوە. لە پێش خۆرەوە لە گەشت بەردەوام بە، ڕەوتی ڕۆژێکی لێ بدزە. گەر بۆ هەمیشە وا بەردەوام بیت ئەوا لە ڕووی تەکنیکییەوە هەرگیز یەک ڕۆژ پیرتر نابیت. بە کەنارێکدا بڕۆ، خاکێکی نامۆ، وەرە بەر دەروازەی شار، پاسەوانی لێیە، ئەفسەری پلەوەرگرتووی[34] پیریش، سمێڵە زلەکانی تویدیی پیر، بەسەر جۆرێکی درێژی ڕمدا لار بووەتەوە. بە شەقامی بەسەیوانگیراودا وێڵ بە. دەموچاوە مێزەرپێچەکان بە لاتدا دەڕۆن. ئەشکەوتە تاریکەکانی فەرشفرۆشەکان، پیاوی گەورە، تورکییە ترسناکەکە، چوارمشقی دانیشتوون، نێرگەلە دەکێشن. هاواری فرۆشیاران لە شەقامەکاندا. بە درێژایی ڕۆژ ئاو بە تامی ڕازیانە بخۆرەوە، شەربەت. هەموو ڕۆژەکە پیاسە بکە. ڕەنگە دزێک یان دوانت لێ هەڵبکەوێت. ئێ، بیناسە. لە خۆرئاوابوون نزیک بەرەوە. سێبەری مزگەوتەکان لە ناو پایەکاندا: مەلا بەرماڵێکی لوولدراوی پێیە. شەکانەوەیەکی درەختەکان، هێمایە، شنەبای ئێوارە. هەر تێدەپەڕم. ئاسمانی زێڕین بەرەبەرە دەکوژێتەوە. دایکێک لە بەردەرگای ماڵی خۆیەوە تەماشام دەکات. بە زمانە سەیرەکەیان منداڵەکانی بانگ دەکاتەوە بۆ ماڵەوە. دیواری بەرز: لەودیویانەوە ژێیان دەژەنرێن. ئاسمانی شەو، مانگ، وەنەوشەیی، لە ڕەنگی ئاسقیی گۆرەوییە نوێکەی مۆڵی[35]. ئامێری ژێدار. گوێ بگرە. کچێک یەکێک لەو ئامێرانە دەژەنێت، نازانم چیی پێ دەڵێن: سەنتوور. هەر تێدەپەڕم.

ڕەنگە لە ڕاستیدا تۆزقاڵێکیش وا نەبێت. جۆرە شتانێکن دەیانخوێنیتەوە: لە *بە شوێن ڕێی خۆرد*ا[36]. تیرۆژ لە لاپەڕەی ناونیشانەکەیدا[37]. بزەی کرد، خۆی دڵخۆش کرد. ئەوە بوو کە ئارثەر گریفیث[38] لە بارەی نەخشی سەروپەڕەکەی *فریمان*ەوە وتی: خۆرێکی حوکمی سەربەخۆیی لە باکووری خۆرئاواوە لە کۆڵانێکی پشت بانکی ئایرلاندەوە

هەڵدێت[39]. درێژەی بە بزەی دڵخۆشییەکەی دا. دەی ئایکی[40] ئەوە هەڵبهێنە: خۆری حوکمی سەربەخۆیی لە باکووری خۆرئاواوە هەڵدێت.

لە لاری ئۆڕورک[41] نزیک بووەوە. کزە بۆنی پۆرتەر لە کەتیبەی ژێرزەمینەکەوە بەرز بووەوە. لە بەردەرگا کراوەکەی باڕەکەوە کزەبۆنی زەنجەبیل و تۆزی چا و وردەپسکیت دەرفیچقا. لە ڕاستیدا دوکانێکی باشە: ڕێک لای وێستگەی کۆتایی هاتوچۆی شارەوەیە. بۆ نموونە ماوڵی[42] لەوێوە: لە ڕووی شوێنەوە باش نییە. بێگومان ئەگەر هێڵێکی ترامیان بە درێژایی شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور لە مەیدانی وڵاخەکانەوە بۆ لەنگەرگاکان[43] لێبدایە بەهاکەی دەفڕی.

سەرێکی کەچەڵ لە پشت کرکرەکەوە[44]. کەرەپیرێکی قشت. هاندانی بۆ ڕیکلامکردن بە کەڵک نایەت. هێشتاش لە پیشەکەی خۆیدا چاک شارەزایە. ئەوەتا، ئەوە خۆیەتی، لارییە کەچەڵەکەم[45]، بە مەچەکە هەڵکراوەکانیەوە پاڵیداوەتەوە بە سەتڵە شەکرەکەدا و تەماشای مجێورە بەروانکەلەبەرەکە[46] دەکات کە بە سەتڵ و گسک زەوی دەسڕێت. سایمن دێدالۆس[47] ڕێک وەک خۆی لاسایی دەکاتەوە کە چاوی گرژ دەکات. دەزانیت چیت پێ دەڵێم؟ چی میستەر ئۆڕورک؟ دەزانیت چی؟ ڕووسییەکان لای یاپانییەکان تەنها بەرچاییەکی کاتژمێر هەشتی بەیانین[48].

بوەستە و شتێک بڵێ: مەگەر لە بارەی پرسەکەوە. بە داخەوە بۆ دیگنەمی[49] داماو، میستەر ئۆڕورک.

کە لایدایە ناو شەقامی دۆرسێتەوە لای بەردەرگاکەوە بە ناسکی و سڵاوکردنەوە وتی:

- ڕۆژباش، میستەر ئۆڕورک.

- ڕۆژباش بۆ تۆش.

- کەشوهەوایەکی دڵگیرە، قوربان.

- بەڵێ، ڕاستە.

چۆن پارە پەیدا دەکەن؟ مجێوری سەرسوور لە کاونتیی لیتریمەوە[50] دێن، پیرەمێرد[51] و بەتاڵەکان لە ژێرخانەکەدا ڕادەدەن. ئینجا بڕوانە و سەیر بکە، وەک ئادەم فایندلەیتەرز[52] یان دان تالۆنز[53] پێدەگەن. جا بیر لە کێبڕکێکە بکەوە. تینوێتیی گشتی. سەیر ئەوەیە هەموو دەبلن ببڕیت بێ ئەوەی بە لای مەیخانەیەکدا تێبپەڕیت. بەڵام کەس ناتوانێت. لەوانەیە لە سەرخۆشەکان. سێ دابنێ و پێنج هەڵبگرە. ئەوە چییە، شڵنگێک لێرە و لەوێ، تۆزێک لێرە و تۆزێک لەوێ. لەوانەیە لە سەودای کۆفرۆشییەکەدا بێت.

لەگەڵ فرۆشیارە گەشتیارەکاندا دەست تێکەڵاو دەکەن[54]. لەگەڵ بەڕێوەبەردا ڕێکی بخە و خۆشمان قازانجەکە دابەش دەکەین، چۆنە؟

سەرجەمی ئەوەی لە مانگێکدا لە پۆرتەرەوە دەستی دەکەوێت چەند دەکات؟ تۆ بڵێ دە بەرمیل شمەک. تۆ بڵێ لە سەددا دە داشکاندنی بۆ بکەن. یا زیاتر. پازدە. قوتابخانەی خۆماڵیی سانت جۆزێفی[55] تێپەڕاند. هەرای هاروهاجەکان. پەنجەرەکان کراونەتەوە. هەوای سازگار بۆ یادگە باشە. یان خۆشئاوازی. ئاییبیسی دیفیجی کێڵۆمێن ئۆپیکیو ڕەستیوڤی دەبلیو. کوڕن وانا؟ بەڵێ. ئینیشتورک. ئینیشاڕک. ئینیشبۆفین[56]. لە جۆگەلەفرییەکەیاندا[57]. ئەوەی من. شاخی بلووم[58].

لە بەردەم پەنجەرەکەی دلوگاسدا وەستا، تەماشای کلافەی سۆسجەکانی دەکرد، بۆڵۆنی، ڕەش و سپی[59]. پازدە کەڕەت. ژمارەکان لە مێشکیدا سپی بوونەوە، شیکارنەکراو: نابەدڵ، لێیان گەڕا کاڵ بینەوە. ئەڵقە بریسکەدارەکان، کە لە قیمە ئاختنرابوون، سەرنجی بلوومیان تێر کرد و بە ئارامی هەناسەی شلەتێنی خوێنی بەهاراتاویی کوڵێنراوی بەرازی هەڵمژی.

گورچیلەیەک لەسەر ئەو قاپەی بە نەخشی دارەبی نەخش کرابوو دڵۆپەخوێنی لێوە دەردەدزا: دواهەمین دانە بوو. لای کچەکەی دراوسێیی خۆیانەوە لەبەر مێزەکەدا وەستا. تۆ بڵێیت ئەویش ئەوە بکڕێت، کە وا پێویستییەکانی لە پارچەپەڕەیەکی ناو دەستیەوە دەخوێنێتەوە؟ قڵیشاوە: بە سۆدەی شوشتن. پاوند و نیوێکیش لە سۆسجی دێنی[60]. چاوەکانی لەسەر سمتە تۆکمەکەی نیشتنەوە. ناوی ودزە[61]. داخۆ چ کارە بێت؟ ژنەکەی نەختێک پیرە. خوێنی نوێ. حەزلێکردن قەدەغەیە. دوو قۆڵی بەهێز. دەماڵێت بە کومبارێکی سەر تەنافی جلەکەوە. جا چۆن ماڵینێک پیایدا دەماڵێت. چۆن تەنوورە چرچەکەی لەگەڵ هەموو پیاماڵینێکدا دەلەنگێتەوە.

قەسابی بەرازە چاوبەوەرزییەکە[62] بە پەنجەکانی، کە بە ڕەنگی پەمەیی سۆسج پەڵاوی ببوون، ئەو سۆسجانەی قەد کرد کە لەتلەتی کردبوون. گۆشتی تۆکمەیە: وەک نوێنگینێکی دابەستراو.

لاپەڕەیەکی لە گردۆڵکەی ڕۆژنامە لەتکراوەکانەوە هەڵگرت: کێڵگە نموونەییەکەی کینارێت لەسەر ڕۆخی دەریاچەی تەبەریاس[63]. دەشێت بکرێت بە بووژانگەیەکی نموونەیی زستانە. موسا مۆنتیفیۆرێ[64]. خۆم هەر زانیم. خانووی کێڵگەیی، پەرژین بە دەوریدا کراوە، وڵاخی لێڵ کاوێژ دەکەن. ڕۆژنامەکەی دوور خستەوە: سەرنجڕاکێشە: نزیکتر بیخوێنەرەوە، سەرباسەکە، وڵاخە لێڵە کاوێژکەرەکان، پەڕەکە خشەخش دەکات. نوێنگینێکی جوانی سپی. ئەو بەیانییانەی مەیدانی وڵاخەکان[65]،

ئاژەڵەکان لە گەوڕەکانیاندا دەیانبۆڕاند، مەڕی داخنیشانکراو[66]، شڵپە و بەردانەوەی تەپاڵە، ئاژەڵڕاگرەکان بە پووتە بزمارڕێژکراوەکانیانەوە بەناو پاشماوەکاندا خۆیان بە کێش دەکرد، بە لەپی دەستیان زللەیان لە گۆشتی باشپێگەیشتووی پاشووی ئاژەڵەکان دەدا. ئەوە دانەیەکی نایابە، خیزەری تویکڵنەکراو بە دەستیانەوە. بە خواری و ئارامییەوە پەڕەکەی ڕاگرت، ویست و هەستەکانی خۆی لار کردەوە، نیگای کز و لاوازی پشووی دا. تەنوورە چرچەکە دەلەنگێتەوە، پیامالین بە پیامالین بە پیامالین.

قەسابی بەرازەکە دوو پەڕەی لە گردۆڵکەکە ڕاکێشا، سۆسجە نایابەکانی خانمەکەی پێچایەوە و ڕوخساری سوور و گرژ کرد. وتی:

- ئەوەش، دادەکەم.

کچەکە خوردەیەکی پێشکەش کرد، بوێرانە بزەی دەکرد، مەچەکی ئەستووری ڕاگرت.

- سوپاس، دادەکەم. شڵنگێک و سێ پنسیش باقی. فەرموو، ئەمەش بۆ بەرێزت.

میستەر بلووم خێرا دەستی ڕاکێشا. تا ئەگەر بە خاوی ڕۆیشت پێی بگەمەوە و دوای بکەوم، بە دوای پشتەڕانە لەریوەکانیەوە. خۆشە یەکەم شت لە بەیانیدا ئەوە ببینیت. دە خێراکە، هەتیو. ئاسن بە گەرمی دەکوترێت[67]. کچەکە لە دەرەوەی دوکانەکەدا لەبەر تیشکی خۆرەکەدا ڕاوەستا و تەمبەڵانە لۆژلۆژ بەرەو لای ڕاست ڕۆیشت. میستەر بلووم لە ژێر لووتەوە ئاهێکی دایەوە: هەرگیز تێناگەن. ئەو دەستانەی بە سۆدە قلیشابوون. نینۆکی پێشی تویکڵیان هەڵدابوو. سکاپولاری قاوەیی[68] شڕ، بەرگری لە هەردوو دیوی دەکات. چزووی فەرامۆشی لە سنگی ویدا بۆ چێژی لاواز گەشایەوە[69]. بۆ یەکێکی تر: پۆلیسێک لە کاتی کارنەکردنیدا لە باریکەڕێی ئێکلسدا[70] باوەشی پێدا دەکات. حەزیان لە هی زلە[71]. سۆسجی نایاب. ئەی تکایە، کاکی پۆلیس، لە دارستاندا ون بووم[72].

- سێ پنس، فەرموو.

دەستی گرێ شێدارە ناسکەکەی وەرگرت و خزاندیە ناو لاگیرفانێکیەوە. پاشان سێ خوردەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە دەرهێنا و خستنیە سەر لاستیکە دڕکاوییەکە. ڕاکشان، بەخێرایی پشکنران و خەپلە بە خەپلە خزێنرانە ناو قاسەکەوە.

- سوپاس قوربان، بە نیازی دیدار.

پنۆکێک ئاگری پەرۆش لە چاوڕێوییەکەوە سوپاسی کرد. دوای چرکەیەک پاشەکشەی بە نیگای کرد. نا: باشترە وا نەکەم: کاتێکی تر[73]. کە دوور کەوتەوە وتی:

- ڕۆژێکی خۆش.

- ڕۆژێکی خۆش، قوربان.

شوێنەواری نەما. ڕۆیشت. ئینجا چییە؟

بە شەقامی دۆرسێتدا گەڕایەوە، بە خاوی دەیخوێندەوە. ئەگنداث نەتایم[74]: بەشگەی چێنەرەکان. بۆ کڕینی زەویی کەلاوەی لمین لە حکومەتی تورکی[75] و چاندنی درەختی ئۆکالیپتۆس. بۆ سێبەر و سووتەمەنی و تەلارسازی نایابە. دارستانی پرتەقاڵ و کێڵگەی فراوانی کاڵەک لە باکووری یافا[76]. هەشتا مارک[77] دەدەیت و ئەوان دۆنمێک[78] زەویت بە درەختی زەیتوون، پرتەقاڵ، بادەم و ترنج بۆ دەچێنن. زەیتوون هەرزانترە: پرتەقاڵ پێویستی بە ئاودێریی دەستکرد هەیە. هەموو ساڵێک بارێک لە بەرەکەت پێ دەگات. بۆ تاتایە ناوت وەک خاوەن لە پەڕتووکی سەندیکاکەدا دەمێنێتەوە. دەتوانیت پێشەکی دە بدەیت و ماوەکەش بە قیستی ساڵانە. بلایبتغۆشتراسە، ٣٤، بەرلین، خۆرئاوا. ١٥[79].

بە کەڵکم نایەت. بەڵام بیرۆکەیەک لە پشتیەوە هەیە.

تەماشای وڵاخەکانی کرد، لە گەرمای زیویندا لێڵ ببوون. دارزەیتوونە بەزیوتۆزکراوەکان[80]. ڕۆژانی هێمنی درێژ: قەڵەمکردن، پێگەیشتن. زەیتوون لە قتوودا هەڵدەگیرێت، ها؟ کەمێکم لەوەی ئاندروس[81] ماوە. مۆڵی تفیان دەکاتەوە. ئێستا دەزانێت تامیان چۆنە. پرتەقاڵەکان لە پەڕەی تەنکدا لە سندوقدا پێچراون. ترنجیش. داخۆ سیترۆنی داماو هێشتا لە سانت کێڤن پارەید مابێت[82]. ماستیانسکیش[83] بە سیتێرنە[84] کۆنەکەوە. ئەو کات ئێوارانێکی خۆشمان ڕادەبوارد. مۆڵی لە ناو کورسییە حەسیرییەکەی سیترۆندا. میوەیەکی فێنکی مۆملێدراوە و خۆشە لە دەستتدا هەڵیبگریت و بۆ لای کونەلووتەکانتەوە بەرزی بکەیتەوە و بۆنی بەرامەکەی بکەیت. ئاوها، بۆنی قورس و شیرین و تیژ. ساڵ دێت و دەڕوات و ئەو هەر ناگۆڕێت. مۆیزڵ پێی وتم کە پارەی چاکیشیان دەکرد. ئاربوتوس پلەیس: شەقامی پلێزەنتس[85]: سەردەمی خۆشی زوو[86]. وتی دەبێت خەوشی تێدا نەبێت[87].

ئەو هەموو ڕێیە دەبڕێت: ئیسپانیا، شاخی تاریق، دەریای سپیی ناوەڕاست، خۆرهەڵات. لای لەنگەرگای یافاوە سندوق ڕیز کراون، کابرایەک لە پەڕتووکدا تۆماریان دەکات، حەماڵەکان بە پێی خاوس و بەدلەی کاری قوڕاوییەوە هەڵیاندەگرن. ئەوەی لەوێوە دێتە دەرەوە، ناوی چی بوو؟ ئەم کاتەت باش. نابینێت. کەمێک وەڕسکەرە کەسێک تەنها بۆ سڵاوکردن بناسیت. پشتی وەک پشتی ئەو سەرهەنگە نەرویجییە وایە[88]. داخۆ ئەمڕۆ دەیبینم. عەرەبانەی ئاوپرژێن. تا ببێتە هۆی بارانبارین. لەسەر زەوی وەک لە ئاسمان[89].

هەورێک بە خاوی و پڕاوپڕ کەوتە بەرگرتنی خۆر. بۆر. دوور.

نا، وا نییە. زەوییەکی بێبەر، کەلاوەی ڕووت. دەریای مردوو دەریاچەی گڕکانییە[90]: بێ ماسی، بێ گژوگیا، بە ناخی زەویدا ڕۆچووە. هیچ بایەک نەیتوانیوە ئەو شەپۆلانە بەرز بکاتەوە، ئاوی بۆری کانزایی و لیڵ و ژەهراوی. پێیان دەوت گۆگرد و دادەباری: شارەکانی دەوروبەرەکە: سەدۆم، عەمۆرا، ئەدۆم[91]. هەموویان ناوی مردوون. دەریایەکی مردوو لە خاکێکی مردوودا، بۆر و کۆن. ئێستا پیرە. هەرە کۆنترین و یەکەم نەژاد[92] لەوەوە بەری گرتووە. مێدرنجێکی قەموور لای کاسیدییەوە[93] پەڕییەوە، بوتڵێکی نیوچارەک مەیی بە ملەکەی گرتبوو. کۆنترین نەتەوە. بەسەر هەموو زەویدا دوور دوور وێڵ بوون، ڕاپێچکردن دوای ڕاپێچکردن[94]، چەندجارە دەبن، دەمرن، لە هەموو شوێنێک لە دایک دەبن. ئێستا ئەو لەوێ ڕاکشاوە. ئێستا ئیتر ناتوانێت نەتەوەی تر بخاتەوە. مرد: ئەوەی پیرەژنێک: قوزی بۆری نوقمبووی جیهان.

خاپوورستان.

ترسی بۆر پێستی هەڵقرچاند. پەڕەکەی قەد کرد بۆ ناو گیرفانی و چووە شەقامی ئیکڵسەوە، بەرەو ماڵەوە پەلەی دەکرد. ڕۆنی سارد بە خوێنهێنەرەکانیدا تێپەڕین، خوێنی لەشی دەبەست: تەمەن بە جبەیەکی خوێیی داپۆشی[95]. دەی، من ئێستا لێرەم. بەڵێ، ئێستا لێرەم. بەیانی دیمەنی خراپ دەردەبڕێت. خراپ لە خەو هەڵستاوم. دەبێت دەست بکەمەوە بەو ڕاهێنانانەی ساندۆ[96]. شناو[97]. خانووی خشتی قاوەیی پەڵاوی. هێشتا خانووی ژمارە هەشتا بە کرێ نەدراوە. بۆچی؟ داوای تەنها بیست و هەشت پاوەنی لێ دەکەن[98]. تاوەرز، باتەرزبای، نۆرث، مەک ئارثەر[99]: پەنجەرەکانی ژووری دانیشتنەکانیان بە لەزگەی ڕیکلام سواغ داوە. وەک لەزگەی سەر چاوی ئێشکردوو. بۆ بۆنکردنی بۆنی خۆشی دووکەڵی چا[100]، چڕەدووکەڵی تاوەکە، کەرەی چزەچزکەر. نزیک لەشە خەپانە بەجێگاگەرمبووەوەکەی مۆڵییەوە بە. بەڵێ، بەڵێ.

تیشکی خۆری گەرمی خێرا لە شەقامی بێرکەلییەوە بە درێژایی تووڵەڕێ ڕووناکەکە بە سۆلی باریکەلەوە بە پڕتاو و ڕاکردنەوە هات. کچێکی قژزێڕین بەسەر باوە ڕادەکات، ڕادەکات تا بە من بگات[101].

دوو نامە و کارتێک لەسەر زەویی ڕاڕەوەکەدا ڕاکشابوون. کۆمایەوە و کۆی کردنەوە. خاتوو ماریۆن بلووم[102]. یەکسەر دڵە پەلەکردووەکەی خاو بووەوە. دەسخەتی زەق. خاتوو ماریۆن.

- پۆڵدی!

کە چووە ژووری نووستنەکەوە چاوەکانی بە نیوەیی داخست و بەناو کازیوەی زەردی گەرمدا بەرەو قژە بژەکەی مۆلی ڕۆیشت.

- نامەکان بۆ کێن؟

تەماشای کردن. مەلینگەر[103]. میلی.

بە وریاییەوە وتی:

- نامەیەک لە میلییەوە بۆ من و کارتێک بۆ تۆ. نامەیەکیش هەر بۆ تۆ.

کارت و نامەکەی ئەوی لەسەر بەرگەنوێنە میللارەکە[104] نزیک چەماوەی ئەژنۆکانی دانا.

- دەتەوێت کرکرەکە هەڵبدەمەوە؟

بە ڕاکێشانی هێواش کرکرەکەی تا نیوە بەرز کردەوە و چاوە ڕوولەپشتەکەی[105] نیگاکەی ئەوی لە نامەکە دی و بینی کە خستییە ژێر سەرینەکەی خۆیەوە. ئاوڕی دایەوە و پرسیی:

- وا باشە؟

مۆڵی کارتەکەی دەخوێندەوە کە بە ئانیشکیدا هەڵپەساردبوو. وتی:

- شتەکانی پێ گەیشتووە.

بلووم چاوەڕێی مۆڵیی کرد تا کارتەکەی لادا و بە ئاهێکی ئاسوودەییەوە خۆی بە خاوی وەرسووڕاند. وتی:

- پەلەیەک لەو چایە بکە، دەمم وشک بووە.

بلووم وتی:

- کتلییەکە دەکوڵێت.

بەڵام بۆ چۆڵکردنی کورسییەکە خۆی دواخست: ژێرکراسە میلمیلەکەی، ژێرپۆشی کەتانی پیسی هاوێژراو: بە باوەشێک هەموویانی بۆ سەر دامێنی چەرپاکە هەڵگرت.

کە بە پلیکانەکانی نانداندا داگەڕا مۆڵی بانگی کرد:

- پۆڵدی!

- چی؟

- قۆرییەکە داپڵۆخێنە.

باش کەوتووەتە کوڵ: باقەیەک هەڵم لە لوولەکەیەوە. قۆرییەکەی داپڵۆخاند و وەریدا و چوار کەوچکی قەڵا چای تێکرد، پاشان کتلییەکەی لار دەکردەوە تا ئاوەکە بڕژێنێتە ناویەوە. پاش ئەوەی داینا تا دەم بکێشێت کتلییەکەی لابرد، تاوەکەی بە پانی پەستاوتە سەر خەڵووزە گەشاوەکان و تەماشای سەلکی کەرەکەی کرد کە دەخزێت و

دەتوێتەوە. کە گورچیلەکەی لە پەڕەکە دەرهێنا پشیلەکە برسییانە بەرانبەری میاواندی. گۆشتی زۆری بدەیە ئیتر ڕاوەمشک ناکات. دەڵێن گوایە بەراز ناخۆن. کۆشەر[106]. هانێ. لێگەڕا پەڕە بەخوێنلەکەداربووەکە بکەوێتە بەردەم پشیلەکە و گورچیلەکەی قڵپاندە ناو سۆسی کەرە چزچزکەرەکەوە. بیبەر. لە کووپە قرنجاوەکەی هێلکەکەوە بەناو پەنجەکانیدا بە بازنەیی پرژاندییە سەری.

پاشان نامەکەی بە تلێشان کردەوە، تەماشای دامێن و ئەودیوی پەڕەکەی کرد. سوپاس: تامۆشانتەرە نوێکەم[107]: میستەر کۆکلان[108]: سەیرانێکی دەریاچەی ئۆوێڵ[109]: خوێندکارێکی گەنج[110]: کیژانی کەنارانی[111] بلێسە بۆیلەن[112].

چاکە دەمی کێشا. کووپی سمێڵەکەی خۆی پڕ کرد، کە لاسایی تاجی دێربی بوو، بزەی دەکرد. دیارییەکەی میلی گوڵی بۆ ڕۆژی لەدایکبوونەکەم[113]. ئەوکات تەمەنی تەنها پێنج ساڵان بوو. نا، ڕاوەستە: چوار ساڵ بوو. گەردانە عەنبەرەکەم پێی دا کە شکاندی. پارچە پەڕەی قاوەیی نوشتاوەم بۆی کردە قتووی نامەکانیەوە. بە دەم تێکردنەوە بزەی دەکرد.

*ئەی میلی بلووم، نازداری منیت،*
*شەو تا بەیانی ئاوێنەی منیت،*
*بە بێ فلسێکیش زیاتر خۆشمەوێی*
*لە کەیتی کیۆ و کەر و باخچەکەی*[114].

پرۆفیسۆر گودوینی[115] پیری داماو. بێچارەیەکی پیر. بەڵام هێشتا پیرەمێردێکی بەڕێز بوو. لەسەر شێوازی دێرین لەودیو سەکۆکەوە سەری بۆ مۆڵی دادەنەواند. ئاوێنە بچکۆلەکەی ناو شەبقە ئاوریشمەکەشی. ئەو شەوەی میلی هێنایە ژووری دانیشتنەکەوە. ئۆی، تەماشا کەن چیم لە شەبقەکەی پرۆفیسۆر گودویندا دۆزییەوە! هەر هەموومان پێکەنین. هەر لەو کاتەوە کچێتی تیایدا دەرکەوتبوو. منداڵێکی بچووکی بێشەرم بوو.

چەتاڵێکی ئاژنییە گورچیلەکەوە و شڵپ هەڵیگەڕاندەوە: پاشان لەسەر سینییەکە جێی قۆرییەکەی کردەوە. کە بەرزی کردەوە قۆقزییەکەی بوو بە ڕووچاڵ. هەموو شتێکی لەسەرە؟ نانی کەراوی، چوار، شەکر، کەوچک، کرێمەکەی. بەڵێ. بەرەو نهۆمی سەرەوە هەڵیگرت، کەڵەموستی لە مشتووی قۆرییەکە گیر کرد.

بە ئەژنۆی تەکانی بە دەرگاکە دا و کردیەوە و سینییەکەی بۆ ژوورەوە برد و لەسەر کورسییەکەی لای سەری چەرپاکەوە داینا. مۆڵی وتی:

- چ زۆرت پێچوو!

کە بە گورجی خۆی بەرز کردەوە مسەکانی زرنگاندەوە، ئانیشکێکی لەسەر سەرینەکە بوو. بلووم بە هێمنی داڕوانییە قەبەییەکەی و نێوان مەمکە گەورە نەرمەکانی، لە ناو چەپکەنەکەیدا وەک گوانی بزنەمێیەیەک دەشڵەقان. گەرمیی لەشە ڕاکشاوەکەی بەناو هەواکەدا بەرز بووەوە، لەگەڵ بۆنی چاکەدا کە تێیکرد تێکەڵاو بوون[116].

تیلمەیەک زەرفی نامەی دڕاو لە ژێر سەرینە قووپاوەکەوە دەیڕوانی[117]. بلووم لە کردەی ڕۆیشتندا بۆ ڕێککردنەوەی بەرگەنوێنەکە مایەوە. پرسیی:

- نامەکە لە کێوە بوو؟

دەسخەتی زەق: ماریۆن. مۆڵی وتی:

- ئۆی، بۆیلەن، بەرنامەکە دەهێنێت.

- چی دەبێژیت؟

مۆڵی وتی:

- *لا چی دارێم*[118] لەگەڵ جەی سی دۆیەل[119] و *بەستە کۆنە خۆشەکەی ئەوین*[120].

لێوی پڕی بە دەم خواردنەوەوە بزەی کرد. ئەو بخوورە لە ڕۆژی دواتردا بۆنێکی کۆن بە جێ دەهێڵێت. وەک گوڵاوی[121] بۆگەن.

- حەز دەکەیت تۆزێک پەنجەرەکە بکرێتەوە؟

مۆڵی لەتێک نانی دووقەد کرد بۆ ناو دەمی. پرسیی:

- پرسەکە کاتژمێر چەندە؟

بلووم وەڵامی دایەوە:

- وا بزانم یازدە، ڕۆژنامەکەم نەبینی.

بلووم بە دوای ئاماژەی پەنجەی مۆڵیدا قاچێکی دەرپێ پیسەکەی مۆڵیی لە جێگاکەوە هەڵگرت. ئەمە نا؟ پاشان ئاسقییەکی بۆر کە بە دەوری گۆرەوییەکدا پێچی خواردبوو: بنەپێیەکی چرچولۆچ و ورشەدار.

- نا: ئەو پەڕتووکە.

گۆرەوییەکەی تر. ژێرکراسەکەی. مۆڵی وتی:

- لەوانەیە کەوتبێتە خوارەوە.

بلووم دەستی بۆ ئێرە و ئەوێ برد. *ڤۆلیۆ ئێ نۆن ڤۆررێی*[122]. داخۆ ئەوە بە ڕاستی گۆ بکات: *ڤۆلیۆ*. لە جێگاکەدا نییە. دەبێت خزابێتە خوارەوە. نوشتایەوە و لێوارەکەی

هەڵدایەوە. پەڕتووکەکە، بە کەوتوویی، بەسەر گووپی میزەوانە نەخشپرتەقاڵییەکەدا[123] لەپەوڕوو[124] کەوتبوو. مۆڵی وتی:

- ئا بیهێنە ئێرەوە و پیشانم بدە، نیشانەیەکم تیایدا داناوە. وشەیەکی تێدایە ویستم لە تۆی بپرسم.

مۆڵی قومێک لە چای ناو کووپەکەی هەڵقوڕاند کە بێ مشتووەکەی هەڵیگرتبوو و، کە چابوکانە سەرەپەنجەکانی خۆی بەسەر بەتانییەکەدا هێنا و سڕی، بە تەوقەکەی خۆی بە دوای دەقەکەدا کەوتە گەڕان تا وشەکەی دۆزییەوە. بلووم پرسیی:

- گەیپێی چی؟

مۆڵی وتی:

- ئەوەتا، ئەوە واتای چییە؟

بلووم نوشتایەوە و نزیکی نینۆکی پۆڵیشکراوی ئەسپێکوژەی مۆڵیی خوێندەوە و پرسیی:

- گیانگۆڕکێ[125]؟

- بەڵێ. ئەوە کێیە ئەو کاتەی لە ماڵەوەیە؟

بلووم بە مۆنی وتی:

- گیانگۆڕکێ، بە گریکی پێی دەڵێن *مێتێمسایکۆسز*: لە گریکییەوە هاتووە. واتە گوێزانەوەی گیانەکان.

مۆڵی وتی:

- دە قسەی قۆڕ! بە سادەیی تێمان بگەیەنە.

وی بزەی کرد، بە گومانەوە تەماشای چاوە گاڵتەپێکەرەکانی دەکرد. هەمان چاوەکانی گەنجییەتی. یەکەم شەوی دوای یاریی نەگۆییێنەکە[126]. دۆلفینس باڕن[127]. پەڕە پیسبووەکانی هەڵدایەوە. *ڕوبی: قارەمانی گۆڕەپان*[128]. سڵاو. وێنە. ئیتالییەکی توندڕەو بە قەمچییەکی عەرەبانەوە. دەبێت ڕوبیی قارەمانی بێت بە ڕووتی لەسەر زەوییەکە[129]. تکایە پەڕەکە بە کرێ دراوە[130]. *مافێیی درِندە دەستی هەڵگرت و بە جنێوێکەوە قوربانییەکەی لە خۆی دوور خستەوە*[131]. هەمووی بە بێبەزەیییێتی دەکرێت. ئاژەڵی دەرمانخواردکراو. تەنافبازی لای هانگڵەرەکان[132]. ناچار دەبوو ڕوو وەربگێڕیت. خەڵکەکەش دەمیان داچەقیبوو. تۆ ملت بشکێنە و با ئێمەش لە پێکەنیندا بقرتێین. خێزانەکانیان. لە منداڵییەوە ئێسکیان دەردەهێنن[133] تا گیانگۆڕکێ بکەن. ئەوەی دوای مردن دەژین. گیانەکانمان. ئەوەی گیانی مرۆڤێک دوای مردنی، گیانی دیگنەم...

بلووم پرسیی:

- تەواوت کرد؟

مۆلی وتی:

- بەڵێ. هیچ بابەتی ناجۆری تێدا نییە. ئایا وێ هەموو کاتەکە هەر ئەویندارى یەکەم کوڕە[134]؟

- هەرگیز نەمخوێندووەتەوە. یەکێکی ترت دەوێت؟

- بەڵێ. یەکێکی تری پۆڵ دو کۆک[135] بهێنە. ناوبانگێکی باشی هەیە.

مۆلی چای زیاتری ڕشتە ناو کووپەکەیەوە، بە تیلەی چاو تەماشای کرد کە دادەچۆڕا.

پێویستە ئەو پەڕتووکەی پەڕتووکخانەکەی شەقامی کەیپڵ[136] نوێ بکەمەوە، ئەگینا نامەیەک بۆ کیارنی[137] دەنووسن، ئەستۆگرەکەم. دۆنادۆن: ئەوە وشەکەیە. وتی:

- هەندێک کەس باوەڕیان وایە کە دوای مردن لە لەشێکی تردا دەژینەوە، هەروەها کە پێشتر ژیاوین. پێی دەڵێن دۆنادۆن. واتە ئەوەی کە هەموومان هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەسەر زەوی یان هەسارەیەکی تر ژیاوین. دەڵێن لە بیرمان چووەتەوە. هەندێک دەڵێن ژیانی ڕابردوویان لە بیر ماوە.

کرێمە خاوەکە زەمبەلەکی شڵەقاوی بە ناو چاکەیدا بادا. باشترە وشەکەی بیر بخەمەوە: گیانگۆڕکێ. نموونەیەک ڕەنگە باشتر بێت. نموونەیەک؟

*خۆشوشتنی نیمفەکە*[138] لە سەروو چەرپاکەوە. لەگەڵ ژمارەی ئیستەری فۆتۆ بیتس‌دا بەخشرا[139]: شاکارێکی نایابی هونەری ڕەنگاوڕەنگ. چا پێش ئەوەی شیری تێ بخەیت. ناهاوشێوە نییە لەگەڵ ئەودا کە قژی بەردەداتەوە: قەدباریکترە[140]. سێ شڵنگ و شەش پنسم بە چوارچێوەکە دا. وتی لای سەرووی چەرپاکەوە جوان دەردەکەوێت. نیمفی ڕووت: گریک: بۆ نموونە هەموو ئەو خەڵکانەی ئەوکات ژیاون.

پەڕەکانی بۆ دواوە هەڵدایەوە. وتی:

- *مێتێمسایکۆسز* ئەوەیە کە گریکە دێرینەکان پێیان وتووە. بۆ نموونە، باوەڕیان وا بوو کە تۆ دەشێت بگۆڕێیت بە ئاژەڵ یان درەخت. بۆ نموونە، ئەوانەی کە پێیان دەوتن نیمف.

کەوچکەکەی مۆلی لە تێکهەڵدانی شەکرەکە وەستا. تەماشای بەردەمی خۆی کرد، لە کونەلووتە کەوانەییەکانیەوە هەناسەی هەڵدەکێشا. وتی:

- بۆنی سووتاوییەک دێت. هیچت لەسەر ئاگرەکە بە جێ هێشتووە؟

بلووم لەپڕ هاواری کرد:

- گورچیلەکە!

به زۆر پەڕتووکەکەی لە گیرفانی ناوەوەیدا جێ کردەوە و، کە پەنجەکانی قاچی بە کۆمێدییە شکاوەکەدا کەوت، بەرەو بۆنەکە بۆ دەرەوە پەلەی کرد، بە قاچی لەقلەقێکی پەشۆکاوەوە بە شپرزەیی بە پلیکانەکاندا هەنگاوی دادا. دووکەڵی بۆنتیژ بە فیچقەی تووڕە لە لایەکی تاوەکەوە دەردەفیشکا. بە تێوەژەندنی چوکڵەیەکی چەتاڵەکە لە ژێر گورچیلەکەوە لە تاوەکەی جیا کردەوە و سەرەوقلّپ هەڵیگەڕاندەوە سەر پشت. تەنها کەمێکی سووتاوە. لە تاوەکەوە فڕێی دایە سەر قاپێک و چەوراوە قاوەییە کەمەکەشی بە سەریدا ڕشت.

ئێستاش کووپێک چا. دانیشت، لەتێک کولێرەی بڕی و کەراویی کرد. گۆشتە سووتاوەکەی کەنار خست و بۆ پشیلەکەی هاویشت. پاشان پڕچەتاڵێکی بۆ دەمی برد، بۆ پشکنین گۆشتە ناسکە بەتامەکەی[141] دەجووی. خشت بە کاتی خشتی خۆی لێنراوە. قومێک چا. پاشان شەشپاڵووی نانی بڕی، یەکێکیانی لە ناو چەوراوەکەدا خوساند و خستیە دەمیەوە. ئەرێ ئەوە چی بوو کە نووسیبووی خوێندکارێکی گەنج و سەیرانێک؟ پڕی بە نامەکەی لاگیرفانیدا کرد و دەریهێنا، لەگەڵ جوینەکەی بە خاوی خوێندیەوە، شەشپاڵووێکی تری نانی لە ناو چەوراوەکەدا خوساند و بۆ لای دەمی هەڵیبڕی.

پاپلیی بەوەجترینم،

بۆ هەمیشە زۆر سوپاس بۆ دیارییە نازدارەکەی ڕۆژی لەدایکبوونەکە. زۆر کەشخانە لێم هاتووە. هەموو خەڵکان دەڵێن کە بە تامۆشانتەرە نوێکەمەوە شاجوانی هەمووانم. قتووی کرێمە نایابەکانی دایکمم پێ گەیشت و دەنووسم. نایابن. ئێستا بە پیشەی فۆتۆوە خەریکم. میستەر کۆکلان وێنەیەکی من و خاتوونەکەی گرت. کە شۆرایەوە دەینێرم[142]. دوێنێ کارێکی مەزنمان کرد. ڕۆژێ خۆش و هەموو ئەوانەی تا قولەپێیان هەر گۆشتە[143] لەوێ بوون. ڕۆژی دووشەممە لەگەڵ هەندێک هاوڕێدا بە سەیرانێکی بچووک[144] دەچین بۆ دەریاچەی ئۆوێل[145]. خۆشەویستیم بە دایە بگەیەنە و ماچێکی گەورەش بۆ تۆ و سوپاس. گوێم لێیانە لای پیانۆکەی خوارەوەن. شەممە کۆنسێرتێک هەیە لە گرێڤل ئامس[146]. هەندێک ئێوارە خوێندکارێکی گەنج دێت بۆ ئێرە ناوی بانەنە[147] خزمەکانی یان شتێکی وا زۆر هەڵکەوتوون و گۆرانییەکەی بۆیلەن دەبێژێت (خەریک بوو بنووسم ئەوەی بلێسە بۆیلەن) ئەوەی باسی کیژانی کەنار دەریا[148] دەکات. پێی بڵێ میلی گوڵی تایبەتترین ڕێزم دەنێرێت[149]. ئێستا دەبێت لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشەویستیدا کۆتایی پێ بهێنم

کچە خۆشەویستەکەت

میلی

تێبینیی کۆتایی: لە نووسینی خراپ ببوورە پەلەمە. بەییای.

م.

دوێنێ پازدە. سەیرە، پازدەی مانگیش. یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیەتی لە دووری ماڵەوە. جیابوونەوە. ئەو بەیانیی هاوینەم لە بیرە کە لە دایک بوو، ڕامدەکرد بۆ لەخەوهەڵستاندنی خاتوو ثۆرنتنی شەقامی دێنزیڵ[150]. پیرەژنێکی ڕووخۆش. دەبێت یارمەتیی زۆر کۆرپەی دابێت بێنە دونیاوە. هەر لە سەرەتاوە زانی کە ڕودیی بەستەزمانی بچکۆلە[151] ناژی. دەی، خودا باشە، کاکە[152]. یەکسەر زانی. ئەگەر بژیایە ئێستا یازدە ساڵ دەبوو.

ڕوخسارە بۆشەکەی بە بەزەییەوە تەماشای تێبینیی کۆتاییەکەی کرد. لە نووسینی خراپ ببوورە. پەلە. پیانۆکەی خوارەوە. لە قاوغەکەی خۆی دێتە دەرەوە. هەراکەی لە کافتریای ئێکس ئێڵ[153] لەسەر بازنگەکە نایەوە. نە کێکەکانی دەخوارد و نە قسەی دەکرد و نە تەماشاشی دەکرد. چەقاوەسوو. شەشپاڵووی تری نانی لە چەوراوەکەدا خوساند و پاروو دوای پاروو گورچیلەی تری خوارد. حەفتەی دوازدە شڵنگ و شەش پنس[154]. زۆر نییە. بەڵام هێشتا، خراپتریشی دەست بکەوێت. سەکۆی هۆڵی موزیک[155]. خوێندکارێکی گەنج. قومێک چای ساردتربووەوەی خواردەوە تا ژەمەکەی دابشۆرێت. پاشان دیسان نامەکەی خوێندەوە: دوو جار.

دە باشە: دەزانێت چۆن ئاگای لە خۆی بێت. ئەی ئەگەر وا نەبوو؟ نا، هیچ ڕووی نەداوە. بێگومان، لەوانەیە ڕوو بدەن. هەر چییەکە تۆ چاوەڕێ بکە تا ڕوو دەدەن. کچەتیوێکی لاسار. قاچە باریکەکانی کە بە پلیکانەکاندا ڕایدەکردە سەرەوە. چارەنووس. ئێستا پێدەگات. لەخۆبایی: زۆر.

بە سۆزی شێواوەوە بە ڕووی پەنجەرەی ناندانەکەدا بزەی کرد. ئەو ڕۆژەی لە کۆڵانەکەدا گرتم نقورچی لە ڕوومەتی خۆی دەگرت تا سوور هەڵبگەڕێن. تۆزێک کەمخوێنە. ماوەیەکی درێژ شیری دراوەتێ[156]. ئەو ڕۆژەی سەر *ئێرینس کینگ* بە دەوری کیشدا. ئەو کەشتییە حیزە کۆنە هەر هەڵبەزودابەزی دەکرد. کەچی تۆزقاڵێکیش نەدەترسا[157]. قژ و لەچکە شینە کاڵەکەی بەناو باکەدا دەشەکانەوە.

*ڕوومەت چاڵن، کاکۆڵ لوولن،*
*سەرت بۆیان دێتە سووڕان*[158].

کیژانی کەناران. زەرفی نامەی دڕاو. دەستەکانی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا گیر بوون، تریشقەگێڕە[159] و ڕۆژی پشوویەتی، گۆرانی دەبێژێت. هاوڕێی خێزانەکەیە. دەڵێت سوورڕۆن[160]. لەنگەرگای ڕووناککراوە[161]، ئێوارەی هاوین، تیپی موزیک.

*ئەو کیژانە، ئەو کیژانە،*

*ئەو جوانی سەر کەنارانە.*

میلیش هەروەها. ماچی گەنجێتی: یەکەم. ئێستا دوورە تێپەڕی. خاتوو ماریۆن. دەخوێنێتەوە، ئێستا پاڵدەداتەوە، تاڵەکانی قژی دەژمێرێت، بزە دەکات، دەهۆنێتەوە[162].

موچڕکەیەکی هێواش، پەشیمانی[163]، بە بڕبڕەی پشتیدا ڕژا و زیاتر دەبوو. ڕوو دەدات، بەڵێ. ڕێی لێ بگرە. بێهوودەیە: ناتوانم بجوولێم. لێوی کاڵی شیرینی کچ. ئەوەش ڕوو دەدات. هەستی بە موچڕکە لێشاوبەرەکە کرد کە هەموو لەشی گرتەوە. ئێستا جووڵان بێهوودەیە. لێوان ماچ کران، ماچ دەکەن، ماچ کران. لێوە پڕە لینجەکانی ژن.

ئەوێی باشترە: دوورە. سەرقاڵی بکە. سەگێکی ویست بۆ کاتبەڕێکردن. لەوانەیە سەرێکی لێ بدەم بۆ ئەوێ. پشووی بانکی ئاب[164]، دووسەر تەنها بە دوو شڵنگ و شەش پنسە. هەرچەندە شەش حەفتە ماوە. لەوانەیە ڕێپێدانێکی ڕۆژنامەوانی بە دەست بهێنم. یان لە ڕێی مەکۆیەوە[165].

پشیلەکە، پاش ئەوەی هەموو فەروەکەی خۆی پاک کردەوە، گەڕایەوە لای پەڕە بەگۆشتپەڵاویبووەکەوە، لووتی پێوە نا و بۆ لای دەرگاکەوە هەڵقنجا[166]. ئاوڕی بۆ بلووم دایەوە لە دوای خۆی، دەیمیاواند. دەیەوێت بچێتە دەرەوە. لە پێش دەرگایەکدا چاوەڕێ بە هەندێک جار خۆی دەکرێتەوە. با چاوەڕێ بکات. ماخۆلانی هەیە. کارەبا. هەورەتریشقە لە هەوادا. لای گوێی خۆی دەشوشتەوە و پشتیشی لە ئاگرەکە بوو[167].

هەستی بە قورسی و تێری کرد: پاشان ڕەوانییەکی نەرمی هەناوی. هەڵستا، قایشی پانتۆڵەکەی کردەوە. پشیلەکە میاواندی بۆی. لە وەڵامدا وتی:

- میاو! چاوەڕێ بکە تا ئامادە دەبم.

قورسایی: ڕۆژێکی گەرم بە ڕێوەیە. زۆری دەوێت تا بەسەر پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێم بۆ هەیوانەکە.

ڕۆژنامە. حەزی لە خوێندنەوە بوو لە تەوالێتدا. هیوادارم هیچ مەیموونێک لە دەرگا نەدات تا تەواو دەبم.

لە ناو چەکمەجەی مێزەکەدا ژمارەیەکی کۆنی *تیتبیتسی*[168] دۆزییەوە. لە ژێر باخەڵیدا نوشتاندیەوە، چووە لای دەرگاکە و کردیەوە. پشیلەکە بە چەند بازێکی هێواش هەڵگەڕا. ئەها، ویستی بچێتە سەرەوە، لەسەر چەرپاکە خۆی وەک تۆپ لوول بکات.

گوێی دەگرت و گوێی لە دەنگی مۆڵی بوو:

- وەرە، وەرە، پشەکە. وەرە.

لە دەرگاکەی دواوەوە بەرەو باخەکە دەرچوو: وەستا تا گوێ بۆ باخەکەی ماڵەکەی تەنیشتیان شل بکات. دەنگ نییە. لەوانەیە لە دەرەوە جل هەڵبخات تا وشک ببنەوە. کارکەرەکەش لە ناو چیمەنەکەدا بوو [169]. بەیانییەکی خۆشە.

نوشتایەوە تا تەماشای ڕیزێکی تەنکی نەعنا بکات کە بە پەنا دیوارەکەدا ڕووابوون. کەپرێکی هاوینە لێرەدا دروست بکە. لۆبیای ئاڵ. لاولاوی پێنجپەڕ. دەمەوێت هەموو شوێنەکە پەین بکەم، گڵێکی بەیار. چینێک جگەری گۆگردات[170]. هەموو گڵێک بێ پەین ئاوایە. پاشەڕۆی ماڵان. قوڕی شێلراو، ئەمە چییە ئەوە؟ مریشکەکانی باخچەکەی تەنیشتمان: ڕیقنەکانیان بۆ چینی سەرەوە زۆر باشە. بەڵام لە هەموویان باشتر هی وڵاخە، بە تایبەتی کە بەو تلفارانە[171] خۆراکیان پێ دەدرێت. تەپاڵەی ڕزیو. باشترین شتە بۆ پاککردنەوەی دەستکێشی لە پێستە دروستکراوی ژنان. پیسی پاک دەکاتەوە[172]. هەروەها خۆڵەمێشیش. دەستپێداهێنانێک بە هەموو ئەم ناوەدا. لەو سووچەی ئەوێدا پۆڵکە بچێنم. کاهوو. ئەوکات هەمیشە سەوزەی نوێمان دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، باخ هەر کەموکووڕیی خۆی هەیە. لێرە ئەو هەنگە یان مەگەزە دووشەممەی سپی[173].

کەوتەوە ڕێ. ئەرێ بە ڕاست، کوا شەبقەکەم؟ لەوانەیە کردبێتمەوە بە مێخەکەوە. یان کەوتبێتە سەر زەوییەکە. سەیرە کە ئەوەم بیر نایەت. جلڕاگرەکە[174] زۆر پڕە. چوار چەتر. جبە باراندانەدەرەکەی ئەو. نامەکانم هەڵگرتەوە. زەنگی دوکانەکەی دراگۆ[175] لێدەدات. سەیرە ڕێک ئەو کاتە بیرم لەوە دەکردەوە. قژی قاوەیی بە بریلانتین[176] چەورکراو بەسەر یەخەکەیەوە. ئەو ساتە گەرماوێکی کردبوو و خۆی ڕێکخستبوو[177]. داخۆ ئەم بەیانییە کاتم بۆ گەرماوێک دەبێت. شەقامی تارا[178]. دەڵێن کابرای کابینەی پارەکەی ئەوێ یارمەتیی جەیمز ستیفنسی داوە هەڵبێت. ئۆبڕایەن[179].

ئەو دلوگاسە دەنگێکی قووڵی هەیە. ئەگنداث چی؟ ئەوەش دادەکەم. پەرۆش[180].

دەرگا شڕەکەی ئاودەستەکەی بە لەقە کردەوە. باشترە وریا بم ئەم پانتۆڵەم بۆ پرسەکە پیس نەبێت. چووە ژوورەوە، لە ژێر سەرچێوە نزمەکەدا سەری دانەواند. درزێکی دەرگاکەی بە کراوەیی بە جێ هێشت، لە ناو بۆنی ساردی هەملْشنی کەڕوواوی و هێلانە جاڵجاڵۆکەی کۆندا ئاسقییەکانی کردەوە. پێش ئەوەی دابنیشێت لە درزێکەوە تەماشای پەنجەرەکانی ماڵەکەی تەنیشتی کرد. شا لە ژووری ژمێریارییەکەی خۆیدا بوو[181]. کەس.

لەسەر کورسیی بەپەندکردنەکە[182] داتروشکا و ڕۆژنامەکەی کردەوە، لاپەڕەکانی بەسەر ئەژنۆ ڕووتەکانیدا هەڵدەدایەوە. شتێکی نوێ و ئاسان. زۆر پەلەم نییە. بە شێنەیی. نووسینی خەڵاتکراومان: *کارامەییەکەی ماتچام*[183]. نووسینی میستەر فیلیپ بیوفۆی، یانەی یارانی شانۆ، لەندەن[184]. بڕی پارە کە بە ڕێژەی گینییەکە بەرانبەر هەر ستوونێک بە نووسەرەکە درا. سێ و نیو. سێ پاوەن و سێ شڵنگ. سێ پاوەن و سێزدە شڵنگ و شەش پنس[185].

بە بێدەنگی خوێندیەوە، خۆی ڕاگرت، یەکەم ستوون و، خەریک بوو خۆی بە دەستەوە بدات بەڵام بەرگریی دەکرد، دەستی کرد بە دووەم. لە ناوەڕاستدا دواهەمین بەرگرییەکەی داڕما، هاوکاتی خوێندنەوەکەی لێگەڕا هەناوی بە بێدەنگی خۆی بەربداتەوە، هەر بە ئارامی دەیخوێندەوە ئەو تۆزە قەبزییەی دوێنێ هەمبوو تەواو نەما[186]. هیوادارم زۆر زل نەبێت دووبارە مایەسیری بهێنێتەوە. نا، زۆر باشە. ئێ. ئۆف! قەبزی. حەبێکی ئەرژەنگی پیرۆز[187]. لەوانەیە ژیان وا بێت. نەجووڵا و بەری نەکەوت بەڵام شتێکی خێرا و ڕێکوپێک بوو. ئێستانان هەموو شتێک چاپ دەکەن. وەرزێکی شێتۆکەیە. لە خوێندنەوە بەردەوام بوو، بە هێمنی لەسەر بۆنە بەرزبووەکەی خۆی دانیشتبوو. بێگومان ڕێکوپێک بوو. *زۆر جار ماتچام بیر لەو کارامەییە دەکاتەوە کە بەوە لە ژنە جادووبازە قاقالێدەرەکەی بردەوە کە ئێستا*. ئاکارییانە دەست پێ دەکات و تەواو دەبێت. *دەست لە ناو دەست*. جوانە. جارێکی تر بە ئەوەندەدا چووەوە کە خوێندیەوە و، لەگەڵ ئەوەی کە هەستی کرد ئاوەکەی بە بێدەنگی دەڕژێت، میهرەبانانە ئیرەیی بە میستەر بیوفۆی برد کە چیرۆکەکەی نووسیوە و کرێی سێ پاوەن و سێزدە شڵنگ و شەش پنسی وەرگرتووە.

ڕەنگە بتوانم گەڵاڵەیەک ڕێکبخەم. نووسینی میستەر و خاتوو ل. م. بلووم. لە پەندێکی پێشینانەوە چیرۆکێک دابهێنە. کامە؟ ئەو جارەی هەوڵم دا لەسەر سەرقۆڵەکەم ئەوانە بنووسمەوە کە بە دەم خۆگۆڕینەوە دەیوتن. حەزی لە خۆگۆڕینی پێکەوەیی نییە[188]. لە کاتی تەراشدا خۆمم بریندار کرد. کە تڵیشی تەنوورەکەی دەقوڵفاند لێوی ژێرەوەی دەگەست. کاتی بۆ ڕابگرە. ٩:١٥. ئەرێ ڕۆبێرتس[189] پارەکەی پێت دا؟ ٩:٢٠. گرێتا کۆنرۆی[190] چیی پۆشیبوو. ٩:٢٣. چی هانی دام ئەم شانەیە بکڕم؟ ٩:٢٤. لە دوای ئەو کەلەرمەوە هەڵئاوسام. پەڵەیەک خۆڵ بەسەر چەرمی دەرەوەی پێڵاوەکانیەوە: بە نۆرە و بە جوانی هەریەکێک لە نووکی پێڵاوەکەی لە پووزە گۆرەوپیپۆشەکانی دەخشاند. بەیانییەکەی دواتر سەماکەی بازاڕ بوو کە باندەکەی مەی[191] *سەمای کاژێرەکانی* پۆنکیێللییان[192] ژەند. ڕوونی بکەوە: کاژێرەکانی بەیانی، نیوەڕۆ، پاشان هی ئێوارە دێت،

پاشان کاژێرەکانی شەو. ددانی دەشوشت. ئەوە یەکەم شەو بوو. سەری سەمای دەکرد. پەڕەکانی باوەشێنەکەی کرتەکرتیان دەکرد. ئەو بۆیلەنە دەوڵەمەندە؟ پارەی هەیە. بۆچی؟ سەرنجم دا بۆنێکی تێر و خۆش لە هەناسەیەوە دێت کە سەمای دەکرد. کەواتە منجەمنج بێهوودەیە. تیلنیشانی بۆ بکە. موزیکەکەی شەوی ڕابردوو جۆرێکی سەیر بوو. ئاوێنەکە لە سێبەردا بوو. ئاوێنە دەستییەکەی لە یەلەگە خورییەکەی سەر مەمکە پڕە شڵەقاوەکانی بە گورجی خشاند. تەماشای ناو ئاوێنەکەی کرد. هێڵە چرچەکانی لای چاوی. کەچی بە شێوەیەک لە شێوەکان دیار نین.

کاژێرەکانی ئێوارە، کچان بە جلی برنجۆکی[193] بۆرەوە. پاشان کاژێرەکانی شەو: بە جلی ڕەش و خەنجەر و ماسکی چاوەوە. بیرۆکەیەکی هۆنراوەییانەیە: پەمەیی، ئینجا زێڕین، ئینجا بۆر، ئینجا ڕەش. کەچی لە ژیانیشدا هەر وایە. ڕۆژ: پاشان شەو.

نیوەی چیرۆکە خەڵاتکراوەکەی بە تیژی دڕاند و خۆی پێ سڕی. پاشان پانتۆڵەکەی هەڵکێشایەوە و ئاسقییەکەی بەستەوە و قۆپچەکانی داخست. دەرگا تەکاندەرە لەرزۆکەکەی ئاودەستەکەی بۆ دواوە ڕاکێشا و لە تاریکاییەکەوە هاتە دەرەوە بۆ بەر هەواکە.

لەبەر ڕووناکییە بەتینەکەدا، پەلپەل ڕووناک بووەوە و فێنکی بووەوە، بە وریاییەوە چاوێکی بە پانتۆڵە ڕەشەکەیدا خشاندەوە: کۆتاییەکانی، ئەژنۆکانی، پشتی ئەژنۆکانی. پرسەکە کاتژمێر چەندە؟ باشترە لە ڕۆژنامەکەدا بیدۆزمەوە.

جیرەیەک و ڤرەیەکی خەمناک بە بەرزیی هەواوە. زەنگەکانی کڵێسای جۆرج[194]. زرینگەی کاژێریان لێدا: ئاسنی خەمناک و دەنگزل.

*هەیهوو! هەیهوو!*

*هەیهوو! هەیهوو!*

*هەیهوو! هەیهوو!* [195]

چارەکی دەوێت بۆ. دیسان ئەوەتا: سەرتۆنەکەی[196] لە هەواکەدا بە دوایدا دەڕوات. سێیەم.

دیگنەمی داماو!

[1] **بەشی دووەم: ئۆدیسیا**: ئەم بەشە لە دوازدە ئەڵقە پێکهاتووە، سێ ئەڵقەی یەکەمی ئەم بەشە، واتە ئەڵقەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم بە نزیکی لەگەڵ سێ ئەڵقەی یەکەمی ڕۆمانەکەدا هاوتەریبن. کەسێتیی سەرەکیی سێ ئەڵقەی یەکەمی ئەم بەشە میستەر لیۆپۆڵد بلووم-ە، پاشان لە ئەڵقەی حەوتەمەوە پەرەی زیاتر بە چیرۆکەکە دەدرێت و بلووم و دێدالۆس لە شوێنی جیاوازدا دەبینین. ~**ن.م.**

[2] **ئەڵقەی چوارەم: کالیپسۆ**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: ماڵی میستەر بلووم بە ناونیشانی ٧ی شەقامی ئێکلس – دەبلن؛ دواتر بلووم دەردەچێت و لە گۆشتفرۆشێکی نزیک ماڵی خۆیان گورچیلەی بەراز دەکڕێت و دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

**کات**: پێنجشەممە، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ٨ی بەیانی.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: لیۆپۆڵد بلووم، مۆلی بلووم، پشیلەیەک، میستەر ئۆڕورک (دوکاندارێک)، کچێکی خرپن (کڕیارێک)، دلوگاس (گۆشتفرۆش).

لە پاش نزیکەی چل لاپەڕە لە چاپە ئینگلیییەکەی هانس واڵتەر گابلەر، بۆ یەکەم جار کەسێتییە هەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانی *ئولیس* دەبینین و دەناسین. ئەم کەسێتییە لیۆپۆڵد بلووم-ە، پیاوێکی ٣٨ ساڵ (و مانگێک)ە. زۆبەی کات لە ڕۆمانەکەدا هەر بە *میستەر بلووم* و *بلووم* ناو دەهێنرێت. ژنەکەی بە *پۆڵدی* بانگی دەکات.

جۆیس یەکەم پەرەگرافی ئەم ئەڵقەیەی تەرخان کردووە بۆ پەسنێکی گشتیی میستەر بلووم، کە لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا بەم شێوەیەیە:

> میستەر لیۆپۆڵد بلووم بە تامەزرۆییەوە ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵ و باڵندەی دەخوارد. حەزی لە شۆربای خەستی هەناو و سیقەتۆرەی گوێزی و دڵێکی ئاخنراوی برژاو و توێژاڵەجگەری سوورکراوە لەگەڵ وردەتوێناندا و گەرای سوورکراوەی ماگادۆس بوو. لە هەموویان زیاتر، حەزی لە گورچیلەی برژاوی مەڕ بوو کە تامێکی چاکی میزی کەمێک بۆندەرکردووی بە مەلاشووی دەبەخشی.

هەر لەم پەسنەوە دەزانین کە میستەر بلووم پاڵەوان نییە و کەسێتییەکی زۆر ئاساییە. تەنانەت زۆر جار لە خوار ئاستی ئاساییشەوەیە. بۆ نموونە کە دەڵێت: بلووم «حەزی لە گورچیلەی برژاوی مەڕ بوو کە تامێکی چاکی میزی کەمێک بۆندەرکردووی بە

مەڵاشووی دەبەخشی». جۆیس خۆیشی ئەمەی بە وتەی خۆی پشتڕاست کردووەتەوە. ڕیچارد ئێلْمان لە لاپەڕە ٥ی پەڕتووکی *جەیمز جۆیس* (چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد [١٩٨٢])ی خۆیدا دەڵێت:

ڕەخنەگرە مارکسییەکان هوروژمی هێرشیان بۆ سەر جۆیس برد، جۆیسیش بە هێواشی بە یوجین جۆلاسی هاوڕێی وت: «نازانم بۆچی هێرشیان کردووەتە سەرم. هیچ کەسێک لە هیچ کامێک لە پەڕتووکەکانمدا نرخی لە هەزار پاوەن زیاتر نییە!»

پاشان گێرانەوەی ئەڵقەی چوارەم دەچێتە سەر نداندانەکەی ماڵی میستەر بلووم. بلووم شمەکی بەرچایی بۆ خۆی و ژنەکەی ئامادە دەکات. ژنەکەی بلووم ناوی خاتوو ماریۆن بلووم-ە و میستەر بلووم بە *مۆڵی* ناوی دەبات. مۆڵی گۆرانیبێژی ئۆپێرایە و تا ڕادەیەک سەرکەوتوو و بەناوبانگە.

ماڵی بلووم پشیلەیەکی ڕەشیان هەیە، خاڵێکی سپی بە هێندەی قۆپچەیەک لەسەر کلکیەتی. پشیلەکەیان ناوی نییە و پێی دەڵێن *پشەکە*. ئەو بەیانییە بە دەوری قاچێکی مێزی ناندانەکەدا هەڵدەکوڕمێت و بلوومیش شیری بۆ دادەنێت بیخوات.

لە *ئولیس*دا تەنانەت پشیلەش دەدوێت و دەڵێت: «مکگنیاو!» و «مرکگنیاو!» و «گوڕڕڕ». میستەر بلووم کەمێک لە پشیلەکە ڕادەمێنێت و بیر لە تێگەیشتنی پشیلە و هەندێک ڕەفتاریان دەکاتەوە.

بلووم بیر لەوە دەکاتەوە بۆ نانی بەیانی چی بخوات. هەندێک بژاردە تاووتوێ دەکات. دواجار بڕیار دەدات بچێت لە دوکانی گۆشتفرۆشێک بە ناوی *دلوگاس* گورچیلەی بەراز بکڕێت و بیخوات. ئینجا بەسەر پلیکانەکاندا دەچێتە سەرەوە بۆ ئەوەی ژنەکەی ئاگادار بکاتەوە لەوەی دەڕوات و پرسیارێکی لێ بکات داخۆ هیچی ناوێت؟ لە پشت دەرگای ژووری نوستنەکەیانەوە بە هێواشی مۆڵی ئاگادار دەکاتەوە کە دەچێتە دەرەوە. بۆی دەردەکەوێت کە مۆڵی هێشتا لە خەو هەڵنەستاوە و تەنها «منگ»ێک دەکات، کە لە وتەکانی پشیلەکە دەچێت! مۆڵی لەگەڵ ئەم منگەیەدا دەجووڵێت و ئەڵقە مسە شلەکانی چەرپاکەی دەزرنگێنەوە.

ئینجا بلووم بیر لە ژیانی ڕابردووی مۆڵی دەکاتەوە کە کچی پیاوێکی سەرباز بووە بە ناوی *بڕایەن کووپەر تویدی* و دایکی ناوی لاریدۆ بووە. مۆڵی لە جەبەلتاڕیق لە دایک بووە و شتێک ئیسپانیی کەمی زانیوە. پاشان هاتووە بۆ دەبلن و ئێستا ئەو

ئیسپانییەی لە بیر چووەتەوە. مۆڵی لە ٨ی ئەیلوولی ١٨٧٠ لە دایک بووە، نزیکەی چوار ساڵ و چوار مانگ لە بلووم منداڵترە. مۆڵی لە کاتی ڕۆمانەکەدا تەمەنی ٣٣ ساڵ (و نۆ مانگ)ە.

بلووم شەبقەکەی لە سەر دەکات. لە ناوەوەی شەبقەکەی نووسراوە «شەب هەرە باشەکانی پلاستۆ» و پیتەکانی «قە» تیایدا کاڵ بووەتەوە (شەبقە هەرە باشەکانی پلاستۆ). لە پشت ئەم نووسراوەی ناو سەروپێچی شەبقەکەیەوە کارتێک هەیە، کە ناوی خوازراوی میستەر بلوومی لەسەرە. دواتر ئەمە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە بلووم بە دزییەوە ناوی لە خۆی ناوە *هێنری فلاوەر* و بەم ناوەوە لەگەڵ خانمێکی نەناسراو بە ناوی *مەرسا کلیفرد* نامە ئاڵوگۆڕ دەکات. بلووم کلیلی ماڵەوەی لە بیر دەچێت و ناچار دەرگای دەرەوە داناخات و تەنها پێوەی دەدات. پاشان بە شەقامەکانی نزیک ماڵی خۆیاندا دەڕوات.

بلووم بە گشتی زانینخوازییەکی بۆ زانست هەیە. زۆر جار لە مێشکی خۆیدا و بە شەپۆلی هۆش دەیەوێت لێکدانەوەی زانستی بۆ ڕووداوەکان و دیاردەکانی چواردەوری بکات. بیرێکی زۆر تیژ و باشیشی بۆ ژماردنی پارە و لێکدانەوەی قازانج و مایە هەیە. بە درێژایی ڕۆمانەکە چەندین جار گوێمان لە دەنگی مێشکی بلووم دەبێت کە قازانج و زیان و مایەی زۆر کار لێک دەداتەوە. بە گشتی کەسێکە دەست بە پارەوە دەگرێت و دەستبڵاو نییە. دواتریش لە ئەڵقەی شەشەمدا بۆمان دەردەکەوێت بۆ کاری چاک و یارمەتیدانی هەژاران کەمتەرخەم نییە و بەپەلەیە. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی بلووم ئەوەیە زۆر گۆرانیی باخچەی ساوایان و منداڵان دەزانێت و زۆر جار دێڕێک یان وشەیەک دەخاتە نێو گۆرانیی منداڵانەوە.

بلووم بە دەم ڕێوە بیر لە شتی جیاواز دەکاتەوە، وەک: تویدیی خەزووری؛ توانای ڕەنگی ڕەش لە گەڕانەوە و شکاندنەوەی گەرمی؛ نان و کولێرە و شتی تریش. پاشان بەم بیرانەوە لە خەیاڵیدا دەچێتە جێیەک لە خۆرهەڵات و بیر لە شێوازی ژیانی خەڵکی خۆرهەڵات دەکاتەوە. لە خەیاڵی بلوومدا مەلایەک بەرماڵێکی پێیە و دایکێک لە بەردەرگای ماڵی خۆیەوە منداڵەکانی بانگ دەکاتەوە و دەنگی سەنتوور دێت. بەڵام هەر زوو دەردەکەوێت کە بلووم ئەم وێنانەی لە خوێندنەوەی پەڕتووکەوە هێناوە و خۆی ئەزموونی چوونە خۆرهەڵاتی نییە. یەکێک لەو پەڕتووکانەی بلووم ئەم وێنانەی لێوە هێناوە ناوی *بە شوێن ڕێی خۆردا*- یە. پاشان بیر لە نموونەیەک لە ڕەوانبژیی ئارثەر گریفیث

(١٨٧٢-١٩٢٢) دەکاتەوە. گریفیث نیشتمانپەروەرێکی ئایر بوو و هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند داوە.

بە بەر دوکانی پیاوێکدا دەڕوات بە ناوی لاری ئۆڕورک. ئۆڕورک پیاوێکی کەچەڵە. ئینجا بیر لە قازانج و مایەی ئەم پیاوە دەکاتەوە. پاشان بیر لە سایمن دێدالۆسی باوکی ستیفن دێدالۆس دەکاتەوە، کە پیاوێکی جەفەنگییە و وەک خۆی لاسایی ئەم میستەر لارییە دەکاتەوە. بیر لەوە دەکاتەوە گفتوگۆیەک لەگەڵ ئۆڕورکدا ساز بکات و چاکوچۆنییەکی لەگەڵدا بکات. بلووم وێنا دەکات ئێستا لاری باسی جەنگی نێوان یاپان و ڕووسیا دەکات و پێی وایە کە «ڕووسییەکان لای یاپانییەکان تەنها بەرچاییەکی کاتژمێر هەشتی بەیانین». بلووم بیر دەکاتەوە شتێک لە بارەی پرسەیەکەوە بڵێت کە خۆی ئامادە کردووە ئەو ڕۆژە بچێت بۆی، پرسەی هاوڕێیەکیانە بە ناوی پاتریک (پادی) دیگنەم.

ڕۆژباش لە میستەر ئۆڕورک دەکات و ئەویش وەڵامی دەداتەوە. زۆر درێژە بە چاکوچۆنییەکە نادات. دیسان دەکەوێتەوە بیری ئەوەی داخۆ دەبێت لاری چەند پارە پەیدا بکات؟ لەم بیرانەدایە کە بە بەردەم قوتابخانەی خۆماڵیی سانت جۆزێفدا دەڕوات، کە قوتابخانەی منداڵان بووە و دەنگی منداڵەکان دەبیستێت. ئینجا بلووم لاسایی منداڵان دەکاتەوە کە گۆرانیی ئەلفوبێ دەبێژن: «ئاییبیسی دیفیجی کێلۆمێن ئۆپیکیو ڕەستیوڤی دەبلیو». یان کە منداڵان لە وانەی جوگرافیادا، کە بلووم پێی دەڵێت «جۆگەلەفڕی»، چۆن ناوی دوورگەکانی ئایرلاند دەبەن: «ئینیشتورک. ئینیشاڕک. ئینیشبۆفین».

بلووم دەگاتە بەر پەنجەرەکەی دوکانەکەی دلوگاس، چیتر ژمێرکارییەکەی لە بیر دەچێتەوە کە لاری چەند پارە پەیدا دەکات و دەچێتە ژوورەوە. دلوگاس تەنها یەک گورچیلەی بەرازی ماوە. خانمێک لە پێش بلوومەوەیە و لیستێکی پێیە ناوی شمەکی پێویستیی لەسەر نووسراوە و بۆ دلوگاسیان دەخوێنێتەوە، دلوگاسیش دەیانداتێ. ئەم خانمە لە ماڵەکەی تەنیشتی بلوومدا دەژی، کە ماڵی ودز-ە. نە بلووم و نە گێڕەرەوەکەش زۆر لە بارەی ئەم ماڵەوە نازانن کە ئایا ئەم کچە کچی ئەو ماڵەیە، یان خزمەتکاریانە. بەڵام بلووم تەماشای دەستە قلیشاوەکانی ئەم کچە دەکات، دواتر چاوی لەسەر سمتی دەنیشێتەوە.

بلووم ڕۆژنامەیەکی گردکراوە هەڵدەگرێت و دەیخوێنێتەوە. دلوگاس ئەم ڕۆژنامە خوێنراوانە بۆ پێچانەوەی گۆشت بۆ کڕیارەکانی بە کار دەهێنێت. بلووم یەک دوو بابەت لە ناو پەڕەی ئەم ڕۆژنامەیەدا دەبینێت کە هەندێک ئاماژەیان تێدایە بۆ ئەوەی

کە دلوگاس جووە، چونکە ڕۆژنامەکە ناوی موسا مۆنتیفیۆریێ (١٧٨٤-١٨٨٥) دەهێنێت و باس لە ئاوەدانکردنەوەی «کێڵگە نموونەییەکەی کیناریێت لەسەر ڕۆخی دەریاچەی تەبەریاس» دەکات. دەردەکەوێت بلووم پێشتر بیری لەوە کردووەتەوە کە دلوگاس جووە، بەڵام دڵنیا نەبووە. ئێستا ئەو گریمانەیە دەکات کە دلوگاس جگە لەوەی جووە، سییۆنیستێکی سەرسەختیشە.

وێنەیەکی ناو ڕۆژنامەکە بلووم دەخاتە بیری ڕابردوو کە زووتر خۆی لە مەیدانی ئاژەڵانی دەبلن لای پیاوێک بە ناوی جۆزێف کوف کاری کردووە. لەوەوە دێتەوە سەر سمتی خانمەکەی بەردەمی کە کاتێک جل هەڵدەخات و بە شۆراوەکاندا دەماڵێت چۆن لە نێو تەنوورەکەیدا دەلەنگێتەوە. دلوگاس خانمەکە بە ڕێ دەکات و دێتە سەر میستەر بلووم. بلووم بەپەلە داوای گورچیلەکە دەکات و ئەویش بۆی دەپێچێتەوە و پارەکە دەدات. بلووم خوازیارە زوو بە دوای خانمەکەدا بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە دیمەنی پشتی خانمی بە دڵە! وێنای خانمەکە دەکات لە باوەشی پۆلیسێکدا و ماوەی پارەکەی هەڵدەگرێت و ماڵئاوایی لە دلوگاس دەکات. بڕیار دەدات لە دلوگاس نەپرسێت کە ئایا ئەو جووە یان نا.

کە بلووم دێتە دەر خانمەکە شوێنەواری نەماوە. ئیتر بە دەم ڕێی گەڕانەوەی ماڵەوە زیاتر لە ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە. ڕیکلامێک لە ڕۆژنامەکەدا هەیە کە بە عیبری نووسراوە «ئەگنداث نەتایم». ڕیکلامەکە هی بەشگەیەکی سییۆنییە کە باس لە کڕینی زەویی کەلاوە دەکات لە «حکومەتی تورکی» و لەوێ درەختی ئۆکالیپتۆس یان درەختی تر دەچێنن. ئەم بەشگەیە ساڵانە نموونەی بەری درەختەکان بۆ خاوەنەکان دەنێرنەوە. پاشان بلووم بیر لە کۆنە دراوسێیەکی دەکاتەوە بە ناوی سیترۆن و بیر لە سەردەمی خۆشی زوو دەکاتەوە. پاشان بیر لە بەری ئەو درەختانە دەکاتەوە کە ئەو بەشگەیە لە ئیسرائیلەوە دەیاننێرێت بۆ ئایرلاند. بیر لە ڕێکەیان دەکاتەوە، لەوێشەوە بیر لە مێژووی گەلی جوو دەکاتەوە کە یەکەم نەژادی مرۆڤ لەوەوە بەری گرتووە. بێگومان ئەمەش بە گوێرەی گێڕانەوەی *تەورات*، ئادەم و حەوا لە باپیرەکانی جووەکانن. پاشان بیر لە ڕاپێچکردن دوای ڕاپێچکردنی جووەکان دەکاتەوە لەسەر دەستی نەتەوە جیاجیاکان. بلووم بۆ گەڕانەوە ماڵەوە پەلە دەکات و بیر لە وێرانبوونی سەدۆم و عەمۆراش دەکاتەوە. چیرۆکی سەدۆم و عەمۆرا هەر لە *تەورات*دا هاتووە. دواتر سەرنجی هەندێک لە خانووەکانی سەر ڕێکەی دەدات. وێنای کچەکەی خۆی دەکات کە بەرەوڕووی دێت.

کچەکەی بلووم ناوی میلیسنت (میلی) بلوومە. دوێنێ، کە دەکاتە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٠٤، ساڵرۆژی لەدایکبوونی ١٥ساڵەی بووە. ئێستا میلی لەگەڵ دایک و باوکیدا ناژی و لە مەلینگەر-ە. مەلینگەر شارۆچکەیەکی کاونتیی وێستمیث-ە، کە یەکێکە لە کاونتییەکانی ئایرلاند. کە بلووم دەگاتەوە ماڵەوە لە ڕاڕەوەکەدا دوو نامە و کارتێک دەبینێت کە هاتوون و هەڵیاندەگرێتەوە. یەکێکیان لەسەری نووسراوە «خاتوو ماریۆن بلووم» کە بلووم سەرنجی خەتی نووسینەکە دەدات و دەزانێت لە کێوە هاتووە، بەڵام قسە ناکات. ئەو کەسەی نامەکەی ناردووە پیاوێکە بە ناوی هیو (بلێیسە) بۆیلەن، بەڕێوەبەری کارەکانی ژنەکەیەتی و پەیوەندیی سەرجێییشی لەگەڵیدا هەیە و بلوومیش ئەمە دەزانێت. نامەکەی تر و کارتەکەش لە میلیی کچیانەوە هاتووە. کارتەکەی میلی بۆ مۆڵییە و نامەکەشی بۆ بلوومە.

بلووم دەچێتەوە ژووری نوستنەکەیان و کارتەکەی میلی و نامەکەی کە بۆ مۆڵی نێرراون بە مۆڵی دەدات. پاش کەمێک خاوەخاو دەچێتەوە بە لای چای بەیانییەوە لە ناندانەکە. لەوێ کتلییەکەی لەسەر ئاگر داناوە. گورچیلەکە لە ڕۆژنامەکە دەردەهێنێت و دەیخاتە تاوەیەکەوە و لەگەڵ کەرەدا سووری دەکاتەوە. پەڕەی پێچەرەوەی گورچیلەکەش دەداتە پشیلەکە لێساولێسی بکات. ئینجا بلووم نامەکەی میلیی کچی دەردەهێنێت و هەر وا سەرپێییانە دەیخوێنێتەوە.

بلووم دەکەوێتە بیری هەندێک یادەوەریی منداڵیی میلیی کچی و گۆرانییەک کە کاتی خۆی ئەم بۆ ئەوی وتووە «ئەی میلی بلووم نازداری منیت». پاشان بەرچاییەکە هەڵدەگرێت و دەیبات بۆ ژنەکەی لە ژووری نوستنەکەی قاتی سەرەوەی ماڵەکەیان.

بلووم لە ژووری نوستنەکە سەرنج دەدات لەو کاتەی ئەمی لێ نەبووە مۆڵی نامەکەی کردووەتەوە، چونکە تیلمەیەکی دڕاوی نامەکە لە ژێر سەرینەکەی وێدا دەبینێت. وا خۆی دەردەخات کە نازانێت نامەکە لە کێوە بووە، بۆیە دەپرسێت «نامەکە لە کێوە بوو؟». ژنەکەیشی دەڵێت کە لە بۆیلەنەوە بووە و ئەمرۆ دێت و بەرنامەی کۆنسێرتەکەی داهاتوویانی بۆ دەهێنێت. خاتوو بلووم بەرچایی دەخوات. پرسیاری کاتی پرسەکەی دیگنەم دەکات و وەڵام وەردەگرێت.

مۆڵی لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕۆمانێکی خوێندووەتەوە بە ناوی *ڕوبی: قارەمانی گۆرەپان*. بلووم ئەو ڕۆمانەی بە کرێ بۆ هێناوە. ڕۆمانەکە باس لە کچێک دەکات بە ناوی ڕوبی و پاش ئەوەی خێزانەکەیان دادەڕمێت، لە تەمەنی سێزدە ساڵییەوە فرۆشراوە و

خراوەتە بەر کاری زۆرەملێ. دواتر بە پیاوێک فرۆشراوە بە ناوی *سینیۆر ئێنریکۆ مافێی*، کە بەڕێوەبەری سێرکە. ئەم پیاوە زۆر نادادانە لەگەڵ ڕوبیدا ڕەفتار دەکات و لێی دەدات. مۆڵی پرسیاری وشەیەکی ناو ئەم پەڕتووکە لە بلووم دەکات، کە وشەی «گیانگۆڕکێ»یە. بلووم هەوڵ دەدات بۆی ڕوون بکاتەوە وشەکە بە چ واتایەک دێت. دواتر بلووم لەم چیرۆکەوە دەکەوێتە بیری سێرکێک کە خۆی چووە بۆی و ڕووداوێکی نەخوازراو تیایدا ڕووی داوە. وا دیارە ئەم پەڕتووکە پەڕتووکێکی ڕاستینە نەبێت و جۆیس خۆی لە لێکدانی چەند پەڕتووکێکی هاوشێوە دروستی کردبێت.

بلووم بە دەم بیرکردنەوەوە سەرنجی هەندێک لە شتەکانی نێو ژووری نوستنەکە دەدات. یەکێک لەوانە تابلۆیەکە بە پەنا سەریانەوە هەڵیانواسیوە و ناوی *خۆشوشتنی نیمفەکە*یە. ئینجا وشەی «گیانگۆڕکێ» بۆ مۆڵی ڕوون دەکاتەوە. لەپڕ بۆنی شتێکی سووتاو دەکەن، کە ئەویش گورچیلەکەیە کە بلووم لە خوارەوە لە ناو تاوەکەدا بە جێی هێشتووە. بلووم ڕۆمانەکە دەخاتە گیرفانی تا دواتر بیباتەوە بۆ ئەو جێیەی لێی بە کرێ هێناوە. بە هەڵەداوان دەچێتە خوارەوە.

بلووم لە ناندانەکە دەبینێت لایەکی گورچیلەکە کەمێک سووتاوە. بەڵام خۆی وەها حەزی لە گورچیلەیە و دادەنیشێت و لەگەڵ کووپێک چادا دەیخوات. لەناکاو بیری هەندێک لە وتەکانی میلیی کچی دەکەوێتەوە لە نامەکە و جارێکی تر نامەکە دەردەهێنێت و دوو جار هەموو نامەکە دەخوێنێتەوە.

میلی لە نامەکەدا سوپاسی دەکات کە دوێنێ بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونیەوە دیاریی بۆی ناردووە، ئەویش کڵاوێکی تامۆشانتەر بووە. ئینجا باسی خۆیی بۆ دەکات کە لە بواری فۆتۆگرافیدا کار دەکات. هەروەها حەفتەی داهاتوو نیازیان وایە بچنە سەیران بۆ سەر دەریاچەیەک بە ناوی دەریاچەی ئۆوێڵ. باسی کوڕێکیش دەکات کە خوێندکارێکی گەنجە و جارجار دێت سەردانیان دەکات. دواتر لە ڕۆمانەکەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم کوڕە ناوی *ئەلێک بانەن*-ە. بلووم پاش خوێندنەوەی نامەکە دەکەوێتە بیری سەیریی دونیا کە میلی وا گەورە دەبێت و لێیان دوور دەکەوێتەوە. ئینجا هەندێک یادەوەریی تری منداڵیی میلی دەهێنێتەوە بیری.

لە یادەوەریی منداڵیی میلییەوە بیر لە منداڵێکی تری خۆی و خاتوو بلووم دەکاتەوە کە کوڕێک بووە بە ناوی *ڕودی*. ڕودی پێنج ساڵ دوای میلی، واتە دە ساڵ بەر لە ئێستا و لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٣ لە دایک بووە، لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٨٩٤دا

مردووە. واتە ڕودی تەنها یازدە ڕۆژ ژیاوە. مەرگی ئەم منداڵە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەروونی میستەر بلووم و خاتوو بلوومی ژنیشی داناوە. دواتر دەردەکەوێت لەو کاتەوە پەیوەندیی سەرجێییان نەماوە. بلووم بۆ مەرگی ئەم کوڕەی زۆر پەرۆشە و خوازیار بوو لە دوای خۆی کوڕێکیشی بە جێ بهێشتایە.

پاشان بلووم ترسی ئەوە دایدەگرێت نەکا خراپە لەگەڵ میلیدا بکرێت. بە تایبەتی کە وا ئێستا لە دووری ئەوان دەژی. ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر میلی تووشی کێشە بوو چۆن بەرگریی لێ بکات و چۆن بچێت ڕزگاری بکات. بەڵام دواتر متمانەی پێ دەکات و بە خۆی دەڵێت: «دەزانێت چۆن ئاگای لە خۆی بێت». ئەگەر شتی خراپیش ڕووی دا ئەو کاتە ئەم وەک باوک بە هانایەوە دەچێت. ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە ئایا ڕۆژێک سەردانی بکات و دیارییەکی بۆ ببات یان نا؟ پشیلەکە، کە پەڕەی گورچیلەکەی تێر لێسایەوە، بلووم لەم بیرانە دادەبڕێنێت و دەیەوێت بڕوات.

بلووم هەست دەکات پێویستە بچێت دەست بە ئاو بگەیەنێت. لە ناو چەکمەجەیەکدا حەفتەنامەیەک دەردەهێنێت و دەرگا بۆ پشیلەکە دەکاتەوە، پشیلەکە ڕادەکاتە سەرەوە بۆ لای مۆڵی. بلوومیش خۆی و حەفتەنامەکە دەچنە حەوشەی پشتەوە. لە حەوشەی پشتەوە باخچەیەک و ئاودەستێکی لێیە. بلووم قەیرێک لە حەوشەکە ڕادەوەستێت و بیرێک لە گەشەدان بە باخچەکە دەکاتەوە کە چی بڕوێنێت و چۆن خاکەکەی بەپیت بکاتەوە. گوێ بۆ ماڵەکەی تەنیشتیشیان هەڵدەخات تا بزانێت ئایا کەسیان لە دەرەوەن یان نا. بە کورتیش بیر لە بڵێسە بۆیلەن دەکاتەوە. وا دیارە کەمێک لەوەوبەر بۆیلەنی دیوە لای دەلاک بووە و قژی چەور کردووە و خۆی قۆز کردووە. ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر کات ما و فریا کەوت پێش پرسەکە بچێت بۆ گەرماوی دەرەوە و خۆی بشوات.

ئینجا بلووم دەچێتە ئاودەستەکە و بە دزییەوە لە کونێکەوە تەماشای پەنجەرەی ماڵەکەی تەنیشتیان دەکات. پاشان لەسەر کاسەی ئاودەستەکە دادەنیشێت. جۆیس نزیکەی دوو لاپەڕەی لەسەر چۆنێتیی ئەم ئاودەستکردنەی میستەر بلووم نووسیوە و لەمەوە دەزانین کە بلووم نەخۆشیی مایەسیریی هەیە و دوێنێ قەبز بووە.

بلووم لە حەفتەنامەکەدا چیرۆکێک دەخوێنێتەوە بە ناونیشانی *نووسینی خەڵاتکراومان: کارامەییەکەی ماتچام*، لە نووسینی فیلیپ بیوفۆی. بە درێژایی هەموو ڕۆمانی *ئولیس* دەرناکەوێت ئەم چیرۆکەی ماتچام چۆنە، ئەگەرچی لە ئەڵقەکانی

داهاتوودا چەند جارێکی تریش ئاماژەی پێ دەدرێتەوە. فیلیپ بیوفۆی کەسێکی ڕاستینەیە و زۆر جار لەو حەفتەنامەیەدا چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو چیرۆکەی نەنووسیوە کە جۆیس لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەدا هێناویەتی و وا دیارە خەیاڵکردە. بلووم بیر لەو پارەیەش دەکاتەوە کە میستەر بیوفۆی لە بەرانبەر نووسینی ئەم چیرۆکەدا وەریگرتووە. بیر لەوە دەکاتەوە خۆیشی چیرۆکێک بهۆنێتەوە و بڵاوی بکاتەوە.

جۆیس بە شێوەیەکی جەفەنگی ئاودەستکردنەکەی بلوومی هاوکات کردووە لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکە خەڵاتکراوەکەی ناو حەفتەنامەکە. جۆیس زاراوەی سەربازیی بۆ کارەکەی بلووم بە کار هێناوە، وەک: «خەریک بوو خۆی بە دەستەوە بدات، بەڵام بەرگریی دەکرد» و «بەرگرییەکەی داڕما».

بلووم دێتەوە سەر بیری چیرۆکەکەی خۆی کە بە نیازە بینووسێت و وەک میستەر بیوفۆی پارەی پێ وەربگرێت. بیر دەکاتەوە کە ئایا لە بارەی چییەوە بێت؟ پێی وایە باشترە سوود لە پەندی پێشینان وەربگرێت و لە بارەی خۆی و ژنەکەیەوە بێت: «میستەر و خاتوو ل. م. بلووم». واتە میستەر لیۆپۆڵد بلووم و خاتوو مۆڵی بلووم. ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە بەیانییەک لە بازاڕ تیپێکی موزیک موزیکی *سەمای کاژێرەکانی* ئەمیلکارێ پۆنکیێللی (١٨٣٤-١٨٨٦)یان ژەندووە. بلووم بە گۆڕانی جلوبەرگی سەماکەرەکاندا، کە لەگەڵ موزیکەکەدا سەمایان کردووە، سەری کاژێرەکانی ناو موزیکەکەی بۆ مۆڵی ڕوون کردووەتەوە.

بە گشتی لەم کۆتاییەدا بیر لە ڕۆتینێکی گشتیی ژیانی مۆڵی دەکاتەوە. هەروەها بیر لەو کاتەش دەکاتەوە کە مۆڵی و بۆیلەن یەکەم جار یەکیان ناسیوە. لە کۆتاییدا نیوەی چیرۆکە «خەڵاتکراو»ەکەی ناو حەفتەنامەکە دەدڕێنێت و خۆیی پێ پاک دەکاتەوە. پاشان لە ئاودەست دێتە دەرەوە.

بلووم لەبەر ڕووناکییەکەی باخچەکەدا چاوێک بە پانتۆڵەکەیدا دەخشێنێت تا بزانێت لە ئاودەستەکە پیس بووە یان نا، چونکە نایەوێت جلەکانی بۆ پرسەکە بگۆڕێت. چونکە هەر لە بەیانییەوە خۆی بۆ پرسەکە ئامادە کردووە و بۆینباخ و پانتۆڵی ڕەشی پۆشیوە. لەم کاتەدا کڵێسای جۆرج، کە لای ماڵیانەوە نزیکە، زەنگی کاژێر ٨:٤٥ی بەیانی لێدەدات. ئەڵقەکە بە شەش جار دووبارەبوونەوەی «هەیهوو» و بیرێکی کورتی بلووم

تەواو دەبێت. ئەم تەواوکردنە تا ڕادەیەک هاوتەریبی کۆتایی ئەڵقەی یەکەمی لای ستیفن دێدالۆسە. **~ن.م.**

لە پەڕتووکی پێنجەمی *ئۆدیسە*دا ئۆدیسێفس لە دوورگەی ئۆگیگیا لە «ناوەڕاستی دەریا»دا (لە وەرگێڕانەکەی فیتزجێرەڵددا وا دەڵێت، بەڵام لە وەرگێڕانەکەی بوتچەر و ئەندرو لانگدا [١٨٧٩] ڕستەکەیان بە «لە ناوکی دەریادا» وەرگێڕاوە، بڕوانە ١: ٧١) دەدۆزرێتەوە و دەبینرێت کە کالیپسۆ، کە خواژنێکە، بەندی کردووە. (ناوی *کالیپسۆ* بە واتای *شارەرەوە*، یان *حەشاردەر* دێت). ئەثینا لای زێوس ناوبژی دەکات و بۆ ئۆدیسێفس دەپاڕێتەوە، زێوس ئێرمیس دەنێرێت تا بە کالیپسۆ ڕابگەیەنێت کە ئۆدیسێفس ئازاد بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵی خۆی لە ئیتاکی. ئۆدیسێفس وا حەوت ساڵانە لەو دوورگەیەیە، بۆ کۆیلەیی خۆی و تامەزرۆیی بینینەوەی ماڵ و شاری خۆی شیوەن دەکات.

گەرچی خۆی لە خۆی و حەزی بە دوور دەگرت
لێ گشت شەو دەنووست لەگەڵی چونکە ئەو ناچاری دەکرد

(ئۆدیسە ٥: ١٥٤-١٥٥ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}) کالیپسۆ بەڵێن بە ئێرمیس دەدات و دەڵێت:

کەواتە ڕێنوێنیی دەکەم، بێ هیچ شتێکی شاراوە
تا هاوکاریی بکەم بێ وەی بڕواتەوە

(ئۆدیسە ٥: ١٤٣-١٤٤) ئۆدیسێفس خۆی بۆ گەشتی گەڕانەوە ئامادە دەکات، بەڵام دیسان ڕقی پۆسیدۆن لە شێوەی «هەورێکی بەرز»دا ڕێگریی لێ دەکات. ئەثینا بۆی دەپاڕێتەوە و زریانەکە هێمن دەکاتەوە و بەهرەی «متمانە بەخۆبوون» دەداتەوە بە ئۆدیسێفس.

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ٨ی بەیانییە، ڕۆژی پێنجشەممەی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤ە. دیمەنەکە لە ماڵی لیۆپۆڵد بلوومە بە ناونیشانی ٧ی شەقامی ئێکلس، لە ناوچەی باکووری خۆرئاوای شاری دەبلن. ماڵەکە لە بەشی باکووری شەقامەکە بوو و ڕیزێک باڵەخانەی سێ نهۆمی بوون بە ژێرزەمینەوە. شەقامی ئێکلس ساڵی ١٩٠٤ بە گەڕەکێکی هێمن و بەڕێز و خۆش دادەنرا، خەڵکەکانی هەموو چینی ناوەندیی کۆمەڵگا بوون و وەک ئێستای سەردەمی ئەمڕۆی نەبوو کە شوێنێکی پەرپووتە (بڕوانە *دوو جار بە دەوری کڵێسا ڕەشەکەدا*، نووسینی: ئۆستن کلارک، لەندەن، ١٩٦٢، لاپەڕە ٣٨). شەقامەکە بە ناوی خێزانی *ئامبرۆز ئێکلس*ەوە ناو نراوە کە ساڵی ١٨٠٩ کۆچی دوایی کردووە، پسپۆڕێکی ئایری دیاری شانۆنامەکانی شێکسپیر بوو. لە *تۆماری ساڵانەی ساڵی ١٨١٠* دا لەبارەیەوە نووسراوە کە:

«پسپۆڕێکی پڕ زانیاری بوو، پیاوێکی خانەدانی بێگەرد و بێخەوش بوو، نەخشی کۆمەڵگا بوو.» ئامراز: گورچیلە {بڕوانە کۆتایی ئەم ڕاڤەیە}؛ هونەر: ماڵداری؛ ڕەنگ: پرتەقاڵی؛ هێما: پەری؛ تەکنیک: گێڕانەوە (پێگەیشتوو). هاوتەریبەکان: کالیپسۆ – پەرییەکە {ئەو پەرییەی ناو تابلۆ چاپکراوەکەی ژوور سەری پێخەفەکەی بلووم، تابلۆکە ناوی *خۆشوشتنی نیمفەکە*یە}؛ بیرخستنەوەکە: {وەک کە ئێرمیس چوو تا بیری کالیپسۆ بخاتەوە} – دلوگاس؛ ئیتاکی – سییۆن.

هێڵکارییەکەی ليناتی چەند کەسێتییەک لیستە دەکات: «پینێلۆپیا 'ژن'»، یولیسیس، کالیدیکی، بەڵام هاوتەریبییەکان دیاری ناکات. کالیدیکی لە چیرۆکدا، شاژنی *ثێسپرۆتیا*یە کە ئۆدیسێفس دوای تەواوبوونی چیرۆکی *ئۆدیسە* لە گەشتەکانی داهاتوویدا دەیخوازێت (ئەم چیرۆکە لە درێژەپێدەرێکدایە کە ئێستا لە ناو چووە، ناوی *تیلێگۆنیا*یە، لە نووسینی هۆنەرێکی نزیکی چەرخی هۆمیرۆس، بە ناوی *یوگامۆنی کیرینی* {یان *سیرینی*} کە لە دەوروبەری ساڵەکانی ٥٦٨ی پێش زایندا بەناوبانگ بوو.) هەروەها لای پەرییەکەوە هەندێک هێما لیستە کراون، ئەوانیش: «گولنک {زێ یان ئەندامی زاووزێی مێ}، دەربەدەری، خێزان، ئیسرائیل لە بەندێتیدا».

**گورچیلە:** لە سرووتەکانی جووە دێرینەکاندا، وەک لە «بۆنەی قوربانی و تەرخانکردنی کاهینەکاندا» بڕوانە (دەرچوون ٢٩: ١) «گورچیلە بە ئەندامێکی تایبەت دانراوە کە دەبێت لەسەر قوربانگا بسووتێنرێت بۆ یەهوا» (بڕوانە *فەرهەنگی لێکدەرەوەی کتێبی پیرۆز*، نیو یۆرک، ١٩٦٢؛ جوان کینەن پێشنیاری کرد). **~گ.س.**

[3] **لیۆپۆڵد بلووم**: لیۆپۆڵد بلووم کەسێتییەکی خەیاڵکردە (فیکشنەڵ)، باوکی ناوی *ڕودۆڵف ڤیراگ*ە و دایکی ناوی *فانی* بووە (پێش شوو: *هیگینس*). لە ٦ی ئایاری ١٨٦٦دا لە دەبلن لە دایک بووە. بلووم کەسێتییەکی ئاوێتەیە و تێکەڵە و پەرەسەندووی چەند کەسێتییەکی ڕاستینەیە کە جۆیس لە شارەکانی تریێست و زیوریخ و دەبلن دەیناسین. یەکێک لەم کەسێتییانە پیاوێک بووە بە ناسناوی *ئیتالۆ سڤێڤۆ* (١٨٦١-١٩٢٨)، خۆی ناوی *ئارۆن ئێتتۆرێ شمیتز* بووە و ڕۆماننووس بووە و خوێندکار و هاوڕێی جۆیس بووە. لە شاری تریێست لە دایک بووە و خێزانەکەیان بنەچەیەکی ئیتالی و ئەڵمانیی هەیە، بزنسمانێکی دەوڵەمەندی جوو بووە. یەکێک بووە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی جۆیس بۆ زانینی چاند و نەریتەکانی جوو بۆ نووسینی ڕۆمانی *ئولیس*، لە کاتی هاوڕێیەتییەکەیاندا لە بارەی کۆی کۆمەڵەی جووەکانی تریێستەوە تێگەیشتنێکی گشتیی بە جۆیس داوە. سڤێڤۆ ٢١ ساڵ لە

جۆیس بەتەمەنتر بووە، جیاوازیی تەمەنەکەی نێوانیان هاوشێوەی جیاوازیی تەمەنی نێوان ستیفن دێدالۆس و لیۆپۆڵد بلوومە لە ڕۆمانەکەدا. ڕەنگە ئەو پیاسەیەی بلوومی ناوەڕاستی تەمەن و ستیفنی گەنج لە نیوەشەودا لە ڕۆمانی *ئولیس*دا لە یەکێک لە پیاسەکانی سڤێڤۆ و مامۆستای ئینگلییە گەنجەکەیەوە، کە جۆیس بووە، سەرچاوەی گرتبێت کە پێکەوە پیاسەیان کردووە و قسەیان کردووە.
یەکێکی تر لە نموونەکانی کەسێتیی بلووم پیاوێکی خەڵکی تریێست بووە بە ناوی *تیۆدۆرۆ مایەر* (١٨٦٠-١٩٤٢) جووێکی هەنگاری بووە، خاوەن و دامەزرێنەری *ئیل پیکۆلۆ دێللا سێرا* بووە {ڕۆژنامەیەکی ئیتالی بووە، جۆیس چەند وتارێکی بە زمانی ئیتالی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو کردووەتەوە}. گەلێک هاوتەریبی لە نێوان بلووم و مایەردا هەیە، یەکێک لەوانە خولیای کۆکردنەوەی پووڵە.
*جۆن فرانسز بەیرن* (١٨٨٠-١٩٦٠) هاوڕێی جۆیس بووە لە دەبلن و ئەمیش لە پێکهێنانی کەسێتیی بلوومدا کاریگەریی هەبووە. بلووم ڕێک هەمان باڵا و کێشی بەیرنی هەیە – باڵاکەی: پێنج پێ و نۆ ئینچ و نیو بووە {١٧٥.٢٦ سانتیمەتر} و کێشی: یازدە بەردە و چوار پاوند بووە {٧١.٦٧ کیلۆگرام}. بەیرن ساڵانی ١٩٠٨ تا نیسانی ١٩١٠ لە خانووی ژمارە ٧ی شەقامی ئێکلس ژیاوە، لەو دوو جارەدا کە جۆیس سەردانی دەبلنی کردووە، لە ئابی ساڵی ١٩٠٩دا سەردانی بەیرنی کردووە بۆ ئەو خانووە. جۆیس ئەم ناونیشانەی بۆ ماڵی بلوومی ساڵی ١٩٠٤ دەستنیشان کردووە، لە کاتێکدا ساڵی ١٩٠٤ ئەو ماڵە کەسی لێ نەژیاوە و چۆڵ بووە. **~ڤ.یێ.**
**لیۆپۆڵد** بە واتای *شازادەی خەڵکان* دێت و ئاماژە بە لەدایکبوونی ژێر «کۆئەستێرەی تاجی باکوور» دەدات، کە هێمای ئەمانەیە: *خولیا*، *جوانی*، *ئابروومەندی*، *ئیمپراتۆرێتی*، *ژیانی تاتایی*، *شکۆمەندی*، *بەختی باش*، *مێژوو*، *ئابروو*، *دادگایی* و *ڕەفتاری مێینە*. **~گ.س.**
**بلووم** لە زمانی ئینگلیدا بە واتای *پشکووتن*، *شکۆفە*، *گوڵکردن*، *پێگەیشتن* دێت. **~ن.م.**
**خولیای کۆکردنەوەی پووڵ**: وەک خاتوو ئیگۆ لە ڕاڤەکەیدا وا دەڵێت، تا ئەڵقەی حەڤدەیەم هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە دەستەوە نادرێت کە وا پیشانی بدات کە بلووم خولیای کۆکردنەوەی پووڵی هەیە، بەڵکو *تویدی*ی باوکی ژنەکەی وا پیشان دەدرێت کە خولیای پووڵی هەیە. لە دکتۆر هەنتم پرسی، ئەو ئاماژەکەی ئەڵقەی حەڤدەیەمی پێ وتم کە وامان پیشان دەدات کە بلووم شارەزاییەکی لە پووڵی دانسقەدا هەیە. **~ن.م.**

[4] **به تامەزرۆییەوە... دەخوارد**: لە دەقە بنەڕەتەکەدا وشەی *ate* بە کار هاتووە کە ڕابردووی *eat*ە و بە واتای *خواردی* دێت، تەواوی دەستەواژەکە دەڵێت: *ئەیت وذ ڕێلیش ate with relish*، بە واتای: *بە تامەزرۆییەوە خواردی* دێت. بەڵام واتایەکی تریشی هەیە، کە دکتۆر هەنت دەڵێت ئەم واتایەیان «بە مەبەست نەبووە»، ئەویش بە واتای *لەگەڵ خەیارشۆردا خواردی* دێت، چونکە *ڕێلیش* جۆرە خەیارشۆرێکە کە لەگەڵ بابۆڵە و خواردندا دەخورێت. کە لە خوێندنەوەی ئەم ئەڵقەیە بەردەوام دەبیت، بۆت دەردەکەوێت کە بلووم هێشتا نانی بەیانیی نەخواردووە، بۆیە دەشێت ئەم پەرەگرافە بە دیاریکراوی باس لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیران نەکات، بەڵکو باس لە نەریتی بلووم دەکات، وەک پێناساندنی کەسێتییە هەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە پێش ئەوەی بچێتە پەرەگرافی دواتر کە دێتە سەر ڕۆژی ڕووداوەکە و دیمەنەکە کە لە ناندانەکەی ماڵی خۆیدایە. دکتۆر تەها لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا وشەی «یَسْتَطِیب»ی بە کار هێناوە، بە واتای *ئارەزووی دەکرد*، یان *پەسەندی دەکرد*؛ جانی جێلاتی لە وەرگێڕانە ئیتالییەکەیدا *تامی کردی* بە کار هێناوە؛ وەرگێڕانە ئیتالییەکەی تر و وەرگێڕانە عەرەبییەکەی سەڵاح نیازی هەر *خواردی*یان بە کار هێناوە؛ وەرگێڕانە فەرەنسییەکە وشەیەکیان بە کار هێناوە کە هەم بە واتای *چێژبینین لە* دێت و هەم بە واتای *هەبوونی خوانێکی بەتام* دێت؛ خاتوو ئیکرام پەدرامنیا لە وەرگێڕانە فارسییەکەیدا بە «با اشتها می‌خورد» وەریگێڕاوە بە واتای *بە تامەزرۆییەوە خواردی* دێت. لە دکتۆر هەنتم پرسی، ئەو وتی: «پێم وا بێت دەشێت بەو شێوەیە بیخوێنینەوە کە: "میستەر لیۆپۆڵد بلووم وەک نەریتێکی هەمیشەیی، بە تامەزرۆییەوە ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵ و باڵندەی دەخوارد" واتە لە ڕابردوودا، چونکە ئاخێوەری ئینگلی زۆر جار ڕابردووی سادە لە بری کاری نەریتییانە بە کار دەهێنن». بەهەرحاڵ، دەشێت بەم شێوەیەش وەرگێڕانەکە ڕاست بێت کە بڵێین: «میستەر لیۆپۆڵد بلووم بە تامەزرۆییەوە بێزووی بە ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵ و باڵندەوە کرد». **~ن.م.**

[5] **وردەتوێنان:** بە ئینگلی *crustcrumbs*، وشەیەکی لێکدراوی جۆیسە، بە واتای توێی نانی هاڕاو. **~ن.م.**

[6] **ماگادۆس:** مێیەی جۆری ماسیی *گادۆس*ە، بە ئینگلی پێی دەڵێن *cod*، ماسییەکی گەورەیە و دەخورێت. جۆیس سەرەتا تەنها «گادۆس»ی داناوە، بەڵام لە کاتی پێداچوونەوەدا کردوویەتی بە مێیەی گادۆس بەوەی *hen*ی کردووە بە پێش ناوەکەوە، ئەگینا وشەکە لە

زمانی ئینگلیدا بوونی نییە و دەستکردی جۆیسە، منیش ڕێم بە خۆم دا لە ژێر هەمان تەکنیکدا کوردییەکەی دابڕێژم. **~ن.م.**

[7] **لەوەی ئێمە دەیڵێین... تێدەگەین:** ئەم قسەیە لەگەڵ ئەوەی میشێل دی مۆنتێن (١٥٣٢-١٥٩٢)دا بەراورد بکە کە لە وتاری *لە بەرگریی ڕەیمۆندی سابوندێ*دا نووسیویەتی (١٥٦٨)، دەڵێت: «کە لەگەڵ پشیلەکەمدا یاری دەکەم، کێ نالێت ئەو، بە پێچەوانەی منەوە، لەوانەیە تەنها وەک هاوڕێیەکی یاریکەر تەماشام نەکات». **~گ.س.**

[8] **ڤیناویشە... حەزیان لێی بێت:** لە دەقە ماکەکەدا پشیلەکە مێیە و بە وێ: *شی* *she* بانگ دەکرێت. بەڵام چەند ڕاڤەکەرێک گومانی ئەوە دەکەن کە ئەم دێڕانە تەنها ئاماژە نین بە پشیلەکە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئاماژەشن بە خاتوو بلووم. دکتۆر هەنت دەڵێت: «ئەستەمە ئەوە لە نووسینی جەیمز جۆیسدا تەنها ڕێکەوتێک بێت کە پشیلەکە مێیە و دەنگدەرکردنەکەشی کە دەڵێت: "مککنیاو"، "مرککنیاو" لە "منگ"ی خاتوو بلوومی نیمچە-بەئاگا دەچێت». هەروەها لەمە و چەند نموونەیەکی تری ناو ڕۆمانەکەوە ئەوە هەڵهێنجێنراوە کە بلووم کەسێتییەکە کەموزۆر حەزی لە مازۆخێتی هەیە (بڕوانە ٤: ٦٩). **~ن.م.**

[9] **تەماشای... لێ هات:** لێرەدا بلووم تەماشای تڵیشی چاوەکانی پشیلەکە دەکات کە تەسک دەبنەوە و وەک بەردێکی سەوز، یان نقێمێکی سەوز دەبریسکێنەوە. **~ن.م.**

[10] **هانلۆن:** *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* ناوی سێ *هانلۆن*ی لە ژێر لیستی «فرۆشیاری شیرەمەنیی ڕێپێدراو»دا تۆمار کردووە کە لە دەبلنی ساڵی ١٩٠٤دا کاریان کردووە. نزیکترینیان لە خانووەکەی بلوومەوە (ئێس هانلۆن، فرۆشیاری شیرەمەنی، ٢٦ شەقامی دۆرسێتی خواروو)ە. **~گ.س.**

[11] **داخۆ... مشک بکەن:** نەخێر، ڕاست نییە؛ قسە و قسەڵۆکی پیرەژنانە. سمێڵیشیان لە تاریکیدا نابریسکێتەوە، بەڵام وەک «شاخی هەستیار» کار دەکەن و یارمەتیی پشیلەکە دەدەن دووریی شوێن مەزندە بکات. **~گ.س.**

[12] **بەکڵی:** خۆراکفرۆش، خاوەنی جۆن بەکڵی، بە ناونیشانی ٤٨ی شەقامی دۆرسێتی سەروو، بە بەری خۆرهەڵات و باشووری خانووی ژمارە ٧ی شەقامی ئێکلسەوە کەمێک بە پێ دوورە. **~گ.س.**

[13] **گورچیلەی بەراز:** بڕوانە کۆتایی یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیە. بەڵام بێگومان بەراز {بە پێی *تەورات*} بە گڵاو دانراوە (کۆشەر نییە). **~گ.س.**

[14] **دلوگاس**: تاکە دوکانی گۆشتفرۆش لە شەقامی دۆرسێتی سەروو، ئەو شوێنەی بلووم بۆی دەچێت گورچیلەکەی لێ بکڕێت، دوکانی مایکڵ برەنترن بوو بە ناونیشانی ٥٥ئەی (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم*، لا ١٤٧٩). ناوی *دلوگاس*، کە ناوێکی پۆڵەندی-جوویيە تەوسە {تەوس: ئايرۆنی irony}، چونکە یاسای خۆراکی جوو خواردنی بەرازی قەدەغە کردووە. کەچی گۆشتفرۆشەکە بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە، هەروەها «پەرۆشی»یەکەشی لە موسا دلوگاس (١٨٨٤-١٩٤٣)وە هێنراوە، کە ڕۆشنبیرێکی جوو بوو و سییۆنیستێکی بەپەرۆش بوو و جۆیس ئەم پیاوەی لە شاری ترییێست دەناسی. (بڕوانە *هەیمان*، لاپەڕە ١٨٤-١٨٥) **~گ.س.**

**موسا دلوگاس** (١٨٨٤-١٩٤٣) سییۆنیستێکی سەرسەخت بوو، دەبلنییەکی هەڵگیراوەیە {واتە خۆی دەبلنی نییە}. تاکە خاوەندوکانە کە لە *ئولیس*دا ناوی هاتووە و لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* دا ناوی نییە. چونکە ناوەکەی لە ترییێستەوە هێنراوە بۆ دەبلن. دلوگاس خوێندکارێکی جۆیس بووە لە شاری ترییێست، لە ساڵی ١٩١٢وە تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم {١٩١٤} وانەی ئینگلیی لای جۆیس خوێندووە. دلوگاس خۆی مامۆستای عیبری بووە و لەوانەیە جۆیس کەمێک عیبری لەوەوە فێر بووبێت، بۆ نموونە سروودی نەتەوەیی سییۆنیستەکان، کە بلووم لە ئەڵقەی حەڤدەدا بەشێک لەو سروودە بۆ ستیفن دەبێژێت. دلوگاس پارەوانی سەرەکیی {بەڕێوەبەری ژمێریاریی ئێستا} لقی ترییێستی کیونارد لاین بوو. کۆمەکی تایبەتی بۆ جووە هەژارەکان ڕێکدەخست تا بە کەشتی بڕۆن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان. لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی جیهانیدا، ئەم نووسینگەیە داخرا، ئینجا لە ڤیا تۆررێبیانکا لە دوکانێکی بچووکدا کاری دەکرد، تفاقیان بۆ سوپای نەمسایی دابین دەکرد کە ئەو کاتە لای ڕووباری ئیسۆنزۆ نزیک ترییێست لە جەنگی نەمسا-ئیتالیادا دەجەنگان. **~ڤ.ئ.**

**پارەوان**: بە ئینگلی *cashier*، زۆر جار لە کوردیدا هەر ئینگلییەکەی بە کار دەهێنرێتەوە کە *کاشێر*ە، واتە کەسێک کە سەرپەرشتیی وەرگرتن و دانی پارە بکات لە جێیەکدا. خۆم وشەکەم دارشتووە. **~ن.م.**

[15] **ژێرپیاڵەی لێساولێس کرد**: لە گۆرانییەکی منداڵانی سەدەی حەڤدەیەمەوە هێنراوە کە دەڵێت:

جاک سپرات چەوری ناخوا،
بەڵام ژنەکەی دەیخوا،

بۆیە هەردووک پێکەوە

بەلەمیان لێساولێس کرد.

لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا «جاک سپرات» ناسناوی *قەزەم* بوو. **~گ.س.**

[16] **بەیانیان... کەرەیە**: گۆرانییەکی منداڵانە، دەڵێت:

تۆمی تەکەری گچکە

داوای نانی شێو دەکا،

جا چی بدەینێ بیخوا؟

نانی ناسک و کەرە،

چۆن بێ چەقۆ لەتی کا؟

چۆن بێ ژن ژن دەهێنێ؟ **~گ.س.**

[17] **مۆڵی بلووم**: کەسێتیی خەیاڵکردی مۆڵی (ماریۆن) بلووم، کچی تویدی، کە سەرۆک پۆلەوانی لقە {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو}، دایکی ناوی *لونیتا لاریدۆ*یە، لە ٨ی ئەیلوولی ١٨٧٠ لە شاخی تاڕیق لە دایک بووە. مۆڵی کەسێتییەکی ئاوێتەیە، بەشێکی لەسەر نموونەی ژنەکەی جەیمز جۆیس خۆی بونیاد نراوە کە ناوی *نۆرا بارنیکڵ* بووە (١٨٨٤-١٩٥١)، هەروەها بەشی تریشی لەسەر نموونەی ژنی تر بونیاد نراوە، یەکێک لەوانە یەکێک لە کچەکانی مات دیلنە، کە ڕوخسارێکی ئیسپانییانەی هەبوو (بڕوانە ٦: ٢٥٣). بەڵام قژە ڕەشەکەی لە *ئەمالیا پۆپەر*ەوە هێنراوە، کە خوێندکارێکی جۆیس بووە لە ترییێست. ئەمیش هەر وەک ژنەکەی ئالفرێد هەنتەر ناوی *ماریۆن* بووە. نۆرا سەرچاوەیەکی ئێجگار گرنگی هاندەری وێژەیی جۆیس بووە. زۆرێک لە ئەدگارەکانی مۆڵی لە ئەدگارەکانی نۆرا دەچن. نۆرا ساڵی ١٩٠٤ نامەی بێ خاڵبەندیی بۆ جۆیس دەنووسی، لە بەرانبەردا خۆدوواندنە ناوەکییەکانی مۆڵی بلووم لە ئەڵقەی هەژدەیەمدا، کە دواهەمین ئەڵقەی ڕۆمانی *ئولیس*ە، لە هەشت ڕستەی دوورودرێژ پێکهاتووە و بێگومان بە هەمان شێوازی نامە و دەربڕینی نۆرا نووسراوە. **~ڤ.ئ.**

[18] **شاخی تاڕیق**: مۆڵی بلووم (پێش شوو: *تویدی*) {*مۆڵی* ناوی بچووککراوەیە و خۆی ناوی *ماریۆن*ە} لە ٨ی ئەیلوولی ١٨٧٠دا لە شاخی تاڕیق لە دایک بووە و لەوێ پێگەیشتووە، باوکی ناوی *براین کووپەر تویدی* بووە، کە لە سوپای قرمەوانانی پاشایی ئایرلاندا سەرپەل بووە {بۆ **قرم** بڕوانە کۆتایی ئەم ڕاڤەیە} و دایکی ناوی *لونیتا لاریدۆ* بووە و جووی ئیسپانی بووە. قرمەوانەکان لە کانوونی دووەمی ١٨٨٤ تا شوباتی ١٨٨٥ بۆ شاخی

تاڕیق نێررابوون. لەوانەیە مۆڵی و باوکی لە ئایار یان حوزەیرانی ١٨٨٦دا هاتبن بۆ دەبلن. **~گ.س.**

زۆرێک لە ئەدگارەکانی کەسێتیی براپەن کووپەر تویدی لەسەر نموونەی *ماڵەکای پاوڵ* (١٨٢١-١٩١٧) داڕێژراوە. پاوڵ لە تۆماستاون لە کاونتیی کیلکەنی لە دایک بووە. لە تەمەنێکی زووەوە پەیوەندیی بە هێزی سوارەوە کردووە و لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی کریمیادا (١٨٥٣-١٨٥٦) وەک خۆبەخش بۆ خزمەتی سەربازی خۆی ناونووس کرد و لە لەشکری گوێزەرەوەی پاشاییدا دانرا. لە جەنگەکەدا بە ئازایەتی خۆی نوواند و چەند مەدالیایەکی ڕێزلێنانی پێ درا. ساڵی ١٨٥٧ لە مەیدستەون لە کێنت ژنێکی خواست بە ناوی *لویزا ماثیوس*، چوار کچ و کوڕێکیان بوو. ساڵی ١٨٥٨ تا ١٨٦٦ لە کوڕڕا لە کاونتیی کیلدێر خزمەتی کردووە و دواتر نێرراوە بۆ ئاڵدەرشۆت لە هامپشییە، لە ئینگلتەرا. ساڵی ١٨٦٩ لە خزمەتی سەربازی خانەنشین بوو و هەموو مووچەی خانەنشینییەکەی لە کڕینی کێڵگەیەکدا خەرج کرد لە کاونتیی کیلکەنی، بەڵام بە هۆی مەزاجە خراپەکەیەوە هەم کێڵگەکەی لە دەست دا و هەم ژنەکەشی. ساڵانی ١٨٧٧-١٨٨٥ لە سوپای پیادەی باشووری ئوستورالیادا کاری کرد و دواتر بوو بە هەواڵنێری سەربازیی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*. ساڵی ١٨٨٨ تا ١٨٩٦ لە ١٢ی شەقامی ستامەر لە شاری دەبلن دەژیا و دراوسێی جەیمز جەی گیڵتراپ و ویلیەم ئۆرمسبی ڕەتلێج و پاتریک میەید بوو، (میەید نموونەی کەسێتیی مایەلز کراوفۆردی ئەڵقەی حەوتەمی ئەم ڕۆمانەیە). پاوڵ لە ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩١٧ لە ناونیشانی ٣٠ی شاڕێی فرانکفۆرت لە ڕاتگار، کە دێیەکی دەوروبەری دەبلن بوو، لە تەمەنی ٩٦ ساڵیدا مرد، یەکێک بوو لە دواهەمین بەشداریکەرەکانی جەنگی کریمیا و مەڕاسیمی بەخاکسپاردنی سەربازیی بۆ کرا و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژرا. **~ڤ.ئ.**

بە درێژایی ڕۆمانەکە پلەی سەربازیی باوکی مۆڵی هەر ڕوون نییە، جۆیس و ڤیڤیەن ئیگۆ وشەی *Major*یان بۆ بە کار هێناوە، کە بە گوێرەی *فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان* لە کوردیدا بەرانبەر *پێشڕەو* (ڕائید) دەوەستێتەوە، بەڵام هەردوو گیفرد و دکتۆر هەنتیش گومانیان لەمە دەربڕیوە و دەڵێن کە *Sergeant Major* بووە، کە بە گوێرەی فەرهەنگی ناوبراو بەرانبەر *سەرۆک پۆلەوانی لق* (*رَئیس عُرَفاءُ السَّرِیّة*) دەوەستێتەوە، من *سەرۆک پۆلەوانی لق*م کرد بە *سەرپەل*. **~ن.م.**

**قرم**: بە ئینگلی *fusil*، جۆرە تفەنگێکی چەخماخیی سووکە. **قرمەوان**، لە سەدەکانی پێشوو و پێشووتردا سەربازێک بووە کە ئەم چەکەی بە دەستەوە بووە. **~ن.م.**

[19] **له کورتی بۆیان بڕیوەتەوە**: واتە ئەو کەسەی زیادکردنەکەی (*مُزَايَدَة*) کردووە زوو شەقەی لە چەکوشەکە هەڵستاندووە و بۆی بڕاندووەتەوە. **~گ.س.**

[20] **پلێڤنا**: لە کاتی جەنگی ڕووسی-عوسمانیدا (١٨٧٧-١٨٧٨)، سوپایەکی عوسمانی بە ڕابەرایەتیی عوسمان پاشا ماوەی ١٤٣ ڕۆژ بەرگریی لە شاری پلێڤنای باکووری بولگاریا کرد (لە ٢٠ی تەمموز تا ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٧)، سەرەتا بەرگرییەکە دژی زنجیرە هێرشێکی ڕووسەکان بوو، بەڵام دواتر بوو بە دژی ئابلۆوقەدانیان لە لایەن ڕووسەکانەوە. لە جەنگێکدا لە پلێڤنا، کە عوسمانییەکان تەنها چاوەڕێی دۆڕانیان لێی دەکرد، کەچی خەریک بوو سەربکەون. ئینگلەکان وا پیشانیان دەدا کە تەواو بێلایەنن، بەڵام سەربازانی دەریاییان جووڵاند و ساڵی ١٨٧٨ کە سوپای ڕووسەکان سەرکەوتنی دیپلۆماسییان بە دەست هێنا خەریک بوو ئینگلەکان خۆیان بخەنە جەنگەکەوە، چونکە سەرکەوتنەکەی ڕووسەکان خاکێکی زۆری ناوچەی بەڵکانی خستە ژێر دەسەڵاتیانەوە کە ئینگلەکان پێیان خۆش نەبوو. لە ڕاستیدا تویدی *لە پلێڤنا* نەبووە، ئەگەرچی دواجار گەلێک حەزی بە ڕووداوەکانی ئەوێ کردووە و لەوانەیە بە دەستی ڤەکاری وێژەی خەیاڵکرد {فیکشن} خرابێتە ئەوێ. یەکێک لە پەڕتووکەکانی بلووم بە ناونیشانی *مێژووی جەنگی ڕووسی-تورکی*، لە نووسینی سێر هێنری مۆنتاگ هۆزییەر، (لەندەن، ١٨٧٧-١٨٧٩) (لە ئەڵقەی حەڤدەدا ئاماژەی پێ دەدات) بە درێژی چیرۆکی ڕووداوەکانی پلێڤنای تێدایە، جۆیس بە ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت کە ئەم پەڕتووکە هی تویدی بووە، چونکە لە پەڕتووکخانەی سەربازیی شاخی تاڕیقەوە هاتووە. **~گ.س.**

[21] **لە پلە... بەرز بوومەتەوە**: لە سوپای بەریتانیی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەرزبوونەوە لە پلە نزمەکانەوە {واتە پلەی سەربازان} بەراورد بە ئێستا ئێجگار دەگمەن بوو. **~گ.س.**

[22] **فەرمانگەی ونبووان**: وێستگەکانی هێڵی شەمەندەفەر زووزوو ئەو کەرەستانەیان دەفرۆشتەوە کە لە شەمەندەفەرەکاندا بە جێ مابوون و کەس نەدەچووەوە بۆیان. **~گ.س.**

[23] **نووسەک**: بە ئینگلی *sticky*، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «شتێکە کە لە خۆیەوە بنووسێ بە شتێکی ترەوە». **~ن.م.**

[24] **سەریان تێی کردووە**: واتە خوویان داوەتە ئەم پیشەیە، لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «لە لێشاوەکەدان»، گیفرد دەڵێت کە: لە کێبڕکێدان لەگەڵ یەکتردا بۆ پارەپەیداکردن بە ساختە. **~ن.م.**

[25] **شەب هەرە باشەکانی پلاستۆ:** جۆن پلاستۆ، کڵاودور و کڵاوفرۆش، بە ناونیشانی ١ی شەقامی گرەیت برونسویک (ئێستا پێی دەڵێن شەقامی پییەرس) لە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**
نووسراوەکە پارچە قوماشێکە کە بە جلەوە دەدوررێت، لێرەدا بە شەبقەکەوە دورراوە. ئەم نووسراوە لە ئارەقدا کاڵ بووەتەوە و «شەبقە» بووە بە «شەب»، لە دەقە بنەڕەتەکەشدا جۆیس پیتێکی لە hat لێکردووەتەوە، کە بە واتای *شەبقە* دێت، کردوویە بە ha. **~ن.م.**
[26] **پارچە پەڕەیەکی سپی:** ئەو کارتەیە کە ناوی خوازراوی بلوومی لەسەرە، ئەویش *هێنری فلاوەرە*. **~گ.س.**
[27] **پەتاتەم پێیە:** نوشتە، یان چاوەزارێکە، هێمای بەردەوامیی ژیانە و لە نەریتی جووەکانیشدا ژەمێکی سەرەکیی خواردنی دواى پرسەیە. پەتاتە بیرخەرەوەیەکی بژێوی ئایرە لادێییەکان و دۆوکەی پەتاتەکەیە کە بووە هۆی قاتوقڕی (بڕوانە ٢: ٧٦). دایکی ئەم پەتاتەیەی داوە بە بلووم. **~گ.س.**
[28] **بۆ بەرە... بە دوور گرت:** گۆشەی شەقامی ئێکلس لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بۆ باکووری خۆرئاوایە، ماڵی بلووم لە بەری باکووری خۆرهەڵاتە، کە لە بەیانیی زوودا لە سێبەردا دەبێت. جۆیس (لەوانەیە لە ڕێی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*ەوە) پێی وا بوو کە خانووی ژمارە حەفتا و پێنج بەرانبەر خانووی ژمارە حەوتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕاستەوخۆ بەرانبەری نییە و کەمێک لە لای ڕاستەوەیە و بلووم بە لای چەپدا دەسووڕێتەوە {واتە بە بەری ژێرخانەکەدا ناڕوا} (بڕوانە *ڕێبەرێکی تۆپۆگرافی بۆ ئولیسی جەیمز جۆیس*، نووسینی کلایڤ هارت و لیۆ نووث، ئینگلتەرا ١٩٧٥، لاپەڕە ٢٤-٢٥). **~گ.س.**
[29] **کڵێسای جۆرج:** کڵێسای سانت جۆرج (کڵێسای پرۆتستانتی ئایرلاند)، لە هاڕدویک پلەیسە، نزیک شەقامی هاڕدویک و لە بەری خۆرهەڵاتی سەری باشووری خۆرهەڵاتی شەقامی ئێکلسە، لە بەری باکووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلنە. **~گ.س.**
[30] **ڕەش... وا نییە؟:** وەڵام: هەڵیدەمژێت. **~گ.س.**
[31] **نابێت بەو قاتە کاڵەوە بڕۆم:** (بڕوانە ١: ٤٦). **~گ.س.**
ئەو شوێنەی مەبەستیەتی «بڕوات» پرسەکەیە، لە ئەڵقەی شەشەمدا دەڕوات. **~ن.م.**
[32] **بۆلاند:** بۆلاند، سنووردار، نانەواخانەیەکە لە ١٣٤-١٣٦ی شەقامی کەیپڵ و لە سەرسووچی لەنگەرگای گراند کەناڵی دەبلنە. **~گ.س.**

[33] **نانی ڕۆژانەمان**: لە نوێژی عیساوە هێنراوە لە (مەتا ٦: ١١) و (لۆقا ١١: ٣)دا دەیڵێت، *مەتا*: «نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ» *لۆقا*: «نانی ڕۆژانەمان هەموو ڕۆژێک بدەرێ». **~گ.س.**

[34] **ئەفسەری پلەوەرگرتوو**: لە دەقە ماکەکەدا وشەی *ranker* بە کار هاتووە کە بە ڕاڤەی گیفرد مەبەست لێی ئەفسەرێکە کە لە پلە نزمەکانی سەربازییەوە بەرز بووبێتەوە (بڕوانە ٤: ٢١). **~ن.م.**

[35] **مۆڵی**: ئەمە یەکەم جارە لە دەقە ماکەکەدا ناوی مۆڵی دەهێنرێت، بەڵام کە لە دوو جاری پێشوودا و هەر لەم ئەڵقەیەدا بە کارم هێناوە لەبەر ئەوە بووە کە ئەگەر تەنها *ئەو*م بە کار بهێنایە واتاکە ناڕوون دەبوو. **~ن.م.**

[36] **بە شوێن ڕێی خۆردا**: بە ئینگلی *ئین دە تراک ئۆف دە سەن* – *In the track of the sun*، ناونیشانی پەڕتووکێکە لە نووسینی فرێدریک دیۆداتی تۆمپسن (لەندەن، ١٨٩٣) یەکێکە لە پەڕتووکەکانی پەڕتووکخانەکەی بلووم کە لە ئەڵقەی حەڤدەیەمدا لیستیان دەکات. تۆمپسن لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٢دا بەرەو نیو یۆرک لە خۆرئاوا گەشتی کردووە و لە ئایاری ١٨٩٢دا بە لای ئینگلتەرادا گەڕاوەتەوە. زیاتر باس لە وردەکاریی گەشتەکەی دەکات لە خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی نزیک، وەک خەیاڵەکەی بلووم بۆمان پێشنیار دەکات. **~گ.س.**

[37] **تیرۆژ لە لاپەڕەی ناونیشانەکەیدا**: لاپەڕەی یەکەمی پەڕتووکی *بە شوێن ڕێی خۆردا*، کە لەوەی بلوومدا لێبووەتەوە و نییەتی، وێنەی کچێکی ئاسیایی خۆرهەڵاتیی تێدایە کە ئامێرێکی موزیکیی ژێدار دەژەنێت - «سەنتوور». **~گ.س.**

لە ڕاستیدا ئامێرەکە سەنتوور نییە، سەنتوور هەر ئامێرێکی ژێدارە، بەڵام لە بەر کۆشدا دادەنرێت، جۆرێکی هاوشێوەی هەیە کە پێی دەڵێن: «قانوون»، بە پەنجە دەژەنرێت، ئەمەیان لە سەردەمی ئێستاماندا عەرەبەکان زۆر بە کاری دەهێنن، جۆرەکەی تریش کە بە کوتەکێکی بچووکی وەک کەوچکەچای تەختەیی دەژەنرێت، ئەمەیان سەنتووری تەواوە. وێنەی کچە ئاسیاییە ژەنیارەکە و ئامێرەکەی ناو پەڕتووکەکە جۆرە سازێکی یاپانییە، لە بری ئەوەی وەک سازی کوردەواری هێلکەیی بێت، ئەمیان کەمێک بەرەو لاکێشەیی دەڕوانێت. پێم وا بوو لێرەدا هەڵەیەک هەیە، لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی: «بەستێنەکە وا دەگەیەنێت کە بلووم پێی وایە تیرۆژەکە لەسەر لاپەڕەی ناونیشانی پەڕتووکی *بە شوێن ڕێی خۆردا*یە. تۆ ڕاست دەکەیت، تیرۆژ لەسەر لاپەڕەی ناونیشانەکەی

پەڕتووکە ڕاستینەکە نییە، بەڵکو خانمێکە و ئامێرێکی وەک سەنتوور دەژەنێت (کە پێی دەڵێن *شامیسێن*)، بەڵام وەک لە ئەڵقەی {١٧} *ئیتاکی*دا دێتەوە ڕێمان، ئەو پەڕتووکەی بلووم لاپەڕەی یەکەمی پێوە نییە. لاپەڕەی مانشێتەکەی *فریمانس جۆرنەڵ* (کە لاپەڕە ٤ بوو) وێنەی تیرۆژێکی لەسەر بوو کە لە پشت بانکی ئایرلاندەوە هەڵهاتبوو (کە پێشتر باڵەخانەی پەرلەمان بوو)؛ وێنەی تیرۆژ هێمایەکی ئایرە ناسیۆنالیستەکانە». **~ن.م.**

[38] **ئاڕثەر گریفیث**: (بڕوانە ٣: ١٨٠). **~گ.س.**

[39] **نەخشی... هەڵدێت**: بۆ حوکمی *سەربەخۆیی* بڕوانە بەشی *ئولیس و سەردەمەکەی* لە پێشەکییەکەی دان گیفرددا. *فریمانس جۆرنەڵ* و *ناشناڵ پرێس*، دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دەبلن بوون، بابەتەکانیان لەگەڵ حوکمی سەربەخۆییدا بوو، بەڵام لە ناوەرۆکدا لە گۆشەنیگایەکی پارێزکار و میانڕەوانەوە بوون. لە ڕاستیدا نەخشی سەروپەڕەکەی {ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین *لۆگۆ*} *فریمانس جۆرنەڵ* خۆر و تیشکەکانیەتی کە لە پشتی ناوەڕاستی باڵەخانەی بانکی ئایرلاندا هەڵهاتووە (لە ڕووی شوێنی بانکەکەوە، دەبوو خۆر لای باکووری خۆرئاوایەوە هەڵبێت، نەک لە پشتیەوە) لە ژێر ناونیشانەکەشدا دروشمی: «ئایرلاند نەتەوەیەکە» نووسراوە. هێماگەریی ئەم ناونیشان و سەروپەڕەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بانکی کۆنەپارێزی ئایرلاند ئەو باڵەخانەیان داگیر کردووە کە پێش ئەوەی ساڵی ١٨٠٠ بەندی دەستووریی یەکێتییەکە تێبپەڕێنرێت، باڵەخانەی پەرلەمانی ئایرلاند بوو. **~گ.س.**

دوای ئەوەی بە بەندی دەستووریی یەکێتییەکە (بڕوانە ٢: ٧٩) پەرلەمانی ئایرلاند هەڵوەشێنرایەوە، باڵەخانەی پەرلەمانی ئایرلاند چۆڵ بوو، بۆیە بە بانکی ئایرلاند فرۆشرایەوە. **~ج.ه.**

[40] **ئایکی**: بڕوانە دوو پەرەگراف پێش گوزارشتەکەی ڕافائێل لیپسێت لە بەشی *ئولیس و سەردەمەکەی* لە پێشەکییەکەی دان گیفرددا. ئایکی ناسناوێک بووە بۆ جوو بە کار هاتووە، بە واتای: *وریا، سەردەرچوو، زیرەک*. **~گ.س.**

*ئایکی* لە *ئیسحاق*ەوە هێنراوە، کە بە گێڕانەوەی *تەورات* کوڕی بچووکی ئیبراهیم بووە. **~ن.م.**

[41] **لاری ئۆڕورک**: لۆرێنس ئۆڕورک، بازرگانی میوە و چا و مەی و شەراب، بە ناونیشانی ٧٤ی شەقامی دۆرسێتی سەروو، لە سەرسووچی شەقامی ئێکلس. **~گ.س.**

[42] **ماوڵی:** تۆماس ماوڵی، بازرگانی میوە و شەراب، بە ناونیشانی ٣٩ی شەقامی دۆرسێتی خواروو، لای باکووری شەقامی ئێکلس. **~گ.س.**
[43] **شەقامی... بۆ لەنگەرگاکان:** شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور لای بەری خۆرئاوای دەبلنەوە دەست پێ دەکات تا نزیکی ڕووباری لیفی لە خۆرهەڵات؛ لەسەر نەخشە وەک نیمچەبازنەیەک وایە بە دەوری شارەکەدا و بە چەند شەقامێکی ترەوە نووساوە کە پێکەوە تا دەمی ڕووباری لیفی لای لەنگەرگاکان نیمچەبازنەکە درێژ دەکەنەوە. مەیدانی وڵاخەکان لەودیو بەری خۆرئاوای ئەم شەقامەوە بوو. **~گ.س.**
[44] **کرکرە:** بە ئینگلی *blind*، جۆرە پەردەیەکە، لە پەڕە یان قوماش، یان هەندێک جار لە تەختە دروست دەکرێت و دەکرێت بە بەر پەنجەرەوە. هەندێک جار پێی دەڵێن: *دەراِبە*، بەڵام ئەو دەراِبەیە نییە کە لە دوکانەکانی کوردستاندا باوە، چونکە ئەم جۆرە پەردەیە دەشێت بێ ئەوەی هەڵبدرێتەوە، بکرێتەوە و دابخرێتەوە. لەم ڕۆمانەدا گەلێک جار ئەم وشەیە دووبارە دەکاتەوە، دەبوو لە پەردەی ئاسایی جودای بکەمەوە، وشەکەم لە *فەرهەنگی فارسی-کوردی*یەوە هێناوە. **~ن.م.**
[45] **لارییە کەچەڵەکەم:** ناوی *لاری* لە گوێی دەبلنییەکاندا کەمێک جەفەنگی و پێکەنیناوییە (بڕوانە ١٢: # **شەوێک پێش نووستنی لاری**). **~گ.س.**
[46] **مجێورە بەروانکەلەبەرەکە:** لە دەقە ماکەکەدا وشەی *curator* بە کار هاتووە، گیفرد بەم شێوەیە ڕاڤەی دەکات: «*کیورەیت* {ئەوەی بە «مجێور» وەرمگێڕاوە} پیاوێکی دینیی کڵێسایە کە لە بۆنەگێڕانی هەزەخی ماسدا یارمەتیی یاریدەری قەشە، یان قەشە دەدات؛ ئاوهاش بووە بە ناوێکی بازاڕی بۆ بارمەن.» ئاماژە شاراوەکە ئەوەیە کە: قەشەکە شەراب بەسەر ئامادەبوواندا دەگێڕێت (بڕوانە ١: ٩٦). کەواتە ئەوەی شەرابەکە دەدات بە خەڵک بارمەنە، ئاوهاش بە بارمەن دەڵێن: مجێور. **~ن.م.**
[47] **سایمن دێدالۆس:** (بڕوانە ٦: ٤). **~ن.م.**
[48] **ڕووسییەکان... هەشتی بەیانین:** ئەو وارگێڕییە شەڕانگێزانەیەی ڕووسیا و یاپان لە مەنشووریا لە کۆریا بۆ فراوانکردنی سنووری خۆیان بە کار یان دەهێنا (کە لە ساڵی ١٨٩٥ەوە دەستی پێ کرد) گەیشت بە جەنگی ڕووسی-یاپانی (شوباتی ١٩٠٤ تا ئەیلوولی ١٩٠٥). پێشبینییەکەی ئۆڕورک بۆ دەرئەنجامی جەنگەکە، کە کەمێک پشتگیریی یاپانییەکان دەکات (وەک چۆن ئینگلەکان لایەنگری یاپانییەکان بوون)، بە تەواوی هەڵە نییە. یاپانییەکان هێڵێکی کورتتری ڕێڕەوی دابینکردنیان *supply line* لەوەی ڕووسییەکان

هەبوو، کە ئەمە لە بەرژەوەندیی یاپانییەکان بوو؛ هەروەها لە ڕووی سەربازی و دەریاییشەوە لە ڕووسییەکان بەهێزتر بوون. سەرکەوتنەکانی یاپانییەکان لە مانگەکانی سەرەتای جەنگەکەدا وای لە پێشبینییەکەی ئۆڕورک کردووە کە لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا گەلێک بەجێ دیار بێت. **~گ.س.**

[49] **دیگنەم**: کەسێتیی خەیاڵکردی پاتریک دیگنەم و خێزانەکەی لە ناونیشانی ٩ی شاڕێی نیوبریدج لە ساندیماونت «ژیاون»، ساندیماونت دێیەکی نزیک دەریایە، سێ میل لە باشووری خۆرهەڵاتی دەبلنەوە دوورە. **~گ.س.**

[50] **کاونتیی لیتریم**: (بڕوانە ١: ١٤٥) لیتریم کاونتییەکە لە باکووری ناوەڕاستی ئایرلاند، لەچاو دەبلندا بە شوێنێکی دوور و کشتوکاڵی دادەنرێت، خەڵکەکەشی لە دیدی دەبلنییەکانەوە بە «لادێیی گێژ و حۆڵ» دانراون. **~گ.س.**

[51] **پیرەمێرد**: واتە هەڵگرتنەوەی خواردنەوەکان، مەبەست لە «پیرەمێرد» ئەو بەرماوەیەیە کە کڕیارەکان لە بنی پەرداخەکانیاندا بە جێی دەهێڵن لە بری ئەوەی فڕێی بدەن. **~گ.س.** بلووم وێنای مجێوری گەنج دەکات کە «پێکی بەتاڵ و پیرەمێرد» پاک دەکەنەوە. ڕاڤەکاران لەسەر وشەی کۆتایی ڕستەکە ڕێک ناکەون. ئەگەری زۆرە مەبەست لێی کۆمەڵێک کارکەری مەیخانەکان بن کە کەلوپەلی بارەکە پاک دەکەنەوە، بەڵام هەندێک ڕاڤەکار ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕەنگە مەبەست ئەوە بێت کە بەرماوە و خڵتەی مەیەکانی ناو پەرداخەکانی کڕیارەکان دەخۆنەوە، یان کۆی دەکەنەوە و بە کڕیاری نوێی دەفرۆشن. گیفرد وشەی «پیرەمێرد» وا ڕوون دەکاتەوە کە مەبەست لێی بەرماوەی خوارنەوەی بنی پەرداخەکانە. پێم وا بێت پێشنیاری ئەوە دەکات کە «لە بری ئەوەی فڕێی بدەن» خزمەتکارەکان ئەم بەرماوانە کۆ دەکەنەوە و لە ژێرخان و ژێرخانە چۆڵەکەی مەیخانەکەدا بە دزییەوە دەیخۆنەوە. *فەرهەنگی ڕوونکردنەوەیی شێوەزاری ئینگلی-ئایری* لە نووسینی ڕیچارد واڵ، دەربارەی کارەکانی جۆیس دەڵێت کە مەبەست لە دەستەواژەکە: «بەرماوەی بیرەیە کە بە کڕیاری بێئاگا دەفرۆشرێت» دیسان لەوانەیە لە ژێرخانەکەدا بەرماوەکە کۆ بکرێتەوە. بەڵام لەوانەیە ئەم جۆرە هەڵهێنجاندنە گوماناوییانە پێویست نەبن. سام سلەوت لە بری ئەمان واتایەکی *فەرهەنگی پاتریدج* دەهێنێتەوە کە: «پیرەمێرد» بەوە پێناسە دەکات کە: «ئەو بەشەی مەکینەی بیرەیە کە زیادەکەی کۆ دەکاتەوە» من نازانم چی بەسەر بیرەدا دێت کە لە ژێر بەلۆعەکەیدا بە کونی پاڵێوەری مەکینەدا دەڕوات، بەڵام لەوانەیە بلووم بزانێت. ئەگەر لە دەفرێکدا لە ژێرخان و ژێرخانەکەدا کۆ بکرێتەوە، ئەوا

کەواتە بلووم هاوسۆزانە وێنای کارکەرەکانی مەیخانەکە دەکات کە لە کۆتایی ڕۆژەکەیاندا ئەم کارە ناخۆشە دەکەن و ئەم بەرماوە بێتام و کۆنانە کۆ دەکەنەوە. **~ج.هـ.**
من هیچ بیرۆکەیەکم سەبارەت بە مەبەستی ئەم ڕستەیە نییە، بۆیە وەک خۆی وەرمگێڕا و بە نیازی ئەوەی لە ئایندەدا ڕوونتر بکرێتەوە. **~ن.م.**

[52] **ئادەم فایندلەیتەرز**: بەڕێوەبەری بەشگەی سنوورداری ئەلێکساندەر فایندلەیتەرز بوو، بۆ بازرگانیی چا و شەراب و مەی و خواردەمەنی، بە ناونیشانی ٢٩-٣٢ی شەقامی ساکڤیلی سەروو (ئۆکانەڵی ئێستا). بەشگەکە پێنج لقی تریان لە دەبلن هەبوو و شەش لقی تریشیان لە کۆی ناو کاونتیی دەبلن هەبوو. فایندلەیتەرز بزنسمانێکی سەرکەوتوو بوو و هەندێک ئاواتی وارگێڕییانەشی هەبوو. ڕۆژنامەکەی ئاڕثەر گریفیث، *یونایتد ئایرشمان*، ڕەخنەی ئەوەی لێ گرتبوو کە هانی کارگەی بێگانەی داوە لە ئایرلاند و «بەریتانیی خۆرئاوایی»ە و دەپاڕێتەوە تا ناونیشانی سوارچاکی بدەنێ. **~گ.س.**
«بەریتانیی خۆرئاوایی» دەستەواژەیەکی توانجئامێزە کە لەو ئایرانە نراوە کە زۆر لاسایی ئینگلەکان دەکەنەوە و لەگەڵیاندا هاوسۆزن؛ وەک وایە بە کوردێکی هاوسۆز لەگەڵ عێراق بوترێت: «عێراقیی باکووری (شیمالی)» لە بری ئەوەی پێی بوترێت: «کورد». **ناونیشانی سوارچاکی**: بە ئینگلی *knighthood*، پلەیەکی ڕێزلێنانە کە شای بەریتانیا لە هاوولاتیی دڵسۆزی پاشاخوازیان ناوە. **~ن.م.**

[53] **دان تالۆنز**: دانیال تالۆن، بازرگانی میوە و شەراب، بە ناونیشانی ٤٦ی شەقامی جۆرجی باشوور و ٥٧ی شەقامی ستیفن. خاوەن مەیخانەیەکی سەرکەوتوو بوو، ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٠ سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بوو. **~گ.س.**

[54] **لەگەڵ... دەست تێکەڵاو دەکەن**: لە دەقە ماکەکەدا ئاماژە بە تێکەڵکردنی قاچ دەکات، نەک دەست و دەستەواژەی *double shuffle*ی بە کار هێناوە، *دەبڵ شەفڵ* هەنگاوی جۆرە سەمایەکە کە پێی دەڵێن: *هۆرنپایپ hornpipe*، سەماکەرەکە لەم سەمایەدا هەردوو قاچی تێکەڵ دەکات. *فرۆشیاری گەشتیار* فرۆشیارێکی گەڕۆکە کە بۆ فرۆشتن لەم شار دەچێت بۆ ئەو شار. فێڵەکەش، واتە دەست-تێکەڵاوکردنەکە ئەوەیە کە فێڵبازەکە و فرۆشیارەکە ڕێکدەکەون و دەستکاریی نرخی کۆفرۆشییەکە دەکەن، فرۆشیارەکە نرخی فرۆشتنەکە زیاتر دەکات و داوای پارەی زیاتر دەکات و دواتر دووبەدوو قازانجەکەی دابەش دەکەن. **~ن.م./گ.س.**

[55] **قوتابخانەی خۆماڵیی سانت جۆزێف**: لە ٨١-٨٤ی شەقامی دۆرسێتی سەروو بوو. قوتابخانە خۆماڵییەکان وەک قوتابخانەی حکومیی ئەمەریکا وان {وەک قوتابخانەی ئاسایی حکومیی کوردستانیش، کە *تایبەت* نین}، بەڵام ئەم جۆرە قوتابخانانەی ئایرلاند زیاتر لە قوتابخانەی بازرگانی و پیشەگەری دەچوون، چونکە ئامانجی فێرکارییەکانیان زیاتر لەسەر پەروەردەی کردارەکی بوو بۆ کارکەرانی چینی ناوەندی و ژێرەوەی کۆمەڵ. گۆشەنیگای پرۆتستانتیی ئینگلی بەسەر قوتابخانە خۆماڵییەکاندا زاڵ بوو، ئایرەکان ئەم قوتابخانانەیان وەک پیلانی ئینگلەکان دەبینی بۆ ڕکێفکردنی ئایرلاند لە ڕووی دینی و کۆمەڵایەتی و وارگێڕییەوە. **~گ.س.**

[56] **ئینیشتورک. ئینیشاڕک. ئینیشبۆفین**: سێ دوورگەی بچکۆلەی زەریای ئەتڵەسین، لە بەری خۆرئاوای ناوەڕاستی ئایرلانددان (لە ڕاستیدا کەمێک لەولا کاونتییەکانی گۆلوەی و مەیۆوەن، {بڕوانە نەخشەی ئایرلاند، سێ دوورگەی بچکۆلە لە بەری خۆرئاواوەن، ئەم سێ دوورگەیەن} ئەو شوێنە پێی دەڵێن: *وڵاتی جۆیس*) *ئینیشتورک* واتە: *دوورگەی بەڕەک (نێرەبەراز)*؛ *ئینیشاڕک* واتە: *دوورگەی گا*؛ *ئینیشبۆفین* واتە: *دوورگەی مانگای سپی*؛ ناوی دوورگەکان بە زنجیرەی شوێنی جوگرافییان نەنووسراون {چونکە ئەگەر لە سەرەوە بۆ خوار بیڵێیت، ئەوا دەبێت بە: ئینیشتورک، ئینیشبۆفین، ئینیشاڕک؛ ئەگەر لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت، بە پێچەوانەوە دەبێت و لە هەردوو بارەکەدا ئینیشبۆفین دەکەوێتە ناوەڕاستەوە}، بەڵکو بە کێشێکی ئاوازییانە ڕێکخراوە {تا بۆ بیرکەوتنەوە ئاسان بێت}. **~گ.س.**

[57] **جۆگەلەفڕی**: گاڵتەکردنێکە بە وشەی *جوگرافیا*. لە دەقە بنەڕەتەکەشدا هەر بە گاڵتەوە وشەیەکی وا دەڵێت. **~ن.م.**

[58] **شاخی بلووم**: زنجیرە چیایەکە لە ناوەڕاستی ئایرلانددا، پەنجا و پێنج میل بە بەری خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای دەبلندایە. **~گ.س.**

[59] **بۆڵۆنی، ڕەش و سپی**: بۆڵۆنی جۆرە کاڵباسێکە و دەگەڕێتەوە بۆ شاری بۆڵۆنیا لە ئیتالیا، بۆیە وای پێ دەڵێن. **کاڵباس**، یان **سۆسج** واتە گۆشتی کوتراو و بەقیمەکراو و تێکەڵکراو لەگەڵ پێکهێنەری تردا. **~ن.م.**

بۆڵۆنی لە گۆشتی بەرازی نیمچە کوڵێنراو دروست دەکرێت، بۆیە خاڵخاڵ دیارە و ڕەش و سپی دەردەکەوێت. **~گ.س.**

[60] **سۆسجی دێنی**: هێنری دێنی و کوڕەکانی، بەرهەمهێنی بەرهەمە گۆشتییەکان، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا کارگەکەیان لە کاونتیی لیمریک بوو. **~گ.س.**

[61] **ودز**: له لاپەڕە ١٤٨٢ی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* دا، (میستەر ئاڕ ودز) ناوێک لیست کراوە بە ناونیشانی ٨ی شەقامی ئێکلس، واتە تەنیشت ماڵەکەی بلووم. لە لاپەڕە ٢٠٤٣شدا لە لیستی «خانەدانان و گەوران و بازرگانان و کارداران»دا لیست کراوەتەوە، بەڵام کارەکەی دیاری نەکراوە. **~گ.س.**
پاتریک و ڕۆز ودز لە خانووی ژمارە ٨ی شەقامی ئێکلس ژیاون و دراوسێی بلووم بوون، کە ئەو لە خانووی ژمارە ٧دا ژیاوە. پاتریک ودز ساڵی ١٨٥٩ لە کاونتیی کینگ لە دایک بووە (کە ئێستا پێی دەڵێن کاونتیی ئۆفەلی) حەماڵ بووە. ژنەکەی، کە ناوی *ڕۆز* بووە، ساڵی ١٨٦١ لە کاونتیی میث لە دایک بووە. کچەکەیان ناوی *کەیتی* بووە و شووی نەکردبوو، ساڵی ١٨٨٠ لە دەبلن لە دایک بووە و ساڵی ١٩٠٤ تەمەنی ٢٤ ساڵ بووە. بلووم لە دوکانەکەی دلوگاس دەیبینێت کە پاوند و نیوێک سۆسجی دێنی دەکڕێت و «چاوەکانی لەسەر سمتە تۆکمەکەی نیشتنەوە.» بلووم پێی وایە کە ئەگەر کچەکە بە خاوی بڕوات ئەوا لەوانەیە پێی بگاتەوە، بەڵام تا لە دوکانەکە دەردەچێت کچەکە دیار نەماوە. **~ڤ.ئ.**
لە باسی ماڵی ودزدا ناڕوونییەک هەیە: خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆ کچەکە بە کچی میستەر و میسز ودز دادەنێت، بەڵام کۆمەڵێک زانیاری هەن کە بە ئاسانی یەک ناگرنەوە: جۆن سیمپسن لە (*ماڵپەڕی تێبینییەکانی جەیمز جۆیس لەسەر هێڵ James Joyce Online Notes website*)دا نووسیوویەتی کە *ڕێبەرینامەی تۆم* بە هەڵەدا چووە و خاوەنی ماڵەکەی تەنیشت بلووم کە بە «میستەر ئاڕ ودز» دانراوە، میستەر نییە، واتە پیاو نییە و خاتوو ڕۆز ودزە کە ژنی پاتریک ودز بووە. ساڵی ١٩٠٢ ئەم ژن و مێردە جیا بوونەتەوە و خاتوو ودز یان بە تەنیا، یان لەگەڵ کەیتیی کچیدا لە خانووی ژمارە ٨ی شەقامی ئێکلس ژیاون، لە ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤دا ئەو ژنە خانووەکەی بۆ فرۆشتن داناوە و لە ڕۆژنامەشدا ڕیکلامی بۆی کردووە، بەڵام دواجار پەشیمان بووەتەوە و نەیفرۆشتووە. جۆیس دڵنیا نەبووە لە ڕیزبەندیی خانووەکانی شەقامی ئێکلسی ساڵی ١٩٠٤. لە ئاماری ئایرلاندی ساڵی ١٩١١دا دەڵێت کە خانووی ژمارە ٨ ماڵی چوار خێزان بووە، خێزانی ودز دانیشتووە سەرەکییەکەی ماڵەکە بوون و لە چوار ژووری ماڵەکەدا ژیاون، سێ خێزانی تریش یەکی لە ژوورێکی ماڵەکەدا ژیاون. پاتریک ودز لە ٢٧ی شوباتی ١٨٣٧دا ئاوەمۆر کراوە، واتە دەبێت سێ ڕۆژێک پێش ئەو ڕێکەوتە لە دایک بووبێت، لە ١ی ئابی ١٨٦٩دا ڕۆزانا (کە کورتکراوەکەی دەبێت بە ڕۆز)ی خواستووە و لەو کاتەدا گوایە بەلەموان بووە. لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٥دا مردووە. *ڕۆزانا*، یان *ڕۆز* (پێش شوو: *گەینۆر*)، لە ١٢ی

کانوونی یەکەمی ١٨٤٧دا ئاوەمۆر کراوە، واتە دە ساڵ لە پاتریک منداڵتر بووە. واتە ساڵی ١٩٠٤ ڕۆزانا ٥٧ ساڵ بووە و پاتریک ٦٧ ساڵ بووە. لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩١٦دا، دوو مانگ دوای مردنی مێردەکەی، مردووە. جۆن سیمپسن گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە جۆیس یان لە وردەکاریی ژیانی پاتریک و ڕۆز ودز ئاگادار نەبووە، یان گرنگیی پێی نەداوە و وای کردووە بلووم ئاگای لەم شتانە نەبێت. ئەگەرچی کەیتیی کچیان لە خانووەکەدا ژیاوە، بەڵام لە *ئولیس*دا، نەک وەک ئەوەی خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆ پێمان دەڵێت، ئەم کچە خزمەتکار بووە و کچی میستەر ودز نەبووە. **~ن.م.**

[62] **چاوبەوەرزی**: وشەیەکی لێکدراوی جۆیسە و لەسەر شێوازی هۆمیرۆس داپڕشتووە، لە *چاو* و *بەوەرز* پێکدێت، دروستتر وا بوو **بەوەرزی ماڵی** بووایە، بە ئینگلی *ferret*، بەڵام لەبەر کەڵەکەنەبوونی وشە تەنها *بەوەرز*م دانا، ئاژەڵەکە جۆرە بەوەرزێکی ماڵییە، زۆرجار ڕەنگی سپی، قاوەیی-باو، یان خۆڵەمێشی-قاوەییە. بۆ *بەوەرز* (٣: ١٠٢). **~ن.م.**

[63] **کێڵگە... تەبەریاس**: دەریاچەی جەلیل بە ناوەکانی: دەریاچەی تەبەریاس {یان *تەبەریا*، *تەبەریە*} و دەریاچەی کیناریتیش ناسراوە، واتە سێ ناوی هەیە. *کینارێت* لە ڕۆخی باشووری خۆرئاوای دەریاکەیە، تەنها جارێک لە *کتێبی پیرۆز*دا ناوی هاتووە، ئەویش لە پەڕتووکی (یەشوع ١٩: ٣٥)دایە و وەک شاری «قەڵابەند»ی هۆزی نەوەی نەفتالی ناوی هێنراوە. لە پەڕتووکی *فەرهەنگێکی کتێبی پیرۆز*دا، لە نووسینی ویلیەم سمیث، (فیلادێلفیا، ١٨٨٤) دەڵێت: «هیچ شوێنەوارێکی ئەمە لای نووسەرەکانی دواتر نەدۆزراوەتەوە و هیچ گەشتیارێکیش هیچی لەسەر نەوتووە» «کێڵگەکە دۆزرایەوە و بەشگەی گەشەپێدانی زەویی فەڵەستین لە ٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٨دا ڕیکلامیان بۆی کرد کە خولی فێربوون بۆ کرێکاری جوو دەکەنەوە تا بیسەلمێنن کە کێڵگەیەک کە کرێکاری جوو بە کرێ دەگرێت دەشێت قازانجی هەبێت (هەیمان، لاپەڕە ٣٣٨). **~گ.س.**

[64] **موسا مۆنتیفیۆرێ**: سێر موسا حایم مۆنتیفیۆرێ (١٧٨٤-١٨٨٥) پیاوێکی ئینگلی-ئیتالی بوو، بوو بە مرۆڤدۆستێکی دەوڵەمەندی ئینگل و کاریگەری و سامانەکەی خۆی بە کار دەهێنا بۆ بەدیهێنانی ئازادیی وارگێڕی بۆ جووەکانی ئینگلتەرا و کەمکردنەوەی ئەشکەنجەی جووەکانی شوێنانی تری ئەورووپا و هاندان بۆ داگیرکردنی فەڵەستین (لە سەرەتای بزوتنەوەی سییۆنیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا). لە ناو جووەکانی ئەورووپادا ناوی ئەو ببووە هاوواتای پیرۆزیی ڕاستودروست. **~گ.س.**

[65] **ئەو بەیانییانەی مەیدانی وڵاخەکان**: بلووم ساڵانی ١٨٩٣-١٨٩٤ لای جۆزێف کوف کاری کردووە و کارگێڕ بووە (بڕوانە ٦: ١٥٠)، چاودێریی فرۆشی وڵاخی کردووە. مەیدانی وڵاخەکان لەودیو بەری خۆرئاوای شەقامی نیمچەبازنەیی باکوورەوە بوو. **~گ.س.**

[66] **داخنیشانکراو**: بە ئینگلی *branded*، ئاژەڵێکە کە بە داخکردن نیشانە کراوە، بۆ ناسینەوەی خاوەندارێتی. **~ن.م.**

[67] **ئاسن بە گەرمی دەکوترێت**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا ئیدیۆمە، ئیدیۆمەکە دەڵێت: «با لە کاتی خۆرهەڵهاتندا گورزە بخەین»، واتە دەبێت شت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت و هەل لە کاتی خۆیدا بقۆزرێتەوە. لە چاپەکانی پێشتردا بەم شێوەیە وەرمگێڕابوو: «با تا نانەکە سارد نەبووەتەوە فریا بکەوین بیخۆین». سوپاس بۆ کاک ڕێبوار قارەمانی کە ئەم پەندەی پێم دا. **~ن.م.**

[68] **سکاپولاری قاوەیی**: **سکاپولار**: بەرگێکی هەندێک لە ڕەبەنە کاسۆلیکەکانە کە لە دەفەی شانەوە شۆڕ دەبێتەوە، ناوەکە لە *سکاپولا*وە هاتووە، واتە دەفە: ئێسکی شان. هەروەها کۆمەڵەی خوشکانی کارمەلییەکان، کە کۆمەڵەیەکی ڕەبەنی کاسۆلیکە، جۆرە ملەوانەیەک لە مل دەکەن، پارچە چەرمێکی قاوەییە بە بەنێکەوە بەند کراوە، بەمەش دەوترێت: *سکاپولار*، هەم نیشانەی خۆتەرخانکردنیانە بۆ دین و دڵسۆزییان بۆ مریەمی پاکیزە و لە گەندەباوەڕیشدا وەک چاوەزار و پارێزەرێکە تا پاکیزەییان بپارێزێت. **~ن.م./گ.س.**
ئەو کچە خزمەتکارەی بلووم لای گۆشتفرۆشەکە دەیبینێت، سکاپولارێکی قاوەیی لە ملدایە کە «بەرگری لە هەردوو دیوی دەکات». بلووم وا وێنا دەکات کە کچەکە ئەو هێمای خۆتەرخانکردن بۆ مریەمەی بۆ ئەوە پۆشیوە تا پاکیزەیی بپارێزێت (نە لە پێشەوە و نە لە دواوە تێی نەخراوە)، ئەگەرچی ئەمە کەمکردنەوەیەکی تێنەگەیشتووانەی گرنگییە دینییەکەی ئەم نەریتەیە. **~ج.ه.**

[69] **چزووی... گەشایەوە**: لە دەقە بنەڕەتەکەدا دیاریی نەکردووە «چزووی فەرامۆشی»یەکە چییە و هی کێیە، بەڵام لەبەر ئەوەی «لە سنگی ویدا» بە هی ئەوی نێر (وی) هاتووە، واتە لە سنگی بلوومدا. لە لاپەڕە ١٥٦ی پەڕتووکی *Psychoanalysis and Culture at the Millennium* *(بە کوردی: دەروونشیکاری و چاند لە هەزارەدا)*، زانکۆی یەیڵ، نیو هەیڤن و لەندەن، ١٩٩٩. کە کۆمەڵە نووسەرێک نووسیویانە، وا ئەم ڕستەیە شیکار دەکات کە «فەرامۆشی»یەکە هی خانمەکەیە، چزووی ئەم فەرامۆشییەی خانمەکە، واتە گوێپێنەدانەکەی خانمەکە بە بلووم، لە ناو سنگی بلوومدا ئاگرێک دەکاتەوە بۆ چێژبینین

له لاوازی. بەو پێیەی بلووم حەز لەوە دەکات ئازار بدرێت و وەک مازۆخییەک چێژ لە سزادان دەبینێت، هەر وەک چۆن مارِثا لە نامەکەی ئەڵقەی پێنجەمدا پێی دەڵێت: «سزات دەدەم». هەروەها لە پەڕتووکی *The consciousness of James Joyce* *ئاگایی جەیمز جۆیس* (زانکۆی پرینستن، ١٩٦٨) دارسی ئۆبرایەن دەڵێت: «لە کۆتاییدا بلووم چێژ لە فەرامۆشکردنەکەی کچەکە دەبینێت؛ چێژێکی مازۆخییانە لە دیمەنی کچەکە دەبینێت کە پیاوێکی تر باوەشی پێدا دەکات» بڕوانە پەڕتووکی ناوبراو، لاپەڕە ١٠٩ و ١١٠. **~ن.م.**

70 **باریکەڕێی ئێکلس**: ئەو شەقامە باریکەیە کە خەستەخانەی هاوسۆزیی ماتەری لێیە (بڕوانە ١: ٧٥) لە بەری باکووری شەقامی ئێکلس، لای سەری خۆرئاوایەوە. **~گ.س.**

71 **حەزیان لە هی زلە**: ساڵی ١٩٠٤ نزمترین باڵای داواکراو بۆ پۆلیسی دەبلن پێنج پێ و نۆ ئینچ بوو {١٧٥سم}، باڵای وا لە سەروو باڵای تێکڕایی خەڵکانی دەبلنەوە بوو. **~گ.س.**

72 **ئەی تکایە... ون بووم**: وا دیارە ئەمە گۆرانییەکی شانۆی موزیکی لەگەڵ وێردی «لە جەنگەڵدا ون بوو» تێکەڵ دەکات. وتەی «لە جەنگەڵدا ون بووم» لە چیرۆکی *منداڵەکان لە جەنگەڵدا*وە هێنراوە، هەروەها گۆرانیی *ئەی تکایە، کاکی پۆلیس، ئۆف! ئۆف! ئۆف!* کە ئی ئەندروس نووسیویەتی و ساڵی ١٨٩٠کان خوشکانی تیلی گۆرانییەکەیان بەناوبانگ کرد، دەڵێت:

ئەمڕۆ وا حەفتەیەکە
هاتووین بۆ شاری لەندەن،
یەکەم جارمانە دەرچین،
هەر خێرا ڕێمان ون کرد.
چووینە مەیدانی لەیستەر،
پۆلیسێک بە دەنگی بەرز
هاواری کرد: "دەی لاچن!"
جا بۆمان گێڕایەوە و
چیرۆکی خۆمان پێی وت،
کەچی کەوتە پێکەنین.
{کۆرس}:
ئای، تکایە، کاکی پۆلیس،
لەگەڵماندا میهرەبان بە،

دەمێک نییە لە لەندەنین،
دەمانەویٚ سواری پاس بین،
پێیان وتین بە پاس بچن بۆ پیملیکۆ،
لەندەن کە شوێنێکی پیسە – ئۆف! ئۆف! ئۆف! **~گ.س.**

**پیملیکۆ و مەیدانی لەیستەر**: دوو ناوچەی شاری لەندەنن. *ودز woods* بە ئینگلی واتە دارستان، یان جەنگەڵ، کە بلووم دەڵێت: «لە دارستاندا {یان ودزدا} ون بووم» مەبەستی لەوەیە کچەکە لە باوەشی خاوەنکارەکەیدا، کە ناوی ودزە، ون بووە (بڕوانە ٤: ٦١). ئەگەر ئەم کچە کچی میستەر ودز بووبێت، وەک خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆ لە ڕاڤەکەی ودزدا ئاماژەی پێ دا، ئەوا لێرەدا ئەم خەیاڵەی بلووم واتاکەی خۆی لە دەست دەدات. **~ن.م.**

[73] **باشترە وا نەکەم: کاتێکی تر**: لەوە دەچێت بلووم بیر لەوە بکاتەوە کە پرسیار لە دلوگاس بکات سەبارەت بە جوویەکەی، یان نیازی شتێکی تری هەبێت، بۆیە بە خۆی دەڵێت: «باشترە وا نەکەم: کاتێکی تر». بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو. **~ن.م.**

[74] **ئەگنداث نەتایم**: عیبرییە، واتە «بەشگەیەکی چێنەران» (ئەگەرچی ڕاستتر بوو بنووسرایە: *ئەگوداث*)، ئەمە ڕیکلامێکە بۆ داگیرکردنەکانی سییۆنییەکان. «لە هاوینی ساڵی ١٩٠٥دا لە فەڵەستین دامەزرا... ئامانجی ئەوە بوو کاری گران لە کۆڵ ئەوانە بکاتەوە کە کێڵگە دەکڕن و ئەم بەشگەیە لە بری کڕیارەکە زەوییەکەیان بۆ دەکڕێ و بۆیان گەشە پێ دەدا و درەختیان تیایدا دەچاند» (هەیمان، لا. ٣٣٩) (بڕوانە ٤: ٦٣). **~گ.س.**

ئەو «گردۆڵکەی ڕۆژنامە»یەی لەسەر بەرمێزی گۆشتفرۆشەکەیە و بۆ پێچانەوەی گۆشت بە کار دەهێنرێن، وا دیارە هەندێک ڕۆژنامەی تێدایە کە هەندێک ڕیکلامی جیاوازیان تێدایە. کە بلووم لە ڕیزەکەدا چاوەڕێ دەکات تا سەرەی ئەو بێت، لاپەڕەیەک هەڵدەداتەوە و ڕیکلامێک دەبینێت کە لەسەری نووسراوە «کێڵگە نموونەییەکەی کینارێت لەسەر کەناری دەریاچەی تەبەریاس»، دواتر کە بە شەقامی دۆرسێتدا دەگەڕێتەوە، لە بارەی «ئەگنداث نەتایم: بەشگەی چێنەرەکان»ەوە دەخوێنێتەوە. ئەمانە دوو ڕیکلامی جیاوازن، بەڵام هەردووکیان هانی نیشتەجێبوون دەدەن لە فەڵەستین، ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو ڕۆژنامانەی گۆشتفرۆشەکە دەیانخوێنێتەوە هەندێک بیروڕایان تێدایە کە زۆر بە لای سییۆنیزمدا دەیشکێننەوە. کە لە شوێنێکی ڕیکلامی ڕۆژنامەکەدا ناوی *موسا مۆنتیفیۆریٚ* هاتووە، بلووم ئەوەی بۆ دووپات دەبێتەوە کە دلوگاس جووە، بۆیە دەڵێت: «خۆم هەر زانیم». **~ج.ه.**

[75] **حکومەتی تورکی**: فەڵەستین لەساڵی ١٥١٦ەوە تا دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوی خەلافەتی تورکەکان {عوسمانی}. لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بزوتنەوەی سییۆنیزم، بە ڕابەرایەتیی ثیۆدۆر هێرتسڵ (١٨٦٠-١٩٠٤) دەستیان کرد بە کڕینی زەوی و دامەزراندنی کۆڵۆنییەکی جوو لە فەڵەستیندا، کە حکومەتی عوسمانی بە گشتی داکەفت. بەڵام لە کاتی مردنی هێرتسڵدا لە ٣ی تەمموزی ١٩٠٤، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی «ماڵێک بۆ جووەکان لە فەڵەستیندا کە لە ڕووی وارگێڕی و یاساییەوە ئەرخەیان بێت» و دەوڵەتێکی خۆڕانکەر بۆ جووەکان، کە لە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا بێت و لە لایەن «وڵاتە زلهێزەکان»ی ئەوروپاوە مسۆگەر بێت، لە دانوستاندنەکاندا بێئەنجام مایەوە. **~گ.س.**

[76] **یافا**: شارێکی بەندەرییە لە فەڵەستین، ساڵی ١٩٤٩ خرایە سەر تەل ئەڤیڤ. **~گ.س.**

[77] **هەشتا مارک**: ساڵی ١٩٠٤ مارکی ئەڵمانی بە نزیکی لەگەڵ شڵنگی ئینگلیدا یەکسان بوو (هەشتا مارکی ١٩٠٤ بە نزیکی دەکاتە ٤٠٠ دۆلاری ئەمەریکایی ئەمڕۆ؟) ئەو هەلەی ڕیکلامەکە باسی دەکات ئەوەیە کە بەشگەی چێنەرەکان زەوییەکە بۆ وەبەرهێنێک دەکرن، یان ئەو کەسەی دەشێت لە پاشەڕۆژدا ببێت بە دانیشتووی شوێنەکە، بۆی دەچێنن، بۆی دروێنە دەکەن و بەشێک لە بەرهەمی چاندنەکەی وەک قازانجی وەبەرهێنانەکەی بۆ دەنێرنەوە (بڕوانە ٤: ٧٤). **~گ.س.**

«ئەمڕۆ»کەی گیفرد ساڵی ١٩٨٥ە، بە پێی لێکدانەوەی ماڵپەڕی www.in2013dollars.com، کە توانای کڕینی دۆلارێکی ١٩٨٥ی بە ٢.٥٤ دۆلاری ئەمساڵ، واتە ٢٠٢١، لێکداوەتەوە، ٤٠٠ دۆلارەکەی ١٩٨٥، کە گیفرد زۆر لێی دڵنیا نییە، دەکاتە ١٠١٦ دۆلاری ئەمەریکایی ئەمڕۆ. **~ن.م.**

[78] **دۆنمێک**: دۆنمێک لە پێودانگی عێراقیدا ٢٥٠٠ مەتر دووجایە، بەڵام ئەم دۆنمە ئیسرائیلییە هەزار مەتر دووجایە. **~ن.م.**

[79] **بلایبتغۆشتراسە... ١٥**: ناونیشانی بەشگەی گەشەپێدانی زەویوزاری فەڵەستین لە بەرلین *بلایبتغۆشتراسە*، ٣٤-٣٥ بوو (هەیمان، لاپەڕە ٣٣٨). *بلایبتغۆ* بە ئەڵمانی واتە: بە ڕاستی مانەوە. **~گ.س.**

[80] **تەماشای... بەزیوتۆزکراوەکان**: واتای ئەمە لای من ناڕوون بوو، لە دکتۆر هەنتم پرسی، ئەو وتی: «گەرماکە هی ناو وێنەکەیە... چونکە ئەو شوێنە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گەرمە کە وڵاخەکانیان تێدا دەلەوەڕێنن. پێم وا بێت هەموو شتێک "زیوین"ە، چونکە کەشی

ئەویٚ وشکە، خۆڵیش بەسەر هەموو ڕوویەکەوەیە. هەروەها بۆ پرسیارەکەشت دەربارەی "تۆزی زیو"، پێم وا بێت ئەوە ئازادییەکی هۆنراوەیی جوانە، خۆڵەکە لە وێنەکەدا لە زیو دەچێت، ئەویش مادەیەکە وەک تۆز وایە کە بەسەر هەموو شتێکەوەیە. زیو نیشانەی دەوڵەمەندییە، هەر ئەوەشە کە نووسەرەکانی ڕیکلامەکە دەیانەوێت وەبەرهێنەکان وەها بیری لێ بکەنەوە و بلوومیش بە دڵنیاییەوە دەیەوێت دەوڵەمەند ببێت». **~ن.م.**

[81] **ئاندروس**: ئاندروس و هاوبەشەکانی، بازرگانی چا و قاوە و شەراب و مەی و خاوەن کۆگای ئیتالی، بە ناونیشانی ١٩-٢٢ی شەقامی دەیم لە ناوەڕاستی دەبلندا لەسەر ڕۆخی باشووری ڕووباری لیفی. **~گ.س.**

[82] **ترنجیش... مابێت**: *سیترۆن* ناوی بنەماڵەی کەسێتییەکە، لە ڕاڤەکەی گیفرد و سایدمان و ڤیڤیەن ئیگۆدا لە خوارەوە دەیخوێنیتەوە، بەڵام بە ئینگلی *سیترۆن citron* بە واتای *ترنج* دێت، درەختێکی لە چەشنی لیمۆ و پرتەقاڵە، بەرێکی وەک لیمۆ دەگرێت کە بەرگەکەی ئەستوور و بۆندارە؛ بۆیە ترنج بلووم دەخاتەوە بیری سیترۆن. **~ن.م.**

جەی سیترۆن، J. Citron بە ناونیشانی ١٧ی شەقامی سانت کێڤن پارەید، «دراوسێ»یەکی بلووم بوو ئەو کاتەی بلووم لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا، لە باشووری ناوەڕاستی دەبلن دەژیا. سانت کێڤن پارەید لە سەرسووچەکەی بوو. هەیمان لە لاپەڕە ٣٢٩دا دەڵێت کە «جەی»یەکە، کە لە پەڕتووکی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* دا هاتووە، هەڵەیە و دەبوو ئای I بووایە، چونکە ناوی *ئیسرائیل سیترۆن*ە، Israel Citron (١٨٧٦-١٩٥١). **~گ.س.**

ئیسرائیل سیترۆن لە ٤ی ئەیلولی ١٨٧٥ لە ڕووسیا لە دایک بووە، باوکی ناوی *ئیسحاق سیترۆنرێمبلات* و دایکی ناوی *ڕەیچڵ* (پێش شوو: *واڵدستاین*) بووە. لە ١٧ی سانت کێڤن پارەید ژیاوە لە شەقامی نیمچەبازنەیی باشوور لە دەبلن و دراوسێی بلووم بووە ئەو کاتەی لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا ژیاوە. کوتاڵفرۆشێکی گەڕۆکی دەبلن بووە. ساڵی ١٩١١ لەگەڵ *ڕۆزی* ژنیدا (پێش شوو: *سێڵتسەر*)، هەروەها لەگەڵ کچە ساواکەیاندا کە ناوی *کلارا* بووە، لە ٢٦ی شاڕێی ڵۆنگود لەسەر شەقامی نیمچەبازنەیی باشوور ژیاون. دواتر گواستوویانەتەوە بۆ ٣٩ی کۆستەی ئێمۆرڤیل. سیترۆن ساڵی ١٩٥٠ مردووە و لە گۆڕستانی جووەکان لە مانچستەر نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[83] **ماستیانسکی**: یولیوس ماستیانسکی، میوەفرۆش، بە ناونیشانی ١٦ی سانت کێڤن پارەید، ئەمیش هەر «دراوسێ»یەکی بلووم بووە. هەیمان لە لاپەڕە ١٨٩دا دەڵێت: «پی ماسلیانسکی» بووە، واتە ناوەکە هەڵەیە. **~گ.س.**
فینیەس مالیانسکی {پیتی یەکەم کە بە کوردی دەبێتە ف، لە ئینگلیدا بە دوو پیتی پی و ئێچ Ph دەنووسرێت و هەر بە ف دەخوێنرێتەوە، بۆیە هەیمان دەڵێت: «پی ماسلیانسکی»} ماستیانسکی لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا هەڵەی چاپە. فینیەس لە سلوتزک لە ناوچەی مینسک لە ڕووسیای سپی لە دایک بووە. خێزانەکەیان لە نێوان ساڵانی ١٨٩٦ تا ١٩٠٦دا چەندین جار لە گەڕەکەکانی جووەکاندا لە دەبلن ماڵیان گواستووەتەوە. ناوەکە بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەنووسرێت، وەک «ماسلیانسکی» و «مۆسلیانسکی». ساڵی ١٨٩٦ کچێکی خواست بە ناوی *فلۆرا* (پێش شوو: *لیەنس*) و لە ڕووسیا لە دایک ببوو. فینیەس کوتاڵفرۆش بوو لە دەبلن و موزیککار و گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش بووە، وەها باس کراوە کە ڕیشێکی نووکتیژی هەبووە و قۆز بووە. ساڵی ١٩٠١ لەگەڵ ژنەکەی و خێزانەکەیدا لە ١ی گۆڕەپانی ئێمۆرڤیل دەژیا لە شەقامی نیمچەبازنەیی باشوور. لە ساڵی ١٩٠٤ەوە لە ١٦ی سانت کێڤن پارەید ژیاوە لە پۆرتۆبێللۆ. ئیسرائیل سیترۆن لە خانووی ژمارە ١٧دا دراوسێی تەنیشتی بووە، موسا هێرتزۆگیش لە خانووی ژمارە ١٣ی هەمان گەڕەک دەژیا. موسا و ئیسحاق و فینیەس مالیانسکی لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٦دا لەگەڵ خێزانەکانیاندا دەبلنیان بە جێ هێشت و چوون بۆ نیو یۆرک. فلۆرا لە سیاتڵ نێژراوە، لەوانەیە فینیەسیش هەر لەوێ نێژرابێت. **~ڤ.ئ.**

[84] **سیتێرن**: بە ئینگلی *Cittern*، ئامێرێکی موزیکیی ژێدارە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە کار هاتووە، لە نێوان عود و گیتاردایە، بەڵام پشتەکەی تەختە و وەک عود قۆقزی نییە. **~ن.م.**

[85] **مۆیزڵ... شەقامی پلێزەنتس**: دوو شەقامەکە هەر لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاواوە نزیکن. ساڵی ١٩٠٤ ئێم مۆیزڵ ناوێک لە ٢٠ی ئاربوتوس پلەیس ژیاوە، کەواتە دراوسێی بلووم بووە. سیترۆن و ماستیانسکی و مۆیزڵ لە ڕۆمانەکەدا هەرسێکیان جوون و ئاوهاش هەم دراوسێن بە ڕاستی، هەم لە ڕووی «گیانەکی»یەوە دراوسێی بلوومن. هەیمان لە لاپەڕە ١٩٠دا دەڵێت مۆیزڵ خۆی ناوی *نیسان مۆیزڵ* بووە، ساڵی ١٨١٤ لە دایک بووە و ١٩٠٩ مردووە، {کەواتە ئێن مۆیزڵ ڕاستە، نەک ئێم مۆیزڵ}. «بلووم لەگەڵ دوو کوڕەکەی

و خێزانەکانیاندا یەکتریان ناسیوە»: ئیلیا وۆڵف مۆیزڵ (بڕوانە ٨: ٢٢٨) و فیلیپ مۆیزڵ (بڕوانە ١٧: # **فیلیپ مۆیزڵ**). **~گ.س.**

نیسان مۆیزڵ (بە نزیکی ١٨٢٩-١٩١٠) لە ڕووسیا لە دایک بووە، باوکی ناوی *ڤۆلف-هیام مۆیزڵ* بووە، ئەندامێکی کۆمەڵەی جووەکانی دەبلن بووە و لە شارێی کینگسلاند پاڕک ژیاوە و دواتر گواستوویەتیەوە بۆ ٢٠ی ئاربوتوس پلەیس، کە کوێرەکۆڵانێکی شەقامی لۆمباردی خۆرئاوایە لە دەبلن. مۆیزڵ دوو جار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی ناوی *سارا ڕیڤا* (پێش شوو: *نیومان*) بووە، خوشکی لویس نیومان بووە، کە سەربڕی ئاژەڵی قوربانی بووە لە کەنیشتی سانت کێڤن پارەید و لە ٣٩ی شەقامی لۆمبارد ژیاوە. سارا ڕیڤا دایکی ئیلیا ڤۆلف مۆیزڵ بووە (١٨٥٦-١٩٠٤). ژنی دووەمی مۆیزڵ ناوی *هەیا* بووە و دایکی فیلیپ مۆیزڵ بووە. نیسان مۆیزڵ لە ٢٦ی ئایاری ١٩١٠دا مردووە و لە گۆڕستانی جووەکان، لە دۆلفینس باڕن، ڕیالتۆ، لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

وا بزانم «ڤۆلف-هیام» لە ڕاڤەکەی خاتوو ڤیڤیەن ئیگۆدا هەڵەیە، یان هەڵەی چاپە، چونکە «ڤۆلفهایم» ناوێکە کە هەیە، بەڵام «ڤۆلف-هیام» لە هیچ شوێنێکدا بوونی نییە. گومانم لە ڕاستی و هەڵەیی ئەم ناوە هەبوو، لە ئینتەرنێت بۆی گەڕام، تاکە سەرچاوە لە ئینتەرنێتدا کە گووگڵ توانیبێتی بیدۆزێتەوە و باسی ئەمە بکات، ماڵپەڕی جێنییە، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە «یۆناتان مۆیزڵ وتوویەتی لەوانەیە ئەمە هەڵە بێت، چونکە براکەی ناوی *ڤۆلف* بووە.» ئەگەر ئەوەش نەبێت، هەرگیز «ڤۆلف-هیام»م نەبیستووە و لە ئینتەرنێتیشدا هیچ ناوێکی وەها بوونی نییە. بڕوانە بەستەری: https://clic.krd/KWGJq. **~ن.م.**

86 **سەردەمی خۆشی زوو**: *پلێزەنتس* بە ئینگلی واتە خۆش یان خۆشی، بلووم لەسەر ناوی شوێنەکە دەڵێت کە سەردەمی زوو خۆش بووە. **~ن.م./ج.ه.**

87 **دەبێت خەوشی تێدا نەبێت**: مەبەست لە جەژنی کەپرەشینەیە لە حەوتەم مانگی ساڵی عیبریدا، جەژنێکە هەم بۆ سوپاسگوزاریی خودا بووە بۆ تەواوکردنی دروێنە و هەم بۆ یادکردنەوەی ئەو ساڵانەی ئاوارەیی نەوەکانی ئیسرائیلە کە لە میسر هاتنە دەرەوە و لە چۆڵەوانیدا لە ڕەشماڵدا دەژیان. جۆرێکی گێڕانی ئەم جەژنە بە شێوەیەکە کە خەڵکان پەلکی دارخورما و مۆرتک و شۆڕەبی لێک بئاڵێنن و نموونەیەکی ترنج ببەن و بچنە کەنیشت. دەبێت ترنج بۆ ئەم مەبەستە بە کار بهێنرێت، بە پێی ڕێنماییە وردەکانی *تەلموودی بابلی*، نەک نابێت خەوشی تێدا بێت، بەڵکو دەبێت بە هەموو شێوەیەک بێگەرد

و تەواو بێت، تەنانەت باری ئاکاری و یاسایی و دینیی چواردەوری پێگەیاندنی درەختەکەش بێگەرد بێت. پەلکی درەختەکان (*لولاڤ*) و ترنجەکە (*ئەترۆگ*) گوزارشت لە دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل دەکەن و هێمان بۆ ئەو ڕزگارییەی خودا کە هەموو هۆزەکان دەکاتەوە بە یەک. **~گ.س.**

**جەژنی کەپرەشینە:** بە ئینگلی *Feast of Tabernacles*، وەک گیفرد باسی کرد، جەژنێکی جووەکانە و شەش جار لە *تەورات*دا باس کراوە: «هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: "لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: لە ڕۆژی پازدەیەمی ئەم مانگی حەوتە، حەوت ڕۆژ جەژنی کەپرەشینەیە بۆ یەزدان"» (لێڤییەکان ٢٣: ٣٣-٣٤)، هەروەها «حەوت ڕۆژان جەژنی کەپرەشینە بۆ خۆتان دەکەن، کاتێک بەرهەم لە جۆخین و گوشەرەکەتان کۆدەکەنەوە. جا بە جەژنەکەتان خۆتان و کوڕ و کچ و خزمەتکار و کارەکەرەکانتان، هەروەها ئەو لێڤی و نامۆ و هەتیو و بێوەژنانەی لە شارۆچکەکانتاندان دڵخۆش دەبن» (دواوتار ١٢: ١٤-١٦). **~ن.م.**

**نەوەکانی ئیسرائیل،** یان **دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل:** ئیسرائیل واتە یاقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، لە *تەورات*دا باسی دەکات و خودا ناوی دەنێت *ئیسرائیل*، دوازدە نەوەکەی ئیسرائیل واتە دوازدە کوڕەکەی یاقوب، کە ئەوانیش: ڕەئوبێن، شیمۆن، لێڤی، یەهوزا، یەساخار، زەبولون، یوسف، بنیامین، دان، نەفتالی، گاد، ئاشێر-ن. دواتر ئەم کوڕانە، کە خێزانیان پێکهێنا، هەریەکەیان بوون بە هۆزێک و هۆزەکانیان بە ناوی هەر یەکێکیانەوە ناسران.

**مۆرتک:** (یان **مۆرد**) بە ئینگلی *myrtle*، *کتێبی پیرۆز* بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «دارێکە گەڵاکانی بریقەدارە و سەوزێکی تۆخە، گوڵی سپی دەگرێت و بۆنی خۆشە، لە بێتلەحم و حەبرۆن هەیە. ئێستا لە خۆرهەڵات پێی دەگوترێت ئاس.» بڕوانە پەڕاوێزی (نەحەمیا ٨)

**کەنیشت:** بە ئینگلی *synagogue*، *کتێبی پیرۆز* بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «بەو شوێنە دەگوترێت کە جولەکەکان نوێژ و خواپەرستی و خوێندنی *تەورات*ی لێ ئەنجام دەدەن.» بڕوانە پەڕاوێزی (مەتا ٤). **~ن.م.**

[88] **پشتی وەک... وایە:** ئێڵمان لە لاپەڕە ٢٣دا باس لەم چیرۆکە دەکات: «سەرهەنگێکی قەمووری نەرویجی هەبوو قاتێکی لە بەرگدورێکی ئایری داوا کردبوو، کە جەی ئێچ کیەرس بوو لە ٣٤ی شەقامی ساکڤیلی سەروو. قاتە تەواوکراوەکە بە بەری نەببوو و

سەرهەنگەکەش سەرزەنشتی بەرگدورەکەی کردبوو بەوەی کە لە دورومان نازانێت، بەرگدورەکەش بەوە سەرکۆنەی کردبوو کە هیچ شتێک بە بەری ئەو نابێت». **~گ.س.**
**سەرهەنگ**: بە ئینگلی *Captain*، وشەکەم لە *فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[89] **لەسەر زەوی وەک لە ئاسمان**: لە نوێژەکەی عیساوە هاتووە کە لە (مەتا ٦: ١٠) و (لۆقا ١١: ٢)دا هاتووە: «با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان.» **~گ.س.**

[90] **دەریای... گڕکانییە**: لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا وا دانرابوو کە دەریای مردوو لە ناو دەمی گڕکانێکی ناچالاک و مردوودایە، بەڵام *ئینسایکڵۆپیدیای نوێی نێونەتەوەیی* ساڵی ١٩٠٣ بانگەشەی ئەوەی کرد کە: «هەرێمەکە بەو شێوەیە نییە کە وا گریمانە کراوە کە گڕکانییە» ({نیویۆرك، ١٩٠٣}، بەرگی ٦، لاپەڕە ١٦ئەلف). **~گ.س.**

[91] **پێیان دەوت... ئەدۆم**: پێنج «شارەکەی دەوروبەرەکە» لە «دۆڵی سیدیم» بوون «کە ئێستا پێی دەگوترێت دەریای مردوو»، ئەوانیش سەدۆم، عەمۆرا، ئەدما، چەبۆئیم، بەلەع کە دواتر بوو بە زۆعەر بوون. (پەیدابوون ١٤: ٢-٣). لە (پەیدابوون ١٨: ٢٠)دا خودا سوورە لەسەر ئەوەی سەدۆم و عەمۆرا وێران بکات و دەڵێت: «هاوار لە دژی سەدۆم و عەمۆرا زۆر بووە و گوناهیان زۆر گەورە بووە.»، لە (پەیدابوون ١٩)دا لۆت و خێزانەکەی، کە گوێڕایەڵی خودان، ئاگادار دەکرێنەوە و هەڵدێن؛ «ئینجا یەزدان گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدۆم و عەمۆرادا باراند، لەلایەن یەزدانەوە، لە ئاسمانەوە. هەموو ئەو شارانە، دەوروبەرەکەیان و هەموو دانیشتووانی شارۆچکەکان و ڕووەکی زەوییەکەشی لەگەڵدا سەرەوژێر کرد.» بلووم بە هەڵە «ئەدۆم» لەگەڵ یەکێک لەو شارانەدا تێکەڵ دەکات. لە (پەیدابوون ٢٥: ٣٠)دا عیسۆ، کە برای یاقوبە، ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئەدۆم و لە (پەیدابوون ٣٦: ٩)دا عیسۆ (کە ئێستا بووە بە ئەدۆم) دەبێت بە باوکی ئەدۆمییەکان. **~گ.س.**

### دەقەکانی سەرچاوەکە: سەرچاوەی یەکەم:

[١]وا ڕوویدا کە لە سەردەمی ئەمرافەلی پاشای شینعار و ئەریۆکی پاشای ئەلاسار و کدارلاعۆمەری پاشای ئیلام و تیدعالی پاشای گۆئیم، [٢]ئەمانە جەنگیان بەرپا کرد لە دژی بەرەعی پاشای سەدۆم و بیرشەعی پاشای عەمۆرا و شینئابی پاشای ئەدما و شەمێڤەری پاشای چەبۆئیم، لەگەڵ پاشای بەلەع کە شاری زۆعەرە.

[٣]هەموو ئەمانە لە دۆڵی سیدیم هێزەکانیان یەکخست، کە ئێستا پێی دەگوترێت دەریای مردوو [٤]بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ژێردەستەی کدارلاعۆمەر بوون، بەڵام لە ساڵی سێزدەمین لێی یاخی بوون. (پەیدابوون ١٤: ١-٤)

**سەرچاوەی دووەم:**

[٢٠]ئینجا یەزدان فەرمووی: «هاوار لە دژی سەدۆم و عەمۆرا زۆر بووە و گوناهیان زۆر گەورە بووە. [٢١]ئەوا دێمە خوارەوە بۆ ئەوەی ببینم ئاخۆ وەک هاوارەکەی کە هاتووەتە لای من، بە تەواوی بەم جۆرەیان کردووە. ئەگەر نا، ئەوا دەزانم.» (پەیدابوون ١٨: ٢٠-٢١)

**سەرچاوەی سێیەم:**

[١٢]ئینجا دوو پیاوەکە بە لوتیان فەرموو: «کێی دیکەت لێرە هەیە، زاواکانت و کوڕەکانت و کچەکانت و هەرکەسانێکی دیکەش کە لە شارەکەدا هەتن؟ هەموویان لێرە ببە دەرەوە، [١٣]چونکە ئێمە ئەم شوێنە وێران دەکەین. لەبەر ئەوەی لەبەردەم یەزدان هاواریان لە دژی خەڵکەکەی مەزن بووە، یەزدانیش ئێمەی ناردووە هەتا وێرانی بکەین.» [١٤]ئیتر لوت چووە دەرەوە و قسەی لەگەڵ زاواکانی کرد کە کچەکانی ئەمیان خواستبوو. گوتی: «هەستن و لەم شوێنە بڕۆنە دەرەوە، چونکە هێندەی نەماوە یەزدان شارەکە وێران بکات.» بەڵام وەک گاڵتەچی هاتە بەرچاوی زاواکانی. [١٥]لە بەرەبەیان، هەردوو فریشتەکە پەلەیان لە لوت کرد و پێیان فەرموو: «خێراکە! ژنەکەت و هەردوو کچەکەت کە لێرەن بیانبە، نەوەک تۆش بە گوناهی شارەکە لەناوبچیت.» [١٦]بەڵام ئەو خەم ساردی لێکرد، جا هەردوو پیاوەکە لەبەر بەزەیی یەزدان لەسەریان، دەستی خۆی و ژنەکەی و هەردوو کچەکەی ئەویان گرت و لە دەرەوەی شارەکە دایاننان. [١٧]جا کە هێنایاننە دەرەوە، یەکێکیان فەرمووی: «فریای خۆت بکەوە! ئاوڕ لە دواوەت مەدەوە و لەم دەوروبەرە ڕانەوەستیت. ڕابکە بۆ چیاکە بۆ ئەوەی لەناونەچیت!» [١٨]بەڵام لوت پێی گوتن: «نا، گەورەم! [١٩]خزمەتکارەکەت وا ڕەزامەندی لە چاوەکانت بەدی کردووە، خۆشەویستییەکەت گەورەیە کە بەرامبەرم کردووتە، بە هێشتنەوەی گیانم بە زیندوویتی. بەڵام من ناتوانم ڕابکەم بۆ چیاکە. نەوەک ئەم بەڵایە پێم بگات و بمرم. [٢٠]تەماشا ئەو شارۆچکە نزیکە بکە، بچووکە، با بۆ ئەوێ هەڵبێم. مەگەر بچووک نییە؟ ئیتر گیانم بە زیندوویتی دەمێنێتەوە.»

[21]ئەویش پێی فەرموو: «باشە، لەم شتەش نائومێدت ناکەم، ئەو شارۆچکەیەی باست کرد سەرەوژێری ناکەم. [22]بەڵام بە پەلە بەرەو ئەوێ ڕابکە، چونکە هەتا تۆ نەگەیتە ئەوێ، من ناتوانم هیچ شتێک بکەم.» لەبەر ئەوەشە کە شارۆچکەکە ناونرا بە زۆعەر. [23]کاتێک خۆر بەسەر زەویدا هەڵهات، لۆت گەیشتە ناو زۆعەر. [24]ئینجا یەزدان گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدۆم و عەمۆرادا باراند، لەلایەن یەزدانەوە، لە ئاسمانەوە. [25]هەموو ئەو شارانە، دەوروبەرەکەیان و هەموو دانیشتووانی شارۆچکەکان و ڕووەکی زەوییەکەشی لەگەڵدا سەرەوژێر کرد. [26]بەڵام ژنی لۆت سەیری دواوەی کرد، جا بووە ستوونێکی خوێ. (پەیدابوون ١٩: ١٢-٢٦)

**سەرچاوەی چوارەم:**

[29]ڕۆژێک یاقوب چێشتی لێدەنا، عیسۆ لە دەشتودەر هاتەوە و پەکی کەوتبوو. [30]عیسۆ بە یاقوبی گوت: "هەندێکم لەو چێشتە سوورە بدەرێ! چونکە پەکم کەوتووە." لەبەر ئەمەیە ناوی لێنرا ئەدۆم.» (پەیدابوون ٢٥: ٢٩-٣٠) {«ئەدۆم واتای *سوورە*یە.» بڕوانە پەڕاوێزی بەش و هۆنەی ناوبراو لە *کتێبی پیرۆز*دا}

**سەرچاوەی پێنجەم:**

[6]ئینجا عیسۆ ژن و کوڕ و کچەکانی هەڵگرت لەگەڵ هەموو کەسانی ماڵەکەی و ئاژەڵی ماڵی و هەموو ئاژەڵەکانی دیکە و هەرچییەکی هەبوو، ئەوەی لە خاکی کەنعان دەستی کەوتبوو، چووە زەوییەکی دیکە، دوور لە یاقوبی برای. [7]سامانەکەیان ئەوەندە زۆر بوو کە نەتوانن پێکەوە نیشتەجێ بن، ئەو زەوییەی تێیدا ئاوارە بوون نەیدەتوانی بیانگرێتە خۆی، لەبەر زۆری مەڕوماڵاتیان. [8]عیسۆ خۆی ئەدۆمە، ئیتر عیسۆ لە ناوچە شاخاوییەکانی سێعیر نیشتەجێ بوو. [9]ئەمانە نەوەکانی عیسۆن، باوکی ئەدۆمییەکان، لە ناوچە شاخاوییەکانی سێعیر: [10]ئەمانەش ناوی کوڕەکانی عیسۆن: ئەلیفازی کوڕی عادای ژنی عیسۆ و ڕەعوئێلی کوڕی باسمەتی ژنی عیسۆ. [11]کوڕەکانی ئەلیفاز: تێمان، ئۆمار، چەفۆ، گەعتام و قەنەز. [12]تیمنەع کەنیزەی ئەلیفازی کوڕی عیسۆ بوو، لە ئەلیفازەوە عەمالێقی بوو. ئەوانە کوڕەزای عادای ژنی عیسۆ بوون. [13]کوڕەکانی ڕەعوئێل: نەحەت، زەرەح، شەمما و میزا. ئەمانە کوڕەزای باسمەتی ژنی عیسۆ بوون.

[١٤]ئەمانەش کوڕەکانی ئۆهۆلیبامەی ژنی عیسۆن کە کچی عەنای کوڕی چیبعۆنە و بۆ عیسۆی ببوون: یەعوش، یەعلام و قۆرەح.» (پەیدابوون ٣٦: ٦-١٤)

[92] **یەکەم نەژاد**: بەشی پێنجەمی پەڕتووکی *پەیدابوون* تۆماری نەوەکانی بابەگەوران هەر لە ئادەمەوە تا نوح دەخاتە ڕوو. تێڕوانینی باوی جوو و مەسیحییەکان ئەوەیە کە دوای لافاوەکە، ئایا بە واتایی بێت، یان بە ڕاستی بێت، کە نەژادی مرۆڤ جگە لە نوح سڕایەوە، ئەوا «بێگومان نوح بابەگەورەی خێزانی مرۆڤایەتیی نوێیە و نوێنەری هەموو نەژادی مرۆڤە» (*فەرهەنگێکی کتێبی پیرۆز*، لە نووسینی ویلیەم سمیث، فیلادێلفیا، ١٨٨٤، لاپەڕە ٤٥٤ب). **~گ.س.**

[93] **کاسیدی**: جەیمز کاسیدی، بازرگانی شەراب و مەی، ٧١ی شەقامی دۆرسێتی سەروو. **~گ.س.**

[94] **ڕاپێچکردن دوای ڕاپێچکردن**: ئاماژەیە بە مێژووی جووەکان لە کاتی ڕاپێچکردنیاندا لە میسر لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا، هەروەها چەند ڕاپێچکرانێکی تر لە ئاشوور و بابل لە هەشت سەد تا شەش سەدی بەر لە زاین، ڕۆمییەکان لە سەدەی یەکەمی زایینیدا پەرشوبڵاویان کردنەوە (ئاوهاش «ڕاپێچکردن» ڕێی لێ گرتن کە بگەڕێنەوە خاکی خۆیان)، لە دیدی بلوومەوە لەم دواییانەشدا، واتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، بە شەپۆلی دژەسامێتی ڕاپێچ کراون. **~گ.س.**

[95] **تەمەن... داپۆشی**: کە لۆت و خێزانەکەی لە شاری سەدۆم هەڵدێن، ئاگادار کرابوونەوە کە ئاوڕ نەدەنەوە (پەیدابوون ١٩: ١٧)، «بەڵام ژنی لۆت سەیری دواوەی کرد، جا بووە ستوونێکی خوێ» (پەیدابوون ١٩: ٢٦) لێرەشدا دیسان بلووم ئاوڕ لە وێرانکردنی سەدۆم و عەمۆرا دەداتەوە (بڕوانە ٤: ٩١ **سەرچاوەی سێیەم**). **~گ.س.**

[96] **دەبێت... ڕاهێنانانەی ساندۆ**: یوجین ساندۆ (فریدێریک میولەر، ١٨٦٧-١٩٢٥)، پیاوێکی بەهێز بوو، وا ڕیکلامی بۆ خۆی دەکرد کە دەتوانێت لاواز بکات بە بەهێز. بلووم لە پەڕتووکخانەکەیدا نوسخەیەکی پەڕتووکەکەی ئەوی هەیە بە ناوی *بەهێزیی لەش و چۆنێتیی بەدەستهێنانی* (لەندەن، ١٨٩٧). پڕۆگرامێکی ڕاهێنان و خشتەی تۆمارکردنی پێوانەی تێدایە، وەک بلووم وا دیارە جێبەجێی دەکات. ساندۆ لە ٢-١٤ی ئایاری ١٨٩٨ لە شانۆگای ئیمپایەر بۆ بۆنەی هەمەجۆر لە دەبلن گەشتێکی ڕیکلامکردن و خۆ-بەناوبانگکردنی پێشکەش کرد. بەڵام دواجار هەوڵەکانی بۆ بەناوبانگکردن

تەندروستییەکەی تێکدا، ئەویش لە کاتێکدا بوو کە بە تاقی تەنیا ئۆتومبێلێکی لە ناو چاڵێکەوە دەرهێنایەوە. **~گ.س.**

[97] **شناو**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت *لە دەستەکانەوە بەرەو خوار*، یان *لەسەر دەستەکان بۆ خوارەوە* *On the hands down*. هەمان دەربڕین لە ئەڵقەی پازدەشدا دوو جاری تر دێتەوە، جارێکیان هەر لەگەڵ باسی ساندۆدایە. لە دکتۆر هەنتیشم پرسی، وتی: «لە دەرفەتێکی تردا وەڵامت دەدەمەوە» بەڵام تا ئێستا و دوای ساڵێکیش (تشرینی دووەمی ٢٠٢٢) هەر وەڵامی نەداومەتەوە. هەندێک لێکۆڵەر، وەک جەیمز ئێچ مادۆکس جونیەر لە وتاری *یومایوس و تێمای گەڕانەوە لە ئولیسدا* ئەم دەربڕینە و ئەم هەوڵەی بلوومیان وەک هاوتەریبییەک دەستنیشان کردووە لەگەڵ ئۆدیسێفسدا کە ئەو لە نامۆییدا بەرەو لێواری پیری دەڕوات، بەڵام کە دەگاتەوە زێدی خۆی و نزیکی ژنە بەئەمەگەکەی هێزی بۆ دێتەوە و دیسان گەنج دەبێتەوە. لێرەشدا بلووم بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە و بیر لەوە دەکاتەوە لەشی پتەوتر بێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەستەواژەی ***hands down*** لە ئینگلیدا بە واتای *بە ئاسانی* و *پشوو* دێت. واتە دەشێت هەمان دەربڕین بە واتای *بە پشوودرێژی* بێت. ئەو کات ڕستەکە بەم شێوەیەی لێ دێت: «خراپ لە خەو هەڵستاوم. دەبێت دەست بکەمەوە بەو ڕاهێنانانەی ساندۆ. وردەوردە.» یان شتێکی لەو شێوەیە، ئەگەرچی ئەمە لەگەڵ کۆی واتاکەشدا زۆر دەگونجێت، بەڵام لەوە دەچێت ئەمە واتا ڕاستەکە نەبێت. لە هەمان کاتدا دەشێت بە واتای ڕاهێنانی لەشی بلووم بێت لە دەست بەرەو خوارەوە، واتە ڕاهێنانی ڕان و قاچ، ئەو کاتە ڕستەکە بەم شێوەیەی لێ دێت: «خراپ لە خەو هەڵستاوم. دەبێت دەست بکەمەوە بەو ڕاهێنانانەی ساندۆ. لە دەست بەرەو خوارەوە.» لە پەڕتووکی *جۆیس، پزیشکی و نوێگەری* *Joyce, Medicine, and Modernity*، لە نووسینی ڤایک مارتینا پلۆک، ئەم دەربڕینەی هێناوەتەوە و ڕایەکی نزیکی ئەوەی جەیمز ئێچ مادۆکس جونیەری هەیە و باس لەوە دەکات کە لەو سەردەمەدا چاندی نوێبوونەوەی لەش گەلێک باو بووە و یوجین ساندۆ لەمەدا دەستێکی باڵای هەبووە و بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە تەنانەت سەربازەکانی بەریتانیا ڕێبازەکەی ئەم پەیڕەو بکەن بۆ ئەوەی لەشیان پتەو بێت. بلوومیش لە *ئولیس*دا کە بەر بیری پیربوون و نەمانی توانای لەشی دەکەوێت سەرلەنوێ بیر لەوە دەکاتەوە لەشی بەهێز بکاتەوە، ئەویش بە ڕاهێنانەکانی ساندۆ. بەڵام لە ئەوەندەدا کێشەم لەگەڵ لێکدانەوەکاندا نەبوو، بەڵکو کێشەم لەگەڵ خودی دەربڕینەکەدا هەبوو، لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی:

«ڕاهێنانێکە وەک شناو وایە. زاراوەکە لە زۆر ڕێبەری ڕاهێنانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هاتووە (بەڵام لەوەی ساندۆدا نییە)». **~ن.م.**

[98] **هێشتا... لێ دەکەن:** لە ڕاستیدا خانووی ژمارە هەشتا بە ١٧ پاوەن قەبڵێنرابوو، واتە داوای ١٧ پاوەنی لێ دەکرا و ساڵی ١٩٠٤ کرێچیی تێدا بوو، خانووەکەی بلووم خۆی بە ٢٨ پاوەن قەبڵێنرابوو و ساڵی ١٩٠٤ چۆڵ بوو. ساڵی ١٩٠٤ بەهای خانوو و زەوی لە دەبلن بە کرێی ڕووت یان بەهای ساڵانە مەزندە دەکرا. **~گ.س.**

[99] **تاوەرز... مەک ئاڕثەر:** چوار دەڵاڵی خانوو و زەویوزار بوون لە دەبلن کە ناوی خۆیان لەسەر تەختە بە خانووە چۆڵەکاندا هەڵدەواسی و ڕیکلامیان بۆ دەکردن. **~گ.س.**

[100] **بۆنی خۆشی دووکەڵی چا:** لە سەرەتای پەڕتووکی یەکەمی *ئۆدیسە*دا، ئەثینا باس لە بارودۆخی ئۆدیسێفس دەکات بۆ زێوس لە دوورگەکەی کالیپسۆدا، دەڵێت:

تاکە ئاوات و خۆزگەی ئەو
تەنها بینینی دووکەڵی ئاگردانە
بەسەر دوورگەکەی خۆیەوە، خۆزگە بە مەرگ دەخوازێ

(ئۆدیسە ١: ٧٥-٧٧ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}) **~گ.س.**

مامۆستا حەمەکەریم عارف بەم شێوەیە ئەو چەند دێڕەی وەرگێڕاوە: «بەڵام ئودیسیوس، هێندە بێزار بووە، مردن بە ئاوات دەخوازێت، هەموو هیوا و خۆزگەیەکی هاتووەتە سەر ئەوەی جارێکی دی دووکەڵی وەجاخەکەی خۆی بە چاو بدینێ.» (*ئۆدیسە*، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، لاپەڕە ٢٢) پێم وا بێت یان گیفرد هەڵەی لە ژمارەی دێڕەکاندا کردووە، یان ئەو چاپەی فیتزجێرەڵد لای گیفرد هەمان ئەو چاپە نییە کە منیش هەمە، چونکە گیفرد نووسیویەتی کە دێڕی ٥٢-٥٩یە، بەڵام لای من دێڕی ٧٥-٧٧ە، ئەوە جگە لەوەی ئەو تەنها سێ دێڕی هێناوە، بەڵام لە ٥٢ تا ٥٩ دەکاتە هەشت دێڕ. هەروەها ئەم ڕاڤەیە کەمێک ناڕوون بوو، بۆیە پەنام بردە بەر ڕاڤەکەی دکتۆر هەنتیش، ئەوەی خوارەوە ڕاڤەکەی ئەوە. **~ن.م.**

بلووم دوو جار لە کالیپسۆدا بە خۆشییەوە بۆنی چا و چێشتلێنان بە گەرمیی پێخەفەکەی مۆڵییەوە گرێ دەدات. دوای ئەوەی گیرۆدەی دیمەنی پیری دەبێت لە شەقامی دۆرسێتدا، دەچێتەوە سەر شەقامی ئێکلس و وێنەیەکی ژووری نووستنەکەی خۆی دەهێنێتە بەر چاوی خۆی تا دڵی خۆی خۆش بکات: بۆنی خۆشی «بۆ بۆنکردنی بۆنی خۆشی دووکەڵی چا ، چڕەدووکەڵی تاوەکە، کەرەی چزەچزکەر. نزیک لەشە خەپانە بەجێگاگەرمبووەوەکەی

مۆلییەوە بە. بەڵێ، بەڵێ.» کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، نانی بەیانی بۆ ژنەکەی ئامادە دەکات، بۆی دەباتە سەرەوە، لە ڕاستیشدا چێژ لە بینینی دیمەنەکە دەبینێت. «گەرمیی لەشە ڕاکشاوەکەی بەناو هەواکەدا بەرز بووەوە، لەگەڵ بۆنی چاکەدا کە تێیکرد تێکەڵاو بوون» تێکەڵکردنی چێژبەخشانەی گەرمیی ژن و بۆنی خواردنی گەرم لەوە دەچێت پەیوەندیی بە باسکردنی ئەشکەوتەکەی کالیپسۆوە هەبێت لە *ئۆدیسە*ی هۆمیرۆسدا. لە پەڕتووکی پێنجەمی *ئۆدیسە*دا، کە ئێرمیس دەچێتە لای کالیپسۆ بۆ ئەشکەوتەکەی، بۆنێکی بەهەشتییانە دەکات:

کالیپسۆی خوایی،
خاوەن دوورگەکە، لە ماڵی خۆی بوو.
لە ژێر بەردەکەی ئاگردانیدا گڕێکی مەزن بڵێسەی دەدا.
بۆنی دووکەڵی درەختی ئورز و جاترە کێویلە ئەوپەڕی دونیای داگیر کردبوو.
بە دەنگی بەسۆز بە بەرزی نزمی
گۆرانیی دەچڕی، دەیهۆنییەوە لەسەر تەونەکەی،
مەکۆکی زێڕیی دەهێنا و دەبرد.
(ئۆدیسە ٥: ٦٢-٦٨ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە})

تەنها دووکەڵە بۆندارەکەی ئەم دێڕانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ بیرۆکەکانی بلوومدا دروست دەکات، بەڵام لەوانەیە گیفرد ڕاست بێت کە تیلنیشانێک یان هیچ نەبێت کاریگەرییەک بە دی دەکات. جوانی و دڵفڕێنی و ئارەزووبزوێنییەکەی ئەشکەوتەکەی کالیپسۆ لەگەڵ دیمەنی خێزانەکەی بلوومدا زۆر گونجاوە. بەڵام قورسە تێبگەین بۆچی گیفرد ئەم پەیوەندییەی تەنها بە دووەم بیرکردنەوەی بلوومەوە گرێ داوە، ئەوەیان کە بە ڕاستی لە ژووری نووستنەکەدا ئەزموونی دەکات. ئەوەی یەکەمیان (دیمەنە وێناکراوەکەی سەر جادەکە) بە چەند دێڕێکی تری پەڕتووکی یەکەمی *ئۆدیسە*وە گرێ دەدات کە ئەثینا باس لە ئۆدیسێفس دەکات بۆ زێوس. بێگومان گیفرد ئەم دێڕانە بەو کاتەی وێناکردنەکەی بلوومەوە پەیوەست دەکات کە لە دەرەوەیە، چونکە بیری ماڵەوە دەکات. بەڵام بیرکردنەکەی ئۆدیسێفس بۆ دووکەڵی ئاگردانەکەی ئیتاکی هیچ پەیوەندییەکی بە بۆن و بە بوونی ژنەوە نییە، وەک کە لە پەڕتووکی پێنجەمدا هەیە، هیچ کامێک لە دوو دێڕەکانی کالیپسۆش هیچ جیاوازییەکی دیار پیشان نادەن تا یەکێکیان بە ئۆگیگیا و ئەوی تریان بە ئیتاکییەوە گرێ بدرێن. **~ج.ه.**

**جاتره کێویله**: به ئینگلی *thyme*، جۆره دەوەنێکه بۆ چێشتلێنان به کار دەهێنرێت، هەر جۆرێکی تری جاترەی ئاساییه. ناوەکەم له *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. مامۆستا حەمەکەریم عارف بەم شێوەیە ئەو چەند دێڕەی پەڕتووکی پێنجەمی وەرگێڕاوە: «{ئێرمیس} کەوتە ڕێ تا گەیشتە ئەشکەوتێکی گەورە، کە نیشمەن و مەزڵی پەریی کەزیی جوان بوو. سەیری کرد لە ژوورەوەیە، ئاگرێکی گەورە لە ژوورەوە نێڵە نێڵ لە کوانوودا دەسووتا. لە دووری دوورەوە بۆنی سووتانی داری سەرو و سەندەڵ و عەرعەر دەهات. پەری، بە خۆیشی لە ژوورەوە بەدەم گۆرانی و ئاوازێکی خۆشەوە دەهات و دەچوو، مژولی کاری چنین بوو، مەکۆ زێڕینەکەی بە ڕاست و بە چەپدا بەنێو ڕایەڵەکانی سەر دەزگاکەیدا دێنا و دەبرد.» (*ئۆدیسە*، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، لاپەڕە ١١٤-١١٥) **~ن.م.**

[101] **تیشکی... به من بگات**: بلووم بەسەر شەقامی ئێکلسدا بەرەو خۆرئاوا و بەرەو شەقامی بێرکەلی دەڕوات (لە شەقامی دۆرسێتەوە، کە کۆتایی خۆرهەڵاتی شەقامی ئێکلس دەبڕێت). کە بە بای خۆرئاوا هەورەکان بەرەو خۆرهەڵات دەجووڵێن، ڕووناکیی خۆرەکە بەرەو شەقامی ئێکلس و بەرەو لای بلووم دەڕوات، ئەویش بە شێوەیەکی کاتی وێنەی میلی، کە کچە قژکاڵەکەیەتی، دێتە بەر چاوی کە بە ڕاکردن دێت بۆ پێشوازیکردنی. لە بەراورددا، لە پەڕتووکی پێنجەمی *ئۆدیسە*دا، کە زێوس فەرمان بە ئێرمیس دەدات بچێتە دوورگەکەی کالیپسۆ تا ئۆدیسێفس ئازاد بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. ئێرمیسی «ڕێدۆز» {دۆزەرەوەی ڕێ} خۆی ئامادە دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکە:

{ئێرمیس} نوشتایەوە تا سۆلی بەهەشتی و زێڕین لە پێ بکا و گرێی بدا،
سۆلێکی جوان، کە دەیبا بەسەر ئاواندا،
یان لە گڤەیەکی بادا ئێرمیس دەبا بەسەر زەویی بێ کۆتادا

(ئۆدیسە ٥: ٤٩-٥١ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[102] **خاتوو ماریۆن بلووم**: ساڵی ١٩٠٤ شێوەیەکی ناشیرینی بانگکردنی خانمان بووە کە لەگەڵ مێردەکانیاندا ژیاون، دەبوو بە: خاتوو لیۆپۆڵد بلووم بانگ بکرایە، نەک ماریۆن بلووم. **~گ.س.**

[103] **مەلینگەر**: شارۆچکەیەکی کاونتیی وێستمیثە (بڕوانە ١: ١٤٥)، چل و شەش میل لە خۆرئاوای باکووری خۆرئاوای دەبلنەوەیە. **~گ.س.**

[104] **میللار**: بە ئینگلی twill، جۆرە قوماشێکە میلەکانی لارن. خۆم وشەکەم داڕشتووە. **~ن.م.**

[105] **چاوە ڕوولەپشتەکەی**: تیلنیشانێکە بۆ مالبێکۆی یەکچاو، مێردە ژنحیزەکەی هێلێنۆر لە *شابانووی پەرییان*ی ئێدموند سپێنسەر (نزیکی ١٥٥٢-١٥٩٩ز)، کە هێلێنۆر لەگەڵ کۆمەڵێک ساتیردا ڕادەکشێت، مالبێکۆ بۆ هەمیشە ناتوانێت لە ڕابردوو ڕابکات: «گەرچی بەرەو پێش ڕایدەکرد، بەڵام هەر ڕووی لە دواوە بوو» (*شابانووی پەرییان*، پەڕتووکی سێیەم، ١٠: ٥٦). **~گ.س.**

**ساتیر**: بە ئینگلی *Satyr*، لە ئوستوورەی کۆندا بوونەوەرێکە نیوەی مرۆڤ و نیوەی بزن بووە. **~ن.م.**

[106] **گۆشتی زۆری بدەیە... کۆشەر**: بەشی یەکەم دەربارەی گۆشتەکە پەندێکی فۆلکلۆرییە دەربارەی پشیلە، بەڵام بەشەکەی تری دەربارەی بەرازەکە، قسەی پڕوپووچە. **~گ.س.**

**کۆشەر**: بە ئینگلی *kosher*، واتە خواردنێک کە بە دەستووری دینی جوو پاک بێت، وەک حەڵاڵ لە دەستووری ئیسلامدا. **~ن.م.**

[107] **تامۆشانتەرە نوێکەم**: بلووم لێرەدا بە خێرایی چاو بە نامەکەدا دەخشێنێت و سەرپێییانە هەندێک وشە و دەستەواژە دەخوێنێتەوە، هەندێکیان بە نیوەناچڵی. لە ڕاستیدا لە دەقە ماکەکەدا تەنها *تام* هاتووە، کە کورتکراوەی وشەی *تامۆشانتەر*ە. **تامۆشانتەر**: بە ئینگلی *tam-o'-shanter*، جۆرە کڵاوێکی خوریی سکۆتلاندییە، سەروپێچێکی تەسکی هەیە، لە ناوەڕاستی تەپڵەسەرەکەیدا گوڵونکەیەکی خڕ هەیە. **~ن.م.**

[108] **میستەر کۆکلان**: ئەو وێنەگرەی مەلینگەر کە میلی لای ئەو کار دەکات. **~گ.س.**

[109] **دەریاچەی ئۆوێڵ**: دەریاچەیەکە لە کاونتیی وێستمیث نزیکی مەلینگەر. پەڕتووکی *ڕێبەری گەشتیاران بۆ ئایرلاند* (ئەدینبرە، ١٨٨٨) لە نووسینی بلاک، کە قسەلەڕووە، دەڵێت: «سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەوەندەش نا.» **~گ.س.**

[110] **خوێندکارێکی گەنج**: مەبەست *ئەلێک بانەن*ە (بڕوانە ١: ٢٢٦). **~گ.س.**

[111] **کیژانی کەناران**: گۆرانییەکە، دەق و ئاوازەکەی هی هاری بی نۆریسە (ساڵی ١٨٩٩ دانراوە) دەقەکەی لە پەڕتووکی *تیلنیشانە موزیکییەکان لە کارەکانی جەیمز جۆیسدا*، نووسینی زاک باون، ئاڵبەنی، نیو یۆرک، ١٩٧٤، لاپەڕە ٨٩-٩٠. نووسراوەتەوە. کۆرسی گۆرانییەکە دەڵێت:

ئەو کیژانە، ئەو کیژانە،

ئەو جوانی سەر کەنارانە،
ڕوومەت چاڵن، کاکۆڵ لوولن،
خەندە لەسەر لێوانیانە
سەرت بۆیان دێتە سووڕان. ~**گ.س.**

[112] **بلێسە بۆیلەن**: کەسێتیی خەیاڵکردی هیو (بلێسە) بۆیلەن، کە دڵدارەکەی خاتوو مۆڵی بلوومە، کەسێتییەکی ئاوێتەیە؛ بەشێکی لەسەر نموونەی ئەسپفرۆشێک بونیاد نراوە کە ناوی *جەیمز داڵی* بووە، داڵی مولکی لەسەر شەقامی پردی ئایلند لە دەبلن هەبووە؛ هەروەها بەشێکی تریشی لەسەر نموونەی ئەسپفرۆشێکی تر بونیاد نراوە کە ناوی *تێد کیۆ* بووە. بەڵام بەشێکی زۆری لەسەر نموونەی ئاوگوست بۆیلەن بونیاد نراوە، کە گۆرانیبێژی چینی تینۆر بووە. ئاوگوست بۆیلەن کوڕی پاتریک بۆیلەن و ماری (پێش شوو: *براٖیەن*) بۆیلەن بووە، لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٢دا لە خانووی ژمارە ١٠ی شەقامی پیم لە دەبلن لە دایک بووە. لە تەمەنی پازدە ساڵاندا بووە بە شاگردی بەرمیلسازی لە بیرەخانەی گینیس. دوای حەوت ساڵان لە شاگردی و فێربوونی دروستکردنی بەرمیلی دارین، بە فەرمی بوو بە کارمەندێکی بەشگەکە و ٤٢ ساڵ لەوێ کاری کردووە. چەندین نەوەی خێزانی بۆیلەنەکان لەم پیشە تایبەتەدا کاریان کردووە... باوک و باپیری هەر ئەم کارەیان لەگەڵ بەشگەی گینیسدا کردووە. هەروەها بۆیلەن هەوڵی داوە ببێت بە گۆرانیبێژ و لە شانۆدا کار بکات و چەندین ساڵ لە چەندین کۆنسێرتی دەبلن و شارەکانی تری ئایرلاندا گۆرانیی بێژاوە. لە چەندین کێبڕکێدا خەڵاتی یەکەمی لە گۆرانیبێژاندا بە دەست هێناوە. ساڵی ١٩٠٤ لە کێبڕکێی فێش کیۆلدا گۆرانیی بێژاوە، جەیمز جۆیس خۆی لەم کێبڕکێیەدا بەشداریی کردووە، بۆیلەن لە گرووپی چوارینەیەکدا بووە کە خەڵاتی یەکەمیان لە سروودا بە دەست هێناوە. لە زۆر کۆنسێرتیشدا لەگەڵ جەی سی دۆیەلدا گۆرانیی بێژاوە. ئەو گۆرانییانەی کە زۆر جار خراونەتە پاڵ بۆیلەن: «کیژانی کەناران» و «مانگە گەنجەکەی ئایار» و «بەستە کۆنە خۆشەکەی ئەوین» بووە (بڕوانە ٤: ١١٠ و ٤: ١١٩) بۆیلەن ساڵی ١٩٠٦ کچێکی خواستووە بە ناوی *کاثرین جەستیس*، کاثرین پیانۆژەنێکی بەتوانا بووە و خەڵکی شارۆچکەی میڵستریت بووە لە کاونتیی کۆرک. کچێکیان بووە بە ناوی *مۆنا* و دوو کوڕیان بووە بە ناوەکانی پاتریک و برێندن. ساڵی ١٩٠٨ تا ١٩١٦ لە خانووی ژمارە ٢ی ڤیلاکانی مەیفیلد لە باشووری شەقامی نیمچەبازنەیی دەبلن ژیاون؛ ساڵی ١٩٢٦ گواستوویانەتەوە بۆ خانووی ژمارە ١٣٣ی شەقامی جەیمز، پاشان گواستوویانەتەوە بۆ

شەقامی ساندیماونت، نزیک کڵێسای ئەستێرەی دەریا و تا کۆتایی ژیانیان هەر لەوێ ژیاون. کاترین لە ٣ی تەمموزی ١٩٦٣دا کۆچی دوایی کرد و بیست ڕۆژ دوای ئەو لە ٢٣ی تەمموزدا بۆیلەنیش کۆچی دوایی کرد، هەردووکیان لە نەوەدەکانی تەمەنیاندا بوون. بۆیلەن لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[113] **کووپی... لەدایکبوونەکەم**: «فەخفووریی لاسایی تاجی دێربی» لاساییکەرەوەیەکی فەخفووریی گرانبەهای ئینگلی بوو کە لە ساڵی ١٧٧٣وە لە شاری دێربی لە ئینگلتەرا بە پشتیوانیی خانەوادەی شا دروست دەکرا، بۆیە تاجێک ببوو بە هێماکەی. ساڵی ١٨٩٠ شا ڤیکتۆریا ناوەکەی لە «تاجی دێربی»یەوە گۆڕی و کردی بە «تاجی پاشایی دێربی». چیرۆکی هاوتەریب لە *ئۆدیسە*ی هۆمیرۆسدا ئەوەیە کە ئەلکینۆس {یان بە *ئالسینۆس*یش دەخوێنرێتەوە}، کە باوکی نافسیکایە، دیارییەک بە ئۆدیسێفس دەدات:

{ئەلکینۆس وتی:}...

«جامی شەراب-نۆشینەکەم کە نەخشی زێڕی لەسەرە

دەیدەم بە ئەو، با بۆ ئەو بێ»

شەرابەکەی لە دیوەخانە گەورەکەی وەک قوربانی

بۆ زێوس و خواکانی تر ڕشت، ئینجا وتی: «تا هەردەم منی لە یاد بێ»

(ئۆدیسە ٨: ٤٦-٤٩ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

**کووپی سمێڵ**: بە ئینگلی ***moustache cup***، جۆرە کووپێکە کە بەربەستێکی بچووکی پێوەیە تا ڕێ لە سمێڵ بگرێت لە بەرکەوتنی شلەکەی ناوی.

**میلی گوڵی:** لە دەقەکەدا*Silly Milly*یە، لەسەر ئاوازی یەکترن، واتە *میلییە حۆل* یان گێژ، من کردم بە میلی گوڵی. **~ن.م.**

[114] **ئەی میلی... باخچەکەی**: لە هۆنراوەیەکی ساموئێل لەڤەر (١٧٨٧-١٨٦٨)ەوە هێنراوە کە هۆنەر و ڕۆماننووس و شانۆنووس و وێنەکێش و کۆڵیار و موزیکدانەرێکی ئایر بوو.

ئەی تادی برادی، نازداری منی،

شەو تا بەیانی ئاوێنەی منی،

بە بێ فلسێکیش زیاتر خۆشمەوێی

لە ماڵ و باخچەی بڕایەن گالەهێر. **~گ.س.**

«ئاوێنە، بەهادارترین شتی خانمانە لە هەموو دونیادا» (*گەزەتەی وێژەیی دەبلن و گۆڤاری نیشتمانی*، بەرگی یەکەم، ١٨٣٠، لاپەڕە ١٩٧) **~ن.م.**

[115] **پرۆفیسۆر گودوین:** پیانۆژەنێک بووە ساڵانی ١٨٨٨-١٨٩٥ بە پیانۆ هاوشانیی گۆرانیبێژانەکەی مۆڵیی کردووە. ئەو کۆنسێرتەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە ساڵی ١٨٩٣ ڕووی داوە. **~گ.س.**

پرۆفیسۆر ویلیەم گودوین (١٨٣٩-١٨٩٢) لە ١٨٥٧ەوە تا ١٨٦٤ «پرۆفیسۆری موزیک»، ئۆرگنژەنی کڵێسای سانت پیتەر بووە لە فیبسبەرۆ لە دەبلن. لەو ماوەیەدا ماڵی بۆ زۆر گەڕەکی شاری دەبلن گواستووەتەوە و هەرگیز ماوەیەکی درێژ لە هیچ شوێنێک زۆر نەماوەتەوە. لە زۆر هۆڵ و شانۆگادا ڕابەرایەتیی زۆر کۆنسێرتی کردووە و هەر لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٧٤ەوە وەک موزیککار دەرکەوتووە. ساڵی ١٨٧٨ کۆنسێرتێکی ساز داوە تا کۆمەک بۆ مندالانی بولگاریا کۆ بکاتەوە تا لە ژێر سەرپەرشتیی خوشکە ڕەبەنە ئایرەکاندا وانە بخوێنن. لە ٤ی ئابی ١٨٩٢دا مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

گودوین هاوڕێی جۆن ستانیسلاوس جۆیسی باوکی جەیمز جۆیس بووە و لانیکەم لە یەکێک لە کۆنسێرتەکانیدا گۆرانیی بێژاوە. کە بلووم پێی دەڵێت «پیر»، سەیرە، چونکە گودوین لە ٥٣ ساڵیدا مردووە، بەڵام لەوانەیە ئالوودەبوون بە مەی دەستی لەمەدا هەبووبێت. **~ج.ه.**

[116] **گەرمیی لەشە... تێکەڵاو بوون:** لە *ئۆدیسە*دا، کە ئێرمیس دەچێتە ئەشکەوتەکەی کالیپسۆوە، گێڕانەوەیەکی هاوتەریب و هاوشێوە هەیە {(بڕوانە ٤: ١٠٠) و هۆنراوەکەی ناو ڕاڤەکەی دکتۆر هەنت}. **~گ.س.**

[117] **تیلمەیەک... دەیڕوانی:** مۆڵی، لە ڕۆڵەکەیدا لە ناو *ئۆدیسە*دا وەک کالیپسۆ، شارەرەوە، یان حەشاردەرە {لە یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیەدا ئاماژە بەوە درا کە ناوی *کالیپسۆ* بە واتای *شارەرەوە*، یان *حەشاردەر* دێت}. **~گ.س.**

[118] **لا چی دارێم:** *لا چی دارێم لا مانۆ* *Là ci darem la mano* بە ئیتالی واتە «لەوێ دەستی یەک دەگرین» گۆرانییەکی دووانینەیە {**دووانینە**، یان **دوێت:** گۆرانییەکە، دوو گۆرانیبێژ دەیبێژن} لە دیمەنی سێیەمی پەردەی یەکەمی ئۆپێرای *دۆن جۆڤانی* (١٧٨٧-١٧٨٨) لە دانانی ڤۆلڤگانگ ئەمادێیوس مۆتسارت. دۆن جۆڤانی هەندێک کچی لادێیی دەبینێت کە «خۆشی دەردەبڕن»، شەیدای زێرلینا دەبێت و هەوڵ دەدات تاوی بدات تا لە دەستگیرانە لادێییەکەی هەڵیبگەڕێنێتەوە، کە ناوی *ماسێتۆ*یە، دۆن جۆڤانی بە زێرلینا دەڵێت:

ئا ئەو هاوینەهەوارە ماڵی منە؛ تەنیا دەبین،
ئینجا ئەی گەوهەرەکەی خۆم، دەبینە هاوسەری یەکتر.
لەوێ دەستی یەک دەگرین،
ئینجا تۆ پێم دەڵێی: «بەڵێ».
بیبینە، زۆر دوور نییە؛
دەی با بڕۆین بۆ ئەوێ.

زێرلینا وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «*ڤۆررێی ئێ نۆن ڤۆررێی*» واتە دەمەوێت و ناشمەوێت:

دەمەوێ و ناشمەوێ،
دڵم پەلەپەل دەکا.
لەوانەیە دڵخۆشم کا،
لێ ڕەنگە دیسان هەڵخەڵەتێم. **~گ.س.**

[119] **جەی سی دۆیەل**: (بڕوانە ٦: ٧٨). **~گ.س.**

[120] **بەستە کۆنە خۆشەکەی ئەوین**: بە ئینگلی: *لەڤس ئۆلد سویت سۆنگ*، *Love's Old Sweet Song*: گۆرانییەکی ساڵی ١٨٨٤ە، جی کلیفتن بینگهەم (١٨٥٩-١٩١٣) دەقەکەی نووسیوە و جەیمز لیمان مۆڵۆی (١٨٣٧-١٩٠٩)، کە موزیکدانەرێکی ئایرە، موزیکەکەی بۆ داناوە.

سەردەمی زۆر زوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان،
کاتێ نیشتەوە تەمی گشت جیهان،
لە خەونەکانی خەڵکی دڵخۆشا،
خۆشەویستی هات گۆرانییەکی پڕ سۆز و کۆنی بە دەنگی نزم بۆ دڵمان بێژا؛
کاتی زەردەپەڕ، کە ڕۆی خۆری مات
لە خەوناندا خۆی هۆنییەوە و بە هێمنی هات.
{کۆرس}
کە خۆر ئاوا بوو، سێبەری شێواو بێدەنگ هاتن و چوون،
ئەگەرچی دڵان ماندوو و خەمبار بن، ڕۆژان پڕ دەرد بن، چاران ناچار بن،
لێ لە بوولێڵدا بەستە کۆنەکەی خۆشەویستی هەر خۆی دێ بۆ لامان،
بەستە دێرین و خۆشەکەی ئەوین خۆی دێ بۆ لامان.

{گۆرانیبێژ}
وا تاکو ئەمڕۆش بەستە کۆنەکەی ئەوین دەبیستین،
لە ناو قوولایی دڵەکانماندا تاتایە و هەردەم هەر نیشتەجێیە؛
دەشێ شوێنپێکان کاڵتر ببنەوە، ماندوێتی بڕوا،
لێ لە کۆتایی هەموو ڕۆژێکدا دەنگی دەبیستین.
تا دونیا مابێ و تا تەواو دەبێ و سێبەری تاری ژیان دەکەوێ،
ئەوین دەمێنێ و نازدارترینی گۆرانییەکانیش هی ئەوین دەبێ و بۆ ئەوین دەبێ.
**~گ.س.**

[121] **گوڵاو**: ئاوی دڵۆپێنراوە لەگەڵ ڕۆنی خۆشاوی گوڵێک یان زیاتر تێکەڵ دەکرێت. **~گ.س.**

[122] **ڤۆلیۆ ئێ نۆن ڤۆرێی**: *Voglio e non vorrei* بە ئیتالی واتە «دەمەوێت، بەڵام حەز ناکەم» بلووم دێڕەکەی زێرلینا لە دووانینەکەی ئۆپێرای *دۆن جۆڤانی*دا بە هەڵە دەڵێت، (بڕوانە ٤: ١١٨). زێرلینا دێڕێکی ناسکتر و نادڵنیاتر دەڵێت: «*ڤۆررێی ئێ نۆن ڤۆررێی*» (دەمەوێت و ناشمەوێت). بلووم ویستە مەرجدارەکە دەگۆڕێت بە ویستی بێمەرج. **~گ.س.**

[123] **میزەوانە نەخشپرتەقاڵییەکە**: میزەوانە دەفرێکە و لە کۆندا میزیان تێی کردووە، بۆ کاتی پێویستی بە کار هاتووە. **~ن.م.**
**نەخشپرتەقاڵی**: بە نەخشێکی ئەندازەیی هێڵی لێکئاڵاو {وەک گێژەڕێیەکی بەردەوام و درێژ} ڕازاوەتەوە کە پێی دەڵێن نەخشی زنجیرەیی گریکی «کە لە سەردەمی نەخشی ئەندازەیی سەدەی نۆ تا حەوتی پێش زاینی گریک لەسەر زۆر گۆزە و دیزەی گریکی هەبووە» کە گوایە نەخشی سەردەمی ژیانی هۆمیرۆس بووە (ئەگەر هۆمیرۆس هەبووبێت و ژیابێت) (بڕوانە *ئولیس*، نووسینی هیو کێنەر، لەندەن، ١٩٨٠، لاپەڕە ١٤٤). **~گ.س.**
هیو کێنەر ئاماژە بە شێوازی داڕشتنی وشەکە دەکات کە لەسەر هەمان شێوەی داڕشتنەکانی هۆمیرۆس داڕێژراوە، وەک: *rhododaktylos* *پەنجەگوڵین*، کە ڕەنگ، یان ڕووناکی و ناوێک لێک دەئاڵێنێت، لێرەشدا ڕەنگی پرتەقاڵی. **~ج.ه.**

[124] **لەپەوڕوو**: لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «بەسەر دەمدا پاڵکەوتن». **~ن.م.**

[125] **گیانگۆڕکێ**: بە ئینگلی *مێتێمسایکۆسز* ***metempsychosis***، بیروباوەڕێکی ڕازگرییانەیە گوایە گیان دوای مردن لە لەشێکی تردا لە دایک دەبێتەوە. لە هیندستانی دێریندا (لە ناو کۆمەڵەی ئۆرفییەکانی گریکی دێرینیشدا) وا دانرابوو کە دووبارە لەدایکبوونەوەی گیان تەنها لە لەشی مرۆڤێکی تردا نابێت، بەڵکو دەشێت لە لەشی هەر بوونەوەرێکی تردا بێت (چ ئاژەڵ و چ درەخت و سەوزایی). تیۆسۆفیستەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە زاراوەی گیانگۆڕکێیان دەستکاری کرد و لەگەڵ چەمکی پەرەسەندنی بەرەبەرەدا تێکەڵیان کرد. پێیان وا بوو کە گیانی مرۆڤ تەنها دەچێتەوە لەشی مرۆڤێکی تر و ئەگەری گواستنەوەی گیانیان بۆ پلەکانی پەرەسەندن ڕەت کردەوە. هەروەها پێیان وا بوو کە ئامانجی گیانبەرداکردنەوە بۆ پەرەسەندن بوو، تا گیانەکە تاقی بکرێتەوە و چاکتر بکرێتەوە بەوەی دەچێتە زنجیرەیەک لەشی مرۆڤەوە تا دەبێت بە «گیانی بێگەرد» (بڕوانە ٣: ٣٦٠). ماری پاوەر، کە ڕۆمانەکەی بەردەستی جۆیسی دۆزیوەتەوە (بڕوانە ٤: ١٢٧) دەڵێت کە وشەی *مێتێمسایکۆسز* - *گیانگۆڕکێ* لە ڕۆمانەکەدا نییە. **~گ.س.**

**گیانگۆڕکێ**: لە ڕۆمانەکەدا وشەی *مێتێمسایکۆسز* بە کار دەهێنێت، کە سەرەتا بلووم باش چاوی لێی نییە و تێناگات، دەپرسێت: met him what?، واتە «بەو گەیشت چی؟» یان «ناسیی چی؟» لە ئەڵقەی هەشتەم و دواتر لە ئەڵقەی یازدەیەمدا دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەکی ناتەواو لەسەر ئەم تێنەگەیشتنەی خۆی بونیاد دەنێت و دەڵێت: مێت هم *پایک هۆزس* ***met him pike hoses***، واتە: «پێی گەیشت و نێزەکە ئاوی لێوە دەرفیچقا» نێزەکە مەبەست لە ئەندامی نێرینەی بۆیلەنە کە بە مۆڵی دەگات و پێکەوە سەرجێیی دەکەن. بۆ ئەوەی بتوانم ئەم تەکنیکە تا ئاستێک دەربکەمەوە لە وەرگێڕانەکەدا، یەکەم جارم کرد بە «گەیپێی» واتە: گەیشت پێی، کە لە «گیان» و دواتر «گان»ەوە نزیکە، تا بتوانم دواتر «گەی پێی و گانگانێنکێ» دروست بکەم. کە کەموزۆر لەسەر گیانگۆڕکێ دروست کراوە. هیوادارم لە کەمتەرخەمیم ببوورن. **~ن.م.**

[126] **نەگۆیێنە**: بە ئینگلی ***charades***، یارییەکە لە نێوان دوو تیمدا دەکرێت، ئەندامێکی تیمێک بێ وتن و ناوهێنان و گۆکردنی شتێک، هەوڵ دەدات بە هێما ئەندامەکانی تری تیمەکەی خۆی تێبگەیەنێت و لە کۆتاییدا کێ خاڵی زۆرتر بە دەست بهێنێت دەیباتەوە. خۆم وشەکەم داڕشتووە. **~ن.م.**

[127] **دۆلفینس بارن**: ناوچەیەکە لە ناوچەی قەراغی باشووری خۆرئاوای دەبلن، ئەو شوێنەی مۆڵی و باوکی لێی ژیاون کە یەکەم جار بلوومی ناسیوە. **~گ.س.**

[128] **ڕوبی: قارەمانی گۆڕەپان**: {ناونیشانە ئینگلیزییەکەی ڕۆمانەکە، کە جۆیس لە دەقە ماکەکەدا هێناویەتی بەم شێوەیەیە: *ڕوبی: ذە پڕاید ئۆف ذە ڕینگ* – *Ruby: The Pride of the Ring*} لە ڕۆمانی *ڕوبی، چیرۆکی ژیانی کچێکی ناو سێرکە و نووسراوەتەوە*وە هێنراوە. لە نووسینی ئەیمی ڕید (لەندەن، ١٨٨٩). ڕۆمانەکە پەردەلادانە لەسەر زۆرداریییەکانی ژیانی ناو سێرک و هەندێک چاککاریی ئاشکرای مەبەستە. چیرۆکەکە باس لە منداڵیی پڕ لە هەوراز و نشێوی پاڵەوانە کچەکە دەکات کە ناوی *ڕوبی*یە، دواجار شیرازەی خێزانەکەی دەپچڕێت و لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا دەخرێتە بەر کاری زۆرەملێ (واتە دەفرۆشرێت تا بکرێتە کەنیزەک) بە سینیۆر ئێنریکۆ دەفرۆشرێت، کە بەڕێوەبەری سێرکە و جۆیس لە *میستەر هێنری*یەوە دەیکات بە *ئێنریکۆ مافێی* (کە لە *مافیۆسۆ* دەچێت). ڕوبی تا پلەی ئەوپەڕی ماندوێتی کاری پێ دەکرێت، کە هەڵە دەکات لێی دەدرێت و بە بەرچاوی باوکیەوە، کە لە ئوستورالیاوە هاتووەتەوە، لە سێرکەکەدا دەخرێتە بەر ڕاو بۆ کوشتن و (بە پێی نەریتی بەسۆزی) دەردەکەوێت باوکی لە کاتی خۆیدا گەڕاوەتەوە. بڕوانە وتاری *دۆزینەوەی ڕوبی*، نووسینی ماری پاوەر، لە *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ١٨، ژمارە ٢، زستانی ١٩٨١، لاپەڕە ١١٥-١٢١. **~گ.س.**

لە هەمان گۆڤاردا: بەرگی ٢١ ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٨٤، لاپەڕە ٣٢١-٣٢٨، کارۆلین نۆبیل گریتا لە زانکۆی پەنسلڤانیاوە وتارێکی بە ناونیشانی *سینیۆر مافێی کێیە؟ ئایا بە ڕاست ڕوبی: قارەمانی گۆڕەپان دەستنیشان کراوە؟* ئەم وتارە سەرنجڕاکێشە و پێی وایە کە ئەو ڕۆمانەی خاتوو ماری پاوەر پێی وایە جۆیس چیرۆکەکەی لەوەوە وەرگرتووە، هەڵەیە، دەشێت جۆیس سوودی لێ بینیبێت، بەڵام وا دیارە چیرۆکی ڕوبی لە چەند ڕۆمانێکی سێرکەوە هێنراوە و خۆی لەوە ناچێت بوونی هەبووبێت تا بدۆزرێتەوە. گریتا دەڵێت کە «قارەمانی گۆڕەپان» ناونیشانێکی باو بووە بۆ ڕۆمانی سێرک و خۆی لە وتارەکەدا ناوی سێ ڕۆمانی بردووە کە هەرسێکیان «قارەمانی گۆڕەپان» لە ناونیشانەکانیاندا هەیە. پێی وایە جۆیس ئەم ناونیشانە باوەی قۆستووەتەوە و خستوویەتیە سەر چیرۆکی ڕوبی. گریتا پێی وایە کە دەشێت *سینیۆر مافێی* لە ناوی مەرکیزێکی ئیتالیی سەدەی هەژدەیەمەوە هێنرابێت بە ناوی *فڕانچێسکۆ سکیپیۆنێ مافێی*، کە درامانووس و وێژەوانێکی ڕۆشنبیر بووە، چیرۆکێکی بە ناونیشانی *مێرۆپێ*وە نووسیوە کە ئێجگار زۆر لە *ئۆدیسە*ی هۆمیرۆس دەچێت. گریتا پێی وایە ئەم ڕۆمانە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر داڕشتنی ئەڵقەی پازدەیەمی *ئولیس*ی جۆیس هەیە، چونکە ڕوبی لە ئەڵقەی پازدەیەمدا دێتەوە و بلووم خۆی دەبێت بە خانمێک

بە ناوی *ڕوبی* *کۆهین*ەوە، واتە خۆی تووشی گیانگۆڕکێ دەبێت، کە ئەمە پەیوەندیی بە گیانگۆڕکێکەی ڕوبی و پرسیارەکەی مۆلییەوە هەیە. گریتا ئاماژە بەوەش دەدات کە وشەی *کیرکی* *Kίρκη* کە ناونیشانی ئەڵقەی پازدەی ئەم ڕۆمانەیە و وشەی *سێرک* بە گریکی کە پێی دەڵێن: *کیرکۆس* *κίρκος* گەلێک هاوشێوەن. من وشەی *ڕینگ* *Ring*م بە *گۆڕەپان* وەرگێڕاوە، کە لە ناونیشانە ڕاستینەکەی جۆیسدا هەیە، بەڵام لە ئینگلیدا بە واتای *بازنە*ش دێت، بۆیە گریتا باس لە ناونیشانەکەش دەکات کە وشەی *سێرک* بە واتای *بازنە* *ring* دێت، بلوومیش لە ئەڵقەی پازدەدا کە دەبێت بە ڕوبی، قارەمانی ئەڵقەکەیە. هەروەها مەرکیزی ناوبراو دوو کاری تریشی نووسیوە کە ڕەنگە سەرنجی جۆیسی ڕاکێشابێت. نە گیفرد و نە دکتۆر هەنتیش باسیان لەم وتارەی گریتا نەکردووە، بەڵام دەشێت ڕاڤەکەی گیفرد، کە لەسەر «دۆزینەوە»کەی ماری پاوەر نووسیویەتی، گفتوگۆی زیاتر هەڵبگرێت. هەروەها لە چاپی شیکارییە سێ بەرگییەکەی گابڵەردا دەردەکەوێت کە جۆیس پێشتر لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدا نووسیویەتی: «*ڕوبی: چیرۆکێکی ژیانی ناو سێرک*» و دواتر کردوویەتی بە ناونیشانەکەی لە دەقەکەدا وەرمگێڕاوە و لە سەرەتای ڕاڤەکەی گیفرددا ئاماژەم پێی دا. بڕوانە لاپەڕە ١٢٦ی بەرگی یەکەمی چاپە شیکارییەکەی گابڵەر. **~ن.م.**

[129] **دەبێت... لەسەر زەوییەکە**: قسەی خەیاڵی بلوومە کە تەماشای وێنەی ڕۆمانەکە دەکات کە وێنەی کچێکە بە نیمچە ڕووتی لەسەر زەوییەکە و «ئیتالییەکی توندڕەو بە قەمچییەکی عەرەبانەوە» لە ڕوبی دەدات. بلووم ڕستەکە تەواو ناکات، خۆی ڕستە تەواوەکە بەم شێوەیەیە: *دەبێت ئەمە بێت ڕوبیی قارەمانی گۆڕەپان کە بە ڕووتی لەسەر زەوییەکەیە*. لە دەقە ماکەکەشدا هەر وا تەواو نەکراوە. **~ن.م.**

[130] **تکایە پەڕەکە بە کرێ دراوە**: (*تیلنیشانە موزیکییەکان لە کارەکانی جەیمز جۆیسدا*، نووسینی زاک باون، ئاڵبەنی، نیو یۆرک، ١٩٧٤، لاپەڕە ٨٨) پێشنیار دەکات کە ئەمە تیلنیشانێکی ڕەگەزدۆزییانەیە بە گۆرانیی *ستوونی هەور* «*ذە پیلەر ئۆف کلاود* *The Pilar of Cloud*» (١٨٣٣)، کۆپلەی یەکەم لە سێ کۆپلەکەی دەڵێت:

ئەی ڕووناکییەکە، بە میهرەبانی پێشڕەویم بکە، لەم تاریکاییە داگیرکەرەدا،
پێشڕەویم بکە تا بەردەوام بم!
شەو زۆر تاریکە و منیش دوور لە ماڵ
تۆ ڕێبەرم بە!
قاچم لە ڕۆیشتن بەردەوام بکە؛ داوات لێ ناکەم

تا دوور ببینم، تەنها هەنگاوێک ببینم بەسە. **~گ.س.**
لە وەرگێڕانی کوردیدا هاوشێوەییەکە و وشەگۆڕکێ و ڕەگەزدۆزییەکە دەرناکەوێت؛ دێڕی یەکەمی هۆنراوەکە بە ئینگلی دەڵێت:

**لید کایندڵی ڵایت Lead Kindly Light**

بلووم دەیکات بە:

**شیت کایندڵی لێنت Sheet Kindly Lent ~ن.م.**

[131] **مافێی... دوور خستەوە**: وێنەکە، وێنەی ڕوونکەرەوەیە کە زۆر جارلە ڕۆمان و چیرۆکدا دەکێشرێت و دیمەنێکی ڕۆمانەکە بە وێنە پیشان دەدات. **~ن.م.**
ئەو وێنەیە (وەک لە *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ١٨، ژمارە ٢، زستانی ١٩٨١، لاپەڕە ١١٩دا دیسان چاپ کراوە و بڵاو کراوەتەوە) زۆر لەو وێنەیە دەچێت کە بلووم دەیبینێت، بەڵام «قەمچیی عەرەبانەی ئەسپ»ەکە لەوانەیە تەنها گۆچانێک بێت و ئەو کچەش کە لەسەر زەوییەکە کەوتووە ئەوەندەی بۆ چاپکردن شیاو بێت جلەکانی لە بەردا دڕێنراوە. ئەو نووسینەی لەسەر وێنەکەیە، کە وا دیارە بلووم نەیخوێندووەتەوە، ئەوە ئاشکرا دەکات کە قوربانییەکە هاوڕێیەکی ڕوبیی پاڵەوانە، نەک ڕوبی خۆی. نووسراوە: «دڕندەکە دەستی هەڵگرت و بە جنێوێکەوە قوربانییەکەی لە خۆی دوور خستەوە» بەشی سی و یەک. **~گ.س.**

[132] **هانگڵەرەکان**: چارلز (١٨٢٠-١٨٨٧) و ئەلبێرت هانگڵەر لە ئەدینبرە و گلاسگۆ و لیڤەرپووڵ و هوڵ و دەبلن و لەندەن «سێرکی هەمیشەیی»یان بە ڕێوە دەبرد (واتە گەشتیان نەدەکرد و لە ڕەشماڵدا نەبوون). وا دیارە بلووم لە سێرکەکەدا ڕووداوێکی بازبازێنی سەر تەنافی دیوە. **~گ.س.**

[133] **لە منداڵییەوە ئێسکیان دەردەهێنن**: لە نەریتی سێرکدا، منداڵ هەر لە تەمەنێکی زووەوە ڕاهێنانی زۆریان بۆ بازبازێنی سەر تەناف و نمایشی ئەکرۆباتی پێ دەکرێت. **~گ.س.**

[134] **ئایا وێ... یەکەم کورە**: وا دیارە *وێ* ڕوبی بێت. **~ن.م.**

[135] **پۆڵ دو کۆک**: چارلز پۆڵ دو کۆک (١٧٩٤-١٨٧١) ڕۆماننووسێکی پڕخوێنەری فەڕەنسی بوو، پەڕتووکەکانی باسیان لە کچانی سەر دوکان و پارەوان و ئەوانە دەکرد – لەگەڵ دیموکراسیی بۆرژوازیدا. هەڵسەنگاندنێکی ئێدواردییانە بۆ کارەکانی بەم شێوەیە: «ڕۆمانەکانی ڕەشۆکییانەن، بەڵام بێئاکاری نین». **~گ.س.**

[136] **پەڕتووکخانەکەی شەقامی کەیپڵ**: بە ناونیشانی ١٦٦ی شەقامی کەیپڵ لە ناوەڕاستی دەبلندا و لە بەری سەرەوەی ڕووباری لیفیدا. پەڕتووکخانە گشتییەکانی دەبلن لە ژێر یاسای پەڕتووکخانە گشتییەکانی ساڵی ١٨٥٥دا ساڵی ١٨٨٤ دامەزران. لقەکەی شەقامی کەیپڵ بەشی پەڕتووک-بە-بارمتەدان و پەڕتووکخانەی خوێندنەوە و هەواڵگەشیان هەبوو. **~گ.س.**

[137] **کیارنی**: جۆزێف کیارنی، پەڕتووک و موزیکفرۆش، ناونیشان ١٤ شەقامی کەیپڵ، ئەوبەر پەڕتووکخانەی گشتی. **~گ.س.**

[138] **خۆشوشتنی نیمفەکە**: سەرچاوەکەی نەزانراوە؛ ڕەنگە خەیاڵی بێت. **~گ.س.**

ئەمە وێنەیەکە بە لای سەرەوەی پێخەفەکەی بلوومەوەیە، دکتۆر هەنت دەڵێت کە دەشێت لە بابەتی *فۆتۆ بیتس* بێت، واتە وێنەی تا ڕادەیەک بەئاڵۆش بێت، بەڵام کەس بە دیاریکراوی نازانێت ئەوەی جۆیس باسی دەکات کامەیە و دکتۆر هەنت دەڵێت کە لەوانەیە جۆیس بۆ ئەوە هێنابێتی تا مۆڵی بە کالیپسۆی پەرییەوە گرێ بدات.

**نیمف**: یان پەری، بە ئینگلی *Nymph*، ناوی کۆمەڵە بوونەوەرێکی مێینەی نیمچەخودایی پلەنزمن. گەرچی ناسناوی ئۆلیمپی-یان لێ نراوە و هەندێک جار بۆ کۆبوونەوەکانی ئۆلیمپۆس بانگ کراون، واتە کۆبوونەوەی خوداکانی کۆنی گریک، هەندێک جاریش بە «کچانی زێوس» ناسێنراون، بەڵام لە بێستان و سەر لووتکەی چیا و ڕووبار و زێ و کانی و ئەشکەوتەکانی سەر زەوی ژیاون. هۆمیرۆس دەڵێت چاودێریی ڕاویان کردووە، هاوشانیی ئارتەمیسیان کردووە و لەگەڵیدا سەمایان کردووە، لە ئەشکەوتەکانیاندا جلی مۆریان چنیوە، چاودێریی چارەنووسی نەپاوەکانیشیان کردووە. مرۆڤان یان بە تەنها، یان بە هاوبەشی لەگەڵ خودای تردا قوربانییان پێشکەشیان کردووە، بۆ نموونە قوربانی بۆ نیمفێک و ئێرمیس. بە گوێرەی ئەو جێیانەی تیایاندا ژیاون پێیان وتراوە *ئەگرۆنۆمی* (وەرزێر) *ئۆرێستیادێس* (ئۆرێسەکان، ئۆرێدەکان)، *نایادێس* (نایادەکان: ڕەنگە لە ڕیشەدا بە واتای پێل، شەپۆل بێت).

نیمفەکان زۆرن و لە ژماردن نایەن، بەڵام دەکرێت هەموویان بەسەر دوو پۆلی گەورەدا دابەش بکەین، پۆلی یەکەم: ئەوانەن کە دەکرێت وەک جۆرە خودایەکی پلەنزم بیانبینین و لە پەرستنی سرووشتدا دەناسرێنەوە. گریکییەکانی کۆن پێیان وا بووە هەموو دیاردەیەکی سرووشت کەسێنراوی خودایەکە؛ واتە کانی، ڕووبار، ئەشکەوت، درەخت، شاخ... تد. هەموو ئەمانەیان وەک تژی لە ژیان دیوە و وەک نوێنەری خودایی لە

سرووشتدا بینیویانن. واته هێزی بەسوود و بەکەڵکی سرووشت کەسێنراوە و ئەم کەسێنراوانە وەک خودای جۆراوجۆر بینراون. پۆلی دووەم: کەسێنراوی ڕەگەز و هۆز و وڵاتن، وەک *کیرینی* و زۆرێکی تریش، بە گشتی بە ناوی ئەو شوێنانەوەن کە تیایدان، وەک نیسیادێس، دۆدۆنیدێس، لامنیای. دەکرێت نیمفەکانی پۆلی یەکەم دیسان بەسەر چەند ژێرپۆلێکدا دابەش بکرێنەوە:

**١. نیمفی ئاوەکان (ئاوپەری):**

بەشێکیان پێیان دەوترێت: *ئۆکیانینێ* یان *ئۆکیانیدێس* (ئۆکیانۆسزادە، ئۆکیانزادە)، کە کچانی ئۆکیانۆس بوون. بەشێکی تریان پێیان دەوترێت *نیرێدێس* (نیرێدەکان: نیرێزادە)، کە کچانی نیرێفس بوون، نیمفی دەریای ناوەڕاست و دەریای ناوەوە بوون. بەشێکی تریان پێیان دەوترێت *پۆتامیدێس* (پۆتامیزادەکان؛ ڕووبارزادە)، کە ئەمانە ڕووبارەکانیان لە خۆ گرتبوو، لە هەر ناوچەیەک و بە ناوی ڕووبارەکانی ئەو ناوچەیەوە ناو نرابوون، وەک ئەخیلۆیدێس، ئەنیگریدێس، (ڕووباری ئەنیگروس)، ئیسمینیدێس، ئەمنیسیدێس، پاکتۆلیدێس. بەڵام نیمفەکانی ئاوی سازگار، ئیتر ڕووبار بن یان دەریاچە و جۆگەلە و بیر، بە *نایاد* (یان نیاد: نایادەکان، نیادەکان) ناسراون، گەرچی نایادەکان ناوی تایبەتیشیان هەیە، وەک: کریناێ، پیگایێ، ئێگیۆنیمی، لیمناتیدێس، لیمنادێس. تەنانەت ڕووبارەکانی جیهانی ژێرەوەش نیمفیان هەبووە، بە لاتینی پێیان دەوترێت ئاڤێرنالیس (*نیمفای ئینفێرنێ پالودیس*: نیمفەکانی زەلکاوە دۆزەخییەکان).

زۆربەی ئەم نیمفانە چاودێریی ئاوی دەریا و ڕووبار و کانی و جۆگەکانیان کردووە، باوەڕیش وا بووە ئەم نیمفانە سرووش بە هەر کەسێک دەدەن کە لە ئاوەکانیانی خواردبێتەوە، هەر بۆیەش باوەڕ وا بووە کە نیمفەکان توانای پێشگۆیی و نوقڵانەیان هەبووبێت و سرووشی هەمان شتیشیان دابێت بە مرۆڤان، هەروەها بەهرەی هۆنەرییشیان بە مرۆڤ داوە. بۆیە هەندێک جار بە پێشزانەکانیان وتووە *نیمفۆیگیپتی*.

بەڵام بە گوێرەی ئاوەکانی ژێر چاودێرییان تواناکانیشیان جیاواز بووە، باوەڕ وا بووە هەندێکیان توانای چاککردنەوەی نەخۆشیان هەیە؛ لەبەر ئەوەشی ئاو بۆ کشتوکاڵ و هەموو زیندەوەرێک گرنگە، بۆیە نیمفە ئاوییەکان لەگەڵ دیۆنیسۆس و دیمیتیردا پەرستراون، چون ژیان و ڕێژەن بە هەموو بوونەوەرێک دەبەخشن. لەبەر ئەوەیشی لە هەموو بەشێکی سرووشتدا کاریگەرییان هەبووە، زۆر جار لەگەڵ خودا باڵاترەکاندا وابەست کراون، بۆ نموونە لەگەڵ ئاپۆلۆنی خودای پێشگۆیی و پارێزەری مەڕ و ماڵات؛

لەگەڵ ئارتەمیسی ڕاوچی و پارێزەری ڕاو، کە ئارتەمیسیش لە بنەچەدا نیمفێکی ئارکادی بووە؛ لەگەڵ ئێرمیسی خودای بەردارکەری مێگەل؛ لەگەڵ دیۆنیسۆس و پان و سێلینی و ساتیر، کە پێکەوە ئاهەنگی دیۆنیسییان گێڕاوە و سەمایان کردووە.

**٢. نیمفی چیا و ئەشکەوتەکان (کێوپەری و ئەشکەوتپەری):**

بەم نیمفانە دەوترێت *ئۆریادێس* و *ئۆرۆدێمنیادێس*، بەڵام هەندێک جاریش بە ناوی ئەو چیایەوە ناو دەبررێن کە لێی ژیاون، بۆ نموونە کیثێرونیدێس، پیگیادێس، کۆریکیێ.

**٣. نیمفی دارستان و باخ و دۆڵ (جەنگەڵپەری و باخپەری و دۆڵپەری):**

باوەڕ وا بووە هەندێک جار دەرکەوتوون و گەشتیاری تەنیایان ترساندووە، هەندێک ناویان هەبووە، بۆ نموونە: ئالسیدێس، ئۆلیۆری، ئاڤلۆنیادێس، ناپەیێ.

**٤. نیمفی درەخت (دارپەری):**

باوەڕ وا بووە ئەم نیمفانە لەگەڵ درەختە جۆراوجۆرەکاندا هاتوونەتە بوون و تیایاندا ژیاون و لەگەڵیشیاندا مردوون، پێیان وتراوە دریادێس، ئامادریادێس، ئەدریادێس، ئەم ناوانەش لە دریس-ەوە (بەڕوو) هاتوون، کە تەنها بە واتای بەڕوو نایەت، بەڵکو بە هەر درەختێکی بەرزی کێویش وتراوە دریس. بە نیمفی درەختە میوەدارەکانیان وتووە میلیدێس، میلیادێس، ئێپیمیلیدێس، ئامامیلیدێس. وا دیارە لە بنەچەدا ئارکادی بووبن، هەرگیزیش لەگەڵ خودا مەزنەکاندا دەرنەکەوتوون.

بە گشتی بزن و بەرخ و شیر و ڕۆن کراون بە قوربانی بۆ نیمفەکان، بەڵام هەرگیز شەراب نەکراوە بە قوربانی بۆیان. لە زۆر شوێنی گریک پیرۆزگایان هەبووە و پەرستراون و ڕێزیان لێ گیراوە، بە تایبەتی نزیک کانی و جەنگەڵ و ئەشکەوتەکان، بۆ نموونە نزیک کانییەک لە کیرتۆنی لە ئاتیکا، لە ئۆلیمپیا، لە مێگارا، لە نێوان سیکیۆن و فیلوس و شوێنانی تر. نیمفەکان لە شێوەکاریدا وەک کچی جوانی یان تەواو ڕووت یان نیمچەڕووت پیشان دراون. هۆنەرانی دواتر وا پەسنیان هەڵدەدەن کە قژیان دەریاڕەنگە. (*فەرهەنگێکی نوێی ژینامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٥٦١). **~ن.م.**

[139] **لەگەڵ ژمارەی... بەخشرا**: **ئیستەر**: بە ئینگلی *Easter*، جەژنێکی مەسیحییە، یادی زیندووبوونەوەی عیسایە لە سێ ڕۆژ دوای لەخاچدان و ناشتنی. یەکەم یەکشەممەی دوای تابانی مانگی نیسانی ڕۆژژمێری عیبرییە. مانگی نیسان لە ڕۆژژمێری عیبری و ئاشووریدا مانگی یەکەمە و بە نزیکی هاوکاتی مانگی نەورۆزی کوردییە. **~ن.م.**

**فۆتۆ بیتس**: گۆڤارێکی پنسبایی حەفتانەی لەندەنی بوو، ساڵی ١٨٩٨ دامەزرا و سێشەممان دەردەچوو. وەک گۆڤارێکی فۆتۆگرافی خۆی نمایش دەکرد، بەڵام زیاتر لە گۆڤاری نیمچە پۆرنۆگرافیی دەچوو {پۆرنۆگرافی: ئەوەی وێنەی ڕووت بڵاو دەکاتەوە}. ڕیکلامکەرەکانی لە هەموو سەرچاوەیەکەوە بابەتیان وەردەگرت، هەر لە «کارەکانی ئەریستۆتێلیس»وە تا «شێلاقلێدان و خۆکوتینەوە» و «پەڕتووکی دەگمەن و وێنەی سەیروسەمەرە» و «ئاوێتە بەناوبانگەکەی ڕۆز بۆ خانمان... بێگومان سەختترین کۆسپ لادەبات» «بایەڵ بینس بۆ گێژی» هەروەها پەڕتووک و حەبی بێشومار کە بەڵێنی ئەوەیان دەدا کە: «پیاوەتی دەگەڕێننەوە». **~گ.س.**

وا دیارە «ئاوێتە بەناوبانگەکەی ڕۆز بۆ خانمان» دەرمانی لەباربردنە، بەڵام دڵنیا نیم. ئەوەی بایەڵ بینسەکەش بۆ بێتاقەتیی گشتی بووە و وا ڕیکلامی بۆ کراوە کە «چەوریی زیادە لادەبات» و «خوێن پاک دەکاتەوە و بەهێزی دەکات». **~ن.م.**

[140] **ناهاوشێوە... قەدباریکترە**: لە پەڕتووکی پێنجەمی *ئۆدیسە*دا، «کالیپسۆ، پەرییە جوانەکە» نەمری پێشکەش بە ئۆدیسێفس دەکات ئەگەر لەگەڵ ئەودا بمێنێتەوە، پاشان لە بارەی پینێلۆپیاوە دەپرسێت:

«ئایا کەمێکیش وەک ئەو پەسەند نیم؟
کەمێکیش وەک ئەو سەرنجڕاکێش نیم؟ داخۆ جوانتر نیم؟
ئایا نەپاوان لە جوانییاندا لەگەڵ خوداکان بەراورد دەکرێن؟»
ئینجا ئۆدیسێفس بەردەبارانە وەڵامی پێی دا:
«خواژنەکەی من، نابێ تووڕە بی،
پینێلۆپیای من، گەرچی خۆشمەوێ،
بەڵام ئەو لەچاو شکۆکەی تۆدا وەک سێبەرێکە،
مردن و پیری تۆ هەر ناناسن،
بەڵام ئەو دەمرێ.

(ئۆدیسە ٥: ٢٢٠-٢٢٨ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[141] **گۆشتە ناسکە بەتامەکە**: پێش گفتوگۆکەی ڕاڤەی پێشوو، کالیپسۆ «خواردن و خواردنەوەی مرۆڤ» دەخاتە بەردەم ئۆدیسێفس و بۆ خۆی خواردنی خودایی دەخوات.

ئینجا کالیپسۆی ئاسمانی
خواردن و خواردنەوەی مرۆی خستە بەردەم،

دانیشت، ڕووی کردە ئۆدیسێفس،
خزمەتکارەکانی هاتن، ئینجا نێکتار و خۆراکی بەهەشتییان بۆ خۆی هێنا؛
جا هەردووکیان پڕ بە دڵیان
تێر نانیان خوارد.
(ئۆدیسە ٥: ٢٠٦-٢١١ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[142] **میستەر کۆکلان... دەینێرم**: ئەم دێڕە لە دەقە ماکەکەدا زۆر ناڕوون نووسراوە، وەک میلی خۆی دەڵێت: «پەلەیەتی». دەشێت ئەم دێڕە بەم واتایەش بێت کە: «میستەر کۆکلان وێنەیەکی گرتم. کە شۆڕرایەوە خاتوونەکە دەینێرێت» خاتوونەکە کێیە؟ دیاریی نەکردووە، تەنانەت دیاریی نەکردووە کە خاتوونەکە ژنی میستەر کۆکلانە یان نا. **~ن.م.**

[143] **ئەوانەی تا قولەپێیان هەر گۆشتە**: «ژنێک قاچی قەڵەو بێت، قەڵەوییەکە تا نزیکی پێکانی بێت، ئەوا "وەکو نوێنگینی مەلینگەر تا قولەپێی هەر گۆشتە"» دەشتاییەکانی کاونتیی وێستمیث، نزیکی مەلینگەر بە وڵاخی قەڵەو بەناوبانگە، (بڕوانە پەڕتووکی *ئینگلی* لە نووسینی پاتریک وێستن جۆیس، لاپەڕە ١٣٦). **~گ.س.**

[144] **سەیرانێکی بچووک**: بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆدا، سەیران لە سەدەی نۆزدەدا شتێکی فەرمی و ئاڵۆز بوو؛ بۆیە «سەیرانێکی بچووک» واتە سەیرانێکی جیاوازی نافەرمی، سەیرانێکی دوای هەموو شتێک. **~گ.س.**

[145] **دەریاچەی ئۆوێڵ**: (بڕوانە ٤: ١٠٨). **~گ.س.**

[146] **گرێڤڵ ئامس**: میوانخانەیەکە لە مەلینگەر. **~گ.س.**

[147] **بانەن**: (بڕوانە ١: ٢٢٦). **~گ.س.**

[148] **کیژانی کەنار دەریا**: (بڕوانە ٤: ١١١). **~گ.س.**

[149] **پێی بڵێ... دەنێرێت**: میلی لەم نامەیەدا لە لایەک لەبەر کەمیی ئەزموونی نووسین و تەمەنە کەمەکەی و لە لایەکی تریش لەبەر ئەوەی بە پەلە نامەکە دەنووسێت، هەڵەی زۆری هەیە، لە وەرگێڕانی پێشوومدا هەندێکم لەم هەڵانە ڕاست کردبووەوە، بەڵام لەم پێداچوونەوەیەدا بڕیارم دا ئەوەندەی لە وەرگێڕاندا دەکرێت هەڵەکان وەک خۆیان بگوێزمەوە. بۆیە ئەم دێڕەم وەک خۆی ڕاست کردەوە (کە دەبێتە هەڵەکەی میلی). **~ن.م.**

[150] **خاتوو ثۆرنتنی شەقامی دێنزیڵ**: خاتوو ثۆرنتن مامانێکی دەبلن بوو، بە ناونیشانی ١٩ئەلف شەقامی دێنزڵ، نزیک خەستەخانەی زەیستانیی شەقامی هۆلس – زۆربەی ڕووداوەکانی ئەڵقەی چواردەیەم لەم خەستەخانەیە ڕوو دەدەن. واتە ئەگەر ساڵی ١٨٨٩

ماڵی بلووم لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا ژیابێتن، ئەوا مامانەکە بە نزیکی میل و نیوێک لە بەری باکووری خۆرهەڵاتی ماڵیانەوە دوور بووە. **~گ.س.**

[151] **ڕودیی بەستەزمانی بچکۆلە**: ڕودی، کوڕی مۆڵی و لیۆپۆڵد بلووم، لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٣ لە دایک بووە، لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٨٩٤دا مردووە (واتە تەنها یازدە ڕۆژ ژیاوە). ناوە تەواوەکەی کە *ڕودۆلف*ە، لە *هرۆثی*یەوە هاتووە کە وشەیەکی ئەڵمانیی کۆنە، بە واتای ناوبانگ و *ڤولف* بە واتای گورگ. (*فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ ناوی مەسیحییانە*؛ جوان کینەن پێشنیاری کرد). **~گ.س.**

**ناوی مەسیحییانە**: بە ئینگلی *Christian name*، لە نەریتی کاسۆلیکدا دەبێت هەموو منداڵێک ناوێکی *مەسیحییانە*ی هەبێت، لە کاتی ئاوەمۆرکردندا بەو ناوەوە بانگ دەکرێت، چونکە ئەوان پێیان وایە گوایە خودا بە ناوی خۆمان، واتە ناوی یەکەممان دەماننانسێت. بە گشتی ئەم *ناوە مەسیحییانانە* لە *کتێبی پیرۆز*ەوە دەهێنرێن، چونکە لە پەڕتووکی ناوبراودا ناوی هەزاران خەڵکی تێدایە کە گوایە پێغەمبەر و پیاوچاک و پاشا و پیاوی خودا بوون و کاریگەرییان لەسەر دینی جوو و مەسیحی هەبووە، وەک ئیبراهیم، ئیسحاق، یاقوب، یوسف، موسا، عیسا، داود، سلێمان، پۆڵس، پەترۆس، ئەمانە هەندێک ناوی پیاوانن و سارا، دەڤۆرا، ڕائوس، مریەم، میریام، ڕڤقە، لێئە، ڕاحێل، ئەبیگایل، حەنا، ئەمانەش هەندێک ناوی ژنانن. بە گشتی دەبێت ناوی کەسێتییەکی ناو *کتێبی پیرۆز* هەڵببژێررێت کە گوێڕایەڵی خودا بووبێت، نەک دوژمنی، بۆ نموونە ناوی *قاین*، کە لە گێڕانەوەی ئیسلامدا پێی دەوترێت *قابیل*، کوڕی ئادەم و حەوا، ئەوەی کە گوایە هابیلی کوشتووە، نابێت لە منداڵ بنرێت. بۆیە کە دەوترێت *ناوی مەسیحی* هەم واتە ناوی یەکەم، هەم واتە ناوێک کە بە ڕاستی پەیوەندیی بە دینی مەسیحییەوە هەبێت. **~ن.م.**

[152] **خودا باشە، کاکە**: وتەیەکی باوی کڵێشەییە دەربارەی چارەنووسی ڕێلێنەگیراو لای ئایرەکان. نادیاریی فرەزانایی خودا دەشارێتەوە: تەنانەت ئەوەی لای مرۆڤ بە کارەسات دێتە بەرچاو، لای خودا و نەخشە ئاسمانییەکەی دونیا دەشێت «باش» بن. **~گ.س.**

[153] **کافتریای ئێکس ئێڵ**: شوێنی حەوانەوە، بە ناونیشانی ٨٦ی شەقامی گرافتن، لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

[154] **حەفتەی... پنس**: مووچەکەی میلی ١٢ شڵنگ و شەش پنسە لە حەفتەیەکدا، ئەگەرچی زۆر نەبووە، بەڵام خراپیش نەبووە، وا دیارە ئەو خانمانەی لە دوکانەکانی ناو شاری دەبلندا کاریان کردووە لە حەفتەیەکدا ئەوپەڕی ٧ شڵنگیان وەرگرتووە (بڕوانە *ئێڤەلین*ی

*دەبلنییەکان*) (بڕوانە ٤: ١٨٩). مووچەکەی ستیفن لە قوتابخانەکەی میستەر دیسیدا لە مانگێکدا سێ پاوەن و دوازدە شڵنگە، واتە بە نزیکی شازدە شڵنگ لە حەفتەیەکدا. **~گ.س.**

[155] **سەکۆی هۆڵی موزیک**: زۆر باش پارەیان نەداونەتێ، لەوانەشە لە ڕووی ئاکارییەوە نەنگی بووبێت، چونکە هونەرمەندەکانی هۆڵی موزیک وا دەبینران کە لە پەڕاوێزی ڕێپێدانی کۆمەڵگای چینی ناوەندیدا دەژیان. **~گ.س.**

دکتۆر تەها ئەمەی بە «کۆمبارس» وەرگێڕاوە، واتە ئەگەر میلی کۆمبارس بووایە لە سەکۆی هۆڵی موزیک، ئەوا کارێکی خراپتر بوو لەوەی ئێستا هەیەتی. **~ن.م.**

[156] **ماوەیەکی درێژ شیری دراوەتێ**: ئەمە سەربردە و گەندەباوەڕی پیرەژنان بووە کە گوایە ئەگەر خۆراکی قورس، بە تایبەتی گۆشت، لە تەمەنێکی زووەوە لەگەڵ شیردا نەدرێت بە منداڵ، ئەوا لەوانەیە منداڵەکە تووشی کەمخوێنی ببێت. **~گ.س.**

[157] **ئێرینس کینگ... نەدەترسا**: ئێرینس کینگ کەشتییەکی هەڵمیی سەیرانکردن بوو، بینەرانی بۆ گەشتێکی دوو کاژێری دەبرد و بە دەوری کەنداوی دەبلندا دەیسووڕاندنەوە، لای باشوورەوە بە دەوری چراکەشتیی کیشدا دەسووڕایەوە (بڕوانە ٣: ٢٢١)، یان بە دەوری چاوی ئایرلانددا دەسووڕایەوە، کە دوورگەیەکی خوارووی نیمچەدوورگەی هاوثە. هاوینان لە ڕۆژێکدا چەند جارێک، هەر جارەی بە شڵنگێک لای بەندەری بەر خانەی گوومرگەوە لە ناوەڕاستی دەبلندا دەگەڕا. **~گ.س.**

[158] **ڕوومەت چاڵن... سووڕان**: (بڕوانە ٤: ١١١). **~گ.س.**

[159] **تریشقەگێڕ**: بە ئینگلی *jarvey*، شۆفێری عەرەبانەی تریشقە، تریشقە عەرەبانەیەکە کە بە یەک ئەسپ ڕابکێشرێت، ئەگەر بە دوو ئەسپ ڕابکێشرێت پێی وتراوە *یاڵی*. **~ن.م.**

[160] **سووڕۆن**: واتە کە بۆیلەن گۆرانییەکە دەبێژێت، لە بری ئەوەی بڵێت: «سەرت بۆیان دێتە سووڕان»، دەڵێت: «سەرت بۆیان دێتە سووڕۆن». **~ن.م.**

[161] **لەنگەرگای ڕووناککراوە**: (بڕوانە ٢: ١٣ و ١: ٣٨). **~گ.س.**

[162] **تاڵەکانی... دەهۆنێتەوە**: یەکێک لە سەرناوەکانی هۆمیرۆس بۆ کالیپسۆ «پەرییە قژ جوانهۆنراوەکە»یە (٥: ٣٣ لە وەرگێڕانەکەی فیتزجێرەڵددا) **~گ.س.**

مامۆستا حەمەکەریم عارف بە «پەریی کەزیە جوان» وەریگێڕاوە، ئەگەرچی زۆر بە دڵمە، بەڵام لەگەڵ «هۆنینەوە»کەی جەیمز جۆیسدا نایەتەوە بۆیە ئەوەی ئەوم بە کار نەهێنا. **~ن.م.**

[163] **موچڕکەیەکی هێواش، پەشیمانی**: لە *ئۆدیسە*دا، ئۆدیسێفس بە تەنیا لە دوورگەکەی کالیپسۆدایە:

سبەی بە تەنیا و کز دانیشت لەسەر کەناری بەردین،
بە ناڵە و هاوار دڵەکەی شکا، چاوی پڕ ئەسرین
تەماشای ئاسۆی سەر دەریاکەی کرد.

(ئۆدیسە ٥: ١٦٤-١٦٦ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[164] **پشووی بانکی ئاب**: پشووێکی درێژی کۆتایی حەفتەیە، بە نزیکی وەک پشووی ڕۆژی کرێکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان وایە {لە مانگی ئابدا ڕوو دەدات و هەموو بانکەکان دادەخرێن}. **~گ.س.**

[165] **مەکۆی**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت، لەگەڵ چەند پەسنێکی تردا، وا باس کراوە کە کارگێڕی وێستگەی شەمەندەفەری میدلاندە، بڕوانە ئێلمان، لاپەڕە ٣٧٥. **~گ.س.**

**بەخشین**: بە ئینگلی *grace*، زاراوەیەکی دینی مەسیحییە، *کتێبی پیرۆز* بە «نیعمەت» وەریگێڕاوە، کە هەر واتە بەخشین. گوایە بەخشینێکی هەڕەمەکییانەی خودایە کە دەیدات بە مرۆڤ. دەشێت هەندێکی بەرانبەر «هیدایەت»ی ئیسلام بوەستێتەوە، کە ئەویش بە گوێرەی *قورئان* گوایە بەخشینێکی خودایە و بە ویستی خودا خۆی دەدرێت بە هەندێک خەڵک، لە ئەنجامدا ڕێنموونی وەردەگرن: «ئەوەی ئەڵلا ڕێموونیی بکات، ڕێنموونیکراوە، ئەوەش کە گومڕای بکات، ئەوا ناتوانیت ڕێنیشاندەر و ڕێنموونیکاری بۆ بدۆزیتەوە» (سوورەتی کەهف، ئایەتی ١٧). **~ن.م.**

کەسێتیی مەکۆی لەسەر نموونەی چارلز چانس (١٨٦٣-١٩١٥ز) بونیاد نراوە. کارگێڕێکی بازرگانی بوو و هاوڕێی جۆن ستانیسلاوس جۆیسی باوکی جەیمز جۆیس بووە. لە دەبلن لە دایک بووە، ساڵی ١٨٨٦ هاوسەرگیریی کردووە و ساڵی ١٩٠١ کرێچی بووە و خاوەن ماڵەکەی ناوی *پاتریک ئۆنیڵ* بووە، بە ناونیشانی ٨٣ی شەقامی باڵیبۆ لە ماونتجۆی. ژنەکەی ناوی *ماری* بوو و گۆرانیبێژی سۆپرانۆی کۆنسێرت بوو، ساڵانی ١٨٩٠کان لە چەندین کۆنسێرتدا بە ناوی *ماری تالۆن*ەوە گۆرانیی دەبێژا. دواتر چارلز و خێزانەکەی گواستیانەوە و لەگەڵ دایکی چارلزدا دەژیان، کە ناوی خاتوو *ئێلێن چانس* بوو، بە ناونیشانی ٢٤ی بێلڤێدێرێ پلەیس، لە دەبلن. ساڵی ١٩١١ لە لیستی: «کارگێڕە

بێکارەکان»دا ناوی تۆمار کراوە. ژنەکەی پێش خۆی مرد و خۆی بە بێوەمێردی لە ١٩ی ئابی ١٩١٥دا مرد و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[166] **هەڵقنجان:** بە ئینگلی *stalk*، واتە ڕۆیشتن بە ڕەپی و قیت و قنجی. خۆم وشەکەم لە پێشگری *هەڵ*- و *قنج* دارشتووە. **~ن.م.**

[167] **لای گوێی... لە ئاگرەکە بوو:** واتای ئەمەم لا ناڕوون بوو، لە دکتۆر هەنتم پرسی، ئەو وتی: «ئەو وێنەیەی دێتە بەر چاوم ئەوەیە کە پشیلەکە پەلەکانی خۆی دەلێسێتەوە و پاشان بە کاری دەهێنێت بۆ پاککردنەوەی پشتی گوێی» واتە پشیلەکە یەکەم جار پەلێکی خۆی لیکاوی دەکات و پاشان پشتی گوێی خۆی پێ پاک دەکاتەوە. **~ن.م.**

[168] **تیتبیتس**: تیتبیت بە ئینگلی *titbit* واتە سەرەپارچەی زانیاریی سەرسووڕهێن؛ *س*ی کۆتاییەکەی نیشانەی کۆکردنەوەیە، واتە سەرپارچەکان کە زانیاریی سەرسووڕهێنیان تێدایە. **~ن.م.**

ئەمە کورتکراوەی (*تیتبیتس فرەم ئۆڵ ذە مۆست ئینتێرێستینگ بوکس، پیریۆدیکەڵس ئاند نیوسپەیپەرس ئین ذە وێڵد* – *Titbits from All the Most Interesting Books, Periodicals and Newspapers in the World*)ە {سەرەپارچەی پڕ زانیاریی سەرسووڕهێن لە هەموو پەڕتووک و گۆڤاری وەرزی و ڕۆژنامە زۆر سەرنجڕاکێشەکانی جیهان}. حەفتەنامەیەکی شازدە لاپەڕەیی بوو، بایی یەک پنس بوو، (لە پێنجشەمماندا دەردەچوو، بەڵام لێی دەنووسرا شەممە). هەندێک لە مێژوونووسانی ڕۆژنامەگەری وا دایدەنێن کە ڕۆژنامەگەریی ویستراوی خەڵک («بابەتی هەمەجۆر و جەفەنگییانە») لە یەکەم دەرکردەی *تیتبیتس*ی ساڵی ١٨٨١ەوە سەری هەڵداوە. **~گ.س.**

[169] **کارکەرەکەش لە ناو چیمەنەکەدا بوو:** لە گۆرانییەکی منداڵانەوە هێنراوە:

بەستەیەکی شەش پنسیمان بۆ ببێژە،
گیرفانێکی پڕ لە چەوان؛
بیست و چوار دانە ڕیشۆڵە،
خرانە ناو نانێکەوە.
کە نانەکە کرایەوە،
ڕیشۆڵەکان کەوتنە بێژانی گۆرانی؛
جا ئەو نانە
هەر شایستەی پاشا نییە؟

شا لە ژووری ژمێریارییەکەی خۆیدا بوو
پارەکانی یەکیەک دەژمارد؛
شاژن لە ژوورەکەی خۆی بوو،
کولێرە و هەنگوینی دەخوارد.
کارکەرەکەش لە ناو چیمەنەکەدا بوو،
جلی شۆرراوی هەڵدەخست.
ڕیشۆڵەیەکی بچووک هات،
لووتی لێکردەوە و بردی. **~گ.س.**

**چەوان**، یان **چەودان**، **کزن**، **جۆفەرەنگی**: بە ئینگلی *rye*، لە *هەنبانەبۆرینە*وە: «دانەوێڵەیەکە بژیوە دەیچێنن گای پێ قەڵەو دەبێ». **~ن.م.**

[170] **جگەری گۆگردات**: بە ئینگلی *Liver of sulfur*: لە هیچ فەرهەنگێکدا هیچم لەسەری نەدۆزییەوە، کەسیش ڕاڤەی نەکردووە خۆشم هیچی لێ نازانم و لێی دڵنیا نیم. لە ئینتەرنێت بۆی گەڕام، وا دیارە ناوی بازرگانیی تێکەڵەیەکی کیمیایی بێت، بە گوێرەی *ویکیپێدیا*: لە گۆگردیدی پۆتاسیۆم و فرەگۆگردید و تیۆگۆگرداتی پۆتاسیۆم و دوانەگۆگردیدی پۆتاسیۆم پێکهاتووە، بە گشتی لە کانزاکاریدا بە کار دەهێنرێت بۆ ئەوەی ڕەنگێکی قاوەیی، یان ڕەشباو بە زیو و مس بدات. لەم دەقەدا و بە گوێرەی بلووم وا دیارە بۆ کاروباری کشتوکاڵیش بە کار هێنراوە. **~ن.م.**

[171] **تلّفارە**: بە ئینگلی *oil cake*، تلّپەی تۆوی گوشراوە (وەک شێلمی ڕۆن و تۆوکەتان و پەموو) کە دوای ڕۆنلێدەرهاتن دەمێنێتەوە؛ ئەم تلّپەیە بۆ خۆراکی قەڵەوکردنی وڵاخ و مەڕوماڵات بە کار دەهێنرێت، یان وەک پەین بە کار دەهێنرێت. **~گ.س.**

ناوەکەم لە *فەرهەنگی فارسی-کوردی*یەوە هێناوە، بڕوانە تۆماری *کنجالە* لا ١١١٢. **~ن.م.**

[172] **پیسی پاک دەکاتەوە**: واتە پیسی خۆی شت پاک دەکاتەوە، پیسی بکەرە. **~ن.م.**

[173] **لێرە... دووشەممەی سپی**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا لە خەیاڵی بلوومدایە و تەواو نییە، بەڵام لە چاپی پێشووتردا من بەم شێوەیە بۆیم تەواو کردبوو: «لێرە بوو کە ئەو هەنگە، یان وا بزانم مەگەز بوو، لە ڕۆژی دووشەممەی سپیدا پێوەی دام». بۆ *دووشەممەی سپی* بڕوانە دامێنی ئەم ڕاڤەیە. ئەم ڕستەیەم لەم پێداچوونەوەیەدا وەک دەقە ماکەکە لێ کردەوە. بلووم هەنگێک (یان مەگەزێک) پێوەی داوە و چووە بۆ

خەستەخانە و لەوێ پزیشکێکی گەنج چارەی کردووە، کە دواتر لە ئەڵقەی چواردەیەمدا دەیناسین. **~ن.م.**

**دووشەممەی سپی**: ڕۆژی دوای یەکشەممەی سپییە (حەوتەم یەکشەممەی دوای ئیستەر). ڕۆژێکی پشووە و پشووێکی درێژی کۆتایی حەفتەیە. ساڵی ١٩٠٤ دووشەممەی سپی کەوتە ٢٣ی ئایارەوە، ئەو ڕۆژەی هەنگ دای بە بلوومەوە. **~گ.س.**

174 **جلراگر**: بە ئینگلی *hallstand*، پارچە تەختەیەکە، یان دەشێت کانزا بێت، مێخ یان قولاپی پێوەیە و جلی پێدا هەڵدەواسرێت. **~ن.م.**

175 **دراگۆ**: سەرتاشێکە بە ناونیشانی ١٧ی شەقامی داوسن لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلن، بە نزیکی میل و نیوێک لە باشووری ماڵی بلوومەوە دوورە. **~گ.س.**

176 **بریلانتین**: بە ئینگلی *brilliantine*، ڕۆنێکی بۆندارە بۆ نەرمکردن و بریقاندنەوەی قژ. لە دەقە ماکەکەدا بە *brillantine* نووسراوە، واتە پیتی *i*ی دوای دوو ئێڵەکە نەنووسراوە. **~ن.م.**

177 **ئەو ساتە... ڕێکخستبوو**: واتای ئەمەم لا ناڕوون بوو، لە دکتۆر هەنتم پرسی کە مەبەست لە *ئەو* کێیە؟ وتی: «ئەو: بلێسە بۆیلەنە... پێم وایە کە بۆیلەن لە دوکانەکەی دراگۆ قژی شوشتووە و وا دیارە لە هەمان کاتیشدا هەندێک ڕۆنی (وەک بریلانتین)ی لە قژی داوە». **~ن.م.**

178 **شەقامی تارا**: گەرماوە گشتییە حکومییەکان، شوشتنگا و گەرماو و مەلەوانگەی گشتی، بە بەڕێوەبەرێتیی جەی پی ئۆبڕایەن، لە شەقامی تارا، لە باشووری ڕووباری لیفی لە ناوەڕاستی خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

179 **دەڵێن... ئۆبڕایەن**: جەیمز ستیفنس ڕێکخەری گشتی و یەکەم سەرۆکی ناوەندی فینییەنەکان بوو (بڕوانە ٢: ٨٠ و ٣: ١٩٨). ئەو ئۆبڕایەنەی بلووم ناوی دەهێنێت دەشێت یەکێک بێت لە دوو ئۆبڕایەن کە پەیوەندییان بە ستیفنسەوە هەبووە، بەڵام هیچیان لە هەڵهاتنەکەی ساڵی ١٨٦٥ی ستیفنس لە بەندیخانەی ڕیچمند ڕاستەوخۆ دەستیان نەبوو. یەکەمیان: ویلیەم سمیث ئۆبڕایەن (١٨٠٣-١٨٦٤) بوو (بڕوانە ٦: ٧٩). دووەمیان جەیمز فرانسیس ژاڤیێر ئۆبڕایەن (١٨٢٨-١٩٠٥)ە. هیچ کامێک لەم دوو ئۆبڕایەنە جەی پی ئۆبڕایەنی گەرماوەکانی شەقامی تارا نین. ویلیەم سمیث ئۆبڕایەن ساڵی ١٨٤٣ پەیوەندیی بە لیژنەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکەی دانیەڵ ئۆکانەڵەوە کرد، بەڵام دواتر لێیان جیا بووەوە و ساڵی ١٨٤٧ کۆمەڵەی چالاکتری کۆنفیدراسیۆنی ئایرەکانی دامەزراند. لە

قاتوقڕییەکەی ١٨٤٨دا هەوڵی دا «وڵاتەکە بەرز بکاتەوە» و ئەو و ستیفنس و چەند کەسێکی تر لە کاونتیی تیپێرەری هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی پۆلیس. پەلامارەکە سەرکەوتوو نەبوو؛ ستیفنس کەمێک بریندار بوو، بەوە ڕزگاری بوو کە بە ڕوواڵەت خۆی کرد بە مردوو. ئۆبڕایەن دەستگیر کرا و بە تۆمەتی خیانەتی مەزن تۆمەتبار کرا. سزای کوشتنەکەی بۆ کەم کرایەوە و کرا بە سزای خزمەتکردن، ساڵی ١٨٥٤ ئازاد کرا و ساڵی ١٨٥٦ بە تەواوی لێی خۆش بوون، بەڵام هەرگیز نەچووەوە بە لای کاری وارگێڕییەوە. جەیمز فرانسیس ژاڤێر ئۆبڕایەنیش لە پاریس کۆلێجی پزیشکیی خوێندووە، لە داگیرکارییەکەی ساڵی ١٨٥٦ی ویلیەم ووکەردا لە نیکاراگوا بەشداریی کرد و ساڵی ١٨٥٨ لە نیو ئۆرلیەنس ستیفنسی بینی و پەیوەندیی کرد بە ڕیزەکانی ئەمەریکای کۆمەڵەی فینییەنەکانەوە. لە سوپای یەکێتییەکەی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا نەشتەرکاری یاریدەر بوو. دوای جەنگەکە چووەوە بۆ ئایرلاند و لەوێ بە تۆمەتی دەستتێوەردان لە ڕاپەڕینی بێئەنجامی فینییەنەکاندا لە کاونتیی کۆرک ساڵی ١٨٦٧ دەسگیر کرا. سزای کوشتنەکەی بۆ کەم کرایەوە و دواتر ساڵی ١٨٦٩ ئازاد کرا. ساڵی ١٨٨٥ تا ١٩٠٥ بوو بە ئەندام پەرلەمان و تا جیابوونەوە مەزنەکەی ساڵی ١٨٩١ پاڵپشتیی پارنێڵی دەکرد. وەک سکرتێری گشتیی یەکێتیی ئایرە یەکگرتووەکان بانگەشەی بۆ ئابووری و وارگێڕیی سەربەخۆی ئایرلاند دەکرد. **~گ.س.**

[180] **پەرۆش**: بە ئینگلی *ئینثوزیەست Enthusiast*، ئەم ناوە لە کۆمەڵەیەکی مەسیحیی سەدەی چوارەم لە خۆرهەڵاتی نزیک و هەروەها کۆمەڵەیەکی بچووکی پیوریتانەکانی سەدەی حەڤدەیەم نرابوو کە بانگەشەیان بۆ یوتۆپیایەکی کشتوکاڵیی ئانارشیستی دەکرد. لێرەدا بلووم وشەکە بۆ پەسنکردنی دلوگاس بە کار دەهێنێت، کە سییۆنیستێکی خۆتەرخانکەر و دینپەروەرە و دەیەوێت «ماڵێک بۆ جووەکان لە فەڵەستیندا، کە لە ڕووی وارگێڕی و یاساییەوە ئەرخەیان بێت» دابمەزرێنێت. **~گ.س.**

[181] **شا... خۆیدا بوو**: (بڕوانە ٤: ١٦٩). **~گ.س.**

[182] **کورسیی بەپەندکردن**: ئێستا باوی نەماوە، کورسییەک بوو بۆ سزادانی بازرگانی ساختەچی و سەرپێچیکەری تر بە کار دەهات. قوربانییەکە لە بەردەرگای ماڵی خۆیدا بە کورسییەکەوە دەبەسترایەوە تا خەڵکانی شوێنەکە هووهای لێ بکەن و شتی تێبگرن. **~گ.س.**

[183] **کارامەییەکەی ماتچام**: گۆڤاری *تیتبیتس* لە هەر یەکێک لە ژمارەکانیدا ستوونێکی بڵاو دەکردەوە بە ناونیشانی «ستوونی خەڵاتکراو» لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی بۆی خەڵات کراوە، وەک چۆن لێرەدا باس کراوە. بەڵام وا دیارە ئەم چیرۆکە دیاریکراوە نوکتەیەکی جۆیس خۆیەتی دەربارەی گەنجێتیی خۆی. وا دیارە جۆیس خۆی چیرۆکێکی بۆ *تیتبیتس* و پارەی خەڵاتەکەی نووسیوە کە ئەو ڕستەیەی تێدا بووە کە بلووم دەیخوێنێتەوە: «*زۆر جار ماتچام بیر لەو کارامەییەی دەکاتەوە کە بەوە لە ژنە جادووبازە قاقالێدەرەکەی بردەوە کە ئێستا... قۆڵ لە قۆڵی یەکدا*». **~گ.س.**

[184] **فیلیپ بیوفۆی... لەندەن**: کەسێتییەکی ڕاستینەیە کە ۱۸۹۰کان زۆر جار چیرۆکی (خراپی؟) لە *تیتبیتس*دا بڵاو کردووەتەوە. نوکتەکە لە لایەک لەسەر پایەی وێژەیی بیوفۆیە، لە لایەکی تر لەسەر ناوەکەیەتی کە بە واتای *باوەڕی باش* دێت، لە لایەکی تریش ناونیشانەکەی لەندەنی، کە هی خەڵکانی خانەدانانە. ئەو چیرۆکەی کراوە بە ناوی ئەوەوە بوونی نییە و خەیاڵکردە. **~گ.س.**

فیلیپ بیوفۆی، یان فیلیپ بیوفۆی باری، ناسناوی فیلیپ بێرگسن بووە، کە ئەندامی یانەی یارانی شانۆ بووە لە کلێمنتس ئین لە لەندەن. کوڕی مایکڵ بێرگسن بووە، کە پرۆفیسۆری موزیک بووە، دایکی ناوی کاترین (پێش شوو: *لێڤیسن*) بووە. بیوفۆی ساڵی ۱۸۷۸ لە لەندەن لە دایک بووە و لە قوتابخانەی شاری لەندەن خوێندوویەتی. ساڵی ۱۸۹۱ لە ۹۲ی شەقامی پێرسی لە هامەرسمیث لە لەندەن ژیاوە، وەک «خێرانووس» کاری کردووە. لە نێوان ساڵانی ۱۸۹۷ تا ۱۹۰٤دا چەند چیرۆکێکی قەڵبی لە ژێر ناوی فیلیپ، یان پی بیوفۆی-دا بۆ گۆڤاری حەفتانەی تیتبیتس-ی بەریتانی نووسیوە. تیتبیتس زۆر بە فراوانی بڵاو دەکرایەوە؛ هەندێک چیرۆکی «خولیای مرۆڤ»ی تێدا بوو کە زۆربەیان دەستکاریکراو و داڕێژراوەی چیرۆکی تر بوون. ئەو چیرۆکەی لە *ئولیس*دا دراوەتە پاڵ فیلیپ بیوفۆی وا دیارە خەیاڵکرد بێت. بیوفۆی ڕۆمانیشی نووسیوە. لە ۱۹ی کانوونی دووەمی ۱۹٤۷ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڵدەرس گرین لە باکووری لەندەن سووتێنراوە. میوانخانەی هیثفیلد لە شەقامی گیلفۆرد لە لەندەن دوایین ناونیشانی بووە. **~ڤ.ئ.**

[185] **سێ و نیو... پنس**: لە چاپی پێشوودا لێرەدا هەڵەم کردبوو، لەم پێداچوونەوەیەدا بە ژمێرکارییەکەدا چوومەوە؛ پارەکە بەم شێوەیە دراوە: نووسەر سێ ستوون و نیوی نووسیوە، بۆ هەر ستوونێک گینییەکی وەرگرتووە؛ وەک لە ڕاڤەی کویددا (بڕوانە ۱: ۲۷) ئاماژەی پێ درا، هەر گینییەک یەک پاوەن و یەک شڵنگە، هەر پاوەنێکیش ۲۰ شڵنگە، کەواتە هەر

گینییەک ٢١ شڵنگە؛ ئاوهاش ٢١ شڵنگ جاران سێ ستوون و نیو دەکاتە ٧٣.٥ (حەفتا و سێ شڵنگ و نیو). کە دابەشی دەکەیت بەسەر پاوەن و پنسدا، ٦٠ شڵنگ دەکاتە سێ پاوەن، سێزدە شڵنگ و نیو دەمێنێتەوە، نیو شڵنگەکە دەکاتە ٦ پنس، چونکە شڵنگێک ١٢ پنسە، ئاوها ژمێرکارییەکەی بلووم ڕاست دەردەچێت کە کۆی پارەکە دەکاتە سێ پاوەن و سێزدە شڵنگ و شەش پنس. **~ن.م.**

[186] **هەر بە ئارامی... نەما**: لە چاپەکانی پێشوودا ئەم دوو ڕستەیەم بە خاڵێک جیا کردبووەوە، بەڵام لە دەقە ماکەکەدا خاڵیان لە نێواندا نییە. تەنانەت چاپە شیکارییەکەی گابڵەریش هیچ سنوورێک لە نێوان دوو ڕستەکەدا پیشان نادات. بەڵام من پێم وایە هەڵەیە و دەبوو خاڵی لە نێواندا بووایە، چونکە نیوەی یەکەم گێڕەرەوە پێمان دەڵێت و نیوەی دووەم شەپۆلی هۆشی بلوومە، جۆیسیش هەمیشە شەپۆلی هۆشی بە خاڵ سنووردار کردووە. واتە ئەم بەشە هی گێڕەرەوەیە: «هەر بە ئارامی دەیخوێندەوە» و ئەم بەشەش شەپۆلی هۆشی بلوومە: «ئەو تۆزە قەبزییەی دوێنێ هەمبوو تەواو نەما». هەرچۆنێک بێت، وەک دەقە ماکەکەم لێ کردەوە، ئەگەرچی بە هەڵەی دەزانم. **~ن.م.**

[187] **ئەرژەنگی پیرۆز**: بە ئینگلی *cascara sagrada*، هەروەها *کاسکارا*شی پێ دەڵێن، بەڵام ئەو ناوەیان خوازراوە و لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە وەرمگرتووە؛ بە پێی فەرهەنگی ناوبراو: «دەرمانێکی ڕەوانییە لە وشکە توێکڵی جۆرە درەختێکی دارگۆیژ دروست دەکرێت» ئەو جۆرە درەختەی کە بەڕێزیان ناوەکەیان نەدۆزیوەتەوە: درەختی ئەرژەنگە. **ئەرژەنگ**: دارێکە وەک داری ئەرخەوان. **~ن.م.**

**کاسکارا ساگرادا** ئیسپانییە و بە واتای *توێکڵی پیرۆز* دێت، وەک ڕیکلامی بۆ دەکرا، دەرمانێکی ڕەوانی بوو لە توێکڵی درەختی شەقال دروست دەکرا. **~گ.س.**

**شەقال** بە ئینگلی *buckthorn* دەوەنێکی دڕکاوییە، گوڵی بچووک دەگرێت، بەرەکەی لە کۆندا بۆ ڕەوانی بە کار هاتووە. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[188] **حەزی... پێکەوەیی نییە**: مەبەست لە *ئەو* مۆڵییە، ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا بێ بکەرەکە هاتووە، واتە نازانین مەبەست لە کامیانە، مۆڵی حەزی لێ نییە یان بلووم؟ بۆیە دەشێت ئەم وەرگێڕانەش ڕاست بێت: «حەزم لەوە نییە هەردووکمان پێکەوە خۆمان بگۆڕین». بەڵام بەوەی کە میستەر بلووم حەزی لە نیگاکردن لە ژنان هەیە و لە ئەڵقەکانی

تری ڕۆمانەکەدا زیاتر ئەم جۆرە ڕەفتارانەی لێ دەبینین، لەوانەیە مۆڵی بێت کە حەزی لە خۆگۆڕین نەبێت پێکەوە. **~ن.م.**

[189] **ڕۆبێرتس**: نەزانراوە. **~گ.س.**

وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە دەڵێن کە لەوانەیە ئەم پیاوە *جۆرج ڕۆبێرتس* بێت، بەڕێوەبەری بازرگانیی دەزگای بڵاوکردنەوەی ماونسل و هاوبەشەکانی بووە لە دەبلن، ئەم پیاوە پەڕتووکی *دەبلنییەکانی* جۆیسی بڵاو نەکردووەتەوە، بە بیانووی ئەوەی هەندێک بێڕێزیی تێدایە بەرانبەر ئێدواردی حەوتەمی پاشای بەریتانیا.

**دەبلنییەکان**: *بە ئینگلی Dubliners*، پەڕتووکێکە لە نووسینی جەیمز جۆیس، ساڵی ١٩١٤ پێش *ئولیس* بڵاو کراوەتەوە، لە پانزە چیرۆک پێک هاتووە، چیرۆکەکان لە کورتەوە تیایاندایە تا درێژ. شوێنی ڕووداوەکانی هەموو چیرۆکەکانی *دەبلنییەکان* هەر وەک *ئولیس* شاری دەبلنە، هەندێک کەسێتیش هەن لە هەردوو بەرهەمەکەدا دووبارە دەبنەوە، بۆ نموونە مەکۆی، مارتن کەنینگهەم، لێنێهەن.

کاک سامان زڵێخایی تەواوی ئەم پەڕتووکەی بە ناونیشانی *دابلینییەکان* (٢٠٢٤) بۆ کوردی وەرگێڕاوە و دەزگای جەمال عیرفان چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. بڕیارە کارەکەی کاک سامان بە وردی بخوێنمەوە، لەگەڵ خۆیشیدا یەکترمان دی و ڕێک کەوتین لەسەر ئەوەی ئەوەندەی دەکرێت ناوی شوێن و کەسێتییە هاوبەشەکانی نێوان *ئولیس* و *دەبلنییەکان* ڕێک بخەین. بۆ نموونە من دەنووسم «دەبلنییەکان» و کاک سامان دەنووسێت «دابلینییەکان» و دەبێت لەسەر ئەمانە ڕێک بکەوین، لەسەر ناوی هەندێک لە چیرۆکەکانیش کۆک نین، ناونیشانی هەر پازدە چیرۆکەکە دادەنێم، ئەگەر لەگەڵ ئەوەی کاک ساماندا ڕای جیام هەبوو لە کەوانەیەکدا ئەوەی ئەویش دادەنێمەوە، بەڵام ئەگەر کەوانە نەبوو واتە هەردووکمان هاوڕاین: خوشکەکان؛ چاوپێکەوتنێک؛ بازاڕە عەرەبییەکە (عەرەبی)؛ ئێڤەلین (ئێڤێلین)؛ پاش کێبەرکێیەکە؛ دوو جوامێر؛ کرێخانەکە (پانسیۆن)؛ هەورێکی بچووک؛ هاوتاکان؛ قوڕ؛ ڕووداوێکی دڵتەزێن؛ ڕۆژی لاولاو لە ژووری کۆبوونەوەکە (ڕۆژی گوڵی لاولاو لە ژووری لیژنە)؛ دایکێک؛ بەخشین (لوتف)؛ مردووەکە (مردووەکان).

هێشتا فریا نەکەوتووم (شوباتی ٢٠٢٥) لە کارەکەی کاک سامان بکۆڵمەوە، بەڵام بێگومان وا دەکەم و لە دەرکردەکانی تری *ئولیس و ڕاڤەکانی* و (بە هیوام) چاپی داهاتووی

پەڕتووکەکەی کاک سامانیشدا ڕێککەوتنەکانی نێوان من و کاک سامان ڕەنگ دەدەنەوە. **~ن.م.**

جۆرج ڕۆبێرتس کوڕی ئۆلیڤەر ڕۆبێرتس و مارگەرێت (پێش شوو: *گرەی*) بووە، لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٨٧٢ لە کاسڵۆیڵەن لە کاونتیی داون لە دایک بووە. هۆنەرێکی ئاسایی بووە، لە شانۆگای ئابەییش ئەکتەر بووە. لەگەڵ ستیفن گوین و جۆزێف ماونسل هەون-دا یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ماونسل و هاوبەشەکانی (١٩٠٥-١٩٢٣)، ڕۆبێرتس دواتر بوو بە بەڕێوەبەری ئیدیتی دەزگاکە. ڕۆبێرتس بەوە بەناوبانگە کە چیرۆکی *دەبلنییەکان*ی بۆ جۆیس بڵاو نەکردووەتەوە و ماوەیەکی درێژیش لەگەڵیدا لە شەڕەقسەدا بووە. ماونسل زیاتر لە ٥٠٠ پەڕتووکی بڵاو کردووەتەوە، لەوانە کاری یەیتس و هاید و ڕەسڵ و لەیدی گرێگری و ستیفنس و کۆلوم و شۆ و سینگ. لە لەندەنیش لقێکی کردەوە، بەڵام تووشی قەیرانی دارایی هات و داخرا، ڕۆبێرتس دوای داخرانی کاری بۆ چاپخانەی تۆڵبت دەکرد، دواتریش ساڵی ١٩٢٦ بە یەکجاری چوو بۆ ئینگلتەرا، لەوێش کاری بۆ بڵاوگەی ڤیکتۆر گۆلانچ دەکرد. دوایین کاریشی لە چاپخانەیەکدا بووە بە ناوی وێستێرن تایپسێتینگ و دواتر خانەنشین بووە. لە تەمووز و ئابی ١٩٥٥دا چەند بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لە *ئایرش تایمز*دا بڵاو کردووەتەوە. لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٥٣ لە ٤٤ی شەقامی دێنینگ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد و لاشەکەی سووتێنراوە. **~ڤ.ئ.**

[190] **گرێتا کۆنرۆی**: کەسێتییەکی سەرەکیی چیرۆکی *مردووەکەی دەبلنییەکان*ە. **~گ.س.**

[191] **باندەکەی مەی**: مەی و هاوبەشەکانی پاڵپشتییان دەکردن و ئامێریان پێیان دەدا، مەی و هاوبەشەکانی فرۆشیار و مامۆستای موزیک و پیانۆ بوون، بە ناونیشانی ١٣٠ی شەقامی سانت ستیفنس گرین وێست لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

[192] **سەمای کاژێرەکانی پۆنکیێللی**: موزیکێکی ناو ئۆپێرای *لا جۆکۆندا*یە لە دانانی ئەمیلکارێ پۆنکیێللی (١٨٣٤-١٨٨٦). چیرۆکی ئۆپێراکە باس لە دوو دوژمن دەکات لەگەڵ دوو پاڵەوانی مێ کە ئەویندارى یەک پاڵەوانن. لە پەردەی سێیەمدا، کە پەردەکە ناوی *زێڕخانە*یە، یەکێک لە دوژمنەکان پێداگرە لەسەر ئەوەی تۆڵەی ئابرووی خۆی بەوە بکاتەوە کە ژنە پاڵەوانەکەی ژەهرخوارد بکات، کە ژووانێکی لەگەڵ پیاوە پاڵەوانەکەدا هەبووە. ژنە پاڵەوانەکەی تر دەرمانەکە دەگۆڕێت. هاوکات فیستیڤاڵ و بالێیەکی هونەری هەیە بە ناونیشانی *سەمای کاژێرەکان* کە نمایشی تێپەڕینی کاژێرەکان دەکات لە

خۆرهەڵهاتنەوە تا شەو. زنجیرەیەک جلگۆڕین ئاماژە بە تێپەڕبوونی کاژێرەکان دەدەن، وەک چۆن بلووم بیری دێتەوە. لە ترۆپکی ترسناکی بالێکەدا دوژمنەکە «لاشە»ی ژنە ژەهرخواردکراوەکەی ئاشکرا دەکات، سەرلێشێوان دێتە ڕێی دوو خۆشەویستە دڵخۆشەکە و لە کۆتایی پەردەی چوارەمدا بە کۆتاییەکی تراژیدی تەواو دەبێت. **~گ.س.**

[193] **برنجۆک**: بە ئینگلی *gauze*، جۆرە تەنراوێکی تەنکە، لە لۆکە دروست دەکرێت، کونی بچووک بچووکی تێدایە. **~ن.م.**

[194] **کڵێسای جۆرج**: (بڕوانە ٤: ٢٩). **~گ.س.**

[195] **هەیهوو! هەیهوو!**: زەنگەکان بە شێوازی وێستمینیستەر کاتەکە دەزرنگێننەوە: هەر دەستەواژەیەکی چوار-ترپەیی نیشانەی چارەکە کاژێرێکە، لە دوای ئەم زەنگەشەوە زەنگێکی دەنگگڕ کاژێرەکە دەستنیشان دەکات. **~گ.س.**

پێش ئەوەی کاتژمێر وەک ئێستا بەربڵاو بێت و جیهان هەموویان لەسەر یەک کاتژمێر بڕۆن، هەندێک کڵێسا بە زەنگ لە کاتیان دەردەبڕی. بۆ نموونە لە بری کاتژمێر ١ یەک جار زەنگێکی دەنگگڕ لێی دەدا، لە بری کاتژمێر ٢ دوو جار زەنگەکە لێی دەدا. بەڵام زەنگەکە چارەک و نیو کاژێر و سێ چارەک و کاژێری تەواویشی دیاری دەکرد: لە بری چارەکێک ئاوازێکی بە درێژیی چوار ترپە لێدەدا، لە بری نیو کاژێر ئاوازێکی بە درێژیی هەشت ترپە لێدەدا، لە بری سێ چارەک ئاوازێکی بە درێژیی دوازدە ترپە لێدەدا، بۆ دیاریکردنی کاژێری تەواویش، ئاوازێکی بە درێژیی شازدە ترپە لێدەدا. یەکەم جار چارەکەکانی دیاری دەکرد، پاشان ژمارەی کاژێرەکە. تا ئێستاش کاتژمێری بیگ-بێن لەسەر باڵەخانەی وێستمینیستەر، کە پەرلەمانی شانشینی یەکگرتووە، بەم شێوەیە زەنگەکە لێدەدات، زەنگی ئەو کڵێسایەی لای ماڵی بلوومەوە، کە کڵێسای سانت جۆرجە، لەسەر شێوازی بیگ-بێن لێدەدات، لێرەدا زەنگی سێ چارەک لێدەدات، بۆیە بلووم دەڵێت: «چارەکی دەوێت بۆ...».

هەروەها لەسەر پێشنیاری دکتۆر هەنت، بڕوانە لێکچوونی نێوان کۆتایی ئەڵقەی یەکەم و ئێرە کە وا دیارە لە ئەڵقەی یەکەمیشدا لای ستیفن زەنگی کڵێسا بیستراوە، بۆیە کاردانەوەی ئەو بۆ زەنگەکە بە شێوەیەکی ترە. **~ن.م.**

[196] **سەرتۆن**: بە ئینگلی *overtone*، ئەو تۆنە لاوەکییانەن کە لە ئەنجامی لەرینەوەی تۆنێکی بنچینەیی دەخرۆشێن. لە ڕووی فیزیاییەوە، هیچ تۆنێکی موزیک تۆنی ڕووت نییە، واتە لە ئەنجامی لەرەلەری تۆنێکدا هەندێک وردەتۆنی تریش دەخرۆشێن و دەلەرنەوە، چونکە دەنگ دەنگی تر دەخرۆشێنێت و دەیانهێنێتە لەرەلەر. بۆ نموونە ئەگەر لەسەر

ئامێرێکی پیانۆ تۆنی دۆیەک لە تۆنە گڕەکانەوە بژەنرێت، ئەوا ئەو دۆیە دۆی ئۆکتاڤی دوای خۆی و سۆڵی دواتر و دۆی دواتر و میی دواتر و... تا دوایی دەخرۆشێنێت. واتە ئەو تۆنە گڕەی دۆ کە دەیبیستیت، لە ناویدا هەموو ئەو تۆنانەی تریش هەن و لە هەوادا دەخرۆشێن و بە ڕێژە و فشارێکی کەمتر لە لەرەلەری تۆنە سەرەکییەکە دەلەرێنەوە و دەیانبیستین، بەڵام هەستیان پێ ناکەین. بەڵام کاتێک ئەم تۆنە لە ئامێرێکی زەبەلاحی وەکو زەنگی کڵێساوە دەردەچێت، ئەوا بەو ناوچەیەدا هەموو سەرتۆنەکان دەلەرنەوە و گوێیەکی لێکۆڵەریش دەتوانێت بیبیستێت. مەبەستی جۆیسیش لێرەدا هەمان شتە. بە تۆنە خرۆشێنەرەکە دەوترێت: *لەرەلەری بنچینە*، یان *تۆنی بنچینە* – ***Fundamental frequency***، کە هەمیشە تۆنێکی گڕە، بە تۆنە خرۆشاوەکانیش دەوترێت *سەرتۆن* – ***Overtone*** کە هەمیشە لە سەروو تۆنە خرۆشێنەرەکەوەن. وەک لە دەقەکەدا دیارە، سەرتۆنەکان بە دوای تۆنە سەرەکییەکەدا دەڕۆن و دەبیسترێن کە لەگەڵ تۆنە بنچینەکەییەکاندا پێکەوە نین. **~ن.م.**

## ئەڵقەی پێنجەم: لۆتۆسخۆران[1]

میستەر بلووم بە لای لۆرییەکانی[2] لەنگەرگای سێر جۆن ڕۆجەرسندا[3] بە وریاییەوە ڕۆیشت، کۆڵانی ویندمیڵ[4] و لیسکی گوشەری تۆوکەتان[5] و نووسینگەی پۆستەی تەلەگرافیی[6] تێپەڕاند. دەمتوانی ئەو ناونیشانەش بە کار بهێنم[7]. ئینجا ماڵی مەلەوانەکانی[8] تێپەڕاند. لە هۆسەی بەیانیانی بەری لەنگەرگاکەوە بایدایەوە و بە شەقامی لایمدا[9] ڕۆیشت. کوڕێک لای کۆختەکانی برادییەوە[10] خۆی بۆ پێستەکان شۆڕ کردەوە[11]، سەتڵی پزۆرەکەی بە خۆیەوە بەستبوو[12]، قنەجگەرەیەکی گازلێگیراوی دەکێشا. کچێکی بچووکتر کە پەڵەی بیرۆ بە نێوچاوانیەوە بوو تەماشای کرد، بە داهێزراوی ئەڵقەبەرمیلە شکاوەکەی[13] بە دەستەوە گرتبوو. پێی بڵێ ئەگەر جگەرە بکێشێت نەشونما ناکات. کوڕە دە لێی بگەڕێ! خۆی ژیانی ئەوەندە بە گوڵ نەڕازاوەتەوە. لە دەرەوەی مەیخانەکان چاوەڕێ دەکات بابەی بباتەوە بۆ ماڵەوە. بابە، وەرەوە بۆ لای دایە. کاژێری بێبازاڕی: خەڵکی زۆری لێ نابێت. شەقامی تاونسێندی[14] تێپەڕاند، ڕوخساری مۆنی بێتئێلی[15] تێپەڕاند. ئێل، بەڵێ: خانووی: ئەلیف، بێت. نیکۆڵسی گۆڕهەڵکەنەکانیشی[16] تێپەڕاند. کاتژمێر یازدەیە. کات زۆرە. دەتوانم بڵێم کۆڕنی کێلێهێر[17] کارەکەی ئۆنیلسی ماشیوەتەوە. بە چاونووقاوی گۆرانی دەبێژێت[18]. کۆڕنی. جارێک لە باخ کچەی دیبوو. کە تاریک بوو. وەی کە خۆش بوو. سیخوڕی پۆلیس. جا کچەکە ناو و نیشانی خۆی پێی وت لەگەڵ تورەلووم تورەلووم تەییەکەم[19]. کوڕە بێگومان ماشیویەتیەوە. بە هەرزان لە هەر شوێنێک خۆت بڵێیت بینێژە. لەگەڵ تورەلووم، تورەلووم، تورەلووم، تورەلووم.

لە وێستلاند ڕۆو[20] لە بەردەم پەنجەرەی بەشگەی چای خۆرهەڵاتیی بێلفاستدا[21] ڕاوەستا و دروشمی سەر پاکەتە بەپەڕەپێچراوەکانی خوێندەوە: تێکەڵەی هەڵبژاردە، باشترین جۆرێتی، چای خێزان. تۆزێک گەرمە. چا. دەبێت لای تۆم کێرنەن[22] کەمێک بکڕم. بەڵام ناتوانم لە پرسەدا داوای لێ بکەم. کاتێک هێشتا چاوەکانی بە هێمنی دەیانخوێندەوە، شەبقەکەی بە بێدەنگی داکەند و ڕۆنی قژی هەڵمژی و بە شکۆیەکی خاوەوە دەستی ڕاستی بەسەر برۆ و قژیدا هێنا. بەیانییەکی زۆر گەرمە. چاوەکانی لە ژێر پێڵووە داکەوتووەکانیاندا ئەڵقە بچکۆلەکەی سەروپێچە چەرمەکەیان لە ناو شەب هەرە باشەکەیدا[23] دۆزییەوە. لە جێی خۆیەتی. دەستی ڕاستی بۆ ناو تاسی شەبقەکەی هاتە خوارەوە. پەنجەکانی خێرا کارتێکیان لە پشت سەروپێچەکەدا دۆزییەوە و گواستیانەوە بۆ گیرفانی یەلەگەکەی.

زۆر گەرمە. جارێکی تر دەستی ڕاستی، ئەم جارە خاوتر، بەسەر برۆ و قژیدا ڕۆیشت. ئینجا شەبقەکەی خستەوە سەری، حەسایەوە: دیسان کەوتەوە خوێندنەوە:

تێکەڵەی هەڵبژاردە، لە باشترین مارکەکانی سیلان دروست کراوە. خۆرهەڵاتی دوور. دەبێت جێیەکی دڵگیر بێت: بێستانەکەی جیهان، بۆ ئەوەی گەڵای گەورە و تەمبەڵ بە هەموو لایەکدا لێی سوارڤا[24] بن، کاکتۆس، مێرگی گوڵزار، پێیان دەڵێن لیانای ماری[25]. داخۆ وا بێت؟ ئەو سەنهالییانە[26] *دۆلچێ فار نییەنتێ*[27] لێرە و لەوێ لە بەر خۆردا لێی پان دەبنەوە، بە درێژایی هەموو ڕۆژەکە دەستێک ناکەن بە ئاودا. لە دوازدە مانگدا شەشیان دەنوون[28]. زۆر گەرمە بۆ دەمەقاڵێ. کاریگەریی کەشوهەوایە. لەشداهێزران. گوڵانی بێکاری[29]. هەوا خۆراک بە زۆربەیان دەدات. ئازۆت[30]. ماڵی شووشەیی ناو باخچە ڕوەکییەکان[31]. گوڵە شەرمنەکان[32]. شلێری ئاوی. پەڕەکان زۆر ماندوون بۆ. نەخۆشیی نووستن لە هەوادا. ڕۆیشتن بەسەر گەڵای گوڵەباخدا. وێنا بکە هەوڵ بدەیت ناوسک و پێچکەی مانگا بخۆیت. ئەو کابرایە لە کوێ بوو کە وێنەکەیم لە شوێنێک دی؟ ئەها بەڵێ، لە دەریای مردوودا[33] لەسەر پشت سواراو ببوو، لە ژێر سەیوانێکی کراوەدا پەڕتووکێکی دەخوێندەوە. هەوڵیش بدەیت نوقم نابیت: بە خوێ زۆر چڕە. چونکە کێشی ئاوەکە، نا، کێشی لەشەکە لە ئاوەکەدا یەکسانە بە کێشی چی؟ یان قەبارەکەی یەکسانە بە کێشەکە؟ ئەوە یاسایەکە[34] یان شتێکی وەهایە. ڤانس[35] لە قوتابخانەی ئامادەییدا جومگەی پەنجەکانی دەتەقاند و فێری دەکردین. بەرنامەی خوێندنی کۆلێج. بەرنامەی خوێندنی تەقێنراو. بە ڕاست، کاتێک دەڵێین کێش، کێش چییە؟ سی و دوو پێ لە چرکەیەکدا لە چرکەیەکدا[36]. یاسای کەوتنی تەنەکان: لە چرکەیەکدا لە چرکەیەکدا. هەموویان دەکەونە سەر زەوی. زەوی. ئەوە هێزی کێشکردنی زەوییە کە کێشە[37].

دوور کەوتەوە و بە لۆژەلۆژ لە شەقامەکە پەڕییەوە. ئەو کچە چۆن بە سۆسجەکانیەوە ڕۆیشت؟ شتێکی ئاوها. بە دەم ڕۆیشتنەکەیەوە *فریمانە*[38] نوشتاوەکەی لە لاگیرفانیدا دەرهێنا، کردیەوە، بە باری درێژیدا وەک گورزێک لوولی کرد و لەگەڵ هەر هەنگاوێکی لۆژانەکەیدا بە قاچی پانتۆڵەکەیدا دەیپیتکاند. بێباکانە[39]: سەرێک بدە بزانە. لە چرکەیەکدا لە چرکەیەکدا. لە چرکەیەکدا واتە بۆ هەر چرکەیەک. لەسەر شۆستەکەوە سەرنجێکی تیژی بە ناو دەرگای پۆستەخانەکەدا[40] هاویشت. سندوقی دواکەوتووان. لێرە پۆست بکە. کەس. لە ژوورەوە.

کارتەکەی لە شیشە مسەکانەوە ڕادەست کرد. پرسیی:

- هیچ نامەیەکم بۆ هاتووە؟

کاتێک خانمی پۆستەچی سندوقی پۆستێک دەگەڕا، ئەم تەماشای پۆستەری سەربازگرتنەکەی کرد کە سەربازانی هەموو قۆڵێک لە نوانڕۆدا[41] بوون: نووکی گورزەکەشی

به کونەلووتەکانیەوە ڕاگرت، بۆنی پەڕەی ڕۆژنامەی تازەچاپکراوی دەکرد. لەوانەیە وەڵامی نەدابێتەوە. جاری ڕابردوو زۆر زیا ڕۆیشتم.

خانمی پۆستەچی لە شیشەکانەوە کارتەکەی لەگەڵ نامەیەکدا ڕادەستی کردەوە. بلووم سوپاسی کرد و بە خێرایی تەماشای زەرفی نامەکەی کرد کە وشەکان لەسەری چاپ کرابوون.

کاک هێنری فلاوەر[42]

ژ.س. وێستلاند ڕۆو

ناوشار.

هەی لەوە، خۆ وەڵامی داوەتەوە. کارت و نامەی خزاندە لاگیرفانیەوە، دیسان چاوی بە سەربازەکانی نوانڕۆکەدا خشاندەوە. کوا لەشکرەکەی تویدیی پیر[43]؟ سەربازی وازلێهێنراو. ئەوەتا: کڵاوی کەوڵەورچ و پەڕی ملی باڵندە. نا، ئەو نارنجۆکهاوێژە. سەردەستی قووچ. ئەوەتا ئەوە خۆیەتی: قرمەوانە پاشاییەکانی دەبلن. چاکەتسوورەکان[44]. زۆر خۆدەرخەرانەیە. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێت کە ژنان دوایان دەکەون. یەکپۆش. بۆ وەرگرتن و مەشق ئاسانترە. نامەکەی مۆد گۆن کە داوای کردبوو بە شەو لەسەر شەقامی ئۆکانەڵ[45] دەربکرێن: شەرمەزارییە بۆ پایتەختە ئایرییەکەمان. ڕۆژنامەکەی گریفیث[46] ئێستانان لەسەر هەمان ڕێچکەیە: سوپایەک لە نەخۆشیی فەرەنگیدا گەنیوە[47]: ئیمپراتۆرێتیی ئەوبەر دەریاکان یان سەرخۆشان[48]. شڕ و شێواو دیارن: وەک بڵێیت بە خەوی موگناتیسی خەوێنراون. چاویان بەرەو پێش. قاچێکیان هەڵبڕراوە. مێز: ێز. شوێن: وێن[49]. هی خودی پاشا[50]. هەرگیز نایبینیت وەک ئاگرکوژێنەرەوە یان پۆلیس خۆی گۆڕیبێت. ماسۆنییە، بەڵێ[51].

لە پۆستەخانەکەوە بە شێنەیی هاتە دەرەوە و بەرەو ڕاست لایدا. قسە بکە: یەکێک نەزانێت کێشەکان چارە دەکات. دەستی چووە ناو گیرفانی و دۆشاومژەیەک لە ژێر زمانەی زەرفی نامەکەدا هەستی بە ڕێی خۆی کرد، تەکانتەکان یەکاڵای دەکردەوە. ژنان زۆر گوێ دەدەنێ، پێم وا نییە. پەنجەکانی نامەکەیان ڕاکێشایە دەرەوە و زەرفی نامەکەیان[52] لە گیرفانیدا چرچولۆچ کرد. بە دەرزی شتێکی پێوە نراوە: لەوانەیە فۆتۆ بێت. قژ؟ نا.

مەکۆی. خێرا لە کۆڵ خۆتی بکەوە. لە ڕێی خۆم لامدەدات. ڕقم لە هاودەمییە کاتێک.

- سڵاو بلووم، بۆ کوێ؟

- سڵاو مەکۆی. بۆ هیچ شوێنێکی دیاریکراو ناچم.

- تەندروستیت چۆنە؟
- باشە. تۆ چۆنیت؟

مەکۆی وتی:

- دەژین.

چاوەکانی لەسەر بۆینباخە ڕەشەکە و جلەکانی و بە ڕێزێکی ماتەوە پرسیی:

- خۆ هیچ نەبووە... هیوادارم هیچ کێشەیەک؟ دەبینم کە تۆ...

میستەر بلووم وتی:

- ئەهـ، نا. دیگنەمی داماوە، خۆت دەزانیت. ئەمڕۆ پرسەکەیەتی.
- ئەها، هەر ویستم دڵنیا ببمەوە، ئەو داماوە. کەواتە ئەوەیە. کاتژمێر چەندە؟

فۆتۆ نییە. لەوانەیە باج[53] بێت.

میستەر بلووم وەڵامی دایەوە:

- یی...یازدە.

مەکۆی وتی:

- دەبێت هەوڵ بدەم لەوێ بم. یازدەیە، وانا؟ دوێشەو بیستم. کێ بوو پێی وتم؟ هۆلۆهان[54]. هۆپی دەناسیت؟
- دەیناسم.

میستەر بلووم نیگای لەو عەرەبانەی تریشقەیەی[55] ئەوبەر ڕێگاکە گیر کرد کە لە بەردەمی دەرگای گرۆڤنەردا[56] ڕادەگیرا. دەرگاوانەکە باوڵەکەی بۆ سەر دێراوەکە[57] هەڵبڕی. خانمەکە بێ جووڵە ڕاوەستا، چاوەڕێی دەکرد، کاتێک پیاوەکە، مێردەکە، براکە، وەک ئەوە، بۆ وردەیەک بە گیرفانیدا گەڕا. چاکەتێکی تازەبابەتە کە ئەو ملیوانە هەڵگەڕاوەیەی هەیە، بۆ ڕۆژێکی وەها گەرمە، لە پۆشاکی بەتانی دەچێت. ڕاوەستانی بێباکانەی ژنەکە و دەستەکانی لە ناو ئەو گیرفانە بە دەرەوە دورراوانەیدا. وەک ئەو ئافەریدە ترزلەی یاریی پۆڵۆکە. ژنان هەموویان خۆیان بە چینی باڵا دەزانن تا دەست دەخەیتە سەر جێی مەبەست. جوان ئەوەیە کاری جوان بکات[58]. خۆڕاگرە و خەریکە خۆی بە دەستەوە دەدات. خانمە ئابروومەندەکە و بروتوس چونکە پیاوێکی ئابروومەندە[59]. جارێک بیگێ و پۆز و جیق و فیقی دەربهێنە.

- لەگەڵ بۆب دۆراندا[60] بووم، ئەو ئێستا لە کاتی بادانەوە کاتییەکانیدایە، کێیشی پێ دەڵێن بانتەم لایەنس[61]. هەر لەوێ لە کانوەی[62] بووین.

دۆران لایەنس لە کانوەی. خانمەکە دەستێکی دەستکێشپۆشی بۆ قژی هەڵبڕی. هۆپی هاتە ژوورەوە. لیۆیکی تەڕ کرد. بلووم سەری ڕاکێشایە دواوە و لە ژێر پێڵووە دانەویوەکانیەوە دوور دەیڕوانی و پێستی ورشەداری سپیکەلانەی بینی کە لە تیشکەکەدا گەشایەوە، هەروەها کڵافەی سەردەستی دەستکێشەکەش. ئەمڕۆ دەتوانم بە ڕوونی ببینم. لەوانەیە شێی چواردەور بینایی دوورخایەنتر بکات. باسی ئەم شت و ئەو شت کرا[63]. دەستی خانم. لە کام لایەوە سەردەکەوێت؟

- ئینجا وتی: *بە داخەوە بۆ پادیی هاوڕێمان، داماوە!* وتم: *کام پادی؟* وتی: *پادی دیگنەمی داماوی بەستەزمان.*

دەچنە دەرەوەی شار: لەوانەیە بۆ برۆدستۆن[64]. پووتی درێژی قاوەیی و قەیتانی شۆڕ. قاچی دڵڕفێن. ئەو بێنەوبردەیە چییە ئەو پیاوە بۆ ئەو وردەیە دەیکات؟ دەمبینێت کە دەیبینم. هەمیشە چاو بۆ پیاوانی تر دەگێڕێت. جێگرەوەیەکی باش. یەکێک بە دەستیەوە و یەکێکیش لە گیرفانیدا هەڵدەگرێت[65].

- وتم: *بۆچی؟* چیی *بەسەرهاتووە؟* وام وت.

شاناز: دەوڵەمەند: گۆرەویی ئاوریشم.

میستەر بلووم وتی:

- بەڵێ.

کەمێک بەرەو لای سەری قسەکەری مەکۆی جووڵا. ئێستا سەردەکەوێت.

- ئەویش وتی: چیی *بەسەرهاتووە؟* مردووە. جا بڕوا بکە، پێکی پڕ کرد. من وتم: *پادی دیگنەمە؟* بڕوام نەکرد کە بیستم. وا بزانم ئەوپەڕی هەینی بوو یان پێنجشەممەی ڕابردوو بوو لە ئارچ[66] لەگەڵیدا بووم. ئەویش وتی: *بەڵێ. ڕۆیشت. دووشەممە مرد. پیاوێکی داماو.*

تەماشا! تەماشا! تیشکی گۆرەویی ئاوریشمی سپیی دەوڵەمەند. تەماشا!

ترامێکی زل بە گۆنگەکانی زەنگی لێدا[67] لێدا و لە نێوانیاندا دێوری کردەوە.

لە بەرچاوم ون بوو. لە لووتە قوتەکەت بەم. هەست دەکەم لێی بێبەری کرام. بەهەشت و پەری[68]. هەمیشە هەر وا ڕوو دەدەن. هەر ئەو چرکەیەی. وا بزانم دووشەممە بوو کچەکەی دالانی شەقامی یوستس[69] ئاسقیی گۆرەوییەکەی چاک دەکرد. کەچی هاوڕێکەی بەری دیمەنەکەی لێم گرت. *ئێسپغی دو کۆغ*[70]. چییە، تەماشای چی دەکەیت وا چاوت زەق کردووەتەوە؟

میستەر بلووم دوای ئاهێکی کز وتی:

- بەڵێ، بەڵێ. یەکێکی تر ڕۆیشت.

مەکۆی وتی:

- یەکێک لە باشترینەکان.

ترامەکە تێپەڕی. ئەوان بەرەو پردی لووپ لاین[71] لێیان خوڕی، دەستە دەوڵەمەندە دەستکێشپۆشەکەی لەسەر مشتووە ستیلەکە بوو. فرتفرت، فرتفرت: بڵێسەی بەنی شەبقەکەی لەبەر خۆرەکەدا: فرتفرت، فرت.

دەنگە گۆڕاوەکەی مەکۆی وتی:

- خۆ ژنەکەت باشە؟

میستەر بلووم وتی:

- ئای، بەڵێ. زۆر باشە، سوپاس.

گورزی ڕۆژنامەکەی سەرپێییانە کردەوە و سەرپێییانە خوێندیەوە:

*چییە ئەو ماڵە*

*کە تیایدا نەبێ گۆشتی لەقتوونراوی پلەمتری؟*

*کاسەی بەتاڵە.*

*چونکە ئەو گۆشتە کاسە پڕ دەکا و*

*هۆی ئاشتیی ماڵە*[72].

- ماڵەوەم[73] لەم ڕۆژانەدا سەرقاڵییەکی دۆزیوەتەوە. هەرچەندە هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە.

دیسان بەزمی باوڵەکەیە[74]. هەرچەندە زیانی نییە. بەوە تێناکەوم، سوپاس.

میستەر بلووم چاوە پێلووپانەکانی بە هاوڕێیەتییەکی ناشپرزانەوە ڕووتێکرد. وتی:

- ژنەکەی منیش هەروەها. لە بیست و پێنجی مانگدا لە هۆڵی ئۆڵستەر لە بێلفاست[75] لە نمایشێکی پڕ تەنتەنەدا گۆرانی دەبێژێت.

مەکۆی وتی:

- ئاوا؟ پێم خۆشە کە ئەوە دەبیستم، مامە گیان. کێ هەڵیدەسووڕێنێت؟

خاتوو ماریۆن بلووم. جارێ هەڵنەستاوە. شاژن لە ژوورەکەی خۆی بوو، کولێرە و[76]. بێ پەڕتووک. کارتی دەموچاوی پیسبووی بەخت بە لای ڕانیدا حەوت حەوت ڕیز کراون[77]. ژنێکی تۆخ و پیاوێکی کاڵ. نامە. تۆپی ڕەشی فەروویی پشیلە. تیلمەی دڕاوی زەرفی نامە.

*بەستە*

*دێرین و*
*خۆشەکەی*
*ئەوین.*
*خۆی دێ بۆ لامان*[78]...

میستەر بلووم بە بیرکردنەوەوە وتی:

- جۆرە گەشتێکی گۆرانیبێژانە، نابینیت. *بەستە دێرین و خۆۆشەکە.* لیژنەیەک پێکهێنراوە. لە تێچوون و قازانجدا پشکیان هەیە.

مەکۆی سەری لەقاند، تووکی بنی سمێڵی دەگرت. وتی:

- ئەها، باشە. هەواڵێکی خۆشە.

بۆ ڕۆیشتن جوولا. وتی:

- دەی، خۆشحاڵم کە دەبینم باش دیاریت. لە دەرفەتی تردا دەتبینمەوە.

میستەر بلووم وتی:

- بەڵێ.

مەکۆی وتی:

- ئا با پێت بڵێم. گەر بتوانیت لە پرسەکەدا ناوم بنووسیت، دەتوانیت؟ حەز دەکەم بچم بەڵام لەوانە نییە بۆم بکرێت، خۆت دەزانیت. ئەنگاوتەیەکی نوقمبوون لە ساندیکۆڤ هەیە، ڕەنگە دەربکەوێت، ئەوکات ئەگەر لاشەکە دۆزرایەوە دەبێت من و لاشەدۆزەکە[79] بچین بۆ ئەوێ. ئەگەر لەوێ نەبووم تۆ هەر ناوی منیشی تێ بخە، دەتوانیت؟

میستەر بلووم بۆ ڕۆیشتن جوولا و وتی:

- بۆت دەکەم، کێشە نییە.

مەکۆی بە خۆشحاڵییەوە وتی:

- باشە. سوپاس مامە گیان. توانیبام دەچووم. دەی. بە نزا. هەر سی پی مەکۆی ئیتر بەسە.

میستەر بلووم بە دڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە:

- خەمت نەبێت.

بە ڕاخستنی ئەو تەڵەیەی نەیگرتم. دزی حیز. ساویلکە. خۆ سەرم لە بەر خۆردا سپی نەکردووە. ئەو باوڵەی هەمە دڵخوازترینمە: چەرمە. سووچەکانی قەپاغیان لێ نراوە، قەراغەکانی پەرچ کراون، قفڵی نوێڵی دوگمەیە. ساڵی ڕابردوو بۆب کاولی[80] بۆ کۆنسێرتی پێشبڕکێی بەلەموانییەکەی ویکلۆ[81] ئەوەی خۆی پێی دا و هەرگیز لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ چاوی پێی نەکەوتەوە.

میستەر بلووم بەرەو شەقامی برونسویک[82] بە پیاسە ڕۆیشت، بزەی کرد. ماڵەوەم لەم ڕۆژانەدا سەرق. سۆپرانۆیەکی زیقنی شڵ[83]. لووت قاشەپەنیر. بەشی خۆی خۆشە: بۆ بەستەیەکی کورت. هیچ قووڵییەک لە دەنگیدا نییە. خۆت دەزانیت من و تۆ: لە هەمان بەلەمداین. زمانلووس. وا پەستت دەکات نەبێتەوە. جیاوازییەکە نابیستێت؟ وا بزانم خۆیشی کەمێک بەو بەرەدا ئارەزووی لێیە. بە جۆرێک لە جۆرەکان پێچەوانەی خواستی منە. پێم وا بوو ئەو بێلفاستە کاری خۆی کرد. هیوادارم ئەو ئاوڵەیەی ئەوێ[84] خراپتر نەبێت. پێم وا بێت مۆڵی ڕێ نادات دووبارە بکوترێت. ژنەکەت و ژنەکەم[85].

داخۆ سیخوڕیم بەسەرەوە ناکات؟

میستەر بلووم لەسەر سووچەکە وەستا، چاوەکانی بەسەر ڕیکلامبەندە فرەڕەنگەکاندا دەگەڕان. ساردیی کانترڵ و کاکرەین[86] (بۆنخۆش). داشکاندنی هاوینەی کلێری[87]. نا، ڕاست بە ڕێی خۆیدا دەڕوات. سڵاو. *لێئە* ئەمشەو. خاتوو باندمن پاڵمەر[88]. حەز دەکەم دووبارە بیبینمەوە لەوەدا. دوێشەو ڕۆڵی هاملێتی گێڕا[89]. لاساییکەرەوەی نێرینە. لەوانەیە ژن بووبێت. بۆیە ئۆفیلیا خۆی کوشت[90]. بابەی داماو[91]! چۆن باسی کەیت بەیتمانی دەکرد لەوەدا. لە دەرەوەی ئادێلفی لە لەندەن هەموو نیوەڕۆکە چاوەڕێی کردووە تا بچێتە ژوورەوە. ئەوە ساڵێک پێش لەدایکبوونی من بوو[92]: شەست و پێنج[93]. هەروەها ڕیستۆری لە ڤیەننا[94]. ئەوە ناوە ڕاستییەکەی چییە؟ مۆسنتال نووسیویەتی. *ڕاحێل*ە[95]؟ نا. ئەو دیمەنەی هەمیشە باسی دەکرد کە ئەبرامی پیر و کوێر دەنگەکە دەناسێتەوە و پەنجەکانی خۆی دەخاتە سەر دەموچاوی ئەو.

دەنگی ناتان! دەنگی کوڕەکەی! گوێم لە دەنگی ناتانە کە باوکی بە جێ هێشت لە هەژاری و کەساسیدا لە باوەشمدا بمرێت، ئەوەی ماڵەکەی باوکی و خوداکەی باوکی بە جێ هێشت[96].

لیۆپۆڵد، ئەو قسانە یەک لە یەکتر قووڵترن.

بابەی بەستەزمان! پیاوێکی داماو! دڵخۆشم کە نەچوومە ژوورەوە بۆ بینینی دەموچاوی. ئەو ڕۆژە! ئەی هاوار! ئەی هاوار! ففوو! دەی، ڕەنگە ئەوە بۆی باشتر بووبێت.

میستەر بلووم لای سووچەکەوە ڕۆیشت و ئەسپە سەرشۆڕەکانی وێستگەکەی تێپەڕاند. بێهوودەیە ئیتر بیری لێ بکەمەوە. کاتی جۆڕکە[97]. خۆزگە ئەو مەکۆیەم نەدیایە.

نزیکتر کەوتەوە و گوێی لە داکرمانێکی کاڕانی[98] زێڕین بوو، ئەو ددانانەی بە ناسکی دەیانکرۆشت. کە بە لایاندا تێپەڕی چاوە ئاسکییە کراوەکانیان تەماشایان کرد، لە نێو بۆگەنی شیرینی کاڕانی میزەئەسپدا. ئێلدۆرالدۆکەیان[99]. حەپۆلانێکی بەستەزمان! هەر لووتە درێژەکانیان لە جۆڕکدا بێت ئیتر هەرچی دەیزانن و لایان گرنگە بە دۆزەخ. هێند

پڕن هیچیان بۆ ناوتریێت. بەڵام خەو و خواردنیان چاکە. خەسێنراویشن: کوتێک گەتەپەرچای[100] ڕەش لە نێو گووپی پاشەڵیاندا بە شۆڕی جۆلانێ دەکات. ڕەنگە وەهاش هەر دڵخۆش بن. لەوە دەچێت چوارپێی باش بن. بەڵام دەشێت حیلەیان پەستکەر بێت.

نامەکەی لە گیرفانیدا ڕاکێشا و لە ناو ڕۆژنامەکەی دەستیدا قەدی کرد. لەوانەیە ڕووبەڕوو لێرەدا وێ ببینم[101]. باریکەڕێکە[102] پارێزراوترە.

کووخی تریشقەگێڕەکانی[103] تێپەڕاند. ژیانی وێڵیی تریشقەگێڕان سەیرە. لە هەموو کەشوهەوایەک، لە هەموو شوێنێک، لە هەموو کات و ناکاتێکدا، بە ویستی خۆیان نییە. *ڤۆلیۆ ئێ نۆن*[104]. حەز دەکەم جگەرەیەکی سەیریان بدەمێ. دۆستایەتی. کە تێدەپەڕن چەند بڕگەیەکی کورت بە هاوار دەڵێن. هماندی:

*لا چی دارێم لا مانۆ*[105]

*لا لا لالا لا لا*

بۆ ناو شەقامی کەمبەرلاند[106] لایدا و، کە چەند هەنگاوێک ڕۆیشت، لە پەنا دیواری وێستگەکەدا ڕاوەستا. کەس. حەوشەی دارخانەکەی مییەید[107]. کۆتەرەداری هەڵپەسێرراو. کەلاوەکان و خانووە هەژارنشینەکان. بەسەر خانەکانی خەتخەتێنێکدا[108]، کە تووڵەکەی بە جێ مابوو، بە هەنگاوی وریایانە تێپەڕی. هەڵەم نەکرد[109]. نزیک حەوشەی دارخانەکە منداڵێکی هەڵتروشکاو هەڵماتێنی دەکرد، بە تەنیا، بە پیلکە دەسکەلاکەی دەهاویشت[110]. گورپەیەکی دانا، سفینکسێکی[111] چاوداگرەوە، لە ژێربەرانە گەرمەکەی خۆیەوە تەماشای کرد. گوناحە هەراسان بکرێن. موحەمەد پارچەیەکی لە عەباکەی خۆی دادڕی تا لە خەو هەڵینەستێنێت[112]. بیکەوە. کە چوومە قوتابخانەکەی ئەو پیرەژنەوە جارێکیان هەڵماتێنم کرد. حەزی لە پیژگ[113] بوو. خاتوو ئیلایز. ئەی مێردەکەی[114]؟ لە ناو ڕۆژنامەکەدا نامەکەی کردەوە.

گوڵ. وا بزانم لە جۆری. گوڵێکی زەردە و پەڕەکانی پان بوونەتەوە. کەواتە تووڕە نەبووە؟ چی دەڵێت؟

هێنریی بەوەج،

دوایین نامەتم پێ گەیشت کە بۆت نووسیبووم و زۆر سوپاست دەکەم. داوای لێبوردن دەکەم کە دواهەمین نامەمت بە دڵ نەبوو. بۆچی پوولەکانت هاوپێچ کردبوو؟ من زۆر لێت توورەم. خۆزگە بمتوانیایە لەسەر ئەوە سزات بدەم. بە کوڕی هاروهاج ناوتم برد چونکە حەزم لەو وژەیەی تر نییە[115]. تکایە پێم بڵێ واتای ڕاستینەی ئەو وشەیە چییە؟ لەماڵەوە دڵت خۆش نییە ئەی کوڕە هاروهاجە بەستەزمانەکە؟ خۆزگە بمتوانیایە شتێکت بۆ بکەم. تکایە پێم بڵێ چۆن بیر لە منی بەستەزمان دەکەیتەوە. هەندێک جار بیر لەو ناوە خۆشەت دەکەمەوە کە هەتە. هێنریی بەوەج، کەی یەک دەبینین؟ ئەوەندە بیر لەو ناوە خۆشەت دەکەمەوە هەر باوەڕ ناکەیت. هەرگیز ئەوەندە هەستم بە پەلکێشانی خۆم بۆ هیچ پیاوێک نەکردووە ئەوەندەی بۆ تۆ وام. ئێجگار پەرێشانم. تکایە نامەیەکی درێژم بۆ بنووسە و زۆرترم پێ بڵێ. بیرت بێت ئەگەر وا نەکەیت سزات دەدەم. کەواتە ئێستا دەزانیت ئەگەر نەتنووسیبوو[116] چیت لێ دەکەم، ئەی کوڕە هاروهاجەکە. ئای چەند تامەزرۆی بینینتم. هێنریی بەوەج، داواکەم ڕەت مەکەوە پێش ئەوەی ئارامیم لێ ببڕێن[117]. ئەوکات هەموو شتێکت پێ دەڵێم. ئێستا ماڵئاوا، نازدارە هاروهاجەکەم، سەرئێشەیەکی زۆر خراپم هەیە. ئەمڕۆ. ئینجا بە *پۆستەی خێرا*دا نامە بۆ پەرۆشەکەت بنووسە

مەرسا.

تێبینی: تکایە پێم بڵێ ژنەکەت چ جۆرە بۆنێک بە کار دەهێنێت[118]. دەمەوێت بزانم.

[119]xxxx

بە خاوی گوڵەکەی لە جێی دەرزییەکە لێکردەوە و بۆنی کرد کە بە نزیکی هیچ بۆنێکی نەبوو و خستییە ناو گیرفانی سەر دڵیەوە. زمانی گوڵان[120]. حەزیان لێیە چونکە کەس گوێی لێ نابێت. یان چەپکێکی ژەهراوی تا پیاوەکە تەختی زەوی بکات. پاشان بە خاوی بەرەو پێش کەوتەوە ڕێ و دووبارە نامەکەی خوێندەوە، لێرەولەوێ وشەیەکی دەورنگاند. گوڵاڵە لێت توورەیە گوڵەپیاوی نازدار ئەگەر گوڵەئەوینی بەستەزمان ئاسوودە نەکەیت کاکتۆسەکەت سزا دەدات ئای چەند تامەزرۆی وەنەوشەم بۆ گوڵەباخە بەوەجەکان کاتێک ئێمەی گوڵاڵەسوورە بەم زووانە یەک دەبینین هەموو لاسکەشەوەی هاروهاج ژنەکەت بۆنی مەرسا[121]. پاش ئەوەی هەمووی خوێندەوە لە ڕۆژنامەکە دەریهێنا و خستیەوە ناو لاگیرفانی.

چێژی سست لێوەکانی کردەوە. لە یەکەم نامەوە گۆڕاوە. داخۆ خۆی نووسیبێتی. توورەییەکەی نمایش دەکات: کچی خێزانێکی باشی وەک من، کەسێتییەکی بەڕێز. دەتوانین یەکشەممەیەک دوای ڕۆژەری[122] یەک ببینین. سوپاس: نامەوێت. کێشمەکێشی

ئاسایی خۆشەویستی. ئینجا ڕادەکەن بەرەو لای سووچەکان. وەک دەمەقاڵێ لەگەڵ مۆڵیدا خراپە. سیگار کاریگەرییەکی هێورکەرەوەی هەیە. مادەی سڕکەر. جاری داهاتوو زیاتر بڕۆ. کوڕی هاروهاج: سزا: لە وشەکان دەترسێت، بێگومان. توندوتیژ، بۆ نا؟ هەرچۆنێک بێت تاقیی بکەوە. هەر جارە و تۆزێک.

هێشتا لە گیرفانیدا پەنجەی بە نامەکەدا دەهێنا، دەرزییەکەی تێیدا دەرهێنا. دەرزیی ئاسایی، ها؟ هاویشتییە سەر جادەکە. لە جێیەکی جلەکانی دەریکردووە: بە دەرزی بە یەکەوە بەستراون. سەیرە ئەو هەندە دەرزییانەی هەمیشە هەیانە. گوڵەباخ بێ دڕک نابێت.

دەنگی شێوەزاری بازاڕیی دەبلنی[123] لە مێشکیدا هاواریان دەکرد. ئەو دوو قەحبەیەی ئەو شەوە لە کوومب[124] لە بەر بارانەکەدا پێکەوە لکابوون.

*وەی وەی مەیری دەرزیی دەرپێکەی لێ کەوت*

*جا نەیدەزانی چی بکا*

*تا دانەکەوێ*

*تا دانەکەوێ*[125].

چیی دانەکەوێت؟ دەرپێ؟ سەرئێشەیەکی خراپ. ڕەنگە گوڵەباخەکەی هەبێت[126]. یان هەموو ڕۆژەکە دانیشتووە تایپی کردووە. تیشکۆی چاو بۆ پەیەکانی گەدە خراپە[127]. ژنەکەت چ بۆنێک بە کار دەهێنێت. دەی تۆ شتی ئاوهات بە خەیاڵدا دەهات؟

*تا دانەکەوێ.*

مەرسا، مریەم. ئەو وێنەیەم لە شوێنێک دیوە ئێستا لە بیرم نییە هی شاهونەرمەندێکی کۆنە یان ساختەیە و بۆ پارە کێشراوە. لە ماڵەکەیاندا دانیشتووە، قسە دەکات. ڕازاوییە. دوو قەحبەکەی کوومبیش گوێ دەگرن[128].

*تا دانەکەوێ.*

جۆرە هەستێکی خۆشی ئێوارە. ئیتر ناگەڕێیت. هەر لەوێ شانی لێ دادەدەیت: بوولێڵێکی بێدەنگ: بەر بۆ هەموو شت بەرهەڵدا دەکەیت. لە بیر دەکەیت. باسی ئەو جێیانە دەکەیت کە دیوتن، نەریتی سەیر سەیر. ئەوەی تریان گۆزەیەک لەسەر سەریەتی، نانی شێو ئامادە دەکات: میوە، زەیتوون، ئاوێکی ساردی خۆشی بیر، وەک کونی ناو دیوارەکەی ئاشتاون کەللەتەزێن[129]. دەبێت جاری داهاتوو کە چووم بۆ پێشبڕکێی غارغارێنەکە[130] پەرداخی پەڕە لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم. بە چاوە بەسۆزە گەورە و تۆخەکانیەوە گوێ دەگرێت. قسەی بۆ دەکەیت: زیاتر و زیاتر: هەموو شتێک. پاشان ئاهێک: بێدەنگی. پشوویەکی درێژ درێژ درێژ.

کە بە ژێر تاقی هێڵی ترامەکەدا[131] دەڕۆیشت زەرفی نامەکەی دەرهێنا، بە خێرایی شیتاڵ شیتاڵ دڕاندی و بەرەو ڕێگاکە پەرشی کردن. شیتاڵەکان بەرەو دوور باڵەفڕەیان کرد، لە هەوا شێدارەکەدا نوقم بوون: باڵەفڕەیەکی سپی، پاشان هەموو نوقم بوون.

هێنری فلاوەر. دەتوانیت چەکێکی سەد پاوەنی بە هەمان شێوە بدڕێنیت. خۆ هەر پارچە پەڕەیەکی ئاساییە. جارێکیان لۆرد ئایڤیاگ[132] لە بانکی ئایرلانددا[133] چەکێکی حەوت ژمارەیی بە ملیۆنێک گۆڕییەوە. ئەوەت بۆ دەردەخات کە چەنێک پارە لە پۆرتەرەوە پەیدا دەکرێت. کەچی دەڵێن براکەی تری، لۆرد ئاردیلاون[134]، دەبێت ڕۆژانە چوار جار کراسەکەی بگۆڕێت. پێستی ئەسپێ و جرۆجانەوەر دروست دەکات. یەک ملیۆن پاوەن، ئادەی. دوو پنس بۆ پاینتێک[135]، چوار پنس بۆ چارەکێک، هەشت پنس بۆ گاڵۆنێک پۆرتەر، نا، شڵنگێک و چوار پنس بۆ گاڵۆنێک پۆرتەر. شڵنگ و چوار پنس کەڕەت بیست: نزیکەی پازدە. بەڵێ، ڕێک وایە. پازدە ملیۆن بەرمیلی پۆرتەر.

بەرمیلی چی لە خۆمەوە قسە دەکەم؟ گاڵۆن. نزیکەی ملیۆنێک بەرمیل هەر وەک یەکن.

ترامێکی هاتوو لەسەروو سەریەوە بە قورسی هاڕەی کرد، واگۆن دوای واگۆن. بەرمیلەکان لە سەریدا بەسەر یەکدا کەوتن: پۆرتەری تۆخ لێژ بووەوە و لە ناوەوە ڕاژەنرا. کونی بەرمیلەکان کرانەوە و لافاوێکی گەورەی تۆخ فیچقەی کرد، پێکەوە لێشاویان هێنا، بە پانتایی هەموو زەوییە هاوئاستەکەدا بەناو لیتاودا خولیان خوارد، گێژاوێکی سستی گۆمدروستکەری مەی گوڵی گەڵاپانی کەفی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو.

گەیشتە دەرگا کراوەکەی پشتەوەی ئۆڵ هالۆس[136]. کە هەنگاوی نایە ناو هەیوانەکە شەبقەکەی داکەند، کارتەکەی لە گیرفانیدا دەرکرد و دووبارە خستیەوە پشت سەرووپێچە چەرمەکە. ئاخ. دەبوو بە مەکۆی بڵێم تێپەڕنامەیەکم[137] بۆ مەلینگەر بۆ بکات.

هەمان ئاگاداری بە دەرگاکەوە. وتاری قەشەی بەڕێز جۆن کۆنمی ک. ع.[138] دەربارەی سانت پیتەر کلەیڤەر[139] ک. ع. و مژدەبەری بۆ ئەفریقا[140]. بۆ لەدینوەرگەڕانی گلادستۆن نزایان کرد[141] کە خەریک بوو لە هۆش خۆی دەچوو. پرۆتستانتەکانیش هەر بە هەمان شێوەن. هەوڵ دەدەن دکتۆر ویلیەم جەی واڵش د.ی.ن.[142] بۆ دینە ڕاستەکە وەربگێڕن. ملیۆنەکانی چین ڕزگار دەکەن[143]. داخۆ چۆن بۆ چینییە خوانەناسەکانی[144] ڕوون دەکەنەوە. هۆقەیەک بەنگیان[145] پێ باشترە. ئاسمانی. ئەوپەڕی جیاگرییە لایان[146]. بوودای خوداکەیان لە مۆزەخانەکەدا لەسەر لا ڕاکشاوە[147]. دەستی لە ژێر گۆنایدایە و گوێ ناداتێ. داری بخوور دەسووتێت. وەک ئێچێ ئۆمۆ نییە. تاجی دڕک و خاچ[148]. بیرۆکەی

سێپەڕی شەودەرەکەی سانت پاتریک[149] زیرەکانەیە. چیلکەی نانخواردنی چینییەکان؟ کۆنمی: مارتن کەنینگهەم[150] دەیناسێت: ڕەفتاری سەنگین. خۆزگە لەگەڵ ئەودا هەوڵم بدایە تا مۆڵی بخاتە کۆڕەکەوە[151]، لە بری ئەو بابە فارلەیە[152] کە گێل دیارە بەڵام واش نەبوو. کوڕە فێرن[153]. بە چاویلکەی خۆریی شینباوەوە ناچێتە دەرەوە و ئارەقە بڕێژێت تا ڕەشپێستەکان ئاوەمۆر بکات، ها؟ چاویلکەکە کە دەبریقێتەوە خەیاڵیان دەبات. حەز دەکەم بیانبینم بە بازنەیی دابنیشن بە لێوە ئەستوورەکانیانەوە حاڵیان لێ هاتبێت، گوێ بگرن. تابلۆی شتی وەستاو. پێم وا بێت وەک شیر دەیلێسنەوە.

بۆنی ساردی بەردی پیرۆز بانگی کرد. بەسەر پلیکانە پەڕپووتەکەدا بە شێنەیی ڕۆیشت، پاڵی نا بە دەرگا خولاوەکەوە و پشتاوپشت بە هێمنی چووە ژوورەوە.

شتێک لە ئارادا هەیە: کۆمەڵەیەکی دۆستانەی دینی یان شتێکی وەها. بە داخەوە ئەوەندە چۆڵە. جێیەکی پەنامەکیی چاکە بۆ ئەوەی لە تەنیشت کچێکەوە بیت. دراوسێکەم کێیە[154]؟ بە دەم موزیکی خاوەوە بە کاژێر تێدەترنجێن. ئەو ژنەی لە ماسی[155] نیوەشەو بوو. ئاسمانی حەوتەم[156]. ژنان ڕەشمەی جەرگییان[157] لە ملدا بوو و سەریان نوشتاندەوە و لەسەر کورسییەکانیان کڕنۆشیان برد. کۆمەڵێک لەبەردەم پەرژینی قوربانگاکەدا کڕنۆشیان برد. قەشەکە بە بەردەمیاندا ڕۆیشت، دەیورنگاند، شتەکەی[158] بە دەستیەوە گرتبوو. لەبەردەم هەر یەکێکیاندا وەستا، نانەڕەقەیەکی دەرهێنا، دڵۆپێک یان دووانی لێ تەکاند (ئەرێ ئەوە لە ناو ئاودان[159]؟) و بە ڕێکوپێکی خستییە دەمی ژنێکەوە. کڵاو و سەری ژنەکە نوشتانەوە. پاشان ئەوی دواتر. کڵاوەکەی یەکسەر داگیرا. ئینجا ئەوەی دواتر: پیرەژنێکی بچووک. قەشەکە خۆی نوشتاندەوە تا بیخاتە دەمیەوە، بەردەوام دەیورنگاند. لاتینی[160]. ئەوی تر. چاوت بنووقێنە و دەمت بکەوە[161]. چی؟ کۆرپوس: لەش. لاشە. بیرۆکەیەکی چاکە کە بە لاتینییە. یەکەم جار بەنجیان دەکات. هەژارخانەی ئەوانەی دەمرن[162]. لەوە ناچێت بیجوون[163]: تەنها قووتی دەدەن. بیرۆکەیەکی سەیرە: پارچەی لاشەیەک بخۆیت. ئەمە بۆیە مرۆڤخۆرەکان بە دڵیاندا چووە.

بلووم لە لایەکەوە وەستا و تەماشای ڕووبەندە بێکونەکانیانی دەکرد کە بە ڕێڕەوەکەدا تێپەڕین، یەکبەیەک، ئینجا بە دوای جێکانیاندا دەگەڕان. لە کورسییەک نزیک بووەوە و لە سووچێکیدا دانیشت، شەبقە و ڕۆژنامەکەی لە باوەش گرت. تۆ سەیری ئەم مەنجەڵانەی دەبێت لە سەریان بکەین[164]. دەبوو شەبقەکانمان لەسەر سەری خۆمان قاڵب کرابان. لێرەولەوێ بە دەوریەوە بوون، سەریشیان بە ڕەشمە جەرگییەکانیانەوە هێشتا نوشتابوونەوە، چاوەڕێیان دەکرد لە گەدەیاندا بتوێتەوە. شتێکی وەک فەتیرە وایە: لەو جۆرە نانەیە: نانی تەرخانکراوی هەڵنەهاتوو[165]. تەماشایان بکە. دەی گرەو دەکەم

دڵخۆشیان دەکات. مەساسە. دڵخۆشیان دەکات. بەڵێ، پێی دەوترێت نانی فریشتەکان[166].
بیرۆکەیەکی گەورە لە پشتیەوە هەیە، هەست بە جۆرێک لە شانشینی خودا دەکەیت لە ناو خۆتدا. یەکەم بەشداربووانی سرووتەکە. وەرنەوە بۆ ئەزبەرید گونکی بە پنسێک[167].
پاشان هەموو وا هەست دەکەن لە ئاهەنگێکی خێزانیدان، لە شانۆگاش بە هەمان شێوەیە، هەمووان وەک یەک وان. بەڵێ وان. دڵنیام لەوە. ئەوەندە تەنیا نابن. لە برایەتییەکەماندا. ئینجا کەمێک سەرمەستانە دێنە دەرەوە[168]. ناخت هەڵبڕێژە. خۆی شتەکە ئاوها دەبێت ئەگەر بە ڕاستی باوەڕت پێی بێت. چارەی لوورد[169]، ئاوی بیرچوونەوە، هەروەها بۆدەرکەوتنەکانی نۆک[170]، پەیکەرانێک خوێنیان لێوە دەچۆڕێت[171]. پیرەمێردێک نزیک ئەو ژووری ددانپێدانانە[172] نووستووە. ئەمە بۆیە پرخەپرخ دێت. باوەڕی کوێرانە. لە باوەشی شانشینەکەدا پارێزراویت، وەرە[173]. هەموو ئازارەکان دادەمرکێنێتەوە. ساڵی داهاتوو ئەم کاتانە لە خەو هەڵبستە.

قەشەکەی بینی کە دەفری نمایشکردنی نانەڕەقەکەی لابرد، جوان پێچایەوە، ئینجا بۆ ساتێک لەبەردەمیدا کڕنۆشی برد، بنەپێڵاوێکی گەورەی بۆری دەرخست لە ژێر قەیتانکارییەکەدا کە پێوەی ئاڵابوو. وای دابنێ دەرزییەکەی لێ کەوت. جا نازانێت چی بکات. پەڵەیەکی ڕووتاوە لە پشتیەوە. پیتەکانی سەر پشتی: I.N.R.I[174]؟ نا: I.H.S.[175] جارێکیان مۆڵی پێی وتم کە لێیم پرسی. من گوناهم کرد: یان نا: من ئازارم چەشت[176]، ئەوەیە. ئەی ئەوەی تریان؟ بزماری ئاسن تێیدا چەقێنراون.

یەکشەممەیەک دوای ڕۆژەری یەک ببینین[177]. داواکەم ڕەت مەکەوە. بە سەرپۆش و جانتایەکی ڕەشەوە دەردەکەوێت. بوولێڵ و ڕووناکی لە پشتیەوە[178]. لەوانەشە لێرە بێت و شریتێک بە دەوری ملیدا بێت و بە دزییەوە شتەکەی تر بکات. کەسێتییان وەهایە. ئەو پیاوەی کە بەڵگەکانی نەبەزەکانی[179] دا بە شا، ناوی کاری[180] بوو، هەموو بەیانییەک ئامادەی سرووتی سوپاسگوزاری دەبوو. هەر لەم کڵێسایەدا. پیتەر کاری، بەڵێ. نا، ئەوە پیتەر کڵەیڤەرە[181] کە بیری لێ دەکەمەوە. دێنیس کاری[182]. جا وێنا بکە. ژنێک و شەش منداڵ لە ماڵەوە[183]. کەچی بەردەوام خەریکی داڕشتنی ئەو پیلانی کوشتنە بیت. ئەو خۆشیلەخۆقەدەغەکەرانە[184]، ئەوە ناوێکی باشە بۆیان، هەمیشە شتێکی فێڵاوی لە ڕوخساریاندا هەیە. لە کار و فەرمانیشدا سەرڕاست نین. نا، نەبابە، وێ لێرە نییە[185]: گوڵەکە: نەخێر، نەخێر. ئەرێ بە ڕاست، ئەو زەرفی نامەیەم دڕاند؟ بەڵێ: لە ژێر پردەکەدا.

قەشەکە شەرابی وەردەدایە کاسە پیرۆزەکەوە[186]: پاشان چابوکانە خڵتەکەی فڕێ دا. شەراب. وا دەکات ئەریستۆکراتیتر دەربکەوێت وەک لە بۆ نموونە ئەگەر پۆرتەری گینیس[187] ئەوەی کە پێی ڕاهاتوون بخواتەوە یان هەندێک خواردنەوەی سووک یان بیرەی

تاڵی ویتلیی دەبلن[188] یان ساردیی کانترڵ و کاکرەین[189] (بۆنخۆش). هیچی لێ نادات بە ئەوان: شەرابی نمایش[190]: تەنها ئەوەی تریان. ئاسوودەیی ساردوسڕ. فێڵبازی لەخواترسن بەڵام ڕاستیشن: ئەگینا بەدمەستێکیان لێ دەردەچێت یەک لە یەک خراپتر دەبن، بۆ پێکێک مەی سواڵ دەکەن. سەیرە تەواوی هەموو کەشی[191]. تەواو ڕاستە. ئەوە بە تەواوی ڕاستە.

میستەر بلووم بەرەو کۆڕەکەی دواوە ئاوڕی دایەوە. هیچ موزیکێک پێشکەش ناکەن. بە داخەوە. داخۆ کێ ئۆرگنەکەی[192] ئێرە دەژەنێت؟ گلێنی پیر[193] دەیزانی چۆن ئەو ئامێرە بهێنێتە قسەکردن، *ڤێبراتۆ*کەی[194]: دەڵێن لە شەقامی گاردنەر[195] ساڵانە پەنجا پاوەنی هەبووە[196]. مۆڵی ئەو ڕۆژە دەنگی باش بوو، *ستابات ماتێری ڕۆسینی*[197]. یەکەم جار وتارەکەی بابە بێرنارد ڤۆگن[198]. مەسیح یان پیلاتۆس[199]؟ مەسیح، بەڵام هەموو شەوەکەمان لێ مەکوژە و مێشکمان مەبە. خەڵک موزیکیان دەویست. پێکوتەکان وەستان[200]. دەرزی بکەوتایە گوێت لێ دەبوو. پێیم وت کە دەنگی بە ئاراستەی ئەو گۆشەیە دەربکات. هەستم بە وروژانەکە دەکرد لە هەوادا، پڕیی دەنگی، خەڵکەکان هەڵدەڕوانین:

*کویست ئێست ئوۆمۆ*[201].

هەندێک لەو موزیکە کۆنە دینییانە نایابن. مێرکادانتێ: دواهەمین حەوت وتە[202]. دوازدەیەمین ماسی مۆتسارت: *گلۆریا*کەی[203]. ئەو پاپا کۆنانە ئارەزوویان لە موزیک و هونەر و پەیکەر و هەموو جۆرێکی شێوەکاری هەبووە. هەروەها بۆ نموونە پالێسترینا[204]. ئەوەندەی کات ڕێی دابن کاتێکی خۆشیان بە سەر بردووە. تەندروستیش بوون، شانتیان بێژاوە، لە کاتی دیاریکراودا[205]، ئینجا مەییان دروست کردووە. بێنێدیکتین. شارتیوسی سەوز[206]. بەڵام خەساو لە کۆڕەکەیاندا هەبووە کە ئەوەیان نارەوایی بوو[207]. ئەوە چ جۆرە دەنگێکە؟ دەبێت دوای ئەو دەنگە گڕە بەهێزەیان بیستنیان سەیر بووبێت. چێژناسان. وا بزانم دوای ئەوە هەست بە هیچ ناکەن. جۆرە ئارامییەک. بێ خەم. پێستیان ئەستوورتر دەبێت[208]، وانا؟ چلێس، باڵابەرز، قاچ درێژ. کێ دەزانێت؟ خەساو. ڕێیەکە بۆ ڕزگاربوون لێی.

قەشەکەی بینی نوشتایەوە و قوربانگاکەی ماچ کرد و ئاوڕی دایەوە و هەموو خەڵکەکانی پیرۆز کرد[209]. هەمووان خۆیان خاچاند و هەڵستان. میستەر بلووم تەماشای چواردەوری کرد و پاشان هەڵستا[210]، بەسەر شەبقە بەرزکراوەکاندا دەیڕوانی. بێگومان لە کاتی خوێندنی ئینجیلدا هەڵدەستن[211]. پاشان دیسان هەمووان لەسەر ئەژنۆیان نیشتنەوە و بلوومیش بە بێدەنگی لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتەوە. قەشەکە لای قوربانگاکەوە دابەزی، شتەکەی دوور لە خۆی هەڵگرتبوو[212] و خۆی و کوڕی ماسەکە بە لاتینی وەڵامی یەکیان دایەوە. پاشان قەشەکە کڕنۆشی برد و دەستی کرد بە خوێندنەوەی کارتێک:

- پەروەردگارا، ئەی پەناگا و هێزمان[213]...

میستەر بلووم دەموچاوی بردە پێشەوە تا وشەکان ببیستێت. ئینگلییە. ئێسکەکەیان تێ بگرە. بەحاڵ بە بیرم دێت. چەنێک بەسەر دواهەمین ماستدا تێپەڕیوە[214]؟ پاکیزەی شکۆدار و بێگەرد. یوسف، مێردەکەی. پەترۆس و پۆڵس[215]. ئەگەر تێبگەیشتیتایە سەبارەت بە چین ئەوکات سەرنجڕاکێشتر دەبوو. بێگومان ڕێکخراوێکی سەیرە، وەک میلی کاتژمێر کار دەکات. ددانپێدانان[216]. هەموو کەس دەیانەوێت. ئینجا با پێت بڵێم. پەشیمانم. تکایە سزام بدە. چەکێکی گەورەیە بە دەستیانەوە. لە هی پارێزەر و دکتۆر زیاترە. ژنەکە دەمرێت بۆ. منیش شششششش. ئەی تۆ چەچەچەچەچەت کرد؟ ئەی بۆچی وات کرد؟ سەر دادەخات و تەماشای موستیلەکەی دەکات و بۆ بەهانەیەک دەگەڕێت. دیواری هۆڵی چرپە گوێی هەیە[217]. مێردەکە پێی دەزانێت و شەبەیخوون دەبێت. نوکتە و گاڵتەی خودا. ئینجا ژنەکە دێتە دەرەوە. پەشیمانیی ڕووکەش. شەرمەزارییەکی جوانکیلە. لەبەردەم قوربانگایەکدا نوێژ دەکات. درووود لە مریەم و مریەمی پیرۆز[218]. گوڵ، بخوور، مۆمەکان دەتوێنەوە. سوورهەڵگەڕانی دەشارێتەوە. چاولێکەریی ئاشکرای سوپای ڕزگارکردن[219]. سۆزانییەکی تۆبەکردوو بۆ ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دەدوێت. چۆن بۆ لای خودا گەڕامەوە. ئەو خەڵکانەی ڕۆما دەبێت کەسانێکی سەرڕاست[220] بن: بە درێژایی هەموو نمایشەکە کار دەکەن. ئەی پارەش ناماشنەوە؟ میراتییەکانیش: بۆ قەشەی ئێستای قەشەنشین و بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕەهای خۆی. با چەند ماسێک بە ئاشکرا و لە هەوای کراوەدا بۆ حەوانەوەی گیانم جێبەجێ بکرێت. ڕەبەنگای پیاوان و خوشکان. قەشەکەی فێرمانە لە خانەی گەواهیدەرەوە و گەواهی دەدا[221]. بەچەترسێن ناکرێت. وەڵامی ئامادەی بۆ هەموو شتێک پێبوو. سەربەستی و سەربەرزیی کڵێسا پیرۆزەکەمان کە دایکمانە. دکتۆرانی کڵێسا[222]: نەخشەی هەموو یەزدانناسییەکەیان دارشت.

قەشەکە نوێژی کرد:

- میکائیلی پیرۆز، سەرەکفریشتە، لە کاژێری ناکۆکیدا بەرگریمان لێ بکە. پشت و پەنامان بە لە دژی خراپە و تەڵەکانی شەیتان (بە دڵ نزا دەکەین کە خودا بیخاتە بەندیخانەوە!): داوا لە تۆش دەکەین، ئەی شازادەی لەشکری ئاسمانی، بە هێزی خودا شەیتان هەڵبدە خوارەوە بۆ ناو دۆزەخ و لەگەڵیشیدا هەموو ئەو گیانە بەدکارانەی تریش کە لە جیهاندا دێن و دەچن بۆ خاپوورکردنی گیانان[223].

قەشە و کوڕی ماسەکە هەڵستان و ڕۆیشتن. تەواو. ژنان لە دواوە مانەوە: نوێژی سوپاسگوزاری.

باشترە خۆتی پێدا بکەیت. کاکی گوێهەڵخەری گیرفانبڕ[224]. لەوانەیە بە سینییەکەوە بگەڕێت. ئەرکی ئیستەری خۆت بدە[225].
هەڵستا. سڵاو. ئەریّ ئەو دوو قۆپچەی یەلەگەم لەوساکەوە کرابوونەوە؟ ژنان چێژی لیّ دەبینن. هەرگیز پێت ناڵێن. بەڵام ئێمە. ببوورە، خانم، (وەها!)یێک تەنها (وەها!)یێک کراوەتەوە. یان تەنوورەکانیان لە دواوە، تلّیشەکانیان دانەخراون. دزەنیگای مانگ[226]. پەست دەبێت ئەگەر پێی نەڵێیت. بۆچی پێشتر پێت نەوتم. کەچی بە شڕوشێواوی زیاتر حەزیان لێت دەبێت. باش بوو کە زیاتر لە باشووردا نەبوو. تێپەڕی، بە دزییەوە قۆپچەکانی دادەخست، بە ڕاڕەوەکەدا و دواتر بە دەرگا سەرەکییەکەدا بۆ ناو ڕووناکییەکە. بۆ چرکەیەک بێ ڕوانین لە هیچ[227] لای تاسە مەرمەڕە ساردە ڕەشەکەوە[228] وەستا بەڵام دوو نوێژکەر یەکێک لە پێشی و یەکێک لە دوایەوە دەستی شاراوەیان لە ڕەوتی کزی ئاوە پیرۆزەکەدا تەڕ کرد. ترامەکان: عەرەبانەیەکی پرێسکۆتی خومچی[229]: بێوەژنێک بە بەرگی ماتەمەوە. سەرنجم دا، چونکە خۆیشم لە ماتەمدام. کڵاوەکەی خستەوە سەری. کات چۆن دەڕوات؟ و چارەکە. هێشتا کات زۆرە. باشترە ئەو کرێمە بدەم بە کرد. لە کوێیە؟ ئەها، بەڵێ، جاری ڕابردوو. لای سوینی لە لینکن پلەیس[230]. دەرمانسازان بە دەگمەن شوێنەکانیان دەگوێزنەوە. شووشەی دەرمانە[231] سەوز و زێڕینەکانیان بۆ جووڵاندن زۆر قورسن. هامیلّتن لّۆنگ[232]، ساڵی لافاوەکە دامەزرا. گۆڕستانی کڵێسای هیوگەنۆتەکان[233] لەوێوە نزیکە. ڕۆژێک سەردانی دەکەم.
بە وێستلاند ڕۆودا بەرەو باشوور ڕۆیشت. بەڵام ڕەچەتەکە لە پانتۆڵەکەی ترداپە. ئۆف، کلیلی دەرگاکەی دەرەوەشم لە بیر چوو. ئەم بەزمی پرسەیە وەڕسکەرە. ئای بەڵێ، پیاوێکی داماوە، خەتای خۆی نییە. کەی بوو دواهەمین جار کە بە کردم دا؟ بوەستە. لە بیرمە سۆڤەرینێکم ورد کردەوە. دەبێت یان یەکی مانگ بووبێت یان دووی مانگ. ئا، دەتوانێت لە پەڕتووکی پسوولەکاندا بە دوایدا بگەڕێت.
دەرمانسازەکە لاپەڕە دوای لاپەڕەی هەڵیدەدایەوە. لەوە دەچێت بۆنێکی خۆڵاویی کزی لێوە بێت. کەللەی کرژبوو. پیریشە. گەڕان بە دوای بەردی فەیلەسووفەکەدا. کیمیاگەرەکان[234]. دەرمان دوای ئەوەی مێشک دەهێنێتە جۆش پیرت دەکات. ئینجا لەشداهێزران. بۆچی؟ کاردانەوە. تەمەنێک لە شەوێکدا. بەرەبەرە کەسێتیت دەگۆڕێت. هەموو ڕۆژێک لە ناو گیادەرمان و هەتوان و دەرمانی پاکژکردنەوەدا دەژیت. هەموو گۆزە مەرمەڕە سپییەکانی کە وێنەی گوڵی شلێریان تێدایە. دەسکەوان و دەسکەدۆڵ. ئ. دڵ. گ. تب. چ. سەوز[235]. بۆن بە نزیکی وەک زەنگی دەرگای دانساز چاکت دەکاتەوە. دکتۆر زرم[236]. دەبێت کەمێک دەرمان بە خۆی بدات. بە هەتوان بێت

یان بە تواوەیی لە شلەی تردا[237]. یەکەم کەس کە بۆ چارەی خۆی گیایەکی لێکردەوە کەسێکی ئازا بووە. گژوگیای پزیشکی. دەبێت وریا بێت. لێرە بەشی ئەوەندە شتی لێیە کە کلۆرۆفۆڕمت بکات. تاقیکردنەوە: بۆیەی گوڵەبەڕۆژەی شین سوور دەکات[238]. کلۆرۆفۆڕم. زیادەڕەوی لە بڕی لۆدانەم[239]. قومی خەولێخەر. ئەویناوی[240] دڵداری. شرووبی خەشخاشی پاریگۆریک بۆ کۆکە خراپە. بەری کونیلە یان بەڵغەم دەگرێت[241]. ژەهر تاکە چارەیە. چارە لەو شوێنەدایە کە هەرگیز بە خەیاڵتدا نایەت. زیرەکیی سرووشت.

- نزیکەی دوو حەفتە لەمەوبەر، قوربان؟

میستەر بلووم وتی:

- بەڵێ.

لە بەرمێزەکەدا چاوەڕێی کرد، بە خاوی هەڵموهالاوی تیژی دەرمانەکان و بۆنی خۆڵاویی وشکی ئیسفەنج و لفکەشامیی[242] هەڵدەمژی. کاتێکی زۆری پێ دەچێت تا ئێش و ئازارەکانت پێ دەڵێن.

میستەر بلووم وتی:

- ڕۆنی شیرینی بادەم و تەنتووری[243] بەنزۆین، ئینجا ئاوی گوڵی پرتەقاڵ...

بە ڕاستی پێستی مۆڵیی ئەوەندە ناسک و سپی کردەوە دەتوت مۆمە.

وتی:

- مۆمی سپییش.

ڕەشیی چاوی دەردەخات. تەماشای دەکردم، سەرچەفەکە تا چاوانی بوو، ئیسپانی، بۆنی خۆی دەکرد، کە من کەفلینی سەردەستمم دەبەست. ئەو ڕەچەتە خۆماڵییانە زۆر جار چاکترینن: شلیک بۆ ددان: گەزگەزک و باراناو: دەڵێن ئاردی کاڕان لە دۆی خەستدا خوسێنرابێت[244]. خۆراکی پێست. یەکێک لە کوڕەکانی شا پیرەکە، دوکی ئاڵبەنی بوو؟ تەنها یەک پێستی هەبوو. لیۆپۆڵد، بەڵێ[245]. ئێمە سیانمان هەیە. بالووکە و بونیۆن[246] و زیپکە خراپتری دەکات. بەڵام تۆ بۆنێکیشت دەوێت. ژنەکەت چ بۆنێک؟ *پێۆ دێسپانییە*[247]. ئەو ئاوی گوڵەپرتەقاڵە زۆر نوێیە. ئەم سابوونانە بۆنێکی خۆشیان هەیە. لۆرکی خاوێنی سابوون. کاتی گەرماوکردنێکە لەسەر سووچەکە. حەمام. مەساج. تورکی[248]. چڵک لە ناوکتدا پرپۆڵە دەبن. خۆشترە ئەگەر کچێکی جوان بیکات. پێشم وا بێت من. بەڵێ من. لە گەرماوەکەدا دەیکەم. سەیرە کە ئەوەندە تامەزرۆم بۆ. لە ئاووەوە بۆ ئاو. کار و چێژ تێکەڵ بکە. بە داخەوە کات بۆ مەساج نامێنێتەوە. ئینجا هەموو ڕۆژەکە هەست بە نوێبوونەوە دەکەیت. پرسە تا ڕادەیەک خەمئامێزە.

دەرمانسازەکە وتی:

- بەڵێ، قوربان، ئەوە بە دوو شڵنگ و نۆ پنس بوو. بوتڵت هێناوە؟

میستەر بلووم وتی:

- نەخێر. تکایە تۆ بیکە. دواتر هەر ئەمڕۆ دێمەوە و یەکێک لەم سابوونانەش دەبەم. بە چەندن؟

- چوار پنس، قوربان.

میستەر بلووم سەلکێکی بۆ کونەلووتەکانی بەرز کردەوە. مۆمی شیرینی لیمۆیی[249].

وتی:

- ئەمەیان دەبەم. ئەوە دەبێت بە سێ شڵنگ و پنسێک.

دەرمانسازەکە وتی:

- بەڵێ، دەتوانیت کە هاتیتەوە پارەی هەموویان پێکەوە بدەیت.

میستەر بلووم وتی:

- باشە.

بە شێنەیی لە دوکانەکە دەرچوو، گورزی ڕۆژنامەکە لە ژێر باخەڵیدا، سابوونە پێچراوە فێنکەکەش لە دەستی چەپیدا.

لای ژێر باخەڵیەوە دەنگ و دەستی بانتەم لایەنس وتیان:

- سڵاو بلووم. هەواڵی باش چی هەیە؟ ئەوە هی ئەمڕۆیە؟ ئا با سەیرێکی بکەم.

دیسان سمێڵی تاشیوە، تۆ تەماشا! لێوی سەرەوەی درێژ و ساردە. بۆ ئەوەی گەنجتر دەربکەوێت. لە شێت دەچێت. لە من گەنجترە.

پەنجە زەرد و نینۆکڕەشبووەکانی بانتەم لایەنس گورزەکەیان کردەوە. ئەمیش شوشتنێکی دەوێت. چڵکە سەختەکەی لێ ببێتەوە. بەیانی باش، سابوونی پییەرست بە کار هێناوە[250]؟ کرێش لەسەر شانەکانی. بێخی سەری چەورکردنی دەوێت.

بانتەم لایەنس وتی:

- دەمەوێت باسی ئەو ئەسپە فەڕەنسییە بدۆزمەوە کە ئەمڕۆ ڕادەکات، کوا ئەو نەفرەتییە؟

خشەخشی لە پەڕە دووقەدەکان هەڵستاند، چەناگەی لەسەر یەخە بەرزەکەی ڕادەوەشاند. خورووی پاش تەراش. یەخەی توند قژی دەڕووتێنێتەوە[251]. باشترە ڕۆژنامەکەی بۆ بە جێ بهێڵم و لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە.

میستەر بلووم وتی:

- دەتوانیت بیبەیت بۆ خۆت.

بانتەم لایەنس منگاندی:

- ئاسکۆت. جامی زێڕین. بوەستە. نیو چر. ماکسیمەمی دووەم[252].

میستەر بلووم وتی:

- خۆم خەریک بوو فڕێی بدەم[253].

بانتەم لایەنس لە ناکاو چاوەکانی هەڵبڕی و بە لاوازی لاتیرێکی[254] تێگرت. دەنگە تیژەکەی وتی:

- چییە ئەوە؟

میستەر بلووم وەڵامی دایەوە:

- دەڵێم دەتوانیت بۆ خۆتی هەڵبگریت، ئەو چرکەیە خەریک بوو فڕێی بدەم.

بانتەم لایەنس بۆ ساتێک دوودڵ بوو، لاتیری بۆی کرد: ئینجا پەڕە پەرش و بڵاوبووەوەکانی هاویشتەوە بۆ سەر باوەشی میستەر بلووم.

وتی:

- دەی ئەو پڕکێشییە دەکەم. ها، سوپاس.

بەرەو سووچی لای کانوەی[255] پەلەی کرد. دە بڕۆ چرووک[256].

میستەر بلووم دیسان پەڕەکانی بۆ چوارگۆشەیەکی ڕێکوپێک قەد کرد و سابوونەکەی تێیدا جێگیر کرد، بزەی دەکرد. لێوی ئەو کابرایە پێکەنیناوییە. گرەوکردن. بەم دواییانە بووە بە واگرە. کوڕە نامەبەرەکان دزی دەکەن بۆ ئەوەی شەش پنس گرەو بکەن. هایبەخت لەسەر قەلێکی ناسکی گەورە. شێوی کریسمست بە سێ پنس. جاک فلێمینگ پارەی پێسپێرراوی دەدزی و قوماری پێ دەکرد دواتر بە قاچاغ برا بۆ ئەمەریکا[257]. ئێستا میوانخانەیەک بە ڕێوە دەبات. هەرگیز ناگەڕێنەوە. مەنجەڵە گۆشتەکانی میسر[258].

بە دڵخۆشییەوە بەرەو مزگەوتی گەرماوەکان[259] ڕۆیشت. بیری مزگەوتت دەخاتەوە، خشتی سوورکراو، منارەکان. وەرزشی کۆلێج ئەمڕۆ دەبینم[260]. پۆستەرە ناڵئاساکەی سەر دەروازەی پارکی کۆلێجەکەی بینی: دووچەرخەسوار وەک گادۆسێکی ناو تاوەیەک قەد بووە[261]. ڕیکلامێکی زۆر خراپە. ئێستا ئەگەر وەک ویلێک خڕ دروستیان بکردایە. ئینجا بە تەلەکانەوە: وەرزش، وەرزش، وەرزش: ئینجا چەقەکەش بە گەورەیی: کۆلێج. شتێک کە سەرنجی چاو ڕابکێشێت.

ئەوە کەڕەناژەنە[262] لای کۆختەی دەرگاوانەکەدا وەستاوە. بە دەستهەڵبڕینێک ناسیاوییەکە بهێڵەوە[263]: ڕەنگە هەر لەوێوە بە سەرلەقاندنێک ڕێی پیاسەیەکی ناوەوەت پێ بدات[264]. میستەر کەڕەناژەن، ئەم کاتەت باش. ئەم کاتەی تۆش باش، قوربان.

بە ڕاستی کەشوهەوایەکی بەهەشتییە. ئەگەر ژیان هەمیشە وەها بووایە. کەشوهەوای کریکێتە[265]. لەوێ لە ژێر سایەبانەکاندا دابنیشیت. ئۆڤەر دوای ئۆڤەر[266]. ئاوت. لێرە ناتوانن یاری بکەن[267]. دەکی شەش لێدان[268]. کەچی کاپتن کیولەر[269] بە لێدانێکی توند بەرەو سکوێر لێگ[270] پەنجەرەیەکی یانەکەی شەقامی کیلدێری[271] شکاندبوو. بازاڕی دانیبرووک بۆیان شیاوترە[272]. جا کەللەکان، کە دەیانشکاندن کاتێ مەکارثی هاتە مەیدان[273]. شەپۆلی گرە. زۆر نامێنێتەوە. کانیی ژیان هەمیشە تێدەپەڕێت، ئەوەی لە کانیی ژیاندا بۆی دەگەڕێین لە هەموو شتێکی تر بەوەجترەوە[274].

ئێستا چێژ لە گەرماوەکە ببینە: ئەستێلێک پڕ لە ئاوی پاک، میناکەی[275] ساردە، تەوژمی شلەتێنی هێمن. ئەمە جەستەی منە[276].

وێنای لەشە ڕەنگزەردەکەی خۆی کرد کە تەخت لەسەر پشت بە ڕووتی لە ناو مندالدانێکی گەرمادا[277] ڕاکشا، بە سابوونی بۆنداری تواوە کەفاوی کرا، بە هێواشی شۆررا. قەد و پەلەکانی خۆی بینی لەسەری بریبرینجەیان[278] دەکرد و دەمانەوە، بە بێکێش سواراو ببوون، زەردی لیمۆیی: ناوکی، چرۆی پێست: هەروەها تووکی تۆخی ئاڵۆسکاوی تووکەبەری خۆی بینی سوارڤا دەبوون، تووکی سوارڤای کانییەکەی دەوری باوکە شۆڕەکەی هەزاران، گوڵێکی ژاکاوی سوارڤا[279].

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی پێنجەم

[1] **ئەڵقەی پێنجەم: لۆتۆسخۆران**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: بلووم لە ماڵی خۆیانەوە لە شەقامی ئێکلس بەرەو لەنگەرگای سێر جۆن ڕۆجەرسن دەڕوات کە لای بەری باشووری ڕووباری لیفیی ناوەڕاستی شاری دەبلنە، بەرەو پۆستەخانەکەی شەقامی وێستلاند ڕۆو دەسووڕێتەوە، پاشان بەرەو گەرماوەکەی شەقامی لەینستەر دەگەڕێتەوە – دەبلن.

**کات**: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ١٠ی بەیانی.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: بلووم، مەکۆی، بانتەم لایەنس، دەرمانسازێک.

بلووم بە لای لەنگەرگای سێر جۆن ڕۆجەرسندا تێدەپەڕێت. لەو لەنگەرگایە کار هەیە و شتان بار دەکرێن. لەسەر ڕێکەی کوڕ و کچێکی منداڵی هەژار دەبینێت. کوڕەکە جگەرە دەکێشێت. پاشان بە لای دوکانی گۆڕهەڵکەنێکدا دەڕوات. لەبەر پەنجەرەی دوکانێکی چادا دەوەستێت و بیر دەکاتەوە چا بکڕێت. دەیەوێت بە دزییەوە سەردانی پۆستەخانە بکات، بۆ ئەوەی بزانێت لە مەرسا کلیفردەوە نامەی بۆ هاتووە یان نا.

بلووم لە ڕۆژنامەیەکدا بانگەوازی کردووە کە «پێویستمانە: خانمێکی تایپێستی زیرەک بۆ هاوکاریکردنی پیاوێک لە کاری وێژەوانیدا». چل و چوار خانم پەیوەندییان کردووە بۆ ئەوەی ئەم کارە وەربگرن. مەرسا یەکێکە لەوان و بلوومیش ئەم پەیوەندییەی تا ڕادەیەک خراپ بە کار هێناوە. ئەگەرچی هێشتا بلووم و مەرسا یەکتریشیان نەدیوە و لەوە ناچێت بلووم حەز بکات یەکتر ببینن. بلووم ناوی خوازراوی «هێنری فلاوەر» بۆ ئەم پەیوەندییە بە کار دەهێنێت. واتە مەرسا وا دەزانێت بلووم ناوی هێنرییە.

بلووم لە ڕامان لە پەنجەرەی دوکانی چاکەوە بیر لە کێڵگەی چا دەکاتەوە لە سیلان و خۆرهەڵات کە چۆن لە ساڵێکدا شەش مانگ دەنوون. لەوێوە بیر لە گەرمی و لە دەریای مردوو دەکاتەوە. دواتر بە ناڕوونی بیر لە دەستووری ئەرخەمیدس دەکاتەوە.

بلووم ڕۆژنامەیەکی *فریمانس جۆرنەڵ*ی ئەو ڕۆژەی پێیە. *فریمانس جۆرنەڵ* ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی دەبلن بووە و بلووم خۆی لەوێ کار دەکات و نوێنەری ڕیکلامسازیی ئەو ڕۆژنامەیە و ڕۆژنامەی *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*ە. دواجار دەگاتە پۆستەخانەکە و کارتی هێنری فلاوەر ڕادەست دەکات، نامەیەکی لە مەرساوە بۆ هاتووە و دەیدرێتێ. ئینجا خۆی بە تەماشاکردنی پۆستەرێکەوە دەخلافێنێت. پۆستەرەکە وێنەی سەربازانی سوپای تێدایە. لەوەوە بیر لە خەزووری دەکاتەوە کە لە سوپادا بووە. ئینجا بیر

لە هەندێک ڕووداوی پەیوەندیدار بە سوپا و دەبلن و شا ئێدواردی حەوتەمی بەریتانیا دەکاتەوە کە ماسۆنییە و هەرگیز جلی ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسی نەپۆشیوە.

بلووم دەکەوێتەوە ڕێ و لە گیرفانیدا نامەکە دەکاتەوە، شتێکی بە دەرزی پێوە کراوە، وا دەزانێت فۆتۆیە. بەڵام ناسیاوێک دەبینێت بە ناوی مەکۆی و ئەم کارەی لێ دادەبڕێنێت.

مەکۆی کارگێڕی وێستگەی شەمەندەفەرە و لەگەڵ لاشەدۆزی شاردا کار دەکات و یارمەتیی دەدات. ژنەکەی مەکۆی هەر وەک ژنەکەی میستەر بلووم گۆرانیبێژە، بەڵام بلووم زۆر ڕای لێی نییە و پێی وایە لە ئاستی خاتوو ماریۆن بلووم (مۆڵی)دا نییە. بلووم حەز بەم بینینەی مەکۆی ناکات و دەیەوێت خۆی لێ بدزێتەوە، بەڵام ناتوانێت. مەکۆی بلووم دەگرێت و سڵاوی لێ دەکات و گفتوگۆیەکی ئاسایی لە نێوانیاندا ڕوو دەدات. کە مەکۆی سەرنجی جلی پرسەکەی بەری بلووم دەدات دەپرسێت کێ مردووە؟ بلوومیش پێی دەڵێت کە پاتریک دیگنەم مردووە و کاتژمێر ١١ پرسەکەیەتی، کە دەکاتە نزیکەی کاژێرێکی تر. ئینجا مەکۆی دەکەوێتە باسی ئەوەی کە چۆن هەواڵەکەی زانیوە و پێی ناخۆش بووە.

لەوبەر شوێنی بلووم و مەکۆیەوە میوانخانەیەکی لێیە. بلووم لەوبەرەوە ژن و پیاوێک دەبینێت، ژنەکە تا ڕادەیەک کەشخە و دەوڵەمەند دیارە، سواری عەرەبانەیەک دەبێت. بلووم خەیاڵی سەرجێیی لەگەڵ ئەم خانمەدا دەکات و مەکۆیش هەر قسەی بۆ دەکات. بەڵام ترامێکی ناوشار دێتە نێوانیانەوە و بەری دیمەنەکەی لێ دەگرێت و عەرەبانەکەی خانمەکە دەڕوات. بلووم خوازیارە بە لایاندا بڕوات و جارێکی تر خانمەکە ببینێتەوە. لەم کاتەدا خۆی بە ڕۆژنامەکەیەوە سەرقاڵ دەکات و ڕیکلامێکی تێدا دەبینێت.

مەکۆی دەیەوێت داوای باوڵێک لە بلووم بکات، بەڵام وا دیارە ئەمە کاری یەکەم جاری نییە کە داوای باوڵ لە خەڵکان دەکات و نایانداتەوە. بلووم یەکسەر باس لەوە دەکات کە خاتوو بلووم کۆنسێرتێکی هەیە و خۆیان پێویستیان بە باوڵەکەیانە. بە کورتی بلووم باسێکی گەشتە کۆنسێرتەکەی خاتوو ماریۆنی ژنی دەکات. مەکۆی دەیبڕێتەوە و داوا دەکات کە ئەگەر بلووم چوو بۆ پرسەکە، لە لیستی ئامادەبووانی پرسەکەدا ناوی مەکۆی بنووسێت، چونکە خۆی بۆی ناکرێت بچێت بۆ پرسەکە. گوایە لەبەر ئەوە بۆی ناکرێت کە ئەنگاوتەیەکی خنکان هەیە و دەبێت لەگەڵ لاشەدۆزەکەدا بچن بە دەنگیەوە. بەهەرحاڵ، بلووم بەڵێنی پێ دەدات کە وا دەکات و مەکۆی دەڕوات.

بلووم دڵنیا نییە لەوەی مەکۆی ڕۆیشتووە و پێی وایە بۆ سیخوڕی دەورەی داوە. بە دزییەوە خۆی دوا دەخات و هەندێک ڕیکلامی سەر شەقامەکە دەخوێنێتەوە کە ڕیکلام بۆ نمایشێکی شانۆیی دەکات. لەو ڕیکلامەوە بیر لە هەندێک ئەکتەر و شانۆگەری دەکاتەوە. هەروەها بیر لە باوکی و *هاملێت* و بە تایبەتی دیمەنێکی شانۆگەرییەک دەکاتەوە، کە باوکی وتەکانی ئەو شانۆنامەیەی ئەزبەر بووە. ئینجا تەماشا دەکات و ئەرخەیان دەبێت کە مەکۆی ڕۆیشتووە.

بلووم بە دوای پەناگایەکدا دەگەڕێت تا نامەکەی لێ بخوێنێتەوە. بە لای هەندێک ئەسپدا دەڕوات و بە دەم خۆیەوە گۆرانیی ئۆپێرایەکی مۆتسارت دەبێژێت، کە هەوای «لا چی دارێم لا مانۆ»یە. دەچێتە شەقامی کەمبەرلاند و تەماشایەکی چواردەوری خۆی دەکات و نامەکەی مەرسا دەخوێنێتەوە.

مەرسا دەڵێت بۆ بینینی هێنری (بلووم) زۆر پەرۆشە. زمانی نامەکەی مەرسا لە ڕووکەشدا ئاساییە، بەڵام واتای ناڕاستەوخۆی هەیە کە ئاماژەی سەرجێییان تێدایە، یان هیچ نەبێت بلووم وا دەیخوێنێتەوە. ئینجا بلووم بیر لە سەرجێیی دەکاتەوە لەگەڵیدا و نامەکە دەخاتەوە گیرفانی. بیر لە ئەگەری یەکتربینین دەکاتەوە، بەڵام وا دیارە بلووم نایەوێت ببینێت. بۆی دەردەکەوێت ئەوەی وای زانی فۆتۆتە و بە دەرزی نراوە بە نامەکەوە، گوڵ بووە، نەک فۆتۆ. دەرزییەکەی فڕێ دەدات و بیر لە پەیوەندیی نێوان خانمان و دەرزی دەکاتەوە کە ژنان دەرزییان زۆرە. لە ناوی مەرساشەوە بیرێکی کورت لە مەرسای نێو *ئینجیل* دەکاتەوە کە مەرسا و مریەم دوو خوشکی لەعازر بوون و هاوڕێی عیسا بوون و عیسا سەردانی کردوون. پاشان زەرفی نامەکە دەدڕێنێت و پارچەکانی بەسەر شەقامەکەدا بڵاو دەکاتەوە. بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئەوە چەکێکی بانک بووایە ئاوها بە ئاسانی دەیدڕاند؟ ئینجا بیر لە لۆردی خاوەنی بیرەخانەی گینیس دەکاتەوە کە چەکێکی حەوت ژمارەیی گۆڕیوەتەوە و بیر لە قازانجی بیرە دەکاتەوە.

بلووم بە دەم ڕێوە دەگاتە کڵێسایەکی کاسۆلیکی بە ناوی *ئۆڵ هالۆس*. تەماشای ئاگادارینامەکەی بەردەرگاکەی دەکات. لەوەوە بیر لە هەندێک کاری مژدەبەری بۆ وڵاتی چین و لەوەشەوە بیر لە بوودیزم و بوودا دەکاتەوە. بەراوردێکی کورتی نێوان بوودا و عیسا دەکات.

بۆنەی ماس لە کڵێساکەدا دەگێڕێت و ئەمیش بەشداریی تێدا دەکات. بلووم تەماشای چواردەوری خۆی دەکات. لەم سەرنجانەی بلوومەوە تێدەگەین کە بلووم زۆر لە

دینی کاسۆلیک نازانێت و زۆر بە سرووتەکانیان ئاشنا نییە. ئینجا سەرنج لە نزا لاتینییەکانی قەشەکە دەدات و هەوڵ دەدات لێیان تێبگات. نانەڕەقەکەی ماسی کاسۆلیک بە نانی فەتیرەی جووەکان بەراورد دەکات. بە هەڵە وا بیر دەکاتەوە کە خەڵکان لە ماسی کاسۆلیکدا شەراب دەخۆنەوە و بە سەرخۆشی دێنە دەرەوە، کە ئەمە ڕاست نییە. سەرنج لە زۆربەی کارەکانی قەشە و باوەڕدارەکان دەدات و بۆ ئەو پرسیارن کە داخۆ ئاماژەکانیان چین و لە چی دەچن؟ پرسیاری جۆراوجۆری تریش لە مێشکیدا دەورووژێن.

بۆ ساتێک بیر لەوە دەکاتەوە کە لەوانەشە ئێستا مەرسا لەو پەرستگایە بێت. دیسان بیر لە شەراب و پەیوەندییەکەی بە پەیداکردنی پارە و باوەڕەوە دەکاتەوە. سەرنجی ئەوەش دەدات کە بە داخەوە کڵێساکە هیچ موزیکێک پێشکەش ناکات. لەمەشەوە بیر لە چەند ژەنیارێکی بەناوبانگی دەبلن دەکاتەوە و نمایشێکی مۆڵیی ژنیشی بە بیر دێتەوە کە زۆر نایاب کارێکی موزیکیی جاکینۆ ڕۆسینی (١٧٩٢-١٨٦٨)ی بێژاوە بە ناونیشانی *ستابات ماتێر*. ئاوهاش بیر لە هەندێک لە موزیکە نایابەکان دەکاتەوە. پاشان بیر لە کاری ڕەبەنگاکانیش دەکاتەوە کە خەساویان لە کۆڕەکانیاندا ڕاگرتووە: واتە منداڵیان بە منداڵی خەساندووە تا کە گەورە بوون دەنگیان گڕ نەبێت و هەر ئەو ئەدگارە منداڵییانە لە دەنگیاندا بمێنێت، بۆ ئەوەی لە کۆڕی سروودە دینییەکاندا بتوانن شوێنی خانمان بگرنەوە.

پاشان قەشەکە دوایین نزاکان دەکات. بلوومیش بیر لە تۆکمەیی ڕێکخراوەیی دینی کاسۆلیک دەکاتەوە. قەشەکە دەڕوات و سرووتەکە تەواو دەبێت.

بلووم لە کڵێسا دەردەچێت و بەرەو دوکانێکی دەرمانساز دەچێت. لەو دوکانە چاو بە هەندێک لە شووشەواتەکاندا دەگێڕێت و بیر لە داو و دەرمان دەکاتەوە. پاشان داوای کرێمێک لە دەرمانسازەکە دەکات، کە نزیکەی دوو حەفتە لەوەوبەر بۆ مۆڵیی ژنی داوە بە کرد، ئێستا دانەیەکی نوێی لێ دەوێت. دەرمانسازەکە پێی دەڵێت دوایی بۆی بێتەوە. بلووم پێش دەرچوونی داوای سابوونێکی لیمۆ دەکات و هەڵیدەگرێت و لە دوکانەکە دەردەچێت.

لەسەر شەقامەکە کەسێک دەبینێت بە ناوی بانتەم لایەنس و گفتوگۆیەکی کورت لە نێوانیاندا ڕوو دەدات. لایەنس ڕۆژنامەکە لە بلووم وەردەگرێت و بە دوای هەواڵی جامی زێڕینی ئەسپسوارییەکەی ئەو ڕۆژەدا دەگەڕێت، چونکە بانتەم لایەنس دەیەوێت گرەو لەسەر ئەسپێک بکات تا پارە بباتەوە، واتە قومار دەکات.

لێرەدا بلووم قسەیەک دەکات کە دواتر لە درێژەی ڕۆمانەکەدا زۆر لەسەری دەکەوێت. بلووم دەیەوێت بانتەم لایەنس بەوە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە کە ڕۆژنامەکەی بداتێ، بۆیە دەڵێت: «دەتوانیت بیبەیت بۆ خۆت» و «خۆم خەریک بوو فڕێی بدەم». بلووم هیچ مەبەستێکی ناڕاستەوخۆی لەم قسەیە نییە، بەڵام دواتر ئاماژەی ناڕاستەوخۆی ئەم ڕستەیە خراپ لێک دەدرێتەوە. ئەم ڕستەیە لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا زۆر ڕوون دەرناچێت. لە نێو ئەو جامە زێڕینەدا ئەسپێک هەیە بە ناوی «ثرۆئەوەی». *ثرۆئەوەی* بە ئینگلی واتە «فڕێ بدە» یان «فڕێدەر». هەر ئەو ئەسپەشە کە دواتر دەبێتە براوەی جامە زێڕینەکە. بانتەم لایەنس وا ئەو قسەیەی بلووم وەردەگرێت کە ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێت: «گرەو لەسەر ثرۆئەوەی بکە». بەڵام لەبەر ئەوەی بلووم لە ڕۆژنامەدا کار دەکات و دەتوانێت زانیاریی نهێنی لەسەر ئەسپەکان بزانێت، بۆیە نایەوێت و نابێت ڕاستەوخۆ سووسە بداتە خەڵکان کە گرەو لەسەر چ ئەسپێک بکەن و نەکەن. هەرچۆنێک بێت، بانتەم لایەنس سوپاسی دەکات و ڕۆژنامەکەی بۆ بە جێ دەهێڵێت و دەڕوات. بەڵام بلووم بە هیچ شێوەیەک نازانێت کە ئەم قسە ئاساییەی کردی دواتر لە ئەڵقەی دوازدەیەمدا چ باجێکی دەبێت.

پاشان بلووم بیر لە گرەوی سەر یاری دەکاتەوە. دەگاتە شەقامی لەینستەر کە گەرماوێکی تورکی لەوێ هەیە. لەوێدا پۆستەری بۆنەیەکی وەرزشیی دووچەرخەسواری دەبینێت کە دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە زانکۆ ساز دەدرێت. بلووم بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو ڕیکلامە زۆر خراپە و دەکرا باشتر کرابا. لەوێوە پیاوێک دەبینێت کە بە «کەڕەناژەن» بیری لێ دەکاتەوە، سڵاوێکی لێ دەکات.

ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە کەشوهەوا زۆر خۆش و بەهەشتییە و ماڵی ئەوەیە لەم کەشوهەوایەدا یاریی کریکێت بکەیت. بە کورتی بیر لە کریکێت و یەک دوو ڕووداوی ئەم یارییە دەکاتەوە. لە کۆتاییدا دەگاتە گەرماوەکە و خۆی دەشوات. **~ن.م.**

دوای ئەوەی ئۆدیسێفس لە دوورگەکەی کالیپسۆ دەردەچێت و لە ڕێی دەریاوە دەگاتە شاری سخێریا (پەڕتووکی شەشەم) و لە کۆشکی شا ئەلکینۆسدا پێشوازیی لێ دەکرێت و خزمەت دەکرێت (پەڕتووکی حەوتەم و هەشتەم)؛ لە پەڕتووکی نۆیەمدا خۆی بۆ ئەلکینۆس ئاشکرا دەکات کە کێیە و دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکی بەسەرهاتەکانی خۆی لە ترۆیاوە: «ساڵانی بەسەرهاتی ناخۆش، بە چاودێریی زێوس تێپەڕی» (٩: ٣٧-٣٨) لە سەرەتای بەسەرهاتەکەیدا زریانێک خۆی و پیاوەکانی بەرەو

خاکی لۆتۆسخۆرەکان دەبات: «کە لەسەر گوڵێک دەژیان» (٩: ٨٤) ئۆدیسێفس لە کەشتییەکەی دادەبەزێت. هەندێک لە پیاوەکانی ئۆدیسێفس خەڵکە لۆتۆسخۆرەکان دەناسن کە مامەڵەی ئەوان لەگەڵ ئەماندا دۆستانەیە، لۆتۆسخۆرەکان لۆتۆس دەدەن بە ئەوان و ئەوانیش دەیخۆن و گوڵەکە وایان لێ دەکات بۆ هەمیشە حەز بکەن لەوێ بمێننەوە:

حەز دەکەن بۆ تاتایە لەوێ بمێننەوە،

لەسەر ئەو گوڵە ڕەسەنە بژین، خاکی خۆیان لە بیر بچێتەوە

(٩: ٩٦-٩٧) ئۆدیسێفس پیاوە ئالوودەبووەکان دەهێنێتەوە ناو کەشتییەکان و دەکەوێتەوە ڕێ.

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ١٠ی بەیانییە. دیمەن: بلووم لە بەری خۆرهەڵاتی ماڵی خۆی لە شەقامی ئێکلسەوە بە نزیکی میل و چارەکێک بەرەو لەنگەرگای سێر جۆن ڕۆجەرسن ڕۆیشتووە کە لای بەری باشووری ڕووباری لیفییە، نزیک دەمی ڕووبارەکە. بە باشووردا بەرەو پۆستەخانەکەی شەقامی وێستلاند ڕۆو دەسووڕێتەوە (وەک بڵێیت بە دزییەوە بۆی دەچێت، نەک ڕاستەوخۆ) و پاشان بە ڕێکی بەرەو باشووری خۆرئاوا بەرەو گەرماوەکانی شەقامی لەینستەر دەگەڕێتەوە. گەشتەکەی لە ناو سێگۆشەیەکدا ڕوو دەدات کە لە هەر لایەکەوە سێیەکی میلێک درێژە. ئامراز: ئەندامی زاووزێ. هونەر: ڕوەکناسی-کیمیا. ڕەنگ: هیچ. هێما: دەفری نمایشکردن (بڕوانە ١: ٩٦) و (بڕوانە ٣: ٩٠)}. تەکنیک: نارسیسیزم. هاوتەرییەکان: لۆتۆسخۆرەکان: لێخوڕی ئەسپەکان، ئامادەبووانی کڵێسا، سەربازەکان، خەساوەکان، خۆشۆرەکانی گەرماوەکان، تەماشاکەرانی یاریی کریکێت.

لە هێڵکارییەکەی لیناتیدا، ناوی ئەم کەسێتییانە (بێ دیاریکردنی هاوتەرییان) هاتووە: یوریلۆکوس {یەکێکە لە هاوەڵەکانی ئۆدیسێفس، تاکە پێشڕەوی سەربازەکانە کە لە بوون بە بەراز دەربازی دەبێت}؛ پۆلیتس {یەکێکە لە کوڕەکانی پریامۆس، پیرۆسی کوڕی ئەخیلیفس (یان نیۆپتۆلیموس) لە کاتی کەوتنی ترۆیادا «لە ڕقێکی کوشندە»دا دەیکوژێت (ئەینیاس ٢: ٥٢٦)}؛ ئولیس؛ نافسیکا [مەرسا کلیفرد؟] هەروەها وەک هێماش ئەمانە لیستە دەکات: «نانەڕەقەی پیرۆزکراو، گەڵوگون لە گەرماودا، گوڵەکەف، دەرمانی هۆشبەر، خەساندن، کاڕان». **~گ.س.**

بۆ *کاڕان* (بڕوانە ٥: ٩٨). **~ن.م.**

[2] **لۆری**: کرێنەکانی بەری ئاوەکەن. **~گ.س.**

لە چاپەکانی پێشوودا ئەم وشەیەم بە دەستەواژەی «مەکینەی بارهەڵگر» وەرگێڕابوو، جۆیس لە دەقە ماکەکەدا وشەی *لۆری lorry*ی بە کار هێناوە، کە وشەیەکە و زیاتر ئینگلەکانی بەریتانیا بە کاری دەهێنن و دەمێکە وەک خۆی خوازراوە بۆ ناو زمانی کوردی و بە واتای ئۆتومبێلی بارهەڵگری گەورە دێت. بەڵام جۆیس لێرەدا بە واتای مەکینەی بارهەڵگر بە کاری هێناوە، کە ئەم مەکینانە دەشێت تایەیان نەبێت و خۆیان نەجووڵێن؛ بە گوێرەی *فەرهەنگی کۆلینز*، وا دیارە وشەی *لۆری* لە وشەی خۆمانەیی ئینگلیی *لوری* و *لوگ*ەوە هاتبێت بە واتای *ڕاکێشان*. بۆیە دەشێت لە کوردیدا وشەی *بارکێش*یش لە بری بە کار بهێنرێت. ~**ن.م.**

[3] **لەنگەرگای سێر جۆن ڕۆجەرسن**: لە بەری باشووری ڕووباری لیفییە، لای دەمەکەیەوە. سێر جۆن ڕۆجەرسن، کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا پارێزەر و ئەندامێکی ئەنجوومەنی شار بوو، دواتر بوو بە سەرۆکی یاساپارێزانی پاشا، بەری لەنگەرگاکەی ئاوەدان کردەوە. ~**گ.س.**

[4] **کۆڵانی ویندمیڵ**: دەکەوێتە لای ڕاستی بلوومەوە کە بە لەنگەرگای ڕۆجەرسندا دەڕوات. ~**گ.س.**

[5] **لیسکی گوشەری تۆوکەتان**: ئێچ ئێم لیسک و هاوبەشەکانی، گوشەری تۆوکەتان و دروستکەری ڕۆن و کێک، بە ناونیشانی ١٤-١٥ی لەنگەرگای ڕۆجەرسن. ~**گ.س.**

[6] **نووسینگەی پۆستەی تەلەگراف**: بە ناونیشانی ١٨ی لەنگەرگای ڕۆجەرسن. ~**گ.س.**

[7] **دەمتوانی... بە کار بهێنم**: ناونیشانی ١٨ی لەنگەرگای ڕۆجەرسن لقێکی پۆستەخانەی شارەکە و بانک و نووسینگەی حەواڵەی تێدا بوو. بلووم بیر لەوە دەکاتەوە کە دەیتوانی ئەم ناونیشانەش وەک ناونیشانی شوێنی پەیوەندییە نهێنییەکانی بدات لەگەڵ نووسینگەکەی شەقامی وێستلاند ڕۆو کە وا بەرەو ئەوێ دەچێت. ~**گ.س.**

[8] **ماڵی مەلەوانەکان**: ماڵی مەلەوانەکان و کۆمەڵەی دەریاوانە کەشتی-نوقمبووەکان، بە ناونیشانی ١٩ی لەنگەرگای ڕۆجەرسن. ~**گ.س.**

[9] **شەقامی لایم**: بلووم بە لای ڕاستدا لای کردەوە و بەرەو باشوور دەچێت. ~**گ.س.**

[10] **کۆختەکانی برادی**: کۆڵانی چەند کۆختە و شوقەیەکی کرێی هەژارنشینە کە لەگەڵ شەقامی لایمدا یەکتر دەبڕن. ~**گ.س.**

[11] **خۆی... شۆڕ کردبووەوە**: کوڕێکە کە خۆڵ و خاشاک و قتووی شتان کۆ دەکاتەوە. ~**گ.س.**

دکتۆر هەنت پێی وایە کە گیفرد هیچ سەرچاوەیەکی بۆ ئەمە نییە و ڕوونکردنەوەی زیاتریش نادات، بەڵام ئەم گەڕەکە زۆر هەژار بوون و وا دیارە ئەمە کوڕێک بێت کە ناوسک و پزۆری ئاژەڵ لە گۆشتفرۆشەکان کۆ دەکاتەوە. ناوسک و پزۆر ئەو بەشەی ئاژەڵن کە بە گشتی بۆ خواردن ناشێن. لەبەر ئەوەی لە نەریتی دینی جووشدا گورچیلە بۆ خواردن ناشێت، بەڵام بلووم ئەم بەیانییە چوو کڕی و خواردی، وا دیارە وا هەست دەکات لەگەڵ کوڕە هەژارەکەدا شتێکیان لە یەک دەچێت. **~ن.م.**

12 **سەتڵی... بەستبوو**: **پزۆر**: بە ئینگلی *offal*، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «ناو سک و ڕیخۆڵەی گیاندار». **~ن.م.**

بە گوریس یان زنجیرێک سەتڵەکەی بە خۆیەوە گیر کردووە لە بری ئەوەی بە دەسکەکەی پێوەی کردبێت. **~گ.س.**

13 **ئەڵقەبەرمیلە شکاوەکە**: لیستۆکی کچەکە هەر پارچەیەکی ناو خۆڵ و خاشاکە، ئەڵقەیەکی فڕێدراوی بەرمیلێکە. **~گ.س.**

14 **شەقامی تاونسێند**: بلووم لای دامێنی شەقامی لایمەوە بەرەو لای ڕاست لایدا، بە شەقامی هانۆڤەری خۆرهەڵاتدا ڕۆیشت، کە دەچێتە سەر شەقامی تاونسێند. بەرەو چەپ لا دەکاتەوە (واتە باشووری شارەکە)، شەقامی تاونسێند تێدەپەڕێنێت و بەرەو باشوور و شەقامی لۆمباردی خۆرهەڵات دەڕوات. **~گ.س.**

15 **بێتئێل**: *بێث* بە عیبری واتە *ماڵی* و *ئێل* واتە *خودا*، کەواتە *بێثئێل* واتە ماڵی خودا {*کتێبی پیرۆز* و منیش هەردووکمان ث مان کردووە بە ت}. شوێنەکەی دەبلن بە ناوی ئەو شوێنە پیرۆزەوە ناو نراوە کە لە *کتێبی پیرۆز*دا باسی دەکات کە بە دوازدە میل کەوتووەتە باکووری ئۆرشەلیم و لەوێ سندوقی پەیمان پارێزراوە. بڕوانە (ڕابەران ٢٠: ٢٦-٢٨) و (ڕابەران ٢١: ٢-٤). **~گ.س.**

**سەرچاوەی یەکەم:**

[٢٦]ئینجا هەموو نەوەی ئیسرائیل، هەموو گەل سەرکەوتن، هاتن بۆ بێتئێل و گریان، لەوێدا لەبەردەم یەزداندا دانیشتن، لەو ڕۆژەدا هەتا ئێوارە بە ڕۆژوو بوون و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشییان لەبەردەم یەزدان پێشکەش کرد. [٢٧]جا نەوەی ئیسرائیل لە یەزدانیان پرسی. لەو سەردەمەدا سندوقی پەیمانی خودا لەوێ بوو، [٢٨]هەروەها لەو سەردەمەدا فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کوڕی هارون لەبەردەمیدا خزمەتی دەکرد. لە یەزدانیان پرسی و گوتیان: «ئایا بگەڕێینەوە بۆ

جەنگ لە دژی نەوەی بنیامینی برامان یان واز بهێنین؟» یەزدانیش گوتی: «سەربکەون، چونکە سبەینێ دەیاندەم بەدەستتانەوە» (ڕابەران ٢٠: ٢٦-٢٨)

**سەرچاوەی دووەم:**

[٢]ئینجا گەل چوون بۆ بێتئێل و هەتا ئێوارە لەوێدا لەبەردەم خودا مانەوە و دەنگیان بەرزکردەوە و گریان، گریانێکی بەکوڵ. [٣]گوتیان: «ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، بۆچی ئەمە لە ئیسرائیلدا ڕوویدا، هەتا ئەمڕۆ نەوەی ئیسرائیل هۆزێک لە دەست بدات؟» [٤]بۆ ڕۆژی دواتر گەل زوو هەستا و لەوێدا قوربانگایەکیان دروستکرد و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشییان پێشکەش کرد. (ڕابەران ٢١: ٢-٤)

[16] **نیکۆڵسی گۆڕهەڵکەنەکان**: جەی و سی نیکۆڵس، خاوەن و جێبەجێکەری خزمەتگوزاریی پرسە و ناشتن و گواستنەوەی تەرم، بە ناونیشانی ٢٦-٣١ی شەقامی لۆمباردی خۆرهەڵات. **~گ.س.**

[17] **کۆڕنی کێڵێهێر**: کەسێتییەکی خەیاڵکردە و کار بۆ هێنری جەی ئۆنیڵ دەکات، کە گۆڕهەڵکەن و دروستکەری دوودارەیە، بە ناونیشانی ١٦٤ی شەقامی ستراندی باکوور (لە بەری باکووری خۆرهەڵاتی دەبلن و نزیک پردی نیوکەمن لە سەرووی کەناڵەکەوە). **~گ.س.**

کۆڕنی (کۆرنیلیوس) کێڵێهێر لەسەر نموونەی سایمن کێریگن بونیاد نراوە، گۆڕهەڵکەن بووە، ساڵی ١٨٥٥ لە دەبلن لە دایک بووە. ساڵی ١٩٠٤ بەڕێوەبەری دەزگاکەی هێنری جەی ئۆنیڵ بووە بۆ خزمەتگوزاریی پرسە و ناشتن و گواستنەوەی تەرم بە ناونیشانی ١٦٤ی شەقامی ستراندی باکوور لە دەبلن. ساڵی ١٩٣٦ مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[18] **بە چاونووقاوی گۆرانی دەبێژێت**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا زۆر ڕوون نییە ئایا مەبەستی کۆڕنی کێڵێهێرە کە بە چاونووقاوی گۆرانی دەبێژێت، یان بلووم خۆیەتی کە بە چاونووقاوی گۆرانی دەبێژێت، من وا بۆی دەچم مەبەست کۆڕنی کێڵێهێر بێت، چونکە میستەر بلووم بە ڕێدا دەڕوات و لە سەرەتای پەرەگرافەکەشدا دەڵێت: «بە وریاییەوە ڕۆیشت». **~ن.م.**

[19] **جارێک... تورەلووم تەییەکەم**: ئەم گۆرانییە بە کەسێتیی کۆڕنی کێڵێهێرەوە گرێ دراوە، بەڵام سەرچاوەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

له گۆرانیی *ئای ڤاود ذات ئای نێڤەر ود لیڤ هێر I vowed that I never would leave her* (بەڵێنم دا هەرگیز بە جێی نەهێڵم) (١٨٦٢)، دانانی ئارثەر لۆید، لێرە و لە هەندێک شوێنی تردا بە کۆرِنی کێڵێهێرەوە بەستراوەتەوە. (سوپاس بۆ عایدە یارد). **~س.ت.م.١**

[20] **وێستلاند ڕۆو**: شەقامێکە لە بەری باشوورەوە شەقامی لۆمبارد درێژ دەکاتەوە. **~گ.س.**

[21] **بەشگەی... بێلفاست**: بە ناونیشانی ٦ی وێستلاند ڕۆو. **~گ.س.**

[22] **تۆم کێرنەن**: بازرگانی چا؛ پیاوێکی خەڵکی ئۆڵستەرە و لە کاتی ژنهێنانەکەیدا دینی خۆی {لە پرۆتستانتەوە} گۆڕیوە بە کاسۆلیک. کەسێتییەکە لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان* و جارجاریش لە *ئولیس*دا دەردەکەوێت. بریکارێکی خەیاڵکردی پووڵبرووک ڕۆبێرتسن و هاوبەشەکانیەتی بە ناونیشانی ٥ی شەقامی دەیم لە دەبلن و ٢ی شەقامی مینسینگ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لەندەن. **~گ.س.**

کەسێتیی تۆم کێرنەن ئاوێتەیە، جۆن ستانیسلاوس جۆیس {باوکی جەیمز جۆیس} هەندێک لە ئەدگارەکانی ئەوی تێدایە؛ بەڵام بە پلەی سەرەکی لەسەر نموونەی ئارِ جەی ثۆرنتن بونیاد نراوە، دراوسێ و هاوڕێی باوکی جۆیس بووە کە ١٨٩٠کان لە شەقامی ڕیچمندی سەروو ژیاون. ماڵی جۆیس لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٤ تا سەرەتای ساڵی ١٨٩٧ لە ١٣ی شەقامی ڕیچمندی سەروو ژیاون. ثۆرنتن باوکسالار («باوکی گیانی»)ی دووان لە منداڵەکانی ماڵی جۆیس بووە، مەیبڵ کە دەیەمین منداڵ بووە و ساڵی ١٨٩٣ لە دایک بووە، هەروەها فرێدی کە یازدەیەمین منداڵ بووە و لە سەرەتای پایزی ١٨٩٤ لە دایک بووە و تەنها چەند حەفتەیەک ژیاوە. ثۆرنتن ماوەیەک لە ١٩ی شەقامی یوستس ژیاوە و فرۆشیاری گەڕۆک بووە، ماوەیەکیش لە ساڵی ١٨٩٧ەوە مەزندەکەری جۆرێتیی چا بووە لای پووڵبرووک و ڕۆبێرتسن و هاوبەشەکانیان، بازرگانی چا بە ناونیشانی ٥ی لەینستەر چامبەرس و ٤٣ی شەقامی دەیم. جۆیس لە نامەیەکدا بۆ کۆنستەنتین پاتریک کیوران (بڕوانە ٢: ٦٤) کە لە ١٤ی تەمموزی ١٩٣٧دا ناردوویەتی، دەڵێت:

> «ئارِ جەی ثۆرنتن، کە هاوڕێی باوکم بوو «تۆم کێرنەن» جاران باسی جولینیی بۆم دەکرد کە ئەو کاتەی منداڵ بووە کۆلارەی لەسەر گوێئاوی ساندیماونت هەڵداوە.»

جۆن ستانیسلاوسی باوکی جۆیس بەم شێوەیە باسی ثۆرنتنی کردووە: «پیاوێکی قۆشمەیە، تێکسمڕاو و سوورفل و کەمێک پیرە». ثۆرنتن ساڵی ١٨٦٩ خانمێکی ئینگلی خواستووە بە ناوی *لیدیا* (پێش شوو: *کرۆسلی*). دوو کوڕ و کچێکیان هەبووە، کوڕەکانی: ڕیچارد ساڵی

١٨٧٣ لە دایک بووە؛ جۆن ١٨٨٧ لە دایک بووە؛ کچەکەیان ناوی *ئێڤەلین* بووە، ساڵی ١٨٨٤ لە دایک بووە، لێگەڕاوە جۆیس لە چیرۆکی *ئێڤەلینی دەبلنییەکان*دا ناوی ئەو بە کار بهێنێت. ڤۆرنتن ساڵی ١٩٠١ لە شەقامی گاردنەری ناوەڕاست کرێچیی بووە و لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٣ لە خانووی ژمارە ١٠ی شەقامی مێرسەری سەروو مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[23] **شەب هەرە باشەکە**: (بڕوانە ٤: ٢٥). **~ن.م.**

[24] **سوارڤا**: (بڕوانە ٢: ٢٢). **~ن.م.**

[25] **لیانای ماری**: **لیانا**: بە ئینگلی *liana*، لە *فەرهەنگی کوردستانیکا*وە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «جۆرێ گیای هەڵچووی ناوچە گەرمێنەکان»ە. لە فەرهەنگەکانی بەردەستمدا نەمدۆزییەوە، بەڵام جۆرێکی مێوە کە خۆی هەڵدەواسێت. ماری، واتە وەک مار. **~ن.م.**

[26] **سەنهالی**: یەکێکن لە گەلە ڕەسەنەکانی وڵاتی سریلانکا (پێشتر پێی دەوترا سیلۆن). **~گ.س.**

[27] **دۆلچێ فار نییەنتێ**: ئیتالییە، واتە: هیچ *نەکردن لە خۆشیدا*؛ ئاوهاش واتە بێکاری و بێچالاکیی خۆش و بەچێژ. **~گ.س.**

[28] **لە دوازدە... دەنوون**: بە گوێرەی ئوستوورەناسیی دوای سەردەمی هۆمیرۆس، لۆتۆسخۆرەکان لە ساڵێکدا شەش مانگی نووستبوون. **~گ.س.**

[29] **گوڵانی بێکاری**: لە ناونیشانی بەرگی یەکەمی هۆنراوە چاپکراوەکانی لۆرد بایرۆن (١٧٨٨-١٨٢٤)ەوە هێنراوە بە ناونیشانی *کاژێرەکانی بێکاری* (بڕوانە ٥: ٣٢). **~س.ت.م.١**

[30] **ئازۆت**: بە فەڕەنسی واتە *نایترۆجین*. کیمیاناسی فەڕەنسی ئەنتوان لۆرۆنت لاڤوازیێ (١٧٤٣-١٧٩٤) بە نایترۆجینی دەوت: «ئازۆت» و تێبینیی ئەوەی لەسەر دابوو کە «ئەگەرچی لە هەوادا زۆرە، بەڵام ناتوانێت یارمەتیی ژیان بدات». **~گ.س.**

لاڤوازیێ وشەی «ئازۆت»ی لە گریکییەوە داڕشتووە، کە بە واتای *ناژیان* دێت. **~س.ت.م.١**

[31] **ماڵی... باخچە ڕووەکییەکان**: لە گلاسنێڤنە کە کەمتر لە دوو میل لە باکووری ناوەڕاستی دەبلنەوە دوورە. **~گ.س.**

لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت «ماڵی گەرم» کە لە باسی گەرماکەوە هاتووە، واتە «ماڵی شووشەیی» و «ماڵی گەرم» هاوناون – یان ڕاستتر، هاودەستەواژەن. **~ن.م.**

[32] **گوڵە شەرمن**: لە دەقە ماکەکەدا نووسراوە *Sensitive plants*، بە واتای ڕاستەوخۆی دەستەواژەکە بێت واتە *شەتڵی هەستیار* بە تاک، یان دەبێت بە *شەتڵە هەستیارەکان* بە

کۆ. سام سلەوت و *فەرهەنگی کۆلینزیش* لە بەرانبەر ئەمەدا *Mimosa pudica*یان داناوە کە بە کوردی دەکاتە گوڵە شەرمن، شەتڵێکی بچکۆلەیە، گەڵاکانی بە ڕیز بەرانبەر یەک وەستاون، ئەگەر دەستت بەریان بکەوێت دادەخرێن. **~ن.م.**

لەوە دەچێت پێشنیاری هۆنراوەی *شەتڵی هەستیار* {یان گوڵە شەرمن}ی پێرسی بیش شێڵی بکات کە ساڵی ١٨٢٠ نووسراوە، کە پێچەوانەی گەوهەری شەتڵی سیسبوو دەردەخات لە بەرانبەر «ئەوین و جوانی و شادی»دا کە «نامرن و گۆڕانیان بەسەردا نایەت». ئەگەر لە ڕاستیدا ئەمە ئاماژە بێت بەو هۆنراوەیەی شێڵی، ئەوکات «باخچە ڕووەکییەکان» (ڕاڤەی پێشوو) ئاماژەیە بە هۆنراوەکەی ئیرازموس داروین (١٧٣١-١٨٠٢) بە ناونیشانی *باخچە ڕووەکییەکە* (١٧٩١). هەروەها لەوانەیە «گوڵانی بێکاری»ش ئاماژە بێت بە بەشی یەکەمی زنجیرە هۆنراوەی *کاژێرەکانی بێکاری* (١٨٠٧) لە نووسینی بایرۆن. **~گ.س.**

[33] **دەریای مردوو**: لەبەر ئەوەی ئاوی دەریای مردوو بە نزیکی لە سەدا بیست و پێنجی خوێی تواوەیە، هێزی کێشکردنەکەی بە نزیکی ١.١٦یە، بۆیە لەشی مرۆڤ بە ئاسانی سەرئاو دەکەوێت. **~گ.س.**

[34] **یاسایەکە**: بلووم هەوڵ دەدات دەستووری ئەرخەمیدس (بە نزیکی ٢٨٧-٢١٢ پ.ز.)ی بیر بکەوێتەوە کە دەڵێت: تەنێکی ڕەق کە بخرێتە ناو شلەیەکەوە، ڕووبەڕووی لەدەستدانی کێش دەبێتەوە و کێشە لەدەستچووەکەش یەکسانە بە کێشی ئەو شلەیەی لە کۆی شلەکەوە دەرچووە. **~گ.س.**

[35] **ڤانس**: مامۆستایە(کی خەیاڵکردە؟) لە قوتابخانەی ئامادەیی ئیرازموس سمیث، ناسناوەکەی «ڕۆیگبیڤ»ە کە سەرەپیتی ڕەنگەکانی پەلکەڕەنگینەیە بەم شێوەیە: سوور (red)، پرتەقاڵی (orange)، زەرد (yellow)، سەوز (green)، شین (blue)، نیلی (indigo)، وەنەوشەیی (violet). قوتابخانەی ئامادەیی لە سیستمی قوتابخانەی نیشتمانیدا بە گشتی قوتابخانەی پیشەیی بوون، بەڵام دەزگای بۆردی قوتابخانە ناوەندییەکان ساڵی ١٨٧٨ پەرەیان بە ئەگەری «بەرنامەی خوێندنی کۆلێج» دا کە ئەم دەزگایە تاقیکردنەوەی ساڵانەی ئەنجام دەدا {وەک تاقیکردنەوەی بەکەلۆری لە هەرێمی کوردستان} و بە گوێرەی ئەنجامەکانی قوتابخانە ئامادەییەکانیش کۆمەکی دارایی بەسەریاندا دابەش دەکرد. ئەو کاتە بلووم دوازدە ساڵان بووە. **~گ.س.**

[36] **سی و دوو... لە چرکەیەکدا:** تاودانی زەوی (خێرایی نزیکەیی تەنی کەوتووەخوارەوە)، لە یاساکەدا بە g هێما کراوە، لە کاتێکدا t کاتە و v خێراییە (بە چرکە)، یاساکە دەبێت بە:
خێرایی = تاودانی زەوی × کاتی خایەنراو (بە چرکە). $v = gt$ **~گ.س.**

[37] **ئەوە... کێشە:** ئەمە یاسای نیوتنە بەڵام زۆر بە ساناکراوی، کە یاساکەی نیوتن دەڵێت: کێش کردەی پەیوەندیی نێوان بارستایی زەوی و بارستایی ئەو تەنەیە کە لێوەی دەکۆڵینەوە {بارستایی تەنی ئاماژەبۆدراو}. **~گ.س.**

[38] **فریمان:** *فریمانس جۆرنەڵ* (بڕوانە ٤: ٣٩). **~گ.س.**

[39] **بێباکانە:** لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *careless air* کە بە واتای ڕاستەوخۆ بێت واتە *هەوای بێباک* یان *ڕوواڵەتی بێباک* یان *خۆنوواندنی بێباک*، زۆر ڕوون نییە کە مەبەست لە «هەوای بێباک» چییە، ئایا ئەمە پەیوەندیی بە کەش و هەوا گەرمەکەی پێشووەوە هەیە کە بیری لێی دەکردەوە؟ یان پەیوەندیی بە شێوازی ڕوواڵەت و خۆنوواندنی بلوومەوە هەیە. من، بەو پێیەی لە هەمان ڕستەی «سەرێک بدە، بزانە»دایە، پێم وایە بلووم بە خۆی دەڵێت: «خۆت بێباکانە دەربخە و سەرێک لە پۆستەخانەکە بدە بزانە نامەت بۆ هاتووە؟» **~ن.م.**

[40] **پۆستەخانەکە:** لقێکی پۆستەخانەی دەبلنە بە ناونیشانی ٤٩-٥٠ی وێستلاند ڕۆو. **~گ.س.**

[41] **نوانڕۆ:** بە ئینگلی *parade*، بریتییە لە نمایشکردنی خەڵک و ئوتومبێل و هۆی گواستنەوە و نمایشکردنی تر لەسەر شەقامی گشتی بۆ یادکردنەوەی ڕۆژ یان بۆنەیەکی گرنگ. وشەکەم لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە هێناوە، وا دیارە دکتۆر حەمەڕەشید قەرەداخی خۆی لێکیدابێت. **~ن.م.**

[42] **هێنری فلاوەر:** ناوێکی خوازراوە و بلووم لە خۆیی ناوە. بلووم لە ڕێی ڕیکلامێکەوە ئەم پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکردنی نامەیەی لەگەڵ خانمێکدا دروست کردووە بە ناوی *مەرسا کلیفرد*، پەیوەندییەکەشی لە ڕێی دانانی ڕیکلامێکەوە دروست کردووە کە لە ڕۆژنامەی *ئایرش تایمز*دا دایناوە بە ناونیشانی: «*پێویستمانە: خانمێکی تایپیستی زیرەک بۆ هاوکاریکردنی پیاوێک لە کاری وێژەوانیدا*» مەرسا یەکێکە لە چل و چوار خانم کە وەڵامی ئەم ڕیکلامەیان داوەتەوە. ناوی *هێنری* لە جەرمانیی کۆنی باکوورییەوە هاتووەتە ناو زمانی ئینگلییەوە کە *هایمریش* بووە و بە واتای *سەرگەورەی ماڵ* دێت. **~گ.س.**

[43] **لەشکرەکەی تویدیی پیر**: بلووم تەماشای چەند پۆستەرێکی سەربازی تازەناونووسکراو دەکات. لەشکرەکەی تویدی لەشکری قرمەوانانی پاشایی دەبلن بوو، کە ساڵی ١٨٨١ دامەزراوە و ساڵی ١٩٢٢ هەڵوەشێنراوەتەوە. هاوپۆشەکانیان بەم شێوەیە بوو: شەبقەیەک لە پێستەی ڕاکوون کە شەش ئینچ بەرز بوو، لای تەپڵەسەرەکەیەوە پانتر و بچووکتر بوو، لە شەبقەی سوپای نارنجۆکهاوێژەکان نزمتر بوو (هی ئەوان نۆ ئینچ بەرز بوو و لە پێستەی یان ڕاکوون یان ورچ دروست دەکرا، مەدالیای نارنجۆکێکی گڕتێبەربوو کرابوو بە پێشەکەیەوە) قرمەوانەکان پەڕی سەر شەبقەکانیان بە لای چەپیانەوە دەکرد، سەوز بوو بەسەر شیندا، ملەوانەیان لە مل دەکرد، بەندی شان بۆ کەمەریان دەپۆشی، سەرقۆڵەکانیان «قووچ» و شین بوون؛ پانتۆڵەکانیان شین بوو، بەڵام زێواری سوور بوو. سەرقۆڵی نارنجۆکهاوێژەکان تا ڕادەیەک لار بوو، نەک قووچ. ئەو سەرلێتێکچوونەی بلووم لە ناو خەڵکاندا زۆر باو بوو، کە زۆربەی خەڵکی تریش لە یەکتریان جیا نەدەکردنەوە. **~گ.س.**

[44] **چاکەتسوورەکان**: لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، جلی جەنگی سوپای بەریتانی خاکی بوو، بەڵام چاکەتسوورەکان کاریان نەدەکرد و تا جەنگی جیهانیی یەکەمیش هەر پۆشاکی هاوپۆشی زۆربەی لەشکرە پیادەکان بوو. **~گ.س.**

[45] **نامەکەی... ئۆکانەڵ**: لە سەرەتای جەنگی بەوەردا (١٨٩٩-١٩٠٢)، سوپای بەریتانی، لە هەوڵێکیدا بۆ هاندانی خۆناونووسکردن، ئەو یاسایەی ڕاگرت کە دەبێت سەربازانی دەبلن بە شەوان لە ئۆردوگاکانیاندا بمێننەوە. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا ڕێژەیەکی بەرچاوی سەربازەکان شەوان بە شەقامی ئۆکانەڵ و چواردەوریدا دەهاتن و دەچوون و بە دوای «هاوجێیی»دا دەگەڕان. مۆد گۆن (بڕوانە ٣: ١٨٩) لەگەڵ کۆمەڵەی کچانی ئایرلانددا، کە خۆی دایمەزراندبوو، لە دژی خۆناونووسکردن بۆ سوپای بەریتانی خۆپیشاندانیان کرد. وەک بەشێک لە هەڵمەتەکەیان، ژنەکان کەوتنە دابەشکردنی گەڵاچەیەک {گەڵایەکی بچووک} «وەک هێمای شەرمەزاریی ئەوەی کچانی ئایر هاوجێییان لەگەڵ سەربازانی سوپای دوژمنی وڵاتەکەیاندا کردووە» و ئەم کارەش درابووە پاڵ مۆد گۆن. (بڕوانە *خزمەتکارێکی شاژنو*، نووسینی مۆد گۆن ماکبراید، لەندەن، ١٩٣٨، لاپەڕە ٢٩٢). جارجار کێشەکە لە ڕۆژنامەکانی دەبلندا زیندوو دەکرایەوە، بە تایبەتی لە ئایار و سەرەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤دا، ئەویش دوای ئەوەی کە بەرپرسانی سوپا بڕیارێکی شارەوانیی دەبلنیان ڕەت کردەوە کە لە دژی ڕێدان بە هاتوچۆکردنی شەوانی سەربازان درابوو لە شاری دەبلندا. **~گ.س.**

[46] **ڕۆژنامەکەی گریفیث**: (بڕوانە ٣: ١٨٠) لە ١٨٩٩ تا ١٩٠٦ دامەزرێنەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەی *یونایتد ئایرشمان* بوو. **~گ.س.**

[47] **سوپایەک... گەنیوە**: **نەخۆشیی فەڕەنگی**: بە ئینگلی *venereal*، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە: «فەڕەنگی، زوهری: یان بەهۆی جووتبوون (گان)ەوە بڵاو دەبێتەوە، یان لە کەسێکەوە دەگوێزرێتەوە». **~ن.م.**

ئەم ڕستەیە زۆر جار دەوترایەوە و (بە گشتی هیچ بنەمایەکی ڕاستیشی نەبوو)، تەنها قسەیەکی دیماگۆگییانە بوو لە دژی سوپای بەریتانی دەوترا. **~گ.س.**

[48] **ئەوبەر دەریاکان یان سەرخۆشان**: لە دەقە ماکەکەدا دوو وشەن کە لە یەکەوە نزیکن، بە *ئەوبەر دەریاکان* دەوترێت *overseas*، کە لە وشەی *over* واتە *ئەوبەر* و *seas* پێکهاتووە بە واتای *دەریاکان*، بەڵام لە زمانی ئینگلیدا وشەی ئاوێتەی *half-seas-over* هەیە، واتە *کەسێک کە ئەوەندە سەرخۆش بووبێت کە ڕکێفی خۆی لە دەست دابێت*، کە ئەمەی بە تەنیشت *overseas*ەوە داناوە، بەو واتایە دێت کە وەرمگێڕاوە، بەڵام لێکچوون و ڕەگەزدۆزییەکە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت. **~ن.م.**

[49] **مێز: ێز. شوێن: وێن**: وەک «ڕاست، چەپ؛ چەپ، ڕاست» کە گۆرانیەکە و بەرزونزمیی هەیە و سەربازان یان ئەفسەری مەشقپێکەر بۆ ڕاگرتنی ڕەزمی مارش بە کاری دەهێنێت. **~گ.س.**

[50] **هی خودی پاشا**: ئەمە دەستەواژەیەک بوو کە دەکرا پاشا ئێدواردی حەوتەم بینووسێنێت بە ناوی لەشکرێکەوە ئەگەر: ئاڵای پێیان ببەخشییایە، یان ئەگەر لەشکرەکە ناوی پاشایان وەک ناوی شانازی بە خۆیانەوە بکردایە. هەروەها دەشێت دەستەواژەکە بکرێت بە ناوی سوپای نارنجۆکهاوێژەکانەوە، چونکە ئەوان لەبەر ئەوەی یەکەمی «خێزانی لەشکرەکان» بوون، بۆیە دەلکێنران بە کەسی پاشاوە. **~گ.س.**

[51] **هەرگیز نایبینیت... بەڵێ**: پاشا ئێدواردی حەوتەم بە زۆر بەرگی فەرمیی سەربازی و لەشکری جیاجیاوە وێنەی هەیە، بەڵام هەرگیز بە بەرگی وەک ئاگرکوژێنەرەوەی شانازی یان پۆلیسی شانازییەوە وێنەی نییە. ئێدواردی حەوتەم ئەندامی دادوەرانی پاشایی بوو، هەروەها ئەفسەرێکی باڵی ناوەڕاستی چوار باڵەکەی پارێزەرانی پاشایی بوو، ساڵانی ١٨٧٤-١٩٠١ پێش ئەوەی ببێت بە پاشا سەرۆکی هەرە گەورەی ماسۆنییە ئینگلەکان بوو. **~گ.س.**

[52] **نامەکە...نامەکە**: لە چاپە چاککراوەکەی دکتۆر هانس واڵتەر گابلەردا دوو جار «نامەکە» بە دوای یەکدا دووبارە دەبێتەوە، واتە دەڵێت: «پەنجەکانی نامەکەیان نامەکەیان ڕاکێشایە دەرەوە و زەرفی نامەکەیان لە گیرفانیدا چرچولۆچ کرد»، ئینگلیییەکەی ڕێک وەهایە:
His fingers drew forth <u>the letter the letter</u> and crumpled the envelope in his pocket.
خۆم هێڵم بەژێر دووبارەبوونەوەکەدا هێناوە و هی دەقە ماکەکە خۆی نییە. لە کوردیدا «نامەکە» نیشانەی بکەری دەچێتە سەر و دەبێت بە «نامەکەیان»، بۆیە ڕاستەوڕاست وەک دەقە ماکەکە دەرناکەوێت کە «نامەکە نامەکە»یە. ئەگەرچی دکتۆر گابلەر هەردوو جارەکەی داناوەتەوە، بەڵام لە چاپە سێ بەرگییەکەیدا تێبینی لەسەری داوە و دەڵێت: «ئەگەر دووبارەکردنەوەکە لە پاکنووسەکەدا هەڵەی نووسیار نەبێت، وەک بێ گومان لەو چاپە تایپکراوەی یەکەمدا، کە ئێستا نەماوە، وا زانراوە هەڵەیە و یان بە جێ هێڵراوە، یان هێڵی بەسەردا هاتووە، ئەوا ئەم دووبارەکردنەوەیە مۆنۆلۆگێکی ناوەکییە کە بە جیاکردنەوەی نامەکە لە زەرفی نامەکەوە پەیوەست کراوە لە گیرفانی بلوومدا. کە ئاوها پەسەند کراوە.» من خۆیشم هەر پێم وایە هەڵەی نووسیارە، چونکە زۆربەی جارەکان خاڵێک لە پێش و لە دوای مۆنۆلۆگە دەروونییەکاندا هەیە، کە لێرەدا نین، ئەگەر مەبەست لە مۆنۆلۆگ بووبێت و بە شێوازی جەیمز جۆیس دەنگی ناوەوەی کەسێتییەکان بە خاڵ سنووردار کرابا، ئەوا دەبوو بەم شێوەیە بووایە (سەرنجی جێی خاڵەکان بدە):
His fingers drew forth the letter. The letter. And crumpled the envelope in his pocket.
ئەو کاتە وەرگێڕانەکە بەم شێوەیە دەبوو: «پەنجەکانی نامەکەیان ڕاکێشایە دەرەوە. <u>نامەکە</u>. ئینجا زەرفی نامەکەیان لە گیرفانیدا چرچولۆچ کرد»، ئەو «نامەکە»یەی کە هێڵم بە ژێریدا هێناوە لە مێشکی بلووم خۆیدایە و گێڕانەوەکەی ناوبڕ کردووە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم خاڵانە لە دەقەکەدا نین، بۆیە وەها وەرمنەگێڕا، بەڵام ئەگەر وەهاش بوو، ئەوا ئەم ڕوونکردنەوەیەم بەو هۆیەوە نووسی. **~ن.م.**

[53] **باج**: نیشانەیەکی ئەندامێتیی ڕێکخراوی کڵێسای کاسۆلیک بووە، لە گەندەباوەڕی خەڵکاندا وەک نوشتە تەماشا کراوە. **~گ.س.**

[54] **هۆلۆهان**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *دایکێک*ی *دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. قاچی دەشەلێت، بۆیە هاوڕێکانی ناویان ناوە *هۆپی هۆلۆهان* {هۆلۆهانی هەنگەشەلە}. **~گ.س.**

هۆلۆهان کەسێتییەکی ڕاستینە بووە، لە نامەیەکی جۆیسی گومانکەردا ناوی هاتووە کە لە ٧ی ئابی ١٩٠٩دا بۆ نۆرای ناردووە. کە نۆرای تەمەن نۆزدە ساڵان لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٤دا لە میوانخانەی فین لە شەقامی لەینستەر خزمەتکار بووە، هۆلۆهان ڕۆژێک لەوێ میوان بووە، هەوڵی داوە نۆرا تاو بدات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ئەگەری زۆرە ئەم هۆلۆهانە هەر ئەو هۆلۆهانە بێت کە جۆیس لە کارەکانی خۆیدا بە کاری هێناوە. ناسناوی «هۆپی»ی لە شەلینەکەیەوە بە سەردا دابڕاوە. تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ترم لەسەر ژیننامەی هۆلۆهان دەست نەکەوتووە. ~**ڤ.ئ.**

[55] **عەرەبانەی تریشقە**: عەرەبانەیەکی دوو تایەیی بووە و بە یەک ئەسپ ڕاکێشراوە و لە پێشی عەرەبانەکەدا لێخوڕەکەی دانیشتووە، کە ڕووی لە پێشەوە بووە، لە دواوەی ئەو سەرنشینەکان لەملا و ئەولای عەرەبانەکە دانیشتوون و پشتیان لە یەکتر بووە و ڕوویان لە لای ڕاست و لای چەپی دەرەوەی عەرەبانەکە بووە، لە نێوانی پشتیشیاندا چاڵاییەک هەبووە بۆ جانتا و بار. لەبەر ئەوەی کاتێک خۆت لە عەرەبانەکەدا بیت، ڕووت لە دەرەوەیە، بۆیە پێیان وتووە: «ڕوولەدەر». ~**گ.س.**

[56] **گرۆڤنەر**: لەو سەردەمەدا میوانخانەیەکی نوێباو بووە بە ناونیشانی ٥ی وێستلاند ڕۆو. ~**گ.س.**

[57] **دێراو**: لە چاپەکانی پێشوودا ئەم وشەیەم بە دەستەواژەی «شوێنی بارگەی نێوەندی عەرەبانەکە» وەرگێڕابوو، کە لەوێدا بەو واتایە دێت، بەڵام لەم چاپەدا کردمەوە بە یەک وشە. جۆیس لە دەقە ماکەکەدا وشەی *well*ی بە کار هێناوە، کە وەک ناو بەکارهێنانێکی زۆر دەگمەنی هەیە و بە واتای چاڵێک، یان نێوەندی دوو شت، وەک شەقامی نێوان دوو ڕیزە بینای بەرز دێت. لێرەدا بە واتای نێوەندی ئەمبەر و ئەوبەری عەرەبانەکەیە. ئێستا لە وشەی «دێراو» شیاوترم نەدۆزییەوە، ئەگەرچی ئەم جێیە جێی ئاو نییە، بەڵکو جانتا و باری عەرەبانەکەی لەسەر دادەنرێت. ~**ن.م.**

[58] **جوان ئەوەیە کاری جوان بکات**: ئەمە لە زمانی ئینگلیدا پەندە، بەو مەبەستە دەوترێت کە دەبێت مرۆڤان بە کردارەکانیاندا هەڵبسەنگێنیت، نەک بە ڕوخسارياندا. ~**ن.م.**

[59] **خانمە ئابروومەندەکە... ئابروومەندە**: مارکۆس ئەنتۆنیۆس لە وتارەکەیدا کە بەسەر لاشەی قەیسەردا دەیڵێت، بۆ سووکایەتیکردن بە پاڵنەرە «ئابروومەندانە»کەی بروتوس لە کوشتنی قەیسەردا دەڵێت: «چونکە بروتوس پیاوێکی ئابروومەندە». (یولیوس قەیسەر ٣: ٢، ٨٧). ~**گ.س.**

[60] **بۆب دۆران**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *کرێخانەکەی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. «بادانەوە»کەی لە *ئولیس*دا گەشتێکی بچکۆلەمان دەداتێ لە ڕۆژی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا. **~گ.س.**

لە چیرۆکی ناوبراودا، بۆب دۆران گەنجێکە و لە ناوەڕاستی سییەکانی تەمەنیدایە، سەردانی کرێخانەکەی خاتوو موونی دەکات و وا دیارە سەرجێیی لەگەڵ کچە نۆزدە ساڵانەکەی خاتوو موونیدا کردووە. کە خاتوو موونی پێی دەزانێت، ناچاری دەکات کچەکەی بخوازێت، چیرۆکەکە تەواو دەبێت و ئەنجامەکەی نادات بە دەستەوە کە ئایا دەیخوازێت یان نا، بەڵام بە چۆنێتیی باسکردنی خاتوو موونیدا بێت، کە هیچ شتێک لە ژێر دەستی دەرناچێت، وا دیارە کچەکەی خواستووە. دواجار لە ئەڵقەی دوازدەی ئەم ڕۆمانەدا دەیبینین. وا دیارە «بادانەوە»کەی ماوەیەکە لە هەموو ساڵێکدا کە زیادەڕەوی لە خواردنەوەی مەیدا دەکات و ئێجگار زۆر سەرخۆش دەبێت. لە ئەڵقەی دوازدەشدا ئێجگار زۆر سەرخۆشە. ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

[61] **بانتەم لایەنس**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *ڕۆژی لاولاو لە ژووری کۆبوونەوەکەی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. **~گ.س.**

فرێدریک ئێم لایەنس، کوڕی مارتن لایەنس و جولیا (پێش شوو: *کلێر*) لایەنس بووە. ساڵی ١٨٥٨ لە دایک بووە. باوکی فرۆشیاری گەڕۆک بووە و کاری پەڕاوگەی کردووە و خۆی خاوەنی کارەکەی بووە. شوێنکاری خۆی هەبووە بۆ کاری چاپسازی بە ناونیشانی ٦ی لەنگەرگای ئۆرمند لە دەبلن و زۆربەی کارەکانی پەیوەندییان بە کاروباری یاساییەوە هەبووە. شوێنکارەکەی لە ١٦ی ئەشەرس کۆرت بوو. مارتن لایەنس لە ١١٣ی شەقامی گاردنەری باشوور ژیاوە و لە ٢ی شوباتی ١٨٧١دا مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. کوڕەکانی، کە ناویان *فرێدریک* و *جەیمز* بووە، لەگەڵ ئەودا کاریان کردووە و دوکانی پەڕاوگەیان هەبووە بە ناونیشانی ٥٦ی شەقامی گرافتن، کە لاپەڕەی جۆری زۆر باشیان دروست کردووە. فرێدریک لە ٥ی شەقامی لۆنگفرد ژیاوە. لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٠٨ مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[62] **کانوەی**: مەیخانەی جەیمز کانوەی و هاوبەشەکانی، میوەفرۆش و بازرگانی شەراب، ناونیشان ٣١-٣٢ی وێستلاند ڕۆو. **~گ.س.**

[63] **دۆران... شت کرا**: دوو شت لەم پەرەگرافەدا تێکەڵ کراوە، یەکەمیان خۆدوواندنەکانی ناخی بلوومە، کە لە لایەک گوێ لە مەکۆی دەگرێت و لە لایەکی تر بیر لە ژنەکەی ئەوبەر

دەکاتەوە. شتەکەی تر گێڕانەوەکەیە، کە گێڕەرەوە باسی دەکات. بە قسەکانی ناخی بلوومدا دەتوانین بزانین کە مەکۆی باسی چی دەکات. کە پەرەگرافەکە بە «دۆران لایەنس لە کانوەی» دەست پێ دەکات، ئەمە قسەی ناخی بلوومە کە بە گوێرەی بیستنەکەی لە مێشکی خۆیدا دەیلێتەوە، سەرنج بدە: «دۆران و لایەنس» نین، بەڵکو «دۆران لایەنس»ە، کە دوو کەسی جیان. پاشان دەتوانین خۆمان گفتوگۆکەی مەکۆی دابڕێژینەوە کە دەڵێت: «هۆپی هاتە ژوورەوە. لێویکی تەڕ کرد. باسی ئەم شت و ئەو شت کرا.» ئینجا لە پەرەگرافی دواتردا دەچێتەوە سەر تەواوی قسەکانی مەکۆی. **~ن.م.**

[64] **بڕۆدستۆن**: واتە دەرچوون لە شار لە ڕێی تەرمیناڵی بڕۆدستۆنەوە بە ڕێی گۆلوەی یان هێڵی شەمەندەفەری میدلاند گرەیت وێستێرن. تەرمیناڵی بڕۆدستۆن لە بەری باکووری خۆرئاوای شاری دەبلن بوو. **~گ.س.**

[65] **یەکێک... هەڵدەگرێت**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا پەندێکە و دەڵێت: «دوو ژێ بە کەوانەکەیەوەیە»، مەبەستی کەوانی تیرهاویشتنە و دوو ژێی هەیە و یەکێکیان بۆ تیرێکە و ئەوی تر بۆ تیرێکی تر؛ واتا ناڕاستەوخۆکەی ئەوەیە کە دوو ڕێت هەبێت بۆ گەیشتن بە شتێک. لێرەدا مەبەست لەوەیە کە کچەکە ئێستا لەگەڵ پیاوێکدایە و پیاوێکی تریش لە خەیاڵی خۆیدا دادەنێت، ئەگەر ئەمیان سەری نەگرت، تیرەکە لەویان دەگرێت. **~ن.م.**

[66] **ئاڕچ**: مەیخانەیەکە بە ناونیشانی ٣٢ی شەقامی هێنری، ڕێک کەوتووەتە بەری باکووری ڕووباری لیفی لە ناوەڕاستی دەبلندا (مۆڵۆی و ئۆرایەڵی، میوەفرۆش و بازرگانی مەی). **~گ.س.**

[67] **بە گۆنگەکانی زەنگی لێدا: گۆنگ**: بە ئینگلی *gong*: پارچە کانزایەکی خڕیلانەی گەورەیە کە بە چەکوش پیایدا دەکێشرێت و دەنگی وەک زەنگی پێ دەردەکرێت. هەندێک جار لە ئۆرکێسترادا بە کار دەهێنرێت. ترامەکانی ساڵی ١٩٠٤ی دەبلن گۆنگیان لە بری «هۆڕن»ی ئەم سەردەمە بە کار هێناوە. **~ن.م.**

[68] **بەهەشت و پەری**: دەستەواژەیەکی باوە، واتە: «زۆر نزیکبوونەوە لە بەهەشت، بەڵام هێشتا چوونەژوورەوە قەدەغەیە {و پێی ناگەیت}». ئەم دەستەواژەیە ناوی یەکێکە لە پارچەکانی *گوڵاڵەڕوو*، چیرۆکێکی *خۆشەویستیی خۆرهەڵاتی*، لە نووسینی تۆماس موور (١٧٧٩-١٨٥٢) {ئەم *تۆماس موور*ە، نەک *تۆماس مۆر* (١٤٧٨-١٥٣٥)، ئەم تۆماسەیان ئایرە و تۆماس مۆر ئینگلە، ئەویان یەکەم کەسە کە وشەی *یوتۆپیای* داڕشتووە.} پەرییەکان لە ئوستوورەی فارسیدا هەندێک بوونەوەر بوون کە لە مرۆڤ بەتواناتر بوون و لە سەرەتادا

بەدنیاز بوون، بەڵام دواتر بوون بە جنۆکەی باش و جوانی و ناسکییان پێ بەخشراوە؛ بۆیە پەری بووەتە نموونەی جوانی و ئەگەرچی شایستەی بەهەشتن، بەڵام هەر شارراونەتەوە. هۆنراوەکەی تۆماس موور باس لە پەرییەک دەکات «پەرییەکی جوان، بەڵام لە توخمی خراپەکاران!» کە هەوڵ دەدات و کۆشش دەکات بچێتە بەهەشتەوە:

بەیانییەکیان پەرییەک لە پێش
دەرگای عەدەندا خەمبار ڕاوەستا؛
کە بیستی دەنگی
کانییەکانی ژین، لە ناو بەهەشتدا وەک موزیک وا بوون،
تیشکێکی بینی کەوتە سەر باڵی
کە لە ڕووناکیی بۆشایی دەرگای نیوکراوە هات،
گریا کە کەوتە بیری توخمەکەی، توخمی بەدکاری،
کە بۆ تاتایە ئەو جێ خۆشەیان لە دەست دەرچووە.

«فریشتەیەکی مەزن» پێی دەڵێت:

تەنها هیوایەک هێشتا بۆت ماوە،
لە ناو پەڕتووکی چارەنووساندا وەها نووسراوە:
ڕێگای تێ دەچێ پەری ببەخشرێ
گەر بۆ بەر دەرگای ئەم شوێنە پاکە
دیارییەک بێنێ، کە ئەو دیارییە لای بەهەشت تاک و بەنرخترینە.

پەرییەکە تووشی زۆر ڕووداو دەبێت تا دواجار بۆی دەردەکەوێت «تاکە» دیارییەکە چییە، دواجار بۆی دەردەکەوێت دیارییەکە «تکەی فرمێسکی بەدڵگریاوی پەشیمانییە» و بە فرمێسکێک دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە و دەچێتە بەهەشتەوە. **~گ.س.**

[69] **شەقامی یوستس**: لە ناوەڕاستی شاری دەبلنە، لە بەری باشووری ڕووباری لیفی، بە نزیکی نیو میلێک لای خۆرئاوای شوێنی ئێستای بلوومەوە دوورە، کە ئێستا ئەو لە شەقامی وێستلاند ڕۆوە. **~گ.س.**

[70] **ئێسپغی دو کۆغ**: بە فەڕەنسی *esprit de corps* واتە گیانی هەرە وەزی {یان هاوکاری}، بەڵام لە فەڕەنسییەکەدا ڕەگەزدۆزییەکیش هەیە کە وا دەکات دەستەواژەکە واتایەکی تریشی هەبێت، ئەویش *گیانی لەش* {یان *هەستی لەش*، یان *باری لەش*ە}. **~گ.س.**

[71] **پردی لووپ لاین**: پردی لووپ لاین، کە بە واتای *هێڵی بەستنەوە* دێت، پردێکی هێڵی شەمەندەفەری بەستنەوەی ناوشاری دەبلنە، بەسەر ڕووباری لیفییەوەیە، باکوور و باشووری شاری دەبلن بە یەکەوە دەبەستێتەوە: سەری باکووری لە وێستگەی شەقامی *ئەیمیەنس*ە، کە وێستگەی هێڵی شەمەندەفەری گرەیت وێستێرن بوو، سەری باشووری وێستگەی *وێستلاند ڕۆوە*. لووپ لاین لە شەقامی وێستلاند ڕۆودا بەرز کراوەتەوە، بۆیە بلووم خواخوایەتی زوو بەوێدا بڕۆن تا تەنوورە و ڕانی کچەکە ببینێت. **~ن.م./گ.س.**

[72] **چییە... ئاشتیی ماڵە**: ئەم ڕیکلامە و شوێنەکەی لە ژێر بەشی مەرگنامەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا بوونی نییە و خەیاڵکردە، بەڵام ناوی *جۆرج دەبلیو پلەمتری* لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم*دا وەک دروستکەری گۆشتی قتوو بە ناونیشانی ٢٣ی لەنگەرگای بازرگانانی شاری دەبلن لیست کراوە. «لەقتوونانی گۆشتی کەسێک» دەربڕینێکی بێڕەوشتانەی ڕەشۆکییە، بە واتای *گان* دێت. **~گ.س.**

[73] **ماڵەوەم**: لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا بەم شێوەیە باسی خاتوو مەکۆی دەکات: «خاتوو مەکۆی گۆرانیبێژی چینی سۆپرانۆ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئامێری پیانۆ منداڵانی فێری موزیکی ئاسان دەکرد». **~گ.س.**

[74] **دیسان بەزمی باوڵەکەیە**: بلووم مەکۆی بە مفتخۆر دادەنێت و پێی وایە باوڵ لە خەڵک دەسەنێت و دوایی نایانداتەوە. لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا بەم شێوەیە باسی مەکۆی دەکات: «میستەر پاوەر... نەیدەتوانی ئەوەی لە بیر بچێتەوە کە میستەر مەکۆی لە ماوەی ڕابردوودا دەستی کردبوو بە گەڕان بۆ کۆکردنەوەی باوڵ و جانتای گەشت تا گەشتی خەیاڵکرد بۆ خاتوو مەکۆی بۆ دەرەوەی شار ئاسان بکات». **~گ.س.**

[75] **هۆڵی ئۆڵستەر لە بێلفاست**: بێلفاست لە باکووری دوورگەی ئایرلاندە، واتە لە هەرێمی ئۆڵستەرە، لە ئەمڕۆدا پایتەخت و گەورەترین شاری باکووری ئایرلاندە و سەر بە شانشینی یەکگرتووە. **~ن.م.**

هۆڵی بێلفاست خانەیەکی کۆنسێرت و هۆڵێکە بۆ کۆبوونەوەی گشتی، ساڵی ١٨٦٢ دروست کراوە، ٢٥٠٠ کورسیی هەبوو، «لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە سەردەمییەکان»؛ لە باشووری ناوەڕاستی شاری بێلفاستە، کەوتووەتە باکوور و کەمێک لای خۆرهەڵاتی دەبلن و هەشتا و پێنج میل لێوەی دوورە. **~گ.س.**

[76] **شاژن... کولێرە و**: بەشێکە لە گۆرانییەکی منداڵان (بڕوانە ٤: ١٦٩). **~گ.س.**

[77] **کارتی دەموچاوی... ڕیز کراون**: «کارتی دەموچاو» {یان پاشایی} ئەو کارتانەن کە وێنەکانیان لەسەرە، ئەوانیش: پاپاز و کچ و کوڕن {یان بە دەربڕینێکی تر: پاپاز و قز و وەلەد}. لە فاڵگرتنەوەدا، ئەو کارتانەی دەموچاویان لەسەرە هێمای مرۆڤن، کارتی ژمارەکانیش هێمای ڕووداون. کە لە دەقەکەدا دەڵێت: «ژنێکی تۆخ و پیاوێکی کاڵ»، ژنە تۆخەکە یەکێکە لە دوو کارتی کچ: یان کچی قەرەیە، یان کچی سینەکە، پیاوە کاڵەکەش یەکێکە لە دوو کارتی پاپاز: یان پاپازی کووپە، یان پاپازی دینارە {قەرە و سینەک هەردووک ڕەشن، کووپ و دینار هەردووک سوورن}. کچی قەرە هێمای ئەمانەیە: کچێکی ڕەنگ تۆخ و هەڵە و سەرنجڕاکێش؛ بێوەژن. کچی سینەک هێمای ئەمانەیە: کچێکی گەنمڕەنگ، پەسەند و زیرەک؛ هاوسەرگیری؛ ژنێک لە ناوەڕاستی تەمەنیدا. پاپازی کووپ هێمای ئەمانەیە: پیاوێکی قۆز و قژ قاوەیی، خۆشڕەفتار، بەڵام شپرزە. پاپازی دینار هێمای ئەمانەیە: پیاوێکی زۆر کاڵڕەنگ، یان قژی ماشوبرنجی، پارێزکار {ئەوانەی چواردەوری دەپارێزێت} بەڵام زوو تووڕە دەبێت. **~گ.س.**

[78] **بەستە دێرین و... بۆ لامان**: (بڕوانە ٤: ١٢٠). **~گ.س.**

[79] **من و لاشەدۆزەکە**: {**لاشەدۆز**، یان **لێکۆڵەری مەرگ**: بە ئینگلی *coroner*، کەسێکە لێکۆڵینەوە لە مردنی ئەو خەڵکانەدا دەکات کە لە ناکاو و بە شێوەیەکی نائاسایی دەمرن} لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا بەم شێوەیە باسی کاری مەکۆی دەکات: «{مەکۆی} سکرتێری لاشەدۆزەکەی شارە». **~گ.س.**

[80] **بۆب کاولی**: «قەشەیەکی لادەرە»، واتە قەشەیەکە کە لە ئەرکەکانی لایداوە بەڵام ئەوەندە زۆر بە زەقی نا کە کڵێسا دەسەڵاتی لێ بسەنێتەوە، بەڵام ئەوەندەش ئازا نییە کە خۆی داوا بکات لە پەیمان و کارەکانی ئازاد بکرێت. دواتر لەم ڕۆمانەدا خۆی دەبینین. **~گ.س.**

ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

[81] **پێشبڕکێی بەلەموانییەکەی ویکلۆ**: هەموو ساڵێک لە پشووی بانکی مانگی ئابدا لە ویکلۆ دەکرا، کە پشووەکە لە یەکەم دووشەممەی ئابەوە دەست پێ دەکات. پێشبڕکێی جۆراوجۆر بوو بۆ بەلەم و کەشتیی جۆراوجۆر. ویکلۆ شارۆچکەیەکی سەر دەریایە، بە بیست و شەش میل کەوتووەتە باشووری خۆرهەڵاتی دەبلنەوە. **~گ.س.**

[82] **بەرەو شەقامی برونسویک**: شەقامی گرەیت برونسویک، ئێستا پێی دەوترێت شەقامی پییەرس. بلووم بە شەقامی وێستلاند ڕۆودا بەرەو باکوور دەڕوات و دواتر بەرەو ڕاست (خۆرهەڵات) لادەدات و بە شەقامی گرەیت برونسویکدا دەڕوات. **~گ.س.**
[83] **شڵ**: بە ئینگلی *freckled*، پێستێک کە خاڵی زۆری سوور یان قاوەیی لەسەر بێت. **~ن.م.**
[84] **ئەو ئاوڵەیەی ئەوێ**: لە ئایار و حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤دا لە بێلفاست پەتای ئاوڵە بڵاو بووەوە، بەڵام نەگەیشتە ئەوەی ببێت بە واگرە {بۆ *واگرە* (بڕوانە ٢: ١١٢)}. **~گ.س.**
[85] **ژنەکەت و ژنەکەم**: (بڕوانە ١١: # **ژنەکەم و ژنەکەت**). **~گ.س.**
[86] **کانترڵ و کاکرەین**: بەم شێوەیە ڕیکلامیان بۆ خۆیان دەکرد: «دروستکەری ئاوی کانزایی و خواردنەوە، جەنابی خاوەنشکۆ، شا ئێدواردی حەوتەم بە تایبەتی ڕایسپاردووین» بنکەی ئەم کارگەیە لە لەندەن بوو و هەندێک «کار»یان لە دەبلن و بێلفاستیش هەبوو. **~گ.س.**
[87] **کلێری**: بازاڕگایەکی گەورە بوو {وەک مۆڵی سەردەم} بە ناونیشانی ٢١-٢٧ی شەقامی ساکڤیلی خواروو (ئۆکانەڵی ئێستا). ناوچەیەکی بازاڕکردن بوو لە ناوەڕاستی دەبلندا، بە بەری باکووری ڕووباری لیفییەوە. **~گ.س.**
[88] **لێئە... پاڵمەر**: میلیسنت پاڵمەر (١٨٦٥-١٩٠٥)، خاتمە ئەکتەرێکی ئەمەریکایی بوو، ساڵی ١٨٨٣ یەکەم گەشتی نواندنی بۆ دوورگەکانی بەریتانیا کرد. لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ی ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا ڕیکلام بۆ نمایشی *لێئە* کراوە لە نواندنی ئەو لە هۆڵی شانۆگای گەیەتی لە دەبلن.
*لێئەی وازلێهێنراو* (١٨٦٢) شانۆنامەیەکی ئینگلیییە، جۆن ئاوگوستین دالی (١٨٣٨-١٨٩٩) نووسیویەتی، لە ڕاستیدا لە دەقی شانۆیی *دەڤۆرا* (١٨٥٠)وە وەریگێڕاوە و گونجاندوویەتی، *دەڤۆرا* شانۆنامەیەکە لە نووسینی سالۆمۆن هێرمان مۆسنتال (١٨٢١-١٨٧٧)، کە شانۆنووس و ئەرشیفکەرێکی ئەڵمانی-نەمسایی بوو. ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە گوندێکی نەمسا ڕوو دەدەن لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا؛ بابەتی سەرەکیی شانۆنامەکە هێرشێکە بۆ سەر دژە-سامێتی. بەدکارەکە، کە ناوی *ناتان*ە (بڕوانە ٥: ٩٦)، جوویێکی لەدینهەڵگەڕاوەیە، دووڕووانە وەک مەسیحییەکی دژە-جوو خۆی پیشان دەدات تا لە گوندەکەدا شوێنی خۆی بکاتەوە. ڕاوی لێئە، دەکات، کە کچێکی جووە و خۆشەویستە مەسیحییەکەی وازی لێ هێناوە و دەستبەرداری بووە، دواجار لێئە لە کۆتایی شانۆنامەکەدا خۆی دەسووتێنێت تا بە ئاشتی بگات. ڕۆڵی لێئە ڕۆڵێکی زەق و ڕەنگاوڕەنگە، بۆیە لیستی ناوی هەندێک خاتمە ئەکتەری گەورە لەم پەرەگرافەدا هەیە. **~گ.س.**

[89] **دوێشەو ڕۆڵی هاملێتی گێڕا**: شتێکی نامۆ نەبوو بۆ خانمە ئەکتەرە «سەنگینە»کانی سەدەی نۆزدە کە لە شانۆنامەکانی شێکسپیردا ڕۆڵی نێرینە بگێڕن (چونکە ڕۆڵی مێیەکان لە بەراوردی نێرینەکاندا لاوازترن، لە لایەکی تریش ڕۆڵی زەق و چەسپاو و دەوڵەمەند نموونەی ڕۆڵی پەسەند و دڵخوازی ئەکتەران بووە). لە ڕاستیدا خاتوو پاڵمەر لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا لە هۆڵی گەیەتی لە دەبلن ڕۆڵی هاملێتی گێڕاوە و ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*یش لە ١٦ی مانگدا، واتە ڕۆژی دواتر، ئاماژە بەوە دەدات کە ڕۆڵی شازادەکەی دیوە و «هیچ نەبێت دەتوانین بڵێین وا ڕۆڵەکەی گێڕا کە باوەڕی پێ بهێنین کە پیاوە». **~گ.س.**

[90] **لەوانەیە... خۆی کوشت**: بلووم (بێئاگایانە؟) تیۆرە مەزندەکراوەکەی ئێدوارد پەیسن ڤاینینگ (١٨٤٧-١٩٢٠) لەسەر هاملێت دووبارە دەکاتەوە (بڕوانە ٩: ٣٣٩)، هەروەها بادانەوەیەکی تریش زیاد دەکات: ئەویش ئەوەیە کە ئۆفیلیا (لەودیو سەکۆی شانۆوە) بۆی دەردەکەوێت کە هاملێت ژنە، بۆیە شێت دەبێت و دواتر شێتییەکەی وا دەکات خۆی بکوژێت (هاملێت ٤: ٧). **~گ.س.**

[91] **بابەی داماو**: باوکی بلووم کە ناوی *ڕودۆلف ڤیراگ* (بلووم) بووە، لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٨٨٦دا خۆی کوشتووە {لە ئەڵقەی حەڤدەیەمدا باس دەکرێت}. **~گ.س.**

[92] **ساڵێک... من بوو**: بلووم ساڵی ١٨٦٦ لە دایک بووە، زۆر ڕوون نییە لە چ مانگێکدا بووە، لەوانەیە کەلووی سەتڵ بووبێت (٢٠ی کانوونی دووەم – ١٩ی شوبات) وەک جۆیس خۆی کە لە ٢ی شوباتدا لە دایک بووە و کەلووی سەتڵە، یان کەلووی گایە (١٩ی نیسان – ٢٠ی ئایار)، چونکە لە کاتی کوشتنەکانی پاڕکی فینیکسدا (بڕوانە ٥: ١٧٩) لە ئایاری ساڵی ١٨٨٢دا بووە بە پازدە ساڵان (بە ساڵێک هەڵەیە). **~گ.س.**

[93] **کەیت بەیتمان... شەست و پێنج**: کەیت بەیتمان (١٨٤٣-١٩١٧)، ئەندامی خێزانێکی شانۆیی بەناوبانگی ئینگل بوو، ساڵی ١٨٦٣ (نەک ١٨٦٥)، لە شانۆگای ئادێلفای بە ناونیشانی ٤١١یستراند، بەری باکووری شاری لەندەن، لە گێڕانی ڕۆڵی لێئەدا سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا. ئەو شانۆگایە بۆ میلۆدراما و شانۆی بەزمەسات تەرخان کرابوو. **~گ.س.**

[94] **ڕیستۆری لە ڤیەننا**: ئادێلاید ڕیستۆری (١٨٢٢-١٩٠٦) کە مەرکیزژنی کاپرانیکا دێل گریللۆ بوو (لە دوای ساڵی ١٨٤٧ەوە)، ئەکتەرێکی ئیتالی بوو، بە ڕۆڵە تراژیدییەکانی بەناوبانگ بوو. دەرکردەیەکی *لێئەی وازلێهێنراو* «بە تایبەتی بۆ خاتوو ڕیستۆری»

گونجێنرابوو و نووسرابووەوە و ئەگەرچی هیچ تۆمارێکی بەردەستمان نییە، بەڵام بێگومان لە ڤیەننا نمایشی کردووە. ~**گ.س.**

[95] **مۆسنتال نووسیویەتی. ڕاحێلە**: *ڕاحێل* هەڵەی بلوومە کە لە بری *دەڤۆرا* بیری لێ دەکاتەوە (بڕوانە ٥: ٨٨). لەوانەیە هەڵەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بلووم (یان باوکی) ڕۆڵی لێئەیان بە نواندنی ئیلایزە ڕاحێل (١٨٢١-١٨٥٨)ەوە بەستووەتەوە. ~**گ.س.** لێئە و ڕاحێل و دەڤۆرا ناوی سێ خانمی بەناوبانگن کە لە *کتێبی پیرۆز*دا ناویان هاتووە؛ لێئە و ڕاحێل لە *تەورات*دا لە پەڕتووکی *پەیدابوون*دا بە درێژی باس کراون (پەیدابوون ٢٩)؛ دوو دەڤۆراش هەن: یەکەمیان هەر لە *تەورات*دا ناوی هاتووە کە دایەنی ڕڤقەی ژنی ئیسحاق بووە، کە ڕڤقە دایکی یاقوب بووە (پەیدابوون ٣٥: ٨)؛ دەڤۆراکەی تریش لە پەڕتووکی *ڕابەران*دا باس کراوە «پێغەمبەرێکی ژن بوو» (ڕابەران ٤: ٤-٥). ڕاحێل کچی پیاوێکە بە ناوی لابانی کوڕەزای ناحۆر، کە خاڵی یاقوبە، یاقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، کە دەکاتە باوکی یوسف، خۆشیدەوێت و دەیەوێت بیخوازێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاحێل کچی بچووکە و خوشکێکی گەورەی هەیە بە ناوی لێئەوە، بە پێی نەریت، دەبێت یەکەم جار لێئە شوو بکات، ئینجا نۆرەی ڕاحێل دێت، بۆیە لێئە لە یاقوب مارە دەکرێت و دوای حەوت ساڵان ئینجا ڕاحێلیشی لێ مارە دەکرێت و هەردووکیان دەبن بە ژنی. لێئە دایکی شەش کوڕ و کچێکی یاقوبە، ئەوانیش ڕەئوبێن و شیمۆن و لێڤی و یەهوزا و یەساخار و زەبولون بوون و کچەکەش ناوی دینە بووە؛ ڕاحێل ماوەیەکی درێژ نەزۆک بووە و دواجار دەبێتە دایکی یوسف و بنیامین. من و دکتۆر هەنتیش پێمان وایە کە هۆی ئەوەی بلووم دەڤۆرا و ڕاحێلی لێ تێکدەچێت، ئەوە نییە کە بیر لە خانمە ئەکتەرێکی تر بکاتەوە، وەک چۆن گیفرد پێی وایە، بەڵکو سەرلێتێکچوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەکردن لە ناوی خانمەکانی کتێبی پیرۆزدا. ~**ن.م.**

[96] **ئەو دیمەنەی... بە جێ هێشت**: دیمەنی دووەمی پەردەی سێیەمی شانۆنامەی *لێئەی وازلێهێنراوە*، بەم شێوەیەیە:

**ئەبرام**: دەنگێکی نامۆ دەبیستم، کەچی نامۆش نییە.

**ناتان** (بۆ سارا): ئەم پیرەمێردە کێیە؟

**سارا**: ئەوە ئەبرامە قوربان، پیرەمێردێکی هەژاری کوێرە... ئەبرام، ئەمە بەخێوکەرەکەمانە! بڕۆ دەستی ماچ بکە.

**ناتان**: کاتی خۆنوواندنی بێسوود نییە! دەی، لاچۆ، لاچۆ!

**ئەبرام:** ئەو دەنگە! ئەو دەنگە دەناسمەوە! لە شاری پرێسبورگ ناتان ناوێک هەبوو، گۆرانیبێژی کەنیشت بوو. ئەمە دەنگی ئەوە.

**ناتان:** ئەم کابرایە شێتە.

**ئەبرام:** وتیان بووە بە مەسیحی و چووە دونیا بگەڕێت.

**ناتان** (بە تووڕەییەوە): بێدەنگ!

**ئەبرام:** باوکی بە جێ هێشت لە هەژاری و کەساسیدا بمرێت، چونکە دەستی لە باوەڕەکەی و ماڵی کەسوکاری خۆی هەڵگرتبوو.

**ناتان:** بێدەنگ! وتم بێدەنگ!

**ئەبرام:** بێدەنگ نابم. گوێم لە دەنگی ناتانە. (دەستی بەسەر دەموچاوی ناتاندا دەهێنێت) ڕوخساری ناتانیش دەناسمەوە.

**ناتان** (دەتۆقێت): ئەم جووە شێت بووە! بێدەنگ بە، ئەگینا بریندارت دەکەم!

**ئەبرام:** بە پەنجەکانم ڕوخساری باوکتم خوێندەوە، چونکە هەر بە پەنجەکانیشم چاوەکانیم لێکنا و بزمارم لە دووداره‌کەی دا! تۆ جوویت!

**ناتان** (هێرش دەکاتە سەری): یەک فزەی تر نەکەیت! (دەست دەخاتە بینی)...

**سارا:** ئەیەڕۆ، وازی لێ بهێنە. کاکە ئەو پیرەمێردە شێتە، من دەزانم.

**ناتان** (پەشۆکاوە، دەکێشێت بە دەرگاکەدا): وا دێت؟ ها؟ ئەمە چییە؟ (چنگی لێ بەردەدات و لە هەمان کاتدا ئەبرام بەسەر گازەرەی پشتدا دەکەوێت؛ لە هەمان کاتدا هەورەبروسکەیەک لە کووخەکە دەدات و زریانەکە زیاتر دەبێت)

**سارا** (دەقیژێنێت): مردا!

**ناتان** (سەرەتا شڵەژاوە، بەڵام کە خەڵکانی لادێ هەمووان لە ترسی زریانەکە خۆیان دەکەن بە ژووردا، ناتان هێور دەبێتەوە، دەوەستێت و تەماشای لاشەی مردووی ئەبرام دەکات): ئا، مردا! بە دەستی ئاسمان! **~گ.س.**

[97] **جۆڕک**: بە ئینگلی *nosebag*، توورەکەیەکە بە دەوری لمۆزی ئەسپدا گیر دەکرێت، لووتی دەشارێتەوە، لە ناو توورەکەکەدا ئالیکی تێدایە تا ئەسپەکە بیخوات. **~ن.م.**

[98] **کاڕان**: بە ئینگلی *Oat*، لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانی باشووردا زیاتر بە ناوە عەرەبییەکەی، کە *شۆفان*ە، ناسراوە. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕوەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. پێناسەکەی لە *فەرهەنگی ئازادی*دا بەم جۆرە هاتووە: «جۆرە دانەوێڵەیەکە لە جۆ دەچێت، بۆ ئالیک بە کار دەهێنرێت. هەندێک جۆریشی ئادەمیزاد دەیخوات». **~ن.م.**

[99] **ئێلدۆرادۆ**، بە ئیسپانی *eldorado*: ئیسپانییە، واتە *شاری زێڕ*، ناوی وڵاتێکی خەیاڵکردە (لای هەندێک کەس ناوی شارە) کە گوایە پڕە لە زێڕ، ئیسپانییەکان و سێر واڵتەر ڕالەی (بە نزیکی ١٥٥٢ یان ١٥٥٤ – ١٦١٨) باوەڕیان وا بوو کە لە سەرووی ئەمازۆنەوەیە و لە ژێر ناوچەی حوکمڕانیی گویانایە. **~س.ت.م.١**

[100] **گەتەپەرچا**: بە ئینگلی *gutta-percha*، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە: «مادەیەکە لە لاستیک دەچێت، لە هەندێک درەختی مالیزیا دەردەهێنرێت.» لە *فەرهەنگی کۆلینز*ەوە: «چەند جۆرە درەختێکە لە خێزانی *ساپۆتاسیا Sapotaceae* کە لە ناوچەی هێڵی ناوەڕاست دەڕوێن». **~ن.م.**

[101] **لەوانەیە... ببینم**: لەوانەیە مەرسا بێت، کە نێرەری نامەکەیە. **~ن.م.**

[102] **باریکەڕێکە**: ئەو بەشەی شەقامی کەمبەرلاندی باشوورە کە بە ژێر وێستگەی وێستلاند ڕۆودا تێدەپەڕێت (پییەرسی ئێستا). **~گ.س.**

[103] **کووخی تریشقەگێڕەکان**: کووخی لێخوڕی عەرەبانەی تریشقەکان و عەرەبانەی قاوەیە لەسەر شەقامی گرەیت برونسویک، لە نێوان شەقامی کەمبەرلاندی باشوور و وێستلاند ڕۆودا. ~**گ.س.**

[104] **ڤۆلیۆ ئێ نۆن**: (بڕوانە ٤: ١٢٢). **~گ.س.**

[105] **لا چی دارێم لا مانۆ**: (بڕوانە ٤: ١١٨). **~گ.س.**

[106] **شەقامی کەمبەرلاند**: بلووم بە لای ڕاستدا لادەدات و پاشان بەرەو باشوور دەڕوات. شەقامی کەمبەرلاند هاوتەریبی وێستلاند ڕۆوە. **~گ.س.**

[107] **دارخانەکەی مییەید**: مایکڵ مییەید و کوڕەکانی، دروستکەر و بازرگان، بۆ بڕینەوەی دار بە وزەی هەڵم و نەخشەدانان و لە قاڵبدانی ئاش؛ بە ناونیشانی ١٥٣-١٥٩ی شەقامی گرەیت برونسویک (لەسەر سووچی شەقامی کەمبەرلاند). **~گ.س.**

[108] **خەتخەتێن**: بە ئینگلی *hopscotch*، یارییەکی منداڵانە، زیاتر کچان دەیکەن. چەند خانەیەک دەکێشرێت و هەریەکە و ژمارەیەکی هەیە، بە پارچە بەردێکی پان یاری دەکرێت کە پێی دەوترێت *توول*، توولەکە هەڵدەدرێتە سەر خانەیەک و یاریکەرەکە دەبێت بە هەڵقونان تا ئەوسەری خانەکان بڕوات و بگەڕێتەوە و توولەکە هەڵبگرێتەوە، ئەگەر قاچی بەر هێڵێک بکەوێت، دەیدۆڕێنێت، بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو. **~ن.م.**

[109] **هەڵەم نەکرد**: واتە بلووم کە بەسەر خانەکانی خەتخەتێنەکەدا پەڕییەوە هەنگاوی بەسەر هێڵەکاندا نەنا؛ ئەگەر پێی بەر هێڵێک کەوتبا، ئەوە دەیدۆڕاند و منداڵانیش گۆرانیی «هەڵە بوویت، هەڵە بوویت»یان بەسەردا دەبێژا. **~گ.س.**

[110] **بە پیلکە دەسکەلاکەی دەهاویشت**: دەسکەلا ئەو هەڵماتەیە کە یاریکەری هەڵماتێن دەیگرێتە هەڵماتەکانی تر، هەندێک جار هەڵماتێکی گەورەترە لەوانی تر و ڕەنگی جیاوازە و هێڵی تێدایە. «بە پیلکە»، واتە هەڵماتەکە لە بەردەم پەنجەی نوشتاوەی دۆشاومژەدا وەستێنراوە و یاریکەرەکە بە کەڵەموستی پەلەپیتکەی لێ دەدات. **~گ.س.**
لە شوێنی جیاوازی جیهان پیلکەکە بە جۆری جیاواز جێبەجێ دەکرێت: لە منداڵیی خۆماندا بە پێچەوانەی پەسنەکەی گیفردەوە دەسکەلاکەمان دەهاویشت، واتە بە کەڵەموست هەڵماتەکەمان گیر دەکرد و بە دۆشاومژە دەمانهاویشت. *پیلکەی عەرەبی* هەبوو، کە دەستێکت دەبوو بە یاوەری دەستەکەی تر و وەک ئەسپێکی جامبازەکردووی عەرەبی هەڵماتەکەی بەرز دەکردەوە، پەنجەتووتەی دەستە ئەسپەکەت لەسەر زەوی ڕادەگرت و ئەو دەستەت بەرز دەکردەوە، بە دەستەکەی تریش هەڵماتەکەت لە نێوان کەڵەموستی دەستە ئەسپەکە و کەڵەموستی دەستەکەی ترتدا ڕادەگرت و بە دۆشاومژەی دەستەکەی ترت، واتە ئەوەیان کە لەسەر پەلەپیتکە نەبوو، هەڵماتەکەت دەهاویشت. یان پیلکەی ئاسایی هەبوو، کە دەستێکت بە پانی ڕادەگرت، لەپی دەستت بۆ خوارەوە بوو، هەڵماتەکەت دەخستە سەر بۆشایی نێوان پەنجەی دۆشاومژە و پەنجە گەورەوە، بە دەستەکەی تریش، دۆشاومژەت لە کەڵەموستت گیر دەکرد و بە دۆشاومژە هەڵماتەکەت بە پەلەپیتکە دەهاویشت. جگە لەمانە چەند جۆرێکی تری پیلکەش هەبوو، بەڵام ئەمانە زیاتر باو بوون؛ ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ لە کاتی هاتنی پەنابەرەکانی سوریادا، کە خۆم کارم بۆیان دەکرد، منداڵەکانیانم دەدی بە جۆری تر هەڵماتێنیان دەکرد، ئەوان دەسکەلاکانیان دەگرتە هەڵماتەکانی تر، بێ پیلکە و دەستی یاریدەر، بەڵکو هەر بە هاویشتنی ئاسایی دەسکەلاکانیان دەهاویشت. **~ن.م.**

[111] **سفینکس**: بە ئینگلی *sphinx*، هەندێک جار بە *ئەسفەنگ* دەنووسرێت، دەعبایەکی باڵداری مێیە لە ئوستوورەی گریکیدا، سەری ژن و لەشی شێری هەیە، بەوە بەناوبانگە کە مەتەڵ لە خەڵک دەپرسێت و هەر کەسێک وەڵامەکە نەزانێت، دەیکوژێت. لە شاری بابل لە عێراق لە بەردەم دەرکی عەشتاردا سفینکسێک هەبووە بە **لاماسو** بەناوبانگە. **~ن.م.**

[112] **موحەمەد... هەڵینەستێنێت**: حەدیسێکە، یان گێڕانەوەیەکی باوە دەربارەی موحەمەد، کە وا دیارە ئەم چیرۆکە دەربارەی میهرەبانییە زۆرەکەی بووە بەرانبەر ئاژەڵان. ئەم حەدیسە لە پەڕتووکی گەورەی هەڵبژاردەی *سەحیحی بوخاری*دا نییە، کە دوای *قورئان*، پیرۆزترین پەڕتووکی ئیسلامە – ئەبو موحەمەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری (٨١٠-٨٧٠) کۆی کردوونەتەوە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی لە شەش سەد هەزار حەدیسێکدا کردووە، زیاتر لە حەوت هەزاری لێ هەڵبژاردوون کە ڕاستن؛ بەڵام ئەو حەدیسانە {لاوازەکان} لە هەڵبژاردەی تردا پارێزراون کە لە سەدەی نۆ و دەیەمدا کۆ کراونەتەوە. **~گ.س.**

[113] **پیژگ**: بە ئینگلی *mignonette* یان *Reseda odorata*، گیایەکی سەوزی قەدباریک و گوڵزەردە، خومی زەرد لە گەڵاکەی دروست دەکرێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[114] **خاتوو ئیلایز. ئەی مێردەکەی**: خاتوو ئیلایز بەڕێوەبەری «قوتابخانەی بێچووان» بووە، (جۆرێکی باخچەی ساوایان بووە – قوتابخانەیەک بۆ منداڵ، پێش ئەوەی بچێتە خوێندنی سەرەتاییەوە)، کە بلووم منداڵ بووە لەوێ خوێندوویەتی (بڕوانە ١٧: # **باخچەی ساوایان**)، {لە ئەڵقەی حەڤدەیەمدا ناوی ئەم باخچەیە دەهێنێت}. پاشان کە دەڵێت: «ئەی مێردەکەی؟» پرسیاری منداڵەکە سەبارەت بە خانمەکە، کە بە (خاتوو) ناوی دەبات (ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە بێوەژن بووە؟) لەبەر ئەوەیە کە مێردەکەی دیار نییە. **~گ.س.**

[115] **حەزم لەو وژەیەی تر نییە**: مەرسا لە نامەکەیدا هەندێک هەڵەی ڕێزمانی و ئەم هەڵەی ڕێنووسەشی هەیە، بڕوانە دوو ڕاڤەکەی دوای ئەم ڕاڤەیە. بە ئینگلی بە *وشە* دەڵێن: *وۆرد word*، مەرسا بە هەڵە دەنووسێت: *وێرڵد world* واتە *جیهان*، ئەگەر دەقە ڕاستەوخۆکەی مەرسام وەربگێڕایە دەبوو بە: «حەزم لەو جیهانەی تر نییە»، دواتر بلووم زیاتر و زیاتر بیر لە «جیهانەکەی تر» دەکاتەوە، واتە نووسەر لە ڕۆمانەکەدا پەرە بەم هەڵەیە دەدات و ئەمەش بابەتی گیانگۆڕکێ لە ڕۆمانەکەدا زیاتر تۆخ دەکاتەوە. «وژە» تەنها هەڵەیەکی ڕێنووسە لە کوردیدا، بە واتا وەرنەگێڕاوە. ئەم هەڵانەی مەرسا وایان کردووە کە زۆرێک لە شارەزاکانی جۆیس و *ئولیس* لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی مەرسادا بکەن، هەرگیز لە ڕۆمانەکەدا وەڵامی تێدا نییە کە مەرسا کێیە و وا دیارە بلوومیش تەنها حەزی بە ئاڵوگۆڕکردنی نامەیە، نەک بە ڕاستی خوازیار بێت مەرسا ببینێت. زۆر کەس پێیان وایە کە زمانی ئینگلی زمانی دایکی مەرسا نەبێت و وا دیارە کچێکە کۆچی کردووە بۆ ئایرلاند. لێکۆڵەران بێشومار پێشنیاریان هەیە کە مەرسا کێیە. **~ن.م.**

[116] **ئەگەر نەتنووسیبوو**: هەڵەیەکی ڕێزمانیی مەرسایە، کە ڕاستتر بوو بینووسیایە: «کەواتە ئێستا دەزانیت ئەگەر نامەم بۆ نەنووسیت چیت لێ دەکەم» لە زمانی ئینگلیدا ڕاستەکە *write*ە و هەڵەکە، ئەوەی لە دەقەکەدایە *wrote*ە، واتە بە جیاوازیی تەنها دوو پیتی *i* و *o* هەڵەیە؛ بەڵام هیو کێنەر دەڵێت کە ئەم هەڵەیە لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئینگلی زمانی دووەمی مەرسایە، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە نامەکە بە ئامێری چاپ چاپ کراوە و دوگمەی پیتی *i* و *o* بە تەنیشت یەکەوەن و دەشێت تەنها هەڵەی چاپ بێت. **~ن.م.**

[117] **پێش ئەوەی ئارامیم لێ ببڕێن**: هەڵەیەکی تری ڕێزمانیی مەرسایە، *ئارامی* تاکە و لە سەرەتادا بە تاک دەڵێت: *ئارامی* کەچی دواتر کۆی دەکاتەوە کە دەڵێت: *لێ ببڕێن*؛ ڕاستتر بوو بینووسیایە: «پێش ئەوەی ئارامیم لێ ببڕێت». **~ن.م.**

[118] **ژنەکەت... بە کار دەهێنێت**: وەڵام: *گوڵەسارێژ* (بڕوانە ١٣: # **گوڵەسارێژ**). **~گ.س.**

[119] **xxxx**: زۆرێک لە چاپەکان و هەندێک لە وەرگێڕانەکانیش ئەم چوار پیتەیان پەڕاندووە، تەنانەت چاپی یەکەمی *ئولیس* ئەم چوار پیتەی تێدا نییە، دکتۆر هانس واڵتەر گابلەر لە دەستکارییەکەی خۆیدا هێناویەتیەوە. پیتی x لە کۆتایی نامەدا بە واتای *ماچ* دێت، لێرەدا مەرسا چوار ماچی بۆ بلووم، یان ڕاستتر، هێنری فلاوەر، ناردووە. **~ن.م.**

[120] **زمانی گوڵان**: گوڵناسی: زۆر هێمای باو و واتا لە گوڵ ئاڵێنراون. کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاست هێماگەریی باوی گریکۆ-ڕۆمییان بووژاندەوە و فراوانتریان کرد، دواتریش لە هونەری شۆڕەسواری و ئاڕمناسیدا زیاتر پەرەی پێ درا. لە سەردەمی شا ڤیکتۆریادا ئەم نەریتە لە ڕووی سۆزدارییەوە وریایانەتر چەسپێنرا و یاسایان بۆی دانا و ئاڵۆزتریان کرد. فەرهەنگێکی نووسەر-نادیار هەیە بە ناوی *زمانی گوڵان* (لەندەن، لە پێشکەشکردنەکەیدا ساڵی ١٩١٣ی لێ دراوە) واتای زیاتر لە حەوت سەد گوڵ ڕیز دەکات. **~گ.س.**

[121] **گوڵاڵە لێت توورەیە... بۆنی مەرسا**: *گوڵاڵە*: چێژی ترسناک؛ *گوڵەپیاو*: ڕەگەزدۆزییەکی ئاشکرایە؛ *کاکتۆس*: تەنها مەبەستی کێر نییە، بەڵکو مەبەستی خەیارەمارانەیە؛ *گوڵەئەوین*: وەک ناوەکەی پێشنیاری دەکات، مەبەستی ئەوینی ڕاستینەیە؛ *وەنەوشە*: خاکێتی و میانڕەوی؛ *گوڵەباخ*: خۆشەویستی و جوانی؛ *گوڵاڵەسوورە*: لاوازی و پێشبینی؛ *لاسکەشەوە*: جگە لەوەی ڕەگەزدۆزییە لەگەڵ کێردا، مەبەستیشی لە گوڵی ڕێزڵەیە: کە مەبەست لێی ناڕاستێتی و ساختەییە. **~گ.س.**

ئەم پەرەگرافە گەلێک ئاڵۆزە و دەکرێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکە: لە لایەک ناوی گەلێک گوڵی نامۆ و دروستکراوی تێدایە کە دەشێت بە پێی «زمانی گوڵان» هەر یەکەیان هێما و واتای شتێک بێت کە خودی ئەو هێما و واتایانەش هێشتا ڕوون نین، جگە لەوەی لێکۆڵەرانی جۆیس سەرچاوەی بەکارهێنانی ئەم هێمایانە نازانن و لە فەرهەنگی گوڵە بەردەستەکانی ئەو سەردەمەدا، کە جۆیس *ئولیس*ی تێدا نووسیوە، نەیاندۆزیوەتەوە؛ لە لایەکی تر هەموو ئەم پەرەگرافە لە خەیاڵی میستەر بلوومدان و بە تەواوەتی دەرنەبڕاون و لە دەقە ماکەکەدا ڕستەکان ڕستەی تەواو نین، لە لایەکی تریش لە دەقە ماکەکەدا ڕستەکان بەناو یەکدا تێکەڵ کراون، هەر وەک چۆن بلووم و مەرسا لە خەیاڵی خۆیاندا خەیاڵ بە تێکەڵبوون و جووتبوون دەکەن لەگەڵ یەکدا. با یەک بە یەک ناوی گوڵەکان لە دەقەکە و ڕاڤەکەی گیفرددا ڕوونتر بکەمەوە و لەسەریان بدوێم:

**گوڵاڵە**: بە ئینگلی *tulip*، هەر ئەو گوڵە بەناوبانگەیە کە خۆمان بیستوومانە، گوڵی سوور و زەرد و پەمەیی تێرن و لە بەهاردا دەردەکەون و پەڕەکانیان هێلکەیین و نزیک یەک بەرەو سەرەوە ڕەپ بوون. بە ئینگلی بە *توولیپ* دەخوێنرێتەوە و جۆیس بە مەبەست کردوویەتی بە کۆ: *توولیپس*، واتە *گوڵاڵەکان لە تۆ تووڕەن*، کە ئەم واتایەیان زۆر ناڕوون دەبێت، بەڵام جاکلین ئیستمان لە لێکۆڵینەوەی *زمانی گوڵان: سەرچاوەیەکی نوێ بۆ لۆتۆسخۆران*دا، کە لە ژمارە ٣ی بەرگی ٢٦ی *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*دا لە بەهاری ١٩٨٩دا بڵاوی کردووەتەوە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە بە هەمان خوێندنەوە، بەڵام ڕێنووسێکی جیاواز: *توو لیپس*: *two lips*، واتە *دوو لێوان*، کە لێرەدا واتاکەی گونجاوترە و دەبێت بە: *دوو لێوان لێت تووڕەن*، لە هەمان کاتیشدا لە ئینگلییەکەدا ئاماژەیەکی گوڵاڵەی تێدایە، کە دەشێت ئاماژە بێت بە یان لێوی مەرسا، یان قیتکەی، بە تایبەتی کە بلووم لە پێنج پەرەگراف دواتردا و لە دوای گۆرانییەکەوە سووری مانگانەکەی مەرسا بە «گوڵەباخ» دەچووێنێت.

**گوڵەپیاو**، کە گیفرد لەسەری نووسیویەتی «ڕەگەزدۆزییەکی ئاشکرایە»، بەڵام ئەوەندەش ئاشکرا نییە! مەبەست کێری بلوومە، لە ڕیزەکانی کۆتایی ئەم ئەڵقەیەدا ئەمە دووپات دەبێتەوە کە بلووم دەچێتە گەرماوە تورکییەکە و خۆی ڕووت دەکاتەوە و لەشی خۆی دەبینێت و دەڵێت: «هەروەها تووکی تۆخی ئاڵۆسکاوی تووکەبەری خۆی بینی سوارڤا دەبوون، تووکی سوارڤای کانییەکەی دەوری باوکە شۆڕەکەی هەزاران، گوڵێکی ژاکاوی

سوارڤا». جگەلەوەی خودی ناوی *هێنری فلاوەر*، کە ناوە خوازراوەکەی بلوومە، واتە: *هێنری گوڵ*، لە هەمان کاتیشدا *بلووم* واتە: *پشکووتن*، کە هەر پەیوەندیی بە گوڵەوە هەیە، هەروەها ناسناوی خێزانەکەشی لە هەنگاریا، پێش ئەوەی بێن بۆ ئایرلاند، *ڤیراگ* بووە، کە بە زمانی هەنگاری هەر بە واتای *گوڵ* دێت.

**کاکتۆس**: بە ئینگلی *cactus*، گیایەکی ئەستووری ناودارە کە لە ناوچەی گەرم و بیابانیی جیهاندا دەڕوێت، گەڵایان نییە و زۆربەیان بە دڕک دەورە دراون. جۆیس لە سەرەتادا ناوی *لیانا* – *liana*ی داناوە و دواتر گۆڕیویەتی و کردوویە بە «کاکتۆس»، بۆ *لیانا* (بڕوانە ٥: ٢٥). لە فەرهەنگەکانی بەردەستمدا ناوی *کاکتۆس*م بە کوردی نەدۆزییەوە، لە *فەرهەنگی کوردستانیکا*دا جگە لە *کاکتووس* و *کەکتێس* نووسیویەتی *زمانەخەسوو* و *گوڵەخەپلە* و *گیاخەپلە*شی داناوە، «زمانەخەسوو»ەکە ئێجگار جەفەنگییە، کە تێدەگەم بۆچی وەها ناو نراوە. بەڵام دڵنیا نەبووم لە ڕاستێتیی ناوەکە بە کوردی، بۆیە وەک خۆی *کاکتۆس*م خواست. دیارە بلووم لێرەدا مەبەستی چوواندنی کاکتۆسە بە کێری خۆی، کە مەرسا سزای دەدات ئەگەر «ئاسوودە»ی نەکات، یان بە واتایەکی تر *ڕەحەتی نەکات*. وەک بینرا، گیفرد لەسەر ئەم ناوە نووسیویە: «*کاکتۆس*: تەنها مەبەستی کێر نییە، بەڵکو مەبەستی خەیارەمارانەیە»، وشەی *خەیارەمارانە*م لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە، لە فەرهەنگی ناوبراودا ئەم ناوەی لە بەرانبەر *touch-me-not*ی ئینگلیدا داناوە، کە ئەوەیە کە گیفرد ئاماژەی پێ دەدات. بڕوانە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*، لا.١٠٩. واتای وشەیی ناوی ئەم گوڵە بە ئینگلی، *تەچ-می-نۆت*، واتە *دەستم لێ مەدەیە*، کە ئاماژەیەکی سێکسییانەی تێدایە و لە کوردییەکەدا دەرناکەوێت، ئەڵبەت دیارە بۆچی نابێت دەست لە کاکتۆسەکەی بلووم بدەیت، لە کاتێکدا مەرسا نەک تەنها دەستی لێ دەدات، بەڵکو سزاشی دەدات!

**گوڵەئەوین** بە ئینگلی پێی دەڵێن *forget-me-not* بە واتای وشەکانی بێت، واتە *لە بیرم مەکە*، بڕوانە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*، لا. ٢٢٠. ناوی ئەمیش دیسان ئاماژەیەکی سۆزداریی تێدایە و مەبەست لێی مەرسایە، کە مەرسا حەز ناکات لە بیر بکرێت و کە لە کۆتایی نامەکەشدا دەڵێت: «تکایە پێم بڵێ ژنەکەت چ جۆرە بۆنێک بە کار دەهێنێت. دەمەوێت بزانم» دەتوانرێت بە دوو دیوی دژ بە یەکدا لێکبدرێتەوە، دیوی یەکەمیان ئەوەیە کە: لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت کە دەیەوێت لە دەرفەتێکدا دەستلەملانی بلووم ببێت، بەڵام دەیەوێت لەو کاتەدا بۆنێک لە خۆی بدات کە ژنەکەی بلووم ئەو بۆنە لە

خۆی نەدات، تا بلووم بە هۆی بۆنە جیاوازەکەی مەرساوە هەمیشە مەرسای لە بیر بمێنێت. دیوەکەی دووەم، کە پێچەوانەی ئەمەیە، دەیەوێت هەمان بۆنەکەی ژنەکەی لە خۆی بدات تا ئەگەر دەستلەملانی یەک بوون، بلووم بۆنێکی جیاواز هەڵنەگرێت و بە هۆی ئەوەوە تووشی کێشە ببێت لەگەڵ مۆڵیی ژنیدا.

**وەنەوشە**: جاکلین ئیستمان لێهاتووانە ئەم کۆدە دەکاتەوە، کە دەڵێت: «ئای چەند تامەزرۆی وەنەوشەم...»، لە ڕاستیدا لە کوردییەکەدا هیچ واتایەک نادات و لە ئینگلییەکەشدا ڕوون نییە، بەڵام ئیستمان لەسەر بنەمای *توولیپس – دوو لێو* ئەمیش ڕوون دەکاتەوە کە بەم شێوەیەیە: بە ئینگلی بە *وەنەوشە* دەڵێن *ڤایۆلێت* و بە توندوتیژی دەوترێت *ڤایۆلێنس*، ئەگەر بەو شێوەیە بیخوێنینەوە دەبێت بە: ئای چەند تامەزرۆی توندوتیژیم بۆ سەر گوڵەباخ... کە ئەمەش لەگەڵ حەزی بلوومدا، بۆ ئەوەی سزا بدرێت و ئارەزووەکەی مەرساش کە دەڵێت: «سزات دەدەم»دا دەگونجێت. بە گوێرەی ئەوەی کە هیچ کەس حەز ناکات سزا بدرێت ئەگەر سزادەرێک نەبێت، واتە سزادەر و سزادراو دوو دیوی دراوێکن، کە مەرسا حەز دەکات سزای بلووم بدات، حەز دەکات خۆیشی، یان بە دیاریکراوی «گوڵەباخ»ەکەی خۆیشی سزا بدرێت. جۆیس سەرەتا ئەو پەرەگرافەی دوای گۆرانییەکەی مەیریی بەم شێوەیە نووسیوە: «سەرئێشەیەکی خراپ. ڕەنگە سووڕی مانگانەکەی هەبێت» دواتر لە چاککردندا گۆڕیویەتی و کردوویە بە: «سەرئێشەیەکی خراپ. ڕەنگە گوڵەباخەکەی هەبێت» واتە *گوڵەباخ*ی لە بری *سووڕی مانگانە*، یان *ناوگەڵی خوێناوی* بە کار هێناوە.

**گوڵاڵەسوورە**: بە ئینگلی پێی دەڵێن *anemone*، گوڵاڵەسوورە جۆرێکی دیاریکراوی گوڵاڵەیە و *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان* پێی دەڵێت: *گوڵەمزیانی*، بڕوانە ل.٢٤٢. گوڵاڵەسوورە، بە گوێرەی ڕاڤەکەی گیفرد بێت کە هێمای «لاوازی و پێشبینی»یە، دیارە کە هەردووک مەرسا و بلوومیش *لاواز*ن و حەز دەکەن بە یەک بگەن، هەروەها وەک دیارە، مەرسا پێشبینیی بەیەکگەیشتنەکەیان دەکات.

**لاسکەشەوە**: ئەم وشەیە دەستکردە و بلووم خۆی دروستی دەکات، ئینگلییەکەی دەقە ماکەکە: *nightstalk*ە، کە بە خوێندنەوەی جیاواز، سێ وشەی تێدایە و وا دەکەن بە دوو واتا بخوێنرێنەوە: *night* بە واتای *شەو*، *talk* بە واتای *قسەکردن*؛ هەروەها *stalk* بە واتای *لاسک* یان *قەدی دەوەن و گژ و گیا*. لە یەکگرتنی ئەگەرەکانیاندا، لە باری یەکەمدا دوو وشە ڕاستەکە دەبێت *night's talk*، واتە *قسەی شەو*، کە لەگەڵ وشەکەی تەنیشتیدا، واتە

*قسەی بێشەرمانەی شەو*. لە باری دووەمدا بە واتای ***night stalk***، واتە *لاسکی شەو*، کە دیسان ئاماژەیە بە کێری بلووم. لێرەدا دەبێت بە: «لاسکەشەوەی هاروهاج»، کە مەبەست لە نەبزێویی پێکاری نێرینەی بلوومە بە شەوان. گیفرد لە ڕاڤەکەیدا بەم شێوەیە باسی لێوە کرد: «*لاسکەشەوە*: جگە لەوەی ڕەگەزدۆزییە لەگەڵ کێردا، مەبەستیشی لە گوڵی ڕێزڵەیە: کە مەبەست لێی ناڕاستێتی و ساختەییە» **گوڵی ڕێزڵە**: بە ئینگلی ***nightshade***ە، خێزانێکی گوڵە، کە باینجان لەم خێزانەیە. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە، بڕوانە لاپەڕە ١٢٧. **~ن.م.**

122 **یەکشەممەیەک دوای ڕۆزەری**: *ڕۆزەری* جۆرە نوێژێکە کە بە گشتی لە پازدە سووڕی سەد جاری پێکدێت و نوێژکەر هەر جارێک نزای *ئاڤێ ماریا* دەخوێنێت {بە واتای *درووود لە مریەم*، جۆرە نزایەکە بۆ مریەمی پاکیزە دەوترێت: «درووود لە مریەم، خودات لەگەڵدایە و لێوانلێویت لە بەخشین...» (بڕوانە ٥: ٢١٨)} هەموو سووڕێکی سەد جاری بە نزا بۆ باوک و *گلۆریا پاتریس* کۆتایی دێت («شکۆدار بێت خودای باوک...») نزاکان لەسەر تەسبیح دەخوێنرێن، کە پێی دەوترێت *ڕۆزەری*، نزاکەر لە کاتی خوێندنی هەر سووڕێکی سەد جاریدا لە ڕازێک ڕادەمێنێت. ڕۆزەری بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە، هەر یەکێکیان لە پێنج جاران سەد خوێندن پێکدێت کە بە تاج، یان تاجەگوڵینە ناسراون. ئەوەی وا دیارە بلووم مەبەستی بێت «دوای ماس»ە، چونکە ڕۆزەری بەشێکی باوی ماسی یەکشەممە و شەونوێژ نەبووە. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا {بیستەم} باو بوو کە دوای ماسی نزم نزاکەر و خەڵکان سێ جاران پێکەوە *درووود لە مریەم* بە نزایەکی درێژ بۆ مریەمی پاکیزە بخوێنن، بەڵام لە یەکشەممان و جەژنی گەورەدا نا. **~گ.س.**

وا دیارە ئەمە داواکەی مەرسا بووە کە لە نامەکەدا دەڵێت: «داواکەم ڕەت مەکەوە پێش ئەوەی ئارامیم لێ ببڕێن» دواتریش میستەر بلووم کە دەچێتە کڵێساکە جارێکی تر بیری لێ دەکاتەوە و دەڵێت: «یەکشەممەیەک دوای ڕۆزەری یەک ببینین. داواکەم ڕەت مەکەوە». **~ن.م.**

123 **شێوەزاری بازاڕیی دەبلنی**: شێوە گۆکردنێکی چینی نزمی دەبلنییە کە زۆر جار بە *فلات* ناوزەد دەکرێن. **~گ.س.**

124 **کوومب**: شەقامێکە لە باشووری ناوەڕاستی دەبلندا، هەروەها ناوچەیەکی وێرانەی دەوری کاتیدرایی سانت پاتریکیشە (کە هی پرۆتستانتە). ڕۆژێک لە ڕۆژان گەڕەکێکی نوێباو و خۆشی شاری دەبلن بووە. **~گ.س.**

[125] **وەی وەی... تا دانەکەوێ**: سەرچاوەی ئەم گۆرانییەی سەر شەقام نەزانراوە. **~گ.س.**
ئەوەی من بە «تا دانەکەوێ» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *to keep it up* کە دەشێت زۆر واتا بگەیەنێت، بۆ نموونە: *تا بە هەڵکراوی بیهێڵێتەوە*؛ *تا بە هەڵستاوی بیهێڵێتەوە*؛ *تا بە ڕەپی بیهێڵێتەوە*؛ *تا بە بەرزی بیهێڵێتەوە*؛ *تا هەر بەردەوام بێت*...تد. کە ئاماژەی سێکسیی تێدایە. پەرەگرافەکەی دواتری قسەی ناخی بلوومە، لە دەقە ماکەکەدا تەنها دوو وشەیە: یەکەم جار دەپرسێت *it?*: بە واتای *ئەو*: بۆ شتی تاکی نازیندوو؛ دواتر دەپرسێت *them?* واتە *ئەوان*، بۆ کۆ. هۆی ئەمە ئەوەیە کە وشەی *دەرپێ* بە ئینگلیی ناو دەقی گۆرانییەکە *drawers*ە، کە کۆیە، بەڵام گۆرانییەکە دەڵێت: *it* کە ئاماژە بۆ شتێکی تاک دەکات، بۆیە بلووم گومان دەکات کە مەبەستی دەرپێکە بێت، چونکە ئەو کاتە دەبوو بە کۆ بووایە؛ من ئەو دوو وشەیەم بە مەبەستەکانیان، بەو شێوەیەی وا لێی تێگەیشتووم، وەرمگێڕاوە کە «چی دانەکەوێت؟ دەرپێ؟»یە؛ سوپاس بۆ ڕاڤەکەی وەرگێڕانە فەرەنسییەکە لەسەر ئەم بابەتە کە بەرچاومی ڕوونتر کرد. **~ن.م.**

[126] **ڕەنگە گوڵباخەکەی هەبێت**: مەبەستی سووڕی مانگانەی ژنانە. **~گ.س.**

[127] **تیشکۆی... خراپە**: بۆ *پەی* (بڕوانە ٣: ٢٢٠) *تیشکۆ* لە بەرانبەر *فۆکەس* *focus*ی ئینگلییە، بە واتای چەقی بینین و ڕوانین دێت. **~ن.م.**

[128] **مەرسا، مریەم... گوێ دەگرن**: مەرسا و مریەم، دوو خوشکی لەعازر بوون و هاوڕێی عیسا بوون. کە دەڵێت: «لە ماڵەکەیاندا دانیشتووە، قسە دەکات» مەبەست لە *ئەوە* دەرنەبڕاوەکە عیسایە، کە لەو تابلۆیەدایە کە بلووم بیری لێ دەکاتەوە کە پێشتر دیویەتی. تابلۆی *عیسا لە ماڵی مریەم و مەرسا*، لە کێشانی: پیتەر پۆڵ ڕوبنس (١٥٧٧-١٦٤٠) لە گەلەریی نیشتمانیی دەبلن هەڵواسرابوو، بەڵام ئەو وێنەیە نییە کە بلووم بیری لێ دەکاتەوە. «ئەوەی تر» مەرسایە، کە «لەبەر زۆری خزمەتکردن شڵەژابوو»، مەرسا گلەیی لە بێباکیی مریەمی خوشکی لای عیسا دەکات کە لێیگەڕاوە ئەو خزمەت بکات و یارمەتیی نادات، عیساش پێی دەڵێت: «مەرسا، تۆ خەم لە زۆر شت دەخۆیت و نارەحەتیت. بەڵام یەک شت پێویستە، مریەم شتە باشەکەی هەڵبژاردووە کە لێی ناسەنرێتەوە» (لۆقا ١٠: ٣٨-٤٢). لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانسدا، زووزوو مریەمی خوشکی مەرسا و لەعازر لەگەڵ مریەمی مەجدەلیدا بە هەڵە تێکەڵاو دەکران، مریەمی مەجدەلی کچێکی لەشفرۆش بووە کە عیسا «ڕۆحی پیس»ی لێی دەرهێناوە؛ بۆیە بلووم وا بیر دەکاتەوە کە «دوو قەحبەکەی کوومب گوێ دەگرن». **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[٣٨]کاتێک دەڕۆیشتن {عیسا} چووە گوندێک، ژنێک لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکرد ناوی مەرسا بوو. [٣٩]خوشکێکی هەبوو ناوی مریەم بوو، لەبەرپێی مەسیح دانیشت و گوێی لە فەرمایشتەکانی دەگرت. [٤٠]بەڵام مەرسا لەبەر زۆری خزمەتکردن شڵەژا بوو، ڕاوەستا و گوتی: «گەورەم، باکت نییە خوشکم بە تەنها بەجێی هێشتووم و خزمەت دەکەم؟ پێی بفەرموو با یارمەتیم بدات.» [٤١]مەسیح وەڵامی دایەوە: «مەرسا، مەرسا، تۆ خەم لە زۆر شت دەخۆیت و نارەحەتیت. [٤٢]بەڵام یەک شت پێویستە، مریەم شتە باشەکەی هەڵبژاردووە کە لێی ناسەنرێتەوە.» (لۆقا ١٠: ٣٨-٤٢)

129 **ئاوێکی... کەللەتەزێن**: ئاشتاون لە بەری باکووری پارکی فینیکسە، بە تەنیشت ئەو دەرگایەوەیە کە دەتبات بەرەو کۆشکی جێنشینی پاشا؛ بۆیە ناوچەکە لەگەڵ ناوی بەرتیلدا تێوە گلاوە لە کاتی هەڵبژاردندا. «کونی دیوارەکە» شوێنێک بوو کە دەنگدەری سەرڕاست دەیتوانی دەستی بەتاڵی لە بۆشاییەکەوە درێژ بکات بۆ ئەودیو و کە ڕایدەکێشایەوە دەستی پڕ ببوو لە گینی – ئاوهاش دەیتوانی بە ویژدانەوە سوێند بخوات کە نازانێت کێ بەرتیلی پێی داوە (هەروەها ئاوهاش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بەرتیل لە ئارادا نەبووە). وا دیارە بلووم (یان جۆیس؟) پێی وایە کە بیرێک لای دەرگای ئاشتاونەوە هەبووە کە بە ئاوی زۆر سارد و کەللەتەزێن بەناوبانگ بووە، بەڵام بە ڕای دکتۆر ڕایت لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕووپێوی جیۆلۆجیی دەبلن (١٩٨٤)، هیچ نەخشەیەکی دەبلن تا هی ساڵی ١٨٩٠یش هیچ نیشانە و بەڵگەی بوونی هیچ بیرێکی تێدا نییە کە لای دەرگای ئاشتاونەوە هەبوویێت. ئەو دوو بیرەی لەو ناوەوە نزیکن، یەکێکیان بیری *پووەر مانە*، نزیک دەرگای *کابراوە* بە نزیکی میلێک لە خۆرهەڵاتی دەرگای ئاشتاونەوە دوورە، بیرەکەی تریش بیری *بەیکەرە*، نزیک دەرگای نۆکماروون لای سووچی باشووری خۆرئاوای پارکەکەوەیە. هەروەها مەیخانەیەکیش هەبوو بە ناوی مەیخانەی بلاک-هۆرس، کە لە ناو خەڵکاندا بە «کونی دیوارەکە» ناسرابوو، لە کۆڵانی بلاکهۆرس (ئێستا شارێیە) بوو، لەسەر سنووری باکووری پارکەکە لای ڕاستی دەرگای ئاشتاونەوە. **~گ.س.**

130 **پێشبڕکێی غارغارێنەکە**: یاریی غارغارێن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هاوکاتی نمایشی ساڵانەی ئەسپسواریی دەبلن دەگێڕرا، کە ئەمیان بۆنەیەکی گرنگتری ساڵنامەی دەبلن بوو،

غارغارێنەکە لە خولی پێشبڕکێی پارکی فینیکس دەگێڕرا (ڕێک لە دەرەوەی دەرگای ئاشتاونەوە بوو). لەو کاتەوە پێشبڕکێی غارغارێن نەماوە (بڕوانە ٧: ٨٠). **~گ.س.**

131 **تاقی هێڵی ترامەکە**: لە ژێر وێستگەی وێستلاند ڕۆوە؛ تاقەکە کۆڵەکەی هێڵی شەمەندەفەرە بەرزکراوەکەی دەبلن و باشووری خۆرهەڵاتە. **~گ.س.**

132 **لۆرد ئایڤیاگ**: ئێدوارد سێسیڵ گینیس، ئێرلی ئایڤیاگ (١٨٤٧-١٩٢٧)، مرۆڤدۆستێک بوو، یەکێکیش بوو لە خێزانە هاوبەشەکانی بەشگەی بیرەخانەی گینیس لە دەبلن. **~گ.س.**

133 **بانکی ئایرلاند**: (بڕوانە ٤: ٣٩). **~گ.س.**

134 **لۆرد ئاردیلاون**: سێر ئاڕثەر گینیس (١٨٤٠-١٩١٥)، وارگێڕێک بوو، سەرۆکی کۆمەڵەی پاشایی دەبلن بوو، یەکێکی تر بوو لەو خێزانانەی کە لە بیرەخانەی گینیسدا هاوبەش بوون. جۆیس بە «خێرەومەندێکی ڕووترش» ناوی دەبات (*نامەکان*، ١:٢٥٥). وا دیارە ڕەفتارە ڕووترشەکانی و سامانەکەی و بیروبۆچوونە وارگێڕییە پارێزکارییەکەی وایان کردووە ناوبانگی بەو شێوەیە بێت کە بلووم بیری لێ دەکاتەوە. **~گ.س.**

135 **پاینت**: بە ئینگلی *pint*، لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە: «پێوانەیەک و سەنگێکە بریتییە لە هەشتیەکی گاڵۆنێک بۆ شلە و شتی وشک». **~ن.م.**

136 **ئۆڵ هالۆس**: یان کڵێسای سانت ئەندراوسی کاسۆلیکی ڕۆمی لە ٤٦ی وێستلاند ڕۆو. بلووم لە هەیوانەکەی پشتیەوە دەچێتە ژوورەوە، کە لەسەر شەقامی کەمبەرلاندە. **~گ.س.**

137 **تیپەڕنامە**: (بڕوانە ٦: ٦٨). **~ن.م.**

138 **قەشەی... کۆنمی ک. ع.**: {ک.ع. واتە کۆمەڵەی عیسا (بڕوانە ١: ١٢)} جۆن کۆنمی (١٨٤٧-١٩١٠)، لە (١٨٨٥-١٨٩١)، ئەو کاتەی ستیفن لە قوتابخانەی کلۆنگەوز ود کۆلێج قوتابی بوو، جۆن کۆنمی سەرۆکی ئەوێ بوو، پاشان دیسان کە ستیفن لە بێلڤێدێرێ کۆلێج قوتابی بوو لە سەرەتای ١٨٩٠ەکاندا، جۆن کۆنمی بوو بە چاودێری خوێندنی ئەوێ. لە ساڵی ١٨٩٨ەوە تا ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ گەورەی قەشەکانی کڵێسای سانت فڕانسیس ژاڤیەر بوو لە شەقامی گاردنەری سەروو لە دەبلن. **~گ.س.**

جۆن کۆنمی لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٨٤٧دا لە دێی گلاندەف نزیک ئاثلۆن لە کاونتیی وێستمیث لە خێزانێکی جووتیاری دەوڵەمەنددا لە دایک بووە. لە کۆلێجی کاسڵنۆک دەستی بە خوێندن کردووە و کە بووە بە شازدە ساڵان قوتابخانەکەی گۆڕیوە و چووەتە

قوتابخانەی یەشوعییەکان لە کڵەنگەوز ود کۆلێج لەساڵینز لە کاونتیی کیلدێر. ساڵی ١٨٦٩ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی یەشوعییەکانەوە کردووە لە میڵتاون پارک لە دەبلن و لە خانەی یەشوعییەکانیشدا لە ڕۆهامپتن و ستەونیهەرست کۆلێج لە ئینگلتەرا لە خوێندنی خۆی بەردەوام بووە. ساڵی ١٨٧٣ گەڕاوەتەوە بۆ ئایرلاند و پێنج ساڵ لە تولابێگ لە کاونتیی ئۆفەلی مامۆستا بووە. پاشان چووە بۆ ئینسبرووک و لەوێ یەزدانناسیی خوێندووە و ئینجا بە زۆر شوێنی ئەوروپادا گەشتی کردووە و گەڕاوە. ساڵی ١٨٨١ کرۆوکی ئوسقوفی مەتڕان مۆڵەتی قەشەیی پێی داوە. بابە کۆنمی گەڕاوەتەوە بۆ کڵەنگەوز ود کۆلێج و بووە بە چاودێری خوێندنی ئەوێ و ساڵی ١٨٨٥ بووە بە سەرۆکی کۆلێجەکە و تا ساڵی ١٨٩١ هەر وەک سەرۆکی ئەوێ ماوەتەوە. جەیمز جۆیس لە ئەیلوولی ١٨٨٨ تا کانوونی یەکەمی ١٨٩٢ لێرە قوتابی بوو. بابە کۆنمی ساڵی ١٨٩٨ کراوە بە سەرگەورەی کۆمەڵەی سانت فرانسیس ژاڤیەر لە شەقامی گاردنەر لە دەبلن. ساڵی ١٩٠٥ کراوە بە لێپرسراوی هەرێمیی کۆمەڵەکە و ساڵی ١٩٠٩، کە ماوەی لێپرسراوێتییەکەی تەواو بووە، کراوە بە سەرۆکی میڵتاون پارک. ساڵی ١٩١٠ کۆمەڵەی ڕاستیی کاسۆلیک پەڕتووکەکەی ئەویان بڵاو کردەوە بە ناونیشانی *سەردەمی زوو لە بارۆنیدا*. بابە کۆنمی لە ١٣ی ئایاری ١٩١٠دا کۆچی دوایی کردووە و لە بەشی یەشوعییەکانی گۆڕستانی گلاسنێڤندا نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[139] **سانت پیتەر کلەیڤەر**: (١٥٨١-١٦٥٤) مژدەبەرێکی یەشوعیی ئیسپانی بوو کە چل و چوار ساڵ وەک قەشەی کۆیلە هاوردەکراوەکان لە ئەفریقاوە لە کارتاخێنا لە کۆڵۆمبیا کاری کردووە. سانتی پشتیوانی مژدەبەرێتی بووە لە ناو خەڵکە ڕەشپێستەکاندا. **~گ.س.**

[140] **مژدەبەری بۆ ئەفریقا**: *ئینسایکڵۆپیدیای کاسۆلیک* (نیو یۆرک، ١٩٠٧) لیستێکی گەورەی مژدەبەری یەشوعی دەخاتە ڕوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا نێرراون بۆ ئەفریقا. **~گ.س.**

[141] **بۆ... نزایان کرد**: ویلیەم ئێوەرت گلادستۆن (١٨٠٩-١٨٩٨) چوار جار سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوو، لای ئایرەکان خۆشەویست بوو، چونکە پشتیوانیی دۆزی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاندی دەکرد. گلادستۆن لە ڕەفتارەکانیدا لەگەڵ کاسۆلیکەکاندا بە کەسێکی لیبراڵ دادەنرا، بەوەش کە هێلێنای خوشکی دینی خۆی لە پرۆتستانتەوە گۆڕی بۆ کاسۆلیک، وا دەردەکەوت کە گلادستۆنیش لەگەڵ کاسۆلیکەکاندا هاوسۆزە. بەڵام ئەمە تا ڕادەیەک تێگەیشتنێکی هەڵە بوو، چونکە گلادستۆن بە گوێرەی باوەڕ، دژە-کاسۆلیک بوو، ئەگەرچی نامیلکەکەی *ڤاتیکانیزم* (کە ڕەخنەی لە فێرکاریی لەهەڵەبەدەریی پاپا

دەگرت) میانڕەوانە بوو و زۆر دوور بوو لە دەمارگرژی. واڵشی ئوسقوفی مەتڕانی دەبلن (بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو) لە شەوی مردنەکەی گڵادستۆندا لە ١٩ی ئایاری ١٨٩٨دا نامەیەکی ئاراستەی «باوەڕدارەکانی ئوسقوفنشینەکە» کرد کە نزا بۆ گڵادستۆن بکەن. نامەکە بە ڕاشکاوی داوای نەدەکرد نزا بۆ لەدینوەرگەڕانی گڵادستۆن بکرێت، بەڵام دەکرێت بە ئاسانی وەها لێکبدرێتەوە، چونکە بەوە کۆتایی بە نامەکەی هێنابوو کە دەڵێت: «لە خودا دەپاڕێینەوە، کە گڵادستۆن هەمیشە متمانە و باوەڕی پێی هەبوو، لەم کاتە سەختەی ئەودا کە ئازار دەچێژێت، لێی ڕازی بێت و ئاسوودەیی و تەناهیی بۆ بنێرێت تا بارە قورسەکەی سووک و ئاسان بکات و هێز و ئارامیی پێ ببەخشێت تا بەرگە بگرێت، لە نەخشەی ویستی خودادا ئەمەی بە چاکە بۆ بگێڕێت». **~گ.س.**

**لەهەڵەبەدەریی پاپا:** بە ئینگلی *papal infallibility*، فێرکارییەکی کاسۆلیکییە، لە پەیڕەوی کاسۆلیکدا باوەڕ وایە کە پاپا لە هەڵە بەدەرە و ناتوانێت هەڵە بکات – ئاوهاش، هەرچییەک بڵێت ڕاستە و دەبێت باوەڕداران باوەڕی پێ بهێنن. **~ن.م.**

[142] **دکتۆر ویلیەم جەی واڵش د.د.ن.:** قەشە ویلیەم جەی واڵش (١٨٤١-١٩٢١) ئوسقوفی مەتڕانی دەبلن – هی کاسۆلیک (لە ١٨٨٥ تا ١٩٢١). **~گ.س.**

**د.ی.ن.:** دکتۆرا لە یەزدانناسیدا. **~ن.م.**

[143] **ملیۆنەکانی چین ڕزگار دەکەن:** یەشوعییەکان لە سەدەی نۆزدەدا لە چەند شارێکی چیندا هەڵستان بە ئەنجامدانی چەند کارێکی مژدەبەری، سەرەڕای ئەوەی چینییەکان ترسیان لەم بێگانانە هەبوو. لە یەکێک لە هەوڵەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مژدەبەر و کارەکانیان لە کاتی شۆڕشی مستێنبازەکانیساڵی ١٩٠٠ لە شاری نانجینگ مردنی پێنج قەشەی یەشوعیی لێ کەوتەوە. **~گ.س.**

[144] **چینییە خوانەناسەکان:** ناونیشانی دوو گۆرانییە لەسەر هەمان هۆنراوە *قسە بێ گرێ و گۆڵەکانی جەیمزی سەرڕاست* (تەیبڵ ماونتن، ١٨٧٠)، لە نووسینی برێت هارت (١٨٣٦-١٩٠٢) {هۆنراوەکە باس لە یارییەکی کارت دەکات لە نێوان سێ کەسدا، یەکێکیان گێڕەرەوەکەیە، یەکێکیان ناوی *بیڵ نای*ە، کە هاوڕێی گێڕەرەوەکەیە، ئەوی تریان کەسێکی چینییە، ناوی *ئاه-سین*ە، کە فێڵبازە} دەڵێت:

پێم خۆشە کە بیگێڕمەوە
بە زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ
چونکە ڕێگاکان ناڕوونن،

فێڵەکانیش هەموو پووچن،
ئەو چینییە خوانەناسە گەلێ سەیرە،
کە بۆ ئەوەیە هەڵدەستم باسی دەکەم.

پاشان هۆنراوەکە زیاتر باس لە فێڵەکانی ئەم *ئاه-سین*ە فێڵبازە دەکات لە یاریی کارتدا. **~گ.س.**

[145] **بەنگ**: بە ئینگلی *opium*، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دکتۆر ئەورەحمان*ەوە هێنراوە. لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*دا بە *تلیاک* دەستنیشان کراوە. **~ن.م.**

[146] **ئەوپەڕی جیاگرییە لایان**: بۆ *جیاگری* (بڕوانە ١: ٢٠٦). ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا زۆر ڕوون نییە، لە مێشکی بلوومدایە کە بیر لە مژدەبەرە مەسیحییەکان و چینییەکان دەکاتەوە، بەڵام دەشێت بە دوو شێوەی جیاواز وەربگێڕرێت یەکەمیان: «**ئەوپەڕی جیاگرییە لایان**»: لێرەدا مەبەست لەوەیە کە دینی چینییەکان گەورەترین جیاگری و کوفرە لای مەسیحییەکان، چونکە ڕێک دوای ئەمە دەڵێت: «بوودای خواکەیان...» کە وا دیارە بلووم و مەسیحییەکانیش بە هەڵە لە بوودیزم تێگەیشتوون. بە دیوەکەی تریدا، کە دەکرێت ئاوهاش وەربگێڕرێت، بەم شێوەیەیە: «**جیاگرییان بۆ پلەپلە بکە**»: واتە: «دەی مەسیحییەکان، جیاگری بۆ چینییەکان پلەپلە بکەن و بۆیان ڕیزبەندی بکەن» کە ئەمەش ڕێی تێ دەچێت، چونکە جیاگری لە دیندا ئێجگار زۆرە. لە دکتۆر هەنتم پرسی، ئەو ڕای یەکەمیانی بە شایستە زانی و وتی: «زۆر دڵنیا نیم، ئاوها لێی تێگەیشتووم کە ئاماژەی "ئەوان" مەسیحییەکانە، کە باوەڕی چینییەکان بە جیاگری دەزانن. بەڵام زۆر لەم ڕستەیە قووڵ نەبوومەتەوە». لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی: «کەمێک دوو-واتا دیارە، چونکە بیرەکانی بلووم پچڕپچڕن. پێم وایە شتێکی وەک نوکتە وایە لە بارەی ڕەفتاری خەڵکی چینەوە بەرانبەر مژدەبەرە مەسیحییەکان: [مەسیحێتی] ئەوپەڕی جیاگرییە لایان. *Rank heresy* دەربڕینێکی باوی خۆمانەییە بە واتای *جیاگریی پیس*؛ هیچ پەیوەندیی بە پلەپلەکردنی جیاگرییەکانەوە نییە». **~ن.م.**

[147] **بوودای خوداکەیان... ڕاکشاوە**: بوودا (واتە *ئەوەی ڕۆشن بووەتەوە*، یان *ئەوەی ڕابووە*) ناسناوی *سدارتا گۆتەما*یە (بە نزیکی ٥٦٣-٤٨٣ پ.ز.)؛ بوودا «خودا»کەیان نییە، بەڵکو فەیلەسووفێکی هیندییە {ئێستا ئەو شوێنەی ئەوی لێ بووە وڵاتی نیپاڵە} کە بوودیزمی دامەزراندووە. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا {بیستەم} بوودیزم و هەندێک لە لقەکانی، دینی زاڵی خۆرهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیا بوو. لە ناو ئەو پەیکەرانەی لە شوێنی

چوونەژوورەوەی مۆزەخانەی نیشتمانیی دەبلندا دانرابوون (لە شەقامی کیلدێر، کە زۆر دوور نییە لەو جێیەی ئێستا بلوومی لێیە) پەیکەری بوودایەکی ڕاکشاوی لێبوو کە ساڵی ١٨٩١ کڕرابوو. **~گ.س.**

[148] **وەک ئێچێ… خاچ**: خاچ و تاجێک لە دڕک دوو هێمای باوی مەسیحێتیین. سیان لە مزگێنی‌یەکان باس لە تاجێکی دڕک دەکەن وەک یەکێک لەو سزایانەی سەربازە ڕۆمییەکان بەسەر عیسادا سەپاندوویانە و گاڵتەیان پێی کردووە و پێیان وتووە: «پاشای جوو» (مەتا ٢٧: *مەرقۆس* ١٥؛ *یۆحەنا* ١٩). *ئێچێ ئۆمۆ* لاتینییە، واتە: *ئەوە پیاوەکەیە*، پیلاتۆسی پۆنتی کە عیسا پیشانی خەڵکەکە دەدات وەها دەڵێت: «دیسان پیلاتۆس هاتە دەرەوە و پێی گوتن: "بۆتانی دەهێنمە دەرەوە تاکو بزانن هیچ خراپەیەکی تێدا نابینم!" عیسا بە تاجی دڕکاوی و جلی ئەرخەوانییەوە هاتە دەرەوە، پیلاتۆس پێی گوتن: "ئەوە پیاوەکەیە!"» (یۆحەنا ١٩: ٤-٥). تابلۆیەکی عیسا هەیە کە تاجی دڕکاویی لەسەر نراوە بە ناوی *ئێچێ ئۆمۆ*، میهایی مونکاچی (١٨٤٤-١٩٠٠) کێشاویەتی، ساڵی ١٨٩٩ لە ئەکادیمیای پاشایی ئایری لە شەقامی ئابەیی خواروو {لە دەبلن} هەڵواسرابوو. جۆیسی گەنج لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا وتارێکی کورتی لە بارەی تابلۆکەوە نووسیوە. **~گ.س.**

[149] **سێپەڕی… پاتریک**: سانت پاتریک (بە نزیکی ٣٨٥ - بە نزیکی ٤٦١) یەکێکە لە سێ سانتە پشتیوانەکانی ئایرلاند. لە ئایرلاند کرا بە کۆیلە، بەڵام ڕایکرد بۆ گۆل {باشووری فەڕەنسای ئێستا}، لەوێ لە تور {ئێستا شارێکە لە فەڕەنسا} خوێندی، پاشان بە کاری مژدەبەری گەڕایەوە بۆ ئایرلاند. شوێنی گیرسانەوەی مژدەبەرێتییەکەی لە ئاڕما تا ئێستاش شوێنێکی گرنگی ئایرلاندە. بە گوێرەی چیرۆکێکی هەڵبەستراو، دەوترێت گوایە سانت پاتریک گەڵای سێپەڕی شەودەری وەک نموونەیەک بە کار هێناوە بۆ پیشاندان و ڕوونکردنەوەی چەمکی *سیانینەکە*؛ پاشان هێمای ئەم گەڵایە کرا بە ئاڕمی ئایرلاند. {بۆ *سیانینەکە* (بڕوانە ١: ١٠١)، بۆ *سێپەڕی شەودەر* (بڕوانە کۆتایی ١: ١٣٦)}. **~گ.س.**

[150] **مارتن کەنینگهەم**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. کەسێتیی کەنینگهەم لەسەر ماثیو ئێف کەین (ساڵی ١٩٠٤ مردووە) داڕێژراوە، کە لە نووسینگەی پارێزەریی کراون لە دەبلن میرزا بووە. **~گ.س.**

کەسێتیی مارتن کەنینگهەم لەسەر نموونەی ماثیو ئێف کەین بونیاد نراوە، ماثیو بەڕێوەبەری تۆماری نووسینگەی پارێزەریی کراون بوو لە قەڵای دەبلن کە لە *ئولیس*دا لە ژێر ناوی خۆیدا دەردەکەوێت {ئەگەرچی جۆیس کەسێتیی مارتن کەنینگهەمی لەسەر

ماثیو کەین دارڕشتووە، بەڵام ماثیو کەینیشی خستووەتەوە ناو *ئولیس*}. هەر وەک کەین، کەنینگهەمیش لە قەڵای دەبلن فەرمانبەر بووە. لەوانەیە جۆیس ناوی *کەنینگهەم*ی لە ناوی کەسێکی بەناوبانگی شاری دەبلنەوە هێنابێت کە ناوی ستیفن کەنینگهەم (١٨٦١-١٩٠٨) بووە، ستوونێکی حەفتانەی دەنووسی لە بارەی ژیان لە دەبلن و لە بواری ڕۆژنامەوانیدا هاوڕێی هەبووە، ماوەیەک خاوەنی میوانخانەی ذەشیپ بووە لە شەقامی ئابەیی خواروو لە دەبلن (بڕوانە ١: ٤٧ و ١: ٢٣٧). کەنینگهەم لە ئیلای پلەیس دراوسێی جۆرج موور بووە، جۆرج موور ساڵی ١٩٠١ لە لەندەنەوە گەڕایەوە و لە خانووی ژمارە ٤ی ئیلای پلەیسی سەروو لە دەبلن نیشتەجێ بوو، هەر دوای کەمێک دوای هاتنی بوو بە دەنگەدەنگ و ئاژاوەی لەگەڵ دراوسێکانیدا، یەکێک لەو دراوسێیانە ستیفن کەنینگهەم بووە، کە لە خانووی ژمارە ٣دا بە تەنیشتیەوە ژیاوە. کەنینگهەم لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٨٩٣دا دەزگایەکی کۆمەکی بۆ خێزانی جۆ گالەهێر دامەزراندووە کە ڕۆژنامەنووسێک بووە و لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٣دا مردووە. کەنینگهەم لە ٢٢ی نیسانی ١٩٠٨دا لە ماڵی خۆی لە خانووی ژمارە ٣ی ئیلای پلەیسی سەروو خۆی هەڵواسیوە و خۆی کوشتووە، لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

ئەو کەنینگهەمەی ڤیڤیەن ئیگۆ لە کۆتایی ڕاڤەکەیدا باسی دەکات ستیفن کەنینگهەمە، نەک مارتنی ناو *ئولیس*. هەروەها دکتۆر هەنت ئاماژە بەوە دەدات کە جۆیس جگە لەوەی یاسای بونیادنانی کەسێتیی خەیاڵکرد و ڕاستینەی شکاندووە بەوەی کە ماثیو کەین و مارتن کەنینگهەمی هەردووک خستووەتە ناو *ئولیس*ەوە، لە پەیڕەوی کاتیش لایداوە، چونکە لە ئەڵقەی حەڤدەی *ئولیس*دا بۆمان دەردەکەوێت کە میستەر بلووم لە پرسەی ماثیو کەیندا بەشدار بووە کە لە دەبلن خنکاوە، بەڵام ماثیو کەین لە ١٠ی تەمموزی ١٩٠٤دا لە بەندەری کینگستاوندا (*دون لییری*ی ئێستا) لە دەبلن خنکاوە، کە لە ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا هێشتا ڕێک ٢٤ ڕۆژی ماوە تا ماثیو کەین بمرێت! **~ن.م.**

[151] **کۆڕەکە**: وەک دەردەکەوێت، بلووم ئاگادار نییە کە پاپا پایۆسی دەیەم (١٨٣٥-١٩١٤؛ لە ١٩٠٣ تا ١٩١٤ پاپا بوو) لە نووسراوی پاپایی *مۆتو پرۆپریۆ* (واتە *بە بڕیاری خۆی*، فەرمانێکی پاپاییە کە خۆی، بێ ڕاوێژکردن بە کاردیناڵ و یاریدەرەکانی تری دەریدەکات) لە *ئینتەر سۆلیسیتودینێس* (بە نیگەرانییەوە) لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٣دا دەستکاری یاسای بەشداریکردنی خانمانی کردووە لە کۆڕی کڵێسادا: «گۆرانیبێژانی ناو کڵێسا پێگەیەکی دینیی ڕاستینەیان هەیە... بۆیە ژنان، لەبەر ئەوەی ناتوانن پێگەی وەهایان لە

کڵێسادا هەبێت، ئەوا ناشبێت ڕێیان پێ بدرێت بەشێک بن لە کۆڕی موزیکیی کڵێسا. هەر کاتێکیش کڵێسا پێویستی بە دەنگی سۆپرانۆ و کۆنترالْتۆ هەبوو {دوو چینی دەنگیی خانمان}، ئەوا دەبێت ئەم بەشانە بە گوێرەی لەمێژینەترین نەریتی کڵێسا، بدرێن بە کوڕان». **~گ.س.**

بۆ کۆڕ (بڕوانە ٣: ٩٢). **~ن.م.**

[152] **بابە فارلەی**: *ڕێبەرنامەی فەرمیی* تۆم ناوی بابە *چارلز فارلەی* (ک.ع.)ی وەک دانیشتووی پرێسبیتێری، لیست کردووە لە گەڕەکی گاردنەری سەروو (کە بەشێکە لە کڵێسای سانت فرانسیس ژاڤیەر و ئاوهاش لەگەڵ بابە کۆنمیدایە). وەک ڕوون دیارە، بلووم هەوڵی داوە مۆڵی بخاتە کۆڕی کڵێساکەوە کە لە ماڵی خۆیانەوە لە شەقامی ئێکلس دوور نییە. لە ئەڵقەی هەژدەیەمدا مۆڵی وا بیر دەکاتەوە کە لەبەر ئەوە نەیانخستووەتە کۆڕەکەوە، چونکە یەشوعییەکان بۆیان دەرکەوتووە کە بلووم ماسۆنییە. **~گ.س.**

[153] **کوڕە فێرن**: گومانی خراوەپاڵ یەشوعییەکانە کە فێڵباز و لەخشتەبەرن. **~گ.س.**

[154] **دراوسێکەم کێیە**: لە *مزگێنی بە پێی نووسینی لۆقا*دا تەوراتناسێک دەیەوێت عیسا تاقی بکاتەوە، لێی دەپرسێت: «مامۆستا چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات وەربگرم؟» وەڵامەکەش ئەمەیە: «بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو توانا و هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگاری خۆتان خۆشبوێت، هەروەها نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت»، ئینجا تەوراتناسەکە دەپرسێت: «نزیکەکەم کێیە؟» عیسا بە گێڕانەوەی نموونەی سامیرەییە چاکەکە وەڵامی دەداتەوە. (لۆقا ١٠: ٢٥-٣٧). **~گ.س.**

لە دەقە گریکییە ماکەکەی *مزگێنی*یەکەدا وشەی *پلیسیۆن* πλησίον بە کار هاتووە کە بە هەر سێ واتاکانی (دراوسێ، نزیک، هاوەڵ) دێت، خودی ئەم گریکییە، وەرگێڕراوی دەقی (لێڤییەکان ١٩: ١٨)ە لە *تەورات*دا، کە دەڵێت: «تۆڵە مەستێنەوە و قین لە دڵ مەبە بەرامبەر کوڕی گەلەکەت، نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت.» ئەویان بە عیبری نووسراوە، وشە عیبرییەکە *لەڕەیەکهە* לְרֵעֲךָ‎یە کە ئەویش بە واتاکانی *دراوسێ، نزیک، هاوەڵ* دێت. واتە وشەکەی تەورات لە عیبرییەوە وەرگێڕراوە بۆ گریکی و دواتر لە گریکییەوە وەرگێڕراوە بۆ زمانەکانی تر. بۆیە لە وەرگێڕانی جیاوازی *مزگێنی*یەکەدا بە «دراوسێکەم کێیە؟» و «هاوەڵەکەم کێیە؟»ش وەرگێڕراوە، لە وەرگێڕانە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز*دا *نزیک* بە کار هاتووە، جۆیس *دراوسێ*ی بە کار هێناوە، بۆیە وەک ئەوەی جۆیس داماوەتەوە، نەک وەرگێڕراوە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز*. **~ن.م.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[٢٥]تەوراتناسێک هەستا تاکو تاقی بکاتەوە، گوتی: «مامۆستا چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات وەربگرم؟» [٢٦]ئەویش پێی فەرموو: «لە تەوراتدا چی نووسراوە؟ چۆن دەیخوێنیتەوە؟» [٢٧]وەڵامی دایەوە: «[بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو توانا و هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگاری خۆتان خۆشبوێت،] هەروەها [نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت.]» [٢٨]عیسا پێی فەرموو: «وەڵامەکەت ڕاستە، ئەمە بکە، ژیانی هەتاهەتایی بەدەستدەهێنیت.» [٢٩]بەڵام ویستی پاکانە بۆ خۆی بکات، بە عیسای گوت: «نزیکەکەم کێیە؟» [٣٠]عیسا وەڵامی دایەوە: «پیاوێک لە ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەریحا دەچوو، کەوتە دەست جەردە، برینداریان کرد، ئینجا بە نیوەمردوویی بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن. [٣١]وا ڕێککەوت کاهینێک بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشت، کاتێک ئەوی بینی لەو بەرەوە تێپەڕی. [٣٢]هەروەها کابرایەکی لێڤیش بە هەمان شێوە گەیشتە شوێنەکە، هات و سەیری کرد و لەو بەرەوە تێپەڕی. [٣٣]بەڵام سامیرەییەکی ڕێبوار هاتە سەری، بینی و دڵی پێی سووتا، [٣٤]لێی چووە پێش و ڕۆن و شەرابی بەسەر برینەکاندا کرد و پێچایەوە، سواری وڵاخەکەی خۆی کرد و بردییە خانێک و چاودێری کرد. [٣٥]ڕۆژی پاشتر دوو دیناری دەرهێنا و دایە خانچییەکە و گوتی: ”چاودێری بکە و هەرچی زیاترت خەرجکرد، کە گەڕامەوە دەتدەمەوە.“ [٣٦]«کام لەم سێ کەسە بە نزیک دەزانیت بۆ ئەو پیاوەی کە کەوتە دەست جەردەکان؟» [٣٧]تەوراتناسەکە گوتی: «ئەوەی بەزەیی پێیدا هاتەوە.» عیساش پێی فەرموو: «تۆش برۆ و بەو شێوەیە بکە.» (لۆقا ١٠: ٢٥-٣٧)

155 **ماس**: بە ئینگلی *mass*، مەبەست هەزەخی ماسە (بڕوانە ١: ٩٦). **~ن.م.**

156 **ئاسمانی حەوتەم**: ئەم دەستەواژە باوە کە بە واتای *ئاسمانی بێگەرد* دێت، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژمارە حەوت بە بێگەردترین و تەواوترین ژمارە دانراوە، ئەویش بەوەی کە ئاماژە بە تەواوکردن دەدات {وەک خودا کە گەردوونی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی داوە – لە سەرەتای *تەورات* و لە *قورئان*یشدا باسی هەمان شت دەکات}؛ لە هەردوو نەریتی جوو و ئیسلامیشدا حەوت ئاسمان هەیە، کە حەوتەمیان بەرزترینیانە و شوێنی خودایە. **~گ.س.**

[157] **ڕەشمەی جەرگی**: دەشێت سکاپولار بێت، یان ئارم بێت، یان باجی ئەندامێتی بێت لە «کۆمەڵەیەکی دۆستانەی دینی»دا. وا دیارە ئەوانەی بۆ ماسەکە کۆ بوونەتەوە یادی کۆبوونەوەی مانگانەی کۆمەڵەکەیان دەگێڕن. **~گ.س.**

بۆ *سکاپولار* (بڕوانە ٤: ٦٨). **ڕەشمە**: بە ئینگلی *halter*، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «شتێکە دەکرێ بەسەر ولاخی بەرزەدا گوریسێکی پێوەیە بۆ ئەمەی کە پێی ببەسترێتەوە». **~ن.م.**

[158] **شتەکە**: مەبەست لێی ئەو دەفرە سەرقاپدارەیە کە نانەڕەقەکەی تێدا هەڵدەگیرێت، پێی دەوترێت *سیبۆریا*. **~گ.س.**

بڕوانە یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیە، ئەم دەفرە هێمای ئەڵقەکەیە. **~ن.م.**

[159] **ئەرێ ئەوە لە ناو ئاودان**: وەڵام: نەخێر. **~گ.س.**

[160] **لاتینی**: کە هەر یەکێک لە بەشداربووانی ماس (کۆمەڵەکە) «جەستەی خودا - نانەڕەقەکە» دەخەنە دەمیانەوە، قەشەکە دەستووری بەڕێوەبردنەکە {بە لاتینی} دووبارە دەکاتەوە. دەستوورەکە بەم شێوەیەیە: «نزاکارم جەستەی عیسای مەسیحی سەرگەورەمان گیانت بپارێزێت و بیخاتە ژیانی تاتاییەوە. ئامین». **~گ.س.**

*کۆرپوس* بە لاتینی واتە *جەستە* بۆیە بلووم دەڵێت: «چی؟*کۆرپوس*: لەش. لاشە». **~ن.م.**

[161] **چاوت بنووقێنە و دەمت بکەوە**: لە دروشمێکی کورتەوە هاتووە کە دەڵێت: «دەمت بکەوە و چاوت بنووقێنە، شتێکت دەدەمێ بتکات بە دانا». **~گ.س.**

[162] **هەژارخانەی ئەوانەی دەمرن**: هەژارخانەی خانمەکەمان بۆ ئەوانەی دەمرن، لە هارۆڵدس کرۆس بوو لە باشووری دەبلن، خوشکانی خێرخوازی کاسۆلیک بە ڕێوەیان دەبرد «بۆ ئەوانەی لەوانەیە لە ماوەیەکی کورتدا نەخۆشییەکەیان بەرەو مردن بچێت». **~گ.س.**

[163] **لەوە ناچێت بیجوون**: یاسای نەریت وا داوا دەکات کە نابێت «نانەڕەقە پیرۆزەکە» بەر ددان بکەوێت، بەڵکو دەبێت بە سەرەوەی مەلاشوو بشکێنرێت و ئینجا قووت بدرێت. **~گ.س.**

[164] **ئەم... لە سەریان بکەین**: وەک ئاشکرا دیارە، بلووم مەبەستی لە شەبقەیە؛ بەڵام وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە تێبینی ئەوەش دەکەن کە: سەری بلووم لە ناو مەنجەڵەکەدا دەبێت بە «گۆشتی لەقتوونراو» (بڕوانە ٥: ٧٢). **~ن.م.**

[165] **فەتیرە... هەڵنەهاتوو**: **فەتیرە**: نانێکە هەویرترشی تێ نەکرابێت، واتە هەویرەکەی هەڵنەهاتبێت. ئەم نانە لە جەژنی پەسخەدا ئامادە دەکرێت و لەگەڵ گۆشتی برژاودا

دەخورێت (بڕوانە ٢: ١١٩). پەڕتووکی دووەمی *تەورات* (دەرچوون ١٢) باس لە سەری ساڵ و جەژنی پەسخەی جووەکان دەکات. خودا بڕیار دەدات بە میسردا بگەڕێت و نۆبەرەی هەموو ماڵێک بکوژێت. فەرمان بە موسا و ئیسرائیلییەکان دەدات کە جەژنی پەسخە بگێڕن، ئەویش بە سەربڕینی بەرخێک و بردنی بۆ ماڵێک و خوێنی بەرخەکە بە پەنا دەرگای ئەو ماڵانەوە بسوون بۆ نیشانەی ئەوەی ئەو ماڵە ئەم جەژنەیان گێڕاوە. خودا بە موسا دەڵێت هەر ماڵێک ئەو خوێنەی پێوە بوو، نۆبەرەکەیان ناکوژم. *پەسخە*، بە عیبری *پەسەح*، واتە *لێبوردن* یان *لێخۆشبوون*، بەو واتایەی خودا ئەو ماڵە ڕەت دەدات و نۆبەرەکەیان ناکوژێت و لێیان خۆش دەبێت. ئەم جەژنە لە وەرزی بەهاردایە. هەر لەم جەژنەشدا بوو کە عیسا لە خاچ درا، بۆیە جوو و مەسیحی هەر لەم ڕۆژەدا جەژن دەگێڕن، جووەکان بە هۆی لێبوردنی خودا و یادی سەری ساڵ، مەسیحییەکانیش بە یادی هەڵستانەوەی عیسای مەسیح. بڕوانە *کتێبی پیرۆز*، چاپی یەکەم ٢٠١٧، لاپەڕە ٧٨ و هەروەها بڕوانە *ئینجیلی پیرۆز*، چاپی یەکەم، ٢٠١١ بیبلیکا، بەختیاری، هەولێر، کوردستانی عێراق. لا.٦١٤. خۆم وشەی *لێبوردن*م دارشتووە، پێم وا بێت ئەمەیان شیاوترە و زیاتر لە واتاکە نزیکترە. **~ن.م.**

**فەتیرە:** نانێکە هەویرترشی تێ نەکرابێت کە جووەکان لە جەژنی پەسخەدا بە کاری دەهێنن. «ئەمە ئەو نانە هەژارانەیەیە کە باوانمان لە خاکی میسردا دەیانخوارد» {لە پەڕتووکی *هاگەدا*وە}، «گۆشتەکەش لەو شەوەدا بە ئاگر دەبرژێنرێت و لەگەڵ نانی فەتیرە و گیای تاڵ دەیخۆن.» (دەرچوون ١٢: ٨) عیسا لە دواهەمین شێویدا جەژنی لێبوردنی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا یاد دەکردەوە. بلووم *نانی فەتیرە* و *کولێرەی نمایش* تێکەڵاو دەکات، کولێرەی نمایش دوازدە کولێرەن لە (لێڤییەکان ٢٤: ٥-٨) باس دەکرێت، کاهینە دێرینەکانی جووەکان هەموو شەممەیەک لەسەر قوربانگا دایاندەنا (تا لە کۆتایی هەموو حەفتەیەکدا بە تەنیا بیخۆن). **~گ.س.**

لە وەرگێڕانی کوردیی *کتێبی پیرۆز*دا «کولێرەی نمایش» بە «نانی تەرخانکراوی هەڵنەهاتوو» وەرگێڕراوە. **~ن.م.**

**تەواوی دەقی سەرچاوەی یەکەم:**

[١]یەزدان لە خاکی میسر بە موسا و هارونی فەرموو: [٢]«ئەم مانگە بۆتان دەبێتە سەری مانگەکان، بۆ ئێوە یەکەمی مانگەکانی ساڵە. [٣]لەگەڵ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل بدوێن و بڵێن، لە دەی ئەم مانگە با هەر پیاوێک لەبری بنەماڵەکەی

بەرخێک ببات، بەرخێک بۆ هەر ماڵێک. [٤]ئەگەر ماڵێک بچووک بوو و توانای خواردنی بەرخێکی نەبوو، ئەوا ئەو لەگەڵ نزیکترین دراوسێی ماڵەکەی بەگوێرەی ژمارەی کەسەکان، هەریەکە و بەگوێرەی خواردنی لە بەرخەکە حیسابی بۆ دەکرێت. [٥]دەبێت ئاژەڵێکی ساغ، نێر، یەک ساڵە دانێن بۆ خۆتان، لە بەرخ یان لە گیسک هەڵیاندەبژێرن. [٦]لەژێر پارێزگاریتان دەمێنێت هەتا ڕۆژی چواردەی ئەم مانگە، ئینجا هەموو کۆڕی کۆمەڵی ئیسرائیل لە کاتی خۆرئاوابوون سەری دەبڕن. [٧]لە خوێنەکەش هەڵدەگرن و لە هەردوو لای دەرگاکان و سەری دەرگاکانی ئەو ماڵانەشی دەدەن کە تێیدا دەیخۆن. [٨]گۆشتەکەش لەو شەوەدا بە ئاگر دەبرژێنرێت و لەگەڵ نانی فەتیرە و گیای تاڵ دەیخۆن. [٩]نەکەن بە خاوی یان لێنراو بە ئاو بیخۆن، بەڵکو بە ئاگر برژاو بێت، سەری و پێی و هەناوی. [١٠]لێشی مەهێڵنەوە بۆ بەیانی، ئەوەی لێی دەمێنێتەوە هەتا بەیانی، بە ئاگر بیسووتێنن. [١١]ئاواش دەیخۆن، ناوقەدتان بەسترا بێت و پێڵاوەکانتان لە پێتان بێت و گۆچانەکانتان لە دەستتان بێت، بە پەلە دەیخۆن، پەسخەیە بۆ یەزدان. [١٢]«من ئەمشەو بە خاکی میسردا تێدەپەڕم و هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسر دەکوژم، لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خوداوەندەکانی میسردا دەدەم، من یەزدانم. [١٣]خوێنەکەش بۆتان دەبێتە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتاندا تێدەپەڕم. ئیتر کارەساتی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێک خاکی میسر تووش دەکەم. [١٤]«ئەو ڕۆژەش دەبێتە یادگاری بۆتان و دەیکەنە جەژن بۆ یەزدان، فەرزێکی هەتاهەتاییە و نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبێت. [١٥]حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە دەخۆن. لە ڕۆژی یەکەمەوە هەویرترش لە ماڵەکانتان ناهێڵن، چونکە هەر یەکێک شتێکی بە هەویرترش بخوات لە ڕۆژی یەکەمەوە هەتا ڕۆژی حەوتەم، ئەوا ئەو کەسە لە ئیسرائیل دادەبڕدرێت. [١٦]لە ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەی پیرۆزبوون ببەستن، هەروەها لە ڕۆژی حەوتەمیش. هیچ کارێک لەو ڕۆژانەدا مەکەن، تەنها خواردن ئامادەکردن نەبێت، بۆ هەرکەسێک دەیخوات. تەنها ئەوە دەکەن. [١٧]«ئەم جەژنی فەتیرەش بگێڕن، چونکە لە هەمان ئەم ڕۆژەدا لەشکرەکانتانم لە خاکی میسر دەرهێنا. نەوە دوای نەوە ئەم جەژنە بگێڕن و وەک فەرزێکی هەتاهەتایی بەردەوام بێت. [١٨]لە چواردەی مانگی یەکدا، لە

ئێواره نانی فەتیره بخۆن هەتا ئێوارەی ڕۆژی بیست و یەکی مانگ. [19]حەوت ڕۆژ نابێت هەویرترش لە ماڵەکانتان هەبێت، چونکە هەر یەکێک شتێکی بە هەویرترش بخوات، ئەوا ئەو کەسە لە کۆمەڵی ئیسرائیل دادەبڕدرێت، ئەوانەی نامۆن و ئەوانەی هاوڵاتیشن. [20]شتی بە هەویرترش مەخۆن، دەبێت لە هەموو نشینگەکانتان نانی فەتیره بخۆن.» [21]ئینجا موسا هەموو پیرانی ئیسرائیلی بانگکرد و پێی گوتن: «بڕۆن بۆ خۆتان مەڕوماڵات ببەن، بەگوێرەی هۆزەکانتان بەرخی پەسخە سەرببڕن. [22]دەسکێک زوفا هەڵبگرن و لەو خوێنەی وەربدەن کە لە تەشتدایە و سەرەوەی دەرگا و هەردوو لایەکەی پێ خوێناوی بکەن، ئێوەش هەتا بەیانی کەستان لە دەرگای ماڵەکەی ناچێتە دەرەوە. [23]یەزدان تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی لە میسرییەکان بدات، کاتێک خوێنەکە دەبینێت کە لەسەر دەرگا و هەردوو لایەکەی دراوە ئیتر یەزدان بەسەر دەرگاکە تێدەپەڕێت و ناهێڵێت لەناوبەر بێتە ماڵەکانتان بۆ لێدانتان. [24]«ئەم ڕێوەڕەسمە بۆ هەتاهەتایە وەک فەرزێک بۆ خۆتان و نەوەکانتان بەجێدەهێنن. [25]ئەوە دەبێت کاتێک دێنە ناو ئەو خاکەی یەزدان دەتانداتێ هەروەک فەرمووی، ئەم خزمەتە دەپارێزن. [26]ئیتر کاتێک منداڵانتان پێتان دەڵێن: "ئەم خزمەتە چییە بۆ ئێوە؟" [27]ئێوەش دەڵێن: "ئەوە قوربانی پەسخەیە بۆ یەزدان، کە لە میسر بەسەر ماڵەکانی نەوەی ئیسرائیلدا تێپەڕی، کاتێک لە میسرییەکانی دا و ماڵەکانی ئێمەی پاراست."» ئیتر گەل دانەوین و کڕنۆشیان برد. [28]نەوەی ئیسرائیل چوون و بەم جۆرەیان کرد، وەک ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا و هارون کرد. [29]ئەوە بوو لە نیوەی شەودا یەزدان لە هەموو نۆبەرەیەکی خاکی میسری دا، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەخت دانیشتووە هەتا نۆبەرەی ئەو دیلەی لە بەندیخانەیە و هەموو نۆبەرەکانی مەڕوماڵاتیش. [30]فیرعەون شەو هەستا، خۆی و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو میسرییەکان، هاوارێکی مەزن لە میسر پەیدا بوو، چونکە هیچ ماڵێک نەبوو مردووی نەبێت. [31]بەو شەوە فیرعەون موسا و هارونی بانگکرد و گوتی: «هەستن! لەنێو گەلەکەم بڕۆنە دەرەوە، ئێوە و هەموو نەوەی ئیسرائیل، بڕۆن یەزدان بپەرستن وەک خۆتان داواتان کرد. [32]مەڕوماڵات و گاڕانەکەشتان ببەن وەک گوتتان، بڕۆن و هەروەها بۆ منیش داوای بەرەکەت بکەن.» [33]میسرییەکانیش زۆریان لە گەلەکە کرد هەتا پەلە بکەن لە ڕۆیشتنیان

لە خاکەکە، چونکە گوتیان: «ئەگینا ئێمە هەموومان دەمرین.» ٣٤گەلیش
هەویرەکانیان هەڵگرت پێش ئەوەی هەویرترشی تێ بکەن، تەشتە هەویرە
شێلراوەکانیان لە جلەکانیان پێچایەوە و لەسەر شانیان دانا. ٣٥هەروەها نەوەی
ئیسرائیل بەم جۆرەیان کرد وەک ئەوەی موسا گوتی، داوای خشڵی زیو و خشڵی
زێڕ و جلوبەرگیان لە میسرییەکان کرد. ٣٦یەزدانیش گەلی لەبەرچاوی
میسرییەکان ڕێزدار کرد، ئیتر ئەوەی داوایان کردبوو پێیان دان و بەم شێوەیە
میسرییەکانیان تاڵان کرد. ٣٧نەوەی ئیسرائیل لە ڕەعمسێسەوە کۆچیان کرد بەرەو
سوکۆت، نزیکەی شەش سەد هەزار پیادەی پیاو بێجگە لە ئافرەت و منداڵ.
٣٨هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لەگەڵیان سەرکەوت لەگەڵ ئاژەڵێکی زۆریش،
مەڕومالات و گاوگۆتاڵ. ٣٩ئەو هەویرەی لە میسرەوە هێنابوویان کردیانە کولێرەی
فەتیرە، چونکە بێ هەویرترش بوو، لەبەر ئەوەی لە میسر دەرکران و نەیانتوانی
دوا بکەون، هەروەها خواردنیان بۆ خۆیان دروستنەکردبوو. ٤٠مانەوەی نەوەی
ئیسرائیلیش کە لە میسردا نیشتەجێ بوون چوار سەد و سی ساڵ بوو. ٤١ئەوە بوو
لە کۆتایی چوار سەد و سی ساڵەکە، لە هەمان ئەو ڕۆژەدا، هەموو لەشکری
یەزدان لە خاکی میسر چوونە دەرەوە. ٤٢لەبەر ئەوەی ئەو شەوە یەزدان ئێشکی
گرت بۆ دەرهێنانی گەلی ئیسرائیل لە خاکی میسر، لەم شەوە هەموو نەوەی
ئیسرائیل وەک ڕێزلێنانێک بۆ یەزدان ئێشک دەگرن بۆ نەوەکانیان. ٤٣یەزدان بە
موسا و هارونی فەرموو: «ئەمە فەرزی پەسخەیە: «هیچ بیانییەک لێی ناخوات.
٤٤هەر کۆیلەیەکی پیاوی بە زیو کڕاو دوای ئەوەی خەتەنە دەکرێت ئینجا لێی
دەخوات. ٤٥بەڵام نیشتەجێی کاتی و کرێگرتە لێی ناخۆن. ٤٦«لە یەکماڵدا لە
گۆشتەکە دەخورێت و لە ماڵەکە ناچێتە دەرەوە، هیچ ئێسکێکی لێ ناشکێنرێت.
٤٧هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل پێویستە یادی بکەنەوە. ٤٨«ئەگەر نامۆیەک
لەنێوتاندا بژییێت و بیەوێت پەسخە بۆ یەزدان بکات، پێویستە هەموو
نێرینەیەکی ماڵەکەی خەتەنە بکرێت. ئینجا وەک لەدایکبوویێکی خاکەکەی
لێدێت، بەڵام خەتەنە نەکراو لێی ناخوات. ٤٩یەک یاسا پەیڕەو دەکرێت بۆ
هاوڵاتی و بۆ ئەو نامۆیەی کە لەنێوتان دەژییێت.» ٥٠ئیتر هەموو نەوەی ئیسرائیل
بەم جۆرەیان کرد وەک ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا و هارون کرد. ٥١ ئەوە

بوو لە هەمان ئەو ڕۆژەدا یەزدان نەوەی ئیسرائیلی لەسەر شێوەی لەشکرەکانیان لە خاکی میسر هێنایە دەرەوە. (دەرچوون ١٢)

**دەقی سەرچاوەی دووەم:**

«باشترین ئاردیش دەبەیت و دەیکەیتە دوازدە کولێرە، بۆ هەر کولێرەیەک دوو دەیەکی ئێفەیەک بەکاردەهێنیت، دەیانکەیت بە دوو ڕیز، هەر ڕیزە و شەش نان، لەسەر مێزە زێڕینە بێگەردەکە لەبەردەم یەزدان. لەسەر هەر ڕیزێکیش بخووری سادەی بێگەرد دادەنێیت، جا بۆ نانەکە دەبێتە یادەوەری قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان. ئەم نانەش بە بەردەوامی هەموو ڕۆژێکی شەممە لەبەردەم یەزدان ڕێکدەخرێت، پەیمانێکی هەتاهەتاییە لە پێناو نەوەی ئیسرائیل» (لێڤییەکان ٢٤: ٥-٨)

[166] **پێی دەوترێت نانی فریشتەکان:** وەرگێڕانێکی ڕاستەوخۆی وشەیی دەستەواژەی *پانیس ئەنجێلۆروم* *spanis angelorum* لاتینییە، کە ناوێکی بەرێزانەیە بۆ سرووتی سوپاسگوزاری (یوکەریست) (بڕوانە ١: ٩٦). **~گ.س.**

[167] **ئەزبەرید گونکی بە پنسێک:** ئەو وشەیەی بە «ئەزبەرید» وەرمگێڕاوە، بە ئینگلی هۆکیپۆکی *hokypoky*یە، دوو واتای هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە دەیزانین و بەستەنییەکە لەگەڵ تامی میوەدا تێکەڵاو دەکرێت، ڕاستەوڕاست ئەوەیە کە بلووم لە کۆی ڕستەکەدا بیری لێ دەکاتەوە، ڕستەکەش هاواری فرۆشیارانی ئەزبەریدە: «ئەزبەرید، گونکی بە فلسێک/پنسێک». بەڵام هەمان وشە لە ئینگلییەکەدا واتایەکی تریشی هەیە، ئەویش فشوهورِ، *فێڵوفەرەج*، *ساختەیی*، *فریودان*ە، ئەوەیان لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.**

**هۆکیپۆکی:** واتە ساختەیی، یان خۆدەرخستن بەوەی کە وا خۆت دەربخەیت کە لە شتێک دەزانیت، بەڵام نایزانیت. ڕەگی باوی ئەم زاراوە بازاڕییە (کە لە هەمان کاتدا دژە کاسۆلیکی ڕۆمییە) دەگەڕێتەوە بۆ نووسینێکی جۆن تیلۆتسن (١٦٣٠-١٦٩٤)، لە وتاری ٢٦ی بەرگی یەکەمی *کارەکان*یدا دەڵێت: گۆڕاوێکی خراپی *ohoc est corpus* بە واتای *ئەمە لەشی منە* {لە مزگێنییەکاندا هەیە، بۆ نموونە بڕوانە (مەتا ٢٦: ٢٦)} بە شێوەی گاڵتەکردن بە قەشەی کڵێسای ڕۆم لە فێڵی کرۆکگۆڕکێکەیاندا» (بڕوانە ١: ١٠١). هەروەها هۆکیپۆکی بە چەند گۆکردنێکی جیاواز لە چەند گۆرانییەکی جیاوازی باخچەی ساوایاندا هەیە، بۆ نموونە: «هۆکی پۆکی قاپی بە پێنج» و «هۆکیپۆکی، گونکی بە پنسێک، ئەو شتەیە کە هەڵتدەپەڕێنێت». **~گ.س.**

[168] **ئینجا... دێنە دەرەوە:** پێشداوەرییەکی پرۆتستانتەکانە بۆ کاسۆلیکەکان کە دەڵێن گوایە کاسۆلیکەکان سەرمەستانە دوای ماس لە کڵێسا دێنە دەرەوە. **~گ.س.**

[169] **چارەی لوورد:** لوورد لە باشووری فەڕەنسا یەکێکە لە زیارەتگا سەرەکییەکانی کاسۆلیکەکان لە ئەوروپا. ناوبانگی لوورد دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنێکی باوەڕپێکراوی مریەم بۆ کچێکی چوارده ساڵان بە ناوی *بێرنادێت سوبیروو* (سانت بێرنادێت) ساڵی ١٨٥٨. نزیک ئەو ئەشکەوتەی کە پەرجووەکە لێی ڕووی داوە کانییەک هەیە کە ئاوەکەی بەسەر چەند ئەستێلێکدا دابەش دەبێت، زیارەتکەرە نەخۆشەکان تیایدا خۆیان دەشۆن. ئاوەکەی «ئاوی بیرچوونەوە»یە، بەو واتایەی کە باوەڕ وایە ئاوەکە توانای ئەنجامدانی پەرجووی مەزنی چارەی نەخۆشیی هەیە. **~گ.س.**

[170] **ئاوی... بۆدەرکەوتنەکانی نۆک:** نۆک دێیەکە، شەش میل لە *کلێرمۆریس*ەوە دوورە لە کاونتیی مەیۆ (لە خۆرئاوای ئایرلاند). «بۆدەرکەوتنەکان» {واتە کەسێک، خێوێک، تارماییەک، یان گیانێک بۆت دەربکەوێت} لە پەڕتووکی *بۆدەرکەوتنەکان لە نۆک و گەواهیدانی گەواهیدەرەکان و گفتوگۆی خانمێکی گەنجی پرۆتستانت لەگەڵ پاکیزە پیرۆزەکەدا* باس کراون، پەڕتووکەکە لە نووسینی خوشکە ماری فڕانسیس کلێر (لەندەن، ١٨٨٩)ە. یەکەم بۆدەرکەوتن لە ٢١ی ئابی ١٨٧٩دا بووە، لە شەوی جەژنی هەشتینەی گەیشتنی مریەم بە ئاسمان، لە دوو خانم ڕووی دابوو بە ناوەکانی ماری مەکڵەفلین و ماری بەیرن. هەندێک «شێوە»یان دیوە کە لە سەرەتادا وەک پەیکەر دیار بوون، «ڕووناکییەک چواردەوری دابوون کە لە هەر خۆرێکی زەمینی ڕووناکتر بوو» (لا. ٤٢) مریەم دەستی بەرز کردووەتەوە و سانت یوسف بەرەو ئەو چووە. سانت یۆحەناش دەرکەوتووە و مایترێک و قوربانگایەکی بچووکی هەڵگرتووە، لە سەروویانەوە بەرخێک «وەک ئەستێرەی زێڕین» گوڵبەندی ڕووناکیی بە سەرەوە بووە (لا. ٤٣). بۆدەرکەوتنەکانی دواتر هی سەرەتای ١٨٨٠ن، لە خەڵکانێکی تر ڕوویان داوە، بە هەندێک چارەی نەخۆشیی پەرجووئاساوە لکێنراون. **~گ.س.**

[171] **پەیکەرانێک... دەچۆڕێت:** پەرجووێکە بە ناوی «خوێنی مەسیح»ەوە. ئەلبان بەتڵەر دەڵێت کە ئەم شوێنەوارە پیرۆزە، کە «لە چەند شوێنێک پارێزراوە و بەناوبانگترینیان ئەوەی مانتوایە، لەوە دەچێت ئەوە بێت کە هەندێک جار لە خاچێکی پەرجووئاساوە هاتووەتە دەرەوە، کە جووەکان یان پاگانییەکان بە گاڵتەوە کونیان کردووە، نموونەکەی لە پەڕتووکی مێژوویی باوەڕپێکراودا تۆمار کراوە» (*پەڕتووکێکی دەستی دەربارەی هونەری*

*بەیت و ئوستوورە*، نووسینی کلارا ئێرسکاین کلێمێنت [بۆستن، ئەمەریکا، ١٨٩١] لا. ٣٠٢). **~گ.س.**

172 **ژووری ددانپێدانان:** بە ئینگلی *confession box*، لە کڵێسادا دوو ژوورۆچکەی تەختە هەن، هەزەخی ددانپێدانان لەم دوو ژوورۆچکەیەدا جێبەجێ دەکرێت (بڕوانە ١: ٩٦)، یەکێکیان قەشە تێیدا دادەنیشێت و ئەوەی تر باوەڕداران تێیدا دادەنیشن، لەو شوێنەدا حەفتانە باوەڕداران ددان بە هەڵە و تاوانەکانی خۆیاندا دەنێن و داوای لێخۆشبوون دەکەن. **~ن.م.**

173 **لە باوەشی... وەرە:** لە سروودی دینیی *لە باوەشی عیسادا پارێزراوم*ەوە هێنراوە، هۆنراوەی فانی کرۆسبی، موزیکی دەبلیو ئێچ دوەین، *گۆرانیی پەرستش* (١٨٦٩):

لە باوەشی عیسادا پارێزراوم
لە نیگەرانیی داخورێنکەر پارێزراوم
لە فریودانەکانی دونیا پارێزراوم
تاوان ناتوانێ لێرە زەفەرم پێ ببا

«شانشین»ەکە لە نوێژەکەی عیساوە هاتووە لە (مەتا ٦: ٩-١٣). **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

«[٩]بەڵام ئێوە بەم شێوەیە نوێژ بکەن و بڵێن: ”ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت، [١٠]با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان. [١١]نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ. [١٢]لە گوناهەکانمان خۆشبە، هەروەک ئێمەش لەوانە خۆشدەبین کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن. [١٣]مەمانخەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو لە شەیتان ڕزگارمان بکە.“» (مەتا ٦: ٩-١٣)

174 **I.N.R.I.:** سەرەپیتی چوار وشەی لاتینی: *Iesus Nazarenus Rex Iudaeorum*ە (*ییسوس نازارێنوس ڕێکس یودایۆروم*): واتە: *عیسای ناسیرەیی پاشای جووەکان*، کە ڕۆمییەکان لەسەر خاچەکەی عیسا نووسیبوویان. **~گ.س.**

175 **I.H.S.:** ئەم سەرەپیتە لاتینییانە لە کورتکراوەی گریکیی ناوی عیساوە هاتووە و بە شێوەی جۆراوجۆر لێکدانەوەی بۆ کراوە، وەک: *Jesus Hominum Salvator* (*ییسوس هۆمینوم سالڤاتۆر*): واتە: *عیسا ڕزگارکەری مرۆڤە*، هەروەها *In Hoc Signo-Vinces* (*ئین هۆچ سینیۆ-ڤینچێس*): بەم نیشانەیەوە داگیر بکە. دووەم دانەیان ئەو قسەیەیە کە گوایە فریشتەیەک بە کۆنستەنتینی ئیمپراتۆری ڕۆمی وتووە لەو کاتەدا کە دەچوو بۆ

جەنگ، کە بۆ یەکەم جار خاچ بوو بە نیشانەی چەسپێنراوی ئەو. (کاتێک ئیمپراتۆرێتیی ڕۆم دینی خۆی گۆڕی بۆ مەسیحێتی). **~گ.س.**

176 **من گوناهم... ئازارم چەشت:** سەرەپیتی هەردوو ئەم دەستەواژەیە لە ئینگلیدا I.H.Sن، بەڵام لە کوردییەکەدا وا دەرناچنەوە، یەکەمیان: «I have sinned»ە و دووەمیان: « I have suffered»ە، بەڵام بلووم هەڵەیە، بڕوانە ڕاڤەکەی پێشوو. **~ن.م.**

177 **یەکشەممەیەک... یەک ببینین:** (بڕوانە ٥: ١٢٢). **~گ.س.**

178 **بوولێڵ و ڕووناکی لە پشتیەوە:** لە ئۆپێرای *دادگایی بە دەستی لیژنەی سوێندخۆران* (١٨٧٦) لە دانانی گیڵبێرت و سولیڤانەوە هێنراوە، دادوەرەکە کێشەی خۆی باس دەکات و چارە ناپەسەندەکەش دەخرێتە ڕوو، دادوەرەکە باسی ئەوە دەکات کە چۆن کاتی خۆی: «وەک زۆر پارێزەری گەنج لات بووم... کەوتمە داوی ئەوینی کچێکی ناشیرینی پارێزەرێکی دەوڵەمەندەوە» پاشان دادوەرەکە باس لە چارەی پارێزەرە دەوڵەمەندەکە دەکات کە وتوویەتی: «وتی: بەم زووانە بە شێوە {ناشیرینەکەی} ڕادێیت/ ئینجا دەبینیت چەند کچێکی باشە!/ وەک چل و چوار ساڵێک دەردەکەوێت/ ئەگەر لە بوولێڵدا بێت و ڕووناکییەک لە پشتیەوە بێت». **~گ.س.**

179 **نەبەزەکان:** هەندێک جار پێیان دەوترێت: *کۆمەڵەی نەبەزەکان* یان *ئایرە نەبەزە نەتەوەییەکان*، بەشێکی بچکۆلە بوون لە فینییەنەکان (بڕوانە ٢: ٨٠)، لە کۆتایی ١٨٨١دا بە ئامانجی کوشتنی ئەندامە سەرەکییەکانی حکومەتی داپڵۆسێنەری سەربازییانەی ئەوکاتەی بەریتانیا دامەزران. نەبەزەکان لە ٦ی ئایاری ١٨٨٢دا لۆرد فرێدریکی کاڤەندیش (١٨٣٦-١٨٨٢)یان کوشت کە سکرتێری گشتیی نوێی ئایرلاند بوو، هەروەها میستەر تۆماس هێنری بۆرکیشیان کوشت، کە جێگری سکرتێر بوو لە قەڵای دەبلندا کە ئایرەکان وایان دەبینی کە ئەو ئەندازیاری سەرەکیی ئەو وارگێڕییەیە کە ناو نرابوو «وارگێڕیی زۆرەملێ»، ئەو وارگێڕییە بوو کە جەختی لە گوێڕایەڵیی ئایرلاند دەکردەوە بۆ حوکمی ئینگل لە ڕێی کۆتوبەندێکی تەمبێکارانەی ئازادییە شارستانییەکانی ئایرەکانەوە. وا دیار بوو بۆرک ئامانجی سەرەکیی بکوژەکان بێت، نەک تەنها لەبەر کارە وارگێڕییەکانی، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئایرێکی کاسۆلیکی خۆرئاوای ئایرلاند بوو (ئاوهاش خیانەتی لە دۆزی ئایرلاند کردووە) کوشتنەکان (بە چەقۆ) لە پارکی فینیکس ڕوویان دا، کە زۆر دوور نییە لە کۆشکی جێنشینی پاشاوە؛ ئاوهاش کوشتنەکە ناو نراوە «کوشتنەکانی پارکی فینیکس». **~گ.س.**

[180] **کاری**: جەیمز کاری (١٨٤٥-١٨٨٣) بیناساز و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی دەبلن بوو، وا دیار بوو کەسێکی لەخواترس و دۆستی خەڵکە، ساڵی ١٨٨١ بوو بە سەرۆکی لقی دەبلنی نەبەزەکان. دوای کوشتنەکانی پارکی فینیکس دەستگیر کرا، لە کاتی دادگاییکردنەکەیدا لە شوباتی ١٨٨٣دا جاڕی لەسەر هاوڕێکانی دا و هەڤاڵەکانی بە هەڵواسین و کوشتن دا. بە یارمەتیی ئینگلەکان لە تەمموزدا هەوڵی دا هەڵبێت بۆ ئەفریقای باشوور، بەڵام ناسرایەوە و پاتریک ئۆدانەڵ لە ناو کەشتییەکەدا کوشتی، کە بێگومان ئەویش لەسەر ئەم کارەی هەڵواسرا و کوژرا. جەیمز کاری برایەکی هەبوو ناوی *پیتەر* بوو، ئەویش لەگەڵ نەبەزەکاندا بوو. **~گ.س.**

[181] **پیتەر کڵەیڤەر**: (بڕوانە ٥: ١٣٩). **~گ.س.**

[182] **دێنیس کاری**: نەزانراوە. **~گ.س.**

[183] **ژنێک و شەش منداڵ لە ماڵەوە**: لە کاتی کوشتنەکانی پارکی فینیکسدا لە ئایاری ١٨٨٢دا، جەیمز کاری و ژنەکەی شەش منداڵیان هەبوو؛ حەوتەمیشیان لە کۆتایی هەمان ساڵدا لە دایک بوو. **~گ.س.**

[184] **خۆشیلەخۆقەدەغەکەر**: خەڵکانێکن کە وەها بۆ پەرستش و دۆزێک خۆیان تەرخان کردووە کە خۆشییان لە خۆیان قەدەغە کردووە. **~گ.س.**

[185] **وێ لێرە نییە**: وا دیارە بلووم ئێستا بیر لە مەرسا دەکاتەوە کە لە کڵێساکە نییە. **~ن.م.**

[186] **شەرابی... پیرۆزەکەوە**: لە سرووتی ماسدا، شەراب دەخرێتە ناو کاسە پیرۆزەکەوە کە دەبێت بە «خوێنی مەسیح». قەشەکە لە سرووتی سوپاسگوزاریدا ئەمە جێبەجێ دەکات، لە یەکێک لە قۆناغەکانی کۆتاییهێنان بە بۆنەکەدا (کە قۆناغی شۆردنە) کاسەکە لە هەموو تکەیەکی «خوێن» پاک دەکاتەوە و شەراب وەردەداتە کاسەکە و پاشان دەیخواتەوە. **~گ.س.**

[187] **گینیس**: گەورەترین کارگە و بیرەخانەی دەبلن و ئایرلاند و ئەورووپایە، یەکێکیشە لە بەناوبانگترین بیرەکان. ساڵی ١٩٠٤ بە نزیکی چل ئەیکەری باشووری خۆرئاوای دەبلنی داگیر کردبوو و گەورەترین کارگەی شارەکە بوو. **~گ.س.**

ئەیکەرێک ٤٠٤٦.٨٦ مەتر دووجایە، چل ئەیکەر دەکاتە ١٦١،٨٧٤ مەتر دووجا، کە دەکاتە نزیکەی ٦٥ دۆنم بە پێوەری زەویوزاری عێراق (٢٥٠٠ مەتر دووجا). **~ن.م.**

[188] **ویتلیی دەبلن**: «خواردنەوەیەکی مامناوەندی» بوو، چونکە لاساییەکی ناکحولی هەندێک خواردنەوەی کحوولی بوو؛ لەو ڕۆژەدا لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا بەم

شێوەیە ڕیکلامی بۆ کرابوو: «کە داوای بیرەی تاڵت کرد، داوای ویتلی بکە. ئاگاداری: تکایە بڕوانە پەڕە نووسراوەکەی، چونکە هەندێک جار خواردنەوەی تری کەمنرخ و خراپ خۆیان وەک جێگرەوەی بیرەی تاڵی ویتلیی ماک دەردەخەن». **~گ.س.**

189 **کانترڵ و کاکرەین**: (بڕوانە ٥: ٨٦). **~گ.س.**

190 **هیچی... شەرابی نمایش**: ئەندامەکانی کڵێسا کە هاتوون بۆ سرووتی ماس، تەنها لە نانەڕەقەکەیان پێ دەدرێت، شەرابە پیرۆزکراوەکە تەنها هی قەشەکەیە. *شەرابی نمایش* لە بۆنەی *کولێرەی نمایش*ی عیبریی دێرینەوە هاتووە کە ئەویش هەر تەنها بۆ کاهینەکان تەرخان کرابوو. **~گ.س.**

بۆ کولێرەکە (بڕوانە **فەتیرە** لە کۆتایی ٥: ١٦٣). **~ن.م.**

191 **سەیرە تەواوی هەموو کەشی**: بە هۆی جیاوازیی ڕێزمانی کوردی و ئینگلیزییەوە، لە کوردییەکەدا ئەمە ناڕوونتر دەردەچێت، ڕستەکەی بلووم تەواو نەکراوە و هێشتا تەواوکەری ماوە، کەشی چی سەیرە؟ دەرنەبڕراوە. **~ن.م.**

192 **ئۆرگن**: بە ئینگلی *organ*، ئامێرێکی موزیکییە، لە چەشنی دوگمەبەندەکانە. دەنگەکان بە بۆریی درێژی-جیاوازدا تێدەپەڕن. دەنگەکان بە تێپەڕبوونی هەوا بەناو بۆرییەکاندا دروست دەبێت. ئەم ئامێرە لە کڵێساکاندا بە گشتی ئامێرێکی سەرەکییە. **~ن.م.**

193 **گڵینی پیر**: جۆزێف گڵین، جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

جۆن گڵین ساڵی ١٨٣٤ لە دەبلن لە دایک بووە، کوڕی جۆن گڵین بووە کە چاودێری کاروباری سیتی هۆڵ بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکەی میستەر ناتندا خوێندووە لە شەقامی ڕیچمندی باشوور لە دەبلن. موزیککارێکی بەتوانا و بەهرەمەند بووە، مامۆستای موزیکەکەی ناوی *جەیمز وێلکینسن* بووە، کە ئۆرگنژەنێکی بەتوانا بوو. یەکەم کاری گڵین وەک ئۆرگنژەن لە کڵێسای سانت پیتەر بووە لە درۆگدا لە کاونتیی لیش. پاشان چووە بۆ دەبلن و لە کڵێسای دۆمینیکان لە شەقامی دانیماڕکی کۆن بووە بە ئۆرگنژەن و لەوێوە چووە بۆ کڵێسای سانت نیکۆلاسی میرا لە شەقامی فڕانسیس کە تا ساڵی ١٨٦٦ لەوێ ماوەتەوە. پاشان لە کڵێسای ڤینسنتیان لە فیسبەرۆ بووە بە ئۆرگنژەن و دواتر کرا بە ئۆرگنژەنی کڵێسای دۆمینیکان لە شەقامی دۆمینیک و تا ساڵی ١٨٨٧ لەم پۆستەیدا مایەوە، پاشان شوێنی هامیڵتن کرۆفتی گرتەوە، کە ئۆرگنژەن و بەڕێوەبەری کۆڕی کڵێسای یەشوعییەکانی شەقامی گاردنەر بوو. ئەو ئۆرگنەی جۆن وایت دروستی کردبوو پێشکەش

کرا بە گلێن؛ جۆن وایت لەسەر زۆرێک لە ئۆرگنەکانی شاری دەبلنی سەدەی نۆزدە کاری کردبوو. گلێن وەک بەڕێوەبەری کۆمەڵەی سێسیلیاییەکان، یەکەم فێستیڤاڵی سێسیلیاییەکانی بە ڕێوە برد کە ساڵی ١٨٧٩ لە کڵێسای سانت ئەندروز لە وێستلاند ڕۆو نمایش کرا. گلێن ساڵی ١٨٧٧ لە خانووی ژمارە ٦ی شەقامی لینۆکس دەژیا لە پۆرتۆبێللۆ و ١٨٨٤گواستیەوە بۆ خانووی ژمارە ١٠ی هەمان شەقام. لە یادەکانی سەد ساڵەی تۆماس موووردا لە ساڵی ١٨٧٩ گلێن وەک ئۆرگنژەنی بۆنەکان بە ڕێوەی دەبردن و ساڵی ١٨٨٢ پیشانگایەکی لە ڕۆتوندا کردەوە و لەو وەرزەدا لەوێ چەند کۆنسێرتێکی گەورەی بە ڕێوە برد. لە زۆر قوتابخانە و ڕەبەنگای خوشکاندا پرۆفیسۆری موزیک بووە، هەروەها لە ئەکادیمیای پاشایی ئایریی موزیک لە وێستلاند ڕۆو تاقیکاری ئۆرگن و پیانۆ بووە. لە تاقیکارییە ناوەندییەکانیشدا تاقیکاری موزیک بووە. گلێن موزیکی کڵێسای دادەنا و باشترین دانراوە موزیکییەکانی پێکهاتوون لە: *تۆتا پولکرا Tota Pulchra*؛ *ئێچێ کۆر Ecce Cor*؛ *یێسو دۆلۆریس Jesu Doloris*؛ *ئینڤیۆلاتا Inviolata*؛ *ئۆ کۆر ڤۆلوپتوس O Cor Voluptus*؛ هەروەها بالاد و موزیکی پیانۆی تریشی داناوە، یەکێک لە دیارترینیان *یادگارییەکانی ئێرین Memories of Erin* بووە، کە پێشکەشی کردووە بە میستەر جۆزێف ڕۆبنسن؛ هەروەها موزیکێکی تری دیاری داناوە بە ناوی *لا کۆرۆنێللا La coronella*وە؛ هەروەها گۆرانیی *لەو جێیەی ڕووبارە جوانەکان دەڕۆن Where the lovely rivers flow*ی داناوە. یەکەم کەس بوو کە لە دەبلن شەونوێژی کڵێسای ڕێکدەخست. شوێنی مانەوەی سەرەکیی گلێن لە بالدۆیەل بوو لە کاونتیی دەبلن، بەڵام لە خانووی ژمارە ٦ی شەقامی تێمپڵی باکووریش دەژیا کە نزیک بوو لە کڵێسای سانت فڕانسیس ژاڤیەر. لە کاتی مردنەکەیدا گلێن شەش ساڵ بوو لە کڵێسای سانت فڕانسیس ژاڤیەر ئۆرگنژەن بوو، واتە لە ١٨٨٧-١٨٩٣. لە ٢٦ی ئابی ١٨٩٣دا لە ماڵی خۆی لە ذە مۆڵ لە بالدۆیەل مرد و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

لە وەرگێڕانی ڕاڤەکانی گلێنی پیر و پرۆفیسۆر گودویندا (بڕوانە ٤: ١١٥) سەرنجی ئەوەم داوە و لام سەیرە، کە هەردوو ئەم موزیککارانە، کە بە گوێرەی ڕاڤەکانیان بێت بەتوانا و بەناوبانگەکانی شارەکە بوون، ساڵی ١٩٠٤ یەکێکیان یازدە ساڵە مردووە و ئەوی تریان دوازدە ساڵە مردووە و بلووم ئاگای لێیان نییە، بە مەرجێک لەو سەردەمەدا مردن لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرایەوە و بلوومیش لە ڕۆژنامەدا کار دەکات. ئەم سەرنجەی خۆم بە دکتۆر هەنتیش وتووە، ئەویش هاوڕام بوو کە ڕێکەوتێکی سەیرە! **~ن.م.**

[194] **ڤێبراتۆ**: بە ئیتالی *vibrato*: زاراوەیەکی موزیکییە، بریتییە لە لەراندنەوەی تۆنێک کەمێک بە لای تۆنی سەروو خۆی و ئینجا کەمێک بە لای خوارووی خۆیدا و ژەنیارەکە وەها یاری بە تۆنەکە دەکات. **~ن.م.**

[195] **شەقامی گاردنەر**: واتە لە کڵێسای سانت فرانسیس ژاڤیەرە، هەر رێک بە لای خۆرهەڵات و کەمێک بەرەو باکووری ماڵی بلووم لە شەقامی ئێکلس. **~گ.س.**

[196] **ساڵانە پەنجا پاوەنی هەبوو**: مووچەیەکی بەرز بووە بۆ ئۆرگنژەنێک کە بە پارت-تایم کار دەکات. **~گ.س.**

[197] **ستابات ماتێری رۆسینی**: *ستابات ماتێر*، واتە *دایکە راوەستاوەکە* (وەک مریەمی پاکیزە کە لە دامێنی خاچەکەدا راوەستابوو). سروودە دینییەکە «هاوسۆزی» و «ئازارەکان»ی مریەم بۆ کورەکەی یاد دەکاتەوە لە کاتی لەخاچدانیدا. ئاوازی *ستابات ماتێر* لە رووی شێوە دێرینەکەیەوە دەستکاری نەکراوە، دەقەکەش لەوانەیە هی جاکۆپۆنێ دا تۆدی (لە ١٣٠٦دا مردووە)ی ئیتالی بێت. چەند رێکخستنەوەیەکی بەناوبانگی رێنیسانسی هەمان سروود هەیە، جۆسکین و پالێسترینا و پێرگۆلێتسی هەرسێکیان هەیانە. ئەو دانە «رۆمانسی»یەیان کە بلووم بیری لێ دەکاتەوە جاکینۆ رۆسینی (١٧٩٢-١٨٦٨) دایناوە کە موزیکدانەرێکی ئیتالی بوو و ساڵی ١٨٤٢ بۆ یەکەم جار نمایش کرا. **~گ.س.**

[198] **بابە بێرنارد ڤۆگن**: لە سەرەتای ئەڵقەی دەیەمی ئەم رۆمانەدا بابە کۆنمی ساتێک لەم وتارەی بە بیر دێتەوە. وا دیارە وتارەکە باس لە جیاوازیی پێداگریی عیسا دەکاتەوە لەسەر ملکەچییە دونیاییەکەی پیلاتۆس، کە «هیچ خراپەیەکی لێ نەدۆزیوەتەوە» کەچی رێی بە خۆی دا خەڵکەکە بریاری پێ بدەن کە عیسا لە خاچ بدات. **~گ.س.**

[199] **پیلاتۆس**: مەبەست پیلاتۆسی پۆنتییە، بە گوێرەی مزگێنییەکان: لە سەردەمی عیسادا فەرمانرەوای رۆمییەکان بووە لە ئۆرشەلیم و ئەو کەسەیە کە دادگایی عیسا دەکات. **~ن.م.**

[200] **پێکوتەکان وەستان**: پێکوتەکان هەندێک رەزمی درێژکراوەی کوتانی قاچن بە زەویدا لە کاتی دەربرینی نارەزایی و خۆپیشانداندا. بەڵام ئەوەی دەقەکە و ئەوەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە زاراوەیەکە تەنها بە هێماییانە بە کار دەهێنرێت تا وا بگەیەنرێت کە خەڵکەکان لە بێئارامیدا وژەوژیان دەهات. **~گ.س.**

[201] **کویست ئێست ئۆمۆ**: لاتینییە، واتە: *ئەو پیاوە کێیە؟* یان *کێیە*، دێری یەکەمی کۆپلەی سێیەمی *ستابات ماتێر*ە: «کێیە کە دایکی مەسیح دەبینێت لەو ئازارەدا و گریانی نایەت؟» ئەو بەشە لە *ستابات ماتێر*ەکەی رۆسینیدا گۆرانییەکی دوانینەیە بۆ دوو سۆپراۆ. **~گ.س.**

[202] **مێرکادانتێ... وته:** جیوزێپێ ساڤێریۆ ڕافایێلۆ مێرکادانتێ (١٧٩٥-١٨٧٠) موزیکدانەرێکی ئیتالی بوو. *لێ سێتتێ ئولتیمێ پارۆلێ* *le sette ultime parole* (واتە: دواهەمین حەوت وتەی ڕزگارکەرەکەمان *لەسەر خاچەکە*) ئۆراتۆریۆیەکی ئەوە {**ئۆراتۆریۆ:** بە ئینگلی *oratorio*، گۆرانی و موزیکێکی درێژە لەسەر چیرۆکی دینی بۆ دەنگبێژ و ئۆرکێسترا دادەنرێت}. یەکەم وتە: «باوکە، لێیان خۆشبە» (لۆقا ٢٣: ٣٤)؛ دووەم وتە: «ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت» (لۆقا ٢٣: ٤٣)؛ سێیەم وتە: «ژنەکە، ئەوەتا کوڕی تۆ.» (یۆحەنا ١٩: ٢٦)؛ چوارەم وتە: «خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟» (مەتا ٢٧: ٤٦)؛ پێنجەم وتە: «تینوومە» (یۆحەنا ١٩: ٢٨)؛ شەشەم وتە: «تەواو بوو» (یۆحەنا ١٩: ٣٠)؛ حەوتەم وتە: «باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم.» (لۆقا ٢٣: ٤٦) **~گ.س.**

[203] **دوازدەیەمین... گلۆریاکەی: ماس،** بۆنەیەکی دینی مەسیحییە (بڕوانە ١: ٩٦)، دوو جۆری هەیە: «ماسی بەرز» و «ماسی نزم». ماسی بەرز بە گۆرانی و لەگەڵ موزیکدا دەبێژرێت، ئەویش زۆربەی کات گۆرانیبێژەکان کۆرسێکیان پێکهێناوە و پێیان دەوترێت: *کۆڕ chorus* و هەموو پێکەوە دەبێژن، هەندێک جار گۆرانیبێژی تاکیش بەشدار دەبێت (بڕوانە ٣: ٩٢). ماسی نزم بە قسە دەخوێنرێت. جاران زۆرێک لە کڵێساکان هونەرمەندە موزیکدانەرەکانیان ڕادەسپارد موزیک بۆ ماس بنووسنەوە و یەکشەممان لە کڵێسادا دەژەنران، ئەڵبەت ئەم خزمەتەش بەرانبەر پارە بوو. ئەم موزیکە هەر بە ناوی بۆنەکە خۆیەوە ناو نراوە *ماس* کە بە گشتی لە پێنج بەشی سەرەکی پێکدێت، کە لە موزیکدا زۆر جار پێیان دەوترێت: «جووڵە» نەک «بەش»، ئەوانیش: *کیری* و *گلۆریا* و *کرێدۆ* و *سانکتوس* و *بێنێدیکتوس*ن، جارجار بەشی شەشەمیش هەیە پێی دەوترێت *ئاگنوس دێیی*؛ سانکتوس و بێنێدیکتوس زۆر جار پێکەوەن، بەڵام هەندێک جار جیا دەکرێنەوە. ناوی بەشەکان لە سەری دێڕەکانی سروودەکانەوە هاتوون کە بەو وشەیە دەست پێ دەکەن، لاتینی و گریکین و لە دەق و نزای *پەیمانی نوێی کتێبی پیرۆز* و باوەڕی مەسیحییەوە هێنراون.

**کیری:** بە ئینگلی/گریکی *Kyrie*، دەقەکە دەڵێت: «کیریێ ئیلێیسۆن/ خریستێ ئیلێیسۆن» واتە: «خودایە بەزەییت پێماندا بێت/ ئەی مەسیح بەزەییت پێماندا بێت».

**گلۆریا:** بە ئینگلی/لاتینی *Gloria*، دەقەکە بەم دێڕە دەست پێ دەکات: «*گلۆریا ئین ئێکسێلسیس دیۆ/ ئێت ئین تێرا پاکس هۆمینیبوس بۆنایێ ڤۆلونتاتیس*» دەقی (لۆقا ٢:

١٤)ە، دەڵێت: «شکۆ بۆ خودا لە ئاسمان، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون» *گلۆریا* واتە *شکۆ*.
**کرێدۆ**: بە ئینگلی/لاتینی *Credo*، دەقەکە بەم دێڕە دەست پێ دەکات: «*کرێدۆ ئین ئونوم دێیوم، پاترێم ئۆمنیپۆتێنتێم*» واتە «باوەڕم بە یەک خودایە، باوکی ڤەکارمان». تەواوی ئەم دەقە پەیڕەوی نایسیایە (بڕوانە ١: ٢٠٤)، هەموو دەقەکەی تێدایە بە کوردی.
**سانکتوس**: بە ئینگلی/لاتینی *Sanctus*، دەقەکە بەم دێڕە دەست پێ دەکات: «*سانکتوس، سانکتوس، سانکتوس دۆمینوس*» واتە «پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە، خودامان پیرۆزە».
**بێنێدیکتوس**: بە ئینگلی/لاتینی *Benedictus*، دەقەکە دەڵێت: «*بێنێدیکتوس کوی ڤێنیت ئین نۆمینێ دۆمینی/ هۆسانا ئین ئێکسێلسیس*» دێڕی یەکەمی دەقی هۆنەی ٢٦ی *زەبوورەکان*ە، کە (مەرقۆس ١١: ٩-١٠) و (مەتا ٢١: ٩)شدا دووبارە دەبێتەوە، ئەو کاتەی کەژاوەی پاشایی عیسا دێتە ئۆرشەلیم، دەڵێت: «پیرۆزە ئەوەی بە ناوی یەزدانەوە دێت» «هۆسانا بۆ خودا!» *هۆسانا* لە *کتێبی پیرۆز*ەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «لە زمانی عیبری دەربڕینێکە بە واتای ڕزگارمان بکە، بووە هاواری ستایش».
**ئاگنوس دێیی**: بە ئینگلی/لاتینی *Agnus Dei*، دەقەکە دەڵێت: «*ئاگنوس دێیی، کوی تۆلیس پێککاتا موندی، میزێرێرێ نۆبیس/ ئاگنوس دێیی، کوی تۆلیس پێککاتا موندی، دۆنا نۆبیس پاچێم*» دەڵێت: ئەی بەرخەکەی خودا، کە گوناهی جیهان دەشۆیتەوە، بەزەییت پێماندا بێتەوە/ ئەی بەرخەکەی خودا، کە تاوانی جیهان دەشۆیتەوە، ئاشتیمان بدەیە.
بڕوانە *فەرهەنگی موزیک* (سەرچاوەی ٢٦)، تۆماری هەر یەکێک لە ناوەکان.
لەو دێڕەی ڕۆمانەکەدا، مەبەست لە «مۆتسارت» ڤۆلفگانگ ئەمادێیوس مۆتسارت (١٧٥٦-١٧٩١)ە، یەکێک بووە لە بەتواناترین و مەزنترین و بەناوبانگترین موزیکدانەرەکانی جیهان. مۆتسارت هەر لە پێنج ساڵانەوە موزیکی داناوە و لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا لە ناکامدا مردووە، بۆیە گەلێک کاری ڕێکنەخراوی لە دوای خۆی لێ بە جێ ماوە. کارەکانی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا کۆ نەکرابوونەوە، دوای مردنی چەند جارێک هەوڵ دراوە کارەکانی کۆ بکرێنەوە، پیاوێک بە ناوی *لودڤیگ ڤان کۆخێل* زۆربەی کارەکانی مۆتسارتی کۆ کردووەتەوە و ڕیزبەندی بۆیان داناوە، تا بۆ دۆزینەوە ئاسان بن، بۆیە ئێستانان هەرچەند ناوی کارێکی مۆتسارت دەهێنرێت، بە تەنیشتیەوە هێمای ک. و ژمارەیەک دادەنێن، کە مەبەستیان ژمارەی تۆمارەکەیەتی لە ڕیزبەندییەکەی کۆخێلدا. ئەوەی دواتر لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.**

ماسی ڕاستینەی دوازدەیەمی مۆتسارت ئەوەیانە کە لە ڕیزبەندیی کۆخێلدا ژمارە ٢٦٢ی پێ دراوە. بەڵام ماسێکی تریش هەیە، کە کارێکی ساختەیە و دراوەتە پاڵ مۆتسارت، بەشگەی بڵاوکردنەوەی نۆڤێللۆ ئەم کارەی لە ناو خەڵکدا ناساند، کۆخێل لە لیستەکەی خۆیدا کە ساڵی ١٨٦٢ بڵاوی کردووەتەوە ڕەتی کردووەتەوە کە ئەم کارە هی مۆتسارت بێت و لە لیستی پاشکۆکانیدا (بە ئەڵمانی: *Anhang*) ژمارە ٢٣٢ی داوەتێ. بەڵام ئەم پاشکۆکردنەی کۆخێل لە ناوبانگی کارە ساختەکەی کەم نەکردووەتەوە. زۆر ڕوون نییە بلووم کام ماسەیانی لە خەیاڵدایە. *گلۆریا* و نزا گەورەکە و سرووده فریشتەییەکە وا دیارە کە درێژکردنەوەیەکی سەدەی سێیەم بێت بۆ گۆرانیی فریشتەکە کە لە (لۆقا ٢: ١٤)دا هاتووە، بەشێکی سەرەکیی موزیکی ماسە، شوێنەکەی لە ماسدا بە پێی ساڵنامەی کڵێسا دەگۆڕێت. **~گ.س.**

204 **پالێسترینا:** جۆڤانی پییرلویجی دا پالێسترینا (١٥٢٥ - ١٥٩٤)، موزیکدانەرێکی بەناوبانگی ئیتالییە (بڕوانە ١: ٢٠٥ و ١: ٢٠٧). **~گ.س.**

205 **شانتیان بێژاوە، لە کاتی دیاریکراودا:** بلووم لە ماس و موزیکی کڵێساوە دەڕوات و دەیگشتێنێت و بیر لە ڕۆژێکی ڕەبەنگا دەکاتەوە کە نزای ڕۆژانە لە کاژێری جیاوازدا بە شانت {گۆرانیی دینی} دەبێژن. (کە هەندێک نوێژ و نزان بۆ کاژێری جیاوازی ڕۆژ دەخوێنرێن). **~گ.س.**

206 **بێنێدیکتین، شارتیوسی سەوز:** *بێنێدیکتین* خواردنەوەیەکە وەک *شارتیوس* وایە، {یان سەوزە، یان زەردە} ڕەبەنەکانی ڕەبەنگای بێنێدیکتین لە باشووری فەڕەنسا بۆ یەکەم جار ترشاندوویانە. *شارتیوسی سەوز:* یەکێکە لە سێ جۆر خواردنەوە (سپی و زەرد) و بە پێی هاوکێشەی ئاڵۆز دەترشێنرێت و یەکەم جار ڕەبەنەکانی ڕەبەنگای شارتیوس لە شاخی شارتیوس نزیک شاری گرینۆبلی فەڕەنسا ترشاندوویانە. **~گ.س.**

207 **خەساو... ناڕەوایی بوو:** بۆ کوڕ و چینە دەنگییەکان (بڕوانە ٣: ٩٢). ئەگەر کوڕێکی منداڵ لە تەمەنێکی زووەوە بخەسێنرێت و نەمرێت و باری تەندروستییەکەی ئاڵۆزیی بەسەردا نەیەت، ئەوا لە ئەنجامی ئەم خەساندنە چەند کاریگەرییەکی لاوەکی لە گەشەیدا ڕوو دەدات، وەک ئەوەی کە: موویان لێ نایەت، باڵا و لەشیان لە خەڵکی ئاسایی گەورەتر و کەتەتر و بەخۆتر دەبێت، ناتوانن وەچە بخەنەوە، هەروەها دەنگیان گڕ نابێت و دەنگی منداڵییان دەمێنێتەوە. بە ئیتالی بەم جۆرە دەنگە دەوترێت: *کاستراتۆ Castrato* کە ڕاستەوخۆ واتە *خەساو*، کۆکەی *کاستراتی Castrati*یە. ئەم دەنگانە گەلێک تایبەت و

سەرنجڕاکێشن کە ئەگەر گۆرانیبێژێکی خەساو بە باشی بیتوانیبایە گۆرانی بیبژێت، بە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ گوێگرتن لێی، گۆرانیبێژەکە سامانێکی زۆری پەیدا دەکرد. بۆیە لە سەدەی شازدەوە خەڵکانێک کوڕە منداڵەکانیان لە تەمەنێکی زووەوە دەخەساند و دەیانخستنە بەر خوێندنی دەنگ و گۆرانیبێژان، بەو ئامانجەی ئەگەر گەورە بوون ئەوا بتوانن ئەوەندە دەوڵەمەند بن کە یارمەتیی خێزانەکە بدەن. ئەو پیاوەی خەسێنراوە، ئەگەرچی لە ڕووی چینی دەنگەکەیەوە هاوشێوەی سۆپرانۆ و کۆنتراڵتۆیە، بەڵام ڕەنگی دەنگەکەی گەلێک جیاوازترە. بۆیە لە ڕووی نۆتەوە لەسەر چینی سۆپرانۆ و کۆنتراڵتۆ نۆتەیان بۆ دەنووسرێتەوە و وەها دادەنرێن، بەڵام دەنگی پیاوی خەساو ئێجگار سەرنجڕاکێشتر بووە. لە کۆندا زۆر جار لە بری سۆپرانۆی ناو کۆڕ، کوڕی خەساویان داناوە، ئەم دەنگە وا دەکات جۆرێتیی دەنگی کۆڕەکە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش وەربگرێت، کە زۆر جار بە «دەنگی فریشتە» ناسێنراوە. وا دیارە بلووم زۆر لە وردەکاریی نەریتەکە نازانێت چونکە دەڵێت: «دەبێت دوای ئەو دەنگە گڕە بەهێزەیان بیستنی دەنگیان سەیر بووبێت»، کە ئەمە ئاماژەیە بەوەی بلووم وا تێگەیشتووە کە گۆرانیبێژەکان گەورە بوون و دەنگیان گڕ بووە، ئینجا خەسێنراون. بەڵام خەساوەکان پێش ئەوەی دەنگیان گڕ ببێت خەسێنراون، بۆیە دەنگیان گڕ نەبووە و دواتر خەسێنرابن تا دەنگیان بگۆڕێت. ئەوەی تر لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە.

کە لە دەقەکەدا دەڵێت: «کە ئەوەیان ناڕەوایی بوو»، ئەو ڕستەیە بلووم بە دوو واتا دەیڵێت و پێم وایە هەردووکیانی مەبەستە. واتاکەی تریان ئەمەیە: «بەڵام پیاوانێکی خەساو لە کۆڕەکانیاندا هەبوون کە ئەوە وای کردووە مەییەکانیان خەستتر ببێتەوە». **~ن.م.**

نەریتی خەساندنی کوڕی منداڵی سۆپرانۆ بۆ ئەوەی دەنگیان نەگۆڕێت لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا بە یاسا قەدەغە کرا، بەڵام هێشتا لە کۆڕی پاپاییدا هەر نەریتێکی باو بوو تا پاپا لیۆی سێزدەیەم هاتە سەر تەخت، کە لە ١٨٧٨دا بوو بە پاپا. یەکێک لە کارەکانی سەرەتای پاپایەتییەکەی پاپا لیۆ ئەوە بوو کە خەساوەکانی لە کۆڕدا لابرد و نەریتەکەشی قەدەغە کرد. **~گ.س.**

[208] **پێستیان ئەستوورتر دەبێت**: یەکێک لە لێکەوتەکانی خەساندن پێش باڵغبوون ئەوەیە کە شانەی لەشی خەساوەکان چەوریی زیاتر دەگرێت و قەڵەو دەبێت. **~گ.س.**

[209] **قەشەکەی بینی... پیرۆز کرد**: دوای شوشتن و پاککردنەوەی کاسەکە، قەشە سروودی کۆبوونەوەکە دەبێژێت و پاشان قوربانگاکە ماچ دەکات و خەڵکەکە پیرۆز دەکات. **~گ.س.**

[210] **تەماشای... هەڵستا**: لە دەقە ماکەکەدا نووسراوە « Mr Bloom glanced about **him** and then stood up» کە ڕێک بەو واتایە دێت کە ئێستا لە دەقەکەدا دامناوە و زۆر ڕوون نییە کە ئایا بلووم تەماشای چواردەوری خۆی کرد یان چواردەوری قەشەکە. ئەگەر لە بری هم *him* نووسرابا *همسێلف himself* ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانرا بڵێین دەبوو بە *تەماشای چواردەوری خۆی کرد و هەڵستا*، کە ئەمە زیاتر ڕێی تێ دەچێت، چونکە بلووم زۆر لە نەریتەکانی کڵێسا نازانێت و لاسایی چواردەوری خۆی دەکاتەوە. بەڵام کە دەقەکە دەڵێت هم *him* بە واتای *ئەو*، ئەو ئەگەرە بە جێ دەهێڵێت کە بلووم تەماشای قەشەکە و چواردەوری قەشەکە دەکات، ئینجا هەڵدەستێت، کە لە چاپەکانی پێشوودا وەها وەرمگێڕابوو، بەڵام لەم پێداچوونەوەیەدا گۆڕیم. **~ن.م.**

[211] **لە کاتی... هەڵدەستن**: ئەگەر لە کۆتایی سرووتەکەدا *ئینجیل* بخوێنرێت، ئەوا خەڵکەکە دوای سرووتی سوپاسگوزارییەکە هەڵدەستن و لە کاتی خوێندنی *ئینجیل*ەکەدا دووبارە کڕنۆش دەبەن. **~گ.س.**

ئامادەبووان لە ماسی کاسۆلیکیدا هەمیشە لە کاتی خوێندنی *ئینجیل*دا هەڵدەستن. **~س.ت.م.١**

[212] **شتەکەی... هەڵگرتبوو**: ئەوە پەڕتووکی نزانامەکەیە کە بە دەستیەوە گرتوویەتی و لەو پەڕتووکەوە دوایین خوێندنی *ئینجیل* دووبارە دەکاتەوە. **~گ.س.**

«شتەکە» کاسەکەیە کە بە پارچە قوماشێک داپۆشراوە. **~س.ت.م.١**

وەک دەبینرێت، لەبەر ئەوەی لە دەقەکەدا دیاریی نەکردووە «شتەکە» چییە، سام سلەوت و گیفرد و سایدمان دوو لێکدانەوەی جیایان بۆی کردووە. **~ن.م.**

[213] **پەروەردگارا، پشتوپەنامان، هێزمان**: لە دوای ماسی نزم، قەشەی جێبەجێکار داوالێکراو بوو کە بە زمانی قسەکردنی خەڵکان دوو نزا بخوێنێتەوە کە پاپا لیۆی سێزدەیەم ساڵی ١٨٨٤ و ١٨٨٦ نووسیبوونی و دواتریش پاپا پایۆسی دەیەم نوێی کردنەوە، نزاکە دەڵێت: «پەروەردگارا، ئەی پەناگا و هێزمان، بە چاوی بەزەییەوە بڕوانە ئەم خەڵکەی خۆت کە بۆت دەگرین؛ بە نێوانگیریی مریەمی پاکیزەی شکۆدار و بێگەرد، دایکی خودا و خێزانی سانت یوسف، لە ڕێی ڕانێرە پیرۆزکراوەکانت پەترۆس و پۆڵس و هەموو سانتەکان، بە

بەزەییەوە نوێژەکانمان بە باشە لێ وەربگرە و کڵێسای دایکمان ئازاد و سەربەرز بکە: لە ڕێی هەمان مەسیح و گەورەمانەوە. ئامین.» بۆ نزای دووەم (بڕوانە ٥: ٢٢٣). **~گ.س.**

[214] **چەنێک... تێپەڕیوە**: ئەمە بلوومە کە ڕستەی کردنەوەی گفتوگۆی هەزەخی ددانپێدانان {بە هەڵە} دەڵێت کە بەم پرسیارە دەست پێ دەکات: «چەنێک بەسەر دواهەمین ددانپێدانانتدا تێپەڕیوە؟» **~گ.س.**

[215] **پاکیزەی... پۆڵس**: بلووم چەند وشەیەکی نزاکەی قەشەکە وەردەگرێت (بڕوانە ٥: ٢١٣). «پاکیزەی شکۆدار و بێگەرد» دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەیەکی باوەڕ کە ساڵی ١٨٥٤ بانگەواز کرا کە: «مریەم، هەر لە پرزانگی دایکیەوە و لە یەکەم چرکەی پیتانەکەیەوە لە هەموو لەکەیەکی گوناهی ماک بە دوور گیراوە». **~گ.س.**

**گوناهی ماک**: بە ئینگلی original sin، من وشەی *ماک*ی کوردی لە بری *أَصْلی*ی عەرەبی بە کار دەهێنم. بە پێی دینی جوو و مەسیحی، *گوناهی ماک*، *The Original Sin* ئەو گوناهەیە کە ئادەم و حەوا کردیان و لە درەختە قەدەغەکەیان خوارد. ئەم چیرۆکە لە یەکەم پەڕتووکی *تەورات*دا باس کراوە. لەو ڕوانگەیەوە، هەموو مرۆڤێک کە لە دایک دەبێت هەڵگری ئەو گوناهەی ئادەم و حەوا دەبێت. بەڵام بە گوێرەی دینی مەسیحی، عیسا دەتوانێت مرۆڤ لەم گوناهە ڕزگار بکات و بیانشواتەوە. هەر بۆیە کاتێک منداڵێکی مەسیحی لە دایک دەبێت، یەکەم شت کە بۆی دەکرێت ئەوەیە سەری بە چۆڕێک ئاو دەشۆررێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو منداڵە لە گوناهی ماک شۆرایەوە (بڕوانە ١: ٩٦).

**دووگیانیی بێگەرد**: بە ئینگلی *Immaculate Conception*، کۆمەڵێک لە مەسیحییەکان باوەڕیان وایە کە مریەم بە بێگەردی لە دایک بووە و گوناهە ماکەکەی نەبووە، گوایە لەدایکبوونی ئەو لە هی هەموو کەسێکی تر جیایە و ئەمەش بە ***دووگیانیی بێگەرد*** ناسراوە. **~ن.م.**

[216] **ددانپێدانان**: کڵێسای کاسۆلیک تۆبەکردن بە یەکێک لە هەزەخەکان دادەنێت کە عیسای مەسیح خۆی دایناوە. لەم هەزەخەدا قەشە لە ڕێی بەخشینەوە لە تاوانی ئەوانە خۆش دەبێت کە بە کوڵ و بە دڵ ددان بە تاوانەکانیاندا دەنێن. لە پرۆسەی ددانپێداناندا، تۆبەکەر لە یەک کاتدا هەر خۆی تاوانبارکەر و تاوانبار و گەواهیدەرەکەیە و قەشەکەش دادگایی دەکات و سزای بەسەردا دەدات. ئەو بەخشینەی دەدرێت ڕزگارکردنە لە ئازاری ویژدانی تاوانبار. ددانپێدانان بۆ قەشەیەک دەکرێت کە دیاری کرابێت و ڕاسپێررابێت و

توانای پێویستیی دادوەری و لێخۆشبوونی پێ درابێت، ئەم توانایەش لە عیسای مەسیحەوە دراوە بە کڵێساکەی. قەشەکە وابەستە بە پاراستنی ئەم نهێنییانەوە و ڕێی نادرێت چ ژیانی خۆی ڕزگار بکات، چ ژیانی خەڵی تر، یان هیچ بەڵایەکی گشتی بوەستێنێت. هیچ یاسایەک ناچاری ناکات کە هیچ کامێک لەو ددانپێدانانانە بۆ کەس ئاشکرا بکات. لادان لەم پەیمانی ددانپێدانان و پاراستنی نهێنییانە بە کفر دادەنرێت و وا دەکات قەشەکە لە قەشەیی بخات و مافی ئەندامێتیی لێ دەسەنرێتەوە (بڕوانە ١: ٩٦). **~گ.س.**

[217] **دیواری... گوێی هەیە**: **هۆڵی چرپە**: بە ئینگلی *whispering gallery*، هۆڵێکە، یان شوێنێکی گومەزدارە کە بە شێوەیەکی وەهای بیستنناسی (ئەکوستیک) دانراوە کە ئەگەر دەنگ لە شوێنێکەوە هات، لە شوێنێکی تری دوورەوە ببیسترێت. **~ن.م.**

بلووم وا وێنا دەکات کە شوێنی ددانپێدانانەکە وەک هۆڵی چرپە وایە کە ئەوەی بە چرپە ددانی پێدا نراوە (بە «نوکتەیەکی خودایی») لە شوێنێکی ترەوە ببیسترێت. لە بەناوبانگترین هۆڵی چرپەکان، گومەزەکەی کاتیدرایی سانت پۆڵە لە لەندەن، چرپەیەکی زۆر نزمی نزیک دیوارێکی زۆر بە باشی لە دیوارەکەی ئەوبەریەوە دەبیسترێت کە ١٠٨ پێ دوورە {نزیکەی ٣٣ مەتر}. **~گ.س.**

[218] **درود... مریەمی پیرۆز**: مەبەست لەوەیە کە بۆ تۆبە دەبێت چەند جارێک دروودی *فریشتەیی* دووبارە بکاتەوە کە دەڵێت: «درود لە مریەم، خودات لەگەڵدایە و لێوانلێویت لە بەخشین. تۆ لە ناو هەموو ژناندا پیرۆزترینیت، بەری پرزانگیشت، کە عیسایە، پیرۆزترینە. ئەی مریەمی پیرۆز، دایکی خودا، نزا بۆ ئێمەی تاوانبار بکە، ئێستا و لە ساتی مردنماندا. ئامین.» **~گ.س.**

دەقە لاتینییەکەی ئەم نزایە، کە بە *ئاڤێ ماریا* ناسراوە، گەلێک جار موزیکی بۆ دانراوە، بە نزیکی هەموو موزیکدانەرە مەزنەکان کردوویانە بە سروود، کە یەکێک لە هەرە بەناوبانگەکانیان فڕانز شووبێرت (١٧٩٧-١٨٢٨)ە. دەقە لاتینییەکەی نزاکە دەڵێت: «*ئاڤێ ماریا، گراتیا پلێنا. دۆمینوس تێکوم. بێنێدیکتا تو ئین مولیێریبوس، ئێت بێنێدیکتوس فروکتوس ڤێنتریس توی، یێسووس. سانکتا ماریا، ماتێر دێی. ئۆرا پرۆ نۆبیس پێککاتۆریبوس، نونک ئێت ئین ئۆرا مۆرتیس نۆسترایێ. ئامێن.*» «*Ave Maria, gratia plena, Dominus tecum. Benedicta tu in mulieribus, et benedictus fructus ventris tui, Iesus. Sancta Maria, Mater Dei, ora pro nobis peccatoribus, nunc et in hora mortis nostrae. Amen*». **~ن.م.**

[219] **چاولێکەریی... ڕزگارکردن**: **سوپای ڕزگارکردن**: بە ئینگلی *Salvation Army*، ڕێکخراوێکی پرۆتستانتی مەسیحییە، ساڵی ١٨٦٥ دامەزراوە، شێوەی پلەی ڕێکخراوەییەکانیان وەک هی سەربازییە. هەروەها لە ناو پرۆتستانتەکاندا لقێک هەیە کە پێی دەڵێن **ئینجیلی**، یان **ئینجیلیزم**: بە ئینگلی *Evangelicalism*، ئەم کۆمەڵەیە باوەڕیان وایە کە کرۆکی مزگێنی‌یەکان، واتە ئینجیلەکان، تەنها لە فێرکاریی ڕزگارکردن بە بەخشین پێکهاتووە، واتە تەنها باوەڕهێنان بە کەفارەتی مەسیح بە ڕزگاریت دەگەیەنێت. ئەوەی تر لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.**

یەکێک لە قۆناغەکانی ئینجیلیزمیی توندڕەوی سوپای ڕزگارکردن (کە ساڵی ١٨٦٥ دامەزرا) بەکارهێنانی ددانپێدانانی گشتی بوو. **~گ.س.**

سوپای ڕزگارکردن هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٨٦٥ کۆبوونەوەیان بۆ ددانپێدانانی گشتی ڕێکدەخست. **~س.ت.م.١**

[220] **سەرڕاست**: لە دەرکردەکانی پێشتردا بە «هەتەر» وەرمگێڕابوو بە واتای سوور لەسەر مەبەست. وشەی دەقە ماکەکە Squareheadedە، بە گوێرەی *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* واتە «کەسێکی سەرڕاست، کە تاوانکار نییە». جۆیس لە ئەڵقەی هەشتەمیشدا جارێکی تر وشەکەی بە کار هێناوەتەوە، ئەم جارە بۆ پەسنی ئارثەر گریفیث (بڕوانە ٨: ٢٨٢). **~ن.م.**

[221] **قەشەکەی فێرمانە... گەواهی دەدا**: ئەم ئاماژەیە و ئەم کەسێتییە نەزانراوە. **~گ.س.**

فێرمانە یەکێکە لە کاونتییەکانی ئایرلاند (بڕوانە ١: ١٤٥). **~ن.م.**

[222] **دکتۆرانی کڵێسا**: ناسناوێکی زۆر دەگمەنە کە بە شێوەیەکی فەرمی تەنها پاپا دەتوانێت بەو یەزدانناسانەی ببەخشێت کە فێرکارییەکانیان گەلێک مەزن بێت. لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆرێک لە سانت و یەزدانناسەکان بە شێوەیەکی نافەرمی ناویان بە «دکتۆر» هێنراوە؛ پاپا بۆنیفاچێی هەشتەم ساڵی ١٢٩٥ نەریتەکەی کرد بە فەرمی و ناوی سانت گرێگۆریی مەزن و ئامبرۆز و ئاوگوستین و جیرۆمی وەک «چوار دکتۆر»ەکەی سەرەتای کڵێسای مەسیحێتیی ناساند. **~گ.س.**

[223] **میکائیلی پیرۆز... گیانان**: بەشی دووەمی ئەو نزا نووسراوەیە کە دەبێت لە کۆتایی ماسدا بە زمانی خەڵکان بخوێنرێت (بڕوانە ٥: ٢١٣). **~گ.س.**

[224] **کاکی گوێهەڵخەری گیرفانبڕ**: لە زمانی بازاڕیدا کەسێکە کە خەریکی قسە و قسەڵۆکە، دەنگوباسی کۆن و بێتام باس دەکات، خەریکی گیرفانبڕینە. **~گ.س.**

[225] **ئەرکی ئیستەری خۆت بدە**: بلووم *ئابوونەی ئیستەر* Easter dues و *ئەرکی ئیستەر* Easter dutiesی لێ تێکدەچێت و تێکەڵاویان دەکات و لە بری یەک دەیانڵێت؛ *ئابوونەی ئیستەر*: پارەیەکە کە ئامادەبووانی کڵێسایەک لە کاتی ئیستەردا بە قەشەی کڵێساکەی دەدەن {بە نزیکی هاوشێوەی سەرفیترە، یان زەکات، یان چێشتی مجێورە کە دەدرێت بە فەقێ – بڕوانە ڕاڤەکەی گیفرد دوای ئەم ڕاڤەیە} *ئەرکی ئیستەر*: ئەو ئەرکە دینییانەیە (وەک ددانپێدانان و جێبەجێکردنی ماس) کە لە یەکشەممەی سپیی ئیستەردا پێویستە ئەنجام بدرێت. **~س.ت.م.١**
ئابوونەی ئیستەر تەنها پارە لە خۆ ناگرێت، بەڵکو باوەڕدار ملکەچە لە وەرزی ئیستەردا (واتە لە نێوان یەکەم ڕۆژی لێنت {کە ماوەی چل ڕۆژە و باوەڕداری مەسیحی بە ڕۆژوو دەبێت} واتە چل ڕۆژ، یان شەش یەکشەممە پێش ئیستەر – تا یەکشەممەی سیانینە، کە دەکاتە هەشت حەفتە دوای ئیستەر) ئامادەی سرووتی سوپاسگوزاری ببێت. لەبەر ئەوەی ئەوە بە تاوانێکی گەورە دادەنرێت کە ئەگەر باوەڕدار لە بارێکی پڕ لە سوپاسگوزاریدا نەبێت و ئامادەی سرووتی سوپاسگوزاری بێت، ئەمە ئاماژە بەوەش دەدات کە دەبێت باوەڕدار ددان بە تاوانەکانیشیدا بنێت. **~گ.س.**
[226] **دزەنیگای مانگ**: هاملێت بە سەهویری باوکی دەڵێت:

داخۆ ئەمە واتای چییە
کە تۆی لاشەیەکی مردوو، دیسان سەرتاپێ پۆڵاپۆش ئاوها
دزەنیگای مانگ بە سەر دەکەیتەوە،
شەو سامناک دەکەیت و ئێمەی گەمژەی سروشتیش
هێندە دەتۆقێنیت کە هەستەکانمان
بە هەندێک بیری دوور لە دەستهەڵاتی گیانمان بلەرزێن؟

(هاملێت ١: ٤، ٥١-٥٦ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}) **~گ.س.**
[227] **بۆ چرکەیەک بێ ڕوانین لە هیچ**: وشەیەک لەم ڕستە درێژەدا هەبوو کە لە چاپەکانی پێشوودا بە هەڵە وەرمگێڕابوو، لە چاپی پێشوودا بەم شێوەیە بوو: «بۆ چرکەیەک وەستا و *تاسە مەڕمەڕە ساردە ڕەشەکە ئەوی نەدی*»، ئێستا چاکم کردەوە. **~ن.م.**
[228] **تاسە مەڕمەڕە ساردە ڕەشەکە**: ئەو حەوزەیە کە لە داڵانی کڵێسادایە. بە گوێرەی نەریت، ئەوانەی دەچنە پەرستگاوە، لە کاتی چوونە ژوورەوە و دەرچوون لە کڵێسادا

پەنجەی یەکەم و دووەمی دەستی ڕاستیان دەخەنە ئاوی حەوزەکەوە و دەست دەدەن لە نێوچاوانیان، یان خۆیان دەخاچێنن. **~گ.س.**

[229] **عەرەبانەیەکی پرێسکۆتی خومچی**: ویلیەم تی سی پرێسکۆت، دەزگای خومکردن و پاککردنەوە و تەکاندنی کومبار بە ناونیشانی ٨ی شەقامی ئابەیی خواروو، چەند لقێکی لە ناو شاری دەبلن و دەوروبەریدا هەبوو. مۆلی لە ئەڵقەی هەژدەیەمدا بیر لەوە دەکاتەوە کە بلووم ڕیکلامێکی بە پرێسکۆت فرۆشتووە و لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا بڵاو کراوەتەوە و دەڵێت: «گرنگ. لە ڕێی شێوازی دژە-خۆڵە نوێکەمانەوە دەتوانین زۆر بە وریاییەوە پەردەی تەنک پاک بکەینەوە. ئەم سیستمە وا دەکات ماوەیەکی درێژتر لە شێوازە کۆنەکە پەردەکە پاک بێت. لە سێ ڕۆژدا ١ /- بۆ دوو سەری هاتووچۆی عەرەبانەی خومخانەی پرێسکۆت تەنها پارەی یەک سەر دەدرێت. **~گ.س.**

[230] **لای سوینی لە لینکن پلەیس**: ئێف دەبلیو سوینی، دەرمانخانە، بە ناونیشانی ١ی لینکن پلەیس، شەقامێکە لای خۆرئاواوە دەچێتە سەر کۆتایی باشووری وێستلاند ڕۆو (ئەو جێیەی ئێستا بلوومی لێیە). **~گ.س.**

[231] **شووشەی دەرمان**: شووشەی گەورەی هەڵواسین بوون لە دوکانی دەرمانسازەکاندا کە شلەی ڕەنگاوڕەنگیان تێ دەکرا بۆ دیکۆر (هەروەها بۆ ڕیکلامیش). **~گ.س.**

[232] **هامیڵتن لۆنگ**: هامیڵتن و لۆنگ و هاوبەشەکانیان، سنووردار، دەرمانگرەوە و بۆنگرەوە و دروستکەری ئاوی کانزایی، لە ناو دەبلن و دەوروبەریدا گەلێک دوکانیان هەبوو. ئەوەیان کە بلووم لە خەیاڵیدایە لە ١٠٧ی شەقامی گرافتنە، ڕێک بە بەری باخچەی سانت ستیفندا. **~گ.س.**

[233] **گۆڕستانی کڵێسای هیوگەنۆت**: بە ناونیشانی ١٠ی شەقامی مەریۆن ڕۆو، لە خۆرهەڵاتی باخچەی سانت ستیفن، بە نزیکەی نیو کیلۆمەتر لە باشووری ئەو جێیەی ئێستا بلوومی لێیە. لە سەدەی حەڤدەیەمدا لە دەبلن سێ کۆمەڵەی پەنابەرە پرۆتستانتە فەڕەنسییەکان گەشەیان سەند. گۆڕستانێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کرابوو، سەرەکییەکەیان ئەوەیانە کە بلووم دەیەوێت «ڕۆژێک» سەردانی بکات. **~گ.س.**

[234] **گەڕان... کیمیاگەرەکان**: «بەردی فەیلەسووفەکە» لە کیمیاگەریی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئامرازێکی سەیر و ڕازاوی بووە کە لە گەڕان و سۆراخی بێئەنجامدا بە دەست دەهات،

باوەڕ وا بوو کە ئەم بەردە کانزای بێبەها دەگۆڕێت بە زێڕ و زیو و دەبێت بە چارەکەری هەموو جیهان. **~گ.س.**

[235] **هەموو گۆزە... چ. سەوز**: بلووم تەماشای ڕەچەتەی سەر شووشەکانی دەرمانگەرەکە دەکات (گۆزەی مەڕمەڕی سپی کە وێنەی گوڵی شلێریان تێدایە، یان شووشە ڕازاوەکانی) و هەندێک لە کورتکراوەکان دەخوێنێتەوە بەو شێوەیەی بە ڕەچەتەکانەوە نووسراوە: ئێ. دڵ.: ئاوی دڵۆپێنراو؛ گ. تب.: گیای تەڕەبنە؛ چ. سەوز: چای سەوز. **~گ.س.**

**تەڕەبنە:** بە ئینگلی *daphne* یان *Laurel*، درەختێکی بچووکی هەمیشەسەوزە، گەڵاکانی سەوزی تێرن و زۆر جار بۆ ڕازاندنەوەی گوڵبەند بە کار دەهێنرێت. گەڵاکەی دەخرێتە چێشتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ گۆشتی مریشک و پەلەوەرەکاندا، گوایە بۆی سارد لادەبات. زۆر جار لە بازاڕەکاندا بە ناوە عەرەبییەکەی پێی دەڵێن: «گەڵای غار». ئەم گەڵایە لە ئوستوورەی گریکیی دێریندا پێیان وتووە: *دافنێ*، یان کە کراوە بە کوردی بووە بە *دەفنە*، بە ناوی خواژنێکەوە کە هەمان ناوی هەبووە. ناوی *تەڕەبنە*م لە *فەرهەنگی ڕوەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[236] **دکتۆر زرم**: بە واتایەکی تر: هێزی سارێژکەری پیاکێشانێکی بەهێز و توند و چاک. **~گ.س.**

[237] **بە هەتوان... لە شلەی تردا**: واتە دەرمانەکە بە تۆز بێت یان لە ناو ئاوێتەی تردا بێت و لەگەڵ هەنگوین یان مرەبا، یان خۆشاودا تێکەڵ کرابێت. **~گ.س.**

**هەتوان:** مەڵحەمیشی پێ دەڵێن. **~ن.م.**

[238] **بۆیەی... سوور دەکات**: **بۆیەی گوڵەبەڕۆژە:** بە ئینگلی *litmus*، تۆزێکە کە دەشێت بتوێتەوە، لە جۆرە قەوزەیەک دەردەهێنرێت. لە ناو ترشدا ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێت و لە کاتی ئاسایی و لە ناو تفتدا ڕەنگی شین هەڵدەگەڕێت. وەک دیاریکەری ترشی و تفتی بە کار دەهێنرێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی کیمیای شیکاریی* مامۆستا جەمال عەبدولەوە هێناوە. **~ن.م.**

ترش وا دەکات بۆیەی گوڵەبەڕۆژە {یان کاغەزی گوڵەبەڕۆژە} سوور ببێت، تفت وا دەکات شین ببێت، کلۆرۆفۆرم ڕەنگی بۆیەکە ناگۆڕێت، چونکە هیچی تێکەڵ نییە و ناچالاکە. **~گ.س.**

[239] **لۆدانەم**: بە ئینگلی *laudanum*، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە: «لۆدانەم: بۆیەی تلیاک». لە *فەرهەنگی کۆلینز*ەوە: «لۆدانەم جۆرە دەرمانێک بوو کە تریاکی تێدا بوو، لە کۆندا وەک ئازارشکێن بە کار هێنراوە». **~ن.م.**

لە کۆندا زۆر ئاوێتە هەبوون کە پێکهێنەرە سەرەکییەکەیان تریاک بووە؛ ئێستانان تەنها گیراوەی کحولیی تریاک پێی دەوترێت لۆدانەم. **~گ.س.**

[240] **ئەویناو**: بە ئینگلی *philtre*، خواردنەوەیەکی ئەفسانەییە، گوایە حەزی ئەوین و خۆشەویستیت تێدا دەوروژێنێت. **~ن.م.**

[241] **شرووبی... بەڵغەم دەگرێت**: **پاریگۆریک**: بە ئینگلی *Paregoric*، شرووبێک بووە، بە گوێرەی *فەرهەنگی ئاوێتە کیمیاییەکانی گودمان و گیڵمان* ٤٪ی گیراوەی تریاک بووە، کە لە ناو ترشی بەنزۆنی و کافوور و ڕۆنی ڕازیانەدا گیراوەتەوە و زیاتر بۆ منداڵ بە کار هاتووە. لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*دا نووسراوە: «پاریگۆریک: بۆیەی ئاوێتەی ئەفیوون». لە دەقە ماکەکەی جۆیسدا بە *پاراگۆریک Paragoric* نووسراوە، کە ئەگەری زۆرە هەڵەی چاپ بێت. **~ن.م.**

پاریگۆریک کەمێک تریاکی تێدا بوو، بۆیە دەکرێت پێی بوترێت: «شرووبی خەشخاش». ئەگەرچی لەو سەردەمەدا تریاک لە شرووبی کۆکەدا زۆر بە کار دەهات، بەڵام پاریگۆریک وەک شرووبێکی تایبەت بە سکچوون بە کار دەهات، چونکە نەخۆشەکەی تووشی قەبزی دەکرد. بلووم بە نادڵنیایی پێی وایە کە پاریگۆریک پەردەی چڵمیی قەبز دەکات لە بری ئەوەی بەنجی بکات وەک چۆن تریاک وا دەکات، پێوابوونە نادڵنیاکەشی ڕاستە. **~گ.س.**

[242] **لفکەشامی**: ناوکی لفکەشامی وەک لفکەی خۆشۆردن بە کار هاتووە. **~گ.س.**

[243] **تەنتوور**: بە ئینگلی *tincture*، دەرمانێکە، لە کحول و ڕێژەیەکی کەمی دەرمانێکی تر پێکدێت. **~ن.م.**

[244] **شلیک بۆ ددان... خوسێنرابێت**: **گەزگەزک**: بە ئینگلی *nettle*، دەوەن و گیایەکی کێوییە، گەڵاکانی تووکی دڕکاویی بچووکیان پێوەیە کە ئەگەر دەستیان بۆ ببەیت پێتەوە دەدەن. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان* و *هەنبانەبۆرینە*ی مامۆستا هەژارەوە هێناوە. **~ن.م.**

زۆر جۆری ئەم «ڕەچەتانە» لە *بەشی پزیشکی*ی پەڕتووکی *ڕەچەتەکانی دکتۆر چەیس؛ یان زانیاری بۆ هەمووان*دا هەیە (چاپی بیستەم، ئان ئاربەر، میشیگن، ١٨٦٤). **~گ.س.**

[245] **یەکێک لە کوڕەکانی... بەڵێ**: کوڕە هەرە منداڵەکەی شا ڤیکتۆریا، شازادە لیۆپۆڵد (١٨٥٣-١٨٨٤) دوکی ئالبەنی بوو. هاوسەردەمەکانی خۆی بە «کەسێکی زۆر ناسک» ناویان نابوو. لە ڕاستیدا شازادە لیۆپۆڵد نەخۆشیی خوێنەچۆڕێی هەبوو؛ نەخۆشییەکە ئەوەندە ڕازاوی بوو کە ژنان لە خۆیانەوە قسەلۆکی ئەوەیان بۆ هەڵبەستبوو کە گوایە «تەنها یەک پێستی هەیە». **~گ.س.**

**خوێنەچۆڕێ**: بە ئینگلی *hemophilia*، ئەنگاوتەیەکی پزیشکییە کە نەخۆشەکە لە کاتی برینداربووندا بە باشی خوێنی نامەیێت و ئەمەش وا دەکات خوێنی نەوەستێتەوە. پێناسەکە هی *فەرهەنگی کۆلینزە* و ناوەکەم لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە هێناوە. **~ن.م.**

[246] **بونیۆن**: بە ئینگلی *bunion*، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە: «کیسەیەکی ئاوساوە لە بنی پەنجەگەورەی پێ {دێت}». **~ن.م.**

[247] **پۆ دێسپانییە**: بە فەرەنسی *Peau d'Espane* واتە پێستی ئیسپانی. **~گ.س.**

[248] **حەمام. مەساج. تورکی**: میوانخانەی کۆمەڵەی حەمام و گەرماوە تورکییەکان، بە ناونیشانی ١١-١٢ی شەقامی ساکڤیلی سەروو (ئۆکانەڵی ئێستا). **~گ.س.**

[249] **مۆمی شیرینی لیمۆیی**: «لیمۆ هێمای وەفاداریی ئەوینە» (*هێما و دروشمی هونەری مەسیحی*، نووسینی جۆرج فێرگوسن، نیو یۆرک، ١٩٥٤، لا. ٣٣؛ جوان کینەن ئاماژەی بەمە داوە). بۆنی جەژنی کەپرەشینەش هەر بۆنێکی لیمۆییە (بڕوانە ٤: ٨٧). **~گ.س.**

[250] **بەیانی... بە کار هێناوە**: دروشمێکی ڕیکلامی سابوونێکی بەناوبانگی ئینگلی بوو. **~گ.س.**

[251] **یەخەی توند قژی دەڕووتێنێتەوە**: ئەمەش گەندەباوەڕێکی پزیشکیی ناڕاستی ناو خەڵکان بوو. **~گ.س.**

[252] **ئاسکۆت... ماکسیمەمی دووەم**: جامی زێڕین، یەکێک بوو لە دوو بۆنەی پێشبڕکێی ساڵانەی ئینگلی، دەبوو ئەو ڕۆژە کاتژمێر ٣ی ئێوارە لە ئاسکۆت هیث دەستی پێ بکردایە، ئاسکۆت هیث بیست و شەش میل لە لەندەنەوە دوورە. «بەهای جامە زێڕینەکە ١٠٠٠ هەزار سۆڤەرینە، لەگەڵ ٣٠٠٠ سێ هەزار سۆڤەرین بە پارەی کانزا، کە دووەمی پێشبڕکێکە لەو پارەیە ٧٠٠ حەوت سەد سۆڤەرینی بەردەکەوێت و سێیەم ٣٠٠ سێ سەد سۆڤەرینی بەردەکەوێت، هەروەها چەند هایبەختێکیش دەردەچێت کە هەر یەکەیان بیست سۆڤەرینن... بۆ هەر هەموو جوانووێکی نێر و مێ. دوو میل و نیوە. ئەسپەکانی

مەیدان ئەمانەن: *ماکسیمەمی دووەم*، خاوەنی: ئێم جەی بریموند، تەمەن: ٥ ساڵ. *سێپتەر*، خاوەنی: دەبلیو باس، تەمەن: ٥ ساڵ؛ ئەی تەیلەر. *کرۆنستاد*، خاوەنی: لۆرد ئێلێسمیر، تەمەن: ٤ ساڵ؛ جەی داوسن. *زینفاندێل*، خاوەنی: لۆرد هاوارد دی والدن، تەمەن: ٥ ساڵ؛ بیتی. *ڕۆک ساند*، خاوەنی: سێر جەی میلەر، تەمەن: ٤ ساڵ؛ بلاکوێل. *جانس فۆلی*، خاوەنی: میستەر دەبلیو هۆڵ واکەر، تەمەن: ٤ ساڵ؛ ڕۆبنسن. *ثرۆئەوەی*، خاوەنی: ئێف ئەلێکساندەر، تەمەن: ٥ ساڵ؛ برەیم. *بێرێگڤۆڵگی*، خاوەنی: ئێم ئی دی بلاشۆڤیتس، تەمەن: ٤ ساڵ. *ئێکس ڤۆتۆ*، خاوەنی: کاونت ئێچ دی پورتەیڵ، تەمەن: ٤ ساڵ. *هیبرۆنی دووەم*، خاوەنی: کاونت ئێچ دی پورتەیڵ، تەمەن: ٤ ساڵ. *تۆرکواتۆ تاسۆ*، خاوەنی: ئێم جەی دی سوکۆزانۆت، تەمەن: ٤ ساڵ. *کلۆنمێل*، خاوەنی: میستەر ڕیچارد کرۆکەر، تەمەن: ٣ ساڵ». ئەمە بەو شێوەیە بوو کە لە لاپەڕە ٧ی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا بڵاو کراوەتەوە. *ثرۆئەوەی* پێشبڕکێکەی بردەوە. **~گ.س.**

لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت «Half a mo. Maximum the second» ئەوەی یەکەم دەربڕینێکی تەواوکراو نییە، وتەیەکی لایەنسە کە دەیەوێت بڵێت «نیو چرکە» بەڵام هەمووی ناڵێت. ئەوەی دووەم دەکرێت بە واتای «ئەوپەڕی چرکە» بێت، بەڵام وەک لە ڕاڤەکەی گیفردەوە دەردەکەوێت کە *ماکسیمەمی دووەم* ناوی ئەسپەکەیە و لایەنس دەیخوێنێتەوە، نەک بە واتای چرکە بێت. لە سەرەتای وەرگێڕانەکەمدا خۆیشم هەر وا لێی تێگەیشتبووم، تا ناوی هەموو ئەسپەکانی ڕاڤەکەی گیفردم وەرگێڕا. لە وەرگێڕانەکەی دکتۆر تەهاشدا هەر بە هەڵە بە **نیو خولەک زیاتر لە چرکەیەک** وەریگێڕاوە. فارسییەکە، ئەگەرچی ڕاڤەیشی لەسەر داوە، کەچی هەر ئەوەی دکتۆر تەهای هەڵبژاردووە. **~ن.م.**

[253] **خۆم خەریک بوو فڕێی بدەم**: بڕوانە ڕاڤەی پێشوو. مەبەستەکە ئەوەیە کە بلووم بێئاگایانە زانیارییەکی نهێنیی لەسەر جامە زێڕینەکە بەخشی. **~گ.س.**

*ثرۆئەوەی*، ناوی ئەو ئەسپەیە کە جامەکەی بردەوە، بە زمانی ئینگلی واتە: *فڕێ بدە* یان *فڕێدەر*، بلووم کە دەڵێت: «خۆم خەریک بوو فڕێی بدەم»، لای بانتەم لایەنس وایە کە وا دیارە بلووم پێی دەڵێت کە گرەو لەسەر ثرۆئەوەی بکات. ئەم تێنەگەیشتنە لە ئەڵقەی دوازدەی ڕۆمانەکەدا خراپ بەسەر بلوومدا دەشکێتەوە و تووشی شەڕێکی دەکات. **~ن.م.**

[254] **لاتیر**: بە ئینگلی *leer*، تەماشاکردن بە تیلەی چاو؛ لێرەدا بە واتای تەماشایەکی واتاداری تیلەی چاو دێت، وشە ئینگلییەکە بە واتای بزەیەکی واتاداریش دێت. **~ن.م.**

[255] **لای کانوەی**: مەیخانەیەکە (بڕوانە ٥: ٦٢). **~گ.س.**

[256] **دە بڕۆ چرووک**: دەقە ماکەکە لێرەدا تەنها دەڵێت: «God speed scut»، بە گوێرەی چاپە شیکارییەکەی گابلەر بێت، جۆیس لە پێداچوونەوەی چوارەمدا ئەم سێ وشەیەی داناوە و پێشتر نەینووسیوە. لە چاپەکانی پێشوودا ئێرەم بەم شێوەیە وەرگێڕابوو: «وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو»، بەڵام لەم پێداچوونەوەیەدا وەک ئەمەی ئێستام لێی کرد، ئەگەرچی هێشتا ئەوەی پێشووش هەر دەکرێت پاساوی ڕەوای هەبێت، چونکە سێ وشەکە زۆر ڕوون نین، لە لایەک لەبەر ئەوەی دەکرێت هەم قسەی گێڕەرەوە بێت، هەم شەپۆلی هۆشی بلوومیش بێت، ئەگەر شەپۆلی هۆشی بلووم بێت، کە پێم وایە زیاتر دەشێت شەپۆلی هۆش بێت، ئەوا وەرگێڕانە ڕاستەکە ئەمەی ئێستایە کە لەم پێداچوونەوەیەدا کردوومە بە «دە بڕۆ چرووک» یان جنێوێکی تری هاوشێوەیە، چونکە گۆد سپید *God speed* دەستەواژەیەکە بە واتای *خودات لەگەڵ*، یان واتایەکی هاوشێوە، وشەی *سکەت scut* بە گوێرەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بێت بە واتای *کەسێکی بێزراو* دێت. دکتۆر هەنت وەها لەسەری دەدوێت:

> *سکەت scut* وشەیەکی تری ئینگلییە کە بووەتە بەشێکی گرنگی قسەی ئایری-ئینگلی. لە بنەچەدا بە واتای کلکی کورتی کەروێشک و کەروێشکەکێوی دێت، یان بە واتای خودی کەروێشک و کەروێشکەکێوی دێت، بەڵام دواتر واتای *کەسێکی بێبەهای* هەڵگرتووە. *فەرهەنگی دۆلان* وشەکە بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «کەسێکی بێزراو، کەسێک کە کەسێتییەکی خراپی هەیە. هەندێک جار تەنانەت دەکرێتە ناسناویش، وەک *پادیە سکەت Paddy the Scut*» کەواتە ئەم ڕستەیەی بلووم لێرەدا واتە: «دە بڕۆ دەی، هەی سەلکەگوو».

وەک دەبینرێت، دکتۆر هەنت پێی وایە کە ئەمە شەپۆلێکی هۆشی بلوومە، نەک قسەی گێڕەرەوە، وەک چۆن لە وەرگێڕانی پێشوودا وا دامنابوو. وەرگێڕی زمانەکانی تریش شتی جیاوازیان نووسیوە. ئەو سێ وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا هاتووە بەم شێوەیەیە:گۆد *God* بە واتای *خودا* دێت، *سپید speed* بە واتای *خێرا* دێت، *سکەت scut* بەو واتایانە دێت کە دکتۆر هەنت ئاماژەی پێیان دا. بەڵام من *کەروێشکەنێرە*کەم گۆڕیبوو بە *بەرزەکی بانان*، کە گوایە ناوی ئاژەڵێکە بە ئینگلی پێی دەڵێن *لینکس lynx*، ئاژەڵێکی کێوییە و لە پشیلە و پڵنگ دەچێت. لێرەوە وەرگێڕانەکەم ئاراستەی «وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو» ڕۆیشت. بەڵام ئێستا پێم وایە ئەمەیان هەڵبژاردەیەکی لاوازترە و کەمتر ڕێی تێ دەچێت، شەپۆلی هۆشی بلووم زیاتر ڕێتێچووە، جگە لە پاساوی واتایی، لە هەمان کاتیشدا لە دەقە

ماکەکەدا ئەم ڕستەیە لە ڕستەی پێش خۆی، کە ئەویان قسەی گێڕەرەوەکەیە، بە خاڵ جیا کراوەتەوە، کە لەگەڵ شێوازی جۆیسدا بۆ دانانی سنووری شەپۆلی هۆش زیاتر یەک دەگرێتەوە. هەرچۆنێک بێت، من ئەوەندەی لێ دەزانم و لە کەمتەرخەمیم ببوورن. **~ن.م.**

[257] **جاک فلێمینگ... ئەمەریکا**: چیرۆکێکی بۆنەییە، بلووم بە بۆنەی پەتای قومارچێتیی بانتەم لایەنسەوە بیری لێ دەکاتەوە. چیرۆکەکە لە ڕۆمانەکەدا پەرتپەرت کراوە و پەرەی پێ نەدراوە و تەواو نەکراوە. **~گ.س.**

[258] **مەنجەڵە گۆشتەکانی میسر**: (بڕوانە ٣: ١٤١). **~گ.س.**

[259] **مزگەوتی گەرماوەکان**: بلووم بەسەر سووچەکەی لینکن پلەیس و شەقامی لەینستەردا دەڕوات و دەچێتە شەقامی لەینستەرەوە کە لەوێ گەرماوی گەرمی تورکی هەیە بە ناونیشانی ١١. **~گ.س.**

[260] **وەرزشی کۆلێج ئەمڕۆ دەبینم**: {ئەمە شەپۆلی هۆشی بلوومە، بۆیە وەها ڕستەسازییەکەی شکاوە، واتە *دەبینم ئەمڕۆ لە کۆلێج بۆنەی وەرزشی هەیە*} پۆستەرەکە ڕیکلام بۆ «کۆبوونەوەی بە کۆمەڵی دووچەرخەسوارانی زانکۆی دەبلن و یانەی هاریەر» دەکات کە ئەو دوانیوەڕۆیە ئەنجام دەدرێت. **~گ.س.**

[261] **دووچەرخەسوارێک... قەد بووە**: بۆ *گادۆس* (بڕوانە ٤: ٦). **~ن.م.**

لە گۆرانیی *جۆنی، بە ئەستەم تۆم دەناسی* *Johnny, I hardly knew ye*وە هێنراوە، کە جۆنی بە کەفتەکاری لە جەنگەوە دەگەڕێتەوە، خزمەتکارەکەی ئەو گۆرانییەی بەسەردا دەڵێت، کۆرسی گۆرانییەکە دەڵێت:

تەپڵی زۆر و چەک و چەک و تەپڵ،
دوژمن چاک پەلپەلیان کردووی؛
بەوەجەکەم، زۆر سەیر دیاری؛
ئاخ! جۆنی، بە ئەستەم تۆم دەناسی.

کۆپلەکان بێکۆتایی درێژ دەبنەوە و باس لە «سەیر»ێتیی دیمەنی جۆنی دەکەن کە: «بێچاو، بێلووت، بوویت بە هێلکەی بێ مریشک، وەک ماسیی گادۆس سەر و کلکت قەد بوون». **~گ.س.**

[262] **کەڕەناژەن**: دەرگاوانی دەرگای باشووری کۆلێجی ترینیتییە (لەسەر شەقامی لینکن پلەیس). **~گ.س.**

دەرگاوانەکە خۆی ناوی *کەرِەناژەن* نییە، بەڵکو زیاتر لەبەر شێوەی شەبقە و هاوپۆشەکەیەتی کە پێی دەڵێن: «کەرِەناژەن». **~س.ت.م.١**

[263] **بە دەستبەهەڵبرِینێک... بهێڵەوە**: واتە بە سڵاوکردنێک، دەستهەڵبرِینێک یان سەرلەقاندنێک دۆستایەتییەکەت {لەگەڵ کەرِەناژەندا} بهێڵەوە. **~گ.س.**

[264] **رِەنگە هەر لەوێوە... پێ بدات**: مەبەست لەوەیە لەوانەیە کەرِەناژەن لەودیو دەرگای زانکۆکەوە سەرێک بۆ بلووم بلەقێنێت و بهێڵێت پیاسەیەک بە ناو زانکۆکەدا بکات، وەک لە پێشتردا کردوویەتی. **~گ.س.**

[265] **کەشوهەوای کریکێتە**: **کریکێت**: بە ئینگلی *Cricket*، یارییەکە لە گۆرِەپانی کراوەدا لە نێوان دوو تیمدا دەکرێت، هەر تیمێک هەوڵ دەدات خاڵی زیاتر لە تیمەکەی تر تۆمار بکات. لە یاریی کریکێتدا بە خاڵ دەوترێت *رِەن*. بە شێوەیەکی یاسایی، هەر تیپێک شەش جاری یاسایی تۆپ دەگرێتە تیپەکەی تر، لانیکەم دوو یاریکەر بە نۆرە تۆپەکە دەهاوێژن، کە پێیان دەوترێت *تۆپهاوێژ* (بۆوڵەر)؛ لە تیمی بەرانبەریشدا یاریکەرێک بە دارێک تۆپەکە دەگەرِێنێتەوە و بەرگری دەکات، کە پێی دەڵێن *داربەدەست* (باتەر/باتسمان) چۆنێتیی گەرِانەوەی ئەم تۆپەیە کە وا دەکات تیپەکە خاڵ (یان رِەن)ی زیاتر بە دەست بهێنن. کە تیپێک شەش جاری یاسایی خۆی تۆپەکەی هاویشت، ئەوا بە هەموو ئەو شەش جارە دەوترێت *ئۆڤەر*، ئینجا رِۆڵەکان ئاڵوگۆرِ دەبن و تیپەکەی پێشتر تۆپی هاویشتووە، ئێستا بەرگری دەکات و تیپەکەی کە بەرگری کردووە ئێستا تۆپ دەهاوێت. لە پشت هەردوو یاریکەرەکانەوە سێ داری رِاوەستاو هەیە، پێیان دەڵێن: *ویکێت*، کە دەبێت بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لە رِاوەستاوییەکەی بکرێت و ئەگەر رِاوەستاوییەکەی کەوت، ئەوا ئەو تیمە شەش جارەکە تەواو ناکات و ئەمەش وا دەکات خاڵی کەمتر بگرن، یان بدۆرِێن. ئەگەر تۆپهاوێژ لە هاویشتنی یەکەم جاریدا ویکێتەکانی پشت داربەدەست بخات، ئەوا پێی دەڵێن: *دەک*، لەم کاتەدا تیمی بەرانبەر بێبەری دەبێت لە گرتنی رِەن (خاڵ) و ئەگەر هێشتا تیمی تۆپهاوێژەکە بەرگریی نەکردبێت، ئەوا ئەوان هەر رِەنێک بە دەست بهێنن بردوویانەتەوە. ئەگەر لە جاری دووەم و سێیەم و تا پێنجەم هاویشتندا ویکێتەکان بخات، ئەوا تەنها پێی دەڵێن: «بۆوڵی کرد» و لە دوای ئەوەوە تیمی بەرانبەر بێبەری دەکات لەوەی رِەنی زیاتر بگرن. **~ن.م.**

فرِانک بەدجن لە پەرِتووکی *جەیمز جۆیس و نووسینی ئولیس*دا دەڵێت کە: «ساڵی ١٩٠٤ کریکێت هێشتا بۆنی خۆشی لۆتۆسی خۆی مابوو». **~گ.س.**

گۆڕەپانی کریکێتەکەی کۆلێجی ترینیتیی دەبلن نزیک دەرگاکەی باشووریەتی. **~س.ت.م.١**

بڕوانە یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیە، کریکێت بە لۆتۆس دانراوە و تەماشاکەرانی یاریی کریکێت هاوتەریبی لۆتۆسخۆرانن. بۆیە فڕانک بەدجن وەها دەڵێت. **~ن.م.**

[266] **ئۆڤەر دوای ئۆڤەر**: بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کریکێت بڕوانە ڕاڤەی پێشوو. کاتێک تۆپهاوێژی دەستپێکەر شەش جاری یاسایی و بێ هەڵە تۆپەکانی خۆی هاویشت، ئەو کات دادوەری یارییەکە دەڵێت: «ئۆڤەر» و نۆرەی تیپەکەی تر دێت کە تۆپهاوێژەکانیان دێن و تۆپ دەگرنە داربەدەستی تیمەکەی تر. هەروەها کاتێک تۆپهاوێژەکان دەست دەگۆڕن، ئەوا پێی دەوترێت: *ئاوت* واتە تۆپهاوێژێک دەڕوات و تۆپهاوێژێکی تر دێت. **~گ.س.**

[267] **لێرە ناتوانن یاری بکەن**: قسەیەکی باوە لەسەر ئایرەکان کە گوایە نە حەزیان لە کریکێتە و نە باش لێی دەزانن. **~گ.س.**

دوور لە ڕاڤەکەی گیفرد و سایدمان، دەشێت بەو واتایەش بێت کە لەبەر تەسکیی شوێنەکە و یاریگاکەیە کە ناتوانن لەوێ یاری بکەن، ئەو کات باسەکەی کاپتن کیولەریش زیاتر شوێنی خۆی دەگرێت کە لەبەر تەسکیی شوێنەکە بووە کە تۆپەکە دەرچووە و پەنجەرەی یانەکەی شکاندووە. دکتۆر تەها لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا وەها وەریگێڕاوە. **~ن.م.**

[268] **دەکی شەش لێدان**: بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کریکێت (بڕوانە ٥: ٢٦٥). *دەک* بەدەستهێنانێکی گەلێک گەورەیە بۆ تۆپهاوێژ کە تیمی بەرانبەر لە شەش لێدانەکە بێبەری بکات. **~گ.س.**

[269] **کاپتن کیولەر**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژەی کەسێتییەکە و گرنگییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

[270] **بە لێدانێکی... سکوێر لێگ**: لێدانە توندەکە لە زاراوەکانی کریکێتدا پێی دەڵێن: *سلۆگ* *slog* کە لێدانێکی زۆر بەهێزە، بەڵام زۆر باش ئاراستە ناکرێت. *سکوێر لێگ* ناوچەیەکی یاریگای کریکێتە، دەکەوێتە تەنیشتی دەستی چەپی یاریزانی داربەدەستەوە، مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە وا دیارە کاپتن کیولەر یاریکەری داربەدەست بووە و لە گەڕانەوەی تۆپەکەدا بە دارەکەی، وەها تۆپەکەی بە دارەکەی دەستی بەرەو ناوچەی لای چەپی خۆی هەڵداوە کە زۆر زیاتر ڕۆیشتووە و پەنجەرەیەکی یانەکەی ئەوبەر شەقامەکەی شکاندووە. **~ن.م./گ.س.**

[271] **یانەکەی شەقامی کیلدێر:** لەبەردەم شەقامی کیلدێردایە لەوبەر پارکی کۆلێجی ترینیتییەوە. یانەکە گران و لەسەر مۆدە بوو، خاوەنزەوییە دەوڵەمەندەکانی ئایرلاند ئەندامێتییەکەیان قۆرخ کردبوو، کە بەوە ناسرابوون کە هاوسۆزی ئینگلەکانن. تاکە شوێن بوو لە دەبلندا کە دەتتوانی کاڤیاری باشی لێ بخۆیت. **~گ.س.**

[272] **بازاڕی دانیبرووک بۆیان شیاوترە:** کاتی خۆی دانیبرووک دێیەک بوو، بەڵام ئێستا ناوچەیەکی باشووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلنە. بازاڕ و پیشانگای دانیبرووک لە سەردەمی حوکمی پاشا جۆن (١١٦٧-١٢١٦)دا دامەزرا، ساڵی ١٨٥٥ لە ناو برا، بازاڕ و پیشانگایەک بوو بە بێناموسی و شەڕوهوریا ناسرابوو کە ناوی *دانیبرووک* بوو بە هاوناوی هەر دیمەنێکی پڕ فەرتەنە و هەراوهوریا. **~گ.س.**

[273] **جا کەللەکان... هاتە مەیدان:** لە گۆرانیی *ئێنیسکۆرثی*یەوە هێنراوە لە دانانی رۆبێرت مارتن کە بەسەر لێهاتوویی و شارەزایی «دیمیتریوس ئۆفلانیگن مەککارثی... پاڵەوانی هۆڵی سەما و ئاهەنگەکان و شکۆی بۆنەکان»دا هەڵدەدات. سێیەم کۆپلەی گۆرانییەکە، کە خۆی چوار کۆپلەیە، دەڵێت:

کە هەموو ویسکییەکەیان هەڵقوراند، باوەڕ بکە، ڕیزێکی مەترسیدار هەڵستان.
بێگومان مەکارثی بۆڕی پێ دان، هەموویانی بەزاند.

بەڵام بەختی مەکارثی هەر وا نامێنێتەوە و لە کۆتایی گۆرانییەکەدا دەڵێت: «چاو و گوێ و لووت وەک هەڵمات لەسەر زەوییەکە، لەگەڵ پارچەکانی ئەو پیاوەی پێیان دەوت مەکارثی». کۆرسەکە دەڵێن:

خاتوو دیون وتی کە دواتر گەلەکۆمەکێیان لێی کرد،
ئینجا خاتوو مۆرفی ڕایکرد،
لە ترسی ئەوەی نەکا کوڕان بڵێن گەمڕەنگە؛
ئینجا گۆچانەکان کە پیایاندا ماڵییان
جا کەللەکان، باوەڕ بکە، دەیانشکاندن
کاتێ مەکارثی لە ئێنیسکۆرثی هاتە مەیدان

ئێنیسکۆرثی بازاڕێکە لە کاونتیی وێکسفرد لە باشووری ئایرلاند. **~گ.س.**

[274] **ئەوەی لە کانیی... بەوەجترەوە:** لە ئۆپێرای *ماریتانا*وە هێنراوە (١٨٤٥) کە ئێدوارد فیتزبۆڵ (١٧٩٢-١٨٧٣) ئۆپێرانامەکەی نووسیوە و ویلیەم ڤینسنت واڵاس (١٨١٣-١٨٦٥)، کە موزیکدانەرێکی ئایرە، موزیکەکەی داناوە. «خرۆشێنەر» و «هەستبزوێن»ە و هەموو

شەقڵێکی ئازایەتیی باوی شانۆییانەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی تێدایە کە لە نەریتی ئۆپێراتادا هەبوو. پوختەی گرێچنەکەی بەم شێوەیەیە: لە پەردەی یەکەمدا پاڵەوانە خانەدانەکە، کە ناوی *دۆن سیزەرە*، بێئەندازە دڵخۆشە، ئەگەرچی بەختی ڕوو لە هەڵدێرە و بەردەوام خاوەنقەرز دێنە سەری، کوڕێکی منداڵکاری شاگرد ڕزگار دەکات کە ناوی *لازاریلۆ*یە و دادگایی کراوە و سزای بەسەردا سەپێنراوە، دۆن سیزەر سەرتیپی یاساوڵەکان تووڕە دەکات و داوای دیوڵی لێ دەکات {**دیوڵ**: بە ئینگلی ***duel***، شەڕێکی فەرمییە لە نێوان دوو کەسدا کە چەک، یان شمشێر لە دژی یەک بە کار دەهێنن، بە ئامانجی چارەکردنی گرژی و ناکۆکییەک} لە دیوڵەکەدا سەرتیپەکە دەکوژێت و دۆن سیزەر سزای کوشتن بە هەڵواسینی بەسەردا دەدرێت. لە پەردەی دووەمدا گرێچنەیەکی تر هەیە، پاشای وڵات، ئەگەرچی خۆی ژنی هەیە، بەڵام شێت و شەیدای جوانیی جادوویی ژنێکی قەرەج بووە کە ناوی *ماریتانا*یە، وەزیرەکەی ناوی *دۆن خۆسێ*یە، هانی دەدات بە دوای ئەم ژنە قەرەجەدا بچێت، تا خۆیشی لە لاوە داو بۆ شاژن بنێتەوە و پاشا لە خشتە ببات. دۆن خۆسێ هەلی مردنێکی «ئابروومەدانە» بە دۆن سیزەر دەدات، ئەو مردنە ئابروومەندانەیەش کوشتنە بە تیربارانکردن {واتە ئەوەی کە کۆمەڵە سەربازێک بە تفەنگ دادگاکراوەکە ڕەمی دەکەن و بە مردنێکی ئابروومەندانەتر دانراوە وەک لە هەڵواسین}، لە بەرانبەر ئەم مردنە «ئابروومەندانە»یەشدا داوا لە دۆن سیزەر دەکات کە خانمێک بە نهێنی بخوازێت (کە ئەویش ماریتانایە بە شاراوەیی)، ئاوهاش ئەگەر سیزەر ماریتانا بخوازێت، ئەوا وا دەکات ماریتانا ببێت بە بێوەژنی پیاوێکی خانەدان. دۆن سیزەر ئەمە پەسەند دەکات و دەڵێت: «باشە، با وەک سەربازێک بمرم» بەڵام لە لاوە لازاریلۆ باروووت لە فیشەکی چەکی سەربازەکاندا دەردەهێنێت و ژیانی دۆن سیزەر ڕزگار دەکات. دۆن سیزەر دەبێت لەبەر ئابرووی خۆی بە دوای ژنەکەیدا بگەڕێت - بەڵام نازانێت کە ماریتانایە، کە لە ڕاستیدا گەلێک خۆشی دەوێت. لە پەردەی سێیەمدا دۆن خۆسێ ژوانێک بۆ پاشا و ماریتانا ڕێکدەخات، بەڵام ماریتانا لە بەرانبەر دەستپێشخەرییەکانی پاشادا خۆی دەگرێت. دۆن سیزەر دیسان لە پیلانێکی تری کوشتن ڕزگاری دەبێت و لە کۆتاییدا دۆن خۆسێ دەکوژرێت، پاشا تووشی شەرمەزاری نابێت و ماریتانا و پاڵەوانەکەش بە یەک دەگەنەوە. لە ناوەڕاستی دیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمدا، کە خەریکە پیلانەکەی دۆن خۆسێ سەردەگرێت، گۆرانی بەسەر یەکەم نیگای پڕ لە ئەوینی خۆی و شاژندا دەڵێت، لە کۆپلەی دووەمی گۆرانییەکەیدا کە ناوی *لە ساتی خۆشیدا ڕۆژ بە ڕۆژە*، دەڵێت:

گەرچی چاوان نیگای پەرۆشمان تێ دەگرن،
دڵ هۆگرانە لێدەدا،
بزەکەی ئەو ڕاستگۆیانە
سەرتاپای لەشم دەژەنێ؛
هەندێ بیر هەن لە بیر ناچن،
یادگەمان بیری دەمێنێ
ئەوەی لە کاتی تێپەڕیودا بۆی دەگەڕێین
لە هەموو شتێکی تر بەوەجترە. **~گ.س.**

275 **مینا**: بە ئینگلی *enamel*, توێژێکی لووسی دیکۆری زەوی یان شوێنی تر. **~ن.م.**

276 **ئەمە جەستەی منە**: عیسا لە دواهەمین شێویدا «نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، پێیدان و فەرمووی: "ئەمە جەستەی منە، کە لە پێناوی ئێوە بەخت دەکرێت. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن."» (لۆقا ٢٢: ١٩) ئەم هۆنەیەی مزگێنی‌یەکە بە سەرچاوەی نووسراوی گێڕانی سرووتی ماس دادەنرێت. لە کاتی سرووتی سوپاسگوزاریدا دووبارە دەکرێتەوە کاتێک «قەشەی جێبەجێکار ئەوە دەکات کە عیسا لە دواهەمین شێویدا کردی و ئەوە دەڵێت کە عیسا لە دواهەمین شێویدا وتی» (*پەڕتووکی نزانامەی خەڵکان* – *The Layman's Missal*، [باڵتیمۆر، ماریلاند، ١٩٦٢] لا. ٨١١). **~گ.س.**

277 **لە ناو منداڵدانێکی گەرمادا**: لە چاپەکانی پێشوودا ئەم گرێ ئاوەڵکارییەم تەنها بە «منداڵدانی گەرما» وەرگێڕابوو، کە هەڵە بوو؛ ئەوەی ئێستا ڕاستەکەیە، ئەویش مەبەست لێی بانوێیەک ئاوی گەرمە کە لە شێوەی منداڵداندایە؛ ببەخشن. **~ن.م.**

278 **بریبرینجە**: بە ئینگلی *ripripple*، وشەیەکە جۆیس خۆی لێکیداوە، شێوازی لێکدانەکەی بە دووبارەکردنەوەی وشەیەکە، بەڵام یەکێکیانی کورت کردووەتەوە و ئەوی تری وەک خۆی داناوەتەوە. منیش لە کوردییەکەدا بە هەمان شێواز وشەکەم داڕشتەوە. **برینجە** بە واتای شەپۆلی هێواش و خاو دێت، دەشێت هی ئاو بێت، یان وەک لێرەدا، شەپۆلی نەرمی پەلە سواراوەکانی بلوومن لە ئاوەکەدا. هەر وەک چۆن بلووم لەوەوپێش بیری لێی دەکردەوە کە کەسێک لە دەریای مردوودا بەسەر ئاوەکەوە سواراو بووە. لە چاپەکانی پێشوودا بەم شێوەیە وەرمنەگێڕابوو، ئەمەی ئێستا بەرهەمی ئەم پێداچوونەوەیەیە. وشەی *برینجە*م لە *فەرهەنگی ڕێژگە*وە هێناوە. **~ن.م.**

[279] **باوکە شۆڕەکەی... سوارڤا**: ئەمە لە گوڵی دەوەنی *ساکسیفراگا ستۆلۆنیفێرا* *saxifrage stolonifera*وە هاتووە کە پێی دەوترێت *دایکی هەزاران* چونکە لە ڕێی هەندێک قەدی خشۆکەوە بڵاو دەبێتەوە کە وا دەردەکەوێت گوڵەکەی سوارڤایە. لە ناوچە تەڕ و سێبەرەکانی باشووری ئینگلتەرا و ئایرلانددا وەک داپۆشەری زەوی بە کار دەهێنرێت. **~گ.س.**

بۆ *سوارڤا* (بڕوانە ٢: ٢٢). ناوی گوڵەکەم لە هیچ فەرهەنگێکدا نەدۆزییەوە، بۆیە لاتینییەکەیم هێنایەوە، گیفردیش لە ڕاڤەکەیدا هەر لاتینییەکەی هێناوە و بە ئینگلی نەیهێناوە، جگە لە *دایکی هەزاران*ەکە. **~ن.م.**

## ئەڵقەی شەشەم: هادیس[1]

یەکەم کەس مارتن کەنینگهەم[2] سەرە بە-شەبقەی-ئاوریشم-داپۆشراوەکەی خستە ناو عەرەبانە جیڕەجیڕکەرەکەوە و، کە کارامانە چووە ناوەوە، دانیشت. میستەر پاوەر[3] دوای ئەو چووە ناوەوە، بە وریاییەوە باڵاکەی دەچەماندەوە.

- دەی وەرە، سایمن[4].

میستەر بلووم وتی:

- فەرموو پێش بکەوە.

میستەر دێدالۆس بە خێرایی شەبقەکەی پۆشی و چووە ناوەوە، دەیوت:

- ئێ، ئێ.

مارتن کەنینگهەم پرسیی:

- هەمووومان لێرەین؟ دەی وەرە بلووم.

میستەر بلووم چووە ناوەوە و لەسەر جێیە بەتاڵەکە دانیشت. دەرگاکەی بۆ دوای خۆی ڕاکێشا و دوو جار توند شەقەی لێ هەڵستاند تا شەتەک داخرا. قۆڵێکی بە ناو قایشی قۆڵەکەوە تێپەڕاند و لە پەنجەرە کراوەکەی عەرەبانەکەوە سەنگینانە تەماشای کرکرە دادراوەکانی شاڕێکەی[5] کرد. یەکێکیان بەرەو لایەک ڕاکێشرا: پیرەژنێک تەماشای دەکرد. لووتی بە جامەکەوە پان و سپی ببوو. سوپاسی ئەستێرەکانی[6] دەکات کە ئەو تێپەڕێنراوە. ئەو خولیایەی بۆ تەرم هەیانە ئێجگار سەیرە. بە ڕۆیشتنمان دڵخۆشن چونکە لە هاتنماندا ئازارێکی زۆریان پێ دەدەین. وا دیارە کارەکە بۆ ئەوان شیاوە[7]. ژێربەژێر و پەلەپرووزێ[8] لە سووچاندا. لە ترسی ڕابوونی مردووەکە بە شرەسۆڵەوە[9] خۆ دەخشکێنن. پاشان ئامادەی دەکەن[10]. پاکی دەکەنەوە. مۆڵی و خاتوو فلێمینگ[11] پێخەفەکە ئامادە دەکەن. زیاتر بە لای خۆتدا ڕایبکێشە. کفنەکەمان. هەرگیز نازانیت کێ بە مردویی دەستت لێ دەدات. شوشتن و شامپۆ. وا بزانم قژ و نینۆکەکانیش دەبڕن. لە زەرفێکی نامەدا کەمێکی لێ هەڵدەگرن. دواتر وەک یەک دێنەوە. کارێکی ناخاوێن.

هەمووان چاوەڕێیان کرد. هیچ نەوترا. لەوانەیە گوڵبەندەکان بخەنە ناوی. لەسەر شتێکی ڕەق دانیشتووم. ئاهـ، سابوونەکەیە: لە گیرفانی دواوەمدایە. باشترە دەریبکەم و شوێنەکەی بگوێزمەوە. چاوەڕێی دەرفەتێک بکە.

هەمووان چاوەڕێیان کرد. پاشان دەنگی چەرخەکان لە پێشەوە بیستران، پێچیان کردەوە: پاشان نزیکتر: پاشان سمی ئەسپەکان. ڕاتەکانێک. عەرەبانەکەیان کەوتە جووڵە، جیڕەجیڕ و لارەلاری دەکرد. سم و چەرخی جیڕەجیڕکەری تر لە دواوە دەستیان پێ کرد.

کرکرەکانی شارێکە و خانووی ژمارە نۆ[12] و درگاژەنەکەی[13] کە بە شریتێکی ڕەشی پرسە پێچرابوو و دەرگاکەی لەسەر درزێک کرابووەوە تێپەڕێنران. بە خێرایی پیاسە.

هێشتا چاوەڕێیان دەکرد، ئەژنۆکانیان ڕادەوەشان، تا پێچیان کردەوە و بە ڕێکی هێڵی ترامەکەدا ڕۆیشتن. شەقامی ترایتنقیل[14]. خێراترە. کە بەسەر بەرزەڕێ بەردرێژکراوەکەدا دەخولانەوە چەرخەکان شەقەشەقیان هات و شووشە شێتەکانیش لە ناو چوارچێوەی دەرگاکاندا هاڕەیان هات و دەلەرزان.

میستەر پاوەر لە هەردوو پەنجەرەکەوە پرسیی:

- بە چ ڕێیەکدا دەمانبات؟

مارتن کەنینگهەم وتی:

- ئایرشتاون، ڕینگسێند. شەقامی برونسویک[15].

میستەر دێدالۆس تەماشای دەرەوەی کرد و سەری لەقاند. وتی:

- ئەوە نەریتێکی دێرینی چاکە[16]. پێم خۆشە کە هێشتا لە ناو نەچووە.

هەمووان لە پەنجەرەکانیانەوە تاوێک تەماشایان کرد کە ڕێبوارەکان شەبقە و کڵاوەکانیان بەرز کردەوە. ڕێز. دوای کۆڵانی واتەری[17] عەرەبانەکە لە هێڵی ترامەکەوە لایدا و چووە سەر ڕێگا سافترەکە. میستەر بلووم بە تەماشایەک کوڕێکی گەنجی شلکی بینی، شەبقەیەکی پان و پۆشاکی پرسەی لە بەردا بوو[18]. وتی:

- دێدالۆس، ئەوە هاوڕێیەکی تۆیە ڕۆیشت.

- کێیە؟

- کوڕ و میراتگرەکەتە.

میستەر دێدالۆس بەسەریاندا خۆی کشاندەوە و وتی:

- کوا؟

عەرەبانەکە کە لەبەردەم خانووی کرێکاندا ئاوەڕۆ کراوەکان و تەپۆڵکەکانی شەقامە هەڵدڕاوەکەی تێپەڕاند، لای سووچەکەوە تەکانێکی دا و، کە لایدایەوە بۆ هێڵی ترامەکە، بە چەرخە چەقوچۆقکەرەکانیەوە بە شەقەشەقەوە چووە سەری. میستەر دێدالۆس بە پشتدا پاڵیدایەوە و دەیوت:

- ئەو مەڵیگنە هیچوپووچەی لەگەڵدا بوو؟ *فیدوس ئاکاتیس*ەکەی[19]؟

میستەر بلووم وتی:

- نەخێر، بە تەنیا بوو.

میستەر دێدالۆس وتی:

وا بزانم بەرەو ماڵی خاڵۆژنەساڵیی دادەگەڕێت. خێڵەکەی گولدینگ، ژمێریارە گزگلە سەرخۆشەکە و کریسی، سەلکە شیاکە بچکۆلەکەی بابە، منداڵە ژیرەکەی باوکی خۆی دەناسێت[20].

میستەر بلووم لەسەر شەقامی ڕینگسێند[21] بزەیەکی ساردوسڕی کرد. برایانی والاس: بوتڵچی[22]: پردی دۆدەر[23].

ڕیچی گولدینگ و جانتای پارێزەرییەکەی. ناوی نووسینگەکەی ناوە گولدینگ و کۆلیس و وارد[24]. نوکتەکانی خەریکە کەمێک بێتام دەبن. قۆشمەی وەک خۆی نەبوو. بەیانییەکی یەکشەممە لە شەقامی ستامەر[25] لەگەڵ ئیگناتیوس گالەهێردا[26] ڤاڵسی[27] دەکرد، دوو شەبقەکەی ژنی خاوەنشوێنەکەی بە دەرزی بە سەریەوە بەستبوو. بە درێژایی شەوەکە بەلەسە ببوو. ئێستا وا خەریکە لێی دیاری دەدات: پێم وا بێت ئەو پشتئێشەیەی هی ئەوەیە. ژنەکەی پشتی بۆ ئوتو دەکات. وا دەزانێت بە حەپ چارە دەبێت. هەمووی وردەنانە. نزیکەی لە سەدا شەس سەدی قازانجە.

میستەر دێدالۆس مڕاندی:

- لە ناو خەڵکانێکی هەرچیوپەرچیدایە. ئەو مەڵیگنە بە هەموو پێوەرێک شەللاتییەکی دووجار لە خوێڕێتیدا هەڵکێشراوی پیسی نەفرەتییە. لە هەموو دەبلندا ناوی زڕاوە. بەڵام بە یارمەتیی خودا و دایکە پیرۆزەکەی[28] دەیکەم بە کاری خۆم کە ڕۆژێک نامەیەک بنێرم بۆ دایکی یان پووری یان هەر کەسێک کە چاوی بە هێندەی دەروازەیەک بکاتەوە. بڕوام پێ بکەن جێی لێقەومانی ختووکە دەدەم[29].

بەسەر تەق و وڕی چەرخەکاندا هاواری کرد:

- ناهێڵم خوشکەزا زۆڵەکەی کوڕەکەم لە خشتە ببات. کوڕی شاگردێکی قنهەڵپچڕاو. لە دوکانەکەی پیتەر پۆڵ مەسوینیی خزممدا[30] بەنی دەفرۆشت. نەخێر، ناهێڵم.

بڕاندیەوە. میستەر بلووم تەماشای لە سمێڵە تووڕەکەی ئەوەوە خستە سەر دەموچاوە لەسەرخۆکەی میستەر پاوەر و چاو و ڕیشی مارتن کەنینگهەم، بە خاوی دەلەرینەوە. پیاوێکی سەرسەختی دەمبەهاوار. لێوانلێوە لە کوڕەکەی. ڕاست دەکات. شتێک بۆ بەجێهێشتن. ئەگەر ڕودیی بچووک بژیایە. ببینیایە گەورە دەبێت. لە ماڵەکەدا گوێم لە دەنگی بووایە. بە ڤاتێکی ئیتنەوە[31] بە تەنیشت مۆڵیدا بڕۆیشتایە. کوڕەکەم. من لە ناو چاوانیدا. هەستێکی سەیر دەبوو. لە منەوە. تەنها هەلێک. دەبێت ئەو بەیانییە بووبێت کە لە ڕیزە خانووەکانی ڕەیمنددا[32] لەبەر پەنجەرەکەدا بوو تەماشای دوو سەگەکەی دەکرد کە لە پەنا دیواری دەست لە خراپە هەڵبگرەدا[33] دەیانکرد. چاوشەکەش

قاقا پێدەکەنی. ئەو عەزییە کرێمییەی لە بەردا بوو کە ئەو دڕاوییەی تێدا بوو کە هەرگیز نەیدوریبووەوە. دەستێکمان بۆ ببە[34]، پۆڵدی. ئەی خوایە، خەریکە سوێم دەبێتەوە. ژیان چۆن دەست پێ دەکات.

ئینجا گەورە بوو. ناچار بوو کۆنسێرتەکەی گرەیستۆنس[35] ڕەت بکاتەوە. کوڕەکەم لە ناو ئەودا. دەمتوانی لە ژیاندا یارمەتیی بدەم. دەمتوانی. وای لێ بکەم پشت بە خۆی ببەستێت. فێری ئەڵمانیش ببێت.

میستەر پاوەر پرسیی:

- دوا نەکەوتووین؟

مارتن کەنینگهەم تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و وتی:

- دە خولەک.

مۆڵی. میلی. هەمان شتن بە دوو ڕەنگی جیا. سوێندە کوڕانییەکانی. کوڕە قەسەم بە خوا! ئەی براڕۆ نەبێت! بەڵام کچێکی نازدارە. بەم زووانە دەبێت بە ژن. مەلینگەر. پاپلیی بەوەجترینم. خوێندکارێکی گەنج. بەڵێ، بەڵێ: ژنێکیش. ژیان، ژیان.

عەرەبانەکە خوار بووەوە و گەڕایەوە، قەدی هەر چواریان لارەولاریان کرد.

میستەر پاوەر وتی:

- کۆڕنی[36] ڕەنگ بوو هینێکی فراوانترمان بداتێ.

میستەر دێدالۆس وتی:

- ڕەنگ بوو، ئەگەر ئەو خێلییە[37] کێشەی بۆ دروست نەکردایە. لێم تێدەگەن؟

چاوی چەپی نووقاند. مارتن کەنینگهەم لە ژێر ڕانەکانیدا دەستی کرد بە تەکاندنی وردەنان.

وتی:

- ئەمە چییە لە ڕێی خودا؟ وردەنان؟

میستەر پاوەر وتی:

- لەوە دەچێت یەکێک کەمێک لەمەوپێش سەیرانێکی لێرەدا کردبێت.

هەمووان ڕانیان هەڵبڕی و ناپەسەندانە تەماشای چەرمە کەڕووهەڵهێناوە بێقۆپچەکەی قەنەفەکانیان کرد. میستەر دێدالۆس لووتی بادەدا، بەرەو خوارەوە ڕووی خۆی گرژ کرد و وتی:

- یان ئەوەتا زۆر بە هەڵەدا چووم... تۆ دەڵێیت چی، مارتن؟

مارتن کەنینگهەم وتی:

- منیش هەر وەها بۆی چووم وا بێت.

میستەر بلووم ڕانی نیشاندەوە. پێم خۆشە ئەو گەرماوەم کرد. هەست دەکەم قاچەکانم زۆر پاکن. بەڵام خۆزگە خاتوو فلێمینگ باشتر ئەم گۆرەوییانەی بدوریایەتەوە.

میستەر دێدالۆس ملکەچانە ئاهی دایەوە. وتی:

- کوڕە دە دەی، ئەوە ئاساییترین شتە لە جیهاندا.

مارتن کەنینگهەم بە ئەسپایی نووکی ڕیشی بادەدا و پرسیی:

- ئەرێ تۆم کێرنەن گەیشتبوو؟

میستەر بلووم وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، لەگەڵ نێد لەمبێرت[38] و جۆ هاینسدا[39] لە دوامانەوەن.

میستەر پاوەر پرسیی:

- ئەی کۆڕنی کێلێهێر خۆی؟

مارتن کەنینگهەم وتی:

- لە گۆڕستانە.

میستەر بلووم وتی:

- ئەم بەیانییە مەکۆیم بینی. وتی کە هەوڵ دەدات بێت.

عەرەبانەکە لە ناکاو وەستا.

- ئەوە چییە؟

- وەستاین.

- لە کوێین؟

میستەر بلووم لە پەنجەرەکەوە سەری دەرکرد. وتی:

- گراند کەناڵ[40].

گازخانەکان[41]. دەڵێن گوایە کۆکەڕەشە چارە دەکات. باش بوو میلی هەرگیز تووش نەبوو. منداڵی داماو! لە ماسولکەڕەقێدا دووقەد دەبن و شین و مۆر هەڵدەگەڕێن. بە ڕاستی گوناحن. بە بەراورد نەخۆشییەکانی زوو تێدەپەڕاند. تەنها سوورێژە. چای تۆوکەتان[42]. سوورەتا، پەتاکانی ئەنفلۆنزا. بانگەشەی مردن دەکەن. ئەم هەلە لە دەست مەدە. ماڵی سەگەکان[43] لەوێیە. ئاتۆسی پیری داماو[44]! لیۆپۆڵد، لەگەڵ ئاتۆسدا باش بە، ئەوە دواهەمین ڕاسپاردەمە. با خواستت پەیڕەو بکرێت[45]. لە گۆڕدا گوێڕایەڵیان دەبین.

شقڵیوپقڵییەک لە سەرەمەرگدا. لە دڵی گرتبوو، لە خەفەتدا وشک ببووەوە. ئاژەڵێکی بێدەنگ. سەگی پیرەمێردان بە گشتی وەهان.

دڵۆپێکی باران بەسەر شەبقەکەیدا پرژا. کشایەوە دواوە و تاوێک خاڵەکانی پرژەی بارانی لەسەر سەپتکە[46] بۆرەکان بینی. دوور لە یەک. سەیرە. وەک بڵێیت بەناو سوزگییەوە دەرچووبن. هەستم کرد دەبارێت. ئێستا بیرم دێتەوە پێڵاوەکانم جیرەجیریان دەهات.

بە هێمنی وتی:

- کەشەکە دەگۆڕێت.

مارتن کەنینگهەم وتی:

- بە داخەوە کە هەر بە خۆشی نەمایەوە.

میستەر پاوەر وتی:

- بۆ لادێ پێویستە. ئەوە خۆرە دیسان دەردەکەوێتەوە.

میستەر دێدالۆس، بەناو چاویلکەکەیدا بەرەو خۆرە ڕووپۆشراوەکە دەیڕوانی، جنێوێکی بێدەنگی گرتە ئاسمان. وتی:

- وەک قنی منداڵ هات و نەهاتە.

- دیسان کەوتینەوە ڕێ.

دیسان عەرەبانەکە چەرخە تۆکمەکانی سووڕاندەوە و قەدیان بە ئەسپایی ڕاژەنران. مارتن کەنینگهەم نووکی ڕیشی خێراتر بادا. وتی:

- دوێشەو تۆم کێرنەن نایاب بوو. پادی لیۆناردیش[47] لەبەردەمی خۆیدا لاسایی دەکردەوە.

میستەر پاوەر بە پەرۆشەوە وتی:

- دە بیلێ و شەرم مەکە. سایمن، تۆ گوێ لەوە بگرە کە باسی بێن داڵەرد[48] دەکات کە چۆن گۆرانیی *دە کرۆپی بۆی*[49] دەبێژێت.

مارتن کەنینگهەم بە پۆزەوە وتی:

- لە دونیادا وێنەی نییە! *مارتن، ئەو وتنەوەیەی ئەو بۆ ئەو بەستە ساکارە، برندەترین وتنەوە بووە لە هەموو ماوەی ئەزموونمدا بیستبێتم.*

میستەر پاوەر بە پێکەنینەوە وتی:

- *برندە*، زۆر شەیدای ئەو وشەیەیە. هەروەها *ڕێکخستنەوەی لەدوابینی*[50].

مارتن کەنینگهەم پرسیی:

- وتارەکەی دان داوسنت[51] خوێندەوە؟

میستەر دێدالۆس وتی:

- نەخێر، لە کوێ؟

- لە ڕۆژنامەکەی ئەم بەیانییەدایە.

میستەر بلووم ڕۆژنامەکەی لە گیرفانی ناوەوەیدا دەرهێنا. ئەو پەڕتووکە دەبێت بۆی بگۆڕم.

میستەر دێدالۆس خێرا وتی:

- نا، نا، تکایە دوایی.

نیگای میستەر بلووم بەرەو سووچی دامێنی ڕۆژنامەکە[52] گەشتی کرد، بە مردووەکاندا چاوی گێڕا: کاڵان، کۆڵمان، دیگنەم، فاوسێت، لاوری، ناومان، پیک، کام پیکەیە ئەوە؟ ئەو کابرایەیە کە لای کرۆزبی و ئاڵینس[53] بوو؟ نا، سێکستن، یۆربراَیت. تیپی مەرەکەباویی لەسەر پەڕەی شڕ و شێواو زوو کاڵ دەبنەوە. سوپاس بۆ گوڵە بچکۆلەکە. بە داخەوە کۆچی دوایی کرد. بە داخ و پەژارەیەکی لە دەربڕین نەهاتووەوە بۆ[54]. دوای نەخۆشییەکی درێژخایەن و ماندووکەر لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا. ماسی سییە: کوینلان. عیسای شیرین بەزەیی بە گیانی ببەخشێت[55].

*وا مانگێکە هێنریی بەوەج ڕۆیشتووە،*
*بۆ ماڵی خۆی لە ئاسماندا لە سەرەوە.*
*خێزانەکەی فرمێسک دەڕژن، شین دەگێڕن بۆ کۆچەکەی*
*هیواخوازن ڕۆژێک بێت و لە بەرزیدا ببیننەوە*[56].

زەرفی نامەکەم دڕاند؟ بەڵێ. نامەکەیم خستە کوێوە دوای ئەوەی لە گەرماوەکە خوێندمەوە؟ دەستی لە گیرفانی یەلەگەکەی دا. ئەوەتا تەواوە. هێنریی بەوەج ڕۆیشتووە. پێش ئەوەی ئارامیم لێ ببڕێن.

قوتابخانە حکومییەکە. حەوشەکەی مییەید. کووخی تریشقەگێڕەکان[57]. ئێستا تەنها دووان لەوێن. سەریان شۆڕ کردووە. دەڵێیت گیپەن هەڵئاوساون. ئێسکی زۆر لە کەللەیاندا هەیە. ئەوەی تریان بە نەفەرێکەوە کەوتووەتە لۆقە. کاژێرێک لەمەوبەر بەوێدا دەڕۆیشتم. تریشقەوانەکان شەبقەکانیان هەڵبڕی.

بە پەنا پەنجەرەکەی میستەر بلوومەوە پشتی هێڵەوانێک[58] بە پاڵ کۆڵەکەیەکی هێڵی ترامەکەدا لە ناکاو خۆی قنج کردەوە. نەیاندەتوانی شتێکی ئۆتۆماتیک دابهێنن تا

چەرخەکە خۆی ئاسانتر نەدەبوو؟ ئاخر ئەو کاتە ئەو کابرایە کارەکەی لە دەست دەچوو؟ بەڵام ئەوکات کەسێکی تر کاری دەست دەکەوێت کە داهێنانەکە دروست دەکات.

هۆڵی ئەینشنت[59]. نمایشی تێدا نییە. پیاوێک بە قاتێکی زەردباوەوە گرێبەندێکی پرسەباری[60] بە قۆڵیەوە بوو. زۆر پرسەبار نییە. چارەکە پرسە. ڕەنگە خزمی دووری بێت.

بە لای دووانگە ناقۆڵاکەی سانت مارکدا[61] تێپەڕین، لە ژێر پردی هێڵی ترامەکەوە[62]، شانۆگای کوینیان[63] تێپەڕاند: بە بێدەنگی. تەختەی ڕیکلامەکان: یوجین ستراتن[64]، خاتوو باندمن پاڵمەر[65]. داخۆ ئەمشەو بتوانم بچم بۆ تەماشاکردنی *لێئە*. وتم من. یان *شلێرەکەی کیلارنی*؟ بەشگەی ئۆپێرای ئێلستەر گرایمس[66]. گۆڕانکاریی بەهێز و گەورە. پۆستەری تەڕ و ورشەدار تا حەفتەی داهاتوو. *ڕابواردن لەسەر بریستڵ*[67]. مارتن کەنینگهەم دەتوانێت تێپەڕنامەیەکم[68] بۆ گەیەتی[69] بۆ بکات. دەبێت پێکێک یان دووان وێر بکەم. هەر هەمان ئەوەندەی تێ دەچێتەوە.

دوانیوەڕۆ دێت. گۆڕانییەکانی[70].

پلاستۆ[71]. فوارە و پەیکەری یادگاری سێر فیلیپ کرامپتن[72]. کێ بوو؟

مارتن کەنینگهەم بۆ سڵاوکردن لەپی دەستی تا بڕۆی هەڵبڕی و وتی:

- چۆنیت؟

میستەر پاوەر وتی:

- نامانبینێت. با دەمانبینێت. چۆنیت؟

میستەر دێدالۆس پرسیی:

- کێ؟

میستەر پاوەر وتی:

- بلێسە بۆیلەن. ئەوەتا پەرچەمی بە با دەدات[73].

ڕێک ئەو چرکەیە بیرم لێی دەکردەوە.

میستەر دێدالۆس بۆ سڵاوکردن بە سەریاندا نوشتایەوە. لای دەرگاکەی ڕێد بانکەوە[74] خەپلەی سپیی شەبقەیەکی پووش بۆ وەڵام ورشەی دایەوە: بیچمێکی پاکوخاوێن: تێپەڕی.

میستەر بلووم نینۆکەکانی دەستی چەپی پشکنی، پاشان ئەوانەی دەستی ڕاستی. نینۆکەکان، بەڵێ. ئایا هیچ شتێکی زیاتری تێدایە کە ئەوان ئەو دەیبینێت؟ سەرسامی. خراپترین پیاوی دەبلن. ئەوە بە زیندوویەتی هێشتوویەتیەوە. هەندێک جار هەست دەکەن کە کەسێک چییە. سەلیقەی زگماکی. بەڵام جۆرێکی ئاوها. نینۆکەکانم. تەنها

تەماشایان دەکەم: باش بڕراون. ئینجا دواتر: بیرکردنەوە بە تەنیا. لەش کەمێک نەرم دەبێت. دەتوانم سەرنجی ئەوەم بدەم: هەر بە بیرکەوتنەوە. هۆکەی چییە؟ پێم وا بێت پێست ناتوانێت خێرا تەواو گرژ ببێت کە لەشەکە خاو دەبێتەوە. بەڵام شێوەکە هەر دەمێنێتەوە. شێوەکە هێشتا هەر دەمێنێتەوە. شان. سمت. خرپن. شەوی پۆشاکی سەماکردنەکە. ژێرکراسەکە لە دواوە لە نێوان گووپەکاندا چەقیبوو.

دەستەکانی لە نێوان ئەژنۆکانیدا لە یەک ئاڵاند و، کە دڵی ئاوی خواردەوە، نیگا بۆشەکەی بۆ سەر ڕوخسارەکانی ئەوان نارد.

میستەر پاوەر پرسیی:

- گەشتی کۆنسێرتەکە چۆن بە ڕێوە دەچێت، بلووم؟

میستەر بلووم وتی:

- زۆر باش. لێدووانی چاکی لەسەر دەبیستمەوە. بیرۆکەیەکی چاکە، وەک دەبینیت...

- خۆت دەڕۆیت؟

میستەر بلووم وتی:

- نەخێر، لە ڕاستیدا دەبێت بۆ هەندێک کاروباری تایبەت بچم بۆ کاونتیی کلێر[75]. وەک دەبینیت بیرۆکەکە گەشتکردنە بە شارە سەرەکییەکاندا. ئەوەی لە یەکێکدا زیانی لێ دەکەیت لەوەی تردا بۆت دەگەڕێتەوە.

مارتن کەنینگهەم وتی:

- زۆر ڕاستە. ئێستا ماری ئاندێرسنیش[76] لەوێیە. هونەرمەندی باشتان لەگەڵدایە؟

میستەر بلووم وتی:

- لویس وێرنەر[77] گەشتی پێ دەکات. ئای بەڵێ، هەموو کەسێتییە دیارەکان لەوێ دەبن. جەی سی دۆیەل و هیوادارم جۆن ماککۆرماک[78] و هەروەها. بە ڕاستی هەرە باشەکان.

میستەر پاوەر بە بزەوە وتی:

- *مەدام*یش. دواهەمینیان بەڵام کەمبەهاترینیان نا.

میستەر بلووم وەک نیشانەیەکی ڕەوشتجوانیی ناسک دەستەکانی یەکاڵا کردەوە و لە یەکی ئاڵاندنەوە. سمیث ئۆبرایەن[79]. کەسێک چەند گوڵێکی لەوێ داناوە. ژن. دەبێتساڵیادی مردنی بێت[80]. هەموو ساڵێک بە خۆشی[81]. عەرەبانەکە کە لە پەیکەرەکەی فارێل[82] سووڕایەوە بە بێدەنگی ئەژنۆ خۆنەگرەکانیانی یەکخست.

قەیت: پیرەمێردێکی جلدێز لەسەر شۆستەکە شمەکەکانی نمایش کرد، دەمی دەکرایەوە: قەیت.

- چوار قەیتانی پێڵاو بە پنسێک.

داخۆ بۆچی لە کار خرابێت[83]. نووسینگەکەی لە شەقامی هیوم[84] بوو. هەمان ناسناوی ماڵی مۆڵییان هەیە، تویدی[85]، پارێزەری پاشایی واتەرفرد. لەوەتەی هەیە هەر ئەو شەبقە ئاوریشمەی ماوە. پاشماوەی ڕەوشتی کۆنە[86]. ئەویش پرسەی هەیە. ڕۆچوونێکی خراپە، کلۆڵی داماو! وەک بڕنووتیی دەوری دووداره فڕێ درا[87]. ئۆکاڵەهان بە ڕەتاوی[88،89].

*مەدام*یش. یازدە و بیست خولەکە. هەڵستاوە. خاتوو فلێمینگ هاتووە بۆ پاککردنەوە. قژی ئارایشت دەکات، دەهمێنێت. *ڤۆلیۆ ئێ نۆن ڤۆررێی*. نەخێر. *ڤۆررێی ئێ نۆن*[90]. تەماشای نووکی تاڵەکانی قژی دەکات بۆ ئەوەی بزانێت داخۆ لەت بوون. *می ترێما ئون پۆکۆ ئیل*[91]. دەنگی لەسەر ئەو *ترێ*یە زۆر خۆشە: تۆنێکی گریاناوی. بۆقژە. ڕەشیشە. وشەیەک هەیە ڕەشیشەی دەنگخۆش کە ئەوە دەردەبڕێت[92].

چاوەکانی بە هێواشی بەسەر دەموچاوە قۆزەکەی میستەر پاوەردا تێپەڕین. لاجانگەکانی ماشوبرنجی بوون. *مەدام*: بزەی دەکرد. منیش بزەم بۆی کردەوە. بزە واتای زۆرە. ڕەنگە تەنها هی ڕەوشت. کەسێکی باشە. کێ دەزانێت داخۆ ئەوە ڕاستە کە دەڵێن ژنێکی دۆستی هەیە؟ بۆ ژنەکەی خۆش نییە. کەچی دەڵێن، کێ بوو پێی وتم، پەیوەندیی سەرجێییان نییە. هەر وا وێنا دەکرێت کە زوو تەواو ببێت. بەڵێ، کرۆفتن[93] بوو ئێوارەیەک بینیبووی کە نیو کیلۆ گۆشتی پاشەڵی بۆ کچەکە دەبرد. چ کارە بوو؟ بارمەن بوو لای جوری[94]. یان لای مۆیرا[95] بوو؟

به ژێر شێوەی ڕزگارکەرە جبەزلەکەدا[96] تێپەڕین.

مارتن کەنینگهەم سیخورمەیەکی لە میستەر پاوەر دا. وتی:

- لە هۆزەکەی ڕەئوبێنە[97].

بیچمێکی ڕیشڕەشی باڵابەرز، بەسەر گۆچانێکدا چەمابووەوە، لای سەرسووچی ماڵی فیلی ئێڵڤەریسەوە[98] خۆی بە کێش دەکرد، دەستێکی کەوانەیی پیشان دا کە لەسەر بڕبڕەی پشتی کرابووەوە.

میستەر پاوەر وتی:

- بە هەموو جوانییە سرووشتییەکەیەوە.

میستەر دێدالۆس لە دوای بیچمە خۆبەکێشکەرەکەی ڕوانی و بە هێمنی وتی:

- دەک شەیتان ئەنجامەی پشتت بشکێنێت!

میستەر پاوەر، کە لە پرمەی پێکەنینی دا، دەموچاوی خۆی لە پەنجەرەکە شاردەوە کاتێک عەرەبانەکە پەیکەرەکەی گرەیی[99] تێپەڕاند.

مارتن کەنینگهەم بە ئاشکرا وتی:

- هەموومان بەسەرماندا هاتووە[100].

چاوەکانی بە چاوەکانی میستەر بلووم گەیشتن. ڕیشی خۆی لە ئامێز گرت و وتی:

- مەبەستم، بە نزیکی هەموومان.

میستەر بلووم بە پەرۆشییەکی ناکاوەوە بۆ ڕوخساری هاوەڵەکانی کەوتە دووان:

- ئەوەی کە باس لە ڕەئوبێن جەی و کوڕەکەی[101] دەکات هەر ئێجگار زۆر پێکەنیناوییە.

میستەر پاوەر پرسیی:

- ئەوەی بەلەموانەکە؟

- بەڵێ. دە ئێجگار زۆر پێکەنیناوی نییە؟

میستەر دێدالۆس پرسیی:

- چییە؟ نەمبیستووە.

میستەر بلووم دەستی پێی کرد:

- کچێک لە کێشەکەدا هەبوو، باوکەکەش سوور بوو لەسەر ئەوەی کوڕەکەی بنێرێت بۆ دوورگەی مان[102] بۆ دوورخستنەوە لە مەترسی بەڵام کە هەردووکیان.....

میستەر دێدالۆس پرسیی:

- ئێ؟ ئەو شەپیلکگێڕە نەفرەتییە ڕاستینەیە ئەوەیە؟

میستەر بلووم وتی:

- بەڵێ. هەردووکیان بەرەو بەلەمەکە دەچوون و کوڕەکەش هەوڵی خنکاندنی.....

میستەر دێدالۆس نەڕاندی:

- باراباس بخنکێنە[103]! خۆزگە بە خۆزگایەتیی خودا بیخنکاندایە!

میستەر پاوەر پێکەنینێکی درێژی لە کونەلووتە شاراوەکانیەوە نارد.

میستەر بلووم وتی:

- نەخێر، کوڕەکە خۆی.....

مارتن کەنینگهەم دزێوانە قسەکەی پێی بڕی:

- ڕەئوبێن جەی و کوڕەکەی دادەبەزان بۆ لەنگەرگاکەی تەنیشت ڕووبارەکە تا بەرەو بەلەمەکەی دوورگەی مان بچن بەڵام گەنجە جحێلەکەش لەپڕ خۆی قوتار دەکات و بەسەر دیوارەکەدا خۆی هەڵدەدات ڕێک بۆ ناو لیفی.

میستەر دێدالۆس لە سامدا بە جۆشەوە پرسیی:

- لە ڕێی خودا! ئەی مرد؟

مارتن کەنینگهەم نەڕاندی:

- مردی چی! نەخێر! بەلەموانێک دیرەکێکی هێنا و بە شۆڕیی پانتۆڵەکەی لە ئاوەکە دەریهێنا و نیشێنرایە سەر لەنگەرگاکە بۆ لای باوکی کە ئەوەندەی مردبوو ئەوەندە زیندوو نەبوو. نیوەی شارەکە لەوێ بوون.

میستەر بلووم وتی:

- بەڵێ. بەڵام بەشە جەفەنگییەکەی ئەوەیە کە.....

مارتن کەنینگهەم وتی:

- ئینجا ڕەئوبێن جەی فلۆرینێکی دا بە بەلەموانەکە لە بەرانبەر ڕزگارکردنی ژیانی کوڕەکەی.

ئاهێکی خنکاو لە ژێر دەستی میستەر پاوەرەوە هات.

مارتن کەنینگهەم دووپاتی کردەوە:

- ئای، وای کرد، هەر وەک پاڵەوان. فلۆرینێکی زیوین.

میستەر بلووم پەرۆشانە وتی:

- توخودا ئێجگار جەفەنگی نییە؟

میستەر دێدالۆس بە پلارەوە وتی:

- شڵنگێک و هەشت پنسی زیادە[104].

پێکەنینە خنکاوەکەی میستەر پاوەر بە هێمنی لە عەرەبانەکەدا کڵپەی کرد.

کۆڵەکەکەی نێڵسن[105].

- هەشت هەڵوژە بە پنسێک! هەشتی بە پنسێک!

مارتن کەنینگهەم وتی:

- باشترە تۆزێک سەنگین دەربکەوین.

میستەر دێدالۆس ئاهێکی هەڵکێشا. وتی:

- ئاخ ئینجا لە ڕاستیدا، پادیی ئازیزی داماو بۆ پێکەنین ئیرەیی پێمان نەدەبرد. خۆی کەم نوکتەی خۆشی نەگێڕاوەتەوە.

میستەر پاوەر چاوە تەڕەکانی بە پەنجەکانی دەسڕی و وتی:

- خودا بمبەخشێت! پادیی داماو! کە حەفتەیەک لەمەوبەر بۆ دوایین جار بینیم و ئەو هەر لە تەندروستیی ئاسایی خۆیدا بوو هیچ نەمدەزانی کە ئێستا ئاوها بە دوایدا دەڕۆم. لە ئێمە ڕۆیشت.

میستەر دێدالۆس وتی:

- هەر وەک هەمیشە پیاوێکی ئازیز و بەڕێز و شەبقەلەسەر[106]. زۆر لەناکاو ڕۆیشت.

مارتن کەنینگهەم وتی:

- جەڵتە. هی دڵ.

بە دڵتەنگییەوە کێشای بە سنگی خۆیدا.

دەموچاوێکی داگیرساو: سوور گەرم. جۆن باڕلیکۆرنی[107] زۆر. چارەی سووربوونەوەی لووت. ئەوەندە بخۆرەوە تا دەبێت بە ئادیڵایت[108]. پارەیەکی زۆری بۆ ڕەنگکردنی خەرج کردووە.

میستەر پاوەر بە پەیپێبردنێکی خەمبارانەوە تەماشای خانووە ڕاگوزەراوەکانی کرد. وتی:

- مردنێکی لەناکاوی بۆ بوو، پیاوێکی داماو.

میستەر بلووم وتی:

- باشترین مەرگ.

چاوە زەق کراوەکانیان تەماشایان کرد.

وتی:

- بێ ئازار. چرکەیەک و هەموو شتێک تەواو دەبێت. وەک مردن لە نووستندا.

کەس قسەی نەکرد.

ئەمە لا مردووەکەی شەقامەکەیە. بازاڕێکی کز بە ڕۆژ، نوێنەرەکانی زەویوزار[109]، میوانخانەی پارێزکار[110]، ڕێنامەی هێڵی ئاسنی فاڵکنەر[111]، کۆلێجی خزمەتی شارستانی[112]، گیل[113]، یانە کاسۆلیکییەکە[114]، پەیمانگەی کوێران[115]. بۆچی؟ چەند هۆیەک. خۆر یان با. بە شەویش. کرێکار و کارەکەران. لە ژێر سایەی بابە ماثیوی کۆچکردوو[116]. بەردی بناغە بۆ پارنێڵ[117]. جەڵتە. دڵ.

چەند ئەسپێکی سپی بە پەڕی سپیی سەر نێوچاوانەوە بە سووچی ڕۆتوندادا[118] هاتن، غاریان دەدا. دووداره‌یەکی بچکۆلە بە لایاندا فرتەی کرد[119]. بەپەلە بۆ ناشتن. عەرەبانەیەکی پرسە. بێهاوسەر. ڕەش بۆ هاوسەردارەکان. بەڵەک بۆ پیاوە سەڵتەکان. دێز بۆ خوشکی ڕەبەن[120].

مارتن کەنینگهەم وتی:

- جێی داخە. منداڵە[121].

دەموچاوی قەزەمێک، ئەرخەوانی و چرچولۆچ وەک چۆن ڕودیی بچووک وا بوو. لەشی قەزەم، وەک هێلم بێهێز، لە سندوقێکی داری کاژی هێڵسپیدا. کۆمەڵەی هاوڕێیانی ناشتن[122] پارە دەدات. حەفتەی پنسێک بۆ چینێک هەرێز. هی ئێمە. بچکۆلە. سواڵکەر. ساوا. هیچ واتایەکی نەبوو. هەڵەی سرووشت. ئەگەر تەندروست بێت ئەوا لە دایکەکەوەیە. ئەگەر نا لە پیاوەکەوەیە[123]. بەختێکی باشتر بۆ جاری داهاتوو.

میستەر دێدالۆس وتی:

- بچکۆلەیەکی داماوە. چاک دەربازی بوو.

عەرەبانەکە خاوتر بە گردی مەیدانی ڕووتلاندا[124] سەرکەوت. دەی بەسەر ئەو بەردانەدا. شەقە لە ئێسکی هەڵسێنە. نەدارە. خاوەنی نییە[125].

مارتن کەنینگهەم وتی:

- لە ناوجەرگەی ژیاندا[126].

میستەر پاوەر وتی:

- بەڵام خراپترینیان ئەو مرۆڤەیە کە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت[127].

مارتن کەنینگهەم بە خێرایی کاتژمێرەکەی ڕاکێشایە دەرەوە، کۆکی و خستیەوە شوێنی خۆی.

میستەر پاوەر ئەمەی تریشی وت:

- گەورەترین شەرمەزارییە کە بەسەر خێزانەکەدا دێت.

مارتن کەنینگهەم یەکلاکەرەوانە وتی:

- بێگومان شێتیی کاتییە. دەبێت بە دیدێکی دڵسۆزانەوە لێی بڕوانین.

میستەر دێدالۆس وتی:

- دەڵێن ئەو پیاوەی وا دەکات ترسنۆکە.

مارتن کەنینگهەم وتی:

- ئێمە بۆمان نییە دادوەریی بکەین.

میستەر بلووم خەریک بوو قسە بکات، بەڵام دیسان لێوەکانی داخستەوە. چاوە گەورەکانی مارتن کەنینگهەم. ئێستا تەماشای وەردەگێڕێت. پیاوێکی مرۆڤدۆست و هاوسۆزە. تێگەیشتوو. وەک دەموچاوی شێکسپیر. هەمیشە وتەیەکی باشی پێیە بیڵێت. لێرە هیچ بەزەییەکیان بۆ ئەوە و بۆ ساواکوشتن نییە. لە ناشتنی مەسیحییانە بێبەری دەکرێت[128]. کاتی خۆی لە گۆڕەکەدا مێخێکی تەختەیان بە ناو دڵیدا دەچەقاند. وەک بڵێیت خۆی بێ هیچ شتێک نەشکابێت[129]. کەچی هەندێک جار زۆر درەنگ پەشیمان دەبنەوە. لە بنی ڕووباردا دەدۆزرێنەوە و چنگیان بە زەلدا کردووە[130]. تەماشای منی کرد. ئەو ژنە بەدمەستە ناپەسەندەشی. جار دوای جار خانووەکەی بۆ ڕێک دەخاتەوە کەچی ئەو بە نزیکی هەموو شەممەیەک مۆبیلیاتەکەی بۆ دەفرۆشێتەوە. ژیانی لێی کردووە بە دۆزەخ. ئەوە دڵ لە بەردیش دەردەهێنێت. بەیانیی دووشەممە. سەرلەنوێ دەست پێ بکەوە[131]. خەرەکەکەیە! خوایە، دێدالۆس پێی وتم کە ئەو شەوە لەوێ بووە داخۆ ئەو ژنە چ دیمەنێکی هەبووبێت. بە سەرخۆشی بەو ناوەدا و بە چەترەکەی مارتنەوە هەڵبەزودابەزی کردووە.

*پێم دەوترێت گەوهەرەکەی ئاسیا،*

*ئاسیا،*

*گەیشا*[132].

تەماشای لێم وەرگێڕا. دەزانێت. شەقە لە ئێسکی هەڵسێنە[133].

ئەو دوانیوەڕۆیەی بەدواداچوونەکە. بوتڵە لەزگەسوورەکە لەسەر مێزەکە. ژووری میوانخانەکە و وێنەی شکارچێتییەکانی. گنخاو بوو. تیشکی خۆر بەناو تووڵەکانی کرکرە ڤینیسیاییەکەوە. گوێ بەخۆرداگیرساوەکانی لاشەدۆزەکە، زل و تووکن. بۆیاخچییەکە گەواهیی دەدا[134]. یەکەم جار وای زانیبوو نووستووە. پاشان وەک توێژاڵی زەردی لەسەر دەموچاوی دیبوو. بۆ لای قاچی چەرپاکەوە داتکابوون. دوابڕیار: زیادەڕەوی لە بەکارهێناندا. مردن بە ڕووداوی نەخوازراو. نامەکە. بۆ لیۆپۆڵدی کوڕم.

ئازار تەواو. ڕابوون تەواو. نەدارە و خاوەنی نییە[135].

عەرەبانەکە بە شەقامی بلێسینگتندا[136] بە خێرایی شەقەشەقی کرد. بەسەر ئەو بەردانەدا[137].

مارتن کەنینگهەم وتی:

- وا بزانم خێرامان کرد.

میستەر پاوەر وتی:

- خودا بکات لەسەر جادەکە قلْپمان نەکاتەوە.

مارتن کەنینگهەم وتی:

- هیوادارم شتی وا ڕوو نەدات. ئەوە دەبێت بە پێشبڕکێیەکی گەورەی سبەینێ لە ئەڵمانیا. گۆردن بێنێت[138].

میستەر دێدالۆس وتی:

- بەڵێ، ئەرێ بە خودا. باوەڕ بکە، ماڵی تەماشاکردن دەبێت.

کە پێچیان کردەوە بۆ ناو شەقامی بێرکەلی[139] ئۆرگنێکی گەڕۆک نزیک تانکییەکە[140] بەسەر و بە دوایاندا گۆرانییەکی فەرتەناویی پڕ شەقەشەقی هۆڵەکانی بۆیان نارد. کەس کێلیی لێرە بینیوە؟ ک ێ ل ی؟[141] *مارشی مردنی شاول*[142]. بەدکارە وەک ئەنتۆنیۆ. بە جێی هێشتم بە تەنیۆ[143]. پیرووێت[144]! *هاوسۆزیی ماتەر*[145]. شەقامی ئێکلس. ماڵەکەم لەوێیە. شوێنێکی گەورەیە. قاوشی بێچارەکانی لێیە. چەند هیوابەخشە. هەژارخانەی خانمەکەمان بۆ ئەوانەی دەمرن[146]. مردووخانەی ژێرزەمینەکە بەردەستە. لەو جێیەی خاتوو ڕیۆردەنی[147] پیر مرد. سامناک دیارن ژنەکان. کووپی خۆراکپێدانەکەی و سڕینی دەمی بە کەوچکەکە. ئینجا پەردەکەی دەوری چەرپاکەی تا بمرێت. خوێندکارێکی گەنجی چاک بوو کە جێی پێوەدانی هەنگەکەی بۆم برینپێچی کرد. پێیان وتم چووەتە خەستەخانەی منداڵبوونەکە[148]. لە ئەمپەڕی ئەمبەر بۆ ئەوپەڕی ئەوبەر.

عەرەبانەکە لە دەوری سووچێکدا غاری دا: وەستا.

- ئەم جارە چی بوو؟

ڕانێکی دابەشبووی وڵاخی داخنیشانکراو بە لای پەنجەرەکاندا تێپەڕین، دەیانبۆڕاند، لەسەر سمی بنبۆکراو تەپلۆسانە دەڕۆیشتن، کلکەکانیان بەسەر تەڕماڵە ئێسکاوییە گونکییەکانیاندا بە خاوی دەلەقاند. لە دەرەوەی ئەوان و بە ناویاندا مەڕی نیشانەکراو بە ڕەنگی سوور ڕایانکرد و ترسەکانیان دەباعاند.

میستەر پاوەر وتی:

- کۆچەرەکان.

دەنگی ئاژەڵلێخوڕەکە هاواری کرد:

- هۆۆش! هۆۆش! دوورکەوە[149]!

شوڵکەکەی لەسەر لاقەدیان دەنگی دەهات.

پێنجشەممەیە، بێگومان. سبەینێ ڕۆژی کوشتنە. مانگا ئاوسەکانیان. کوف[150] هەر سەرێکیانی بە نزیکەی بیست و حەوت کوید دەفرۆشت. وا بزانم بۆ لیڤەرپووڵ. گۆشتی برژاوی مانگا بۆ ئینگلتەرای پیر[151]. هەموو گەزوبەزاوییەکانیان دەکڕن. پاشان

بەشی پێنجەمی ون دەبێت: ئەو هەموو شتە کاڵانە، کەوڵ، تووک، قۆچ. لە ساڵێکدا دەبێت بە پارەیەکی زۆر. بازرگانیی گۆشتی مردوو. لابەرهەمەکانی کوشتارخانەکان بۆ هەڵاڵخانەکان[152]، سابوون، مارجەرین[153]. داخۆ هێشتا ئەو ساختەکارییە مابێت بۆ بەدەستهێنانی گۆشتی خراپ لە شەمەندەفەرەکەی کلۆنسیلاوە[154].

عەرەبانەکە بە ناو ڕانەکەدا کەوتەوە جووڵە.

میستەر بلووم وتی:

- تێناگەم بۆچی شارەوانی[155] هێڵێکی ترام لە پاڕکگەیتەکەوە بۆ لەنگەرگاکان[156] لێنادات. دەتوانرا بە واگۆن هەموو ئەو ئاژەڵانە بۆ بەلەمەکان ببرانایە.

مارِتن کەنینگهەم وتی:

- لە بری ئەوەی کە شاڕێکە داگیر بکەن. زۆر ڕاستە. دەبێت وا بکەن.

میستەر بلووم وتی:

- بەڵێ، ئینجا شتێکی تریش کە زۆر جار بیرم لێی کردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ترامی شارەوانی بۆ پرسە هەبێت وەک ئەوانەی لە میلان هەیانە[157]، خۆتان دەزانن. هێڵەکە بۆ دەروازەکانی گۆڕستان لێبدەن و ترامی تایبەت هەبێت، تەرمبەر و عەرەبانە و هەموو شتێک، تێدەگەن دەڵێم چی؟

میستەر دێدالۆس وتی:

- ئەوە چیرۆکێکی زۆر نایاب دەردەچێت. ترام بە ژووری نووستن و هۆڵی ژووری نانخواردنەوە.

میستەر پاوەر ئەمەی بۆ زیاد کرد:

- کۆڕنیش بۆ خۆی بێ شێو سەر دەنێتەوە.

میستەر بلووم ڕووی کردە میستەر دێدالۆس و پرسیی:

- بۆچی؟ ئەوە گونجاوتر نییە وەک لە غارغارێنی دوو ئەسپی هاوشانی یەک؟

میستەر دێدالۆس ددانی پێدا نا:

- بیرۆکەیەکی خراپ نییە.

مارِتن کەنینگهەم وتی:

- ئینجا دیمەنی واشمان تووش نابێت وەک ئەوەی کە تەرمبەرەکە لای دەنفییەوە[158] وەرگەڕا و دوودارەکەی بۆ سەر جادەکە قڵپ کردەوە.

ڕوخسارە تاساوەکەی میستەر پاوەر وتی:

- ئەوە زۆر جەرگبڕ بوو. ئینجا لاشەکە کەوتە سەر جادەکە. کە جەرگبڕ بووا!

میستەر دێدالۆس بە دەم سەرلەقاندنەوە وتی:

- ئەم پێچەی تر بێتەوە دەنفییە. جامی زێڕینی گۆردن بێنێت.

مارتن کەنینگهەم لەخواترسانە وتی:

- سوپاس و ستایش بۆ خوا!

بام! قڵپ. دوودارەیەک دەرپەڕییە سەر شەقامەکە. شەقی برد و کرایەوە. پادی دیگنەم لە عەبایەکی قاوەییدا کە زۆر بە بەری گەورە بوو دەرپەڕی و بەسەر خۆڵەکەدا بە ڕەپی تلاوتلی دەدا. دەموچاوی سوور: ئێستا بۆرە. دەمی بە کراوەیی داکەوتووە. دەپرسێت دەنگوباس چۆنە ئێستا. باشترە دابخرێت. بە کراوەیی ترسناک دیارە. ئینجا هەناو بە خێرایی شی دەبێتەوە. باشترە هەموو دەرچەکان دابخرێن. بەڵێ، ئەوانیش. بە مۆم. دەرچەی کۆمی فش. هەمووی توند دابخرێن.

کە عەرەبانەکە بە لای ڕاستدا پێچی کردەوە میستەر پاوەر ڕایگەیاند:

- دەنفی.

سووچەکەی دەنفی. عەرەبانەی پرسە ڕاوەستاون، پەژارەکانیان نوقم دەکەن. وەستانێک لای قەراغی ڕێگاکەوە. جێیەکی نایابە بۆ مەیخانە. پێشبینی دەکەم لە گەڕانەوەماندا بە یادی ئەوەوە بۆ خواردنەوەیەک لێرە لابدەین. سەرەخۆشییەک بە یەک بدەین. ئیکسیری ژیان[159].

بەڵام گریمان ئێستا ڕووی دا. داخۆ خوێنی لێ دێت با بڵێین ئەگەر لە کەوتنەخوارەوەکەیدا بزمارێکی پێدا بچێت؟ پێم وا بێت، لەوانەیە و لەوانەش نییە. کەوتووەتە سەر ئەوەی دەچێت بە کوێدا. سووڕی خوێن دەوەستێت. هێشتا ڕەنگە هەندێک لە شادەمارێکەوە دابدات. باشترە بە سوور کفنیان بکەن: سوورێکی تۆخ.

بە بێدەنگی بە شەقامی فیسبەرۆدا[160] لێیانخوڕی. تەرمبەرێکی بەتاڵ بە لایاندا لۆقاندی، لە گۆڕستانەکەوە دەهات: بارسووک دیارە.

پردی کرۆسگەن: کەناڵی پاشایی[161].

ئاو بەناو شەلەگەکاندا[162] بە هاژەهاژ هوروژمی دەبرد. پیاوێک لەسەر گەمیی بارهەڵگرەکەی، لە نێوان تۆپەڵی هەرێزەکاندا وەستا[163]. ئەسپێکی کەمەندشل لەسەر ڕێی کەنارەکە لای ئاوبەستەکەوە. لەسەر کەشتیی *بەگەبوو*[164].

چاوەکانیان تەماشایان کرد. لەسەر کەڵەکەکەی سواراو ببوو بەسەر ڕێ ئاوییە گژوگیاوییە سستەکەدا بەسەر ئایرلانددا بەرەو کەنار بە گوریسێکی بارکردن بە لای

چغرەکان و بەسەر ملّتە و بوتلّی لەقوڕداخنکاو و کەلاکی سەگدا ڕاکێشراوە. ئاثلۆن، مەلینگەر، مۆیڤالەی[165]، دەتوانم بە کەناڵەکەدا هەر بە پیاسە گەشتێک بکەم بۆ بینینی میلی. یان بە دووچەرخە بڕۆم. داشقەیەک بە کرێ بگرم، سەلامەتی. ڕێن[166] ئەو ڕۆژە لە تەندەرەکەدا دانەیەکی پێبوو بەڵام ژنانە بوو. پەرەپێدانی ڕێ ئاوییەکان. خولیاکەی جەیمز مەککان[167] بۆ ئەوەی لەسەر کەڵەکەکە بمگوازێتەوە. گواستنەوەی هەرزانتر. بە قۆناغی کورتکورت. ماڵەبەلەمەکان[168]. هەوار هەڵدەدەن. تەرمبەریش. بە ڕێی ئاویدا بۆ ئاسمان. ڕەنگە بێ نامە بڕۆم. شەبەیخوونی بکەم، لەیکسلیپ، کلۆنسیلا[169]. ئاوبەست بە ئاوبەست داگەڕان بەرەو دەبلن. لەگەڵ هەرێزی زەلکاوەکانی ناوەڕاستی وڵات. سڵاو. شەبقە پووشە قاوەییەکەی بۆ سڵاوکردن لە پادی دیگنەم هەڵبڕی.

ماڵی براینەن بۆرویان[170] تێپەڕاند و هەر لێیانخوڕی. وا نزیکین.

میستەر پاوەر وتی:

- داخۆ فۆگارتیی[171] هاوڕێمان چۆن بێت.

میستەر دێدالۆس وتی:

- باشترە لە تۆم کێرنەن بپرسیت.

مارتن کەنینگهەم وتی:

- چۆن؟ وا بزانم دەگری بە دەستیەوە[172]؟

میستەر دێدالۆس وتی:

- گەرچی لە بەرچاواندا نەماوی، بەڵام لە یاددا سەنگینی[173].

عەرەبانەکە بەرەو چەپ بۆ شەقامی فینگلەس[174] ئاژووت.

مەیدانی بەردتاشەکان لە لای ڕاستەوە. وێستگەی کۆتایی. شێوەی بێدەنگی ئاپۆراگرتوو لەسەر پەڵەزەوییەکە دەرکەوتن، سپی، خەمبار، دەستی ئارامیان لە یەک نابوو[175]، لە خەمدا چۆکیان دادابوو، نمایان دەکرد. کەرتی هەندێک لە شێوەکان، شکێنرابوون. لە بێدەنگیی سپیدا: هانا دەبەن. باشترین بەدەستهاتوو. تۆس ئێچ دێنانی[176]، دروستکەری ئارامگە و پەیکەرتاش.

تێپەڕین.

لەسەر شۆستەکەی بەردەم جیمی گییەری، جانکوشەکە[177]، گەدایەکی پیر دانیشت، بۆڵەبۆڵی دەکرد، خۆڵ و بەردی لە پووتە زلە باوێشکدەرەکەیدا دەردەهێنا کە بە قوڕ قاوەیی ببوو. دوای گەشتی ژیان.

ئینجا باخچە ماتەکان[178] بە لایاندا تێپەڕین: یەک دوای یەک: ماڵانی خەمناک.

میستەر پاوەر دەستی ڕاکێشا، وتی:

- ئا لەوێ بوو کە چایەڵدس کوژرا[179]، دواهەمین خانوو.

میستەر دێدالۆس وتی:

- وایە، داوایەکی جەرگبڕ. سەیمۆر بوش[180] فریای کەوت. براکەی خۆی کوشت. یان شتێکی وایان وت.

میستەر پاوەر وتی:

- دەوڵەت هیچ بەڵگەیەکی نەبوو.

مارتن کەنینگهەم بۆی زیاد کرد:

- تەنها نیشانەی لاوەکی[181]. ئەوە بنەمای یاسایە. باشترە نەوەد و نۆ تاوانبار هەڵبێن وەک لەوەی یەک کەسی بێتاوان بە هەڵە تاوانبار بکرێت[182].

تەماشایان کرد. زەویی بکوژ[183]. دڵتەنگکەرانە تێپەڕی. دەرگا و کرکرەی داخراو، چۆڵ، باخێکی بژارنەکراو[184]. هەموو شوێنەکە بووە بە دۆزەخ. بە هەڵە تاوانبارکراو. کوشتن. وێنەی بکوژەکە لە چاوەکانی کوژراوەکەدا[185]. خەڵک زۆر حەز دەکەن لەو باسانە بخوێننەوە. سەری پیاوێک لە باخێکدا دۆزراوەتەوە. جلەکانی ژنە پێکهاتبوو لە. چۆن ژنەکە مرد. تووڕەیی ئەم دواییانە. چەکی بەکارهاتوو. هێشتا بکوژەکە نەگیراوە. سەرەداوەکان. قەیتانێکی پێڵاو. دەبێت لاشەکە بۆ پشکنین لە گۆڕ دەربهێنرێتەوە. کوشتن هەر ئاشکرا دەبێ[186].

لەم عەرەبانەیەدا گۆج بووم. ڕەنگە حەز نەکات بەو جۆرە بێ ئاگادارکردنەوەی بچم بۆ لای. دەبێت لەگەڵ ژناندا وریا بیت. یەک جار بیانگریت کە دەرپێکانیان داکەندبێت. هەرگیز دوای ئەوە لێت خۆش نابن. پازدە.

شیشبەندە بەرزەکەی پرۆسپێکت[187] بە بەر نیگایاندا شەپۆلی دا. دارچناری تۆخ، شێوەی سپیی خاڵخاڵی[188]. شێوەگەلی زۆر دووبارەبووەوە، شێوەگەلی سپی لە ناو درەختەکاندا تێترنجابوون، شێوەگەلی سپی و پەیکەری شکاو بە بێدەنگی بە لایاندا تەوژمیان دەدا، ئاماژەی بێهوودەیان لە هەوادا ڕاگرتبوو.

پێچکەکە بە ڕەقی دای بە بەردی شۆستەکەدا: وەستا. مارتن کەنینگهەم قۆڵی دەرکرد و، کە دەسکەکەی بۆ دواوە ڕاکێشا، بە ئەژنۆی پاڵی بە دەرگاکەوە نا و کردیەوە. دابەزی. میستەر پاوەر و میستەر دێدالۆس بە دوایدا.

ئێستا ئەو سابوونە بگۆڕە. دەستی میستەر بلووم بە خێرایی قۆپچەی گیرفانی سەر سمتی کردەوە و سابوونە لەپەڕەپێچراوەکەی بۆ گیرفانی ناوەوەی دەستسڕەکەی

گواستەوە. لە عەرەبانەکە دابەزی، ڕۆژنامەکەی خستەوە جێی خۆی کە هێشتا دەستەکەی تری گرتبووی.

پرسەیەکی چۆڵ: واگۆنێک و سێ عەرەبانە. هەمووی وەک یەک وان. تەرمهەڵگرەکان، لغاوی زێڕین، ماسی مەرگ، تەقاندنی دەستوڕێژێک. ڕێوڕەسمی مردن. لە پشت عەرەبانەکەی دواوە چەرچییەک لای عەرەبانەی کێک و میوەکەی خۆیەوە وەستابوو. کێکی سیمنێڵن[189]، پێکەوە نووساون: کێک بۆ مردووان. پسکیتی سەگ[190]. کێ خواردنی؟ پرسەباران دێنە دەرەوە[191].

دوای هاوەڵەکانی کەوت. میستەر کێرنەن و نێد لەمبێرت دوایانکەوتن، جۆ هاینس بە دوایاندا دەڕۆیشت. کۆڕنی کێڵێهێر لای تەرمبەرە کراوەکەوە وەستا و دوو گوڵبەندەکەی دەرهێنا. یەکێکیانی دایە دەست کوڕەکە.

کوێرا پرسەی ئەو منداڵە دیار نەما؟

جووتێک ئەسپ لە فینگلەسەوە[192] بە پێکوتانی قورس تێپەڕین، واگۆنێکی جیڕەجیڕکەریان بەناو بێدەنگیی پرسەکەدا ڕادەکێشا کە تاوێرێکی گرانێتی لەسەر بوو. لێخوڕەکەی کە لە پێش سەریانەوە دەڕۆیشت سڵاوی کرد. ئینجا دووداره. بەو مردوویيەش پێش ئێمە گەیشتە ئێره[193]. ئەسپەکە بە پەڕە خواروخێچەکەیەوە تەماشای دەکرد. چاوی مات: ملەوانەکەی توند لەسەر ملی، فشار دەخاتە سەر دەمارێکی خوێن یان شتێک. ئایا دەزانن هەموو ڕۆژێک بە عەرەبانە چی دەهێنن بۆ ئێرە؟ دەبێت ڕۆژانە بیست یان سی پرسە بێت. ئینجا ماونت جێرۆمی[194] پرۆتستانتەکانیش. هەر خولەکێک لە هەر شوێنێک لە هەموو جیهاندا پرسە هەیە. لای عەرەبانەی بارەکەوە گۆڕیان بۆ هەڵدەکەنن و خێرا تێیان دەکەن[195]. هەر کاژێرەی هەزاران. زۆر لە جیهاندا.

پرسەبارەکان لە دەروازەکانەوە هاتنە دەرەوە: ژن و کچێک. ژنە بەدخووێکی شەویلگەلار، ژنێکی گیر لە سەوداد، بۆنێتەکەی[196] لار بوو. دەموچاوی کچە بە پیسی و فرمێسک لەکاوی ببوو، قۆڵی ژنەکەی گرتبوو، بۆ ئاماژەیەکی وێ هەڵدەڕوانی تا بگری. دەموچاوی ماسی، بێخوێن و ڕەنگبزرکاو.

لاڵەکان[197] شانیان دایە ژێر دووداره‌کە و لە دەروازەکانەوە بردیانە ژوورەوە. کێشی زۆری مردوو. خۆم هەستم کرد قورستر بووم کە لەو گەرماوەوە هاتمە دەرەوە. یەکەم جار لاشەکە: ئینجا هاوڕێیانی لاشەکە. کۆڕنی کێڵێهێر و کوڕەکە بە گوڵبەندەکانیانەوە دوایانکەوتن. ئەوە کێیە بە تەنیشتیانەوە؟ ئەها، ژنبراکەیەتی.

هەمووان بە دوایاندا ڕۆیشتن.

مارتن کەنینگهەم چرپاندی:

- له داخی تۆ خەریک بوو دڵم شەقی دەبرد کە لەبەردەمی بلوومدا باسی خۆکوشتنت دەکرد.

میستەر پاوەر چرپاندی:

- چی؟ بۆچی؟

مارتن کەنینگهەم چرپاندی:

- ئێ باوکی خۆی ژەهرخوارد کرد. میوانخانەی کوینسی هەبوو لە ئێنیس[198]. خۆ گوێت لێی بوو وتی دەچێت بۆ کلێر. ساڵانەکەیەتی.

میستەر پاوەر چرپاندی:

- ئەی خودا هاوار! ئەمە یەکەم جارە بیبیستم. خۆی ژەهرخوارد کرد؟

بە دەم قسەوە تەماشای دوای خۆی کرد بۆ ئەو جێیەی دەموچاوێک و چاوە تۆخە بیرکەرەوەکانی ڕوویان کردە ئارامگا مەزنەکەی کاردیناڵەکە[199].

میستەر بلووم پرسیی:

- ژیانی بیمە کرابوو؟

میستەر کێرنەن وەڵامی دایەوە:

- وا بزانم. بەڵام بیمەنامەکە بە قورسی بارمتە کرابوو. مارتن هەوڵ دەدات لاوەکە لە ئارتەین[200] دابمەزرێنێت.

- چەند منداڵی بە جێ هێشت؟

- پێنج. نێد لەمبێرت دەڵێت هەوڵ دەدات یەکێک لە کچەکان لای تۆد[201] دابمەزرێنێت.

میستەر بلووم بە نیانی وتی:

- چ بارێکی خەمهێنەرە. پێنج منداڵی گەنج.

میستەر کێرنەن ئەمەیشی وت:

- لێقەومانێکی گەورەیە بۆ ژنە داماوەکە.

میستەر بلووم قسەکەی پەسەند کرد:

- بێگومان، بەڵێ.

ئێستاش کاتی ئەوە پێی پێبکەنێت.

داڕوانی و تەماشای پێڵاوەکانی کرد کە ڕەشی کردبوونەوە و پۆڵیشی کردبوون. ژنەکەی لەو زیاتر ژیا. مێردەکەی لە دەست چوو. بۆ ژنەکە مردووترە وەک لە بۆ من. یەکێک دەبێت لە یەکێکی تر زیاتر بژی. پیاوە داناکان وا دەڵێن. لە جیهاندا ژنان لە پیاوان

زۆرترن[202]. سەرەخۆشیی لێ بکە. ئەم کۆستە گەورەیەت. هیوادارم بەم زووانە تۆش دوای بکەویت. تەنها بۆ بێوەژنە هیندۆسەکان[203]. شوو بە یەکێکی تر دەکاتەوە. پیاوەکە؟ نەخێر. کێش دەزانێت دوایی. لەو کاتەوەی شا پیرەکە مردووە بێوەژنبوون ئەوەندە هین نەماوە[204]. لەسەر عەرەبانەیەکی چەک ڕاکێشرا. ڤیکتۆریا و ئەلبێرت. ئارامگای یادگاریی فرۆگمۆر[205]. بەڵام لە کۆتاییدا کەمێک وەنەوشەی خستە ناو بۆنێتەکەیەوە[206]. لە ناخی دڵیدا لەخۆبایی بوو. هەمووی بۆ سێبەرێک. هاوسەر تەنانەت پاشاش نەبوو. کوڕەکەی گەوهەرەکە بوو[207]. شتێکی نوێ کە هیوا ببەخشێت نەک وەک ئەو وێ هەر چاوەڕێی دەکرد و دەیویست بگەڕێتەوە[208]. هەرگیز نایەتەوە. دەبێت یەکێکیان یەکەم جار بڕوات: بە تەنیا، بۆ ژێر گڵ: ئیتر لە ناو جێگا گەرمەکەی ئەودا ڕانەکشێت.

نێد لەمبێرت تەوقەی کرد و بە هێواشی وتی:

- چۆنیت سایمن؟ لە مێژە نەمدیویت.

- زۆر باشم. هەمووان لە خودی شاری کۆرک[209] چۆن بوون؟

نێد لەمبێرت وتی:

- لە دووشەممەی ئیستەردا بۆ پێشبڕکێکانی پارکی کۆرک[210] لەوێ بووم. هەر هەمان تاس و حەمامە و هیچ نەگۆڕاوە. لای دیک تیڤی[211] مامەوە.

- ئەی دیک چۆنە؟ پیاوە متمانەپێکراوەکە؟

نێد لەمبێرت وەڵامی دایەوە:

- هیچ لە نێوان ئەو و بەهەشتدا نییە.

میستەر دێدالۆس بە سەرسامییەکی دامرکاوەوە وتی:

- ئەرێ بە پۆڵسی پیرۆز! دیک تیڤیی کەچەڵ؟

نێد لەمبێرت دەستی بۆ پێشەوە ڕاکێشا و وتی:

- مارتن کۆمەکێک بۆ منداڵەکان کۆ دەکاتەوە. هەر یەکە و چەند شلنگێک. هەر بۆ ئەوەی تا بیمەکە پاک دەبێتەوە موداراتیان پێ بکات.

میستەر دێدالۆس بە دوودڵییەوە وتی:

- ئێ، ئێ. ئەوە کوڕە گەورەکەیە لە پێشەوە؟

نێد لەمبێرت وتی:

- بەڵێ، لەگەڵ برای ژنەکە. جۆن هێنری مێنتن[212] لە دواوەیە. ناوی خۆی نووسیوە کە کویدێک دەدات.

میستەر دێدالۆس وتی:

- بێگومان وای کردووە. زۆر جار بە پادیی داماوم دەوت دەبێت ئاگایەکی لەو کارەی بێت. جۆن هێنری ئێجگار ئەوەندە کەسێکی خراپ نییە.

نێد لەمبێرت پرسیی:

- چۆن لە دەستی دا؟ مەی؟ یان چی؟

میستەر دێدالۆس بە ئاهێکەوە وتی:

- ئەوە هەڵەی چەندین پیاوی باشە.

لە دەوری دەرگاکەی نوێژگەی مردووان وەستان. میستەر بلووم لە پشت کوڕەکەوە وەستا کە گوڵبەندەکەی پێبوو و داڕوانی و تەماشای قژە لووسداهێنراوەکەی و ملە باریکەلە دێراوبووەکەی ناو یەخە نوێکەی کرد. کوڕێکی داماو! لەوێ بووبێت کە باوکەکە؟ هەردووک بێهۆش. لە دواهەمین ساتدا ئاسوودە دەبێت و بۆ دواجار پێی دەزانێت. ئەو هەمووو شتانەی دەکرا بیکردنایە. سێ شڵنگی ئۆگرەیدی قەرزام[213]. ئایا تێدەگات؟ لاڵەکان دووداره‌کەیان بۆ ناو نوێژگەکە هەڵگرت. سەری لە کام لایە[214]؟

دوای ساتێک بە دوای هەمووواندا چووە ژوورەوە، لەبەر ڕووناکییە شکاوەکەدا چاوی دەتروکاند. دووداره‌کە لەبەردەم پێشنوێژگەکەدا لەسەر بنکەکەی دانرا، چوار مۆمی زەردی درێژ لە سووچەکانیدا. هەمیشە لە پێشماندا. کۆڕنی کێڵێهێر، کە گوڵبەندێکی لە هەر سووچێکی سەریدا دانا، ئاماژەی بە کوڕەکە دا کڕنۆش ببات. پرسەبارەکان لێرە و لەوێ لە ناو مێزی نوێژکردنەکانیاندا[215] کڕنۆشیان برد. میستەر بلووم لە پشتەوە نزیک تاسی خۆپیرۆزکردنەکە[216] وەستا و، کە هەمووان کڕنۆشیان برد، ڕۆژنامە قەدنەکراوەکەی بە وریایی لە گیرفانیەوە بەردایەوە و چۆکی بە ئەژنۆی ڕاستی دا لەسەری. شەبقە ڕەشەکەی بە هێواشی لەسەر ئەژنۆی چەپی گیر کرد و، کە لێوارەکەی گرت، لەخواترسانە چەمایەوە.

خزمەتکارێک لە دەرگایەکەوە هات و سەتڵێکی مسی هەڵگرتبوو کە شتێکی تێدا بوو[217]. قەشە سەربەرگسپییەکە بە دوایدا هات، بە دەستێک شانپۆشەکەی ڕێک دەکردەوە، بە ئەوی تریش پەڕتووکێکی بچووکی بە ورگە قوڕباقئاساکەی[218] هاوسەنگ دەکرد. کێ پەڕتووکەکە دەخوێنێت؟ قەلەڕەشەکە وتی من[219].

لای بنکی دارتەرمەکەوە ڕاوەستان و قەشەکە بە قیرەقیرێکی پاراوەوە کەوتە خوێندنەوەی پەڕتووکەکەی.

بابە کۆفی[220]. زانیم ناوەکەی وەک کفن وایە. دۆمینێنامینێ[221]. بە قەپۆزیدا ملهوڕ دیارە[222]. سەرگەورەیی نمایشەکە دەکات. مەسیحییەکی ماسولکەدار[223]. وەی بە حاڵی هەر

یەکێک کە پێی بڵێ لەل: قەشە. تۆ پەترۆسی[224]. دێدالۆس دەڵێت لابەلا وەک مەڕی ناو لەوەڕ هەڵدەتیزێنێت. بەو ورگەیەوە دەڵێیت تووتکەیەکی ژەهراوییە. ئەو کابرایە جەفەنگیترین دەربڕینی لایە. ههن: لابەلا هەڵدەتیزێنێت.

- *نۆن ئینترێس ئین جودیکوم کوم سێرڤۆ توۆ، دۆمینێ*[225].

واپان لێ دەکات زیاتر هەست بە گرنگی بکەن کە بە لاتینی نوێژیان لەسەر دەخوێنرێت. ماسی پرسە[226]. شیوەنگێڕە ڕەشپۆشەکان[227]. یادنامەی سووچڕەش. ناوت لە قوربانگانامەکەدا[228]. شوێنێکی سادە ئێرە. دەیەوێت باش بخوات، بە درێژایی هەموو بەیانییەکە لەوێ لەو تاریکییەدا دادەنیشێت و لە چاوەڕوانیدا وەڕس بووە بۆ دواتر بفەرمێت. چاویشی هەر هی قوڕباقە. چی بەو شێوەیە هەڵیدەئاوسێنێت؟ مۆڵی دوای کەلەرم هەڵدەئاوسێت. ڕەنگە هەوای شوێنەکە بێت. وا دیارە سیخناخ بووبێت لە گازی خراپ. لەوانەیە دەوروبەری شوێنەکە گازی خراپی زۆر لێبێت. بۆ نموونە قەسابەکان: وەک گۆشتی کاڵی مانگایان لێ دێت. کێ بوو پێی وتم؟ مێرڤین براون[229]. لە خوارەوە لە ناو تاقەکانی سانت واربەرادا[230] ئۆرگنە کۆنە دانسقەکەی[231] سەد و پەنجا دەبێت هەندێک جار کونێک بخەنە ناو دوودارەکانەوە تا گازە خراپەکان دەربچن و بیانسووتێنن[232]. بە هوروژم دەردەپەڕێن: شین. یەک هەناسە و تیاچوویت.

کڵاوەی ئەژنۆم دەئێشێت. ئۆف. ئاوا باشترە.

قەشەکە چیلکەیەکی لە سەتڵی کوڕەکە دەرهێنا کە سەرەکەی گرێیەکی خڕی پێوە بوو و بەسەر دوودارەکەدا ڕایوەشاند[233]. پاشان چووە سەری ئەوسەر و دووبارە ڕایوەشاند. ئینجا گەڕایەوە و خستیەوە ناو سەتڵەکە. هەر وەک خۆت پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکەیت. هەمووی نووسراوە: دەبێت بیکات.

- *ئێت نێ نۆس ئیندوکاس ئین تێنتاتیۆنیم*[234].

خزمەتکارەکە وەڵامەکانی بە تۆنی تیژ دەزریکاند. زۆر جار بیرم کردووەتەوە کە باشترە خزمەتکاری کوڕت هەبێت. تا پازدە یان شتێکی وا. دوای ئەوە، بێگومان...

ئاوی پیرۆز بوو ئەوە، پێم وایە. نووستنی لێوە دەپرژێنێت. ڕەنگە لەو کارە بێزار بووبێت، ئەو شتە دەپرژێنێت بەسەر هەموو ئەو تەرمانەدا کە بۆی کەڵەکە دەکەن. چی دەبوو گەر بیتوانیایە ببینێت چی بەسەردا دەپرژێنێت. هەموو ڕۆژێکی نەپاو[235] و کۆمەڵێکی نوێ: پیاوی تەمەن ناوەنجی، پیرەژن، منداڵ، ئەو ژنانەی لە کاتی منداڵبووندا مردوون، پیاوی ڕیشن، خاوەنکاری کەچەڵ، کچی سیلاوی و مەمکی وەک چۆلەکەی بچووک. ساڵ دوازدەی مانگ هەمان نوێژی بەسەر هەموویاندا خوێند و ئاوی بەسەریاندا پرژاند: نووستن. ئێستاش بەسەر دیگنەمدا.

- *ئین پارادیسوم*[236].

وتی دەچێتە بەهەشتەوە یان لە بەهەشتدایە. ئەوە بەسەر هەمووان‌دا دەڵێت. جۆرە کارێکی ماندووکەرە. بەڵام هەر دەبێت شتێک بڵێت.

قەشەکە پەرتووکەکەی داخستەوە و ڕۆیشت، خزمەتکارەکەش بە دوایدا. کۆڕنی کێڵێهێر دەرگاکانی لاکەی کردەوە و گۆڕهەڵکەنەکان هاتنە ژوورەوە، دیسان دووداره‌کەیان هەڵبڕی، هەڵیانگرت و بردیانە دەرەوە و خستیانە سەر عەرەبانەی بارەکەیان. کۆڕنی کێڵێهێر گوڵبەندێکی دایە دەست کوڕەکە و ئەوی تری دا بە ژنبراکە. هەمووان بە دەرگاکانی لاکەدا بۆ ناو هەوا فێنکە بۆرباوەکە دوایانکەوتن. میستەر بلووم دواهەمین کەس هات و دیسان ڕۆژنامەکەی قەد کردەوە بۆ ناو گیرفانی. بە سەنگینی تەماشای زەوییەکەی کرد تا عەرەبانەی دوودارەکە بەرەو چەپ کەوتە گەڕ. چەرخە کانزاکان بە قیژەیەکی تیژی جیڕ چەوەکەیان پان کردەوە و دەستەی پێڵاوە نووکخڕەکان بە درێژایی ڕاڕەوی گۆڕستانەکە بە دوای عەرەبانە ڕاکێشراوەکەدا ڕۆیشتن.

ذە ڕی ذە ڕا ذە ڕی ذە ڕا ذە ڕۆ. ئەی خودایە، نابێت لێرەدا بکەومە گۆرانی.

میستەر دێدالۆس بە ئەوانەی دەوری خۆی وت:

- بازنەکەی ئۆکانەڵ[237].

چاوە ئارامەکانی میستەر پاوەر بۆ تەوقەسەری قووچەکە بڵندەکە چوو. وتی:

- لە ناو گەلەکەی خۆیدا پشووی داوە، دان ئۆی پیر. بەڵام دڵی لە ڕۆما نێژراوە[238]. ئای سایمن، چەند دڵی شکاو ئا لێرەدا نێژراون!

میستەر دێدالۆس وتی:

- جاک، گۆڕەکەی ئەوەتا ئا لەوێدا[239]. منیش بەم زووانە لە تەنیشتیەوە ڕادەکشێنرێم. با خودا هەر کاتێک خۆی ویستی بمباتەوە.

خۆڕاگریی لێ بڕا، بە بێدەنگی کەوتە گریان بۆ خۆی، لە ڕۆیشتنەکەیدا کەمێک ڕەتی برد. میستەر پاوەر قۆڵی گرت.

بە بەزەییەوە وتی:

- ئەوێی باشترە کە ئێستا لێیەتی.

میستەر دێدالۆس بە هەنسکێکی کزەوە وتی:

- منیش پێم وایە. پێم وا بێت لە بەهەشتدایە ئەگەر بەهەشت هەبێت.

کۆڕنی کێڵێهێر لە ڕیزەکەی خۆی لایدا و ڕێی بە پرسەباران دا بە لایدا بڕۆن.

میستەر کێرنەن بە ڕەوشتەوە دەستی پێ کرد:

- بۆنەی خەمناک.

میستەر بلووم چاوەکانی نووقاند و دوو جار خەمگینانە سەری دانەواند.

میستەر کێرنەن وتی:

- ئەوانی تر شەبقەکانیان دەخەنەوە سەریان، پێم وا بێت ئێمەش دەتوانین وا بکەین. ئێمە دواهەمینین. ئەم گۆڕستانە جێیەکی تۆقێنەرە[240].

سەریان داپۆشی.

میستەر کێرنەن بە سەرزەنشتەوە وتی:

- کاکی قەشە خزمەتەکەی هەر لە کورتی بڕاندەوە، ئێوەش وا نالێن؟

میستەر بلووم بە سەنگینی سەری بۆی لەقاند و تەماشای چاوە خوێنتێزاوە خێراکانی دەکرد. چاوانی نهێنی، ڕازگەڕ[241]. وا بزانم ماسۆنییە: دڵنیا نیم. دیسان لە تەنیشتیەوە. ئێمە دواهەمینین. لە هەمان بەلەمداین[242]. هیوادارم باسی شتێکی تر بکات.

میستەر کێرنەن ئەمەی تریشی وت:

- خزمەتەکەی کڵێسای ئایرلاندی[243] لە ماونت جێرۆم دەکرێت سادەترە، بەڵام دەتوانم بڵێم سەرنجڕاکێشترە.

میستەر بلووم پەسەندکردنێکی وریایانەی دا. بێگومان زمانەکە شتێکی تر بوو.

میستەر کێرنەن بە هەیبەتەوە وتی:

- *منم زیندووبوونەوە و ژیان*[244]. ئا ئەوە کار لە ناخی دڵی مرۆڤ دەکات.

میستەر بلووم وتی:

- بەڵێ، ڕاستە.

ڕەنگە دڵی تۆ، بەڵام بەو کەسە چی کە لە شەش پێ بە دوو پێیەکدا[245] بێت و پەنجەکانی قاچی لە گوڵنیشاندا بن؟ ئەوە کاریگەریی نییە. نشینگەی ئارەزوو. دڵی شکاو. دواجار پەمپێک، ڕۆژانە هەزاران گاڵۆن خوێن پەمپ دەکات. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش دەوەستێت: ئینجا دە برۆ دەی. زۆرێکیان لەم ناوەدا لێرە ڕاکشاون: سی، دڵ، جگەر. پەمپی کۆنی ژەنگاوی: ئیتر ئەوە هەموویەتی. زیندووبوونەوە و ژیان. کە مردیت ئیتر مردوویت. ئەو بیرۆکەی ڕۆژی دواییە[246]. هەموویان لە گۆڕەکانیاندا قیت دەکرێنەوە. لەعازر وەرە دەرەوە[247]! ئەویش پێنجەم دەرچوو و کارەکەی لە دەست چوو[248]. هەڵبستە! ڕۆژی دواییە! ئینجا هەموو کەسێک بە دوای جگەر و سی و هەناو و بارگەوبنەی خۆیدا دەکەوێتە ڕاوەمشک[249]. بەو بەیانییە بەزمی دۆزینەوەی خۆی. خوردەکێشێک تۆز لە کەللەیەکدا. دوازدە گرام یەک فلسەکێش. کێشانەی تروا[250].

کۆڕنی کێڵێهێر لە لایانەوە هاوهەنگاو بوو. وتی:

- هەموو شتێک بە نایابی تێپەڕێنرا. ها؟

لە چاوە سستەکانیەوە تەماشای خستە سەریان. شانی پۆلیس. لەگەڵ تورەلووم تورەلوومەکەت[251].

میستەر کێرنەن وتی:

- چۆن پێویستی دەکرد ئاوها بوو.

کۆڕنی کێڵێهێر وتی:

- چی؟ ها؟

میستەر کێرنەن دڵنیای کردەوە.

جۆن هێنری مێنتن پرسیی:

- ئەو کابرایە کێیە کە لەگەڵ تۆم کێرنەندایە لە پشتەوە؟ شێوەی دەکەم.

نێد لەمبێرت ئاوڕی دایەوە. وتی:

- بلووم. خاتوو ماریۆن تویدی کە کاتی خۆی، ئێستا، مەبەستم سۆپرانۆکەیە. ژنی ئەوە.

جۆن هێنری مێنتن وتی:

- ئەها، هەر ویستم دڵنیا بم. دەمێکە ژنەکەیم نەدیوە. ژنێکی قەشەنگ بوو. لەگەڵیدا سەمام کردووە، بوەستە، پازدە حەڤدە ساڵی زێرین لەمەوبەر[252]، لای مات دیلن لە ڕاوندتاون[253]. ئینجا پڕبەباوەش بوو.

بەناو ئەوانی تردا سەیری دواوەی کرد. پرسیی:

- ئەو چییە؟ چی دەکات؟ لە بواری پەڕاوگەدا نەبوو؟ ئێوارەیەک کەوتمە قرەقرەوە لەگەڵیدا، بیرمە، لە یاریی بۆوڵدا.

نێد لەمبێرت بزەی کرد. وتی:

- بەڵێ، وا بوو. لە ویزدەم هێڵی[254]. فرۆشیاری گەرۆکی پەرەی مژۆک بوو.

جۆن هێنری مێنتن وتی:

- ئاخر بڵێ خوایە گیان، بۆچی شووی بە بیژییەکی[255] وا کردووە؟ ژنەکەی کاتی خۆی ئاینوئۆینی زۆری هەبوو[256].

نێد لەمبێرت وتی:

- ئێستاش هەنی. ڕێکخستن بۆ هەندێک ڕیکلام دەکات.

چاوە گەورەکانی جۆن هێنری مێنتن بەرەو پێش ڕوانیان.

عەرەبانەکە پێچی کردەوە بۆ ناو ڕاڕەوێکی تەنیشتەوە. پیاوێکی کەتە، لە ناو گژوگیاکاندا ئابلۆقە درابوو، شەبقەکەی بۆ ڕێز هەڵبڕی. گۆڕهەڵکەنەکان دەستیان دا لە کڵاوەکانی خۆیانەوە.

میستەر پاوەر بە دڵخۆشییەوە وتی:

- جۆن ئۆکانەڵ[257]. هەرگیز هاوڕێی خۆی لە یاد ناچێت.

میستەر ئۆکانەڵ بە بێدەنگی لەگەڵ هەموویاندا تەوقەی کرد. میستەر دێدالۆس وتی:

- دیسان هاتم تا سەردانت بکەم.

کاربەڕێکەرەکە بە دەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە:

- سایمن گیان، بە هیچ شێوەیەک کڕیاری تۆم ناوێت.

کە سڵاوی لە نێد لەمبێرت و جۆن هێنری مێنتن کرد ڕۆیشت بۆ لای مارٹن کەنینگهەم و دوو کلیلی درێژی بەسەر پشتیدا مەتەڵاند[258]. لێی پرسین:

- ئەوەی مەلکاهیی کوومبتان[259] بیستووە؟

مارٹن کەنینگهەم وتی:

- نەخێر.

پێکەوە شەبقە ئاوریشمەکانیان دانەواند و جۆ هاینس گوێی نزیک کردەوە. کاربەڕێکەرەکە کەڵەموستی لە قوڵفەی زنجیری کاتژمێرە زێڕەکەی گیر کرد و بە تۆنێکی ئاگادارانەوە بۆ بزە بۆشەکانیان دووا. وتی:

- دەگێڕنەوە دەڵێن ئێوارەیەکی تەماوی دوو سەرخۆش هاتوون بۆ ئێرە بۆ گەڕان بە دوای گۆڕی هاوڕێیەکیاندا. سۆراخی مەلکاهیی کوومب دەکەن و پێیان دەوترێت لە کوێ نێژراوە. دوای گەڕانێک بەناو تەمەکەدا گۆڕەکە دەدۆزنەوە. یەکێک لە سەرخۆشەکان ناوەکە بە حونجە دەخوێنێتەوە: تێرێنس مەلکاهی. سەرخۆشەکەی تریان چاو لەسەر پەیکەرێکی عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان دەترووکێنێت کە بێوەژنەکە دایناوە.

کاربەڕێکەرەکە چاوی لە یەکێک لەو کێڵانە داگرتەوە کە تێیانپەڕاند. ئینجا دەستی پێ کردەوە:

- ئینجا کە چاو لە بیچمە پیرۆزەکە دادەگرێتەوە دەڵێت: هیچ *لە خۆی ناچێت. ئەوە مەلکاهی نییە، هەر کەسێکیش دروستی کردبێت.*

که بزەی پاداشتی وەرگرت کەوتەوە دواوە و لەگەڵ کۆڕنی کێڵێهێردا دووا، لیستەکانی لێی وەرگرت کە پێی دا، ئەمدیو و ئەودیوی کردن و بە دەم ڕۆیشتنەوە چاوی پیایاندا خشاند.

مارڕتن کەنینگهەم بۆ جۆ هاینسی ڕوون کردەوە:

- ئەوە هەمووی بە مەبەست وای وت.

جۆ هاینس وتی:

- دەزانم، ئەوە دەزانم.

مارڕتن کەنینگهەم وتی:

- تەنها بۆ دڵدانەوە بوو. تەنها بەزەیی ڕووت بوو: هیچی تر نەبوو.

میستەر بلووم بە کەتەییە پڕەکەی کاربەڕێکەرەکە سەرسام بوو. هەمووان دەیانەوێت لەگەڵیدا کۆک بن. پیاوێکی بەڕێزە، جۆن ئۆکانەڵ، بە ڕاستی جۆرە مرۆڤێکی باشە. دوو کلیل: وەک ڕیکلامەکەی کیز[260]: بێترس لەوەی هیچ یەکێک بێتە دەرەوە. لەهۆشخۆچوون ناپشکنرێت. *هابیاس کۆرپوس*[261]. دەبێت دوای پرسەکە بە دوای ئەو ڕیکلامەوە بچم. ئەرێ بۆلسبریدجم لەسەر ئەو زەرفی نامەیە نووسی کە بۆ داپۆشین دامنا کاتێک وێ بێزاری کردم کە بۆ مەرسام دەنووسی[262]؟ هیوادارم لە نووسینگەی نامە فەرامۆشکراوەکاندا فڕێ نەدرێت. پێویستی بە تەراشێکە. ڕیشی بۆری بژ. ئەوە یەکەم نیشانەیە کە تاڵی مووەکان بە بۆری دێنەوە. خوو و ڕەفتاریش گرژ دەبێت. تاڵی زیوینی ناو بۆرەکان[263]. وێنا بکە ژنی ئەو بوویتایە. داخۆ چەند جەربەزە بووبێت کە خوازبێنیی کچی کردووە. وەرە و لە گۆڕستانەکەدا بژی. بەوە کچەکەی تاو داوە. لەوانەیە سەرەتا ئەوە موچڕکەی بە کچەکەدا هێنابێت. دڵداریی مەرگ. تاپۆکانی شەو بەسەر هەموو مردووە ڕاکشاوەکانی ئێرەدا سوارڤا دەسووڕێنەوە. سێبەری گڵکۆکان کاتێک گۆڕستانەکان باوێشک دەدەن[264] و دەبێت دانیەڵ ئۆکانەڵ[265] وەچەیەک بێت پێم وا بێت کێ بوو کە دەیوت کە ئەو پیاوێکی سەیری فرەوەچاخ بوو[266] کاسۆلیکێکی مەزن بوو کە هەمان شتە وەک زەبەلاحێکی گەورەیە لە تاریکیدا[267]. گێژەکڵپە[268]. گازی گۆڕەکان. دەیەوێت ئەوە لە مێشکیدا دەربکات تا دووگیان ببێت[269]. ژنان بە تایبەتی زۆر ئاسان کاریگەرییان لەسەر دادەنرێت. چیرۆکێکی دێو و درنجی بۆ بگێڕەوە لە ناو جێدا تا بنوێت. ئایا تۆ هەرگیز خێوت دیوە؟ بەڵێ، دیومە. شەوێکی تاریکونووتەک بوو. کاتژمێرەکە خەریک بوو لەسەر دوازدە لێی دەدا. بەڵام ئەگەر بە جوانی بوروژێنرێن[270] چاک ماچاچێن دەکەن. قەحبەکانی گۆڕستانە تورکییەکان[271]. هەموو شتێک فێر دەبن ئەگەر لە گەنجیدا فێر کرابن.

ڕەنگە بێوەژنێکی گەنجت لێرە دەست بکەوێت. پیاوان حەزیان لەوەیە. خۆشەویستی لە نێو کێلی گۆڕەکاندا. ڕۆمیۆ[272]. بەهاراتی چێژ. لە ناوجەرگەی مردندا لە ژیاندایین[273]. هەردوو سەرەکە بە یەک دەگەن. بۆ مردووە داماوەکان تامیتامیکردنە[274]. بۆنی کەبابی برژاو بەسەر لەبرسدامردووەکاندا. ئەندامەکانی هەناویان دەگەزن. ئارەزووی سوێکردنەوەی خەڵک. مۆلی دەیەوێت لەبەر پەنجەرەکەدا وا بکات. بەهەرحاڵ وی هەشت منداڵی هەیە[275].

لە سەردەمی خۆیدا زۆرێکی دیوە چوونەتە ژێر گڵەوە، پەڵەزەوی دوای پەڵەزەوی بە دەوریدا ڕاکشاون. زەویی پیرۆز. شوێنی زیاتر دەبێتەوە ئەگەر بە پێوە بیاننێژن. بە دانیشتوویی و چەماوەیی ناتوانرێت. بە پێوە[276]؟ لەوانەیە ڕۆژێک لە داڕووخانێکی زەویدا سەری دەربپەڕێتە سەر ڕووی زەوییەکە و بە دەستی ئاماژە بکات. دەبێت هەموو زەوییەکە وەک شانەی هەنگوین بێت: خانەی هێلکەیی درێژکۆلە. ئەویش زۆر ڕێکوپێک ڕایبگرێت: پەڕاوێز و گژوگیاکانی ببڕێت. پێشڕەو گامبڵ[277] بە ماونت جێرۆم دەڵێت باخەکەم. باشە، با وا بێت. دەبێت گوڵی نووستن بن. ماستیانسکی پێی وتم گۆڕستانە چینییەکان و خەشخاشە زەبەلاحەکان کە گەشە دەکەن باشترین تلیاک بەرهەم دەهێنن. باخچە ڕوەکییەکان[278] ئەوەتا لەوێوە. ئەو خوێنەی لە زەویدا نوقم دەبێت ژیانی نوێ دەبەخشێت. هەمان بیرۆکەی ئەو جووانە بوو کە وتیان گوایە کوڕە مەسیحییەکەیان کوشت[279]. هەر کەسە و نرخی خۆی. لاشەی قەڵەوی باشپارێزراو، پیاوی خانەدان، نەوسن، بۆ باخی میوە بەسوودە. ئاڵووێرێک. لاکی ویلیەم ویڵکنسن[280]، ژمێریار و وردبین، تازە مردووە، بە سێ پاوەن و سێزدە شلنگ و شەش پنس. لەگەڵ ڕێزدا.

دڵنیام خاک بە پەینی لاشە و ئێسک و گۆشت و نینۆک چاک بەپیت دەبێت. لاشەخانەکان. ترسناک. کە شی دەبنەوە سەوز و پەمەیی هەڵدەگەڕێن. لە زەویی شێداردا خێرا شی دەبنەوە. پیرە ڕەقەڵەکان جیڕترن. ئینجا بە جۆرێک پیویی جۆرێکی پەنیری. ئینجا ڕەش هەڵدەگەڕێن، دۆشاوی ڕەشیان لێوە دەردەدزێت. پاشان وشک دەبنەوە. شاپەپوولەی مەرگ[281]. بێگومان خانەکان یان هەر شتێکن بەردەوام دەژین. دەگۆڕێن. لە ڕاستیدا بۆ تاتایە دەژین. هیچ نەبێت بیخۆن خۆیان دەخۆن.

بەڵام کرمۆکەی بێشومار هەڵدەهێنن. دەبێت خاک بە سانایی لەگەڵیاندا بسوورێت. سەرت بۆیان دێتە سوورۆن. ئەو جوانی سەر کەنارانە[282]. بەشی خۆی ڕووخۆشانە لێی دەڕوانێت. هەستێکی بەهێزیی دەداتێ کە دەبینێت هەموو ئەوانی تر پێش ئەو دەچنە ژێر گڵەوە. داخۆ چۆن تەماشای ژیان بکات. نوکتەکانیشی دەگێڕێتەوە: پەڕەکانی دڵی گەرم دەکاتەوە. نوکتەی هەواڵنامەکە. سپێرجن کاتژمێر ٤ی ئەم بەیانییە

چووە بۆ بەهەشت. کاتژمێر ١١ی ئێوارە (کاتی داخستن[283]). هێشتا نەگەیشتووە. پەترۆس. تەنانەت مردووەکان خۆیشیان هیچ نەبێت پیاوەکان حەز دەکەن نوکتەیەکی سەیر ببیستن یان ژنەکان بزانن چی لە مۆدەدایە. هەرمێیەکی تەڕوبڕ یان پەنچی[284] خانمان، گەرم، بەهێز و شیرین. شێ ناهێڵێت. دەبێت هەندێک جار پێبکەنیت بۆیە باشترە وەها پێبکەنیت. گۆڕهەڵکەنەکانی *هاملێت*[285]. زانیاریی قووڵی دڵی مرۆڤ دەردەخات[286]. دەبێت لانیکەم تا دوو ساڵ نوکتە لەسەر مردووان نەکەیت. *دێ مۆرتویس نیل نیسی پریوس*[287]. جارێ لە پرسەکە تەواو ببە. سەختە وێنای پرسەکەی بکات. وەک نوکتە وایە. دەڵێن ئاگاداریی مەرگنامەی خۆت بخوێنیتەوە تەمەنت درێژتر دەبێت. هەناسەیەکی ترت پێ دەبەخشێت. هەلێکی نوێی ژیان.

کاربەڕێکەرەکە پرسیی:

- چەندت هەیە بۆ سبەینێ؟

کۆڕنی کێلێهێر وتی:

- دووان. دە و نیو و یازدە.

کاربەڕێکەرەکە پەڕەکانی خستە ناو گیرفانیەوە. عەرەبانەکە لە ڕۆیشتن وەستا. پرسەباران دابەش بوون و هەر یەکەیان بەرەو لایەکی چاڵەکە ڕۆیشتن، بە وریاییەوە بە دەوری گۆڕەکاندا هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە. گۆڕهەڵکەنەکان دووداەرکەیان هەڵگرت و لووتەکەیان خستە سەر لێوارەکە، پێبەستەکانیان بە دەوریدا گرێ دەدا.

دەینێژن. بۆ ناشتنی قەیسەر هاتووین[288]. ناوەڕاستی ئادارەکەی یان حوزەیرانەکەی[289]. نە دەزانێت کێ لێرەیە و نە بە لاشیەوە گرنگە.

ئەو لەندەهووورە نالەبارەی ئەوێ کێیە کە ئەو ماکنتۆشەی[290] لە بەردایە؟ دە ئەوە کێیە حەز دەکەم بزانم؟ ئێستا شتێک پارەش دەدەم تا بزانم کێیە. هەمیشە یەکێک قوت دەبێتەوە کە هەرگیز خەونیشت پێوەی نەدیوە. مرۆڤ دەتوانێت هەموو ژیانی بە تەنیا بژی. بەڵێ، دەتوانێت. ئەگەر خۆیشی بتوانێت گۆڕی خۆی هەڵبکەنێت هێشتا هەر کەسێکی پێویستە خۆڵی بە سەردا بداتەوە دوای ئەوەی دەمرێت. هەمووومان پێویستمان بە یەکێکە[291]. تەنها مرۆڤ دەنێژێت. نا، مێروولەش[292]. یەکەم شتە کە بە خەیاڵی هەر کەسێکدا دێت. مردووان بنێژن. دەڵێن ڕۆبنسن کروزۆ بە ڕاستی ڕووی داوە. دە کەچی هەینی ناشتی[293]. ئەگەر بێیت بیری لێ بکەیتەوە هەموو هەینییەک پێنجشەممەیەک دەنێژێت.

*مام ڕۆبنسن کروزۆ، پیرە بەستەزمانەکە!*
*چۆن توانیت وەها بکەیت*[294]؟

دیگنەمی داماو! دواهەمین ڕاکشانی لەسەر زەوی لە قتووەکەی خۆیدا. کە بیر لەو هەمووە دەکەیتەوە لە بەفیڕۆدانی تەختە دەچێت. هەموویان بە گەستن کون دەکرێن. دەیانتوانی بنکەی دوودارەیەکی ڕێکوپێکتر دابهێنن کە جۆرە تەبەقێکی هەبێت کە بخزێت، بەو شێوەیە دایبنێت. ئاخر بەڵام لەوانەیە دژی ئەوە بوەستنەوە کە لە هی یەکێکی تردا بنێژرێن[295]. زۆر تایبەتخوازن. لە زێدی خۆمدا بمنێژن. تۆزێک لە گڵی خاکی پیرۆز[296]. تەنها دایک و منداڵی مردەزاو[297] لە ناو یەک دوودارەدا نێژراون298. تێدەگەم مەبەستەکە چییە. تێدەگەم. بۆ ئەوەی تا ئەوەندەی بکرێت تەنانەت لە ناو زەویشدا هەر بیپارێزێت. ماڵی پیاوی ئایر دوودارەکەیەتی[299]. لە گۆڕستانی ژێرزەمینیدا دەرمانی پارێزگارییان پێدا دەکرێت، مۆمیاکردنیش هەمان بیرۆکەیە.

میستەر بلووم لە دوای دواوە وەستا، شەبقەکەی بە دەستیەوە بوو، سەرە ڕووتەکانی دەژمارد. دوازدە. من سێزدەم. نا. کابرای ماکنتۆشەکە سێزدەیە. ژمارەی مەرگ[300]. سەری لە قوڕ بنێت ئاخر لە کوێوە سەری جووقاند؟ لە نوێژگەکە نەبوو، لەسەر ئەوە سوێند دەخۆم. ئەو بابەتی سێزدەیە گەندەباوەڕێکی گەوجانەیە.

ئەو چاکەتەی نێد لەمبێرت خورییەکی جوان و نەرمە. تەنکەڕەنگێکی مۆر. دانەیەکی وەک ئەوەم هەبوو کە لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا دەژیاین. ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێکی پۆشتە بوو. جاران ڕۆژانە سێ جار قاتی جلەکانی دەگۆڕی. دەبێت ئەو قاتە بۆرەم ببەم بۆ لای مەسایاس[301] تا بۆم بنوشتێنێتەوە. کوڕە هۆ. خوم کراوە. ژنەکەی بیرم نەبوو هاوسەرگیریی نەکردووە یان خانمی خاوەنماڵەکەی دەبێت ئەو تەقەڵانەی بۆ ڕەنگ کردبێت[302].

دوودارەکە نوقم کرا و لە بەرچاو ون بوو، ئەو پیاوانەی لەسەر پێچکەکانی گۆڕەکە گەڵیان فش کردبووەوە بەرەو خوار دایانگرت. بۆ سەرەوە کۆشان و ئینجا بۆ دەرەوە: پاشان هەموان کڵاوەکانیان داکەند. بیست.

وچان.

ئەگەر هەموومان لەناکاو یەکێکی تر دەبووین.

لە دوورەوە کەرێک زەڕی. باران[303]. کەری وا نییە. دەڵێن هەرگیز تۆپیوێک نابینیت[304]. شەرمەزاریی مەرگ. خۆیان دەشارنەوە. بابەی داماویشم هەر دیار نەما.

بای فێنکی هێمن بە چرپە بە دەوری سەرە ڕووتەکاندا شنا. چرپە. کوڕەکەی لای سەری گۆڕەکەوە بە هەردوو دەست گوڵبەندەکەی گرتبوو بە بێدەنگی تەماشای بۆشاییە ڕەشە کراوەکەی دەکرد. میستەر بلووم چووە پشت کاربەڕێکەرە کەتە نەرمونیانەکەوە. کەوای باشبڕاو. لێیان ورد دەبێتەوە لەوانەیە بۆ ئەوە بێت بزانێت دواتر سەرەی کامیانە.

ئاخر پشوویکی درێژیشە. ئیتر هەست ناکەیت. هەر ئەو چرکەساتەیە کە هەستی پێ دەکەیت. دەبێت زۆر ناخۆش بێت. سەرەتا باوەڕی پێ ناکەیت. دەبێت هەڵە بێت: یەکێکی ترە. ماڵەکەی ئەوبەر تاقیی بکەوە. بوەستە، ویستم کە. بەڵام هێشتا. جا ژووری مردنی تاریککراو. ڕووناکییان دەوێت[305]. بە دەورتدا دەچرپێنن. حەز دەکەیت قەشەیەک ببینیت؟ پاشان بێنەوبردەی بێئامانج. هەموو ئەوانەی بە درێژایی ژیانت شاردووتنەوە بە ورێنە دەیانڵێیت. خەبات لە دژی مەرگ. نووستنەکەی سرووشتی نییە. فشار لەسەر پێڵووی خوارەوەی دابنێت. تەماشا دەکەن ئایا لووتی قووچ بووە ئایا شەویلگەی بەربووەتەوە ئایا بنەپێکانی زەرد هەڵگەڕاون[306]. سەرینەکە ڕابکێشەرە ئەولاوە و لەسەر زەوییەکە کۆتایی پێ بهێنە مادەم چارەنووسی بۆ بڕاوەتەوە[307]. شەیتان لەو وێنەی مەرگی گوناهکارەدا ژنێکی پیشان دەدات. خەریکە دەمرێت بۆ ئەوەی بە کراسەکەی بەریەوە باوەشی پێدا بکات[308]. دواهەمین پەردەی *لوچیا*. *ئایا هەرگیز ناتبینمەوە*[309]؟ زرم! دەمرێت. دواجار مرد. خەڵک کەمێک باست دەکەن: لە بیرت دەکەن. لە بیرت نەچێت نزای بۆ بکەیت. لە نزاکانتدا ئەوت لە یاد بێت. تەنانەت پارنێڵیش. ڕۆژی لاولاو تەواو دەبێت[310]. پاشان دوایدەکەون: دەکەونە چاڵێکەوە، یەک دوای یەک.

ئێمە ئێستا بۆ ئاسوودەبوونی گیانی ئەو نزا دەکەین[311]. هیوادارین باش بیت و لە دۆزەخدا نەبیت. گۆڕانێکی خۆشی هەوا. لە تاوەی سوورکردنەوەی دونیاوە بۆ ئاگری بەرزەک.

ئایا هەرگیز بیر لەو چاڵە دەکاتەوە کە چاوەڕێی خۆی دەکات؟ دەڵێن ئەو کاتەی لەبەر خۆردا موچڕکەت پێدا دێت بیری لێ دەکەیتەوە. یەکێک بە سەریدا دەڕوات[312]. ئاگادارکردنەوەی یاریدەری دەرهێنەر. تۆ نزیکیت. ئەو پەڵەزەوییەی کڕیومە ئەوەتا لەوێوەیە نزیکی فینگلەس[313]. دایە، دایەی داماو و ڕودیی بچکۆلە[314].

گۆڕهەڵکەنەکان خاکەنازەکانیان هەڵگرت و گڵمتکی قورسی گڵیان هاویشتە ناوەوە بۆ سەر دووداره‌کە. میستەر بلووم ڕوخساری وەرگێڕا. ئەی ئەگەر هەموو ئەو کاتە زیندوو بووبێت؟ پەکوو! چ ناخۆش دەبێت! نا، نا: بێگومان، مردووە. بێگومان مردووە. دووشەممە مرد. دەبێت یاسایەک هەبێت کە دڵ بسمێنرێت تا دڵنیا بن یان پێوەرێکی کارەبایی یان تەلەفۆنێک لە ناو دووداره‌کەدا و هەندێک کونەهەوا لە خامەکەدا. ئاڵای تەنگانە. سێ ڕۆژ. کەمێک زۆرە لە هاویندا ئەوەندە بهێڵرێنەوە. لە کۆڵ خۆتی بکەیتەوە هەر ئەوەندەی دڵنیا بوویت کە هیچ شتێک.

گڵەکە هێواشتر کەوت. لەبیرچوونەوەکەی دەستی پێ کرد. لە بەرچاو ون، لە یاددا ون.

کاربەڕێکەرەکە چەند هەنگاوێک چووە ئەولاوە و شەبقەکەی لە سەر کردەوە. بەشی خۆی کرد. پرسەباران ورەیان دایەوە بەر خۆیان، یەک بە یەک، بێ فیز سەری خۆیانیان داپۆشی. میستەر بلووم شەبقەکەی لە سەر نایەوە و بیچمە کەتەکەی بینی بەناو گێژەڕێی گۆڕەکاندا شارەزایانە ڕێی خۆی دۆزییەوە. بە بێدەنگی، چاک شارەزای زەویی خۆیەتی، لە کێڵگە دڵتەنگکەرەکان پەڕییەوە[315].

جۆ هاینس شتێک لە دەفتەری تێبینییەکەیدا دەنووسێتەوە. ئەها، ناوەکان. بەڵام خۆ هەموویان دەناسێت. نا: بەرەو لام دێت.

جۆ هاینس بە دەنگێکی نزم وتی:

- تەنها ناوەکان وەردەگرم. ناوە مەسیحییانەکەت چییە[316]؟ دڵنیا نیم.

میستەر بلووم وتی:

- ل، لیۆپۆڵد. ئینجا ئەگەر بکرێت ناوی مەکۆیش بنووسیت. ئەویش داوای لێم کرد.

جۆ هاینس بە دەم نووسینەوە وتی:

- چارلی، دەیناسم. کاتی خۆی لە *فریمان* بوو.

وا بوو پێش ئەوەی لە ساردخانەکە لە ژێر دەستی لویس بەیرندا[317] ئەو کارەی دەست بکەوێت. لێکۆڵینەوەی پاشمەرگ بۆ پزیشکان بیرۆکەیەکی باشە. ئەوە دەدۆزنەوە کە وا وێنای دەکەن دەیزانن. بە سێشەممە مرد[318]. دەرکرا. بە پارەی هەندێک ڕیکلامەوە ڕایکردووە. چارلی، تۆ ئازیزی منی[319]. بۆیە داوای لە من کرد کە. کوڕە دە زیانی نییە. ئەوە بۆتم کرد، مەکۆی. سوپاس، مامە گیان: زۆر پێی دەزانم. لە ژێر منەتێکدا دایبنێ: هیچی تێ ناچێت.

جۆ هاینس وتی:

- ئەی پێمان بڵێ، ئەو کابرایە دەناسیت کە، ئەو کابرایەی لەوێدا بوو کە...

چاوێکی بەو ناوەدا گێڕا.

میستەر بلووم وتی:

- ماکنتۆش. بەڵێ بینیم. ئەوە چیی لێ هات؟

جۆ هاینس بە دەم نووسینی خێراوە وتی:

- مەینتۆش. نازانم کێیە. ئەوە ناوی خۆیەتی؟

ڕۆیشت و تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد.

میستەر بلووم ئاوڕی دایەوە و وەستا و دەستی پێ کرد:

- نا، دەڵێم، جۆ هاینس!

گوێی لێ نەبوو. چی؟ کوێرا دیار نەما؟ شوێنەواریشی نەما. ئەرێ لە ناو هەموو ئەوانەی. کەس لێرە ئەوی بینیوە؟ ک ێ ڵ ی[320]. لەپڕ دیار نەما. خوایە گیان، چیی لێ بەسەرهات؟

حەوتەم گۆڕهەڵکەن بۆ هەڵگرتنەوەی خاکەنازێکی بەکارنەهاتوو هاتە لای میستەر بلوومەوە.

- ئاه، ببوورە.

چابوکانە لایدایەوە.

گڵ، قاوەیی، شێدار، ئیتر لە چاڵەکەوە بینران. بەرز بووەوە. وا تەواو دەبێت. گردێک گڵمتکی شێدار بەرزتر بووەوە، بەرزتر بووەوە، پاشان گۆڕهەڵکەنەکان پشوویان بە خاکەنازەکانیان دا. هەمووان دیسان بۆ چەند چرکەیەک کڵاوەکانیان داکەند. کوڕەکە گوڵبەندەکەی بە سووچێکدا هەڵپەسارد: ئەوەی ژنبراکەش لەسەر تۆپەڵێک. گۆڕهەڵکەنەکان کڵاوەکانیان لە سەر نایەوە و خاکەنازە خاکاوییەکانیان بەرەو عەرەبانەکە هەڵگرت. پاشان تیغەکانیان بە هێواشی کێشا بە هەرێزەکەدا: پاک. یەکێکیان نوشتایەوە بۆ ئەوەی تۆپەڵێک گیای درێژ لە مشتووەکەی هەڵبکێشێت. یەکێکیان، هاورێکانی بە جێ دەهێشت، بە چەکەکەی شانیەوە بە خاوی ڕۆیشت، تیغەکەی تیشکی شینی دەدایەوە. یەکێکی تر بە بێدەنگی لای سەری گۆڕەکەوە پێبەستی دوودارەکەی لوول کرد. ناوکەپەتکەکەی. ژنبراکە ڕووی وەرگێرا، شتێکی خستە دەستە بەتاڵەکەیەوە. سوپاس لە بێدەنگیدا. بە داخەوە، قوربان: خۆتان خۆش بن. سەرلەرزاندن. دەزانم. بۆ خۆتان تەنها.

پرسەباران بێ ئامانج بە ڕێی پێچاوپێچدا بە خاوی دوور کەوتنەوە، جارجار بۆ خوێندنەوەی ناوی سەر کێلێک کەمێک ڕادەوەستان.

جۆ هاینس وتی:

- با سەرێک لە گۆڕی پێشەوا[321] بدەین، کاتمان بە دەستەوە ماوە.

میستەر پاوەر وتی:

- دەی.

بە دوای بیرکردنەوە خاوەکانیاندا ڕوویان کردە لای ڕاست. دەنگە بێباکەکەی میستەر پاوەر بە سەرسامییەوە وتی:

- هەندێک دەڵێن بە هیچ شێوەیەک لەو گۆڕەدا نییە. گوایە دوودارەکەی پڕ کرابوو لە بەرد. دەڵێن گوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان دووبارە دێتەوە[322].

جۆ هاینس سەری ڕاوەشاند. وتی:

- پارنێڵ هەرگیز جارێکی تر نایەتەوە. هەموو بەشە نەپاوەکەی ئەوەتا لەویایە. درووود لە یادی بێت.

میستەر بلووم بە درێژایی ڕەزەکەیدا بە لای فریشتە خەمبارکراوەکان، خاچەکان، کۆڵەکە شکاوەکان، تاقی کۆگۆڕی خێزانەکان، هیوای بەردین کە بە چاوە بەرەوژوورەکانیانەوە نزایان دەکرد، هەروەها بە لای دەستان و دڵانی پیرە ئایرلاندەدا[323] بێدەربەستانە ڕۆیشت. باشتر دەبوو پارەکە لە هەندێک کاری خێرخوازیدا بۆ زیندووەکان خەرج بکرایە. بۆ ئاسوودەبوونی گیانی ئەو نزا دەکەین[324]. ئایا بە ڕاست هیچ کەس وا دەکات؟ بیچێنە و دەستی لێ بشۆ. وەک چۆن خەڵووز دادەگیرێتە ناو خەڵووزانەوە. ئینجا پێکەوە تۆپەڵیان بکە تا کاتت بۆ بگەڕێتەوە. ڕۆژی هەموو گیانەکان[325]. بیست و حەوتی مانگ لەسەر گۆڕەکەی دەبم[326]. دە شڵنگ بۆ باخەوانەکە. گژوگیای لێ بژار دەکات. خۆی پیرەمێردێکە. خۆی دوو قەد دەنوشتێنێتەوە بە بڕنگەکەیەوە گژوگیا دەقرتێنێت. نزیک دەرگای مردن. کێ مرد. کێ ئەم ژیانەی بە جێ هێشت؟ یەکێک نەزانێت بە ڕەزامەندیی خۆیان ڕۆیشتوون. هەر هەموویان دەرکراون. کێ کۆچی دوایی کرد. سەرنجڕاکێشتر دەبوو ئەگەر پێیان بوتیتایە چی بوون. فڵانی کوڕی فڵان، چەرخساز. فرۆشیاری گەڕۆکی مشەمای زەمینپۆشی تەپەدۆر[327] بووم. لە بری پاوەنێک پێنج شڵنگم داوەتەوە[328]. یان هی ژنێک بە قابلەمە دەسکدارەکەیەوە. من شلەی ئایریی بەلەزەتم لێناوە. دەبێت هەڵبەستی لاوانەوەیەک لە گۆڕستانی کلێسای لادێیەکدا بخوێنرێتەوە ئەوەی کێ بوو وۆردسوۆرث یان تۆماس کامپبێڵ[329]. پرۆتستانتەکان دەڵێن چووە ناو پشووەوە. ئەوەی دکتۆر میورێنی پیر[330]. پزیشکە مەزنەکە بانگی کردەوە بۆ ماڵەوە. دە ئەوە گۆڕستانی ئەوانە. هەوارێکی خۆشی لادێ. تازە سواغ دراوە و بۆیاخ کراوە. شازی جێیە بە بێدەنگی جگەرەی لێ بکێشیت و *چەرچ تایمز*[331] بخوێنیتەوە. هەرگیز هەوڵ نادەن ڕیکلامی هاوسەرگیرییەکان جوان بکەن. گوڵبەندی ژەنگاوی بە دەسکەوە هەڵواسراون، گوڵبەندی پەڕەبڕۆنزی. بۆ پارەکەی خۆی سەروزیایەتی. بەڵام گوڵی سرووشتی هۆنراوەییترە. ئەوی تر کەمێک وەڕسکەرە، هەرگیز سیس نابێت. گوزارشت لە هیچ ناکات. نەمر[332].

باڵندەیەک دەستەمۆیانە لەسەر چڵی لقی چنارێک دانیشت. دەڵێیت وشک کراوە. وەک دیاریی هاوسەرگیرییەکەی هووپەری ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی[333] پێمانی دا. هوو! جووڵە چییە نایکات. دەزانێت دارلاستیکی لێ نییە بەردی تێبگرێت. ئاژەڵی مردوو دڵتەنگکەرتریشن. میلی-گوڵی زەڕنەقوتە مرداربووەوەکەی لە قتووی شقارتەکەی نانداندا دەناشت، چنگێک گوڵنیشان و پارچەی فەخفوریی شکاو لەسەر گۆڕەکەی.

ئەوە دڵی پیرۆزە: پیشانی دەدات[334]. دڵی لەسەر لەپی دەستیەتی[335]. دەبێت لەسەر لا بێت و سوور بێت و وەک دڵی ڕاستینە بۆیە بکرێت. ئایرلاند بۆ ئەو تەرخان کرابوو یان شتێکی وا. لە هەموو شتێک دەچێت دڵخۆش نەبێت. ئەم بەڵایە لە پای چی؟ ئایا دواتر باڵندە دێن و بکەونە دەنووکلێدان وەک کوڕەکەی کە زەمیلە میوەکەی پێیە بەڵام وتی نەخێر چونکە دەبوو لە کوڕەکە بترسانایە. ئاپۆلۆن بوو[336].

ئەو هەمووە[337]! هەموو ئەمانەی لێرەن ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەبلندا هاتوون و چوون. باوەڕداری کۆچکردوو. ئێمەش ڕۆژێک وەک ئێستای تۆ وا بووین[338].

ئەی چۆن دەتوانیت هەموو کەسێکت بە بیر بێتەوە؟ چاویان، ڕۆیشتنیان، دەنگیان. هم، دەنگ، بەڵێ: گرامافۆن. با گرامافۆنێک لە ناو هەر گۆڕێکدا هەبێت یان با لەماڵەوە هەبێت. یەکشەممەیەک دوای شێو. باپیرە هەرە گەورەی داماوی بخە سەر. کرااهراارک! سڵاوسڵاوسڵاو منزۆردڵخۆشم کراارک زۆردڵخۆشمبەبینینتاندووبارە سڵاوسڵاو منزۆ کرپشست. دەنگیت بە بیر دەهێنێتەوە وەک چۆن فۆتۆ ڕوخساریت بە بیر دەهێنێتەوە. ئەگینا تۆ بڵێ دوای پازدە ساڵ ڕوخسارەکەت بە بیر نایەتەوە. بۆ نموونە کێ؟ بۆ نموونە کەسێک کە ئەو کاتە مردبێت کە من لە ویزدەم هێڵی بووم.

ڕتستسترِ! هاڕەهاڕێکی چەو. ئادەی. بوەستە!

بە وردی داڕوانی بۆ ناو ژێرخانێکی بەرد. ئاژەڵێک بوو. ئادەی. ئەوەتا ڕۆیشت.

جرجێکی قەڵەوی بۆر بە درێژیی لای ژێرخانەکەدا گاگۆڵکێی کرد، چەوەکەی دەجووڵاند. شارەزایەکی پیر: باپیرە هەرە گەورە: چاکی لێ دەزانێت. شتە بۆرە زیندووەکە خۆی پەستایە ژێر بنکەپەیکەرەکەوە، لە ژێریدا خۆی بادایەوە بۆ ناوەوە. حەشارگەیەکی باشە بۆ شاردنەوەی شتی بەنرخ.

کێ لەوێ دەژی؟ لێرەدا لاشەی ڕۆبێرت ئێمێری ڕاکشاوە. ڕۆبێرت ئێمێت[339] لەم ناوەدا لای چۆڵەچراکەوە نێژراوە، وا نییە؟ نۆبەچێتییەکەی خۆی دەکات.

کلکی دیار نەما.

هەر یەکێک لەوانە هەر زوو مردووێک لە ناو دەبات. مردووەکە هەر کەسێک بێت ئەم ئێسکەکانی لێساولێس دەکات. لای ئەوان تەنها گۆشتێکی ئاساییە. لاشە گۆشتێکە و خراپ بووە. ئەی باشە پەنیر چییە؟ لاشەی شیرە. لەو *گەشت لە چین*ەدا[340] خوێندمەوە کە چینییەکان دەڵێن پیاوی سپیپێست بۆنی لاشەی مردوویان لێ دێت. مردووسووتاندن باشترە. قەشەکان تا سەر ئێسک دژی ئەوەن[341]. پارێزەری بۆ بەشگەکەی تر دەکەن. کۆفرۆشی تەباخ و دەلالی فڕنی هۆڵلاندین. سەردەمی تاعوون[342]. چاڵی پەتای پڕ لە قسڵ[343] بۆ ئەوەی بیانخوات. ژووری کوشندە. لە خۆڵەوە بۆ خۆڵ[344]. یان ناشتن لە دەریادا.

ئەو قەڵای بێدەنگییەی پارسییەکان لە کوێ بوو؟ باڵندە دەیانخوات[345]. زەوی، ئاگر، ئاو. دەڵێن نوقمبوون خۆشترینیانە[346]. هەموو ژیانت لە بروسکەیەکدا دەبینیتەوە. بەڵام بهێنرێیتەوە بۆ دونیا نەخێر. هەرچەندە ناتوانرێت لە هەوادا بنێژرێیت. لە مەکینەیەکی فڕیوەوە بهاوێژرێیت. داخۆ هەواڵەکە بە ناویاندا بڵاو ببێتەوە هەر کاتێک یەکێکی نوێ فڕێ دەدرێتە خوارەوە. پەیوەندیی ژێرزەمینی. ئەوە لەوانەوە فێر بووین. سەرسام نابم. خواردنێکی ئاسایی و ڕۆژانەی ئەوانە. پێش ئەوەی بە تەواوی بمرێت مێش و مەگەز تێی دەوروکێن. بای دیگنەمیان پێ گەیشتووە. گوێ بە بۆنەکەی نادەن. دانەڕۆکەیەکی دارڕزاوی سپی وەک خوێی لاشە: بۆن و تامی وەک شێلمی سپیی کاڵ.

دەروازەکان لە پێشەوە دەدرەوشانەوە[347]: هێشتا کراوەن. دووبارە گەڕانەوە بۆ ناو جیهان. بەسە ئەم شوێنە. هەموو جارێک کەمێک نزیکترت دەخاتەوە. دواهەمین جار کە لێرە بووم پرسەی خاتوو سینیکۆ[348] بوو. بابەی داماویش. ئەو ئەوینەی دەکوژێت. تەنانەت هەڵکۆڵینی زەوی لە شەودا بە فانۆسێکەوە وەک ئەو بابەتەی لەسەریم خوێندەوە بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە مێینە تازەنێژراوەکان یان تەنانەت بۆگەنکردووەکانیش بە گۆڕەزامی کێمکردووەوە. دوای کەمێک دەتسڵەمێنێتەوە. دوای مەرگ بۆت دەردەکەومەوە. دوای مەرگ سەهویرەکەم دەبینیت. سەهویرەکەم دوای مەرگ ڕاوەدووت دەنێت. جیهانێکی تر هەیە دوای مەرگ پێی دەڵێن دۆزەخ. نووسیبووی حەزم لەو جیهانەی تر نییە[349]. منیش هەروەها. هێشتا زۆر ماوە بۆ بینین و بیستن و هەستپێکردن. هەست بە بوونەوەری گەرم و زیندوو بکەیت لە نزیکتەوە. با لە پێخەفە کرماوییەکانیاندا بنوون. ئەم کایەیە ناتوانن ببەن[350]. پێخەفە گەرمەکان: ژیانی پڕ لە خوێنی گەرم.

مارتن کەنینگهەم لە لاڕێییەکەوە دەرکەوت، بە سەنگینی قسەی دەکرد.

وا بزانم، پارێزەرە. شێوەی دەکەم. مێنتن، جۆن هێنری، پارێزەر. پەسەندکەری سوێند و سوێندنامەکان. دیگنەم جاران لە نووسینگەکەی ئەو بوو. زۆر دەمێک لەمەوبەر لای مات دیلن. ماتی تەیار[351]. ئێوارە پڕ لە بەزمورەزمەکان. باڵندەی سارد، سیگار، شووشەی تانتالۆس[352]. دڵێک لە زێڕ بە ڕاستی. بەڵێ، مێنتن. ئەو ئێوارەیە لە یاریگای بۆوڵەکەدا کورتانی سوورا چونکە من تۆپەکەم خستە ناو تۆپەکانی ئەوەوە. بەختێکی چاکی من بوو: لاربوونەوەکە[353]. بۆچی[354] ڕقێکی ئەوەندە ڕەگئەستووری لێم پەیدا کرد. ڕق لە نیگای یەکەمەوە. مۆڵی و فلۆوی دیلن لە ژێر درەختی پووڕەگوڵەکەدا[355] قۆڵ لە قۆڵی یەکدا پێدەکەنین. خەڵک هەن هەمیشە وان، ئەگەر ژنان لەو ناوەدا بن ئێجگار شەرمەزار دەبن.

لای شەبقەکەی قووپاوە. هی عەرەبانەکە ڕەنگە.

میستەر بلووم لە لایانەوە وتی:

- بمبوورە، قوربان.

وەستان.

میستەر بلووم دەستی ڕاکێشا و وتی:

- شەبقەکەت کەمێک قووپاوە.

جۆن هێنری مێنتن بۆ ساتێک بێ جووڵە تەماشای کرد.

مارتن کەنینگهەم یارمەتیی دا، ئەویش ئاماژەی کرد.

- ئەویا.

جۆن هێنری مێنتن شەبقەکەی داکەند، قووپاوییەکەی دەرپەڕاندەوە و لەسەر سەرقۆڵی پاڵتۆکەی بە وریاییەوە تووکەکەی ساف کردەوە. دووبارە شەبقەکەی خێواندەوە سەر سەری.

مارتن کەنینگهەم وتی:

- ئێستا باشە.

جۆن هێنری مێنتن سەری بۆ پێزانین دانەواند[356]. بە کورتی وتی:

- سوپاس.

بەرەو دەروازەکان کەوتنەوە ڕێ. میستەر بلووم خەمبارانە، چەند هەنگاوێک چووە دواوە نەبادا قسەکانیان ببیستێت. مارتن بە زاکوونە. مارتن دەتوانێت کەللەپووتێکی وا بە دەوری پەنجەتووتەی خۆیدا لوول بکات، هەر بێ ئەوەی پێشی بزانێت.

چاوی گوێماسیلە[357]. دەی قەیناکە. دواتر پەشیمان دەبێتەوە لەوانەیە ئەو کاتەی کە تێگەیشت. ئاوها هەنگاوێک لە پێش ئەوەوە دەبیت.

سوپاس. چەند مەزنین ئەم بەیانییە!

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی شەشەم

[1] **ئەڵقەی شەشەم: هادیس**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: بلووم و هاوەڵەکانی لە بەردەمماڵی پادی دیگنەم-ی کۆچکردووەوە لە ناوچەی ساندیماونت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەبلنەوە بە ڕێ دەکەون و بە نێو شاری دەبلندا دەڕۆن تا گۆڕستانی پڕۆسپێکت لە گلاسنێڤن، لە باکووری دەبلن.

**کات**: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ١١ی بەیانی.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: بلووم، جاک پاوەر، مارتن کەنینگهەم، سایمن دێدالۆس، جۆ هاینس، نێد لەمبێرت، تۆم کێرنەن، جۆن هێنری مێنتن، بابە کۆفی (قەشەیەک)، کۆرنی کێڵێهێر، جۆن ئۆکانەڵ.

بلووم و سێ هاوەڵی سواری گالیسکەیەک دەبن و لەگەڵ کۆتەڵی تەرمی پاتریک دیگنەمی کۆچکردوودا بەرەو گۆڕستان بە ڕێ دەکەون. سێ هاوەڵەکەی بلووم ناویان جاک پاوەر، مارتن کەنینگهەم و سایمن دێدالۆس-ە. سایمن باوکی ستیفن دێدالۆسە. پیرەژنێک لە پەنجەرەی ماڵی خۆیەوە سەیریان دەکات. بلووم لە سەیری ئەم پیرەژنەوە لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو و مەرگی مێرد و شوشتنی مردوو و ژنەکەی خۆی ڕادەمێنێت.

دەکەونە ڕێ و سەرەتا بێدەنگن، پاشان بە سۆراخی هەندێک هاتوو و نەهاتوو و ڕێی ڕۆیشتنیان دەکەونە ئاخاوتن. زۆر نارۆن و بلووم چاوی بە ستیفنی کوڕی سایمن دێدالۆس دەکەوێت بە جلە ڕەشەکانی بەریەوە. ستیفن بەو جۆرەیە کە لە ئەڵقەی سێیەمی ڕۆمانەکەدا بە گوێئاوی ساندیماونتدا پیاسە دەکات. ستیفن نایانبینێت، بەڵام بلووم دەیبینێت و بە سایمن دەڵێت. سایمن فریا ناکەوێت بە باشی بیبینێت و وا دەزانێت لەگەڵ مەڵیگندایە، بۆیە دەکەوێتە جنێودان بە مەڵیگن. سایمن خوازیارە مەڵیگن هاوڕێیەتیی کوڕەکەی نەکات. پێی وایە ستیفن سەردانی ماڵی ڕیچی گولدینگی خاڵی کردبێت و دەکەوێتە جنێودان بەوانیش. بلوومیش دەکەوێتە بیر و یادی ڕیچی گولدینگ.

بلووم بە هۆی وتەکانی سایمنەوە بیر لە ئەگەری نەمردنی ڕودیی کوڕی دەکاتەوە و خوازیارە بینیبای کە گەورە دەبێت. جا بیر لەو کاتە دەکاتەوە کە لەگەڵ ژنەکەیدا ڕودییان هێنایە نێو ژیانەوە. پاشان بیر لە میلی-ی کچی دەکاتەوە کە بە منداڵی کوڕانی بووە و ئێستا وا گەورە بووە (بووە بە پازدە ساڵ) و خەریکە یار دەگرێت.

سکاڵا لە خراپی و تەسکیی گالیسکەکە دەکەن. بۆیان دەردەکەوێت وردەنان لەسەر کوشنەکانی گالیسکەکەیە و دەیتەکێنن. دیسان سۆراخی هاتن و نەهاتنی هەندێک

کەس دەکەن. بلووم پێیان دەڵێت مەکۆیی دیوە و بۆی نەکراوە بێت. قەیرێک دواتر بە نزیکی ماڵی سەگاندا دەڕۆن و بلووم بیر لە سەگەکەی باوکی دەکاتەوە. ئینجا بیر لە باوکی دەکاتەوە کە خۆی کوشتووە و دواسپاردەکەی ئەوە بووە بلووم لەگەڵ سەگەکەیدا باش بێت.

پرژەیەک باران دەبارێت و بابەت دەبێتە کەشوهەوا. ئینجا باسی دوێشەوی خۆیان و هەندێک هاوڕێ دەکەن. لە شێوازی ئاخاوتنی هاوڕێیەکیانەوە باس لە شێوازی ئاخاوتنی خەڵکی تریش دەکەن. بلوومیش بە گوێرەی ئەو شت و خەڵکە جیاوازانەی لە پەنجەرەکەیەوە دەیانبینێت خەیاڵی بۆ شتی جۆراوجۆر دەچێت. تا بیر لە بلێسە بۆیلەن و ژنەکەی دەکاتەوە کە بڕیارە ئەمڕۆ یەکتر ببینن. کەچی لەپڕ لە پەنجەرەکەوە بلێسە بۆیلەن خۆی دەبینن و ئەوان سڵاوی لێ دەکەن، بەڵام بلووم خۆی دەخڵافێنێت.

هاوڕێکان هەواڵی ژنەکەی لێ دەپرسن و بلوومیش باسی ئەو گەشتەکۆنسێرتەیان بۆ دەکات کە بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا پێشکەشی بکات. بەڵام دەڵێت خۆی بۆی ناکرێت بچێت، چون کاروباری تایبەتی هەیە و دەبێت بچێت بۆ کاونتیی کلێر. ئەگەرچی خۆی باسی ناکات، بەڵام کاروبارە تایبەتەکە ئەوەیە کە بۆ ساڵانەی مەرگی باوکی دەچێت، کە هەژدە ساڵ لەوەوبەر خۆی کوشتووە. ئینجا هاوڕێکان باسی هونەرمەندێتیی چەند هونەرمەندێک دەکەن، لەوانە خاتوو مۆڵیی ژنی بلووم. بلووم بیر لە جاک پاوەر دەکاتەوە و پێی وایە پیاوێکی باشە.

پیاوێکی قەموور دەبینن و دووراودوور دەیناسن و پێیان وایە جووە و دەوڵەمەندە و چرووکە، ناوی ڕەئوبێن-ە. ڕۆژێک لە ڕۆژان کوڕی ئەم پیاوە هەوڵی داوە خۆی بکوژێت و کەسێک ڕزگاری کردووە. بەڵام ئەم پیاوە بەم چاکەیەی ئەم ڕزگارکەرەی نەزانیوە و پاداشتی باشی نەکردووە. هاوڕێکانی نێو گالیسکەکە دەکەونە زەمی ئەو و قاقا پێدەکەنن. پاشان زۆر لە خۆیان دەکەن پێکەنین و گاڵتەجاڕییەکەیان بشارنەوە، چون وا دەچن بۆ گۆڕستان و دەبێت سەنگین دەربکەون. باسی دیگنەمی مردوو دەکەن کە کەی دوایین جار دیویانە و باسی قسەخۆشی و زۆرخواردنەوەکەی دەکەن.

کۆتەڵێکی تر بە لایاندا ڕەت دەبێت و تەرمی منداڵێکی پێیە. ئەمانیش باسی خۆکوشتن دەکەن. میستەر پاوەر پێی وایە خۆکوشتن زۆر ناشیرین و گوناهە. سایمن دێدالۆس پێی وایە ئەوەی خۆی دەکوژێت ترسنۆکە. بەڵام مارتن کەنینگهەم، کە دەزانێت باوکی بلووم خۆی کوشتووە، هەوڵ دەدات بابەتەکە بگۆڕێت و بە چاوێکی هاوسۆزانەوە

لەو کەسانە دەڕوانێت کە خۆیان دەکوژن. بلووم هیچ ناڵێت و دەکەوێتە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و کاردانەوەی خەڵکان لە بەرانبەر خۆکوشتنی کەسێکدا. بیر لە وردەکارییەکانی ڕۆژی خۆکوشتنی باوکیشی دەکاتەوە.

گالیسکەکە چەند خولەکێک ڕەوتەکەی خێراتر دەکات و دەوەستێت. ڕانێکی وڵاخ بە بەردەم و لایاندا تێدەپەڕێت. بلووم لە دیمەنی ئاژەڵەکانەوە بیر لەو کاتە دەکاتەوە کە خۆی لە مەیدانی ئاژەڵان کاری کردووە. جا پێشنیاری چاکسازییەک دەکات بۆ ئاسانکاریی گواستنەوەی ئاژەڵ بە هێڵی ترامی دەبلن. لەم بابەتەشەوە باس لە گالیسکەی تەرمهەڵگرێک دەکەن کە تەرمەکەی لێ کەوتووە، بلوومیش لەو ڕووداوە ڕادەمێنێت. پێشنیار دەکەن لە گەڕانەوەدا بچن پێکێک مەی بخۆنەوە. بلوومیش بیر دەکاتەوە بەم زووانە سەرێک لە میلیی کچی بدات، بەڵام دواتر پەشیمان دەبێتەوە. هاوڕێکان باسی هاوڕێیەکی تریان دەکەن و هەواڵی دەپرسن. دواتر باسی کوشتنی کەسێک دەکەن کە ئێستا ئەمان نزیکی شوێنی کوشتنەکەی ئەون.

دواجار دەگەنە گۆڕستانەکە و گالیسکەکە دەوەستێت و دادەبەزن. پرسەیەکی قەرەباڵغ نییە. بەرەبەرە پرسەباران کۆ دەبنەوە و ژن و کچ و کوڕی مردووەکە و برای ژنەکەی لە پێشەوەن. دوودارەی مردووەکەش دەبرێتە ژوورەوە. کەنینگهەم بە دزییەوە سەرکۆنەی پاوەر دەکات کە بەو جۆرە لەسەر ئەو کەسانە دووا کە خۆیان دەکوژن، پێی دەڵێت کە باوکی بلووم خۆی کوشتووە. پاوەر شەرم دایدەگرێت. ئینجا باسی چۆنێتیی یارمەتیدانی خانەوادەی مردووەکە دەکەن کە پێنج منداڵی بە جێ هێشتووە. سایمن هاوڕێیەکی دەبینێت و سڵاوی لێ دەکات و کەمێک دەدوێن. هاوڕێیانی مردووەکە کۆمەک بۆ کەسوکارەکەی کۆ دەکەنەوە، بلووم یەکسەر ئامادەی هاوکارییە.

دەگەنە بەشی کڵێسای گۆڕستانەکە و دەچنە ژوورەوە. گوڵبەند لەسەر تەرمەکە دادەنرێت و نوێژ دەکەن. قەشە و یاریدەرێکی دێن و نزای بەسەردا دەخوێنن. بلووم بیر لە نەریتی نوێژخوێندنی مەسیحی و زمانی لاتینی دەکاتەوە. پاشان قەشەکە نوێژەکەی تەواو دەکات و دەڕوات. تەرمەکە هەڵدەگیرێت و دەبرێتە دەرەوە بۆ ناشتن و هەمووان بە دوایدا دەردەچن. سایمن لە دوورەوە گۆڕی ژنەکەی دەبینێت و بۆ وێ و حاڵی خۆی دەکەوێتە گریان و دڵنەوایی دەدرێتەوە. بلووم قەیرێک بیر لەوانە دەکاتەوە کە لەوێ نێژراون. دوو پیاو لە دوورەوە سەیری بلووم دەکەن و بە بێدەنگی زەمی خۆی و ژنەکەی دەکەن، یەکێکیان ساڵانێک لەوەوبەر لەگەڵ بلوومدا قرەقرێکیان بووە.

بەڕێوەبەری گۆڕستانەکە دێت بۆ لایان و نوکتەیەکیان بۆ دەکات و ئەوانیش پێدەکەنن. جا بلووم بیر لە ناشتن دەکاتەوە کە سوودی بۆ خاک هەیە، بەڵام شوێنی زۆریش داگیر دەکات. ئینجا بیر لە شیبوونەوەی مردوو دەکاتەوە.

دواجار تەرمەکە دەنێژرێت و گڵی بەسەردا دەدرێتەوە. بلووم لەوە ڕادەمێنێت کە ئەگەر کەسێک نەمردبێت و بینێژن زۆر جەرگبڕ دەبێت، بۆیە پێی باشە تەلەفۆنێک لە نێو هەر دووداره‌یەکدا دابنێن. لەناکاو لە دوورەوە کەسێک دەبینێت چاکەتێکی ماکنتۆشی لە بەردایە و دەبێتە خولیای سەری کە بزانێت کێیە. ناسنامەی ئەم کەسە یەکێکە لە پرسیارە وەڵامنەدراوەکانی ڕۆمانەکە و ئاشکرا ناکرێت. ناسیاوێک ناوی ئامادەبووانی پرسەکە تۆمار دەکات، بلووم ناوی خۆی و مەکۆیشی پێ دەڵێت.

کوڕە بچکۆلەکەی مردووەکە گوڵبەندێک لای سەری گۆڕەکەی باوکیەوە دادەنێت و هەمووان دەڕۆن. بڕیار دەدەن لەسەر ڕێ سەرێک لە گۆڕی چارلز ستیوارت پارنێڵ (١٨٤٦-١٨٩١) بدەن. پارنێڵ یەکێک بوو لە سەرکردە سەربەخۆییخوازەکانی ئایرلاند. بلووم بیر لەوە دەکاتەوە دوو حەفتەی تر بچێتە سەر گۆڕی باوکی. دواتر جرجێک دەبینێت و بیر لە خۆراکی جرجەکە دەکاتەوە، کە لاشەی مردووەکانە.

ئەو پیاوە لە پێش بلوومەوە دەڕوات کە کاتی خۆی قرەقرپیان بووە، شەبقەکەی قووپاوە. بلووم ئاگاداری دەکاتەوە و ئەویش قووپاوییەکە چاک دەکاتەوە بە بێدەنگی سەری پێزانینی بۆ دادەنەوێنێت. هەمووان لە گۆڕستان دەردەچن. **~ن.م.**

لە پەڕتووکی نۆیەمی *ئۆدیسە*دا ئۆدیسێفس بەسەرهاتی خۆی لە وڵاتی لۆتۆسخۆران و کیکۆنەکان و کیکلۆپسەکان دەگێڕێتەوە. لە پەڕتووکی دەیەمدا ئۆدیسێفس و پیاوەکانی دەگەنە دوورگەی ئیۆلۆس، بۆ لای «پاشای با» {یان «پاسەوانی با» لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا حەمەکەریم عارفدا}؛ پاشان لە وڵاتی لێستریگۆنییەکاندا تووشی کارەسات دێن و دواجار دەگەنە دوورگەکەی کیرکی. کیرکی ئامۆژگاریی ئۆدیسێفس دەکات کە پێش ئەوەی لە گەشتی گەڕانەوەکەی بەردەوام بێت، باشترە بچێتە جیهانی ژێرەوە بۆ هادیس، کە جیهانی مردووانە، تا ڕاوێژێک بە تاپۆ، یان گیان/سەهویری تیریسیاس بکات، کە پێغەمبەرێکی کوێر بووە. ئۆدیسێفس لە پەڕتووکی یازدەدا دادەبەزێت بۆ هادیس؛ یەکەم تاپۆ کە دەیبینێت تاپۆی ئێلپینۆر-ە، کە یەکێک بوو لە پیاوەکانی خۆی و بە سەرخۆشی و نووستوویی لە سەربانی کۆشکەکەی کیرکی کەوتە خوارەوە و مرد. ئێلپینۆر داوا لە ئۆدیسێفس دەکات بگەڕێتەوە بۆ دوورگەکەی کیرکی و

ناشتنێکی شایستە بۆ لاشەکەی جێبەجێ بکات؛ ئۆدیسێفس بەڵێنی پێ دەدات کە وا بکات. ئینجا ئۆدیسێفس لەگەڵ تیریسیاسدا دەدوێت، ئەو پێی دەڵێت کە پۆسیدۆنی خودای دەریا و بوومەلەرزە بووە کە ڕێی لە ئۆدیسێفس گرتووە بگاتەوە دوورگەکەی خۆی. تیریسیاس ئۆدیسێفس ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە ئەگەر پیاوەکانی ئۆدیسێفس بێڕێزی بەرانبەر گاگەل و ڕانەکەی ئیلیۆس بکەن، کە خودای خۆرە، ئەوا هەموو پیاوەکانی لە دەست دەچن و ئاستەنگیی گەڕانەوەکەی ئۆدیسێفس زیاتر دەبێت، کە دەشگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی ئەوا دەبینێت ماڵەکەی پڕ بووە لە هەندێک خوازبێنیکەر «پیاوانێکی ڕووهەڵماڵراو» کە دەبێت ئۆدیسێفس بە خوێن تۆڵەیان لێ بسەنێتەوە. تیریسیاس بەوە کۆتایی بە پێشبینییەکانی خۆی دەهێنێت کە بەڵێن بە ئۆدیسێفس دەدات کە «پیرییەکی دەوڵەمەندانە»ی دەبێت «نیان، وەک دەستی تەم، دێتە ڕێت» (بڕوانە ٣: ٣٦٢). پاشان ئۆدیسێفس لەگەڵ تاپۆی دایکیدا دەدوێت و تاپۆی زۆرێک لە ژنە بەناوبانگەکان دەبینێت. لەگەڵ ئاگامێمنۆندا دەدوێت و ئەو باسی گەڕانەوەی بۆ ناو ماڵی خۆی بۆ دەکات، کە چۆن کلیتێمنیسترای ژنی خۆی و دۆستەکەی دەیکوژن. ئۆدیسێفس لەگەڵ ئەخیلیفس دەدوێت و لە ئایاسیش نزیک دەبێتەوە، کە دوای ئەوەی ئۆدیسێفس زرێکەی ئەخیلیفسی پێ بەخشرا وەک پاڵەوانی نوێی گریک، خوداکان ئایاسیان شێت کرد و خۆی خۆی کوشت. ئایاس قسە ناکات. ئۆدیسێفس تەماشای تاپۆی تر دەکات، لەوانە تاپۆی سیسیفوس دەبینێت کە بەوە بە نەفرەت کراوە کە بۆ تاتایە گابەردێکی گەورە بە بنارێکی بەرزدا سەردەخات. پاشان لەگەڵ ئیراکلیسدا دەدوێت {لە کوردیدا بە *هەرقل*یش وەرگێڕراوە}، کە ئەو تاپۆ نییە، بەڵکو سەهویرێکی ڕووناکە، چونکە ئیراکلیس لە ناو خودا نەمرەکاندا پشووی داوە. ئیراکلیس کە ئۆدیسێفس دەبینێت بیری ئەوەی دەکەوێتەوە کە چیرۆکی دوازدەیەم کاری گرانی خۆی بگێڕێتەوە، کە ئەویش چیرۆکی دابەزینی خۆی بووە بۆ هادیس بە زیندوویی، کە دەبوو سەگی پاسەوانیی مردووان {یان «سەگی هادیس» لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا حەمەکەریم عارفدا} بگرێت کە ناوی *کێرێبروس* بوو. ئینجا ئۆدیسێفس دەگەڕێتەوە بۆ کەشتییەکەی خۆی و بەرەو دوورگەکەی کیرکی دەگەڕێتەوە.

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ١١ی بەیانییە. دیمەن: گۆڕستانی پرۆسپێکت لە گلاسنێڤن، لە باکووری دەبلن. «گۆڕستانەکە دەبێت بە پانتیۆنێکی کراوە، یان وێستمینیستەر ئابەیێکی کراوە بۆ کاسۆلیک و ئایرە ناسیۆنالیستەکان» (*چیرۆکی دەبلن*، نووسینی دی ئەی چارت [لەندەن، ١٩٠٧]، لا. ٣٢١). لەم ئەڵقەیەدا بلووم لەگەڵ کەژاوەی

پرسەکەدایە و لە ماڵی دیگنەمەوە لە ساندیماونت، کە دێیەکی دەوری باشووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلنە، بە ناو دەبلندا بەرەو گۆڕستانی گلاسنێڤن دەڕۆن. ئامراز: دڵ. هونەر: دین. ڕەنگ: سپی و ڕەش. هێما: کاربەڕێکەر {جێبەجێکاری هەموو پرسەکە}. تەکنیک: ئینکیوبیزم [لە *ئینکیوبوس*ەوە هاتووە، کە گوایە دێوەزمەیەکی نێری بەدکار بووە، بەرپرسی دروستکردنی مۆتەکە بووە]. هاوتەرییەکان: چوار ڕووبارەکەی هادیس: [ستیکس، ئەشێرۆن، کۆکیتوس، پیریفلێگیتۆن] – دۆدەر، گراند کەناڵ و کەناڵی پاشایی، لیفی. سیسیفوس: مارتن کەنینگهەم؛ کێرێبروس [ئەو سەگەی کە دوو، یان سێ سەری هەیە و کلکەلەقێ بۆ ئەوانە دەکات کە تازە دێنە ناو هادیسەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێیان لێ دەگرێت لە هادیس دەربچن] – بابە کۆفی؛ هادیس، ئەو خودایەی کە دەسەڵاتداری جیهانی ژێرەوەیە – کاربەڕێکەرەکە [جۆن ئۆکانەڵ]؛ ئیراکلیس – دانیەڵ ئۆکانەڵ؛ ئێلپینۆر – دیگنەم؛ ئاگامێمنۆن – پارنێڵ؛ ئایاس – مێنتۆن.

هێڵکارییەکەی لیناتی چەند هاوتەرییبییەکی تریش لیستە دەکات بێ ئەوەی بەرانبەرەکانیان دەستنیشان بکات: *یولیسیس*. *ئێریفیل* {ژنی ئامفیارۆس}: «ئەو ژنەی لە پێناو زێڕدا خیانەتی لە گەورەکەی خۆی کرد». ئەینیاسیش لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ جیهانی ژێرەوە هەر ئەو دەبینێت –«لە نێو ئەوانەدایە کە ئەوینی بێبەزەیی لە ناوی بردن» شوێنی برینەکانی لەشی خۆییان پیشان دەدات کە کوڕەکەی لە تۆڵەی باوکیدا لە لەشی ئەوی کردووە. (*ئەینیاس*، پەڕتووکی شەشەم). *ئۆریۆن*: ئەو شکارچییە مەزنەیە کە ئۆدیسێفس دەیبینێت سەهویری هەموو ئەو ئاژەڵانە کۆ دەکاتەوە کە خۆی کوشتوونی. *لایەرتیس*، تد.: باوکی ئۆدیسێفس، کە لە *ئۆدیسە*دا هێشتا زیندووە، بەڵام خۆی لە ئیتاکی بە دوور گرتووە؛ تاپۆی دایکی ئۆدیسێفس باسی جلەکانی باوکی بۆ ئۆدیسێفس دەکات و دەڵێت: «جلکی شڕوشەپڕێو لەبەر دەکات» و بۆ کوڕەکەی خەمبارە کە ئیتر لە ئیتاکی نەماوە. *پڕۆمیسیۆس*: هەردووک ئۆدیسێفس و ئەینیاسیش تیتیۆس دەبینن، کە کەسێک بوو و خیانەتی لە خوداکان کرد و نەفرەتەکەی ئەوەیە کە دوو داڵاش بۆ تاتایە جگەری دەخۆن، هەر وەک هی پڕۆمیسیۆس. *تیریسیاس*. *پڕۆسێرپینا*: کە هاوتەریبە ڕۆمییەکەی *پێرسیفۆنی*یە، «شابانووە ئاسنینەکە»ی هادیس. *تیلێماخۆس*: کە ئۆدیسێفس لە هادیس تاپۆی دایکی دەبینێت هەواڵی ژنەکەی و کوڕەکەی و دەنگوباسی ئیتاکیی لێ دەپرسێت، دایکی تا ڕادەیەک لە دڵسۆزیی ژنەکەی و لە ڕەفتارە پیاوانەکانی کوڕەکەی دڵنیای دەکاتەوە. *ئەنتینووس*: دایکی ئۆدیسێفس لە گێڕانەوەکەی خۆیدا باسی خوازبێنیکەرەکان

و دەنگوباسی ئیتاکی ناکات لەو کاتەدا کە خۆی مردووە (ئەگەرچی تیریسیاس پێشبینیی ئامادەییان دەکات)، هەروەها سایمن دێدالۆس باس لەوە دەکات کە مەڵیگن ڕۆڵی ئەنتینووس دەگێڕێت. **~گ.س.**

[2] **مارتن کەنینگهەم**: (بڕوانە ٥: ١٥٠). **~ن.م.**

[3] **میستەر پاوەر**: جاک پاوەر، کەسێتییەکی خەیاڵکردە، لە نووسینگەی بنکەی پۆلیسی ئایریی پاشایی قەڵای دەبلن کار دەکات؛ لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. گلادستۆن بە بنکەی پۆلیسی ئایریی پاشایی دەوت: «پۆلیسی نیمچە-سەربازی»؛ ئەم بنکەیە لەسەر نموونەی سکۆتلاند یارد دامەزرابوو، بەڵام ئەندامەکانی پڕچەک کرابوون و ڕاسپێررابوون بە ڕکێفکردن و دامرکاندنەوەی هەموو بەرهەڵستییەکی وارگێڕیی ئایرەکان و ئاوهاش لە ڕێی دەستتێوەردانی سەرگەورە بەریتانییەکانیانەوە لە ئایرلاند، کاروباریان وارگێڕیتر بوو وەک لە سکۆتلاند یارد. **~گ.س.**

جاک پاوەر کەسێتییەکی ئاوێتەیە و لەسەر نموونەی دوو کەس بونیاد نراوە: یەکەمیان پیاوێکە بە ناوی *جۆن پاوەر*: لەوانەیە جاک پاوەر لەسەر میستەر جۆن پاوەر بونیاد نرابێت کە لەوانەیە جۆیس ناوی کەسێتییەکەی لە هی ئەمەوە هێنابێت. جۆن پاوەر مووچەخۆرێکی بنکەی پۆلیسی ناوشاری دەبلن بوو، تا ڕۆژی مردنەکەی لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا و لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩١٩دا لە ٣٤ی مەیدانی ڕووتلاند دەژیا (کە ئێستا پێی دەڵێن مەیدانی پارنێڵ). باوکی ناوی *پییەرس* پاوەر بووە، خەڵکی فێرمۆر بووە لە ترامۆر لە کاونتیی واتەرفرد، پۆلیسێکی پاشایی ئایری بووە.

دووەم کەسێتیی سەرچاوەی جاک پاوەر پیاوێک بووە ناوی *تۆم دێڤن* بووە، جۆیس لە نامەیەکیدا، کە لە ٢٥ی ئایاری ١٩٣٧دا بۆ ئالف بێرگنی ناردووە، نووسیویەتی: «دێڤان لە *ئولیس*دا بە *میستەر پاوەر* ناوی هاتووە» جۆیس لە ڕێنووسی ناوەکەیدا هەڵەی کردووە. دێڤن هاوڕێیەکی ماڵی جۆیس بووە، لە لقی لەنگەرگای ودی شارەوانیی دەبلن کرێکار بووە. لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا دەڵێت کە میستەر پاوەر لە قەڵای دەبلن کاری بۆ بنکەی پۆلیسی ئایریی پاشایی کردووە. جگە لەوەی ژنی هەیە، دۆستێکیشی هەیە کە خانمێکی مەیگێڕە. **~ڤ.یئ.**

[4] **سایمن**: سایمن دێدالۆس لەسەر نموونەی باوکی جەیمز جۆیس بونیاد نراوە. جۆن ستانیسلاوس جۆیس (١٨٤٩-١٩٣١) تاکە منداڵی جەیمز ئاوگوستین جۆیس و ئێلێن (پێش شوو: *ئۆکانەڵ*) جۆیس بووە. لە ٤ی تەمووزی ١٨٤٩ لە کاونتیی کۆرک لە دایک بووە.

چووەتە قوتابخانەی کۆلێجی سانت کۆڵمان لە فێرمۆی. باوکی لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٨٦٦دا مردووە {ئەو کاتە جۆن جۆیس حەڤدە ساڵان بووە}. جۆن ستانیسلاوس جۆیس چووەتە کۆلێجی کوین لە کاونتیی کۆرک و ویستوویەتی پزیشکی بخوێنێت، بەڵام نەیتوانیوە. لە ڕۆژی لەدایکبوونی بیست و یەک ساڵەیدا هەزار پاوەن و چەند موڵکێکی تری وەک میراتی وەرگرتووە. ساڵی ١٨٧٤-١٨٧٥ چووە بۆ دەبلن و پارەکەی لە ترشانگەی دەبلن و چاپێڵیزۆددا وە بەر هێناوە، بەڵام ساڵی ١٨٨٠ ئەم دەزگایە نابووت بووە (ئیفلاسی کردووە). لە هەمان ساڵدا لە فەرمانگەی باجی دەبلندا بووە بە فەرمانبەر و کۆکەرەوەی باج. ماری جەین موررەی (١٥ی ئایاری ١٨٥٩-١٣ی ئابی ١٩٠٣)ی ناسیوە، لە ٥ی ئایاری ١٨٨٠دا هاوسەرگیرییان کردووە و دە منداڵیان بووە کە منداڵییان بە زیندوویی تێپەڕاندووە. ئەم پیاوە مەیخۆرێکی زیادەڕەوکەر بووە و نەیتوانیوە مودارای پارە بکات و دواجار کارەکەی لە دەست داوە و خێزانەکەشی بە خێرایی بەرەو قەیرانی دارایی ڕۆچوون. جۆن ستانیسلاوس جۆیس لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣١دا لە خەستەخانەی درەمکۆندرا لە شەقامی وایتوۆرث لە دەبلن مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

سایمن دێدالۆس یەکێکە لە کەسێتییە دیارەکانی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* و ستیفن لە پاری پێنجەمدا وەها باسی باوکی دەکات: «خوێندکاری پزیشکی، سەوڵلێدەر، گۆرانیبێژی چینی تینۆر، ئەکتەرێکی خوازمەند، وارگێڕێکی دەمبەهاوار، خاوەنزەوییەکی بچووک، وەبەرهێنێکی بچووک، مەیخۆر، پیاوێکی باش، چیرۆکبێژ، سکرتێری کەسێک، شتێک لە ترشانگە، کۆکەرەوەی باج، نابووت و ئێستاش کەسێکە بە ڕابردووی خۆیدا هەڵدەدات». **~ن.م.**

[5] **کرکرە دادراوەکانی شارێکە**: لە نەریتی ئایریدا لە دێکاندا لە کاتی پرسەدا کرکرەی پەنجەرەکان و دەرگای دوکانەکان دادەخران، وا لێرەشدا و لەسەر شەقامی گەڕەکەکە وەها دەکرێت. «شارێ»کە شارێی نیوبریدجە لە ساندیماونت (بڕوانە ٤: ٤٩). **~گ.س.**

[6] **ئەستێرەکانی**: هەموو ڕستەکە شەپۆلی هۆشی بلوومە لە بارەی پیرەژنە تەماشاکەرەکەوە، «ئەستێرەکانی» واتە ژنەکە سوپاسی کەلووەکەی (کۆئەستێرە) دەکات. ئەم بیروباوەڕە دەگەڕێتەوە بۆ کۆن و ئێستاش خەڵکانێک هەن باوەڕیان وایە کە کەلووەکان کاریگەرییان لەسەر بەختی مرۆڤ هەیە. **~ن.م.**

[7] **وا دیارە... شیاوە**: بە گوێرەی نەریت، ئامادەکردنی لاشەی مردوو کاری ژن بووە. **~گ.س.**

[8] **ژێربەژێر و پەلەپرووزێ**: بە دزییەوە، یان بە نهێنی. کلاودیۆس کە لە *هاملێت*دا قسە لەسەر ناشتی پۆلۆنیۆس دەکات ئەم دەربڕینە بە کار دەهێنێت:

خەڵک زۆر بە خەستی دەستیان داوەتە
چرپەچرپ و قسەڵۆکی نادروست
لە بارەی مەرگی پۆلۆنیۆسەوە، ئەو کارەی ئێمەش گەلێ هەڵە بوو
کە هەر ژێربەژێر ئاوها ناشتمان.

(هاملێت ٤: ٥، ٨٢-٨٥) **~گ.س.**

[9] **شڕەسۆل**: بە ئینگلی *slipperslappers*، وا دیارە وشەکەی ناو دەقە ماکەکە دروستکراوێکی جۆیس خۆی بێت کە دواتر لە کۆتایی ئەڵقەی پازدەیەمدا لەگەڵ کۆمەڵێک شتی تردا دەگیرێتە بلووم. شڕەسۆل واتە سۆلی شڕ، سۆل (یان نەعل)ی ژنانەی سەر فەرش، بەڵام بە شڕی. بەڵام ئاماژەیەکی تریشی هەیە، ئەوەیان لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.**

دایە شڕەسۆل {یان بە ئینگلییەکەی دایکە *سلیپەرسلاپەر/ مەذەر سلیپەرسلاپەر*} وەک «پیرەژنێکی بەستەزمان» وەهایە کە هێمای ئایرلاندە و ئایرلاندی بەکەسکراوە (بڕوانە ١: ١٣٦). دایە شڕەسۆل لە گۆرانییەکی فۆلکلۆردا بە ناوی *ڕێوییەکە*دا هەیە، دێت و دەڵێت: «جۆن، جۆن، قازە بۆرەکە ڕۆیشت، ڕێوییەکە وا لە شارە» یەکەم کۆپلە دەڵێت:

دایە شڕەسۆلی پیر
لە پێخەفی خۆی هەڵستا و بە هەڵەداوان ڕایکرد،
سەری لە پەنجەرەوە دەرهێنا و هاواری کرد:
«ئەیەڕۆ فریا بکەون، ماڵەکەمان گڕی گرت،
قازە بۆرەکەمان مرد
جا ڕێوییەکە دێ بۆ شار!» **~گ.س.**

[10] **پاشان ئامادەی دەکەن**: بە دیاریکراوی: لاشەی ڕوودی، کوڕە یازدە ڕۆژەکەی بلووم. **~گ.س.**

[11] **خاتوو فلێمینگ**: خانمێکی کارکەرە جارجار کار بۆ ماڵی بلووم دەکات. **~گ.س.**

خاتوو فلێمینگ لەسەر نموونەی ماری فلێمینگ بونیاد نراوە. ساڵی ١٨٥٦ لە دەبلن لە دایک بووە، ساڵی ١٩٠١ لەگەڵ خوشکێکیدا کە ناوی *سیسیلی* بووە، لە خانووی ژمارە ٢٠ی شەقامی ئێسێکسی خۆرهەڵات ژیاوە. سیسیلی بەرگدور بووە و هەردووکیان خزمی جۆن

فرانسز بەیرن بوون (بڕوانە ٤: ٣). وشەی خزمەکە *کەزن* cousinە، کە بە واتای *ئامۆزا* و *خاڵۆزا* و *پوورزا*ش دێت، من دڵنیا نەبووم کامیانە، بۆیە تەنها خزمم دانا}. ماری وەک سەرۆکی خێزانەکە تۆمار کراوە و وا نووسراوە کە ئەویش هەر بەرگدور بووە. پاشان گواستوویانەتەوە بۆ خانووی ژمارە ٧ی شەقامی ئێکلس {ماڵەکەی بلووم، بڕوانە ڕاڤەی ئاماژەبۆدراو}، ماری و خوشکەکەی ساڵانی ١٩١٠-١٩١٢ لەوێ ژیاون. جەیمز جۆیس لە دوو سەرداندا لە ساڵی ١٩٠٩ سەردانی ئەم ماڵەی کردووە و جارێکیان شەویش لەوێ ماوەتەوە. بەیرن لە پەڕتووکی *ساڵە بێدەنگەکان*دا باسی ئێوارەیەک دەکات کە جۆیس لە خانووی ژمارە ٧ی شەقامی ئێکلس میوانی ئەوان بووە، هاوڕێیەکی دوو خزمەکەی {واتە هاوڕێیەکی ماری و سیسیلی} بە میوانی هاتووە بۆ لایان و کەوتوونەتە گفتوگۆ، گفتوگۆکە زۆرتر هەر لە نێوان ماری و هاوڕێکەی میوانیاندا بووە و ماری زۆرتر قسەی کردووە و ویستوویەتی لە قسەکردندا بۆڕ بە میوانەکە بدات. میوانەکە باسی خێزانێکی کردووە کە ناسیونی، گوایە مێردەکەیان مردووە و بێوەژنێک و سێ منداڵی لە پاش خۆی بە جێ هێشتووە و بێوەژنەکەش سکی بە منداڵێکی تر هەبووە کە جارێ شەش مانگی ماوە لە دایک ببێت، واتە سکی سێ مانگ بووە. ماری هیچ هاوسۆزییەکی نەنوواندووە و وتوویەتی: «ئینجا چییە؟! باوکی من ساڵانێک بەر لە لەدایکبوونی من مردووە». ماری حەزی لە چارەی جۆیس نەبووە و جۆیسیش بێگومان حەزی بە چارەی نەهاتووە. ئاشکرا دیارە کە چەنەبازییە بەردەوامەکەی ماری داویەتی لە کەللەی جۆیس، بۆیە لە *ئولیس*دا ماری فلێمینگی کردووە بە ژنی خزمەتکارەکەی ماڵی بلووم. ماری فلێمینگ ساڵی ١٩٠٩ مردووە. **~ڤ.ئ.**

**سەرنج**: بۆ دووپاتکردنەوە: لە دەقەکەی ڤیڤیەن ئیگۆ خۆیدا دەڵێت: «ساڵانێک بەر لە لەدایکبوونی من مردووە» کە لە ڕووی لۆژیکییەوە نابێت باوک ساڵانێک بەر لە لەدایکبوونی کۆرپەکەی مردبێت؛ ئیتر ئایا ماری بە ڕاستی وەهای وتووە و هیچ سەرنجی نەداوە کە قسەکەی چەند هەڵەیە، یان بەیرن پێوەی ناوە یان هەڵەی ڕێنووس بووە لای بەیرن، یان هەڵەی ڕێنووسە لای ڤیڤیەن ئیگۆ، ئەمە نازانم، بەڵام لە دەقەکەی ئیگۆدا وەها دەڵێت. **~ن.م.**

[12] **خانووی ژمارە نۆ**: ماڵی دیگنەم ژمارە ٩ی شاڕێی نیوبریدجە لە ساندیماونت. **~گ.س.**

[13] **درگاژەنە**: بە ئینگلی *knocker*، ئەڵقەیەکە بە دەرگاوە دەکرێت و لە دەرگای پێ دەدرێت. **~ن.م.**

[14] **شەقامی ترایتنڤیل**: لە باکووریساندیماونتەوە دەڕوات بۆ ئایرشتاون. **~گ.س.**
[15] **ئایرشتاون، ڕینگسێند. شەقامی برونسویک**: کەژاوەی پرسەکە بە چەند ڕێیەکدا دەڕوات کە لەگەڵ ڕۆخی کەنداوی دەبلندا هاوتەریین؛ لە شەقامی ترایتنڤیلەوە بەرەو ئایرشتاون و ئینجا بۆ شەقامی تۆماس لە ئایرشتاون بەردەوام دەبێت. لەوێ ڕووەو خۆرئاوا بۆ شەقامی بریدج پێچ دەکاتەوە، کە ڕێک بەری باشووری دەمی ڕووباری لیفییە و ئینجا بەردەوام بەرەو خۆرئاوا دەڕوات و ڕووباری دۆدەر تێدەپەڕێنێت و بەسەر شەقامی ڕینگسێنددا بەسەر گراند کەناڵدا دەڕوات و ئینجا بە شەقامی گرەیت برونسویکدا (پییەرسی ئێستا) بەرەو ناوەڕاستی دەبلن دەڕوات و لەوێوە دیسان بەرەو باکوور پێچ دەکاتەوە و بۆ ئەوبەری شارەکە دەپەڕنەوە و دەچنە ناو گۆڕستانی گلاسنێڤن. **~گ.س.**
[16] **ئەوە نەریتێکی دێرینی چاکە**: بە دیاریکراوی: نەریتی گواستنەوەی تەرم کە بە ناوەڕاستی شاردا دەیبەن تا هەمووان ببینن و هەموو خەڵکیش بە ئاماژە دواهەمین ڕێزی خۆیان ئاراستەی مردووەکە بکەن. **~گ.س.**
[17] **کۆڵانی واتەری**: ئێستانان پێی دەڵێن شاڕێی دێرمۆت ئۆهەرلی کە لەوسەری ئایرشتاونە لە گەڕەکی ڕینگسێند. **~گ.س.**
[18] **کوڕێکی گەنج... لە بەردا بوو**: ستیفن بە ترامی دالکی تا شەقامی هادینگتن هاتووە لە باکوور، کە لەوێوە لە بری ئەوەی بەردەوام بێت و بەرەو دەبلن بڕوات، دەچێتە ترامێکی ساندیماونتەوە و بۆ ئایرشتاون بەرەو خۆرهەڵات دەڕوات، کە ماڵی گولدینگ لەوێیە؛ بەڵام لە بری ئەوەی بچێت بۆ ماڵی ئەوان، بەرەو باشوور و خۆرهەڵات بەرەو کۆستەی لیهی و گوێئاوی ساندیماونت دەڕوات، کە هەموو ئەڵقەی سێیەم (*پرۆتێفس*) لەوێ بە سەر دەبات. **~گ.س.**
[19] **فیدوس ئاکاتیس**: بە لاتینی *fidus Achates*، واتە ئاکاتیسی دڵسۆز؛ ئاکاتیس هاوەڵێکی ئەینیاسە (لە *ئەینیاس*ی ڤێرگیلیوسدا). بەو جۆرەی میستەر دێدالۆس ناوی دەهێنێت دەستەواژەکە دەستەواژەیەکی باوە، بەڵام لە بەستێنی *هادیس*دا تیلنیشانە بە ڕۆڵی ئاکاتیس لە هاوکاریکردنی ئەینیاسدا کە ئەینیاس خۆی ئامادە دەکات بۆ گەشتە پڕ لە مەترسییەکەی بەرەو جیهانی ژێرەوە (پەرتووکی شەشەمی *ئەینیاس*). **~گ.س.**
[20] **منداڵە ژیرەکەی باوکی خۆی دەناسێت**: ئەم وتەیە لە زمانی ئینگلیدا پەندە، هەموو پەندەکە دەڵێت: «ئەو منداڵە ژیرە کە باوکی خۆی دەناسێت» مەبەست لەوەیە کە بۆ

منداڵ ئاسانترە بزانێت دایکی کێیە، بەڵام ئاسان نییە بزانێت باوکی کێیە، بۆیە ئەو منداڵەی باوکی خۆی دەناسێت دانایە، یان ژیرە. **~ن.م.**

ئەمە پەندە، لە *ئۆدیسە*شدا ئەم پەندە هەیە کاتێک تیلێماخۆس بە ئەثینا دەڵێت: «دایکم دەڵێت من کوڕی ئەوم {ئۆدیسێفس}، لەمە دڵنیا نیم، کێ باوانی خۆی دەناسێت؟» **~گ.س.**

هەروەها لە شانۆنامەی *بازرگانەکەی ڤینیسیا*ی شێکسپیریشدا بە جۆرێکی تر یاریی لەسەر کراوە: لانسێلۆتی قەرەقۆز بە گۆبۆی باوکی دەڵێت، کە پیاوێکی پیر و چاوکزە: «ئەو باوکە دانایە کە منداڵەکەی خۆی دەناسێت» (بازرگانەکەی ڤینیسیا ٢: ٢، ٨٠). **~س.ت.م.١**

[21] **شەقامی ڕینگسێند**: بەرەو خۆرئاوا لە ڕینگسێندەوە بۆ ناوەڕاستی دەبلن. **~گ.س.**

[22] **برایانی واڵاس: بوتڵچی**: بە ناونیشانی ٣٤ی شەقامی ڕینگسێند. **~گ.س.**

لە ڕاستیدا ئەمانە دوو شوێنکارن، برایانی واڵاس، خاوەنی کەشتیی هەڵمی و هاوردەکەری خەڵووز، بە ناونیشانی ١٣ی شەقامی دۆلیەر، نووسینگەیان لە کینگستاون (*دون لییری*ی ئێستا) و مەنکستاون و دالکی و ڕاثماینس و ئەم دانەیەش هەبوو کە لە ٣ی شەقامی ڕینگسێندە (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لا. ١٥٧٩، ٢٠٣٢) بوتڵچییەکە: کارگەی جەیمز ئەلێکس کینگ، دروستکەری بوتڵ، بە ناونیشانی شەقامی ڕینگسێند (هەمان سەرچاوە، لا. ٢٠٥٢). **~س.ت.م.١**

[23] **پردی دۆدەر**: ڕووباری دۆدەر بەرەو باکوور هەڵدەقوڵێت و لای خۆرئاوای ڕینگسێند و ئایرشتاونەوە تێکەڵ بە ڕووباری لیفی دەبێت. **~گ.س.**

[24] **گولدینگ و کۆلیس و وارد**: گولدینگەکە خەیاڵکردە (بڕوانە ٣: ٥٦). ناوی *گولدینگ* خراوەتە سەر ناوی *کۆلیس و وارد* کە نووسینگەی پارێزەری بوو، بە ناونیشانی ٣١ی شەقامی دەیم، لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

[25] **شەقامی ستامەر**: لە باشووری ناوەڕاستی شاری دەبلنە، نزیکی گراند کەناڵ. **~گ.س.**

[26] **ئیگناتیوس گالەهێر**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *هەورێکی بچووک*ی *دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. لە ئەڵقەی حەوتەمدا دەڵێت کە فەرمانبەری ئالفرێد سی هارمسوۆرث بووە، هارمسوۆرث بڵاوکارێکی ئینگلە و لە ئایرلاند لە دایک بووە، گالەهێر لە هەردوو ڕۆژنامەی *لەندەن دەیلی مەیڵ* و *لەندەن ئیڤنینگ نیوس* کاری کردووە. لە ئەڵقەی حەوتەمدا چیرۆکێکی گرنگ لەسەر گالەهێر باس دەکرێت. **~گ.س.**

گالەهێر لەسەر نموونەی فرێد گالەهێر بونیاد نراوە. یەکێک بووە لە ڕۆژنامەنووسە هەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی. لە ١٩ی نیسانی ١٨٥٤ لە کاونتیی کۆرک لە ئایرلاند لە دایک بووە، کوڕی جۆن بلەیک گالەهێر و ماری (پێش شوو: *ڕەسڵ*) گالەهێر بووە. خێزانەکەیان لە ساڵی ١٨٥٩وە چوونەتە ٧ی شەقامی ئۆریەڵی سەروو لە دەبلن. پاشان گواستوویانەتەوە بۆ ١٦ی شەقامی نێلسن. باوکی کرا بە جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* و بۆ چەند ساڵێکی زۆر لەو پۆستەیدا مایەوە. برایەکی هەبوو ناوی جۆ بوو، ئەویش هەر ڕۆژنامەنووس بوو. گالەهێر لە کۆلێجی ئیماکیولەیت کۆنسێپشن لە شەقامی ماونتی سەروو لە دەبلن خوێندوویەتی و لە تەمەنی پازدە ساڵانەوە لە *فریمانس جۆرنەڵ* کاری کردووە. جۆن بلەیک گالەهێر و دوو کوڕەکەی: فرێد و جۆ، لە یەک کاتدا هەموویان کاریان بۆ ئەم ڕۆژنامەیە کردووە. دواتر گالەهێر بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی *سپۆرت*ی ئایری. لەسەر زۆر ڕووداوی وەرزشی بابەتی ڕۆژنامەوانیی دەنووسی و هەندێک جاریش دەبووە دادوەری هەندێک پێشبڕکێی وەرزشی، کە کۆمەڵەی وەرزشوانە ئایرە خوازمەندەکان و چەند دەزگایەکی تر ڕێکیان دەخست. زۆر شوێن گەڕاوە و هەواڵی وەرزشی جیهانیی لە ئەوروپا و ئەمەریکاوە ڕووماڵ کردووە. ساڵی ١٨٧٤ کچێکی خواستووە بە ناوی *سارا مارتِن* و لە ٣٧ی شەقامی بلێسینگتن دەژیان و دواتر چوونە ١٥١ی شەقامی ڕاثماینس و دواتریش چوونە ١٣ی شارێی کاسڵ-ود لە ڕاثماینس. مایەڵز کراوفۆرد لە {ئەڵقەی حەوتەمی} *ئولیس*دا وا دەگێڕێتەوە کە گوایە گالەهێر هەواڵی تایبەت و وردوژێنەری لەسەر کوشتنەکانی پاڕکی فینیکسی ساڵی ١٨٨٢ی بە تەلەگراف بۆ ڕۆژنامەی *نیو یۆرک وێلد* ناردووە و تیایدا نەخشەی ڕێی هەڵهاتنی بکوژەکانی ئاشکرا کردووە. لەو سەردەمەدا مەیخانەی ذەشیپ چەقی کۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانان بووە و یەکێک لە کەسە دیارەکانی کە شەوان لەوێ بووە، فرێد گالەهێر بووە. لە ١٢ی شوباتی ١٨٩٠دا بە فەرمی پۆستێکی بەرزی لە ڕۆژنامەی *سپۆرتسمان*دا پێ بەخشرا و بۆ هەمیشەیی لە لەندەن جێگیر بوو. هەروەها لە هەردوو ڕۆژنامەی *لەندەن دەیلی مەیڵ* و *لەندەن ئیڤنینگ نیوس*دا کاری بۆ ئالفرێد سی هارمسوۆرث کردووە، تی پی ئۆکانەڵ (١٨٤٨-١٩٢٠) لەوێ پێگەیەکی بۆ دۆزیبووەوە. دواتر گالەهێر لە پاریس کاری دەکرد. لە ٢ی ئایاری ١٨٩٩ لە ناوچەی سێپڵکەر لە لەندەن دڵی وەستا و مرد. دواتر لاشەکەی گوازرایەوە بۆ خەستەخانەی بارثۆلۆمیۆ لە لەندەن و لە گۆڕستانی کاسۆلیکی سانت ماری، لە کێنسەڵ گرین لە لەندەن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[27] **ڤالْس**: بە ئینگلی *valse* یان *waltz*، سەمایەکی موزیکییە لە کێشی سێ/چواردا دەکرێت، سەماکە بە شێوەیەکە دوو سەماکەر، زۆربەی کات نێر و مێیەک، نزیک و ڕووبەڕووی یەک دەوەستن و دەستی چەپی پیاو لە دەستی ڕاستی ژنەکەدایە و بەرەو دوور لە لەشیان درێژ دەکرێت و دەستەکەی تری پیاوەکەش لە پشتی ژنەکە و دەستەکەی تری ژنەکەش بەسەر شانی پیاوەکەوەیە؛ لەسەر کێشی موزیکەکە دەجووڵێن و سەما دەکەن. «لەوانەیە سەماکە لە سەمای *لاندلەری* ئەڵمانییەوە سەرچاوەی گرتبێت کە لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە لە ئەورووپادا بوو بە سەمایەکی باو، چ لای موزیکدانەرەکان و چ لە هۆڵی سەماکانیشدا» (*فەرهەنگی موزیک*، لا. ٩٠٥). زۆربەی موزیکدانەرە بەناوبانگەکان موزیکی ڤاڵسیان داناوە، بەناوبانگترینیان ئەوانەی یۆهان شتراوسی دووەم (١٨٢٥-١٨٩٩) و فرێدریک شۆپان (١٨١٠-١٨٤٩)ن. **~ن.م.**

[28] **خودا و دایکە پیرۆزەکەی**: عیسا و مریەم. **~ن.م.**

[29] **جێی لێقەومانی ختووکە دەدەم**: لە شانۆنامەی *بەشی دووەمی هێنریی چوارەم*ی شێکسپیردا خانمی خاوەنی مەیخانەکە و فانگ (دارۆغە) و سنەیر (یاریدەرەکەی) هەوڵ دەدەن فۆڵستاف دەستگیر بکەن، فۆڵستاف و باردۆڵف و خزمەتکارێکی دێن، کە ئەوان دەیانەوێت فۆڵستاف دەستگیر بکەن، خزمەتکارەکە هەڕەشە لە خانمی خاوەنی مەیخانەکە دەکات و دەڵێت:

دوور بکەوە هەی سەرسواڵکەر، هەی سووک، هەی زرتەبۆز!
جێی لێقەومانت ختووکە دەدەم!

{جێی لێقەومان: قن} (دووەم هێنریی چوارەم ٢: ١، ٦٥-٦٦). **~گ.س.**

**سەرنج**: گیفرد دەڵێت کە خزمەتکارەکەی فۆڵستاف ئەو دێڕە دەڵێت، بەڵام لەو دوو نوسخەیەی شانۆنامەکەی شێکسپیر کە من هەمن، تەنانەت لە *نۆ فییەر شێکسپیر*یشدا، فۆڵستافە کە وا دەڵێت، نەک خزمەتکارەکەی. لە دکتۆر هەنتم پرسی، وتی: «لە نوسخەی *ڕیڤەرساید* شێکسپیرەکەی مندا خزمەتکارەکەی فۆڵستاف ئەو دێڕە دەڵێت، نەک فۆڵستاف». هەر چۆنێک بێت، دیارە لە چاپە جیاوازەکانی شانۆنامەکەی شێکسپیردا لەو دێڕەدا ناکۆکی و جیاوازی هەیە. **~ن.م.**

**جێی لێقەومان**: بە ئینگلی *catastrophe*، ئەگەرچی وشەکە بە واتای *بەڵا*، *کارەسات*، *لێقەومان*...تد. دێت، بەڵام شێکسپیر واتایەکی تری پێی بەخشیوە، ئەویش لە بری *قن* بە کاری هێناوە، لەبەر ئەوەی قن شوێنی *بەڵا* یان *کارەسات* یان *لێقەومان*ە. **~ن.م.**

[30] **پیتەر پۆڵ مەسوینیی خزمم**: باوکی ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی (بڕوانە ١: ٤) ماوەیەک لە دوکانی کلێری و هاوبەشەکانیدا کاری کردووە، ئەو دوکانە پێشتر ناوی *مەسوینی و هاوبەشەکانی* بووە، بۆ فرۆشتنی کوتاڵ، ئاوریشم، گۆرەوی، دەستکێش، پووزەوانە، متوموورووو، گەوهەر، هەروەها دروستکەری پێڵاو و پووت، بەرگدور، خاوەنی کۆگا، بە ناونیشانی ٢١-٢٧ی شەقامی ساکڤیل (ئۆکانەڵی ئێستا). پیتەر پۆڵ مەسوینی، خزمێکی نەنکی جۆیس بووە، بازرگان و وارگێڕێکی سەرکەوتوو بووە و لە ١٨٦٤-١٨٧٥ لۆردی سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بووە. **~گ.س.**

پیتەر پۆڵ مەسوینی {یان مەکسوینی} خزمی دانیەڵ ئۆکانەڵ بووە (بڕوانە ٢: ٧٥) و هەروەها خزمی ئێلێن ئۆکانەڵی دایکی جۆن ستانیسلاوس جۆیسی باوکی جەیمز جۆیس بووە. لە بنەچەدا خەڵکی کاونتیی کۆڕک بوون و لە ئایاری ساڵی ١٨٥٣دا لە شەقامی ساکڤیل (ئۆکانەڵی ئێستا) لە دەبلن دوکانی کوتاڵفرۆشتنیان هەبووە و دوکانەکەیان ناو ناوە *نیو مارت*. مەکسوینی ساڵی ١٨٦٣ وەک ڕاوێژکاری ژووری لەنگەرگای باکوور هەڵبژێرراوە و ساڵی دواتر وەک سەرۆکی شارەوانیی دەبلن هەڵبژێرراوە. لە ٨ی ئابی ١٨٦٤دا بەردی بناغەی قەڵای یادگاریی دانیەڵ ئۆکانەڵی داناوە لە گۆڕستانی پڕۆسپێکت لە گلاسنێڤن. ساڵی ١٨٧٥ بۆ دووەم جار وەک سەرۆکی شارەوانیی دەبلن هەڵبژێررایەوە. پەیوەندیی بە بەشگەی ترشانگەی دەبلن و چاپێلیزۆدەوە هەبووە و پارەیەکی زۆری تیایدا وە بەر هێناوە، بەڵام ئەم ترشانگەیە شکستی هێناوە و ساڵی ١٨٧٧ داخراوە. پارەی لە فراوانکردنی نیو مارتیشدا وە بەر هێناوە، بەڵام دواتر دارمانێکی ئابووری ڕووی داوە و ساڵی ١٨٨٢ ئەو بەشگەیەش نابووت بووە و ساڵی دواتر بە ئێم جەی کلێری فرۆشراوە، کە خەڵکی لیمریک بووە. مەکسوینی ماوەی ١٣ ساڵ خزمەتی ئەنجوومەنی شارەوانیی دەبلنی کردووە و لە خانووی ژمارە ٧١ی شەقامی باگۆتی خوارووودا ژیاوە. لە ١٥ی ئابی ١٨٨٤دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[31] **قاتێکی ئیتن**: جلوبەرگێکی مۆدەی کوڕی گەنج بووە، لاسایی ئەو قاتی هاوپۆشە بوو کە قوتابییەکانی کۆلێجی ئیتن لە ئینگلتەرا پۆشیویانە (کە قوتابخانە حکومییەکانیان تەنها خەڵکی تایبەتی خۆیانیان وەرگرتووە و زۆر سەرسەختانە سەر بە کڵێسای ئینگلتەرا بوون) قاتەکە وەهایە: چاکەتێکی کورتە تا سەر کەمەر و ملیوانەکەی پانە و کراسێکی یەخە پانی سپیی کەتانە. **~گ.س.**

[32] **ڕیزە خانووەکانی ڕەیمند**: ئەو بەشەی شەقامی نیمچەبازنەیی باشوورە (لە ژمارە ٢٢ تا ٣٤، بە کڵێسای سانت کێڤنیشەوە) کە لەوبەر ئۆردوگای وێڵینگتنەوەیە (ئێستا پێی دەوترێت ئۆردوگای گریفیث {ئێستا قوتابخانەیە}) و لە باشووری ناوەڕاستی دەبلندایە، گراند کەناڵ لە باکوورەوە زۆر دوور نییە و لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاواشەوە زۆر دوور نییە. وا دیارە هەر ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی خێزانی بلووم چوونەتە گەڕەکی لۆمباردی خۆرئاوا لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٣دا لەوێ ڕودی لە سک نراوە. **~گ.س.**

[33] **دەست لە خراپە هەڵبگرە**: «دەست لە خراپە هەڵبگرە - فێر بە باشە بکەیت» دروشمێک بوو لەسەر دیواری گرتووخانەی ڕیچمند نووسرابوو لە شەقامی نیمچەبازنەیی باشوور، کە دانیەڵ ئۆکانەڵ ساڵی ١٨٤٤ ماوەیەکی کورت لەوێ بەند کرا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا گرتووخانەکە کرا بە ئۆردوگای وێڵینگتن (ئێستا پێی دەوترێت ئۆردوگای گریفیث {ئێستا قوتابخانەیە}). **~گ.س.**

[34] **دەستێکمان بۆ ببە**: بە واتای بازاڕییانە واتە *جووتبوون*. **~گ.س.**

[35] **گرەیستۆنس**: دێیەکی بچکۆلەی سەر کەناری باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی دەبلنە و شوێنی ڕاوەماسییە. هاوینەهەوارێکی باو بووە. **~گ.س.**

[36] **کۆڕنی**: (بڕوانە ٥: ١٧). **~ن.م.**

[37] **ئەو خێلییە**: لەو بەرگدورەوە هێنراوە کە کەرەستەی تەواوی لە بەردەستدا نییە بۆ تەواوکردنی کارەکەی، بۆیە خۆی خێل دەکات و دەکەوێتە فڵچەلێدان یان کاری سەرپێیی و ناتەواو. **~گ.س.**

ئاماژەکە ئەوەیە کە خۆی خێل دەکات، کەرەستەکان لە بەرچاویدا دەبن بە دوو ئەوەندە، بۆیە بە نیوەی کەرەستەکان کارەکە بە ڕێ دەکات... بە کورتی: پیسکەیە. **~ن.م.**

[38] **نێد لەمبێرت**: کەسێتییەکی خەیاڵکردە، لە ماریس ئابەی، کە لە ناوەڕاستی دەبلنە، لە دوکانێکی وشکەفرۆشی تۆ و دانەوێڵەدا کار دەکات. **~گ.س.**

ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

[39] **جۆ هاینس**: کەسێتییەکی خەیاڵکردە لە چیرۆکی *ڕۆژی لاولاو لە ژووری کۆبوونەوەکەی دەبلنییەکان*دا وەک پارنێڵییەکی دڵسۆز و سەرسەخت دەردەکەوێت. لە *ئولیس*دا وا دەردەکەوێت کە هێشتا لەوانەیە بێکارە بێت و باری دارایی خراپ بێت، ئەگەرچی پەرەگرافێک لەسەر مردنی دیگنەم دەنووسێت بۆ ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*. **~گ.س.**

ناوی تەواوی جۆ هاینس *جۆزێف مەکارثی هاینس*ە، ڕێی تێ دەچێت کە بەشێک لە کەسێتیی جۆ هاینس لەسەر نموونەی ماثیو جەی هاینس بونیاد نرابێت. ماثیو ساڵی ١٨٦٦ لە گۆلوەی لە دایک بووە، لە کۆلێجی بلاکرۆک لە کاونتیی دەبلن خوێندوویەتی، خەڵاتی یەکەمەکانی قۆناغی ناوەندیی بردووەتەوە. ساڵی ١٩٠١ لە فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی لەدایکبوون و مردنی دەبلن تۆمارەوان بووە، لەو کاتەدا خێزاندار بووە و لە ناونیشانی ٥٨ی ڕۆزماونت، لە دوندرەم لە کاونتیی دەبلن ژیاوە. ساڵی ١٩١١ ماثیو هاینس لە نووسینگەی سکرتێری گشتیدا وەک پەڕتووکخانەچی کاری کردووە و دواتریش بێوەمێرد بووە و لە کلۆنتارف ژیاوە. حەزی لە وەرزش هەبووە، بە تایبەتی یاریی ڕەگبی و جارجاریش بەشداریی لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیی وەرزشیدا کردووە. دواهەمین ناونیشانی لە دەبلندا شەقامی ئیست واڵ بووە. لە سەرەتای نیسانی ١٩٤٨دا مردووە. **~ڤ.ئ.**

لە دەقە بنەڕەتەکەدا تەنها ناوی «هاینس» هاتووە، بەڵام ئەم هاینسەیان لە هاینسەکەی ئەڵقەی یەکەم جیاوازە، ئەمیان «جۆ هاینس»ە و دواتر لە ڕۆمانەکەدا چەند جارێکی تر دەردەکەوێتەوە. لە ئینگلیییەکەدا دەزانرێت کە هەمان کەس نین، چونکە ڕێنووسەکانیان جیاوازن: هاینسی ئەڵقەی یەکەم بە *Haines* دەنووسرێت و ئەم هاینسەیان بە *Hynes* دەنووسرێت. بۆ ئەوەی خوێنەر سەری لێ نەشێوێت، هەمیشە ئەم هاینسەیانم بە «جۆ هاینس» نووسیوەتەوە. لە ئەڵقەی دوازدەیەمیشدا کە وا دیارە گێڕەرەوەکە هاوڕێییەتی، هەمیشە بە «جۆ» ناوی دەهێنێت، بۆیە لەو ئەڵقەیەشدا «جۆ» هەر جۆ هاینسە. **~ن.م.**

[40] **گراند کەناڵ**: گرنگترین کەناڵی ئاویی ئایرلاندە؛ بە درێژایی دەوروبەری هەموو ناوەڕاستی دەبلندا درێژ دەبێتەوە و دەبلن بە بەری خۆرئاوای ئایرلاندەوە دەبەستێتەوە. کەژاوەکە لەسەر پردی ڤیکتۆریا دەوەستێت کە لەسەر کەناڵەکەیە. **~گ.س.**

[41] **گازخانەکان**: بەشگەی گازی ئەڵایەنس و کۆنسیومەر، بە ناونیشانی ١١٠ی شەقامی گرەیت برونسویک (پیبەرسی ئێستا)، لە باشووری خۆرئاوای پردی سەر گراند کەناڵە. گازخانەکان بە بۆنەکانیان بەناوبانگ بوون، چونکە خەڵووزیان دەگۆڕی بە گاز بۆ چرا و خۆگەرمکردنەوە. **~گ.س.**

[42] **چای تۆوکەتان**: چایەکە کە لە تۆوکەتان دروست دەکرێت (تۆوکەتان یان گوشوانە: هەر ئەوەیە کە ڕۆنی کەتانیشی لێوە دەردەکرێت). ڕۆنی کەتان لای خەڵک زۆر باو بوو بەوەی کە «چارەی سرووشتی»یە و چای تۆوکەتانیش هەر وەک ڕۆنەکەی بەناوبانگ بوو. **~گ.س.**

[43] **ماڵی سەگەکان**: لەسەر لەنگەرگای گراند کەناڵ بوو، ماڵی سەگ و پشیلە، کۆمەڵەی ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ئاژەڵانی دەبلن دروستیان کردبوو و بە ڕێوەیان دەبرد. ماڵەکە ڕیکلامیان بۆ ئەوە دەکرد کە میوانداریی ئاژەڵی تەرا دەکەن و نووسیبوویان کە: «ئەوانەی نەخۆشن بێ ئازار لە ناو دەبرێن». **~گ.س.**
[44] **ئاثۆسی پیری داماو**: ئاثۆس سەگەکەی باوکی بلوومە، وا دیارە بە ناوی یەکێک لە سێ قرمەوانەکەی ڕۆمانە فەڕەنسییە بەناوبانگەکەی *سێ قرمەوانەکە The Three Musketeers*ی ئەلێکساندەر دووما پێر (١٨٠٢-١٨٤٤)ەوە ناوی لێ نراوە، کە ئەوان *ئارامیس، ئاثۆس، پۆرثۆس* بوون، ساڵی ١٨٤٤ ڕۆمانەکە لە پاریس بڵاو کرایەوە. لە *ئۆدیسە*شدا کە ئۆدیسێفس دەگاتەوە نزیکی کۆشکەکەی خۆی، کە سەگە پیرەکەی خۆی دەبینێت، کە ناوی *ئارگۆس*ە و لە دەرەوەی دەرگای ماڵەکەیدا لەسەر گردێک پیسایی «بە جێ هێڵراوە»، دەگری. سەگەکە هەوڵ دەدات سڵاو لە خاوەنەکەی بکات:

بەڵام مردن و تاریکی لەو ساتەدا
چاوی ئارگۆسی لە یەک نا کە ئۆدیسێفسی خاوەنی
دوای بیست ساڵان بینییەوە

(ئۆدیسە ١٧: ٣٢٦-٣٢٧). **~گ.س.**
[45] **با خواستت پەیڕەو بکرێت**: لە نوێژەکەی عیساوە هاتووە لە (مەتا ٦: ١٠) «با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان». **~گ.س.**
[46] **سەپتک**: بە ئینگلی *flag*، بەردی پان کە شۆستەی شەقامی پێ ڕووپۆش دەکرێت. **~ن.م.**
[47] **پادی لیۆنارد**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *هاوتاکانی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. هەروەها لە ئەڵقەی هەشتەم و چەند شوێنێکی تری *ئولیس*یشدا دەردەکەوێت. **~گ.س.**
ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**
[48] **بێن داڵەرد**: کەسێتییەکە لە ئەڵقەی دەیەمی *ئولیس*دا دەردەکەوێت و لە ئەڵقەی یازدەیەمیشدا گۆرانییەک دەبێژێت. **~گ.س.**
ساڵانی ١٨٨٠کان جۆن ستانیسلاوس جۆیس {باوکی جەیمز جۆیس} هاوڕێیەکی هەبوو ناوی *کریستۆفەر داڵەرد* بوو، گۆرانیبێژێکی خوازمەندی بەناوبانگی چینی باس بوو. لەوانەیە بێن داڵەرد لەسەر نموونەی ئەو بونیاد نرابێت. کریستۆفەر داڵەرد ساڵی ١٨٣٩ لە فۆکسهۆڵ لە ڕاهینی لە کاونتیی دەبلن لە دایک بووە و بچووکترین کوڕی جەیمز داڵەرد بووە. جۆن جۆیس و داڵەرد لە هەندێک کۆنسێرتدا پێکەوە گۆرانییان بێژاوە و دەنگە

قووڵە بەهێزە گڕەکەی داڵەردیش لە ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٨٦٣دا ستایش کراوە. لە کانوونی یەکەمی ١٨٧٠دا، کە کۆبوونەوەی ساڵانەی هاوڕێیانی ئەکادیمیای موزیکی ئایری لە ٣٦ی وێستلاند ڕۆو لە دەبلن گێڕرا، داڵەرد لەگەڵ چەند بەربژێرێکی تردا هەڵبژێررا تا ببێت بە ڕاوێژکاری ئەکادیمیاکە. لە ٣ی حوزەیرانی ١٨٧١دا خاتوونێکی خواستووە ناوی *لیلی کێنەدی* بووە، کچی پارێزەر بووە و خەڵکی کینگستاون (*دون لییری*ی ئێستا) بووە. لە ٢٧ و ٢٨ی نیسانی ١٨٨٠دا و لە ژێر سایەدەریی ئێدوارد دوایەر گرەی ئەندام پەرلەمان و لۆردی سەرۆکی شارەوانیی دەبلن و خاوەنی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا لە هۆڵی ئەینشنت لە دەبلن دوو کۆنسێرتی گەورە ساز کراوە. کۆنسێرتەکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بوو بۆ هەتیوخانەیەک کە ١٧٠ منداڵی بە خێو دەکرد. ڕابەری کۆنسێرتەکە پرۆفیسۆر گودوین بوو (بڕوانە ٤: ١١٥)، لە ناو هونەرمەندەکانیشدا جۆن ستانیسلاوس جۆیس و کریستۆفەر داڵەرد و هەندێک گۆرانیبێژی خوازمەندی بەناوبانگی تری ساڵانی ١٨٨٠کان بەشدار بوون. لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٨٨٤دا لە جەژنی ئێپیفانیدا پاتریک جۆن ڕایەن، ئوسقوفی مەترانی فیلادێلفیا لە کڵێسای سانت مریەم ئەستێرەی دەریا لە ساندیماونت لە دەبلن ماسێکی بەرزی بە ڕێوە برد، جۆزێف زانگل موزیکەکەی دانابوو، کریستۆفەر داڵەرد دووەم گۆرانیبێژی باسی کۆڕەکە بوو. داڵەرد لە ١٤ی ئایاری ١٨٨٥ لە ناونیشانی ٢٧ی شەقامی تێمپڵی سەروو لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

**سەرنج:** ئیگۆ دەڵێت: «داڵەرد لە ١٤ی ئایاری ١٨٨٥... کۆچی دوایی کردووە» کە دەکاتە نزیکەی نۆزدە ساڵ بەر لە ڕۆژی بلووم، کە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ە، ئەگەر وا بێت، کەواتە جۆیس کەسێتییەکی مردووی بە زیندوویی هێشتووەتەوە. **~ن.م.**

[49] **ذە کرۆپی بۆی**: بە ئینگلی *The Croppy Boy*، گۆرانییەکی نیشتمانپەروەرانەیە، کارۆڵ مالۆن دایناوە [ناوی خوازراوی هۆنەری ئایری *ویلیەم مەکبورنی*یە کە نزیکی ساڵی ١٨٤٤ لە دایک بووە و ساڵی ١٨٩٢ مردووە]. «کرۆپی» {یان سەرکێش} ناسناوی شۆڕشگێڕە کاسۆلیکەکانی وێکسفردی ساڵی ١٧٩٨ە. گۆرانییەکە باس لە کرۆپییەک دەکات کە بە دەستی ئەفسەرێکی لایەنگری شانشینی یەکگرتوو دەکوژرێت و ئەفسەرەکە خۆی وەک قەشە دەنوێنێت. جۆیس لە ٢٧ی ئابی ١٩٠٤دا لە کۆنسێرتێکدا لە هۆڵی ئەینشنت ئەم گۆرانییەی بێژاوە (بڕوانە ئێڵمان لا. ١٦٨). **~س.ت.م.١**

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر *کرۆپی/سەرکێش* و شۆڕشگێڕەکانی وێکسفردی ١٧٩٨ (بڕوانە ٢: ٨٥). **~ن.م.**

[50] **ڕێکخستنەوەی لەدوابینی**: بە ئینگلی *Retrospective arrangement*، دەربڕینێکی باوی تۆم کێرنەنە، لێرە و لە چەند شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا دووبارە دەبێتەوە. هەروەها ئاماژەیەکیشە بە خودی *ئولیس* کە وشەکان زۆر جار دووبارە دەبنەوە، بەڵام دەشێوێنرێن. **~و.ف.**

خۆم وشەی *لەدوابینی*م لە بەرانبەر *retrospective*ی ئینگلیدا دارشتووە، بە واتای ڕوانین لە شتێک دوای ڕوودانی، نەک لە کاتی خۆیدا. **~ن.م.**

[51] **وتارەکەی دان داوسن**: لە ئەڵقەی حەوتەمدا بە درێژی دەخرێتە ڕوو. ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ی ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا بوونی نییە. چارلز (دان) داوسن نانەوایەکی سەرکەوتوو و بەناوبانگ بوو، خاوەنی بەشگەی نانی دەبلن بوو لە شەقامی ستیفن. بوو بە یەکێک لە بازرگان و وارگێڕەکانی دەبلن: ئەندامی پەرلەمان بوو بۆ کاونتیی کارلۆو، لە ١٨٨٢ و ١٨٨٣دا سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بوو و لە ١٩٠٤دا فەرمانبەری باجگر بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی باجی دەبلن. **~گ.س.**

چارلز (دان) داوسن ساڵی ١٨٣٩ لە کاونتیی لیمریک لە دایک بووە. خاوەنی بەشگەی نانی دەبلن بووە و ناونیشانەکانی شوێنی کارەکەی لە دەبلن ١٤٨ی شەقامی گرەیت بریتن و ٢٧ی شەقامی ستیفنی خواروو بووە. ساڵی ١٨٨١ هەڵبژێرراوە تا لە ئەنجومەنی حوکمی سەربەخۆییدا خزمەت بکات و ماوەیەکیش ئەندامی پەرلەمان بووە بۆ کاونیی کارلۆو؛ ساڵی ١٨٨٢ و ١٨٨٣ سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بووە. هەر لەم کاتەدا یەکەم سەرۆکی ژووری بازرگانیی کاسۆلیکەکان و سکرتێری دارستانە ئایرییەکانیش بووە. ساڵی ١٩٠٤ سەرۆکی ژمێریاریی بەڕێوەبەرایەتیی باجی دەبلن بووە. داوسن لە خانووی ژمارە ١٩ی شەقامی ئاردیڤن لە دالکی لە دەبلن ژیاوە و دواتر لە «ماڵەبار» ژیاوە بە ناونیشانی ٥٢ی شەقامی مەریۆن لە دەبلن. وەک یەکێک لە بازرگان و وارگێڕەکانی دەبلن باس کراوە. لە ١٧ی ئاداری ١٩١٧دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[52] **سووچی دامێنی ڕۆژنامەکە**: ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* ستوونی مەرگنامەی لە سووچی سەرەوەی دەستەچەپی لاپەڕەی یەکەمدا دانابوو {لە ژێر ئاگانامەی لەدایکبوون و هاوسەرگیریدا – بۆیە دەڵێت: «دامێنی»}. ئەو ناوانەی بلووم دەیانخوێنێتەوە لە ژمارەی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ی ڕۆژنامەکەدا نین، لەوەش ناچێت هیچ کامێکیان هیچ

گرنگییەکیان هەبێت، جگە لە پیک، ئەویش بۆ تاوێک، چونکە لە چیرۆکی *هاوتاکانی دەبلنییەکان*دا دەڵێت کە «پیک... لە نووسینگەکەدا دەرکرا». **~گ.س.**

[53] **کرۆزبی و ئاڵینس**: سی دەبلیو ئاڵینس پارێزەر بوو، لە ٢٤ی شەقامی دەیم نووسینگەیەکی هەبوو (لەسەر سووچی شەقامی یوستس) لە ناوەڕاستی دەبلندا، لە باکووری ڕووباری لیفی (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لا. ١٤٦٨). هیچ کرۆزبی ناوێک لە ڕێبەرینامەکەدا ناوی نەهاتووە. بەڵام لە چیرۆکی *هاوتاکانی دەبلنییەکان*دا هەمان میستەر ئاڵینس یەکێکە لە کەسێتییە سەرەکییەکان و چەند جارێک ناوی هاوبەشەکەی دەهێنێت کە لەوێ نییە و ناوی *میستەر کرۆزبی*یە. بڕوانە ئێلمان، لاپەڕە ١٦ و ٣٩. **~گ.س.**

[54] **بە داخ و... بۆ**: جۆیس لە ڕێی شەپۆلی هۆشی بلوومەوە دێڕێکی ڕۆژنامەکەمان پێ دەڵێت کە هەواڵی مەرگی کەسێکە، نووسینێکی کلێشەییە، لە ئینتەرنێت نموونەیەکی ئەم نووسینە کلێشەییەم دۆزییەوە کە دەڵێت:

> *بە داخ و پەژارەیەکی لە دەربڕین نەهاتووەوە بۆ باوکی*، لە ڕۆژی ٢ی نیسانی ١٦٣٤دا، کچە گەورە و خۆشەویستەکەی، کە ڕەبەنێکی ڕەبەنگای خوشکانی سان ماتیۆ بوو، کۆچی دوایی کرد.

لە چاپەکانی پێشوودا ئەم ڕستە تەواونەکراوەم بەم شێوەیە وەرنەگێڕابوو، لەم پێداچوونەوەیەدا دەستکاری کرا، ئەمەی ئێستا بە دروستتر دەزانم. **~ن.م.**

[55] **سوپاس بۆ... ببەخشێت**: کۆپلەیەکی باوی ناو نووسینی ستوونی مەرگنامە بوو. «گوڵە بچکۆلەکە» ناسناوی *سانت تێرێزی لیسیو* (١٨٧٣-١٨٩٧)ە (هەموو ناسناوەکە: سانت تێرێز، گوڵە بچکۆلەکەی عیسای مەسیح)ە، {یەکەم جار کە جۆیس ئەم دێڕەی نووسیوە بە هەڵە نووسیویە: «گوڵە بچکۆلەکەی مریەم» بەڵام دواتر چاکی کردووەتەوە و مریەمی لابردووە و تەنها «گوڵە بچکۆلەکە»ی هێشتووەتەوە}. کۆمەڵەکەی سانت تێرێز لە دوای مردنەکەیەوە بە خێرایی برەویان سەند و بە شێوەیەک بوو کە پەڕتووکی *ژیانی سانتەکانی* بەتڵەر (پێداچوونەوەی هێربێرت ثۆرستن ک.ع. و دۆناڵد ئاتوەتەر [لەندەن، ١٩٥٦]) پێی دەڵێت: «کاریگەرترین و گرنگترین دیاردەی دینیی هاوچەرخە» (٤:١٢). تێرێزی لیسیو ساڵی ١٩٢٣ بە فەرمی پیرۆز کرا و ١٩٢٥ بە فەرمی وەک سانت ناسێنرا. سانت تێرێز بەڵێنی دابوو کە: «دوای مردنم لێدەگەڕێم بارانی گوڵەباخ ببارێت» و بۆیەش ناسناوی «گوڵە بچکۆلەکە»ی وەرگرتووە.

«گوڵە بچکۆلە»یەکی تریش هەیە، هۆنراوەیەکی ئالفرێد لۆرد تێنیسنە و هەموو ناونیشانی هۆنراوەکە *گوڵی ناو کەلێنی دیوار*ێکە (١٨٦٩). لە سووچی سەرەوەی دەستەڕاستی ڕۆژنامەی *ئیڤنینگ تەلەگراف*ی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا لە ژێر ناونیشانی «گوڵبژێر لە هەموو سەرچاوەیەکەوە» ئەم هۆنراوەیە بڵاو کراوەتەوە. هۆنراوەکە دەڵێت:

ئەی گوڵی ناو درزی دیوار،
لەو کەلێنەت دەردەهێنم،
هەر لە ڕەگ تا سەر پەڕی ڕووت
بۆ لەپی دەستمت دەهێنم.
ئەی گوڵی جوان، گوڵە بچکۆل،
گەر لە تۆ تێگەیشتبام من،
هەر لە ڕەگ تا گشت لەشی تۆ،
جا لە خوا و خۆم تێدەگەیشتم.

*ماسی سییە* {بە ئینگلی *month's mind*} ماسێکە دوای سی ڕۆژ، یان مانگێک بەسەر مردنی کەسێکدا لە کڵێسا دەگێڕرێت. {سییە لەسەر داڕشتەی *چلە* داڕێژراوە}. **~گ.س.**

کوینلان: ناوێکی باوی ئایرییە، کەسێکە مردووە و ماسی سییەی بۆ دەگێڕرێت. **~ف.د.**

[56] **وا مانگێکە... بیبیننەوە**: چەند دێڕێکی ئامادەی باو بوو کە لە ستوونی مەرگنامەی ناو ڕۆژنامەکاندا لە یادی مردوویێکدا دەنووسرا. (لێرەدا بۆ مەرگی ئەو کەسەیە کە سییەی بۆ دەگێڕرێت) {وا دیارە هێنری کوینلان بێت}. پەیوەندیی *هێنری* و *گوڵە بچکۆلە* بلووم دەخاتە بیری ناوە خوازراوەکەی خۆی، کە هێنری فلاوەرە. **~گ.س.**

[57] **قوتابخانە... تریشقەگێڕەکان**: بە دوای یەکتردان لە شەقامی گرەیت برونسویک (پییەرسی ئێستا): *قوتابخانە حکومییەکە*: ١١٤-١٢١ی شەقامەکەیە و قوتابخانەی سانت ئەندراوسی تێکەڵاوە. *حەوشەکەی مییەید*: ١٥٣-١٥٩ی کۆڵانەکەیە، مایکڵ مییەید و کوڕەکانی، دروستکەر و بازرگان، بۆ بڕینەوەی دار بە وزەی هەڵم و نەخشەدانان و لە قاڵبدانی ئاش. *کووخی تریشقەگێڕەکان* شوێنی وەستانی عەرەبانەکان و عەرەبانەی قاوەیە لە دەرەوەی وێستگەی وێستلاند ڕۆو. **~گ.س.**

[58] **هێڵەوان**: {یان ئاماژەوان} کەسێکە کە بەرپرسی گۆڕینی ئاراستەی هێڵەکانی ترام و شەمەندەفەرە. ئەو نەردە ئاسنینانە دەگۆڕێت کە واگۆنێک لەسەر هێڵێکەوە ئاراستەی هێڵێکی تر دەکات. **~گ.س.**

[59] **هۆڵی ئەینشنت**: هۆڵێکی موزیکە، ئەو کۆنسێرتانەی تێدا دەگێڕرا کە بە تایبەتی کۆمەک کرابوون. لە ٤٢ی شەقامی برونسویکە. **~گ.س.**
[60] **گرێبەندێکی پرسەباری**: شریتێکی قوماشی ڕەشە، وەک نیشانەی پرسە دەکرێت بە قۆڵەوە. زۆربەی جار بۆ کەسێک دەپۆشرێت کە کەسێکی زۆر نزیک نەبووە. **~گ.س.**
[61] **دووانگە ناقۆڵاکەی سانت مارك**: **دووانگە**: بە ئینگلی *pulpit*، شوێنی قسەکردن لە پەرستگادا، یان *میحراب*. **~ن.م.**
کڵێسای سانت مارك لە دەوروبەری ساڵی ۱۷۳۷دا دروست کراوە و لەسەر شەقامی مارکە، هەر دەچێتەوە سەر شەقامی برونسویک (پییەرسی ئێستا). کڵێساکە لەسەر شێوازێکی نیۆکلاسیکی دروست کراوە و ئەوەندە ناشیرینە کە پێی بوترێت «ناقۆڵا». بەری لای خۆرئاوای کڵێساکە وەک شێوەی باوی کڵێسایە، بەردین و تۆخە، پێچە درێژەکانی دیوارەکان بە پەنجەرە باریک و درێژکۆلەکان هاوسەنگ نەکراون کە بۆ ئەوە دانراون کە پلیکانەکانی ناو کڵێساکە ڕووناک بکەنەوە. **~گ.س.**
ئۆسکار وایلد لەم کڵێسایە ئاوەمۆر کراوە. **~ج.ھ.**
[62] **لە ژێر پردی هێڵی ترامەکە**: هێڵی بەستەرەوەی شەمەندەفەری شاری دەبلن بەسەر شەقامی برونسویکدا دەبات (بڕوانە ٥: ٧١). **~گ.س.**
[63] **شانۆگای کوین**: لە ۲۰۹ی شەقامی گرەیت برونسویکە (پییەرسی ئێستا)، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا یەکێک بوو لە سێ شانۆگا گەورەکەی شاری دەبلن، یەکێکیان شانۆگای پاشایی بوو، زۆربەی کات بۆ نمایشی درامی بە کار دەهێنرا؛ یەکێکی تر شانۆگای گەیەتی بوو، ئەمیان بۆ کۆنسێرتی موزیکیی باوی ناو خەڵک بە کار دەهێنرا؛ هەروەها شانۆگای کوین، کە بۆ ئەو بۆنانە بە کار دەهات کە بۆ هیچ کامێک لە دوو شانۆگا گەورەکەی تر شیاو نەبوون. **~گ.س.**
[64] **یوجین ستراتن**: شانۆگای پاشایی دەبلن لە برۆشووردا لەسەری نووسیوە کە «ئەکتەری کۆمیدیی بەناوبانگی جیهان ئێستا لە ڕۆڵە بەناوبانگ و پەسەندکراوەکانیدا زنجیرەیەک نمایش پێشکەش دەکات». *یوجین ستراتن* ناوی شانۆیی *یوجین ئاوگوست ڕووڵمان* (۱۸٦۱-۱۹۱۸) بوو، ئەکتەرێکی ئەمەریکایی بوو ڕۆڵی ڕەشپێستی دەگێڕا و لەم ڕۆڵەشدا ببووە ئەستێرەی شانۆگا موزیکییەکان. زۆرتر بە شانۆگاکانی دوورگە بەریتانییەکاندا دەگەڕا، لە سەرەتادا لەگەڵ گرووپێکی شانۆچیی گەڕۆکدا بوو، دواتر خۆی بە تەنیا دەگەڕا. زۆرتر گۆرانیی گاڵتەجاڕیی ڕەشپێستەکانی دەبێژا و هەندێک کۆپلەی بە فیکە دەبێژا و لەسەر

شانۆیەکی تاریک، کە بە ڕووناکیی ڕاستەوخۆ ڕووناک کرابووەوە، سەمای پێ و پێڵاوی دەکرد. **~گ.س.**

[65] **خاتوو باندمن پاڵمەر**: ئەمیان لە شانۆگای گەیەتی بوو (بڕوانە ٥: ٨٨). **~گ.س.**

[66] **شلێرەکەی... ئێڵستەر گرایمس**: شانۆگای کوین ڕیکلامی بۆ *شلێرەکەی کیلارنی* کردبوو کە: بەشگەی ئێڵستەر-گرایمس بۆ ئۆپێرای گەورە هەڵدەستێت بە سازدانی ئەو ئۆپێرا «ئایری»یە (١٨٦٢)، کە دەرکردەیەکی میلۆدرامیی موزیکیی ئۆپێرای *کولین باون*، بە ئایری واتە *کچە قژزەردەکە* (بڕوانە ١٢: # **کولین باون**)ە، دایۆن بوسیکۆ (١٨٢٢-١٨٩٠) و جۆن ئۆکسنفۆرد (١٨١٢-١٨٧٧) ئۆپێرانامەکەیان داناوە، سێر جولیۆس بێنێدیکت (١٨٠٤-١٨٨٥) کە موزیکدانەرێکی ئەڵمان-ئینگل بوو، موزیکەکەی داناوە.

پوختەی گرێچنەکەی: ئایلی، کچە ئایرە قژزەردەکە (کۆلین باون)، کچێکی لادێییە و بە نهێنی لە پیاوێک مارە دەکرێت کە ناوی *هاردرێس کریگن*ە، کریگن و دایکی لە بارێکی دارایی خراپدان، بەڵام چارەیەک پێشنیار دەکرێت کە ئەگەر کریگن کچێکی دەوڵەمەند بخوازێت، کە ناوی *ئان*ە، ئەوکات کێشەیان نامێنێت. بەڵام کیرڵ، کە هاوڕێی خۆشەویستی کریگنە، لەگەڵ ئاندا دەکەونە داوی ئەوینی یەکەوە، بەڵام ئان بە هەڵە وا دەزانێت کە کریگڵ (نەک کریگن) مێردی ئایلییە. ئاڵۆسکانە میلۆدرامییەکە ئاڵۆزتریش دەبێت بە: لووتبەرزیی کریگن؛ بە پارێزەرێکی بێبایەخ کە بارمتەیەکی (ڕەهن) بۆ دەستبەسەرداگرتنی خانووەکەی ماڵی کریگن پێیە؛ بە خزمەتکارە دڵسۆزەکەی کریگن کە پەرۆشییە هەڵەکەی وای لێ دەکات هەوڵی کوشتنی ئایلی بدات؛ بەو پارێزەرەی کریگنی دەستگیر کردووە بە تۆمەتی کوشتنێک کە هێشتا ڕووی نەداوە...تد. هەموو ئەم گرێیانە بە ددانپێدانانێک ئاشکرا دەبن و دەکرێنەوە: کریگن دەگەڕێتەوە لای ئایلی، ئان و کیرڵ هاوسەرگیری دەکەن، بارمتەکە نامێنێت، پارێزەرەکەش دەخرێتە ناو ئاخوڕێکەوە. **~گ.س.**

[67] **ڕابواردن لەسەر بریستڵ**: ناونیشانی شانۆنامەیەکی موزیکییە، بە ئینگلی *Fun on the Bristol; or, A Night on the Sound* لە دانانی هێنری کڵەی جارێت (١٨٢٨-١٩٠٣)، لەسەر ڕیکلامەکەی نووسرابوو کە شانۆنامەیەکی موزیکیی «شێتانە و جەفەنگی و سەیر و سەمەرەی ئەمەریکایی»یە، «لە پانتۆمایم جەفەنگیترە». لە ناوچەکانی دەرەوەی شاری ئایرلاندا گەلێک بەناوبانگ بوو و خەڵک زۆریان حەز لێی بوو؛ ئەم شانۆنامەیە و ئەوەی یوجین ستراتن لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا هەردووکیان لە شانۆگای پاشایی لە دەبلن نمایش کران. **~گ.س.**

[68] **تێپەڕنامە**: بلووم لێرە و لە ئەڵقەی چوارەمیشدا بیر لە «تێپەڕنامە» دەکاتەوە کە مەکۆی و مارتن کەنینگهەم بۆی بکەن. مەبەست لە *تێپەڕنامە* نووسراوێکە کە لە نووسینگەی ڕۆژنامەیەکەوە بۆ کەسێک بنووسرێت و ئاماژە بەوە بدات کە هەڵگری نووسراوەکە ڕۆژنامەوانە، ئاوهاش ڕێی پێ دەدرێت بە خۆڕایی بچێتە شوێنانەوە. لێرەدا بلووم بۆ ئەوەیەتی بە خۆڕایی بچێتە شانۆگاکەوە، گوایە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی چووە، لە ئەڵقەی چوارەمیشدا بۆ ئەوەیەتی کە پارەی کرێی هاتوچۆکە نەدات. **~ن.م.**

[69] **گەیەتی**: (بڕوانە ٦: ٦٣). **~گ.س.**

[70] **دوانیوەڕۆ دێت. گۆرانییەکانی**: ئاماژەی ئەوی یەکەم بۆ نێرە، واتە بلێسە بۆیلەن، ئاماژەی ئەوی دووەم «گۆرانییەکانی» مێیە، مەبەست لە مۆلییە، واتە بلێسە بۆیلەن دوای نیوەڕۆ دەچێت بۆ ماڵیان بە بیانووی بردنی گۆرانییەکانی مۆلی، جا دەستلەملانی یەک دەبن. **~ن.م.**

[71] **پلاستۆ**: کڵاودور بە ناونیشانی ١ی شەقامی گرەیت برونسویک (پییەرسی ئێستا)، ئەو کڵاودورەیە کە بلووم شەبقەکەی لێی کڕیوە (بڕوانە ٤: ٢٥). **~گ.س.**

[72] **فوارە... کرامپتن**: فوارەیەک و پەیکەرێکی سەر و سنگی سێر فیلیپ بوو، لە پشتیەوە بەرەو سەر تاقگەیەک لە گەڵای کانزایی هەبوو، لە شەقامی کۆلێج دانرابوو کە دەکەوێتە بەری خۆرئاوای شەقامی گرەیت برونسویک (پییەرسی ئێستا). کەژاوەی پرسەکە لێرەوە بەرەو باکوور، بەرەو پردی ئۆکانەڵ دەڕۆن کە بەسەر ڕووباری لیفیدا دەیانپەڕێنێتەوە. کرامپتن (١٧٧٧-١٨٥٨) نەشتەرکارێکی دەبلنی بوو کە «ناوبانگی بە نزیکی لە هەموو ئەورووپا بیسترابوو» و چەندین ساڵ نەشتەرکاری گشتیی هێزەکانی سوپای شای بەریتانیا بووە. ئێستانان ئەم یادگارە لابراوە. **~گ.س.**

[73] **ئەوەتا پەرچەمی بە با دەدات**: {لە دەقە ماکەکەدا} زیاتر لە واتایەکی هەیە: لە لایەک واتە شەبقەکەی لابردووە. یان واتە قژە ڕۆناوییەکەی بەسەر نێوچاوانیدا هێناوە؛ بەڵام بەو واتایەش دێت کە کەشخانە خۆی گۆڕیوە، کە لەم بارەیاندا بۆیلەن پۆز لێ دەدات. **~گ.س.**

[74] **ڕێد بانک**: چێشتخانەی ڕێد بانک، خاوەنی بۆرتن بیندن، ناونیشانی ١٩-٢٠ی شەقامی دۆلیەر. **~گ.س.**

[75] **کاونتیی کلێر**: لە بەری خۆرئاوای ئایرلاندە (بڕوانە ١: ١٤٥). بلووم دەیەوێت بچێت بۆ شارۆچکەی ئێنیس، کە لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٨٨٦دا باوکی لەوێ خۆی کوشت. **~گ.س.**

[76] **ماری ئاندێرسن:** هۆڵی ئۆڵستەر لە بێلفاست لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا ڕیکلامی بۆ سەردانێکی «خانمە ئەکتەری ناوداری جیهان» خاتوو ماری ئاندێرسن کردبوو «(مەدام دی مارانۆ)، دیمەنی بانیژەکەی *ڕۆمیۆ و جولێت*، تد. تد.» هەندێک هونەرمەندی «ناودار و دیار»ی دەنگبێژ و ئامێرژەن، (لەوانە چەلۆژەن: کڵاید توێڵڤتریس) بەشدارییان کردبوو. **~گ.س.**

[77] **لویس وێرنەر:** لە برۆشوورەکەدا نووسراوە کە لەگەڵ خاتوو ماری ئاندێرسن و هاوەڵەکانیدا لە بێلفاست «ڕابەری تیپی موزیک و ژەنیاری هاوشانیکەر»ە. **~گ.س.**
*هاوشان* یان *هاوشانیکەر* لە موزیکدا ژەنیارێکە کە بە ژەندن هاوشانی ژەنیار، یان گۆرانیبێژێکی تر بێت، زۆربەی کات یەکێکیان دیارترەکەیە، وەک گۆرانیبێژێک، ئەوی تریان بە موزیک لەگەڵیدا دەژەنێت، وەک پیانۆژەنێک کە لەگەڵ گۆرانیبێژێکدا دەژەنێت. **~ن.م.**

[78] **جەی سی دۆیەل... جۆن ماککۆرماک:** دۆیەل گۆرانیبێژێکی چینی باڕیتۆن بوو، ساڵی ١٨٩٩ خەڵاتی فێش کیۆلی بردووەتەوە (فێستیڤاڵ و پێشبڕکێی موزیکی ساڵانەی دەبلن). ماککۆرماک (١٨٨٤-١٩٤٥)، گۆرانیبێژێکی چینی تینۆر بوو، ئەویش هەر خەڵاتی زێڕینی فێش کیۆلی بردووەتەوە. یەکێک بوو لە ئەندامەکانی کۆڕی پالێسترینای کاتیدرایی کاتیی مێترۆپۆلیتان (کاتیدراییەکی کاتیی کاسۆلیکی ڕۆمی بوو لە دەبلن) و ساڵی ١٩٠٤ لە پیشانگای نێودەوڵەتیی سانت لویس لە سانت لویس لە ویلایەتی میزۆری لە ئەمەریکا گۆرانیی بێژا. هەردوو گۆرانیبێژەکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە نایابترین موزیککاری هاوچەرخی ئایرلاند دادەنران. **~گ.س.**

**جۆن سی دۆیەل** (١٨٦٦-١٩٣٩) لە خێزانێکی موزیکپەروەر لە شاری دەبلن لە دایک بووە. گۆرانیبێژی چینی باڕیتۆن بووە، ساڵی ١٨٩٩ خەڵاتی یەکەمی کێبڕکێی فێش کیۆلی بردووەتەوە. کە گەنج بوو، لەگەڵ براکەیدا چوارینە بۆهیمییەکەیان دامەزراند. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ناو موزیککارە ئایرەکاندا بە یەکێک لە باشترین گۆرانیبێژەکان دادەنرا و لە زۆر بۆنەی جۆراوجۆردا لە دەبلن و شارەکانی تری ئایرلاند و تەنانەت لە ئینگلتەرا و سکۆتلاندیش گۆرانیی بێژاوە. دۆیەل لە ٢٧ی ئابی ١٩٠٤دا لە شانۆگای ئەینشنت لە شەقامی گرەیت برونسویک لە دەبلن لەگەڵ جەیمز جۆیس و جۆن ماککۆرماکدا کۆنسێرتی ساز داوە، (ئەو شەقامە ئێستا پێی دەوترێت شەقامی پیەرس). بە درێژایی هەموو تەمەنی لە نووسینگەی تەلەگراف لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆستە و گەیاندنی دەبلندا کاری دەکرد، ساڵی ١٩١١ ببوو بە یاریدەری چاودێری گشتیی

بەڕێوەبەرایەتییەکە. بژێوی ژیانی تەنها لەسەر گۆرانیبێژان پەیدا نەدەکرد، چونکە ژنێک و هەشت منداڵی هەبوو و نەیدەتوانی پڕکێشیی ئەوە بکات کە ئەم خێزانە گەورەیە لەسەر داهاتی ناجێگیری موزیک بەخێو بکات. ژنەکەی ناوی *ئەلیزابێث ماری* بوو. دۆیەل هاوڕێیەکی خۆشەویستی جۆن ماککۆرماک بوو، ئەگەرچی ماککۆرماک ١٨ ساڵان لەو منداڵتر بوو، زۆر هاوکاریی ماککۆرماکی کردووە لە سەرەتای پیشەکەیدا تا دەربکەوێت. لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٩دا لە ماڵی خۆی لە شەقامی لیندسەی لە دەبلن مرد و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. ~**ڤ.ئ.**

**جۆن ماککۆرماک**: جۆن ماککۆرماک کوڕی ئاندرو ماککۆرماک و هانا (پێش شوو: *واتسن*) ماککۆرماک بوو. لە ١٤ی حوزەیرانی ١٨٨٤دا لە ئاثلۆن، لە کاونتیی وێستمیث لە دایک بووە. برایانی ماریست لە ئاثلۆن و سەمەرهیڵ کۆلێج لە کاونتیی سلایگۆ وانەیان پێی وتووەتەوە. ساڵی ١٩٠٢ پێگەیەکی لە کۆڕی پالێسترینای کاتیدرای کاتیی دەبلندا وەرگرت. ڤینسنت ئۆبرایەن وانەی پێی وتووە. ساڵی ١٩٠٣ بەشداریی لە پێشبڕکێی گۆرانیبێژە تینۆرەکانی فێش کیۆلدا کرد. پڕۆفیسۆر لویجی دێنزا، موزیکدانەر و دادوەری پێشبڕکێکە لە ئەکادیمیای موزیکیی لەندەن مەدالیای زێڕینی بە ماککۆرماک بەخشی، لە دەرئەنجامی ئەمەدا لە هەموو وڵاتەکەدا هەلی زۆر کۆنسێرتی پێ بەخشرا و پیشەکەی گەیشتە ترۆپکی برەو. لە ٢٧ی ئابی ١٩٠٤دا ماککۆرماک و جۆیس لە هۆڵی ئەینشنت لە شەقامی گرەیت برونسویک (پییەرسی ئێستا) پێکەوە بەشدارییان لە کۆنسێرتێکدا کردووە. ماککۆرماک لە ئیتالیا لای ساباتینی وانەی بێژانی گۆرانیی ئۆپێرایی خوێندووە و ساڵی ١٩٠٧ لە کۆشکی ئۆپێرای پاشایی لەندەن لە ئۆپێرای *کاڤالێریا ڕوستیکانا* (لە دانانی پییەترۆ ماسکاننی) لە یەکەم ئۆپێرای ژیانیدا بەشداریی کردووە، دوای ئەوەش لەگەڵ بەشگەی ئۆپێرای گەورەشارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وەک شیکاگۆ و بۆستن بەشداریی کردووە. دوای چەند دەرکەوتنێکی ئۆپێرایی، وەها بەناوبانگ بوو کە ئۆپێراکانی بوون بە پڕفرۆشترینی سەردەمی خۆی. ساڵی ١٩٢٨ لە بەرانبەر کارەکانیدا بۆ دەزگا خێرخوازییە کاسۆلیکەکان کرا بە کاونتی پاپایی {بە ئینگلی ***papal count*** ڕێزلێنانێکە پاپا بە خەڵکانێکی دەبەخشێت کە خزمەتی دەزگاکانی کاسۆلیکی ڕۆمییان کردووە}. لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٥دا لە ماڵی خۆی لە گلێنا، شەقامی ڕۆک لە بووتەرستاون لە کاونتیی دەبلن مرد و لە گۆڕستانی دینسگرەینج لە شارۆچکەی دینسگرەینج لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. ئەلیزابێث ئۆکین لە باخی ئایڤیاگ لە دەبلن پەیکەرێکی بۆی ساز داوە. ~**ڤ.ئ.**

[79] **سمیث ئۆبڕایەن**: پەیکەرێکی ویلیەم سمیث ئۆبڕایەن، پاڵەوانی ١٨٤٨ (بڕوانە ٤: ١٧٩) لەسەر یەکتربڕی شەقامەکانی وێستمۆرلاند و دۆلیەر دانرابوو کە بەرەو پردی ئۆکانەڵ دەڕۆیشتیت. سێر تۆماس فارێل (١٨٢٧-١٩٠٠) ساڵی ١٨٦٩ پەیکەرەکەی دروست کردبوو. **~گ.س.**

[80] **دەبێت ساڵیادی مردنی بێت**: ڕاستە، ئۆبڕایەن لە ١٦ی حوزەیرانی ١٨٦٤دا مرد. **~گ.س.** ویلیەم سمیث ئۆبڕایەن لە ١٨ی حوزەیرانی ١٨٦٤دا مردووە، بەڵام لەسەر پەیکەرەکەی نووسرابوو کە ١٦ی حوزەیرانی ١٨٦٤ مردووە. **~س.ت.م.١**

[81] **هەموو ساڵێک بە خۆشی**: لە کاتی لەدایکبوون و یادی ساڵانەی بۆنەیەکدا دەوترێت، بەڵام بۆ ساڵڕۆژی مردن ناوترێت. **~گ.س.**

[82] **پەیکەرەکەی فارێل**: (بڕوانە ٤: ١٧٩). **~گ.س.**

[83] **داخۆ بۆچی لە کار خرابێت**: مۆڵەتی کاری بواری یاسای لێ سەنرا. **~گ.س.**

[84] **شەقامی هیوم**: هێنری ئاڕ تویدی، لێپرسراوی دەزگای یاسایی پاشایی کاونتیی واتەرفرد (بڕوانە ١: ١٤٥)، بە ناونیشانی ١٣ی شەقامی هیوم، لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

[85] **تویدی**: هێنری ئاڕ تویدی کوڕی جۆن تویدی بووە، ساڵی ١٨٥٥ لە دەبلن لە دایک بووە، لە تەمەنی ٢١ ساڵییەوە مۆڵەتی پارێزەریی پێ دراوە و لە شاری نیوتاونەردس لە کاونتیی داون پیشەیەکی پڕ لە چالاکیی هەبووە. ساڵی ١٨٨٦ خانمێکی خواستووە بە ناوی *جولیا مەکماهۆن*، پاشان لەگەڵ ژنبراکەیدا، کە ناوی *ئەگیلا مەکماهۆن* بووە و ئەویش هەر پارێزەر بووە و نووسینگەی پارێزەریی هەبووە، نووسینگەکانیان لە یەک داوە. لە دوای مەرگی ئەگیلاوە هێنری تویدی بووە بە بەڕێوەبەری نووسینگەی مەکماهۆن و تویدی، پاشان نووسینگەکەیان گواستووەتەوە بۆ ناونیشانی ٣١ی کۆلێج گرین. دواتر ناونیشانی نووسینگەکە بە ١٣ی شەقامی هیوم تۆمار کراوە. تویدی ساڵانی ١٨٩٧-١٩٢٢ پارێزەری پاشایی کاونتیی واتەرفرد بووە. ساڵی ١٩٣١ خانەنشین بووە. خۆی و ژنەکەی لە خانووی ژمارە ٤ی کۆستەی چارلمۆنت لە دون لییری (کە پێشتر بە کینگستاون ناسرابوو) ژیاون. دوای مەرگی ژنەکەی لە ئاداری ١٩٣٧دا، ماڵی گواستووەتەوە بۆ نزیکی خانووی ژمارە ٢ی کۆشکەکانی کرۆفتن لە دون لییری. لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٣٩دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دینسگرێنگ نێژراوە لە دینسگرێنگ لە کاونتیی دەبلن. **~ڤ.ئ.**

[86] **پاشماوەی ڕەوشتی کۆنە**: لە گۆرانییەکی ئایرییەوە هێنراوە کە ناوی *شەبقەکەی باوکم دەیپۆشی*یە، لە دانانی جۆنی پاتەرسن:

گەرچی کۆنە، بەڵام جوانە،
باشترینی شەبقەکانە،
لە دوورگەی زەمرووتی سەوزدا
لە نەوەد ساڵ زیاتر لە سەر کراوە.
هەر لە باوانی باوکمەوە
تا نەوە بێشوومارەکانیان
پاشماوەی ڕەوشتی کۆنە
شەبقەکەی باوکم دەیپۆشی. **~گ.س.**

[87] **وەک برنووتیی دەوری دووداره فڕێ درا**: دەربڕینێکی باوە دەربارەی بێباکی لە بەکارهێناندا. لەوەوە هاتووە کە برنووتی لە دەوری دووداره‌دا زۆر پێویستە و زۆریشی لێ بە کار دەهێنرێت تا بۆنی لاشە مردووەکە بشارێتەوە. **~گ.س.**

واتە چۆن لە دەوری دووداره‌دا برنووتی بە بێباکی فڕێ دەدرێت، ئاوهاش ئۆکاڵەهان بێباکانە و بێمنەتانە فڕێ درا. **~ن.م.**

[88] **ئۆکاڵەهان بە ڕەتاوی**: نازانم ئایا ئەو پارێزەرەی مۆڵەتی کاری یاسایی لێ سەنراوەتەوە و ئێستا قەیتان دەفرۆشێت ئۆکاڵەهانە یان نا، بەڵام «بە ڕەتاوی» {بە ئینگلی *His Last Legs*} (لەندەن، ١٨٣٩) ناونیشانی شانۆیەکی کورتی دوو پەردەیی جەفەنگییە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەناوبانگ بوو، نووسەری ئەمەریکایی ویلیەم بایل بێرنارد (١٨٠٧-١٨٧٥) نووسیویەتی. پاڵەوانە فێڵبازەکەی شانۆنامەکەی بێرنارد قەشمەرێکی ئایرە، ناوی *فێلیکس ئۆکاڵەهان*ە، کە شانۆکە دەست پێ دەکات پیاوێکی «بەڕەوشت و پەڕپووت»ە و بەختی ڕوو لە هەڵدێرە، ڕۆژێک لە ڕۆژان خاوەنزەوییەکی خانەدان و «ئەستێرەیەکی درەوشاوەی شاری چێڵتنهام بووە» (شارێکی پێشکەوتوو و نوێباوی ئینگلتەرایە)، وا دە ساڵانە «بەخت یاریی شەقشەقێنی پێ دەکات» و دەست دەداتە هەر شتێک شکستی تێدا دەهێنێت. شانۆنامەکە هەموو ئەوانە بە چەند ڕێکەوتێکی ئاڵۆزی پڕ لە بەخت چارە دەکات، ئەمانەش بە هاوکاریی ئەوەی کە وا دیارە هەم نووسەرەکە و هەم بینەرانیش وا تێیگەیشتوون کە ئۆکاڵەهان لە بەهرە ئایرییەکەیدا کە خۆنوواندن و هەڵخڵەتاندنی خەڵکانە، گەلێک لێهاتووە. دواجار خەریکە بێوەژنێکی دەوڵەمەند دەخوازێت کە کاتی

خۆی، پێش ئەوەی خۆی نابووت ببێت، دڵداریی لەگەڵدا کردووە و لە دەستی داوە. **~گ.س.**

**قەشمەری ئایری**: کەسێکی ئایرە کە خۆی ئەوەندە دابگرێت کە ڕۆڵی قەرەقۆز و گاڵتەجاڕ بگێڕێت لەبەر ئەوەی لە ناو خەڵکاندا ئایر چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت ڕۆڵی گاڵتەجاڕ بگێڕێت. **~ن.م.**

[89] **داخۆ بۆچی... ئۆکاڵەهان بە ڕەتاوی**: ناڕوونییەک لەم پەرەگرافەدا هەیە و وا دیارە پەرلەکەیشی باش نەکراوەتەوە، یان من لێی ئاگادار نیم. ئایا بلووم بیر لە دوو کەسی جیاواز دەکاتەوە: *تویدی* ناوێک و *ئۆکاڵەهان* ناوێک؟ یان دەربڕینی «ئۆکاڵەهان بە ڕەتاوی» وتەیەکی باو، یان ناونیشانی کارێکە کە هێشتا من لێی ئاگادار نیم؟ هیچ لەمانە نازانم و دڵنیا نیم، لە دکتۆر هەنتم پرسی: «ئەوەی لەم پەرەگرافە تێیدەگەم ئەوەیە کە بلووم ئەو پیرەمێردەی دی کە جلێکی دێزی لە بەردا بوو و قەیتانی دەفرۆشت، ناوی *تویدی*یە و لە شەقامی هیوم نووسینگەی هەبووە، هەمان ئەو پیاوەیە کە "وەک بڕنووتیی دەوری دوودارە فڕێ درا"وە و لە کارەکەی لابراوە و ئێستا قەیتان دەفرۆشێت و ڕۆچووە و بەختی ڕوو لە هەڵدێرە. ئایا باش لێی تێگەیشتووم؟ خاتوو ئیگۆ تویدی ناوێکی دەستنیشان کردووە، کە زۆربەی ئەدگارەکانی ئەم تویدییەی ئەم پەرەگرافەی تێدایە، جگە لەوەی خاتوو ئیگۆ ئاماژە بەوە نادات کە ئەم تویدییە لە کار دەرکراوە و دەستی کردووە بە فرۆشتنی قەیتان. هەروەها خاتوو ئیگۆ هیچ باسێکی ئۆکاڵەهان ناکات، ئۆکاڵەهان کێیە؟»

دکتۆر هەنت وتی: «بەڵێ، باش لێی تێگەیشتوویت. بەڵام تۆ بڵێیت تویدی ناوی ئەو "خانوو" یان نووسینگەیە نەبێت کە ئەو پارێزەرە تیایدا کاری کردووە؟ واتە ناوی خۆی نەبێت، تەنها ناوی شوێنکارەکە بێت؟ من زۆر بە دوای ئەمەدا نەچووم، بڕوانە ڕاڤەکەی گیفرد، نازانم ئەگەر گیفرد ڕاست بێت یان نا، بەڵام وەڵامێکە کە ڕێی تێ دەچێت».

دوای وەڵامەکەی دکتۆر هەنت سەرنجێکی تریشم دا: تویدییەکەی خاتوو ئیگۆ (بڕوانە ٦: ٨٥) ساڵی ١٨٥٥ لە دایک بووە، لە ١٩٠٤دا تەمەنی ٤٩ ساڵ بووە، ٤٩ ساڵ کەی «پیرەمێرد»ە؟ هەر چۆنێک بێت، با ئەمە ئاوها بمێنێتەوە، کە بۆم ڕوون بووەوە و پێویستی بە دەستکاری هەبوو چاکی دەکەمەوە. **~ن.م.**

[90] **ڤۆلیۆ... ئێ نۆن**: بلووم هەڵەکەی پێشووی چاک دەکاتەوە (بڕوانە ٤: ١٢٢). **~گ.س.**

[91] **می ترێما ئون پۆکۆ ئیل**: {*ئیل کۆر*؛ بەڵام بلووم تەواوی ناکات} بە ئیتالی واتە: «دڵم پەلەپەل دەکات» وەڵامەکەی زێرلینایە بۆ دۆن جۆڤانی لە گۆرانیی دووانینەی *لا چی دارێم لا مانۆ*دا (بڕوانە ٤: ١١٨). **~گ.س.**

[92] **بۆقژە... دەردەبڕێت**: **بۆقژە**: بە ئینگلی *thrush*، باڵندەیەکی تا ڕادەیەک بچکۆلەیە، پشتی قاوەییە و سنگی خاڵخاڵە. ناوەکەم لە *فەرهەنگی باڵندە*وە هێناوە. **ڕەشیشە**: بە ئینگلی *throstle*، لە ئینگلییەکەدا ناوێکی هۆنراوەییانەیە بۆ باڵندەی بۆقژە. وا دیارە ئەم دوو جۆرە باڵندەیە لە هەمان توخمن. باڵندەیەکی تر هەیە پێی دەوترێت *ڕەشیشەی دەنگخۆش* بە ئینگلی *song thrush*، کە هەمان شێوەی بۆقژەی هەیە و دەنگی خوێندنی خۆشە، وا دیارە بلووم لێرەدا پێی وایە دەنگی مۆڵی لەو گۆرانییەدا لە دەنگی ئەو باڵندەیە دەچێت، لە دکتۆر هەنتیشم پرسی، بۆی پشتڕاست کردمەوە کە وایە. **~ن.م.**

[93] **کرۆفتن**: «پیاوێکی ئۆرەنجیی بەڕێز» بووە، کەسێتییەکە لە چیرۆکی *ڕۆژی لاولاو لە ژووری کۆبوونەوەکەی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. لە ژیانی ڕاستیدا ناوی جەی تی ئەی کرۆفتن (١٨٣٩-١٩٠٧) بووە، لە بەڕێوەبەرایەتیی باجی دەبلن هاوکاری جۆن جۆیس بووە (سایمن دێدالۆس). **~گ.س.**

جەیمز تۆماس ئامبرۆز کرۆفتن ساڵی ١٨٨٤ لە فەرمانگەی باجی دەبلن هاوکاری جۆن ستانیسلاوس جۆیسی باوکی جەیمز جۆیس بووە. ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ لە دەرەوەی ئایرلاند ژیاوە. ئابی ١٩٠٧ گەڕاوەتەوە و دوو حەفتە دوای گەڕانەوەکەی سەرمای بووە و بە حەفتەیەک لێی پیس کردووە و بووەتە هۆی مردنی. پارێزەرێکی پلەنزمی دادگا بووە و پێشتر لە ڕاتگار کاری کردووە. لە ٢٢ی ئابی ١٩٠٧دا لە کینگستاون (*دون لییری*ی ئێستا) لە کاونتیی دەبلن مردووە. کوڕەکەی، قەشە ئەی پاجێت کرۆفتن پرسەکەی بە ڕێوە بردووە. لە گۆڕستانی ماونت جێرۆم لە دەبلن لە ناو گۆڕی خێزانەکەیدا نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[94] **جوری**: میوانخانەی بازرگانی و خێزانیی جوری، بە ناونیشانی ٧-٨ی کۆلێج گرین لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

[95] **مۆیرا**: میوانخانەی مۆیرا، بە ناونیشانی ١٥ی شەقامی ترینیتی، لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. **~گ.س.**

[96] **ڕزگارکەرە جبەزلەکە**: پەیکەرێکی دوازدە پێ {٣.٦٥م}ی دانیەڵ ئۆکانەڵە لەسەر بنکەیەکی بیست و هەشت پێ {٨.٥٣م} (بڕوانە ٢: ٧٥)، جۆن هێنری فۆلی (١٨١٨-١٨٧٤)

که پەیکەرسازێکی ئایر بوو دروستی کردووە، لە بەری باکووری پردی ئۆکانەڵدایە. کەژاوەی پرسەکە بە شەقامی ساکڤیلدا (ئۆکانەڵی ئێستا) بەرەو باکوور دەڕوات. **~گ.س.**
**جبەزل**، واتە جبەیەکی زلی لە بەردایە. لەو جۆرە پەسنانە گەلێک زۆرن لە ڕۆمانەکەدا کە ئاوەڵناوێک لە دوو وشەی پێکنووساو لێکدراوە، ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە لە چەشنی شێوازی لێکدانی ئاوەڵناوەکانی هۆمیرۆسن. **~ن.م.**

[97] **لە هۆزەکەی ڕەئوبێنە**: مەبەست ئەوەیە جووە، لە ناوی ڕەئوبێنی کوڕە گەورە و نۆبەرەکەی یاقوب و لێئەوە هاتووە (پەیدابوون ٢٩: ٣٢) (بڕوانە ٤: ٨٧) کە ڕەئوبێن بابەگەورەی یەکێکە لە دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل (سەرژمێری ١: ٥ و ٢١)، بەوە خۆی دەرخست کە یوسفی برای (لە دایکێکی ترەوە) ڕزگار کرد و پارێزگاریی لێی کرد، بەڵام (بە هەڵەشەیی بەناوبانگ بوو) بەوە ئابرووی خۆی برد کە لەگەڵ کەنیزەکەکەی باوکی، کە ناوی *بیلهە* بوو {دایکی دان و نەفتالی}، پەیوەندیی سەرجێیی هەبوو. هۆزەکەی ڕەئوبێن شەڕکەر و شوان بوون، لە ناوچەیەکی دوورەدەستی خاکی بەڵێندراودا دەژیان و دواجار دەستیان لە جوویی خۆیان هەڵگرت. لە نەریتی دینی مەسیحیدا یەهوزای ئەسخەریوتی، ئەوەی گوایە خیانەتی لە عیسا کردووە، زۆر جار پێی دەوترێت کە *لە هۆزەکەی ڕەئوبێن بووە*. **~گ.س.**

[98] **ماڵی فیلی ئێڵڤەریس**: بە ناونیشانی ٤٦ و ٤٧ی شەقامی ساکڤیلی خواروو، وەها ڕیکلامیان بۆ خۆیان دەکرد کە «ئاودانەدەرکەر»ن و کەرەستەی ئاودانەدەری ماسیگرتن و ڕاو و سواری و پیادە دەفرۆشن. **~گ.س.**
جۆن دەبلیو ئێڵڤەری و هاوبەشەکانی، دروستکەری «چووپی هیندی و گەتەپەرچا» و «بەرگی کریکێت و تێنسی سەر چیمەن»، دوکانەکانیان لە ٤٦ و ٤٧ی شەقامی ساکڤیلی خواروو (ئۆکانەڵی ئێستا) و ١٨.٥ی شەقامی ناسۆ بوو، لە کۆڕک و لەندەنیش دوکانیان هەبوو (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لا. ١٨٦٤). دوکانەکەی شەقامی ساکڤیل پێی دەوترا: «ماڵی فیل» چونکە پەیکەری فیلێک لە بەردەمی دەرگا سەرەکییەکەیاندا هەبوو. **~س.ت.م.١**

[99] **پەیکەرەکەی گرەی**: لەسەر بنکەیەک بوو لە ناوەڕاستی شەقامی ساکڤیلی خواروو (ئۆکانەڵی ئێستا)، ئەمیش هەر سێر تۆماس فارێل دروستی کردبوو (بڕوانە ٤: ١٧٩). پەیکەرێکی سێر جۆن گرەی (١٨١٦-١٨٧٥) بوو، نیشتمانپەروەرێکی ئایری پرۆتستانت بوو، خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* بوو. کۆششی بۆ هەڵوەشاندنەوەی

کڵێسای ئایرلاند (ساڵی ١٨٦٩ ڕووی دا) و چاکسازیی زەویوزار و کشتوکاڵی دەکرد، هەروەها کۆششی بۆ بونیادنانی خوێندنی بێ دەستتێوەردانی لقی دینی دەکرد {خوێندنی بێ مەزهەب}. **~گ.س.**

[100] **هەمووMان بەسەرماندا هاتووە**: واتە هەمووMان هەستمان بە ڕق و کینەی قەرزدەرە «جوو»کان کردووە. بڕوانە ئێڵمان لاپەڕە ٣٧-٣٩ و ٣٦٦. **~گ.س.**

[101] **ڕەئوبێن جەی و کوڕەکەی**: ڕەئوبێن جەی دۆد، پارێزەر، بە ناونیشانی ٣٤ی شەقامی لەنگەرگای ئۆرمندی سەروو، نوێنەری بەشگەی بیمەی نیشتمانی و بەشگەی بیمەی هاوبەشی نیو یۆرک بوو. ڕۆژنامەی *ئایرش وێرکەری* ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩١١ وتارێکی بە ناونیشانی «نیو کراون بۆ ڕزگارکردنی ژیانێک»ەوە بڵاو کردبووەوە. وتارەکە چیرۆکی کوڕێک دەگێڕێتەوە کە خۆی هەڵداوەتە ڕووباری لیفییەوە: «پاڵنەرەکەی خۆکوشتن بووبێت، یان هەر شتێکی تر بووبێت، لامان گرنگ نییە»، کرێکارێکی سەر لەنگەرگاکە بە ناوی *موسا گۆڵدین*ەوە ژیانی ڕزگار کرد. پاشان گۆڵدین نەخۆش کەوتبوو و کار و مووچەکەی لە دەست دابوو، بەڵام کە ژنەکەی موسا گۆڵدین بۆ داوای یارمەتی چووبوو بۆ لای ڕەئوبێن جەی دۆدی باوکی کوڕەکە، کە هەوڵی دابوو خۆی بکوژێت، ڕەئوبێن بە کورتی و ناشیرینی وەڵامی دابووەوە و وتبووی: «دەبوو مێردەکەت خۆی هەڵنەقورتاندایە و سەرقاڵی کاری خۆی بووایە»، ژنەکە دوو شڵنگ و شەش پنسی لە ڕەئوبێن دۆد وەرگرتبوو. بەڵام لە ژیانی ڕاستیدا ڕەئوبێن دۆد جوو نەبوو، ئەگەرچی لە *ئولیس*دا بە جوو دانراوە. بڕوانە ئێڵمان لاپەڕە ٣٨. **~گ.س.**

ڕەئوبین جەی دۆدی بچووک کوڕی ڕەئوبێن جەی دۆدی گەورە بووە، دایکی ناوی *بریدجێت فرانسێز* بووە (پێش شوو: *مەکئێڤۆی*). ساڵی ١٨٧٩ لە دەبلن لە دایک بووە. لە کۆلێجی بێلڤێدێرێ لە دەبلن خوێندوویەتی و هاوڕێی قوتابخانەی جەیمز جۆیس بووە. پاشان چووەتە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن و ساڵی ١٩٠١ لەوێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە دەست هێناوە. ماوەیەک بەردەستی پیتەر جەی مەککان بووە لە نووسینگەی پارێزەرییەکەی ئەو بە ناونیشانی ٥ی کۆلێج گرین لە دەبلن و ساڵی ١٩٠١ مۆڵەتی پارێزەریی پێ دراوە و لە زۆر شوێنی شاری دەبلن کاری پارێزەریی خۆی کردووە، یەکێک لەوانە و بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٠٤ ناونیشانی ٣٤ی لەنگەرگای ئۆرمندی باکوور بووە. دواهەمین ناونیشانی کارەکەی ٥ی گاردنەر پلەیس بووە و دواهەمین شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیشی بە ناونیشانی ٦٥ی شەقامی پێمبرۆک بووە لە بۆلسبریدج لە

دەبلن. لە ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٧دا مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ێ.**

102 **دوورگەی مان**: دوورگەیەکە لە دەریای ئایریدایە {بە تەنیشت دوورگەی ئایرلاندەوە لە لای خۆرهەڵاتەوە، بڕوانە نەخشەی ئایرلاند} وێستگەیەکی ڕێی ئاویی کەشتییە هەڵمییەکانی نێوان دەبلن و لیڤەرپووڵە، شوێنێکی چەپەک و دوورە، بەڵام تاراوگەیەکی گران نییە. **~گ.س.**

103 **باراباس بخنکێنە**: کە پیلاتۆسی پۆنتی دادگایی عیسا دەکات، هەڵبژاردەی ئەوە دەخاتە بەردەم جووەکان کە یان عیسا، یان باراباس (دز و سەرکردەیەکی یاخیبووان بوو) ئازاد بکرێت، «بەڵام کاهینانی باڵا و پیران خەڵکەکەیان جۆشدا کە داوای باراباس بکەن و عیسا لەناوببەن.» (مەتا ٢٧: ٢٠). لە شانۆنامەی *جووەکەی ماڵتا* (١٥٨٩)، لە نووسینی کریستۆفەر مارلۆو (١٥٦٤-١٥٩٣)، کەسێتییە بەدکارە سەرەکییەکە، کە ناوی *باراباس*ە، لە کۆتایی پەردەی پێنجەمدا دەمرێت، بەوەی دەکەوێتە ناو بەرۆشێک ئاوی لەکوڵەوە کە وەک تەڵە بۆ دوژمنەکانی خۆیی ئامادە کردووە. **~گ.س.**

بۆ *بەرۆش* (بڕوانە ٣: ١٧٤). **~ن.م.**

104 **شڵنگێک و هەشت پنسی زیادە**: بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دراوەکان و بەهاکانیان ساڵی ١٩٠٤ (بڕوانە ١: ٢٧). فلۆرینێک دوو شڵنگە، هەر شڵنگێکیش دوازدە پنسە، کە میستەر دێدالۆس دەڵێت: «شڵنگێک و هەشت پنسی زیادە»، واتە ژیانی کوڕەکە تەنها چوار پنسی دەهێنا! **~ن.م.**

105 **کۆڵەکەکەی نێڵسن**: لە ناوەڕاستی شەقامی ساکڤیلدا بوو (ئۆکانەڵی ئێستا)، کۆڵەکەیەک بوو ١٢١ پێ بەرز بوو {٣٦.٨م}، لە سەری سەرەوەش پەیکەرێکی سێزدە پێیی {٣.٩٦م}ی لۆرد نێڵسن (١٧٥٨-١٨٠٥) بوو کە سوپاسالاری یەکەمی دەریایی بەریتانیا بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆربەی ترامە کارەباییەکانی ناوشاری دەبلن و دەوروبەری لای کۆڵەکەکەی نێڵسنەوە بە ڕێ دەکەوتن. ئایرە ناسیۆنالیستەکان ساڵی ١٩٦٦ لە پەنجایەمین ساڵیادی شۆڕشی ئیستەری ساڵی ١٩١٦ بە شێوەیەکی نەشارەزایانە ڕووخاندیان. **~گ.س.**

106 **شەبقەلەسەر**: (بڕوانە ٦: ٨٦). **~گ.س.**

107 **جۆن بارڵیکۆرن**: ناوێکی بازاڕییانەیە، بە واتای *ویسکی* دێت. **~گ.س.**

108 **ئادیلایت**: ئاوێکی کانزایی بۆر، یان بۆرباوە. **~گ.س.**

جۆیس لە سەرەتادا نووسیویەتی «ئادیلەید» کە ڕەنگێکی جیاوازی مۆرە، بەڵام دواتر گۆڕیویەتی بە «ئادیڵایت»، کە ئاوێکی کانزایی بۆر بووە، لە کالیسیۆم و مەگنیسیۆمی زەرنیخی پێکهاتووە و یەکەم جار ساڵی ١٨٩١ دۆزراوەتەوە. **~س.ت.م.١**
ئەم دێڕە لە دەقە ماکەکەدا کەمێک ناڕوونە: زۆر ڕوون نییە کە ئایا تۆ دەبیت بە ئادیڵایت، یان خواردنەوەکە دەبێت بە ئادیڵایت، بۆچوونم وایە کە مەبەست لە لووتەکەیە دەبێت بە ئادیڵایت، بەڵام دوو ڕاڤەکەی سەرەوە کەمێک سەرلێتێکدەرن و ئاماژەی ئەوە دەدەن کە مەبەستەکە خواردنەوەکەیە کە دەگۆڕێت. بۆیە جگە لە ڕاڤەکەی گیفرد و سام سلەوت، «ئادیڵایت» ناوی بەردێکی دەگمەنیشە. دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا بە *نیلة* وەریگێڕاوە کە بە گوێرەی *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان* بە واتای *نیل* یان *شینۆک* دێت کە ڕەنگێکی نیلییە و لە ڕووەکێک دەردەهێنرێت بە هەمان ناوەوە، ئەو بە شێوەیەک وەریگێڕاوە کە مەیخۆرەکە ڕەنگی نیلی هەڵدەگەڕێت، نەک خواردنەوەکە دەبێت بە شتێکی تر. وەرگێڕانە فەرەنسییەکە بە «جەمشت» وەریانگێڕاوە کە بەردێکە و ڕەنگەکەی کەمێک ئەرخەوانییە، ئەویش هەر مەبەستی ڕەنگی مەیخۆرەکەیە. بۆچوونم وایە کە ئەم ڕستەیە دەشێت دوو واتای هەبێت: یەکەمیان: *ئەوەندە مەی دەخواتەوە کە ئیتر مەیەکە تام و چێژی مەیی نادات، بەڵکو دەبێت بە شلەیەکی تر* و وا دیارە ئەم شلە کانزاییەش وەک چارە بینراوە. (ئەمە بە گوێرەی ڕاڤەکەی گیفرد و سلەوت)؛ دووەم واتا: *ئەوەندە دەخواتەوە تا ڕەنگی مۆر یان ئەرخەوانی، یان نیلی هەڵدەگەڕێت* (بە گوێرەی وەرگێڕانەکانی دکتۆر تەها و وەرگێڕانە فەرەنسییەکە)، هەروەها دەستکارییەکەی جۆیس خۆیشی، کە سلەوت لە ڕاڤەکەیدا ئاماژەی پێی داوە. لە دکتۆر هەنتم پرسی، لەبەر ئەوەی کاتی زۆری نەبوو بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: «لێرەدا زۆر پرسیارت کردووە کە بتوانم بە ئاسانی وەڵامیان بدەمەوە، هەوڵ دەدەم لە حەفتە و مانگەکانی داهاتوودا وەڵامت بدەمەوە». بە تایبەتی پەیوەندیم بە پرۆفیسۆر سام سلەوتەوە کرد، وتی: «جۆیس لە سەرەتادا نووسیویەتی *پیوس puce* {بڵاڵووکی} پاشان گۆڕیویەتی بە *ئادیلەید* (کە هاوناوێکی بەکارە)، پاشان دیسان گۆڕیویەتی بە *ئادیڵایت*، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە لێی تێکچووبێت و وای زانیبێت کە *ئادیلەید* ڕێنووسێکی هەڵەیە. بەهەرحاڵ، بۆ مەبەستی وەرگێڕان، ئادیلەید/مۆرباو باشترینە». **~ن.م.**

[109] **نوێنەرەکانی زەویزار**: لە سەدەی نۆزدەیەمدا نوێنەر و بریکار و کارگێڕەکانی زەویزار لە بەڕێوەبردنی زەوی و کارەکانی ئایرە خاوەنموڵکەکاندا (کە زۆربەیان لەوێ نەبوون)

گرنگ بوون. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا چەند یاسایەکی چاکسازیی زەویوزار خرانە کار، کە دواجار گەیشتن بەوەی ساڵی ١٩٠٣ ئەم زەویوزارانەیان لە کار خست و نوێنەر و بریکار و کارگێڕەکانی زەویوزاریان وەک چینێکی کۆمەڵایەتی لابرد. **~گ.س.**

110 **میوانخانەی پارێزکار**: میوانخانەی ئەدینبرەی پارێزکار، بە ناونیشانی ٥٦ی شەقامی ساکڤیلی سەروو. **~گ.س.**

«میوانخانەی پارێزکار» واتە میوانخانەیەک کە مەیی تێدا نافرۆشرێت. **~س.ت.م.١**

111 **ڕێنامەی هێڵی ئاسنی فاڵکنەر**: بە ناونیشانی ٥٣ی شەقامی ساکڤیلی سەروو (ئۆکانەڵی ئێستا)؛ دەزگای جۆن فاڵکنەر، چاپکەر و بڵاوکار و کۆفرۆشی کەلوپەلی پەڕاوگە، کۆگای فرۆشتنی کەلوپەل و پەڕتووکی قوتابخانە حکومییە ئایرییەکان و کەلوپەلی فەرمانگەی *ئایرش لۆ تایمز* و *دە سۆلیسیتەرس جۆرنەڵ* و ڕێنامەی هێڵی ئاسنی ئەی بی سی. **~گ.س.**

112 **کۆلێجی خزمەتی شارستانی**: کۆلێجی خزمەتی شارستانیی ماگوایەر (قوتابخانەیەکی فێرکاری بۆ تاقیکردنەوەکانی بواری خزمەتی شارستانیی بەریتانی) بە ناونیشانی ٥١ی شەقامی ساکڤیلی سەروو (ئۆکانەڵی ئێستا). **~گ.س.**

113 **گیل**: ئێم ئێچ گیل و کوڕەکانی، سنووردار. چاپکەر و بڵاوکار و فرۆشگا و کۆفرۆش و بەرگتێگری پەڕتووک، کۆگای پەڕتووکی دینی، بە ناونیشانی ٥٠ی شەقامی ساکڤیلی سەروو (ئۆکانەڵی ئێستا). **~گ.س.**

114 **یانە کاسۆلیکییەکە**: یانەی بازرگانیی کاسۆلیک، بە ناونیشانی ٤٢ی شەقامی ساکڤیلی سەروو (ئۆکانەڵی ئێستا). **~گ.س.**

115 **پەیمانگەی کوێران**: پەیمانگەی نیشتمانیی ڕیچمند بۆ کاری دەستیی کوێران بە ناونیشانی ٤١ی شەقامی ساکڤیلی سەروو (ئۆکانەڵی ئێستا). **~گ.س.**

116 **بابە ماثیوی کۆچکردوو**: کەژاوەکە بە لای پەیکەری قەشە ثیۆباڵد ماثیو (١٧٩٠-١٨٦١)دا دەڕوات، بابە ماثیو «ڕانێری پارێزکاری» بە کارە خێرخوازییەکانی بەناوبانگ بوو کە لە کاتی واگرەی کۆلێرای ساڵی ١٨٣٢ و قاتوقڕییەکەی ١٨٤٦-١٨٤٩دا کردبوونی. **~گ.س.**

117 **بەردی بناغە بۆ پارنێڵ**: کەژاوەکە بە لای بنکەی پەیکەرێکدا دەڕۆن (کە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٩دا دانرا) بۆ پەیکەرێکی چارلز ستیوارت پارنێڵ، دواجار ئاوگوست سانت-گۆدینس، کە پەیکەرسازێکی ئەمەریکایی بوو، لەسەر ئەم بنکەیە پەیکەرەکەی دادەنا (ساڵی ١٩١١ دانرا). «جەڵتە. دڵ» ئاماژەیە بە مردنی پارنێڵ. دوای بەندوباوی تەڵاقەکەی خاتوو ئۆشێ (١٨٨٩-١٨٩٠) و دوای لەدەستدانی سەرکردایەتیی ئایرە ناسیۆنالیستەکان،

پارنێڵ بۆ بەدەستهێنانەوەی جڵەوی سەرکردایەتیی هەوڵەکانی چڕتر کردەوە، بەڵام لە دەرئەنجامی ئەم هەوڵانەیدا تەندروستییە ناجێگیرەکەی خۆیی وێرانتر کرد. دواجار دوای ئەوەی وتارێکی لە باراندا خوێندەوە و لە ژێر بارانەکەدا خوسابوو، تەندروستییەکەی ئاڵۆز بوو و کۆچی دوایی کرد (ڕوماتیزم، هەوبوونی سی...تد.) بەڵام بۆ ئاسانکردنەوەی پشکنینەکەی تەنها وتیان: «بە جەڵتەی دڵ مردووە». **~گ.س.**

[118] **سووچی ڕۆتوندا:** شوێنی بەیەکگەیشتنی شەقامی ساکڤیل (ئۆکانەڵی ئێستا) و گەڕەکی کاڤەندیشە، کە ڕیزە خانووێکن لەسەر مەیدانی خۆرهەڵاتی شەقامی پارنێڵی ئێستان. «ڕۆتوندا» زنجیرە باڵەخانەیەک بوو کە خەستەخانەیەکی منداڵبوون و شانۆگایەک و هۆڵێکی کۆنسێرت و هۆڵێکی کۆبوونەوەی تێدا بوو. **~گ.س.**

[119] **چەند ئەسپێکی... فرتەی کرد:** نەریتێکی ناشتنە کە دەڵێت: «دەبێت ئەسپی سپی، نەک ڕەش، وەک نیشانەیەکی پرسە بۆ گواستنەوەی تەرمی منداڵ بە کار بهێنرێت» (*ئینسایکلۆپیدیای کاسۆلیکی*، [نیو یۆرک، ١٩٠٨] بەرگی سێیەم، لا. ٧٦). **~گ.س.**

[120] **ڕەش... خوشکی ڕەبەن:** هیچ سەرچاوەیەکم بۆ ئەم نەریتەی ناشتن نەدۆزیوەتەوە. **~گ.س.**

[121] **منداڵە:** لە پەڕتووکی شەشەمی *ئەینیاس*دا، ئەینیاس گوێی لە هاواری منداڵی تازەمردوو دەبێت کە لە سەرەتای ژیاندا مردوون. **~و.ف.**

[122] **کۆمەڵەی هاوڕێیانی ناشتن:** کۆمەڵەی هاوڕێیانی ناشتن چەند کۆمەڵەیەکی بیمەکاری بوو کە دەرماڵەی نەخۆشی و تێچوونی ناشتن و پرسەی ئەندامەکانی خۆیانیان لە ئەستۆی خۆیان دەگرت. وا دیارە تێچووی پرسەکەی ڕودی یەکێک لەم جۆرە کۆمەڵانە داویانە. **~گ.س.**

[123] **ئەگەر... لە پیاوەکەوەیە:** لەو باوەڕە دێرینەی جووەکانەوە هێنراوە کە گوایە تەندروستیی منداڵ پشت بە پیاوەتیی باوکەکە دەبەستێت. یاسای جوو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت پیاو «دەستووری سکوزا بە دی بهێنێت» ئەوەش واتە دەبێت پیاو کچ و کوڕی وەها بهێنێتە دونیاوە کە ئەوانیش بتوانن منداڵیان ببێت. **~گ.س.**

[124] **مەیدانی ڕووتلاند:** ئێستا پێی دەوترێت مەیدانی پارنێڵ. کەژاوەی پرسەکە بەردەوام بە بەری خۆرهەڵاتی مەیدانەکەدا بەرەو باکوور دەڕوات و دەچێتە شەقامی فرێدریکەوە. **~گ.س.**

[125] **دەی بەسەر... خاوەنی نییە**: گۆرانییەکە بە ناونیشانی *گواستنەوەی نەدارەکە* لە دانانی تۆماس نوئێل. یەکەم کۆپلە و کۆرسەکەی دەڵێت:

عەرەبانەی تەرمبەرێکی یەک-ئەسپی جوان غار دەدا
تەرمی نەدارێکی پێیە و بەرەو گۆڕستانی دەبا؛
ڕێگاکەی گشت بەردەڵانە و ئەویش ئیسپرینگی نییە؛
جا گوێ بگرە بۆ لێخوڕی دڵبریندار، دەلاوێنێتەوە و دەڵێت:
«دەی بەسەر ئەو بەردانەدا شەقە لە ئێسکی هەڵسێنە،
نەدارە و خاوەنی نییە»

کۆپلەی پێنجەم و کۆتایی و کۆرسەکەی دەڵێت:

با ئەم ڕەتانە بوەستێ؛ چونکە گیانی من خەمبارە،
کاتێ دەبینم ئاوەها دڵی کەسێکی بێچارە
وەک دڕندە، بەو دەردە پرسوێیە بچێ،
بمرێ و هاوڕێیەکی نەبێ!
«بە هێمنی ئێسکەکانی بەسەر بەردەکاندا ببە،
گەرچی کەسێکی نەدارە، بەڵام خۆ خوا خاوەنیەتی». **~گ.س.**

[126] **لە ناوجەرگەی ژیاندا**: «لە ناوجەرگەی ژیاندا مردووین»؛ پەندێکە و لە بەشی «خزمەتی ناشتن»ی پەڕتووکی *نزا باوەکانی* (کڵێسای ئینگلتەرا)دا هەیە. لە پەندێکی سەدەی دەیەم و وەڵامێکی مارتن لووثەرەوە هاتووە بە ناوی *دی مۆرتێ De morte*. **~گ.س.**

[127] **خراپترینیان... بهێنێت**: سانت ئاوگوستین خۆکوشتنی وەک تاوان پێناسە کردووە، ئەنجومەنی کڵێساکانیش لە دوای سەدەی پێنجەمەوە بڕیاری ئەوەیان دەرکرد کە ئەگەر کەسێک خۆی کوشتبێت، ئەوا نابێت بە گوێرەی نەریتی کڵێسا بنێژرێت. یاساکانی سەدەکانی ناوەڕاست بڕیاری ئەوەیان دەرکردبوو کە دەبێت هەموو شتەکانی کەسی خۆکوشتوو دەستی بەسەردا بگیرێت، هەروەها بێڕێزیکردن بەرانبەر لاشە مردووەکەش لە ناو خەڵکدا کەوتە ناو نەریتی ناشتنەوە. **~گ.س.**

[128] **لە ناشتنی... دەکرێت**: بلووم هەم ڕاستە و هەم هەڵەیە. کڵێسای کاسۆلیک بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی کە خزمەتی دینی و ناشتنی لە شوێنی تایبەتدا ڕەت دەکردەوە بۆ کەسی خۆکوشتوو، بەڵام یاسای ئینگلی (کە ئایرلاندیشی دەگرتەوە) لە ساڵی ١٨٢٣وە

شوێنی تایبەتی بە خۆکوشتووان دەدا و لە ساڵی ١٨٨٢وەوە ڕێی بە پێدانی خزمەتی دینی دا بۆ کەسی خۆکوشتوو. **~گ.س.**

[129] **کاتی خۆی... نەشکابێت:** گەندەباوەڕەکە ئەوە بوو کە خۆکوشتووەکە (وەکو ژنی جادووگەر) دەگەڕێتەوە و زیندووان هەراسان دەکات؛ وا دانرابوو کە چەقاندنی مێخێک لە دڵی لاشەی خۆکوشتووەکە و ناشتنی لە لای چوارڕێیانێکەوە ڕێ لەو گەڕانەوە و هەراسانکردنە دەگرێت. ئەم نەریتە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەش لە ئایرلاند بەردەوام هەبوو. **~گ.س.**

[130] **لە بنی ڕووباردا... کردووە:** مردنی ئۆفیلیامان بیر دەخاتەوە بەو شێوەیەی گێرتروود دەیگێڕێتەوە (هاملێت ٤: ٧، ١٦٧و دێڕەکانی دواتر)؛ هەروەها منداڵیی موساشمان بە بیر دەخاتەوە (بڕوانە ٣: ٢٤١). **~گ.س.**

[131] **سەرلەنوێ دەست پێ بکەوە:** مارتن کەنینگهەم لە ڕۆڵی سیسیفوسدایە کە ئۆدیسێفس لە هادیسدا دەیبینێت (ئۆدیسە ١١: ٥٩٣-٦٠٠ لە وەرگێڕانەکەی فیتزجێرەڵددا) بڕوانە یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیە. **~گ.س.**

[132] **پێم دەوترێت... گەیشا:** بە ئینگلی *geisha*، **گەیشا:** خانمێکی یاپانییە کە بە تایبەتی موزیک و سەما و هونەری قسەکردنی خوێندووە و کارەکەی ئەوەیە خەڵکان سەرمەست بکات. **~ن.م.**

گۆرانییەکە ناوی *گەوهەرەکەی ئاسیا*یە لە ئۆپێرای *گەیشاکە*، جەیمز فیلیپ موزیکەکەی داناوە و هاری گرینبانک دەقەکەی نووسیوە. دەڵێت:

ڕۆژێ کچێکی یاپانی
لە باخچەیەکی فێنک و بەر سێبەردا دانیشتبوو،
بێگانەیەکی ڕووشیرین بەو ڕێگایەدا تێپەڕی،
وتی: «خانم، بۆم هەیە منیش بێم بۆ لات؟»
کچەش دەرگای خۆی کردەوە، شەرم دەکەم باسی بکەم،
کچە جوانەکەی یاپانی فێر کرد
وەک کچی ئاسایی و سپی دڵداری و ماچماچێن بکا،
وەک کچی سپیی خۆرئاوا.
کوڕە پێی وت: «گەوهەرەکەی ئاسیا، ئاسیا، ئاسیا»
بەڵام کچە شابانووی گشت گەیشاکان بوو، گەیشا، گەیشا گەیشا؛

گەیشاکە پێکەنی و وتی: «کاکە، گەرچی تۆ ئەمڕۆ ئاوها ئامادەی
لەگەڵ لەرەی باوەشێنما هاوهەوا بی،
بەڵام هەر سبەینێی لێ هات بە ڕێگای خۆتەوە دەڕۆی،
کچی یاپان لە بیر دەکەی.
[کۆپلەی دووەم]
جا کە کوڕەکە هاتەوە
بۆ باخچەی فێنک و سێبەر،
هەی ڕۆ، وەی ڕۆ،
بێگانەی بێباک و بێشەرم، بێ گوێپێدان،
کەوتە باسی خانمێکی ئینگلتەرا،
کە چۆن دڵی بۆی پەرۆشە و
بیری دەکا.
لە بیری کرد کچی بەستەزمانی یاپان،
تەنانەت ماچیشی نەکرد.
بەڵام گەوهەری ئاسیا بوو، ئاسیا، ئاسیا، ئاسیا؛
شابانووی جوانی گەیشا بوو، گەیشا، گەیشا، گەیشا؛
گەیشاکە پێکەنی و وتی: «بەو جۆرەیە کە باس دەکرێ،
تا ئەوەندەی کە دەتوانی دڵداری و یاریی خۆت دەکەی!
بۆ مانگێک بێ، بۆ حەفتەیەک، یان بۆ ڕۆژێک،
هێندەش بەسە بۆ کچێکی خەڵکی یاپان.» **~گ.س.**

[133] **شەقە لە ئێسکی هەڵسێنە:** (بڕوانە ٦: ١٢٥). **~گ.س.**

[134] **بۆیاخچییەکە گەواهیی دەدا:** بۆیاخچیی پێڵاوی میوانخانەیە، میوان بە شەو پێڵاوەکانی لەودیو دەرگاکەوە بۆیان دادەنێت. **~گ.س.**

لە ڕاستیدا لە دەقە ماکەکەدا لە بری «بۆیاخچیی پێڵاو» تەنها دەڵێت: «پێڵاوەکان گەواهیی...» بۆیە گیفرد ڕاڤەی کردووە، بۆیاخچیی پێڵاوی میوانخانەکان هەر پێیان وتراوە «پێڵاو»؛ وەک چۆن کاتێک ئێمە بانگ لە کوڕێکی چلوورەفرۆش دەکەین و دەڵێین: «چلوورە»، ئاوهاش ناوی *چلوورە* بەسەر *چلوورەفرۆش*دا دابڕاوە، هەر ئاوهاش لە دەبلن ناوی *پێڵاو* بەسەر *بۆیاخچیی پێڵاو*دا دابڕاوە. **~ن.م.**

135 **نەداره و خاوەنی نییە**: (بڕوانە ٦: ١٢٥). **~گ.س.**

136 **شەقامی بلێسینگتن**: کەژاوەی پرسەکە لە مەیدانی ڕووتلاندەوە (پارنێڵی ئێستا) بەرەو شەقامی فرێدریک لە باکووری خۆرئاوا دەڕوات و ئینجا بە گۆشەی باکووری خۆرئاوادا بە شەقامی بلێسینگتندا دەڕوات. **~گ.س.**

137 **بەسەر ئەو بەردانەدا**: (بڕوانە ٦: ١٢٥). **~گ.س.**

138 **سبەینێ... بێنێت**: پێشبڕکێیەکی ئوتومبێلی نێودەوڵەتیی ساڵانە بوو کە وەرزشکار و ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکایی جەیمز گۆردن بێنێت (١٨٤١-١٩١٨) دایمەزراندبوو، یەکەم جار ساڵی ١٩٠٠ کرا. ساڵی ١٩٠٤ لە ١٧ی حوزەیراندا لە دەرەوەی هۆمبێرگ دەکرا کە دێیەکی نزیکی هامبۆرگ بوو لە ئەڵمانیا. پێشبڕکێکە بە ڕێیەکی ٢٧٥-٣٠٠ میلدا بوو و دەبوو بەشداربووان بە پێی کاتی تەرخانکراو تێیبپەڕێنن. ڕۆژنامەی *ئیڤنگینگ تەلەگراف*ی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ نووسیبووی کە پێشبڕکێکە بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتوویی شۆفێرەکان و بەرگەگرتنیان و لە ڕووی میکانیکیشەوە بۆ تاقیکردنەوەی توانای مەکینەکان و برێکەکانە. ساڵی ١٩٠٤ خێراترین «کیلۆمەتری فڕین» ٨٥ بۆ ٩٠ میل بوو لە کاژێرێکدا، بەڵام لە پێشبڕکێی ئوتومبێلدا ئەستەم بوو نزیک بکەویتەوە لە خێرایی وەهاوە. **~گ.س.**

139 **شەقامی بێرکەلی**: کەژاوەی پرسەکە بەرەو باکوور و باکووری خۆرئاوا پێچ دەکاتەوە و لە شەقامی بلێسینگتن دەردەچێت و دەچێتە شەقامی بێرکەلییەوە و لەوێشەوە بەرەو باکوور بۆ شاڕێی بێرکەلی دەچێت (کە بە بەری خۆرئاوای شەقامی ئێکلسدا تێدەپەڕێت). **~گ.س.**

140 **تانکییەکە**: تانکییەکەی شار، تانکییەکی ئاوی گەورەی چوارگۆشە بوو لە خۆرئاوای شەقامی بێرکەلی. **~گ.س.**

141 **کەس... ک ێ ل ی؟**: دەستکارییەکی ئەمەریکاییانەی گۆرانیی «*کەس کێلیی لێرە بینیوە*»یە کە ساڵی ١٩٠٩ ویلیەم مەککینا دایناوە، ئەویش لەسەر گۆرانیی *کێلیی خەڵکی دوورگەی مان* دایناوە و ئەویان سی دەبلیو مۆرفی و وڵ لەتەرس ساڵی ١٩٠٨ دایانناوە. گۆرانییە ئینگلییەکە چیرۆکی پیاوێکی ئایر دەگێڕێتەوە کە خەڵکی دوورگەی مانە، بووەتە خۆشەویستی کچێکی پارەدار، بەڵام دواجار کێلی کچەکە بە جێ دەهێڵێت بۆ کچێکی تر. دەقەکە دەڵێت:

مایکڵ کێلی و کچەی دۆستی
خەڵکی کاونتیی کۆڕک بوون،

بۆ ڕابواردنی پشووێک گەیشتنە شاری نیو یۆرک،
گەڕان شارەکە ببینن، بەڵام بە داخم کە دەڵێم:
لای گرەیت وایت کچەکە کێلیی لێ ون بوو،
کچە بە دەوری شاردا چوو هەر لە هێراڵد سکوێرەوە تا شەقامی فۆرتی-سەکند،
ترافیکەکە ڕاوەستا و هانای بۆ کاکی پۆلیس برد:
[کۆرس]
کەس کێلیی لێرە بینیوە؟ ک ێ ل ی؟
کەس کێلیی لێرە بینیوە؟
بینیوتانە بزە بکا؟
قژی سوورە، چاوی شینە،
ئایرێکی ڕەسەنە،
کەس کێلیی لێرە بینیوە؟
کێلی خەڵکی دوورگەی زەمرووت؟
[کۆپلەی دووەم]
لەسەر شاڕێی فیفث ئاڤێنیو گرووپێک موزیکیان دەژەند،
دە هەزار کەس مارشیان دەکرد، چونکە ڕۆژی سانت پاتریک بوو،
دەنگی گۆرانیی *سەوزپۆشین* لە دوور دەهات،
ماری وتی: «ئەوە گۆرانیی دڵخوازی کێلییەکەم بوو، ئێستا لەوێ دەیدۆزمەوە»
سەرکەوت بۆ شوێنی بینەران بە هیوای بینینی مایکڵ،
کاتێک هاواری کرد: «مایکڵ» پێنج سەد مایکڵ جێکانی خۆیان بە جێ هێشت. **~گ.س.**

*کاونتیی کۆرک* یەکێکە لە کاونتییەکانی ئایرلاند (بڕوانە ١: ١٤٥). «گرەیت وایت وەی» و «هێراڵد سکوێر» و«فۆرتی-سەکند» و «فیفث ئاڤێنیو» چەند ناوچەیەکی ناو شاری نیو یۆرکن لە ئەمەریکا؛ بۆ گۆرانیی *سەوزپۆشین* (بڕوانە ٣: ٢١٧)؛ بۆ *دوورگەی زەمرووت* (بڕوانە ١: ١٩٢). **~ن.م.**

142 **مارشی مردنی شاول**: بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چیرۆکی شاول و داود و یۆناتان (بڕوانە دامێنی ٣: ٣٤٣). **~ن.م.**

*شاول* (١٧٣٩) ناوی ئۆراتۆریۆیەکە {بۆ *ئۆراتۆریۆ* (بڕوانە ٥: ٢٠٢)} جۆرج فرێدریک هاندێل (١٦٨٥-١٧٥٩) موزیکەکەی داناوە. لە پەردەی سێیەمدا ئیرەییە سەرسەختانەکەی شاول

بە داود وا دەکات داود دوور بکەوێتەوە و گەلی ئیسرائیل دابەش بین بۆ دوو بەرە، ئەو کاتەش لە جەنگی گلبۆعدا بە دەستی فەلەستییەکان دەبەزن. یۆناتانی کوڕی شاول دەکوژرێت و شاولیش بریندار دەبێت و خۆی دەکوژێت. مارشی مردنەکە ئەو کاتەیە کە ئیسرائیلییەکان لاشەکانیان ئامادە دەکەن و بەرەو شیوەنێکی نزیکی کۆتایی ئۆراتۆریۆکە دەیانهێنن. ئەم مارشی مردنە بە شێوەیەکی باو لە پرسەی سەربازیی بەریتانیدا دەژەنرێت (جوان کینەن ئاماژەی بەمە داوە). **~گ.س.**

143 **بەدکارە... بە تەنیۆ**: گۆرانییەکە سەبارەت بە بازرگانێکی دۆندرمەی ئیتالی، وەک «کێلیی دوورگەی مان» ڕەفتار لەگەڵ دۆستەکانیدا دەکات. گۆرانییەکە لە پێش هەموو جۆرە گۆرانییەکانی کێلییەوە هەبووە (بڕوانە ٦: ١٤١). **~گ.س.**

144 **پیرووێت**: بە ئینگلی *pirouette*، جووڵەیەکی سەمای بالێیە، سەماکەرەکە لەسەر یەک قاچ دەوەستێت و قاچەکەی تری تا ئەژنۆی قاچە وەستاوەکەی بەرز دەکاتەوە و بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. وشەکە خوازراوە و لە بنەچەدا فەرەنسییە و بە واتای *سووڕانەوە* دێت. **~ن.م.**

145 **هاوسۆزیی ماتەر**: ساڵی ١٩٠٤ گەورەترین خەستەخانەی دەبلن بوو (لەسەر شوێنی یەکتربڕینی شاڕێی بێرکەلی و شەقامی ئێکلسدا). خەستەخانەکە قاوشێکی بۆ بێچارەکان هەبوو (بڕوانە ١: ٧٥). **~گ.س.**

146 **هەژارخانەی... دەمرن**: (بڕوانە ٥: ١٦٢). **~گ.س.**

147 **خاتوو ڕیۆردەن**: کەسێتییەکە لە بەشی یەکەم و سێیەمی پاری یەکەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* دەردەکەوێت، ستیفن پێی دەڵێت: «دانتێ» {ستیفن *ئانتی* بە واتای پووری کردووە بە *دانتێ* ئەگەرچی پووریشی نەبووە، بەڵام هەر وەک چۆن ئێمە زۆر جار بە ژنێک دەڵێین: *پووری* ئەویش ئاوهایە}. بڕوانە *ئێڵمان* لاپەڕە ٢٤-٢٦ و هەروەها *پارێزەرەکەی براکەم*، لە نووسینی ستانیسلاوس جۆیس {برای جەیمز جۆیس} لاپەڕە ٨-٩. **~گ.س.**

کەسێتیی خاتوو ڕیۆردەن (دانتێ) لەسەر نموونەی خاتوو ئەلیزابێث کۆنوەی بونیاد نراوە. باوکی ناوی *ئێدموند هییەرن* بووە، ساڵی ١٨٢٧ لە کاونتیی کۆرک لە دایک بووە و گوایە خزمێکی دووری ماڵی جۆن ستانیسلاوس جۆیس {باوکی جەیمز جۆیس (بڕوانە ٦: ٤)} بووە لە دایکیەوە. چووەتە ڕەبەنگایەکی خوشکانەوە بەو ئامانجەی ببێت بە ڕەبەن و لە ڕەبەنگای بەزەیی لە پەنسلڤانیای خۆرئاوا لە ئەمەریکا وانەی خوێندووە. پێش ئەوەی

دواهەمین پەیمانی خۆی لە ڕەبەنگای خوشکان بدات، ساڵی ١٨٦٢ براکەی مردووە و ٣٠٠٠٠ (سی هەزار) پاوەنی بە میراتی بۆ بە جێ هێشتووە کە لە بازرگانییەوە لەگەڵ ئەفریقای خۆرئاوادا پەیدای کردبوو، خاتوو کۆنوەیش دەستی لە ڕەبەنگای خوشکان کێشاوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ ئایرلاند و لە دەبلن نیشتەجێ بووە و ساڵی ١٨٧٥ لەوێ شووی بە پاتریک هێنری کۆنوەی کردووە، کە کوڕی پارێزەرێکی شاری دەبلن بووە و خۆیشی لە بانکی ئایرلاند تۆمارەوان بووە. دوای چەند ساڵێک لە هاوسەرگیری، مێردەکەی زۆربەی پارەکانی ئەوی بردووە و ڕایکردووە بۆ بۆینس ئایرنس لە ئەرجەنتین. خاتوو کۆنوەی بووە بە ژنێکی بەجێهێڵراو و دواجاریش ژنێکی ڕقهەڵستاو و تووڕە و خەمبار بووە. ئەو کاتەی ماڵی جۆیس لە ١ی کۆستەی مارتێللۆ لە ناوچەی برەی لە کاونتیی ویکلۆ ژیاون، لە پایزی ساڵی ١٨٨٨دا خاتوو کۆنوەیش لەگەڵیاندا ژیاوە و بووە بە دایەنی منداڵەکان. ئەو کاتەشی خێزانەکە گواستیانەوە بۆ ماڵی داهاتوویان لە «لیۆڤیل» بە ناونیشانی ٢٣ی شاڕێی کاریسفۆڕت لە بلاکڕۆک، خاتوو کۆنوەیش هەر لەگەڵیاندا ماوەتەوە و دواجار لە نێوان ساڵی ١٨٩٢ و ١٨٩٣دا خێزانەکەیانی بە جێ هێشتووە، ئەویش لەسەر ڕێکنەکەوتنێک لەگەڵ جۆن ستانیسلاوس جۆیس {باوکی جەیمز جۆیس، (بڕوانە ٦: ٤) هەروەها بڕوانە پاری یەکەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* کە ئەم ڕێکنەکەوتنە بە دراما کراوە}، ڕێکنەکەوتنەکەشیان لەسەر پارنێڵ بووە. دواتر خاتوو کۆنوەی ماوەیەک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا ژیاوە. ستانیسلاوس جۆیس {برای جەیمز جۆیس} لە پەڕتووکی *پارێزەرەکەی براکەم*دا دەڵێت کە: {خاتوو ئەلیزابێث} «مێشکتەسکترین و کوێرباوەڕترین و نەژادپەرستترین هەڵنەکەرترین کەس بووە کە بە داخەوە لە هەموو ماوەی ژیانمدا بینیبێتم». خاتوو کۆنوەی ماوەیەک لە خانووی ژمارە ٤ی کۆستەی پێمبرۆک لە شەقامی مەریۆن لە دەبلن ژیاوە. لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٨٩٦دا لە هەژارخانەی خانمەکەمان بۆ ئەوانەی دەمرن لە هارۆڵدس کرۆس (بڕوانە ٥: ١٦٢) لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

148 **خەستەخانەی منداڵبوونەکە**: خەستەخانەی نیشتمانیی منداڵبوون، بە ناونیشانی ٢٩-٣١ی شەقامی هۆلس، هەموو ئەڵقەی چواردەیەم، جگە لە کۆتاییەکەی، لەوێ ڕوو دەدات. ئەو خوێندکارەی باسی دەکات ناوی دیکسنە {لە ئەڵقەی چواردەیەمدا دەیبینین}. **~گ.س.**

[149] **ڕانێکی دابەشبووی... دوورکەوە**: ئۆدیسیێفس لە جیهانی مردوواندا ئۆریۆن دەبینێت، شکارچییە مەزنەکە، بە کوتەکێکی لەشکاننەهاتوو «ئەو ئاژەڵە کێوییانە کۆ دەکاتەوە کە خۆی لە ژیاندا ڕاوی کردوون». **~گ.س.**

**بنبۆکراو**: مەبەست لەوەیە کە سمی ئاژەڵەکان بنیان بۆ کراوە تا سمەکانیان بپارێزێت.

**تەڕماڵ**: بە ئینگلی *croup*، سمت و پاشەڵ گیاندار. **~ن.م.**

[150] **کوف**: جۆزێف کوف، لەگەڵ لۆرێنس کوف و کوڕەکانیدا دانراوە، لۆرێنس کوف و کوڕەکانی بەشگەیەک بوون بۆ فرۆشتنی گاوگۆل و وڵاخ و دانەوێڵە و خوری بە ناونیشانی ٥ی سمیثفیلد (لە بەری باکووری خۆرئاوای ناوەڕاستی دەبلن)، نزیکی مەیدانی وڵاخەکان. **~گ.س.**

خێزانی ماڵی کوف لە بنەچەدا خەڵکی کاونتیی گۆلوەی بوون و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لەوێوە هاتوون بۆ دەبلن و نیشتەجێ بوون. جۆزێف کوف ساڵی ١٨٤١ لە مەیدانی ماونتجۆی لە دەبلن لە دایک بووە و یەکێک بووە لە هەشت منداڵی خێزانەکەیان، باوکی ناوی *لۆرێنس کوف* بووە و دایکی ناوی *بیدێلیا* بووە (پێش شوو: *بەیرن*). باوکی بازرگانی وڵاخ بووە لە سمیثفیلد، کە ناوچەیەکی دەبلن بووە و بۆ کڕین و فرۆشتنی ئەسپ تەرخان کراوە و بازرگانەکانی دەرەوەی شار وڵاخەکانی خۆیانیان هێناوە بۆ ئەوێ بۆ فرۆشتنیان. جۆ (جۆزێف) بووەتە هاوبەشی کاری خێزانەکەی و شوێنکارەکەیان ناو ناوە «لۆرێنس کوف و کوڕەکانی، فرۆشیاری وڵاخ و دانەوێڵە و خوری» بە ناونیشانی ٥ی سمیثفیلد، نزیک مەیدانی وڵاخەکان لەسەر شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور و نزیک شەقامی چەرچ نووسینگەی تریشیان هەبووە. خانمێکی خواستووە بە ناوی *مۆران* و پێنج منداڵیان بووە. خێزانی کوف کێڵگەیان لەم شوێنانە هەبووە: لە بۆڵیمەکارنی لە کاونتیی میث؛ لە وێستبرووک نزیک ڕاثنیو لە کاونتیی ویکلۆ؛ هەروەها زەوییان لە دۆنەبەیت و سوۆردس هەبووە لە باکووری کاونتیی دەبلن. ئاژەڵانی زۆر جێی جیای وڵاتەکە کە گوازراونەتەوە بۆ دەبلن لە ڕێ لەم کێڵگانەدا پشوویان داوە و ئالیکیان پێ دراوە و قەڵەو کراون و ئامادە کراون بۆ هەناردەکردن. نەریتی ئەو کاتە وا بووە کە ئاژەڵەکانیان بە کۆمەڵ و بە زیندوویی بردووە بۆ دەبلن. شوانی ئاژەڵلێخوڕ ئەم گەشتانەیان بە ڕێوە بردووە. لەم ڕێیەدا ئاژەڵەکان زۆر تایبەتمەندێتییان لە دەست چووە. لەم دواییانەدا وڵاخ بە شەمەندەفەر دەگوێزرانەوە بۆ دەبلن. کوف لە شەقامی ئێڵج لە

بۆلسبریدج ژیاوە. لە ١٢ی شوباتی ساڵی ١٩٠٨دا لە خانووی ژمارە ٦ی شەقامی فیتزگیبنی خوارووودا مردووە، لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

151 **گۆشتی برژاوی مانگا بۆ ئینگلتەرای پیر**: وا دیارە ئاماژە بێت بە گۆرانیی *گۆشتی برژاوی مانگای ئینگلتەرای پیر*، دەقەکە دەڵێت:

کاتێ گۆشتی برژاوی مانگای گەورە و قورس خۆراکی پیاوی ئینگل بوو،
دڵانمانی گەورە دەکرد، خوێنمانی دەوڵەمەند دەکرد.
سەربازەکانمان ئازا بوون، شوێنکەوتەکانیشمان باش بوون.
[کۆرس]
ئەی ئاخ بۆ گۆشتی برژاوی مانگای ئینگلتەرای پیرمان،
وەی داخ بۆ گۆشتی برژاوی مانگای ئینگلتەرای پیرمان! **~گ.س.**

152 **هەڵاڵخانە**: بە ئینگلی *tannery*، یان *دەباخخانە*، ئەو جێیەی پێستەی لێ هەڵاڵ و خۆش دەکرێت. **~ن.م.**

153 **مارجەرین**: بە ئینگلی *margarine*، شتێکی زەردباوە لە ڕۆنی ڕووەکی و چەوریی ئاژەڵ دروست دەکرێت، وەک کەرە وایە. ناوەکەم خواستووە. **~ن.م.**

154 **کلۆنسیلا**: چوارڕێیانێکی هێڵی شەمەندەفەری میدلاند گرەیت وێستێرنە، حەوت میل لە خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە. **~گ.س.**

155 **شارەوانی**: ئەنجومەنی شاری دەبلن دەزگای بەڕێوەبردنی شارەکەیە، پێکهاتووە لە نووسینگەی لۆردی سەرۆکی شارەوانی، ئەنجوومەنی دارۆغەکان، ئەندامانی ئەنجوومەنی شار، ئەنجوومەنی ڕاوێژکاران، لەگەڵ لیژنە جیاجیاکانیان و نووسینگەکانیان کە بەرپرسی کارەکانی ئەو لیژنانەن. **~گ.س.**

156 **لە پاڕکگەیتەکەوە بۆ لەنگەرگاکان**: واتە بە درێژایی کەناری باکووری ڕووباری لیفیدا، لە بەری خۆرئاوای شاری دەبلنەوە، واتە لە پاڕکگەیتەوە کە دەرگای باشووری خۆرهەڵاتی پاڕکی فینیکسە، تا بەری خۆرهەڵاتی شارەکە بۆ لەنگەرگاکانی دەمی ڕووباری لیفی لە خۆرهەڵات (بڕوانە ٤: ٤٣). **~گ.س.**

157 **ترامی شارەوانی... لە میلان هەیانە**: پشتێنەیەکی هێڵی شەمەندەفەری کارەبایی بە درێژایی حەوت میل لە ناوەڕاستی شاری میلانەوە بۆ جێیەکی نزیک گۆڕستانەکان لە دەرەوەی پەرژینەکەی سەدەی شازدە تەرخان کرابوو. ترامی تایبەت بە ناشتن و پرسەگێڕان هەبوو تا قەرەباڵغیی هاتوچۆی سەر شارە دێرینەکە دامرکێنێتەوە. **~گ.س.**

[158] **دەنفی:** سووچی دەنفی دەکەوێتە سەر یەکتربڕی شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور و شەقامی فیسبەرۆ. کەژاوەی پرسەکە لە شارێی بێرکەلییەوە بەرەو دەستەچەپ (خۆرئاوا) پێچ دەکاتەوە و دەچێتە سەر شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور، لەوێشەوە بە دەستە ڕاستدا (باکوور) بۆ شارێی فیسبەرۆ. سووچەکە بە ناوی مەیخانەیەکەوە ناو نرابوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هی پیاوێک بوو ناوی *تۆماس دەنفی* بوو. ساڵی ١٩٠٤ خاوەنی مەیخانەکە ناوی *جۆن دۆیەل* بوو (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لا. ١٥٦٩). **~گ.س.**

[159] **ئیکسیری ژیان:** وەرگێڕانێکی وشە ئایرییەکەیە کە *ئیشکەباهە*یە واتە *ویسکی*. **~گ.س.**
بە زمانی ئایری *ئیشکە* واتە *ئاو*، *باهە* واتە *ژیان*، *ئیشکەباهە* واتە *ئاوی ژیان - ژیناو*؛ واتە بە ویسکی دەوترێت: *ئاوی ژیان/ژیناو*. **~ن.م.**

[160] **شەقامی فیسبەرۆ:** بەشێکە لە شارێی باکوور-باشوور کە دەچێتە شەقامی پرۆسپێکتەوە لەودیو کەناڵی پاشاییەوە. **~گ.س.**

[161] **پردی کرۆسگەن: کەناڵی پاشایی:** شەقامی فیسبەرۆ دەچێتە سەر پردی کرۆسگەن کە پردێکی سەر کەناڵی پاشاییە، دوای کەمەرەی باکووری گەورەشاری دەبلن و بەرەو دەمی ڕووباری لیفی دەچەمێتەوە. ڕۆژێک لە ڕۆژان کەناڵەکە بەستەرێکی گەورەی دەبلن و ناوەڕاستی ئایرلاند بوو. **~گ.س.**

[162] **شەلەگە:** بە ئینگلی *sluice*، لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «کەلەبەرێکە لە جۆگەی مەرەزەدا کە ساڵێک لەوە پێش ئاوی لێ کرابێتە سەر قاڵبێک و ئیمساڵ گیرابێ بۆ ئەوەی ئەو قاڵبە بەیاری بمێنێتەوە و لە خوارترەوەی کەلەبەرێکی تر کرابێتە ئاوەکەوە بۆ سەر قاڵبێکی تازە». ڕێڕەوێکە کە ئاوی پێدا تێدەپەڕێت و بەربەستی هەیە، کە دەتوانرێت بکرێتەوە و دابخرێتەوە تا لێشاوی ئاوەکە ڕێکێف بکرێت. **~ن.م.**

[163] **پیاوێک لەسەر گەمی... وەستا:** گەمییەکە لە ئاوبەستەکەوە، کە دەکەوێتە سەروو (خۆرئاوای) پردی کرۆسگەن داگیراوە. هاوتەرییەکە وا ئاماژە دەدات کە پیاوی گەمییەکە ڕۆڵی کارۆن دەبینێت کە لە گەشتەکەی ئەینیاسدا بۆ جیهانی ژێرەوە ئەینیاس بەسەر ڕووباری ستیکسدا بە کەڵەک دەپەڕێنێتەوە. **~گ.س.**

[164] **لەسەر کەشتیی بەگەبوو:** لە گۆرانییەکی تەنزئامێزەوە هێنراوە لە دانانی جەی پی ڕوونی، گۆرانییەکە باس لە قورسیی بەڕێدابردنی گەمییەک دەکات کە باری چیمەنی پێیە. دەڵێت: «دەریاکە هێندەی شاخێک بەرز بووەوە»، سوکانداری گەمییەکە نووستووە، کاپتنەکەش ئاگر بەردەداتە باری کەشتییەکە. کە چیرۆکی گەشتەکە دەگاتە نزیکی کۆتایی،

خەڵکەکانی ناو کەشتییەکە بۆیان دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا دەریاکە هێندەی شاخێک بەرز نەبووەتەوە، بەڵکو ئەوان دەمێکە چوونەتە سەر وشکانی. **~گ.س.**

[165] **ئاثلۆن، مەلینگەر، مۆیڤالەی**: بە گوێرەی سیستمی کەناڵی پاشایی: ئاثلۆن ٧٨ میل لە دەبلنەوە دوورە، ٤٨.٥ میل لە گۆلوەیەوە دوورە کە لە خۆرئاوای ئایرلاندە، مەلینگەر ٥٠ میل لە دەبلنەوە دوورە، ٧٦.٥ میل لە گۆلوەیەوە دوورە؛ مۆیڤالەی ٣٠.٥ میل لە دەبلنەوە دوورە و ٩٦ میل لە گۆلوەیەوە دوورە. **~گ.س.**

[166] **ڕێن**: پی ئەی ڕێن، خاوەنی ڕێن لە مەزادخانەکە، ٩ی باچلەرس وۆک لە ناوەڕاستی دەبلن، لە بەری باکووری خۆرئاوا. **~گ.س.**

[167] **خولیاکەی جەیمز مەککان**: جەیمز مەککان (١٢ی شوباتی ١٩٠٤ مردووە) سەرۆکی بۆردی بەرێوەبەرانی بەشگەی گراند کەناڵ بوو، هەمیشە چەند بەلەمێکی بازرگانیی لەسەر گراند کەناڵ دەهێشتەوە (بۆ ناوەڕاست و باشووری ئایرلاند). ئاوهاش مەککان، کە لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا گەیشتووەتە هادیس، بەربژێرێکی ترە بۆ گێڕانی ڕۆڵی کارۆن (بڕوانە ٦: ١٦٣). **~گ.س.**

[168] **ماڵەبەلەم**: بە ئینگلی *houseboat*، بەلەمێکی بچکۆلەی سەر ڕووبار و کەناڵی ئاوییە، خەڵک تیایدا دەژی. **~ن.م.**

[169] **لەیکسلیپ، کلۆنسیلا**: لەیکسلیپ یازدە میل لە خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە، لەسەر ڕووباری لیفییە (نەک لەسەر کەناڵی پاشایی)؛ کلۆنسیلا حەوت میل لە خۆرئاواوە دوورە، ئەمیان لەسەر کەناڵی پاشاییە. **~گ.س.**

[170] **ماڵی بڕایەن بۆرو**: مەیخانەیەکە بە ناونیشانی ١ی کۆستەی پرۆسپێکت لەسەر سووچی شەقامی پرۆسپێکت لە باکووری پردی کرۆسگەن؛ جەی ئێم ڕایان خاوەنی دوکانەکە بووە، میوەفرۆش و بازرگانی چا و شەراب و مەی بووە. مەیخانەکە بە ناوی *بڕایەن بۆرو* (٩٢٦-١٠١٤)وە ناو نراوە، بۆرو لە نزیکەی ساڵی ٩٧٨ەوە پاشای هەرێمی مەنستەر بووە، هەروەها لە نزیکەی ساڵی ١٠٠٢ەوە پاشای ئایرلاند بووە. لە ڕۆژی هەینیی باشی ساڵی ١٠١٤دا لە کلۆنتارف (لە لێواری باکووری خۆرهەڵاتی دەبلن) سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر دانەکاندا {دانەکان: ئەوانەی ئێستا وڵاتی دانیمارکیان هەیە} بە دەست هێنا. ئەگەرچی بڕایەن ئەوەندە پیر بوو کە نەتوانێت لە جەنگەکەدا بەشداری بکات، بەڵام چیرۆکی باو وەها دەگێڕێتەوە کە گوایە بڕایەن لە خێوەتەکەی خۆی ماوەتەوە و نوێژی

کردووە و لە کۆتایی ڕۆژەکەدا بە دەستی دانە {دانەکان: ئەوانەی ئێستا وڵاتی دانیمارکیان هەیە} هەڵهاتووەکان کوژراوە کە لە جەنگەکەدا دۆڕاون و ڕایانکردووە. ~**گ.س.**

[171] **فۆگارتی**: لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا دەڵێت: «میوەفرۆشێکی سادە» بووە و هاوڕێی تۆم کێرنەنە، «دوکانێکی بچکۆلەی لە شەقامی گلاسنێڤن هەیە». ~**گ.س.**

پاتریک فۆگارتی ساڵی ١٨٦٩ لە کاونتیی تیپێرەری لە دایک بووە (بڕوانە ١: ١٤٥). ساڵی ١٨٩٧ بازرگانی شەراب و مەی بووە و مەیخانەیەکی هەبووە بە ناونیشانی ١٣٣ی شەقامی ستراندی باکوور لە دەبلن، ئەو مەیخانەیە ساڵی ١٩٠٢ خاوەنی نوێی هەبووە و هی ئەو نەماوە. ساڵی ١٩٠١ ناوی لەگەڵ شوێنکاری ٣٦ی شەقامی تاونسێنددا نووسراوە کە شوێنێک بووە بۆ بازرگانی میوە و شەراب و مەی. ساڵی ١٩٠٢ لەگەڵ ژنەکەی و سێ کچیدا چوونەتە شوێنێکی بچووکترەوە بە ناونیشانی ٣٥ی گلێنگاریف پارەید، میستەر و خاتوو کۆنلن تا ساڵی ١٩٠١ خاوەنی ئەم ناونیشانە بوون. لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا دەڵێت کە «فۆگارتی ڕوخسارێکی هێلکەیی بێڕەنگ و سمێڵێکی کاڵی بژی هەبوو». هاوڕێی میستەر جاک پاوەر و تۆم کێرنەن و مارتن کەنینگهەم بووە، وا دیارە میوەفرۆشێکی بێتوانا بووبێت و قەرزی زۆر کڕیاری لە لا بووە. لە چیرۆکی *بەخشین*دا وەک «میوەفرۆشێکی سادە» دەردەکەوێت و هاوڕێی تۆم کێرنەنە و لە شەقامی گلاسنێڤن دوکانێکی بچووکی هەیە. دەبێت ماڵی جۆیس چاک ئەویان ناسیبێت چونکە ساڵی ١٩٠١-١٩٠٢ لە ناونیشانی ٣٢ی گلێنگاریف پارەیددا زۆر نزیک لە یەکەوە ژیاون. لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٠٧دا مردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. ~**ڤ.ئ.**

[172] **دەگری بە دەستیەوە**: لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا دەڵێت کە «حسابێکی بچکۆلە هەبوو لە نێوان کێرنەن و فۆگارتیدا کە ساف نەکرابوو» مەبەست لەوەیە کە ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان «حسابێکی بچکۆلە» بووە، ئێستا گەورە بووە و کێرنەن فۆگارتیی «لە بەردەم دەرگای کڵێسادا بە جێ هێشت بۆ خۆی بگری»، واتە پارەکەی نەداوەتەوە و ئێستاش خۆی لێ ون دەکات و دەدزێتەوە. ~**گ.س.**

[173] **گەرچی... لە یاددا سەنگینی**: گۆرانیی *لە یاددا سەنگینی*یە کە ساڵی ١٨٤٠ دانراوە، جۆرجی لینلی (١٧٩٨-١٨٦٥) دەقەکەی نووسیوە. دەڵێت:

گەرچی لە بەرچاو نەماوی، بەڵام لە یاددا سەنگینی،
هەردەم لام وایت؛
تاکە هیوایەکی دڵم

دووباره بینینەوەتە.
جارجار لە بێدەنگیی شەودا،
کە ئەستێرە دەجریوێنێ،
لە هەر کامێکیان دەڕوانم
خۆزگەم وایە لەگەڵما بووای.
ئەوسا ژیان پڕچێژ دەبوو،
گەرچی ئێستا هەموو جێیەک پڕ لە خەمە،
گەرچی بزەت لە بەرچاواندا نەماوە،
بەڵام لە یاددا سەنگینی. **~گ.س.**

174 **شەقامی فینگلەس**: شەقامەکەی بەردەم پەرژینی باشووری گۆڕستانەکەیە، لە شەقامی پرۆسپێکتەوە بە گۆشەی باکووری خۆرئاوای گۆڕستانەکەدا دەڕوات. **~گ.س.**

175 **شێوەی بێدەنگ... لە یەک نابوو**: لە سەرەتای پەڕتووکی ١١ی *ئۆدیسە*دا، کە ئۆدیسێفس دەگاتە هادیس و چاڵێک بۆ قوربانی هەڵدەکەنێت و خوێنی تێ دەکات، ئاپۆرایەک تارمایی مردووان بە دەوری چاڵەکەدا بە پاڕانەوەوە کۆ دەبنەوە. ئۆدیسێفس بە شمشێرەکەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە تا هەلی بۆ دەرەخسێت ڕاوێژ بە تیریسیاس بکات. **~گ.س.**

176 **ثۆس ئێچ دێنانی**: «حەوشەی بەردتاشین» و پیشانگای پەیکەری سەر گۆڕەکەی ئەوبەر شەقامی فینگلەس بوو، لەسەر شاڕێی پرۆسپێکت لە گلاسنێڤن. **~گ.س.**

177 **جیمی گییەری، جانکوشەکە**: {بۆ *جانکوش* (بڕوانە ١: ٩٦)} ناونیشانی جیمی گییەری: گۆڕستانی پرۆسپێکت لە گلاسنێڤن. **~گ.س.**

178 **باخچە ماتەکان**: *لوجێنتیس کامپی* بە لاتینی: *Lugentes Campi*مان دەهێنێتەوە یاد کە بە واتای *گۆرەپانی پرسە* دێت. لەو کاتەدایە کە ئەینیاس گیانی ئەوانە دەبینێت کە ئەوین بێبەزەییانە لە ناوی بردوون (ئەینیاس ٦: ٤٤٠). **~گ.س.**

179 **ئا لەوێ بوو کە چایەڵدس کوژرا**: ساموئێل چایەڵدس لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٩ بە تۆمەتی کوشتنی برا حەفتا و شەش ساڵەکەی، کە ناوی *تۆماس* بوو، دادگایی کرا و ئازاد کرا. کوشتنەکە لە ٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٨دا بوو لە ٥ی ڕیزەماڵەکانی بەنگال لەسەر شەقامی فینگلەس لە گلاسنێڤن. **~گ.س.**

[180] **سەیمۆر بوش**: ئێلمان لە لاپەڕە ٩١ و ٩٢ی پەڕتووکەکەیدا دەڵێت: «سەیمۆر بوش یەکێک بوو لە زمانپاراوترین پارێزەرەکانی ئایرلاند»ی سەردەمی خۆی (بڕوانە ٧: ٣٤٤). **~گ.س.**

سەیمۆر بوش لە ٥ی نیسانی ١٨٥٣دا لە دایک بووە. چوارەم کوڕی قەشە چارلز بوش بووە کە قەشەی ناوچەی کاسڵهەیڤن بووە لە کاونتیی کۆرک. دایکی ناوی *ئێمێلین* بووە (پێش شوو: *کۆگیل*). جەنابی خاوەنشکۆ بوشی سەرۆکی دادگای کیلموری لە کاونتیی کیلکەنی باپیری بووە. بوش لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن لە بواری کلاسیکدا خوێندوویەتی و ڕێکخەری گەنگەشە بووە و مەدالیای زێڕی بێرکەلیی بە دەست هێناوە. ئەندامی کۆمەڵەی مێژوویی کۆلێج بووە و مەدالیای زێڕی لە وتاردانَدا بە دەست هێناوە. ساڵی ١٨٧٩ لە خانەی دادی ئایرلاند مۆڵەتی وەرگرتووە و ساڵی ١٨٩٢ بووە بە ڕاوێژکاری شا و ساڵی ١٨٩٦یش بووە بە ئەندامی دادگای پاشا. ساڵی ١٨٩٩ کرا بە ئەندامی دادگای ئینگلتەرا. ساڵی ١٩٠١ڕاوێژکاری گشتیی پاشایی شار و کاونتیی دەبلن بووە و ساڵی ١٩٠٤ کراوە بە ڕاوێژکاری پاشا. پارێزەری دادگای تاوانی کاونتیی کۆرک بووە. جەی بی هۆڵ لە پەڕتووکی *تۆمارە هەرەمەکییەکان*دا نووسیویەتی کە سەیمۆر بوش یەکێک بووە لە پیاوە هەرە لەبیرنەکراوەکانی دادگای ئایرلاند، «زمانێکی پاراوی هەبووە و بلیمەت بووە و فەرهەنگ و وێناکردنێکی فراوانی هەبووە و توانای بەڵگەهێنانەوەیشی گەلێک تۆکمە بووە». لە ترۆپکی ناوبانگەکەیدا خەڵکان بە پۆل چوونەتە دادگاکانەوە تا گوێیان لە بلیمەتی و زمانپاراوی و زیرەکییەکەی بێت. بوش ساڵی ١٨٨٥ لە ١٥ی ئیلای پلەیس پەیوەندی نهێنیی لەگەڵ خانمی خاوەنشکۆ کاثلین مۆددا هەبووە، کە کچی جەنابی خاوەنشکۆ ڤیسکۆنت هاواردن بووە. کە خاتوو کاثلین ساڵی دواتر بە تۆمەتی «تاوانی داوێنپیسیی ئاشکرا» لەگەڵ بوشدا لە مێردەکەی جیا بووەوە، لەگەڵ بوشدا هاوسەرگیرییان کرد. ئەم ڕووداوە لە دەبلنی سەردەمی شا ڤیکتۆریادا بارێکی ناقۆڵا بوو. بوش تا ١٨ ساڵ دواتریش هەر لە کاری پارێزەریی خۆی لە دەبلن بەردەوام بوو و دواجار کۆچیان کرد بۆ لەندەن و لەوێ بوو بە ڕاوێژکاری پاشا. لە خانووی ژمارە ٤٩ی درەیتن گاردنس لە لەندەن ژیاوە و هەر لەوێش لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢دا کۆچی دوایی کرد. لە گۆڕستانی برووکود نێژراوە لە برووکود لە سوررەی لە ئینگلتەرا. **~ڤ.ئ.**

[181] **تەنها نیشانەی لاوەکی**: لە دادگاییەکەدا بوش باسی یاسای بەڵگەهێنانەوەی کرد، وتی: «بە گشتی هەموو بەڵگەی ئەوەی کە ساموئێل چایەڵدس تۆماسی برای خۆی کوشتووە

ئەوەیە کە ساموئێل کلیلی ماڵەکەی هەبووە، بکوژەکەش هێزی بە کار نەهێناوە بۆ ئەوەی بچێتە ماڵەکەوە» (ڕۆژنامەی *ئیڤنینگ تەلەگراف*، ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٩، لە لاپەڕە ٧٥٦ی پەڕتووکەکەی ئێڵماندا ئاماژەی پێ داوە). **~گ.س.**

[182] **باشترە... تاوانبار بکرێت**: ئەمە وتەیەکی خراپ-گواستراوەی عیسا لەگەڵ شرۆڤەیەکی سێر ویلیەم بلاکستۆن (١٧٢٣-١٧٨٠)دا تێکەڵ دەکات. ئەوەی عیسا دەڵێت: «لە ئاسمانیش شادی زیاتر دەبێت سەبارەت بە گوناهبارێک تۆبە بکات لە نەوەد و نۆ ڕاستودروست کە پێویستیان بە تۆبەکردن نییە» (لوقا ١٥: ٧)، ئەوەی سێر ویلیەم بلاکستۆن، کە شرۆڤەیەکیەتی لەسەر یاسای ئینگلی، دەڵێت: «باشترە دە تاوانبار هەڵبێن وەک لەوەی بێتاوانێک ئازار بچێژێت» (*شرۆڤەی یاسای ئینگلتەرا* [١٧٦٥-١٧٦٩]، بەرگی چوارەم، چاپتەری ٢٧). **~گ.س.**

[183] **زەویی بکوژ**: لەو گەندەباوەڕەوە هاتووە کە گوایە ئەو زەوییەی تاوانی کوشتنی لەسەر ڕوو دەدات بێبەر و ڕووت دەبێت. دوای ئەوەی قاین (قابیل) هابیلی برای دەکوژێت، خودا بە نەفرەتی دەکات و دەڵێت: «کاتێک ئیش لە زەوییەکە بکەیت، ئیتر بەری خۆیت ناداتێ. لەسەر زەوی دەربەدەر و بێ ئۆقرە دەبیت» (پەیدابوون ٤: ١٢). **~س.ت.م.١**

[184] **باخێکی بژارنەکراو**: هاملێت لە یەکەم خۆدوواندنیدا لە هاوسەرگیرییەکەی دایکی و کلاودیۆس ڕادەمێنێت (کە دواتر دەردەکەوێت کلاودیۆس بکوژی باوکی بووە)، هاملێت گلەیی لە جیهان دەکات و دەڵێت:

> [دونیا] باخێکی بژارنەکراوە و
>
> بەر دەگرێت. تەنها شتی پیس و بۆگەن دەیتەنن. کە دەگات بەمە.

(هاملێت ١: ٢، ١٣٥-١٣٧ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[185] **وێنەی... کوژراوەکەدا**: لەو گەندەباوەڕەوە هاتووە کە گوایە وێنەی بکوژەکە لەسەر چاوی کوژراوەکە دەمێنێتەوە، ئاوهاش دەتوانرێت ببینرێت. **~گ.س.**

[186] **کوشتن هەر ئاشکرا دەبێ**: پەندە، وەک لە چیرۆکی *قەشەی هاوەڵی خوشکە ڕەبەنەکەی* جۆفری چۆسێر (بە نزیکی ١٣٤٠-١٤٠٠)دا چانتێکلێر، کە کەڵەشێرە لەخۆباییەکەیە، باس لە گرنگی و ڕاستیی خەون دەکات و چیرۆکێکی تیروتەسەل وەک نموونە دەگێڕێتەوە {کەسێک خەون دەبینێت، هاوڕێیەکی دێتە خەونی و پێی دەڵێت کە کوژراوە و شوێنی حەشاردانی لاشەکەی خۆیی پێ دەڵێت؛ کە لە خەون ڕادەبێت دەچێتە ئەو جێیەی لە

خەونەکەدا بۆی ئاشکرا کراوە، دەبینێت کە ڕاستە و بە مردوویی هاوڕێکەی لەوێ دەدۆزێتەوە}، کەڵەشێرەکە بەوە کۆتایی بە چیرۆکەکەی دەهێنێت کە:

کوشتن هەر ئاشکرا دەبێ؛ کاتێ ڕۆژانە دەیبینین،
کوشتن ئەوەندە بۆگەنە، هێند قێزەونە لای خودا،
خوای دادپەروەر و ئاگادار،
کە ڕێ نادا حەشار بدرێ.

(*چیرۆکەکانی کانتەربری*: قەشەی هاوەڵی خوشکە ڕەبەنەکە، ٢٣٢-٢٣٥). بیرۆکەکە لە خۆدوواندنەکەی هاملێتیشدا دێتەوە، کە بیر لە کاریگەریی ڕێتێچووی شانۆنامەی *تەڵەی* مشکەکە دەکاتەوە (لە دیمەنی دووەمی پەردەی سێیەمی *هاملێت*دا) وەک ڕێیەک بۆ گرتنی «ویژدانی پاشا»:

چونکە کوشتن، گەرچی خۆی زمانی نییە،
بەڵام بە پەرجوویترین ئەندام دەدوێت

(هاملێت ٢: ٢، ٦٢٢-٦٢٣ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[187] **پرۆسپێکت**: گۆڕستانەکەی گلاسنێڤن پێی دەوترێت گۆڕستانی پرۆسپێکت. **~گ.س.**

[188] **دارچناری... خاڵخاڵی**: پەسنی گۆرستانەکەی دەبلن بیری ئەو دیمەنەمان دەخاتەوە کە ئەینیاس سەرەتا لە جیهانی ژێرەوەدا دەیبینێت (ئەینیاس ٦: ٢٨) «کاتێک ئەینیاس ئاپۆرایەک گیانی بێڕەنگی بێ لەش دەبینێت لە ژێر هاوشێوەی شتێکی ناوبۆشدا دێن و دەچن... لە ناوەڕاستدا دارەڕەشێکی لەسێبەرچوو و گەورە هەبوو» ئەینیاس لە ترسدا بێهوودە شمشێرەکەی دەردەهێنێت و هەڕەشە دەکات. **~گ.س.**

[189] **کێکی سیمنێڵ**: جۆرە کێکێکی میوەیە، مێوژ یان کشمیشی تێ دەکرێت و بە هەویرێکی زۆر ئەستوور دەورە دەدرێت، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی لێنتدا بۆ یادی یەکشەممەی دایکان، کاتێک دایک و باوکان سەردان دەکەن و دیاری بە یەکتر دەدەن (بڕوانە ٣: ٢٦١). **~گ.س.**

**یەکشەممەی دایکان**: بە ئینگلی *Mothering Sunday*، ڕۆژێکە یادی دایک و «کڵێسای دایک»ی تێدا دەکرێتەوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ئایرلاند و بەریتانیا و هەندێک شوێنی تردا دەگێڕرێت، دەکەوێتە چوارەمین یەکشەممەی لێنت. لێنت خۆی چل ڕۆژە، مەسیحییەکان تیایدا بەڕۆژوو دەبن و یادی ئەو چل ڕۆژە دەکەنەوە کە عیسا لە بیابان بەسەری بردووە. **~ن.م.**

[190] **پسکیتی سەگ**: تەنها لەبەر ئەوە نییە کە کێکی سیمنێل ڕەقە، بەڵکو هاوتەرییبیەکی ترە لەگەڵ *ئەینیاس*دا (٦: ٤١٧) کاتێک سیڤیلا دەبێتە چاوساغی ئەینیاس بۆ جیهانی ژێرەوە، تیکەیەکی لە هەنگوین و دەرمان سوویراو بۆ کێرێبروس دەهاوێت، کە سەگە سێ سەرەکەی هادیسە. **~گ.س.**

[191] **کێ... دێنە دەرەوە**: لە چاپەکانی پێشوودا ئەم دوو ڕستەیەم بەم شێوەیە وەرگێڕابوو: «کێ دەیانخوا؟ پرسەباران کە دێنە دەرەوە.» بەڵام ئەگەر وەرگێڕانی تەواو بۆ دەقە ماکەکە بکەم دەبێت بە: «کێ خواردنی؟ پرسەباران دێنە دەرەوە *Who ate them? Mourners coming out*» لەبەر ئەوەی ئەم دوو ڕستەیە وا دیارن کە شەپۆلی هۆشی بلووم بن، بۆیە دەکرێت ڕستەسازییەکەیان تەواو نەبێت، وەک زۆربەی شەپۆلی هۆشەکانی تری ئەم ڕۆمانە کە لە ڕووی ڕستەسازییەوە ناتەواون. بە نموونەیەکی تر، لە سەرەتای پەرەگرافی پێشووتردا دەڵێت: «ئێستا ئەو سابوونە بگۆڕە» کە لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوەیە جێی سابوونەکە بگۆڕێت. بۆیە لەم پێداچوونەوەیەدا وەرگێڕانەکەم وەک دەقە ماکەکە لێکردەوە و ئەم ڕاڤەیەم نووسی، چونکە پێم وایە بلووم بە هەڵە ڕابردووی سادە لە بری داهاتوو بە کار دەهێنێت و مەبەستی ئەوەیە بڵێت: کێ ئە پسکیتانە دەخوات؟ پرسەبارەکان دەیانخۆن، کاتێک لە گۆڕستان دێنە دەرەوە. **~ن.م.**

[192] **فینگلەس**: دێیەکە لە بەری باکووری خۆرئاوای گۆڕستانەکە. چەند کانەبەردێک لەو ناوچەیە هەیە. **~گ.س.**

[193] **بەو... گەیشتە ئێرە**: مەبەست دیگنەمە، لە ڕۆڵی ئێلپینۆردا (کە دەشێت ناوە گریکییەکەی بە «ڕووسوور/ ڕوو بڵێسەیی» وەربگێڕرێت). کە ئۆدیسێفس لە هادیسدا ئێلپینۆر دەبینێت لێی دەپرسێت: «چۆن بەم تەمومژە تاریکە بۆ ئێرە هاتوویت؟ من بە کەشتی هاتووم، کەچی تۆ بە پێیان لە من زووتر گەیشتوویتە ئێرە» {ئۆدیسە، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، لا. ٢٣٤}. **~گ.س.**

[194] **ماونت جێرۆم**: گۆڕستانی پرۆتستانتەکانە لە هارۆڵدس کرۆس لە باشووری خۆرئاوای شاری دەبلن. **~گ.س.**

[195] **لای عەرەبانەی... تێیان دەکەن**: «عەرەبانەی بارەکە» ئەو عەرەبانەیەیە کە مردووەکەی پێ دەهێنن بۆ گۆڕستان و پێی دەگوێزنەوە. ئەم دێڕە لە دەقە ماکەکەدا دوو واتا دەدات، واتاکەی تر ئەمەیە: «خێرا بە عەرەبانەی بارەکە گۆڕیان بۆ هەڵدەکەنن و تێیان دەکەن». لە دکتۆر هەنتم پرسی، وتی: «بلووم چووەتە خەیاڵەوە و زیادەڕەوی دەکات، پێی وایە لە

هەموو چرکەیەکدا ئەوەندە مەرگ لە جیهاندا ڕوو دەدات کە ناشتن بووە بە جۆرە بە-کۆمەڵ-بەرهەمهێنانێک.» جا دەکرێت بەو شێوەیەش تێبگەین کە «بێڵ» فریا ناکەوێت گۆڕ هەڵبکەنێت، دەبێت بە عەرەبانە گۆڕ هەڵبکەنرێت. یان دەشێت بە واتای تریش وەربگێڕرێت کە من هێشتا پەیم پێ نەبردبێت. **~ن.م.**

[196] **بۆنێت**: بە ئینگلی *bonnet*، لە *فەرهەنگی کۆلینز*ەوە: «کڵاوێکە شریتی پێوەیە و لە ژێر چەناگەدا گرێ دەدرێت، ئێستانان دەخرێتە سەری منداڵی ساوا، بەڵام کاتی خۆی ژنان لە سەریان دەکرد». **~ن.م.**

[197] **لاڵەکان**: (بڕوانە ١: ٧٨). **~گ.س.**

[198] **میوانخانەی کوینسی هەبوو لە ئێنیس**: ئێنیس شارۆچکەیەکە لە کاونتیی کلێر لە خۆرئاوای ئایرلاند، ١٤٠ میل لە خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە. ئەو میوانخانەیەی باوکی بلووم «هەیبوو» لە شەقامی چەرچ (ئێستا پێی دەڵێن شەقامی ئابەی) بوو. میستەر ڤنسنت مەکهیو، کە سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوچەکانی دەرەوەی شاری ئێنیسە، ساڵی ١٩٧٠ وتوویەتی: «هێشتا هەر ماوە و هەر بزنسێکی سەرکەوتووە». **~گ.س.**

[199] **ئارامگا مەزنەکەی کاردیناڵەکە**: ئێدوارد کاردیناڵ ماککاب (١٨١٦-١٨٨٥) لە (١٨٧٩-١٨٨٥) ئوسقوفی مەترانی دەبلن بوو، لە ساڵی ١٨٨٢ەوە کرا بە کاردیناڵ. لە دیدی ئایرەکانەوە «خەڵکی شارەکە» بوو، و کەمێک ئارەزووی لە حوکمی سەربەخۆیی و چاکسازیی زەویوزار هەبوو، کە دووان بوون لە گەورەترین کێشە وارگێڕییەکانی سەردەمی خۆی. **~گ.س.**

[200] **ئارتەین**: دێی ئارتەین لە قەشەنشینی دۆنیکارنییە، سێ میل لە باکووری ناوەڕاستی دەبلنەوە دوورە. ئەو دەزگایەی مارتن کەنینگهەم لە خەیاڵیدایە *دەزگای ئۆبرایەن بۆ منداڵە هەژارەکانی دۆنیکارنی*یە، بەڕێوەبەرەکەی ناوی جەنابی قەشە برا ویلیەم ئەی سوان بوو (بڕوانە ١٠: # **برا سوان**). **~گ.س.**

[201] **تۆد**: مەبەست ئەوەیە لە بەشگەی تۆد و بورن و هاوبەشەکانیان، سنووردار، کاری بۆ بدۆزێتەوە. بەشگەی تۆد و بورن و هاوبەشەکانیان، بازرگان و فرۆشیاری ئاوریشم و کەتان و خوری و پێڵاو و پووت و کەلوپەلی ناوماڵ و بەرگدور لە دەبلن. (مەی جۆیس، یەکێکە لە خوشکەکانی جەیمز جۆیس، ماوەیەک لە تۆد کاری کردووە). **~گ.س.**

[202] **پیاوە داناکان... زۆرترن**: لە گۆرانیی *سێ ژن بۆ هەر پیاوێک*ەوە هێنراوە لە دانانی موررەی و لەی، دەقەکە دەڵێت:

ژنان فریشتەی بێ باڵن،
بەڵام سەیروسەمەرەشن؛
ئەو پیاوانەی لە ژنیان کۆڵیوەتەوە،
دەزانن ژن چ حەزێکی سەیریان هەیە.
هەر کە کچەکە شوو دەکا،
یەکسەر دەیەوێ ببێ بە گەورەی خێزان؛
ڕای خۆم دەڵێم، ئەگەرچی هیچی وایش نییە،
دەڵێم کە کچ دەبێ زۆر سوپاسگوزار بێ کە هەلی شووی بۆ دەڕەخسێ.
[کۆرس]
پیاوە داناکان دەڵێن کە ژنان لە پیاوان زۆرترن،
بۆیە زۆر کچ هەر بە سەڵتی دەمێننەوە بە درێژایی ژیانیان،
کچان بڵێن، گەر دەتوانن
کە وا پیاوێک خۆی سێ ژنی بەردەکەوێ،
بۆ هەر پیاوێک نابێ کە سێ ژنی هەبێ؟

لە پەڕتووکی یازدەیەمی *ئۆدیسە*دا پێرسیفۆنی تارمایی چەندین «ژنی مەزن» دەنێرێت تا قسە لەگەڵ ئۆدیسێفسدا بکەن و ئینجا دوایی هی «پیاوی مەزن» دەنێرێت بۆی. هەموویان باس دەکرێن، هەروەها ئۆدیسێفس قسە لەگەڵ دایکی دەکات، کە کاتێک ئۆدیسێفس لەوێ نەبوو مردووە، هەروەها لەگەڵ تیریسیاسیشدا، ئۆدیسێفس قسە لەگەڵ شازدە ژندا دەکات (لەگەڵ پێرسیفۆنیشدا) و هەروەها لەگەڵ بیست پیاودا قسە دەکات. **~گ.س.**

[203] **بێوەژنە هیندۆسەکان**: مەبەست لە نەریتی *سووتی*ی هیندۆسەکانە، کە ژنێک مێردەکەی دەمرد، ژنەکەش خۆی لەسەر ئەو کەڵەکەدارە دەسووتاند کە لاشەی مێردەکەیان لەسەری دەسووتاند. بەریتانییەکانی هیندستان ساڵی ١٨٢٩ ئەم نەریتەیان قەدەغە کرد. **~گ.س.**

[204] **لەو کاتەوەی... نەماوە**: شا ڤیکتۆریا (١٨١٩-١٩٠١) (١٨٣٧-١٩٠١ شا بوو) دوای مردنی ئەلبێرتی مێرد و هاوشانی لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٨٦١دا، کە ئەلبێرت دوکی ساکسۆنیا

و کۆبورگ و گۆتا بوو، پرسەباریی هەمیشەیی و بێوەژنێتیی خۆتەرخانکردوو بۆ پرسەباریی کرد بە شتێکی باو و مۆدە. بەڵام ئەم پرسەبارییە درێژخایەنەی ڤیکتۆریا وردەوردە وای کرد خەڵکان بە گشتی هەست بکەن کە لە تامی دەرکردووە، ساڵی ١٩٠٤ یاسا توندەکانی پرسەباریی سەردەمی ناوەڕاستی دەسەڵاتی ڤیکتۆریا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم کرابووەوە (بڕوانە ١: ٤٦). **~گ.س.**

[205] **ئارامگای یادگاریی فرۆگمۆر**: لە کۆشکی فرۆگمۆرە لە قەڵای ویندسۆز، شا ڤیکتۆریا لەوێ ئارامگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی و ئەلبێرتی مێردی و دایکی خۆی، کە دوکژنی ویندسۆر بوو، دروست کردبوو. ڤیکتۆریا بۆ پرسەکەی خۆی فەرمانی بە چاودێریی تەواوی سەربازییانە دابوو: لە ٢ی شوباتی ١٩٠١دا لە کەژاوەیەکی گەورەی پرسەگێڕاندا لاشەکەی لەسەر «عەرەبانەیەکی چەک» ڕاکێشرا و لە کڵێسای سانت جۆرج دانرا، لە ٤ی شوباتدا دووبارەکەی دوور لە خەڵک برا بۆ ئارامگای فرۆگمۆر و خرایە ناو ئەو گڵکۆیەوە کە شازادە ئەلبێرتی مێردی تێدا بوو. **~گ.س.**

[206] **لە کۆتاییدا... بۆنێتەکەیەوە**: ئەو گۆشەگیرییە زۆرەملێییەی شا ڤیکتۆریا خۆی بەسەر خۆیدا سەپاندبووی، لەگەڵ پێداگرییەکەی لەسەر پرسەگێڕانی درێژخایەن مشتومڕی زۆری هەڵگرت. دواتر لە ژیانی خۆیدا تا ڕادەیەک ئەم بەرتەسککردنەوەیەی ئاسان کرد. **~گ.س.**

[207] **هەمووی... گەوهەرەکە بوو**: بلووم ڕەخنەیەکی باو لەسەر شا ڤیکتۆریا دووبارە دەکاتەوە، ڕەخنەکە لەسەر پرسەبارییە لەتامدەرچووەکەی بوو بۆ «سێبەر»ی مێردە مردووەکەی، کە وەک شازادە و هاوشانی شا، لە ژیانی ڕاستیشدا تەنها سێبەری پاشا بوو. هەروەها بلووم ڕەخنەیەکی باوی تری خەڵک هەر لە شا ڤیکۆریا دووبارە دەکاتەوە، ئەویش لەسەر ئەوەی هیچ بەرپرسیارێتییەکی تاجەکەی بە کوڕە پێگەیشتووەکەی نەدا و لێی گەڕا هەر چاوەڕێ بێت تا مردنی خۆی، دواجار کوڕەکەی لە تەمەنی شەست ساڵیدا بە تەواوی بوو بە پاشا، ئەویش ئێدواردی حەوتەم بوو. **~گ.س.**

[208] **شتێکی نوێ... بگەڕێتەوە**: وا دیارە مەبەستی بلووم ئەوە بێت کە ئێدواردی حەوتەم، کە کوڕی شا ڤیکتۆریا بوو و لە کاتی ڕۆمانەکەدا (١٩٠٤) شای بەریتانیا بوو، دەبێت هیوایەک بێت بۆ هەمووان، نەک وەک ڤیکتۆریای دایکی (وێ) کە زیاتر لە ڕابردوودا دەژیا. **~ن.م.**

[209] **خودی شاری کۆرک**: ناونیشانی گۆرانییەکە، تۆماس کرۆفتن کرۆکەر (١٧٩٨-١٨٥٤) ساڵی ١٨٢٥ دایناوە.

ڕەنگە گاڵتە بەو شارە کەن کە من لەوێ لە دایک بووم،
بەڵام ویسکی و کەرە و بەراز هی ئەوێ نەبێ بێتامن،
جێیەکی زۆر خۆشی لێیە بۆ پیاسەی گشت بەیانییەک،
پێی دەوترێت مەیدانی داونت، شارەکەشم شاری کۆرکە.
مەیدانەکە دوو لای هەیە –لای خۆرهەڵات و خۆرئاوا،
شازی شوێنە بۆ گاڵتەوگەپ و ڕابواردن،
شازی ماسیی سەلەمۆن و باسترمە و گۆشتی برژاوی لێیە:
ئای! فیشامبڵ باخچەی عەدەن و ئەوینی من و تۆیە! **~گ.س.**

[210] **پێشبڕکێکانی پاڕکی کۆرک**: پێشبڕکێ و کۆبوونەوەیەکی ساڵانە بوو لەسەر ڕێیەکی پاڕکی شاری کۆڕک دەکرا. باوترین ڕۆژی کۆبوونەوەکە و ڕۆژی خەڵاتی پارە سەرەکییەکانیش دووشەممەی ئیستەر بوو، کە ساڵی ١٩٠٤ دەیکردە ٤ی نیسان. **~گ.س.**
پێشبڕکێی ساڵانەی ئەسپسواریی کۆڕک (ساڵی ١٩٠٤ لە دووشەممەی ئیستەردا کرا، کە دەکەوتە ٤ی نیسانەوە). **~س.ت.م.١**

[211] **دیک تیڤی**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژە و گرنگیی کەسێتییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**
{دیک کورتکراوەی ناوی *ریچارد*ە لەو وڵاتانەدا کە بە ئینگلی دەدوێن} ریچارد تیڤی ساڵی ١٨٤٨ لە شاری کۆڕک لە دایک بووە، ساڵی ١٩١١ لەگەڵ ژنەکەیدا، کە ناوی *ماریا* بووە، هەروەها لەگەڵ دوو خزمەتکاردا لە ناونیشانی ٢٠ی سەمەرهیڵ ژیاون. ئەم خێزانە لە کۆڕکدا بەوە ناسرابوون کە خولیایان شتی ئەنتیکە بووە. تیڤی سکرتێری بەشگەیەکی گشتی بووە لە کۆڕک. ساڵی ١٩٢٨ مردووە. **~ڤ.یئ.**

[212] **جۆن هێنری مێنتن**: پارێزەر و پەسەندکەری سوێندنامە بوو. لە *ئولیس*دا خاوەنکاری پێشووی دیگنەم بووە، بەڵام ئەم کەسێتییە «ڕاستی»ش بووە و نووسینگەی هەبووە بە ناونیشانی ٢٧ی باچلەرس وۆک، لە ناوەڕاستی دەبلندا ڕێک لە باکووری ڕووباری لیفی. **~گ.س.**
جۆن هێنری مێنتن کوڕی مایکڵ مێنتن بووە، دایکی ناوی *لێتیشا* بووە. لە ٢٢ی تەمووزی ساڵی ١٨٥٩دا لە شارۆچکەی ڕۆسکریا لە کاونتیی تیپێرەری لە دایک بووە (بڕوانە ١: ١٤٥). لەگەڵ برایەکیدا دووانە بوون کە ئەو ناوی *هێنری مێنتن* بووە و خێزانەکەیان لە ١٣ منداڵ پێکهاتوون. لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٨٤دا مۆڵەتی پارێزەریی پێ دراوە و بووە بە

پارێزەرێکی دیاری شاری دەبلن و دواتر بووە بە پەسەندکەری سوێندنامە و لە ناونیشانی ٢٧ی باچلەرس وۆک نووسینگەی هەبووە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٨٥ و ١٨٨٦دا لەگەڵ جۆن ستانیسلاوس جۆیسدا {باوکی جەیمز جۆیس} کاری کردووە. جۆن هێنری مێنتن لە ٥ی ئاداری ١٩٠٥دا و لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا بە نەخۆشیی سیل مردووە. لە کاتی مردنەکەیدا ماڵیان لە خانووی ژمارە ٣ی کەمبەرلاند پلەیس بووە لەسەر شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور لە دەبلن. لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

213 **سێ شڵنگی ئۆگرەیدی قەرزارم**: لاسایەکی دواهەمین قسەی سۆکراتیسە: «کەڵەشێرێکی ئەسکلێپیۆس قەرزارم؛ تکایە قەرزەکەم بۆ بدەنەوە» کە لە پەرتووکی *فایدۆ*ی پلاتۆندا نووسراوە. جەین ئێس میهان لە *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ١٦، ژمارە ٤، ١٩٧٩، لاپەڕە ٥١٢ – ٥١٣دا دەڵێت کە ئەمە ئاماژەیە بە گۆرانییەکی ئایریی جەفەنگی بە ناونیشانی: *دە دۆلاری ئۆگرەیدی قەرزارم*، هاری کێنەدی ساڵی ١٨٨٧ نووسیویەتی. گۆرانیبێژەکە بەختی ڕوو لە هەڵدێرە و کاری نەماوە و قەرزاری پیاوێکی بەرگدورە کە ناوی *پات ئۆگرەیدی*یە. کۆرسەکە دەڵێن:

دە دۆلاری پات ئۆگرەیدیم لە لایە
یەکێ نەزانێ بارمتەی لەسەر ژیانم داناوە؛
هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو بانگم دەکا تا ببینێ،
گشت شەوێکیش ژنەکەیم بۆ دەنێرێ.
ویستی پیانۆی کچەکەمم پێ بفرۆشێ.
خۆ هیچی پێ شەرم نییە،
هەر دەبێ چاوەڕێ بکا
تا پارەکەی بدەمەوە،
گەر نا لچ لە فلسێک نادا. **~گ.س.**

214 **سەری لە کام لایە**: بە گوێرەی نەریت، یەکەم جار سەری لاشە یان دووداره هەڵدەگیرێت و کە لە کڵێسادا دادەنرێت سەری ڕووەو قوربانگاکە دەبێت و لە گۆڕستانیشدا سەری لای کێلەکەیەوە دەبێت. **~گ.س.**

215 **مێزی نوێژکردن**: مێزێکە، شوێنێکی هەیە تا پەرتووکی نزاخوێندنی لەسەر دابنرێت و لە بەردەمیشیدا گۆشەیەکی نەرمی هەیە تا لە کاتی کڕنۆشبردندا ئەژنۆی لەسەر دابنرێت. **~گ.س.**

[216] **تاسی خۆپیرۆزکردن**: له بەردەم ڕاڕەوی چوونەژوورەوەی کڵێسادایە، ئاوی پیرۆزی تێدایە و ئەوانەی دێنە کڵێساوە پەنجەکانیانی تێ دەخەن و دەیهێنن بە برۆ و خۆیان دەخاچێنن و خۆیان پیرۆز دەکەن (بڕوانە ٥: ٢٢٨). **~گ.س.**

[217] **سەتڵێکی... تێدا بوو**: دەفرەکە ئاوی پیرۆزی تێدایە و بە تووڵێک (ئاوپرژێنەکە) ئاوەکەی لێوە دەپرژێنرێتە سەر دووداەرکە، یان لاشەی مردووەکە. **~گ.س.**

[218] **قوڕباق**: بە ئینگلی *toad*، لە *فەرهەنگی فارسی-کوردی*یەوە: «گیاندارێکی دووژینی بۆقئاسایە بە لەشی قەڵەو، پای کورت و زۆرێک لووی لک-لک وەکوو بالووک لەسەر پێستەوە» لەو فەرهەنگەدا ناوەکە بە «ترتڕە» دانراوە، بە فارسی پێی دەوترێت: *وزغ*، بڕوانە تۆماری ناوبراوی فارسی، لاپەڕە ١٤١٣. بەڵام کاک ڕێبوار قارەمانی بۆمی ڕوون کردەوە کە ترتڕە شتێکی ترە و هەڵەیە، قوڕباق نزیکترە لە ڕاستییەوە. **~ن.م.**

[219] **کێ... وتی من**: لە گۆرانییەکی باخچەی ساوایانەوە هێنراوە، دەڵێت:

کێ کۆک ڕۆبنی کوشتووە؟
چۆلەکەکە وتی: «من بووم،
بەم تیر و کەوانەم کوشتم.
***
کێ دەبێتە قەشەی ئێمە؟
قەلەڕەشەکە وتی: «من،
بەم پەڕتووکە گچکەیەوە
خۆم دەکەم بە قەشەی ئێوە. **~گ.س.**

[220] **بابە کۆفی**: قەشە فڕانسیس کۆفی، قەشەی ڕێپێدراوی کڵێسا و سوپا، بە ناونیشانی ٦٥ی داڵیماونت. بڕیار وایە بابە کۆفی پڕۆسەی لێخۆشبوونەکە بە ڕێوە ببات، کە دواهەمین پڕۆسەی پرسەیە، پێش ئەوەی مردووەکە بنێژرێت {وەک تەڵقینی ئیسلامی}. **~گ.س.**

[221] **دۆمینێنامینێ**: وا دیارە قەشەکە وتوویەتی: «*ئین نۆمینێ دۆمینی* *In nomine Domini*» کە لاتینییە و بە واتای *بە ناوی خودا* دێت و بلووم باش گوێی لێ نەبووە. **~گ.س.**

[222] **بە قەپۆزیدا ملهوڕ دیارە**: واتە دەمی زۆر زل و ئەستوورە. ئەم وێنە سەگییە بابە کۆفی دەخاتە ڕۆڵی کێرێبروسەوە، سەگەکەی ناو هادیس (بڕوانە ٦: ١٩٠). **~گ.س.**

[223] **مەسیحییەکی ماسولکەدار**: زاراوەیەک بوو لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٧ەوە بۆ لقێکی باوەڕ و پەیڕەوی مەسیحییەکان بە کار دەهێنرا کە لە کڵێسای ئینگلتەراوە سەرچاوەیان گرتبوو و زیاتر جەختیان لەسەر گرنگیی لەشێکی تەندروست دەکردەوە بۆ بەجێهێنانی ئاکارییانە و دینی ڕاستینە. چارلز کینگسلی (١٨١٩-١٨٧٥) یەکێک بوو لە لایەنگرە سەرەکییەکانی مەسیحییە ماسولکەدارەکان، کە ڕۆماننووس و هۆنەر و پیاوێکی دینیی ئینگل بوو. **~گ.س.**

[224] **تۆ پەترۆسی**: عیسا ناوی *پەترۆس* لە *شیمۆن*ەوە دەگۆڕێت شیمۆن بە واتای *بیسەر* و دەیکات بە پەترۆس واتە *بەرد* و پێی دەڵێت: «منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسی و لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت» (مەتا ١٦: ١٨). **~گ.س.**

[225] **نۆن ئینترێس... دۆمینێ**: بە لاتینی *Non intres in judicium cum servo tuo, Domine* واتە *کارەکانی خزمەتکارەکەت مەپێوە*، سەرەتای نزای لێخۆشبوونی مردووە. نزاکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «کارەکانی خزمەتکارەکەت مەپێوە، چونکە هیچ کەسێک لە دیدی تۆدا بێتاوان نییە تا خۆت لە تاوانەکانی خۆش نەبیت» بە گوێرەی نەریت، لێخۆشبوون دوای تەواوبوونی ماسی پرسە دەگێڕرێت، پێش ئەوەی دووداره‌کە بخرێتە ناو گۆڕەوە. **~گ.س.**

[226] **ماسی پرسە**: ماسی پرسە، یان ماسی ڕێکوییەم، بە گوێرەی نەریت لە پرسە و ناشتندا پێش لێخۆشبوون دەگێڕرێت. وا دیارە لە ناشتنەکەی دیگنەمدا ماسی پرسە جێبەجێ نەکراوە، چونکە لاشەکەی لە ماڵی خۆیەوە لە ساندیماونت ڕاستەوخۆ هێنرا بۆ کڵێسای ناشتن لە گلاسنێڤن. **~گ.س.**

[227] **شیوەنگێڕە ڕەشپۆشەکان**: شیوەنگێڕی پێشەگەرن، جلی ڕەشی شیوەنگێڕانیان پۆشیوە، چونکە ئەو جۆرە جلە هەرزان بوو. **~گ.س.**

[228] **قوربانگانامە**: لیست، یان ئەو پەڕتووکەیە کە ئەوانەی سەردانی پرسەیەک دەکەن واژۆی تێدا دەکەن. **~گ.س.**

[229] **مێرڤین براون**: مێرڤین براونێک لە *ڕێبەرنامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا ناوی هاتووە کە «پرۆفیسۆری موزیک و ئۆرگنژەن» بووە. هەروەها میستەر براونێک هەیە کەسێتییەکە لە چیرۆکی مردووەکەی *دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. **~گ.س.**

[230] **سانت واربەرا:** کڵێسایەکە لەسەر شەقامی واربەرا لە باشووری ناوەڕاستی شاری دەبلن، یەکێکە لە کۆنترین کڵێساکانی شارەکە و لە سەردەمی حوکمی پاشا هێنریی دووەم (١١٣٣-١١٨٩)دا بە دەستی «پیاوانی بریستڵ» دروست کراوە کە شارەکەیان داگیر کردووە. کڵێساکە تەرخان کرابوو بە سانت واربەرا، کچی ولفهێر، پاشای مێرسیا. باڵەخانەکەی یەکەم جار ساڵی ١٣٠١ ڕووخێنرا و ساڵی ١٦٦٢ دروست کرایەوە و گەورەتر کرا. لە ژێر باڵەخانەکەدا بیست و حەوت تاقی لێیە کە بەشێکن لە باڵەخانەکەی یەکەم جار. یەکێک لەو تاقانە دوودارەی لۆرد ئێدوارد فیتزجێراڵدی تێدایە (بڕوانە ١٠: # **لۆرد ئێدوارد فیتزجێراڵد**). **~گ.س.**

[231] **ئۆرگنە کۆنە دانسقەکە:** کڵێسای سانت واربەرا ساڵی ١٧١٢ دروست کرایەوە، ساڵی ١٧٥٤ بە ئاگر وێران بوو، ساڵی ١٧٥٩ (ئەو کاتەی ئەو ئۆرگنە دانرا کە بلووم لە خەیاڵیدایە) دیسان دروست کرایەوە. پێش ئاگرەکە و دوای دروستکردنەوەی کڵێساکە شوێنی گێڕانی زۆر کۆنسێرتی موزیکەکانی جۆرج فرێدریک هاندێل بوو کە لە دوای سەردانە سەرکەوتووەکەی هاندێلەوە بۆ دەبلن ساڵی ١٧٤٢ ڕێکخرا. (سەردانەکەی هاندێل بەوە کۆتایی پێ هات کە خۆی ڕابەرایەتیی ژەندنی *مەسایای* خۆی کرد، وەک پاداشتێک بۆ پێشوازییە گەرمەکەی دەبلن لێی، چونکە لە لەندەن پێشوازییەکی ساردوسڕی لێ کرابوو.) ئۆرگنەکەی ئەو کڵێسایە بە یەکێک لە باشترین ئۆرگنەکانی سەدەی هەژدەی هەموو دوورگە بەریتانییەکان دادەنرا. **~گ.س.**

[232] **لە خوارەوە... بیانسووتێنن:** ئەم ڕستە درێژە شەپۆلی هۆشی بلوومە، لە چاپەکانی پێشوودا بەم شێوەیە وەرمگێڕابوو: «لە ژێر ئۆرگنە دانسقەکەی کڵێسای سانت واربەرادا کە سەد و پەنجا ساڵە هەیانە، لە تاقەکانی ژێرەوەدا دەبێت هەندێک جار کونێک بخەنە ناو دوودارەکانەوە تا گازە خراپەکان بەرهەڵدا بکەن و بیانسووتێنن»، لەو وەرگێڕانەدا ڕستەسازییە تێکچووەکەی مێشکی بلوومم تا ڕادەیەک چاک کردووەتەوە و یەک دوو وشەی زیادەم بۆ ئاسانیی تێگەیشتن خستووەتە ڕستەکەوە، وەک: «کڵێسا، کە... ساڵە هەیانە» بەڵام لە دەقە ماکەکەدا هیچ کامێک لەوانەی تێدا نییە. لە ڕاستیدا بلووم لێرەدا تەنها دەیەوێت بیر لەوە بکاتەوە کە وەک نەریتێک لە کڵێسای سانت واربەرادا کون دەخەنە دوودارەکانەوە تا گازەکانیان دەربچێت و بسووتێن، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت خەیاڵی نەچێت بە لای ئۆرگنە نایابەکەی کڵێساکە، کە سەد و پەنجا ساڵە هەیانە

و هەردوو ڕستەکە تێکەڵاو دەکات. منیش لەم چاپەدا هەوڵم دا لە شێواوییەکەی دەقە ماکەکەی نزیکتر بکەمەوە. **~ن.م.**

[233] **قەشەکە... ڕایوەشاند**: **ئەسپەرجیل**: بە ئینگلی *aspergillum*، کەرەستەیەکی بچکۆلەیە، وەک گوڵاوپرژێن وایە، بەڵام بنکەکەی تەنها دەسکە و گوڵاو (یان ئاو) لەوێدا کۆ نابێتەوە، بەڵکو لە سەرەکەیدا کۆ دەبێتەوە کە خڕیلەیە و کونکونە، لە کڵێسادا بۆ پرژاندنی ئاوی پیرۆز بە کار دەهێنرێت. **~ن.م.**

ئەوەی بە دەست قەشەکەوەیە ئەسپەرجیلە، قەشەی بۆنەگێڕ ئاوی پێ دەپرژێنێتە سەر دارتەرمەکە بۆ بیرخستنەوەی: «ئەو ئاوەی لە کاتی ئاوەمۆردا بەسەر سەری مردوواندا دەپرژێنرێت» (*پەڕتووکی نزانامەی خەڵکان – The Layman's Missal*، باڵتیمۆر، ماریلاند، ١٩٦٢ لا. ١٠٤٤). **~گ.س.**

[234] **ئێت... تێنتاتیۆنیم**: بە لاتینی *Et ne nos inducas in tentationem*، واتە «مەمانخەرە تاقیکردنەوە» (مەتا ٦: ١٣) کە ئەویش نزاکەی عیسایە. کە قەشەی بۆنەگێڕ ئاوی پیرۆز دەپرژێنێتە سەر دارمەیتەکە بە دەنگی نزم نوێژەکەی عیسا دووبارە دەکاتەوە، کە لە ئاوپرژاندن تەواو دەبێت، درێژە بە نزاخوێندنەکە دەدات و کوڕی خزمەتکاری بۆنەکەش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «بەڵکو لە شەیتان ڕزگارمان بکە»، ئینجا قەشەکە دەڵێت: «لە دەمی دۆزەخ» خزمەتکارەکە دەڵێت: «گیانی بپارێزە، خودایە»، ئینجا قەشەکە دەڵێت: «با بە ئاشتی پشوو بدات»، خزمەتکارەکە دەڵێت: «ئامین». **~گ.س.**

[235] **نەپاو**: بە ئینگلی *mortal*، واتە هەر شتێک کە بمرێت. لە زمانی خۆمانەییدا زیاتر وشە عەرەبییەکەی بۆ بە کار دەهێنرێت کە *فانی*یە. **~ن.م.**

[236] **ئین پارادیسوم**: بە لاتینی *In paradisum* واتە *بۆ ناو بەهەشت*. دوو وشەی سەرەتای ئەو نزایەیە کە لەو کاتەدا دەخوێنرێت کە دوودارەکە دەخرێتە ناو گۆڕەکەوە، دەڵێت: «با فریشتەکان پێشڕەویت بکەن بۆ ناو بەهەشت». **~گ.س.**

[237] **بازنەکەی ئۆکانەڵ**: نزیک ناوەڕاستی گۆڕستانەکەیە، سەکۆیەکی بازنەییە و بە چاڵاییەکی قووڵ دەورە دراوە. کاتی خۆی ئۆکانەڵ لە ناوەڕاستی بازنەکەدا نێژرابوو، بەڵام ساڵی ١٨٦٩ پاشماوەی لاشەکەی دەرهێنرا و خرایە ناو ژێرخانی مۆنومێنتی ئۆکانەڵەوە، مۆنومێنتەکە قەڵایەکی لوولەکییە و ١٦٠ پێ بەرزە و وێنەی لەبەرگیراوەی قەڵایەکی بازنەیی ئایرییە. وا دیارە میستەر دێدالۆس ئاماژە بە ئەم مۆنومێنتە دەدات، چونکە «قووچەکە بڵندەکە» سەری قەڵا بازنەییەکەیە. **~گ.س.**

[238] **بەڵام دڵی لە ڕۆما نێژراوە:** ئۆکانەڵ ساڵی ١٨٤٧ لە جەنەوا لە ئیتالیا مرد، لەو کاتەدا مرد کە لە زیارەتێکی ڕۆما دەگەڕایەوە. دڵی برا بۆ ڕۆما و لە کڵێسای سانت ئاگاثا (کۆلێجە ئایرییەکە)دا نێژرا. لەشی هێنرایەوە بۆ ئایرلاند و لە بازنەکەی ئۆکانەڵ نێژرا. **~گ.س.**

**دان ئۆ:** واتە دانیەڵ ئۆکانەڵ (بڕوانە ٢: ٧٥). **~ن.م.**

[239] **گۆڕەکەی ئەوەتا ئا لەوێدا:** گۆڕەکەی خاتوو دێدالۆس، واتە ماری گولدینگ دێدالۆس، ژنی سایمن دێدالۆس و دایکی ستیفن، لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٠٣دا نێژراوە. **~گ.س.**

گیفرد بە گوێرەی ئەڵقەی حەڤدەیەمی *ئولیس* ئەو ڕۆژەی دەستنیشان کردووە، چونکە لە ئەڵقەی حەڤدەدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە دایکی ستیفن لەو ڕێکەوتەدا مردووە کە گیفرد ئاماژەی پێی دا، بەڵام (بڕوانە ١: ٤١) دایکی جەیمز جۆیس، کە نموونەی کەسێتیی خاتوو دێدالۆسی *ئولیس*ە، لە ١٣ی ئابی ١٩٠٣دا کۆچی دوایی کردووە. واتە یەکنەگرتنەوەی کەسێتییە خەیاڵکردەکە و ڕاستییەکە هەیە. **~ن.م.**

[240] **جێیەکی تۆقێنەرە:** ئۆدیسێفس و هاوەڵەکانی نزیکی هادیس دەبنەوە و «ترسێکی تاڵ و بەژان»یان لێ نیشتبوو. (ئۆدیسە ١١: ٥). **~گ.س.**

[241] **ڕازگەڕ:** بە ئینگلیییەکەی جۆیس *secretsearching*، واتە ئەوەی لە دووی ڕاز و نهێنی دەگەڕێت. **~ن.م.**

[242] **لە هەمان بەلەمداین:** واتە بلووم و کێرنەن تەنها دوو کەسن لە پرسەکەدا کە کاسۆلیک نین. **~گ.س.**

[243] **خزمەتەکەی کڵێسای ئایرلاندی:** کڵێسای ئایرلاند (ساڵی ١٨٦٩ هەڵوەشێنرایەوە) هاوشێوەی کڵێسای ئینگلتەرا بوو. خزمەتی کڵێساکەش، بێگومان بە ئینگلی بوو، نەک لاتینی. **~گ.س.**

[244] **منم زیندووبوونەوە و ژیان:** عیسا کەمێک سەرزەنشتی مەرسای خوشکی لەعازر دەکات، چونکە مەرسا گومان دەکات کە لەعازری برای پێش «زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی» جارێکی تر «هەڵدەستێتەوە». عیسا پێی دەڵێت: «منم زیندووبوونەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە. هەروەها هەرکەسێک کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت، هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟» (یۆحەنا ١١: ٢٤-٢٦). تەوسەکە لەسەر تۆم کێرنەنە، چونکە ئەم وتانە، کە لە خزمەتی ناشتنی ئینگلیی کڵێسای ئایریدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، لە خزمەتی ناشتنی لاتینیی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمیشدا ڕۆڵێکی هاوشێوە و گرنگ دەگێڕن کە کێرنەن دەیبینێت. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[17]کاتێک عیسا گەیشت، زانی لەعازر وا چوار ڕۆژە لە گۆڕدایە. [18]بێتعەنیاش نزیکەی پازدە تیرهاوێژ لە ئۆرشەلیمەوە دوور بوو. [19]ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەکان هاتبوونە لای مەرسا و مریەم تاکو سەرەخۆشی براکەیان لێ بکەن. [20]کاتێک مەرسا بیستی عیسا هاتووە، بەرەوپیری چوو، بەڵام مریەم لە ماڵ مایەوە. [21]ئینجا مەرسا بە عیسای گوت: «گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد. [22]ئێستاش دەزانم هەرچی لە خودا داوا بکەیت، خودا دەتداتێ.» [23]عیسا پێی فەرموو: «براکەت زیندوو دەبێتەوە.» [24]مەرساش پێی گوت: «دەزانم لە زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی هەڵدەستێتەوە.» [25]عیسا پێی فەرموو: «منم زیندووبوونەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە. [26]هەروەها هەرکەسێک کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت، هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟» [27]پێی گوت: «بەڵێ گەورەم. باوەڕم هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای، ئەوەی بۆ جیهان دێت.» (یۆحەنا ١١: ١٧-٢٧)

245 **شەش پێ بە دوو پێ**: سەرەتا جۆیس نووسیویەتی: «ڕەنگە بۆ دڵی تۆ وا بێت، بەڵام بەو پیاوە چی کە لە دوودارەیەکی شەش پێ بە دوو پێدا بێت و پەنجەکانی قاچی لە گوڵنیشاندا بن؟» دواتر «پیاوە»کەی کردووە بە «کەس» و «دوودارە»کەشی لابردووە و تەنها پێوانەی دوودارەکەی هێشتووەتەوە؛ شەش پێ دەکاتە ١٨٢ سانتیمەتر، دوو پێ دەکاتە ٦٠ سانتیمەتر. بۆ بینینی ئەم گۆڕانکارییە بڕوانە لاپەڕە ٢١٤ی چاپی شیکارییە سێ بەرگییەکەی گابڵەر. بۆ *گوڵنیشان* (بڕوانە کۆتایی ١: ١٣٢). **~ن.م.**

246 **ئەو بیرۆکەی ڕۆژی دواییە**: واتە زیندووبوونەوە و دادگایی کۆتایی لە «ڕۆژی دوایی»دا کە گوایە لەشی مردووەکان هەڵدەستێنرێنەوە. یەکێک لە دەقە گرنگەکانی *کتێبی پیرۆز* سەبارەت بەم «بیرۆکە»یە (یۆحەنا ٦: ٤٠)ە. عیسا دەڵێت: «خواستی باوکم ئەمەیە: هەرکەسێک تەماشای کوڕەکە بکات و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێت، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە». **~گ.س.**

247 **لەعازر وەرە دەرەوە**: عیسا لەسەر گۆڕی لەعازر نزا دەکات و سوپاسی خودا دەکات، «کە ئەمەی گوت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: "لەعازر وەرە دەرەوە!"» (یۆحەنا ١١: ٤٣). **~گ.س.**

[248] **ئەویش... لە دەست چوو:** ئەمە وشەگۆڕکێیەکی باوە لەسەر دەربڕینی «سەربکەوە» یان «وەرە دەرەوە»ی ناو *کتێبی پیرۆز*، ئەویش بۆ واتا باوترەکەی وشەکە: «یەزدان بە موسای فەرموو: "سەربکەوە بۆ لام بۆ کێوەکە"» بەڵام موسا لە توێکڵەمۆزێک هەڵخلیسکا و پێنجەم بوو. **~گ.س.**

لە وەرگێڕاندا ئەم وشەگۆڕکێیە ون دەبێت، بۆیە پێم وا نییە خوێنەری کورد لە ڕاڤەکەی گیفرد تێبگات. لە ئینگلیبیەکەدا دەڵێت: *کەم فۆرث come forth*، چ لە دەقەکەی *یۆحەنا*دا، کە لە ڕاڤەی پێشوودا دەڵێت: «لەعازر وەرە دەرەوە» و چ لەو نیوە دێڕەدا کە گیفرد لەم ڕاڤەیەدا هێناویەتی، کە (دەرچوون ٢٤: ١٢)ە، لە هەردوو دەقە ئینگلیبیەکەی *کتێبی پیرۆز*دا دەڵێت: *کەم فۆرث come forth*، بە واتای *سەربکەوە* یان لەوەی *یۆحەنا*دا بە واتای *وەرە دەرەوە*، *فۆرث forth* واتە *پێشەوە*، *نزیک* یان کە لەگەڵ *کەم come*دا دێت، واتە: *وەرە بەردەمم*، *وەرە پێشم*، *سەربکەوە*، *وەرە دەرەوە*، وشەی *فۆرث* بە هەمان خوێندنەوە، بەڵام ڕێنووسەکەی یەک پیت زیاترە و ***fourth***ە، واتە *چوارەم*، وشەگۆڕکێکە لێرەدایە کە دەقەکە بە ئەو واتایە لێکدەدرێتەوە، ئەو کاتە فەرمانەکەی خودا دەبێت بە: «یەزدان بە موسای فەرموو: "بە چوارەم وەرە لام بۆ کێوەکە"»، وەک بڵێیت خودا فەرمان دەدات موسا لە پێشبڕکێیەکدا بەشداری بکات و چوارەم بێت، بەڵام موسا بە پێنجەم گەیشت، ئاوهاش نەیتوانی گوێڕایەڵی فەرمایشتەکەی خودا ببێت. ئەوەی بلوومیش بیری لێ دەکاتەوە هەمان شتە. **~ن.م.**

[249] **هەموو کەسێک... ڕاوەمشک:** بڕوانە باسی *تیتیۆس* لە پەرەگرافی سێیەمی یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیەدا، لە باسی هێڵکارییەکەی لیناتیدا. گاڵتەکە لەسەر ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان وەهایە کە گوایە کاتێک مردووەکان لە ڕۆژی دواییدا هەڵدەستنەوە، لە ڕووی جەستەییەوە بە تەواوی دروست دەکرێنەوە، بەو شێوەیەی لەم ژیانەدا وەها بوون. **~گ.س.**

بە گوێرەی پەیڕەوی کاسۆلیک مرۆڤ لە «ڕۆژی دوایی»دا لە لەشی ژیانی دونیایدا «زیندوو دەکرێتەوە». **~ن.م.**

[250] **خوردەکێشێک... کێشانەی تروا:** سیستمی ئینگلیی پێوانەی کێشانە بە ناوی ناوچەی *تروا*وە ناو نراوە کە لە فەرەنسایە. کێشانە بنچینەییەکە لەسەر پێوانی کێشی دانەوێڵە دانرابوو؛ ئاوها بچووکترین یەکەی پێوانە «گرام»ێک بووە، واتە دەنکێک. ئێستا پێوانەی تروا بۆ کێشانی بەرد و کانزای بەنرخ بە کار دەهێنرێت. بیست و چوار (نەک دوازدە) گرام {دەنک} دەکاتە یەک پێنیوەیت {بە کوردی: خوردەکێش، واتە قورسایی خوردەیەک،

فلسێک}؛ بیست خوردەکێش ئەونسێکە {نەختێک}. دوازدە ئەونس یەک پاوندە {پاوند بە کوردی دەکاتە مشتێک، واتە دەستێکی نووقاو}. **~گ.س.**

[251] **لەگەڵ تورەلووم تورەلوومەکەت**: (بڕوانە ٥: ١٩). **~گ.س.**

[252] **پازدە... لەمەوبەر**: ئایاری ١٨٨٧، حەڤدە ساڵ لەووبەر. **~گ.س.**

[253] **لای مات دیلن لە ڕاوندتاون**: ڕاوندتاون {بە واتای کوردی: *خرِدێ/ دێی خرِ*} ناوچەیەکە بە ناوی بازنەیەک ماڵەوە ناو نراوە کە لە تێرنیور بوو، دێیەکی قەشەنشینی ڕاثفارنهام بوو لەسەر بەری باشووری دەبلن. بۆ *قەشەنشین* (بڕوانە ١: ٩٦). **~گ.س.**

ماثیو (مات) دیلن هاوڕێیەکی دێرینی خێزانی ماڵی جۆیس بووە. ساڵی ١٨٨٢-١٨٨٤، کە ئەو کاتە ماڵی جۆیس لە ناونیشانی ٤١ی مەیدانی بڕایتن لە ڕاثگار ژیاون، لەگەڵ ماڵی مات دیلندا دراوسێ بوون. ماثیو دیلن ساڵی ١٨٢١ لە دایک بووە. لە کۆتایی ١٨٥٠کاندا کچێکی خواستووە بە ناوی *سارا* (پێش شوو: *بۆمۆنت*). ئاڕثەر ماثیوی کوڕیان ساڵی ١٨٦١ لە دایک بووە و بیاتریس (ئاتی)ی کچیشیان ساڵی ١٨٦٢ لە دایک بووە. خێزانی ماڵی دیلن لە ١٣ی شەقامی بێلڤێدێرێ لە ڕاثماینس ژیاون. لە ١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٦٥ کوڕێکی تریشیان بووە کە ناویان ناوە *ویلیەم*، بەڵام ساڵی داهاتوو مردووە. لە ١٦ی نیسانی ١٨٦٦ تێبینییەک لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا بڵاو کراوەتەوە کە دەڵێت: خانووێک لە بڕایتن هاوس، لە بارۆننشینی ڕاثداون بۆ فرۆشتن. خانووێکی گەورەیە، دوو ڕووی هەیە، بە خشتی سوور دروست کراوە، لەوبەر کڵێسای میتۆدیستەکانی ڕاثگارەوەیە. مات دیلن ئەم خانووەی کڕیوە و لەگەڵ خێزانەکەیدا گواستوویانەتەوە بۆ ئەوێ. خێزانەکەی پێکهاتبوون لە سارای ژنی و ئاڕثەر ماثیوی کوڕی و دەستە کچەکانی، کە ئەوانیش: تینی، ئاتی، فلۆوی، مەیمی، لوویی، هێتی، سارا و نانی بوون. هەر لە ١٨٦٦-١٨٩٤، واتە ٢٨ ساڵ لەو خانووەدا ژیاون و ئاهەنگ و بۆنەی خۆشیان بۆ خزمان و هاوڕێ و هاوڕێ وارگێڕەکانیان ڕێکخستووە و باخچە فراوانە ڕازاوەکەشیان بۆ یاریی بۆوڵ چێ کردووە. دیلن نوێنەری زۆر نووسینگە بووە، خۆیشی هەر لە ١٨٧٠وە تا ١٨٨٩ نووسینگەیەکی هەبووە بە ناونیشانی ١٠ی شەقامی سانت ئەندراوس لە دەبلن. پاشان ماوەیەک لە ماڵەوە کاری کردووە، پاشان گواستوویانەتەوە بۆ خانووی ژمارە ٦١ی شەقامی ویلیەمی باشوور. لەگەڵ کۆمەڵەی بازرگانە گەڕۆکەکانی دەبلندا پەیوەندیی هەبووە و پارەیشی بۆ زۆر کار و دەزگای خێرخوازی کۆ کردووەتەوە، بۆ نموونە بۆ دەزگای کەڕ و لاڵە کاسۆلیکەکان. هەردوو ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* و *ئایرش تایمز* لە ١٧ی ئابی

١٨٧٠دا ئاماژەیان بەوە داوە کە خاتوو دیلن لە بڕایتن هاوس لە ڕاتگار کوتاڵی کەتانی پێشکەشی سەربازە بریندارەکانی سوپای فەڕەنسا کردووە. خاتوو دیلن لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٨٧٤ لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. ساڵانی ١٨٨٧-١٨٩١، ئەو کاتەی ماڵی جۆیس لە ١ی کۆستەی مارتێللۆ لە ناوچەی برەی لە کاونتیی ویکلۆ ژیاون، چوونەتە ئاهەنگێکی ماڵی دیلن لە ڕاوندتاون (کە ئێستا بەو گەڕەکە دەڵێن تێرنیور). ئەمە ئەو ماڵەیە کە ئاهەنگە خەیاڵکردەکەی *ئولیس* لە ئایاری ساڵی ١٨٨٧دا لەوێ ڕووی داوە و بۆ یەکەم جار مۆڵی لەوێ بلوومی ناسیوە. بڕایەن کووپەر تویدیی باوکی مۆڵی هاوڕێی مات دیلن بووە. ئێستا نیشانەیەک بە خانووەکەی مات دیلنەوە هەڵواسراوە کە دەڵێت: «"مات دیلن" *ئولیس*ی جەیمز جۆیس لێرە ژیاوە». دیلن ساڵانی کۆتایی تەمەنی لەگەڵ بیاتریس (ئاتی)ی کچیدا بە سەر بردووە کە ئەو کرێخانەیەکی هەبووە بە ناونیشانی ٢٢ی شەقامی سانت لۆرێنس لە کلۆنتارف. ساڵی ١٨٩٩ کۆچی دوایی کردووە و لەگەڵ سارای ژنی و ئارثەری کوڕی، کە ساڵی ١٩١٢ مردووە و دووان لە کچەکانی، ئەوانیش: بیاتریس، کە ساڵی ١٩١٦ مردووە و فلۆرێنس (فلۆوی)، کە ساڵی ١٩١٩ مردووە، پێکەوە لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراون. **~ڤ.ێ.**

[254] **ویزدەم هێڵی**: پەڕاوگە و چاپخانەیەک بووە بە ناونیشانی ٢٧-٣٠ی شەقامی دەیم لە دەبلن. شوێنی کارەکانی ژیانی بلووم زۆر ڕوون نییە، بەڵام لە ئەڵقەی هەشتەمدا بلووم ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو ساڵەی هاوسەرگیرییان کرد (١٨٨٨) کارێکی لە ویزدەم هێڵی دەست کەوتووە و بە نزیکی شەش ساڵ تیایدا ماوەتەوە. **~گ.س.**

[255] **بیژی**: {ئەو وشەیەی بە «بیژی» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی ئینگلیی *کوون*ە، *coon*} لە ئیدیۆمی ئینگلیدا بە واتای *کەسێکی فێڵبازی زۆرزان* دێت، بەڵام لە زمانی بازاڕیی ئەمەریکاییدا واتایەکی سووک و بێڕێزیکردنی هەیە بۆ کەسێکی ڕەشپێست. **~گ.س.**

واتە وشەکەی دەقە ماکەکە سێ واتا دەدات: [زۆڵ، قولەڕەش، فێڵباز] بەڵام وشە کوردییەکە تەنها دووان لەو واتایانە دەدات. **~ن.م.**

[256] **ئاینوئۆینی زۆری هەبوو**: لە دەقە ماکەکەدا زۆر ڕوون نییە کە خاتوو مۆڵی بە دیاریکراوی چیی هەبووە، وشەی *game*ی بە کار هێناوە کە بە واتای *یاری/بەزم* دێت و بە واتای *نێچیر*یش دێت، واتە مۆڵی کاتی خۆی نێچیری زۆری هەبووە کە ڕاوی کردوون؛ یان بەزمی زۆری هەبووە. لە ڕاستیدا لە کوردیشدا وەهایە، کاتێک ناتەوێت ڕاستەوخۆ

کەسێک تاوانبار بکەیت، بەڵام دەشتەوێت کەسی بەرانبەر لە وتەکانتەوە گومانی ئەوە بکات کە باسی چی دەکەیت، ئاوها وشەی ناڕوون و فرەواتا بە کار دەهێنیت، من خۆم *ئاینوئۆین*م زۆر بیستووە بۆ کەسێک کە سەربەدەرەوە بووبێت. لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی: «واتە کاتی خۆی مەکربازیی لەگەڵ پیاواندا زۆر بووە (ئەگەرچی ئەمە لەوانەیە ڕاست بێت، بەڵام ڕەنگە لێرەدا جۆرە زیادەڕەوییەکی تێدا بێت)» **~ن.م.**

[257] **جۆن ئۆکانەڵ**: چاودێر و کاربەڕێکەری گۆڕستانی پرۆسپێکت لە گلاسنێڤن. **~گ.س.**
جۆن ئۆکانەڵ ساڵی ١٨٤٥ لە شارۆچکەی بانەهێر لە کاونتیی ئۆفەلی لە دایک بووە (بڕوانە ١: ١٤٥)، خێزانەکەی ئاشەوان بوون و دواتر چوون بۆ دەبلن. جۆن ئۆکانەڵ لە دەبلن چووەتە قوتابخانەی برایانی مەسیحیی شەقامی ڕیچمندی باکوور، پاشان چووەتە ئەکادیمیاکەی قەشە دکتۆر دۆیەل لەسەر لەنگەرگای ئەشەر. ماوەیەکی کورت لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە، بەڵام دواتر لە کۆمیتەی گۆڕستانە کاسۆلیکییەکانی دەبلندا بووە بە تۆمارەوان و هەر زوو پلەکەی بەرز کراوەتەوە و کراوە بە چاودێر و کاربەڕێکەری گۆڕستانی گلاسنێڤن، بە هۆی ئەم کارەیەوە کۆشکی «کلێرڤیل»ی وەرگرتووە، کە خانووێکی گەورە بووە و بەرانبەر دەرگا گەورەکەی گۆڕستانەکە بووە. ئەم خانووە ئەوەندە فراوان بووە کە ڕێی بە ئۆکانەڵ داوە خۆی و ماری ئانی ژنی (پێش شوو: هیکی) ١٤ منداڵیان تیایدا ببێت و تیایدا بژین. دواتر پلەکەی بەرز کراوەتەوە و کراوە بە سکرتێری کۆمیتەی گۆڕستانە کاسۆلیکییەکانی دەبلن و تا خانەنشینییەکەی هەر لەم پلەیەدا ماوەتەوە. ئۆکانەڵ لە کاتی کاریدا کەشخانە جلوبەرگی خۆی پۆشیوە و پێڵاوی بۆیاخکراوی لە پێ کردووە و کەوای داوە بەسەر شانیدا و شەبقەی ئاوریشمی لە سەر کردووە، کە عەرەبانەی پرسە بە لایدا تێپەڕیون شەبقەکەی بۆ ڕێزگرتن هەڵبڕیوە. چیرۆکخوێنێکی بەناوبانگ بووە و ئەو چیرۆکانەی ئەو لە بارەی گۆڕستانەکانەوە گێڕاونیەتیەوە زۆر بەناوبانگ ببوون. هەر لە گۆڕستانی گلاسنێڤن مەڕاسیمی بەخاکسپاردنی پارنێڵ و زۆرێک لە هاووڵاتییەکانی تری بە ڕێوە بردووە کە لە *ئولیس*دا ناویان هاتووە. لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥دا لە ماڵی خۆی بە ناونیشانی ٤ی مەیدانی ڕووتلاند (مەیدانی پارنێڵی ئێستا)، کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[258] **مەتەڵاند**: بە کار، نەک بە ناو، ئەگەرچی لە ئینگلیدا بە کار هەیە، بەڵام بەو چەمکە نییە کە جۆیس بە کاری هێناوە، لێرەدا ئەوە دەگەیەنێت کە کلیلەکە بە بێدەنگی بۆ

مەتەڵ بە پشتی کەنینگهەمدا دەپیتکێنێت وەکو مەتەڵێک، تا کەنینگهەم هەڵیبهێنێت کێ بوو. **~ن.م.**

259 **مەلکاهیی کوومب**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، ئاماژە و گرنگیی تێرێنس مەڵکاهی نەزانراوە. بۆ کوومب (بڕوانە ٥: ١٢٤). **~گ.س.**

260 **کلیل: وەک ڕیکلامەکەی کیز**: ئەلێکساندەر کیز، یەکێکە لە کڕیارەکانی بلووم (بڕوانە ٧: ١٧). **~گ.س.**

لە ئەڵقەی حەوتەمدا ئەلێکساندەر کیز دەناسین، بلووم دەیەوێت ڕیکلامێکی بۆ بڵاو بکاتەوە و لۆگۆیەکی لەسەر شێوەی کلیل بۆ دروست بکات. پەیوەندیی نێوان کلیل و ئەلێکساندەر کیز تەنها لێکچوونی ناوە، بە ئینگلی بە کۆی کلیل دەوترێت: کیز *Keys*، ناسناوی خێزانەکەی ئەلێکساندەریش هەمان خوێندنەوەیە، بەڵام پیتێکی زیاترە کیز *Keyes*، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا ئەمە ڕەچاو ناکرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای دەنگ هەردووکیان یەکدەخرێن. لە ئەڵقەی حەوتەمدا بە کیز و ماڵەکەی زیاتر ئاشنا دەبین. **~ن.م.**

261 **هابیاس کۆرپوس**: بە لاتینی *Habeas corpus* واتە: «دەبێت بە لەش ئامادە بێت»، لە *فەرهەنگی کۆلینز*ەوە: «یاسایەکە کە دەڵێت نابێت کەسێک بخرێتە بەندیخانەوە تا یەکەم جار نەهێنرێتە دادگا و بەردەم دادوەر بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت ئایا ئەو کەسە شایستەی ئەوەیە بچێتە بەندیخانەوە یان نا». **~ن.م.**

262 **ئەرێ بۆلسبریدجم... دەنووسی**: **بۆلسبریدج**: ناوچەیەکە لەسەر بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن (بۆئەوەی ناونیشانی مەرسا کلیفرد بشارێتەوە کە لە بەری باشووری خۆرئاوای دەبلنە). **~گ.س.**

ئەم ڕستەیە، وەک زۆربەی ئەم پەرەگرافە، شەپۆلی هۆشی بلوومە، ئاماژەی *ئەو* لە دەقەکەدا ئەوی مێیە، وا دیارە ئاماژەیە بە مۆڵیی ژنی. لە چاپەکانی پێشوودا زانیاریی زیاترم تێکردبوو و کەمێک ڕستەسازییەکەیم چاک کردبووەوە، بەم شێوەیە وەرمگێڕابوو: «ئەرێ کە نامەم بۆ مەرسا دەنووسی و ئەو هات بە سەردا و بێزاری کردم و نامەکەم شاردەوە، لەسەر زەرفی نامەکە ناونیشانی بۆلسبریدجم نووسی؟» بەڵام لەم پێداچوونەوەیەدا چاکم کردەوە. ئەوەی من لێی تێدەگەم ئەوەیە کە بلووم نامەی بۆ مەرسا نووسیوە، بەڵام لەپڕ مۆڵیی ژنی هاتووە بە سەردا و بێزاری کردووە، بلووم زەرفێکی نامەی تری خستووەتە سەر ئەو نامەیەی بۆ مەرسای نووسیوە، کە لە هەمان کاتدا

نامەکەی ژێرەوەی شاردووەتەوە، لە هەمان کاتیشدا بلووم لەسەر ئەم زەرفی نامەیەی نووسیوە: «بۆلسبریدج»، بۆ ئەوەی ناونیشانی مەرسا بشارێتەوە. ئێستاش لە بیری چووەتەوە و دەیەوێت دڵنیا ببێتەوە.~**ن.م.**

263 **تاڵی زیوینی ناو بۆرەکان**: لە گۆرانیی *تاڵی زیوینی ناو زێڕینەکان*ەوە هێنراوە کە ساڵی ١٨٧٤ دانراوە، هۆنراوەکەی هی ئێبن ئی ڕێکسفردە، موزیکەکەی هارت پیز دانکس (١٨٣٤-١٩٠٣) دایناوە. دەقەکە دەڵێت:

گیانەکەم، من وا پیر دەبم،
تاڵی زیوین لەگەڵ تاڵی ڕەنگزێڕینی
برۆکەمدا ورشەیان دێ،
ژیان خێرا تێپەڕ دەبێ.
بەڵام گیانە، تۆ هەمیشە
لە چاواما گەنج و جوانی،
هەر وا بوویت و هەر واش دەبی،
لای من هەردەم گەنج و جوانی. ~**گ.س.**

264 **سێبەری... باوێشک دەدەن**: هاملێت لە دوای شانۆی *تەڵەی مشک* و پێش ئەوەی سەردانی دایکی بکات خۆی دەدوێنێت و دەڵێت:

ئێستا جەرگەی کاتی جادووبازیی شەوە،
کاتێک گۆڕستانەکان باوێشک دەدەن،
دۆزەخیش هەناسەی درم بەم دونیایەدا دەداتەوە.

(هاملێت ٣: ٢، ٣٦٠-٣٦٣ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). ~**گ.س.**

265 **دانیەڵ ئۆکانەڵ**: (بڕوانە ٢: ٧٥). ~**گ.س.**

266 **پیاوێکی سەیری فرەوەچاخ بوو**: تیلنیشانە بەو دەنگۆیە، کە هێشتا لە دەبلندا باوە، ئەویش گوایە دانیەڵ ئۆکانەڵ ژمارەیەکی زۆر منداڵی نایاسایی هەبوو و ئاوهاش هەر بە ڕاستی، هەر وەک چۆن بە مەجازیش دەوترێت: «باوکی وڵاتەکەیەتی». ~**گ.س.**

267 **وەک زەبەلاحێکی... تاریکیدا**: دانیەڵ ئۆکانەڵ لە ڕۆڵی «سەهویر»ی ئیراکلیسی زەبەلاحدایە، بڕوانە یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیە. ~**گ.س.**

268 **گێژەکڵپە**: بە ئینگلی *Will o' the wisp*، یان *ignis fatuus*، ڕووناکییەکە، یان کڵپەیەکە کە هەندێک جار لە زەویی زەلکاوییەوە بە شەو دەردەچێت و دەوترێت گوایە هی

سووتانی مادەی ئۆرگانیی شیبووەوەیە؛ لە هیچ فەرهەنگێکدا ناوم بۆ ئەمە نەدۆزییەوە، خۆم ناوەکەم لێکداوە. **~ن.م.**

[269] **دەیەوێت... دووگیان ببێت:** ئاماژەی *ئەو* بۆ مێیە، واتە دیارە ژنەکەیە، یان مێردەکەیە و دەیەوێت ژنەکەی ئەو شتانە لە مێشکیدا لاببات تا بتوانێت دووگیان ببێت. **~ن.م.**

[270] **ئەگەر بە جوانی بوروژێنرێن:** وشە ئینگلیییەکەی لە دەقە ماکەکەدا لە بری *بوروژێنرێن*دا دانراوە وشەی *keyed up*ە کە بە واتای *وروژاندن* دێت، بەڵام لە بنەچەدا لە وشەی *key*یەوە هاتووە بە واتای *کلیل*، بە واتایەکی تر: «ئەگەر تۆی پیاو کلیلەکەیانت پێبێت ئەوا چاک ماچت دەکەن»؛ چەند توێژەرێک باس لە گرنگیی تێمای کلیل دەکەن لە *ئولیس*دا، چونکە هەم ستیفن لە ئەڵقەی یەکەمدا کلیلی لێ دەسەنرێت و بەئاگایە لەوەی ئیتر کلیلی پێ نەماوە، هەم بلوومیش کلیلی پێنییە، ئەگەرچی بلووم بێئاگایانە کلیلیماڵەکەی لە بیر دەچێت. بۆیە بۆ ئاماژەدان بە گرنگیی ڕۆڵی *کلیل* ئەم ڕاڤەیەم نووسی تا توێژەران ئاگادار بن. ئێستا بلووم *کلیل*ی ژنەکەیشی پێنییە، چون دە ساڵ دەبێت لە دوای مەرگی ڕوودیی کوڕیانەوە پەیوەندیی سەرجێییان نەماوە، ئەمە لە ئەڵقەی هەژدەیەمدا دووپات دەبێتەوە. بۆ نموونەی یەکێک لەم توێژینەوانە بڕوانە توێژینەوەی *کلیل لە ئولیسدا*، نووسینی پاتریک وایت، لە *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ٩، ژمارە ١، پایزی ١٩٧١، لاپەڕە ١٠-٢٥. **~ن.م.**

[271] **قەحبەکانی گۆڕستانە تورکییەکان:** گەشتیارەکانی سەدەی نۆزدە باسی فراوانیی گۆڕستانە تورکییەکان و دارستانی سەرووەکانیان کردووە، باسی ئەوەشیان کردووە کە هەندێک ناوچەی گۆڕستانەکان «شوێنی حەوانەوەی باو» بووە و هەندێک شوێنی تر «جێیەکی بێکارەکانی هەردوو نەژادی فەڕەنسی و گریکی و ئەرمەنییەکان» بوون. ئەمە جگە لەوەی «کورسیی چێژی پشوودان بە کێلی تەخت دروست کراوە» (*هەندێک وێنەی تورکیا بە دەستی ئەمەریکاییەک*، نووسینی جەیمز ئێڵسوۆرث [نیو یۆرک، ١٨٣٣] لا. ١٦٠). **~گ.س.**

[272] **خۆشەویستی... ڕۆمیۆ:** تیلنیشانە بە ناونیشانی هۆنراوەی *خۆشەویستیی نێو خاپوورستان*ی ڕۆبێرت براونینگ {ناونیشانە ئینگلیییەکە: *Love among the Ruins*} (١٨٥٥) و دیمەنی کۆتایی شانۆنامەی *ڕۆمیۆ و جولێت*ی شێکسپیر، بۆ ئەوینی مردوویی بەدبەختانەی ڕۆمیۆ و جولێت لە گڵکۆی کاپیولێت (پەردەی پێنجەم، دیمەنی سێیەم). **~گ.س.**

[273] **لە ناوجەرگەی مردندا لە ژیاندایین:** پێچەوانەی «لە ناوجەرگەی ژیاندا مردووین»ە (بڕوانە ٦: ١٢٦). **~گ.س.**

[274] **بۆ مردووە داماوەکان تامیتامیکردنە:** (بڕوانە ٦: ١٧٥). **~گ.س.**

ئەو وشەیەی لێرەدا بە کار هێنراوە، بە ئینگلی *tantalise*ە، دەشێت بە *تانتالکردن* وەربگێڕرێت. ئەمە ئاماژەیەکیشە بە تانتالۆسی فریگیا، لە ئوستوورەی گریکیدایە، گوایە خوداکانی ڕەنجاندبوو. خوداکانیش بەوە سزایان دابوو کە لە هادیسدا خستبوویانە ناو ئاوێکەوە تا ئاستی چەناگەی، لەسەر لقی گەورەی درەختی میوەگرتووی پێگەیشتوو ڕایانوەستاندبوو، بەڵام خۆی هەم تینوو و هەم برسیش بوو. تانتالۆس نە دەیتوانی میوەکە بخوات و نە دەیتوانی ئاوەکە بخواتەوە. هەر کاتێک بیویستایە بە یەکێکیان بگات، لێی دوور دەخرایەوە. بۆیە ناوی *تانتالۆس* لە ئینگلیدا بووەتە هاوناوی تامیتامیپێکردن و سوێکردنەوە. **~ن.م.**

[275] **وی هەشت منداڵی هەیە:** *ئەو*ەکە ئەوی نێرە، وا دیارە مەبەست لە جۆن ئۆکانەڵ بێت، کاربەڕێکەری گۆڕستانەکە، بە گوێرەی ڕاڤەکەی ڤیڤیەن ئیگۆ لەسەری، چواردە منداڵی هەبووە، وا دیارە ساڵی ١٩٠٤ هەشتی هەبووە. **~ن.م.**

[276] **بە پێوە؟:** هەندێک لە سەرهۆز و پاشا کۆنەکانی ئایرلاند لە سەردەمی دێریندا جارجار بە پێوە و ڕووەو وڵاتی دوژمنەکانیان دەنێژران و تەواوی جلی جەنگیشیان لەبەر کراوە. **~گ.س.**

[277] **پێشڕەو گامبڵ:** جۆرج فرانسیس گامبڵ، تۆمارکەر و سکرتێری گۆڕستانی ماونت جێرۆم بووە لە دەبلن. **~گ.س.**

جۆرج فرانسیس گامبڵ ساڵی ١٨٣٧ لە میدڵسێکس لە لەندەن لە دایک بووە، پەیوەندیی کردووە بە سوپای پیادەی دەریایی پاشایی بەریتانییەوە و ١٨ ساڵ لەم سوپایەدا خزمەتی کردووە، زۆرتر لە بنکەکانی سەر دەریای ناوەڕاستدا خزمەتی کردووە. ساڵی ١٨٦٦ لە دەبلن هاوسەرگیریی کردووە. ساڵی ١٨٧٢ خانەنشین بووە. دوای مەرگی چارلز بۆڵتن جۆنستن، کە تۆمارەوان و سکرتێری گۆڕستانی ماونت جێرۆمی پرۆتستانتەکان بووە لە دەبلن، گامبڵ ئەم پلەیەی وەرگرتووە. ماوەیەک لە خانووی ژمارە ٢ی کۆڵانی پەیپەرمیڵ لە ڕاثماینس ژیاوە، پاشان لە خانووی ژمارە ١ی گەڕەکی ماونت جێرۆم لە هارۆڵدس کرۆس ژیاوە. هەروەها خانووێکیشی لە دەرەوەی شار لە ناوچەی سلیڤتۆ لە بریتتاس، لە کاونتیی ویکلۆ (بڕوانە ١: ١٤٥) هەبووە. گامبڵ هەندێک گۆڕانکاریی زۆری لە شێوەی بەڕێوەبردنی

گۆڕستانی ماونت جێرۆمدا کردووە و گۆڕستانەکەشی فراوان کردووە. بە بەردەوامی نووسینی بۆ ڕۆژنامەکان ناردووە و باخەوانێکی پەرۆش بووە. ٤٠ ساڵ سکرتێری گۆڕستانی ماونت جێرۆم بووە. لە ٢٢ی شوباتی ١٩١٢دا لە ماڵی خۆی لە ماونت جێرۆم مردووە و هەر لە گۆڕستانی ماونت جێرۆمیش نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

بە پێی *فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان* وشەی *پێشڕەوم* لە بەرانبەر *مەیجەر* *Major*ی ئینگلیدا وەرگێڕاوە (بڕوانە کۆتایی ٤: ١٨). **~ن.م.**

278 **باخچە ڕووەکییەکان:** (بڕوانە ٥: ٣١). **~گ.س.**

279 **هەمان بیرۆکە... کوشت:** گیفرد لە ڕاڤەکەیدا وشەی *ناکۆککات* بە کار دەهێنێت، بە ئینگلی *Anachronism* واتە ڕووداوێک یان گێڕانەوەیەک کە لەگەڵ کاتەکەی خۆیدا ناکۆک بێت و یەک نەگرێتەوە، بۆ نموونە باسی ئەوە بکەیت لە دەوڵەتی ماددا ئینتەرنێت هەبووە، ئەم دوو باسە ناکۆککاتن. **~ن.م.**

ناکۆککاتە؟ ساڵی ١٩١٣ وڵاتەکانی خۆرئاوا بە ڕووداوێکی دیاریکراوی دژەسامێتیی دەمارگرژانەی ڕووسیا ڕقیان هەڵستا، ئەویش لە دادگاییەکی جووێکدا بوو لە کیێڤ کە ناوی *مێندێل بەیلیس* بوو، بەیلیس بە کوشتنی منداڵێکی مەسیحی تۆمەتبار کرابوو، گوایە بۆ ئەوە منداڵەکەی کوشتووە کە خوێنەکەی لە جەژنی لێپەتبووندا بە کار بهێنرێت. لیژنەی سوێندخۆران بەیلیسیان ئازاد کرد، ئەویش بە هۆی ئەو هەرایەی دادگاکە لە جیهاندا نایەوە. بەڵام ئەو چیرۆکەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە هەر لە سەردەمەکانی سەرەتای مەسیحێتییەوە هەیە: گوایە منداڵەکە «دەکرێت بە قوربانی» تا باخ بە خوێنەکەی بەهێزتر بکرێتەوە. بڕوانە ئەو گۆرانییەی ستیفن لە ئەڵقەی حەڤدەیەمدا دەیبێژێت {*هاری هیوس و هاوڕێکانی*}. **~گ.س.**

280 **لاکی ویلیەم ویڵکنسن:** تۆماری گۆڕستانی پرۆسپێکت تەنها ناوی دوو *دەبلیو دەبلیو* ی تێدایە (واتە ویلیەم ویڵکنسن) ساڵی ١٨٦٥ یەکێکیان لە تەمەنی شازدە ساڵاندا مردووە، ئەوی تر ساڵی ١٨٩٩ لە تەمەنی شەش مانگیدا مردووە. *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، ناوی هیچ «ژمێریار و وردبین»ێکی بەو ناوەوە تێدا نییە. لە ڕۆمانی *ستیفنی پاڵەوان*دا ویڵکنسن ناوێکی تێدایە کە هاوڕێی میستەر دێدالۆسە و لە پرسەکەی خوشکەکەی ستیفندا لەوێیە. **~گ.س.**

281 **شاپەپوولەی مەرگ:** شاپەپوولەی مەرگ، {بە ئینگلی *death's-head moth*، ناوی زانستی *Acherontia atropos* پەپوولەیەکی گەورەیە} نەخشێک بەسەر پشتیەوە هەیە

کە لە ئێسکی کەللەسەری مرۆڤ دەچێت و لە گەندەباوەڕی خەڵکاندا وەک پەیامهێنەری مەرگ ناسراوە. **~گ.س.**

[282] **دەبێت خاک... کەنارانە**: *سووڕۆن* شێوەی گۆکردنەکەی بۆیلەنە کە گۆرانییەکە دەبێژێت (بڕوانە ٤: ١١٠). **~گ.س.**

دێڕی کۆتایی کۆپلە ئینگلیزییەکەی گۆرانیی *کیژانی کەناران* بە گوێرەی ڕاڤەکەی گیفرد بێت دەڵێت: «your head it simply whirls» کە لە *ئولیس*دا وشەی کۆتایی بووە بە « Your head it simply swirls»، بەڵام لە کۆی چوار جاردا کە لە ڕۆمانەکەدا دووبارە بووەتەوە، تەنها یەک جاریان بەم شێوە ڕاستەی هاتووە، ئەویش لە ئەڵقەی سێزدەیەمدایە. دوو جاری تر ئەو دێڕە هاتووەتەوە و وشەی کۆتاییەکەی گۆڕراوە بە «swurls» کە شێوەی گۆکردنەکەی بۆیلەنە و من بە «سووڕۆن» وەرمگێڕاوە. یەک جاری تریان لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، ئەویش لە ئەڵقەی یازدەیەمدا، تەنها دەڵێت: «Your head it simply» واتە وشەی *سووڕان/سووڕۆن*ەکەی تێدا نییە. بە هۆی ئەوەی کە من گۆرانییەکەی *کیژانی کەناران*م بە هۆنراوە وەرگێڕاوە، بۆیە ڕاستەوڕاست وشەکان بەرانبەر ئینگلیزییەکەی ناوەستنەوە، ئەگەر وەرگێڕانی دێڕی کۆتایی کۆپلەکە وشە بەرانبەر وشە بێت، دەبێت بە: «سەرت بە سانایی دەسووڕێت» کە بە هۆی ئەو دوو وشە لێکچووەوەیە بلووم لە ڕستەی پێش ئەوەوە بیری ئەو گۆرانییەی دەکەوێتەوە. **~ن.م.**

[283] **کاتی داخستن**: ئەو کاتەیە کە یاسا چەسپاندوویەتی کە دەبێت باڕ و مەیخانەکان دەرگاکانیان دابخەن. **~گ.س.**

[284] **پەنچ**: بە ئینگلی *punch*، لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە: «خواردنەوەیەکی تێکەڵاوی ئاوی لیمۆ و پرتەقاڵ و میوەی ترە، گەلێک جار لەگەڵ شەراب و خواردنەوەی کهوولیی تردا دەخورێتەوە». **~ن.م.**

[285] **گۆڕهەڵکەنەکانی هاملێت**: لە پەردەی پێنجەم، دیمەنی یەکەمی شانۆنامەی *هاملێت*دا دوو «قەرەقۆز/گۆڕهەڵکەن» گۆڕی ئۆفیلیا هەڵدەکەنن و دیمەنێکی نیمچە-کۆمیدی درێژ پێشکەش دەکەن. **~گ.س.**

[286] **زانیاریی... دەردەخات**: بەهێزیی شێکسپیر وەک ئەوەی لە دیدی هاوسۆزانەی ئەکادیمیستەکانی سەدەی نۆزدەوە بینراوە. **~گ.س.**

[287] **دێ مۆرتویس... پریوس**: لاتینییە، بلووم بە هەڵە دەیڵێت، ڕاستەکە *دی مۆرتویس نیل نیسی بۆنوم* - *De mortuis nil nisi bonum*ە، واتە *لەسەر مردووان تەنها بە چاکە بدوێ*.

ئەو وشەیەی بلووم دەیگۆڕێت *نیسی پریوس* *nisi prius* زاراوەیەکی یاساییە، واتە تۆمەتبارێک بهێنرێتە بەردەم دادگای تۆمار، پێش ئەوەی دادوەر و لیژنەی سوێندخۆران ئامادە بن {بۆ وەرگرتنی گفت لێی و تۆمارکردنی}. **~گ.س.**

[288] **بۆ ناشتنی قەیسەر هاتووین**: دووەم دێڕی مارک ئەنتۆنی (مارکۆس ئەنتۆنیۆس)ە کە لە وتاری ناشتنەکەی یولیوس قەیسەردا (بە تەوسەوە) دەیڵێت، دەڵێت: «بۆ ناشتنی قەیسەر هاتووم، نەک بۆ پەسنکردنی»، (یولیوس قەیسەر ٣: ٢، ٧٩). **~گ.س.**

[289] **ناوەڕاستی... حوزەیرانەکەی**: لە شانۆنامەی *یولیوس قەیسەری* (١: ٢، ١٨) شێکسپیردا، پێشزانێک قەیسەر ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت: «ئاگات لە ناوەڕاستی ئادار بێت» واتە ١٥ی ئادار. دیگنەم لە ناوەڕاستی حوزەیراندا مردووە، لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا. **~گ.س.**

[290] **ماکنتۆش**: بە ئینگلی *macintosh*، پاڵتۆیەکی باراندانەدەرە. هەر کەمێکی تر بە هەڵەیەکی جۆ هاینس کەسەکە بە ناوی پاڵتۆکەوە ناو دەنرێت. شوناسی ماکنتۆش لە وێژەی جیهاندا تا ئێستاش گرێیەکی نەکراوەیە. دەوترێت گوایە جۆیس خۆی لە خەڵکی پرسیوە: «پێت وا بوو کابرای ماکنتۆشەکە کێیە؟» چەندین پێشنیار هەن، دەوترێت گوایە جۆیس خۆی بووە؛ گوایە سەهویری باوکی بلوومە؛ گوایە مێردەکەی خاتوو سینیکۆ بووە...تد. بەڵام تا ئێستا وەڵامی یەکلاکەرەوە نییە. **~ن.م.**

[291] **هەمووومان پێویستمان بە یەکێکە**: ئەم ڕستەیە پەیوەندیی بە ڕستەکەی تەنیشتیەوە هەیە، دەشێت بە: «هەمووومان وا دەکەین»، «هەمووومان دەتوانین»، «هەمووومان واین»یش وەربگێڕرێت. دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا بە :«هەمووومان ئەو پیاوەین/کەسەین» وەریگێڕاوە، ئیتر ئایا ئەوەیانە کە بە تەنیا ژیاوە و پێویستی بە یەکێکە کە خۆڵەکەی بە سەردا بداتەوە، یان ئەوەیان کە خۆڵەکە دەداتەوە بەسەر پیاوە تەنیا مردووەکەدا. وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە بە «هەمووومان لێرەین/لەوێین» وەریانگێڕاوە، واتە هەمووومان لێرەین، یان لەوێین بۆ ئەو پیاوەی مردووە. **~ن.م.**

[292] **تەنها مرۆڤ... مێروولەش**: ئەم قسەیە ببووە مێژووێکی باوی سرووشتی، بەشێکی لەبەر ئەوەی مێروولە ژێرزەوی هوڵۆڵ دەکەن و شاری تێدا دەکەن، بەشێکیشی لەبەر ئەوەی کە زۆرێک، نەک هەموو توخمەکانی مێروولە، وردە خۆڵ و تەنانەت لاشەی مردووش لە شارەکانیان دەردەکەن. **~گ.س.**

[293] **ڕۆبنسن کروزۆ... هەینی ناشتی**: ئاماژەیە بە ڕۆمانی *بەسەرهاتە سەیر و چاوەڕێنەکراوەکانی ڕۆبنسن کروزۆ* {یان تەنها *ڕۆبنسن کروزۆ* – مامۆستا حەمەکەریم

عارف بۆ کوردیی وەرگێڕاوە و ناونیشانەکەی تەنها وەها وەرگێڕاوە} (١٧١٩)، لە نووسینی دانیەڵ دیفۆی (١٦٦٠-١٧٣١)، ڕۆبنسن کروزۆ لە دوورگەیەک تەنیا دەمێنێتەوە و کوڕێکی نەژادنشین یارمەتیی دەدات و خزمەتی دەکات، ڕۆبنسن کروزۆ ناوی دەنێت *هەینی* {بە ئینگلی: *فرایدەی*، مامۆستا حەمەکەریم عارف لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا «جوعمە»شی داناوە، کە بێگومان «جومعە»ی عەرەبییە بە خوێندنەوەی هەڵەییانەی دێهاتیی کوردی}. **~گ.س.**

[294] **مام ڕۆبنسن... بکەیت؟**: لە گۆرانیی *مام ڕۆبنسن کروزۆی پیری بەستەزمان*ەوە هێنراوە، کە وا بزانم هاتۆن ناوێک دایناوە، دەرکردەیەکی ئەمەریکاییی گۆرانییەکە هەیە، دەڵێت:

مام ڕۆبنسن کروزۆ پیرێکی بەستەزمان بوو
دەڵێن لە دوورگەیەکدا بە تەنیا بۆ خۆی ون بوو
لە فەرووی سابرێنێک بەرگێکی بۆ خۆی دزی
هێشتا منیش نازانم چۆن توانیی وەها بکا. **~گ.س.**

[295] **هەموویان بە گەستن... بنێژرێن**: مەبەستی بلووم ئەوەیە کە دوودارە بەفیڕۆدانی تەختەیە: هەر کە دەنێژرێت، ئیتر زیندەوەرانی ژێرزەوی تەختەکە لە ژێر گڵەکەدا کون دەکەن. بۆیە بیر لە ڕێیەکی کردارەکییانەتری ناشتن دەکاتەوە کە بەفیڕۆدانی تێدا نییە: ئەویش ئەوەیە یەک بنکی دوودارە بە کار بهێنرێت تا لاشەی مردووەکە بخزێنێتە ناو چاڵی گۆڕەکەوە، پاشان لە ناشتنێکی تردا دەتوانیت سەرلەنوێ ئەو بنکە بە کار بهێنیتەوە. بەڵام دواتر وا وێنا دەکات کە ڕەنگە هەندێک کەس ئەم «دووبارە بەکارهێنانەوەیە» بە کێشە بزانن، چونکە ئەو کات لە ناو بنکێکدا ڕادەکشێنرێیت کە پێشتر بە کار هاتووە. **~س.ت.م.١**

[296] **تۆزێک لە گڵی خاکی پیرۆز**: تیلنیشانێکە بە نەریتی ناشتنی جوو. لە ناو خەڵکدا باوەڕ وا بووە کە خۆڵی فەڵەستین پیرۆزێتییەکی تایبەتی هەیە؛ بۆیە جووەکان حەزیان کردووە لە فەڵەستین بنێژرێن، ئەگەر ئەوەش ڕێی تێ نەچووبێت، ئەوا مشتێک خۆڵی فەڵەستینیان خستووەتە ناو دوودارەکانیانەوە، بۆ ژێر سەریان. **~گ.س.**

[297] **مردەزاو**: بە ئینگلی *stillborn*، ساوایەکە بە مردوویی لە دایک بووبێت. جۆیس وشەی *stillborn*ی بە کار نەهێناوە کە لە فەرهەنگی ئینگلیدا هەیە، بەڵکو وشەی *deadborn*ی بە کار هێناوە، بە دوای وشەیەکی کوردیدا گەڕام، کە هەستێکم هەیە وشەیەکمان هەبێت بۆ ئەو ساوایەی بە مردوویی لە دایک بووبێت، بەڵام هیچ وشەیەکم نەدۆزییەوە دڵنیا بم

لێی، وشەی *بەراویتە*م دەست کەوت کە وا دیارە لە *بەر-هاویشتە*وە هاتبێت، بەڵام ئەو وشەیە ئاماژەیە بە دایکەکە. بۆیە ئەم وشەیەم دارِشتووە. **~ن.م.**

[298] **تەنها دایک... نێژراون:** بلووم ڕاست دەکات، نەریتی ناشتنی جووانە ڕێ بەوە دەدات کە ئەگەر دایکێک لە کاتی منداڵبووندا مرد و ئەگەر منداڵەکە بە مردوویی لە دایک ببوو، ئەوا لەگەڵ دایکەکەدا منداڵەکەیشی لە ناو هەمان دوودارەدا بنێژرێت. بەڵام نەریتی ناشتنی جوو زۆر لەوە ئاڵۆزترە و ئەوەندە توندڕەو نییە وەک ئەوەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە. بۆیە دەکرێت منداڵێکی بچووک لە ناو هەمان گۆڕی دایک و باوکیدا بنێژرێت، بەو مەرجەی منداڵەکە لە هەمان پێخەفی دایک و باوکیدا نووستبێت و هەموویان پێکەوە لە هەمان کاتدا مردبن، ئەوا پێکیشەوە دەنێژرێن. **~گ.س.**

[299] **ماڵی پیاوی ئایر دووداره‌کەیەتی:** لەسەر ئەو پەندە دانراوە کە: ماڵی ئینگل (ئایر) قەڵاکەیەتی. **~گ.س.**

ئەو پەندە لە ئینگلیدا بەو واتایە دێت کە پیاوی ئینگل (یان ئایر) گەورەی ماڵی خۆیەتی؛ هاوشێوەی ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێت: «هەموو کەس لە ماڵی (یان پێستی) خۆیدا خۆی بە پیاو دەزانێت». لێرەدا گۆڕراوە بە «گۆڕی خۆی» بەو شێوەیەش ئەگەر پەندەکە کوردی بووایە دەبوو بە: «هەموو کەس لە گۆڕی خۆیدا خۆی بە پیاو دەزانێت». **~ن.م.**

[300] **من سێزدەم... ژمارەی مەرگ:** ژمارە سێزدە لە جیهانی پێش مەسیح و مەسیحیشدا هەر بە ژمارەیەکی شووم بیناوە. یەکێک لە نەریتە مەسیحییەکان پێیان وایە کە بەختە خراپەکەی ژمارە سێزدە لە سێزدەیەمی سەر مێزەکەوە هات، کە لەسەر مێزی دواهەمین شێوی مەسیحدا دانیشتبوو (بەو پێوەرەی کە یەهوزای ئەسخەریوتی سێزدەیەمین میوانی عیسا بووە). **~گ.س.**

[301] **مەسایاس:** لە جیهانی وێژەی خەیاڵکردا (فیکشن) بەرگدورەکەی بلووم بووە، لە ڕاستیشدا پیاوێک بووە بە ناوی *جۆرج ئارِ مەسایاس*، بەرگدور، بە ناونیشانی ٥ی لەنگەرگای ئەدەن (لە بەری باکووری ڕووباری لیفی، هەر کەمێک پێش دەمی ڕووبارەکە). **~گ.س.**

[302] **کوڕە هۆ... ڕەنگ کردبێت:** واتە «تەنکەڕەنگە مۆر»ەکە لە ناو خورییەکەدا نەبووە، کە جلەکەی لێ دورراوە، بەڵکو دوای ئەوەی قاتەکە دورراوە ئینجا خومەکەی لێ دراوە. ئەو کات تاڵەکان بە خومەکە دەبریسکێنەوە، چونکە خورییەکە دەیمژێت و بڵاوی دەکاتەوە. **~گ.س.**

له پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی :«پێم وایە ئەم ڕستەیە واتە یەکێکی تر (ژنێک) ڕەنگی جلەکانی بۆی هەڵبژاردووە، خۆیشی دواتر خومی مۆری کردووە». واتە دەکرێت بەم واتایەش وەربگێڕرێت: «دەبێت خانمی خاوەنماڵەکەی ئەو تەقەڵانەی بۆ هەڵبژاردبێت». **~ن.م.**

[303] **لە دوورەوە... باران:** ڕۆمییە دێرینەکان کەریان وەک ئاژەڵێکی بەدوم (شووم) داناوە. بلووم ئەو باوەڕە بەو گەندەباوەڕە ئایرییەوە دەبەستێتەوە کە دەڵێت گوایە ئەگەر کەر لە ناوەڕاستی ڕۆژدا بزەڕێت، ئەوا باران دەبارێت. **~گ.س.**

[304] **هەرگیز تۆپیوێک نابینیت:** {واتە هەرگیز کەری تۆپیو نابینیت} ئەمە لە قسەیەکی باوی ئایرییەوە هێنراوە، دەڵێت: «سێ شت هەن هەرگیز نایانبینیت: ئەژنۆی لادێیی، کەری تۆپیو، پرسەی قەرەج». (بڕوانە پەڕتووکی *ئینگلی*، لە نووسینی پاتریک وێستن جۆیس، لاپەڕە ١١١). **~گ.س.**

[305] **ڕووناکییان دەوێت:** بیری دواهەمین قسەی هۆنەر و شانۆنووسی ئەڵمانی یۆهان ڤۆلفگانگ ڤۆن گۆتە (١٧٤٩-١٨٣٢)مان دەخاتەوە کە وتوویەتی: «ڕووناکی! ڕووناکیی زیاتر!» هەروەها دواهەمین قسەکانی ئەنتیکلیاشمان بە بیر دەهێنێتەوە کە لە هادیسدا بە ئۆدیسێفسی کوڕی دەڵێت: «تا زووە بەرەو ڕووناکیی خۆر بڕۆ». **~گ.س.**

[306] **لووتی... زەرد هەڵگەڕاون:** لە گەندەباوەڕی خەڵکاندا سێ نیشانەی مردنن کە لەسەر نەخۆشەکە دەردەکەون. **~گ.س.**

[307] **سەرینەکە... بۆ بڕاوەتەوە:** لە ڕۆمانی *زەوی*ی (١٨٨٧) ئەمیل زۆلا (١٨٤٠-١٩٠٢)دا باوکە لادێییە پیرەکە لە باوەشی کوڕ و بووکەکەیدا بەو شێوەیە دەمرێت، ئەوانیش ئارەزووی موڵکەکەی ئەو دەکەن. **~گ.س.**

[308] **شەیتان... باوەشی پێدا بکات:** سەرچاوەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

کراسەکەی بەری هی مردووەکەیە، نەک خانمەکە، واتە مردووەکە بە کراسەکەی بەری خۆیەوە باوەش بە خانمەکەدا بکات. لە دکتۆر هەنتم پرسی: «ئایا مەبەست لەمە ئەوەیە کە شەیتان، ڕێک پێش ئەوەی بمری، وێنەی ژنێکت پیشان دەدات، بۆ ئەوەی حەزی لێ بکەیت و لە خشتەت ببات؟» وتی: «بەڵێ، ڕەنگە بۆ ئەوە بێت کە بیری گوناهکاری لە مێشکی کەسی مردووەکەدا بورووژێنێت و تاوانی پێ بکات تا دوای مردن بچێتە دۆزەخەوە. زۆر نەچوومەتە بنجوبناوانی ئەمەوە، بەڵام لەوە دەچێت هەندێک وێنەی کاسۆلیکی هەبن کە بتوانین بیدۆزینەوە». **~ن.م.**

[309] **دواهەمین... ناتبینمەوە:** *لوچیا دی لامێرموور* (١٨٣٥) ئۆپێرایەکی موزیکدانەری ئیتالی گەیتانۆ دۆنیزێتتی (١٧٩٧-١٨٤٨)یە. لەسەر ڕۆمانی *بووکەکەی لامێرموور* (١٨١٩) دانراوە لە نووسینی سێر واڵتەر سکۆت. ئۆپێراکە باس لە «چارەنووسی تراژیدییانە»ی دوو خۆشەویست دەکات کە بە دوژمنایەتیی خێزانەکانیان لە یەک جیا کراونەتەوە. لە دیمەنی یەکەمی پەردەی سێیەمدا کچە پاڵەوانەکەی ئۆپێراکە، کە ناوی *لوچیا*یە، بێ ویستی خۆی بە شوو دەدرێت، شێت دەبێت؛ لەولاش ئێدگار، پاڵەوانە نێرەکەی ئۆپێراکە، لە گۆڕستانێک چاوەڕێ دەکات و لەوێ لەگەڵ برا بەدکارەکەی لوچیادا لە دیوڵدان {بۆ *دیوڵ* (بڕوانە ٥: ٢٧٤)}، پێی دەوترێت کە لوچیا مردووە، دەڵێت: «دەبێت جارێکی تریش لە ئامێزت بگرم» و لە کۆتایی هەوا {گۆرانییەکی ئۆپێرا}یەکی جواندا خۆی دەکوژێت و کوڕەکەش لە پشتەوە نزا دەکەن کە ئاسمان لەگەڵیدا بەبەزەیی و لێبوردە بێت. **~گ.س.**

[310] **تەنانەت... تەواو دەبێت:** پارنێڵ لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٨٩١دا مرد؛ لایەنگرەکانی گوڵێکی لاولاویان کردبوو بە یەخەیانەوە کە (هەمیشەسەوزە و هێمای وەفادارییە). بڕوانە چیرۆکی *ڕۆژی لاولاو لە ژووری کۆبوونەوەکەی دەبلنییەکان*. **~گ.س.**

[311] **ئێمە... نزا دەکەین:** بە گوێرەی پەیڕەوی کاسۆلیک، مردووەکان کە لە بەرزەکدا تۆبە دەکەن پێش ئەوەی بخرێنە بەهەشتەوە نزای زیندووانی سەر زەوی یارمەتییان دەدات. **~گ.س.**

[312] **یەکێک بە سەریدا دەڕوات:** بە گوێرەی گەندەباوەڕی خەڵکان ئەگەر لەبەر خۆردا موچڕک بە لەشتدا بێت، ئەوا کەسێک بەسەر گۆڕەکەتدا ڕۆیشتووە، واتە بیری ئەوەت دەخاتەوە کە دەمریت. **~گ.س.**

گەندەباوەڕێکی کۆن هەیە کە دەڵێت هەر کاتێک تۆ لەبەر خۆردا هەڵبلەرزیت (ئەگەرچی گەرمیشە)، ئەوا پێشبینیی ئەو کاتە دەکەیت کە یەکێک بەسەر گۆڕەکەتدا دەڕوات. **~س.ت.م.١**

[313] **فینگلەس:** دێی فینگلەس لە بەری باکووری خۆرئاوای گۆڕستانی پڕۆسپێکتە. **~گ.س.**

[314] **دایە... ڕودیی بچکۆلە:** لە پەڕتووکی یازدەیەمی *ئۆدیسە*دا کە ئۆدیسێفس ڕاوێژ بە تارمایی تیریسیاس دەکات، دایکی دەبینێت، کە ناوی *ئەنتیکلیا*یە، ئۆدیسێفس نەیزانیوە دایکی مردووە، بەڵام ئەو لە کاتی لەوێنەبوونی ئۆدیسێفسدا لە ئیتاکی مردووە. ئەنتیکلیا لە خوێنی قوربانییەکە دەخواتەوە، پاشان کوڕەکەی دەناسێتەوە و قسەی لەگەڵدا دەکات.

پێی دەڵێت کە ژنەکەی و کوڕەکەی زیندوون و باشن، بەڵام پێیشی دەڵێت کە لە تەنیاییدا بۆ کوڕەکەی مردووە، ئینجا:

بەناو دەستمدا تێپەڕی، بۆم نەگیرا،
هەر وەک سێبەر.
ئەمەش گشت ناسۆرەکانمی کولاندەوە

(ئۆدیسە ١١: ٢٠٧-٢٠٨). **~گ.س.**

315 **لە کێڵگە دڵتەنگکەرەکان پەڕییەوە**: (بڕوانە ٦: ١٧٨). **~گ.س.**

316 **ناوە مەسیحییانەکەت چییە**: (بڕوانە ٤: ١٥١). **~ن.م.**

317 **لویس بەیرن**: لویس ئەی بەیرن، پزیشک، لاشەدۆز و لێکۆڵەری مردووانی شاری دەبلن. **~گ.س.**

لویس بەیرن ساڵی ١٨٥٩ لە دەبلن لە دایک بووە. لە نووسینگەی جۆن پاوەر و هاوبەشەکانی بۆ دڵۆپاندنی ویسکی تۆمارەوان بووە. پاشان لە فەرمانگەی دارایی دەبلن کاری کردووە. دواتر کۆلێجی پزیشکیی خوێندووە و مۆڵەتی پزیشکیی پێ دراوە. لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٠٠دا وەک لاشەدۆزی دەبلن هەڵبژێرراوە، دکتۆر جەی ئی کێنی پێش ئەو لاشەدۆزی دەبلن بوو. لەبەر پیشەکەی وەک لاشەدۆز، لە ساردخانەی شار ژیاوە کە لە ٣ی شەقامی ستۆر بوو. هەروەها ماڵێکی هەبووە بە ناونیشانی ٥٠ی مەیدانی مەریۆن و ماڵێکی تری هەبووە بە ناونیشانی ٧٩ی شەقامی هارکۆرت. بەیرن ٤٠ ساڵ لە خەستەخانەکەی شەقامی جێرڤیز نەشتەرکار بووە. لە ماوەی ئەو ٣٢ ساڵەدا کە لاشەدۆزی دەبلن بووە، لێکۆڵینەوەی لە زیاتر لە ٢٠٠٠ (دوو هەزار) مەرگدا کردووە. هەروەها لێکۆڵینەوەی لە مەرگی ستیفن کەنینگهەمیشدا کردووە کە هاووڵاتییەکی بەناوبانگی شاری دەبلن بووە و خاوەنی میوانخانەی ذەشیپ بووە لە شەقامی ئابەیی خواروو (بڕوانە ١: ٤٧ و ١: ٢٣٧)، ستیفن کەنینگهەم لە ماڵی خۆی لە ئیلای پلەیس نزیک ماڵی جۆرج موور خۆی کوشتبوو. بەیرن تا مردنیشی هەر وەک لاشەدۆز و نەشتەرکار لە خەستەخانەکەی شەقامی جێرڤیز کاری کردووە و لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ لە ماڵی خۆی لە «فلاوەرگرەوڤ» لە شەقامی ڕۆچستاون لە دون لییری کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دینسگرێنگ نێژراوە لە دینسگرێنگ لە کاونتیی دەبلن. **~ڤ.ئ.**

318 **بە سێشەممە مرد**: لە دەقە ماکەکەش هەر وا دەڵێت، لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی: «ئەمە ئاماژە بە نوکتەیەکی کۆن دەدات کە زمانی ئینگلی-ئایریی تێدایە. لە ئینگلیی

ئایریدا *بە* زۆربەی کات وەک *لە* بە کار دەهێنرێت. نوکتەکە ئاماژە بە لێکتێنەگەیشتنێک دەدات لە نێوان کاربەدەستێکی ئینگل و بێوەژنێکی ئایر، کاربەدەستەکە لە بێوەژنەکە دەپرسێت: «مێردەکەت بە چی مرد؟» ژنەکەش دەڵێت: «بە سێشەممە مرد». **~ن.م.**

319 **چارلی، تۆ ئازیزی منی**: لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری سکۆتییەوە هێنراوە بە ناونیشانی *چارلی، تۆ ئازیزی منی*، لەیدی نەیرن دەقەکەی نووسیوە، بە یادی چارلز ئێدوارد ستیوارت (١٧٢٠-١٧٨٨)، خۆنوێنی کورسیی پاشایی ئینگلتەرا.

بەیانییەکی دووشەممە
لە سەرەتای ساڵی نوێدا
چارلی هاتە شارەکەمان،
چارلی، سوارچاکە گەنجەکە.
[کۆرس]:
ئای، چارلی ئازیزی منە، منە، منە،
چارلی، سوارچاکە گەنجەکە.
ئای، چارلی ئازیزی منە، منە، منە،
چارلی، سوارچاکە گەنجەکە.
[کۆپلەی دووەم]:
بە سواری هاتە سەر شەقام،
شەیپوورەکان بە دەنگی بەرز و پاک ژەنران
هەموو خەڵکان بە ڕاکردن لە ماڵ دەرچوون
تا سوارچاکەکە ببینن.» **~گ.س.**

320 **کەس... ک ێ ڵ ی**: (بڕوانە ٦: ١٤١). **~گ.س.**

321 **گۆڕی پێشەوا**: مەبەست لە گۆڕی پارنێڵە، بەرانبەر دەرگای کڵێسای پرسەکەیە. ساڵی ١٩٠٤ هێشتا هیچ کێلێک بەرز نەکرابووەوە، بەڵام «گۆڕەکە بە شیشی ئاسن دەورە درابوو و بە خاچ و گوڵبەندی دەستکرد داپۆشرابوو» (*دەبلن و دەوروبەری*، ساڵی چاپی لەسەر نییە، بەڵام دوای ١٩١٠ دەرکراوە، لاپەڕە ٨٤). پارنێڵ لە ڕۆڵی ئاگامێمنۆندایە کە لە ئۆدیسە*دا* سەرکردەی گریکییەکانە و ئۆدیسێفس لە هادیسدا بە درێژی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات. **~گ.س.**

[322] **دەڵێن... دووبارە دێتەوە**: دەنگۆیەک بوو کە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پارنێڵ زیندووە، لە لایەک لەبەر ئەوە بوو کە پارنێڵ تا ڕادەیەک گەنج بوو کە مرد، تەمەنی ٤٥ ساڵ بوو، لە لایەکی تر لەبەر ئەوە بوو کە لاشەکەی پیشانی کەس نەدرا و یەکسەر لە دووداره نرا و شاررایەوە. یەکێک لە دەنگۆ باوەکان ئەوە بوو کە لە ئەفریقای باشوور خۆی شاردووەتەوە (ئەو ئایرانە ئەم دەنگۆیەیان بڵاو کردبووەوە کە لەگەڵ وڵاتی ئەفریقای باشووردا هاوسۆز بوون چونکە ئەفریقای باشوور حەزیان بە حوکم و چاوچنۆکیی ئیمپریالیی بەریتانی نەدەکرد). **~گ.س.**

[323] **دەستان و دڵانی پیرە ئایرلاند**: گۆرانییەکی ڕیچارد ئێف هارڤییە، لە *پەڕتووکی گۆرانییە ئایرییەکانی دیلەینی*دا، لە دانانی دەبلیو دەبلیو دیلەینی (نیو یۆرک، ساڵی چاپی لەسەر نییە) تۆمار کراوە:

ئێرینەکەم، وڵاتی پڕ دیمەنی جوان،
خاکی گۆرانی و دڵداری،
جارێکی تر دڵەی شەیدام بە گەشکەوە
پشت بە تۆی مەزن دەبەستێ کە هێندە ڕاست و بەهێزی:
وەک باڵندەیەکی تەرە هەر گەڕاوم،
زۆر جار بۆ کەناری زۆر دوور،
هێمای پەیمانی دڵداریی دەستان و دڵانی ئایرلاند
کە ساڵان دروستی کردوون
هاتوونەتە ناو خەونمەوە.
[کۆرەکە]:
ئای ئێرینی جوان و نازدار، خاکی پاک و چاک و دێرین،
گەر لێت دوور بم یان نزیک بم،
دەست و دڵانتم خۆشدەوێ،
چەپکی گوڵی سێپەڕی شەودەرەکەتم زۆر خۆشدەوێ:
دەستان و دڵانی ئایرلاند،
دەستان و دڵانی ئایرلاند،
ئای ئایەری جوان و نازدار، خاکی پاک و چاک و دێرین،
دەست و دڵانتم خۆشدەوێ. **~گ.س.**

**ئێرین** ناوێکی هۆنراوەییە بۆ ئایرلاند. **ئایر**، یان **ئایەر** ناوی ئایرلاندە بە زمانی گیلی (گیلیک: ئایری). **~ن.م.**

[324] **بۆ ئاسوودەبوونی... نزا دەکەین:** (بڕوانە ٦: ٣١١). **~گ.س.**

[325] **ڕۆژی هەموو گیانەکان:** ٢ی تشرینی دووەم لە پەیڕەوی کاسۆلیکدا ڕۆژێکی پیرۆزە و لە خزمەتی کڵێسای ئەو ڕۆژەدا یادی گیانی ئەو باوەڕدارە مردووانە دەکرێتەوە کە هێشتا لە بەرزەکدان. **~گ.س.**

[326] **بیست و... گۆڕەکەی دەبم:** هەموو ساڵێک لە ٢٧ی حوزەیراندا بلووم سەردانی گۆڕی باوکی دەکات لە ئێنیس. **~گ.س.**

[327] **مشەمای زەمینپۆشی تەپەدۆر:** بە ئینگلی *cork lino* یان *cork linoleum*، جۆرێک زەمینپۆشە، بەم شێوەیە دروست دەکرێت: ڕۆنی ڕەقبووی تۆوکەتان لەگەڵ تەپەدۆردا تێکەڵ دەکرێت و لەسەر خام ڕۆ دەکرێت، واتە پشتەکەی خامە. لە ئەڵقەی دەیەمی ئەم ڕۆمانەدا ئاماژە بەوە دەدات کە باوکی گێرتی مەکداوڵ بۆ فرۆشتنی ئەم مشەمایە گەشت دەکات. گێرتی مەکداوڵ خۆی لە ئەڵقەی سێزدەیەمدا دەناسین. **~گ.س.**

[328] **لە بری... داوەتەوە:** نابووت بووە و تەنها توانیویەتی چارەکێکی قەرزی هەر یەکێک بداتەوە کە قەرزاری بووە، واتە (٢٥٪ی قەرزەکەی). **~گ.س.**

[329] **هەڵبەستی... کامپبێڵ:** تۆماس گرەی (١٧١٦-١٧٧١)، کە هۆنەرێکی ئینگلە، ئەو هۆنراوەیەی نووسیوە بە ناونیشانی *لاوانەوەیەک کە لە گۆڕستانی کڵێسای لادێییەکدا نووسراوە* (١٧٥١)، نەک ویلیەم وۆردسوۆرث (١٧٧٠-١٨٤٤) یان تۆماس کامپبێڵ (١٧٧٧-١٨٤٤) کە هۆنەر و ڕەخنەگر بوو. **~گ.س.**

[330] **ئەوەی دکتۆر میورێنی پیر:** وا دیارە ئەوە قسەیەکی باوی دکتۆر میورێن بووە سەبارەت بە مردن. جگە لەوەی لێرە و لە ئەڵقەی هەشتەمیشدا دووبارە دەبێتەوە، ناسنامەی دکتۆرەکە و گرنگییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

ئەم ڕستە تەواونەکراوە لە مێشکی بلوومدایە، لە دەقە ماکەکەدا ڕوون نییە چ شتێکی دکتۆر میورێن: ئایا قسەیەکی ئەوە؟ یان گۆڕی ئەوە؟ یان دەنگی ئەو بووە؟ چ دکتۆر تەها لە عەرەبییەکە و چ وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە هەردووکیان بە «گۆڕی دکتۆر میورێنی پیر» وەریانگێڕاوە، لە فەڕەنسییەکەدا «ئەوەتا لەویادایە»شی بۆ زیاد کراوە. بەڵام لە دەقە ماکەکەدا وشەی «گۆڕ» و «لەویادا» نەهاتوون، لە چاپە شیکارییەکەی دکتۆر گابلەریشدا لە هیچ شوێنێکدا ئاماژە بەوە نەدراوە پێشتر وشەی وا هەبووبێت و دواتر لابرابێت. پێم

وا بێت بە ڕستەکەی دواتردا هەڵیانهێنجاندووە کە ئاماژەیە بۆ گۆڕ، پێشم وا بێت «پزیشکە مەزنەکە» خودایە و دکتۆر میورێنی بانگ کردووەتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام دڵنیا نەبووم. لە دکتۆر هەنتم پرسی، دەربارەی «پزیشکە مەزنەکە» کە خودایە، وتی: «منیش پێم وایە خودایە»، بەڵام سەبارەت بەوەی ئایا گۆڕەکە هی دکتۆر میورێنە یان وتەکە، وتی: «نازانم، ناتوانم لەمەدا یارمەتیت بدەم». لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی: «میورێن نەناسراوە (ئەوە گریمانەیەکی ڕێتێچووە، بەڵام ئەوەش گریمانەیەکی ڕێتێچووە کە لەو نزیکانەدا نێژرابێت). بەڵام پزیشک بووە و مردووە، بۆیە بەڵێ، خودا کە پزیشکە مەزنەکەیە، بانگی کردەوە بۆ لای خۆی». ڤیڤیەن ئیگۆش دکتۆر میورێنی دەستنیشان نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

[331] **چەرچ تایمز**: حەفتەنامەیەک بوو کڵێسای ئینگلتەرا دەریدەکرد، دید و بۆچوونیان گەلێک کۆنەپارێز بوو، بەڵام ڕیکلامی سەرنجڕاکێشی خەڵکانی بەڕەوشتی لەگەڵدا بوو (وەک بلووم بە بیری دێتەوە). **~گ.س.**

[332] **نەمر**: {وشە بەکارهاتووەکەی دەقە ماکەکە کە *Immortelles*ە، ئەگەرچی لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا هەیە، بەڵام لە بنەچەدا} فەڕەنسییە *Immortelles*، واتە *نەمرەکان*، لێرەدا ئاماژەیە بە نەمامێک کە گوڵەکانی وشک دەکرێنەوە بەڵام بۆن و ڕەنگەکەی لە دەست نادەن، واتە گوڵی تاتایی. **~گ.س.**

وشەی *Immortelles* لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*دا بە تەنیا تۆماری نییە، بەڵام لە بەرانبەر *Immortal herb*دا، کە بە واتای *دەوەنی نەمر* دێت، نیشانەیەکی پرسیار دانراوە، دیارە نووسەرەکەی هێشتا واتایەکی بۆی دەستنیشان نەکردووە. لە بەرانبەر *Immortelle flower*یشدا دوو نیشانە دانراون، یەکێکیان دەڵێت هەر بە واتای *Immortal herb* دێت کە نیشانە پرسیارەکەیە، ئەوی تریان دەڵێت بە واتای *Everlasting flower* دێت کە لە بەرانبەر ئەو تۆمارەدا ئەم ناوانە دانراون: *گوڵەڕێزان*، *گوڵەڕۆمی*، *گوڵەڕۆنە*، *گوڵەمارانە*، *گوڵەڕۆمینە*، *گوڵەڕۆنینە*، *گوڵە ڕۆنی*. بەڵام ناوە زانستییەکانی ئەوەی *ئولیس* و فەرهەنگی ناوبراو جیان، ناوی زانستیی ئەوەی *ئولیس helichrysum* *Xeranthemum annuum*ە، ناوی زانستیی فەرهەنگی ناوبراو *armenium*ە، بۆیە دەشێت هەمان گوڵ نەبن، بەڵام هەردووکیان لە هەمان بنەماڵەن کە ئەویش *Asteraceae*ە. **~ن.م.**

[333] **هووپەر... شارەوانی**: جۆن هووپەر، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی کاونتیی کۆڕک بووە، کوندەبەبووێکی وشککراوی داوە بەماڵی بلووم وەک دیاریی هاوسەرگیرییەکەیان

(له ئەڵقەی حەڤدەدا باسی دەکات). کەسێتییەکی ڕاستینە بووە و باوکی پادی هووپەر بووە کە هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* بووە کە لە ئەڵقەی حەوتەمدا ناوی دەهێنرێت. **~گ.س.**

[334] **ئەوە دڵی پیرۆزە: پیشانی دەدات**: مەبەست لە مارگەرێت ماری ئالاکۆک (١٦٤٧-١٦٩٠)ە، ساڵی ١٩٠٤ تەنها پێی وتراوە: «پیرۆز»، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٠ەوە کرا بە سانت. چەند جارێک عیسای دیوە هاتووەتە خەونی، عیسا دڵی خۆی دەرهێناوە و پیشانی ئەوی داوە و خستوویەتیە شوێنی دڵی مارگەرێت. دواجار مارگەرێت ڕێی دا کە فێستیڤاڵی دڵی پیرۆز دابمەزرێت، کە لە ساڵی ١٨٨٢ەوە خراوەتە دووەم یەکشەممەی مانگی تەمووز، هەروەها بۆنەی پاڕانەوەی دڵی پیرۆزیش دامەزرا، کە شێوەیەکی پەرستشی مەسیحییانەیە. **~گ.س.**

[335] **دڵی لەسەر لەپی دەستیەتی**: پەندە، مەبەست لە کەسێکە کە ئەوەندە ڕاشکاوە کە ناتوانێت بیر و بۆچوون و پاڵنەرەکانی بشارێتەوە. لە شانۆنامەی *ئۆتێللۆی* شێکسپیردا یاگۆ بەدکارانە دەڵێت: «ئەوە نیم کە بە ڕووکەشمدا دەیبینی» و ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوەی لە ڕوخساری ئەودا دەردەکەوێت ئەوە نییە کە لە ناخیدایە:

دڵم لەسەر لەپی دەستم دادەنێم
تا قەلەڕەشەکان بگرم، ئەوە نیم کە بە ڕووکەشمدا دەیبینی

(ئۆتێللۆ ١: ١، ٦٤-٦٥). **~گ.س.**

[336] **ئایا دواتر... ئاپۆلۆن بوو**: بلووم ناوی *ئاپۆلۆن* و *ئاپێلیس* تێکەڵاو دەکات، ئاپێلیس وێنەکێشێکی گریکی هاوسەردەمی ئەلێکساندرۆسی مەکەدۆنی بوو (٣٥٦-٣٢٣پ.ز.). چیرۆکی هاوشێوە خراوەتە پاڵ ئاپێلیس، بەڵام ئەو چیرۆکەی بە دیاریکراوی بلووم بیری لێ دەکاتەوە هی وێنەکێشێکی گریکیی ترە، کە ناوی *زیوکسیزە* (دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ی پێش زاین مردووە)، ئەوەندە بە ڕێکوپێکی ترێی دروست کردووە کە لە هی ڕاستی دەچوو و باڵندە دەهاتن و دەیانویست بیخۆن. پلینیۆسی گەورە (٢٣-٧٩) لە پەڕتووکی *مێژووی سرووشتی*یەکەی خۆیدا، کە دەوروبەری ساڵی ٧٧ بڵاوی کردووەتەوە، بەم شێوەیە باسی دەکات: «دەڵێن گوایە زیوکسیز دوای ئەوە وێنەی منداڵێکی کێشاوە کە ترێی پێبووە، کە باڵندە بە هەمان شێوەی وێنەی ترێکەی پێشووی هاتوون بۆ ئەم ترێیەش، زیوکسیز بە تووڕەیی پەلاماری وێنەکەی خۆی داوە و وتوویەتی: "ترێکەم لە منداڵەکە باشتر دروست

کردووە، ئەگەر لە کێشانی وێنەی منداڵەکەدا هێندەی تریکە باش بوومایە ئەوا باڵندەکان لە منداڵەکە دەترسان و پەلاماری تریکەیان نەدەدا"» (پەڕتووکی ٣٥: بەشی ٣٦). **~گ.س.**

**ئاپۆلۆن:** (یان: ئەپۆلۆ، ئاپۆلۆ، ئەپۆلۆن، ئەپۆڵۆ) بە ئینگلی Apollo، ئاپۆلۆن گریکییە، ئاپۆلۆ، یان ئەپۆلۆ لاتینییە، یەکێکە لە خودا مەزنەکانی گریک و ڕۆمی دێرین. بە گشتی خودای سزادەر و یاریدەر و دوورخەرەوەی نەگریسی و پێشگۆیی و موزیک و گۆرانی و دامەزرێنەری شار و دامەزراوەی ژیاری بووە. هۆمیرۆس دەڵێت کوڕی زێوس و لیتۆیە؛ ئیسیۆدۆس هەمان شت دەڵێت و دەشڵێت خوشکی ئارتەمیسە، بەڵام هیچیان باس لە شوێنی لەدایکبوونی ناکەن و تەنها ناسناوی *لیکیگێنیس*-یان لێی ناوە، کە ڕەنگە بە واتای «لیکیازادە: خەڵکی لیکیا» بێت، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن ئەو وشەیە واتە ئەوەی بە ڕووناکی لە دایک بووە. خەڵکی زۆر شوێن بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ئاپۆلۆن لە وڵاتی ئەوان لە دایک بووە، بۆ نموونە: ئەفەسییەکان وتوویانە ئاپۆلۆن و ئارتەمیس لە لێڕێکی ئۆرتیگیا لە نزیک ئەفەسۆس لە دایک بوون؛ دانیشتووانی تێگیرا لە ڤیۆتیا و خەڵکی زۆستیر لە ئاتیکاش هەمان بانگەشەیان بۆ شوێنی خۆیان کردووە. هەندێک لە گێڕانەوەکان تەنها ناوی ئاپۆلۆن دەبەن، بەڵام هەندێکی تریان لەگەڵیدا ناوی ئارتەمیسی خوشکیشی دەبەن. تەنانەت دایک و باوکیشی بە گوێرەی گێڕانەوە جیاوازەکان جیاوازن. میسرییەکان وتوویانە کوڕی دیۆنیسۆس و ئیزیس بووە. بەڵام ئەو ڕایەی زۆرتر لە هەموو شوێنێک پەسەند کراوە ئەوەیە کە ئاپۆلۆن کوڕی زێوس و لیتۆیە و خۆی و ئارتەمیسی خوشکی لە دوورگەی دیلۆس لە دایک بوون. ئیرا لە ئیرەییدا وڵات بە وڵات و دوورگە بە دوورگە دوای لیتۆ کەوتووە بۆ ئەوەی پشووگەیەکی دەست نەکەوێت تیایدا منداڵی ببێت، ئەویش لە ترسدا هەڵهاتووە و لە کۆتاییدا لە دیلۆس پێشوازیی لێ کراوە، دوای نۆ ڕۆژ دووگیانی لە ژێر درەختێکی زەیتوون یان خورما لە دامێنی چیای کینثۆس ئاپۆلۆنی بووە، هەموو خوداکان یارمەتییان داوە، جگە لە ئیرا و ئیلیثیا کە دواتر ئیلیثیاش یارمەتیی داوە. دوورگەی دیلۆس پێش لەدایکبوونی ئاپۆلۆن سواراو و ناجێگیر بووە، یان زووزوو شەپۆلی دەریا نوقمی دەکرد، بەڵام دوای لەدایکبوونی ئاپۆلۆن خۆی گرت و بە ڕەگەکانی زەوییەوە خۆی گیر کرد. ژمارە حەوت لای ئاپۆلۆن پیرۆز بووە، لە حەوتی هەموو مانگێکدا قوربانیی پێشکەش کراوە و جەژنەکانیشی بە گشتی لە حەوتی مانگدا کراون. ثێمیس هەر دوای لەدایکبوونی ئاپۆلۆن بە ئەمبرۆسیا و نێکتار خۆراکی پێ داوە (بڕوانە ٨: ٥٣٢)، هەر ئەوەندەی خواردنی خوداییشی خواردووە، یەکسەر داوای چەنگ (لیرا lyre) و تیروکەوانی

کردووە و وتوویەتی: «لەمەودوا ویستی زێوس بە مرۆڤ ڕادەگەیەنم». دیلۆس لە خۆشیدا شاگەشکە بووە و بە گوڵی زێڕین خۆی پۆشیوە. ئاپۆلۆن گەرچی یەکێک بووە لە خودا گەورەکانی ئۆلیمپۆس، بەڵام تا ڕادەیەک وەک خودایەک پیشان دراوە کە زۆر پشت بە زێوس دەبەستێت کە بە سەرچاوەی ئەو توانایانە دانراوە کە ئاپۆلۆن بە کاری هێناون. (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستووره و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٧٥-٧٦). **~ن.م.**

[337] **ئەو هەمووە**: لە *دۆزەخ*ی دانتێوە هێنراوە کە دەڵێت:

منیش کە سەیرم کرد، ئاڵایەکم بینی
زۆر بە خێرایی ڕایدەکرد و دەسووڕا
وەک ئەوەی ئۆقرە و پشوودان نەزانێ
شەماتەیەکی ئەوەندە زۆری بە دواوە بوو
باوەڕم نەدەکرد
مەرگ ئەوەندە کەسەی لە ناو بردبێ

(دۆزەخ ٣: ٥٢-٥٧، {وەرگێڕانی عەزیز گەردی}). **~گ.س.**

[338] **ئێمەش... وا بووین**: نووسینێکی باوی سەر کێلی گۆڕە، نموونەیەک لەمانە ئەوەیە کە لەسەر گۆڕی ئێدوارد، شازادە ڕەشەکەی ئینگلتەرا (١٣٣٠-١٣٧٦) نووسراوە: «هەر کەسێت بە دەمی داخراوەوە بە ئێرەدا و بە لای ئەم لاشەیەی لێرەدا ڕاکشاوە تێدەپەڕێت، با گوێی لێ بێت کە چی دەڵێم، تەنها ئەوە دەڵێم کە دەیزانم، تۆ چۆنی، منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک ئێستای تۆ وا بووم، ئێستاش من چۆنم، تۆش ڕۆژێک لە ڕۆژان وات لێ دێت». **~گ.س.**

[339] **ڕۆبێرت ئێمێری... ڕۆبێرت ئێمێت**: ناوی *ڕۆبێرت ئێمێری* بلووم دەخاتە بیری *ڕۆبێرت ئێمێت* (١٧٧٨-١٨٠٣)، ئێمێت نیشتمانپەروەرێکی ئایر بوو کە بۆ ڕاپەڕینی ئایرەکان لە دژی ئینگلەکان هەوڵی دەدا هاوکاریی ناپۆلیۆن بە دەست بهێنێت. ساڵی ١٨٠٣ پێشڕەویی هەوڵێکی کرد بۆ گرتنی قەڵای دەبلن، بەڵام ئەو یارمەتییەی ناپۆلیۆن (و هاوپەیمانەکانی ئێمێت) بەڵێنیان پێی دابوو ڕووی نەدا. ڕۆبێرت کی لە پەڕتووکی *ئاڵا سەوزەکە*دا ([نیو یۆرک، ١٩٧٢]، لا. ١٦٤) دەڵێت: «خودی نەخشەکە ڕێکوپێک و کردارەکی بوو، بەڵام جێبەجێکردنەکەی تا پلەی گاڵتەجاڕی نالەبار بوو». ڕاپەڕینەکە بوو بە هەرا و پشێوییەک کە تیایدا «لۆرد کیلواردن، کە لۆردی سەرۆکی یاسا {وەزیری داد} بوو... بە شێوەیەکی

دڕندانه به پاچ کوژرا» (لا. ١٦٧). ئێمێت دوای مانگێک له خۆشاردنهوه گیرا (دهوترێت گوایه لهبهر ئهوه بووه که گهڕاوهتهوه تا ماڵئاوایی له دهستگیرانهکهی بکات، که ناوی *سارا کیوران* بوو). له تیربارانکردنێکی نارێکخراو و شپرزهدا ههڵواسرا و سهریان پهڕاند. ناوبانگهکهی به «دواههمین وتهکانی» زیاتر بوو (بڕوانه ١١: # **دواههمین وتهکانی رۆبێرت ئێمێت**). بهڵام هێشتا ڕازهکه ههر ماوه: چۆن ئهم گاڵتهجاڕه ماڵوێرانکهره بوو به یهکێک له پاڵهوانه ههره بهتواناکانی ئوستوورهی ئایری؟ وهک کی دهڵێت: «چۆن وێنهی ئێمێت بۆ زیاتر له سهدهیهک له زۆربهی ماڵهکانی ئایرلاندا به تهنیشت خاچی مهسیحهوه ههڵدهواسرا، که ڕهنگه تا ئێستاش لهوێ ببینرێت؟... ڕهنگه نزیکایهتییهکهی له خاچهکه سهرهداوێکمان پێ بڵێت. سهرکهوتوویی ئوستوورهی ئێمێت له پێویستیی به-شکۆدار-دانانی شکستهوه هاتووه، بهوهی که شکست پیرۆز و شکۆدار دهکرێت. چونکه شکستی تراژیدی ببوو به بهشێک له شوناسی ئایرلاند، ههندێک لهو شکستانه لهگهڵ «خودی دۆزهکه» خۆیدا جیا نهدهکرانهوه (لا. ١٦٩).

شوێنی ناشتنی پاشماوهی لاشهی ئێمێت نهزانراوه. دوای لهسێدارهدانهکهی له بوڵیس ئهیکهر نێژرا، نزیکی خهستهخانهی کیلمهینهام له دهبلن. دهنگۆی ئهوه ههیه که گوایه پاشماوهی لاشهکهی دوای ناشتنهکهی به نهێنی براوه بۆ یان کڵێسای سانت میشان له دهبلن یان گۆڕستانی پرۆسپێکت له گلاسنێڤن له دهبلن. له ههردوو جێکه کێلی گۆڕی بێناونیشانی لێیه که دهوترێت گوایه گۆڕی ئهون. ساڵی١٩٠٣ و له یادی سهد ساڵهی کوشتنی ئێمێتدا ڕۆژنامهی *یونایتد ئایرشمان* چهند چیرۆکێکی له بارهی ههوڵی تازهوه بڵاو کردهوه بۆ دهستنیشانکردنی شوێنی ناشتنهکهی؛ بهڵام هێشتا ناونیشانی ناشتنهکهی ههر لهسهر بنهمای وتیوتییه. **~گ.س.**

[340] **گهشت له چین**: ناونیشانی پهڕتووکێکه له نووسینی «ڕێبوار»ێک، له ئهڵقهی حهڤدهیهمدا ناوی دههێنرێت. چهند گهشتیارێکی کۆتایی سهدهی نۆزدهیهم ناوی خوازراوی «ڕێبوار»یان به کار هێناوه، بهڵام هیچ کامێک له پێرسته ستانداردهکانی پهڕتووکهکان ئهم ناونیشانهیان لهگهڵ ئهم نووسهرهدا دانهناوه. یهکێک له «ڕێبوار»ه بهناوبانگهکان ئی ئێف چایدڵ بوو، که مژدهبهرێکی پرێسبیتێری بوو، لهوانهیه ئهم پهڕتووکه له نووسینی ئهو بێت. **~گ.س.**

[341] **قەشەکان... دژی ئەوەن:** واتە دژی سووتاندنی لاشەی مردووانن، چونکە بەرەنگاری ئەو فێرکارییە دەبێتەوە کە گوایە لە «ڕۆژی دوایی»دا لاشەی مرۆڤ زیندوو دەکرێتەوە. **~گ.س.**

[342] **سەردەمی تاعوون:** {مەبەست لە تاعوونی ڕەشی ١٣٤٦-١٣٥٣ی ئەوروپایە} لاشەکان دەسووتێنران، یان لە ناو چاڵدا دەنێژران و قسڵیان بەسەردا دەدان بۆ ئەوەی ڕێ لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بگرن. **~گ.س.**

[343] **چاڵی پەتای پڕ لە قسڵ:** نەک تەنها بۆ قوربانییەکانی تاعوونەکە، بەڵکو بۆ لاشەی بکوژە لەسێدارەدراوەکانیش. **~گ.س.**

[344] **لە خۆڵەوە بۆ خۆڵ:** بەشێکە لە نزایەک. لە *پەڕتووکی نزای باو*دا، بەشی «ناشتنی مردووان، لەسەر گۆڕ» دەڵێت: «لە زەوییەوە بۆ زەوی، خۆڵ بۆ خۆڵ، خاک بۆ خاک؛ بە هیوای مسۆگەر و دڵنیای زیندووبوونەوە بۆ ژیانی تاتایی». **~گ.س.**

[345] **ئەو قەڵای... دەیانخوات:** لەو نەریتەی پارسەکانەوە هاتووە کە مردووەکانیان لە ناو قەڵایەکدا دادەنا تا داڵاش بیانخوات. یەکێک لەو پەڕتووکانەی لە پەڕتووکخانەکەی بلوومدایە وێنەیەکی ئەو قەڵا پارسییەی تێدایە: بڕوانە *ئین ذە تراک ئۆف ذە سەن* *In the track of the sun* لە نووسینی فرێدریک دیۆداتی تۆمپسن، [لەندەن، ١٨٩٣] لا. ١٥٦. **~گ.س.**

پارسەکان (نەک فارسەکان) ئەو زەردەشتییانە بوون کە لەگەڵ داگیرکارییەکانی ئیسلامدا ناوچەی زاگرۆسیان بە جێ هێشت و ڕوویان کردە هیندستان. تا ئێستاش نەوەکانیان ماون و بە خۆیان دەڵێن «پارس» نەک «فارس». مردووەکانیان لە قەڵایەکدا دادەنێن کە پێی دەڵێن «قەڵای بێدەنگی» و باڵندەی داڵاش دێن و لاشەکانیان دەخۆن. **~ن.م.**

[346] **دەڵێن نوقمبوون خۆشترینیانە:** (بڕوانە ٣: ٣٦٢). **~گ.س.**

[347] **دەروازەکان... دەدرەوشانەوە:** لە کۆتایی پەڕتووکی شەشەمی *ئەینیاس*دا ئەینیاس بە هاوشانیی تارمایی باوکی، کە ناوی *ئانخیسیس*ە و سیڤیلا چاوساغەکەی، نزیکی دەرچەی جیهانی ژێرەوە دەبنەوە، ئانخیسیس پێشبینیی ئایندە بۆ ئەینیاس دەکات. لەوێشدا دەڵێت:

دوو دەرگای نووستن لەوێیە
یەکێکیان ناوی «دەرگای شاخ»ە،
تارماییە ڕاستینەکان لەوێوە بە ئاسانی دەردەچن؛

دەرگاکەی تر بە شەلفەی بریقەداری سپی دەدرەوشێتەوە
بەڵام تواناکانی جیهانی ژێرەوە لەوێوە خەونی ساختە تا تەشقی ئاسمان دەنێرن...
ئینجا ئانخیسیس لەوێوە کوڕەکەی و سیڤیلا چاوساغەکەی لە دەرگا شەلفەییەکەوە نارد
(دێڕی ٨٩٣-٨٩٨). **~گ.س.**

*شەلفە* ددانی فیلە (بڕوانە ٣: ٢٦٠). **~ن.م.**

[348] **خاتوو سینیکۆ**: لە چیرۆکی *ڕووداوێکی دڵتەزێنی دەبلنییەکان*دا باس لە مەرگی خاتوو سینیکۆ دەکات کە بە ڕووداوێکی وەک خۆکوشتن مردووە، ئەویش زیادەڕەوی بووە لە خواردنەوەی مەیدا، کە زۆر جار بە هۆی بێئومێدبوون لە ئەوینەوە ڕووی داوە. **~گ.س.**

[349] **نووسیبووی... نییە**: مەرسا کلیفردە کە لە نامەکەیدا وەهای نووسیوە. **~گ.س.**

[350] **ئەم کایەیە ناتوانن بمبەن**: «کایە» لە یاریی کریکێتدا هەموو ئەو کاتەیە کە تیپێک تۆپەکانیان دەهاون. کایەی کریکێت لە هی بەیسبۆڵ زیاتر درێژ دەکرێتەوە. **~گ.س.**

[351] **تەیار**: بە ئینگلی *jolly*، کەس یان شتێکی دڵخۆش و ڕووخۆش و چالاک و کەیفخۆشە، لێرەدا مەبەست لە مات دیلنە کە کەسێکی وەهایە (بڕوانە ٦: ٢٥٣). **~ن.م.**

[352] **شووشەی تانتالۆس**: ڕاگرێکە، سێ شووشەی سوراحیی مەیی تێ دەکرێت، ئەگەرچی بەرهەڵدا دیارن، بەڵام تا میلی وەستێنەرەکەی بەرز نەکرێتەوە ڕاناکێشرێن. بە ناوی *تانتالۆس*ەوە ناو نراوە، کە لە پەڕتووکی یازدەی *ئۆدیسە*دا باسی دەکات کە سزاکەی ئەوە بوو دەبێت تینوێتی و برسێتی بنۆشێت بەوەی کە ئاو تا سەر چەناگەی هاتووە و میوەش بەسەر سەریدا شۆڕ کراوەتەوە، بەڵام ئەو ناتوانێت هیچیان بخوات. **~گ.س.**

[353] **لە یاریگای... لاربوونەوەکە**: لە یاریی بۆوڵدا یاریکەر بەوە خاڵ دەگرێت کە تۆپەکانی خۆی لە تۆپەکانی یاریکەری بەرانبەر لە سەوڵەکەوە نزیکتر بخاتەوە. وا دیارە بلووم بە ڕێکەوت تۆپەکەی بەرەو سەوڵەکە بایداوەتەوە کە وای کردووە بچەمێتەوە («لار ببێتەوە») بۆ ناو تۆپەکانی مێنتن، ئەگەرچی تۆپەکانی مێنتن ڕێیان لەوە گرتووە کە تۆپی یاریکەری بەرانبەر بە ڕێکی نزیکی سەوڵەکە ببنەوە، بێ ئەوەی لار ببنەوە. **~گ.س.**

[354] **بۆچی؟/بۆیە**: لە دەقە ماکەکەدا ڕستەیەکی مێشکی بلوومە، بەڵام دەشێت ڕستەیەکی تەواونەکراو بێت و ئەوەی پەڕیوە *that is* بێت، ئەو کاتە دەبێت بە: «بۆیە ئەوەندە ڕقێکی ڕەگئەستووری لێم پەیدا کرد»، بەڵام ئەگەر ڕستەکە تەواو بێت ئەوا بەو وەرگێڕانە ڕاستە کە لە دەقەکەدا دامناوە. **~ن.م.**

[355] **پووره‌گوڵ**: به‌ ئینگلی *lilac*، دره‌ختێکی بچووکه‌ گوڵی ئه‌رخه‌وانی و مۆر و په‌مه‌یی بۆنخۆش ده‌گرێت، گوڵه‌کانی به‌ پۆلی شێوه‌ قووچه‌کی به‌ ته‌نیشت یه‌که‌وه‌ن. ناوه‌که‌م له‌ *فه‌رهه‌نگی ڕووه‌کناسیی کوردستان*ه‌وه‌ هێناوه‌. **~ن.م.**

[356] **جۆن... دانه‌واند**: له‌ کۆتایی په‌ڕتووکی یازده‌یه‌می *ئۆدیسه*‌دا ئۆدیسێفس تارمایی زۆرێک له‌ هاوڕێ و هاوخه‌باته‌ کۆنه‌کانی ده‌بینێت، ئایاس یه‌کێکه‌ له‌وانه‌، که‌ قسه‌ له‌گه‌ڵ ئۆدیسێفسدا ناکات، چونکه‌ هێشتا لێی تووڕه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی کاتی خۆی مشتومڕێک کراوه‌ تا بزانرێت له‌ پاش مردنی ئه‌خیلیفس زرێ و چه‌که‌که‌ی به‌ کێ بدرێت، بۆ ئه‌وه‌ی ببێت به‌ پێشڕه‌وی گریکییه‌کان، خاتوو ثێتیس (دایکی ئه‌خیلیفس) و ئه‌ثینا ئه‌و ڕێزه‌یان به‌ ئۆدیسێفس به‌خشی، نه‌ک به‌ ئایاس. ئایاسیش به‌ گوێره‌ی *ئیلیاسی بچووک* «تووڕه‌ ده‌بێت و مێگه‌لی ئیتاکییه‌کان ده‌کوژێت و خۆیشی ده‌کوژێت.» (*ئیسیۆدۆس: سرووده‌ هۆمه‌رییه‌کان و هۆمه‌ریکا*، وه‌رگێڕانی هیو جی ئێڤه‌لین-وایت، له‌نده‌ن، ١٩١٤، لا.٥٠٩). **~گ.س.**

[357] **گوێماسیله‌**: به‌ ئینگلی *oyster*، جۆره‌ گیاندارێکی ئاویی قاوغداره‌، هه‌ندێکیان ده‌خورێن، هه‌ندێکیان مرواری دروست ده‌که‌ن، که‌ جۆره‌ به‌ردێکی سپیی به‌نرخه‌. هه‌ندێک جار به‌م گیانداره‌ ده‌وترێت «سه‌ده‌ف» که‌ عه‌ره‌بییه‌. له‌م ڕۆمانه‌دا ناوی ده‌یان جۆری له‌م ئاژه‌ڵانه‌ تێدایه‌ که‌ هه‌ریه‌که‌یان له‌وی تریان جیان، ئه‌وه‌نده‌ی من ئاگادار بم و لام وا بێت ئێمه‌ زۆرێک له‌م زاراوانه‌مان نه‌چه‌سپاندووه‌ که‌ چ وشه‌یه‌ک به‌ دیاریکراوی کام گیانداره‌یه‌، بۆیه‌ ڕووبه‌ڕووی زۆر گرفتی ده‌ستنیشانکردن ده‌بمه‌وه‌. به‌ درێژایی ئه‌م ڕۆمانه‌ *گوێماسیله*‌م له‌ بری *ئۆیسته‌ر* چه‌سپاندووه‌، که‌ ئه‌ویشم له‌ *فه‌رهه‌نگی فارسی-کوردیی* دانشگای کوردستانه‌وه‌ هێناوه‌. ئه‌گه‌ر ڕۆژێک ناوی ئه‌م گیاندارانه‌ له‌ فه‌رهه‌نگی زینده‌ناسی و ئاژه‌ڵناسیدا چه‌سپێنران و به‌ دیاریکراوی پێناسه‌ کران، ئه‌وا با له‌ ژێر تیشکی ئه‌و چه‌سپاندنانه‌دا هه‌ڵه‌کانم ڕاست بکرێنه‌وه‌، له‌ ئێستاوه‌ داوای لێبوردن ده‌که‌م. **~ن.م.**